بەرگی سێیەم

تەفسیری ژیانی ئینسان بۆ لێکدانەوەی واتاکانی قورئان

تەفسیری سورەتی (الأنعام / الأعراف / الأنفال / التوبة / یونس)

لەنووسین و ئامادەکردنی
مەلا عبدالرحمن ملا طه عبدالعزیز حاجی پیرداود - دزەیی هورمزیاری
پێش نوێژو وتار خوێنی ناحیەی دارەتوو لەقەزای بەردەڕەش

١٤٤٠هـ
٢٠١٩ ز
چاپی دووەم
هەولێر / کوردستان

تەفسیری ژیانی ئینسان

بۆ

لێکدانەوەی واتاکانی قورئان

نووسین و ئامادەکردنی

مەلا عبدالرحمن مەلا طه عزیز دزەیی هورمزیاری

پێش نوێژو ووتار خوێنی ناحیەی دارەتوو قەزای بەردەڕەش

پارێزگای دهۆك كوردستانی عیراق

بەرگی سێیەم

(الانعام- الاعراف- الانفال- التوبه - یونس)

ئەوەش تەفسیری ژیان — لەگەڵ زانستی قورئان
نووسینی عەبدولڕەحمان — بەزمانی کوردی ئاسان
لەناو قولاّیی- دلاّن — پێشکەش بەگەلی خۆمان
ئەو تەفسیرە دڵگیرە — بێ شك ووتەی شیرینە
هەڵقولاّوی قورئانی — واتای ڕاست وزێڕینە
شیفاو دەرمانی دەردی — گشت نەخۆشی وبرینە
تەنها هەر ئەو قورئانە — بەرنامەی دین وژینە
لەبۆ خاوەن باوەڕان — وەك قەلاّی پۆلاّینە
بێ شك بێ ئەم قورئانە — ژیان هیچ واتای نینە
بەس ئەو ڕێی هیدایەت و — ڕێ پیشاندەری دینە
ئەوەی کاری- پێبکا — سەرکەوتووەو سەنگینە
ئەوەی کاری پێنەکا — گومڕایەو دژ بەدینە

١٤٤٠ ك — ٢٠١٩م

هەولێر - کوردستان

ناسنامەی کتێب

کتێب : تەفسیری ژیانی ئینسان بۆ لێکدانەوەی واتاکانی قورئان

بە قەڵەمی : مەلا عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزیز

تیراژ: (٥٠٠) دانە

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠١٩ – هەولێر

بەرگی سێیەم– ٢٠١٩

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

تەواوکەری جزئی حەوتەم

سورەتی (ئەنعام)[1]
مەکیەو (١٦٥) ئایەتە
سورة الانعام
(مكية وهي مائة وخمسٌ و ستون آية)

واتە: ئەم سورەتە (١٦٥) ئایەتەو لە شاری مەککە هاتۆتە خوارەوە، وە ئەم سورەتە لە سورەتە درێژەکانی مەکییە بەلاّم جگە لە ئایەتەکانی (٢٣/٩١/١١٤/١٥١/١٥٢/١٥٣/٢٠) ئەو ئایەتانە لە (مەدینە) هاتۆتە خوارەوە.

---

(١) موفەسیرەکان ئەفەرموون ئەو سورەتەش ناونراوە بە سورەتی (ئەنعام) چونکە ناوی ئاژەڵی تێدا هاتووە کە بۆ (بتەکانیان) سەریان ئەبڕی بیّ باوەڕەکان.

چەند ئاگادارییەكی گرنگ

یەكـەم- موفەسـیرەكان ئـەڵێن: ئـەم سـورەتە لەسـەر بیروبـاوەڕی راسـتەقینە ئـەڕوات چـونكە بەچـاكە ئەیـچەسپێنێ وە هـەروەها خـوای گەورە لەدەمی بێ باوەڕەكـان ئەداتـەوە، وەك سـورەتەكانی (بەقـەرە ، ئالی عیمران و نیساو و مائیدە) نیە باسی رێك خستنەوەی كاروبـاری نـاو كۆمەڵ و باسی خواپەرستی بكات) بەڵكو لە سێ خاڵی سەرەكی دەدوێ:

١- باسی خوایەتی.

٢- لەباسی پێغەمبەرایەتی بیرو باوەڕیان ئەدوێ.

٣- لەباسی زیندوبوونەوەو پاداش و سزا ئـەدوێ، دەلیـل و بەڵگـەش ئـەهێنێ، (مجادەلـە) لەگـەڵ كـافرو بـت پەرسـتەكان دەكـات، پێیـان دەسەلمێنێ كە بیروباوەڕی ئەوان لەسەر راستی نیە.

دووهەم- دەگێڕنـەوە لـە ئەنەسـی كـوڕی مالیكـەوە (خـوا لێـی رازی بێـت) كـەوا حـەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی (هـیچ سـورەتێ نەهاتۆتـە خوارەوە بۆ سەرم بەجارێ لەم سورەتە گەورانە وەكو سـورەتی (أنعـام) نەبێ وە خوای مەزن ئەم سورتەی بۆ ناردم لەگەڵ حـەزرتی (جوبرائیـل) دا لەگەڵ (پەنجا) فریشتە بە شادی خۆشی هەتا لـە دڵـم ئـۆقرەو ئـارامی گرت وە پاشان بەتەواوی لەبەرم كرد.

سێهەم- هەر لەبەر گرنگی ئەم سورەتە بوو كە نزیكەی (١٣) ساڵ لـە مەككـەدا هـەر لـەو بـارەوە (قورئـانی پـیرۆز) دەهاتـە خـوارێ بـۆم، جـا پێشەوا (تەبەری) لە تەفسیرەكەیدا لە (عبدالله)ی كوڕی حەزرەتی عومەر

(خوایـان لـیّ رازی بیّـت) لـەبارەی فـەزلّ و شـەرەفی ئـەم سـورتەوە ئەگێڕێتەوە کە حەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی: (نَزَلَتْ عَلَيَّ سورة الأنعام جُمْلَـةً واحِـدةً وَشَـيعَها سَـبعونَ ألفـاً مـن الملائكـة لَهُـمْ زُجَـلٌ بالتَّسبيح والتحميد)[1]، واتە: بێگومان سورەتی (ئەنعامـە) هـەمووی بەیـەکجاری و بەسـەر یەکـەوە بـۆم دابـەزی و هاتـە خـوارەوە، هـەروەها (٧٠) هـەزار مەلائیکە واتە فریشتەی لەگەڵ دابوون[2]، بـەدەنگی بـەرز تەسـبیحاتیان ئەکردو حەمدو سوپاسی خوایان ئەکرد (بـسم الله الـرحمن الـرحيم) واتـە: بەناوی خوای گەورەو بەخشندەو میهرەبان.

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾ (أي خَلَقَ الـسموات بما فيها مِـنَ الـشمسِ والقمـرِ والنجـومِ والأرضَ بمـا فيهـا مـن البَـرِ وَالبَحـرِ والـسّهل والجبـلِ والنَبـاتِ وَالـشّجر) واتـە هـەموو سـوپاس و سـتایش بـۆ خوایەکی ئەوتۆیە دروستی کردووە ئاسمانـەکان و ئـەوەی لـەناوی دایـەو وەکـو (خـۆرو مـانگ و ئەسـتێرەکان[3]، هـەروەها زەویـشی درووسـت کردووەو ئەوەی تێیدایە لە (چۆڵ) و دەریاو گۆڕەپـان و کێـوو گیـاو دارو درەخت و بەرد، وە زەویشی بەو شێوەیە درووست کردووە کـە بـۆ ژیـان

---

(١) بڕوانە (التفسير الكبير) لە نوسینی پێشەوا (الطبراني) بەرگی٣، لاپەڕە٥.

(٢) موفەسیرەکان ئەڵێن (قورئان) و نیگا هەمووی (جوبرائيل) هێناویەتی بەڵام لەگەڵ ئەم سورەتەدا ٧٠ هەزار فریشتەی لەگەڵدا بوو دەنگیان بەرز دەکردەوە بە تەسبیح و بە (تەحمید).

(٣) موفەسیرەکان ئەفەرموون خوای پەروەردگار بە (ملیارەها) ئەستێرەی درووست کردووە لە ئاسمانەکان رازاندوینەوە.

بشێت)، ﴿ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ﴾ أي وأنشأ الظلمات والأنوار وخَلَقَ اللّيلَ والنّهار[1]، واتە: خوا درووستی كردووە چەندین تاریكی و رووناكی، واتە تاریكی دروستكردوەو شەو بۆ حەسانەوەیە وە رۆشناییشی دروست كردووە كە رۆژەو، بۆ ئەوەی خەڵك هەوڵ بدەن بۆ وەدەست هێنانی بەرهەمی ژیان)، ﴿ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ۝١ ﴾ أي ثُمّ بَعْدَ ذلك الدلائل الباهرة والبراهيني القَاطعَة عَلَى وجُود اللهِ ووَحدانيته يُشرك الكافرون بربهم فيساوون به أصناماً نَحتُها بأيديهم، واتە: لەپاش ئەو هەموو بەڵگە بەهێزو ڕونانە، وەلەگەڵ ئەم هەموو دەسەڵاتە خودایيە گەورەدا هێشتا بێ باوەڕان، واتە: (بتپەرستەكان) دێن هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن و (بت و صەنەمیان) ئەكەنە هاوبەش بۆی..؟ كە بەدەستی خۆیان دروستیان كردووەو ئەیپەرستن، جا بێگومان ئەمەشیان لەهەموو شتێ زیاتر جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوجا خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٖ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ ﴾ (أي خَلَقَ أباكُم آدم من طينٍ، أي حَكَم وقدرَ لَكُمْ أجلاً من الزمنِ تَموتُون عِنْدَ انتهائهِ) واتە: بێگومان هەر ئەو خودایە بوو كە باوكی ئێوەی حەزرەتی

---

(١) هەندێ لە موفەسیرەكان ئەفەرموون (كل ما في القرآن من الظلماتِ والنور فهو (الكفرُ والايمان) إلاّ في هذه الآية فإنه يريد به الليل والنهار، واتە: ئەوەی لە قورئاندا هاتووە لە تاریكایی و روناكیدا ئەوە لەگەڵ (كوفر) و بێ باوەڕی و (ئیمانیەتی) بەڵام لەم ئایەتەدا مەبەستی پێی (شەو) و (رۆژ)ە چونكە هەندێ لە موفەسیرەكان دەڵێن مەبەست بە (النور) ئیمان و باوەڕە، مەبەست بە (الظلمات) واتە: كوفرو بێ دینیە.

ئادەم (سەلامی خـوای لێبێـت) بۆ یەکـەم جـار لـە (قـوڕ) دروسـتی کـرد لەپاشان خوای گەورە فـەرمانی داوە بـە دیـاری کردنـی ئـەو ماوەیـە بـۆ کۆتایی پێ هاتنی ژیانتـان چـونکە دوای ئـەو ماوەیـە ئێـوە ئـەمرن)، ﴿ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ﴾ أي وأجـل آخـر مُـسّمى عِنـدهُ لبعـثكم جميعـاً فالأجل الأول الموتَ والثاني البَعْثُ والنشور) واتە: لـەلای پـەروەردگارتان هەیە ماوەیەکی دیاریکراوو ناوبراو بۆ (زیندونەتەوەتان) لـەپاش مردنتـان لەرۆژی دواییدا (خولاصـەی کـەلام) خـوای گـەورە فـەرمانی داوە بـە دوو ماوەی ناوبراو بۆ هەموو ئینسانێك (یەکەم) ماوەیـەکیان دوایـی دێـت بـە (مردنی) ئەو کەسەو دواتر ئەزانرێ چەند ژیاوە (دووەم) ماوەیـەکی تـری ناوبراو هەیە کە کاتی زیندوبوونەوەیانە لە پاشەڕۆژدا بەڵام ئەوەش جگـە لە خوا کەس نازانێ چ کاتێ دەست پێ ئەکاو ماوەی هاتنەکـەی چـەندی مـاوە، ﴿ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ۝٢ ﴾ أي ثـم أنـتم أيهـا الكفـار تـشكّونَ في البَعث وتنكرونهُ بعد ظهور تلك الآيات العظيمة) واتـە ئێـوەی بـێ بڕوایـان، دوای ئـەو هـەموو بەڵگانـەش لەسـەر هێـزو دەسـەڵاتی خـوای گـەورەو هەردوو دڵ و بە (گومانن) لە زیندوبونـەوەدا و لـە ڕۆژی دواییـدا ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلْأَرْضِ ﴾ واتـە: لـە ئاسمـان و زەویـدا هـەر ئـەو خوایە کە ناوی زاتی (الله) یە[1]، هەر بەتـەنها ئـەو شایستەی پەرستنەو

---

(١) هەندێ لە موفەسیرەکان ئەفەرموون .ئەم سورەتە (٧٨) جار ووشەی پیرۆزی (الله)ی تێدا دووبارە بۆتەوەو، وە (٥٠) جاریش وشەی (ربّ) تیادا دووبارە بۆتەوە.

لەو بەولاوە کەسێکی تـر نیـە ﴿ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾ ﴾ واتە: خوای گەورە لەگشت کاری نهێنی و ئاشـکراتان ئاگـادارە ، هەروەها بێگومان خودا زانیارە بە گشت کردەوەکانتـان چ چـاك بـن یـان خراپ، وە سوودو (زەرەر) کـە توشـتان دەبێـت بەهـەموو (حەرەکـە) و (سـەکەنەیەك) ئاگـادارە ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤﴾ ﴾ واتـە: کـافرو بـێ باوەڕەکـان هــەر بەڵگــەو (موعجیزەیـەکیان) نیـشان دەدرێـت لەسـەر (یـەکێتی –خـواو) لەسـەر زیندوبوونەوەو لەسەر پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (محمد) ﷺ هەر روویـان لێ وەرئەگێڕین و تەماشای ناکەن و گوێی پێ نـادەن و سـەیری ناکـەن و بــەدرۆی ئەخەنـــەوە ﴿ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾ واتـــە: بەڕاســـتی ئەوانـە هـەقیان بـەدرۆ خـستۆتەوە، مەبەسـت قورئـانی پـیرۆز و ئـایینی ئیـسلامە[1]، ﴿ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٥﴾ ﴾ واتـە:

---

(١) موفەسیرەکان ئەڵێن خوای گەورە (حاڵ و چۆنیەتی) کافرو بێ باوەڕەکانی بەسێ پلە دەستنیشان کرد:
١–ئەو کەسانە خۆیان لە ئاستی راستی گێل دەکەن و هیچ تێنافکرن لەبەڵگەو نیشانەکانی خودا. ٢– وە پلەی دووەم بەدرۆخستنەوەی ئەو بەڵگەو (موعجیزانە) ی داوە بە پێغەمبەرەکان. ٣– ئەو کەسانەی راستی بەدرۆ ئەخەنەوەو وە دژی ئەوەستن و گاڵتەی پێ ئەکەن بەتایبەتی بەو بەڵگەو (موعجیزانەی) کە داویەتی بە پێغەمبەران، کەواتە سزای یەکەمیان سوکترە لە دووەمیان وە سزای دووەمیان سوکترە لە سزای سێهەمیان، جا هەر یەکەی بە گوێرەی کردەوەی خۆیان سزا دەدرێن.

ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) دڵنیابـە ئـەوەیان بەسـەروە ناچـێ لـەدوارۆژدا بـە مافی خۆیان ئەگەن چونکە ئـەنجامی بەدرۆخـستنەوەی ئـەو بەڵگانـەیان پێدەگاو کـە ئـەوان گاڵتـەو ترانـەیان پێـدەکردوو، جـا بێگومـان تۆڵـەش وەردەگـــــــرن[1]، ﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ ﴾ واتە: ئایە نەیانزانیوە ئەو کافرو بێ باوەڕانە یـــان نـــەیان بینیـــوە دەرس و عیبرەتیـــان لێیـــان وەرنـــەگرتووە کـــە خەڵکانێکی زۆرمان لەپێش ئەوانەوە لەناوبردو فەوتاند؟[2]، وە دەسەلاَت و توانایـەکی ئـەوهامان پێـدابوون (ئـەی قورەیـشیەکان) حاڵیـان زۆر لـە ئێستای ئێوە باشتربوو وە لە ئێوە گەلێ بەتوانا تر بوون ئـەوان بـۆ کـوێ چوون و چیان لێ هات.

(ئاگاداربیەك)

زانایـــانی (تەفـــسیر) لەمەبەســـت و مانـــای ووشـــەی (قـــرن) بیریـــان جیاوازەو، هەروەکو لـە تەفـسیرە عەرەبیەکانـدا ئـەڵێ (وأختَلَفوا في مُدّةِ القَرْنَ قالَ بَعْضُهُم سَبعونَ سنةً وقَالَ بعـضُهُم ثمـانُونَ سـنةً وَقَـالَ بعـضُهُم مائةُ سَنَةٍ (هذا هو الأصح) واتە: هەنـدێ لـە زانایـان ئـەڵێن (قـرن) حـەفتا

---

(١) جا بێگومان ئەم بەڵێنو (وەعدەی) خوا هاتە جێ و (کافرەکان) توشی گرانی و قات و قڕی بوون لە رۆژی بەدر و زۆربەی سەرۆکەکانیان لێ کوژراو، وە لە رزگارکردنی مەککەدا توشی تێکشکان بوون.

(٢)بۆ وێنە وەکو گەلی (عاد) و (ثمود) گەلی (فیرعەون) و (گەلی لووتمان) بەهیلاك بردوو فەوتاند، وە زۆرانی تریش، هتد....

ساڵەو هەندێکی تر لە زانایان ئەڵێن (قرن) هەشتا ساڵەو بەلام زۆربەی زانایان ئەفەرموون (سەد ساڵە) و کە ئەمە راستەکەیەتی و زۆربەی زانایانی تەفسیر لەسەر ئەمەن چونکە (قرن) واتە بەو (جیل)ە ئەڵێن و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو سەد ساڵەدا ژیاون، چونکە خوای گەورە لە جێگایەکی تردا ئەفەرموێت: ﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ ﴾ سورەتی مریم، ئایەتی: ٧٤، واتە: زۆریشمان لەگەلانی گوناهباری پێش ئێوە لەناوبردن، جا بێینەوە سەر ئایەتەکەی پێشوو، هەروەکو خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَٰرَ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ ﴾ واتە: لە ئاسمانەوە بارانێکی بە رێژنەو بەردەوامم بۆ ئەباراندن هەروەها چەندین کانی و روباری زۆرمان هەڵقوڵاند لەسەر زەوی دا بۆیان هەروەها جێگیرو دەسەلاتدارمان کردن، ﴿ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ ﴾ واتە: بەهۆی تاوان و گوناهەکانی خۆیانەوە فەوتاندمان و لەناومان بردن، وە ئەفەرموێ: ﴿ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٦﴾ ﴾ واتە دوایی ئەوان میللەت و گەلانی ترمان لە جێگەکانیاندا جێنشینی کرد بەهۆی خراپی و لاساری خۆیانەوە لەناوبران، ئەوجا ئێوەش هەشیارو وریابن.

باسێك لە عینادی و سەرڕەقی كافرەكان و ڕەتكردنەوەی دواكاریەكەیان

زۆربـەی ئـەهلی سـیرەكان[1]، ئەفـەرمون پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بۆمـاوەی سـێزدە سـاڵ مایـەوە لـە (مەككـە) پـاش هاتنـەخوارەوەی (وەحی) بۆی هـات و ئینجا كۆچـی دوایـی كـرد بـۆ (مەدینـە) ئـەوجا بـە درێژایی ئەو ماوەیەی (١٣) ساڵ بـانگی دانیـشتوانی خـەڵكی (مەككـە)ی ئەكرد بۆ باوەڕهێنان بـە خـوای تـاك و تـەنیاو وە (نـەهی) لـێ كـردن لـە (زوڵم) و زۆرداری بەڵام هیچ كەسێك وەڵامی پێغەمبەریان نەدایەوە (ﷺ) زۆربەیان پشتیان تێ كـرد، وەلەگـەڵ هەندێـشدا پـەلاماریان داو ئازاریـان ئەدا بەدەم و دەست بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) خـۆی ڕاگـرت و ئـارامی زۆری گـرت لەسـەر ئـێش و ئازاریـان بـەڵام ئـەویش هـەر هـانی ئـەدان بـۆ باوەڕهێنان؛ بۆ باسی ئەم روداوە خوا لەم بارەیەوە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ئەگـەر ئێمـە لەسـەر (كاغـەز) نامەیەكمان بۆتۆ بناردایەتـە خـوارەوە بەدەسـتی خۆشـیان دەسـتی لـێ بدەن و تا بزانن چیەو چی تێدایە؟ هەر بـاوەڕ ناكـەن و ئیمـان نـاهێنن و دەڵێن ئەمە (سیحرەو) واتا جادویەكی گەورەو ئاشكرایەو زیاتر هیچی تـر نیە.

---

(١) بڕوانە پەرتوكی سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر ، لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزیز) بەرگی (١) لاپەڕە٢٤٧.

(ئاگاداریەك)

هەندێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بەهۆی خەڵکی (مەککە) کە هاتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) پێیان ووت ئێمە باوەڕت پێ ئەکەین و ئیمانت پێ ئەهێنین و هەتاکو (نامەیەکمان) بۆ نەیەنی لەلای خوداوە (چوار فریشتەی) لەگەڵدابێ (شایەدی) بدەن کە ئەم (نامەیە) لەلایەن خوداوە هاتۆتە خوارەوە، جا خوای گەورە لەسەر زوبانی ئەو بێ باوەڕو (کافرانە) ئەگێڕێتەوەو ئەفەرموێ ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ ﴾ واتە: (کافرو) بێ باوەڕەکان ئەیان ووت ئەگەر (محمد) راست ئەکات بۆ نایەتە خوارێ بەسەریا فریشتەیێ و بڵێ پێغەمبەرەو ی ریدەی بداو ئێمە بترسێنێ ﴿ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ واتە: ئەگەر فریشتەمان بناردایەتە خوارەوە (ئەوکاتیش رەنگ بوو بڵێین تۆ لە چینی ئێمە نیت و موسڵمان نەئەبوون، جا ئەو کاتە کار لەکار ئەترازا (مۆڵەت) نەدەدران، واتە ئەو کەسانە کە قاروو (غەزەبی) خودایان دێتە سەر (العياذ بالله) واتە پەنا بە خوا چارەی راکردن و خۆرزگارکردنیان نامێنێ ﴿ وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴿٩﴾ ﴾ واتە: بێگومان ئەگەر فریشتەش بنێرین دەبێت لەسەر شێوەی خۆی نەبێت چونکە گەر وانەبێت (ناتوانن ببینن، بۆیە دەبێت لەسەر شێوەی پیاوێك بێت ئەوکاتە سەریان لێ دەشێوێت و گومانیان لەلا پەیدا دەبێت و دەڵێن (ئەمە فریشتە نیەو پیاوێکە).

(سەرنجێکی گرنگ)

قالَ عبدالله بن عباس (رضي الله عنهما) لو أتـاهم مَلَـكٌ مـا أتـاهُم إلاّ في صـورة رَجـلٍ لإنَهُـم لا يـستطيعون النظـرَ الى الملائكـةِ مـن النـورِ[1]،واتـه: (عبدالله) ی کوڕی عـەباس (خوایـان لـیّ ڕازی بێـت) ئەفـەرمویّ: (واتـای ئایەتەکە ئەمەیە، ئەگەر فریشتەمان بناردایە سەریان دەبوایە لەشێوەی پیاودا بوایە چونکە ئەوان توانـای ئـەوەیان نیـە قـسەو ئاخـاوتن لەگـەڵ فریـشتە بکـەن چـونکە بێگومـان ئـەوەی راسـتی بێـت فریـشتە لـە نـور دروسـتکراون، جـا کـیّ دەتـوانیّ تەماشـای فریـشتەکان بکـات مەگـەر پێغەمبەران نەبن.

(خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) ئەداتەوە)

جا بێگومان خوای مـەزن بـەم دوو ئایەتـەی دوایـی نـاردە خـواریّ بـۆ دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێـی ئەفـەرمویّ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) هـەر تۆنیـت گاڵتــەت پــیّ کرابــیّ لــە پێغەمبــەران و رابــەران، وە هــەروەها دڵدانەوەکـەش وادەو بەڵێنیـشی تێـدابوو بـۆ ئیمانـداران بەسـەرکەوتن و سەربەرزی و بەختەوەری هـەردوو (دنیـا) و وەکـو ئەفـەرمویّ ﴿ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ ﴾ (أي واللهِ لقد استهزأ الكافرون من كُلّ الأممِ بأنبيائهم الذّين بَعَثُوا إليهم) واتە: سوێند بەخودا ئـەو بـیّ باوەڕانـە چـەند پێغەمبــەرێك پــێش تــۆ (قەومــەکانیان) گاڵتــەیان پــیّ کــردن و ئــەو پێغەمبەرانـەی کـە رەوانـە کرابـوو بۆلایـان (قەشمـەریان) پـیّ کـردن و

---

(١)بروانە (تفسیری)ی ئیمامی (قورتبی) بەرگی ٦، لاپەڕە ٢٩٣، وە هەروەها بروانە (مختصر) ی (ابن کثیر) بەرگی ١، لاپەڕە/٥٦٩.

هـــەروەکو بـــەتۆ ئەکـــەن[1]، ﴿ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ (أي أحـاطَ ونَـزَلَ بهـؤلاءِ المـستهزئين بالرُسلِ عَاقِبَةَ إستهزائهم وفي هذا الأخبار تهديدٌ للكفار) واته: ئەوانـەی کـە گاڵتەیان بە پێغەمبەران کرد، دووچاری دەردی گاڵتەکەیان بوون و خوای گەورە هەمووی بە هیلاك بردن و فەوتاندنی، موفەسیرەکان ئەفـەرموون، ئەم ئایەتە هەڕەشەو گوڕەشەیە بۆ (کـافرە) بـیّ باوەڕەکـان جـا خـوای گـەورە بـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئەفـەرمووێ: ﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ ٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ ﴾ ، واتـــە ئـــەی پێغەمبەر بەو (کافر) و بیّ باوەڕو بت پەرستانە بڵیّ (بۆخۆتان لەو زەویە بگەڕێن و بۆ ئەو شـوێنانە مـەڕۆن و تەماشـا بکـەن و بـزانن چارەنووسـی ئەو کەسانە چی بوو کە باوەڕیان بـە (پێغەمبـەران) نـەهێناو بـەدرۆزنیان دائەناو گاڵتەیان پیّ ئەکردن و جا لە ئەنجاما خودا هەموویانی تەفرو تونـا کرد؟ جا بێگومان (قورەیشیەکان) ئەچوونە شـام و یەمـەن بـۆ بازرگـانی لە ڕێگاداو خۆیان شوێنەواری (هۆزەکـانی) پێـشویان ئـەدیت وەك هـۆزی (عـاد) وو (سـەموود) و (مەدیـەن) و هـۆزی (لـوت پێغەمبـەر) و گـەلێکی تریش، ئەکەوتە سەر ڕێگایان و ئەیانگوت شوێنەواریان کاول و وێرانەیـە، واتە ئەو بت پەرستانەش ئەوهایان بەسەردێت.

---

(١) بەلأم ئەوانەی گاڵتەیان بە پێغەمبەر (ﷺ) کرد پێنج کەس بوون و هەر پێنجیان لە ڕۆژی شەڕی بەدردا کوژران.

(ئەبێ گشت ملکەچی فەرمانی خودا بین)

﴿ قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُل لِّلَّهِۚ ﴾ واتە: بلێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی کێیە و کێ خاوەنیەتی تۆ بۆخۆت بلێ هەمووی هەر مولکی خوایە نەك هی بت و سنەمەکان﴿ كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ ﴾ واتە: خودا لەسەر خۆی نووسیوە کە دەبێ بە رەحمەت و میهرەبان بێ بەرامبەر بە (عەبدو) بەندەکانی خۆی ، وە خوا سوێند ئەخوات و ئەفەرمووێ: (سوێند) بێ لە رۆژی قیامەت کە هیچ گومان لەو رۆژەدا نییە کە کۆتان ئەکاتەوە، هەرکەسێ خاوەن کردەوەو بیروباوەڕی چاك بێت پاداشت بە چاکە وەرئەگرێ و هەر کەسێ کردەوەو بیرو باوەڕی خراپ بێت ئەوا سزا وەرئەگرێ ﴿ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ واتە: ئەو کەسانەش کە زیانیان بەخۆیان گەیاندووە ، واتە خۆیان دۆڕاند باوەڕ ناهێنن، چونکە هەر کەسە بەدوای مەبەستی خۆی ئەکەوێ.

﴿ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِي ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿١٣﴾ ﴾

واتە: هەر بۆخوایە (موڵك) و دروستکراوی خوایە هەرچی هەیەو دامەزراوەو ئارامی گرتوە لە شەوورۆژداو جا بێگومان هەر خۆشی هەمیشە بیسەرو زانایە، ﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ

﴿وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ﴾ واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ بەو خەڵکە چۆن ڕەوایە چۆن دەچێتە عەقڵەوە من غەیری خودای دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی بپەرستم؟، چونکە بێگومان خواردن هەر خودا بەخەڵکی دەدات و ئەیانژیێنێ و خەڵك خواردن بە خوا نادەن چونکە ئەو پێویستی بە خواردن نیە، ﴿قُلْ إِنِّيٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ بەو کافرو بت پەرستانە من لە خواوە فەرمانم پێ دراوە کە یەکەم کەس بم لەوانەی موسڵمان ئەبن، وە هەروەها فەرمانم پێدراوە نابێ لە هاوبەش کەران بێت، ﴿قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾﴾ واتە: بڵێ بەڕاستی من ئەترسم ئەگەر بێ فەرمانی پەروەردگاری خۆم بکەم لە سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە کە ڕۆژی قیامەتەو واتە دواییە.

﴿مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾﴾ واتە: بەڕاستی هەر کەسێ ئەو سزایە لێی لابدرێ لەو ڕۆژەدا ئەوە بەڕاستی خودا (ڕەحمی) پێ کردەوەو بەزەیی پێ هاتووەو چونکە دیارە هەر ئەوەیش بە ئاشکرا بەختیاری و سەرفرازیە کە بچێتە ناو بەهەشت و ڕزگاری ببێ لە ئاگری دۆزەخ.

(باسێك لە چاكەو بەلاّ هەر هەموی بەدەستی خوای گەورەیە)

لەپاش ئەوانەی باسكران خوای مەزن بۆمانی روون ئەكاتەوە كە هیچ كەسێ جگە لە خوا خاوەنی سوودو (قازانج) نیە بۆ ئادەمیزاد هەروەها باسی ئەوەشمان بۆ دەكات وە دەفەرمووێت هەر خۆی خاوەنی (سود گەیاندن) و زیان گەیاندنە وە هەر خۆی كاروباری خەلّك جێ بەجێ دەكات ، وە هەروەها كەس بۆی نیە دەست لە فەرمانەكانی خودا وەربدات و (قەزاو قەدەری) خوا (رەت) بكاتەوەو، جا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ﴾ أي إنْ تنزلَ بِكَ يا محمد شِدة مِنْ فَقْرٍ أوْ مَرَضٍ فَلاَ رَافِعَ وَلاَ صَارِفَ لَهُ إلاّ هُوَ وَلاَ يَمْلك كَشْفَهُ سِواه) واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر خوا توشی هەر ناخۆشیەكت بكات وەك نەخۆشی و هەژاری و بێ دەسەلاّتی كەس ناتوانێ لەسەرت لاببات تەنیا هەر خوا خاوەن هێزو توانایە ئەو ناخۆشیەت لەسەر لاببات[1]، ئەوجا بەكورتی و بە كوردی پوختەی ماناكە ئەوەیە ئەگەر خودا توشی ناخۆشیەكت بكات هیچ كەسێك نیە بتوانێت ئەو گیرو گرفت و ناخۆشیەت لێ دوور بخاتەوە، تەنها خودا نەبێت﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ ﴾ أي بِفَضْلٍ

---

(١) جا موفسیرەكان ئەفەرموون ئەم ئایەتە ئەگەرچی ئاراستەی تەنیا پێغەمبەریش (ﷺ) كرابێ مەبەست گشتیەو هەموو كەسێك ئەگرێتەوەو تایبەتی نیە، تەنها بە پێغەمبەری خۆشەویستمانەوە (ﷺ).

وسعةٍ في الرزق وَصحة في الجسمِ فَلا مُزيلَ لَها إلاّ هُوَ ، أي لا يقدرُ أحدٌ أنْ يَمنَعهُ فِعلِ ما أرادَ فِعلَهُ من كشفٍ هذا أو غيره) واتە: ئەگەر خوا بەتۆ بگەیەنێ چاکەیەك (لەش ساغی و هەرزانی و خواردەمەنی و سامانی زۆرو پلەو پایە) دوایێ خوا بەسەر هەموو شتێکا توانای هەیە، واتە کەس ناتوانێ چاکەو زیان و گەورەیی و میهرەبانی خوا بگێڕێتەوە، پوختەی مانا، واتە ئەگەر خودا بیەوێت (خێرو) خۆشیەکەشت بێنێتە ڕێگا هیچ کەس ناتوانێت ڕێگای لێ بگرێت و ئەوەی خۆی بیەوێت هەر ئەوە دەبێت چونکە ئەو خودایە کە بەسەر هەموو شتێکدا بەتواناو دەسەلاّتدارە.

(ئاگاداریەکی گرنگ)

خوێنەوارە ئازیزەکانم: زۆربەی (موفەسیرەکان) لەدوای تەفسیری ئەم ئایەتەی پێشوودا ئەم فەرموودە (سەحیحەشیان) هێناوە[1]، کە پێشەوا (ترمذي) دەیهێنێ ئەڵێ حەزرەت (ﷺ) بە عەبدوڵلاّی کوڕی ئیمامی عەبباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) پێی فەرموو: (يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ، احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلْ اللَّهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ، لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ، وَجَفَّتْ الصُّحُفُ) لە هەندێ ڕیوایەتا وا دەرئەکەوێ ئەمەشیان لێ زیاد

---

(١) أخرجهُ الإمام الترمذي، هذا الحديث برقم ٢٥١٦، وقال هذا حديث حسن (صحيح) وأخرج الإمام أحمد في مسنده برقم ٢٦٦٩.

کردووە وەکو ئەفەرمویٰ (إحفظ الله تجده أمامَكَ تَعْرَفَ إلى الله في الرَخاءِ يَعرفك في الشدةِ.. هتد)، واتە: ئەی ڕۆڵەی من چەند ووشەیەکت فێردەکەم ئاگات لە خودا بێ و فەرمانی جێ بەجێ بکەو (قەدەغەی) مەشکێنە خودایش تۆ ئەپارێزێ و ئاگاداری ماڵ و منداڵ و ئاینت ئەکاو وە لە ڕۆژی دوایی رزگارت ئەکات و ئاگات لە خودا بێ ئەوکاتە ئەبینیت خوا لەگەڵتایەو لەکاتی تەنگانە فریات ئەکەوێ، وە هەر کاتێ ویستت شتێ داوا بکەی هەر لەخوا داوا بکە چونکە گەنجینەی ئاسمان و زەوی هەر بەدەست ئەوە، جا بێگومان هەر کاتێك ویستت داوای یارمەتی بکەی هەر لە خوا یارمەتی داوا بکە چونکە ئەگەر خودا یارمەتی دەرت بێ کەس پێت ناوەستێ ئەوجا بۆ ئەوەی بزانین هەموو شت بەدەست خودایە بەبێ ویستی خوا هیچی لەدەست نایێ.

حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: بزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆبێتەوە بۆ ئەوەی قازانج و سودێکت پێ بگەیەنن کەم یان زۆر ناتوانن (سوودت) پێ بگەیەنن بەهەر شتێك مەگەر خوا بۆی نەنوسیبێ و ویستی خوای لەسەر بێت چونکە بێگومان (قەلەمەکان) لە ئەزەلدا هەرچیان نوسیبێ و نوسیبیان و (مەرکەبەکەشی ووشك بووەوە، وە لە گێڕانەوەیەکی ئیمام (ئەحمەد) ئەم فەرمودەیە بەم شێوەیەش هاتووە کە ئەفەرموێ: (ئاگاداری خودابە خوداش ئاگادارت ئەبێ، خۆت بەخوا بناسێنە لەکاتی خۆشی و هەبوونی خوات لەبیر بێ و چونکە خوا لەکاتی تەنگانەدا تۆی بەبیرەو واتە لەکاتێکا کە لەخۆشی دای زۆر خوا بپەرستی بۆ ئەوەی خۆشی بوێی ئەوجا لەتەنگانەدا زوو بەهانات دێی و فریات ئەکەوێ و

رزگـارت ئـەكا، ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٨﴾﴾
واتە: خواى تەبارەك و تەعالا ئەو خودايەيە كە (زاڵە) بەسەر بەندەكانى خۆيدا، جا بێگومان ئەوە خاوەن (حيكمەت) و خەبەردارەو ئاگادارە لەكارو كردەوەيان چونكە بێگومان خواى مەزن توانايى لەسەرەوەى بەندەكانى خۆيەتى ئەوان لەخوارەوەى خوان دروستى كردوون بێ ويستى ئەوان و هەروەها ئەشيان مرێنێ و لەناويان ئەباو بەبێ پرس و ويستى ئەوان و خوا هەموو شتێ لە جێگاى شياوى خۆيدائەنێ چونكە بێگومان ئاگادارى كردەوەى (نهێنى) بەندەكانى خۆيەتى.

(سەرنجێكى گرنگ)

ئەگێڕنەوە لە هەندێك نەفامەكانى (قورەيش) ى مەككە گوتيان بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەى راستى بێت جووەكان و مەسيحيەكان شايەتى نادەن بۆتۆ لەسەر پێغەمبەرايەتى تۆ، ئينجا خواى گەورە بۆ دەمكوتكردنەوەى ئەوان ئەم ئايەتەى ناردە خوارەوە و فەرمووى: ﴿قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَـٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ﴾[1]، المعنى قُلْ لَهُمْ يا مُحَمَد أي أحرٍ أعظَمُ وأعدَلُ بُرهاناً وَحُجَةً؟ فإنَ أجابُوكَ وَقالوُا اللهُ وإلا فقُل (اللهُ أكبرُ) شهادةَ مِنْ خَلْقِهِ وشَهيدٌ بيني وبينكم بأني رَسُول اللهِ وأن هذا

---

(١) موشريكەكان بە پێغەمبەر (ﷺ) يان گووت كێ شايەتيت بۆ دەدات كە تۆ پێغەمبەرى خواى؟ جا بێگومان ئەم ئايەتە بەو هۆيەو دابەزى و هاتە خوارێ، بڕوانە: تفسيرى (قورتبى)، بەرگى٣، لاپەڕە٢٤٨.

القـرآن كَلاَمَـهُ)، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر بـەو بـێ بـاوەڕو بتپەرسـتانە بڵـێ شایەتی کێ لەشایەتی هەموو کەس گەورەترەو، ڕاستترە؟ ئینجا تۆ بڵـێ شایەتیدانی خوای گەورە لە شایەتی هـەموو کـەس گـەورەترو راسـترەو دروستترە جا بێگومان خـودا شـایەتە لـەنێوان مـن و ئێـوەدا ئـەوجا کـە خودا شایەد بێ لەنێوان پێغەمبـەرو (قوڕەیـشیە بـت پەرسـتەکان) ئـەوە گـەورەترین کــەس شــایەدی دەداو ؟ واتــە شــایەدی دەدا بــۆمن کــە پێغەمبەرم و لەسەرهەقم.

شایەتی ئەدا کە ئێوە لەسەر ناهەقن ، وە بێگومان بـە تەئکیـد خـوای گەورە شایەدی دەدا کە ئەو قورئانە ووتەو کەلامی خودایە هـیچ گومـانی تیانیە، ئەوجا لەدواییدا ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر (ﷺ) دەست نیـشان ئــەکاو ئەفــەرموێ ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾ أي وأوحي إِلَيَّ هذا القرآن لإنذركم بهِ يا أهل مَكة وأنذر كل مَنْ بَلَغهُ القرآن مِـنَ العرب والعجَم إلى يوم القيامة) واتە: بۆیە ئەم قورئانەشـم بـە وەحـی واتـە بە سروش بۆ کراوە کە ئێوەو هەر کەسێکی تریش دەنگی ئەم قورئانـەی دەگاتێ و پێی (ئینزارتان) بـدەمێ و بترسـێنم لـە ناخۆشـیەکانی دواڕۆژو ئاگادارتان بکەمـەوە، ئـەی خـەڵکی (مەککـە) وە ئینزارتـان بدەمێ بـەو قورئانەی پێی گەیشوە و بیترسێنم لەو کەسانەی لەمەودوا پەیدا ئـەبن چ (عەرەب) بێ چ (عەجەم) بێ و هەتا ڕۆژی دوایی.

﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ﴾[1]، (أي انكم أيها المشركون لتقرُّونَ بوجود آلهةٍ معَ الله؟ فكيفَ تشْهَدُونَ أنّ معَ الله آلهة أخرى بَعدَ وضُوح الأدلةِ وقيام الحُجة علىَ وحدانية الله؟) واتە: ئەی کافرەکان و بتپەرستەکان و یاخود ئەی خەڵکینە بەگشتی ئێوە چۆن شایەتی ئەدەن لەگەڵ (الله) جا —واتە خودا— چەند خوایەکی تر هەبێ؟ ئێوە چۆن شتی وا ئەڵێن پاش ڕۆن بونەوەی بەڵگەیە لەسەر (یەکێتی خوا؟).

لەدواییدا خوا (فەرمان) ئەدا بە پێغەمبەری خۆی شایەتی و ئاگاداری نەدا بە وێنەی ئاگاداری ئەوان بو پێی ئەفەرمووێ: ﴿قُل لَّآ أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ۝١٩﴾ أي قُلْ يا محمد (ﷺ) أشهد بأن الله وَاحِدٌ فَردٌ صمَد[2]، أي وَأنا بَريٌ مِنْ هذهِ الأصنام والأوثان) واتە: تۆ بڵێ ئەی (محمد) من شایەدی وا نادەم چونکە بێ گومان (ئەوەی شیاوی پەرستن و خودایەتیە) تەنها یەك خودایەو بەس، وەمن بێ بەریم لەو (بت و صەنەمانەی) ئێوە بەخودایان دەزانن، جا بەڕاستی من جگە لە خودای تاك و تەنیاو بێ هاوتا کەسی تر بەخودا نازانم.

---

(١) ئەمە بۆ ئیستفهام و تەوبیخە.

(٢) فرد واتە تاك و (الحمد) واتە بێ نیازە تەنیایەو رەحمەت لەو کەسەی کە ئەڵێت (هەرکەسێ ژیر بێ لە ئەم دونیایە — دەزانێ کە خوا تاك و تەنیایە).

(خاوەن نامەكان پێغەمبەر (ﷺ) دەناسن وەك چۆن كوڕەكانی خۆیان دەناسن).

(موفەسیرەكان) ئەڵێن ئایەتەكانی پێشوو بەهۆی پرسیارو بیرو بۆچونی (كافرەكان) واتە: بێ باوەڕەكان كە دەربارەی (ئەخلاق) و رەوشتی پێغەمبەر (ﷺ) ئاراستەی (جولەكەو -دیانەكانیان) كرد ئینكاری ئەوەیان كرد كە (تەورات) و (ئینجیل) بەڵگەی ئەوەیان تێدابن، كە پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) بچەسپێنن و بسەلمێنن، بەلاّم لەوەوپێش ئەوەی روون كردەوە كە (شایەتیدانی) خودا بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتیەكەی بەسەو پێویست بە بەڵگەی تر ناكاو بەلاّم ئەوەی راستی بێت لێرە بەولاوە ئەمە روون دەكاتەوە كە ئەو خاوەن نامانە واتە (جوولەكەو فەلەكان) درۆ دەكەن لەوەدا كە دەڵێن ئێمە (محمد) ناناسین و بەلاّم راست ناكەن و ئەو (حەقیقەتە) لە تەورات و ئینجیل دا روونكراوەتەوە چونكە تەنانەت چۆن كوڕەكانی خۆیان دەناسن ئاواش پێغەمبەر (ﷺ) دەناسن (كَمَا روي في الخبر أن عمر (رضي الله عنه) قالَ لِعَبدُ اللهِ بن سلامٍ أتَعرف محمداً (ﷺ) كَمَا تَعرفُ إبنكَ ؟ قالَ يا عُمرُ إن معرفتي به أشد من معرفتي بإبني .. فقالَ عُمرُ وكيفَ ذلك؟ قالَ أشهدُ أنه رسول الله (ﷺ) حَقٌ من الله تعالى وقد نعته الله تعالى في كتابنا فعرفته وأمّا إني فلا أدري ما أحدثَ النساءُ بعدي فقالَ عُمرُ (رضي الله عنه) وفقكَ الله يا إبنَ سَلاَمٍ[1].

---

(١) بڕوانە: (جامع البيان) تەفسیری ئیمام (الطبري) بەرگی(٥)، لاپەڕە١٩٧.

واتە: (ریوایەت) کراوە لە ئیمامی عومەر (خوا لێی رازی بێت) بە (عەبدوڵڵای کوڕی سەلامی) کە فەرمووی ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نازل بوو (هاتۆتە خوارێ ئەم ئایەتە چۆن چۆنیە؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی ئەی عومەر (ئەمن پێغەمبەرم بینی یەکسەر ناسیم چۆن کوڕی خۆم دەناسم بەڵکو باشتریش لە (کوڕی خۆم دەیناسم) چونکە ئەوە ی راستی بێت نازانم ژنەکەم چی کردوو یان کێ نالێت ژنەکەم (خیانەتی) لێم نەکردووە، ئەمن شایەدی دەدەم کە حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) محمد رەوانکراوی خودایە هەروەها هیچ (شك) و گومانم لەوەدا نیە، ئینجا ئیمامی عومەر (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی خوا (موەفەقت) بکات ئەی کوڕی سەلام.

جا بۆیە قورئان ئاماژەی بەوە کردو ئەفەرموێ ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ ﴾ واتە: بێگەمان ئەو جوولەکەو مەسیحیانەی کە خاوەن نامەو کتێبن یاخود کتێب و نامەمان پێدابوون هەروەکو کوڕەکانی خۆیان دەناسن ئەوهاش پێغەمبەریان (ﷺ) ئەناسی چونکە لە تەورات و (ئینجیلدا) خوای گەورە وەصفی پێغەمبەری (ﷺ) کردبوو وە سیفەتە جوانەکانی بەیان کردبوو ئەوانیش ئاگاداری تەواویان هەبووە بەڵام لەبەر دەردی (حەسودی) ئەیانشاردەوە (کەتمیان) ئەکرد ﴿ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾ واتە: ئەوانەی خۆیان دۆڕاندوەو جا ئیمان ناهێنن بە محمد (ﷺ) لەبەر

حەسـودی و عینـادی خۆیـان، ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴾ واتە: کێ لەو کەسانە ستەمکارترن کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستێت بلێ لە قیامەتدا (بتەکان) تکامان بۆ دەکەن؟ ﴿ أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِهِۦٓ ﴾ واتـا یان بە ئایەتەکانی خودا باوەڕ ناکاو بەدرۆ یان دادەنێت ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی خودا (زاڵم) و سـتەمکاران سـەرکەوتوو ناکات و هەرگیز دەرباز بوونیان بۆنیە رزگارنابن لەدەستی خودا.

(خوای گەورە لەشیرکی موشریکان دەپێچێتەوە)

خـوای گـەورە باسـی (موشـریکەکان) ئـەکات لـە رۆژی قیامەتـدا لێپرسینەوەیەکی بە کوشندەیان لەگەڵ ئەکاو وەکو ئەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ ﴾ واتە: ئەو رۆژە وەبـیر بێنـە کـە هـەموو (کـافرو) بـێ باوەڕەکـان یـاخود (موشـریکەکان) پـاش زیندوکردنـەوە، کۆئەکەینـەوە بـۆ لێپرسـینەوە لـەکارو کردەوەکانیـان پاشـان بـەو کەسـانە کـە شـەریك و هاوەڵیـان بـۆ خـودا دانـابوو پێیـان دەڵـێین: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ واتـە: کـوا ئـەو بتانەی کە واتاندەزانی بەشدارن لەگەڵ خوداداو هاوەڵی خودان و دەتـان پەرسـتن ﴿ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ واتە: لەپاشان لەوەڵامـدا هـیچ عـوزرو بیـانوو وەڵامێکیـان نیـە،

مەگەر دەڵێن (سوێند) بەخودای پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز شتێکمان نەکردوەتە شەریك و هاوەڵی خوا، ئەوجا چارەیان نامێنێ (ئەبێ درۆ) بکەن و بڵێن بەو خوایەی کە خودامانە ئێمە هاوبەشمان بۆ خودا پەیدا نەکردووە، ئەوان بەو سوێندە لە ڕۆژەدا هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان ڕزگار بکەن لە کارە خراپەی کە کردویانە بۆیە پەنا دەبەنە بەر درۆکردن و سوێندی بەدرۆ خواردن و وا ئەزانن ئەو ڕۆژەش وەك ڕۆژانی (جیهان) بەدرۆ ڕزگاریان بێ و ئینجا سەر سوڕئەهێنێ لە حاڵی بەدی ئەوانەو ئەفەرموێ ﴿ ٱنظُرۡ كَيۡفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡۚ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر دە تەماشاکەو بڕوانە چۆن لەگەڵ خۆشیاندا درۆ دەکەن ﴿ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ واتە: ئەو درۆیەی لە ژیانی (دونیا) بەخوایان هەڵبەستبوو کە هاوبەشیان بۆ پەیداکردبوو لەو ڕۆژەوە ئەو بتانەیان لێ وون بوون نەیاندیتەوە، چونکە پێشتر ئەو (موشریکانە) بە ئومێدی ئەوەبوون کە لەلای خوا بۆیان بپارێنەوەو (شەفاعەتیان بۆ بکەن) هەروەك لە دنیادا درۆیان دەکردو ئەیان ووت ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾[1].

---

(١) سورەتی (الزمر) ئایەتی /٣، واتە: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئەو بتانەی دەیپەرستن کە لەخوامان نزیك بکەنەوەو تکامان بۆ بکەن لەلای خوای مەزن.

(موشریکەکان بەهرە لە قورئان وەرناگرن)

جـا خـوای گـەورە ئەفـەرموێ ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ﴾[1]. واتـە: هەنـدێ لـەو کـافرو بـێ باوەڕانـە کەسـێك گـوێی ئـەگرێ[2]. بـۆلای تـۆ کـاتێ تـۆ (قورئـان) ئەخوێنی بەڵام سودبەخشی بـەهرە وەرنـاگرن و، نـە بـەخۆیان و نـە بـە جێگای خۆیان و ئێمە داومانە بەسەر دڵیانەو چەندین (پەردە) هـەتا لـەو قورئانە نەگەن و نەیزانن و لایان نەخۆش بوو لێی تێبگەن وە ئێمە دامان نـابوو لـە (گوێـچکەیانا) گرانـی و قورسـایی هـەتا (حەقیقـەت) و راسـتی نەبیستن، ﴿ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ﴾ واتـە: نـەك تـەنیا هـەر ئەم قورئانە بەڵکو ئەگەر هەرچی (ئایەت) و بەڵگەو نیشانەی راسـتی تـۆ هەیە هەموویان چاو پێ بکەوێ هێشتا هەر ئیمانی پێ نـاهێنن و بـاوەڕی پـێ ناکـەن ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾ واتە: کە دێنە لات و (مجادلە) واتە دەمەتـەقێت

---

(١) أكنه: کۆی (کنان) بەواتای پەردەو داپۆشەرە، هەروەها (وقر) واتە گوێ قورسی و گوێ گرانی.

(٢) ئەبو سفیان وەلیدی کوڕی موغیرە و فەزی کوڕی عەرس و شەیبەی کوڕانی رەبیعە و عەتەبەو رەبیعەو ئەبوجەهل کۆبونەوەو گوێیان لە خوێندنی قورئان بوو لەلای پێغەمبەرەوە ووتیان بە (نەزر) ئەو چی ئەڵێ ئەو پیاوە ئەویش گوتی دەمی ئەجوڵێ و نازانی چی ئەڵێ.

لەگەڵ ئەکەن بەمەبەستی ئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بچەسپێنن چونکە بێگومان ئەوانەی کە (کافرن) و بێ باوەڕن ئەڵێن ئەم قورئانە کەتۆ ئەیخوێنیتەوە هەر حیکایەت و چیرۆك و ئەفسانەو هەڵبەستراوی سەرگوزشتە کۆنەکانە و ئەی خودا لەناوتان بباو هەروەکی لەناوی بردن هەروەکو تەفرو تونای کردن، جا خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ﴾ واتە: ئەوانەی هەم ڕێ لەخەڵكی دەگرن لە وەرگرتنی ویستی قورئان و هەم بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەر و هەم بۆخۆشیان خۆیانی لێ دووردەگرن[1]. جا ئەفەرموێ: ﴿ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾ واتە: بەم کارەشیان هەر خۆیان لەناو دەبەن و خۆیان دەفەوتێنن بەڵام نەفامن و تێناگەن و بەخۆش نازانن.

(باسێك لە هەڵوێستی کافرەکان لەکاتی بینینی دۆزەخدا)

خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ واتە: ئەگەر تۆ ببینی ئەو بێ باوەڕانە کاتێ ڕاوەستێنران و لەسەر ئاگر -واتە تۆ ئەوان ئەبینی لەوکاتەدا ڕاوەستێنراون لە سەر ئاگر تا بەچاوی خۆیان ئەو ئاگرە ببینن

---

(١) لەبەر کوفرو بێ دینی خۆیان واتە: ئەوانە دوو تاوان بەیەکەوە ئەنجام ئەدەن نە بەخۆیان سوودی لێ وەرئەگرن نە دەهێڵن کەسانی تریش سوودی لێ وەرگرن.

یا نیشانیان بدەن یان بخرێنە ناوی ڕۆن ئەبێتەوە ئەندازەی ئەو سزایەی بۆیان ئامادەکراوە، ئەوەی ڕاستی بێت لەو کاتانەدا کارێکی زۆر سامناک ئەبینن ، ئینجا دەڵێن خۆزگە بیانگێڕایناتەوە بۆ دنیا جا ئەو کاتە (ئیمانمان) دەهێناو هەرگیز (قورئان) و ئایینی خودامان بەدرۆ نەدەخستەوە دەبوینە خاوەن باوەڕو لەکۆمەڵی (ئیمانداران) دەبوین.

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ﴾ (أي ظَهَرَ لَهُم يوم القيامةِ ماكانوا يَخفُون في الدُّنيا عَن عيوبِهِم وقبائِحِهم فَتَمَنوا ذَلكَ) واتە: لەو ڕۆژەدا (کە ڕۆژی قیامەتە) ئەو خراپەکاری و بێ باوەڕیەی کە پێشتر لە دڵیاندا شاردبویانەوە هەمووی ئاشکرا دەکرێت و[1] دەخرێتە پێش چاوانیان بۆیە ئاوات دەخوازن بگەڕێنەوە بۆ دنیاو (ئەمەش مەحاڵە)و شتی وا لەگۆڕێ نیە، ئەوجا خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوە لەو پەشیمان بونەوەیان بەدرۆیان دەخاتەوەو، ئەوە رادەگەیەنێ کە پەشیمان بوونەوەو تەمەننا کردنەکەیان بەڕاست نیەو درۆ ئەکەن، هەروەکو خوای گەورە لەوەڵامیاندا ئەفەرموێ ﴿ وَلَوْ رُدُّوا

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرە) تازەکان ئەڵێن ئەمڕۆکە عیلم و زانین لەپێشکەوتن دایە هەروەها دەتواندرێ بە کامیراو ڤیدیۆ هەموو کردەوەی ئینسان وێنەی بگیرێ و بپارێزرێ و تۆماربکرێ، جا بێگومان ئادەمیزاد بەو بێ توانایییەی خۆیەوە بتوانێ ئەوە بکات ئایە لەلای خوای مەزن ئاسان نیە کە هەموو کردەوەی ئادەمیزاد بپارێزێ و لە ڕۆژی قیامەتدا بیهێنێتەوە بەرچاوی (تاوانبارو بێ باوەڕان) (واللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدير).

﴿لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾﴾ أي لَـوْ ردّوا علـى سـبيل الفـرض، لأنـهُ لارَجعَـةَ إلى الـدنيا بَعْـدَ المـوتِ) لَعَـادوا إلى الكُفـرِ وَالـشركِ وَالضِلالِ وَإنَهـم لَكَـاذِبُونَ) واتـه: ئەگـەر لـە فەرزێكدا بگەڕێندرێنـەوە بـۆ دونيـا (وە لـەوەوە جـارێكى تـر لـەدوايى گەڕانـەوە نيـە)بـەلآم ئەگـەر بشگەڕێنەوە بـۆ ژيـانى (دنيايـان) هـەر لەسـەر رەوشـتى خراپـى خۆيـان بەردەوام دەبنەوە، وەدەچنەوە سەر شتى پڕوپوچ

قەدەغـەكراوەكان بەتايبـەتى بـێ بـاوەڕى و كـوفرو هاوبـەش دانـان و گوناه كردن و ڕێ بزركردن، جـا لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتى ئەوانـە درۆزنـن و ڕاست ناكەن چونكه ئەگـەر بگەڕێنـەوە بۆ (دنيـا) هـەمان شـتى پێـشوو ئـەنجام ئەدەنـەوە، ئەگەڕێنـەوە بـۆ سـەر ئـەو رەوشـتانەی كـە پێيـان گوترابوو مەيكەن جا خواى گەورە لەسەر زوبانى بێ بڕواكان ئەگێڕێتـەوە كـە ئـەڵێن: ﴿وَقَالُوٓاْ إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾﴾ أي قَالَ أُولَئِكَ الكُفار الفُجار ماهيَ إلا هذهِ الحياة الدُنيا ولا بَعثَ وَلا نـشور) واتـه: ئـەو بـت پەرسـته تاوانبارانـه ئـەيان گـوت بێجگـە لـەم ژيانـەی دونيايەمان هيچ ژيانێكى تر نيه چونكه زيندوو ناكرێنەوە واتـه نـه ژيـانى تـر هەيـە لـە (حەشـر) و نـە (حيـساب) ، نـە زيندووبوونـەوەش، وە ئەيانگوت به (قەتعى) ئێمه لەپاش ئەوە كه (مر دين) جارێكى تر زينـدوو ناكرێينـــەوە﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ﴾ واته: ئەگەر ئەو كاته كه لەپێش خواى گەورە رادەگيرێن بۆ

لێکۆڵینەوەو یاخود فریشتەکانی خوا راگیریان ئەکات لەو شوێنە کە (حیساب) و پرسیاریان لێدەکرێ، واتە ئەوکاتە خوای مەزن پێیان ئەفەرموێ ئایە ئەم زیندووبونەوەیە بەڕاست نیە؟) چونکە ئێوە دەتانگوت لە جیهاندا زیندوبوونەوەو کۆکردنەوەو لێپرسینەوە پاش مردن نیە؟) ئەوانیش لەوەلامدا ئەڵێن بەرێ، وەڵلا خودایە راست و (حەقە) بەلام ئێمە بەهەڵەدا چوبوین ﴿ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ واتە: پێیان دەفەرموێ: دە ئاوا ئازار بچێژن (بەهۆی ئەوەی لە دونیادا کافرو بێ باوەڕ بوون) بۆ ئەو خودا ناسیەی دەتانکرد).

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُواْ يَٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا ﴾ واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئامادەبوونی بەردەم (دادگای خوای گەورە نەبووە هەروەها زەرەرو زیانێکی بێ سنووریان لەخۆیاندا چونکە خۆیان دۆڕاند کاتێکیش کە رۆژی دوایی کتوپڕ مردن یاخود قیامەت دەیانگاتێ و دەڵێن ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو کردەوە خراپ و ئەو بێ باوەڕیەمان لە دنیادا کەوامان دەزانی ژیان هەر ئەو ژیانەی دنیایەو بەس وە درێغیمان کرد لە دونیادا، لە ئەنجامدانی کاری باشەو چاکەدا ﴿ وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ واتە: لەهەمان کاتدا کۆڵی سەنگینی گوناهەکانیان بەکۆڵیانەوەیە، جا

بێگومان بزانن کە بارو کۆڵەکەیان زۆر خراپ و نالەبارە، و جا لەدواییدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ واتە: بەئاگابن ژیانی ئەم دونیایە بریتیە لە گاڵتەکردن و ڕابواردن، ﴿وَلَلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٣٢﴾﴾ واتە: دڵنیابن ئەو ماڵەکەی تر، واتە (بەهەشت) بۆ ئەوانەی کە تەقواو پارێزگاری لە فەرمانەکانی خوا ئەکەن چاکترە، ئایە ئێوە هێشتا (ژیر نابن) تا ڕێگەی باش لە خراپ و کردەوەی باش لە (خراپ) جیابکاتەوە.

(باسێك لەبارەی دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ))

(دوو ئاگاداری)

پێش ئەوەی دەست بە ڕاڤەی ئایەتەکە بکەین :

یەکەم: موفەسیرەکان ئەفەرموون دوایی ئەوانەی پێشوو خوا دڵخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) ئەداتەوە لەسەر ئەوەی ئەوەیان بەدرۆ ئەخستەوە جا دوای ئەویش بەڵگەی ڕوونی لەسەر داناوون.

دووەم: پێشەوا (ترمذي) و (حاكم) ریوایەتیان کردووە لە حەزرەتی عەلی یەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کە (ئەبو جەهل) ووتی بەحەزرەت (ﷺ) ئێمە (تەکزیبت) واتە بەدرۆزنت دانانێین چونکە تۆ لەلای ئێمە ڕاستگۆیت بەڵام باوەڕ بە (قورئانەکەت) ناکەین ئەوجا ئەم ئایەتەهاتە خواری و فەرمووی: ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ﴾ واتە: بەڕاستی ئێمە ئەزانین ئەوەی ئەو بت پەرست و بێ باوەڕانە باوەڕ نایەنن

کە تـۆ پێغەمبـەری و ئـەو قورئانـە خـوا ناردوویـەتی و قـسەی تـرت پـێ ئەڵێن[1] تـۆ زۆر پێـی غـەمبارو دڵتـەنگ ئـەبیت، ﴿فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾﴾ واتە: ئەوانـەی تـۆ بـەدرۆ ناخەنەوە بەڵام ئەو (زاڵم) و ستەمکارانە (ئایەتی قورئان) و کاری لەتوانا بەدەر باوەڕ ناکەن و بەدرۆی ئـەزانن و پێیـان ڕاسـت نیـە، جـا بێگومـان دووبارە خودا دڵخۆشی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەداتـەوەو پێـی ئەفـەرموێ ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا۟ عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا۟ وَأُوذُوا۟ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا ۚ﴾ واتە: بەڕاسـتی پێغەمبـەرانی پـێش تـۆیش قـەوم و گەلەکـەیان بەدرۆزنیان دادەنان بەهـەموو شـێوەیەك ئـازارو ئەشـکەنجەدران و بـەڵام لەگەڵ ئەو گشت ئازاردان و ئەشکەنجەیەدا وە بەدرۆخـستنەوەیان ئـەوان هەر سووربوون لەسەر بانگەوازەکەیان و هەروەها خۆیان ڕاگرت سەبریان کێشا تا سەرمان خستن بەسەر دوژمنانیاندا، ئـەوجا تـۆش وەکـو وانبـەو سەبر بگرەو تا یارمەتی ئێمەت بۆبێ و خـوا سـەرکەوتووت بکـا، ﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ۚ وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى۟ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٤﴾﴾ واتـــە: بەڕاسـتی هـیچ کەسـێکیش نیـە بتـوانێ بڕیـارو بەڵێنـەکانی خـوا بگـۆڕێ بەرامبـەر بـە (نەصـرەت) و یارمـەتی پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لـێ

---

(١) وەکو ئەوە ئەڵێن بوختانت بۆ هەڵدەبەستن و ئەڵێن (جادوگەرو شێت و شاعیرەو ..هتد.).

بێت) وە بەڕاستی هاتووە بۆلای تۆ هەواڵی بەسەرهاتی نێردراوو پێغەمبەرەکانی خوا کە بەچ شێوەیەکی خراپ ئازاردراون لەلایەن گەلەکانیانەوە لەبەر ئەوەی (صەبر) و ئارامیان گرتووە خوا سەری خستوون.

(سەرنجێکی گرنگ)

دیسانەکە خوای گەورە ویستی بەتەواوی شوێنەواری (غەم) و پەژارەی سەرپێچیکردنی بێباوەڕەکان لە دڵی پێغەمبەردا (ﷺ) بهاوێژێ چونکە ئەو (کافرانە) ئەگەر باوەڕ بە خواو پێغەمبەرو قورئان نەکەن پێغەمبەر (ﷺ) هیچ لە ئەستۆی ئەو دانیە جا پێویست ناکا بە (ئیمان) نەهێنانی ئەوان ئەم زاتە دلگران ببێ و خۆی پەرێشان بکاو غەم و حەسرت بیگرێ جا خوای گەورە دەربارەی ئەو پێغەمبەر نازدارە ئەفەرموێ: ﴿ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر پشت هەڵکردن و (یاخیبونی) بێ باوەڕانت لەلا قورس و ناخۆشە کە بڕوات پێ ناکەن و دلگرانی بەوەی کە داوای (موعجیزەی) جۆراوجۆرت لێ دەکەن ﴿ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ واتە: ئەگەر دەتوانیت نەفەقێك لەزەویدا هەڵکەنەو یانی زەوی کون بکەو پێیدا بگەڕێ ﴿ أَوْ سُلَّمًا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ ﴾ واتە: یان بچۆ (پەژیەو) قالدرمە هەڵبەستەو بەرەو ئاسمانی پێ سەربکەوەو هەموو ئاسمانەکان بگەڕێ و هەتا نیشانەو موعجیزەیەکی وایان بۆ بێنی بەڵکو

ئەوانە بێنە ژێر بارو موسڵمان ببن و بڕوات پـێ بکـەن[1]، ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾﴾ واته: بەڕاستی ئەگەر خـوا بیویـستایە هـەموو ئـەو بـێ باوەڕانـەی لەسـەر (هیدایـەت) و ئـایینی خـۆی کـۆدەکردەوە، بـەڵام خـوای گـەورە هـیچ کەسـێك بـەزۆرو تۆبزی ناهێنێتەسەر ڕێگای ئایینی خۆی بەڵکو هەموو ئینـسانێك بۆخـۆی تەواو ئـازادەو بەویـستی خـۆی ڕوودەکاتـە چاکەکاری یـان خراپـەکاری، کەواتــە ئــەی خۆشەویــست هەراســان و بێــزار مەبــەو مەچــۆرە ڕێــزی نەزانانەوە[2]،

(ئاگاداریيەك)

وە لەم ئایەتەی دواییدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتـەوە کـە ئادەمیزاد لەسەر دوو شێوەن:یەکـەم: ئەوانـەی کـە نـووری ئیمـان لـەناو دڵیانەو گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەگرن و وە لە نیشانەو بەڵگەکانی وورد دەبنەوە، وە تاقمی دووەم: کە تێناگەن و شت نابیـستن وەکو (مردوو) وان و هیچ شتێك کاریان تێ ناکاو هەروەکو خـوای گـەورە دەفــەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ

---

(١) موفەسیرەکان، ئەفەرموون مەبەست ئەوەیە کە خوای گەورە نایەوێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە سوررو بێ تاقەت بێت بۆ بڕواهێنانیان.

(٢) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم ئایەتە پیرۆزە نیشانەو بەڵگەیەکی گەورەو ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لەلایەن خودایەوە ئەگەرنا پێغەمبەر (ﷺ) چۆن ئاخاوتن و قسەی وا بەخۆی دەڵێت..؟.

﴿يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾﴾ واتە: بەڕاستی ئەو کەسانەی کە خاوەن (فام) و ژیرو تێگەیشتوون باوەڕت پێ دێنن و بەزووترین کات موسڵمان دەبن و بەلاّم ئەوانەی کە دڵیان (ڕەشە) و تاریکەو (مردوون) نایەنە سەر ڕێگا، ئەوە بێگومان خودای گەورە بەدەسەلاّت لە ڕۆژی دواییدا، واتە زیندوویان دەکاتەوە، هەروەها پاشانیش تەنها بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە، بۆ لێپرسینەوەو سزادان.

(دیسان بتپەرستەکان لە نیشسانەو بەڵگەی تر دەگەڕێن)

جا بێگومان ئەمجارەش خوای گەورە نموونەیەك لە دژایەتی و لەخۆبایی و سەرڕەقی (ئینکاری) ئەو کافرانە واتە: بێ باوەڕانە ڕوون دەکاتەوەو ئەفەرموێ ﴿وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ واتە: بێ باوەڕان ووتیان نەنێراوە بۆسەر (محمد) نیشانەو موعجیزەیەکی پەك خەر لەلایەن پەروەردگاری خۆیەوەو تەنگیان پێ هەڵچنی هەتا باوەڕ بهێنن و نەتوانن سەرپێچی بکەن ئەو بەڵگانەش وەك (حوشتری سالح پێغەمبەرو یا یەدی (بەیزا) واتە دەستی سپی و یان دار عەساکەی موسا پێغەمبەر دەبوو (ئەژدیها) و یان وەك خەوانی حەزرەتی عیساو...) یان فریشتەی بۆنەهاتە خوارێ شایەدی بۆ (محەمەد) بدات و بڵێ تۆ پێغەمبەری ﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٧﴾﴾ واتە ئەی پێغەمبەر تۆش لەوەلاّمدا پێیان بڵێ بێگومان

خـودا دەسـەلاتی زۆرە بـۆ هێنانـەخوارەوەی هـەر بەڵگـەو نیـشانەو موعجیزەیەك ئەوان داوای ئەکەن بینێرێ ئەوە وەکو گەلانی پێش خۆتان ئێوەش دەڵێن ئەمە (سیحرو جادووەو) هـەر موسڵمان نـابن، جـا بەشـی زۆرینەی ئەو کافرو بـێ باوەڕانـە نـەزانن و تێنەگەیشتوون، چـونکە ئـەو موعجیزەی کە بۆیان بێ و یەکسەر ئیمـانی پـێ نـەهێنن و ئـەوە دەبێتـە هۆی لەناوچونیان.

(خوای پەروەردگار هەموو شتێکی لە قورئاندا دیاری کردووە)

خـوای پـەروەردگار روونـی کـردەوە کـە توانـای ناردنـە خـوارەوەی نیشانەو داخوازی ئەوانی هەیە، پاشان باسی شتێ ئەکا بەڵگە بێ لەسـەر توانای زۆر گـەورەتری خـوا، وەك بـەڕێوەبردن و هەڵسـوڕاندنی هـەموو بونەوەرو جانەوەردا، داوای ئەکەن سەرسوڕهێنەتر نیە لـە دروسـتکردنی گیانـداران و بـەڕێوەبردنی کـارو ئیشیان جـا خـوای گـەورە بەدەسـەلات ئەفـــەرموێ ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ﴾ أي مَـامنْ حيـوانٍ يَمْـشي علـى وجـه الأرض ولاَ طَـائرٍ يطـيرُ بِجَناحَيه فِي الهَواءِ إلاّ أمَمٌ أمثالُكُمْ فِي الخَلْقِ وَالرزقِ والموتِ وَالبَعث، واتـە: هیچ گیانلەبەرێك و زیندەوارێك[1]، لەسـەر زەوی نیـە وە هـیچ باڵندەیـەك بەدوو باڵەکانی نافڕێ مەگەر ئـەوانیش کۆمـەڵانێکی وەك ئێـوە، هـەرکام

---

(١) موفەسیرەکان ئەڵێن: (دابە) واتە هەر گیانلەبەرێك کە بەسەر زەویدا بڕوات، وە بۆ هەر ئاژەڵ و پەلەوەرو گیاندارێك بەکاردێت بەلام زیاتر بۆ زیندەوەران.

لەوانە بەوێنەی ئادەمیزاد کاروبارو بەسەرهات و رزق و رۆزی و مردن و ژیانی زانراوەو دیاریکراوەو، وەکو ئێوە ﴿ مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ﴾ أي ما تركنا وَمَا أغْفَلْنَا في القرآنِ شيئاً من أمر الدّين يحتاج الناس اليه في أمُورِهم إلاّ بيّناهُ، وقيلَ إنَ المُراد بِالكتاب اللوح المَحفُوظ ويكون المَعنى (ما تركناهُ في اللُوحِ المحفوظِ شَيْئاً فَلَمْ نَكتبهُ) [1]، واتە: لەم کتێبە هیچ شتێکمان بەزایە نەداوە، چونکە قسورمان نەکردوەو وازمان نەهێناوە لەهیچ شتێ یانی لەم قورئانەدا هەرچی ژیانی ئیسنان پێویستی پێیەتی لەبارەی ئایینەوە، باسمان کردووەو روونمان کردۆتەوە، یاخود (کیتاب) واتە مەبەستی پێی (لوح المحفوظ)ە کە زانایانی تەفسیر ئەڵێن (عیلم) و زانیاری بێ سنووری خوا لەوێدا نوسیوەو تۆمارکراوەو، هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە.

﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾ أي يَجْمَعُونَ فَيَقضِي بَيْنَهُم، واتە: لەپاشانیش هەموو بۆلای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە (حیساب) و توێژنەوەیان لەگەڵ دەکرێ، واتە ئەو ئاژەڵ و درندەو زیندەوەرو پەلەوەرانە بەرەو لای خوای پەروەردگار کۆدەکرێنەوەو بەلام لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ چونکە چونکە (تەکلیفی) شەریعەتیان لەسەر نیە و بەلام هەندێ لە زانایانی تر ئەڵێن هەموو ئەو گیانلەبەرانە

---

(١) ئەفەرموێ ئەمە (ئیختیاری) پێشەوا (طبري) زەمخشری خاوەن تەفسیری (جەلالەینە) بەلام (ئەبو حەییان) ئەڵێ بە ووتەی (راجیح) مەبەست لە قورئانی پیرۆزە.

کۆئەکرێنەوەو حەشریان ئەکرێ[1]،بەبەڵگەی ئـەم ئایەتـە کـە ئەفـەرموێ ﴿ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ﴾ سـورەتی التکـویر ئایـەتی/٥، واتـە: کـاتێ گیانلەبەرانی کێوی کۆکرانـەوە پـاش ئـەوەی کـە لەترسـی یـەکتر نـەیان ئـەوێرا بەیەکـەوە (بـژین) چـونکە ئـەو ڕۆژە ئەوەنـدە سـەختە ئـەوانیش خۆیان لەبیر دەچێتەوەو دوژمنایەتیان نامێنێ لەم ڕۆژەدا، بـەڵام هەنـدێ لە (موفەسیرانی) تر ئەم فەرمودەیە لـە ئـەبو هـورەیرەوە (ڕەزای خـوای لێبێت) هێناویانە کە ئەفەرموێ لەم ئایەتەدا خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَـٰبِ مِن شَىْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾

هـەروەکو لەپێشەوە تەفـسیر کـراوە ئـەوجا حـەزرەتی ئـەبو هـورەیرە فەرموی (خـەڵکی هـەموو کۆدەکرێنـەوە لـەڕۆژی (قیامەتـدا) زینـدەوەرو ئەوەی دەڕوات بەزەویدا هەروەها باڵدارو گشت شتێك کۆدەکرێنـەوە جـا بێگومـان (دادپـەروەری) خـودا لـەو ڕۆژەدا بـەو ئەندازەیـە حـەقی گیانلەبـەری شـاخدار بەسـەر کوڵـەوە، بـێ شـاخەوە ناهێڵێـت و پاشـان دەفەرموێت ببنەوە بە خاك و خۆڵ ئا لەم ڕۆژەدا (کافر) واتـە بـێ بـاوەڕ دەڵـێ ﴿ يَـٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴾ سـورەتی (النبـأ) ئایـەتی/٤٠، واتـە: ئـای خۆزگە خۆڵ و گڵ بوومایە (نەك ئادەمی) تا ئاوا زینـدوو نەکرامایەتـەوەو حیسابمان لەگەڵ نەکرایە.

---

(١) جا هەموو ئەو گیانلەبەر و زیندەوەرانە کۆئەکرێنەوە بۆلای پەروەردگاریان تا هەموو هەق و ناهەقێ دەرکەوێ و هەموو تۆڵەو پاداشتێ بەدی بهێندرێ، وەکو حەزرەت (ﷺ) دەفەرموێ: ڕۆژی قیامەت تۆڵەی ئاژەڵی بێ شاخ لە ئاژەڵی شاخدار دەسەندرێ.

(چەند ئاگادارییەك)

یەکەم- موفەسیرەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەی پێشوودا چەند باسێکی گرنگیان باسکردووە لەبارەی گیانلەبەرو زیندەوەرەوە جابێگومان ئەوەی ڕاستی بێت هەرچی لەسەر ئەو زەویەو هەرچی باڵندە هەیە کە بە دوو باڵ دەفڕێ هەموو خەڵکێکن وەك ئێوەن، یانی لە کارو کردەوەو ژیان و رابواردن و خواردن و نووستن (خوا ناسین) و ڕێکخستنی کاری خۆیان و پارێزگاری لەخۆیان ئەکەن وەکو (ئادەمیزاد) چونکە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە تەنیا لە شێوەو جۆری کارەکەیان نەبێ، چونکە بێگومان هەریەکەو بەجۆرێك و شێوەیەك خوا هەست و جوولەی پێداون و، هەوڵ ئەدەن بۆ ژیان و پارێزگاری لەخۆیان ئەمەش یەکێکە لە نیشانەو بەڵگەکانی خوایەتی کە ئەیبینی جا ئەگەر لە ئاژەڵ و باڵندە ووردبینەوەو (سەرنج) بدەین دەبینین هەریەکەیان خوا ڕێگەی پیشان داوە چۆن خواردنی خۆی پەیدا دەکات و بۆ بەردەوام بونیان چۆن نێرو مێ یان بەیەك ئەگەن و چۆن بەچکەی خۆی بەخێو ئەکات، بەبێ ئەوەی کە هیچ لە ڕێگەیەی کە خوا بۆی داناون لابدەن، هەمووی (زیکری) خوا ئەکەن بەڵام وەك خوا ئەفەرموێ ئێمە لە زیکرەکەیان ناگەین مەگەر پێغەمبەرێك کە خوا فێری زوبانی کردبێ.

دووەم- جا بێگومان هەر گیانلەبەرێك کە بەسەر زەویدا دەڕوات و هەر باڵندەیەکیش کە بە باڵەکانی دەفڕێت میللەتێکی وەکو ئێوەن، هەر نەتەوەیەك لەوانە خودا بە (ئیلهام) ڕێگایەکی بۆ دیاری کردووە بەپێی ئەو ڕێگاو شێوازە ژیانی دەباتە سەرو دوایی دەگەڕێتەوە بۆلای خودا،

جا بێگومان ئـەو گیانلەبەرانـەش چـەندەها جۆریـان هەیـە کـە لـە ژمـارە نایەن، هەر جانەوەر (حـشرات) زیـاتر لـە (حـەفتا هـەزار) جـۆری هەیـە، بێگومان ئەو هـەموو جـۆرە گیاندارانـە بەڵگەیـەکی زۆر روون و ئاشـکران لەسەر تواناو دەسەڵات و تەنهایی خودای گەورە، چـونکە بێگومـان هـیچ شتێك نیە لەم (بونەوەرو جانەوەرە) دا کـە لـەژێر رکێفـی توانـاو زانینـی خودا نەبێت لەوەی بووەو لەوەی کە دەبێت هەمووی لە کتێبی خوداییـدا کە پێی دەوترێت (لوحی محفوظ) پارێزراوە.

سێهەم– بەچاوێکی وورد بڕوانـە ئـەم باڵندانـە کـە چـۆن هێلانەکـەی بەشـێوەیەکی زۆر رێـك و پێـك درووسـت ئـەکات و شـتی نـەرم لـەناو هێلانەکەی رائەخات و بەچکەکانی بەخێو ئـەکات و بەشـێوەیەکی رێـك و پێك ئەوجا هەموو ئاژەڵ و باڵندەو جانەوەریش ئـەزانێ چـۆن پارێزگـاری لـەخۆی و بەچـکەکانی بکـات هـەروەها لـەپێش روودانـی کارەسـاتی وەك بومەلەرزە و لافاو و رەنوی بـەفر لـە کێوەکـان ئەقـەومێ ئـەوان شـوێنی خۆیان بەجێدێڵن و هەڵدێن، ئەو جـۆرە هەسـتە لـەلای ئادەمیزاد نیـە[1]، وە لەپاشـان خـوای گـەورە فەرمودەکـەی خـۆی دەسـت پـێ ئەکاتـەوە دەربارەی ئەو کەسانە بەو جۆرەی پێویستە فەرمودەکانی خوا نابیـستن ئەو کەسانە وێنەی ئـاژەڵن چـونکە کـەڕو لاڵـن وە لـەهیچ شـتێ ناگـەن و

---

(١) سەرچاوەکان: ١–تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی عەبدولعەزیز عەلائەدین کۆیی، بەرگی/٢/٣٠٦. ٢–بڕوانە تەفسیری گوڵشەن لە نووسینی (نیزام ئەلدین عەبدولحەمید) بەرگی ١، لاپەڕە/٢٩٦. ٣–بڕوانە (ئیعجازی قورئان) لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا تەها عبدالعزیز) لاپەڕە/٥٦.

هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) ئاگادار ئەکاتەوە لەسەر کەم و کوڕی ئەو کەسانەو ئەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ﴾ واتە: ئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ دادەنێن و باوەڕیان پێناکەن ئەوان کەڕولاڵن و لەناو تاریکاییەکاندا سووڕ دەخۆن ﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾﴾ واتە: کەسێك خوا بیەوێت گومڕای بکات دەیکات و کەسێکیش بیەوێت بیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست دەیخاتە سەری بە مەیلی خۆی هەرچی خۆی بیەوێت دەیکات و کاروباری دروستکراوەکانی هەمووی لەژێر دەستی خوای گەورەیە.

(لەتەنگانەدا هاوارو پەنا هەر بۆ خوای مەزن دەبرێ)

موفەسیرەکان ئەڵێن هەرکاتێ بت پەرست و بێ باوەڕەکان ئازارێکیان تووش ببێ (هاواری) خوای مەزن ئەکەن ئەبوایە بیانزانیایە ئەو هاوارەی ئەوان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر (تەنهایی) خوا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتانە - جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾﴾ واتەی ئەی پێغەمبەر بەو کافرو بێ باوەڕانە بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر سزای خواتان بۆهات، یان (قیامەتتان) بەسەر داهات ئاخۆ لەوکاتەدا جگە لە خوای گەورە هاوار بۆکەسی تر دەبەن بەهاناتان

بکەویٚ و یا فریاتان بکەویٚ، ئەگەر راست دەکەن ئەڵێن (بتەکان) خودای ئێوەن دوایی ئێوە لەوان بپاڕێنەوە لەبۆ ئەوەی رزگارتان بکەن چونکە زۆر کەسی بیٚ باوەڕی خوا نەناس کە تووشی نەخۆشی گران و کوشندە ئەبیٚ هاوار دەکەنە خوا، بەمەرجێك لەکاتی لەش ساغیان خوایان نەدەناسی، جا خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ واتە: بەڵکو ئێوە لەوکاتە تەنگانە هەر هاوار لە خوا نەکەن ئەوکات ئەگەر خوا بیەویٚ ئەوەی داوا ئەکەن لەسەرتان لائەبات لەوکاتانەش بتەکانتان لەبیر ئەکەن و ناڵێن باهاواریان بۆ ببەین بزانین هیچیان پیٚ ناکریٚ بۆمان بکەن.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی ئەی پێغەمبەر ، پێش تۆ گەلێك پێغەمبەرمان ناردووە بۆ سەر گەلەکانیان و ڕێنماییان کردوون تا خوا بەتاك و تەنها بزانن بەلاّم گەلەکانیان گوێڕایەلیان نەبوون و بەقسەیان نەکردن، ئەوجا ئێمەش بە هەژاری و بەنەخۆشی و بەجۆرەها بەلاّی تر وەکو قات و قڕی و ترس و ناڕەحەتی و نەخۆشی و کەم بەروبوومی واتە ئەو جۆرە شتانەماندا بەسەریاندا بۆ تەمیٚ و تاقیکردنەوە، بەڵکو سەری بەندایەتی داخەن و بگەڕێنەوە بۆ لامان بەتەواوی بڕوا بێنن و نزاو پاڕانەوە بکەن لێمان بۆ رزگارکردن و نەهێشتنی ئەوانەی کە دووچارمان کردن پێیان.

﴿ فَلَوۡلَآ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَا تَضَرَّعُواْ ﴾ واتە: ئوەبوو هەرکاتێك بـەڵاو ناخۆشـی لەلایـەن ئێمـەوە یەخـەی دەگـرتن ئـەوانیش پاڕاونەتـەوە ﴿وَلَٰكِن قَسَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٤٣)﴾ واتە: هەرکە بەڵایەکەیان لەسەر لاچووە گەڕاونەتەوە بۆ دۆخـی جـاران و گونـاهو تـاوان و ئـیتر دڵیـان ڕەق و ڕەش بـووەو شـەیتانیش هەموو گوناهو تاوان و کردەوە ناپەسـەندەکانیانی بۆ ڕازاندونەتـەوە کـە ئەوان ئەیان کردن چونکە شەیتان فریویداون و هەڵیخەڵەتاندن جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ ﴾ واتە: بێگومـان کـە ئـەو هـەموو ئامۆژگارییـەیان لـەبیرخۆ بـردەوە کەلەسـەر زمـانی پێغەمبـەران کرابـوون و پێیـان ڕاگەیانـدرابوو ئێمـەش دەرگـای هـەموو شـتێکمان بەسـەرداکردنەوە لەهەموو رزق و رۆزیەك ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةً فَإِذَا هُم مُّبۡلِسُونَ (٤٤)﴾ واتە: هەتا بەماڵ و سامان و منداڵەی پێمان دابوون جا (دعیە) و فیزگرتنی و لەڕێی ڕاست لایانداو دەستیان بە خراپـە کـردوەو وازیـان لـە خواپەرسـتی هێنـاو، ئێمـەش ئـەوانمان گـرت کتـوپڕ لـەناکاو سزامان تووش کردن ئـەوانیش لـەو هـەموو خـۆش گوزەرانیـە بـێ هیـواو نائومێـد بـوون ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٤٥)﴾ واتە: ئەوانەی کە ناهەقی (ظلم) و ستەم پیشەیان بوو (هـەموو خێرو خۆشیەکان) لەکیس چوو و دابڕاو بوون چونکە بێ بـڕوا بـوون بـەم

هۆیــەوە بنبڕکــران، جــا ئەوکاتــە (بوونــەوەر) لەگــەڵ فریــشتەکان و ئیمانداران دەڵێن (الحَمْدُ للهِ رَب العالمين) واتــە: ســوپاس و ستایــشی بــێ پایانیش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکان.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) ئەفــەرموون (گــوتنی زیکــری) (الحمــد لله) لــە ئـاخیرو کۆتایی هەموو کـارێکی خێـرەو (ســوننەتە) هــەروەها هەنـدێ لــە زانایـان فەرموویەتیان (ئایەتەکە) ئەوەشی لێ وەرئەگیرێ کە زیکرو یـادی خـودا لەکۆتایی هەموو ئیشێکدا پێویستە چونکە نابێ کەمتەرخەمی لێ بکرێـت وەکو لە ئایەتێکی تردا ئەفــەرموێ ﴿وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾، پێویستە ئەمەش بـزانین هــەروەکو لەپێشتر ئایەتکـە ئاماژەی بۆکرد، جا بێگومان هەر کاتێك دییـت کـە خـوای مـەزن وێـڕای سەرپێــچی کردنــی بەنــدەو تــاوان کردنــی کەچــی ژیــانی خۆشــی و بەختــەوەری پــێ دەبەخـشی ئــەوە بزانــە (إســتدراج)ە وەك لــەم چــەند ئایەتێکەوە وەرئەگیرێ، هەروەها ئیبن و جەریرو ئیبن و ئەبی حاتــەمیش ئەگێڕنــەوە لــە پێغەمبــەر (ﷺ) ئەمــەش دەقــی حەدیــسەکەیە کــە ئەفەرموێ: (إذَا رأيتَ اللهَ يُعطي العَبْـدَ مِـن الـدنيا على مَعاصيهِ مـا يَحب فإنمـا إسـتدراج) واتــە: کاتێـك ببینیـت خـوا بەشـی بەندەیـەکی دا بـەپێی ئارەزووی خۆی لە جیهاندا لەگەڵ ئەوەشـدا گوناهبـارو تاوانکـارە، ئـەوە بزانە (إستدراج)ە بۆ ئەو بەندەیە چونکە بزانە خوا نیازی خۆی پێـی نیـە بەڵکو نیازی شەڕی پێ هەیە، بەڵام ڕەوشتی مرۆڤی موسـڵمان، جیـاوازە لەگەڵ ڕەوشتی بێ دین و بێ باوەڕان چونکە بێگومـان موسـڵمانی تــەواو هــەرگیز بــەخۆش گــوزەرانی لــەخۆبایی نــابێ و لــەکاتی بــەڵاو موســیبەت

خۆڕاگرەو بەئارامەو هەروەکو لە حەدیسی (صەحیح) دا هاتووە کە حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی (ئیش و کاری موسڵمان سەیرە، هەمووی هەر خێرەو ئەمەش بەس بۆ موسڵمان وایە بۆکەسی تر نیە، موسڵمان ئەگەر خۆشی پێ گەیی سوپاسی خوا دەکاو ئەمە دەبێتە خێرو بێر بۆی، ئەگەر بەڵاو موسیبەتی تووش هات (صەبرو) ئارام دەگرێ ئەمەش دەبێتە خێر بۆی، ئەم فەرمودەیە موسلم هێناویەتی.

(خوای گەورە خاوەن دەسەڵات و توانایە)

خوێنەوارە ئازیزەکانم لێرە بەولاوەش (ئایەتەکان) پەیوەندیان بە ئایەتەکانی پێشووەوە هەیە، جا هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَـٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ﴾ واتە ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئەگەر ببینن خودا چاوو گوێتان لێ وەربگرێتەوە، واتە خودا گوێتان کەڕ بکات و چاوتان کوێر بکات و وە مۆریش بەسەر دڵتان دابێنێ و بەجۆرێ روناکیەکەی نەمێنێ کە هیچ شتێك نەبینن و تێ نەگەن و وەرنەگرن ئایە هیچ خودایەکی تر هەیە ئەوانەتان بداتەوە، ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾﴾ أي أنظر كَيْفَ نُبين ونُوضح الآيات الدالة عَلى وَحدانيتنا ثُمَ هُمْ بَعدَ ذلكَ يَعرضُونَ عَنْها فَلا يعتبرون) واتە: ئەی پێغەمبەر تەماشا بکە چۆن بەگشت جۆرێ بەڵگە دێنیتەوە لەسەر یەکتاپەرستی خۆمان کەچی لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا هەر روو

وەردەگێڕن لەهەق و لە راستیدا هیچ پەندو عیبرەت وەرناگرن لەو هەموو نیـــشانەو بەڵگانـــە، ﴿ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ واتە: ئـەی پێغەمبـەر بەو بت پەرست و بێ باوەڕانە بڵێ ئەگـەر پیشانتان بـدەم ئازارو سزای خودا لەناکاوو بـە ئاشـکرا بێتـە سـەرتان ئایە هیـچتان لەدەسـت دێ تـا بتوانن خۆتان دەرباز بکەن بەڵام بێجگە لە ستەمکاران دەبێ کێی تر تیـا بـچێت؟ لەغـەیری ئـەو سـتەمکارانە نـەبێ) دوایـی خـوای گـەورە روونـی ئەکاتەوە کە پێغەمبەران بۆ ئەوە نانیرێن بکرێن بە (خواو) توانای هەموو شتێکیان بـبێ بـەڵکو ئـەنێردرێن بـۆ رێنمـوێنی و هیدایـەتی خەڵکـەو بـۆ سودی بەنـدەکانی خـوای مـەزن، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾ واتـە: خـوا ئەفـەرموێ بەڕاسـتی ئێمە پێغەمبەران تەنیا بۆ ئەوە دەنێرین کە خەڵکی ئاگادار بکەن و بیـان ترسێنن کە بێ فەرمانی خوا نەکەن و تووشی سزاو ئازار نەبن.

﴿ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ واتـــە: هەر کەسێ ئیمـان بێنـێ بـەخودا لەسـەر دەسـتی ئـەو پێغەمبەرانـە دا و فەرمانی خودا جێ بەجێ بکاو هـە روەهـا خـۆی چاك بکات و بـەردەوام چـاکە بکـات واتـە دوای ئـەو پێغەمبەرانـە کـەوت لـە فـەرمانی خـواو پێغەمبەرانی خوا دەرنەچوو جا بێگومان ئەوانە نە ترس و بیم رویان تـێ دەکـات نـە غـەم و پـەژارەش واتـە نـە لـەهیچ شتێك ترسـیان ئـەبێ بـۆ

پاشەڕۆژیان وە نەهەرگیز خەفەتباریش دەبن بۆ دونیایان.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾

واتە: ئەوانەی بڕوایان نیە بە ئایەتەکانی ئێمەو نی شانەکانی خواو ئایەتەکانی (قورئان) بەدرۆ دائەنێن و باوەڕی پێ ناکەن و دژایەتی ئەکەن و، ئەوانە سزاو ئازار یەخەیان پێ دەگرێت و عەزاب پێیاندا دەچزێت بەهۆی ئەوەی دەرچوون لەفەرمانی خوا، خوا پەنامان بدا.

(پێغەمبەر (ﷺ) خاوەنی گەنجینەکانی خوا نیە وە شتی غەیبیش نازانێت)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ من بە ئێوەم نەگوتوە خاوەنی گەنجینەکانی خودا (منم) وە نەشم ووتوە لە (غەیب) و نهێنیەکانیشی ئاگادارم، وە هەروەها بۆشم نیە دەست لەو کارانە بدەن چونکە بێگومان ئەوانە پەیوەندی خودای گەورەیە جا هەر شتێك خوای گەورە ئاگادارم نەکات من بەڕاستی هیچی لێ نازانم، ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ﴾واتە: ناشڵێم من فریشتەم بەڵکو هەر ئادەمیزادم ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾ واتە: تەنها من شوێنکەوتەی ئەوەم کە خودا پێی ڕاگەیاندووم وەحی و نیگام بۆدێ، ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ

أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾ واتە: تۆ بڵێ ئەی خۆشەویست ئایە کوێرو ساغ بێ باوەڕو، باوەڕدار، ڕێگەناس و گومڕا (زانا و نەزان) وێنەی یەکن؟ ئەدی بۆچی بیرناکەنەوە؟. جا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ بەو قورئانە ئەو کەسانە بترسێنە کە دەترسێنێ کە کۆنەکرێنەوە بۆلای خوای خۆیان لەڕۆژی دواییدا کە زۆر ڕۆژێکی سامناکەو ﴿لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾﴾ واتە: ئەوانە لەو ڕۆژەدا جگە لەخودا هیچ پشت و پەنایەکیان نیە چونکە کەسیان دەست ناکەوێت یارمەتیان بدات یان (شەفاعەت) و تکایان بۆبکات (ئەو ئاگادارکردنەوەیە) بۆ ئەوەیە ئەوان تەقواو پارێزگاری بکەن و (لەهەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودابن).

(ئاگادارییەك)

ئەگێڕنەوە دەوڵەمەندو سامانداره‌کانی (قورەیش) ڕۆیشتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) جا تەماشایان کرد (سوهەیب و عەماری کوڕی یاسر و خەبابی کوڕی أرت و بیلالی حەبەشی) و هەروەها دەستەیەك لە موسڵمانانی بۆ نەواو هەژارەکان لە مەجلیس و دانیشتنەکەی پێغەمبەردا ئامادەبوون، ئینجا بێ باوەڕەکان ووتیان ئەی محمد تۆ دڵت بەمانە بەستریێ ئێمە چۆن دوای تۆ ئەکەوین تۆ لەوانە دوور بکەوە لەکاتی دانیشتنی ئێمە لەگەڵ تۆدا ، ئینجا دوای ڕۆیشتنی ئێمە ئەگەر تۆ ویستت با بێنەوە بۆلای تۆ، ئەوجا پێغەمبەریش بەدڵیا هات و وەڵامی

داواکەیان بداتەوە هەژارەکان دەربکاو جا بێگومان خوای گەورە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو کارە ئەم ئایەتە هاتە خواری[1]،فەرمووی ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ﴾ أي لا تطرد هؤلاء المؤمنين الضُعَفاء مِن مَجلِسكَ يا محمد الذّينَ يَعْبدُونَ رَبهُم دوماً في الصباحِ وَالمَساءِ يلتمسُونَ بذَلك القُرب من اللهِ والدّنوَّ من رضاه) واتە ئەی محمد (ﷺ) نەکەیت ئەو کەسانە دەربکەیت و دووریان بخەیتەوە لەدەوری خۆت کە بەرێزیان بەیانیان و ئێواران ڕوویان لە خودایەو پەروەردگاریان دەپەرستن و بەبەردەوامی لێی دەپاڕێنەوەو تەنها غایەت و مەبەستیان نزیك بوونەوەیە لەوو بۆ ڕەزامەندی ئەو (خوا لێیان ڕازی بێ).

﴿ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾ واتە: تۆ هیچ کارت بەکاری ئەوانەوە نیە ، ئەوانیش هیچ کارێکیان بەسەر تۆوە نیە بەڵکو حیسابی هەردوولاتان لای خوایە جا ئەگەر تۆ ئەوانە دووربخەیتەوە لەخۆت، بۆئەوەی ئەو بێ باوەڕانە بێنە پێشەوە و موسڵمان ببن ئەوە

(١) ئەم ڕوداوە ئیبن ماجەو ئیبن جەریر ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها لە پێشەوا احمد و طبرانیش هێناویانە لە (عبدالله) ی کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) بڕوانە تەفسیری (الدرّ المنثور) بەرگی/٣، ل/١٢، هەروەها. بڕوانە: اسباب نزول ئیمام السیوطي، لاپەڕە/١٣٢.

دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە، ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ واتــە: ئێمــە هــەر ئــا بــەم شــێوەیە هەنــدێکیان بــە هەنــدێکی دی تاقیدەکەینەوە، واتە دەوڵەمەند بە هەژار بێ پایە بە پایەدار، ﴿لِّيَقُولُوا أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا﴾ واتــە: هــەتا دەڵــێن ئــاخۆ خــوا لەنێوانماندا ئەوانـەی بەرچاکەی خـۆی خـست و منـەتی نایـە سـەریان و هەڵبیــژاردن بــۆ ئیمــان و بــاوەڕ؟ ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ واتە: خواش وەڵامیان ئەداتەوەو ئەفەرموێ ئایـە خـوا لەهـەموو کەس زانـاتر نیـە بـەو کەسانەی کـە بـاوەڕ بـە چـاکی دێـنن و هـەروەها سوپاسی خوا ئەکەن لەسەر هەر حاڵێکی کە پێی داون چونکە لـەخۆبایی نابن و ناشکوری ناکەن.

(سەلاَوو ڕەحمەتی خودا بۆ ئەو کەسانەی کە موسڵمان ئەبن)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن پاش ئەوەی خوای گەورە (نەهی) لە پێغەمبەر (ﷺ) کـرد کـە موسـڵمانە هـەژارەکان لـەخۆی دووربخاتـەوە جـا خـودا ئەمەی لە پێغەمبـەر (ﷺ) قەدەغـە کـرد ئـەوجا فـەرمانی بـە پێغەمبـەر (ﷺ) کرد کە ڕێز لەهـەموو موسڵمانان بگـرێ و سـەلاَویان لـێ بکـاو کـە هاتنەلای تەحیەی سەلاَوو ڕەحمەتی خودایان پێ بگەیەنێ، جا بێگومـان خوای گەورە ئەم هەژارانەی موسڵمانانی سەرخست بەسـەر سـامانداراني قورەیشدا دوای ئەوەی خوای گەورە باسی ئەو هەژارانەی کرد بەوەی کە هەموو کاتێ لەخوا پەرستی دان ئینجا فەرمان ئـەدا بـە پێغەمبـەر (ﷺ)

کاتێ ئەو هەژارانە هاتن بۆلای سەلاویان لێ بکە[1]، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ واتە: هەر کاتێ هاتن بۆلای تۆ کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێناوە بە ئایەتەکانی قورئانی ئێمە کە بەڵگەن لەسەر ڕاستی تۆ، سا تۆش ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێزیان لێبگرەو بە سنگێکی فراوانەوە بڵێ سلاوتان لەسەر بێت[2]، ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾ واتە: دڵنیابن کە خوای میهرەبان لەسەر خۆی نوسیوە بەبەزەیی و بەرەحم بێت لەگەڵتان ﴿أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ﴾ واتە: هەرکەسێ لە ئێوە بە نەزانین کردەوەیەکی خراپی کرد ، واتە گوناهێکی کرد ﴿ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٥٤﴾ واتە: لەپاشان پەشیمان ببێتەوە وە تۆبەی کردو خراپەکەی چاك کردبێتەوەو چیتر گوناهی نەکردو کاری خراپی لێ روونەدا، خوا لێبوردەیەو میهرەبانەو لێتان خۆش دەبێ، ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ

---

(١) ئەمجا لەمەودوا هەرکاتێ پێغەمبەر (ﷺ) چاوی پێ دەکەوتن و سلاوی لێ دەکردن و دەیفەرموو (الحَمدُ لله الذي جَعَلَ في أمتي مَن أمرني أن أبدأهُم بالسلام) بڕوانە تەفسیری (قرطبي) بەرگی/٦، لاپەڕە/٤٣٥.

(٢) ئەو ڕستەیە (دروشمی) موسڵمانانە لەکاتی گەیشتن بەیەکتری سەلاوکردن لەیەکتر سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ).

(٥٥)﴾ واتــە: بـەو شـێوەیە هەمیـشە ئایـەت و بەڵگـەکانی خۆمـان بـۆ ئادەمیزاد روون ئەکەینەوە و ئاشکرای دەکەین بۆتان، بۆ ئەوەی راستی و حەقیقەت ئاشکرا بێت و رێگای تاوانباری یاخیش دەربکـەوێ و جیـاواز بێتەوەو خەڵکی بیناسن تا لێی دوور بکەونەوە.

﴿قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ﴾ واتـە: بـەو بت پەرسـتانەبڵێ بەڕاستی مـن فـەرمانم پێـدراوە ئەوانـە لـەجیاتی خـوا نەپەرستم کـە ئێـوە ئـەیان پەرسـتن و هـەروەها لەبـەریان ئەپاڕێنـەوە و خۆتان دروستتان کـردووە، ﴿قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهۡوَآءَكُمۡ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ (٥٦)﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر پێیـان بڵـێ مـن شـوێنی ئارەزووەکـانی ئێـوە ناکـەوم واتـە ئێـوە کـە ئەوانـە دەپەرسـتن لەنەزانیەوە نیە چونکە ئـەوان شـوێنی هـەق و راسـت نەکـەوتوون بـەڵکو شوێنی هەواو ئارەزووی نەفس کەوتوون چونکە دڵنیام کە ئەگەر وابکـەم لـەڕێ لائـەدەم و رێگـەی راسـت وون ئەکـەم و لەسـەر رێگـای راسـت ئەترازێم.

(پێغەمبەر (ﷺ) بەبەڵگەی بەهێزەوە موناقەشەیان لەگەڵ ئەکا)

خـوای پـەروەردگار فەرمانیـدا بـە پێغەمبەرەکـەی کـە بـەو جـۆرە رووبـەڕووی کافرەکـان بوەسـتێ (موناقەشـەیان) لەگـەڵ بکـاو بڵـێ مـن لەخوداوە شارەزایی کراوم ئەو رێبازەی من کە شوێنی کەوتووم رێبـازی حەق و راستیە هەروەکو پێـی ئەفـەرموێ: ﴿ قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر پـێین بڵـێ چـونکە مـن زۆر دڵنیام و بەبەڵگـەوە پـەروەردگارم (دەناسـم و دەیپەرستم) کەچـی پـێم سـەیرە باوەڕتـان پێـی نیـە، واتـە: بـەدرۆتان دانـا ﴿ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ﴾ واتە: لای من نیە و بەدەست من نیە چونکە ئـەو بەڵاو سزایەش ئێوە بەپەلەن بۆی ئەویش لای من نیە، ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾ واتـــە: هـــەموو حـــوکم و بڕیارێك هەر هـی خوایـەو هـەموو شتێك هـەر بەدەسـت ئـەوە، ئـەو زاتـە راست و حەقیقەتـەکان دەخاتـە ڕوو و چـاکترین جیاکەرەوەشـە لـەنێوان حەق و (باطل) دا.

جـا خـوای گـەورە بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: ﴿ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ

﴿أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ ﴿٥٨﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ ئەو شتەی ئەگەر داوای ئەکەن و بەپەلەن بۆی ئەگەر ئەو ئیشە بەدەست من بوایە هەر زوو دوایی دەهات[1]، یانی ئەوەی هەقە بەسەرتان بێت زوو بەسەرم دەهێنان، چونکە بێگومان خواش لەهەموو کەس بە کافران و بێ باوەڕان و ستەم کاران زاناترەو واتە هەر خوا ئەزانێ بەکاتی هاتنی (سزا) بۆ سەر یان پێش بخا یا دواى بخا چونکە بێگومان ئەو زاناترە بەسوودی هەمووان.

(بێجگە لە خودا هیچ کەسێك لە شتی نادیار (غەیب) واتە نهێنیەکان نازانێت)

کاتێ خوای مەزن روونی کردەوە هەر خۆی (زاناترە) بەستەمکاران، دوایی روونی ئەکاتەوە پەنهان نیە لای خوا هیچ شتێ لەوانەی دیارنین و (غەیب) و شاراوەی هەموو بونەوەران ئەزانێ، لەمەودواش فراوانی زانستی خودا رادەگەیەنێ کە زانینی هەموو شتێکە، هەروەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾ واتە: ئەو خوایە کلیلی هەموو شاراوەکان و زانیاری هەموو غەیب و نهێنیەکانی لەلایە جگە لە زاتی خۆی کەسی تر پێی نازنێت [2]، جا

---

(١) ئەو شتەی نێوان من و ئێوە کۆتایی پێ دەهات.

(٢) مەگەر خودا بۆخۆی هەندێ شتی نهێنی خۆی بە پێغەمبەران رابگەیەنێ و پێیان بڵێ و یا بە (وەحی) و نیگا بەهۆی (جوبرائیلی(ئەمینەوە یا (إلهامی) قەڵبی پیرۆزیان بکات.

ئەفـەرمویٚ ﴿ وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ﴾واتــە: ئــەزانیٚ و بەئاگایــە بەهەموو شتیٚ و هەرچی وا لە بیابان و ووشـکانی و لـەنێو دەریادایـە، لـە گیانداران و درەخت و گیاو گۆرو باو باران و هەورو بەفرو تـەرزە ﴿ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا ﴾ واتە: هەر گەلاٚی دارێك لەگەلاٚکەیـدا و لەدرەختێك هەڵوەریٚ و یا بکەوێتە خوارەوە خودا ئاگای لێیەتی﴿ وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ ﴾ واتــە: هــەر دانەیـەك یـان دانەوێڵەیـەك یـان دنکە میوەیەك لەناو تاریکایی زەویدابیٚ کە ئەخرێتە تاریکایی ژێر خـاك و بـزر ئـەبیٚ خـوا ئاگـای لێیـە، ﴿ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾ ﴾ (أي ولا شيء فيهِ رطوبةٌ أو جفاف إلا معلومٌ عِندَ اللهِ ومُسجل في اللّوح المَحْفُوظِ [1]، أو القرآن الكريم)، واتە: هیچ تــەڕایی و وشـکانیەك نیـە کە زانینی خودا دەوری نەدابێت ، چونکە لەڕاستیدا هیچ شتێك لـەو زاتـە پەنهان نیە، مەگەر خوا ئەیانزانیٚ و مەگەر هەموویان نوسراون و دانـراون لەنامەیەکی ئاشکرادا (ژمـارەو شوێن و کاتیـان) تۆمـارکراوە، چۆنیەتی

---

(١) بۆیە بە (لوح المحفوظ) دەوتریٚ مبین؟ چونکە پێش ئەوەی پەروەردگار بونەوەر دروست بکات راستی ئەو شتانەی تێدا چەسپاون و رونیان دەکاتەوە چی دەبیٚ و نابیٚ لە رووداوو کارەسات هەر لەسەرەتای بوونەوەرەوە تا کۆتایی هەمووی تێدا تۆمار کراون، بڕوانە (تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان) مەلا مەحمودی کەلاٚلەیی، بەرگی چوارەم، لاپەڕە/١٩٠.

هەموو شتێکی تێدا شی کراوەتەوە لەناو کتێبێکی ئاشکرادایە وەکو (لوح المحفوظ) دا یا قورئانی پیرۆزدا، نەنوسرابێ ئەمەش وا ئەگەیەنێ کە خوا شتی نەدیوو بزر کە ئێمە هەستی پێ ناکەین و ئەوەی لەسەر زەوی و لەناو دەریا بەگشتی ئەزانێ و پێی ئاگادارە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم [1] بِٱلنَّهَارِ ﴾ واتە: هەر خوایە ئەو کەسەی کە ئێوە ئەخەوێنێ لەشەودا وە ئەزانێ و ئاگایە بەهەر (کاروکردەوەیەك) کە ئێوە ئەیکەن لەو رۆژەدا، جا بێگومان هەر خوای مەزنە ئەمان خەوێنێ لەرۆژیشداو (ئاگاداریشە) بەهەموو کردەوەکانمان لەشەودا بەلأم لەبەر ئەوەی زۆرتر خەو لەشەودایە چونکە شەو کاتی راستەقینەی خەوتنە بەزۆری خەڵك بەشەو دەنوێ.

(چەند ئاگاداربیەکی گرنگ)

١- موفەسیرەکان ئەفەرموون (خەوتنیش) لەدەست کەس نیەو ئارەزووش نیە چونکە بۆنموونە هەندێ کەس کە تووشی غەم و پەژارەو دڵتەنگی بن زۆر حەز ئەکەن بخەون بەلأم خەویان لێ ناکەوێ، یاخود زۆر کەس هەیە لەبەر هەر هۆیەك دەیەوێ نەخەوێ بەلأم خەو دایئەگرێ لەهەر شوێنێك بێت بالەسەر بەردێکی رەق بێ خەوی لێ ئەکەوێ ، بەلأم ئەگەر خەویش نەهات با لەسەر قەنەفەو دۆشەك بێت خەوی لێ ناکەوێ، بەڕاستی ئادەمیزاد دروستکراوێکی زۆر سەیرە و سەرسوڕهێنەرە چونکە

(١) جَرَحتم، أي كَسَبْتُم، واتە: ئەوەی ئەیکەن یا وەدەستان هێناوە.

خـەو بەدەسـت خـۆت نیـە هـەر وەك لەپێـشەوە ئاماژەمـان بـۆكرد، وەهـەروەها لێـرەدا خـوای گـەورە خـەوی بـەناو ی مـردن هێنـاوە كـە فەرموویەتی (یتوفاكُم) زۆر كەسیش وا تێئەگەن مردن وا ئەگەیەنێ كە گیان لەلەش جیا ئەبێتەوە گیان جوولەو كردەوە ئەدا بەمرۆڤ بەلاَم ئەبینێ لەخەوا گیان لەلەشدایە و توانای جوولەو كردەوەشی نیە بۆیە خەوتن لەتوانای مرۆڤدا نیە[1].

٢- ئـەبێ ئەمـەش بـزانین كـەوا ئاشـكرایە لـەنێوان نوسـتن و مردنـدا پەیوەندییەكی زۆر هەیە لەكاتی مردندا (روح) لە جەستەدا نامێنێ یاخود پەیوەنـدی بەجەسـتەوە نـامێنێ وەكـاتی خـەوتن روح بەیـەكجاری پەیوەندی لەگەڵ جەستەدا ناپچڕێ بەلاَم گۆڕانێكی بەسەردا دێ كە بەشێك لە ئەندامـەكانی كار ناكـەن، ئـەو ئەندامانـەی كە بە خواست و ویستی مـرۆڤ كاردەكـەن وەك (عـەقڵ) و دەمـاغ و گـوێ و چـاوو زمـان و دەست و پێ...هتد، هەندێ لە زانایان ئەڵێن (نوم) واتـا خـەو راستەوخۆ پەیوەندی بـە رۆحـەوە هەیـە، وە هەنـدێ لـە زانایـانی تـر دەڵـێن (رۆح) لەجەستەدانیە، بەڵكو تەنیا پەیوەندی پێوە هەیە، جا بێگومان كە مـرۆڤ دەمـرێ پەیوەنـدی یـەكجاری لەگـەڵ دەپـچڕێ، بـەلاَم كـە دەخـەوێ پەیوەندییەكـە (زعیفـە) واتـە لاوازە ، كـە ئـەوەش هـەر خـوا دەیزانـێ، چـونكە تـا ئێـستا كـەس نـازانێ (روح) چـیە؟ وەك خـوا ئەفـەرموێ ﴿

(١) بڕوانە تەفسیری قورئنی پیرۆز لە نووسینی عەبدولعەزیز عەلائەدین كۆیی، لەگەڵ دەستكاری بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٢٠.

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى ﴾ سوره‌تی الاسراء ئایه‌تی ٨٥، واته : ده‌رباره‌ی روح پرسیارت لێ ده‌که‌ن بڵێ روح کاری په‌روه‌ردگارمه[1].

٣- وه له‌زۆربه‌ی په‌رتوك و (سنن) و ئه‌زكاره‌كاندا[2]، هاتووه كه سونه‌تێكی زۆر گه‌وره‌یه بۆ موسڵمانان له‌كاتی خه‌وتندا كاتێ ئه‌خه‌ون سونه‌ته بڵێ: (بِاسمِكَ اللهُمَ أحيا وأَمُوت) رواه البخاري، واته: خوایه به‌ناوی تۆ ده‌ژیم و ده‌مرم (چونكه خه‌ویش جۆرێكه له مردن) وه له پاشان كه له‌خه‌و هه‌ڵده‌ستێ سونه‌ته بڵێ (الحَمدُ لله الّذي أحْيَانا بَعدَ مَا أماتَنا وإليهِ النشور) رواه البخاري، واته سوپاس و ستایش بۆ ئه‌و خوایه كه زیندوی كردینه‌وه دوای مردنمان، وه‌هه‌ر بۆلای ئه‌ویش كۆده‌كرێینه‌وه، جا بێگومان ئه‌وه‌ی راستی بێت به‌خه‌به‌ر هاتنه‌وه جۆرێكه له زیندوو بوونه‌وه.

(پاشكۆ)

وه هه‌روه‌ها له فه‌رموده‌یه‌كی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) هاتووه له‌باره‌ی خه‌وتنی ئه‌هلی به‌هه‌شت و پرسیاری لێ ئه‌كه‌ن و هه‌روه‌كو ده‌قه‌كه‌ی به‌عه‌ره‌بی ئه‌ڵێ: (سُئِلَ نبيُ اللهِ فَقِيلَ يَا رَسُول اللهِ (ﷺ) أينَامُ أهْلُ

---

(١) بڕوانه ته‌فسیری قورئانی به‌رزو به‌پێز، له نوسینی مامۆستا (عه‌لی باپیر) له‌گه‌ڵ ده‌ستكاری، به‌رگی/٥، لاپه‌ڕه/٣٢٣.

(٢) بڕوانه: په‌رتوكی (الاذكار- المنتخبة من كلام سيد الابرار) له نوسینی پێشه‌وا (النووی) لاپه‌ڕه/١٣٥، وه هه‌روه‌ها بڕوانه كتێبی (تحفة الذاكرين) له نوسینی زانای به‌ناوبانگ ئیمامی (الشوكاني) لاپه‌ڕه/١٣٠.

الجنّةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) النّوْمُ أخو الموْتَ وَلا يموتُ أهلُ الجنّةِ)[1].

واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەرزی کراو پێی گوترا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایە خەڵکی بەهەشت ئەخەون؟ فەرمووی (نووستن برای مردنە) وە خەڵکی بەهەشتیش نامرن ، واتە مردن هەرگیز بەسەر ئەواندا نایێ و با بێینەوە سەر تەواوی (ئایەتەکەی) پێشوو ﴿ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى﴾ واتە: لەخەو پێدارو هەشیارتان ئەکاتەوە لەو ڕۆژەدا تاماوەی دیاریکراوی خۆی بەسەردەچێ و ئەگەنە کۆی تەمەنتان دەژین ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٦٠﴾﴾ واتە: لەپاشان دەتان مرێنێ و هەر دەچنەوە لای خۆی و دەگەڕێنەوە لای ئەو، وە لە پاشانیش ئاگادارتان ئەکا لەهەرچی کردووتانە لەخێرو لە شەڕدا، لە چاکەو خراپەدا.

(پوختەی ووتەکان)

بە کورتی و بەکوردی هەموو ئادەمیزادێ ئەمرێ و کۆتایی بە ژیان و ژمارەی تەمەنی دێت ئەوجا لە پاشاندا خوای بەدەسەلات زیندوویان ئەکاتەوە پاش مردنیان بە وێنەی ئاگادارکردنەوەیان لە (خەو) لەڕۆژی دواییدا پاداشت و تۆڵەیان ئەدرێتە دەست و ستەمیان بەهیچ شێوەیەك لێ ناکرێ هەموویان مافی خۆیان وەرئەگرن لە چاکەو لە خراپەدا وە

---

(١) أخرجه الطبراني في الأوسط برقم ٩١٩، والبيهقي في شعب الايمان برقم ٤٧٤٥، وفي مجمع الزوائد، ج١، ص٤١٥، قال الهيثمي رواه البزار، ورجال البزار، رجال الصحيح.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً ﴾ واتە: خودا ئەو خودایەیە، کە خاوەن دەسەڵاتە بەسەر عەبدو بەندەکانی خۆیدا، ئەگەر بیەوێ هەموو (تەسلیم) و ملکەچی فەرمانی ئەو دەبن و فریشتەی چاودێری و پارێزەریشتان لەسەر دائەنێ و بۆ پاراستنی ئادەمیزاد، شەوو رۆژ پارێزگاری دەکەن و کردارو گوفتاری ئەنووسن و تۆمار ئەکەن هیچ شتێکیان لەبیر ناچێ و هیچ شتێکیش دوا ناخەن و بێ فەرمانی خوا ناکەن[1] ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ واتە: کە وەختی مردنی یەکێکتان هات فریشتەکانی ئێمە بەفەرمانی ئێمە ئەتانمرێنن واتە گیانتان لەلەش دەرئەکەن، ئەو فریشتانە لەو سنوورە تێناپەڕن کە خوا بۆی داناون و کەم تەرخەمیش ناکەن و زیاد رەویش ناکەن و هەموو کارێك لەکات و جێگای خۆی ئەکەن ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ ﴾ واتە: لەپاشان دوایی زیندووبنەوە هەموو دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە کە لەو رۆژەدا بڕیاردان و فەرماندان هەر بۆ ئەوەو بەس چونکە لەو رۆژەدا بڕیار هەر بەدەستی ئەوە، خودا لە لێپرسینەوەو موحاسەبەکردندا زۆر بەخێرایە

---

(١) وەکو لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ سورەتی الانفطار ئایەتی ١٠-١٢.

وە بــێ دواکــەوتن موحاســەبەی هــەمووان دەکــات بــەزووترین کــات و بەووردی.

(باسێك لە چاكەو ڕێزی خودا- هێزو زەبرو زەنگی)

جابێگومان ئادەمیزاد بەگوێرەی سرووشتی خۆیـان هـەرکاتێ تووشـی سـزاو ناخۆشـی بـبن و ئینجا داوا لـە خـوا ئەکـەن بـۆ نـەمانیان و بـەڵێن ئەدەن ئەگەر رزگاریان ببێ واز لە خراپەو تاوان دێـنن و نیازپـاکی بـەکار دێنن و سوود بە ئادەمیزاد ئەگەیـەنن و دەسـتگیرۆی دانیـشتوان ئەکـەن کەچی کاتێ خەفەت و ئازارەکانیان نـەما ئەگەڕێنـەوە سـەر خراپـەو جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ﴾ واتــە: پێیــان بڵــێ ئــەی پێغەمبــەر لــە تاریکیەکانی و ووشکایی و دەریادا بەتایبەتی کاتێ ڕێتان لـێ وون دەبـێ کێ رزگارتان دەکات؟ لەکاتێکدا کە ئێوە ئەپاڕێنەوە لەخواو هاوارو نزای لێ ئەکەن بە ئاشکراو نهێنی ئینجا پەیمان ئەدەن و ئـەڵێن ﴿ لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ (٦٣) ﴾ واتــە: ســوێندو قەســەم بــەخوا ئەگەر رزگارمان بکات (ترسی مەرگمان لەسەر لابچێ) دەبینـە پیـاو چـاك و سوپاس گوزاری نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکەین و دان بەتاك و تـەنهایی خـوای گـەورە دائـەنێین و (شـەریك) و هـاوەڵی بـۆ دانـانێین بـە دڵـسۆزی ئەیپەرسـتین، ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ (٦٤) ﴾ واتـە: تـۆ بڵـێ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) خـوا ئێـوە رزگـار

ئـەكات لـە تاریكاییـەكانی بیابـان و دەریـا لەهـەموو خەفـەت و ئـازارو مەترسییەك، كەچی پاش ئەوە لەباتی سوپاس گوزاری ئـەو بكـەن بـەلام ئێوە (شەریك) و هاوبەشی بۆ بڕیار ئەدەن.

(دەسەڵاتی خودا بەسەر سزادانی بێ باوەڕاندا)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون دوای ئەوەی خوای مـەزن لـە ئایەتـەكانی پێـشوودا ئـەوەی ڕوون كـردەوە كـە خـاوەنی دەسـەلاتەو بەتوانایـە لـە ئاست كافرەان و بێ باوەڕاندا بەتایبەتی ئەوانەی ئیمـان نـاهێنن و بـاوەڕ بە خواو بە پێغەمبەرو بە ئاینی ئیسلام ناهێنن جۆرەها (عـەزابیان) واتـە سزایان بۆ رەوانە ئەكاو لەناویان ئەباو ئەو سزایەش لە ئاسمان و زەویـدا بۆیان ئەنێردرێ، جا پێویستە ئیمان و باوەڕ بهێنن (پەنـدو عیـبرەت) لـە رابردوو وەربگرن و بەتەواوی بگەڕێنەوە سەر ئاینی پـیرۆزو (شـەریعەتی ئیسلام) دا، جا خوای گەورە دەفـەرموێت ﴿ قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ ﴾ واتە: پێیـان بلـێ ئـەی پێغەمبەر خوای گەورە دەسەلاتی هەیەو دەشتوانێ جۆرەهـا سـزاتان بـۆ بنێرێ لـەلای سـەرتانەوە[1] ببـارێنێ وەكـو ئـەو بەردبارانـەی كـە بەسـەر نەتەوەی (لوط) هێناویانە وەكـو هـۆزی (سـەموود) و تۆفـانی حـەزرەتی

(١) وەكو بەردباران و بروسك و هەورە گرمەو (صاعقە) و دەنگی ناهەموارو...هتد، موفەسیرە تازەكان ئەفەرموون یا وەكو بۆمبارانی نامیهرەبانی دەسەلاتدارانی جیهان لە ئینسانی سیاسەتكاری زۆردار یا وەكو گازی كیمیاوی و (خەردەل) و دووكەڵی خنكێنەرو بەلام ئێستاكە دەوری (قەسف) و ساروخ و رۆكێت و بۆمبای تەیارەو تۆپی دوورهاوێژە هەروەكو دەبینین.

(نـوح) و نقـوم بـوونی هـۆزی فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی یـان وەکـو لەشـکرەکەی ئەبرەهـە و سـوپاکەی کـە (طـیر)ە ئەبابیلـەی هـەناردە سەریان و بەرد بارانیان کردن هـەمووی تـەفرو تونـا کـردن ...هتـد، یـان (عەزابتان) واتە سزاتان بۆ بنێرێ لەژێر پێ و قاچتانەوە[1]، وەکو وێنـەی بومەلـەرزەو بورکـان و رووچـوون بـەعاردو زەویـدا، وەکـو چـۆن قـارونی بەماڵ و سامانەوە بەزەوی داچوو بردیە خـوارەوەو نقـومی بـوو یـا گـەلێ شارو شارۆچکە رۆچوون، وەکو شاری (ئەغادیر) لە وولاتی (مـەغریب) دا کە زەوی قوتی دان و بەسەدان وولاتی تریش کاول بوون کە بێ فـەرمانی خوایان کردبوو، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴾ أي يجعلَكُم فِرَقَاً مُتَحَزِبِين يُقاتِلُ بَعْضَكُم بَعْضَاً ، قالَ البيضاوي أي يُخْلطكم فرقـاً متحـزبين عَلَـى أهـواء شَـتىّ فَينـشبُ القِتـال بينكُم[2]، واتە: یان سەرتان لێئەشێوێنێ و سەرتان لـێ تێـك ئـەدا ئـەتان کـات بەگژ یـەکترداو جـەنگ و ئـاژاوە ئەخاتـە ناوتـان بەمـە ئـەتان کـات بەچەند تاقم و گروپ و کۆمەڵێك کە جیاوازی و دووبەرەکی بن و دووژمـن و ناکۆك بـن لـەنێون یـەکترداو هـەر کۆمـەڵێك دوای شـتێك بکـەون ، یـان مەبەست ئەوەیە یاخود بتانکاتە کوتلە کوتلـەو دەسـتە دەسـتەو پارچـە پارچە و دژایـەتی یـەکتری بکـەن و تـالاَوی توندوتیـژی بکـەن بەگـەرووی یەکترداو ناکۆك و نـەگونجاو بـن لەگـەڵ یـەك و ناتـەبابن بەتایبـەتی هـەر

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرە) تازەکان ئەڵێن مەبەست تەقینەوەی ئەلغام و مینە .

(٢) بڕوانە: تەفسیری (قاضي بيضاوي) بەرگی (١) لاپەڕە /١٧٣، هەروەها (صفوة التفاسير) لە نووسینی شێخ (محمد علی الصابونی) بەرگی (١) لاپەڕە/٣٩٧.

کۆمەڵێك لە ئێوە رابەرێکی هەبێ و گوێ نەدەنە یاساو فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) هەر کوتلەیەکتان ئازار بەوەی ترتان بگەیەنێ جا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تەماشاکەو بڕوانە ئێمە چۆن و بە چ شێوەیەك ئاگادارتان دەکەینەوە، بەڵگەکانیان دەخەینە پێش چاوو تاکو پەندی لێ وەربگرن و بەشکو تێبگەنو ووردببنەوەو بگەڕێنەوە سەر رێگەی راست و لەسەر بیرو باوەڕی خراپ لاکەون و بەگوێرەی قورئان کاربکەن، وە بەرنەبنە گیانی یەکتر، بەشکو تێبگەن و فامێك بکەن.

(چەند سەرنجێکی گرنگ)

هەندێ لە موفەسیرەکان[1]، چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەریان (ﷺ) هێناوە کە ئەگونجێ لەگەڵ ئایەتەکەی پێشوو ئێمەش چەند حەدیسێکی (صەحیح) ئەخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان:

١- پێشەوا بوخاری (رەحمەتی خوای لێبێت)، لەسەر ئەم ئایەتەی پێشوودا ریوایەتی کردووە لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە (رەزای خوایان

---

(١) وەکو تەفسیری (جامع البيان) ی پێشەوا (طبري) بەرگی (١) لاپەڕە/٢٦٠، وە بڕوانە (تفسير إبن كثير) بەرگی(٣) لاپەڕە/٢٧، و بڕوانە تەفسیری ئیمامی قرطبي، بەرگی/٤، لاپەڕە/٣٠٨، بڕوانە (الدر المنثور) لە دانانی پێشەوا (سيوطي) بڕوانە (تفسير حدائق الروح والريحان) لە نوسینی (محمدامين الهرريى الشافعي، بەرگی٨، لاپەڕە/٣٨٥..

لێبێت)، ووتی کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ ﴾ فەرمووی (أعوذُ بوَجْهِكَ) واتە: پەنا دەگرم بە ڕەزای تۆ ﴿ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ ﴾ فەرمووی (أعوذُ بوَجْهِكَ) واتە: پەنا دەگرم بە ڕەزای تۆ ﴿ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴾ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (هذا أهونُ أو أيسَرُ) واتە: ئەمە ئاسانترە.

٢- عَنْ سَعد بن أبي وَقاص (رضي الله عنه) قَالَ سُئِلَ رَسولُ اللهِ (ﷺ) عَنْ هذهِ الآيةِ ﴿ قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ ﴾ فقالَ (أمَا إنَّها كائنةٌ ولَمْ يأتِ تأويلُها بَعْدُ) (١)، واتە: ئەگێڕنەوە لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصەوە (خوا لێی ڕازیبێت) کە ئەفەرموێ پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی ئەم ئایەتەوە ﴿ قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَىٰ أَن يَبْعَثَ ﴾ لەوەڵامدا فەرمووی ئاگاداربن ئەوەی کە لەم ئایەتەدایە لەمەوپاش بەدی دێت و هێشتا نەهاتووەتەجێ و تەفسیرەکەی ماوە.

٣- وَعَنْ خَبابِ بنِ الأرتِ (رضي الله عنه) أنّهُ قالَ راقبتُ رَسُولَ الله (ﷺ) في ليلة صَلاها كُلها حتّى كان مَعَ الفجر فَسَلَّمَ رَسُولُ الله (ﷺ) مِنْ صلاته قلتُ يا رَسُول الله لَقَد صَلَّيتَ الليلة صَلاةً ما رأيتكَ صَليت مِثلها

---

(١) ئەم فەرمودەیە ئیمام (ترمذي) و پێشەوا (أحمد) هێناویانە.

فَقالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أجل إنها صَلاةُ رَغبٍ وَرَهَبٍ) واته: له خەبابى كوڕى ئەرتەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ شەوێك لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو شەوەکە نوێژم كرد هەتا بەری بەیان ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامی دایەوە لە نوێژەکەی وتم ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی بەڵێ ئەوە نوێژی داواو ترس بوو ئینجا فەرمووی: (سَأَلْتُ رَبِّي عَزّ وَجَلّ الاّ يُهْلِكُنا أهلكَ به الأمم قَبْلَنا فَأَعْطاني اثْنَتَيْنِ وَمَنَعَني واحِدَةً سَأَلْتُ رَبي عزّ وَجلّ الاّيظهرَ علينا عدوّاً من غَيْرنا فأعطانيهاوسألتُ رَبّي عَزّوجلّ الاّ يَلْبسنا شِيَعًا فَمَنَعنيها)[1]، واته: داوای سێ شتم لەخوای گەورە كرد لەو نوێژەدا دوانیانی پێداوم و یەکێکانی لێ وەرنەگرتم ئینجا داوام لە خوای میهرەبان كرد كە لەناومان نەبات وەکو بەوەی كە (ئوممەتە) پێشوەکانی پێی لەناو بردو پێی دام وە داوام لە خوای گەورە كرد (دوژمنێك لەغەیری خۆمان بەسەرماندا زاڵ نەکات) ئەوەشی پێدام وە داوام لەخوای گەورە كرد كە نەمانکاتە چەندە دەستەو تێکمان بەرداو بەڵام ئەوەی لێ وەرنەگرتم و قەدەغەی كرد، با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەو كە خوای گەورە ئەفەرموێ بە پێغەمبەر (ﷺ) ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ ﴾ أي وكذبَ بِهذا القُرآن قَوْمُكَ يا مُحمد وَهُمْ قريش، وَهوَ الكِتابُ المُنزّل بالحَق) واته: زۆربەی گەلەکەت كە قورەیشیەکانی قورئانەکەتیان بەلاوە (درۆیە) چونکە ئامۆژگاریەکانت رەت دەکەنەوە

---

(١) أخرجه الترمذي والنسائي وأحمد وإبن ماجه وابن حبان والطبراني والمزي وقال الترمذي هذا حديثٌ صحيحٌ حسن.

وە (قەشمەریان) بەو سزایەدێ کە تۆ هەڕەشەیان پـێ لـێ دەکـەی، وە هەروەها ئەو قورئانەش کە بۆت هاتووە (حەق) و راست و دروست و چی تێدایە راسـت و دروسـتە هـیچ گومـانی تیانیـەو، ئـەوجا ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) پێیـان بڵـێ مـن دەسـەڵاتی ئـەوەم نیـە کـە بـەتۆبزی و بـەزۆر (موسڵمانتان) بکەم هـەروەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ ﴾ أي لَستُ عَليكُم بحفيظ ومُتَسلّط إنّما أنَا مُنْذرٌ واتە: پێیان بڵێ خۆمن بەرپرس و چاودێری ئێوە نیم کـە بـەزۆر بڕواتـان پێ بێنم بەڵکو من ترسێنەرم و راگەیانـدنم لەسـەرەو ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ واتـە: هـەموو کـارو هـەواڵێکیش لای خـوا کـاتی خۆی هەیە ئـەمڕۆ کـەبێ یـا بـەیانی بـێ و هـەموو (حەقیقـەت) ڕاسـتیەك دەرئەکەوێ لە ئاییندەشدا چاك ئەزانن کە ئاوایە.

(لەگەڵ ئەوانە دامەنیشە کە گاڵتە بە ئایەتەکانی قورئان دەکەن)

خـوای گـەورە لـەوە پێـشدا ئەمـەی ڕۆنکـردەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) تـەنها (تـەبلیغی) ڕاگەیانـدنی لەسـەرەو هـەروەکو ئەفـەرموێ (وَمَـا عَلَـى الرَسُولِ إلا البَلاغ) بـەڵام ئـە و کـافرو بـێ باوەڕانـە هـەرکات قورئـانی بـۆ بهاتایە و ئەوان قورئانەکەیان بەدرۆ ئەخستەوە ئینجا دەسـتیان ئـەکرد بـە گاڵتـەو قەشمـەری کـردن بـە قورئـانی پـیرۆزو تانـەو تەشـەریان لـە پێغەمبەرو قورئانەکە دائەکرد ئەوجا خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرو

(ﷺ) و هـاوەڵانی کـرد ئـەو کـۆڕو کۆمەڵەیـە بـەجێ بـێڵن و دامەنیـشن لەگـــەڵیان جـــا بێگومـــان زۆربـــەی (موفەســـیرەکان) ئەفـــەرموون (موشـریکەکان) واتــە بــێ باوەڕەکـان کـە لـە کـۆڕو مەجلیـسەکانیان دەسـتیان دەکـرد بەگاڵتـەکردن بـە (قورئـان) بەتایبـەتی ئەوکاتـەی کـە (سورەتێك) یا ئایەتێك بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیبایەو ئینجا بەدەسـتیان ئەکرد بەهەراوهۆریاو گاڵتـەکردن بـە پێغەمبـەر و (ﷺ) جنێـو پێـدانی و سوکایەتی بەوو بە (قورئانەکە) ئەوجا خوای مەزن فەرمانی بە پێغەمبـەر (ﷺ) هاوەڵانی کرد کە لەوکاتەدا لەگەڵیان دانەنیـشن (مەجلیـسەکەیان) واتە کۆڕەکەیان بەجێ بێڵن و رویان لێ وەرگێڕن و دوورکەونـەوە لێیـان، جـا هـەروەکو لـەم ئایەتـەدا ئامـاژەی پــێ کـردوەو، وە لەگـەڵی شـوێنی تریش لە قورئانی پیرۆزدا جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ ﴾ واتــە: کـاتێ ئەوانـەت بینــی (مەبەسـت کافرەکانـە) کـە دەسـت بـە قـسەی ناشـیرین و ناشایـستە و نائەموار نەکەن یـان گاڵتـە بـە قورئـان ئەکـەن، وەکـو بـاوی بــێ بـاوەڕە قوڕەیـشیەکان بـوو لـە کۆڕەکانیانـدا ئـەیانکرد، ئەوکاتـە روو وەرگێـڕە لەوانەو پشتیان تێبکەو هەڵستە لـەلایان ﴿ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ ﴾ واتە: تاوەکو دەچنە سەرباس و خواسـێکی تـر وە لـەبارەی شـتێکی ترەوە قسە ئەکەن ﴿ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ واتــە: هـــەر کـاتێکیش (شـــەیتان) لـــەبیری

بردیتەوەو لەگەڵیان دانیشتیت، ئینجا دوای ئەوەی تۆ بیرت کەوتەوە هەڵسە لەلایان دامەنیشە لەگەڵ ئەو تاقمە ستەمکارانە، جا خوای گەورە دەفـــــــەرموێت: ﴿ وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ ﴾ واتە: ئەوانەی لە خوا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن لەکارو کردەوەی ئەو بێ بڕوایانە کە دەم درێژی دەکەن لە ئایەتەکانی (قورئان) و خودادا، ئەو خۆپارێزەرانە هیچ شتێك لە حیساب و پرسیارو تاوانی ئەو بێ بڕوا دەم درێژی کەرانەیان لەسەر نیەو پرسیاری کردەوەکانی ئەوانیان لێ ناکرێ و تاوانەکانی ئەوان روویان تێناکات ﴿ وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ واتە: بەڵکو هەر ئەوەندەیان لەسەرە کە (نەسحەت) و ئامۆژگاریان بکەن و خوای مەزنیان بیرخەنەوە بەڵکو لە خودا بترسن و واز لە خراپە بێنن، دیسانەکە جارێکی تر خوای گەورە فەرمان بە حەزرەت (ﷺ) و هاوەڵانی کردووە، کە خۆیان لە گاڵتەکەران بپارێزن و لێیان دوور بکەونەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا ﴾ واتە: تۆ واز بهێنە لەکەسانێکی ئەوتۆ کە ئایینی خۆیانیان وەرگرت بە قەشمەری و یاری کردن و پێکەنین و گاڵتەکردن و، وایان داناوە فەرمانی ئایینی خۆیان دانراوە لەسەر هەواو هەوەس و کاری پوچ و خۆ خەریك کردن

بەشتی بێ سـوودەوە[1]، ﴿وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ﴾ واتـە: ژیـانی ئـەو دونیایـەش بەتـەواوی فریوی داون و ڕۆژی قیامەتیان لەبیرچۆتەوە، جا تۆش ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) بەو قورئانە ئامۆژگاریـان بکـەو سـزای قیامـەتیان بـەبیر بێنـەوەو، بەڵکو لەبەر ئـەوەی هـیچ کەسـێ بەنـد نـەکرێ واتـە زینـدانی نـەکرێ لـە دۆزەخداو وە گیرۆدەی شتێ بێ کە کردویەتی لەبێ فـەرمانی خـوداو بـێ بەش بێ لـە پاداشـتی چاك﴿لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ﴾ واتە: جگە لەخوای گەورە هیچ کەس یارمەتی ناداو هیچ کەسیش تکا بـۆ ڕزگـاربوونی ناکـا ﴿وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ﴾واتە: ئەگەر هەموو (فیداو) بریتیەك بـدا کـە لێی ڕزگاربن و لێیان وەرناگیرێ، چونکە ئەوانـەی کـە دیـن و ئایینەکـەی خۆیان گێڕا بەشـتێکی بـێ نـرخ و بـێ سـوودو بـێ هـوودەو ژیـان جیهـان هەڵخەڵەتانـدن[2]، واتـە: ئـەوان کەسـانێکن کـە بەنـد ئـەکرێن بـەهۆی

---

(١) ئەم فەرمودەیە هەر چەندە ڕوی پێ کراوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) بەڵام هەموو باوەڕداران دەگرێتەوە کە هەموویان تێکەڵاوی ئەو کەسانە نەکەن کە ئایینی خۆیان کردوە بە گەمەو گاڵتەبازی.

(٢) هەروەها تۆڵەیەك بەرامبەر تاوانەکانیان، (بەرتیل) و (فدیە) بدەن لێیان وەرناگیرێ کەواتە پیاوی بیرو باوەڕ خراپ لەخوا بەولاوە هیچ پشتیوانی نیە وە هیچ کەسیش نیە تکاو ڕجایان بۆ بکا، مەگەر خوا ئیزنیان بدا.

کردەوەیـە کـە کردوویانــە (لــە خراپــەو خراپــەکاری) جـا بەسـەرهات و دواڕۆژی ئـەو (موشـریکانە) بـاس ئـەکات و ئەفـەرموێ ﴿ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ واتە: بێگومـان لەباتی (ئـاوی سـاردو فێنـك) ئـاوێکی گـەرمی کوڵاویـان پـێ ئـەدرێ لـەناو زگیاندا ئەکوڵێ هەروەها ئازارێکی بەئێشیان هەیە بەهۆی ئەو کردەوانەی کە لە ژیانیاندا ئەیانکرد و بەخواو بە پێغەمبـەر و فەرمانـەکانی باوەڕیـان نەهێناوە بەڵکو بێ باوەڕبوون و بتیان ئەپەرست و لـەباتی خـوای تـاك و تەنیادا.

(باسێك لە نموونەی پیاوی لە ئایینی وەرگەڕاوە)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن کاتێ (موشریکەکان) بـە موسـڵمانەکانیان ووت وەرن پەیڕەوی لە ئاین و دینی ئێمە بکـەن و، وازبێـنن لـە (موحەمـەدو) ئایینەکەی ئەوجا بۆ ئەو وەڵامە خوای پەروەردگار ئە ئایەتەی نازڵ کـرد بۆ پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی ﴿ قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا ﴾ واتە: ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـەو بـت پـەرستـانە بڵـێ ئایـە ئێمە لـەجیاتی خـوا لەبـەر ئـەو بتانـەدا بپاڕێنـەوەو داوای یارمـەتیان لـێ بکەین کە ئەو بتانە هیچ سـودێك و زیانێـك بـە ئێمـە ناگەیـەنن، ﴿ وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾ واتە: لە ئایینەکەی خۆمان پاشـەوپاش هەڵگەڕێنەوەو لەخودا پەرستی لابدەین پاش ئەوەی کە هیدایـەتی داویـن

و ڕێنمایی کردووین بۆ سەر ڕێگای ڕاست، جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿كَٱلَّذِى ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ﴾[1]، واتـــە: وەكـــو کەسـێ کـە شـەیاتینی هەڵیخەڵەتانـدبێ فریویـان دابێـت و سـەرگەردان بوویێت و لەزەویدا بسوڕێتەوە ﴿لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ﴾ واتە: چەند دۆست و برادەرێکی هەیە لەسەر ڕێگای ڕاست و درووست لە دوورەوە بـانگی لـێ دەکـەن و دەڵـێن وەرە لای ئێمـە ڕێگـای ڕاسـتت نیشان دەدەین لە گومڕایی و سەرلێشێواوی ڕزگـار ببـی و کەچـی لەگـەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی هەر لـە شـەیاتینی بکـات ﴿قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٧١﴾ واتــە: ئــەی پێغەمبــەر (ﷺ) تۆ بڵێ ڕێگـەی ڕاسـت هـەر ئـەو ڕێگەیـە خـوا دیـاری کـردووەو وە فەرمانیـشی پێـدراوە لەلایـەن خـواوە کـە خـۆ بدەینـە دەسـتی خـوای گەورەی هەموو جیهانیەکان وە تەسلیمی ئەو ببین بەتەواوی.

(پوختەی ووتەکان)

هەندێ لـە موفەسـیرەکان ئـەم بۆوێنـە ئـەم پوختـەیان بـاس کـردوەو کەسێك دوای ئیمان هێنان لـە ئیـسلام هەڵگەڕێتـەوە وەکـو پیاوێـك واتـە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕاستدا بـڕۆن جـا پیاوەکـە (ڕێ ی) گـووم بکـاو

---

(١) حيران، أي متحيراً لا يدري أَيْنَ يَذهَبُ، واتە: سەرگەردان بخولێتەوە نازانێ چی بکات و ڕوو لەکوێ بکات و بچێتە کوێ.

ئینجا دەستەیەك (شەیاتین) رەفتـار بـەملاو بـەولای رێگـەدان بـانگی لـێ بکـەن و سەرلێـشێواوی بکـەن هەریەکـەیان بیبـەن بەلایەکـدا ، بـەلاّم هاورێکـانی بـانگی لـێ بکـەن و بلّێن وەرە لای ئێمـە رێگاکـە لێرەوەیـە، کەچی ئەو هەر مل باداو ئینجا ئێـوەش لادانتـان لـەرێی راسـت هـەروەکو ئەو کەسە وایە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر رێگای وەستابێ و بلّێ لێرەوە وەرە ، ئەمەیـە رێگـەی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام، بـەلاّم ئـەو هـەر روو وەرگێرێ لەدوو بانگەوازەکەی پێغەمبەری خۆشەویست نەیێ، جـا خـوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی فەرمانمان پێ کراوە کـە بـەردەوام نوێژ بکەن و لەخوا بترسن و لەهـەموو خراپەیـەك خـۆ بپـارێزن و وە ئـەو خوایەی هەمووتان هەر لای ئەو کۆدەکرێنەوە.

ئەفـــــــەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ ﴾ واتە: بێگومان خوایەکی ئەوتۆیە کە ئەو ئاسمانانـەو زەویـەی بەشـێوەیەکی وا (درووسـت کـردووە) تـاکو رۆژی قیامـەت گـۆڕان و تێـك چوونی نیە چونکە بە یاسایەکی وا رێك درووست کراوە، ووشـەی (الحـق) ئاماژەیە بۆلای ئـەوەی ئـەم گەردوونـە چـەندین یاسـای تایبـەتیان هەیـە فەرمانیان بۆ ئەبا بەڕێوەو چونك بێگومان هەر رۆژێك هەر کاتێك فـەرمان بە نەمان و لەناوچوونی بدات بێ دواکەوتن پێش دێت و دێتەجێی چـونکە فـەرمان و گوفتـاری ئـەو زاتـە هەمیـشە راسـت و بەجێیـە ﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ

كُن فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ ﴾ واتە: بێگومان هەر ڕۆژێکیش فەرمان بکاو بفەرموێ بەڕۆژی قیامەت ببە دەست بەجێ دەبێ چونکە هەر هەموو فەرمان و ووتەی ئەو ڕاست و حەقن، وە ئەفەرمووێ: ﴿وَلَهُ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ ﴾ واتە: هەر بۆ ئەوە هەموو (تصروفات) و فەرمان و (موڵك) هەر ئەو خاوەنیەتی لەڕۆژێکدا کە فوو ئەکرێ بە سوردا، بۆ تێکدانی ئەم زەوی و ئاسمانە، لەو ڕۆژەدا کە فوو ئەکرێ بەسووردا بۆ زیندووکردنەوەی (گیانلەبەرانی) مردوو لە (جن) و ئینسدا ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿٧٣﴾ ﴾واتە: هەر خوایە کە زانایە ، بەهەموو کارێك و وشتێکی بزرو نادیار کە ئێمە نایزانین و نایبینین، هەروەها زاناو ئاگادارە بەهەموو کارێك و شتێکی ئاشکراو دیار لە بەرچاوە، چونکە هەموو کارێك لەجێی و شوێنی خۆی ئەکات، جا بێگومان هەموو کارێك و شتێکیش دەزانێ بە زانینێکی تەواو، هیچی لێ بزرنابێ و هەروەها پێویستی بەکەس نیە پرسی پێ بکات.

(لەدایك بوونی حەزرەتی ئیبراهیم (ع) ئامۆژگاریەکانی بۆ بت پەرستان)

(موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون ئـەوەی راسـت بێـت (موشـریکەکانی) مەککـەو دەوروبـەری گـەلێ ئـازاری دڵـی پێغەمبـەریان ئـەدا (ﷺ) پـاش ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بە فـەرمانی خـوای پـەروەردگار ئـەو هـەموو گفتوگۆیەی لەگەڵ کافرە بت پەرستەکان ئەکردوو، زۆریان لەگەڵ مانـدوو ببو ئینجا خـوای گـەورە دڵـی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەداتـەوەو دڵـی خـۆش ئـەکاو بەسەرگوشـتەی باپیرە گـەورەی خـۆی کـە حـەزرەتی ئیبراهیمـە سەلامی خوای لێبێـت، وە باسـی گـیرۆدە بـوونی بەدەسـتی گەلەکـەی و باسی گەلێ لە پێغەمبەرانی خاوەن پایەی بۆ کردووەو کـە ئـەوانیش زۆر ماندووبوون لەگەڵ هۆزو قەومەکەیان بەتایبەتی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) جا خـوای گـەورە لـەو بارەیـەوە ئەفـەرموێ ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبـەر ئـەوەیان بـۆ بـاس بکـە کـە چـۆن وەختـی خۆی ئیبراهیم بە ئازەری باوکی ووت و ئامۆژگاری کردو پێی ووت بۆچـی ئەو بتانە ئەپەرستی و بـەخودایان حیساب ئەکـەی؟ کـاری ئـەوها کـەی دروستەو رەوایە ..؟ واتە: بێگومان بەڕاسـتی مـن وائـەبینم کـە تـۆیش و قەومەکەت واتە گەلەکەت لـە گومڕاییـەکی ئاشـکرادا گیرتـان خـواردووەو سەرلێشێواون.

(چەند ئاگادارییەکی گرنگ)

خوێنەرانی ئازیزم لەبەر روناکی ئەم ئایەتە پیرۆزە هەندێ شتی بەسودتان بۆ روون ئەکەینەوە کە لە تەفسیرەکانی قورئاندا هاتووە:

١- ابراهیم کوڕی تأریخ کوڕی (ناحور)ە کوڕی (شاروخ) کوڕی (ئەرغو) کوڕی (فالغ) کوڕی (عابر)ە کوڕی (شالیخ) کوڕی (أرفخشد) کوڕی (سام)ە کوڕی حەزرەتی (نوح)ە (سەلامی خوای لێبێت) ئەمە دە پشتی رێکە کە دەگاتەوە حەزرەتی نوح پێغەمبەر (سەلاَت و سەلامی خوای لێبێت) [1]، هەموو زانایانی ئایینی یەکگرتوو نینە لەسەر ووتەی ئازەر هەندێ ئەڵێن باوکی (ئیبراهیم)ە هەندێ ئەڵێن مامیەتی و هەندێ ئەڵێن ناوی بتێکە لە بتەکان، چونکە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ناوی ئازەر لە ریزی باوك و باپیرەکانی ئیبراهیم براوەو ئینجا وا دەرئەکەوێ (ئازەر) نازناوی باوکی ئیبراهیم بە ئازەر ناوی دەرکردووەو مانا (بتەوان) و خزمەتکاری بتەکان چونکە ئەڵێن (دارتاش) بووەو (بتی) درووست کردووە، دواتر ئەیفرۆشت، ئەڵێن ئیبراهیم بەمناڵی یاریدەدەری ئەو بووە لە فرۆشتنی بتەکاندا بەلاَم کە ئیبراهیم گەورەبوو، رۆن بویەوە کە ئەو بتانە خاوەنی (سوود) و (زیان) نین لەگەڵ باوکی و گەلەکەیدا لەو بارەوە کەوتنە گێرەو کێشەو ناکۆکی، هەروەکو لەو ئایەتەو ئایەتەکانی دوایی باسکراوە.

---

(١) بروانە تەفسیری حدائق الروح والريحان لە نوسینی (محمد امین بن عبدالله الارمی الهرری الشافعی) بەرگی/٨، لاپەرە/٤٢٠.

٢- ئـەوەی راسـتی بێـت هەرچـەندە (ئـازەر) بـە بـاوکی ئیـبراهیم (مەشهورە) و ناوی هاتووە بەڵام لە راستیدا (مـامی) حـەزرەتی ئیـبراهیم بووە، ئەگەر باوکی بوایە خوای گەورە ئەیفەرموو (وَإذ قالَ إبراهيمُ لأبيهِ) ئەو کاتە ناوی ئازەری نەدەهێناو، چونکە خاوەنی تەفسیری (المنار) [1]، ئەفەرمووێ (ففي التفسير المأثور عَن مجاهد، قالَ آزر لَم يكُن بأبيهِ ولكن أسـم صـنمٍ ، وعـن الـسُّدي إسـم أبيـه تـارخ واسـم الـصنم آزر..) وە لـە تەفسیری قاسمیشدا[2]، ئەڵێ: (وأن آزر عـمُّ ابـراهيم لا أبـوه كمـا أبـسطه الإمـام الـرازي) وە هـەروەها لـە تەفـسیری ئیمـامی (قـرطبي) دا[3]، ئەفـەرمووێ (فَقَـد قـالَ محمـد بـن إسـحاق وَالْكَلـبي والـضحاك إن آزر أبـو إبـراهيم (ع) وهـو تـارخ، مثـل إسـرائيل يعقـوب، وە هـەروەها خـاوەنی تەفسیری (اللباب فى علوم الكتاب) [4]، ئەڵێ: وقيل إن والد إبـراهيم (عليـه السلام) كان اسمه تارخ وكان (آزر) عَمّاً لَهُ وَالعُم قَدْ يُطْلَق عليـه لفـظ الأب كما حكى الله تعالى عن أولاد يعقـوب ﴿نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِۦمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ﴾ البقـرة/١٣٣. وَمَعلـوم أن إسماعيـل كـان عَمـاً ليعقوب، وقالَ (ﷺ) ردو علي أبي العباس فكذا هـا هنـا) واتـە: عەباسـی

---

(١) بڕوانە: (تفسير القرآن الحكيم، الشهير بتفسير المنار) لە نووسینی پێشەوا (محمد رشيد رضا) بەرگی/٧، لاپەڕە/٣٩٣.

(٢) بڕوانە: (تفسير القاسمي، المسمى محاسن التأويل) لە نووسینی زانای بەناوبانگ(محمد جمال الدين القاسمى) بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٠٦.

(٣)بڕوانە تفسير (جامع الاحكام) مەشهور بە تفسير القرطبي، بەرگی/٤، لاپەڕە/٣١٧.

(٤) بڕوانە تەفسیری (اللباب فى علوم الكتاب) لە نووسینی (أبى حفص عمر بن على ابن عادل الدمشقى الحنبلى، بەرگی/٨، لاپەڕە/٢٣٣.

بابم بۆم بێنەوە ئێرانە هەروەها زۆربەی (قصص الانبياء)ەکان ئەگێڕنەوە کە حەزرەتی (یـەعقوب) هاتـە سـەر مـردن بـە کوڕەکـانی گـوت ئایـە لـە دوایی من کێ ئەپەرستن ئەوانیش گووتیان (خوای تۆو باوکت ئیـبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق ئەپەرستین، ئیـسماعیل مـامی حـەزرەتی یـەعقوب بوو، حەزرەتی یەعقوب کوڕی حەزرەتی ئیـسحاقەو، بۆیـەش خـوا باسـی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ پێغەمبەر دەکات ، لەپاش ماوەیەکی زۆر پاش ئەو پێغەمبەرانە هاتبوو بەلاّم حەزرەتی ئیبراهیم لەلای عەرەب ناسراوبوو لـە بیروباوەڕیانـدا هـەبوو چـونکە کـاتی خـۆی خـاتوو هاجـەر و حـەزرەتی ئیسماعیلی هێنایە مەککەو کەعبەی درووستکرد.

٣- شوێنی لەدایك بوونی حەزرەتی ئیبراهیم جێگەی ناکۆکی زانایانەو وە لە تەفسیری حدائق الروح والريحـان دا[١]، ئـەڵێ: (ولِـدَ في بَلـدَة أور أي النور من بلاد الكلدان وهي المعروفة الآن باسم أورفا في كوردستان تركيـا) واتە: حەزرەتی ئیبراهیم لە شاری ئور واتە نوور لـە شـاری کەلدانیـەکانی ئێستاکە نـاودارە بـەناوی شـاری (ئورفـە) لـە کوردسـتانی تورکیـا لـەوێ لەدایك بووە[٢]، بەلاّم مامۆسـتا مـەلا عەبدولکـەریمی مـدرس لەتەفـسیری نامیدا[٣]، جێگای لـەدایك بـوونی بـەم شـێوەیە بـاس کـردووە، کەلەسـەر

(١) بڕوانە: تەفسیری (حدائق الروح والريحان فى روابى علوم القرآن) دنراوی (محمد امين بن عبدالله بن الهررى الشافعى) بەرگی/٨، لاپەڕە/٤٢٢.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٣) بڕوانە تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز، لە دانانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٦٦.

واتەی مێژوونووسەکان یا لە (کوفی) لەخاکی بابلدا[1]، یا لە شـەرگات[2]، یا لە شوش[3]، یا لە سوس[4]، لەدایك بووە[5].

(پاشكۆ)

جا بێگومان دەرکەوتووی ئایەتەکانی پێشوو بەلگـەن لەسـەر ئـەوەی بەدەقاو دەقی خۆی کە ئازەر باوکی ڕاستەقینەی حەزرەتی ئیبراهیم بـێ و باوکیشی (بت پەرست بووە ئیبراهیم داوای لێکـرد خـوای تـاك و تـەنها بپەرستێ ئینجا نـاوەڕۆکی ئایەتەکـە ئـەو بیروبۆچوونە ئەخاتـە مێشکی زاناو نەزانەوە پێویستە مرۆڤ لە جێگەی ئـەوە خـۆی بـۆ شـتی تـر مانـدو بکات بەلاّم زانایـان لـەنێو خۆیانـا، بیریـان جیـاوازە ئایـا (ئـازەر) بـاوکی ڕاستەقینەی ئیبراهیمە یـان نـا؟ ئـەوەیش لـەوەوە هـاتووە ئایـە بـاوك و باپیرەکانی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) هـەموویان خـوای تـاك و تـەنهایان پەرستووە جگە لە ئەو خوای کەسی تریان نەپەرستوە، ئەوجا هەرچۆنێ بێ هیچ سودێ لەو (قال و قیلە) پەیدانابێ، جـا بێگومـان درێـژەدان بـەو باسە کات بەفیڕۆدانە بێهودەیە چونکە پەیوەنـدی بـە عەقیـدەو بـە بـیرو باوەڕو بە بنچینەی ئیسلامەوە نیە بەهیچ جۆرێ بەلاّم ئـەوەی پێویـستی

---

(١) کوفی، لەخاکی بابلدایە لە عیراق دا.

(٢) شەرقات یان شەرگات لەبەینی تکریت و موصل دایە.

(٣) شوش لەنزیك شاری ئاکرێیە لە شیمالی موسلەوە.

(٤) سوس سووسی لەنزیك هەولێردایە

(٥) ئەو چوار شوێنەی کەوا باسکراون هەموویان لەعیراقدان یان لە کوردستانی عیراقدان.

بۆ موسڵمانان ببێ ئەوەیە بڕاوایان بەتەواوی بە پێغەمبەرایەتی (محمد) و بێ گوناهی ئەو هەبێ و هەروەها بزانن گەورەترینی پێغەمبەرانەو وە لەپاش ئەو چ پێغەمبەری تر نایێ چونکە (خاتم النبیین)ە[1]، بابێینەوە سەر ئایەتەکەی تر هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ٧٥ ﴾ واتە: هەروەها ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویەو خەڵك نایبینێ پیشانی ئیبراهیممان دا کە تێبگات ئەوانە هەمووی دروستکەرێکیان هەیە کە خوای پەروەردگارە هەر ئەوەندەش نیە کە خەڵك بەچاو ئەیبینن بەڵکو زۆر شتی تر هەیە لەسەرەوەی دیتنی ئەوانە تاکو بەتەواوی باوەڕداربێت بەتاك و تەنهایی و هێزو دەسەڵاتمان و لە ریزی ئەوانەدا بێت کە یەقینیان هەیە[2]، ئەوجا حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) بە بیرە روناکەکەی خۆی خوا هەندێ شتی پیشان ئەداو، وەکو قورئان ئەفەرمووێ: ﴿ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ ﴾واتە: کە شەوی بەسەرداهات ئەوکاتە ئەستێرە دەرئەکەون ئینجا کە ئەستێرەیەکی گەورەی پڕشنگداری بینی[3]، لە ئەستێرەکانی تر

---

(١) بڕوانە : تەفسیری زمناکۆیی، لە نوسینی مامۆستا مەلا سەعید زمناکۆیی، لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٩٩.

(٢) مێژوونووسان ئەڵێن ئەوکاتە تەمەنی حەزرەتی ئیبراهیم ١٥-١٦ ساڵ بووە.

(٣) هەندێ ئەڵێن ئەستێرەی موشتەری بووە یان زوهرە بووە.

بەشەوق تر بوو (جا بێگومان بەوكەسانەی دەوروبەری خۆی گووت ئەوە خوای منە)[1]، كە ئەوە دروستكراوی ئادەمیزاد نیەو كەس دەستی پێ ناگا، ﴿فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ٧٦﴾ أي فلما غاب الكوكبُ قالَ لا أحبُ عِبادة مَنْ كانَ كذلك لأنَ الرب لايجوز عَليه التغير والإنتقال) واتە: كە ئەستێرەكە ئاوابوو پێی گووتن من ئەوەی ئاوابێ و خۆی بزربكات من خۆشم ناوێ و بەخوای نازانم چونكە هەر شتێ وابێ شایستەی پەرستن و خوایەتی نیەو خوای گەورە رەوا نیە گۆڕانی بەسەردابێت﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ﴾ واتە: دوایی كە دەیتی مانگ هەلأت و گۆشەی كێشاو روناكی خۆی سەر زەوی رۆشن كردەوە گوتی ئەمە خوای منەو ئەوەیان وورشەو روناكی زۆرترەو، بەلأم كە مانگیش ئاوابوو، ﴿قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ٧٧﴾ واتە: كە مانگیش (ئاوابوو) روناكی و شەوقی نەما ووتی ئەگەر خودا (هیدایەتم) نەدات ئەوە بێگومان ئەچمە ریزی ئەوانەی سەرلێشێواوو گومڕان ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ﴾ واتە: كە دیتی خۆر یان رۆژ هەلأت ئینجا ووتی ئەمەیان خودای منە چونكە ئەوە لە ئەستێرەكەو لە مانگەكەش

---

(١) هەروەها موفەسیرەكان ئەڵێن هەندێ لەگەلەكەی حەزرەتی ئیبراهیم ئەستێرە پەرست بوونە.

گەورەترەو ڕووناکترە ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ۝٧٨ ﴾ واتە: کاتێك ئەویش ئاوابوو وەکو ئەستێرەو مانگ ئاوابوو، ئینجا رووی کردە قەومەکەی و ووتی گەلەکەم من بەریم لەوەی کە بە خودایان دەزانن و کە ئێوە ئەیکەن بەهاوبەش بۆ خوای پەروەردگار، کە ئێوە لەجیاتی خوای گەورە دەیانپەرستن، بەشەریك و هاوەڵی ئەو زاتەی ئەزانن، ئەوجا حەزرەتی ئیبراهیم بڕیاری داو گووتی ﴿ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ۝٧٩ ﴾ واتە: فەرمووی من رووی خۆم کردە ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەوی درووست کردووەو، هەروەها جیای کردونەتەوە لەیەکتری، وەبەرووکردنێکی وا کە لە هەموو ئاینێکی خراپ لام داوەو چونکە من لەوانە نیم کە (شەریك) و هاوبەش بۆ خودا پەیدا ئەکەن جا بێگومان من بەڕاستی خوا ئەپەرستم ئەو قسەیە کاری کردە سەر خزمەکانی و بیروباوەڕی ئەوانی پووچ کردەوە.

(باسێك لە کێشەی حەزرەتی ئیبراهیم و قەومەکەی)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی راستی بێت حەزرەتی ئیبراهیم بەڵگەی پەکخەری بەتین و بە قوەتی دانا سەر قەومەکەی خۆی کە بە شێوەیەکی وا گونجاو بێ لەگەڵ (ئەقڵ) و سرووشتی پاك هەروەها بۆی چەسپاندن (پەرستنی) بتەکان و ئەستێرەکان پوچن و نەزانینەو ئەوجا دەبوایە ئەو گەلە نەفامە باوەڕیان بهێنایە کەچی دەستیان کرد بە

هێنانـەوەی بەڵگـەی لاوازو بـێ گیـان و ئـەیان ووت بـاوك و باپیرانمـان ئەوانـەیان پەرسـتووە ئێمـەش لاسـایی ئـەوان دەكەینـەوە، ئینجـا بـۆ پەرستنیان حەزرەتی ئیـبراهیم وەڵامـی دانـەوە، جا خـوای گـەورە لـەم بارەیـــەوە دەفـــەرموێت: ﴿ وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ قَالَ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ ﴾ أي جَادَلُوه وَناظَرُوهُ في شأن التوحيد أي أتجادلوني في وجودِ اللهِ وَوَحدانيته أي وقد بَصرني وَهَداني إلى الحقِ) واتـە: بێگومـان هەركـە حـەزرەتی ئیـبراهیم لـە بتـەكان دوور كەوتـەوە، وە خزمـەكانی لەگـەڵی كەوتنـە شـەڕە قـسەو چـەندو چـوون و ئـەویش فـەرمووی ئایـە ئێـوە سەبارەت بـە بـوون و تـاك و تـەنیایی خـودا قڕەقـڕو موجادەلـەم لەگـەڵ ئەكـەن، حـەزرەتی ئیـبراهیم ووتـی دوژمنایـەتی مـن ئەكـەن و ئەتانـەوێ بەڵگەی خۆتانم پێ بسەلمێنن بەبەڵگـەی پـووچ لـەبارەی یـەكێتی خـواو توانای ئەو ئەتانەوێ زاڵ بن بەسـەرما بەڕاسـتی خـوا شـارەزاو ڕێنمـایی كردووم لەسەر یەكێتی و خواپەرستی لەسـەر هیدایـەت و ڕێگـای هـەق و راسـتی ﴿ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيۡـٔٗاۚ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ واتـە: هـەرگیز مـن لەو بتانەش ناترسم كە ئێوە ئەیانكەنە هـاوەڵ و شـەریكی خـوا، چونكە ئەوانیش واتە بتەكان توانای زیان گەیاندنیان بـەمن نیـە ، مەگـەر شـتێك خودا بیەوێت، هەروەها خوای مەزنیش ئاگای لەهەموو شتێكە، جا ئێـوە نـابێ بیربكەنـەوەو (بـزانن) خـوا هەیـەو ئێـوەی درووسـت كـردووە،

﴿ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا ﴾ واتە: من چۆن ئەترسم لە شتێ ئێوە کردوتانە بە هاوبەش بۆ خوا لە بتەکان و ئەستێرەکان جا بێگومان ئێوە لەخوا ناترسن کە شەریك و هاوبەشیان بۆ پەیداکردووە بەبێ ئەوەی هیچ دەلیل و بەلگەیەکتان بەدەستەوەبێ یان هیچ دەسەلاتێك خوا فەرمانی پێدابن کە هاوبەشی بۆ پەیدابکەن، ﴿ فَأَيُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ واتە: دوایی چ دەستەو تاقمێ لەو دوو دەستەو تاقمە شایستەترن بە ئەمن و ئاسایش و نەترسان کە لە خودا ئەمین بێ و جا کەواتە کام دەستە شایستەی ئەوەیە بەبێ ترس و بیم بێت و بە ئاسودەیی بژی؟ ئەگەر ئێوە دەزانن ئەوە پێم بلێن؟

(تاوانێکی زۆر گەورەیە شەریك دانان بۆ خودا)

پێشەوا بوخاری و موسلم و ئەحمەد و ترمزی (ریوایەتیان) کردووە لە (عبداللە) ی کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کە ئەڵێت ئەم ئایەتەی ﴿ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ ﴾ هاتە خوارێ (ئەصحابەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) عەرزی پێغەمبەریان (ﷺ) کردو گوتیان باشە (قوربان) کێ بێ ستەم و ناهەقی لەنەفسی خۆی نەکردبێ؟ واتە: تاوان گوناهی نەکردبێ؟ ئەوجا ئەم ئایەتە دابەزی ﴿ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ سورەتی لقمان، ئایەتی/١٣، واتە: هاوەڵ دانان بۆ خودا

(بڕیاردان) تاوان و ناهەقیەکی زۆر گەورەیە، بەڵام لە ریوایەتی پێشەوا بوخاری و پێشەوا أحمد بەم جۆرە هاتووە ئەفەرموێ ئایەتی ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾ هاتەخوارێ و ئینجا زۆر لەسەر شانی خەڵکەکە قورس و گران بوو گوتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) کێ لە ئێمە هەیە زوڵم و ستەمی لەخۆی نەکردبێ؟ ئەوجا حەزرەت (ﷺ) لەوەلآمدا فەرمووی (مەبەست بەو) زوڵم و ستەمە لە ئایەتەکەدا (شیرك)ە واتە: هاوەڵ دانان بۆخوای گەورە نەك گوناهو تاوان مەگەر ئەو ئایەتانەتان نەخوێندۆتەوە کە خوای گەورە لە سورەتی (لقمان) دا باسی کردووە، کە حەزرەتی (لقمان) بە کوڕەکەی خۆی ووت﴿ يَـٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ سورەتی/ لقمان، ئایەتی/١٣، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾ واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو ئیمانەکەی خۆیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردووە واتە: ئەو کەسانەی بەچاکی و دڵسۆزی عیبادەت و خواپەرستیان بۆ خوای گەورە کردووە، بەتاك و تەنیا پەرستویانە (شەریکیان) بۆ دانەناوە لەهیچ شتێکدا ئەوانە بێگومان دڵنیان لە رۆژی قیامەتداو شارەزای رێگای خودان لە دونیاو لە قیامەتدا، چونکە ئەوانە لە رۆژی دواییدا سزا نادرێن و لە خۆیان ئەمینن و هیچ ترسێکیان نییە، وە هەروەها ئەوانیش هیدایەت دراون، ئەوجا لە پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَـٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ واتە: ئەمانە چەند بەڵگەیەك

بوون نیشانی حەزرەتی ئیبراهیممان (علیه السلام) داوە سەرمان خست بەسەر گەلە بتپەرستەکەیداو ﴿ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾ ﴾ واتە: بێگومان ئێمە بەرزی ئەکەینەوە چەند پلەو پایە بۆ کەسێ ئێمە ئارەزوومان هەبێ لە زانیاری و ژیری و تێگەیشتن، جا بەڕاستی پەروەردگارت زۆر کار جوان و زۆریش زانایە، خۆی چاك دەزانێ چی بکات.

(حەزرەتی ئیبراهیم باوك و باپیرە گەورەی پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لێبێت) هەمووشیان لەسەر ڕێبازی ئەو بوونە)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی ڕاستی بێت خوای گەورە ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمی ئاشکرا کردوو سەری خست بەسەر

دوژمنانی خۆی و ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، بەهۆی بەڵگەی ڕوون و بەهێزەوە دوایی چاکەی خۆی بەسەر حەزرەتی ئیبراهیمەوە، ئەژمێرێ بەو پلە بەرزانە بۆی دانرابوون ئینجا گەورەترین پلەش ئەوەیە پێغەمبەرایەتی لە بنەماڵەو خێزانی ئیبراهیم دەرناچێ و بەردەوامە هەتا ڕۆژی دوایی بۆ باسکردنیان[1]، خوای گەورە لەم چەند ئایەتاندا ناوی

---

(١) خوای گەورە لەم ئایەتانەدا ناوی (١٨) پێغەمبەری بردووە کە یەکێ لەوانە حەزرەتی ئیبراهیمە (علیه السلام) ناوی باوك و نەوەو برای هەندێکیان بردووە و باسی هەموویانی کردووە بە چاکەکەرو ئاشتی خوازو ڕێنموێنی کراو، ئەوجا بێگومان پێویستی کردووە لەسەریان سوپاسی خوا لەسەر ئەو شتەی بەخشیویە بەوان لە (عیلم) و زانست و زانیاری و بەتایبەتی (عیلم النبوە) واتە پێغەمبەرایەتی کە خوای گەورە داویەتی بەوان چ شەرەفێکی گەورەیە.

پیرۆزیان ئه‌باو ئه‌فه‌رمووێ ﴿ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ﴾ واته: ئێمه (ئیسحاقمان) به‌خشی به ئیبراهیم هه‌روه‌ها (یه‌عقوبیشمان) پێی به‌خشی که کوڕی ئیسحاقه هه‌مووشمانمان (هیدایه‌ت) و ڕێنمایی ڕێی راست کردووه بوونه پێغه‌مبه‌ر هه‌روه‌ك پێشتر دابوومان به (نوح) که یه‌کێکه له باپیرانی حه‌زره‌تی ئیبببراهیم (چونکه به‌ر له ئیبراهیمیش (نوحمان) ڕێنمایی کردوو بوو به پێغه‌مبه‌ر (سه‌لامی خوایان لێبێت)، ﴿ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ۚ ﴾ واته: بێگومان داوودو سلیمان و ئه‌یوب و یوسف و موسا و هارون له‌نه‌ته‌وه‌ی حه‌زره‌تی ئیبراهیم بوونه) واته: ئه‌مانه هاتنه دونیاوه بوونه پێغه‌مبه‌ر و رابه‌رو چاوساغ بۆ خه‌ڵکی سه‌ر زه‌وی﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ واته: ئێمه ئا به‌م شێوه‌یه پاداشتی چاکه وازان ده‌ده‌ینه‌وه، هه‌روه‌ها (نه‌وه‌ی چاك و پاك و خواناسیان پێ ده‌به‌خشین) وه‌هه‌روه‌ها خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ واته: زه‌که‌ریا و یه‌حیا و عیسا و ئیلیاس هه‌موویان خوا ڕێگه‌ی پیشاندان و کردینیه پێغه‌مبه‌رو له‌هه‌موو لایه‌که‌وه خواناس و پیاو چاك بوون ﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ واته: هه‌روه‌ها ئیسماعیل و ئه‌لیه‌سه‌ع و یونس و لوط خاوه‌ن ڕه‌وشتی چاك و خواناسی ته‌واو بوون، خوا کردنی به پێغه‌مبه‌ر جیا

ئەوانەی باسکران هەر یەکەیانمان بەرزکردنەوە بەسەر خەڵکی ئەوکات و بوونە ئیمام و پێشەواو سەردار بۆ میللەتانی خۆیان و ڕێگەی خوایان نیشاندان ﴿ وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّـٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ ۖ وَٱجْتَبَيْنَـٰهُمْ وَهَدَيْنَـٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٨٧﴾ ﴾ واتە: لە باوو باپیران و نەوەکانیان و براکانیاندا کۆمەڵێکی زۆرمان لێ ڕێنمایی کردن، واتە: ئەو پێغەمبەرانەمان هەڵبژاردووەو خستومانەتە بەر (لوتف) و کەرەمی خۆمانەوە (هیدایەتمان) دان بۆسەر ڕێگای ڕاست و ئاشکرای ئاینی تا ئەوانیش بەگەلەکەی خۆیان رایبگەیەنن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ ﴾ واتە: ئەو ڕێگەی پیشانی رابەرو پێغەمبەرانمان دا ئەوەیە ڕێی راستی خوا، چونکە بێگومان ڕێنماییش هەر بەدەستی خۆیەتی، جا هەر کەسێکی خوا بیەوێ لە بەندەکانی خۆی ئەو ڕێگەیان پیشان ئەدات، جا بێگومان ئەو پێغەمبەرانە هیچ ئەو ڕێگەیەیان وون نەکرد کە خوای گەورە پیشانی دان ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ واتە: لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو پێغەمبەرانە (سلامی خوایان لێبێت) شەریك و هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دانابا‌و هەموو ماندیبوون و ڕەنج و کردەوەیان بە زەرەروو خەسار ئەچوو جا بێگومان دیسان (ئینزاریان) ئەداتێ و ئەیانترسێنێ ئەم هەڕەشەیان ئەدا بەگوێدا هەروەکو ئەفەرموێ ﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ۚ ﴾ واتە: ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکران کەسانێکن کە نامەو عیلم و زانین و حوکمڕانی و پێغەمبەرایەتیمان پێی بەخشیومانە بەوان نامەیەکە بەهۆی حەزرەتی

(جوبرەئیلـەوە) بۆیـان نێـردراوە بەوێنـەی کتێـب و نامـەکانی حـەزرەتی (ئیبراهیم) و تەورات بۆ حەزرەتی موساو (زەبوور) بـۆ داوود و (ئینجیـل) بـۆ عیسـاو (قورئـان) بـۆ حـەزرەتی موحەمـەد (ﷺ) ﴿ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا۟ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ واتە: ئەگەر ئـەو بێ بڕوایانی مەککـە بـاوەڕ نەهێنن بـە ئایەتـەکانی (قورئـان) و یـان بـە پێغەمبـەرێتی پێغەمبـەرەکان و بەتایبـەتی بـاوەڕ بـەتۆ نـەهێنن ئـەوە بێگومان کەسانێکی تر لە خەڵکانی عاقل و ژیـرو هۆشمەنـد دەهێنێتـەوە کـە بڕوایـان پێـی هـەبێت و پـشتیوانی لـێ بکـەن، وەکـو (ئەنـصار) و (موهاجیر) و باوەڕدارانی تر، وەکـو وێنـەی (کـوردو عـەرەب و عەجـەم و فارس و تورك) ..هتد. ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴾ أي أولئكَ الأنبياء الذّينَ ذكرناهُم مِنْ قَبْلُ هُمْ الهُداة المَهْديُونَ هُم اللّذينَ أكَـرْمَهَم الله بالطَريقـةِ الحَـسَنة فَاقتَـدِ بِـسيَرتِهِمْ العَطِـرة) واتـە: ئـەو پێغەمبەرانەی کـە باسـکران و خـوا ڕێگـەی ڕاسـتی پیـشاندان (شـارەزاو ڕێنـوێنی کـردن) بەهـەق و ڕاسـتی ڕێگایـان گـرت، هەریەکەشـیان بـەرەو ڕەوشتێکی باش و بەناوبانگ بوون ئـەوەی صـەبرو ئـارامی زۆری گـرت و ئەوەی کە لە فەرمان ڕەوایی زاناو بلیمەت بـوو، ئـەوەی زۆر بەسـۆز بـوو لەبـەر خـوای گـەورە دەپاڕایـەوە، هەمووشـیان لەیـەك بیروبـاوەڕ بـوون، هەروەها خۆیان بە بەندەی خوا دەزانی، وە خوا گەلێ ڕێـزی لـێ ئـەنان و چونکە ڕێگـەی ڕاسـت و باشـەیان گرتبـوو، دەسـا تـۆش ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ڕێگەی ئەوان بگرەو لەسەر ئەخلاق و ئاکـارو ڕەوشـتە جوانـەکانی ئەوان بە، بەگوێرەی ڕەوشتی ئەوان کاربکەو چاو لە سیفەتە بـەرزەکانی

ئەوان بکەو ئینجا باسەکە دوایی ئەهێنێ بەم فەرمانە کە ئەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ بەبێ باوەڕان بڵێ من داوا لە ئێوە ناکەم بۆ گەیاندنی (فەرمانەکانی) خوا هیچ کرێیەکم لەئێوە ناوێ کە پێیتان رائەگەیەنم، ئەوجا بۆ ژیانی دونیاو قیامەتتان سوودی لێ وەرگرن و بۆ ئەوەی سەرفرازبن ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ٩٠﴾ واتە: بەڕاستی ئەم قورئانەش بیرەوەری و پەندو ئامۆژگاریە کە بۆهەموو خەڵکانی جیهان و ڕێگای ڕاستی خوا کە ڕێگای پێغەمبەرانە (سەڵات و سەلامی خوایان لێبێت) وە هەروەها ئەو ڕاگەیاندنەی من بەبیرهێنانەوەیە لەسەر (بەرنامەو شەریعەتی) پێغەمبەران بن (عليهم الصلاه والسلام).

(چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی و ناردنی کتێبە ئاسمانیەکان بۆی)

خوای گەورە لە ئایەتەکانی پێشوودا لەسەر زبانی حەزرەتی ئیبراهیم (ع) بەڵگەی جۆراوجۆری لەسەر تاك و تەنیایی خوای گەورە هێنایەوە، هەروەها (شەریك) و هاوبەش پەیداکردنی بۆ خوای گەورەو رەتکردنەوەی لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە، وە چەند دەلیل و بەڵگەی حاشا هەڵنەگری خستەڕوو ئەوجا دەست دەکا بە (چەسپاندنی) کاری پێغەمبەرایەتی و رەتکردنەوەی (مالیکی کوڕی صەیف) و وێنەی ئەو زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەم روداوەیان باس کردووە لە تەفسیرەکانیاندا[1]، هەروەکو ئەبی حاتەم و (ئیبن و المنذر) ریوایەتیان کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەڵێ پیاوێك لە جوولەکەکان هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) پێیان دەگووت (مالیکی کوڕی سەیف)[2]، ئینجا دەستی کرد بە قسەی ناڕێك و نابەجێ و ناشرین ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموون سوێندت ئەدەم بەو خوایەی (تەوراتی) دابەزاندە سەر حەزرەتی .

(موسا) لە تەوراتدا نەتخوێندۆتەوە ئەفەرمووێ: (إن الله يُبغض الحِبرالسَمين) واتە: خوا مرۆڤی زانای قەڵەوی خۆشناوێ؟ یا ڕکی لە

---

(١) بڕوانە: (تفسير حدائق الروح والريحان)، بەرگی/٨، لاپەڕە/٤٥١، بڕوانە (اسباب النزول عن الصحابه والمفسرين) لە نووسینی شیخ عبدالفتاح القاضي، لاپەڕە/١٠٤.

(٢) ئەڵێن ئەو پیاوە جوولەکەیە زۆر قەڵەو بووە، وەلەگەڵ هەندێشدا زۆر ئەستوور بووە، وە زۆر دژی پێغەمبەر و ئایینی ئیسلام بووە.

زانای قەڵەو ئەبێتەوە، ئینجا کابرای جوولەکە ڕقی هەستاو تووڕەبوو ئەوجا سوێندی خوارد کە خوا (هیچی دانەبەزاندۆتە سەر کەس جا هاوەڵە جوولەکەکانی پێیان گووت خودا بتگرێ چۆن وا دەڵێی ئەدی ئەوە نیە خودای گەورە (تەوراتی) دابەزاندۆتە سەر موسا (ع) جا کابرای جوولەکە دووبارە سوێندی خواردەوە کە خوا هیچی دانەبەزاندۆتە سەر کەس ئەوجا بەم هۆیەوە خوای گەور ئەم ئایەتەی نازڵ کردوو فەرمووی ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ ﴾ واتە: ڕێزیان لەخوا نەگرت وەك پێویست نەیانناسی چونکە ئەوانەی کە ئینکاری وەحیان دەکرد کافرو بێ باوەڕ بوون بە پێغەمبەری خواو گەورەیی خوایان بە گەورە نەدەگرت چونکە باوەڕیان بەدەسەڵات و توانای خوا ئەوەندە بەهێزنیە کە بزانێ خوا بەویستی خۆی هەرچی بوێت دەیکات بەهۆی فریشتەکانەوە قورئانی پیرۆز دابەزێنێ بۆ خۆشەویستەکەی کە حەزرەتی پێغەمبەرە (ﷺ) هەر بەویستی خۆی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ هەندێ لە پێغەمبەرەکانی دەکات جا ئەم جوولەکە داخ لە دڵ و حەسوودانە هەروەها دڵ و دەروونیان پیسەو هەتا باوەڕ بە (کتێبەکەی خۆشیان) ناکەن کە تەوراتەکەی حەزرەتی موسایە (ﷺ) وە لەبیر خۆیان دەبەنەوە، وە جگە لەمەش بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو پەڕی بێ شەرمیەوە سوێندیان خوارد کە خوای گەورە هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارەوە بۆ هیچ کەسێك ﴿ قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ ﴾ واتە: ئەی

پێغەمبەر پێیان بڵێ کێ ئەو (کتێبەی) هەناردۆتە خوارەوە کە حەزرەتی موسا هێنای کە (تەوراتە) و رووناکی و رێگا پیشاندەرە بۆ خەڵك ﴿تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾ واتە: ئەیخەنە ناو چەند کاغەزو لێ نووسراوێکەوە لە (نوسخەو) ڕەسەنەکەی پەڕەپەڕەی دەکەن و ئەوانەی بتانەوێ بەگوێرەی مەرامی خۆتانبێ و ئەیشارنەوە زۆر لەو پەڕانە لاتان پەسەند نەبێ و لاتان گرانبن لەناوی پێغەمبەری ئیسلام و بەردبارانی داوێن پیسان ﴿وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ﴾ واتە: ئەوی فێرکران نە خۆتان و نە باوباپیرەتان ئەزانی جا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ خوا ئەو کتێبەی ناردۆتە خوارێ بۆ سەر حەزرەتی موسا وە ئەم قورئانەی بۆمن ناردووە، یان بڵێ خودا ئێوەی فێری قورئان کردووە، هەروەکو هەندێ (موفەسیرەکان) وا ئەڵێن، واتە: ئەی پێغەمبەر (وازیان) لێ بێنەو لێیان گەڕێ با لە نەزانی و گومڕایی خۆیاندا یاری بکەن تا مردن، جا خوای گەورە رۆڵی قورئانی پیرۆز دیاری ئەکاو ئەفەرموێ ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ واتە: ئەو قورئانەی کە بۆمان ناردویتە خوارەوە جا بێگومان ئەو قورئانە لەهەموو روێکەوە قورئانێکی پیرۆزە، ئەم قورئانە کتێبێکە باوەڕدارە بە پێغەمبەرانی خودا ئەو کتێبانەیش کە بۆیان نێردراونەتە خوارەوە، جا ئەم قورئانەمان بۆیە

ناردووه تا (هیدایەتی) خەڵكی پێ بدەیت و دانیشتوانی (مەككە) ئاگادار بكەیتەوە (ئینزاریان) بدەیتێ، هەروەها ئەوانیش ئاگادار بكەیتەوە كە لەدەوروپشتی ئەو شارەدان﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَهُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ واتە: ئەوانەی باوەڕ بەڕۆژی قیامەت دێنن و ئەزانن كە لەو ڕۆژە خوا خەڵك كۆئەكاتەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەكات وە هەروەها باوەڕیش بەو قورئانە دێنن كە لە خواوەیە، وە ئەو كەسانە باوەڕ ئەهێنن بەخواو بە (قورئان) بەردەوامن لەسەر نوێژەكانیان لەكاتی دیاری كراوی خۆیانا بۆ ئەوەی هەموو كاتێ پەیوەندییان بەخواوە نەپچڕێ ئینجا ئەوانە بەردەوام نوێژ ئەكەن و هەروەها نایەڵن (نوێژیان) بچێ.

(هیچ كەس لەوە ستەم كارتر نیە كە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستێ؟)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەوەی ڕاستی بێت لەئایەتەكانی پێشوودا خوای گەورە ئەوەی بۆمان روونكردەوە كە (قورئان) كتێبێكی ئاسمانیەو لەلایەن خواوە هەناردراوە بۆ سەر خۆشەویستەكەی كە حەزرەتی (محمد)ە (ﷺ) ئەویش وەكو تەورات وایە كە ئێوە ئەی جوولەكەكان بڕوای پێ دەكەن كە بۆ مووسا پێغەمبەر دابەزیوە، وەهەروەها ئایەتەكەی لەمەودوا دێت باسی ئەو كەسانە ئەكات كە بەدرۆو بوختان ئەڵێن (وەحیمان) بۆدێ، واتە: درۆ هەڵبەستن بەدەم

خوداوە یان (ئیدیعای) پێغەمبەرایەتی ئەکەن و بەدرۆو بوختان وێنەی ئەمانەو (رەحمانی) ئەلیەمامەو (ئەسوەدی ئەلعەنسی) و (موسەیلەمەی کەزّاب) و (سەجاعە) ژنی موسەیلەمەی درۆزن و ئەو کەسانە هەموویان خۆیانیان دائەنا بە (پێغەمبەرە درۆینە) هەروەها درۆ و بوختانیان بلاّو دەکردەوە کە وەحی و نیگامان بۆدێ ئینجا خوای مەزن بەدرۆی خستنەوەو لەم بارەیەوە دەفەرموێ ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ﴾ واتە: دەبێ چ کەسێك لەوە زالّم و ستەمکارتربێ کە لەسەر خودا درۆ هەلّبەستێ و بلێ خوا هیچ شتێکی بە (وەحی) واتە: نیگا نەناردۆتە خوارێ، نە تەورات و نە قورئان﴿ أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ ﴾ واتەیان بلێ من لەلای خواوە (وەحی) و سروشتم بۆ هاتووە[(١)]، بەدرۆو بوختان ئەم داوایە بکات﴿ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ ﴾ واتە: لە راستیشدا هیچ نیگاو سورشتی بۆ نەهاتووە﴿ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ ﴾[(٢)]، واتە: یان بلێ منیش دەتوانم وەکو ئەو کتێبانە بنێرم خوا ناردوونی؟ یانی

---

(١) وەکو وێنەی (موسەیلەمەی درۆزن) لە ولاّتی یەمامە و (ئەسوەدەی عەنسی) لە ولاّتی یەمەن و یان (تولەیحەی ئەسەدی) وەکو لەناو هۆزی ئەلئەسەددا خۆی کردە پێغەمبەرو وێنەی ئەمانە (نەفرەتی خوایان لێبێت).

(٢) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی ئەو کەسانە دابەزیوە کە داوای پێغەمبەرایەتیان دەکردو، هاوشێوەی ئەمانەی لەپێشەوە باسکران.

کەسێ گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە گومڕایی وای لێکردبێت و بڵێ منیش وێنەی ئەو قورئانە خودا دایبەزاندووە دایدەبەزێنم.

(موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای مەزن بەو جۆرە کەسانە ئەڵێ کە ئەم ئیدیعایە ئەنجام ئەدەن بەدرۆو هەوەنتە با بتوانێ خۆی لە تەنگانەو ئازارەکانی (سەرەمەرگ) رزگار بکات و گیان نەدا بەدەستەوە وەك خوای گەورە[1] دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ﴾ واتە: ئەگەر لەکاتی سەرەمەرگدا ستەمکاران ببینی لە ناڕەحەتی و پەلەقاژێی مەرگدا چۆن گرفتار بوون ئەوجا کە فریشتەی گیان کێشانیش دەستیان لێ دەکەنەوە لێیان دەدەن و پێیان دەڵێن ئەگەر راست دەکەن لەم ناڕەحەتی و گیان کێشانە خۆتان خەلاس و رزگارو دەربازبکەن، ئا لەوکاتەدا فریشتەکان پێیان دەڵێن دە ئێستا خۆتان لەو ئازارە بەئێش و توندەوە دەربکەن و هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾﴾ واتە: ئەمرۆ کە ڕۆژی مردنتانە ئێوە پاداشتان ئەدرێتەوە بە سزایەکی ئابرووبەرتان و سەخت هەتا رۆژی دوایی بەهۆی شتێکەوە ئێوە ئەتان ووت و ئەتاندا بەسەر (خودادا) بەناحەق و نادرووست دوور لە راستی و (حەقیقەت) وەکو هاوبەش دانان بۆ خوا

(١) جا بێگومان خوای گەورە بە پێغەمبەر و بەهەموو بیسەران و بینەران ئەفەرموێ.

(خۆکردنتان) بە پێغەمبەری (درۆینەو) ئەتان ووت خوا (وەحی) و پەیام و سورشتی نەناردووەتە خوارەوە، هەروەها لەسەرخوا درۆتان هەڵدەبەست و قسەی ناڕێك و نابەجێتان دەكردوو وە لە بەرامبەر (قورئان) و ئایەتەكانیشەوە خۆتان بەزل دەزانی باوەڕتان پێ نەدەهێنا[1]، ئەوجا دیسانەكە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا پێیان دەفەرموێ ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾ أي جِئْتُمونا بِلاَ مالٍ وَلاَ وَلَدٍ كَما خَلَقْناكُمْ في الابتداءِ مُنفَردين عَن الأهلِ وَالمالِ وَالوَلَدِ حَفاةً عُراةً غُرلاً[2]، واتە: بێگومان ئێوە بەتەنهاو یەك یەك

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەڵێن ئەم ئایەتە دەربارەی (نەزری كوڕی حاریس) دابەزی كە دەیوت لەمەولا (لات و عوزا) تكام بۆدەكەن.

(٢) هەروەكو خاتوو عائیشە عەرزی پێغەمبەر (ﷺ) ئەكاو وەك هاتووە لەم فەرموودەیە (عن عائشە (رضي الله عنها) قالت سمعت رسول الله (ﷺ) يَقُول يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلاً ". قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ النِّسَاءُ وَالرِّجَالُ جَمِيعًا يَنْظُرُ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ قَالَتْ قَالَ (ﷺ) يَا عَائِشَةُ الأَمْرُ أَشَدُّ مِنْ أَنْ يَنْظُرَ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ رواه الشيخان، واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێت لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست دەیفەرموو لەڕۆژی قیامەتدا بەرەی ئادەمیزاد بە ژن و زەلامەوە كە (حەشر) دەكرێن چۆن تەماشای (عەورەتی) واتا تەماشای شەرمگای یەكتری ناكەن وەكو ئەندامی زاوزێ ی یەكتری نابینن؟ حەزرەت (ﷺ) فەرمووی ئەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆژەكە ئەوەندە سەختە و قورسە كێ دەتوانێ تەماشای شتی وا بكاو لەوەدانیە كە خەڵك بیر لە شتی وابكاتەوە یان تەماشای یەكتری بكەن، ئینجا لەدواییدا ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ ﴾ سورەتی عبس ئایەتی /٣٧.

دەگەڕێنەوە بۆلامان (بێ ماڵ و ئەولاد) و هاوسەر وەك چۆن یەكەمجار وا دروستمان كردن لە هەوەڵەوە بێ ماڵ و حاڵ و رووت و قووت و تاك و تەنیا هاتنەوە لامان هەروەك چۆن لەسەرەتاوە بێ ماڵ و سامان و رووت و قووت دروستمان كردن ﴿ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ ﴾ واتە: بێگومان هەرچیشمان پێدابوون لەماڵ و سامانی دونیا لەدوای خۆتان هەمووتان واتە گشتتان بەجێ هێشت ﴿ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ ﴾ واتە: ئەوانە نابینن بەهاناتەوە بێن كە واتان دەزانی لەلای خوا تكاكارتانن و، وە بەهاوبەشی خواتان دائەنان لە ژیان و سامان و دارایتاندا ئەتان گوت ئەمانە ئەبن بە تكاكار بۆمان لەلای خوا ﴿ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ (٩٤) ﴾ واتە: سوێند بەخوا پەیوەندی نێوانتان پچڕاو جیابوونەوە لە خزم و كەسوكارتان بە جێتان هێشت (موڵك) و سەروەت و سامانتان لە دەستتان چوو هەروەها دەسەڵات و تواناتان لەیەك ترازاندو پەیوەندی دۆست و خۆشەویستەكانتان پچڕاو ئەو شتانەش ئێوە بە گومان و خەیاڵی خۆتانەوە، واتان دەزانیێ تاكتان بۆ دەكەن هەموو تیاچوون و بەهیچ دەرچوون.

(خوای گەورە چ دەسەڵاتێکی هەیە لە بونەوەردا)

لەپاش ئەو شتانەی رابووردن خوای گەورە بۆ جارێکی تر بەڵگەو نیشانەی لەسەر بێ باوەڕو بت پەرستان دائەنێ[1]، بەهەندێ لەو شتانەی کە جێگەی سەرسوڕمانن لە درووستکروەکانی خۆی بە وێنەی دانەوێڵەو دەنکی تۆی میوە لەت دەکات و ئەیقڵیشێنێ لەناو ئەرزدا، ئینجا بەهۆی ئەو دەنکانەوە (زراعەت) واتە کشتوکاڵ سەوز دەکات بەهەموو جۆرەکانیەوە لەو دانەوێڵەو لە دەنکی میوەجات، جا بێگومان خوای مەزن و بەدەسەڵات لەهەموو جۆرە بەروبومێکی گرنگ بەدەست ئەهێنێ و پەیدا ئەکا، جا بزانن هەریەکە (تام) و بۆن و رەنگ و شێوەیەکی هەیە لەم بونەوەرەدا ئەوجا بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ﴾ أي شاق جميع الحبوب من الحنطةِ والشعيرِ والذرةِ وغيرها من الأوراق الخضرِ، أي خالق الحَبِ وَالنَوى، واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەقلیشێنێ دانەوێڵەیەکی بێ گیان و ووشك شەقی دەکات ئینجا لەو دنکە بچۆکلانەیە ئەو هەموو گیاو درەخت و بەروبوومە جوانانە دەدات (شینایی) و ئەو دارو درەختە گەورانە

---

(١) هەندێکی تر لە (موفەسیران) ئەڵێن پاش ئەوەی کە خوا باسی یەکایەتی خۆی و باسی پێغەمبەران و باسی ئەو کەسانەی کرد کە دژایەتی پێغەمبەرانیان کردووەو باوەڕیان بە (خوا) نەهێناوە و درۆ هەڵدەبەستن، خوا ئەیەوێ سەرنجی ئەو بێ باوەڕانە رابکێشێ کە بۆ بەردەوامی ژیانیان چی درووست کردووە بۆ ئەوەی بزانن کە خوا چ چاکەیەکی لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە ئەو خوایە چ دەسەڵاتێکی هەیەو چ خوایەکی مەزنە هەر ئەو شایستەی پەرستنەو بەس

دەڕوێنیٚ، واتــە: بێگومــان هــەر خوایــە ئــەو دەنــك و ناوکــە جۆراجــۆرەی دانەوێلە لەژێر خاك و زەویدا لـەت دەکات و کشتوکاڵی لـیٚ دەڕوێنـیٚ و دارو درەختی لیٚ سەوز دەکات)[1].

(سەرنجێکی گرنگ)

(موفەسیرەکان) لەژێر تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموون (ئێوە چۆن سەرنج نادەن و بیرناکەنەوە لە کاری خوای مـەزن و بەدەسـەڵات کـە لـە بونەوەردا ئەنجامی ئەدا) لە دەنکە تووەکان و دانەوێڵەو میوەجات، وەك وێنەی (گەنم و جـۆو نیسك و نـۆك و بـرنج و پاقلـەو هـەرزن و کـونجی و ماش و فاصولیا و لۆبیـا و تەماتـەو باینجـان و بامیـەو، نـاوکی خورمـا و خۆخ و هەڵووچکەو هەڵوژەو قەیسی و سێوو هەرمیٚ و ئەترنج و پرتـەقاڵ و مۆز و، کاڵەك و شووتی و خیارو ترۆزی و تریٚ و هەنجیر) و گەلیٚ شـتی تریش، ئینجا ئەم دانەوێڵەو دەنکە تۆیانە (فیقی) و میوەجاتانە، دەبێتـە دوو بـەش، هــەروەها بەشـێکی بـەرەو سـەریٚ دەچـیٚ و وە بەشــەکەی تریشی بەرەو خواریٚ بەزەوی دا شۆڕدەبێتەوە، دەبێتـە رەگ و ریـشە ، جا بێگومان ئەگەر ئادەمیزاد سەرنجی بە ووردی بدات هەر دەنکە تووێـك و میوەجاتێـك بۆخـۆی لەخۆیـدا (موعجیزەیەکـە)، جـا بابێینـەوە سـەر مەبەسـتی ئایەتەکـە کـەوا خـوای گـەورە ئەفـەرمووی ﴿ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ﴾ واتــە: زینـدووش لـە مـردوو دەردێنـیٚ

---

(١) زاناکانی (تەفسیر) ئەفەرموون ئەگەر سەد هەزار لاپەڕە زانیاری دەربارەی دەنکە تۆیەك تۆمار بکرێت هێشتا نهێنیەکانی ناوی حەق و مافی خۆی نەدراوەتیٚ.

یـانی گیـا لــه دانەوێڵــەی ووشــك دەڕوێنــێ ، وە مــردووش لــه زینــدوو دەردەهێنێت، ئەوجا تەماشاکه لـەو زەویـە ڕەق و ووشـکە ئـەو سـەوزەو میوەیه درووست دەکـات و ئـەو زینـدووە لـەو مـردووە دەردەهێنێـت، و هەروەها دەردەهێنێـت مـردووش لـه زینـدوو، لـەو درەختـه زینـدووە تـۆ درووست دەبێـت کـه مـردووە، یـان لـه مـرۆڤ کـه زینـدووە، تـۆو (نطفـة) درووست ئەبێت یا له (مریشك) هێلکه درووست ئەبێت واته لەو زیندووانـه مردوویان لێ درووست ئەبێت، وە هەروەها عەبـدوڵڵای کـوڕی عەباسـیش (خوایان لێ رازی بێت) ئەفەرمووێ: (یَخرج المؤمنُ منَ الکافرِ وَالکافرُ مـنَ المؤمنِ)، واته: خوای گـەورە دەرئـەهێنێ ئیمانـدار لـه بـێ بـاوەڕ وە بـێ بـاوەڕ لــه ئیمانــدار و هــەروەها بەپێــچەوانەشەوە[1]، ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾ واته: ئەوەی ئەو کارانه دەکات خـوای پـەروەردگارتانـه ئینجا چۆن بوختان به خوا ئەکەن و هەڵدەبەستن و ڕوو له خـوا ناکـەن و باوەڕی پێ نایەنن و نایپەرستن، وە هەروەها خوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا ﴾ واتـه: خـودا لـەتاریکی شـەودا ڕوونـاکی دێنێتـەدەر، وە هـەروەها شـەوی گێـڕاوە بـەکات و هـۆی ئـارام گـرتن ڕەحـەتی مانـدوویی دەرچـوون، یـان شـەوی دانـاوە بـۆ کـاتی حەسـانەوەو پـشووی لـەش و گیـان ﴿ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا ﴾

---

(١) بروانه: (صفوه التفاسیر) له نووسینی (محمد علی الصابونی) بەرگی/١، لاپەڕە/٤٠٨.

واتە: خۆرو مانگیشی بە ئەندازەو حسێبێکی وورد راگرتووە، چونکە هەریەکەیان لەجێگای خۆیدا زۆر بە ووردی دێن و دەچن ﴿ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٩٦﴾ ﴾ واتە: ئەوەش ئەندازەگیری خوای خاوەن دەسەلاَتو زانایە وە هەر خوا هەموو کارێك لە شوێنی خۆی ئەکات ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ ﴾ واتە: هەر خوایە کە ئەستێرەی والێکردووە کە لە تاریکایی شەو لەسەر زەوی و، دەریا رێگای پێ بزانێ و، وە رێگە دەربکەن، ﴿ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ ﴾ واتە: لە تاریکەکانی وشکانی و دەریاو زەریاکاندا رێیان پێ دەرکەن ﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی ئێمە ئایەتەکان بەش بەش رۆن ئەکەینەوە بۆ ئەوانەی زانان و سوودیان لێ وەرئەگرن ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ ﴾[1]، واتە: بێگومان هەر ئەویشە ئێوەی ئێوەی لەتەنیا کەسێك دروست کردووە کە ئەویش حەزرەتی ئادەمە (سەلامی خوای لێبێت) لەدوای ئەوە لە

---

(١) قال ابن عباس (رضي الله عنهما) المستقر في الأرحام، والمستودع في الاصلاب، أي لكم إستقرار في أرحام أُمَهاتِكُم وَأصلابِ آبائكُم، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (خوایان لێ رازای بێت) ئەڵێ (لَمُسْتَقرٌ) واتە: مەبەست پێی (رەحمی) ئافرەتانە لە ناو منداڵدانەوە (وَمُستَوْدَعٌ) واتە: مەبەستی (صلب)ە واتە پشتی پیاوانە، بەلاَم ئیبن مەسعود، بەشێوەیەکی تر، راڤەی کردووە (فَمُستقرٌ) واتە لە دونیا کۆی کردونەتەوە، (وَمُستَوْدَعٌ) واتە: کاتی مردن جێگری دەکات و دایدەمەزرێنێت.

شـــوێنێك كـــۆی كردونەتـــەوەو دایمەزرانـــدون[1]، ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْآيَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾واتـــە: بەڕاســـتی هـــەموو بەڵگـــەو نیـــشانەمان بەدرێـــژی بـــۆ باســـكردن وە بۆمـــان دەرخـــستن و ڕۆنكردنـــەوە، تـــاكو ئـــەو خەڵكە تێبگەن و لـەكاری خـوای گـەورە ووردببنـەوە، جـا خـوای گـەورە دێتە سـەر باسـێكی تـر كـە ئاسمانی و زەمینیـە، وە لەڕاسـتیدا ئێجگـار ڕوون و ئاشكراو بەهێزیشە، هەروەكو ئەفـەرمووێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ ﴾ واتـــە: بەڕاســـتی ئـــەو خوایە زاتێكی ئەوتۆیە لە ئاسمانەوە بـاران دەبارێنێـت لـە هەورەكانـەوە بە ئەندازەی پێویـست ئینجـا هـەموو جـۆرە شـینایی و ڕووەكێكمـان لـێ دەرهێنـــا ﴿ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا ﴾ واتــە: لــەو گیایــە شــیناییمان دەرهێنــاو ئینجــا لــەو شــیناییەش دانــەی ســواربوو لەســەر یــەكمان دەرهێنــاو ئینجــا لــەو گیایــە ســەوزە دانەوێڵــە دەرئەچێ و كە بەڕزێدان ئەگرێ وەك گوڵە (گـەنم) و جـۆو گەنمـە شـامی ﴿ وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ ﴾ واتـــە: چـــەندەها جـــۆرە دار

(١) جا بێگومان (موفەسیرەكان) زۆر درێژەیان پێ دراوەو باسیان كردوەو بەچەند جۆر ڕاڤەیان كردووە هەندێكی تریش لە (موفەسیرەكان) ئەڵێن، ووتەی یەكەم بەجۆرێكی تریش خوێندراوەتەوە (فَمُسْتَقَرٌ) لەسەر ئەم بارە ئیسمی (فاعیلە)و دووەمیش ئیسمی (مەفعولە) واتە: هەندێكیان نیشتەجێ و ئارامگرە، هەندێ جێ نیەو مانەوەی كاتی یە و بەسپاردە دانراوە.

میوەشـی پێدەگەیـەنێت وەك دارخورمـا کـە (خورماکـەی) بەهێـشووەو شـۆڕدەبێتەوە بـەبن دارەکەیـەوە، ﴿ وَجَنَّٰتٍ مِّنۡ أَعۡنَابٍ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشۡتَبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ﴾ واتـە: هـەروەها رەزوو بـاغی تـرێ و زەیتوون و هەنارمان بۆ سەوزکردن و هەندێ لە میوەو دارگوڵ و گیایانـە لەیـەك ئەچـن و هەندێکیـشیان لەیـەك ناچـن زۆرلێـك جیـاوازن، چـونکە هەیانە بەرەکـەی (شـیرینە) هەیـە ترشـەو، هەیـە (مـزرە) و هەیـە تاڵـەو هەشە تامێکی تری هەیە چونکە بێگومان هەیە رەنگـی بەروبوومەکەشـی جیـاوازە جۆراوجـۆرە، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓۚ ﴾ أي أُنْظروا أيها الناس نظر إعتبـار واستبـصار إلى خروج هذه الثِمار من إبتداءِ خروجها إلى انتهاء ظهورها ونُـضجها كيْـفَ تَنْتَقل من حالٍ إلى حال في اللون والرائحةِ والصغرِ وَالكِبَرِ، واتە: بەچـاوێکی ووردو سـەیر بـەروبوموی ئـەو رەزوو باغانـە بکـەن کـە بـەردەگرێ و پـێ ئەگات هەندێکی (تـوێکڵی) هەیـەو بـە توێکڵـەوە دەخـورێ، وەك خـۆخ و قەیـسی و تـرێ و هـەرمێ و هـەنجیر، بـەڵام هەنـدێکی تـر توێکڵەکـەی نـاخورێ وەك هـەنار و گـوێزوو ...گـەلێکی تـر، جـا بێگومـان ئـەو میوەجاتانە لەکاتی پێگەیشتنی خۆیـان ئەوەنـدە جـوان ئـەنوێنن خـەڵك حەز ئەکات بیخوات، جا ئەو میوەجاتـە لـەکاتێکا بەرهەمـەکانیان یەکـەم جار دێنە دەرەوە بچووك و بێ سـوودو بـێ تـامن بـەڵام کـاتێ پێدەگـەن خاوەن سوودن لەشیان گەورەو بەتامن وەهەنـدێکیان بـۆن و رووخـسارو رەنگـی خـۆی هەیـە، هەنـدێکیان قـەبارەی بـچوکەو هەنـدێکیان مـەزن و

گەورەن، جا بێگومان هەریەکەی بۆن و تام و ڕەنگ و دیمەن و بەرامێکی لەخۆ گرتووە بەشێوەیەکی زۆر جوان جا پوختەی ووتەکان ئەم میوەجاتانە لەیەك پەیدابوونیان تاڵن دوایی ترش دەبێ، دوایی کە پێ ئەگا شیرین دەبێ ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ۝٩٩﴾ واتە: بەڕاستی لەو چەند شتانەدا گەلێ نیشانەی گەورە هەن بۆ گەلێك بیەوێ باوەڕ بەخوا بکاو ، وە بەدەسەلاتی خودا.

(شەریك و هاوەڵ دانان بۆ خوداو دانانی کچ و کوڕ و خێزان بۆی العیاذ باللە)

ئەوجا لەپاش ئەوەی خوای گەورە چەند بەڵگەو نیشانەی گەورەی لەسەر خوایەتی خۆی هێنایەوە کە دەسەلات و تواناو ڕەحمەتی بێ شوماری خۆی هێنایە (وجود) ئەوجا لەدواییدا دێتە سەر باسی ئەوەی کە هەندێ کەسی نەزان و نەفام هەنەو کوڕو کچ و ژنی بۆ ئەنجام ئەدەن کە خوای گەورە دوورە لەو شتە پڕوپووچە ناهەموارانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ۝١٠٠﴾ واتە: لەسەر ئەو هەموو نیشانەو بەڵگانە دا کە لە دەسەلاتی خودا خوای گەورە ئەیبینن کە خوا هەموو شتێکی دروست کردووە ئەوجا جنۆکە واتە (ئەجندە) دەکەنە هاوبەش و (شەریك) و هاوەڵ بۆ خوای گەورە و ئیانپەرستن (ئەو بێ باوەڕو بت پەرستانە) جا بێگومان ئەوانە ئەوەندە نەزانن و نەفامن و بێ (عەقڵ) و بێ ژیرین، کوڕو کچ و هاوسەری بۆ

ئەنجام ئەدەن و (قەرار) ئەدەن جا هەندێکی تر لە بتپەرستان و بێ باوەڕان ئەیانگوت (فریشتەکان) کچی خودان جوولەکەکانیش ئەیانگوت (عوزەیر) کوڕی خوایە (العیاذ بالله) مەسیحییەکانیش ئەیانگوت (عیسا) کوڕی خوایە (پەنا بەخوا) بەڵام پاکی و بێ گەردی و بێ وێنەیی هەر بۆ خوای گەورەیە جا بێگومان خوای مەزن دوورە لەوانەی کە ئەوان بوختانی بۆ هەڵئەبەستن و ئەیڵێن و ئەنجامی ئەدەن بە خەیاڵی پووچ و هیچی خۆیان، خوای گەورە لە وەڵامی ئەو بت پەرستانە ئەڵێ و ئەفەرمووێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ ﴾ واتە: خودای ئاسمانەکان و زەوی بەجوانترین شێوە بەدیهێناوە و درووست کردووە، چۆن ژن و منداڵی دەبێت؟ جا چۆن ئەو بێ باوەڕو (کافرانە) جورئەت دەکەن و بوختانی نەقۆڵای ئاوا دەدەنە پاڵ ئەو زاتە خۆ هاوسەری نیە و هاوتای نیەو تاك و تەنهایە..؟ چونکە ئەوەی هەیە هەمووی (مەخلوقی) خودایە و ئەو درووستی کردووە ئیتر چۆن شتێك لە درووستکراوەکانی خۆی دەبێتە وێنەو هاوەڵ بۆی..؟، جا بێگومان هەموو شتێکیش بە بتەکانی ئەوانیشەوە هەرخۆی دروستیکردووە وە بەهەموو شتێکیش زۆر زاناو بەئاگایە ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴿١٠٢﴾ ﴾واتە: هەر ئەو خوایە پەروەردگارەی ئێوەو خوای ئێوە، جا

بێگومان جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر نیە بۆ پەرستن بشێ لەغەیری ئەو زاتە خاوەن دەسەلاتە، چونکە هەموو شتێکیش هەر ئەو دروستیکردووە دووە هەر خۆشی هەموو کاروبارێك هەڵدەسوڕێنێ و رێکی ئەخات و چاودێری هەموو شتێکە.

(خودا بەچاو نابینرێ مەگەر لە رۆژی دوایی)

جا بابێینەوە سەر ئایەتەکان بەجوانی گوێ بگرین و بیرکەینەوە لەهەندێ (حوکمی) قورئانی پیرۆزو ئەو سیفەتانەی کە قورئان پێمان ئەفەرموێ خوای گەورەمان پێ ئەناسێنێ هەندێ نهێنیشمان بۆ روون ئەکاتەوە هەروەکو ئەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ﴾ أي لا تَصِلُ اليهِ الأبصار ولا تُحيط بهِ وَهوَ يرهَا ويُحيطُ بِها لِشمُول عِلمهِ تعالى للخَفيات، واته: هیچ چاوێك درکی ناکاو بۆی نابینرێ و دەورەی پێ نادات و لەکاتێکدا ئەو هەموو چاوەکان درك دەکاو دەبینێ و دەوری پێ دەدات و دەبینێ و بە ووردیش بە ئاگایی لەهەموو شتێکەوە بەتایبەتی ئاگاداری هەموو نهێنیەکانە، بەلام لە رۆژی قیامەتدا موسڵمانان هەموو دەبینن چونکە خودا بۆخۆی ئەفەرموێ ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ سورەتی/ القيامة، ئایەتی/٢٢، هەروەکو لە (حەدیسی) صەحیحدا هاتووە[1]، ئەفەرمووێ: (إنَّكُم سَتَرَوْنَ رَبَّكُم كَالقَمَرِ لَيلَةَ البَدر) واتە: ئێوەی موسڵمانان خوای خۆتان ئەبینن هەروەکو

---

(١) متفق عليه.

چۆن لەشەوی چواردە مانگ ئەبینن[1]، جا بێگومـان موسـڵمانان لـەڕۆژی قیامەت خوا دەبینن بەلاَم (کافر) واتە بێ باوەڕ بەدەقی قورئان نـابینێ وەکــو ئەفــەرموێ ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ ســورەتی المطففین، ئایـەتی/١٥، جـا بێینـەوە سـەر ئایەتەکـەی پێشوو ﴿ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾ واتە: بێگومان خوا کار ناسکەو هـەموو شـتێ ئەزانێ و خوا ئەزانێ بەهەموو کـارێکی نهێنـی و بەهـەموو گیروگرفتێك و نیازی هەموو بوونەوەران و جێگەی ئەوان و ئاگاداریانە.

(**پاشکۆ**)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) لە تەفـسیرەکانیان چـەند فەرمودەیـەکیان هێناوە لەبارەی دیتن و نەدیتنی خـوای گـەورە هەنـدێ ئـەڵێن (سـەلەفی صالح) و زانایانی ئایینی و هـەروەها (سـەلەف) و (خەلـەف) ئەفـەرموون لەسەر زاهیری (فەرموودەی-حەدیس) لەدونیادا بۆکـەس رێکنەکـەوتووە و نـەکراوە مەگـەر لـە میعراجـدا پێغەمبـەر (ﷺ) دووجـار خـوای مـەزنی بینیوە بە دیتنێکی شیاوی ئەوبێ، چونکە ئەنـەس (رەزای خـوای لـێبێ) ئەگێڕێتـەوەو ئـەڵێ پێغەمبـەر (ﷺ) خـوای گـەورەی بینیـوە (دووجـار) لەشەوی میعراجـدا هـەروەکو (ئـیبن خوزەیمـە) لـە موسـنەدا هێناویـەتی (ڕیوایـەتی کـردووەو فەرموویـەتی حـەزرەت (ﷺ) خـودای بینـی وە هەروەها (ریوایەت) کراوە لە ئـیبن و عەباسـەوە (رەزای خوایـان لێبێـت)

---

(١) خوێنەرانی ئازیزم زانایانی (حەدیس) ئەفەرموون (٢١) واتە بیست و یەك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو فەرموودەیان(ریوایەت)کردووە لەپێغەمبەرەوە(ﷺ).

لـە تەفـسیری ﴿مَا كَذَبَ ٱلۡفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ (١١) أَفَتُمَٰرُونَهُۥ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ (١٢) وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ (١٣) عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ (١٤)﴾ سورەتی النجم، ئایەتی/١١- ١٤، دا فەرموویـەتی دووجـار بـەڵێ خـوای گـەورەی دیـوە، بـەڵام دیـارە مەبەسـتی چـاوی دڵـە نـەك چـاوی سـەر[1]، ئـەوجا پێـشەوا النـووی (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەڵێ لەو بارەیەوە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) خـوای پـەروەردگاری بەچـاوی سـەر بینیـوە لەشـەوی شـەورۆیدا و لەشـەرحی (صـحیح) موسـلیمدا لـەدوایی چـەند فەرمودەیـەك داو ئـەڵێ (فَالحاصـل أنّ الـرَّاجِحَ عِنـدَ أكثـر العُلَمـاءِ أنّ رَسُـول الله (ﷺ) رأى ربـهُ بِعَيني رَأسه لَيلَة الإسراء)[2]، واتە: پوختەی ووتەکان ئەوەی رای بەهێزتر لـەلای زۆربـەی زانایـان ئەوەیـە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەشـەوی میعراج دا بەچاوی سەری خوای گـەورەی خـۆی بینیـوە، بـا بگەڕێینـەوە سەر ئایەتەکە ﴿قَدۡ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡ﴾ أي قـد جـائكُم البَينـات وَالحجج الـتيْ تَبـصرُون بِهَـا الهَـدى مِـنَ الـضلالِ وَتميـزونَ بِهَـا بَـيْنَ الحَـقِ وَالباطل) واتە: بەڕاستی ئێوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە چەندین بەڵگـەو فــەرمانتان بــۆ هــاتووە (مەبەســت قورئــانی پــیرۆزە)[3]، چــونکە ڕێنیشاندەرتان بۆ هاتووە وەهەروەها ڕەهنومائی بۆ هاتووە (ئەو بەڵگەو

---

(١) بروانە تەفسیری نامی لەدانانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەرگی سێیەم، لاپەڕە/١٨٨.

(٢) بروانە: (صحیح مسلم مع شرح النووی) لە نوسینی محی الدین النووی، بەرگی/٣، لاپەڕە/٧.

(٣) موفەسیرەکان ئەفەرموون (بصائر) بریتیە لە روونکردنەوەی بەڵگەکانی قورئانی لەسەر پێکهاتووە وە ئەوەش کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆی هاتووە.

دەلیلانـەی) کـە قورئـان لـەخۆی گرتـوون و پێغەمبـەر (ﷺ) لـە فەرمودەکانیدا شی کردونەتەوە بەدەلیل و بەڵگەی عەقلی و نەقلی و کـە چەسـپێنەری (عەقیـدە) واتـە بیروبـاوەڕی راسـت و درووسـتن، وە سەرچاوەی ژیانی کامـەرانین و، وە یاسـای گشتی کۆمـەڵن و هـەروەها بنـەماو سەرچاوەی ئـەخلاق و رەوشـتە بـەرزەکانن، وە یەکلاکـەرەوەی حەق و راستی و باتڵن ئیتر هیدایەت و گومڕایی بەدەست خودا خۆیـەتی، ئەوجا ئەفەرموێ ﴿ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا ۚ ﴾ (المَعنَى مَنْ أبصَرَ الحَقَّ وآمَنَ فلنَفسه أبْصَرَ وإياها نَفع ومَنْ عمي عَنْهُ فعلـى نفسه عمي وإياها ضَرَّ بالْعمَى) واتە: دوایی هەرکەسـێ ئـەو راسـتیانە ببیـسێ و باوەڕیـان پـێ بهێنـێ دوایـی سـودو قازانجەکـەی هـەر بۆخۆیـەتی، واتـە چاکەی بۆخۆی کردووە، وە هەر کەسێك خۆی (کوێر) بکاو ئەو راسـتیانە نـەبینێ وە رێگـە وون بکـا دوایـی بێگومـان خراپـەی لەسـەر خۆیـەتی و بۆخۆی دەگەڕێتەوەو زەرەر ئەکا، ﴿ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾ ﴾ (أي لَسْتُ عَلَيْكُم بحافظ ولا رقيب وإنما أنا مُنذر والله هُو الحَفيظُ عَلَيكُم) واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ من پاسەوان و چاودێری کـەر نـیم بەسـەر ئێوە نەیەڵم گوناهو خراپە بکەن دوایی روون بوونەوەی بەڵگەکان، بەڵکو من موژدەدەرو ترسێنەری ئێوەم بەڵکو هەر خوا ئاگاداری هـەموو شـتەو چاودێری ئێوە ئەکا.

(سەرنجێکی گرنگ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون بێ باوەڕەکان پێش (ئاینی ئیسلام) بێت عەرەبە قورەیشیەکان گەلێکی نەخوێندەوارو نەزان بوون هەروەها فریان بە زانین و زانیاریەوە نەبووە کاتێك گوێیان ئەگرت لە خوێندنی (قورئان)

ی پیرۆز و زانین و زانیاری زۆریان لەو قورئانەدا ئەبینی کە حەزرەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێبێت) دەیهێنا بۆ حەزرەت (ﷺ) لەگەڵ دەلیل و بەڵگەو نیشانەی (پەك خەر) بۆیان لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان نەئەهێنا و ڕێنموییان وەرنەئەگرت ئینجا پەلاماری بڕوبیانوی درۆیینەیان ئەداو، ووتیان ئەی محمد ئەم قورئانە تۆ هەڵتبەستیوەو هێناوتەو فێری بووی لەولاو لەولا چونکە بێ باوەڕەکان ئەیانگوت هەروەکو ئەفەرموێ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ ﴾[1]، واتە: بۆ ئەوەی ئەوان سەرەنجام (عاقیبەتیان) بێتەسەر ئەوەی بڵێن تۆ ئەم قورئانەت لەلای غەیری خۆت خوێندوە چونکە ئەوەی ڕاستی بێت (کافرەکان) واتە: بێ باوەڕەکان وایاندەگۆت ئەوجا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوشتانە خوای گەورە فەرمووی ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾ واتە: هەروەها ئێمە ڕوونی ئەکەینەوە، یانی دووپاتی ئەکەینەوە چەندین بەڵگەی ئاشکراو ڕوون وەك لەمەوبەر ڕوونمان کردەوە بۆ ئەوەی بێ باوەڕان پەکییان بکەوێ یان ئێمە هەر ئاوا گشت بەڵگەو نیشانەکان ئاڵوگۆڕدەکەین و واتە جۆراوجۆر دەیانخەینە ڕوو تا هەق و ناهەق دەربکەوێ ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ أي وَلِيَقُـول المُـشرِكُون دَرَسْتَ يـا مُحمد في الكُتب وَقَرأت فيهَا وَجئْتَ بِهَذا القرآن وَاللامُ لامُ

---

(١) هەندێ (موفەسیرین) ئەڵێن لە مەککە دوو غوڵامی ڕوومی هەبوون (مەسیحی) بوون بەناوی(یسار) و (جَبْر) پێغەمبەریش (ﷺ) هەندێ جار لەگەڵیان ڕادەوەستاو بانگیان دەکرد بۆ باوەڕهێنان بەئاینی ئیسلام و ئینجا قورەیشیەکان ئەیانگوت و بوختانیان ئەکرد ئەم دووانە موحەمەدیان فێری ئەو قورئانە کردووە.

العاقِبــة[1]، أي وَلِنُوضِــحهُ لِقَــوْمٍ يَعْلَمُــونَ الحَــقّ فَيَتَبِعُونَــهُ) واتــە: بــێ باوەڕەکان لـەباتی ئـەوە بـاوەڕبێنن و کەچـی گوتیـان بـە پێغەمبـەر تـۆ بۆخۆت ئەو قورئانەت لای ئەم و ئـەو خوێنـدووە، و وەرگرتـووە نـەك لـە خواوە، بۆت هاتبێ، بەمانایەکی تـر لەسـەر ئـەو ڕووکردنـەوەی کـە خـوا کردوویـەتی لەسـەر ئـەو هـەموو بەڵگـەو نیـشانانەش هێـشتا ئـەو بـت پەرستانە بـا بڵـێن پێغەمبـەر تـۆ لـەلای هەنـدێ کـەس خوێندۆتـەوە[2]، فێرکراوی جـا بێگومـان ئێمـە ئـەو قورئانـەو ئـەو بەڵگـەو نیـشانانە دیـار ئەکەین و بەدەری ئەخەین و ڕوونی ئەکەینەوە بـۆ ئـەو خەڵکانـە تـابزانن ڕێگەی هەق و ڕاستی چۆنەو پێیدا بڕۆن و بیگرنە بەر بەتایبەتی ئەوانـەی خـاوەن ژیـرن و شـت تـێ دەگـەن و دەزانـن ﴿ ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن

---

(١) هەندێك لە زانایانی تەفسیر ئەڵێن ئەو لامە لامی (عاقبە) یە نەك لامی (علە) ئەو چونکە خوای گەورە ئایەتەکانی خۆی بۆ ئەوە نەناردوون کە (کافرەکان) واتە: بێ باوەڕەکان بڵێن ئەی (محمد) تۆ لەلای خەڵکی دیکە خوێندویەوە وەکو ئەم دوو غولامە (نەصرانیە)ی ناوبراو ئەمە ووتەیەکی لەجێی خۆی نیە، بڕوانە (صفوە التفاسیر) لە نووسینی (شیخ محمد علی الصابونی)، بەرگی١، لاپەڕە/٤١٥.

(٢) هەروەکو لەپێشەوە باسی ئەو دوو غولامە (نەصرانیەمان) کرد جگە لەوانیش پێغەمبەر هەندێ جاریش ئەڕۆیشتە لای دوکانی ئاسنگەرێکی (ڕۆمی) و سەیری دەکرد تا بزانێت چۆن ئاسنگەری دەکات و ئەڵێن ئەو کوڕە گەنجە لە مەککە ناوی (قەیس) بوو شمشێری دروستدەکرد، جا بتپەرستەکان دەیانگوت (محمد) لای ئەو ئاسنگەرە فێری قورئان بووەو لە ئایەتێکی تردا خودا دەفەرموێت ئەم بتپەرستانە نابێت تێفکرن کە ئەو ئاسنگەرە (عەرەب) نیە تا لە قورئان بکات ئەوجا چۆن دەبێت بڵێن قورئان لەو وەرگیراوە؟.

﴿رَبِّكَ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٦﴾﴾ واتـــه: ئـــەی پێغەمبـەر تـۆ شـوێنی ئـەوە بکـەوە کـە لەلایـەنی پەروەردگارتـەوە بـە (وەحی) واتە بەنیگا بۆت هاتووە، وە بزانە لەخودا زیاتر هیچ خودایـەکی تر نیە ئیتر تۆ واز لە موشریکان و بـێ بـاوەڕان و هاوبەشـدانەران بێنـەو گوێ مەدەرە ئەو موشریکانە و پشتیان تێ بکەو ڕوو هەر لە خوابکە، جا ئەفەرمووێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ ۗ وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٧﴾﴾ واتـە: ئەگـەر خـوا ئـارەزووی بوایـە ئـەو بـێ باوەڕانە خوایان بە یەك دائەنا و (شەریك) و هاوبەشیان بۆ خودا دانەئەنا (بەلأم فەرمانی) پێ داون ئەقڵی خۆیان بخەنە کار بۆ دۆزینـەوەی ڕێگـای ڕاستی و (حەقیقەت) چونکە خـوای گـەورە زۆر لەکـەس ناکـا بـۆ کردنـی هـیچ شـتێ پـاش ئـەوەی ئـەقڵی پـێ بەخـشیون و چـاك و خـراپ لایـان ئاشکرایە و خۆیان خاوەنی هەڵبژاردنن و (موخەیر) کراون.

جا بێگومان خۆ ئێمـە تۆمـان نـەکردووە بـە چـاودێر بەسـەریانەوە تـا تاوانـەکانیان بـژمێرێت تـۆ ئـەی پێغەمبـەر تـەنهایی ڕێنمـایی کـردن و گەیاندنی وە حیکمـەت واتـە پەیامەکـەت لەسـەرەو بەس، هـەروەکو لـە جێگایـەکی تـریش دا ئەفـەرموێ ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾﴾ واتـە: هیچ دەسەلأتێك نیە بەسەریانەوە بتوانێ بـەزۆر بڕوایـان پـێ بێنێـت یـان جەنگیان لەگەڵ بکەیت.

(قسەی ناشرین و جنێودان بە بت و صەنەمەکان مەدەن تا ئەوانیش جنێو بە خوای ئێوە نەدەن)

موفەسیرەکان ئەفەرموون موسڵمانەکان جنێویان ئەدا بە بتەکانی بێ باوەڕان ئینجا ئەوانیش وەڵامی ئەوانیان ئەدایەوەو لە جنێودان بەخوا ئینجا خوای گەورە ئەوەی لێ قەدەغەکردن و هەروەکو فەرموویﵟ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِﵞواتە: جنێوو قسەی ناشرین مەڵێن بەو بت و پەرستراوانەی کە ئەوان ئەیپەرستن و هاواری لێ ئەکەن ﵟ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدۡوَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ ﵞ ئەوجا ئەوانیش بە دژایەتی و نەزانین جنێو بە خودای ئێوە ئەدەن[1]،ﵟكَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمۡ ﵞ أی كما زينا لهؤلاء أعمَالَهُم كَذلِكَ زَيّنـا لِكُلِ أُمّةٍ عَمَلُهُم[2]، واتە: بەو شێوەیە ئێمە کردەوەی هەموو گەل و نەتەوەیەکمان لەپێش چاوی خۆیان رازاندۆتەوە و شیرین کردووە و مۆڵەتمان پێداون تا بەو

---

(١) چونکە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بە ئەوە ئەکات و ئەفەرموێت با شتێك چاك و باشیش بێت مادام ببێتە هۆی پەیدابوونی خراپەیەکی گەورە پێویستە موسڵمان ئەوکارە نەکات هەرچەندە کارەکە لەخۆیدا چاك و باشیش بێت هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمە بوو ئەگێڕنەو لە ئیبن و عە باسەوە (رەزای خوایان لێبێت) ئەفەرموێ موشریکەکان وتیان ئەی محمد ئەگەر واز دەهێنن لە قسەی خراپ وتن بە پەرستراوەکانمان باشە، ئەگەرنا ئێمەش قسەی خراپ ئەکەین بەرامبەر بەخوای ئێوە، جا ئەوانیش وازیان هێنا.

(٢) قال عبدالله بن عباس (المعنی زیّنا لأهل الطاعَةِ الطاعة، ولِإهل الكُفرِ الكُفرَ).

شێوەی خۆیان دەیانەوێت هەرچی دەکەن چ چاکەبێت یان خراپە.

(ئاگادارییەکی گرنگ)

خوێنەرانی ئازیزم ئەبێ بزانین ئەو (جوملەیە) واتە: ئەو رستەیە هەرچەندە بە روالەت وامان پیشان ئەدا کە خوای گەورە رازاندوەتیەوە بۆیان بتپەرستی بەلاّم لە ناوەڕۆکەکانەوە مەبەست نیە بەڵکو (شەیتان) هۆی رازاندنەوەیەتی و بۆیان جوان ئەکات جا بێگومان بەڵگەشمان ئەم ئایەتانەیە هەروەکو خوای گەورە لە ئایەی رابردووی سورەی (ئەنعام) دا فەرمووی ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٤٣﴾ سورەتی ئەنعام، ئایەتی/٤٣، واتە: شەیتان ئەو شیرك و تاوانانەی لەسەری بوون بۆی رازاندونەتەوەو لەپێش چاوی جوانکردون هەروەها لەسەر بێ باوەڕی مانەوە، کەواتە خوا فەرمان نادا بەبێ باوەڕی و بڕازنێیتەوە لەدواییدا سزاشی بدا لەسەری و (موحاسەبەی بکا).

٢- خوای گەورە لە سورەتی (الحُجرات) لە ئایەتی/٧ دا ئەفەرموێ ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِي قُلُوبِكُمۡ وَكَرَّهَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكُفۡرَ وَٱلۡفُسُوقَ وَٱلۡعِصۡيَانَۚ﴾ واتە: بەڕاستی خوای گەورە خۆشەویستی کردووە ئیمان و باوەڕهێنان بۆلای ئێوەو رازاندویەتیەوە لە دڵی ئێوەدا وە بێزانویەتی کوفرو بێ باوەڕی و بێ فەرمانی و لە سنوور دەرچوون و گوناه کردن.

(ڕوونکردنەوەیەك)

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ شتێ لە زانیاری و توانای خوا دەرناچێ چونکە لەو ئایەتەی ئێرەدا ئەو ڕازاندنەوەی داوەتە پاڵ خۆی جا بێگومان خوای گەورە بەجۆرێ ئادەمیزادی درووست کردووە کە جوانی کردووە (عەمەل) و کردەوەکانی خۆیان بۆیان لەسەری ئەڕۆن بەگوێرەی سروشت و ئەقڵی پێداون و کاری چاك و خراپەی لەیەك جوێ بکەنەوە ئەگەر ئادەمیزادی بەجۆرێك دروست بکردایە هەموو کارێکی خۆیان بەناشرین بزانیایە هیچ کارێکیان نەئەکرد نە چاك و نە خراپ چاك و خراپیان لەخۆ جیانەئەکردەوە، کەواتە بە (ئەقڵە) هەیانە ئەگەر لەخۆیان نەگۆڕن و بیربکەنەوە لەهەر شتێك چاك و خراپی لێ جوێ ئەکەنەوە ئەوەی چاك بێ ئەیکەن و ئەوەی خراپ بێ نایکەن کەواتە خۆیان تاوانبارن بۆ هەڵبژاردنی کاری خراپ[1]، جا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەی پێشوو ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ واتە: پاشان لەڕۆژی دواییدا هەموویان دەگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگاریان ئینجا ئەوکاتە خودا کردەوەکانی خۆیان دەخاتە پێش چاویان و ئەوجا ئاگاداریان دەکاتەوە لێیان پاشان بەپێی کردەوەکانیان هەریەکەو (جەزای) واتا پاداشتی خۆی وەردەگرێت چاکە بە چکەو خراپە بە خراپە.

---

(١) بڕوانە تەفسیری زمناکۆیی لە نووسینی مامۆستا مەلا سەعید زمناکۆیی، لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٧، لاپەڕە/٣٣٧.

(فەرمووده‌ی خوای مەزن... وأقسموا بالله...هتد)

زۆربەی موفەسیرەکان لە تەفسیرەکانیان ئەم روداوەیان باس کردووە وەکو ئیبن و جەریری طبری لە محمد ی کوڕی کەعبی القرظي دەڵێ (قورەیشییەکان) لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ووتیان ئەی محمد پێمان بڵێ ئەوە حەزرەتی موسا پێغەمبەر (ع) بەدار عەساکەی دای لەبەرد ١٢ کانی ئاوی لێ دەرچوو وە گەلی ثموود وشتریان بۆ دەرچوو بە (موعجیزەی) صالح پێغەمبەر لەبەرد پەیدابوو، وە حەزرەتی عیساش مردووی زیندوو دەکردەوە، دەتۆش ئەگەر راست دەکەی بەبەڵگە پێمان بسەلمێنە کە پێغەمبەری و نیگات بۆدێ (موعجیزەیەکمان) بۆ بنوێنە تا بڕوات پێ بێنین؟ پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموون ئێوە چیتان دەوێ لەمن کە بۆتان بکەم؟ ووتیان کێوی (صەفامان) بۆ بکە بە زێڕو ئاڵتون ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەگەر ئەو موعجیزەیەم هێناو ئیمانم واتە بڕوام پێ ئەکەن و ئیمان دەهێنن؟ ووتیان بەڵێ بەخوای مەزن بڕوات پێ ئەکەین ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە پاڕانەوە و نزاکردن ئەوجا بەپەلە حەزرەتی جوبرائیل (ع) هاتە خوارێ بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر ئەتەوێ کێوەکە بۆت دەکرێ بە زێڕ بەڵام ئەگەر بڕوا بەتۆو بە خوای گەورە نەهێنن ئەوا تووشی قەهرو غەزەبی خوای بەدەسەڵات بۆیان دێ یان سزایەکی توندیان ئەدەین ئەگەر بشتەوێ وازیان لێ بێنە تاوەکو تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە، بەڵکو موسڵمان ببن و یان بگەڕێنەوە سەر رێگای راست و درووست ئەوجا خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارێ و فەرمووی ﴿ وَأَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ

﴿ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ﴾ واتـــە: موشـــريك و بـــێ باوەڕان ئەوان سوێند دەخۆن بەسوێندێکی زۆر توند و گەورە یانی ئەوان سوێند دەخۆن بەخوای مـەزن و دەڵـێن ئەگـەر بەڵگـەو موعجیزەیـەکیان نیشان بدرێت بـاوەڕی پـێ دەکـەن ئیمـان دەهێنن ﴿ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ[1] إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾ ﴾ واتە: ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ بەڵگـەو موعجیزەکـان هـەمووی بەدەست خـوای گەورەیـە هـەر خـوا خـۆی دەتوانێـت (موعجیزەکـان) بێنێتـەدی، ئـەوجا دەفـەرموێت جـا ئێـوە مەبەسـت موسـڵمانەکانە کـە حـەز دەکـەن (موعجیزەیەکیان) بۆ بێت بەڵکو باوەڕ بێنن کـێ دەڵێـت و چـۆن دەزانـن کە ئەگەر ئەو داواکاریەیان بۆ بێتەدی ئیمان دێنن؟.

واتە ئێوە چۆزانن دەرەنجامی چـۆن دەبێـت کـاتێ نیشانیان درا کـێ دەڵێ بەوەش باوەڕ دەکەن و ناڵێن ئەمـەش (سـیحرو) جادوویەکـە ، جـا خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾ أي وَنحولُ قلوبَهُم عَنْ الإيمانِ كما لَمْ تؤمنـوا بِمَـا أُنْزِلَ من القرآن أوّلَ مرّةٍ، واتە: بێگومان ئێمە چاوو دڵیان لە ئاسـتی هـەق

---

(١) هەندێ لە(موفەسیرەکان) وشەی (أنها) بەدووجۆر خوێندنەوەی هاتووە ئەگەر بە(مفتوحی)بخوێندرێتەوە دوو مانای هەیەو (یەکەمان) ئەوەیە خوێندنەوەی (مەشهوور)و (أنّ) بەمانا (لعلّی) دێت، ئەو کاتە وای لێ دێتەوە (ومايُشعركم لعلى الآيات إذا جاء لايؤمنون).

و راستی وەردەگێڕێن وە لەکاریان دەخەین وەك چۆن لەسەرەتاوە بڕوایان بەو قورئانە نەهێناوە، یان هەروەکو چۆن لەسەرەتاوە یەکەم جار باوەڕیان نەبوو بەدەسەلاتی بێ سنووری خواو ئەم هەموو موعجیزە بێ شومارەی کە دەوری داون﴿ وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾ ﴾ أي نَترُكهم في ضَلَالِهِمْ يتَخَبطونَ ويترددون مُتحَيرين) واتە: ئێمە جارێ وازیان لێ دەهێنین تا لە ستەم و سەرکەشی و گومڕایی خۆیاندا سەرگەردان بن ڕۆبچن، بۆکوێ دەچن لەدەستی (قودرەتمان) هەرگیز دەرباز نابن ، واتە ئەو بت پەرست و بێ باوەڕانە پاش ئەوەی بەردەوامن لەسەر گومڕایی خۆیان لەگەڵ دانانی ئەو هەموو بەڵگە روون و ئاشکرایانە کە بۆیان هات و دانراوە راستی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان پێ ئەزانرا، واز لەو هەموو موعجیزەو بەڵگانە ئەهێنن و پشت لە خواو پێغەمبەرو ئایینی ئیسلام ئەکەن ، کەواتە چی ئەکەن با بیکەن ، هەتا رۆژی قیامەت بە سزای کردەوەی خۆیان ئەگەن.

بەيارمەتی خودای پەروەردگار و مەزن ئەمڕۆكە ڕۆژی ٨ شەوالی ساڵی /١٤٣٨ی كۆچی بەرامبەر ١٣ ی تەموزی مانگی ٧ ی ساڵی /٢٠١٦ ی زايينی لەڕەشنووسی ئەم جوزئی حەوتەمە بوومەوە لە حوجرەی پەرتوكخانەی خۆمدا لە ناحيەی دارەتووی سەر بە قەزای بەردەڕەشی پارێزگای دهۆك.

داواكارم لە خوای بە بەزەيی و ميهرەبان، ئەوەی بۆخۆم و منداڵەكان و خێزانەكانم و تاقە برايەكەم مەلا (عەبدوڵڵای غەزالی) و گشت موسڵمانان ئەوەی چاكە بۆمان بسازێنیٚ وە بەتايبەتی خوايە لەخۆم و دايكم و باوكم خۆش ببە شادمان بكە بە بەهەشتی پان و بەرين ئامين.

(وصلى الله وسلم على حبيبه سيدنا محمد المصطفى وعلى آله الطيبين الأبرار وأصحابه الأخيار وبارك لَهُم إلى يوم الدين، وآخر دعوانا أنِ الْحَمدُ للهِ ربِّ العالمين).

كۆتايی جزئی حەوتەم

جزئی هەشتەم

سورەتی الانعام

خوێنەرانی ئازیزم ، دوای ئەوەی کە خوای گەورە روونی کردەوە لە ئایەتەکانی پێشوو کە کۆمەڵێ لە (کافر)و بێ باوەڕان داوایان لە حەزرەت (ﷺ) کرد کەوا نیشانەیەکی تایبەتیان بۆ بنێرێ و هات ئیمان بهێنن و موسڵمان ببن هەروەها باوەڕدارانیش زۆریان لەلا خۆش بوو حەزیان ئەکرد وەڵامیان بدرێتەوە (چونکە لەپێشەوە (کافرەکان) واتە بێ باوەڕەکان سوێندیان خواردو وتیان ﴿لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا﴾ بەلاّم خوای گەورە بە پێغەمبەر و موسڵمانەکان ئەفەرمووێ و دڵنیایان ئەکاتەوەو ئەفەرموێ ئەو (کافر) و بێ باوەڕانە ئەگەر زۆرتر لەو داخوازیانەی پێشووش بەڵگەی زۆر گەورەتریشیان بۆ بهێنی ئەوان هەرگیز ئیمان و باوەڕ ناهێنن بەتۆو قورئانەکەی خوا بۆتی رەوانە کردووە بە حەزرەتی جوبرائیل (سەلامی خوای لێبێت) ، ئینجا خوای گەورە لە وەلاّمیاندا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ کە ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْ

أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾ واتە: ئەگەر ئێمە فریشتەمان بۆلای ئەو بێ باوەڕانە بناردایە لایان وە بەچاوی خۆیان فریشتەکانیان بدیتبایە وەك داوایانکرد وە هەروەها مردووەکانیش قسەیان لەگەڵدا بکردنایە هەموو شتێکمان بۆ کۆبکردنایەتەوە، یانی ڕووبەڕوو بەپێش چاویانەوە هێشتا باوەڕیان نەدەهێنا، خۆ ئەگەر گفتوگۆیان لەگەڵ ئەو بێ باوەڕانە (مردووەکان) دوایی ئێمە زیندوویان بکەینەوە کەوا شایەتی بدەن بە یەکێتی خواو پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) وەك خۆیان ئەیان ووت باوك و باپیرانمان بۆ زیندوو بکەنەوە ﴿وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا ﴾[1]، واتە: هەموو شتمان لە ڕووبەڕووی ئەونە کۆکردایەتەوە هەواڵیان پێ بدانایە کە ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە ڕاستەو هەر باوەڕیان نەدەکردو نەدەهێنا، هەروەکو ئەفەرموێ: ﴿مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾ ﴾ واتە: باوەڕیان دەهێنا مەگەر خوا مەیل و ئارەزوو و ویستی لێبا ئەگینا هەرگیز باوەڕ ناهێنن[2]، بەڵام زۆربەیان نەزان و نەفامن و بێ ئاگان لەم ڕاستیانەداو بیر ناکەنەوە و تێ نافکرن و هەتا

---

(١) لەهەندێ خوێندنەوەو قیرائەتا ئەخوێننەوە بە (قِبَلًا) واتە ڕووبەڕوو بەرامبەر بە هەستەکانیان یان کوێ (قبیل)ە واتە کۆمەڵە خەڵکێك.

(٢) موفەسیرەکان ئەفەرموون جا بێگومان ئەمە بێ هیواو مەیئوسبونە لە ئیمانهێنانیان هەتا پێغەمبەریش (ﷺ) بەهیواو بەتەمایان نەبێ کە باوەڕ بهێنن.

ئەمڕۆش گا پەرست و شەیتان پەرست و بت پەرستان هەرماوون، خوا پەنامان بێ و بمان پارێزێ.

(هەموو پێغەمبەرێ ناحەزو دووژمنێکی هەبووە)

ئەوجا خوای گەورە لەم بارەیەوە ئەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ ﴾ (أي كما جعلنا هؤلاء المُشركين أعْداءك يُعادُونك وَيخالِفُونَك كَذَلِكَ جَعَلنا لِمَنْ قَبلَكَ مِنَ الأنبياءِ أعداء من شياطينَ الإنس والجنِ فاصبر على الأذى كما صبروا) واتە: وەکو چۆن ئەو (موشریك) و بێ باوەڕانەمان کردوون بە دووژمنی تۆ کە دژایەتیت دەکەن هەر بەو چەشنەش بۆ هەموو پێغەمبەرێك کە پێش تۆوە رەوانە کرابێ مەگەر کوو (ئیللا) دووژمنانی بۆ داناوە (لەنێو شەیتانەکانی مرۆڤ[1]، و جنۆکە)دانا یانی ئەی خۆشەویست ئێمە وەك چۆن دووژمنێکمان بۆتۆ داناوە ئاوایش دوژمنمان بۆ گشت پێغەمبەرەکانی تری پێش خۆت دانا ئینجا دژایەتیت دەکەن و دەچن بە گژتا ئەوجا ئەمە دلگرانت نەکاو خۆڕاگربەو سەبر بگرە هەروەکو پێغەمبەرەکانی پێش تۆ (صەبریان) گرت و خۆڕاگربوون بەرامبەر بە

---

(١) جا ئەوەی راستی بێت هەموو مرۆڤێکی سنوور بەزێن (شەیتانە) چونکە حەزرەت (ﷺ) بە ئەبو زەڕی غەفاری (خوا لێی رازی بێت) فەرموو (لە شەیتانی بنیادەم و جنۆکە پەنات بردە بەرخوا؟ ئەویش ووتی بۆ لە مرۆڤیشدا شەیتانی هەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ هەیە، بڕوانە تەفسیری (طبري)جامع البيان، بەرگی/٨، لاپەڕە/٧.

ئێش و ئازاری گەلەکەیان.

﴿ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ﴾ (أي يُوسْوِسُ بَعْضُهم إلى بَعْضٍ بالضلالِ والشَّرِ، أي يُوَسوِسُونَ بالكلامِ المُزينِ والأباطيلِ المموّهة ليَغروا الناسَ وَيَخْدَعُوهُمْ) واتە: ئەو خەڵکە شەیتانە لەگەڵ شەیتان هەندێکیان بۆ فریودان و گوتەی رازاوەو قسەی لووس و رووبەڕوویان وەستانەتەوە، وە بە فروفێڵ هەموو جۆرە کۆسپێکیان خستۆتە سەر رێگاکەیان، بەتایبەتی بیروباوەڕی وا دەنێنە ناو مێشکی خەڵك و وایان لێ ئەکەن (چ بە وەسوەسە) و خەتەراتی شەڕو گومڕایی بۆ ناو مێشك و دڵ و دەروونیاندا تا هەڵبخەڵەتێن و بە قسەی پڕوپوچ بچێتە ناو مێشکیان و پەسەندی بکەن و لەسەری بڕۆن، بۆ هەڵخەڵەتاندنیان و هاندانیان لەسەرڕێچی و دوژمنایەتی پێغەمبەرەکان و ئایینە پیرۆزەکەی خوای پەروەردگارت، ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾ (أي لَوْ شاءَ الله ما عادى هؤلاء أَنْبيَاءهم وَلَكِن حِكْمَةُ اللهِ أقتضتْ هَذا الإبتلاء ، أنْ أتركُهُمْ وَمَا يُدَبرُونَ من المكائدِ فإن الله كافيك وناصرك عليهم)، واتە: ئەی پێغەمبەر دڵنیابە ئەگەر پەروەردگارت ویستبای ئەو بێ باوەڕانە دژو نەیار نەبن و ئەوجۆرە (درۆو دەلەسەو قسانە) هەڵنەبەستن هەرگیز نەیان ئەتوانی دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ پێغەمبەرەکان و موسڵمانان بکەن، بەڵام (حیکمەتی) خۆی لەوەدایە کە هەر پێغەمبەرێ دژو نەیارێکی هەبێ چونکە خوای گەورە بەندەکانی خۆی تاقی ئەکاتەوە تا دەرکەوێ بۆ خەڵکی کام

دامەزراوو گوێڕایەڵە و کام سەرکێش و بێ دین و گومڕایە، تا بەپێی ئەو کردەوەی خۆیانە ئەجرو پاداشتیان بداتەوەو تۆڵەو سزای ئەوان بدات کە شایستەن و موستەحەقن، واتە سا تۆش ئەی پێغەمبەر لێیان گەڕێ وازیان لێ بێنەو با (درۆو بوختانیان) هەڵبەستن و فڕوفێڵ ئەنجام بدەن و خەڵك هەڵخەڵەتێنن و لە ڕێبازی هەق و ڕاستی لایان دەن ئینجا پرسیارو وەڵام و (سزادانیان) لەسەر ئێمەیە، وە تۆ گرنگیان پێ مەدە تۆ لەسەر بانگەوازی خۆت بەردەوام بە هەروەها پشت بە خودا ببەستە خودا بەستەو یارمەتیدەرتە بەسەریاندا.

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِتَصۡغَىٰٓ إِلَيۡهِ أَفۡـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ ﴾ واتە: با بەدڵ گوێی بۆ ڕاگرن چونکە ئەو (شەیتانانە) هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی دڵی ئەو کەسانە نەرم بکەن کە ئیمان و باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیە، ﴿ وَلِيَرۡضَوۡهُ وَلِيَقۡتَرِفُواْ مَا هُم مُّقۡتَرِفُونَ ١١٣ ﴾ واتە: قسەکانیان پەسەند بکەن و پێی ڕازی بن، تا گوێ بگرن بۆ وەسوەسەکانیان و شوێنیان بکەون بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بکەن چونکە ئەوان بەردەوام دەیکەن.

(گەورەترین بەڵگە قورئانی پیرۆزە بۆ ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ))

(موفەسیرەکان) دوو بۆچوونیان هەیە بەهۆی دابەزینی ئەم چەند ئایەتەوە:

یەکەم: هاوبەش دانەران وتیان بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەی محمد (ﷺ) تۆ دابنێ بۆ ئێمە ناوبژی کەرێ لە زاناکانی جووەکان یا قەشەکانی گەورەو بەناوبانگەکان بۆ ئەوەی هەواڵ بدەن بە ئێمە بەو شتەی لە نامەکانی ئەواندا هەیە لە بارەی (پێغەمبەرایەتی) تۆوە بۆ ئەو مەبەستە خوا فەرمانی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتانە دابەزی.

دووەم: تەورات و ئینجیلە، جا ئەم دووانە بەڕوونی ئەوەیان تێدایە کە محمد (ﷺ) پێغەمبەری خوایەو ، وە ڕەوانەکراوی خوایە وە (قورئان) ی پیرۆز پەرتوکێکی هەق و ڕاستە لە خوای گەورەوە بۆی دابەزیوە بەهۆی جوبرائیلەوە بۆی دابەزیوە، هەروەها بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی (پێغەمبەرایەتی) حەزرەتی محمد (ﷺ) وە هیچ شك و گومانی تێدانیە، جا ئەوەیە خوای گەورەپێیان ئەفەرموێ و فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەکاو پێی ئەفەرموێ بڵێ بە بێ باوەڕەکان ﴿ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى

﴿حَكَمًا﴾ أي قُلْ لَهُم يا مُحَمَد أفغيرَ الله أطلبُ قَاضياً بيني وبينكم[1]، واته: پێیان بڵێ ئایه رەوایه که منی پێغەمبەر کەسێ یان یەکی تر جگه لەخوای گەورە بکەمە (حەکەم) واته: دادوەری نێوانمان ؟ هەتا شایەدی بدات کاممان راست دەکات؟ ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا﴾ أي أنْزَلَ إليكُم القُرآن بِأوضَحِ بيان مُفَصلاً فيهِ الحقّ والباطل، واته خوایەکی وەها قورئانی ناردووەته خوارێ بۆ ئێوه هەموو شتێکی تێیدا رۆن کراوەتەوە کە بەدووروودرێژی رێبازی دینداری و خواناسی تێیدا رۆن کردۆتەوە، وە هەروەها پڕوپوچی لەحەق جیاکردۆتەوە ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ﴾ أي وعلماء اليهود وَالنصارى يَعْلَمُون حَقّ العِلم أنّ القُرآن حَقٌ لِتَصديقهِ مَا عِنْدَهُم، واته: بێگومان ئەوانەی کە (کتێبمان) پێ بەخشیون ، بەتایبەتی

---

(١) قالَ أبو حيان: قالَ مشركو قريش لِرَسول الله (ﷺ) اجعل بيننا وبينكم حكماً إن شئتَ من أحبار اليهود أو النصارى ليخبرنا عنك بما في كتابهم من أمرك فنزلت) واته: ئەبو حیان ئەڵێ بێ باوەڕە قورەیشیەکان داوایان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە فەرماندەیەك لە زانا جوولەکەکان هەروەها زانا قەشەکان لەنێوان خۆی ئەوان دابنێ کە بڕیار بدەن کام لەسەر راستین خواش فەرمووی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئایە یەکێکی تر لەجیاتی خوا بکەمە فەرماندەرو بڕیارمان لەنێوان بدات؟ کە ئەو خوایە بەخۆی ئەو قورئانەی بەتەواوی بە ووردو درێژی بۆ ئێوە هەناردۆتە خوارەوە، وە هەموو شتێکی تێدا روون کردۆتەوە، بڕوانە تەفسیری (بحر المحیط) بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٠٦.

جوولەکەو مەسیحییەکان چاك دەزانن کە ئەم قورئانە لەلایەن خودای پەروەردگارتەوە ڕەوانەکراوو نێردراوەتە خوارەوە چونکە (ئینجیل و تەورات) مزگێنی هاتنی ئایینی ئیسلامیان تێدایە وە موژدەی هاتنی پێغەمبەریشیان تێدایە ، چونکە بەڕاستی ئەم قورئانە هەمووی حەقیقەت و ڕاستی پێیە وە هێناویەتی بەتایبەتی شتی نهێنی و غەیبی، ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾ أي فَلاَ تَكُوننَ منَ الشّاكينَ، واتە: ئەی پێغەمبەر نەکەی لەبارەی هاتنەخوارەوە قورئان لەلایەن خوداوە هیچ شك و گومانێکت هەبێت[1]، جا خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾ ﴾ واتە: فەرمان و فەرمودەکانی پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەوپەڕی ڕاستی و دادپەروەری دا بەئەنجام گەیشتووە، چونکە کەس ناتوانێ ووتەو قسەکانی بگۆڕێ واتە: هیچ کەسێ ناتوانێ ڕێ لە بڕیارەکانی بگرێ نە لە دنیادا نە لە قیامەتیشدا چونکە خوا ئاگادارەو زانایە بەهەموو قسەو کردەوەیەکی هەموو کەسێك وە هیچی لێ وون نابێ و ناشاردرێتەوە.

---

(١) هەرچەندە ئەوەتایبەتی فەرمانە بە ڕواڵەت ئاماژە بۆ پێغەمبەر ئەکا بەلآم لە ڕاستیدا مەبەست هەموو کەسێك دەگرێتەوە بەتایبەتی موسڵمانان.

(أكثر الناس ضالون: واتە زۆرینەی خەڵك لە گومڕاییدان)

موفەسیرەکان ئەڵێن ئەم ئایەتەی کە ئێستاکە دێت ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوی لەبارەی بیروباوەڕەوە سەرلێشێواوو گومڕابوون و (شەریك) و هاوەڵیان بۆ خوای مەزن دائەناو هەروەها (ئینکاری) پێغەمبەرایەتیان دەکرد، سەرلێشێوو بوون لەبارەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەتایبەتی لەبارەی (حەلاڵ و حەرامەوە) جا خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرمووێ: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر لەزۆربەی خەڵکانی ئەم سەر زەویە کە بێ باوەڕن جا ئەگەر پەیڕەوی بکەیت یانی بەگوێیان بکەیت ئەوە لەسەر ڕێگای خوا لات دەدەن و ئەتترازێنن و سەرلێ شێووت دەکەن، جا بێگومان خوای گەورە لێردا باسی حاڵی زۆرینەی خەڵکی سەرزەمین دەکات لەنەوەی بەنی ئادەم کە سەرلێشێواوو گومڕان وەك خوای گەورە لەم چەند ئایەتەی پێشوودا[1]، ئاماژەی بۆ کردووە، جا تەواوی ئایەتەکەی پێشوو ئەوەیە: ﴿إِن

---

(١) وەکو لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ ضَلَّ قَبۡلَهُمۡ أَكۡثَرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ۝٧١﴾ سورەتی الصافات، ئایەتی/٧١، وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ۝١٠٣﴾ سورەتی یوسف، ئایەتی /١٠٣.

﴿يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾﴾ (أي مَا يَتَبِعونَ فِي أمُور الدينِ إلاّ الظّنونَ والأوهام يُقلّدُونَ آبائَهُم ظَنّاً مِنهُم أنَهُم عَلَى الحَقِ وَمَاهُمْ إلاّ قَومٌ يَكْذِبُون)، واتـە: بەڕاسـتی ئـەو بـێ باوەڕانـە تـەنیا شـوێنی گومـانی خراپ دەکەون و لە پروپووچ خەریکن دەگەڕێن، هەر درۆو دەلەسە بۆتـە پیشەیان و تەقلیدی باوو بـاپیرە گومڕایـەکانیان بـە گومـانی خۆیـان کـە ئەوان لەسەر حەق و ڕاستی بوون بەڵام ئـەوان گـەلێکی نـەفام و نـەزان و سەرلێشێواو بوون، جا بێگومان ئەو بت پـەرستانەش هـەموو بڕیارێکیـان لەسەر مەزەنـدەو تێوەڕامانـە ناگەڕێنـەوە سـەر فـەرمانی خـوای گـەورە چونکە ئەوان درۆ ئەکەن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾﴾ واتـــــە: بەڕاستی پەروەردگارت زۆر باشتر بەئاگاو زانایە لەحاڵێ ئەو کەسانە کـە لـەڕێی خـودا لایانـداوە، هـەروەها زانیـاری تەوایـشی هەیـە دەربـارەی ئەوانەی کە ڕێبازی (هیدایەت) دەگرنە بەر.

((ڕەوایەو درووستە ئەو ئاژەڵانەی بەناوی خودا سەردەبڕێن)) بیبان خۆی

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَـٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾﴾ واتە: ئێوە گۆشتی ئەو (حەیوانانە) یانی ئەو ئاژەڵانە بخۆن کە لەکاتی سەربڕیندا ناوی خوایان لەسەر هێنراوە[1]، واتە: ئەگەر بەڕاستی باوەڕتان بەفەرمانەکانی خودا هەیە جا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (خودای مەزن) فەرمانی داوە کە لەو (حەیوانانە) بخۆن کە ناوی خوای لەسەر براوە بەتایبەتی لەکاتی سەربڕیندا هەروەکو ئەفەرموێ: ﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ واتە: لەبەرچی ئێوە ئەوەی ناوی خوای لێ هاتووە سەربڕاوە نایخۆن لەگەڵ ئەوەی کە لێتان (حەرام) واتە قەدەغە کراوە نابێ بیخۆن چونکە بەتەواوی و بەدرێژی خوا بۆی دیاری کردوون مەگەر لەحاڵێك کەوا ناچار بن و هیچ نەبێ بیخۆن (نزیك بێ لەبرسان بمرن) هیچ خواردنێکیش

---

(١) نەك ئەوانەی کە لەغەیری خوداوە ناویان هێنراوە و، ئەوە بە (شەرعی) خواو پێغەمبەر (ﷺ) حەرامەو، چونکە لەسەردەمی جاهیلیدا واتە نەفامی دا بتپەرستەکان ئاژەڵیان سەردەبڕی ناوی غەیری خودایان لەسەر دەهێنا وەکو ناوی بت و سەنەم یان ناوی پیاوێکی کافر و زەندیق کە بەچاوی گەورەیی تەماشایان ئەکرد ئینجا خوا ئەمەی قەدەغەکرد لە ئیسلامدا.

دەست نەکەوێت، ئەو کاتە دروستە لەو شتە (حەرام) کراوانەش بخورێت وەك گۆشتی مردارەوەبوو، ئەندازەی پێویست لەو قەدەغە کراوە بخورێ و زێدەڕۆیی تێدا نەکرێ هەروەکو لە شەریعەتی ئیسلام روون کراوەتەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١١٩﴾﴾ واتە: زۆر کەس لەو بێ باوەڕانە بە ئارزەوو و هەوەسی خۆیان بێ ئەوەی هیچ عیلم و زانیاریەکیان هەبێ کە خوای گەورە چی حەڵاڵ و رەوا کردووە وە چی قەدغەو حەرام کردووە، ئەوانە بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان هەبێ دەڵێن ئەوە بخۆن و ئەوە مەخۆن، واتە بێگومان بەڕاستی خوا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی لە ئەندازە دەردەچن و زیادەڕۆیی دەکەن کە دەست درێژی کاران و خۆشیان و خەڵکیش لە سنوور دەترازێنن ئەوجا هەروەها خوای گەورە فەرمان بە موسڵمانان ئەکاو لەهەموو گوناهو تاوانێك دووربکەونەوەن هەروەکو ئەفەرموێ: ﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ۚ﴾ أي أترُكُوا المَعَاصِيَ ظاهِرَها وَباطِنَها وسِرَّهَا وَعَلانيتَها، واتە: واز لەهەموو تاوان و گوناهێك بێنن چ ئاشکراو چ نهێنی چ پەنهانی، چونکە خوا چ نهێنی بێ و چ ئاشکرا بێ وازی لێ بهێنن و مەیکەن چونکە بێگومان ئەوەی راستی بێت (خراپە) بەهەر جۆرێك بکرێت هەر خراپەیە ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ ﴿١٢٠﴾﴾ أي يَكْسِبونَ الإثْمَ والمعاصي وَيأتُونَ مَا حَرَم الله سَيَلْقُونَ في الآخرة جزاءَ

ماكانوا يَكْتَسِبون، واته: ئەوانەی تاوان و گوناه دەكەن بە ئاشكرا یان بە نهێنی بەدەستی ئەنقەست دەچن بەگژ ئەو كارانەی كە خودای گەورە قەدەغەی كردووە[1]، وەك مەی خواردنەوەو داوێن پیسی، ئەوانەی گوناه دەكەن و خراپەكاری ئەنجام دەدەن ئەوە لە رۆژی دواییدا بەپێی كردەوەی خۆیان سزا دەدرێن.

(تێبینیەكی گرنگ)

جا بێگومان خوای گەورە فەرمانی پێ ئەكات بەوەی كە هەر حەیوانێك واتە ئاژەڵێك لەكاتی سەربڕین دا ناوی خوای پەروەردگاری لەسەر نەبردراو یا (بسم الله) ی لێ نەكراو ئەوە درووست نیە (شەرعاً) لێی بخۆن، وەكو خوا ئەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ﴾ أي لا تَأكلُوا أيها المُؤمنُون مِمَا ذُبِحَ لِغيرِ اللهِ أوْ ذكر إسم غير اللهِ عليه كالذي يُذبح لِلأوثان (وإنَهُ لفِسقٌ) أي وإن الأكلَ مِنهُ لَمَعْصيَةٌ وخروجٌ عَنْ طَائعَةِ اللهِ، واتە: ئەی كۆمەڵی بڕواداران گۆشتی ئاژەڵێك مەخۆن كە مردار بووبێتەوەو یانی سەرنەبڕدرابێ یان سەربڕدرابێ و ناوی خوای لەسەر نەهێندرابێ یان بۆ غەیری خودا سەربڕدرابێ وەكو ئەو ئاژەڵەی كە كافرەكان واتە بێ باوەڕەكان بۆ

---

[1] كۆمەڵی لە زانایانی وەك (ابن سیرین و شەعبی و فخرالدین و ئیمام رازی)و لایان وایە كە هەر سەربڕاوێ ناوی خوای لەسەر نەهێندرابێ ئەوە خواردنی قەدەغەیە بەڵام لەلای (شافعیەكان) ئەو سەربڕاوەی كە ناوی خوای لەسەر دێنی سوننەتەو بەڵام ئەگەر لەبیرت چوو ئەوە (حەرام) نابێ و خواردنی درووستە.

بتەکان سەری دەبڕن، چونکە بەڕاستی خواردنی ئەو شتەی ناوی خوای لەسەر نەنرابێ ئەوە لە سنوور دەرچوونە و گوناهو تاوانە[1]، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ﴾ أي وإن الشياطينَ لَيُوَسوِسونَ إلى المُشركين أوليائهم في الضّلالِ لمجادلة المؤمنين بالباطل في قولهم أتأكلونَ ممّا قَتَلتُم ولاَ تأكلونَ ممَا قتل الله؟ يعني الميتة، واتە: بەڕاستی ئەبێ بشزانی کە شەیتانەکان هەمیشە بە (وەسوەسە) و شتی پڕوپووچ دەخەنە دڵ و مێشکی دۆستەکانیانەوە بۆ ئەوەی موجادەلە و دەمەقاڵێتان لەگەڵ بکەن بەتایبەتی لەگەڵ ئیماندارەکان بەقسەی پڕوپووچەوە یان جگە شەیتانەکان هەندێ کەسیش ئەوانیش وەك شەیتانن بە قسەی لووس و رازازە خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن تاکو چەندو چونیان لەگەڵ بکەن و بڵێن مردارەبوو لەگەڵ سەربڕاوەکە یەکە، وە ناوی خواو ناوی بتی لەسەر هێندراوەو هەردووکی هەر خوا ئەیکوژێ، وەکو یەکن..؟، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾ أي وان أطعمْتُم هؤلاءِ المُشْركينَ في أكل الْمَيتةِ وإستِحْلالِها منْ غير إضطرار لإنَكمْ إذاً مثْلَهُم، قالَ المُفَسرون لأنّ مَن أتبعَ غير الله تعالى في دينه فَقَدْ أشْركَ به، واتە: ئێوەش ئەگەر بەگوێیان بکەن و گوێڕایەڵ بن بۆیان ئەوە

---

(١) پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ: (الأثمُ ما حَاكَ في نَفْسِكَ وكَرِهتَ أن يَطلِعَ النّاسُ) رواه مسلم، واتە: تاوان و گوناه ئەو شتەیە کە دڵی داگرتووی و پێت ناخۆشە خەڵکی ئاگادار بن لەسەر تاوانەکە.

ئێـوەش وەك ئـەوان دەبـن و دەچـنە ڕیـزی (موشـریکانەوە) بەبۆنـەی ئـەوەوە کـە (حـەیوانی) مردارەوەبـوو بخـۆی و پـێتـان حـەڵاڵ بـێ ئـەوە ناچاریش بن ئینجا ئەوکاتە ئێوەش وەك ئەوانتان لێ دێت چونکە زۆر لـە (موفەسیرەکان) ئەڵێن بەڵگەو دەلیلی ئـەو ئایەتـەی پێشوو هەرکەسـێ پـەیڕەوی کردنـی غـەیری ئـایین و بەرنامـەی خـوا بکـا ئـەوە کـوفرەو (شەریك) دانانە بۆ خوای گەورە (خوا پەنامان بێت).

(موسڵمانی خاوەن باوەڕ هەمیشە زیندووەو کافرو خوانەناس هەمیشە مردووە)

موفەسیرەکان لەو ئایەتەدا نموونەی حاڵی موسڵمانی خـاوەن بـاوەڕو هیدایەتدار و (کافر) واتە بێ باوەڕی گومڕا باس دەکـا ئینجـا ئـەوە ڕوون دەکاتەوە کە موسڵمانی خاوەن بـاوەڕو هیدایـەت دراو، وەکـو مردوویـەك وایە کە زیندوو ببێتەوە، وە بە نوری قورئان ڕۆشـنایی درابـێ، هـەروەها ئەویش بەکاری بێنێ لـەقازانج و بەرژەوەنـدی خۆیـداو سـودی بۆخـۆی و کۆمـەڵ هـەبێ، بـەڵام کـافری واتـە بـێ بـاوەڕی و گـومڕاو بـێ ئیمـان و سەرلێشێواوی، وەکـو کەسـێك وایـە کـە لەتاریکیـدا سـەری لـێ شـێوابێ بەهیچ لایەکدا ڕێ دەرنەکاو هەمیشە سەرگەردان بێ[1].

---

(١) بڕوانە تەفسیری (ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان) لەگەڵ دەستکاری لە نووسینی مەلا مەحمودی گەلاڵی، بەرگی/٨، لاپەڕە/٣١٢.

جا موفەسیرەکان بۆ دابەزینی ئەم ئایەتە دوو هۆکاری تریشیان باس کردووە:

١- ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، ئەڵێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە (شەئنی) عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) وە لە (شەئنی ئەبو جەهلدا) ئەمانە لەبەر گومڕایی وەکو مردوو وابوون، وە بارانی میهرەبانی رەحمەت عومەری کوڕی خەتابی زیندوو کردەوەو موسڵمان بوو.

٢- پێشەوا (واحیدی) لە عەبدوڵلاّی کوڕی عەباسەوە (خوایان لێ رازی بێت) ئەگێڕێتەوە[1]، ئەڵێ ئەم ئایەتە لە شەئنی (حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە هاتۆتە خوارێ، وە دەڵێن (ئەبو جەهل) هەندێ پیسایی ناو زگی ئاژەڵی هاوێشتە سەر پشتی پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا کە جەنابی خەریکی نوێژکردن بوو، ئینجا ئەو هەواڵەیان گەیاند بە ئیمامی حەمزەو هێشتان ئیمانی نەهێنابوو، ئەوجا ئەوکاتەی ئەو هەواڵەیان دایێ تازە لەڕاو گەڕابۆوە، قەوسەکەی هەر بەدەستەوەبوو ئینجا بە تورەییەوە بەرەو (ئەبو جەهل) رۆیی و لە نزیك ماڵی خودا ئەبو جەهلی گرت و پێی گووت ئەوە بۆ زوڵم و ستەم لە برازاکەم دەکەی ئینجا لە تۆڵەی برازاکەی دایە بەر شەقازلە ، جا (ئەبو جەهل) هاواری لێ هەڵساو گوتی ئەی (حەمزە) تۆ نازانی ئەوەی (محمد) هێناویەتی (عەقل) و هۆشی لێ شێواندوین جنێو بە خوداکانمان ئەدا و خواکانی

---

(١) بروانە (التفسير البسيط) لەنووسینی (ابی الحسن علی بن احمد بن محمد الواحدی) بەرگی٨، لاپەڕە/٤٠٧، المطبعة المصریه، الاسکندریه.

ئێمەی ڕەزیل کردووە مەبەستی (بت و صەنەمەکان)بوو، جا ئیمامی حەمزەش لە وەڵامیدا فەرمووی کێ لە ئێوە بێ عەقڵ ترە؟ لەجیاتی خوای گەورە دارو بەرد دەپەرستن ئەوجا یەکسەر شەهادەی هێناو فەرمووی (أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله) ئیتر خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو فەرمووی

﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ ﴾

واتە: ئایە ئەو کەسەی کە مردوو بوو بەهۆی بێ دینی و بێ باوەڕیەوە پاشان ئێمە ژیانمان پێ بەخشی، بەهۆی ئیمان و باوەڕەوە هەروەها بێگومان نورو روناکیمان پێ بەخشی کە قورئانە، وەلەگەڵ هەندێشدا روناکی و نوریشی بدەینێ رێی خۆی پێ دەرکاو بەسەربەستی لەناو خەڵکدا هاتووچۆ بکات ﴿ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ واتە: وەك وێنەی کەسێ وایە لەناو تاریکیەکانی شیرك و سەرلێشێواویدا بێت کە هەرگیزیش نەتوانێ خۆی لێ رزگاربکات و بێتە دەرێ؟

جا بێگومان هەر ئەو کەسەیە (زیندوو) خاوەن نوور، ئەمەش نموونەی رێگاو رێبازی راستی مرۆڤی بڕواداره، ئەوی تریشیان نموونەی مرۆڤی بێ ئیمان و بێ باوەڕە، وەکو (ئیبن و عەباس) ئەفەرموێ، جا بابێینەوە سەر کۆتایی ئایەتەکە وەکو ئەفەرمووێ: واتە جوان کراوە بۆ بێ باوەڕان ئەو کردارە ناپەسەندانەو ئیشی خۆیانیان بەلاوە لە ئیشی هەموو خاوەن باوەڕێك بەچاکترو جوانتر ئەزانن.

(فرت و فێڵی سەرکردە تاوانبارەکان)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا۟ فِيهَا ﴾ واتـە: وەك چـۆن بـۆ بـێ باوەڕان و پیاوانی مەککە لەناو هەموو شـارو شارۆچـکەیەکدا گـەورەترین تاوانبارمان بالأدەست کـردووە دەسـتیان دایـە کـاری شـەڕو خراپـە هـەر ئاواش پیاو خراپ و تاوان کارانمان لەناوچـەی هـەر پێغەمبەرێکدا کـردە سەرکردەو گەورەو رابەریان ئینجـا ئـەوانیش دەسـتیان دایـە فرتوفێـڵ و خراپەکاری تێیدا هەروەها رووبەڕووی پێغەمبەرەکانیان وەسـتان کەواتـە تـۆش دڵتـەنگ و دڵ زویـر مەبـە بـەو خۆڕاگریـە ﴿ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ واتە: لەڕاستیشدا هەر فرتوفێڵ لە خۆیـان دەکـەن و دژی پێغەمبـەران و شـوێن کـەوتوانیان پـیلان دادەڕێـژن جـا بێگومان زیانی پـیلان و فێڵـەکانیان بۆخۆیـان دەگەڕێتـەوەو زەرەرمەنـد دەبن بەلأم ئەوان هەست و شـعوریان نیـەو هەسـتی پـێ ناکـەن، چـونکە رووڕەشـی و سـزای سـەختی قیامـەت چـاوەڕێیانە، جـا خـوای گـەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَإِذَا جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ قَالُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ ﴾ واتـــە: ئەگـــەر ئـــەو بتپەرســـتانە ئایـــەتێك یـــان موعجیزەیـەکیان بۆبێـت کـە شـایەد بێـت لەسـەر پێغەمبەریـەتی محمـد (ﷺ) ئەڵێن ئێمە هەرگیز باوەڕ ناکەین و ئیمـان نـاهێنین تـا ئـەوەی بـۆ پێغەمبـەرانی خـودا هـاتووە بـۆ ئێمـەش نەیـەت، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴾ أي الله أعْلَمُ مَـن

هُوَ أهلٌ لَلرسالةِ فَيَضعها فيه وَقَدْ وَضَعَها فيمن أختارهُ لَها وَهُوَ محمد (ﷺ) دونَ أكابرَ مَكة (كَأبي جهلٍ وَالوليد بن مغيرة) واتە: بێگومان خودا لەهەموو کەسێك باشتر دەزانێ پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی بەکێ دەبەخشێ و کێ شیاوی ئەو ڕێز لێنانەیە، وە چ کەسێ موستەحەقەو شایەنە بکرێ بە پێغەمبەرو، خوا زانایەو دەزانێ لەکوێدا پەیامی خۆی دادەنێت و دەزانێ شایستەیەو بەڕاستی هەڵی دەگرێت چونکە پەیامی خۆی بەهەموو کەسێ نادات ، وە لەناو هەموو خەڵکا محمد ی (ﷺ) هەڵبژاردووە و ئەو شەرەفە گەورەیەی پێ بسپێرێ وە دەزانێ کێ باوەڕی پێ دێنێ و کێ پێی ناهێنێ، نەك گەورەکانی مەککە وێنەی ئەبو جەهل و وەلیدی کوڕی موغیرە[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا كَانُواْ يَمْكُرُونَ ﴿١٢٤﴾﴾ واتە: لەدواییشدا ئەو کەسانەی تاوان و دژایەتی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوان تووشی سووکی و سەرشۆڕی و بێ دەسەڵاتی دەبن و بێ تواناو بێ هێز دەبن تاکو ماون لەسەر ئەوەی کە خاوەن سامانیشن لەخەفەت و ناخۆشی و ئازار دەژین و ناحەسێنەوەو هەست بە دڵنیایی ناکەن جگە لەوانەش سزایەکی زۆر توندیان لای خوا تووش دەبێ.

---

(١) ئەبو جەهل دەیگووت تا ئێمەش وەکو (محمد) وەحی و نیگامان بۆ نەیەت باوەڕی پێ ناهێنین، هەروەها وەلیدی کوڕی موغیرەش ئەیووت من بەتەمەنترم لە (محمد) و شایەنی پێغەمبەرایەتیم، چونکە ماڵ و سامانیشم لەو زیاترەو لەو دەوڵەمەند ترم، بڕوانە (تەفسیری کەبیر)، بەرگی/٣، لاپەڕە٨٠.

(ئەو کەسەی خوا بیەوێ ڕێنمایی بکات بۆ دینی ئیسلام دڵ و سینگی فراوان ئەکا)

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ ﴾ واتە: ڕاڤەکەران ئەڵێن ئەوەی بیەوێت ڕێگای ڕاست بگەڕێتەبەرو شـایەنی ئـەوە بێـت کـە خـوای گـەورە هیدایـەت و ڕێنمـایی بکات ، وە هەروەها شیاوی ئـەوەبێ بانگـەوازی قورئـان وەربگـرێ ئـەوە خودا داوێتـە نـاو دڵ و دەروونـی ڕونـاکی و نـووری خـۆی و دڵـی گوشـاد دەکات بۆ باوەڕهێنان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وە خوا گومانی شـەیتان لە دڵیا ئەسڕێتەوە بەمیهرەبانی خۆی، قالَ إبن عباس (رضـي الله عنهمـا) مَعْناهُ يُوَسِعْ قَلْبَهُ للتوحيد والإيمـان، واتـە: ئـیبن و عـەباس (خوایـان لـێ ڕازی بێت) ئەفەرمووێ: (دڵی ڕووناك و فراوان ئەکات بـۆ یەکخواپـەرستی و بڕوا بوون بەخوای مەزن).

(ئاگادارییەك)

پێشەوا (طبري) لە تەفسیرەکەیدا ئـەم فەرموودەیـەی هێنـاوە: (حِـينَ سُئِلَ رَسُولُ الله (ﷺ) عَنْ هذه الآية قَالَ إدخَلَ النُورَ الْقَلْبَ إنْفَسَخ وَأنشرحَ قَالُوا فَهَلْ لِذَلِكَ مِنْ إمارَةٍ يُعْرَفُ بِهَـا ؟ قَـالأ الإنابـةُ إلى دار الخلُـودِ وَالتجـافي عَنْ دَارِ الغرُورِ، والإسْتِعْدادُ لِلمـوتِ قَبـل نـزُولِ الْمَـوْت[1]، واتـە: ئەوکاتـەی دەربارەی مانای ئەو ئایەتە پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کراو ووتیان ئـەی

(١) بڕوانە: جامع البيان، تەفسیری پێشەوا الطبري ، بەرگی/٥، لاپەڕە/٣٥٦٠، چاپخانەی دار الفكر.

پێغەمبەر (ﷺ) چۆن پەروەردگار دڵی ئەو کەسە گوشاد ئەکا یانی فراوانی دەکا؟ فەرمووی: بەڵێ نوورو روناکیەك دەچێتە ناو دڵی یانی ئیمان و هیدایەت ووتی ئایە ئەوە نیشانەی هەیە، فەرمووی بەڵێ نیشانەی ئەوەیە خۆدوور گرتن لە لە مەنزڵگای فریودەر، چونکە بێگومان دنیاکە زۆربەی خەڵك فریوی پێ دەخوات وە گەڕانەوە بۆ مەنزڵگای هەمیشەیی یانی لە دڵەوە بەهەشتت خۆشبوێ، وە خۆت ئامادەو حازر بکەی بۆ مردن واتە پێش دابەزینی مردن، جا با بگەڕێینەوە بۆ سەر تەواوی ئایەتەکە ﴿وَمَن يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِۚ﴾ واتە: کێش خۆی حەز بکا گومڕای بکا هێندە نەفەسی تەنگ ئەبێ هەروەکو بەرەو ئاسمان سەرکەوێ وایە، واتە: ئەو کەسەی کە بەهۆی بێ باوەڕی خۆیەوە رێگای (هیدایەتی) لەخۆی بڕی بێت و روناکی ئیسلامی نەوێت ئەوجا هەروەها خودا دەڵی تەنگ دەکات و چاکە چاکەکاری لەخۆی ناگرێت، ئەوە وەکو کەسێك وایە کە بەرەو ئاسمان سەربکەوێت و لەبەر کەمبوونی هەواو ئۆکسجین تەنگە نەفەس دەبێت[1]، جا خوای گەورە

---

(١) موفەسیرەکان ئەڵێن ئەم ئایەتە پیرۆزە شایەتێکی روون و ئاشکرایە لەسەر هاتنەخوارەوەی قورئان لەلایەن خوای مەزن چونکە پێشتر نەدەزانرا تا بەرەو ئاسمان سەرکەوێ و بەرز بێتەوە (ئۆکسجین) و هەوا کەم دەبێتەوە، وە تا زیاتر سەربکەوێت تەنگە نەفەسی زیاتر ئەبێ، ئەوجا بێگومان ئەگەر ئەو قورئانە لەلایەن خوداوە نەبوایە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم حەقیقەت و زانستەی چۆن دەزانی.

دەفـــــەرموێت: ﴿ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ ﴾ واتە: ئەوەی راستی بێت هەر بەو شێوەیەش خودا شەیتان زاڵ دەکات بەسەر ئەو کەسەو هاوشێوەکانیدا، ئەوانەی کە نایەوێت بڕوا بە خوداو بە پێغەمبەرەی بێنن و ئیتر شەیتان زەفەری پێ دەباو گومڕای دەکاو لە خشتەو لەسەر ڕێگای راست ئەیترازێنێ.

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ووشەی (الرجس) واتە شەیتان، هەندێکی تر ئەڵێن ووشەی (الرجس) بەمانای هەر شتێك کە خێری تێدا نەبێ یا چاکەی تێدا نەبێ هەندێکی تر ئەڵێن (الرجس) بەمانی سزا دێت، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمە ڕێگەی پەروەردگاری تۆیە کە ئیسلامە و بۆ پەروەردەی هەموو خەڵکە چونکە ڕێگەیەکی راستەو خواروخێچی تێدانیە و بێگومان بە روونی ئایەتەکانی قورئانمان باس کردووە بەڵام هەر ئەوانە سوود وەرئەگرن کە خاوەن بیرن و فکر ئەکەنەوە، بۆ گەل و کۆمەڵێك کە بیر ئەکەنەوە لەو ئایەتانە،

﴿ لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ ۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾

واتە: ئەو کەسانەی کە ڕێگەی خودا دەگرن بە دڵ و باوەڕێکی تەواو باوەڕیان هەیەو هێناوە، یان ئەوانەی پەیڕەوی قورئان دەکەن ئەوە بەهەشتی پڕ ئاشتی و هێمنی بۆیان ئامادەیە لەلای پەروەردگاریان، وە هەر ئەو زاتە یارو یاوەرو پشتیوانیانە بەهۆی ئەو کارو کردەوە چاکانەی کە ئەنجامیان دەدا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ

﴿ جَمِيعًا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ ﴾ واته: لەو رۆژەدا كە خوا هەمووان كۆدەكاتەوە ئەوجا پێیان دەفەرموێ ئەی كۆمەڵی جنۆكان كە شەیتان بەشێكە لەوان، ئێوە گەلێك كەستان لە ئادەمیزادەكان لەرێگای راست لاداو گومڕاتان كردن ﴿ وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ ﴾ واته: دۆستانی جنۆكەكان لەو ئادەمیزادانە جنۆكەكانیان كردووە بە دۆست و كاربەدەستی خۆیان و پەیڕەو بۆخۆیان ئەڵێن ئەی پەروەردگاری ئێمە هەندێ لە ئێمە سوودو خۆشیمان رابردووە لەهەندێ ترمان ﴿ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلۡتَ لَنَاۚ ﴾ واته: ئێمە لەگەڵ یەكتری راماندەبوارد و خراپەمان دەكرد تا گەیشتینە ئەم رۆژە كە بۆت داناوین ﴿ قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ ﴾ واته: خوا فەرمووی لەتۆڵەی ئەوەدا ئاگری دۆزەخ جێگای گشتانە وە بە هەتا هەتایشە تێیدا دەبن مەگەر خوا بەمەیلی خۆی بیگۆڕێ یان سزایان بدا ﴿ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ۝١٢٨ ﴾ واته: بەڕاستی خوای گەورە كار درووستە زۆر كارزانەو كار جوانە زۆریش ئاگادارو كارزانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ۝١٢٩ ﴾ واته: هەر بەو شێوەیە هەندێ لە زاڵمەكان یانی ستەمكاران، بەهۆی كاری خراپ كە دەیكەن ئینجا دەخەینە ژێر دەسەڵاتی هەندێكیان، واته: ئەوها هەندێ لە ستەمكارەكان ئەكەینە دۆست و هاوقسەی هەندێكیان و یەكتر گومڕا

ئەکەن و لە ڕۆژی سزاشدا بەهۆی کرداری بەدی (دنیایانەوە) ئەبنە هاوڕێی سزاو ئازار.

(لۆمەو سەرزەنشت کردنی کافرەکان لەباوەڕ نەهێنانیان)

ئەمجارەش پەروەردگاری مەزن سەرزەنشتی خوانەناسانی ئادەمیزادو جنۆکە دەکات لەڕۆژی قیامەتدا لێیان دەپرسێ و خۆشی باشتر دەزانێ و ئایا پێغەمبەران پەیامەکانی ئەویان گەیاندوویانە؟ جا ئەوەی راستی بێت خوای گەورە (کافر) و بێ باوەڕو خوانەناسانی ئادەمیزادو جنۆکە دەترسێنێ و حاڵ و چۆنیەتی ڕۆژی قیامەتیان ئاشکرا دەکاو پێیان ئەفەرمووێ: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ ﴾ واتە: ئەی کۆمەڵی جنۆکەو ئادەمیزاد ئایە ئێوە لەلایەن خوداوە هەر لەخۆتانەوە پێغەمبەرتان بۆ نەهات[1]، کە خودا هەڵیبژاردوون تاکو بەڵگەو نیشانەی ئێمەتان بۆ باس بکەن و ڕوونی بکەنەوە کە ئێوە باوەڕ بێنن تا فەرمانەکانی منتان پێ ڕابگەیەنن و لەوێ ئەم ڕۆژەی لێپرسینەوە دێتە

---

(١) تێبینیەکی گرنگ: هەرچەندە بە زاهیری واتە بەرواڵەت مانای دەرکەوتوی ئەو ئایەتە وامان پیشان دەدات کە جنۆکەکان پێغەمبەریان بۆ نێردراوە لەڕەگەزی خۆیان، بەڵام زۆربەی زانایان ئەفەرموون، پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ، هەر لە ڕەگەزی ئادەمیزاد دەبن لە جنۆکەو پێغەمبەر نابن، دەتوانرێ بگوترێ مەبەست بە پێغەمبەری جنۆکە ئەو جنۆکانە بن کە گوێیان لە پێغەمبەر (ﷺ) دەگرت و دوایی دەچوونەوە بۆ ناو گەل و نەتەوەکانیان..هتد.

پێشتان یانی بتانترسێنن لەوەی کە ئاوا ڕۆژێکتان بۆ پێش دێت؟ واتە لەگەیشتن بەم ڕۆژە ﴿ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ﴾ واتە: ئەوانیش دان بەوە دائەنێن و دەڵێن بەڵێ ئێمە پێغەمبەرانمان بۆ هات و هەروەها فەرمانی تۆیان پێ ڕاگەیاندین، وە بەو ڕۆژەشیان ئاگادارکردین، ئەوجا دەفەرموێت ئەوانە بە ژیانی دونیاو خۆشی و سەروەت و سامانی دنیایی هەریفریواندون و هەڵیخەڵەتاندوون ﴿ وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ﴾ واتە: شایەتیان دا لەسەر بێ ئیمانی و بێ باوەڕی خۆیان کە (کافر) و واتە بێ باوەڕو خوانەناس بوون لە جیهاندا پابەندی فەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەرانیان نەبوون، ﴿ ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَـٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾ ﴾ واتە: بێگومان ناردنی ئەم پێغەمبەرانەو هەوڵدانیان بۆ شارەزاکردنی (ئادەمیزاد) و ناردنە خوارەوەی کیتابی سەماوی بۆ سەر پێغەمبەرەکان بەهۆی ئەوەیە یان لەبەر ئەوەیە کە هەرگیز پەروەردگاری تۆ هیچ شارو دێهاتێك لەبەر زوڵم و ستەم و کردەوەی خراپی دانیشتوانی ئەو شوێنە (نەفەوتاندووە) هەتا پێغەمبەرێکیان بۆ نەهاتبێت بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست و هەڵە بۆ خەڵکەکە ڕوون بکاتەوەو لە نەزانین ڕزگاریان بکات و وە بە ئاگایان بێنێت هەشیاران بکاتەوە، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِكُلٍّ دَرَجَـٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾ واتە: لەدواڕۆژدا بۆهەر

کەسێك لە (ئیمانداران) و بۆ هەر کەسێك لە بێ باوەڕان چەندەها پلەو پایەی بەرزو نزم بەگوێرەی کردەوەکانیان ئامادەکراوە، وەهەروەها خوای پەروەردگاریشت هەرگیز لەو کارەی دەیکەن بێ ئاگاو غافڵ نیە، واتە بێگومان هەوڵ و تێکۆشان هیچ کەسێك بزر نابێ و لەچاکەو لەخراپەدا.

(هەڕەشەکردن لەکافران و لەناوبردنیان ئەگەر واز نەهێنن لەخراپەدا)

جا هەروەها پاش ئەوە خوای بەدەسەڵات پاداشتی چاکەکەران و سزای تاوانبارانی راگەیاندووە هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە هەموو ئادەمیزادێك هەر گەل و نەتەوەیەك پلەو پایەی خۆی هەیە لەبارەی خواپەرستی و لەبارەی سەرپێچی کردنەوە ئینجا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خوای گەورە چ پێویستی بە خواپەرستی بەندەکانی نیەو چونکە بە بەندایەتی کردنیان بۆ خودا خودایەتی زیاد نابێ و جا بێگومان خوای خاوەن هێزو دەسەڵات خۆی (موحتاجی) بەکەس نیەو هەموو خەڵك موحتاج بەون، بەڵام خاوەنی رەحمەت و بەزەیی گشتیە لەگەڵ هەندێشدا دەتوانێ ئێوە لەناو بەرێ و گەل و نەتەوەیەکی تر بێنێتەوە، هەروەکو خودی خۆی ئەفەرمووێ﴿ وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ ﴾

أي هُوَ جَلَّ وَعَلاَ المُستَغني عَنِ الخَلْقِ وَعِبَادَتهم لا تَنْفَه الطاعة وَلا تضره المَعصية، أي ذو التفضل التام ، قالَ إبن عباس (ذو الرحمة بأوليائه وأهل طاعته) واتە: (ئەی پێغەمبەر) خوای تۆ لەهەموو خەڵکی بێ نیازەو چونکە (موستەغنیە) واتە دەوڵەمەندەو بێ باکە بە بەندایەتی بەندەکانی

، هەروەها خاوەن (رەحمەتە) یانی بە بەزەییە بۆ هەموو بەندەکانی خۆی، واتە هەروەها هیچ قازانج بەو ناگەیەنێ ئەوەی پەیڕەوی دەکات و وە هیچ زیان و زەرەریش بەو ناگاو ئەوەی گوناه ئەکا، جا بێگومان خاوەن فەزڵێکی تەواو نەبڕاوەیە، (ئیبن و عەباس) ئەڵێ زۆر بە بەزەیی و بەرەحمەت و میهرەبانە بۆ دۆستانی و ئەوانەی کە بەتەواوەتی ئەیپەرستن و پەیڕەوی ئەکەن بە ئیخلاص، ﴿ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ ﴾ واتە: خوای گەورە ئەگەر بیەوێ ئێوە لادەباو لەناودەچن ئینجا لەپاش ئێوەش حەزی لەهەر تاقم و چینێکی تر بێ لەجێیاندا دایدەنێ، ﴿ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾ واتە: هەروەکو ئێوەی لەنەوەی کەسانێکی تر هێناوەتە کایەوە، ﴿ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی ئەو بەڵێنانەی کە دەتاندرێتێ دەربارەی (قیامەت) واتە دواڕۆژ ئەو لێپرسینەوە بەڕێوەیە و بێگومان هەردێت چونکە ئێوە ناتوانن ئەو سزایە لەخۆتان دوور بخەنەوە یان ناتوانن لەبەری هەڵبێن دیسان خوای گەورە هەڕەشەیەکی تر لەبێ باوەڕان ئەکاو ئەفەرمووێ: ﴿ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ﴾ أي قُلْ لَهُم يا قومِ أثْبتوا عَلَى كُفرِكُم وَمعاداتِكُم لي وَأعلَموُا ما أنتُم عامِلون (والأمر هنا لِلتهديد) اني عامل أي عاملٌ ما أمرني به ربي من

اثبات علي دين، واتـە: ئـەی محمـد (ﷺ) بلّـێ ئـەی گـەل و نەتەوەکـەم هەرچی لەدەستان دێت (قـصوری) مەکـەن واتـە درێغـی مەکـەن چـیتان لەدەست دێت و پێتان دەکرێت بیکەن و هەر لەسەر بێ بـاوەڕی خۆتـان بمێننــەوە (ئــەم فەرمانــە بــۆ (تەهدیــدو وەعیــدە) واتــە هەڕەشــەو گوڕەشەیە، منیش هەر لەسەر داواکاری خۆم دەڕۆم، یـانی هــەر خـەرکی کاری خۆم دەبم و وە گوێم لەوە نیە کە ئێوە باوەڕ دەهێنن یان ناهێنن؟ تاکو وام لێبکات واز لـە ئایینەکـەی خـۆم بێـنم بەتایبـەتی ئـیش و کـاری پێغەمبەرایەتی جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۗ﴾ أي فـسوفَ تَعلَمـون أينـا تكـون لَـهُ العَاقِبَةُ المَحْدُودة في الـدارِ الآخـرة أنحـن أم أنْتُمْ ؟، واتـە: بێگومـان لـەوە بەولاوە دەزانی کـە سـەرەنجامی بـاش و خێـرو چـاکە بەدەسـت دێنـی و کرداری پەسەند دەبێ چونکە لە ئایندەدا دەزانن کە سـەرئەنجامی مـاڵی پیامەت بۆ کێ دەبێت..؟ جا بێگومـان لـەوە بـەولاوە دەزانـی ئێمـە یـان ئێوە بەختەوەرو سودمەند دەبین ؟ یا لـە مـەنزلگای ڕۆژی قیامـەت کـام لامان لە ئاگردا ئەبین ، و کام لامان لە بەهەشتا ئەبین، ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١٣٥﴾ أي لاَ يـنجح وَلا يفـوز بِمَطلوبـە مَـن كـانَ ظالمـاً، واتە: بێگومان ستەمکاران و بێ باوەڕان هەرگیز ناگەنـە ئامـانجی بـاش و سەرکەوتوو و سەرفیراز و ڕزگار نابن هەرکەسێ زاڵم ستەمکار بێ.

(هەندێ کارو کردەوەی کافرەکان)

خوای گەورە زەمی ئەو کافرو (بت پەرستانە) ئەکاو کەشتی (بیدعە) و شتی تازەیان داهێناو ئینجا بێ شەرمانە دەستیان دایە کۆنەپەرستی و بێ دینی و خوانەناسی جا بێگومان (شەریك) و هاوبەشیان بۆ خوای مەزن ئەنجام داو شتی پڕوچووچیان هاوێشتە پاڵ خودا (بت پەرستیان) کردە هاوبەشی ئەو پەروەردگارە مەزنە[1]، هەروەك خۆی ئەفەرمووێ:

﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا ﴾

أي جَعَلُ مُشرِكُوا قُريش لله ممّا خلق من الزرع والأنعام نَصيباً ينفقونه على الفقراءِ وَلِشُركائهم نَصيباً يصرفُونَها إلى سدنتها، واتە: کۆمەڵێك لەو بێ باوەڕە قورەیشییانە هەندێ لە بەرهەمی کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات و ئاژەڵیان کە خودا پێی بەخشیون وە بەخێویان ئەکرد بەشێك دیاری دەکەن بۆ خودا و بەشێکی تر بۆ هەژاران و بەشێکی تریش بۆ بت و صەنەمەکانیان وە هەروەها بەشێکیشیان دیاری دەکرد بۆ خزمەتکاری بتەکان، ﴿ فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ ﴾واتە: ئەوجا بێ بەڵگەو لێکدانەوە بەڵکو هەر بە خەیاڵی خۆیان و دەیانگوت ئەم بەشە بۆ خودایە بۆ ئەو تەرخان کراوە بێ بەڵگەو لێکدانەوە ووتیان ئەمە بۆ

---

(١) قال إبن كثير (رحمه الله) هذا ذم وتوبيخٌ من الله للمُشركين الذين أبتدعوا بدَعاً وكُفْراً وَشِرْكاً وَجَعَلُوا للهِ شُركاء وَهو خالق كل شيءٍ سُبحانَهُ وتعالى، بڕوانە: مختصر ی إبن كثير بەرگی(١) لاپەڕە/٦٢٢.

خودایە، وە ئەمەش هی هاوبەش و بتەکانمانە، ئەوسا ئەوەی هی بت و هاوبەشەکانیان بوو هەرگیز نەدەگەیشتنە لای خوا ﴿ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ واتە: ئەوەی کە بۆ خوایەو ئەگات بە هاوبەشەکانیان واتە بتەکانیان، ئەوە بەڕاستی خراپترین حوکمدان و بەشکردنێکە بەو شێوەی ئەنجامی دەدەن.

(بێ باوەڕەکان منداڵە بێ تاوانەکانیان دەکوژن)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەروەکو لەپێشەوە باسکراوە کەوا ئەو (بت پەرستانە) وەك چۆن خویان بەوە گرتبوو کە بەروبووم و ئاژەڵ و دانەوێڵە لەنێوان خوداو بتەکانیان دابەش بکەن بەلایەنەوە کارێکی باش و خودا پەسەند بوو، هەروەکو ئەمەشیان ئەنجام ئەداو کە بریتیە لە کوشتنی (کچ و کوڕەکانیان) کە ئەیانکردنە قوربانی بۆ بتەکانیان و ئیتر چ لەبەر مەترسی نەبوونی و بێ نەوایی، یان مەترسی لەدووچار بوونی (عەیب) و عار بەهۆی داوێن پیسیەوە لەبەر ئەوە کچیان زیندەبەچاڵ ئەکرد، یان ئەیانکرد بە قوربانی بۆ بتەکانیان هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، یان هەروەك قورئانی پیرۆز دەست نیشان ئەکات لەهەر کام لەم کوشتنە بەبەدوو ناهەقە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ ﴾ أي مثل ذلك التزين في قسمة القُربان بين الله وبينَ آلِهَتِهِمْ زينَّ شياطينهم لَهُمْ قَتْلَ أولادهم أو بنحرهم لآلهتهم، واتە:

وەك ئــەو دابەشــكردنە دوور لــە (عەدالــەت) واتــە دادوەريــەت و پەرستراوەكانيان كوشتنى مندالّەكانيان بۆ زۆربەى بت پەرستەكان جوان و رازاوە كردبوو چونكە كاهين و شەيتانەكانيان واى بۆ رازاندبوونەوە كە لەترسى هەژارى ياخود لەبەر (عەيب) زانين كچ بەشوودان مندالّەكانيان بكوژن يـان بـەهۆى قوربـانى كردنـى مندالّـەكانيان خۆيـان لـەخوداو بتەكانيان نزيك ببنـەوە، ﴿لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١٣٧﴾﴾ أي زين هـؤلاء الشياطين لَهُمْ هَذِهِ المُنكرات ومنها قتل أولادهم ليردوا المشركين ويهلكُهُم بالإغراء ويَفسدُوا عليهم فطرتهم وليخلطوا عليهم أمر دينهم الذي يدعونـه، وهو دين (اسماعيل وملة ابراهيم)، أي لو شاء الله ما فعلوا ذلك القبيح، أي دعهم وما (يختلقونـه مـن الإفْكِ علـى الله)، واتـە: ئـەو رازاندنەوەيـە بـۆ ئەوەبوو لەناويان ببەن و تا ريْگاى ئاينيان ليْ بشيْويْنن، خۆ ئەگەر خـودا بيويستايە نەياندەتوانى وابكـەن[1]، وە هەنـدىْ لـە موفەسـيرەكان ئـەلّيْن شەياتينەكان فەرمانيان پيْ كردوونە كە كچەكانيان زيندەبەچالْ بكـەن و بكـوژن، يـان بـۆ ئـەوەى (ئاينەكـەيان لـيْ بـشيْويْنن، مەبەسـت ئـاييني حەزرەتى ئيبراهيم و ئيسماعيلە (سەلاّت و سەلامى خوايان لەسەر بيْت)، جا لەكۆتايى ئايەتەكە خـواى مـەزن فـەرمان بـە پيْغەمبـەر (ﷺ) ئـەكاو ئەفەرمويْ: (ئەى پيْغەمبـەر تـۆ واز لـەو بـىْ باوەڕانـە بيْنـە، وە لـە قـسە

(١) جا ئەوەى راستى بيْت خودا نەبۆ چاكەكارى و نە بۆ خراپەكارى زۆر لەكەس ناكات بەلّكو ئادەميزاد خۆى ئازادو سەرپشكە كام لەو دووانە هەلّدەبژيْريْت، بروانە تەفسيرى گولّشەن، لە نووسينى (نظام الدين عبدالحميد)، بەرگى/١، لاپەڕە/٣٢٥.

هەڵبەستراوو درۆکانیان بێنە، کە ئەو تاوان و خراپەیان بە ئایین دەزانن، ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ﴾ أي قالو هذه الأنعام والحَرثُ التي جعَلُوا بَعْضَهَا للهِ وبَعضها لِلأوثان حجراً أي حَرامٌ لا يأكُلَها ولا يَذُقَها إلا من يأذنُ لَهُ في أكلِهَا وهُم الرجال دونَ النِساء (بِزَعمهم) أي بقولهم، واتە: ئەو بت پەرستانە ئەیان گوت ئەم ئاژەڵ و[1]، ماڵات و خواردەمەنیانە کێڵگەیەکی وەکو (پاوان) تایبەتە بۆ کەس نیە سودیان لێ وەرگرێ و قەدەغەیە و بۆ خواکانمان مەبەستیان (بت و سەنەمەکانە) کەس نابێ لێی بخوات مەگەر تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خۆمان بمانەوێت وەکو (کاهینەکان) و (مجێوری) بتخانەکان و هەندێ لە پیاوەکانمان نابێ بەهیچ جۆرێ ئافرەت لێیان بخوا ئینجا ئەم بڕیارە چەوتەیان دەداو بەبیرو بۆچونی خۆیان و بەقسەو وتەی خۆیان بەبێ ئەوەی بەڵگەو دەلیلیان بەدەستەوە هەبێ، جا ئەفەرموێ: ﴿وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ۚ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿١٣٨﴾﴾ واتە: بێگومان هەندێ ئاژەڵ و

---

(١) أنعام: کۆی (نعم)ە واتە مەڕ و بزن و چێڵ و گا و حوشترو هەروەها بە هێستریش، ئەگوترێ چونکە (أنعام) بەهەموو ئاژەڵێك ئەگوترێ کە بچەرێ و بلەوەڕێ دیارە (بەپێی ئەهلی لوغەت) گوێدرێژ و وڵاخی بەرزەش وەکو هێسترو ئەسپ و ماییینیش ئەگرێتەوە.

ماڵاتی تریشیان بەکارهێنان بۆ سواری حەرام کرابوو[1]، هەندێکی تریش نەدەبوایە ناوی خوای گەورە لەکاتی سەربڕینیاندا ببرایە، بەڵکو ناوی بتەکانیان لەسەر دەبردن، جا هەموو ئەوانە درۆ هەڵبەستن بوو بەناوی خوای گەورەوە هەڵیان دەبەست، ئەوجا بێگومان خوای مەزن لەتۆڵەی ئەو هەموو درۆو دەلەسەو بوختانەیان لێ دەسەنێت و سزایان دەدات، وەهەروەها ئەفەرمووێ: ﴿ وَقَالُوا مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ الْأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا ﴾ هذهِ إشارة إلى نوعٍ آخر مِن أنواع قَبائحهم أي قالوا ما في بطونِ هذهِ البِحار والسوائب حَلالٌ لِذكُورنا خاصةً، واتە جۆرێکی تریش لە درۆو کارە ناڕەواکانیان ئەمەبوو کە دەیانگوت ئەوەی کە لە سکی ئەم حوشترو مەڕو ماڵاتانە دایە کە خۆیان قەدغەکراون واتە بێچوی (بحیرەو سائیبەکان) هەر بۆ نێرینەو پیاوەکانمان حەڵاڵ و ڕەوایە ﴿ وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰ أَزْوَاجِنَا ﴾ أي لا تأكلُ منهُ الإناث، واتە: بۆ ئافرەت و مێینەکانمان (حەرامە) واتە قەدەغەو ناڕەوایە ﴿ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاءُ ﴾ أي وإن كانَ هذا المَولود منهَا مَيتةً إشتَركَ فيهِ الذكور والإناث، واتە ئەگەر (حەیوانەکە) واتە ئاژەڵەکە مردارەوەبووبا ئەوە ژن و پیاویان تێدا بەشدار دەبوون، ئاوا بەو جۆرە ئەو بڕیارانەیان دەدا، ئەوە بەدەم خوداوە شتیان (حەڵاڵ و حەرام)

---

(١) هەتا ئەگەر بچوبانایە بۆ حەج کردن سواری .ئەو وڵاغانە نەدەبوون و لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵانە (لبيك) یان نەدەکردو نەدەگووت.

دەکـــرد ﴿ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ١٣٩ ﴾ أي سيجزيهم جزاءَ وَصفِهم الكَذبَ عَلَى الله في التحليل وَالتَحريم، أي أنه حكيمٌ في صُنعهِ عَليمٌ بخَلقهِ، واته: بێگومان خوا تۆڵـەی ئـەو درۆو دەلەسانەیان لێ دەسێنێ لەو (حەرام) و حـەڵاڵ کردنـەی کـە بـەدەم خـواوە کردیـان، چـونکە بەڕاسـتی خـوا (حـەکیم) و دانـاو کاربەجێیـە و زانـاو ئاگـادارە بەهەموو شتێك.

(باسێك لە تاوانی ئەو کەسانەی کە کچی خۆیان زیندەبەچاڵ ئەکرد).

جا دیسانەکە خوای گـەورە نـاڕەزایی خـۆی دەرئـەبڕێ بەرامبـەر بـەو تاوانـە گەورەیـە کـە ئـەویش ئەمـەبوو (عەرەبـە جاهیلیـەکان) کـچی بـێ تـاوانی خۆیـان زیندەبەچـاڵ ئـەکرد ئینجـا پـەروەدگاری مـەزن بەتونـدی سەرزەنـشت و لۆمـەی ئـەو کەسـانە ئـەکا کـە ئـەو کـارە بەدڕەوشـت و دەمارگیریە ئەنجام ئەدەن و بـەو کـارە دڕندانەیـە هەڵئەسـتن جـا خـوای گەورە هەڕەشـەیان لـێ ئـەکاو ئەفـەرمووێ: ﴿ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ ﴾ أي وَالله لَقَـد خَـسِرَ هـؤلاءِ الـسُفهاء الـذّينَ قَتَلوا أولادَهُم [1]، أي جَهالة وسفاهة لِخِفَةِ عقلهم وَجَهْلِهِم بأن اللهَ هُوَ الـرازِقُ

---

(١) عەللامەی (زەمەخشەری) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ ئەم ئایەتە دابەزی بەبۆنەی ئەوانەی کچی خۆیان زیندەبەچاڵ ئەکرد، هەروەکو ئەفەرمووێ: (نزلت في ربيعة ومضر والعرب الذّينَ كانُوا يَئِدُونَ بناتهم مخافة السبي والفقر)، بڕوانە تەفسیری الكشاف بەرگی/٢، لاپەڕە/٥٧.

لَهُم ولإولادهم، واته: بەڕاستی سوێند بەخوا خەسارەت مەندو بەدبەخت ئەو کەسانەن کە منالّی خۆیان دەکوژن یان کچیان زیندەبەچالّ ئەکەن ئاوا بەبیّ عەقلّی و نەفامی (جاهلیەت) و دڕندەیی جەرگی خۆیان لەناو دەبەن، هەندێکیان لەوان بەخەیالّی چەوتی خۆیان ئەیانگوت نابێت ئەم کچانەمان بدرێتە پیاوێك کە بیکاتە ژنی خۆی هەندێکی تر ئەیانگوت ئێمە لەترسی هەژاری ئەیانکوژین یان لەبەر دەمارگیری ، بەلاّم پێویستە بزانن کە خوای گەورە (رزق) و ڕۆزیان ئەدا هی ئەمان و منالّەکانیشیان ﴿وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ﴾ أي حَرَموا عَلى أنفسهم ما أعطاهُم الله مِن الرزق ومن الأنعام أي البحيرة والسائِبة، وَالحرث يعني أن هؤلاءِ الكفار ليجْعَلهُم يَقْتُلونَ البَناتَ أحياءً مخافَةَ الفقر والإنْفَاق ثم يَجْعَلُون طائفةً مِن أموالهم للأوثان، أي يفترونَ ذَلكَ إفتراءً على اللهِ بان الله حرَمَ هذهِ الأشياء، واتە ئەم بت پەرست و بیّ باوەڕانە تاوانێکی تریان ئەوەیە لەهیچ و خۆڕایی ئەو رزق و ڕۆزیەی خودا پێی بەخشیون و بۆی حەلاّلّ کردوون ئەوان لەسەر خۆیان (حەرام) کردبوو هەروەها سەبارەت بە بێچووە ووشترو مەڕو مالاّت، بەناوی بەحیرەو سائیبە و وەصیلە و حام یان دادەنا بۆ بتەکانیان وەلەخۆیان (حەرام) دەکرد لەگەلّ ئەوەشدا ئەیان گووت ئەوە فەرمانی خودایە وە خوا لە ئێمەی قەدەغە کردووە، وە بەدرۆو دەلەسە (ئیفترایان) بەخودا دەکرد ئەم (حوکمەیان) بەدرۆ دەدایە پالّ خودا، هەروەها دانەوێلّە کشتوکالّیشیان لەخۆ حەرام دەکرد و ئەیان بەخشی بە بتەکانیان ، جا بێگومان بەڕاستی ئەو موشریکانە زۆر (جاهیلو) نەفام بوون کە کچەکانی خۆیانیان کوشت بە ناحەق و ناڕەواو نەزانی و نەفامی (زیندەبەچالّیان) کردن و زۆر زەرەریان کرد کە

ئەو تاوانە گەورەیان ئەنجام داو منداڵە جگەرگۆشەکانی خۆیان کوشت لەبەر هەژاری یان لەبەر دەمارگیری یان لەبەر بەخێوکردنیان، هەروەها ماڵ و سامانی خۆشیان هەمووی بۆ بت و سەنەمەکان سەرف دەکرد، وە جگە لەوەش رزقی خوایان لێ حەرام کردبوون بەدرۆو بوختان لەسەر خوا گوایە ئەوە فەرمانی خودایە، ئەو حەرام و قەدەغەی کردووە، ﴿قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾﴾ أي لَقَدْ ظَلُّوا عَن الطريق المُسْتَقيم بِصَنيعِهم القبيح، واتە: بەڕاستی گومڕابوون و ڕێی راستیان وونکردو نەدۆزیەوە هەموو شتێکی راستی و حەقیقەتیان لەدەستداو سەریان لەخۆیان شێواند، لە ڕێگەی ڕاست لایان داو بەوکارە بەدوو نالەبارەی کە ئەنجامیان دا، هەرگیز لەو گومڕاییەدا رزگاریان نەبوو و (خسر الدنيا والآخرة) بوون.

(سەرنجێك)

پێشەوا بوخاری (رەحمەتی خوای لێبێت) لە ئیبنوعەباسەوە (رەزای خوایان لێبێت) دەگێڕێتەوەو ئەڵێت ئەگەر دەتەوێ (جاهلیەتی) واتە نەزانی و نەفامی عەرەبەکان بزانی ئینجا بچۆ لە ئایەتی (١٣٠) ی سورەتی ئەنعام بخوێنەوە کە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ...هتد. ﴾ جا بێگومان بۆی دەردەکەوێ کە چەند نەفام و نەزان بوونە.

(ڕووداوێکی دڵتەزێن)

خوێندەوارانی ئازیزم: هەندێ لە موفەسیرەکان[1]، ئەم ڕووداوەیان باس کردووە (روي أنّ رَجُلاً مِن أصْحَاب النَّبيّ (ﷺ) كَانَ لا يَزالُ مُغْتماً بَينَ يَدي رَسُول الله (ﷺ) فقالَ لَهُ مالك تكون مَحْزوناً؟ فَقَالَ يَا رَسُول الله (ﷺ) إنِي أذْنَبتُ ذَنْباً فِي الجاهِلية فأخافُ ألا يَغْفِرهُ اللهُ لِي وإن أسْلَمْتُ، واتە: ڕیوایەت کراوە لە یەکێك لە (ئەسحابەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) لە خزمەتی دانیشتبوو زۆر (غەمبار) و عێجز بوو، ئەوجا ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئەوە بۆچی غەمبارو داماوی ئەویش لەوەلآمدا گووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی ڕاستی بێت من لەسەردەمی (جاهیلەتا) واتە نەفامیدا تاوانێکی گەورەم کردووە و ئەترسم خوا لێم خۆش نەبێ ئەگەرچی موسڵمانیش بم، (فقال لە :أخبرني عن ذَنْبكَ؟ فقال: يا رسول الله، إني كنُت من الذّينَ يقتلون بناتهم، فولدت لي بنت فتشفعت إلي امرأتي أن أتركها فتركتها حتى كبرت وأدركت، وصارت من أجمل النّساء فخطبوها، فدخلتني الحميّة، ولم يحتمل قلبي أن أزوجها أو أتركها في البيت بغير زواج) واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دە تاوانەکەتم بۆ باس بکەو بزانم چیت کردووە؟ جا ئەویش ووتی ئەی پێغەمبەری خودا من کە یەکێك بووم لەوانەی کە کچمان ئەکوشت و زیندەبەچاڵ ئەکرد، جا من کچێکم هەبوو دایکی لێم پاڕایەوە کە کچەکە

---

(١) بڕوانە ئەم تەفسیرانە: ١–تەفسیری ئیمامی (قرطبي) بەرگی/٧، لاپەڕە/٩٧. ٢– التفسير المنير ف العقيدة والشريعة والمنهج لە نوسینی د. وهبە زحیلی، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤١٦. ٣– صفوه التفاسير، لە نوسینی مامۆستا محمد على الصابونى ، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٢٣.

نەکوژم و زیندەبەچاڵی نەکەم، جا منیش وازم لێهێنا هەتا گەورەبوو ئیتر بووە جوانترین ئافرەت و زۆر شۆخ و شەنگ بوو ئینجا داخوازیان لێکردم کە بەشووی بدەم بەلاّم دەمارگیری گرتمی و (نەفسم) قبوڵی نەکرد بەشووی بدەم ئەوجا پێشم ناخۆش بوو لە ماڵەوە بمێنێتەوە بێ هاوسەرو مێرد (ئینجا بڕیارم دا لەلای خۆم کە زیندەبەچاڵی بکەم) فقلت للمرأة إني أريد أن أذهب إلى قبيلة كذا وكذا في زيارة أقربائي فابعثيها معي ، فسرت بذلك، وزينتها بالثياب والحلي، وأخذت علي المواثيق بألاّ أخونها، فذهبت إلى رأس بئر فنظرت في البئر، ففطنت الجارية أني أريد أن ألقيها في البئر فالتزمتني وجعلت تبكي وتقول: يا أبت إيش تريد أن تفعل بي؟ فرحمتها)، واتە: بە خێزانەکەم گووت ئەمەوێ بچم سەردانی (قەومەکەم) واتە: هۆزەکەم بکەم وە سەر لە خزم و کەس و کارم بدەم کچەکەشم لەم سەردانە لەگەڵ خۆمدا ئەبەم دایکەکەشی گوتی زۆر باشە، ئینجا کچەکەی رازاندەوەو بەرگ و پۆشاکی رازاوەی لەبەرکرد هەندێ زێڕو زیویشی پۆشی، وە هەروەها پەیمانی لێ وەرگرتم کە ئاگاداری کچەکەی بم و بۆی بگەڕێنمەوەو (خیانەتی) لەگەڵ نەکەم بەلاّم کچەکەم لەگەڵ خۆمدا بردوو تا نزیک بیرێکی قووڵ و کۆندا و ویستم بیخەمە ناویەوە، ئەوجا کچەکەم کە بۆی دەرکەوت کەوا من گومانم خراپە و دەمەوێ بیهاوێمە ناو بیرەکە ئینجا گوتی بەباوکی چیم لێ دەکەی ئیتر باوەشی پێدا کردم و دەستی کرد بە گریان و دادو فیغان بەلاّم منیش زگم پێی سووتا و بەزەییم پێیدا هاتەوەو ئەوکاتە وازم لێهێنا، (ثم نظرت في البئر فدخلت عليّ الحمية، ثم التزمتني وجعلت تقول: يا أبت لا تضيع أمانة أُمّي! فجعلت مرة أنظر

في البئر ومرة أنظر إليها فأرحمها، حتى غلبني الشّيطان فأخذتها وألقيتها في البئر منكوسة، وهي تنادي في البئر: يا أبت قتلتني؟! ومكثت هناك حَتّى أنقَطَعَ صَوْتَها فرجعت. فبكى رسول الله (ص) وأصحابه، وقال: (لو أُمرت أن أعاقب أحداً بما فعل في الجاهلية لعاقبتك)، واته: ئەوجا دوایی سەیری ناو بیرەکەم کردەوە جا (دەمار گیریەکەم) تووش بۆوەو ویستم فڕێیی بدەمە ناو بیرەکە، بەلآم باوەشی پێدا کردم و دەگریاو دەپاڕایەوە و ئەیگووت باوکە گیان توخودا بەبیرت نایەت کە دایکم (عەهدی) لەگەڵ کردی و پەیمانت پێدا کە من ببەیتەوە بۆلای وە پارێزگاریم بکەیت و نەم کوژی و لەناوم نەبەیت، جا کابرا ئەڵێ بەهەر حاڵ کە سەیری بیرەکەم دەکرد بیری ئەوەم دەکرد کە فڕێی بدەمە ناو بیرەکەو لەکۆڵی بکەمەوە، بەلآم کە سەیری کچەکەم ئەکرد دەپاڕایەوە بەزەییم پێدا دەهاتەوە، هەتا (شەیتان) سواری ملم بوو و فریوی دام و ئینجا هانی دام کە بۆم رێکەوتوەو کە لەیەقەی خۆمی بکەمەوە، ئەوجا گرتم و باوەشم لێ وەرینا، (غەزەب) و دەمارگیری گرتمی جا فڕێم دایە ناو بیرەکەو ئینجا گوێم لێ بوو ئەیگووت باوکە گیان بۆچی کوشتمت و چ تاوانم هەبوو؟ ئەوجا هەستی خۆم لەسەر بیرەکە ڕاگرت تا دەنگ و نوزەی خەلآس بوو و کۆتایی بەمەرگی هات، ئەوجا هاتمە لای پێغەمبەرو ئەو روداوەم بۆی گێڕایەوە، کە ئەمەی لە زارم بیست زۆر غەبمار بوو ئیتر دەستی بە گریانکرد لەگەڵ یاروو (ئەصحابە بەڕێزەکانی) ئەوجا لە وەلآمدا حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر فەرمانم پێ بکرایە یەکێك لەسەر گوناهو تاوانی زەمانی (جاهلیەت) واتە نەفامی دا سزا بدەم ئەوا تۆڵەم لێ وەرئەگرتی (موعاقەبەو موحاسەبەم) ئەکردی.

(هەر خوای بەدەسەڵات ئەو هەموو رەزو باغ و باغاتەی لەگەڵ میوەجات بەدی هێناوە)

خوای مەزن و گەورە روونی دەکاتەوە کە هەر خۆی خاوەن دەسەڵات و بەدی هێنەرە لەگشت شتێك لە کشت و بەروبووم و مەڕو ماڵات و ئاژەڵ کە ئەو (کافرانە) واتە ئەو بێ باوەڕانە بەو بۆچونە .خراپ و ناڕەوایە هەڵسوکەوت و رەفتاری تێدا دەکەن و هەندێکیان بە ڕەواو هەندێکیان بە ناڕەوایان داناوە، ئەوجا لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئەیەوێ بیانهێنێتە سەر رێگای راست و تێیان بگەیەنێت کە نابێت ئەو جۆرە کارە نابەجێیانە بکەن چونکە هەموو شتێ هی خوایەو ئەو خەڵقی کردوەو بەدی هێنەر هەر ئەوە، جا ئەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّـٰتٖ مَّعۡرُوشَـٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَـٰتٖ ﴾ قالَ المفسرون معنى (معرُوشات) ما لا يَجعَلُ لَهُ حائط وقيلَ معروشات ما إنبَسَطَ عَلَى الأرض وَأنْبَتَ مِما يُغرسُ مثل الكرمِ والقرعِ والبطيخِ وَشَبَهَهَا (وغير معروشاتٍ) مَا قَامَ عَلَى ساقٍ فَطالَ مِثْلَ النَخلِ وَالزرعِ وَسَائِر الأشجارِ) واتە: بێگومان خوای پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە کە خۆی بەدیهێنەرەو خالقی هەموو شتێکە لە کشت و کاڵ و میوەجت و بەروبووم و دانەوێڵە و ئاژەڵ و مەڕو ماڵات هەمووی خودا بەدی هێنەریانە، هەر ئەویشە باغاتی وەدی هێناوە هەندێکیان کەپرو داربەستی دەوێ هەندێکیان داربەستی ناوێ ، واتە: راڤەکەران ئەفەرموون (معروشات) مانای ئەوەیە کە خەڵکی کەپرو

هەرزەڵی لێ ئەکەن وەکو ساباتی بۆ دەکەن وەك وێنەی دارمێو و ترێ ...هتد، وە (غير معروشات) واتە ئەو بەروبوومەی کە لەدەشت و کێودا دێتە دەر وێنەی کۆلەکەو گندۆرەو شووتی و شتی تر، پوختەی ماناکان ئەوەیە بەکورتی، ئەی موسڵمانینە خوای پەروەردگار یەکەم جار لە نەبوونەوە ئەو هەموو باخچەو رەزو باخ و باخاتەی هێناوەتەدی وە خەڵقی کردووە بۆ بەندەکانی خۆی، کە هەندێکیان بەسەر کەپردا خۆی رادەکێشێت وەکو داری مێوو هەندێکی تریان بەقەدی خۆیاندا بەرز دەبنەوەو رادەوەستن وەکو داری زۆربەی میوەکن و دارو درەختەکانی تر، هەندێکی بەرزەو هەنێکی نزمەو هەندێکی لەسەر زەوی دەخشێ، ﴿وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ﴾ أي وأنشأ لكم شجر النخيل المثمر بما هو فاكهة وقوت وأنواع المحصل لأنواع القوت مختلفاً ثمرهُ وحبة في اللون والطعم والحجم والرائحة، واتە: خوا دروستی کردووە بۆ ئێوە خورماو کشتوکاڵ لە کاتێکدا بەرهەمەکنیان لەیەك ناچن و جیاوازن لە خواردن و هەروەها لە رەنگ و قەوارەو تام و بۆندا هەریەکەیان تامێك و بۆنێك و رەنگێك و وێنەیەکی تایبەتیان هەیە هەشیانە بەپێچەوانەی یەکترین ﴿وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ﴾ أي متشابهاً في اللّونِ وَالشكلِ وغير مُتشابهٍ في الطعْمِ، واتە: خوا دروستی کردووە بۆ ئێوە درەختی زەیتون و هەنار لەکاتێکدا هەیانە لەیەك ئەچن لە رەنگ و لەتامدا وە هەیانە لەیەك ناچن بۆ نموونە بەری هەناری هەندێکیان لەهەندێ تر ئەچن، بەڵام هەیانە شیرین و هەیانە ترش و

هەیانە مێخۆشەو هەیە مزرە، هەروەها لەیمون و شتی تریش، بەڵام زەیتون هەیە بەرهەمی چاکەو هەیە خراپە ﴿كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ﴾ (أي كُلوا أيها الناس مِن ثَمر كل واحدٍ مما ذكرنا إذا أدرك من رطبه و عنبه)، واتە: ئێوە ئەی خەڵکینە بخۆن لە بەرهەم و میوەی هەریەك لەوانە و سوودیان لێ وەربگرن کاتێ بەرهەمەکانیان دەردەکەوێ و پێدەگەن، بەڵام ئەوەتا ترێ بە پەسیرەیی و بە تەڕی و بە مێوژی دەخورێ هەروەها خورماش بە روطبي و یا بە تەڕی و بە ووشکیش دەخورێ هەروەها گەنم بە فەریکی و بە گەنمی و بەشێوەی تریش دەخورێ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾ أي أعْطُوا الفقير وَالْمسكينَ مِنْ ثَمرهِ يوم الحصاد مَا تَجود بهِ نفُوسكم، وقال إبن عباس وغيره المقصود من هذه الآية (هذه الزكاة المفروضة العُشْرُ وَنصفُ العُشر)، واتە: کە کاتی دروێنەو چنینی (زەراعەت) واتە/ کشتوکاڵ و میوە هات بەشی دیاریکراوی خاوەن هەق و مافەکانی لێ دەرکەن یان بەشی هەژارو دەست کورتانی لێ بدەن ، یان بەشی خودای لێ جیابکەنەوە بۆ هەژاران بەڵام ئیبن و عەباس و هەندێکی تر ئەفەرموون مەبەست لەو ئایەتەدا ئەوەیە کە (زەکاتی) فەرزو پێویستەو یان ئەو بەشە دیاریکراوە (دە یەکە) بەڵام بەزەوی و زارێك بە بەراناو ئاو بدرێت ئەوە نیوەی دەیەکەو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٤١﴾﴾ (أي

لا تُسرفُوا في الأكلِ لِما فيهِ مِنْ مضرة العَقلِ وَالبَدَن)، واتـە: کـاریٚ مەکـەن لـە ئەنـدازە بـەدەربیٚ جـا بەڕاسـتی خـودا ئەوانـەی خـۆش نـاویٚ کـە لـە ئەندازە دەردەچن، هەندێکی تر ئەڵێن زیـادەڕۆیی مەکـەن لـە خـواردنـدا، چونکە زیان دەگەیەنیٚ بە عەقڵ و تەندرووستی، واتـە هەمیـشە دەسـتان بەدەم هەژارەکانەوە بیٚ و لەخێرو بێر بیٚ بەشیان مەکەن بەڵام دەبیٚ لـە سـنووری خـۆی دابـیٚ و بەچەشـنیٚ نـەبیٚ کـە گـشت مـاڵ و سـامانتان ببەخشن ئەوجا بەدەستی خاڵی بۆخۆتان دابنیشن.

(هەندیٚ لە قازانج و سوودەکانی ئاژەڵ)

خـوای گـەورە ئەفـەرمووێت: ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرۡشًاۚ ﴾ أي وَخَلَقَ لَكُم من الأنعـام مـا يَحمـلُ الأثقـالَ وَمـا يُفـرش للـذبح وقيـلَ الحمولةُ ما تَرْكَبُونَ وَالفـرشُ مـا تـأكُلونَ وَتُحْلَبُـونَ، واتـە: خـوا دروسـتی کـردووە لـە ئـاژەڵ و چـوارپیٚ یـەکان شـتی ئێـوەو بـارە قورسـەکانتان هەڵئەگرن وەك حوشترو گا، جگە لـەوەش سـەر یـان ئـەبڕن و سـوود لـە گۆشت و خوری و موەکانیـان وەرئـەگرن هەنـدیٚ لـە زانـا موفەسـیرەکان ئەڵێن (حمولە) بریتیە لەوانەی دەست ئەدەن بـۆ بـارکردن لەچـوار پێیـە گـەورەکان، وەکـو حوشـترو گـا و گـامێش و هـەروەها (فرشـاً) بـریتین لەوانەی بچوکن و دەستنادەن بۆ بارکردن وەکو بـەرخ و کـاوڕو گوێرەکـە بـەڵام هەنـدێکی تـر لـە (موفەسـیران) ئـەڵێن (الفـرش) واتـا ئەوەیـە کـە دەیخۆن و دەیدۆشن بۆ نموونە مـەڕ بـاری لـیٚ نـانریٚ بـەڵام گۆشـتەکەی دەخۆن و خوریەکەشـی دۆشـەك و جـاجم و لێفـەو فـەرش و رایـەخی لـیٚ

درووست دەکەن، ﴿ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ ﴾ أي كُلُوا مِن الثِمار والزروع والأنْعام فَقَد جَعَلَها اللهُ لَكُم رِزْقاً، واتە: بخۆن و بخۆنەوە لە گۆشت و شیرو پەنیرو ماستی ئەو ئاژەڵانە هەروەکو چۆن لە بەروبوومی کشتوکاڵ و میوەی دارو درەخت دەخۆن چونکە بێگومان هەموویان دروستکراوی پەروەردگارن و بۆ (مەسڵەحەت) و بەرژەوەندی ئێوە خوای مەزن دروستی کردوون، ﴿ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ ﴾ أي طَرِيقَهُ وَأوامرهُ في التَحليلِ وَالتَحريمِ كَفِعلِ الجَاهليةِ، واتە: ئێوە دوای ڕێگەو هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون واتە: لەخۆتانەوە هیچ شتێ (حەرام) مەکەن و هیچ شتێکیش حەڵاڵ مەکەن وەکو زەمانی نەزانی یان بەدوای (وەسوەسەی) شەیتان و فەرمانەکانی مەکەون[1]، ﴿ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿١٤٢﴾ ﴾ أي الشيطانَ ظاهرِ العداوةِ لِلإنسانِ فَأحذرُوا كَيدَهُ، واتە: بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرایە بۆ ئێوەو خۆتان لە فێڵی شەیتان دوور بگرن.

---

(١) وە هەروەها زانایان ئەفەرموون: ئەوەی کە خوا حەڵاڵی کردووە بە حەڵاڵی بزانن و بیخۆن چونکە (حەڵاڵ و حەرام) کردن بەدەست ئەوە مەکەونە شوێن هەنگاوی (شەیتان) کە هیچی بەدەست نییە و هیچی درووست نەکردووە کەواتە چۆن شوێنی قسەی ئەو ئەکەون لەوەی خوا دروستی کردووەو کردویە بە رزق و ڕۆزی ئێوەو چۆن ئێوە بەقسەی دووژمن ئەکەن و چۆن کوێرانە ئەکەونە شوێنی قسەو باسی باوك و باپیرتان کە شەیتان هەڵیخەڵەتاندووە؟ بڕوانە: تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی مامۆتا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٩٩.

(باسێکی گرنگ)

جا بێگومان خوای گەورە بەرامبەر ئـەو (بت پەرستانە) ئەوەستیٚ و بەریان لیٚ ئەبڕێتـەوە سـەبارەت بـەو بیروبـاوەڕە پڕوپوچـەی کـە بویـان لەبارەی (حەلاٚڵ) و (حەرام) کردنی ئەو ئاژەلاٚنەی کە خوا بۆی درووست کردوون و حەلاٚڵی کرد کەچی ئەو نەزانانە لەخۆیانەوە هەندێکیان حـەلاٚڵ ئەکرد و هەندیٚ حەرام لەباتی ئەو دوو وتەیە (حموله و فرشاً) کە پێشتر باسمـان کـرد، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ﴾ أي وَأنْشأَ لَكُم مِنَ الأنعامِ ثمانيـةَ أنواعٍ أُحِلَ لَكُم أكْلُها مِنَ الضأنِ ذكراً وأُنثى وَمِن المَعزِ ذكـراً وأُنثـى، قـالَ المُفسرون يعني ثمانيةَ أفرادٍ وَكُلُ فَردٍ عِندَ العَربِ يحتـاج إلى آخـر ويُـسمى زوجاً فيُقالُ لِلذكرِ زَوْجٌ وَلِلأنثـى زَوجٌ ويـراد بـالزوجينِ مـن الـضأن الكـبشُ وَالنَعْجَةُ، ومِنَ الْمَعزِ التـيسُ وَالْعنْـزُ، واتـە: لـە ئـاژەڵ و مالاٚتیـشدا هەشـت جووت گۆشت خوراوی بۆ درووست کردوون ئینجا لـە (مـەڕدا) دووجـۆری هەیـە بـەران و مـەڕ وە لـە بزنـدا دوو جـۆری هەیـە (نێـری و بـزن) جـا پوختەی ووتەکان (حەیوانەکان) واتە ئاژەڵەکان هەشت جۆرن بزن و مەڕ و حوشـترو مانگـا کـە چـوارن هەریەکـەیان دوو جـۆرە (نێرومـیٚ) کەواتـە هەشت جۆرن ، وەکو راڤەکەران باسیان ئەکەن لەهـەر (فەردێکـدا) یـانی لـە (بـزن) واتـە لـە مـەڕدا، دوای یـەکێکیان نێـر و یـەکێکیان مـیٚ وە لـە بزنیشدا یانی لە جۆری بزنیشدا (دوان) واتە: نێرو میٚ تەگەو بـزن ﴿قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ﴾ واتە: ئەی موحەمـەد دووبـارە پێیـان

بڵێ ئاتا خواردنی گۆشتی نێرەکانی (حەرام) کردووە یان مێیەکان واتە ئەوانە کە کشت و کاڵ و ئاژەڵ و مەڕو ماڵات لەخۆ (حەرام) دەکەن، ئینجا پێیان وایە کە خوا لەسەری حەرام و قەدەغەکردوون، جا پێیان بڵێ کاری وا زۆر جێگەی سەرسوڕمانەو لە عەقڵ و ژیریەوە دوو رە﴿أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ﴾ واتە: با ئەو بێچوانەی کە لە سکی ئەو دوو جۆرە ماڵاتە مێیینە دایە واتە هیچ کام لە نێرو لەمێ و لەو بێچوانەی (حەرام) نەکردووە، چونکە بێگومان ئەوانە خوا درووستی کردوون و (حەڵاڵی) کردوون بۆ ئێوە، ئەوجا چۆن ئێوە لەخۆتانەوە هەندێکیان (حەرام) ئەکەن و بەدەم خواشەوە ئەوە ئەڵێن؟ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٤٣﴾ واتە: ئەگەر راست ئەکەن لە داواکەتاندا کە ئەڵێن خوا (بەحیرەو سائیبەو وەصیلە و حامی) حەرام کردووە ئەوجا بەڵگەیەکی ڕاست و ڕەوانم نیشان بدەن.

(ئاگاداریيەك)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن لەبن سێبەری ئەم ئایەتەدا ئەفەرموون (ئەو موشریکانە) بەئارەزووی خۆیان هەندێ ئاژەڵیان حەڵاڵ کردووە و هەندێکیشیان بە حەرام داناوە، بەڵام ئەگەر نێرینە حەرام بێ دەبێ هەموو نێرینەکان حەرام بێ وە ئەگەر مێینە حەرام بێ دەبێ هەموو مێیینەکان حەرام بێ وە ئەگەر قەدەغەو حەرمە بێچووی ناو سکی منداڵدانی ئاژەڵە مێیینەکان بێ دەهەموو بێچوویەك بە نێرو مێ وە

حەرام بن چونکە بێگومان هیچ جیاوازی یەك لە نێوان ئەم بێچوەدا نیە ئەوە بۆچی ئەم حەرامەو ئەو حەڵاڵە؟ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ ﴾ (أي وأنشأ لَكُم مِنَ الإبلِ إثنين هُما الجملُ والناقة، ومِنَ البَقرِ اثنين هُما الجامُوس والبَقَرة)، واتە: لەجۆری ووشتریش دووانی نێر و مێی درووستکردووە ئەم دوو ووشترەش (جمل) واتە بە حوشتری نێر ئەگوترێ دووەم (ناقە)یە بە ووشتری مێ ئەگوترێ، وە لەجۆری ڕەشەوڵاغ ئەویش دووانە کە پێیان دەگوترێ گـــامێش و مانگـــا ﴿ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ ﴾ واتە: دووبارە پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر ئایە خواردنی گۆشتی نێرەکانی (حەرام) کردووە یان مێیەکان یان ئەوەی کە لەسکی مێیەکاندا هەیە؟ ﴿ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ ﴾ یان ئێوە وادیارە (شایەت) بوون و لەوێ بوون کاتێك خوا بڕیاری بەوجۆرەی بۆ دانە؟ واتە: کاتێ ئەو جۆرە ئاژەڵانەی لێ (حەرام) کردوون ئێوە بۆخۆتان ئاگادار بوون و لەوێ بوون ؟ ﴿ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٤٤) ﴾ واتە: ئەوجا دەبێ چ کەسێ لەو کەسە (زاڵم) و ستەمکار ترە کە درۆو دەڵەسە بەدەم خواوە هەڵبەستێت؟ وە بێ ئەوەی هیچ جۆرە (مەعلومات) و زانیارییەکی

لەوبارەوە هەبێ، وە خەڵكى گومڕاو سەرلێشێواو بكات، جا بێگومان بەڕاستى خواى گەورە هیدایەتى دارو دەستەى ستەمكاران نادات.

(باسى ئەو شتانەى كە لێتان حەرام كراون واتە قەدەغە كراون)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون پێشتر خواى گەورە (ڕەدى) كافرەكانى دايەوە چونكە بە ئارەزوى خۆيان ئەو بت پەرستانە شتيان (حەرام و حەڵاڵ) دەكرد جا خواى پەروەردگار دەستنيشانى ئەوەى كرد كە (حەڵاڵ) كردن و حەرام كردن بەدەست خودايەو بەس كە بە (وەحى) واتە بە نيگا بۆ پێغەمبەرەكەى (ﷺ) ڕەوانە ئەكا، ئەوجا لێرەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەكاتەوە كە ئەو تەعام و خواردەمەنيانە حەرامەو قەدەغەيە كە ئايەتە پيرۆزەكە ئاماژەى بۆ ئەكا (چوار شتن) ١- مەيتە، واتە مردار بوو ٢-گۆشتى بەراز. ٣- خوێنى ڕەوان. ٤- هەر شتێك ناوى غەيرى خواى لەسەر برابێ جا (موفەسيران) ئەڵێن هۆى دابەزينى ئەم ئايەتە ئەوەبوو ئادەميزادان لەپێش هاتنى ئيسلامدا هەر لەو گۆڕە بەهەوەنتە لەخۆيانەوە شتيان (حەرام) و قەدەغە ئەكرد هەروەها حەڵاڵيان بە (حەرام) دائەناو دەزانى بێ ئەوەى دەليل و بەڵگەيان هەبێ ئينجا ئەم (ئايەتە) دابەزى و هاتە خوارێ[1]، هەروەكو ئەفەرموێ:

﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن

---

(١) بڕوانە (تەفسيرى حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن)، لە نووسينى (محمد الأمين بن عبدالله الأرمي الهرري الشافعي)، بەرگى/٩، لاپەڕە/١٢٢.

﴿يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ﴾ أي قُل يا مُحمد لكفار مكة لا أجد فيما أوحاهُ الله إلَي مِنَ القرآن شيئاً مُحَرماً على أي إنْسَان إلاّ أنْ يَكونَ ذَلكَ الطعام مَيتةً أو دماً سائلاً مصوباً أو يكون لحم خنزيرٍ فإنه قذرٌ ونَجِسٌ، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ بەوانەو بە غەیری ئەوانەش بڵێ لەوەدا کە خوا بە (وەحی) واتە بە نیگا بۆی ناردوومەتە خوارەوە، چونکە هیچ خۆراك و خواردنێك نابینم خودا (حەرامی) کردبێت لەسەر کەسێك بێجگە لەگۆشتی مردارەوەبوو، خوێنی ڕژاوو گۆشتی (بەراز) کە گۆشتێکی پیسە، ﴿أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٤٥﴾

(وَالْفسقُ وَهوَ ما أُهلَ لغيرِ الله أي ما ذُبيحَ لغير الله وَلَمْ يذكر عليه إسم الله (فَمَن أضْطَرَ) أي فَمَنْ كانَ في حال ضَرورة الجوع الملجئة بسبب فقدان الحلال مما دَعاهُ إلى أكل شيءٍ من هذه المحرمات فإن الله يغفر لَهُ ويرحمه حفاظاً عَلَى حق الحياة فَلاَ يؤاخذهُ بأكل ما يسد به الرمقَ ويدفع عَنهُ ضرر الهلاك)، واتە: مەگەر ئاژەڵێ کە بەناوی غەیری خواوە سەربڕابێ دیارە ئەو جۆرە سەربڕینەش (فیسق) و لە سنوور دەرچوونە، جا بێگومان ئەو چوار شتەی کە پێشتریش باسمان کرد ئەوانە حەرامن، بەڵام ئەگەر کەسێك برسیەتی تەواو ناچاری کردو هیچی تری دەست نەدەکەوت بۆی هەیە لەو شتە (حەرامانە) بەناچاری بخوات بێ زیادەڕەوی کردن بە ئەندازەی ئەوەی کە پێی نەمری، وە ژیانەکەت (تەئمین) بێ لە مردن ڕزگارت ببێ جا بێگومان پەروەردگارت لێخۆش بوو و زۆریش بەرەحم و میهرەبانە.

(ئەو شتانەی لە جوولەکە حەرام کرا بەهۆی لەڕێگا دەرچوونیان بوو)

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ﴾ أي وَعَلى اليهودِ خاصةً حَرّمنا عليهم كُلَ ذي ظُفرٍ ، قالَ عبدالله بن عباس (رض الله عنهما) هِيَ ذوات الظلْف كالإبلِ وَالنعام وَمَاليس بذي أصابع مُنفرجة كالبطِ والأوزِ[1]، واتـه: گۆشـتی هـەموو ئاژەڵێکی نینۆکدارو سم دارمان وەکو حوشترو (تـەیرە نوعامـە) یـانی مورغ و قازو مـراوی و هەنـدێ شـتی تـر لەسـەر جوەکـان حـەرامکرد[2]، چـونکە بێگومـان ئێمـە هـەموو چـڕنوکدارێکمان لـە (حـەیوان) و باڵنـدە لەسەر ئەوانە کە بوونـە جوولەکـە (حـەرام) کـرد ئـیبن و عـەباس (رەزای خوایان لێ بێت) ئەفـەرموێ: (یـان ئەوانـەو هـەموو پەلـەوەرێکی خـاوەن چناڵك کە ڕاو بکات هـەروەکو لەپێشەوە ئامـاژەمـان بـۆکرد، ﴿ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ ﴾ أي وَحَرَمنـا عَـليهم أكـل شحُوم البَقرِ وشحُوم الغَنم، واتـە: لە ئاژەڵی رەشەوڵاغ و بەتایبەتی مـەڕ و بزن دا ئەو بەزو چەورییەی کە کەوتۆتـە سـەر وورگ و ریخۆڵـەکان و یـان تێکەڵاو گۆشت و ئێسقانەکانیان نـەبووە لێمـان قەدەغـەو حـەرام کـردن،

---

(١) بڕوانە تەفسیری (البحر المحیط) لە نووسینی ابو حبان، بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٤٣.

(٢) واتە: بەمەبەستی سزادان و تۆڵە لەسەر جوولەکە (حەرامیان) کردن خواردنمان لێ قەدەغەکردن، زۆر لە زانایانی تەفسیریش ئاوایان ماناکردووە.

﴿إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ﴾[1]، أي إلا الشحم الذي عَلَقَ بالظهر منهما (أو الحوايا) أي الإمعاء أو المصارين، واته: بەلأم بەزو چەوری پیوی پشتیان و تا ئەگاتە کلك و کلێنجەیان و یان بەزو چەوری پیوی ریخۆڵەکانیان[2]، ﴿أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ﴾ والمعنى أن الشحم الذي تعلق بالظهور أو أحتوت عليه المصارين أو اختلط بعظم كشحم الألية جائزٌ لَهُم، واتە: ئەو بەزو چەوری و پیوەی کە نوساوە و لکاوە بە ئێسقانەوە هەموو جۆرە بەزو پێوانەمان لەگەڵ چەوری و بەزی گونیش مان یان ئەو چەوریەی سەر ریخۆڵەکان بۆ حەلاڵ کردبوون ﴿ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾﴾ أي ذلك التحريم بسبب ظلمهم وعدوانهم الّذي سبق من قتل الأنبياء وأكل الرّبا وأستحلال أموال الناس بالباطل وإنا لَصادقون فيما قَصَصنا عَلَيْكَ يا محمد (ﷺ) ، واتە: ئەو (حەرام) و قەدەغەکردنانە ئێمە سزای جوولەکەکانماندا بەهۆی گوناهو ستەمکردنیانەوە تاوان و ستەمەکانیان وەك کوشتنی پێغەمبەرەکانی خۆیان بە ناڕەواو خواردنی ریباو واتە سوو دارایی دانیشتوان و سامان و ماڵی هەتیوان و خواردنی ماڵی خەڵکی بەناڕەوا پێشیان حەلاڵ بوو وە ئێمە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەم گێڕانەیەوە بۆتۆ راست ئەکەین، جا ئەمە

---

(١) الحوايا، جمع حويه وهى الأمعاء واتە ریخۆڵە.

(٢) هەندێ لەمانای (الحوايا) ئەوەی بەدەوری سك و ورگا کۆبێتەوە کە بریتیە لە (مباعر) و (مرابض) یش پێ دەڵێن ریخۆڵەشی تێدایە، ووتی مانای قسەکە ئەوەیە لە مانگاو مەڕدا بەزو پیو چەوریەکەیان حەرام کرد جگە لەوەی بەسەر پشتیانەوەبێ یان ئەو چەوریەی کە بە ریخۆڵەکانیانەوەیە.

رەتدانـەوەی جوولەکەکانـە کـە دەیـانگوت خـودا هیـچی لـێ (حـەرام) نـەکردووین، ئێمـە بۆخۆمـان ئـەو خواردەمەنیانـەی (ئیـسرائیل) لـەخۆی حەرام کردبوون مەبەستیان یەعقوب پێغەمبەرە (سەلامی خـوای لێبێـت) ئێمەش لەخۆمان (حەرام) کردن ئەوجا خوای گەورە بەدرۆی خستنەوەو ئەفەرمووێ (ئێمە لەهەر شتێکدا کـە دەیلێین زۆر راسـتگۆین) یان ئێمـە بەمەبەستی تەمبیّ کردنیان ئەو خواردەمەنیانەمان لیّ قەدەغەکردن نەك وەکو جوولەکەکان دەڵێن گوایە ئیـسرائیل ئـەو خواردنـەی لـەخۆ حـەرام کردبـوون و ئێمـەش لـەخۆمان (حـەرام) کـردن، جـا بێگومـان حـەزرەت (ﷺ) دەفـەرموێت: (لَعَـنَ الله اليهُـودَ حُرمـت علـيهم الـشحوُم فَجَمَلُوهـا فَباعُوهَا[1]، واتە: خوا جوولەکە بکوژێ و لەناویان بەرێت و غەزەبیان لـێ بگـرێ و لـەکاتی خۆیـدا بـەزو پیـوو چـەوریان لـێ حـەرام کـراو واتـە قەدەغەکراو بـەلاّم ئـەوان بـە فێـلّ و حیلـەوە هەلّـسان بـەزو پێوەکـەیان توانەوەو فرۆشتیان پارەکەیان خوارد.

﴿ فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر لەگـەلّ ئەوەشـدا ئەگـەر ئـەو جوولەکانـە یـا ئـەو بتپەرسـتانە بڕوایان پیّ نەکردی و بەدرۆزنیان زانیت و ووتیان شتە (حەرامەکان) هـەر ئەوانـەنین کـەتۆ دەیانلّێیـت ئـەویش کـە ئێمـە (حـەرامـمان) کـردوون هـە رحەرامن چونکە لەلایەن خواوە حەرام کراون، یان ئەگەر جوولەکەکانیش

---

(١) ئەم فەرموودەیە بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە لە جابری کوڕی عەبدوللاّوە (ڕەزای خوایان لێبێت) بڕوانە فتح الباری شرح صحیح البخاری، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٨٣.

گوتیان ئەو گۆشتانەی لێمان (حەرام) کراون سزاو تۆڵەی خودا نین، ﴿ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر تۆیش پێیان بڵێ رەحمەتی خودا زۆر فراوانە و بەسەبرو ئارامگری لەگەڵتاندا کەمن بەدرۆزن دەزانن ، هەروەها باوەڕم پێ ناکەن ئەوە بێگومان هەرگیز سزاو غەزەبی خوا لەگەڵی تاوانباران ڕەت ناکرێتەوە، یانی هەر کاتێ غەزەب و قاری لەهۆزی گرت ئەمە هیچ رەت بوونەوەی بۆنیە و لێی دەرباز نابین کەواتە هەشیار بن.

(بت پەرستان ئەڵێن ئەگەر خوا مەبەستی بوایە ئێمە نەدەبوینە بتپەرست)

ئەوجا لەپاش ئەوەی خوای گەورە باسی (جاهلیەت) واتە: سەردەمی نەفامی کردوو بەهەموو شێوەیەك (رەدی) لێ دانەوەو ئینجا دەمکوتیان ئەکا، ئەمجار باسی بیروبۆچونی پڕوپوچی تریان دەکاو ، کە هەندێ ئیدیعای درۆو دەلەسە داوێنە پاڵ خودا، کە گوایە دەیانگوت خوا خۆی ئاگای لێ بووە لەو بت پەرستیەی کە پێی هەڵساوین وە لەو شتانەی کە لە خۆیان (حەرام) کردووە خودا دەیتوانی بیگۆڕی و باوەڕ بخاتە دڵمانەوەو لەخوا ناسی لامان بدات کە نەیگۆڕیوە مانای وایە کە بە ئارەزوو مەیلی ئەوەو لەو کارەمان (رازی) بووەکە کە کردوومانە ئینجا هەر بۆیە خوای پەروەردگار لەوەڵامیاندا ئەفەرموێت ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ﴾

واتە: ئەو بتپەرستانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن و دەڵێن ئەگەر خودا بیویستایە نە ئێمەو نە باووباپیرانمان بتمان نەدەپەرست و شەریکمان بۆ دانەئەنا، وە ئەگەر خودا نەویستایە ئێمە هیچ شتێکمان لەخۆمان حەرام نەدەکرد ﴿ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ ﴾ واتە: ئەوانیش لەپێشیانەوە بوون هەر ئاوا وەکو ئەمانە باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێناو کەوتنە درۆو دەلەسە هەڵبەستن بۆ پێغەمبەرەکانیان و باوەڕین پێ نەهێنان و بەدرۆیان خستنەوە، هەتا ئەو کاتە سزای ئێمەیان چەشت، جا بێگومان هەر بەم شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانەش تووشی ئەو حاڵە هاتن و سەریان لێ تێکچوو، جا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر لەوەڵامیاندا بڵێ ئەگەر لە زانین شتێك شك واتە گومان دەبەن بۆمان دەرخەن ، واتە ئەگەر وادەزانن خوا لێتان رازیە لەسەر ئەو کارەی دەیکەن بۆمان روون بکەنەوە، ئاگادارمان بکەنەوە لێی ﴿ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨ ﴾ واتە: بەڕاستی ئێوە هەر شوێنی گومان دەکەون و هەر لەلای خۆتانەوە قسە دەکەن و بوختان بۆ خودا هەڵدەبەستن و بەتەنیا هەر درۆیە دەیکەن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٤٩ ﴾ أي قُلْ لَهُم إن لَمْ تَكن لَكُم حُجةٌ فللهِ

الحجةُ البينَةُ الواضعة التي بلغت غاية الظهور والإقناع فلو شاءَ لَهَداكُم إلى الإيمان أجْمَعين ولَكنهُ تعالى تركَ للخَلقِ أمر الإختيار في الإيمانِ والكفرِ ليتم التكليف، واته: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ دڵنیابن کە بەڵگە بەهێزو تێرو تەواوەکان هەر لای خوای گەورەیە (ئێوە ئەی بێ باوەڕەکان) هیچ بەڵگەیەکی شیاوو بەکەڵکتان لەلانیە جا بێگومان خۆ ئەگەر بیویستایە هەر هەمووتانی ناچاری هیدایەت بیروباوەڕی ڕاستەقینە دەکرد، بەڵام ڕێزی لێناون (جوزئی ئیختیاری) داوە دەستان و ئێوەی سەرپشکی کردوون، چونکە بێگومان خوای گەورە ویستویەتی ئادەمیزاد لە بیروباوەڕدا سەربەخۆبێ چونکە خودا نایەوێ بەزۆر کەس موسڵمان بکاو ئەیەوێ غەیری ئێوەش بە ئارەزووی خۆتان و خواستی خۆتان ڕێگەی تەوحیدو خواپەرستی بگرن بۆ ئەوەی هەرکەسێ ئیتاعەو پەیڕەوی نەکرد جەزای بداتەوە بەدۆزەخ وە ئەوەی ئیتاعەو پەیڕەوی کرد جەزای بداتەوە بە بەهەشتی پان و بەرین، ئەوجا خوای گەورە فەرمان بەخۆشەویستەکەی خۆی ئەکاو پێی ئەفەرمووێ تۆ داوا لە (موشریکەکان) بکە شایەدومان بێنن لەسەر ڕاستی داواکانیان لەسەر ئەو حەرام کردن و حەڵاڵ کردنەی کە بانگەشەی بۆ ئەکەن، جا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ئەکاو ئەفەرمووێ ﴿ قُلْ هَلُمَّ [1] شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا ﴾ أي قُل لَهُم يا محمد أحْضرُوا لي مَنْ

---

(١) ووشەی (هَلُمَّ)لە ڕێزمانی عەرەبیدا (إسم فعل) ی پێ دەڵێن واتە: ووشەی اسم و ماناکەی فعل واتە بیهێنن و ئامادەی بکەن.

يَشهَد عَلى صَحة مَا تَزْعَمُون أنّ تعالى حَرمَ هـذه الأشياء التّي تـدعونها، واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بلّێ بەو موشریکانە دە شایەدەکانتان بێنن شایەدی بدەن کە ئەوانەی ئێوە دەیلێن کە بە ئاشکرا شایەدیتان بۆ دەدەن کە ئەو شتانەی پێتان وایە (حەرامە) و خودا لێی حەرام و قەدەغە کردوون ﴿ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْۚ ﴾ أي فإن حضروا وكذبُوا في شهادتهم وزوّروا فلاَ تشهد بِمثلِ شهادتهم ولا تصدقهم، واتە: گەر شایەدیان هێناو شایەدیان دا درۆ دەکەن تۆ پێیان باوەڕ مەکە و شایەتیەکەیان لێ وەرمەگرەو چونکە دلّنیابە شایەتیدانەکەیان درۆو بوختانە و ئەوان راست ناکەن و شایەدی بەدرۆ ئەدەن ﴿ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْأَخِرَةِ ﴾ واتە: نابێ پەیڕەوی ئەوانە بکەیت کە بە گوێرەی هەواو هەوەسی خۆیان ئەکەون و بەلگەو نیشانەی ئێمەو فەرموودەی قورئان بەدرۆ دەزانن و ، وە باوەڕی بەرۆژی دوایش ناکەن ﴿ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٠﴾ ﴾ أي وَهُم يشركُون بالله غَيرهُ فيَعْبدونَ الأوثانَ، واتە: هاوتاو هاوبەشیش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن و چونکە بت دەپەرستن و هاوڕێ بۆخوای مەزن دادەنێن.

(الوصايا العشر المفيدة)

واتە: دە راسپاردەی بەسوودو بەکەڵك)

خوێنەوارە ئازیزەکانم خوای پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا رای گەیاند کە بت پەرستان هەر بۆ خۆیان شتیان بۆخۆیان حەڵاڵ ئەکردو وە هەروەها زۆر شتیشیان (حەرام) ئەکرد، وە بوختانیشیان ئەکرد و ئەیانگوت ئەمانە خوا (حەرامی) کردوون یان ئەیانگوت ئەمانە یەعقوب پێغەمبەر لەسەر خۆی حەرامی کردووە، ئینجا خوای گەورەش بەرپەرچی دەدانەوە، وە هەروەها لە قورئان باسی هەندێ لە قەدەغەکراوەکانی کرد، وەك مردارەوەبوو، خوێنی سائیل و ڕەوان، هەروەها گۆشتی بەرازو، ئەو (حەیوانانەی) کە ناوی خوایان لەسەر نەبرێ لەکاتی سەربڕیندا، جا بێگومان لەم سێ ئایەتانەی دواییدا باسی هەندێ لە (حەرام) و قەدەغەکراوەکانی ترمان بۆ دەکاو کە لەلای هەموو دەستوورە ئاسمانیەکان قەدەغەن بەبێ جیاوازی هەروەها باسی هەندێ شتی ترمان بۆ دەکاو ئەفەرمووێ کە پێویست کراون لەسەر موسڵمانان کە جێ بەجێ بکرێن وەکو دەست پاکی و کێشان و پێوانەدا، هەروەها راگرتنی پەیمانەکانی خواو پەیڕەوی دادپەروەری، وە هەروەها پێویستە هەر شتێ کە خوای گەورە قەدەغەی کردبێت پێویستە نەکرێن چونکە خوای گەورە لەبەر زیان و نەشیاویان حەرامی کردوون، وە لەگەڵ ئەوەشدا دە راسپاردەو (وەصیەتنامە) ی بەسوود باس دەکات لە قورئانی پیرۆز کە گشت یاساو شەریعەتە ئاسمانیەکانیش تێیدا یەکدەنگن، هەروەکو خوای گەورە باسی ئەو (١٠) سپاردنەمان بۆ دەکاو کە زۆر بەکەڵك و بەسوودە:

١- خوای مەزن فەرمان بە پێغەمبەر ئەکاو ئەفەرمووێ: ﴿ قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ﴾ واتە: وەرن با بخوێنمەوە بەسەرتاندا ئەوەی کە پەروەردگارتان (حەرامی) کردووە لەسەرتان، وە هەروەها نابێ هیچ شتێك بکەنە (شەریك) و هاوبەشی خوا.

٢- وە ئەفەرمووێ: ﴿ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ واتە: چاکە لەگەڵ باوك و دایکتان بکەن.

٣- وە ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴾ واتە: لەترسی برسێتی و هەژاری منداڵەکانتان مەکوژن چونکە هەر ئێمەش (رزق) و رۆزی بە ئێوەو بە ئەوانیش دەدەین.

٤- ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴾ واتە: نزیك تاوانی فاحیشە مەبنەوە[1]، یانی نزیکی هیچ جۆرە گوناهی گەورەو بچووك واتە ئاشکراو نهێنی مەکەونەوە.

٥- ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ﴾ واتە: کەسێك مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام واتە قەدەغەکردبێت مەگەر

---

(١) فاحیشە: بەتاوانێك دەگوترێ کە گوناهەکەی گەورەبێ ئەوجا چ کرداربێ یان گوفتار بێ وەکو زینا و بوختان و...هتد.

کوشتنەکەی بەهەقێکی (شەرعی) بێت واتە ئێوە بەهەق نەبێ هیچ ئادەمیزادێك مەکوژن ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ ﴾ واتە: ئەوەی گوترا ئەوە وەسیەتی خودایە بۆ ئێوەو فەرمانی پێداوە، بەڵکو ئێوەش فکر بکەنەوەو هەتا بەپێی ئەو بڕیارو فەرمانە خوداییانە ژیانتان ببەنەسەر.

٦- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾ واتە: نزیکی ماڵ و سامانی منداڵی هەتیو مەکەون مەگەر بەشێوەیەکی چاك و جوان نەبێ تا ئەو هەتیوە ئەگاتە کاتی هێزی خۆی و باڵغ ئەبێ.

٧- وە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ﴾ واتە: تاکو دەتوانن پێوان و کێشانتان بەتەواوی بێت چونکە خودای گەورە فەرمان دەکات بەدادگەری لە کڕین و فرۆشتن و وەرگرتن و دانەوەدا هەروەها دوور لە گزی و خیانەت بێت، وە هەروەها ئەفەرمووێ: ﴿ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ واتە: ئێمە لە توانا بەدەر هیچ بارو ئەرکێ ناخەینە سەرشانی کەس.

٨- وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا

قُرْبَىٰ ﴾ واتـە: هەركـە قسـەیەكتان كـرد یـان بڕیارێكتـان دا دەبـێ دادگەر بن ئەگەرچی دژی خزمی خۆشتان بێ.

٩- خوای گەورە دەفـەرموێت:﴿ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ﴾ واتـە: فـەرمانی خـودا بەتـەواوی بـەجێ بێـنن ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ ﴾ واتـە: خـوای گـەورە ئـەم وەسـیەت نامـە بەسوودەی بە ئێوە راگەیاندو راسپاردووە بەڵكو هـەر لـەبیرتان بـێ وە دەرس و ئامۆژگاری لێ وەربگرن وە هەروەها بێ ئاگا نـەبن لـە خواپەرستی و عیبادەتی ئەو زاتە.

١٠- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبەر بە كافر و بێ باوەڕان بڵێ ئەمەی كە باسكرا ئـەوە رێگـاو رێبازی منە كـە راسـتەو مەبەسـت ئـایینی پـیرۆزی ئیسلامە، یـانی رێگای راستی منە، وە شوێن رێچكەكانی تر مەكەون چونكە جیاتان دەكاتەوە لە رێبازی خوا، عَن ابن مسعود (رضي الله عنه) قـالَ خَـطَّ رَسُول الله يَوماً خَطاً ثُم قالَ هذا سبيل الله ثم خطَ خطوطاً عَنْ يَمينـه وَيسارهِ ثمّ قالَ هذهِ سُبلُ عَلى كلّ سبيل منهَا شَيْطانٌ يـدعُوا إليهَـا ثُم قرأ ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ﴾، واتە: لە ئـیبن و مەسعودەوە (رەزای خوای لێبێت) ئەڵێت رۆژێك پێغەمبـەر (ﷺ)

بەدەستی پیرۆزی خەتێکی راستی کێشاو پاشان فەرمووی ئەوە ڕێگای راستی پەروەردگارە، ئینجا لای راست و چەپی هێڵەکە خەتی کێشا ئەوجا فەرمووی: ئەو ڕێگایانە هەموویان ڕێگای گومڕایین ڕێچکەیەك نییە کە شەیتانێکی بەسەرەوە نەبێ و ئینجا خەڵکی بۆ بانگ دەکات ئەوجا لەپاشان حەزرەت ئەم ئایەتەی خوێنـــدەوە ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾ جـا خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾

واتە: ئەوانە گشت وەسیەت و راسپاردەو ئامۆژگاری خوان بەڵکو خۆتان بپارێزن لە تۆڵەو سزاو ئاگری خوا بەشوێن کەوتنی تەنها ڕێگەی خواو دوورکەوتنەوە لە هەر بەرنامەو ڕێگەیەکی تر.

(مەدح و ستایش كردنی تەورات و قورئان)

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ ﴾ أي آتينا موسى الكتاب تماماً لنعمتنا عليـه في قيامـه بأمرنا ونهينا فإن إيتاء موسى الكتاب نِعمةٌ من الله عليه ومِنَّةٌ عظيمـة لما سلف منه من صالح العمل وحسن الطَّاعة[1]، واتە: پـاش ئـەوەی كـە ئـەم باسانەم بۆ كردن بزانن تەوراتمان دا بە حەزرەتی موسـا بـۆ تـەواوكردنی نازونیعمەتەكانم لەسەر ئەوو لەسەر بەنی ئیسرائیل ئەوانەیان كردەوەیان باش بوو، وە عیبادەت و خواپەرستیان بەباشی ئەكرد، یان هەندێكی تـر لە (موفەسیران) بـەم شـێوەیە راڤـەو تـەفسیریان كـردووە﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ﴾[2]، لێرەدا ووشەی (قُلْ) تەقدیر دەكرێـت واتـە ئـەی پێغەمبـەر بەو بیٰ باوەڕو بتپەرستانە بڵـێ هـەروەك چـۆن قورئانمـان بۆتـۆ ناردۆتـە خوارەوە بۆ هیدایەتدان و ڕێنمایی ئەوان و سەرجەم مرۆڤایـەتی تـا ژیـان كۆتایی پێدێت بەهـەمان شـێوە تـەوراتمان بـۆ حـەزرەتی عیسا ناردۆتـە خـوارەوە بـۆ هیدایەتـدانی قـەوم و هۆزەكـەی تـا بەتـەواوی هیدایـەت و

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەكان) ئەڵێن بە عەرەبی (في الكلام شيءٌ محذوف تقديرهُ لفظ (قل) يا محمد الرّسول لهؤلاء الناس إنا أتينا موسى الكتاب، وهو معطوف على بداية الكلام عن الوصايا العشر، بڕوانە تەفسیری (المنير في العقيدة والشريعة والمنهج، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٦٢ .

(٢) هەروەها ووشەی (ثم) بۆ ئەوە نیە كاتی بەخشینی تەورات بە موسا دوای هاتنی قورئان بووبێ بەگوێرەی كات بۆ باسكردنی هەواڵێك دوای هەواڵی تر .

بەهرەو بەخششەكانمان بڕژێنن بەسەر ئەو كەسانەدا كە بەچاكی شوێنی كـەوتوون و پـەیڕەویان لێكـرد﴿ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ ﴾ أي وَبياناً مفصلاً لكل ما يحتاج إليه بنو إسرائيل في الدّين، واتە: بەڕاستی ئێمە ئـەو كتێبەمان پێ بەخشی كە بۆمـان هـەناردبوو هـەروەها تـەواوو كامـڵ بـوو هەرچـی خـەڵك پێویـستیان پـێ هـەبوو بەتایبـەتی (بـەنی ئیـسرائیل) دەربـارەی یاسـاو شـەریعەتی تێـدابوو لـەبارەی ئایینیانـەوە هـەموومان روون كردبــۆوە ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ ﴾ أي وَهَدى لبني إسرائيل وَرحمةً عليهم ليصدقوا بلقاء الله، قَالَ عبـدالله بـن عباس (رضي الله عنهما) كي يُؤمنوا بِالبَعـثِ ويـصدقوا بـالثواب وَالعـذاب، واتە ئەو كتێبەی ئێمە دابوومان بە حەزرەتی مووسا كتێبـی رەحمـەتی و رێنمـایی هیدایـەتبوو بـۆ بـەنی ئیـسرائیل و نـەوەكانی هـەروەها كتێبـی شارەزایی كردن بوو بۆ رێگای حەق و راسـتی، جـا بێگومـان ئـەو كیتابـە مایــەی (هیدایــەت) و (رەحمەتــە) لەلایــەن خــوداوە بــەڵكو ئیمــان و بـاوەڕبێنن بـە رۆژی دوایـی و گەیـشتنەوە بـە خزمـەت دیـداری خـوای پــەروەردگارتان تــا بــەپێی كـردەوەی خۆیــان پاداشــت بدرێنــەوە وە هەروەها عەبدوڵڵای كوڕی عەباس (خوایان لـێ رازی بێـت) ئەفـەرمووێ: (بەشـكو بـە دیـدارو لیقـای پەروەردگاریـشیان بـاوەڕ بكـەن وە تۆڵـەو پاداشتیان لە رۆژی دواییدا وەرگرن ئەوجا خوای مەزن دێتـە سـەرباس و ستایشی قورئانی پـیرۆزو ئەفـەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ ﴾ أي وَهَذا القرآن الذّي أنْزَلناهُ عَلَى مُحمد كتابٌ عَظـيمُ الـشأنِ كـثيرُ المنـافعِ

مُشتمِلٌ عَلَى أنـواع الفوائـدِ الدينيـة والدينويـة، واتـه: ئـهم قورئانـهمان ناردوەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خۆمان کە محەمەدە جا بێگومان بەڕاستی (کتێبێکی) زۆر مەزن و پیرۆزو بەفەڕە هەروەها خاوەنی سوودی زۆرە و بەکەڵك و بە (مەنفەعەتە) و شامیلە و هەموو جۆرە سودێکی تێدایە چ دینی چ دنیەوی وە ئەفەرمووێ: ﴿ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٥٥﴾ ﴾ أي تَمَسكُوا بـهِ ولأجْعَلُوه إماماً وَأحْذرُوا أنْ تُخالفوهُ لتكونوا راجين للرحمة، واتە: دەی ئێوەش دوای بکەوت و پەیڕەوی بکەر، ، وە هەروەها بیکەنە پێشەوای خۆتان، وە خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی و رەفتار کردن بە پێچەوانەی ئەو قورئانە پیرۆزە، رەجاو ئومێد وایە خوا میهرەبانیتان لەگەڵ بکات و رەحمتان پێ بکات.

(بێگومان قورئان بەڵگەی خودایە بۆسەر ئادەمیزادەوە)

جا بێگومان ئەم قورئانە پیرۆزە بانگەوازییەکی بێ پێچ و پەنایە چونکە زۆر (سەریحەو) شك و گومانی تێدانیە کە فەرمودەی خودای پەروەردگارە و ئاراستەی ئادەمیزادی کردووە کە شوێن بکەون و لەمانای (ئایەتە پیرۆزەکانی) وردبینەوەو تێفکردن وەلەگەڵ هەندێشدا (عملی) واتاکاری پێ بکەن و ئینجا سەربەرزی دنیاو قیامەت ئەبن جا خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ

﴿طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا﴾[1]، واتە: ئێمە ئەو قورئانە پیرۆزەمان ناردۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی نەڵێن ئەمە نێردراوەتە خوارەوە نامەی خوایە بۆ سەر ئەو دوو هۆزە لەپێش ئێمەوەبوون لە (مەسیحی) و جوولەکەدا ﴿وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ١٥٦﴾ أي وَقَدْ كُنا عَن قِراءَةِ كُتُبِهم التَوراةِ والإنجيلَ لَغافلين عَمّا فيه، واتە: بەڕاستی ئێمە بێ ئاگابووین لە فێرکردن و خوێندنی ئەوان و (کتێبەکانیان) واتە نامەکانیان، مەبەست تەورات و ئینجیلە چونکە زمانی ئەوانمان نەئەزانی و تێ نەئەگەیشتین ، واتە ئەی گەلی عەرەب بەڕاستی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە قورئان بەزمانی خۆتان و بۆسەر پێغەمبەر (ﷺ) کە لەرەگەزی خۆتانە هەتا عوزرو بیانووتان نەمێنێ ﴿أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ﴾ أو تَقُولوا لَوْ أننا أُنزل عَلينا الكتابَ كَما اُنزيلَ على هاتين الطائِفَتين لكِنا أهدى مِنْهُم إلى الحق وأسرعَ إجابةُ لإمرِ الرسول (ﷺ) لمزيد زكائنا، واتە: هەتا نەشڵێن ئەگەر ئەو نیگاو کتێبەی بۆ جوولەکەو گاورە مەسیحییەکان نێردراوەتە خوارێ بۆ ئێمە بهاتایە و ئێمە بێگومان باشتر هیدایەتمان لێ وەردەگرت و چاکتر فێری دەبووین و

---

(١) قالَ بَعضُ المُفسرين وهذا خطابٌ لأهلِ مكة، واتە: هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم (خیتابە) لەگەڵ دانیشتوانی مەککەیە، واتە بۆ ئەوەی نەڵێن تەنیا (کتێبی) ئاسمانی بۆسەر نەتەوەی جوولەکەو گاورەکاندا، نێردراوەو ئێمە نامەی ئاسمانیمان بۆ نەهاتووە یانی بۆ ئەوەی بەهانەتان ببڕین وەکو ئیبن جەریر ئەڵێ، (فقطع الله بانزاله القرآن عَلى محمد (ﷺ) حُجَتَهُم).

زووتر تێی دەگەیشتین و ئیمان و باوەڕمان بە خواو بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەهێنا [1]، چونکە بەڕاستی ئێمە زیرەکترو تێگەیشتووترین ﴿ فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ﴾ أي فقد جاءكُم مِنَ الله عَلَى لِسانِ محمد (ﷺ) قرآن عظيم فيه بيانٌ لِلحَلال وَالحَرام وَهُدى لِما فِي القلُوب ورحمةً مِن الله، قالَ المُفَسِرون أي قَدْ زَالَ العُذر بمجيء مُحَمَد (ﷺ)، واتە: بەڕاستی هاتووە بۆلای ئێوە بەڵگەیەکی ڕۆن و ئاشکرا لەلایەن پەروەردگارتانەوە لەسەر زوبانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەم قورئانە پیرۆزەیەو بەزمانی خۆتان هات ئەو قورئانە مەزنە هەموو جۆرە (حوکم) و یاسایەکی تێدا روون کراوەتەوە (حەلاڵ) و حەرامی تێدا ئاشکرا کراوە (هیدایەتە) و دەرمانی هەموو دەردانە و (شیفای) دڵ و دەروونە رەحمەتی پەروەردگارە لەلایەن خودای گەورەوە، هەروەها رێنموێنی و ڕێ نیشاندانێکی زۆر گرنگەو میهرەبانی یەکی گەورەیە لەهەردوو جیهاندا، جا موفەسیرەکان ئەفەرموون ئیتر هیچ بروبیانویەکیان نەما بەهاتنی فەخری عالەم (ﷺ) حەزرەتی محمد مستەفا ی نازدار (سەلاَت سەلامی خوای لەسەربێ) جا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾ أي مَنْ أكفرَ مِمَّنْ كذبَ بالقرآنِ وَلَمْ يُؤمِنْ بِهِ، واتە: ئایە کێ زاڵم وستەمکار ترە لەو کەسەی

---

(١) بەڵام ئەو بت پەرستانە هەرچەندە واش بڵێن خوا دەزانی کە هەر درۆ دەکەن و باوەڕیان هەر نەدەهێنا چونکە ئەو بێ باوەڕانە ئەوە هەمووی درۆو دەلەسەیەو کە هەڵی دەبەستن.

کـە بڕوایـی نـەهێنابێ بـە ئایەتـەکانی قورئـانی خـوداو بـەدرۆیان دابنـێ باوەڕیـان پـێ نـەکاو ﴿وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ﴾ أي أعـرض عـَنْ آيـات الله، واتە: ڕوویان لێ وەرگێڕێ، یان لێیان لادەدات ، یاخود خەڵکیان لێ لادەدات ﴿سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ١٥٧﴾ أي سَنُعَاقب الذينَ يُعْرِضُونَ عَنْ آياتِنَا بأقْبَحِ العَذابِ وَأشَدهُ بإعراضِهم وتَكذيبهُم لِرُسُلهِ، واتە: بێگومان لە ئایندەیەکی نزیکدا تۆڵـە لەوانـە دەسـێنین کـە ڕووی خۆیـان و خـەڵکیش وەردەگێـڕین لـە ئایەتەکانی قورئان ئەوجا بێگومان لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە لەهـەر کات و زەمانێکدابن تـاوانێکی گـەورە ئـەنجام دەدەن بەدژایـەتی ئـایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز، جا هەر بۆیە خوای گەورە هەڕەشەیان لێ ئـەکا لەوە بەولاوە بە کوشندەترین سـزای بـەئێش و ئـازار گرفتاریـان دەکـات بەهۆی ئەوەی کە ڕووی خۆیان و خەڵکی لە قورئـان دوور دەخەنـەوە وە باوەڕ بە پێغەمبەرەکەیان ناکەن و بەدرۆی ئەخەنەوە.

(بت پەرستان چاوەنواڕی دواڕۆژیان و نیشانەکانی قیامەت دەکەن)

ئەو ئایەتە هەڕەشە ئەکا لە (کافر)و بت پـەرستەکانی مەککـە چـونکە لەوەوپێش خوای گەورە کە قورئانی پـیرۆزی هـەناردە خـوارەوە ئەمـەی ڕوون کـردەوە کـە قورئـان بـۆی نـاردراوە کـە بـێ باوەڕەکـان عـوزرو مەهانـەیان نـەمێنێ و دژایـەتی قورئـان و پێغەمبەرەکـەی نەکـەن وە هەروەها نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت بەڕاست بـزانن ئینکـاری پەیامەکـەی

نەکـەن و کـە رەوانـەی کـردووە بۆسـەر ئێـوە، ئینجـا لێـرەدا ئـەوەش رادەگەیەنێ کە ئەو (کافرانە) بەهیچ شێوەیەك ئیمان ناهێنن و باوەڕ بـە پێغەمبەرو ئایینی ئیسلام ناکـەن هـەروەها ئـەوەش شـی دەکاتـەوە کـە ئەوەی لەپێشیانەوە چاوەڕێ دەکرێ بێتە ڕێیان لەم سێ شتە دەرناچـێ : ١- هاتنی فریشتە بۆ گیان کێشان، ٢- یان خوای مـەزن وادەی خـۆی بێنێتەدی و بەوەی پێغەمبەریان بەسەردا نـازل بکـا. ٣- ئـەوان تووشـی سـزای دونیـا بکـا، هـەروەکو لـە جەنگـەکان زۆربـەیان بەکوشـتن چـوون بەتایبەتی سەرۆکەکانیان جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ ﴾[1]، واتە: ئایە ئەو (کافرو بت پەرستانە) کە باوەڕ نـاهێنن چاوەڕوانی چـی دەکـەن؟ یـان چـاوەڕوانی ئـەوە دەکـەن کـە فریـشتەیەکیان لـە ئاسمانـەوە بـۆ بێتـە خـورەوە؟ یـاخود چـاوەڕوانن خـودا خـۆی بێتـە خوارەوە؟ یاخود هەندێك فەرمانی سـزادانی خـودا بێـت و بیانترسـێنێت، بـەلأم مامۆسـتا عەبدولکـەریمی مـودەریس (رەحمـەتی خـوای گـەورەی

---

(١) لێرەدا خودای پەروەردگار باسی سێ شتانی کردووە (هَلْ ينظرون) یانی (هَلَ ينتظرون) ئایە چاوەڕێی چی دەکەن؟ جگە لەوەی فریشتە بێن یان پەروەردگارت بێ یان نیشانەکانی پەروەردگارت بێن؟ ، بڕوانە تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز لە نووسینی مامۆستا عەلی باپیر بەرگی/٥، لاپەڕە/٩٤٢.

لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا[1]، بەم جۆرەیە ئەم رستەیەی ڕاڤەکردوەو -
هەروەکو ئەفەرمووێ ئەو (کافرانەی مەککە) ئەوەندە سەرسەخت و
بەدبەختن چاوەڕوانی ناکەن بۆ فریشتەی گیانکێشان بێ بۆ سەریان یا
بۆ هاتنی ئەمری خودا بۆ فەوتانی گشتی یا بۆ هاتنی بازێ لە ئایاتی
هاتنی رۆژی قیامەت وەکو دەرچوونی رۆژ لە خۆرنشینەوە، ﴿ يَوۡمَ يَأۡتِي
بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ
فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾ واتە: ئەو رۆژەی کە
هەندێ بەڵگەو نیشانەی خوا هات و بەچاوی خۆیان دیتیان ئەوکاتە هەر
بێ باوەڕێك کە پێشتر باوەڕی نەهێنابێ ئینجا ئەو کاتی باوەڕیش بێنی
بەکەڵکی نایەت کە پێشتر ئیمانیان نەهێنابێت چونکە شتێك کە لەپێش
چاوان بێت ناگۆترێ باوەڕی پێی هەیە ئەوجا باوەڕی تەواو ئەوەیە کە
شتێك دیار نەبوو دڵنیابیت کە هەیە وەك هەبوونی رۆژی قیامەت و
فریشتەو دۆزەخ و بەهەشت کاتێك کە مردن هات ئەوکاتە باوەڕ بێنی یان
ماڵەکەت بکەیتە خێرو بە هەژارانی ببەخشیەوە ئەوە قەبووڵ ناکرێ، جا
ئەی پێغەمبەر تۆ پێیان بڵێ ئێوە چاوەڕێ بکەن و ئێمەش چاوەڕێ
دەکەین ئەوجا با بزانین کێ زەرەرمەند دەبێت و کێ سەرکەوتوو ئەبێ،
چونکە بێگومان ئێمە سەردەخاو بەمراز دەگەینێ و دووژمنانمان
لەناودەباو دەیانفەوتێنێ.

---

(١) بڕوانە تەفسیری نامی لەدانانی مامۆتا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەرگی/٣،
لاپەڕە/٢٢٦.

(پاشكۆ)

خوێنــەوارانی ئـازیزم زۆر لــە زانایـانی (حــەدیس) لەتەفـسیری ئــەم ئایەتــەی پێـشوودا چـەند فەرموودەیـەكیان هێنـاوە ئینجـا یـەكێ لـەم فەرموودانە ئەمەیە لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ رازی بێت) ئەگێڕنـەوە ئەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویە (لاتَقُومُ السَّاعَةُ حَتى تَطْلَعَ الـشمْسُ مـنْ مَغرِبَها فإذا طَلَعت وَرآها الناسُ آمنُوا أجمعـون، وذَلِـكَ حِـينَ لا يَنْفَـعُ نَفْـساً إيمانُها ثُم قرأ الآية[1]،واتە: بەڕاستی قیامـەت و رۆژی دوایـی نایـەت هـەتا رۆژ لە رۆژئاواوە هەڵنەیـەت ئـەوجا هـەركاتێ رۆژ لـەوێوە هـەڵهات ئینجا هەموو خەڵك ئیمان و باوەڕ دێنن بەڵام ئەمـە ئـەو كاتەیـە كـە بڕواهێنـان هـیچ سـوودو قـازانجی نییـەو نـادات بـەهیچ كەسێك لەوكاتـەدا ئیمـان و باوەڕەكەی و ئینجا حەزرەت (ﷺ) ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە﴿ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ ﴾ جــا هـــەروەها دیـــسان ئـەبوهورەیرە (رەزای خـوای لێبێـت) ئـەڵێ كـەوا حـەزرەت فەرموویـەتی (ثَلاثٌ إذا خَرَجنَ لا يَنْفَعُ نَفساً إيمَانُها لَمْ تَكن آمَنَتْ من قبلُ طلوعُ الـشمس مِن مَغرِبِها، والـدَجالُ، ودابـة الأرض)[2]، واتـە: سـێ شـت كـە روویـان داو پەیدابوون ئیمان و باوەڕی هیچ كەسێك كە لەوەو پێش ئیمـان و بـاوەڕی نەهێنابێ سوودە نییە، ئەو سێ شتەش ، هەڵهاتنەوەی خۆر واتە رۆژ لـە شوێنی ئاوابوونی ئێستاكەی، هەروەها پەیدابوونی دەجال و دابة الارض.

---

(١) أخرجه البخاري برقم الحديث ٤٦٣٦.

(٢) رواه الترمذي والإمام أحمد والطبراني، برقم الحديث ١٤٢٢٤، دابة الأرض، واته جۆره حەیوانو ئاژەڵێكە لەزەوی پەیدا ئەبێ.

کەسانی خراپ کێشەو دووبەرەکی لەدنیادا درووست دەکەن

جا پاش ئەوەی خوای مەزن هەڕەشەی لە بت پەرستان و بێ باوەڕان کرد و ترساندنی لە عەزاب و سزای دواڕۆژ کە پێش (قیام الساعة) ڕوودەدەن و دێنەجێ ئەوسا موسڵمانان لە دژایەتی یەك و دووبەرەکی و کێشەنانەوە لە دین و ئاییندا درووست دەکەن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا ﴾ أيَ فرقوا الدين فَأصْبَحُوا شَيعاً وأحْزَاباً، قالَ إبن عباس هُم اليهُود وَالنصارى فَرقّوا دين إبراهيم الحنيف[1]، واتە: بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ئاینەکەی خۆیان کردووە بەچەند بەشێکەوە، وە خۆشیان بوونەتە چەند دەستە دەستەو پارچە پارچەو چەند تاقم و کۆمەڵێکی جیاواز لەیەکتر، وەکو جوولەکەکان و نەصرانیەکان وایان لێ قەومابوو ، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا هەر لایەکیان لاکەی تری بە ڕێ بزرکەر دەزانی و هەروەها بە لەئایین دەرچوو و بێ باوەڕی دائەنا هەروەها قورەیشیەکانیش لە ئایینی (ئیسماعیل) پێغەمبەر دوورکەوتنەوەو بوونە بت پەرست هەروەها پەرت و بڵاو بوونەوە.

---

(١) یانی ئەگەرچی لەبنەڕەتدا رووی لە (یەهود و نەصارایا) و باسی ئەوان ئەکات کە ئاینەکەی خۆیان گۆڕی و هەڵوەشاندەوە چوونکە هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم ئایەتە دەربارەی جوولەکەو نەصرانیەکان هاتووەتە خوارێ کە ئایینی حەزرەتی (ئیبراهیم و ئیسماعیل و موسا و عیسایان) تێك داوەو گۆڕیویانەو کردوویانە بەچەند ئاینێکی جیاجیا، بەڵام (ئایەتەکە) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ئایین هەڵگەڕانەوە یان کاری پێ ناکەن و .یان باوەڕی پێ ناهێنن

(چەند ئاگادارییەك)

خوێنەوارە ئازیزەکانم (موفەسیرەکان) لەبن ڕۆشانایی ئەم ئایەتەی پێشوودا کە لێکۆڵینەوەو ڕاڤەیان بۆ کردووە وە گەلێ قسەیان لەسەر کردووە، هەروەها چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەریان لەسەر هێناوە، جا بێگومان شایەنی باسە حەزرەتی شێخ (عەبدولقادری گەیلانی (قُدس سِرّە) لە تەفسیری ڕستەی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ[1]، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا ﴾ أي صَارُوا فِرقاً مُخْتَلِفة مُتخربة مُتعصبة)، واتە: ئەوانەی ئایینی خۆیان لێك جیاکردۆتەوە و بوون بە چەند گرووپ و تاقم و کوتلەیەکی جیاوازی دەمارگیر، جا بێگومان ئەمەش فەرموودەیەکی پێغەمبەری (ﷺ) خۆشەویستمانە کە ئەفەرمووێ: (إفترقت اليَهُودُ إلى إحدى وسبعينَ فِرْقَةً (ألا إنّ مَنْ قَبْلَكُم مِنْ أهلِ الكتاب أفترقُوا على إثنتينِ وَسَبعينَ ملةً) وتفرقت النصارَى عَلَى إحْدَى وإثنينَ وَسَبْعينَ فِرْقَةً وَتَفْتَرّق أُمتي عَلَى ثَلاثٍ وَسَبعِينَ فِرْقَةً، وفي رواية وإن هذه المِلّة سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبعِينَ إثنتان وَسَبعونَ فِي النّار، وَفي رواية (في الهَاوية) وَوَاحِدةٌ فِي الجَنَةِ وَهِيَ الجَماعةُ)[2]،واتە: جوولەکە بوون بە حەفتاو یەك یان حەفتاو دوو دەستو تاقم و پارچەوە، وە لە (ریوایەتێکی) تردا

(١) بڕوانە (تفسير الجيلاني، الغوث الرباني والإمام الصمداني)، لەدانانی شێخ عبدالقادری گیلانی، بەرگی/٢، لاپەڕە/٩٣.

(٢) رواه أبو داود، و الترمذي، وإبن ماجه، والحاكم، والبيهقي، وأحمد، وأبو يعلي، وإبن حبان في صحيحه.

ئەفەرمووێت: ئاگاداربن ئەوانەی پێش ئێوە لەخاوەن نامەکان پەرتـەوازە بــوون و بــوون بـــە حـــەفتاو دوو دەســـتەو تاقمـــەوە وە (گـــاوورو مەسیحییەکان) بوون بە حـەفتاو یـەك یـان حـەفتاو دوو دەسـتەو تـاقم و گرووپ و پارچەوە، وە لە (ریوایەتێکی) تـردا ئەفـەرمووێ بێگومـان ئـەم ئوومەتەش دەبێت بە (حەفتاو سـێ دەسـتەو تاقمـەوە) ئینجـا هـەروەها حـەفتاو دوویـان دەچـنە (جەهەنـەم) و دۆزەخـەوە یـەکێکیان دەچـێتە بەهەشـتەوە، ئـەویش بریتیـە لـە (جماعـە) واتـە کۆمـەڵی موسـڵمانانی (ئەهلی سونەو جەماعە).

٢- هــەروەها بــت پەرســتان بــوون بەچــەند پارچــەیەك و لەوانــە هەندێکیان ئاگرپەرست بوون و وە هەندێکیان ئەستێرە پەرست بـوون و هەشیانە رووناکی و تاریکی ئەپەرست و هەیانـە بتـەکانیان ئەپەرسـت و هەشیانە گاو گۆڵك ئەپەرستن و ...هتد.

٣- جا بێگومان موفەسیرەکان ئەفەرموون جوولەکەکان بـوون بـە ٧١ تــاقم و گــرووپ هــەروەها بەناوبانگــەکانیان ئەوانــەن (فریــسین) واتــە گۆشــەگیرەکان و تێکــەڵاوی هــیچ کەســێ نــابن (الــصدیقین) و ســەربە سەدووق گـروپێکن بڕوایـان وایـە زیندوبوونـەوەو (حیـساب) و (جـواب) و (عیقاب) و سزا و تۆڵەو بەهەشت و دۆزەخ نیە، هـەروەها کوتلەیـەکی تـر هەنە لەوان باوەڕیان بەس بە تەورات هەیە.

٤- هــەروەها (نەصــرانیەکانیش) بوونــە بــە چــەندین تــاقم و گــروپ هــەروەها بەناوبانگــەکانیان ئەمانــەن و هەنـدێکیان ســەر بــە (کەلیـسای) رۆژئاوان و هەشیانە سەر بە (کەلیسای) رۆژهەڵاتن جا ئەم دوو کۆمەڵانـە

ئەبنە ٧٢ تاخم.

٥- موفەسیرەکان ئەفەرموون ئینجا موسڵمانانیش بوون بە (٧٣) تاقم و کوتلە ئەوجا هەروەها بەجۆرێ هەندێکیان هەندێك دەکرهێنن و دەبوغزێنن وە هەندێك زەمی یەکتر دەکەن وە هەندێ تر بەعزێ بە بێ باوەڕ دائەنێن هەروەکو فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کردوون هەموویان ئەچنە نێو دۆزەخ (جەهەنەم) جگە لەو تاقمەو کۆمەڵە نەبێ کە لەسەر رەوشت و ئەخلاق و سوننەت و بیروباوڕەو کردەوەی پێغەمبەر و (ﷺ) هاوەڵانی ئەون و هەروەها شوێن کەوتووی ئەوانن و بەتەواوی لەسەر شەریعەتی پێغەمبەرن (ﷺ).

جا بێینەوە سەر راڤەی ئایەتە پیرۆزەکە ئینجا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ: ﴿لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ أي لَسْتَ مِنْ مَذَاهبِهِمْ الباطِلَة في شيءٍ أنْتَ بَريءٌ مِن جميع ذَلك، واتە: تۆ بەهیچ شێوەیەك لەسەر رێبازی ئەوانەوە نیت چونکە ئەو رێگایەی تۆ لەسەری دەچیت ئەمە رێگای راستی خودایە[1]، تۆ لەهیچ شتێکدا لەسەر مەزهەب و رێبازی پڕوپووچی ئەوان نیت، واتە: پرسیاری کاروباری ئەوان لەتۆ ناکرێ یان مەبەست ئەوەیە تۆ دوور یت لەوانەو هیچ پەیوەندیت پێیانەوە نییەو تێکەڵیان ناکەیت ئینجا تۆ لەخراپەکاری ئەوان و گوفتارو رێبازی ئەوان بەرپرسیارنیت، ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ﴾ أي جزاؤُهُمْ

---

(١) چونکە بێگومان تۆ بە (ئەمرو) فەرمانی خوا کاردەکەی ، بەڵام ئەو (بت پەرستانە) بەفەرمای تاغووت و (شەیتان) کاردەکەن.

وَعِقَـابُهُمْ وَمَـصِيرُهُمْ وَمُنْقَلَـبُهُمْ إلى الله، واتـە: بێگومـان (حیـسابی) ئـەوان دەگەڕێتەوە لای خودا چونکەسزاو تۆڵەیان بەپێی کردەوەکانی خۆیانـە، ئـەوجا چ چـاك بێـت یـان خـراپ چـونکە بەڕاسـتی کـاری ئەوانـە هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆلای خـواو هـەر بەدەسـت خوایـە ئـەو تـەکبیری هـەموو شتێکیان ئەکات بەگوێرەی کار درووسـتی خـۆی، ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ۝١٥٩ ﴾ أي يخبرهم بشنيعِ أفْعَالِهم فَيُجازِيهم عَلَيْهَا، واتـە: پاشـان لەرۆژی دواییدا ئیشە خراپـەکانیان دەداتـەوە بەرچـاوانیان و ئاگاداریـان ئەکاتەوە بەوەی کە کروویانـە واتـە لـەو رۆژەدا تۆڵـەیان لـێ ئەسـێندرێ هەروەها بەجەزای ئەوەی کە ئەوان لەمەوپێش کردوویانە.

(خوای گەورە پاداشتی چاکەیەك بە دە ئەداتەوەو پاداشتی خراپەش هەروەکو خۆی)

ئەوجا بەم بۆنەیەوە خوای گەورە ئەو (حوکم) و بڕیارە دەردەکات کە پێویستی کردووە لەسەر بەندە خواپەرستەکانی خۆی کە کردەوەکانیـان چ چـاك و چ خـراپ بـەلام ئەنجامـدانی چـاکە پاداشـاتی لای خـودا یـەك بەدەیـە و هـەر کەسـێ خراپـەش بکـات تـەنیا بـە ئەنـدازەی خـۆی سـزا دەدرێ هـەروەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ﴾ أي مَـنْ جـاءَ يـوم القيامـة بِحَسَنةٍ واحـدةٍ بِخَـصلةٍ مـن الطاعاتِ فَلَهُ عَشْرُ حَسَنَاتٍ، واتـە: هەرکەسێك چـاکەیەك ئـەنجام بـدات و بیکات ئەوە بێگومان پاداشتی چاکەکەی لـەرۆژی قیامەتـدا بـە دە قـات

وەردەدەگرێتـــەوە[1]، ﴿ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا ﴾ أي مَنْ جَاءَ بِخَصْلَةٍ مِنَ المَعْصِيةِ فَلاَ يُجْزي إلا مِثْلَهَا[2]، واتـە: هەرکەسـێکیش تـــاوان و گونـــاهێکی کردبێـــت ئـــەوە هـــەر ســـزای خراپەکـــەی خـــۆی وەردەگرێتەوەو بەقەد خراپەکـە سزا ئـەدرێ سەربەسـەر لەسـەری زیـاد نـاکرێ ﴿ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ ﴾ واتــە: هــیچ کــەس لــە چـاکەکارو خراپەکار ستەمیان لێ ناکرێ.

(ئاگاداربیەکی گرنگ)

جا بێگومان ئەمەش گرنگترین بەڵگەیە لەسەر سۆزو میهرەبانی خـوای پەروەردگار بەرامبەر بەندەکانی خۆی هـەروەها چاکەیەك لای خـوا یـەك بەدەیە و بەچەند قات زیاتر ، بەلأم خراپە هەروەك خۆی دەبێ و هیـچی لێ زیاد ناکرێ و ئەمەش بەزەیی خوای گەورەیە چونکە خوای گەورە لـە ئایــەتێکی تــردا ئەفــەرمووێ ﴿ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيۡرٞ مِّنۡهَا ﴾ ســورەتی النمل، ئایەتی/٨٩، واتە: هەر کەسـێك چـاکەیەك ئـەنجام بدات و بیکـات بێگومان لەوە چاکتر چاکەی لەگەڵ دەکرێتەوە هەروەها خوای مـەزن لـە

---

(١)بەلأم خوای گەورە بەچەندانە پاداشتی ئەداتەوە، ئەمەش کەمترین پاداشتە کە خوا ئەیداتەوە بەلأم زۆرترین پاداشتیش بە (حەوت سەدە) یانی چەند قات (أضعاف) پاداشتی بەندەکانی ئەداتەوە ئینجا بەو پاداشتە زۆرە خوا هانی موسڵمانان ئەدا بۆ چاکەو خێرو خێرات.

(٢) موفەسیرەکان ئەفەرموون (فالزيادة في الحسناتِ مِن بابِ الفَضلِ وَالمعاملة بالمثل في السيئاتِ مِنْ باب العَدلِ).

(حەدیسێکی قودسیدا) ئەفەرمووێ: وەك لە ئیبن و عەباسەوە (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ئەمەش دەقەکەیەتی (عَنْ رسول الله (ﷺ) فيما يَرْوِى عَنْ رَبِّه عَزَّ وجَلّ قالَ قالَ رسُول الله (ﷺ) إنّ رَبكُمْ رحيمٌ مَنْ هَمّ بِحسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتبتْ لَهُ حَسنةً فإن عَمِلَها كُتُبَتْ لَه عَشْراً إلى سَبْعمائةٍ إلى أضعافٍ كثيرةٍ، واتە: بەڕاستی پەروەردگاری مەزنتان زۆر بەرەحم و بەزەییە جا کەسێ بیەوێ چاکەیەك بکات و نەیکرد چاکەیەکی بۆ نووسراوە بەڵام کە کردی ئەوە دە چاکەی بۆ نووسراوە تا حەوت سەد پاداشتی بۆ دەنووسرێ بەڵکو زیاتریش (وَمَنْ هَمَّ بسيئةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةً فإن عَمِلَهَا لَهُ واحِدةً أوْ يَمْحُوها الله عَزّ وجَلّ وَلا يَهلكُ عَلَى اللهِ إلاّ هالكٌ[1]، واتە: هەرکەسێ بیەوێ خراپەیەك بکات ئەگەر نەیکرد ئەوە چاکەیەکی بۆ نووسراوە خۆ ئەگەر خراپەکەی کرد ئەوە یەك خراپەی بۆ نووسراوە[2]، یان خودای پەروەردگار بۆی دەسڕێتەوە لەلای خودا هیچ کەسێ بەهیلاك و فەوتان ناچێ مەگەر کەسێ خۆی بەخۆی بە هیلاك ببات و بفەوتێنێ .

---

(١) صحيح أخرجه البخاري برقم ٦٤٩١، ومسلم برقم ١٣١، والنسائيُّ في سُنَنُ الكبرى برقم ٧٦٧٠، والامام أحمد في مسنده (١) ٢٧٩.

(٢) لە گێڕانەوەی ئەبو هورەیرە (خوا لێی رازی بێت) کە (ریوایەتی) کردووە لە پێغەمبەر (ﷺ) لەکۆتاییدا حەزرەت (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾ ﴾

(ئایینی پیرۆزی ئیسلام رێگایەکی راستە لە ئیبراهیمەوە بە ئێمە گەیشتووە)

خـوای گـەورە لـەم سـورەتە پـیرۆزەدا بەلگـەی زۆری هێنـاوە لەسـەر (یەکتاپەرسـتی) و چـونکە بیروبۆچـونی بـت پەرسـتان ڕەت دەکاتـەوەو هــەروەها درۆو دەلەســەکانیان پوچــەڵ دەکاتــەوەو ئینجـا لـەکۆتایی سورەتەکەدا باسی ئایینی پیرۆزی (ئیبراهیمیان) بۆ ئەکات کە ئـایینێکی رێك و پێك و رێگای راست و درووست ئـایینی حـەزرەتی (ئیبراهیمـە) کـە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و خواپەرستیە، ئـەوجا لەبـەر ئـەم هۆیـەوە خوای گەورە (خیتابی) خۆی ئاراستەی حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئـەکاو بۆ ئەوەی حەقیقەت و راستی بەگەلەکەی بلێ و پێی ئەفەرمووێ: ﴿ قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ أي قُلْ يا مُحمد لِهؤلاءِ المُشركين المكّذبين إنَّ رَبي هـداني إلى الطريـق القـويم وَأرشـدني إلى ديـن الحَـق ديـن إبـراهيمَ (عليـه السلام) واتـە: ئـەی پێغەمبـەر بـەو (کـافرو) بـێ بـاوەڕو درۆزننانە بلێ بەڕاستی پەروەردگاری من رێنمایی کردووم بـۆ رێگەیـەکی ڕاست و هەق کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە چونکە هەر کەسێك شـوێن ئـەم ئایینـە بکـەوێت خۆشـی و کامـەرانی هـەردوو ژیـانی دەسـتدەکەوێت کـە ئەویش ئـایینی حـەزرەتی ئیبراهیمـە (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) کـە ئـەمنیش لەسـەر ئـایینی ئـەوم و[1] جـا ئەفـەرمووێ: ﴿ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ

---

(1) واتە: پێغەمبەر (ﷺ) خودی خۆیی ئەفەرمووێ‌و منیش لەسەر دین‌و ئایینی ئەوم.

﴿إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ﴾ أي ديناً لأعوج فيـه هُوَ دِيـنُ الحنفيّـةِ[1]، السمحة الـذي جَاءَ بِهِ إمام الحُنفاء إبراهيم الخليل وهو شَيخُ المُرسلين، واتـه: ئايينێكـه راست و ڕەوانەو خوارو خێچی تێدانیه یان ڕێنموێنی كردووم بۆ ئایینێكی زۆر راست و بەنرخ ئەویش ئایینی حەزرەتی ئیبراهیمە (بێ مەیلی ئـەولاو ئەولا) كە لایداوە لەهەموو شتێكی هەڵـەو نـاڕەواو ڕێك و پێك وەسـتاوە لەسەر یەكتاپەرستی و (دینی تەوحید) كە ئایینی پێشەوای پێغەمبەرانـە ئیبراهیمی (خەلیلە)، چونكە ئەو ئیختیارو ریش سپی پێغەمبەرانەو ئینجا حـەزرەتی ئیـبراهیم (علیـه الـسلام) حـاڵی وابـوو لای وابـوو لەهـەموو شوێنێكی نالەبارو لەهەموو ئـاینێكی ناهـەموار، ڕووی كردبـوە لای دینـی پـاكی ئیـسلام ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٦١﴾ أي مَـا كَـانَ إبـراهيمُ (عليـه الـسلام) عَلَـى دِيـنِ المُشركِينَ، واتـه حـەزرەتی ئیـبراهیم هـەرگیز هاوەڵ و شەریكێكی بۆ خوا بڕیار نەداوە، یان لەسەر دین و ئایینی ئەوان نەبوەو چونكە ئەوان ئەیانگوت واتە (جوولەكەو نەصرانیەكان) ئەیانگوت ئیـبراهیم لەسـەر ئـایینی ئێمـەبوو ، كەواتـە بـت پەرسـت و جوولەكـەو گاورەكان بێبـەش و بـێ بـەرین لـە حـەزرەتی ئیـبراهیم هەرچـەندە لافـی خۆشەویستی و شوێن كەوتنی ئەو لێـدەدەن بـەڵام ئـەوەی راسـتی بێـت درۆ ئەكەن و قورئان (ئیدیعایەكەیان) بە پڕوپوچ دائەنێ و هـیچ ئەسـڵ و

(١) موفەسیرەكان ئەڵێن (حنيفاً) مائلاً عَن الأديان الباطلة إلى دين الحقِ وهو (دين الإسلام) هەندێكی تر لە زانایانی تەفسیر ئەڵێن (حەنیف) واتە پشت هەڵكردو لە هەموو ئاینێكی پوچ و بەتاڵ.

ئەساسی نییە[1]، جا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي ﴾ أي قُـلْ يـا محمـد إنّ صلاتي التّي أعْبدُ بِهَا ربّي ونُسُكي[2]، أي عِبادتي (وقد كثر إستعمال النسكِ في الذبح وأداء شعائر الحج والعُمرة وغيرهما أي حياتي ووَفاتي ومَا أقدّمه في هذهِ الحياة من خيرات وطاعات، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ بەو بێ باوەڕو بت پەرستانە بڵێ بێگومان هەموو جۆرە خوداپەرستیەکم نوێژو پاڕانەوەو قوربانی و حەج و عومرەو کە لەوێ ئەنجامی دەدەن هەندێ موفەسیرین ئەفەرموون ئەو عیبادەت و خواپەرستیەی کە لەحەج و عومرەدا ئەیکەین وەکو سەربڕینی ئەو ماڵات و ئاژەڵانەی کە لە حەج و عومرەدا جێ بەجێی ئەکەن و، وەهەموو کرداروو گوفتارێکم لە ژیاندا کە لەپێش خۆم رەوانی ئەکەم لەچاکەو پەیڕەویدا وە لەدوایی مردنیشمدا ﴿ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ ﴾ أي ذلكَ كُلّه للهِ خَالِصاً لَهُ، واتە بۆ خوایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە واتە هەموو ئەوانەم هەر بۆ خوایە بەتاك و تەنیاو بێ (شەریك) و هاوبەش پاك و بێ گەردە، وە ئەفەرمووێ: ﴿

---

(١) بڕوانە: تفسير القرآن الحكيم، المشهور بتفسير المنار، لە نووسینی مامۆستا محمد رشيد رزا، بەرگی/٨، لاپەڕە/٣٧٠٣.

(٢) موفەسیرەکان: ئەفەرموون (نسك) بەمانای (عیبادەت) و خواپەرستی دێ بەڵام ووشەی (نسك) بەتایبەتە بەکردەوەکانی (حەج و عومرەوە) دێت بەلام (مناسك) یش ئەو شوێنانەن کە خواپەرستیەکانی (حەج) و کردەوەکانی حەجی تێدا ئەنجام دەدرێت یان بەو کتێبە دەگوترێ کە ئاداب و مەرجەکانی حەج و عومرەی تێدایە، بەڵام ووشەی (نسیکە) واتە ذبیحة یانی سەبڕاو کە ئەوەی دەکرێتە قوربانی.

﴿لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾﴾ أي لا أعبدُ غير الله وَبِذَلكَ أُمرت وَأنا أول المسلمين المُنقادين إلى إمتثال أمر الله، واتە: خودا هيچ هاوەڵ و هاوتايەكی نيە، چونكە تاك و تەنيايەو هەر لەبەر هەندێش ئەيپەرستم و لەغەيری ئەو زاتەوە هيچی تر ناپەرستم هەر بەوەش فەرمانم پێكراوەو وا بڵێم من لەيەكەم كەسم لە موسڵمانەكانم بە نيسبەتی ئەم ئوممەتەوە كە من رەهبەری ئەوانم يان من يەكەم موسڵمانم كە گەردن كەچم بۆ فەرمانی خوای گەورەو مەزن، ئەوجا لەپاش باسی تاك و تەنيايی لەبارەی خوا پەرستنەوە ئينجا باسی تاك و تەنيايی خوا ئەكات لەبارەی پەروەردگاريەتيەوە هەروەكو ئەفەرمووێ: ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا﴾[1]، أي قُلْ يا مُحَمّد أأطْلُبُ رباً غَيرَ الله؟، واتە: ئەی پێغەمبەر بەو (موشريك) و بێ باوەڕانە بڵێ ئايە دەبێ من جگە لەو خودايە پەروەردگارێكی تر داوابكەم بەگەڕيم و بيپەرستم؟[2]، ﴿وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ﴾ أي وَالحالُ هُوَ خالِقُ وَمالِكُ كُلَّ شيءٍ فكيْفَ أنْ أتخذ إلهاً غيرَ الله؟ واتە: لە حاڵێكدا ئەو خودايە كە پەروەردگاری هەموو شتێكە وە درووستكەرو خاوەنی هەموو شتێكە چ ئەوەی كە ئەپەرسترێ چ

---

(١) موفەسيرەكان ئەڵێن ووشەی (أبغي) يانی (أريد) بەمانای دەمەوێ.

(٢) قَالَ المُفسرون فَحَسبُ نزوله أنّ الكُفارَ قالُوا للنبيّ (ﷺ) إرجع يا مُحَمد إلى دينِنَا وأعبد آلهتنا وأترك ما أنت عليه، واتە: بت پەرستەكان ووتيان بە پێغەمبەر (ﷺ) وازبێنە لەخواكەت رووبكە خواكانی مەو بيان پەرستەو ئينجا بەم هۆيەوە ئەم ئايەتە دابەزی.

ئەوەی کە ناپەرستریّ؟ واتـە: بـەهیچ شـێوەیەك نـابیّ مـن شـتی وابکـەم چونکە سەر سوڕدەمێنیّ لەکاری ناهەق و ناڕەوا، ئایا چۆن بێگومـان مـن خوایـەکی تـر بپەرسـتم؟ کـە شـایەنی پـەرسـتن نـەبیّ؟ ﴿ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ﴾ أي لا تكون جِناية نَفسٍ من النفـوسِ إلا عَلَيْهـا، واتـە هەرکەسـێك هـەر گونـاهو خراپـەیـەك بکـات هـەر لەسـەر خۆیـەتی و ناکەوێتە سـەر یـەکێکی تـر قـەت، ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ أي لاَ يُحْمِلُ أحَدٌ ذَنْبَ أحَدٍ ، واتە: هیچ کەس هەڵناگریّ گوناهی هیچ کەسـیّ تـر سـزای نـادریّ هـیچ گوناهبـاریّ بـەگوناهی کەسـی تـر هـەروەکو (موفەسـیرەکان) لـە (ئیبنـو عەباسـەوە) ئەگێڕنـەوە کـە (کافرەکـان) ئەیانگوت بە موسڵمانان ئێوە شوێنی ئێمە بکەون و ئێمەش گوناهـەکانی ئێوە هەڵدەگرین، خـوای گـەورەش بـەدرۆی خـستنەوەو (ڕەدی) دانـەوە ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ وَهـذا وَعيدٌ وَتَهديدٌ أي مَرْجِعُكُمْ اليهِ يَوْمَ القيامـة فَيجـزِيكُمْ عَلَـى أعْمَـالكمْ وَيُميّـز بَينَ المُحْسن والمُسيء، واتـە: ئێـوە پـاش مردنتـان دەگەڕێنـەوە بـۆلای پەروەردگاری خۆتان ئینجا ئەوکات پێتان رادەگەیەنین کـە لـەو شـتانەدا ناڕێك و ناکۆك بوون و هەراتان بوو لەسەریان ئەوجا ئاگادارتان ئەکاتـەوە کـە لەسەرچـی ڕێـك نەدەکـەوتن بـەرێکی جیابوونـەوەو ، باوەڕتـان نەدەهێناو موسڵمان نەدەبوون، واتە هەر کەسە بـەگوێرەی بـیرو بـاوەڕو کـردەوەی خـۆی سـزاتان ئـەدات وە لەسـەر خراپـەکانتان تۆڵـەتان لـیّ ئەسێنیّ و (عەزابتان) ئەدا، وەلەسەر کـردەوە چاکەکانیـشتان پاداشـتان ئەداتەوە بە بەهەشت.

(خوای گەورە جێنشینی
لە مرۆڤ لەسەر زەوی دائەنێ)

ئینجا لەدواییدا خوای گەورە ئەمەی روون کردەوە کە عاقبەت و سەرئەنجام هەموو (ئادەمیزادێك) ئەگەڕێتەوە بۆلای خوای پەروەردگاری خۆی بۆ (حیساب) و کیتاب و لێپرسینەوەی خۆی ئەوجا بە ئایەتێکی زۆر گرنگ سەرنج راکێش کۆتایی بە (سورەتی ئەنعام) هێناو کە ئەو هەموو (حاکم) و ئەحکامەی بەدەست هێناو کە لە پێشەوە تەفسیر و راڤەکراو، ئەمەش ئەو ئایەتەیە کە دوا ئایەتی کۆتایی سورەتی (ئەنعامەو) جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَـٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ ﴾ أي جَعَلَكُمْ يا أُمةَ مُحمدٍ خَلَفاً في الأرضِ ، المَعنى جَعَلَكُم خلفاً لِلأمَمِ الماضية والقرون السالفةِ يخلف بَعْضُكُمْ بَعْضاً، واتە: بێگومان هەر ئەویشە ئێوەی کردە جێنشینی یەکتری ئەی ئوممەتی پێغەمبەر لەسەر رووی ئەو زەویەدا یانی هەر خوایە وای لە ئێوە کردووە جێگەی یەکتر بگرنەوە کە یەکێك نەماو کۆچی دوایی کرد ئینجا یەکێکی تر دێتە شوێنی چونکە خوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی ئەوانەی لەپێش ئێوەوەبوون ﴿ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَـٰتٍ ﴾ (أي فَضَلَ بَعْضَكُم في المالِ والمعاشِ والجاهِ وفي الغنيِّ والفقرِ والْعِلمِ والجهل والقوة والضَّعفِ وَغَيرِ ذَلِكَ)، واتە: هەندێکتانی بەچەند پلەیەك سەرخست بەسەر هەندێکیتر دا لەرووی دەوڵەمەندی و هەژاری دا لە رووی سەروەت و سامان و مووچەوە، یان لەرووی زانینی زانیاری و

نەزانینەوە، یان لـە رووی دەسـت رۆیـشتن و بـێ هێزیـەوە، یـان لـەرووی عەقڵ و ژیریدا یان لە رووی رزق و رۆزیدا..هتد.

﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمْۗ﴾ أي ليَخْتَبِرَ شكركم عَلَى مَا أعْطَاكُمْ، واتـه: بۆ ئەوەی تاقیتـان بکاتـەوە لـە مـاڵ و سـامان و داراییـدا کـە پێـی داوون و بەخشینیانی هەتا خۆتان و خەڵکانی تریش بـزانن ئایـە سـوپاس و شـوکرانەی خـوای گـەورە دەکـەن یـا نـا؟ ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ١٦٥﴾ (أي إنّ رَبكَ سَرِيعُ العِقاب لِمَنْ عَطاهُ وغَفُورٌ لِمَنْ أطَاعَهُ، (غَفَرَ اللهُ لَنـا وَرَحِمَنـا بِرحمتـهِ الواسـعة بفضلهِ وكرمـهِ إنّـه أكـرم الأكـرمين وَأرْحـمُ الـرّاحِمين)، واتـە: بەڕاسـتی پـەروەردگارت زۆر بەپەلـە تۆڵەو جـەزا دەسێنێ لـە گونـاهـ بـاران ، وە هـەروەها زۆر لـێ بوردەیـەو تاوانی بەندەکانی و خاوەنی بەزەیی و سۆزو (رەحمەتە) بۆیان.

وصلى الله وسلّم على سيّدنا مُحمدٍ وعلى آلهِ وَأصْحابهِ وأتباعـهِ أجمعـين، بەیارمـەتی خـوای مـەزن لێـرەدا سـورەتی (ئـەنعام) تـەواوبوو ئینجـا بەیارمـەتی خـوای گـەورە دەسـت دەکـەین بـە سورەتی (الأعراف) بۆ ئەوەی تەفسیرو ڕاڤەی بکەین بە تەوفیقی خوای گەورە (جلّ جلاله) وآخر دعوانا أن الحمدُ للهِ رَبِ العالمين.

تەواوکەری جزئی هەشتەم

سورة الأعراف

مكية إلاّ من آية ١٦٣ لغاية ١٧٠ فمدنية

وآياتها (٢٠٦)

واتە: سورەتی (ئەعراف) مەککیە و یانی لە مەککە دابەزیوە و هاتۆتە خوارەوە، بێجگە لە ئایەتی (سەدو شەست و سێ تا سەدو حەفتا کە ئەڵێن لە مەدینەدا هاتۆتە خوارەوە، وە ئایەتەکانی دووسەدو شەش ئایەتن، جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئایەتی ﴿ وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَتۡ حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ ﴾ مەدەنیە، وە هەروەها هەندێکی تر ئەڵێن ئەوەی راستی بێت هەشت ئایەت لە ﴿ وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ﴾ تا ئایەتی ﴿ وَإِذۡ نَتَقۡنَا ٱلۡجَبَلَ فَوۡقَهُمۡ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٞ ﴾ مەدینەیین [1]، (قَالَ بَعضُ المفسرين /سورة الأعراف/ مِن أطول السور المكّية) واتە: هەندێ لە زانا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم سورەتە یەکێکە لە سورەتە درێژەکانی (مەککیە) و [2]، وقيلَ سميت بسورة الأعراف لِورُدِ إسم الأعراف فيها وهو سورٌ بين الجنةِ وَالنار قَالَ (إبن جرير الطبري) الأعراف جمع عرف وَكُل مرتفعٍ من الأرضِ عِنَد العرب يسمى عرفاً ، وإنَما قيلَ لِعُرف الديك عُرفا لأرتفاعه، واتە ئەڵێن ئەم سورەتە ناونراوە (الأعراف) چونکە بێگومان ووشەی (أعراف) ی تێدا هاتووە لەبەر ئەوە (أعراف) بەو دیوارو شورەیە دەگوترێ کە لەنێوان بەهەشت و

---

(1) بەلاَم ئەوەی راستی بێت زۆرێك لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون کە هەموو سورەتەکە (مەکی یەو) بەیەك جار هاتۆتە خوارێ.

(2) چونکە یەکەم سورەتیشە باسی (قەسەس) و داستانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) باسی دەەکات جگە لەوانیش باسی یەکخواپەرستی و زیندووبنەوە و پاداشت و تۆڵەو (وەحی) واتە نیگا بۆ پێغەمبەرمان و زۆربەی پێغەمبەرەکانیش ئەکاو وەك حەزەتی ئادەم و نوح وهود و صالح و لوت و شعیب و موساو...هتد).

(جەهەنەم) واتە دۆزەخ دایە [1]، (روي إبن جرير الطبري عَنْ حُذيفة أنه سُئِلَ عَنْ أصحاب الأعرافِ فَقَالَ هُمْ قَوْمٌ أستوت حَسناتُهمْ وَسيئاتُهمْ فَقَعَدَتْ بِهِمْ سيئاتهم عَن الجَنة وَتَخَلَفتْ بِهِمْ حَسناتُهُمْ عَنْ دخول النارِ فَوقفُوا هُناك عَلَى السورِ حَتى يُقْضي الله فيهم) [2]، واتە: ئیبنو جەریری تەبەری لە حوزەیفەوە فەرموودەیەك (ریوایەت) ئەكاو ئەفەرمووێ دەربارەی (ئەعرافیەكان) و یانی پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) كرا ئینجا ئەویش لەوەلآمدا فەرمووی ئەمانە كەسانێكن چاكەو خراپەیان بەرامبەرو هاوسەنگی یەكترە بەلآم خراپەكانیان رێگەی بەهەشت لێگرتوون، وە چاكەكانیشیان رێگەی دۆزەخیان لێ گرتوون و ناهێڵن بچنە ناو ئاگرەوە، ئەوجا بێگومان لەسەر دیوارو شورەی (ئەعراف) رادەگیرێن تا خوای گەورە بڕیار دەربارەی ئەوان دەدات، هەروەها دەربارەی گەورەیی و فەزیلەتی ئەم سورەتە هاتووە لە (حەدیس) وەكو ئەفەرمووێ: (عَنْ عائشةَ أنّ رَسولَ الله (ﷺ) قَرأ في صَلاةِ المَغْرب بِسورةِ الأعرافِ فَرَقها في ركعتين [3]، واتە: خاتوو عائیشە دایكی باوەڕداران ئەفەرمووێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەهەردوو ركات نوێژی مەغریبدا سورەتی (ئەعرافی) خوێندووە.

---

(1) واتە: ئیبن و (جەریری تەبەری) دەڵێ (اعراف) كۆی (عرف)ە بەهەر گردو تەپۆڵكەیەك یا بەرزاییەك لەزەویدا ئەگوترێ بەزوبانی عەرەب، یان بە پۆپیتەی كەڵەشێر ئەگوترێ (عرف) چونكە بەرزبۆتەوەو وەكو كلآوە.

(2) بڕوانە: التفسير المنير فى العقيدة والشريعة والمنهج، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٩٠.

(3) صحيح رواه النسائي في الافتتاح بەرگی/٢، ل/١٧٠، وصححه أبو محمد عبدالحق، بڕوانە تەفسیری (قورتبی) بەرگی/٤، لاپەڕە/٤١٦.

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿الٓمٓصٓ ﴿١﴾﴾ اللهُ أعْلَمُ بِمُرادِهِ بِذَلِك[1]، واتـە: خـوای گـەورەو زانـا ئاگادارە بەمەبەستی ئەم پیتانە، جا بێگومان ئەم (حەرف) و پیتانـە کـە نووسـیندا وەپێکـەوە دەنووسـرێن بـەڵام لـە خوێندنـەوەدا بـەجیا جیـا دەخوێندرێنەوە بەم جۆرەیە (ئەلیف/ لام/میم/صاد) جا بێگومـان واتـای ئەمانـەو هاوشـێوەکانیان لـە قورئـانی پـیرۆزدا بەچـەند شـێوەو جۆرێـك لێکدراونەتەوە، بەڵام ئەوەی راستی بێت بەتەواوی ماناکانیان نـەزانراوەو مەگـەر خـوای پـەروەردگار خـودی خـۆی بزانێـت بـەڵام هەنـدێ لـە (موفەسیرەکان) ئەڵێن دەشبێت خوای گەورە مەبەست و مـەرامی پێیـان هەشـیارو ئاگادارکردنـەوەی ئـادەمیزاد بێـت بـۆ جـوان وەرگرتنـی ئـەو فەرمایشتانەی کە لـە دوایانـەوە دێـن کـە بەتـەواوی وەری گـرتن چـونکە هەمووی (ئیجازو) رەوان بێژی قورئانی پیرۆزن ﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ﴾ أي هذا كتابٌ أنْزَلَهُ اللهُ إليكَ يا مُحمد وَهُو القرآن، واتە: بێگومان ئەمە کتێب و نامەیەکە لەلایەن خوداوە بۆت نێردراوە (ئـەی محمـد) بۆئـەوەی خـەڵکی پێ شارەزا بکەی و رێگای ئایینی راست پیشانی ئەم خەڵکە بدەی و، وە لەسەر لێشێواوی و گـومڕایی دەربازیـان بکـەی بـۆ ئـەوەی سـەرفیرازبین ﴿فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ﴾ أي لاَ يـضقْ صَـدْرُكَ مِـنْ تَبْليغـە

---

(1) بروانە: قرة العينين على تفسير الجلالين، لە نووسینی (قاضي الشيخ محمد كنعان)، لاپەرە/١٩٢.

خوفاً من تَكْذِيب قَوْمِكَ، واتە: دڵت تەنگ نەبێت کە دەبینیت قەومەکەت واتە گەلەکەت باوەڕت پێ ناهێنن، یان با هیچ غەم و دڵتەنگیەك لەدڵتدا نەبێ لە راگەیاندنی و لەمەترسی کردن لەوەی بڕوات پێ نەهێنن ﴿لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾﴾ أي لِتنذر بالقرآن مَن يخاف الرّحمن وَلتذكّر وتعظ به المؤمنينَ لأنهم المُنتَفعونَ بهِ، واتە: بۆت هات ئەو قورئانە هەتا خەڵکی بێ باوەڕی ئەوەی لە خوا ئەترسێ پێ بترسێنی وە بشبێتە بیرخەرەوەو ئامۆژگاریەك بۆ کۆمەڵی بڕواداران چونکە تەنها هەر ئەوانن کە کەڵك و قازانجی لێ وەردەگرن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾ أي أتبعوا أيّها النّاس القرآن الذّي فيهِ النورُ وَالبيان المنزل إليكم من ربكم، واتە: پەیڕەوی ئەوە بکەن یانی ئەو قورئانەو ئەو (شەریعەتە) کە دابەزیوەو هێنراوەتە خوارەوە بۆتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە (نوور) و هیدایەت و رێنماییە ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ﴾ أي وَلاَ تَتَخذُوا أولياءَ مِنْ دُون اللهِ كالأوثَانِ وَالرُهبانِ وَالكهّانِ، واتە: بێجگە لە خواو پێغەمبەر مەکەونە شوێنی ئەو بتانە یان راهیبانە یا جادووکەرانە ، یان بێجگە لەو قورئانەش کە کەلام و قسەی خوایە پەیڕەوی هیچ قسەیەکی یاوەرەکانتان مەکەن ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾﴾ أي مَا تَتّعذُونَ إلاّ قَليلاً، واتە: ئێوە زۆر کەم بیردەکەنەوەو ئامۆژگاری وەردەگرن، یانی ئێوە کەمی ئامۆژگاری وەردەگرن، چونکە ئێوە خۆتان لەشەڕوش و

خراپە ناپارێزن و لەدوارۆژدا ناترسن، ئەوانەی ئامۆژگاری وەربگرن کە من دەبوایە هەمیشە عەقڵ و ژیری خۆتان بخستایە کارەوەو ڕێگای خراپەو هەڵەتان نەگرتایەبەر.

(هەواڵی شارو گوندە بەهیلاك چووەکان بەهۆی زوڵم و ستەمەوە)

موفەسیرەکان ئەفەرموون دوای ئەوەی خوای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) کە پەیڕەوی قورئان بکەن و خەڵك بترسێنن، و فەرمانی دا بە ئادامیزاد پەیڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن و جگە لەو شوێنی کەسی تر نەکەون و، وە لەم ئایەتانەی دواییدا بیریان ئەخاتەوە کە لەناوبردن و بنبڕکردنی گەلانی رابردوو، بەو بۆنەوە بووە، وازیان لە فەرموودەی خواو پێغەمبەرەکانیان هێناوە، ئەوانیان بەدرۆ خستەوەو هەروەها زوڵم و ستەمیان ئەنجامدا ئینجا بۆ روون کردنەوەی ئەم مەبەستە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَم مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا﴾أي وَكَثيرٌ مِنَ القُرَى أهْلَكْنَاهَا وَالمراد بالقريةِ أهْلُهَا، واتە: چەندین خەڵکی دێهاتمان بەهۆی کردەوەو بیروباوەڕی خراپیان وە زوڵم و ستەمیان لەناوبرد﴿فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا بَيَٰتًا﴾ أي جَاءَهَا عَذَابُنَا لَيْلاً، واتە: کاتێك سزاو تۆڵەی ئێمەیان بۆهات کە ئەوانە لە شەودا بوون یەخەی پێگرتوون لەخەودابوون﴿أَوۡ هُمۡ قَآئِلُونَ ٤﴾ أي جَاءَهُم العَذابُ في وَقْتِ القَيْلُولَةِ (وهيَ النوم) في وسط النّهارِ، واتە: لەکاتی هەیلولەو حەسانەوەی نیوەڕۆدابوون، یاخود لەکاتی پێش نیوەڕۆیان و دوای نیوەڕۆیان

نوستونەوەو ئەو کاتەش کاتی پشودان و حەوانەوەیەو خەڵك بیری هیچ ناکەنەوە و ناشتوانن هیچ بەرگریەك لەخۆیان بکەن جا لەو کاتە سزای ئێمەیان هاتە سەر هیچیان پێنەکراو نەشیان توانی خۆیان دەرباز بکەن و ئینجا کتوپڕ هەموومان لەناوبردن، ﴿ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ ﴾ واتە: کە سزاکەمان بۆیان هات و پێیان گەیشت تەنها قسەو دوعایان ئەوەبوو گووتیان بەڕاستی ئێمە خۆمان ستەمکار بووین چونکە فەرمانی خوامان شکاند بۆیە وا ئێستا ئەوەمان بەسەرهات، بەلأم خۆ ئەو پەشیمان بوونەوەیان هیچ سوودێکی نییە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ ﴾ واتە: بێگومان ئێمە پرسیارو لێ پێچینەوە، لەو میللەتانە دەکەین کە پێغەمبەریان بۆ نێردراوە، کە ئایە ئێوە بۆچی بەقسەتان نەکردن فەرمانی خوایان پێ ڕاگەیاندن یان نا؟ ئایە ئێوە بۆچی بەقسەتان نەکردن و باوەڕتان نەهێنا هەروەها لە پێغەمبەرەکانیش دەپرسن ئایە فەرمانی خواتان بەو گەل و میللەتانە ڕاگەیاندووە، ئەوەی پێتان سپێردرابوو بەجێتان هێنا؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾ ﴾ أي لنَجْزِيَنَهُم بِمَا عَمِلوا بعلمٍ مِنّا قَوْلَـهُ (وَمَا كُنا غائبين) مَعْنَاهُ إنا كُنا عَالمين بِكُل شيءٍ (قالَ إبن كثير) يخبرُ تَعالى عِبادهُ يومَ القيامةِ بِمَا قالُوا وَبِمَا عَمِلوا مِنْ قَليلٍ وَكثيرةٍ وجليل وحقير، واتە: بەزانست و زانیاری

خۆمـان ئـەوەی کـە کردوویانـە بۆیـان دەگێڕینـەوەو بـێ زیادوکـەم ، وە لەنامەی کـارو کردارییانـدا بۆیـان دەهێنـرێ، وە هـەرگیز ئێمـە لێیـان بـێ ئاگاو نادیارانەبووین هەتا نەزانین چیان کـردووەو زانـایی بـەناوبنگ ئـیبن کەسیر ئەفەرموێ: (لەڕۆژی قیامەتدا خـودای گـەورە بەنـدەکانی ئاگـادار دەکات کە چیان کردووە وە چیان گوتووە لە زۆرو لەکەم ، لەگەورەو لە بچووك، هەروەها ووردو درشتیان پێ دەڵێن هیچی لێ وون نابێ.

(باسێك لە کێشانی کردەوەکانیان لە ڕۆژی قیامەت)

ئەوجا خوای گـەورە باسـای کێشان و حیـساب و لێکۆڵینـەوە دیـاری دەکـات و هـــەروەکو خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ﴾ أي والوزن للأعمال يَوْمَ القيامةِ كائنٌ بالعدل ولا يظلمُ ربُّكَ أحداً، واتـــە: لـەو ڕۆژەدا کـــە ڕۆژی قیامەتـــە بەڕاســتی و بەتـــەواوی کـردەوە دەکێشرێ[1]،ئەوجا ئەو ڕۆژە لەسەر بنەمای حەق و دادپەروەری ئـەنجام دەدرێ وە خودای پەروەردگاری تۆ زوڵـم و سـتەم لـەهیچ کـەس ناکـات، ﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾﴾ أي فَمَـــنْ رَجَعَتْ حَسَنَاتُهُ عَلَى سَيئاتِهِ فأولَئِكَ هُمُ الفَائِزُون، واتە: هەرکەسێکیش لـە ژیاندا کردەوەی چاکەی بەسەر خراپەی کەوت[2]، یانی هـەر کەسـێك کـە

---

(1) موفەسیرەکان: ئەفەرموون هەموو کردەوەیەك سەنگی خۆی هەیە، چونکە بێگومان خوا بۆ هەموو شتێك کێش و پێوانی داناوە.

(2) بە ئیمان و بیروباوەڕێکی تەواو خوای پەرست.

کێشانەکانی قورس بوو ئەوە بێگومان ئەوانە سەرفرازو بەختەوەرو رزگاربوونە لە سزای خوا، ﴿ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ أي رَجَحتْ سَيئاتُهُ عَلَى حَسَناتِه، واتە: کەسێك تای تەرازوی کردەوە باشەکانی سووك بێ یانی کردەوەی خراپەی بەسەر چاکەی بکەوێت، بۆ نموونە چاکەی کەم بن و (کوفر)و بێ دینی و خراپەکاری زۆربێ ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُم ﴾ أي خَسِروا أنْفُسُهم وَسَعَادَتُهم، واتە ئەوانەش کە سەنگی کردەوە چاکەکانیان سووکە ئەوانە بێگومان زیانیان بەخۆیان گەیاندووە لە ژیانیاندا ستەمیان دەکردو خۆیان دۆڕاندووەو لە پاداشتی خوا هیچیان پێ نابڕێ ﴿ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ ۝٩ ﴾ أي بِسَبَبِ كُفرِهم وَجُحُدِهم بآياتِ الله[1]،واتە: بەهۆی ئەوەی لە دنیادا ستەمیان کرد (غەدریان لە نشیانەکانی ئێمە کردووە) یانی بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نەهێناو خۆیان فەوتاندو زەرەرمەند بوون.

---

(1) خاوەنی تەفسیری (واضح) ئەفەرمووێ: (وَلا غَرابَةَ في وَزن الأعمالِ فاذا كان العلم الحديث قد كشفَ لَنَا عن ميزان للحرارة والبرودة وميزان للضغط في جسم الانسان وللضغط الجوي وميزان سرحة الرياح وحركتها، أفيعجز رب العالمين عن وزن أعمال البشر؟ ص٣٥٨).

(هەموو خێرو بەهرەکانی ئەرزو ئاسمان بۆ ئادەمیزادە)

خوای گەورە باسی تۆڵەسەندن و سزای دونیای کرد لە یاخی بووان و ئینجا ئادەمیزادانی ترساند لە سزاو تۆڵەی رۆژی دوایی، وە ئامارەی بە هەبوونی کێشانی تەرازووی (خێرو شەڕ) کرد ئەوجا ئادەمیزادان هەڵدەنێ بۆ گوێداری و قەبوڵکردنی بانگەوازی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت).

وەبیرهێنانەوەی نازو نیعمەت و بەخشسەکانی خوای پەروەردگارمان دێنێتەوە یادو ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾ أي جعَلْنَا لَكُم أيُهَا النّاس في الأرْضِ مكاناً وَقراً قالَ القاضي في تفسيره[1] أي مَكناكُم مِنْ سُكنَاهَا وَزَرْعِهَا والتصرف فيها، واتە: سوێند بەخوا ئەی خەڵکینە، ئێمە ئێوەمان دامەزراندووەو نیشتەجێمان کردن لەزەویدا یان هێزو دەسەڵاتدارو توانامان کردووە بەسەر کارو کەسابەت و ئیش کردن لە کشتوکاڵ و بەروبووم لەزەویدا کە خێرو بێری دەستگیربکەن بۆخۆتان، ﴿ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ﴾ أي ما تعيشون به وتحيون من المطاعمِ وَالْمَشَارِبِ وسائرَ ما تكون به الحياة، واتە: جۆرەها هۆکاری ژیانمان تێدا بۆ ئاسان کردوون، لە خواردن و خواردنەوەو هەرچی پێویستی ژیان بوو بۆمان ئامادەکردن ﴿ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ أي وَمَعَ هَذا الفَضلِ

---

(1) بڕوانە تەفسیری (البیضاوي) لاپەڕە/١٦٠.

وَالأَنْعَام قَليلٌ مِنْكُمْ مَنْ يَشْكُرُ رَبّهُ، واته: زۆر بەکەمی سوپاسگوزاری ئەو نازو نیعمەتانەی من دەکەن کە بەسەر ئێوەم دارشتووەو یانی زۆر بەکەمی هەستی پێ دەکەن، هەروەکو لە جێگایەکی تردا دەفەرمووێ ﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾ سورەتی السبأ، ئایەتی/١٣، واتە: بەڕاستی کەمێك لە بەندەکانم سوپاس گوزارن؟..

(مەلائیکەتەکان سوژدە دەبەن بۆ خوای گەورە و شەیتانیش یاخی دەبێ لە فەرمانی خودا)

خوێنەوارە ئازیزەکانم (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەحەوت جێگادا خوای گەورە لە قورئاندا باسی داستان و چیرۆکی حەزرەتی ئادەم پێغەمبەرو (سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ چیرۆکی (شەیتان) باس دەکات: ١- لە سورەتی بەقەرە، وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، ٢- لە سورەتی (الاعراف) کە ئێستاکە خوا حەز بکات باسی دەکەین، ٣- لە سورەتی الحجر دا، ٤- لە سورەتی حەج و الأسراء دا . ٥- وە لە سورەتی الكهف دا ٦- لە سورەتی طه و ، ٧- لە سورەتی (ص) دا..

(ئاگاداریيەك)

مەبەست لە داستان و چیرۆکەکە لێرەدا ئاگادارکردنەوەی هەموو مرۆڤ و ئادەمیزادێکە بۆ قەدرو رێزلێنانی حەزرەتی ئادەم پێغەمبەر (سەلات سەلامی خوای لێبێ) وە هەروەها لەگەڵ روونکردنەوەی دووژمنایەتی (ئیبلیس) واتە: شەیتانە بۆ ئەولاد و نەوەکانی و بانگەواز کردنیان بۆ ئەوەی بەدوای هەنگاوی شەیتان نەکەون و خۆی لێ دوور بگرن و بزانن

کەوا دوژمنێکی ئاشکرای ئادەمیزادەو دەبێ خۆمانی لێ لابدەین، وە هەروەها سوپاس و شوکرانەی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە بین و گوێڕایەڵی فەرمانی خوای مەزن بن و بۆ ئەوەی لە هەردوو جیهان سەرکەوتوو بن، جا هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ﴾ أي خَلَقْنَا أباكم آدمَ طيناً (غير مصور) ثُمَ صَورناهُ أَبْدعُ تصوير وَأَحْسَنَ تقويم[1]، واته: سوێند بەخوا ئێمە ئێوەمان درووست کردووە لە خاك و لە پشتی باوکەکانتان بەبێ نەخشەو وێنە ئینجا لە پاشان ئێمە نەخشەو دیمەنی ئێوەمان کێشا بەو شێوەیەو (شکلە) جوانە وێنەی و نیگارتانمان کێشاو بە ڕێك و پێکی و بەجوانترین شێوە﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ﴾ أي ثُمَ أمَرنا المَلائكةَ بالسجُودِ لآدَمَ تَكْرِيماً لَهُ وَلذريَتهِ، واته: پاشان فەرمانمان دا بە فریشتەکان ئێوە گشتتان سوژدە واتە کڕنووش بەرن بۆ (ئادەم) یانی سوژدەی ڕێزو (ئیحترام) بەفەرمانی خوا بۆ ئادەم و نەوەکانی ﴿فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿١١﴾﴾ أي سَجَدَ المَلائكة كُلُهُم أَجْمَعُونَ إلا إبليسَ أَمْتَنعَ مِنَ السجودِ تَكبُراً وَعِناداً[2]، واته: بێگومان هەموو فریشتەکان سوژدەیان برد بەڵام جگە لە (ئیبلیس) کە

---

(1) وَإنما ذكر بلفظ الجمع تعظيماً لَهُ لأنه أبو البشر.

(2) شەیتان لەبەر ئەوەی سوژدەی نەبردو خۆی بە زڵ زانی لەگەڵ هەندیشدا زۆر لامل بوو.

فـەرمانی خـوای شـکاند و لـەریزی سـوژدەبەران خـۆی هـەڵاوارد چـونکە بەڕاستی دەعیەو فیزو خۆ بەگـەورە زانینـی نەیهێشت سـوژدە ببـات بـۆ حەزرەتی ئـادەم[1]، ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ﴾ أي قـالَ تعـالى لإبليس أي شيءٍ مَنَعَكَ أنْ تَدَعِ السجودَ لا آدَمَ؟ واتـە خـودا لێـی پرسـی چی وای لێکردی فـەرمان بـەجێ نـەهێنیت یـانی مـن فـەرمانم پێـدای کـە سوژدە بەریت بـۆ ئـادەم چ شـتێك رێـی لـێ گرتیـت ئـەی (شـەیتان) کـە سوژدە ببەیت؟

(سەرنجێك)

موفەسیرەکان ئـەڵێن ووشـەی (لا) لـەو رسـتەیەدا خراوەتەسـەری بـۆ پتـەوکردنی نـاوەڕۆکی مانـای مەبەسـت بۆمانـای دیـاریکراوی خـۆی دانەنراوە، بەڵام هەندێکی تر ئەڵێن (لا/ هُنا زائدةٌ، زیـدت للتأکیـد) بـەڵام

---

(1) موفەسیرەکان ئەگێڕنەوە لەبن تیشکی ئەم ئایەتەوە ئەڵێن هەموو فریشتەکان فەرمانی خوایان بەجێ هێناو تەنیا (شەیتان) نەبێ چونکە لە فریشتەکان نەبوو بەڵکو (ئەجندە) بوو هەروەکو شێخ حەسەنی بەسری ئەفەرمووێ: (لمْ يَكُن إبليس من المَلائكةِ طرفة عين)، چونکە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێ: ﴿كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ﴾ سورەتی/الكهف، ئایەتی/٥٠، واتە: ئەو لە جن بوو وە لەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەرچوو، بەڵام لەکاتی ئەو فەرمانانە لەناو فریشتەکان بوو ، لەبەر ئەوەی بۆ خوا زۆر ملکەچ بوو ، هەتاکو ناویان لێنا (تاوسی مەلائیکەتان)، بەڵام کە فەرمانی خوای گەورەی بەجێ نەهێناو سوژدەی بۆ ئادەم نەبردو خۆی بەزل زانی و یاخی بوو لە فەرمانی خودا بووە بە (کافرێکی) هەڵگەڕاوە هەتا هەتایێ.

ئەوەی راستی بێت ئیبن و جەریری تەبەری ئەڵێ (إن- ما منعَكَ) مضمن معنى فعل آخر- تقديرهُ مَا ألزمكَ واضْطَركَ أنْ لاَ تسجدَ إذْ أمرتُكَ) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەمەیان پێ بەهێزترە، جا بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکە ﴿ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ ﴾ أي قَال إبليسُ اللّعين أنَا أفضلُ مِن آدم وأشرف منه فَكَيفَ يَسجدُ الفاضل للمفضول؟، واتە: ئیبلیسی نەفرەت لێکراو گووتی من لەو بەڕێزو باشترم چۆن دەبێ (فاضل) واتە و(سەجدە)و کڕنۆش بۆ (مفضول) بباو بەرێت چونکە، ﴿ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿١٢﴾ ﴾ أي أنا أشرفُ منهُ لشرف (عنصره) علَى عُنصرهِ لأنّني مَخلوقٌ مِنْ نارٍ والنّار أشرفُ مِنَ الطينِ، واتە: شەیتان لەوەلاّما ووتی من زاتێکی باشترو (عونصرێکی) بەڕێزترم لە ئادەم چونکە تۆ منت دروستکردوو لە ئاگری ڕووناك و ئادەمت دروست کردووە لە خاك و قوڕ، ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا ﴾ أي إهْبِط منَ الجنَةِ فمَا يَصحُ يستقيم لَكَ أنْ تَتَكَبر عَنْ أمري وَطَاعَتي وتَسكُنَ دارَ قدسي، واتە: خوا فەرمووی بەشەیتان دابەزە خوارێ لەو بەهەشتەی کە خودا تۆی تێدا دروست کردووە برۆ خوارەوە[1]، چونکە تۆ بۆت نیە بەسەر کەسدا دەعیەو فیز

---

(1) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون راناوی (منها) لەم جێگایەدا بۆ بەهەشت دەچێتەوە، بەلاّم هەندێکیان ئەڵێن بۆ ئەو پلەو (دەرەجەیە) دەگەڕێتەوە کە (ملکوت الاعلى) شەیتان هەیبوو.

بكەيت لەم شوێنەدا لەفەرمانی من دەرچی و لەگەڵ هەندێشدا لەبەهەشتی مندا جێگیر بیت ﴿ فَٱخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ أي الذليلين الحقيرني، واتە: هەتا زووە دەرچوو چونکە بەڕاستی تۆ لە ریسواو بچووك و بێ نرخەکانیت، ﴿ قَالَ أَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ أي أمهلني إلى يوم البَعْثِ وَهُوَ وقتُ النفخة الأخيرة، واتە: شەيتانيش گوتی خودایە مۆڵەتم بدەو، وازم لێ بێنە تا ڕۆژی (قیامەت) یانی تا ئەو ڕۆژەی کە دنیا کۆتایی پێدێت و ڕۆژی دوایی دێت کە ئادەم و نەوەکانی زیندوو ئەکرێنەوە ﴿ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ ﴾ أي المؤخّرين المؤجّلين إلى الوقت المعلوم ، واتە: خواش فەرمووی تۆ لە مۆڵەت دراوانی کە دەمێننەوە تا ئەوکاتەی دیاریکراوە بۆت[1]، ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ﴾ أي قالَ إبليس فَبِسَبَب ما أضْلَلْتَني يا رَب وَطرَدتني مِنَ السَّموات وَمِنْ رَحمَتِكَ فأقسِمُ بِعزَتِكَ لأَقْعُدنَ لآدَمَ وَذريته عَلَى طريق الحقِ كَما يقعد قُطّاع الطّريق لِلمُسافِرين لأصدّهُمْ

---

(1) ئیبن و ئەبی حاتەم و ئیبن و میردەوەیهی لە ئیبن و عەباسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، کە لە (تەفسیری) ئەم ئایەتانەدا فەرموویەتی (شەیتان ویستویەتی مردن نەچێژێ بۆیە ووتی تا ڕۆژی زیندوبوونەوە مۆڵەتم بدە، بەڵام پێی گوترا تا ڕۆژی دیاریکراو کە ڕۆژی دنیا وێران بوونە، مۆڵەت دراوی چونکە ماوەی نێوان دونیاو وێران بوون و ڕۆژی زیندووبوونەوە (چل ساڵە)، بڕوانە تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەشتنی قورئان، لە نووسینی مامۆستا مەلا مەحمودی گەلاڵەیی، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٣١.

عَن دينِكَ)، واته: شەيتان ووتی بەهۆی ئەوەوە كە منت لەبەر خاتری ئادەم و نەوەكانی گومڕات كردم و نەفرينت لیّ كردم و منت لە (رەحم) و ميهرەبانی و بەهەشت و ئاسمانەكانی خۆت دەركرد ئينجا سويّند بیّ بە گەورەيی خۆت لەسەر ريّگای ئادەم و نەوەكانی يان لەسەر ريّگای هەق و راستی تۆ دابنيشم و ئەوجا نەهيّلّم نەوەی ئادەم پيّيدا برِۆن و لەسەر ريّگای ڕاست لايان بدەم و ريّگايان لیّ بگرم و هەروەكو چۆن ريّگا لە (موسافرين) و گەشتيار ئەگرن؟ وە ريّگای هەق و راستی ئايينی پيرۆزيان لیّ ئەگرم و گومڕايان ئەكەم، ئەوجا بيّگومان شيّوەی گومڕاكردنەكە دياری ئەكاو ئەلّیّ ﴿ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ ﴾ أي آتي عِبادك منْ كُل جِهةٍ مِن الجِهاتِ الأربع لأصَدّهُمْ عَنْ دينِك، واتە: پاشان لەبەردەستيان و لەدوايانەوە، لەلای ڕاست و لەلای چەپيانەوە بۆيان ديّم، واتە: ئەبم (بەريّگر) ليّيان لەهەر چوار لاوە، بەويّنەی دووژمن لەهەموو لايەكەوە پەلامارييان ئەدەم، يانی بەهەموو جۆريّك تيّدەكۆشم بۆ ئەوە لە (دين) واتە لە ئايين لايان دەدەم و گومڕايان دەكەم وەهەرچی گوناهو خراپەكاريە لايان شيرين و جوان ئەكەم،﴿ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ١٧ ﴾ أي مُؤْمنين مُطيعينَ شَاكِرينَ لنِعَمِكَ، واتە: ئەوكاتە دەبينی كە زۆربەی ئەو بەندانە ئيمان ناهيّنن و فەرمانی تۆ نابەن بەڕيّوەو پەيڕەويت ناكەن شوكرو سوپاسی خودا بەتەواوی ناكەن و سوپاسگوزارو يەكتاپەرست نابن ئەوجا (شەيتان) ئەلّیّ بەدوای مندا ديّن، ئينجا بەداخەوە (ئيبليس) گومان و

سـوێندەکەی خـۆی بـردە سـەرو خـەڵکێکی زۆری گـومڕامراکردو، وەکـو خوای گەورە لەشوێنێکی تـردا ئەفـەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ سورەتی سبأ، ئایـەتی/٢٠، واتە: بەڕاستی شەیتان گومانەکەی خۆی بردەسـەر دژی ئـەوان جا دوای کـەوتن بێجگـە لـە کۆمـەڵێك لـە بـاوەڕداران نـەبێ، جـا خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ ٱخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ﴾ أي أخرج من الجَنَة مذءُوماً مَدحوراً، أي أخرج مِنَ الجنـةِ مـذموماً مُعيبـاً مطـروداً مـن رَحمتي، واتـە: خودا فەرمووی بە شەیتان دەرچۆ لەبەهەشت بەلۆمە لێکراوی و هـەردەم ناوبەدو بەشورەیی و بەبێ بەش لە بەبەزەیی و میهرەبانی خـوای گـەورە ﴿ لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٨﴾ ﴾ الـلاّم هُنـا لِلقَـسَم أي وَأقْسِمُ باللهِ لِمَـنْ أطاعَـكَ مِـنْ الإنـسِ والجـنِ لأمـلأنَ جَهَـنم مـن الاتبـاع الغاوين أجمعين[1]، واتە: ئەو لامە لێرەدا لەبۆ (قەسەمە) یانی سـوێند بـە خوا (مەبەستی زاتی خۆیەتی) هەر کەسێ لـە ئـادەمیزادو پـەری بـەدوای تـۆ بکـەوێ و پێـت هەربخەڵـەتێ دۆزەختـان پـێ پـڕ دەکـەم لـەتۆو ئـەو کەسانەی بەشوێن تـۆ دەکـەون لـە پـەیڕەوو یـاخی بوانـت، ئـەوجا ئـیتر باسی (شەیتان) تەواو بوو ، با بزانین حـەزرەتی ئـادەم چـی بەسـەردێت لەبەهەشت و سەری بە چ ئەنجام ئەگات.

---

(1) موفەسیرەکان ئەفەرموون: (وهُوَ وَعيدٌ بالعذاب لِكُل من أنقاد للشيطان وترك أمر الرحمن).

(باسێك لە بەسەرهاتی باوە ئادەم و دایە حەوا کەوا شەیتان چۆن هەڵیان ئەخەڵەتێنێ؟)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ ﴾ أي وَقُلْنَا يا آدم أسْكن مَعَ زَوْجِكَ حواء الجنة بعد أن أهبط مِنْهَا إبليسَ وَأخرج وَطرد، واتە: ئێمە بە ئادەممان گوت ئەی ئادەم خۆت و ژنەکەت واتە هاوسەرەکەت کە دایە حەوایە دانیشتن و ئارام بگرن لەبەهەشتاو لەدوایی ئەوەی کە شەیتانمان دەرکردو نەفرەتمان لێکرد[1]، ﴿ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا ﴾ أي كُلا مِنْ ثِمارِهَا مِنْ أي مِكانٍ شِئْتُمَا، واتە: لەپاشان بخۆن لە میوەو خواردەمەنی بەهەشت لەهەر شوێنێ خۆتان ئارەزووتان هەیە و لەهەر شتێ دەتانەوێ بیخۆن، بیخۆن بەلاَم ﴿ وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩ ﴾ أي بالأكلِ مِنها وَهِيَ الْحَنطَةُ[2]، واتە: بەس لەو دارە نزیك مەکەونەوە چونکە بێگومان بەنزیك کەوتنەوەتان لەو دارە

---

(1) ئەو بەهەشتە بەڕای زۆربەی زاناو (موفەسیرەکان) بەهەشتی هەتاهەتایی پاداشت دانەوەیە، بەلاَم هەندێکیان پێیان وایە بەهەشتێکە لە بەهەشتەکانی ئاسمان بەلاَم هەندێکی تر ئەفەرموون (باغێکە) لە باغەکانی زەویدا لە پێشەوە لە سورەتی بەقەرەدا بەدرێژی باسمان کردووە.

(2) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ، ئەو (دارو درەختە) داری گەنم بووە، بڕوانە تەفسیری (جەلالین و صاوی و تەفسیر المنیر و قرطبي و رازی و ئالوسی و مواهب الرّحمن ی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٥٢).

که لێتان خوارد ئەوە دەچنە ریزی ئەوانەی زاڵم و ستەمکارن، هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەبەر رەوشنی ئەم ئایەتەدا ئەڵێین ئادەم و حەوا کەوتنە خۆشی لەو بەهەشتەی کە خوای پەروەردگار بۆی حەلاڵ کردبوون مەگەر دارێك نەبێ کە ئەویش داری گەنم بووە کە خوای گەورە لێی قەدەغەکردبوون بۆ تاقی کردنەوەیان، هەتاکو کاری چاکەو خراپ تێکەڵ نەکەن ئەگینا ژیان بەو شێوەیە تێك دەچێ و دەبێتە بەرەڵایی و ئەوجا حەزرەتی ئادەم و دایکە حەوا زۆر بەخۆشی رایان ئەبوارد بەلاّم شەیتان رق و قینەو داخی زۆر لەدڵی دابوو ویستی ئادەم و حەوا لەو خۆشیە دەرخاو نەمێنن و هەڵیان خەڵەتێنێ و بێ فەرمانی خوای گەورە بکەن، ئینجا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾ أي ألقى لَهُما بِصوتٍ خَفي لإغرائِهما بالأكلِ مِنَ الشَّجرةِ، واتە: شەیتان وەسوەسەو خەتەرەی درووستکرد لەناو دلێ ئادەم و حەوا دا بەدەنگێکی نهێنی بۆ ئەوەی لەسەر رێیان بباو فریویان بدا بۆ ئەوەی فەرمانەکەی خودا بشکێنن و دارودرەخەتەکەیان پێ بداتە خواردن ﴿لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا ﴾ أي لِيَظْرَ لَهُما ماكانَ مَستُوراً مِنَ التي يقبح كَشْفُهَا، واتە: هەتا بەهۆی خواردنەکەوە موحتاج و پێویستی سەر ئاو بن و ئەو عەورەتەیان کە داپۆشراوە دەرکەوێ هەتا شەرمەزارو خەجاڵەت بن.

(پوختەی ماناکان)

جا بێگومان لەو کاتەوە شەیتان (حەسوودی) و ئیرەیی پێ دەبردن

ئینجا هەولی ئەدا بە فێڵ و تەڵەکە کەوتە بن کلێشەیان واتە بن هەنگڵیانەوە، بۆ ئەوەی ئەو ژیانە خۆشەیان لێ تاڵ بکات و ئەو بەهرەی زۆرەی کە پێیان درابوو نەیهێڵێ و ئەو جلوبەرگە چاکەی کە پۆشیبویان لەبەریان بکاتەوەو دایکەنێ، وە هەروەها بۆ ئەوەی کە (عەیب و عاری) ئەوان داپۆشراوبوو دەری بخات و رووتیان بکاتەوەو هەروەها بۆ ئەوەی شەرمینگاو (عەورەتیان) کە لەوان داپۆشرابوو دەرخاو شەرمەزارین، ﴿وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾﴾ قَالَ المُفَسرون وَهذا تَوْضِيحٌ لِوَسْوَسَةِ الشّيطان اللّعين أي قَال في وَسْوَسَتِهِ لَهُمَا ما نَهَاكُما رَبُّكما عَنْ الأكْلِ مِنْ هذهِ الشَجرةِ إلاّ كراهيةَ أنْ تكونا مَلَكَين أو تُصْبِحا مِن المُخلدينَ في الجنة، واتە: (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەمە شتێکی ڕۆن و ئاشکرایە شەیتان پێی ووتن (ئینجا چ بە (وەسوەسەو بە خەتەرات) پێیانی ڕاگەیاندووەو گووتی بۆیە خواردنی بەروبوومی ئەو درەختەتان لێ (مەنع) و قەدەغەکراوە تا نەبنە (فریشتە) یان بۆ ئەوەی هەتا هەتایە لە بەهەشتدا نەمێننەوە، بەلام خۆ ئەگەر بۆ بەهێزبوون بێت لەسەر خواپەرستی لەبۆ خواردنی ئەو دارو بەرەو بەروبەمەکەی ئەوە قەیناکات بەلام ئەو دەیەوێ ئێوە نەبنە خەڵکی بەهەشت ﴿وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾﴾ أي حَلَفَ باللهِ عَلَى ذَلكَ حَتّى خَدَعُهما وَقَد يُخْدَعُ المُؤمِنُ باللهِ، واتە: سوێندی بۆ خواردن و بۆ هەردووکیان واتە بۆ ئادەم و حەوا کە من بەدڵ دڵسۆزتانم وە بەدڵ ئامۆژگاریتان ئەکەم یانی بە خوا سێوندی بۆ

خـواردن کەهەرچـی دەڵـێ ڕاسـت تـا هــەڵی خەڵەتانـدن و دیـارە خـاوەن باوەڕ دەخەڵەتێندرێ بە سوێند خواردن بەناوی خوا چونکە بـڕوا دەکـات بەو سوێندە، هەروەها لە تەفسیری الواضـع المیـسردا [1]، ئـەڵێ ئەمـەش دەقی عیبارەتەکەیتی (أي أقسَمُ لَهُما (بِعِزَةِ اللهِ وجلاله) إنّـي ناصـحٌ لَكُمـا فِيما أقُولَ وَلا أرِيـدُ لَكُمـا إلاّ الخَـيرَ وَالخلـودَ فِـي الجَنّـةِ)، واتـە: شـەیتان سوێندی بۆ خواردن و گوتی بە (عەزەمەت) و گەورەیی خودا من درۆتـان لەگەڵ ناکەم بەڵکو بەڕاستی من ئامۆژگاریتان دەکەم بۆ هەردووکتان کـە من ئەوەی دەیڵێم ڕاستەو هیچ ناڵێم مەگەر خێرو چاکە نەبێ بۆ ئێوەو بۆ ئــەوەی هــەتا هــەتایێ لەبەهەشــتدا بمێننــەوەو جــا خــوای گــەورە دەفەرموێت: ﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ﴾ أي خَدَعُهُما بِمَا غَرّهُمـا بـهِ مِـن القَسَمِ بالله، واتە: بەفرِوفێڵ و سوێندە بەدرۆیەکەی بە خوای گـەورە [2]، فریـوی دان و بــەرەو لای درەختەکــەی بــردن ﴿فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا﴾ أي فَلَمّا أكَلاَ مِنَ الشَجَرَةِ ظَهَرَتْ عَورَاتُهمَا فأبْـصَرَ كُلُّ مِنهُمَـا عَوْرَةَ صَاحِبهُ فاستحيا) واتە: هەرکە لەبەری درەختەکەیان خواردو خێـرا جلوبەرگەکەیان لەبەر داماڵراو (عـەیب) و عـەورەتیان دەرکـەوت بۆیـەکتر

---

(1) بڕوانە: (التفسیر الواضع المیسر) لە نووسینی شێخ (محمد علی الصابونی)، لاپەڕە/٣٦١.

(2) ئەگێڕنەوە حەزرەتی (ئادەم و حەواش) بەدوو شت هەڵخەڵەتان ١- ئارەزوویان هەبوو هەتا هەتایێ لەو بەهەشتە بمێننەوە. ٢- وا تێگەیشتبوون کە کەس سوێند بەدرۆ ناخوات و بەتایبەتی بەناوی خوای گەورەو وە کەسیش درۆیان لەگەڵ ناکات.

ئینجا هەرکام (عەیب) و عەورەتی خۆی و ئەوی تری بینی ئەوجا بەهۆی ئـەوەوە شـەرم گرتنـی، جـا خـوای گـەورە ئەفـەرموویت: ﴿ وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ ﴾ أي أخـذا وشـرعاً يلـصقانِ ورَقـةً علـى ورَقةٍ ليَستَترا به بَعْدَ أنْ كانت كِسْوَتُهما من حُلَلِ الجَنةِ ، قـالَ القـرطبي أي جَعَلا يقطعان الورقَ ويَلْزقانه لِيَسْتَترا بـه[1]،واتـە: ئـادەم و حـەوا بەپەلـە دەستیان کرد بە ڕنینی گەڵاو ئەیاندا بەسەر خۆیانـدا لەگـەڵای درەختـی بەهەشت گەڵا لەسەر گەڵا لەشەرمەزاریدا لەلایەکەوە ئەچوون بۆ لایێ تـر لـەدوای ئـەوەی کەپێـشتر بـەرگ و پۆشـاکی بەهەشـتیان لەبـەردابوو ، پێشەوا (قورطبي) ئەفەرمووێ ئەوجا جل و بەرگـەکانیان دامـاڵرا چـونکە هەرچی (عەیب و عاریان) هەبوو کەوتە دەرەوە ئینجا ناچاربوون بەپەلـە دەسـتیان دایـە گـەڵا پانـەکانی درەختـەکانی بەهەشـت تـا خۆیـانی پـێ داپۆشـــن، ﴿وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٢﴾﴾ أي ناداهُما اللهُ بِطريق العتابِ وَالتوبيخ قائلاً ألَمْ أُحذركُمَا مِن الأكلِ مِن هـذهِ الـشجَرَةِ وأخبركُمـا بعـداوة الـشيطانِ اللّعين؟ واتە: پەروەردگاریان بانگی لێ کردن ئایە ڕێم لـێ نـەگرتن و پـێم

---

(1) قولهُ ورق الجنّة قيل ورق التين وقيل ورق الموز، واتە: مەبەستی گەڵا داری هەنجیرە ، یان گەڵا درەختی مۆزە، بڕوانە (حاشیەی صاوی) بەرگی/٢، لاپەڕە/١٤.

نەگووتن لەبەری ئەو درەختە مەخۆن؟[1]، ئەی ئایە بەهەردووکتانم نەگووت ئێوە چاك بزانن (شەیتان) دوژمنێکی ئاشکراتانە؟ یان ئەفەرمووێ خوای پەروەردگار بانگی لیّ کردن بە شێوەی سەرزەنشت و گلەیی و پێی فەرموون باشە من قەدەغەی ئەو درەختەم لیّ نەکردبوون ئەی پێم نەوتن و پێم رانەگەیاندوون کە (ئیبلیسی) نەفرەت لێکراوو دەرکراو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆتان، ئەوجا لەپاشان (ئادەم و حەوا) بەهۆش خۆیان هاتنەوەو هەروەها پەشیمان بوونەوەو روویان لە بارەگای خوای مەزن کرد هیچیان پیّ نەما ئەوە نەبیّ کە دان بە خراپەی خۆیاندا بنێن و داوای لێخۆشبوون و لێبووردن بکەن و دەستی دوعاو پاڕانەوەیان بەرز کردەوەو گوتیان: ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾ أعْتَرَفا بالخطيئة وَتابا مِنَ الذّنْبِ وَطَلَبا مِنَ اللهِ المَغْفِرةَ وَالرحْمة، واتە: گوتیان ئەی پەروەردگاری ئێمە (زوڵم) و ستەممان لەخۆمان کرد کە ئەمرو فەرمانی تۆمان شکاند، وە بەقسەی شەیتان هەرفرێواین ، ئینجا گەر تۆ لێمان نەبووری وە بەزەییت پێمان دا نەیەتەوە ئەوە بەڕاستی ئێمە لە (خەسارەت) مەندان و زەرەرمەندانین ، جا بێگومان باوکە ئادەم دایکە حەوا دانیان بە هەڵەو سەرپێچی خۆیان دانا و خوای گەورە لێیان خۆش بوو، (قالَ الإمام

---

(1) جا ئایە چۆن بانگی لیّ کردن و ئەوانیش چۆنیان بیست؟ ئەمانە وێنە یان نهێنی (غەیبین) بەڵام پێویستە ئێمە بڕوامان پێی هەبیّ چۆنیەتەکەی حەواڵەی (عیلمی) خودا دەکەین.

الطبري في تفسير هذه الآية هي الكلمات الّتي تلقاها آدمُ مِنْ ربه[1]، واتە: پێشەوا (طبري) لەتەفسیرەکەیدا ئەڵێت ئەو ووتانە بوو کە حەزرەتی ئادەم لەلایەن خودای پەروەردگاریەوە پێ گەیشت.

(خوای گەورە هەموویان دائەبەزێنێتە سەر زەوی)

جا خوای گەورە پێیان ئەفەرمووێت: ﴿ قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ ﴾ الخِطَابُ (لآدَمَ وَحوّاء وَإبليس) ولِهَذا جَاءَ بِصيغة الجَمعِ أي أهبطوا من سماء القدسِ إلى الأرضِ حَالَ كون بعضكم عَدواً لِبَعْضٍ فالشّيطانُ عدوٌ للإنسانِ وَالإنسانُ عَدوٌ لِلشّيطانِ، واتە: خوای پەروەردگار فەرمووی هەمووتان بڕۆنە خوارەوە بەشێوەیەك كە هەندێكتان دووژمنی هەندێكتان دەبن وە هەروەها (خیتابی) خودا ئاراستەی حەزرەتی ئادەم و حەوا لەگەڵ شەیتانە، چونكە بە صیغەی كۆ (جمع) هێناویەتی و فەرمووی (لە ئاسمانی قودسەوە) بۆ زەوی دابەزن یانی هەمووتان بڕۆنە خوارەوە لەم بەهەشتەوە هەندێكتان دووژمنی هەندێكتان بن شەیتان دووژمنی ئادەمیزادەو بە پێچەوانەشەوە جا بێگومان دوژمنایەتیەكەش بەردەوامەو بێ پسانەوەیە، بۆ نەتەوەكانیشیانە لەگەڵ شەیتان[2]، ﴿ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ (٢٤) ﴾ أي لَكُم في الأرض

---

(1) بڕوانە: جامع البيان لەدانانی پێشەوا (ابن جرير الطبري)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٣٥٥.

(2) هەندێ لە (موفەسیرەكان) لە مانای (أهبطوا) واتە دابەزن مەبەست (ئادەم و حەواو شەیتان و مارە)، بەڵام زۆریش باسی ماریان نەكردووە.

مَوْضع إستقرار وتمتع وإنتفاع إلى حين إنقضاء أجالكُمْ، واته: بۆتان هەیە لە زەویدا نیشتەجێ بن و هۆی رابواردن و ژیان تا ماوەو کاتێك کە کاتی دیاری کراوە بۆ مردن کە ئەجەلیشتان هات هەر لەسەر زەویدا دەمرن وە لەرۆژی دواییشدا هەر لە زەویدا زیندوو دەکرێنەوە، ﴿ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ أي في الأرض تَعيشُونَ وَفيها تُقْبرُونَ وَمنهَا تُخْرجُونَ للجَزاء، واته: خوای گەورە فەرمووی بە ئادەم و حەوا و منالەکانتان لەزەویدا ئەژین وە لە زەویدا ئەمرن و ئەبێ بە جێگەی گۆڕتان لە زەویدا ئێوە ئەهێنرێنە دەرەوە لە ڕۆژی دواییدا زیندوو ئەکرێنەوە بۆ پرسیارو پاداشت و تۆلە، ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ ﴾[1]، أي أنْزَلَ اللهُ المَطَرَ منَ السَماءِ فَكانَتِ الكَسوةُ منهُ يعني أن لِبَاسَهُم من نبات الأرضِ منَ القُطنِ والكتان وَهُوَ ماءُ السَماءِ وَمَا يَكُونُ منَ الكِسوَةِ أصواف الأغنامِ، فَقِوَامُ الأنعام أيضاً من نَباتِ ماءِ السَماءِ، قالَ بعض المفسرون الرِّيش لباس الزينةِ استعير من ريش الطيرِ لأنهُ لِباسُهُ وَزينَتُهُ، واته: ئەی نەوەی ئادەم یادی نازو نیعمەتی خودا بکەنەوەو بەڕاستی ئێمە لە ئاسمانەوە بارانێکمان باراند هەتا گیای پەموو سەوزبێ و ، ئینجا لە پەموو بەرگ درووست بکرێ و ئێوەش بیکەنە بەر هەروا لە ئاسمانەوە بارانمان باراند بۆ ئەوەی

---

(1) واتە:ئەی نەوەکانی ئادەم بەدڵنیاییەوە بۆ ئێوەمان ناردۆتە خوارەوە بەرگ و پۆشاکی چاك کە عەورەت و داوێنەکانتان دادەپۆشێت.

کە گیای هەمەجۆرە بڕوێت و مەڕو بزن و گا و مانگاو ووشتر بیخۆن ئەوجا لەو ئاژەڵانەدا خوری و موو و مەرەز پەیدابێ ئینجا ئادەمیزاد بیکەن بە بەرگ و پۆشاك و هەتا بیکەنە بەرو پێی جوان ببن[1]، هەندێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن ریش بەمانای جل و بەرگ و جوانی دێت هەروەها بە پەڕی باڵندەش دەگوترێت، چونکە جوانی ئادەمیزاد بە جل و بەرگەوەیە نەك بە رووت بوونی هەروەها جوانی تەیرو باڵندەکانیش بە کورك و پەڕەکانیەوەیە[2]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ﴾ (أي ولباس الورع والخشية من الله تعالى خيرٌ من ما يتزين به المرءُ فإن طهارة الباطن من جمال الظاهر) واتە: بەرگی لەخوا ترسان ئەو بەرگە چاکترە لەهەموو بەرگێ چونکە خاوەنەکەی ئەپارێزێ لە سزای خوا هەروەکو وێنەی بەرگێ کە خاوەنەکەی ئەپارێزێ لە

---

(1) جا بێگومان مرۆڤ بە رووتی زۆر ناشیرینە چونکە (ئادەم حەوا) کە داری گەنمیان خوارد ئینجا بەرگوو پۆشاکیان فریشتەکانیان لەبەردا داکەنی ئەوانیش زۆر (شەرمیان) کردەوە، ناچار گەڵای هەنجیریان ئەلکاند بە (عەورەتیان)، هەتا دەرنەکەوێ ئەمەش ئەوەی لێ دەرنەکەوێ کە دەرخستنی (عەورەت) واتە شەرمگا بە (تەبیعەن) موخالیفە بۆ شەرەف و کەرامەتی ئینسان ، بڕوانە تەفسیری نامی لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٤١.

(2) پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالب (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێ گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) کە بەرگی ئەپۆشی ئەیفەرموو: (الحمدُ لله الذّي رزقني الرِّيش ما أتجملُ به في الناسِ وأوري به عورتي) واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی جل و بەرگی جوانی پێداوم کە لەناو خەڵکا خۆمی پێ جوان بکەم و (عەورەتی) خۆمی پێ داپۆشم.

سەرماو گەرما هەندێ لە پیاو چاکان فەرموویانە پۆشاکی ورع و تەقوا بریتیە لە ئیمان و کردەوەی باش لە پۆشاکی زاهیری و ڕواڵەتی چاکترە، چونکە بێگومان هەر کەسێ لە خوا نەترسێ و شەرمی لێ نەکات گوێی لە رووت و بەڕەڵایی نیە ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾﴾ أي إنزالُ اللّباس من الآيات العظيمة الدّالة على فضل الله ورحمتهِ عَلىَ عبادِه أي لعلهم يذكرون هذهِ النعم فَيَشْكرُون الله عَلَيْها، واتە: بە بەخشینی ئەو بەرگانە بە ئادەمیزاد لەو بەڵگانەن لەسەر ناسینی خوداو دەسەڵاتی خودای پەروەردگار چونکە فەزڵ و گەورەیی خودا دەچەسپێنێ وە هەروەها نیشانەی (رەحم) و بەزەیی خوای مەزنە بۆ بەندەکانی بەڵکو پەندو عیبرەت وەربگرن و بیربکەنەوەو ئامۆژگاری وەربگرن و هەڵسن بەوەی کە خوا پێویستی کردووە لەسەریان لە سوپاس گوزاری و گوێڕایەڵی و فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکەن.

(دوو ئاگاداری گرنگ).

یەکەم- هاتووە لە کتێبی سیرەدا [1]، ئەڵێ بێ باوەڕە قورەیشیەکانی مەککە بە ڕووتی بەدەوری کەعبەدا ئەسوڕانەوە ئینجا پرەوەردگار ئەوەی هێنایەوە بیریان کە هەروەکو چۆن حەزرەتی ئادەم و حەوا لە بەهەشتا کە عەورەتیان بەدەرکەوت کە فەرمانی خوایان

---

(1) بڕوانە (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) لە نووسین و ئامادەکردنی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزیز)، بەرگی دووەم، لاپەڕە/٢٥١.

شــكاند و بــەروبوومی درەختەكــەیان خــوارد ئینجــا فریــشتەكان بەرگەكانیان لەبەر داكەنین و رووت كرانەوەو شەرمگایان بەدەركەوت جا خێر بەگەلآكانی داری بەهەشت دایان پۆشین ئینجا هەروەكو لە پێشەوە ئایەتەكە ئاماژەی بۆ كردووە خـوای گەورە دەفـەرموێت: (ئـەی نـەوەی ئادەم ئاگاداری خۆتان بن كە ئێوە رۆڵەی ئەو ئادەمەن و ئێمـە بـەرگمان بۆ ناردنە خوارەوە).

دووەم- رســتەی ﴿ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا ﴾ واتــە: بەڕاســتی ئێمــە بەخـشیومانە بـە ئێـوە و ناردومانەتـە خـوارەوە بەسـەر ئێـوەدا بـەرگ و پۆشــاكە نایــاب مەبەســت لــەناردن ئەوەیــە كــە خــوای گــەورە هــۆی پەیدابوونی ئـەو بـەرگ و پۆشـاكەی لـە ئاسمانـەوە نـاردوە كـە بارانـە و چونكە لە ئاسماندا باران دەبارێت و دەبێت بەهۆی سەوز بوونی گژو گیـا و ژیانی ئاژەڵی بەهۆی ئەو خۆراكەوە كە جل و بـەرگ بـەزۆری درووسـت دەكرێ لە خوری و مـوو و كورك و پیـستی ئـاژەڵ جا بێگومـان ئەگـەر باران و ئاو نەبێ ئەوە هیچیان نابن یان خوای گەورە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێ ئەبێتە هۆی رواندنی درەختی پەمۆ و لۆكـەو كـەتان و كـورك و لەهەموو شتێكی پێ بەرهـەم دەهێنـێ ئێـوەش بەكـەیفی خۆتـان هـەموو جۆرە بەرگێكی لێ درووست دەكەن و ئەیكەن بە جـل و بـەرگ و پۆشـاك وە عەورەتەكانی خۆتانی پێ دادەپۆشن و دەبێتە مایەی جوانی.

(خۆتان بپارێزن لە ئاژاوەو فیتنەی شەیتان)

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾ (أيَ لايَغْوِينّكُمْ الشّيطانُ بِإضْلالِهِ وَفِتَنِهِ)، واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئاگاداری خۆتان بن (شەیتان) ئێوەش نەخەڵەتێنێ و فریوتان نەدات ﴿كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ ﴾ أي كَمَا أغوى أبَوَيكُم بالأكلِ مِنَ الشَجرةِ حَتى أخْرَجَها مِنَ الجنّةِ، واتە: هەروەك باوك و دایكتانی بەفرو فێڵ لە بەهەشت دەرهێناو بەهۆی ئەوەوە دارەكەیانی پێ داخواردن و ئەوەی خوای گەورە (قەدەغەی) لێ كردبوون، ئینجا لە بەهەشتدا بەدەركردنی دان ﴿يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ ﴾ (أي ينزع عَنْهُمَا اللِّباسَ لِتظهر العورات، واتە: جل وبەرگەكەشیانی لێ داماڵێن یانی بەرگی بەهەشت لەبەریاندا بوو بۆ ئەوەی (عەیب) و عەورەتیان دەربخات و یەكتر ببینن و شەرمەزار ببن ئێوەش ئەگەر نەوەی ئادەم بەقسەی شەیتان بكەن ئەوهاتان بەسەردێ و بەرگی خواپەرستیتان لەبەردادەماڵێ و بەرامبەر خوا شەرمەزارو سەرشۆڕ ئەبن، ئەوجا زیاتر وریامان ئەكاتەوە لە خۆپارێزی لە (شەیتان) و دارودەستەكەی هەروەكو ئەفەرمووێ ﴿ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ ﴾ أي أنَ الشّيْطان يُبصركم هو وجنوده من الجهة التّي لا ترونه منها فهو لكم بالمرصاد فاحذُروا كَيْدُه ومكْرهُ لأنّ العدّو إذا أتى مِنْ حيث لا يُرى كانَ أشدَّ وأخوف، واتە: بەڕاستی شەیتان خۆی و سەربازو دارو دەستەو

نەوەكانی ئێوە دەبینن بەڵام لە جێگاو شوێنێكدا كە ئێوە ئەوانی تێدا نابینن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوان دەبینن و ئەگەرچی ئێستاكە نایانبینن، جا خۆتان بپارێزن لە فرِوفێڵ و (حیلەی) شەیتان چونكە بێگومان زیان پێگەیشتن لە دوژمنێكەوە كە نەیبینن زۆر كوشندە ترە و بیم و ترسی زیاتر لێ ئەكرێ لە دوژمنێك كە بیبینی و لەبەرچاوبێ.

(ئاگادارییەكی گرنگ)

زۆربەی زانایانی (تەفسیر) ئەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە كە شەیاتین و جنەكان لە دنیادا هەرگیز نابینرێن بەڵام هەندێكیش دەڵێن ئەگەرچی ئاواش بێ بەڵام هەر رەواو درووستە ببینرێن بەڵام نەك لەسەر ئەو شێوە تایبەتیەی كە لەسەری دروستكراون، ئینجا هەروەها كاتێ خوا بیەوێ نیشانی ئادەمیزادیان بدات ئەیانگۆڕێ بە شێوازێ كە شیاو بێ ببینرێن لەوێنەو شێوەی ئادەمیزاد، چونكە بێگومان (ئیبراهیم پێغەمبەر و خاتوو سارای خێزانی فریشتەكانیان) بینیوە جا هەندێ لە زانایان ئەڵێن جگە لە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) كەسی تر نایانبینن، بەڵام هەندێ تر لایان وایە لە جیهاندا نابینرێن چونكە لەوانەیە ژن و كوڕی خۆی بەوان بزانێ و تووشی هەڵەبێ، جا بەهەرحاڵ هەندێكی تر ئەڵێن شەیاتین و جنۆكەكان لە شێوازی تایبەتی خۆیانا نابینرێن بەڵام بەشێوەی تر بێگومان بینراون (والله أعلم) واتە: خواش زاناترەو ئەزانێ، جا خوای گەورە ترساند نەكەمانی لە پیلانی شەیتان دووبارەكردەوەو فەرمووی ﴿إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَـٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا

يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ أي جَعَلْنَا الشياطِينَ أعواناً وَقُرَناءَ لِلْكافرِينَ، واته: بێگومان ئێمه (شەیاتینەکانمان) کردۆته دۆست و برادەرو یارمەتیدەری ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە خوای گەورە نییە هەتا زۆرتر سەرلێشێواو بن یانی کافرو بێ باوەڕەکان هەردەم گوێڕایەڵیان دەکەن و لەسەر بیروباوەڕی ئەوانن ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً ﴾ أي وإذا فَعَل المُشرِكُونَ فَاحِشةً وَهِيَ الفعل المتناهيَة في القبح كالطواف حَولَ البيتِ عُراة، واته: کاتێ ئەوانە کردەوەیەکی زۆر بەدو ناشیرین و (قەبیحیان) بکردایە وەك ئەوەی کە بە رووتی پیاوو ژنەکانیان بەدەورەی (کەعبە) بسوڕانایەوە ئەوجا پێیان بگوترایە یان سەرزەنشت بکرانایە لەسەر ئەو کردەوە ناشیرینەیان بیانویان ئەهێنایەو ئەیانگووت ﴿ قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا ﴾ أي أعتذروا عَنْ ذَلِكَ الفعلِ القبيح بِتَقليدِ الآباء، واته: ئەڵێن باوك و باپیرانیشمان ئەوها دیتوە بۆیە ئێستا ئێمەش لاسایی ئەوان دەکەینەوە، ئەوەبو عوزرو بیانویان لەسەر ئەو کارە بەدو ناڕەوایە، ﴿ وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ﴾ أي أمَرَنا بالتجردِ مِنَ الثياب، وَهَذا إفتراءً عَلَى ذي الجلال، قالَ البضاوي في تفسيره[1]، أحتجوا بأمرين ١- تقليد الآباء ٢- والإفتراء على الله سُبْحَانَهُ وَتَعالى، واته: ئەیان ووت خوا فەرمانی داوە بە کردنی ئەو خراپانەو لاسایی کردنەوەی باوك و باپیران،

---

(1) بڕوانە: تەفسیری (القاضي البيضاوي) لە نووسینی (ناصر الدين أبي سعيد محمد الشيرازي البيضاوي)، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٢٨.

یـانی بــه ڕووت و قــووتی و بــەبێ جـل و بــەرگ بــەدەوری کەعبــەدا بسوڕێنەوە، وە ئەمە بێگومان درۆو بوختان هەڵبەستنە بـەدەم خـوداوە وە هــەروەها قــازی بــەیزاوی لــە تەفسیرەکەیدا ئــەڵێ واتــە دوو شـتیان ئــەگرت بەدەســتەوە ١- شــوێن کــەوتن و لاســایی کوێرانــەی بــاوك و باپیرانیــان. ٢- لافــی ئــەوەیان لــێ ئــەدا کــە خــوا فــەرمانی داوە بــەو کردەوەیە بەدرۆو ئـیفتراو بـێ بەختی لەسـەر خـوای تـەبارەك و تـەعالا، ﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ﴾ أي قُـل يـا مُحَمـد اللهُ مُنـزهٌ عَـن النقْص لا يأمر عِبادَهُ بقبـائحِ الأفعـالِ، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر پێیـان بڵـێ ئێـوە ڕاسـت ناکـەن چـونکە خـوای پـەروەردگارم فـەرمان بـە کـردەوەی (فاحیشە) یانی کاری پیس و خراپ ناکات، چونکە بێگومـان ئـەو کـارەی ئێوە دەیکەن قەبیحەو بەدڕەوشتیە، خودا دوورە لەو شتە ناهەموارانـە و نابــەجێ یانــە ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾﴾ الإســتفهام للإنكارِ وَالتـوبيخ، أي أتَكـذبونَ عَلَـى اللهِ وَتَنـسبُونَ إليـهِ القبيحَ دُونَ علـمٍ ونظرٍ صحيحٍ، واتە: ئێوە بە چ ڕووێکەوە درۆو دەلەسەو شتی ئاواو کاری نابەجێ ئەدەنە پاڵ خودا؟ چۆن (جەسـارەت) دەکـەن و شـەرم و حـەیا ناتانگرێ بوختانی ئـاوا بـەدەم خـوداوە هەڵدەبەسـتن شـتێك دەڵـێن کـە بە(حەقیقەت) و ڕاستی نازانن و دەڵێن خودا فەرمانی پـێ کـردووین ؟ کـە ئاگاتان لێ نیە نازانن ئەوە ڕاستە یـان نـا، ئـەوجا پاشـان خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ﴾ أي بالعدلِ والإسـتقامة، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بڵـێ پـەروەردگارم فـەرمانی بـە دادوەری و کـاری

چاكە كردووە و (ئیستقامە) لەسەر ئایینی پیرۆزو نەك خراپەكاری و (فاحیشە) وەكو بێ باوەڕەكان ئەڵێن ﴿وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ أي تَوَجهُوا إلى القِبلةِ في الصَلاةِ أداءً عِندَ كُلِ مَسْجدٍ، واتە: لەهەموو مزگەوتێك رووی خۆتان لە (قیبلە) واتە رووگە بكەن وە بەدڵسۆزی و بەپاكی لەبەر خوا بپاڕێنەوە، وە لەكاتی هەموو نوێژێكیشدا تەنها روو لە خوای مەزن بكەن ﴿وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ أي واعبدوهُ مخلصينَ لَهُ العِبادةَ وَالطاعة، واتە: بەدڵسۆزیەوە داوای لێ بكەن و لێی بپاڕێنەوە، دینداری و پەیڕەوی و ملكەچی بۆ ئەو بكەن و هەر ئەو بپەرستن ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾﴾ أي كَمَا بَدَأكُمْ مِنَ الأرضِ تَعُودُونَ إليها، واتە: وەك لەپێشدا ئێوەی درووست كرد لە خاك مەبەستی (باوكە ئادەمە) هەر ئاواش گشتان زیندوو دەكاتەوە، وە دەگەڕێنەوەلای بۆ پرسیارو پاداشت، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ﴾ (أي هَدى فَريقاً مِنكُمْ وَأضلَّ فَريقاً مِنْكُمْ وَهُوَ الفعالُ لما يريدُ لا يُسأل عمّا يَفعلُ، واتە: دەستەیەكیان شارەزای رێگای راست و درووستی كردن و بەرێی چاكەدا رۆیشتن، وە دەستەیەكیشیان هەر شیاوی گومڕابوونن چونكە بەهۆی كارو كرداری خۆیانەوە گومڕابوونیان لەسەر چەسپاوە،... جا بێگومان خوای گەورە هەرچی بیەوێ و هەرشتێ بكات دەیكات چونكە ئەو زاتە هەرچی بیكات نابێ

لێـی بپرسـرێتەوە، چـونکە خودایـە، ﴿إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُواْ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ أي أهل الضلالةِ إتخذوا الشياطينَ أوليـاء بِطَـاعتهمْ فِيمـا دَعُوهم إليهِ، واتە: ئەوان لەباتی خوای گەورە شـەیتانیان کـردە یارمـەتی دەرو دۆستی خۆیان و پەیمانیان لەگەڵ بەستووە، بەم رەنگە لایانـدا لـە ئـایین و (شـەرعی) خـودا، ئـەوان لـەجیاتی گوێڕایـەڵی بـۆ خـوابن بـەڵام گوێڕایـەڵی (شـەیتانەکان) بـوون، ﴿وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ٣٠﴾ أي يظنون أنَهُمْ عَلَى بصيرةٍ وهدايـةٍ، واتـە: لەکاتێکـدا وا گومـان دەبەن کە رێی راستیان داوەتە بەرو لەسەر رێی راستن.

(فەرماندان بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگی جوان لەکاتێ ئەچنە مزگەوت)

ریوایەت کراوە لە ئیبن و عەباس (رەزای خوایان لێبێت) ئەگێڕێتـەوەو ئەفەرمووێ لەسەردەمی جاهلیەتدا واتە: نەزانی نـەفامی دا ژنـەکانی بـێ بـاوەڕان بـەرووتی (تـەواف– کەعبـەیان) ئـەکرد بـەدەوری ئەسـوڕانەوە تـەنها پارچـە پـەڕۆکیان لەسـەر عـەورەتی خۆیـان دائـەنا ، وە ئـەم شیعرەیان دەووتەوە:

(اليومَ يَبدُوا بَعْضَهُ أو كُلّهُ * وَمَا بَدا مِنهُ فَلا أحِلّهُ)[1].

واتە: ئەگەر هەندێکی یان هەمووی دەرکەوێ لەمەوە زیاتر بەڕەواو بـە

(1) بڕوانە: تەفسیری (قورتبی) بەرگی/٤، لاپەڕە/١٨٩.

(حەلاڵی) نازانم دەرکەویٚ، (موفەسیرەکان) ئەڵێن بەزۆری ژنەکانی بەنو (عامر) ئەو کارە نالەبارەیان ئەنجام ئەدا ، پیاوەکانیان بەرۆژو، ژنەکانیان بە شەو، وە لە ریوایەتێکی تردا ئەیبن و عەباس ئەفەرمووێ جاری وا هەبووە ژن تەوافی ئەکرد بەدەوری کەعبەدا بە رووتی و هاواری ئەکرد لە مێردەکەی کە بەرگێکی پیٚ بدات هەتا عەورەتی واتە شەرمگای پیٚ داپۆشیٚ[1]، ئینجا لەبەرامبەر ئەو کارە بیٚ (حەیاو) بیٚ شەرمانەدا ئەو ئایەتە دابەزی و خوای گەورە فەرمووی: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾ أي ألْبَسُوا أفْخَرَ ثِيابِكم وَأطْهَرَهَا عِندَ كُل صلاة أوْ طوافٍ، واتە ئەی نەوەو کوڕانی ئادەم هەر کە دەچنە مزگەوت بۆ نوێژ یان تەواف کردن یان هەر خواپەرستیەکی تر پێویستە جل و پۆشاك و بەرگی جوان و پاك و خاوێن بپۆشن و لەبەر بکەن ﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْ﴾ أي لا تُسرِفوا في الزينةِ والأكلِ وَالشُرب بِمَا يَضرُ بالنَفسِ وَالمالِ، واتە: ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان بۆ هەر یەکێك لە ئێوە حەلاڵ و رەوایە خواردن و خواردنەوەی پاك و خاوێن بخواو بخواتەوە بەلاّم زیادەرەوی مەکەن چ لە جل و بەرگ چ لە خواردن و

---

(1) کە ئەو ئایەتە نازل بوو بانگەوازێك لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) رایگەیاند ئیدی لەمەولاوە هیچ کەس بە رووتی تەوافی ماڵی خودا نەکاو، هەروەها فەرمودەی پێشووی موسلیم و نەسائی هێناویانە ، بڕوانە: تەفسیری تەبەری بەرگی/١٢، لاپەڕە/٣٩١.

خواردنەوە چونکە زیانی گیانی و ماڵی هەیە ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾﴾ أي المتعدينَ حدُودَ اللهِ فيما أحَلَّ وَحرمَّ، واتە: خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە زیادەڕەوی لە خواردن و خواردنەوە ئەکەن، وە ئەوانەی لە سنوور دەردەچن ، وە ئەندازە شکێنی دەکەن جا بێگومان دەبینی هەندێ کەس هەنە لە خواردن و خواردنەوە زیاد تێدەپەڕێنن و زۆر دەخۆن هەراسان دەبن، یان خواردن زۆر ئامادە دەکەن و ئینجا لە پاشان نایخۆن و دەیرێژن و (خەسار) دەبێ، خوا ئەمەی زۆر پێ ناخۆشە ، هەروەك ئاماژەی بۆ کردووە.

(ئاگادارییەکی گرنگ)

هەندێ لە زانایانی تەفسیر ئەفەرموون خوای مەزن تەواوی بابەتە پزیشکیەکانی لەنێو ئەم ئایەتەدا کۆکردۆتەوە ئەمەش ئەو ئایەتەیە کە لەپێشوو رابرووررد وەکو ئەفەرمووێ: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟﴾ هەندێکی تر لە مانای ئەم ئایەتەدا فەرموویانە (هەرچی دەخۆی بخۆ، وە هەرچیش لەبەر دەکەی لەبەری بکە بەمەرجێ نەگاتە زیادەڕەوی و (ئیسراف) چونکە خوا فەرمویەتی ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾﴾ هەروەها لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی رازی بێت) ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (كُلُوا وأشرَبُوا والبِسُوا وتَصَدَّقُوا من غير مخيلةٍ وَلا سَرفَ فإن اللهَ يُحب أن يرى أثر نِعَمِه عَلَى عَبده[1]،

(1) رواهُ الإمام أحمد في مسنده.

واتــە: بخــۆن و بخۆنــەوەو جــل و بــەرگ و پۆشــاك لەبــەر بكــەن بــێ زیادەڕەوی ، نە رژدی تێیدا بكەن نە دەستبلاوی چونكە خوای گەورە پێی خۆشە دیاردەی نازو نیعمەتەكانی لەسەر بەندەی خۆی ببینێ، جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ۚ ﴾ أي قُلْ لَهُم يَا مُحمد مَنْ حَرَمَ الثيابَ التي يتزينُ بها الناسُ وَمَنْ حَرَّمَ المستلذاتِ من الرزق؟، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بڵێ كێیە جل وبەرگ و پۆشاكی جوان و خشڵ و رزق و رۆزی و بژێوی پوختەو پاكی درووستكردووە بۆ ئادەمیزادو حەڵاڵیشی كردووە بۆیان، ﴿ قُلْ هِىَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ ﴾ هـذه الزينـة والطيبـات في الـدنيا مخلوقـة للمـؤمنين وإن شـاركهم فيهـا الكُفـار وستكون خالصة لَهُم يوم القيامة لا يشركهم فيها أحد لأنّ الله حَرَمَ الجنّة على الكافرين، واتە: بڵێ ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەو زینـەت و جوانیـە بۆ ئەو كەسانەیە كە لە ژیانی دونیادا ئیمان و باوەڕیان هێناوە ، یانی ئـەو جوانی و (زینەتە) لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئیماندارانە ئەگەرچی لای ئینسانی ئیماندار دونیا كەم بەهاو بێ بایەخە، بۆیە دەبینی گەلێ جار (كافر) واتـە بێ باوەڕ سەروەتی لە موسڵمانان زۆرترە، بەڵام لـە رۆژی قیامەتـدا هـەر تایبەتی موسڵمانانە بەبێ هاوبەشی بێ بڕوایان، چونكە خوا بەهەشتی لەسەر بێ باوەڕان (حەرام) و قەدەغە كردووە ﴿ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ أي يتدبرُونَ فإنهم المُنتفعونَ بِهَا، واتـە: ئـا بـەم

شێوەیە ئایەت و فەرمانەکان روون ئەکەینەوە بۆ کەسانێك کە هۆشیار بن و لە رێنموونیەکانی ئێمە تێ بگەن.

(هەندێ لە تاوانە گەورەکان کە حەرامکراون لە موسڵمانان)

خوێنەوارە ئازیزەکانم خوای گەورە نارەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بە (کافرە) بت پەرستەکان کە لەلای خۆیانەوە حەلاڵ و (حەرام) دەکەن جل و بەرگی پوختەو جوان و خواردن و خواردنەوەی رەواو رێگەپێدراو لەخۆیان (حەرام) دەکەن و بەبێ بەڵگەو دەلیل ئینجا لێرەدا باسی هەندێ تاوان و جۆرەکانی (حەرام) کراوەکان دەکات ئەوجا هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون کاتێك موسڵمانەکان بەرگ و ئیحرام و پۆشاکیان پۆشی و تەوافی کەعبەی پیرۆزیان کرد ئینجا بەم بۆنەوە بێ باوەڕو بت پەرستەکان رەخنەو تانەو تەشەریان لە موسڵمانەکان گرت و قەشمەریان پێ ئەکردن و ئینجا خوای گەورە لە وەلامیاندا ئەو ئایەتەی نازڵ کردو فەرمووی ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴾ مَعْنَاهُ أنّ الله تَعالى لَمْ يُحَرِم الثيابَ ولا الطيباتِ مِن الرِّزقِ الحلالِ وإنَما حَرّمَ الذنُوبَ وَالْفَواحِشَ[1]، هي الكبائرُ،

---

(1) موفەسیرەکان: ئەڵێن وتەی (فاحیشە) بەوە ئەڵێن چ بە ئاشکرا بێ یا بە نهێنی بێ چونکە (فاحیشە) بریتیە لە کردارو گوفتارێك کە لە بێ دینی و خراپیدا تێیان پەڕاندبێ یانی تاوانی مەزن و گەورە بن وەکو (قەتل و زیناو مەشروب خواردن و دزی کردن) هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

وقوله تعالى (ما ظَهَرَ مِنهَا) أي ما عُمِلَ عَلانيةً وما بَطنَ، يعني سِراً، واتـه: بلّـێ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) خـوای پـەروەردگارم بەڕاسـتی ئـەو جـل و بەرگەی کە ئەیپۆشـن قەدەغـەو حـەرامی نـەکردووەو وە یـان ئـەو رزق و رۆزیە پوختەی حـەرام نـەکردووە، بـەلآم تـەنها تـاوانی زینـا واتـە داوێـن پیسی حەرام کردووە چ ئەوەی کە ئاشکرا بێت چ ئـەوەی کـە بـەنهێنی و پەنامەکی بێت، حـەرام و قەدەغـە کـردووە ﴿وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾ (أي وَحَرَمَ المَعاصي كُلّهَا وَالعُدوانَ عَلَى النَاسِ)، واتە: گوناهو تـاوان و لەسنوور دەرچوون و تەعەداو دەستدرێژی کرد بۆ سەرخەڵکی بێ گونـاه بەناهەق، وە ئەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە تـاوان و گونـاه کـردن[1]، بەگشتی ، وەك کوشتن و داوێن پیـسی و مـەی خواردنـەوەو مـاڵی یـەتیم خواردن و زوڵـم و سـتەم کـردن لـە دانیـشتوان و، خـواردن و لـەناوبردنی سامان و داراییـان و بـەرتیل وەرگـرتن و دەربـەدەری کردنیـان و جگـەی ئەوانیش، وە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا﴾ أي تَجعَلوا لَهُ شُركاء في عِبادَتِـهِ بـدون حُجـةٍ أوْ بُرهـان، واتـە: هاوەڵ دابنێن بۆ خوا کە هیچ بەڵگەیـەکی لەسـەر ئـەو هاوبەشـیە رەوانـە نەکردووە بۆتـان، ﴿وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٣﴾ أي تَفتَـرُوا

---

(1) بروانە: پەرتووکی (تاوانە گەورەکان لە روانگەی ئیسلامەوە) لە نووسینی: (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزین)، کە چەندین جار بەچاپ گەیاندراوە.

عَلَى الله الكَذِبَ في التحليـل والتحـريم[1]، جـا بێگومـان خـوای گـەورە هـەر ئەمانەی (حەرام) كردووە كە لە پێشەوە ئاماژەمـان بـۆكرد، نـەك جـل و بەرگی جوان و خۆ رازاندنەوە بـە حـەلاڵی یـان خـواردنی پوختـەو پـاك و حەلاڵ و زەلال.

(هەموو شتێك لە بونەوەردا ئەجەلێكی دیاریكراوی هەیە)

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ﴾ أي لِكُـلِ أُمّـةٍ كَـذَبَتْ رُسُلَها مُدّةٌ مَـضرُوبَةً لِهلاِلهَـا[2]، واتـە: بـزانن كـە بـۆ هـەموو (ئوممـەت) و گەلێك كە پێغەمبەرەكەیان بەدرۆ بخەنەوە ماوەیـەكی دیاریكراوهەیـە بـۆ فەوتاندنیان و بەمانایـەكی تـر، هـەموو ئادمیزادێك و گـەل و نەتەوەیـەك كـاتێكی تایبــەت بــۆ ســاتی مردنــی دیــاریكراوە، ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ واتــە: هــەركاتێ ئــەو كاتــە دیاریكراوەیان بۆهات ئیتر دواناكەون لـەو دیـاریكراوە نـە سـات و كاتێـك دوادەكـەون، وە نەپێـشیش دەكـەون، لـەو وەختـەی بۆیـان دیـاریكراوە بەمانایەكی تر، ئەگەر (ئەجەل) هات و كات و ساتەكەی هات هیچ ساتێك

---

(1) جا بێگومان حەرامكردن و حەلاڵكردنی شت دەبێت تەنها لەلایەن خوداوە بێت نەك بە ئارەزووی ئینسانێكی عادی بێت.

(2) قالَ المفسرون ، هذا وعيد للمشركين بالعذاب إذا خالفوا أمر ربهم، واتە: راڤەكەران ئەفەرموون ئەمە هەڕەشەو گوڕەشەیە كە بێ باوەڕان و كافرەكان بەسزایەكی كوشندە بۆ ئەوانەی موخالیفی فەرمانەكانی پەروەردگار نابن.

دواخستن و پێشخستنی بۆ نییە لەو کاتەی خۆی دەمرێ و نامێنێ و کۆتایی دێت و هەموو کەسێکیش هەروایەو ئەبێ بمرێ.

(سەرنجێکی گرنگ)

قالَ المُفسرون ، وفي تعيين المراد بالأجل قولان: (الأول– لابن عباس والحسن البصري ومقاتل) وهو أن الله تعالى أمهَلَ، والثاني أنّ المراد بهذا الأجل العمر فإذا انقطع ذلك الأجل وكمل إمتنع وقوع التقديم والتأخير فيه[1].

(موفەسیرەکان ئەڵێن دەربارەی ئەجەل دوو بۆچوون هەیە)

(یەکەم) ئیبن و عەباس و شێخ حەسەنی بەسری و موقاتیل، ئەفەرموون مەبەست ئەوەیە خوای گەورە مۆڵەتی هەموو گەل و نەتەوەیەکی یاخی کەرو بەدرۆ خەرەوەی پێغەمبەرەکەیانی داوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە نەهاتنە سەر رێگای راست و ئیمان و باوەڕیان نەهێنا ئەوە لەناوچوونیان مسۆگەرەو، ئەوە بێگومان تۆڵەو سزا دێ و هیچ دواناکەوێ .

(دووەم) بۆچوونی زاناو موفەسیرەکان ئەوەیە کە مەبەست بە ئەجەل و تەمەنی ئادەمیزاد بێ هەرکاتێ ئەو عومرو ئەو تەمەنە تەواو بوو کۆتایی پێهات ئەوە بێگومان پاش و پێشی تێدا ناکرێ بەهیچ شێوەیەك.

---

(1) بڕوانە: التفسير المنير ڤ العقيده والشريعه والمنهج، له نووسینی مامۆستا دکتۆر وەهبە زوحەیلی، بەرگی چوارەم، لاپەڕە/٥٥٦، چاپی بەیروت.

(پاشکۆ)

بەلاّم پێشەوا (فخرالدین الرازی) لـە تەفـسیرەکەیدا [1]،ئەفـەرمووێ راو بۆچـوونی یەکـەم پەسـەندەو ئـەولاترە، چـونکە بێگومـان خـوای گـەورە فەرموویەتی (لِکُلِ أُمَةٍ) وە نەیفەرمووە (وَلِکُلِ أحَدٍ أجَلٌ) وە لە ئایـەتێکی تریـــشدا ئەفـــەرمووێ: ﴿ مَّا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ ﴾ سورەتی الحجر، ئایەتی/، واتە: هیچ گەل و ئومەتێك پێش ناکەوێ لەکات و ماوەی دیاری کراوی خۆی و پاشیش ناکەون، دوای ئەوە خوای گـەورە بانگێکی تر ئەکات لە ئادەمی و نەتەوەی ئادەم (سەلامی خـوای لێبێـت) هەروەها بانگیان ئەکات کە لەهەموو بارو رووبـەکی ژیانیانـەوە پـەیڕەوی فـەرمان و رێنمـوێنی خـوا بکـەن کـە ئـەویش لـە رێگـەی پێغەمبەرانـەوە دەسـکەوت ئـەبێ، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي ﴾ المرادُ ببني آدم جميع الأمـم والمعنـى أن يَجِـئكم رُسُـلي الـذين أرسَـلْتُهمْ إلـيكمْ يُبنُـونَ لَكُـمْ الأحكَـامَ وَالشرائِعَ، واتە: مەبەست لە بەنی ئادەم هەموو ئوممەتە یانی ئەی رۆڵـەو نەوەکانی ئادەم ئەگەر هات بۆتان پێغەمبەرێك هەر لەخۆتان بوو ، ئـەوە ئایەتـەکانی منتـان بـۆ دەخوێنێتـەوەو شـەریعەت و یاسـای ئێمـەیان بـۆ روون کردنەوە، پێویستە ئێوە بە قسەیان بکەن ﴿ فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا

---

(1) بڕوانە: التفسیر الکبیر لە دانانی پێشەوا الفخر الرازی، بەرگی/١٤، لاپەڕە/٢٣٤، چاپی بەیروت، دار احیاء التراث العربي.

﴿ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ (أي فَمَنْ أتقَى مِنُكم رَبَهُ بِفعلْ الطَاعَاتِ وَتَرْكِ المُحَرَماتِ فَلا خَوفٌ عَلَيْهُم في الآخرةِ وَلاهُمْ يحزنُون)، واتە: بەڕاستی هەر کەسیٚ خۆی پاراستبیٚ لە هاوبەش دانان بۆ خواو لە بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەرەکان وە کردەوەی چاکی کردبیٚ و یان خۆی چاك کردبیٚ و وە خۆی دوور گرتبیٚ لە شتی (حەرام) و قەدەغەکراوەکان، ئەوانە لەرۆژی دواییدا هیچ جۆرە ترس و غەمێك دایان ناگرێت و خەفەتبار نابن لەهەردوو جیهاندا ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ أي وأما مَنْ كذّبَ وَاسْتكبَرَ عن الإيمانِ بِما جاَ بِهِ الرُّسلَ فأولَئكَ في نارِ جهَنَمَ ماكثُونَ لا يَخرجُونَ مِنْهَا أبَداً، واتە: ئەو کەسانەی کە بیٚ باوەڕن بە ئایەت و نیشانەکانی ئێمەو خۆیان بەگەورە دەزانی و بە قسەی ئەو پێغەمبەرانەیان نەئەکردو ڕوویان لیٚ وەرگێڕان و ئەمانە دەبنە هاوڕیٚ ی ئاگری دۆزەخ بە هەتا هەتاییش تێیدا دەمێننەوە، جا خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۚ ﴾ أي مَنْ أقْبَح وَأشنَع مِمَن تَعمد الكَذِبَ عَلَى اللهِ أوْ كذب بآياتـه المُنزلَـة؟ واتە: دەبیٚ کیٚ لەو کەسە زاڵم و ستەمکار تربێت کە لەسەر خوای گەورە درۆ هەڵدەبەستیٚ و یان بەڵگەو نیشانەکانی بەدرۆ بێنێتەوە، یان شتێك (حەرام) بکا کە خوا حەرامی نەکردبیٚ و یان شتێك حەلاڵ بکا کە خوا بە حەلاڵی دانەنابیٚ ، یان ئایەتەکانی کە خوا ڕەوانەی کردووە ئەو بەدرۆی

بخاتەوە و باوەڕیان پـێ نـەکات؟ ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَنَالُهُمۡ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِۖ﴾ المَعْنَى أولَئِكَ يَنالُهُم نصيبٌ مما كتـبَ لَهُـم مِـنْ متـاعِ الـدنْيا ولذائـذها ومـشتهيات الـنفسِ فيهـا مُـدةُ حيَـاتِهِمْ، واتـە: ئەوانـە هەرچـیەکیان بـۆ نووسرابێت رزق و رۆزی و تەمەن لـە خـواردن و خواردنـەوەو رابـواردن و لەرزەتی خۆشی لە ژیانی دنیادا بەشـی خۆیـان پـێ دەدرێـت،﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ﴾ أي جاءَتْ مَلائِكَـةُ المـوتِ تَقْـبضُ أرْوَاحهـم، واتە: هەتاکە فریشتە نێردراوەکانمان دێنەلای ئەو بێ باوەڕانـە بەوپـەڕی ناخۆشـی و ناڕەحەتیـەوە گیانیـان دەکێـشن، ﴿قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ﴾ أي أينَ الآلِهة التي كُنْتُمْ تَعْبدُونَها مِـنْ دونِ اللهِ أُدْعُهُمْ لِيَخلِصُكمُ من العذاب ، واتە: پێیان ئەڵێن باشە ئـەدی ئـەو بتانـەی کـە لـەباتی خـوای گـەورە ئەتانپەرسـتن ئێـستاکە لـەکوێن بـا ئەمڕۆکـە بەهاناتان بێن و فریاتـان کـەون ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا﴾ أي قـالَ الأشـقياء المكذّبونَ لَقَـدْ غَـابُوا عنّـا فَـلا نَرجـوا نَفْعَهُـم وَلا خَيرَهُـمْ، واتـە: ئـەوانیش لەوەلامدا دەڵێن ئەو تاوانبارە درۆزنانـە بەڕاسـتی لێمـان وونبـوون و بـزر بوون و وازیان لێهێناین و ئێمەش بەتەمای هیچ سوودو قازانجێکیان نـین، ﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ٣٧﴾ أي أقـرُوا وأعْترفُـوا عَلَى أنْفُسِهمْ بِالكُفرِ وَالـضَّلالِ، واتـە: شـایەتیان دا لەسـەر خۆیـان دانیـان پێدانا کە ئەوان لە جیهاندا بێ بڕوا بوون ، وە کافرو خوانەناس بوون.

(ئەوانەی کە دەچنە جەهەنەمەوە نەفرەت لە هاوڕێیانی خۆیان دەکەن)

خوای مەزن باسی ئەو مشت و مڕو ئەو قسانەمان بۆ ئەکان کە کافرو بێ باوەڕەکان ئەیکەن و لەناو دۆزەخدا لۆمەی یەکتر ئەکەن بەشێوەیەکی وا ئەڵێنە یەکتر تۆ منت هەڵخەڵەتاندووە ئەگەرنا من نەدەبوومە هاوڕێی دۆزەخ ئەو جێگا ناخۆشە بەڵام ئەو سەردولکانە بێ سوودەو بێ کەڵکە جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱدۡخُلُواْ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ فِي ٱلنَّارِۖ﴾ أي يقول الله تعالى يومَ القيامة لهؤلاءِ المكذبين بآياته أُدْخلُوا مَعَ أُممٍ أمثالَكُم مِنَ الفَجَرَةِ في نارِ جَهَنم مِنّ كُفّارِ الأمَمِ الماضيةِ مِنَ الإنسِ وَالجِنِ، واتە: خودا فەرمان دەکا بەو (کافر)و بێ باوەڕانە و پێیان دەفەرموێت بچنە ناو ئەو گەل و نەتەوە خراپانەی پێش خۆتان لە جنۆکەو ئادەمیزاد وەك ئێوە کافرو بێ باوەڕ بوون چونکە ئایەت و نیشانەکانی خوایان بەدرۆ ئەخستەوە دەئێوەش بچن بۆلایان چونکە بێگومان ئەو کەسانە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر نەبوو لە کۆن و لە تازەدا وێنەی یەکن لە چوونیان بۆ نێو ئاگری دۆزەخ، ﴿كُلَّمَا دَخَلَتۡ أُمَّةٞ لَّعَنَتۡ أُخۡتَهَاۖ﴾ أي كُلما دخلت طائفة النّار لَعَنت التّي قَبْلَها لِضلالها بها قَالَ العَلامَة الآلوسي في تفسيره[1]، يُلعنُ

(1) بڕوانە: (روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني)، لە نووسینی: (شهاب الدين محمد الآلوسي البغدادي)، بەرگی/٨، لاپەڕە/١١٦.

الأتباع القادة يَقلولُونَ أنْتُم أوردتمونا هذه الموارد فَلَعَنكُم الله تعالى، واتـه: هەموو كاتێ تـاقمێ لـه بـێ بـاوەڕان چـوونە نێـو ئـاگری دۆزەخ نـەفرەت ئەکەن لە چین و تاقمی بێ باوەڕو خوشکه هاو ئاینەکەی خۆیـان نـەفرین لـه هـاوەڵانی خۆیـان دەکـەن چـونکه بـەهۆی شـوێن کـەوتنی ئەوانـەوە تووشـــی ئـــەو ڕێ بزرکردنـــە هـــاتوون وە (عەلامـــەی ئالوســـی) لـــە تەفـسیرەکەیدا ئـەڵێ هـەر کۆمـەڵێك کـە دەچـن نـەفرەت لـەوەی تریـان دەکـەن و دەڵـێن ئێمـەتان خـسته نـاو ئـاگری دۆزەخـەوە مەبەسـت سـەرانیانە، واتـە خـەتای ئـەوان دەگـرن کـە ڕێیـان لـێ گـۆڕین و وە گەیاندیانە دۆزەخ و جنێویان پێ ئەدەن و دەڵێن ئەگەر ئـەوان نەبوونایـە ئێمە وامان بەسەر نەدەهات هەی نەحلەتی خـوای گـەورەتان لێبێـت، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا﴾ أي تَلاَحَقُوا النّار كُلُّهـمْ إجْتَمعُـوا فيهَـا، واتە: هەتا کاتێ ئەو بـێ باوەڕانـە یـەك لـەدوای یـەك ئەچـنە نێـو ئـاگری دۆزەخەوە هەموویان بەیەکەوە کۆ ئەبنـەوە ﴿قَالَتْ أُخْرَىٰهُمْ لِأُولَىٰهُمْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا﴾ أي قالَ الأتباع لِلقادَةِ الرؤساءِ الـذّينَ أضـلّوهُمْ يـا رّبنا هَؤلاءِ هُم الذّين أضلُّونا عَنْ سَبِيلِكَ وَزَيّنُوا لَنا طاعـة الـشيْطانِ، واتـە: تاقمی پەیڕەوکاران بـە تاقمـە سـەرۆکەکانین دەڵـێن ئـەی پـەروەردگاری ئێمە ئەوانەبوون ئێمەیان لە دنیادا گومڕاکردو یانی ئەو کۆمەڵەی لە دنیـا بە قـسەی گـەورەکانیان هەڵخەڵـەتان کـە دووەم کۆمـەڵن بـۆ نـاو دۆزەخ ئینجا دەڵێن ئـەی خـوای مـەزن ئەوانـەبوون ئێمـەیان لەسـەر ڕێگـای تـۆ ترازاندو نەیانهێشت ئیمـان و بـاوەڕ بێنـی وە بـەدوای هـەنگاوی شـەیتان

کـەوتین ئێمـەیان هەڵخەڵەتانـد، ﴿فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ﴾ أي أذقهـم العـذاب مـضاعفاً لإنّهـم تَـسَبَّبُوا في كُفْرِنَـا، واتـه: دوو قـات و دوو چەندانە سزایان پێ بدەن لە ئاگردا[1]، چونکە ئەوانە بوونـە هـۆی کـوفرو بێ باوەڕی ئێمـە، خـوا وەڵامـی دانـەوەو فـەرمووی: ﴿قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ٣٨﴾ واتە: بۆ هەریەکێ لە ئێوەو ئـەوان سـزای دوو چەندانە هەیە، یانی سەرۆکەکان لەبەر کوفرەکەیان و گومڕاکردنی ئێـوە، ئێوەش لەبەر بێ بڕوایی شوێنکەوتنی ئەوان، بەڵام ئـەوەی راسـتی بێـت ئێوە چۆنیەتی حەقیقـەتی عـەزاب و سـزاکان نـازانن، ﴿وَقَالَتۡ أُولَىٰهُمۡ لِأُخۡرَىٰهُمۡ فَمَا كَانَ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلٖ﴾ أي قَالَ القادَةُ لِلأتبـاع لا فـضل لكـم علينـا في تخفيـف العـذاب فـنحن متـساوون في الـضّلال، واتـە: دەسـتەی یەکـەمیان یـانی سـەرۆك و پێـشەواکانیان بەشـوێن کەوتـەو پەیڕەوانیان دەڵێن (ئێـوە هـیچ چاکەیەکتان بەسـەر ئێمـەوە نیـە) یـانی ئێمـە هەرچیمان کـرد ئێـوەش کردتـان هـەتا داوای زێـدە سـزا بـۆ ئێمـە بکەن، جا بێگومان ئێـوەش وەکـو ئێمـە گومڕابـوون، ﴿فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ٣٩﴾ أي فَـذُوقوا عـذابَ جَهـنم بِـسببِ إجـرامِكُمْ،

---

(1) واتە قاتێك لەباتی گومڕایی خۆیان، قاتێك لەباتی گومڕاکردنی ئەوان، یانی سزای ئەوان واتە ئەو سەرکردەو سەرۆکی بێ باوەڕەکان کە ئەو خەڵکە گومڕا ئەکەن دووچەندانەیە.

واتە: ئێوە بچێژن سزای خوا بەهۆی شتێ کە خۆتان کردووتانە لە گوناهو تاوان بە ئارەزووی خۆتان کەواتە ئێمەی سەرۆك و پێشەوا هیچ توانایەکمان بەسەر ئێوەدا نەبوو مافی خۆمانە هەردوولامان بەدووقات واتە دوو چەندانە سزا بدرێین.

(دەرگەکانی ئاسمان لەئاگر پەرستان و بێ باوەڕان دادەخرێن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَا ﴾ أي كذبوا بإياتنا مَعَ وُضُحِهَا وأسْتَكبرُوا عن الإيمان بِهَا، واتە: ئەو کەسانەش ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ داناوەو لەگەڵ راستی و تاك و تەنهایی ئێمە و ئایەتی قورئان و راستی پێغەمبەرایەتی هەروەها باوەڕیان پێ نەکردن و لە ئاستیان خۆیان بە زل و گەورە زانی ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمۡ أَبۡوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ ﴾ أي لا تُفتَحُ لأرواحِهِمْ إذا ماتُوا كما تُفْتَحُ لأرواح المؤمنين أو لا تُفتح لأعمالِهِمْ ولا لِدُعائِهِم، واتە: هیچ کردەوەیەکی چاك و هیچ پاڕانەوەو دوعایەکیان لە ئاسمانەوە بەرز نابێتەوە، یانی ئەوکاتەی کە ئەمرن دەرگاکانی ئاسمان لەسەر (روحەکانیان) واتە: گیانیان ناکرێتەوە، وە کردەوەکانیان وەرناگیرێ بەوێنەی کردەوەی خاوەن باوەڕان و پیاو چاکان، ﴿ وَلَا يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلۡجَمَلُ فِي سَمِّ ٱلۡخِيَاطِۚ ﴾ أي لا يَدْخُلُونَ يَوْم القِيامَةِ الْجَنَةَ حَتّى يَدخُلُ الجملُ في ثُقبِ

الإِبْرَةِ[1]، واتــە: ئــەو كـافرو بـێ باوەڕانــە ناچـنە بەهەشـت هــەتاوەكو حوشتر[2]، بەكونی دەرزی دوورمانەوە نەچێ بەواتایی ئەوەیە كە هەرگیز ناچنە بەهەشت هەروەكو حوشتریش قـەت بـە كـونی دەرزیـەوە ناچـێ و مەحاڵە چونكە بێگومان كونی دەرزی بۆ داوێك دروسـتكراوە لـە كونەكـە باریكتربێـت، كـەوابوو چـونە نـاو بەهەشـت بـۆ ئـەو كـافرو بـێ باوەڕانـە شتێكی مەحاڵـەو نایەتـەدی، ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾ أي بِتكذيب الآياتِ والإستكبار عَنْ قَبُولِهَا، واتە: هەر بـەو شـێوەیە تۆڵـەی گـشت تاوانبـاران دەدەینــەوە لـە دواڕۆژدا ئەوانـەی بەڵگـەو نیـشانەكانی خودا بەدرۆ ئەخەنەوە و وە خۆیان بـە گـەورەو زل ئـەزانن و ئایەتـەكانی

---

(1) دكتور (وەهبە زوحەیلی) لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا ئەڵێ: (وهذا اسلوب شائع بين العرب) واتە: ئەمە (ئسلوبێكی) بەربڵاوو بەكارهاتووە لەناو گەلی (عەرەب) هەروەكو ئەمە باوە لەناویاندا (منهم يَقُولُ لا أفعل كذا حتى يُشيبُ الغراب) یان (حتى يُبِيضُ القارُ) أي الزفت، (حتى يدخل الجمل في سم الخياط) ئەوەش مەحاڵە، جا بێگومان ئەوە باوە لەناو كوردەواری خۆشماندا، دەڵێن (ئەو ئیشە ناكەم تا قیر سپی دەبێ)، بڕوانە: (التفسير المنير)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٥٦٩.

(2) مامۆستا (مەلا محمدی كۆیی) لە تەفسیرەكەیدا ئەڵێ كورد بەهەمووی ئەڵێ حوشتر (جمل) جا حوشترە (جماله) لای عەرەب زۆر خۆشەویستە دائیمەن لە خەیاڵیانە ئەوەندەیان لەبەر چاو گەورەیە كردویانەتە لە(ضرب المثل) ی گەورە وە زۆر لە (موفەسیرەكان) ئەڵێن بە (حەبل) و گوریسی ئەستوریش ئەڵێ، (جمل) جا مەبەست لە (جمل) هەركامیان بێ ، ئەوە دەگەیەنێ كە (كافرو بێ باوەڕان هەرگیز ناچنە بەهەشت)، بڕوانە (تفسير النسفي)، لە نووسینی پێشەوا (عبدالله بن محمود النسيفي)، لاپەڕە/٣٦٣.

قورئانی پیرۆز وەرناگرن ﴿ لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ ﴾ أي لَهُمْ فِراشٌ مِن النّارِ مِنْ تَحْتِهِمْ، واتە: ئەو بێ باوەڕو تاوانبارانە فەرش و ڕاخەریان ئاگرە لەنێو دۆزەخدا ﴿ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ﴾ أي وَمِنْ فَوقِهِمْ أغْطِيَةٌ مِن النّارِ، واتە: بەسەر ئەو بێ باوەڕانە سەرپۆشی ئاگرین هەیە یانی بۆیان هەیە لەسەریانەوە سەرخەرێ دایان ئەپۆشێ لەدۆزەخدا، واتە: ئاگر هەر چوار لای لێ گرتوون، ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ ﴿٤١﴾﴾أي ومِثل ذَلِكَ الجَزاء الشديد نجزي كُلّ مَنْ ظَلَمَ وَتعدّى حدُودَ اللهِ، واتە: هەر بەو شێوەیە پاداشتی زاڵم و ستەمکاران دەدەینەوەو، تۆڵەیان لێ دەسێنین، جا بێگومان ئەو سزا کوشندەو سامناکە بۆ ئەو کەسانەیە کە ستەم و دەستدرێژی ئەکەن لە سنورەکانی خودا (خوای گەورە پەنامان بدات).

(ئەوانەی کە ڕێگای خواو پێغەمبەریان گرتووە جێگەیان بەهەشتە)

ئەوجا بێگومان دوای ئەوەی خوای گەورە لەپێشەوە هەڕەشەی فەرمووە لە بێ باوەڕان و کافران کە بە مانەوەیان لە دۆزەخدا بە بەردەوامی و هەتاهەتایی، وە دووبارە مژدە ئەدا بە باوەڕداران و صاڵحەکان کە جێگەیان بەهەشتەو هەتاهەتایی و بەتایبەتی ئەوانەی کە کردەوەی باش ئەنجام ئەدەن و خواو پێغەمبەری (ﷺ) لەخۆی ڕازی ئەکاو ، وە بێ فەرمانیان ناکا، هەروەکو ئەفەرمووێ: ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾ أي وَالذينَ صَدَّقُوا اللهَ وَرَسُولَهُ وَعَمِلُوا بِمَا

أمرهم بهِ وأطاعُوهُ، واته: ئەوانەی کە باوەڕیان بە خوداو بە پێغەمبەر (ﷺ) هێناوەو، وە بەپێی توانای خۆیان کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، وە پەیڕەوی خوای گەورەیان جێ بەجێ کردووە ﴿ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ ﴾ أي لا نُكلِفُ أحداً بِمَا هُوَ فَوقَ طَاقتهِ، واته: بێگومان ئێمە لەتوانا بەدەر هیچ بارو ئەرکێ ناخەینە سەر هیچ کەسێ بێجگە لەوەی لە تاقەت و توانایەتی ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ هذا هُو الخبر أي هؤلاءِ المُؤمنينَ الشهداء هُم المُسْتَحقُونَ لِلْخلُودِ الأبدي في جناتِ النعيم لا يخرجُونَ مِنْهَا أبداً، واته: بەڕاستی ئا ئەوانە خاوەن و نیشتەجێ ی بەهەشتن بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی و بەسەربەرزی و لەوپەڕی خۆشی و شادی و بەختەوەری و کامەرانیدا، تێیدا دەمێننەوە، لە بەهەشتێك کە ناوی (جنات النعيم)ە وە لێی دەرناچن لەناو ئەو بەهەشتە و بەبەردەوامی تێیدا دەمێننەوەو هەتا هەتایی، خوای گەورە بە نەسیبمان بکات، ﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ ﴾ أي طَهرنا قلُوبهم مِنَ الحَسَدِ وَالْبَغْضَاءِ حَتى لايكون بَيْنَهُمْ إلاّ المحبة وَالتعَاطُفَ[1]، واته: پێش ئەوەی بچنە بەهەشتەوە هەرچی لە

(1) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرمودەیەدا ئەفەرمووێ: (يَدْخلُونَ الجنَّةَ وَليسَ فِي قلُوبِ بَعْضهم على بعضٍ غلّ) أخرَجهُ إبن أبي حاتم، واته: ئەچنە بەهەشت هیچ بوغزو کینەیەکیان لەدڵدا نامێنێ دەرهەق بەیەکتری.

سینگیان دابیّ لە بوغزو کینەو دووبەرەکی و ناکۆکی و حەسوودی و ئیرەیی دای دەماڵین یانی نایهێڵین هەتا ناکۆکە لە بەیناندا نەمێنیّ جگە لە خۆشەویستی و تەبایی، ئینجا بەبۆنەی ئەوەوە حەزرەت (ﷺ) دەفەرمووێ هەرکە موسڵمانان لەئاگری دۆزەخ رزگاریان دەبیّ ئینجا لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا روو وەردەگێڕن ئەوجا هەر زوڵم و ستەمێك کە لەنێوانیاندا هەبووە لە جیهاندا لێیان وەردەگیرێتەوە تا هەموویان لە خراپەو تاوان پاك دەبنەوە، ئەوجا رێگایان پیّ ئەدریّ بۆ چوونە ناو بەهەشت جا سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە هەرکەسیّ لەوانە جێگاو شوێنەکەی خۆی لە بەهەشتا چاکترو باشتر شارەزایە لە جێگاو شوێنەکەی خۆی لە دونیادا کە پێشتر تێیدا بووەو لێی ژیاوە[1]، وە لە تەفسیری ماوەردیدا[2]، ئەڵیّ: (وَقَد رويَ عَنْ علي بنِ أبي طالب (كرم الله وجههُ) قَالَ إني لأرجُوا أنْ أكون أنَا وَعُثمانَ وَطَلْحَةَ والزبير مِمَن قَالَ اللهُ فيهم ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ﴾ واتە: بەڕاستی (ریوایەت) کراوە لە ئیمامی عەلی (خوا پایە بەرزی بکات) فەرموویەتی هیوادارم کە من و عوسمان و زوبیر و تەڵحە (خوایان لیّ رازی بیّ) لەوانە بین کە ئەم ئایەتەیان لەبارەوە هاتووە ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ﴾

---

(1) ئەم فەرموودەیە بوخاری هێناویەتی و وەری گرتووە لە ئەبو سەعیدی خودەریەوە (خوا لێی رازی بێت).

(2) بڕوانە: النُكت والعيون تفسير الماوردي، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٢٤، دار الكتب العلميه، بيروت، لبنان.

(أي تجـري أنهـار الجنــة مـنْ تَحـتِ قُـصُرِهِمْ)، واتــە: چـەندەها رووبـار بەژێریاندا دەڕوات یانی لەژێر کۆشکەکانی ئەو بەهەشتەدا چۆم و رووبار دەچێت، ئـەوجا بـەهۆی ئـەو نیعمـەت و خۆشـی و کامەرانیـە ئـەڵێن ﴿وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى هَدَىٰنَا لِهَٰذَا﴾ واتە: حەمدو شوکرو سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئێمەی (هیدایەت) و ڕێنمایی کـردین بـۆ کـارو کـردەوەی باش و لێرەش ئەجرو پاداشتی ئاوای داینـەوە ﴿وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِىَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ﴾ أي وفقنا لتحصيل هذا النعيم العظيم ولَـولا هدايـة الله تعـالى وتوفيقـه لَمـا وصـلنا إلى هـذه الـسعادة، واتـە: ئەگـەر خـوا (هیدایـەتی) نەدابینایە ئێمە خۆمان لە ڕێگای ڕاست و ڕێبازی ئەو بەرنامـە پیرۆزەمـان نــەدەزانی وە ئەگـەر خـوای پـەروەردگار ڕێنمـوێنی نەکردینایـە ئێمـە نەدەگەیـشتینە ئـەم بەهەشـتە بەسـەربەرزیەوە ﴿لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ﴾ أي والله لَقَد صدقَنا الرّسل فيمـا أخبرونـا بـه عـن اللهِ عـز وجـل، واتە سوێند بـە خـوا پێغەمبـەرانی خـوای پـەروەردگارمان ئـایینی تـەواو ڕاستیان هێناو، هەروەها بانگەوازی ئێمـەیان کـرد بۆسـەر ڕێگـای خـوداو ڕێگای حەق و حەقیقەت یاسـای خـودا پەرسـتیان گەیانـد، ﴿وَنُودُوٓاْ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ أي وتنـادى الملائكـة أنْ هـذهِ هـي الجنّـة التّـي أعْطَيتمُوهَـا بِـسَبَبِ أعْمَـالِكُم الـصَّالحة في الـدُّنيا ودخُولِكم بِرَحمَةِ اللهِ وَفَضْلِهِ، واتە: ئەهلی بەهەشت کـە بەهەشـت ئـەبینن

ئینجا لەلایەن فریشتەکانەوە بانگ ئەکرێن و پێیان دەڵێن بێگومان ئەو بەهەشتەیە کە لە داری دنیا بەڵێنتان پێ درابوو ، وا ئەمڕۆ بەهۆی ئەو کارو کردەوە چاکانەوە کە پێشتر ئەنجامتان دابوو ، جا لە پاداشتی هەندێ خوای گەورە بە (میرات) داویەتی بە ئێوە دە ئێوەش بڕۆنە ناویەوە بە فەزڵ و کەرەم و میهرەبانی ئەوەوە، هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لەم فەرموودە ئاماژەی بۆ ئەکاو ئەفەرمووێ: (لَنْ يُدْخِلَ أحَداً مِنْكُم عَمَلُهُ الجنّة قَالُوا ولا أنْتَ يا رسُولَ الله (ﷺ) ؟ قَالَ ولاَ أنا إلاّ أن يتغمدني اللهُ بِرَحْمَتِه مِنهُ وَفَضلٍ[1]، واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە کردەوەی خۆی نایباتە بەهەشتەوە، هاوڕێیانی ووتیان تۆش ئەی پێغەمبەری خوا؟ (ﷺ) فەرمووی: هەتا منیش مەگەر خوا بە فەزڵ و کەرەم و رەحمەتی خۆی بەزەیی پێمانا بێتەوە و بمانخاتە بەهەشتەوە.

(ووتوێژ لەنێوان بەهەشتی و دۆزەخییاندا)

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ﴾ وذَلِكَ حينَ يَستقرُّ أهْلُ الجنّة في الجَنَةِ وَأهـلُ النّـارِ في النّارِ، واتە: پیاوانی بەهەشت بانگ دەکەنە پیاوانی دۆزەخ ، وە هەروەها ئەوکاتەی کە سەقامگیر بوون بانگی دۆزەخییەکان ئەکەن پێیان دەڵێن ﴿أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا﴾ واتە: ئەو وەعدەو بەڵێنەی کە خوای گەورە پێی دابووین لە دنیادا کە بمانباتە بەهەشتەوە ئەوە هاتەدی و ئێستا

(1) اخرجه الامام مسلم فى صحيحه، بڕوانە تەفسیری قرطبي ، بەرگی/٧، لاپەڕە/٢٠٩.

تێیـدابن و به‌خۆشـی له‌ناویـدا رابـه‌بوێرین ﴿فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ﴾ واته‌: ئایه‌ ئێوه‌ش ئه‌وه‌ی خوای گه‌وره‌ وه‌عده‌و به‌ڵێنی پێدابوون له‌سـه‌ری بـه‌ چـوونه‌ نـاو دۆزه‌خ بۆتـان هاتۆتـه‌ دی یـان نـا؟ ئه‌وانیش له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێن به‌ڵێ، جا خـوای گـه‌وره‌ ئه‌فـه‌رمووێ: ﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ (أي أعْلَـنَ معلـنٌ ونَـادَى منادٍ بَيْنَ الفَريقينِ بأن لَعنة اللهِ عَلى كُلِّ ظالمٍ بـالله)، واتـه‌: دوایـی بـانگ راهێڵێـك لـه‌ فریـشته‌كان بـانگ ئـه‌كاو لـه‌ نێـوان دۆزه‌خـی و لـه‌نێوان به‌هه‌شـتیانداو هـه‌ردوولایان بـه‌جوانی بانگه‌كـه‌ ئه‌بیـسن كـه‌ به‌ڕاسـتی نـه‌فره‌ت و نه‌علـه‌تی خـوا لـه‌ زاڵـم و سـته‌مكران بێـت بـه‌هۆی كـوفرو دوورخستنه‌وه‌ی خۆیـان و هاوڕێیانیـان لـه‌ ئـایینی پـیرۆزی ئیسلام، جا خـوای گـه‌وره‌ ده‌فـه‌رموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا﴾ أي الذّين كانوا في الدّنيا يمنعُونَ النّاسَ عَنْ إتبـاع ديـن الله وَيَبْغُـونَ أن تكون السبيلُ مُعوجة غير مستقيمة حتّى لا يَتْبَعَها أحد، واته‌: ئه‌وانه‌ی كه‌ خه‌ڵكی له‌ رێگای ئایینی خـودا لاده‌ده‌ن و رێگـری لـێ ده‌كـه‌ن، هـه‌ولێش ده‌ده‌ن به‌لاری و خێچ و خواری نیشانی خه‌ڵكه‌ بده‌ن، یانی كه‌ سـته‌میان له‌ خۆیان و له‌ خه‌ڵك ده‌كـرد و باوه‌ڕیـان نـه‌ده‌هێنا و نه‌شـیان ده‌هێـشت خه‌ڵك باوه‌ڕ بهێنن و رێگه‌ی خوایان لێ ده‌گرتن و به‌خراپه‌ باسـی رێگـه‌ی خوایان ده‌كرد و ده‌یانویست به‌رێگه‌یه‌كی چه‌وت و خوارو ناتـه‌واو دابنـێن

﴿وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾ أي وَهُم بِلقاءِ اللهِ في الدارِ الآخرةِ مَكذّبونَ جاحِدُونَ، واتـه: ئـەوان بـەهاتنی ڕۆژی دوایـی بـێ بـاوەڕن، یـانی ئـەوان ئیمان و بڕواشیان بـەڕۆژی دوایـی نیـەو بەتایبـەتی چوونە بـەر بارەگـای خودا نیە چونکە حاشای لێ دەکەن و ئەو ڕۆژە بەڕاستی نازانن هەروەها باوەڕیان بەڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە نیە.

(باسێك لە خەڵکی ئەعراف)[1]

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ﴾ أي بَيْنَ الفَرِيقَيْنِ حِجَابٌ وَهُـو السّورُ الـذّي ذكـرهُ اللهُ[2]، واتــه: لەبــەین و نێــوان خــەڵکی بەهەشــت و خــەڵکی دۆزەخــدا، جیاکەرەوەیەك یانی شورەیەك هەیە یـان لـە نێـوان هـەردوو دەسـتەکەدا بەهەشتی و دۆزەخـی پەردەیـەك هەیـەو، وە لەسـەر بەرزاییـەکانی ئـەم شورەیە چەندین مرۆڤی سەرناس هـەن کـە هەریەکـە لـە دۆزەخیـەکان و بەهەشـتیەکان بـەڕەنگ و ڕوویانـدا دەناسـنەوە، قـالَ العَلامـة الطـبري في

---

(1) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (ئەعراف) بە شورەیەکی بەرز ئەڵێن کە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدایە جا ئەو شوێنە ئەو ژن و پیاوە خاوەن باوەڕانەی لەسەر وەستاوەو سەیری ئەو خەڵکانە دەکەن کە چاکەو خراپەیان یەکسانە، ئینجا ڕاگیراون تا لەکۆتایی بڕیاری خوایان بۆ دەردەچێت.

(2) ئەو شورەیەی کە خوا لە ئایەتێکی تر باسی کردووە ئەمەیە ﴿فَضُرِبَ بَيۡنَهُم بِسُورٖ لَّهُۥ بَابُۢ﴾ سورەتی الحدید، ئایەتی/١٣.

تفسيره[1]، نقلاً عَن قتادة (رحمه الله) يَعْرِفُونَ أَهْلُ النّـارِ (بسوادِ وجُوهِـمْ، وأهـلُ الجنّـةِ ببَيـاض وُجُوهِـمْ، واتـە: زانـای بـەناوبانگ تەبـەری لـە تەفسیرەکەیدا نەقل ئەکا لە قەتادە (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەڵێ بەهەشتیەکان بەرووخساریان دەناسرێنەوە کە سپی یەو دۆزەخیەکانیش روخساریان رەشە، ﴿وَنَادَوْاْ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ أي ونـادى أَصْحَابُ الأعراف أَهْلُ الجنّة حينَ رَأوهُمْ أنْ سَلامٌ عَلَيْكُمْ ، واتـە: تـاقم و چينى سـەر (ئـەعراف) بـانگی بەهەشتیەکان ئەکەن ئـەو کاتانـەی کـە ئەیانبینن و ئەڵێن سەلام و رەحمەتی خوداتان لێبێت ﴿لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾﴾ أي لَمْ يـدخل أصـحابُ الأعـرافِ الجنّـة وهـم يَطْمَعُـونَ في دُخُلِهَـا، واتـە: پیـاوانی دانیـشتوانی سـەر (ئـەعراف) هێـشتا نەچـونەتە بەهەشتەوەو ئـەوان بـە ئاواتـەوەن و بەتـەمان بـچنە بەهەشـت و لەگـەڵ بەهەشـتیەکان بـن چـونکە ئـەوان خـاوەنی بـاوەڕ بـوون ﴿وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾﴾ قَـالَ المُفَسِرُونَ أصحابُ الأعرَافِ قَوْمٌ أسْتَوَت حَسَنَاتُهُمْ وسيئاتُهم فَليسُوا من أهل الجنّة ولا من أهْل النّـار يَحْبَسُوا هنـاك عَلَـى السُّورِ حَتّـى يَقـضِي اللهُ فِيهم فَإذا نظرُوا إلى أهل الجنّة سَلّمُوا عليهم، وإذا نظرُوا إلى أهل النّار قـالُوا ربنـا لا تَجْعَلنـا مَـعَ القَـوْمِ الظـالمين، واتـە: کـاتێ ئەعرافیـەکان ئـاوڕ لـەو

---

(1) بڕوانە: تەفسیری جامع البيان، لە دانانی ئیبن و جەریری تەبەری، بەرگی/١٢، لاپەڕە/٤٦٢.

کەسانە ئەدەنەوە کە دۆزەخین، یان کاتێ چاوەکانیان وەردەگێڕن بۆ هەرێم و تەرەفی دۆزەخیەکان دەڕوانن و بەو حاڵە زۆر خراپەیانەوە دەیانبینن و ئەڵێن پەروەردگارمان مەمانگێڕە لە ریزی ستەمکاران و لەگەڵ ئەوان کۆمان مەکەرەوە لە ئاگری دۆزەخدا، جا بێگومان (موفەسیرەکان) دەڵێن (ئەصحاب الاعراف) ئەوانەن کە میللەت و گەلێکن واتە چاکەو خراپەی دنیایان بەرامبەرە ، ئەوەندە چاکەی لە دنیا کردوویانە ، وای لێنەکردوون کە شایستەی بەهەشت بن و ئەوەندە خراپەی کردووشیانە وای لێنەکردوون شایستەی دۆزەخ بن، ئینجا لەوێ راگیر ئەکرێن و لەسەر بەرزاییەکانی ئەم شورەیە لەوێ چاوەڕوان ئەکەن تاکو خوا بڕیاریان لەسەر ئەدات ، ئەوجا کاتێ تەماشای ئەهلی بەهەشت ئەکەن و سەلامیان لێ ئەکەن بەلاّم کاتێ سەیری خەڵکی ئاگریان کرد پاش ناسینیان ئینجا دەڵێن ئەی پەروەردگارمان لە ریزی کۆمەڵی زاڵم و ستەمکاران دامان مەنێ مەمان کە بەهاورێی ئەو کۆمەڵە زاڵم و ستەمکارە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَٰهُمْ﴾ أي مِنْ أهْلِ النّارِ وَهُمْ رؤساءِ الكَفَرةِ، واتە: ئەو تاقمە (ئەعرافیانە) بانگ دەکەنە پیاوانێك سەرۆکە کافرەکانی بت پەرست بوون کە بەسەرو سیما دەیانناسنەوە ﴿قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٨﴾﴾ أي أيُّ شيءٍ نَفَعكُم جمعُكمْ لِلْمَالِ وأستكباركم عِنِ الإيمانِ؟ واتە: پێیان دەڵێن ماڵ و سامان کۆکردنەوەتان هیچ سوودو قازانجێکی بۆتان نەبوو یان کۆمەڵی کوڕو منداڵ و سوڵتەو

دەسەلآت و لووت بەرزی و خۆ بە زل زانیتان لـەبارەی بـاوەڕ هێنانـەوە؟ هیچ مەنفەعەت و کەڵکێکی پێ نەگەیاندوون.

جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ﴾ أي أهـؤلاءِ المُؤْمنُـونَ الـضُّعفاء الـذّينَ كُنـتُمْ في الـدُنيا تُسْخِرُونَ منهم وتَحلفونَ أنّ الله لاَ يُدخِلُهم الجنّة، واتـە: ئایـە ئـەوە ئەوانـە نەبوون کە ئێوە (کافرە) بێ باوەڕەکان سـوێندتان دەخـوارد کـە ئەوانـە ناگـەن بـە رەحمـەتی خـواو، مەبەسـتیان باوەڕدارانێکـە وەکـو وێنـەی (سەلمان و بیلال و عـەممار) و ...هتـد، چـونکە لـە دنیـادا گاڵتـەیان پـێ دەکردن و ئەیان ووت ناچنە بەهەشـت، ﴿ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ أي أدْخُلوا الجنة على رغم أنوف الكافرِينَ غير خائفِينَ ولاَ مَحْزُونين، واتە: بێگومان خوای گـەورە پێیـان ئەفـەرمووێ دە لەپێش چاوی ئەو (کافرە) بێ باوەڕانە بچنە بەهەشـتەوە لەمـەودوا هـیچ ترس و بیمێك رووتـان تـێ ناکـات و هـیچ غـەم و پەژارەیـەکیش توشـتان نابێت.

(ئەهلی دۆزەخ تامی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت ناکەن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ﴾ وَالْمَعْنَى يُنَادُنَهُمْ يَوْمَ القيامَةِ أغيثونا بشيءٍ مِنَ المَاءِ لِنَسْكُنَ بِهِ حَرارةُ النّارِ والعَطشِ أوْ مِمّا رزقكُم اللهُ من غيرِهِ مِنَ الأشربةِ فَقَدْ قَتَلَنا العَطَشَ، واتە: دۆزەخیەکان داوا لە بەهەشتیەکان دەکەن و بانگ دەکەن و پێیان دەڵێن لەو ئاوە یان لەو رزق و رۆزییە کە خودا پێی داوون شتێکیش بەشی ئێمە بدەن، چونکە بێگومان مردین لە برسان و خنکاین لە توێنان و سووتاین لەبەر گەرمای دۆزەخ ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ۝٥٠﴾ أي مَنَعَ الْكافرينَ شَرابَ الجنّةِ وطَعامَها، [1]، واتە: ئەوانیش لەوەڵامدا ئەڵێن بێگومان خوای گەورە هەردووکیانی بۆ کافران و بێ باوەڕان (حەرام) کردووە، واتە قەدەغەی کردووە ﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا

---

(1) قالَ عبدالله بن عباس (رضي الله عنهما) ينادي الرجلُ أخاهُ وأباهُ فيقول إحترقت فأفض عَليَّ من الماءِ فيقال أجيبُوهم فيقولون ﴿إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ بڕوانە تەفسیر الطبري ، بەرگی/١٢، لاپەڕە/٤٧٢. واتە: عەبدوڵلای کوڕی ئیمام عەباس (خوایان لێ رازی بێت) ئەڵێت ئینسانی وا هەیە بانگی باوکی یان برای خۆی دەکات و پێی دەڵێ وا سوتام لەگەرماندا مردم هەندێ ئاوم بدەرێ یان بەسەرم دابرێژە ئینجا پێیان دەگوترێ وەڵامیان بدەنەوە ئەوانیش لەوەڵامدا ئەڵێن ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: دڵێن خوای گەورە خواردن و خواردنەوەی بەهەشتی لەسەر کافران حەرام کردووە.

وَلَعِبًا ﴾ أي هزءوا من دِين اللهِ وَجَعَلُوا الدّينَ سُخريةً ولَعِباً، واتە: ئەو کەسانەی کە ئاینەکانیان کردۆتە گاڵتەو گەپ و یاری، ﴿وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَوٰةُ الدُّنْيَا ﴾ أي شَغَلَتْهُم عَنْ إطَاعَةِ مَوْلاَهُمْ، واتە: ژیانی ئەم دنیایە فریویداون هەڵیخەڵەتاندوون و بێ ئاگای کردوون لە پەیڕەوی پەروەردگاریان، ﴿فَالْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا ﴾ أي فَفي هَذا اليوم وَنتركُهمْ في العذابِ كما تَركوا العَمَلَ للقاء يومهم هذا فَلَمْ يَخْطُرْ بِبالِهم ولَمْ يَهْتَمُوا بِهِ، واتە: بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لەبیری خۆمان دەبەینەوە چونکە ئەوان لە دنیادا ڕۆژی قیامەت و گەیشتنی ئەم ڕۆژەیان لەبیری خۆیان بردبۆوە، ئێمەش لەو سزایەدا هێشتمانەوە، چونکە ئەوان هەرگیز بیریان لەم ڕۆژە نەدەکردەوەو (موحاسەبەیان) لەبیرچووبۆوە، ﴿وَمَا كَانُوا بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٥١﴾﴾ أي وكَمَا كَانُوا مُنْكرينَ لآياتِ اللهِ فِي الدّنيا يكذبون بها ويستهزءُونَ نَنْسَاهُم في العَذاب[1]، واتە: بێگومان ئایەت و نیشانەکانی ئێمەشیان ئینکار دەکردو

---

(1) ئاگادارییەك:(خوێنەوارە ئازیزەکانم):مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەکۆتایی ئەم ئایەتەدا لە تەفسیری نامی دا چەندخاڵێکی باسکردووە لەبارەی (ئەعرافەوە) ئەوجا ئەفەرمووێ: (ئەعراف) عیبارەت لەسەر ملّو بەرزی ئەو (حیجابە) کە لەبەینی بەهەشت و دۆزەخدایە، وە هەروەها ئەوەی کە (مەشهورە) ئەعراف جێگەی منالّی (کافرانە) یا جێگەی (ئەهلی فیترەتە) و یان ئەوانەی کە (بەعسەتیان) پێ نەگەیشتووە یان ئەوانە کەسانێکن میزانی چاکەو خراپەیان وەکو یەك وایە هیچیان لەسەر ئەویان زیاد نیە...هتد، بڕوانە تەفسیری نامی لە دانانی خوالێخۆشبوو مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس)، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٥٧.

باوەڕیان پێ نەدەکرد، و بەدرۆیان دەخستەوەو قەشمەریان پێ ئەکرد و گوێیان پێ نەئەدا، با هەر لەناو ئەو عەزاب و سزایە بمێننەوە.

(ڕێگە نادرێ بە کافران پاکانەو تکا بکەن)

خوای مەزن و پەروەردگار ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ ﴾ أي وَلَقَدْ جِئْنَاهُم أَهْلَ مَكَّة بكتابٍ هو القُرآن العظيم، واتە: بەڕاستی ئێمە لەگەڵ پێغەمبەرەکانماندا بۆ خەڵکی مەککە کتێبێکمان هێناوە، کە ئەویش قورئانی پیرۆزو مەزنە، ﴿ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴾ أي بَينا مَعانيهُ وَوَضحْنَا أحكامه عَلى عِلمٍ مِنَا، واتە: هەموو شتێکمان بەزانست تیایدا روون کردۆتەوە کە ئایەت و مەبەستەکانیمان باسکردووە بەڕوونی بەتایبەتی (ئەحکام) و یاساکانی واتە: بەپێی زانینی تەواوی خۆمان و لەسەر ئەو زانینە تەواوە ﴿ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ أي هدايةً ورحمةً وسعادةً لِمَنْ آمنَ بهِ، واتە: بۆ ئەوەی ببێتە رەحمەت و ڕێنمایی و میهرەبانی و سەربەرزی بۆ ئەوانەی بڕوای پێ دەکەن، و یان بۆ گەلێك بیانەوێ باوەڕ بێنن جا بێگومان هەرچەندە ڕێ نیشاندان و ڕێنموویێیەکەی بۆ هەموانە بەڵام سوودو بەرهەمەکەی هەر بۆ بڕوادارانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ﴾ أي ما يَنتظرُ أهل مَكّةَ إلاّ عاقبة ما وعدوا به مِنَ العذاب، واتە: خەڵکی مەککە چاوەڕێی ئەنجامی کردەوەی خۆیان دەکەن و لەسەر کردەوەی خراپ و بێ باوەڕی دەڕۆن و کار بە قورئان ناکەن تاکو دەگەنە ئەو ڕۆژەی کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ و ئەو ڕۆژەش تووشی سزاو ئازاری خوا

دەبن، ﴿ يَوۡمَ يَأۡتِي تَأۡوِيلُهُۥ ﴾ أي يومَ تَظهَرُ الحقائق المذكورة فيهِ وَهُوَ يَومُ القيامَةِ، واتە: ڕۆژێك کە عاقیبەت و پاشەڕۆژی ئەو قورئانە دێت بەتەواوی کە ئەو ڕۆژەش ڕۆژی دواییە کە هەموو هەق و ناهەقێك و ڕاستیەك لەو ڕۆژەدا دەرئەکەوێ بەتەواوی کە ڕۆژی قیامەتە، ﴿ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبۡلُ ﴾ أي يقول الذّين ضَيَعُوا وَتركُوا العَمَلَ في الدُّنيا، واتە: ئەو کەسانە لە پێشدا ئەمەیان لەبیرخۆ بردبۆوەو کاریان پێ نەدەکرد لە دنیادا ئەوانە لەو ڕۆژەدا ﴿ قَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّ ﴾ أي جَاءَتْنَا الرّسل بالأخبارِ الصادقَةِ وَتحقَقَ لَنا صِدْقَهُمْ فَلَمْ نُؤمِنْ بِهِمْ وَلَمْ نَتَّبِعَهُم، واتە: بەڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان بەرنامەی حەق و ڕاست و ڕەوانەو هاتنە لامان و ڕێی ڕاستیان بۆ ڕوونکردینەوەو بەلام لەگەڵ هەندێشدا ئێمە باوەڕمان پێیان نەهێناوە بەگەریان نەکەوتن، جا لەو ڕۆژەدا بەنائومێدی یەوە ئاوات ئەخوازن و ئەڵێن ﴿ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ ﴾ أي هَلْ لَنا الْيَومَ شَفِيعُ يُخَلِصُنَا مِنْ هذا العَذابِ؟ واتە: ئایە هیچ تکاکارێکمان نیە تکامان بۆبکات تاکو خوا لە کردەوەی پێشوومان خۆشبێت یان خۆزگە کەسێکمان دەبوو تا لەو سزایە ڕزگارمانی کردبایێ..؟ ﴿ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ ﴾ أوْ هَلْ لَناَ مِنْ عَودة إلى الدُّنيا لِتَعْمَلَ صَالحاً غَير مـا كُنـا نَعْمَلـهُ مِنَ المعاصـي وقبـيح الأعْمـالِ؟ واتـە: بگەڕێنـەوە بـۆ ژینـی دنیـا ئـەوەی کردبومـان

نەیکەینەوەو ئەو کردەوانە بکەین کە خوا فەرمانی پێ کردووین لە باشەو یان ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دنیا تا بەجۆرێکی تر ڕەفتار بکەین کە جیابێ لەو کردارە خراپانەی کە کردوومانە، ﴿قَدْ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾ أي خَسِروا مُدة بقاءِ أَنْفُسِهِمْ في الدُّنيا حيث صَرَفُهَا فيما أهلَكَهُمْ وبَطل عَنْهُمْ ماكانوا يَزْعَمُونَهُ مِنْ شَفاعَةِ الآلِهَةِ والأصنامِ، واتە: بەڕاستی ئەوانە یانی ئەو بێ باوەڕانە خۆیان دۆڕاندووەو زیانمەندبوون چونکە ئەو درۆیەی کە هەڵیان دەبەست هەموو بەفیڕۆ چوو، یانی زیانیان لەخۆیان دا بەهۆی ئەوەی کە دەیانگوت بتەکان تکامان بۆ ئەکەن و فریامان ئەکەون جا گومانیان بەفیڕۆ چوو باتڵ بوو لەبەین چوون و یارمەیتان نادەن یانی هیچ پەرستراوێکیان تکایان بۆ ناکات لەو ڕۆژە ڕەشەدا.

(خوای گەورە ئاسمان و زەوی بە شەش رۆژان دروووستکرد)[1]

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ (أي إنّ مَعْبُدَكُمْ وَخالقكُم الذّي تعبدونَهُ هو المُنفرد بقدرة الإيجاد الذي خلق السَّماواتِ والأرض في مقدارِ ستَةَ أيامٍ مِنْ أيّام الدُّنيا)، واتە: بەڕاستی و بە تەئكيد هەر خوای پەروەردگاری ئێوەبوو توانی ئاسمانەكان و زەوی لەماوی شەش رۆژدا درووست بكات یانی بێگومان خوای مەزن ئەو خوایەیە كە هەموو ئاسمانەكان و زەوی و ئەو هەموو بونەوەرە، گەردوونەی بە شەش رۆژ لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، بەلآم خۆ ئەگەر ویستبای بەچاو تروكانێكیش درووستی دەكردن هەروەكو پێشەوا ئیمامی قورتبی لە تەفسیرەكەیدا باسی كردووە [2]، ئەلێن: (لَوْ أرادَ لَخَلَقَها في لحظةٍ وَلكِنهُ أراد أن يُعلم العِبادَ التّثبُتَ في الأمُورِ، واتە: خۆ ئەگەر خوای مەزن و پەروەردگار ئارەزووی هەبوایە دەیتوانی لەكەمترین كات و ماوەدا دروستیان بكا ، بەلآم بۆیە بەشێنەیی بەدی هێناون تا بەندەكانی لە كارەكانیاندا بەسەبرو لەسەرخۆ بن.

---

(1) زۆربەی (موفەسیرەكان) ئەفەرموون: ئەو شەش رۆژە كە ئەمانە بوون (یەكشەمە- دووشەمە- سێشەمە- چوارشەممە/- پێنج شەمە- جومعە) واتە هەینی، وە لە فەرمودەی (صەحیحدا) هاتووە كە حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێبێت) لەرۆژی هەینیدا درووستكراوەو لەرۆژەش وەفاتی كردووە.

(2) بروانە الجامع لاحكام القرآن لە نووسینی (ابو عبدالله محمد بن أحمد الانصاری، القرطبي)، بەرگی/٧، لاپەڕە/٢٢٠.

(باسێکی گرنگ)

جا موفەسیرەکان ئەفەرموون (ڕای) جیاواز هەیە لەسەر ئەم ڕۆژانە ئایە هەر یەکێ لەو ڕۆژانە وەکو ئەو ڕۆژانە وایە کە وەك ڕۆژانی ئێستاکەن و یان وەك ڕۆژانی قیامەتن یان ئایە مەبەست لەو شەش ڕۆژە چیە کە لە قورئاندا هاتووە لەچەند ئایەتێکدا؟ ئامـاژەی بۆ کـراوە ، جا هەندێ لە زانایان ئەڵێن ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە ئەم ڕۆژانی ئێمە نیە کە لەپاش دروستکردنی ئاسمـان و زەویـدا پەیـدابوون وە هـەروەها هەندێکی تر لە زانایان ئەڵێن مەبەست چەند کاتێکە بەوێنەی کات و ماوەی شەش ڕۆژ یان مەبەست ڕۆژە لە ڕۆژەکانی خوا کە لە قورئاندا دەستنیشانیان ئەکات، بەڵام هەندێکی تر لە زانایـانی ئیسلام لە تەفسیرەکانیاندا ئەفەرموون (هەر ڕۆژێ لەم ڕۆژانە) ئەندازەی هەزار ساڵی ڕەبەق بووە[1]، یان هەندێکیان ئەڵێن مەبەست شەش قۆناغە کە هاتووە بەسەر ئەو ئاسمانە و زەوییەدا ، یان مەبەست شەش بارو تەوەرە، کە تێپەڕی کردبێ بەسەریاندا ئەم باس و گووتانە هەمووی گوتراون ، بەڵام هەندێ لە زانایانی ئیسلام ئەفەرموون ئەمانەی گوتراون هەموویان (نەصێکی قاطع) نین کەواتە چاك وایە بێ دەنگ بین لەم

---

(1) جا هەروەکو لەپێشەوە ئامـاژەمان بۆکرد خوای مەزن دەتوانێ بەچاو تروکانێك عەردو ئاسمان درووست بکات بەڵکو دەتوانێ بەکورت ترین کاتدا گەورەترین کار ئەنجام بدات چونکە قورئان ئەفەرمووێ ﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ سورەتی (یس)، ئایەتی/٨٢، واتە: بێگومان هەرکاتێ ویستی شتێ بەدی بهێنێ هەر ئەوەیە کە بەپێی بفەرمووێ ببەو ئەویش دەستبەجێ دەبێت.

جۆره شتانه‌و زانینیان و حه‌واڵه‌ی (عیلمی) خوای ئه‌که‌ین.

ئه‌وجا له‌پاشان خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾ یقُول أهل التأویلِ إسْتَوى أمْرهُ ، أوْ إنّ معناهُ (إسْتَولَى) عَلَـى العَـرْشِ، واته: له‌پاش ئه‌وه فه‌رمانداری کرد به‌سه‌ر عه‌رشاو ئه‌وجا ئه‌وانه‌ی ماناو ته‌فسیری ئه‌و ئایه‌ته‌ی کردووه به‌گه‌لێ جۆر (موفه‌سیره‌کان) مانایان کردووه [1]، جا بێگومان خوای په‌روه‌ردگار له‌سه‌ر (عه‌رش) جێگیر بوو (کارو فه‌رمانه‌کان به‌ڕێوه ده‌بات) ئه‌وجا به‌و شێوه‌یه که شایسته‌و شیاوی زاتی خۆی بێت (جلّ جلالهُ) چووه سه‌ر (عه‌رشی) فه‌رمانڕه‌وایی خۆی دیاره ئه‌و زاته چۆنی مه‌به‌ست بێت له‌و چوونه سه‌ر (عه‌رشه) ئێمه‌ش که به‌نده‌ی ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ین هه‌ر به‌و جۆره باوه‌ڕمان پێی هه‌یه وه‌ك پێشینه چاکه‌کان ئه‌فه‌رموون (أي إستواءً یلیق بِجلالهِ من غیر تشبیه ولا تمثیل ولا تعطیل ولا تحریف) کما هُوَ مَذْهَبُ السّلَفُ الصّالحین) [2]، واته به‌بێ چۆنیه‌تی و شوبهاندن یان تێپه‌ڕاندنیه‌تی وه‌ك چۆن هاتووه به‌بێ چۆنیه‌تی و له‌یه‌کچوون و له‌کارخستن، ئه‌وجا ئه‌وانه‌ی که له‌یه‌کچوون به‌بیریاندادێ به‌رامبه‌ر به خودا راست نیه چونکه هیچ شتێ

---

(1) هه‌ندێ له (موفه‌سیره‌کان) ئه‌ڵێن (استوی) واته ڕووی تێکرد هه‌ندێکیش ده‌ڵێن به‌رزبۆوه، هه‌ندێکیش ده‌ڵێن فه‌رمانی بۆ ئاسمان به‌رزبۆوه ...هتد.

(2) مه‌به‌ست له (سه‌له‌فی ساڵحین) زۆرێکن به‌ڵام به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی که له‌م بیروباوه‌ڕه‌دا دواوون ئه‌مانه‌ن وه‌ك پێشه‌وا مالیك و ئه‌وزاعی و له‌یس و ئیمامی شافیعی و ئه‌حمه‌د و ئیسحاقی کوڕی ڕه‌هه‌وی...هتد... هه‌روه‌ها که‌سانی تریش له پێشه‌وایانی موسڵمانان له کۆن و تازه‌دا له‌سه‌ر ئه‌م بیروباوه‌ڕو عه‌قیده‌ن.

لــە دروســتکراوەکانی لــەخوا ناچــێ وەکــو قورئــان ئەفــەرمووێ ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلْبَصِيرُ﴾سورەتی الشوری، ئایـەتی/١١، واتـە: هیچ شتێك بەوێنەی خوا نییە هەر خۆی بیسەرو بینایە[1]، جا هـەروەها خاوەنی تەفـسیری المدارك[2]، لـە پێشەواو زانا بەناوبانگـەکان (نـەقل) ئەکاو ئەڵێ (ئیمام جعفری صادق و شێخ حەسەنی بەصری و ئیمام ئـەبو حەنیفە و ئیمام مالیکی کوڕە ئەنەس)ەوە گێڕدراوەتەوە کـە پرسـیاریان لێ کردووە لە مانای ئەو (ئایەتە) ئەویش فەرمووی (فإنَهُ سُئِلَ عَنْ مَعنـى هذه الآية فَقَال (الأستواءُ غَيْرَ مَجْهُول، وَالكيْـفُ غَـيرُ مَعْقُـولٍ، وَالأيمـانُ بِـهِ وَاجِبٌ، وَالجُحُودُ بِهِ كُفْرٌ، والسُّؤالُ عَنْـهُ بِدْعَـةٌ)، واتـە: ئیـستواو ماناکـەی دیـارە بـەلاّم چـۆنیەتیەکەی نـەزانراوە ئیمـان و بـاوەڕ بـوون بـەو شـتە (واجبە)، واتە پێویستە، و باوەڕ پێ نەبوونی بێ باوەڕیە، پرسیار کـردن لەو بارەوە (بیدعەیـە) واتـە شـتێکی تازەیـەو داهێنـراوە ﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾ (أي يُغطـي اللّيـلَ عَلَـى النّهـارِ فيـذهب بـضَوئهِ ويَطْلُبُه سَريعاً حَتّى يدركهُ) واتە: ڕۆژ بەشەو دائەپۆشێ ڕۆژیش بەگورجی و بێ دواکەوتن دەکەوێتە شـوێنی شـەو، واتـە شـەو دوای ڕۆژ ئەکـەوێ و بەپەلە دێت بەدوای ڕۆژدا ئەو جێگایانەی ڕۆژیـان تێدایـە شـەو زاڵ ئـەبێ

---

(1) بڕوانە : تەفسیری (إبن كثیر) بەکوردی لەوەرگێڕانی بەڕێز (عەلی حاجی عبدالله پرێسی) ، بەرگی/٢، لاپەڕە/٣٩٢، لەگەڵ دەستکاری.

(2) بڕوانە تەفسیری (مدارك التنزيل وحقائق التأويل) لە نووسینی (عبدالله بن أحمد بن محمود النسفي)، لاپەڕە/٣٦٦.

بەسـەريانا تاريـك ئـەبن دوای رووناكی ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ أي الجميعُ تَحْتَ قَهْرِهِ وَمشيئتِهِ وتَسْخِيرِهِ، واتـە: هـەروەها بێگومـان خـۆرو مـانگ و ئەستێرەكانیـشی دروسـتكردوون و بەفەرمانی ئـەویش ملكەچ كراون هەمووشـیان لـەژێر دەسـتی قـودرەتی ئـەودا رامكـراون و بەفـەرمانی ئـەویش دێـن و دەچـن ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ﴾ أي لَهُ المُلكُ والتّصرّفُ التام في الكائنات، واتە: باشـیش بـزانن هەر بۆ خوای پەروەردگارە بەدیهێنان و دروستكردن و تەكبیرو فەرمانی بـۆ بـەڕێوەبردنی هـەموو بونـەوەر هـەر ئـەو كـارگێڕو هەڵـسوڕێنەرەو بەفەرمانی ئەوە ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٥٤﴾ واتە: خێـرو چاكەو (بەرەكـەت) و گـەورەیی و بەرزیـەتی هـەر بـۆ ئـەو خوایەیـە كـە پەروەردگاری هەموو خەڵق و عالەمە.

(باسێك لە دوعاو پاڕانەوە لە خوای میهرەبان)

لەپاش ئەوەی خوای مەزن بەڵگەو دەلیلی لەسەر (تاقە) خودای خۆی هێنایەو ئینجا تواناو دەسەڵاتی هەڵوڕاندنی بونەوەری ئەوپەڕی دانـایی و لێزانـی بۆخـۆی چەسـپاند ئـەوجا فـەرمانی كـرد بـە ئـادەمیزاد كـە یەكتاپەرستی ئەنجام بدەن و هەروەها بەندایەتی هـەر بـۆ خـودا بكـەن و هەمیشە لێی بپاڕێنەوەو بەتایبەتی دوعاو نزا بكەن لـەبارەگای ئـەو زاتـە كـە هـەر ئـەوە خێـرو دونیـاو قیامـەتی تیایـە جـا بێگومـان دوعـاو نـزاو پاڕانـەوە (كاكڵـە)ی خوداپەرسـتی و خودناسـیە، جـا خـوای گـەورە

دەفــەرموێت: ﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ ﴾ أي أدعُــوا اللهَ تَــذلُّلاً وَسِرّاً بِخشوعٍ وخضوعٍ، واتە: لەپەروەردگارتان بە نهێنــی و بەسـەرکزی و بەملکەچی و بەنەرمی لـەخودا بپاڕێنــەوە ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ أي لا يحـبُّ المتجـاوزينَ في الـدُّعاءِ، واتــە: بەڕاسـتی خــوای پەروەردگار ئەو کەسانەی خـۆش نـاوێن کـە لـە (دوعـاکردن) و پاڕانـەوە لــەخودا لەشـتی تـریش لەسـنوور دەردەچــن و زێـدەڕۆیی دەکــەن[1]، هەروەها هاتووەش لەم فەرموودەیەدا[2]، کە حەزرەت (ﷺ) فەرمووپـەتی (إنــهُ سَـيكُونُ قَـوْمٌ يَعْتَـدُونَ في الـدُّعاءِ، وقـرأ هـذهِ الآيـة، واتـە: بێگومـان لەمەودوا گەل و نەتەوەیەك پەیدا دەبن لـە (دوعـاکردن) و پاڕانـەوەدا لـە سـنوورو زێـدەڕۆیی تێدەپـەڕێت ، ئینجا حـەزرەت (ﷺ) ئـەم ئایەتـەی خوێندەوە ﴿ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ ﴾ ئەمجا لـەدوای ئەمـە کـە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە (دوعا) و نزاو پاڕانەوە لەخوای گـەورەو مەزن ئینجا (نەهی) کردووە لەخراپەکاریش لەسەر زەویدا ئەنجامی بدەن ، جـا ئەفــەرمووێ: ﴿ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا ﴾ أي

(1) هەروەها زێدەڕەوی کردن لە دوعادا ئەمەیە کە بەشێوەی (شەرعی) دوعاکە ئەنجام نەداو، بەو جۆرە کە زۆر دەنگ بەرز بکەنەوە بەملکەچی و پەنامەکی نەبێ و خۆشەویستی خودای تێدانەبێ و..هتد.

(2) ئەم فەرموودەیە پێشەوا (ئەحمەد و ئەبو داود) هێناویانە، لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاسەوە (خودا لێی رازی بێت).

لاتُفْسِدُوا فِـي الأرضِ (بِالـشِّرك) وَالمعاصـي بَعْـدَ أنْ أصْلَحها اللهُ بِبِعْثَـةِ المُرْسَـلِينَ، واتـە: نەكـەن تـاوان و گونـاهو (فەسـاد) و خراپـەكارى و گەندەڵى لەسەر زەوى خودادا بەرپابكەن و هاوبەش بۆ خـودا دابنـێن يـا زەوى كاول مەكەن پاش ئەوەى خوا پێغەمبـەرانى هـەناردو ياسـاى پێـدا ناردن و كاروباريـان چاككرد، ﴿وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ أي خوفـاً مِـن عَذابِهِ وَطَمَعاً في رَحْمَتِهِ، واتە: ئێوە بپاڕێنـەوە بـەترس و بـە ئومێـدەوە و لەخودا داوابكەن يانى بەترس لە سـزاى دۆزەخ و تۆڵـەى وە بـە ئومێـدى بەهەشـت و رەزامەنـدى خـواى گـەورە بـن، ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾﴾ أي رَحْمَتُهُ تعالى قَريبـةٌ مِـنَ المُطـيعينَ الـذّينَ يَمْتَثِلُونَ أوامِرهُ وَيَتْرُكُونَ زواجِرهُ، واتە: بەڕاسـتى (رەحمـەت) و بـەزەيى خوا لە چاكەكەرانەوە نزيكەو يانى رەحمەت و بەزەيى خـوا ئامـادەكراوە بۆ پەيڕەوانى خواو ئەو چاكەكەرانەى كە گوێڕايـەڵى فەرمانيـەتى و، ئـەو كەسـانەى كـە واز لـە قەدەغـەكراوەكان دێنـێ بەتايبـەتى تـاوان و گوناهەكان.

(هەر خوايە كە باران دەبارێنێ گياو گژ ئەڕوێنێ بەروبووم دەردێنێ)

خواى مەزن ئەفەرمووێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَـٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ﴾ أي يُرسِـلُ الرّيـاحَ مُبـشرةً بـالمَطَرِ، واتـە: هـەر ئـەو خودايـە (بـا) دەنێرێـت كـە مـوژدەى بـارانى رەحمـەت و بەرەكـەت و

کەرەمی پێیە، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابًا ثِقَالٗا﴾ أي حَتّى إذا حملت الرّياح سَحاباً مُثقلاً بِالمَاءِ، واتە : هەتا کاتێ کە هەوری قورس هەڵدەگرن کە ئەو هەورانە (قورسن) بەهۆی ئەو ئاوەی کە باری گرانەو تێیدایە پڕە لە ئاوی باران و هەڵدەگرن بە ئاسمانەوە یانی حەواوە[1]، جا ئەفەرمووێ: ﴿سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ﴾ أي سُقنا السحابَ إلى أرضٍ ميتةٍ مُجدبة لا نبات فيهَا، واتە: ئەو هەورە باراناویە بەهۆی بایەکەوە ئەنێرین بۆ ولاتێکی مردوو، یانی ولاتێك کە شینایی و رووەکی تێدانیە، ﴿فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ﴾ أي أنْزَلنا في ذلك البلد الميت الماءَ، واتە بەو هەورە ئاوو باران ئەبارێنین بەسەر ئەو ولاتەدا، زەویەکە زیندوو ئەکەینەوە ﴿فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ﴾ أي فَأَخْرَجْنَا بِذَلِكَ الماءِ مِنْ كُلِّ أنواعِ الثمراتِ، واتە: بەو ئاوەیە لەهەموو جۆرە بەروبوومێکی پێ سەوز دەکەین و ئەروێنین لەو زەویە لەهەموو جۆرە میوەجات و تەڕەیەك ، ﴿كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ۝٥٧﴾ أي مِثل هَذا

---

(1) موفەسیرە تازەکان ئەڵێن خودا بۆ هەموو شتێك یاسایەکی تایبەتی داناوە بۆ باران بارین ئەم یاسایەی داناوە ئاوی دەریا بەهۆی تینی گەرمای خۆرەوە دەبێتە هەڵمی شێداری کەمێك گەرم دەبێت و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە چینێکی بەرزی (سارد) لەوێوە دەبێتە باران وە دەبارێت بەسەر ئەو ناوچانەدا کە خودا دەیەوێت و دەبێتە مایەی خێرو (بەرەکەت) بۆ سەر زەوی ، بڕوانە تەفسیری گوڵشەن، بەرگی/١، لاپەڕە/٣٤٨.

الإخراج نُخرجُ المَوْتَى مِنْ قبُورِهم لَعلّكُم تَعْتَبِرُونَ وتؤمِنُون، واتە: هەر بەو شێوەیەش مردووەکان لە (قەبر) واتە لەگۆڕ دێنینە دەرێ و زیندوویان دەکەینەوە بەڵکو ئێوەش بیربکەنەوە لە دەسەلآتی خوای گەورەو باشتر بڕوابێنن بە زیندوبوونەوەی ڕۆژی بەرزەخ[1].

(ئاگادارییەکی گرنگ)

خوێنەوارە ئازیزەکانم/ عەلامەی (إبن کثیر) رەحمەتی خوای لێبێت، لەتەفسیرەکەیدا[2]، لە راڤەی ئەم ئایەتەی پێشوودا ئەڵێ: (خوای گەورەو بەدەسەلآت نموونە ئەهێنێتەوەو ئەفەرمووێ: (وەکو ئەو زەویەمان زیندوو کردەوە، دوای مردنی بەهەمان شێوە جەستەکانیش دوای ئەوەی لەگۆڕدا رزین و پورتوکان، لە قیامەتیشدا زیندوویان دەکەینەوە جا بێگومان خوای گەورە لە ئاسمانەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ باران دەبارێنێ ئینجا لە گۆڕەکانەوە جەستەکان بەرز دەبنەوە، هەروەکو تۆیەك شین ئەبێ و سەر دەردێنێ لەزەویدا ئەوجا ئەم مانایە لە قورئاندا زۆرە خودا نمونەی زیندوکردنەوەی زەوی دوای مردنی بۆ زیندووکردنەوەی (قیامەت) دێنەوە جا لەبەر ئەوەیە فەرموویەتی (لَعلکم تذکرون) بەڵکو ئێوە بیر لەوانە بکەنەوە، ببێتە ئامۆژگاری بۆتان.

---

(1) لەقاموسدا ئەڵێ (بەرزەخ) بەوە دەڵێن کە پەردەیەکە لە نێوان دنیاو قیامەتدایەو مەبەست ئەو کاتەیە کە لەناو گۆڕ دەمینێتەوە،دواتر خوای گەورە هەموویان زیندوو ئەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە

(2) بڕوانە تەفسیری (ابن کثیر) لە نووسینی (الحافظ ابن کثیر الدمشقي)، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٥٠، لیکۆڵینەوەی مامۆستا (عبدالرزاق مهدی).

(پاشکۆ)

وە هـەروەها لـە (حەدیـسی) بوخـاری و موسـلیمدا هـاتووە کـە ئـەبو هـورەیرە (ڕەزای خـوای لێبێـت) لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) وەری گرتـووە ئەگێڕێتـەوە حـەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی (بێگومـان هـەموو لەشـی ئـادەمیزاد ئـەڕزێ، بێجگـە لـە ئێسکێکی زۆر بـچووك لـەکۆتایی بڕبـڕەی پـشتی کـە نـاوبراوە بـە (عَجَبُ الـذَّنب) لـەو ئێـسکەوە لەشـی ئـادەمی دروست ئەکرێتەوە بەهۆی ئەو بارانەی کـە خـوا ئـەیبارێنێ، ئینجا بـەوە سەوز ئەبن و ئەڕوێنەوە هەرچۆن گیاو دانەوێڵە و کشتوکاڵ ئەڕوێنـەوەو سـەوز ئەبنـەوە، وەکـو لەپێـشەوە دەستنیـشانمان بـۆکرد[1]، جـا بگەڕێینـەوە سـەر ئـەو ئایەتـەی کـە ئێـستا دێـت، ئـەوجا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ﴾ وَمعنـاهُ الأرْضُ الكريمة التّي لا سَبْخَةَ[2]، ولا حُرّةَ[3]، يخرجُ نَباتهُ حَسناً وافياً كثير النَفع باذنِ ربِّهِ، واتـە: شاری پاك و خاوێن مەبەسـت زەوی پـاك و خاوێنـە و گونجـاو بـۆ کـشتوکاڵ بەفـەرمان و ویـستی خـودا گیـاو دەغـڵ و دان و ڕووەك و شینایی و میوەهاتی لێ دەڕوێت و بەباشی پێ ئەگاو، بە ئیزنـی

---

(1) بڕوانە: تەفسیری قورئانی پیرۆز لەنووسینی مامۆستا (مەلا عثمان عبدالعزیز، هەلەبجەیی)، بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٠٤.

(2) لە قاموسدا ئەڵێ (السبخە) بەو زەویە ئەڵێن کە خوێداربێ و سوور بێ و هیچی لێ شین نەبێ.

(3) حُورّە بەو زەویە ئەڵێن کە پیس و بەردەڵان بێ.

خـودا خـەڵك سـوودی لـێ وەرئـەگرن ﴿وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا﴾ أي والأرض إذا كَانَتْ خبيثة التُربَةِ كالحُرَّة أو السُبخةِ لا يخرج النبات فيها إلا بعُسْرٍ ومَشقةٍ وقليلاً لا خيرٌ فيه[1]، واتـه: بـەڵام ئـەو سەوزییەی گڵ و خۆڵەکەی خوێداروِ پیسی بێ یان رەق و بەردەڵان بـێ و ئەو جۆرە زەویـە هـەر بەرهـەمی خـراپ دێنـێ چونکە هیچی تێدا شین نابێـت مەگـەر شـتێکی کـەم و بـێ کـەڵك بـێ[2]، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْآيَٰتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾﴾ أي نعمة الله فيَتَفَكرُونَ فيها ويَعْتبرون بِهَا، واته: هەروەها بەم شێوەیە ئایات و نموونەو بەڵگە دەهێنینـەوەو دەیانخەینـە پـێش چاوان بۆ گـەلێك کـە بیریان لێ بکەنەوەو پەندو (عیبرەت) وەربگـرن و سوپاسـگوزاری خـودا بکەن لەسەر چاکەو نازو نیعمەتەکانی وەلەگەڵ بەخششە بێ ژمارەکانی.

---

(1) قال ابن عباس (رضي الله عنهما) وهذا مثلٌ ضربهُ الله للمؤمنِ والكافرِ، فالمؤمنُ طيبٌ كالأرض الطيبةِ ثمرها طيبٌ والكافرُ خبيثٌ كالأرضِ السبخةِ المالحةِ لا ينتفعُ بِها، بڕوانە: تەفسیری الطبري، بەرگی/١٢، لاپەڕە/٤٩٧.

(2) ئەمەش نموونەیە ، مەبەست ئەوەیە هەندێ کەس لە ئادەمیزادا خۆی باشو خاوەن باوەڕەو کە داوای لێ دەکرێ زوو باوەڕ دەهێنێ دڵ و دەروونی سافەو هەروەها هەندێ کەسیش بێ ئیمان و باوەڕەو دڵ رەق و دڵ پیس و دڵ رەشن، وەعزو ئامۆژگاری ناچێتە ناو دڵ و دەروونی و هەرچەندە بەڵگەی ئایەتی قورئانی پیرۆزی بۆ بهێنتەوەو بێ کەڵك و بێ سوودە، مەگەر بەهەوڵدانێکی زۆر ئەوجا ئەگەر ئیمان و باوەڕ بێنن و موسڵمان ببن .

(داستان و چیرۆکی نوح پێغەمبەر (ع) بەکورتی)[1]

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون یەکەم جار لە سەرەتای سورەتی ئەعراف دا باسی داستان و چیرۆکی حەزرەتی ئادەمی گێڕاوەتەوە ئەوجا لەپاشان لێرە بەولاوە یەکە یەکە داستان و چیرۆکی پێغەمبەرەکان (سەلامی خوایان لێبێت) دەگێڕێتەوەو جا بێگومان لەسەرەتای داستانی نوح پێغەمبەر (سەلامی وای لەسەر) دەست پێ دەکە چونکە بێگومان حەزرەتی (نوح علیه السلام)، لەدوای باوکە ئادەم یەکەم پێغەمبەر بووە کە خوای گەورە رەوانی کردووە بۆ سەر خەڵکی سەرزەمین لەدرای حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لەسەربێت) جا هەروەها (موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز لە (٤٣) جێگادا باسی حەزرەتی (نووحی) کردووە ئینجا لەم سورەتانەی کە ناوی خۆی قەومەکەی هاتووە ئەمانەی خوارەوەن یەکەم سورەتی (الاعراف، هود، المؤمنون، الشُعراء، القمر، نووح)، دا بەزۆری لەم سورەتانەدا ناوی هاتووە[2]،ئەوجا هەندێ لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (ﷺ) و زانایانی (تەفسیر) گووتوویانە یەکەم جار کە (بت) لەزەمانی ئەمزاتە

---

(1) زۆربەی (موفەسیرو مێژوونووسەکان) ئەڵێن (نەسەب) و نەژادی حەزرەتی نووح بەم جۆرەیە: (نووح سەلامی خوای لێبێت) ئەم زاتە کوڕی لامکە کوڕی متوشلخ کوڕی (ئەخنوخ) کە حەزرەتی ئیدریسە کوڕی (یارید) کوڕی (موهەلئیل) کوڕی (قینان) کوڕی ئەنووش کوڕی (شیت پێغەمبەری) کوڕی حەزرەتی ئادەمە (سەلامی خوایان لێبێت) بڕوانە تەفسیری: (المنیر في العقیدة والشریعة والمنهج) لە دانانی (دکتور وهبە الزحیلی) ج/٤، لاپەڕە/٦١٨.

(2) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو..

بووەو جا ئـەڵێن کۆمـەڵێ لـە زانایـان ، فەرموویانـە لەداسـتان‌و چـیرۆکی پێغەمبەرانداو هەرکاتێ کە پیاوچاکان مردوون کەس و کاریان مزگەوتیان لەسەر دروست کردوون و وێنەی ئەوانیان کێشاوە لەناویانـدا بـۆ ئـەوەی ژیانی ئەو پیاو چاکانە و (عیبادەتەکەیان) لەبیر نەکەن تا ئـەوانیش وەك ئەو پیاو چاکانە (عیبـادەت) و خواپەرستی بکـەن ئەوجاکـە زەمـان زۆر بەسەریدا تێپەڕی و پەیکەریان لەشێوەی ئـەو وێنانـە دروسـتکرد، ئینجـا دەستیان کرد بە پەرستنی ئـەو بتانـەو بـەناوی ئـەو پیاوچـاکانەوە ، وە ناویان لێ نان وەك (ود، سواع، یغوث، یەعووق، نەسر) بـوون ئـەوجا کـە بت پەرستی بڵاوبووەوەو پەرەی سەند خوای گەورە حـەزرەتی (نـوحی) هەناردە سـەریان و فـەرمانی پـێ کـردن کـە هـاوەڵ بـۆ خـودا دانـەنێن و بەتەنیا خودا بپەرستن و (شەریك) و هاوەڵی بۆ ئەنجام نـەدەن هـەروەکو ئەفـــەرمووێ ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾ أي واللهِ لَقَـدْ أرْسَـلْنَا نُوحاً[1]،قَبْلَكَ يا مُحَمّد إلى قَوْمِهِ الكفرة المُفسدينَ، واتە: خـودا دەفـەرموێ

---

(1) قال الصاوي في تفسيرهِ وإسم نوح (عبدالغفار) ولَقَبُ بنوحٍ لِكثرة نياحهِ ، واتە: لە(تەفسیری صاویدا) ئەڵێت ناوی حەزرەتی نوح (عبدالغفار) بووە نازناوی نوح بووە، چونکە زۆر بۆ حاڵی خۆی گریاوەو ئاخ و داخی کردووە، بەزەیی بەخۆی داهاتۆتەوە، وە ئەو زاتە (شێخی پێغەمبەران) بووە چونکە بەتەمن لە هەموویان (عومری) درێژتر بووە، خوا لە دوای (ئیدریس) پێغەمبەر کردی بە پێغەمبەر هەروەکو ئەڵێ (ونوح شيخ الأنبياء لأنَهُ أطولهم عُمراً وهو أول مَنْ بعثهُ الله بعدَ إدريس ولم يلق نبي مِن الأذى مِثلَ نوحٍ)، بڕوانە: (صفوه التفاسیر)، لە نووسینی شیخ (محمد علی الصابونی، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٥٢)، تەفسیری)الوضع المیسرداو. . هەمان نووسەردا.

سوێند بێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) نووح پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لەسەربێت) لەپێش تۆ رەوانەکرد بۆ سەر گەل و هۆزەکەی کە (کافری) بت پەرست و ئاژاوەچی بوون و خراپەکار بوون، ﴿فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ﴾ أي وَحِّدُوا اللهَ وَلا تُشْرِكُوا بهِ فَمَا بهِ لَكُم إلهٌ مُستَحِقٌ لِلْعِبادَةِ غَيْرهُ، واتە: نووح پێی گووتن ئەی (قەومەکەم) واتە ئەی گەلەکەم ئێوە تەنها خودا بپەرستن وە هاوبەشی بۆ دامەنێن چونکە بەڕاستی خوایەکی تری بەهەقتان دەست ناکەوێت کە شایستەی پەرستن بێت جگە لەو زاتە مەزنە ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿٥٩﴾﴾ أي إنْ أشركتم بهِ ولَمْ تُؤمِنُوا فأنا أخاف عَلَيْكُمْ عَذابَ يَوْمٍ عظيم هُو يَومْ القيامة، واتە: بێگومان من دەترسم ئەگەر ئێوە هەر لەسەر ئەو رێگە خراپەی خۆتان بن و باوەڕ نەهێنن یانی هاوبەش بۆخودا پەیدابکەن کە دووچاری سزای رۆژێکی گەورە ببن کە رۆژی قیامەتە، ﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٦٠﴾﴾ أي الاشراف وَالرُّؤساءُ مِنْ قَوْمِهِ إنا لنراك يا نوح في ذهاب عَنْ طريق الحق وَالصواب واضحٌ جلي، واتە: پیاوە گەورەکانی یان دەسەلاتدارەکانی هۆزەکەی پێیان گووت ئێمە تۆ دەبینین بە ئاشکرا رێگەی راستت بزر کردوەو تۆ رێگەیەکی راستت نەگرتووە، کە دەڵێی خوا بەتاك و تەنیا بپەرستن و بت مەپەرستن.

﴿ قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلَٰلَةٌ وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦١﴾ ﴾ أي مَا أنا بِضالٍ وَلكنْ أنا مُرسلٌ إليكُمْ بَلْ إنّي رَسُولٌ مِنْ ربِّ العالمين، واته: حەزرەتی (نوحیش) ووتی ئەی (قەومی) من بەڕاستی گومڕا و سەرلێشێواو نیم وە لەهەق و ڕاستی لام نەداوە، هەروەکو ئێوە دەیڵێن بەڵکو من نێرراووو پێغەمبەرم لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانیانـــە نێـــردراوم ﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ أي أنا أُبلغكُمْ مَا أرْسَلَني اللهُ بهِ إليكُمْ وَأقصدُ صَلاحَكُمْ وخيركُمْ وَأعْلَمُ مِن الأمور الغَيبية أشياء لاَ عِلْمَ لَكُمْ بها، واته: من ئەوەم لەسەرە کە پەیامەکانی خوای گەورەتان پێ ڕابگەیەنم وە ئامۆژگاریتان بکەم ، وە سەبارەت بە زاتی خوا من شتی وا دەزانم ئێوە نایزانن وە من چاکەو خێری ئێوەم ئەوێ وە هەندێ شتی نادیار هەیە ئێوە نایزانن چونکە ئەوەی من لەخوای ئەزانم کە چیتان بەسەر دێنێ بەهۆی ئەوەی کە ئێوە لەجیاتی خوا (بت دەپەرستن) ئێوە نایزانن، ﴿ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ ﴾ أي لا تَعْجَبُوا مِنْ هَذا لَيْسَ بعجيبٍ أنْ يُوحى الله إلى رجلٍ مِنكُمْ رحمةً بِكُم وَلُطْفاً وَإحساناً إليكُم، واته: حەزرەتی نوح (سەلامی خوای لێبێت) پێیگـــوتن ئـــەرێ ئێـــوە لـــەوە ســـەرتان ســـوڕماوە کـــە لەلایـــەن پەروەردگارتانەوە نامەو (نەسحەت) و ئامۆژگاری بۆ پیاوێك لەخۆتان هاتووە؟ کە چاکەشتان لەگەڵ ئەکاو ڕێگای باشتان پێ نیشان ئەدا، ﴿ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ أي لِيُخوفكُمْ هذا الرسُولَ

مِنَ العذاب إنْ لَمْ تُؤمِنُوا ولِيَتقُوا رِبَكُمْ وتَنالَكُم الرّحمة بتقواه، واته: بۆ ئەوە کە ئەو پێغەمبەرە بەو ئامۆژگاریە بتان ترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت (ئەگەر ئیمان و باوەڕ نەهێنن) هەروەها تا دیندارو تەقوادارو خواناس بن، وە بەڵکو خودا بەزەیی پێتاندا بێتەوەو بتانخاتەبەر رەحمەتی خۆی بەهۆی پارێزگاریتان، ﴿ فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ ﴾ أي كَذّبوا نُوحاً مَعَ طول مدَة إقامتهِ فيهم فأنجاهُ الله وَالمؤمنينَ مَعَهُ في السَّفينةِ، واته: قەوم و هۆزەکەی باوەڕیان پێ نەهێناوە بە درۆزنیان زانی ئەوجا ئێمەش نوح و خۆی و ئەو کەسانەی کە باوەڕیان پێ هێنابوو، بەو کەشتیەی کە بە ئەمرو فەرمانی ئێمە درووستی کردبوو لە خنکان و مردن رزگارمان کردن ﴿وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ﴾ أي أهْلَكْنا المُكذِّبينَ مِنهُمْ بِالغَرَقِ، واته: ئەوانەی ئایەت و نیشانەی ئێمەیان بەدرۆ خستەوەو وە هەروەها (ئینکاری) (تۆفانیان) کرد ئینجا هەر بە تۆفان خنکاندمانن چونکە (کافرو) بێ باوەڕبوون ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ أي عُمِيت قلوبُهمْ عَن الحَقِ فَهُمْ لا يُبْصرُونَ وَلا يهتدون لَهُ، واته بەڕاستی ئەوانە لە ڕاستی و حەق و راستیەکان (قەومێکی) نابیناو (کوێرە) بوون هەروەها رێگەی هەقیان بزرکردبوو نەهاتنە سەر رێگەی (هیدایەت) و رێنمایی[1].

---

(1) قالَ صاحب تفسير (بحر المحيط أبي حيّان التوحيدي) عُمِيت قلوبهم عَنْ مَعْرِفَة التوحيدِ والنّبوة والمِيعاد) بڕوانە هەمان سەرچاوەی ناوبراو.

(پاشكۆ)

ئینجـا خـوا ئـەوانی لـەناوبردو نـوح پێغەمبـەری سەرخـست لەگـەڵ ئەوانەی کە ئیمانیان بەخواو بـە نـوح پێغەمبـەر هێنـاو (موفەسیرەکان) ئەڵێن (٨٠) کەس ڕزگاریان بوو لە ژن و لە پیاو[1].

(داستان و چیرۆکی هوود پێغەمبەر (ع) بە کورتی)[2]

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ﴾ (أي وَأَرْسَلْنَا إلى قوم عادٍ[3]، أخَاهُمْ هُوداً وكانَت مَسَاكِنُهُمْ بالأحْقافِ باليمن)، واتـە: بـۆ گەل و (قەومی عاد)یش هودی برایانمـان ڕەوانـە کـرد، یـانی هودمـان بـە پێغەمبەریەتی نـارد بـۆ سـەر (قـەومی) عـاد تـا ڕێگـای ڕاسـتیان پیـشان بـدات، (عـاد و قەومەکـەی) لـە کێـوی (ئـەحقاف)ی یەمـەن ئـەژیان و

---

(1) هەندێ تر لە زانایانی (تەفسیرەکان) ئەڵێن لە پیاوان (٤٠) کەس ئیمانیان هێناوەو لەژنانیش (٤٠) کەس بوون لەوانەش سێ کوڕی حەزرەتی (نووحیش) لەگەڵیان بوون بەناوی (سام) و (حام) و (یافیس) وە کوڕانی تریش (٦) کەس بوون والله أعلم، واتە: خوا زاناترە.

(2) حەزرەتی هوود کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ڕەباعی (جاوەروود) ی هەندێ ئەڵێن کوڕی (خولوودی) کوڕی (عَوْصِ) کوڕی (إرَم) ی کوڕی سامی کوڕی حەزرەتی نووح بووە.

(3) عاد کوڕی (عەوص)ی کوڕی (ئیرەمی) کوڕی (سامی) کوڕی (نووح) بووە، (عاد) برا گەورەی (قەومەکەی) خۆی بووەو مێژوو نووسان ئەگێڕنەوە لەسەرەتاوە خودا پەرست بوو وە لەپاشان بوونە (بت پەرست)، دەستیان کرد بە ئاژاوەو خراپەکاری و بێ باوەڕی تا ڕەشەبایەکی سەخت هاتەسەریان و هەمووی لەناوبردن جگە لە حەزرەتی (هوود)و ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنابوو و ڕزگاریان بوو (ماباقیەکەی) هەموو (بەهیلاك) چوون.

نیـشتەجێ بووبـوون[1]، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ أي قَـالَ رَسـولُهُمْ وَحدّوا الله فَلَيْسَ لَكُمْ إِلهٌ غَيْرَهُ أفَلاَ تَخَافُونَ عذابهُ، واتە: حـەزرەتی هـوود پێیانی گووت ئەی قەوم و نەتـەوەی مـن دەبـێ تـەنها خـودا بپەرستن و (عیبادەتی) ئەو بکەن چونکە بێگومان خوایەکی تـری بەهـەقتان دەست ناکەوێت ئـەوجا باشـە ئێوە لـە خـوا ناترسـن؟ هـەوڵ نـادەن پارێزگـارو دیندارو بەتەقوا بن؟

(ئاگادارییەکی گرنگ)

(موفەسیرەکان): ئەفـەرموون حـەزرەتی (هـوود) پێغەمبـەر (سـەلامی خوای لێبێت) کە بـە بـرای گـەلی (عـاد) نـاوبراوە هـەر وەکـو ئایەتەکـەی پێشوو ئامارەی بۆکرد، جا لەبەر ئەوەیە کە لەو کۆمەڵـە بـووە لەنـەوەی (عـاد) نـەبووە بـەڵام نـاوبراوە بـە بـرای گـەلی (عـاد) لەبـەر ئـەوەی کـە تێکەڵیان بووە لە ئاداب و ئەخلاق و رەوشتیان و ئەفکاریان شـارەزابووە و ئەوانیش لە (نەصحەت) و ئامۆژگـاری ئـەو زاتـە حـاڵی دەبـوون، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە دژی بـت پەرسـتی بـووە بـوون بـە دووژمنـی و بەربەرەکانێیان لەگەڵ کردووە دەیانکرهاند و باوەڕیان تێکچوو لەگـەڵیاو

---

(1) موفەسیرەکان: ئەفەرموون ئەو قەومە ئەوەی ڕاستی بێت لەناوچەی (الاحقاف) بوونە لەسەر سنووری یەمەندا لەنێوان یەمامەو حەزرەموت دا نیشتەجێ بوونە، بڕوانە تەفسیری (اللّباب في علوم الكتاب) لە نووسینی (ابن عادل الدمشقی، بەرگی/٩، لاپەڕە/١٨٥).

پەیوەندییان لەگەڵدا نەماو، هەروەکو قورئان ئەفەرمووێ: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ﴾ أي قَالَ الأشرافُ وَالرؤساءُ الذّين كفروا مِنْهُمْ، واتە: سەرۆك و ناودرەکانی گەلەکەی ئەوانەی (کافر) بوون و باوەڕیان نەهێنابوو گووتیان ﴿إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾﴾ أي نَراكَ في خفة علمٍ وسخافة عقلٍ وإنّنا لنظُنّكَ مِنَ الكَاذبينَ في ادعائِكَ الرسّالة، واتە: ئێمە وا دەبینین کە تۆ بەکێل و نەفام و نەزان دەزانین ، چونکە مرۆڤێکی سووك و بێ عەقڵی، ئێمە وا گومان و مەزەندە دەکەین کە تۆ درۆ دەکەی و پێغەمبەر نیت ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٧﴾﴾ (أيْ لَيْسَ بي كَما تَزْعَمُونَ نَقْصٌ في العَقْلِ ولكنّي مرسَلٌ إلَيْكُمْ بالهدايةِ مِنْ ربّ العالمين)، واتە: حەزرەتی هوودیش پێی گوتن ئەی گەلی خۆم من خەلەفاوو گێل و بێ عەقڵ نیم هەروەکو وا گومان ئەبەن، بەڕاستی من لەلایەن پەروەردگاری جیهانەکانەوە بە پێغەمبەریەتی نێردراوم بۆلای ئێوەو بە ڕێنموێنی و (هیدایەت) هەتا ڕێگەی خوداتان بۆ روون بکەمەوە ﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾﴾ أي أُبَلِغُكُمْ أوامر اللهِ وأنا ناصحٌ لَكُمْ فيما أدْعُكُمْ إليهِ أمينٌ عَلَى ما أقولُ ولاَ أكْذِبُ فيهِ، واتە: بێگومان من نێرراوم بۆ ئەوەی فەرمایشتەکانی پەروەردگارتان پێ ڕابگەیەنم، وە هەروەها دڵنیاش بن کە من

ئامۆژگارێکی ئەمین و دڵسۆزم بۆ ئێوه، وه جێگەی ئەوه نیم که گومانی ناپاکیم پێ ببرێ وه یان درۆ بکەم له پەیامەکەم، جا بێگومان مەبەستم خۆشی و کامەرانی ئێوەیە لەهەردوو جیهاندا، ﴿ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ ﴾ أي لاتَعْجَبُوا أن بَعَثَ اللهُ إليكُمْ رَسُولاً مِنْ أنْفُسِكُم ليُنذركم لقاءَ اللهِ ويُخَوِّفكُم عَذابه، واته: ئەی ئێوه بۆچی پێتان (عەجایب) و سەیره که لەلایەن پەروەردگارتانەوه گرنگیتان پێ بدرێت و کەسێك لەخۆتان هەڵبژێردرێت و بێدارتان بکاتەوه بۆ (لیقائی) خودا ، هەروەها راستیەکانتان بۆ روون بکاتەوه، وه بۆ ئەوه لەقاری خوا بتانترسێنێ؟ ﴿ وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ ﴾ أي أذكروا نِعمةَ اللهِ حِينَ اسْتَخْلَفَكُمْ في الأرضِ بَعْدَ إهلاكِ قومِ نوحٍ، واته: لەبیرتان نەچێت و ئەوەتان لەیاد بێت که خوای گەوره لەدوای (قەومی) نووح ئێوەی جێنشین کرد که خۆتان دەزانن چۆن لەناوبران و بەچی لەناوچوون، ئەوجا خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ وَزَادَكُمْ فِى ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً ﴾ أي زادَ في أجسامِكُمْ قُوَّةً وضَخامة، واته: بیر لەوه بکەنەوه که چۆن لەش و قیافەی ئێوەی لەهی خەڵکی تر جەستەی گەورەو بەرزوو بەخۆوەو بەهێزتر کردووه، ﴿ فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ أي اذكروا نِعَم اللهِ عَليكُمْ كي تُفلِحُوا او تَفُوزُوا بالسّعادَةِ، واته: ئێوه بەراستی هەق وایه هەمیشه یادی نازو

نیعمەتـەکانی خـوای گـەورە بکەنـەوە کـە بەخـشیویەتی پێتـان بەشـکو سەربەرزو بەختیارو سەرفراز بین، ﴿ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا ۖ ﴾ أي أجئتنا يا هود تَتَوعدنا بالعذاب كي نَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ وَنَهجر عبادة الآلِهَة وَالأصنامِ وَنَتَبرأُ مِنْهَا؟، واتـە: قەومەکەی هود پێغەمبەر پێیان گووت ئایە تۆ بۆیە بۆمان هـاتووی تـاکو خوا بەتەنها بپەرستین و بەس واز لەو هەموو بت و شتانە بێنین کە بـاوك و باپیرانمان دەیپەرستن جا دڵنیابە ئێمە واز لە ئایینی باوك و باپیرانمـان نـــاهێنین، ﴿ فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٧٠﴾ ﴾ أي فأتِنَا بِمَا تَعِدُنَا بِهِ مِنَ العَذابِ فَلَنْ نُؤمِنَ لَكَ إن كنْتَ مِنَ الصَّادقين في قَوْلِكَ، واتە: ئەی هوود ئەو هەڕەشەی کە لێمان ئەکـەیت کـە گوایـە سـزا دەدرێن و ئەمان ترسێنی بەهاتنی ئەو شتە ئادەی ئەو (عەزاب) و سـزایە بهێنــەدی ئەگــەر تــۆ لــەو کەســانەی کــە راســتگۆن و قــسەی خۆیــان دەبەنەسەر ، ئەگەر تۆ راست دەکەی و پێغەمبەری چی دەبێ بابێ، جا خــوای گــەورە دەفــەرموێت لەســەر زبــانی هــوود: ﴿ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ ۖ ﴾ أي وَقَــد حَــلَ بِكُــمْ عــذابٌ وَغضَبٌ مِنَ اللهِ، واتە: حەزرەتی هوود فەرمووی مادام وایە ئەوە بێگومان ئێوە تووڕەبوون و خەشم و قینی پەروەردگارتان لەسەر خۆتان مۆسکەر کردووە، ﴿ أَتُجَٰدِلُونَنِى فِىٓ أَسْمَآءٍ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّا

نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍۚ ﴾ أي أتخَاصَمُونَني في أصْنامٍ لا تَضرُّوا ولاَ تَنْفَع ما أنْزَلَ الله بِعبادَتِها مِنْ حُجّةٍ أو برهان، واته: زۆر سەیرە ئێوە (موجادەلە)و دەمەدەمێم لەگەڵدا دەکەن لەسەر چەند (بتێك) کە هەریەکە لە ئێوەو باوك و باپیرەتان ناوێکتان لێ ناون بێ ئەوەی هیچ قازانج یان زەرەرو زیانێکتان بەدەست بێت ئەوجا ئێوە دەیانپەرستن، وە لەلایەن خوداشەوە هیچ بەڵگەیەکتان بۆ دانراوە تا ئەوانە بپەرستن، ﴿فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾ ﴾ أي فانْتَظِرُوا نزُولَ العَذابِ إني مِنَ المُنْتَظِرينَ لَمَا يحلُّ بِكُمْ وهذا غايةُ الوعيدِ وَالتّهديدِ، واته: ئێوە چاوەڕوانی هاتنی (عەزابەکە یان سزاکە بن و چونکە بێ گومان یان سزاکە بن چونکە بێگومان دێت و ناگەڕێتەوە (چونکە خۆتان پەلەی هاتنی دەکەن و دەڵێن دە بۆمان بێنە) ئەوجا ئێوە چاوەڕێی بکەن، وە منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێی دەکەم ، تاکو ئەو (عەزابە) دێت، جا بێگومان (عەزابەکە) لەکاتی خۆیدا هاتە سەریان چونکە خۆیان موستەحەقی ئەو عەزابە کردبوو، ﴿ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا ﴾ أي أنْجَينا هُوداً وَالذّينَ مَعَهُ مِنَ المُؤمنِين رَحْمةً مِنّا لهم، واته: ئەوجا ئێمە هوود پێغەمبەرمان و ئەوانەی کە لەگەڵ بوون رزگارمان کردن بە میهرەبانیەکی گەورەو گرنگ لەلایەن خۆمانەوە ﴿وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ ﴾ أي اسْتَأصلنَاهُمْ بالريّحِ العقيم فَما بَقِي مِنْهُم أحدٌ، واته: ئەوانەشیان کە بەڵگەو ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستەوەو

خوانەناس بوون ئێمەش سزای سەختمان بۆ ناردن و دوا بڕاومان کردن، وە هەموویانمان بە بایەکی توندی فەوتێنەر لەناوبرد و تاقیان لێ نەما، ﴿وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ ۝٧٢﴾ أي كذبوا ولَمْ يؤمِنُوا فاستَحقُوا العَذاب، واتە: ئەوانە لە ئیمانداران و باوەڕداران نەبوون ئینجا بەهۆی ئەم دوو ڕەوشتە ناپەسەندەیان شیاوی عەزابی خودا هاتن.

(**پاشکۆ**)

لەزۆربەی پەرتوکەکانی (قصص الأنبیاء) دا ئەڵێ پاش ئەم هەڕەشەی حەزرتی (هوود) خوا سێ ساڵ بارانی لە (قەومی) هوود گرتەوە لەپاشان هەورێکی ڕەش و گەورەی نارده سەریان، جا ئەوان گومانیان وابوو ئەبێ بەهۆی بارانێکی وەها بە (ڕەحمەت) کە دنیا بژێنێتەوە کەچی بوو بە بایەکی توندی سەختی وێرانکەری خاوەن گرم و هۆڕ ئینجا ئەو زەلامە (کافرو) بێ ئیمانانەی هەڵدەگرت و لەزەوی بەرزی دەکردنەوە پاشان سەراوبن فڕێی دەدانەوە سەر زەوی و سەریان لەجەستەیان جیا دەبۆوە تا هەموویانی تەفرو تونا کردن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُواْ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ﴾ سورەتی (ئەحقاف)، ئایەتی/٢٥.

واتە: بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی هەموو شتێك لەناو دەباو تێکئەشکێنی چونکە کاتێك کەئەو بایە هاتو خۆیان و سەروەت و ماڵ سامانی لەناوبردن وهیچ شتێکیان نەماو دوای بڕین تەنها خانوو ماڵو ئاسەواریان نەبێت.

(داستان و چیرۆکی صالح پێغەمبەر (ع) بەکورتی)[1]

ئینجا خوای گەورە دچێتە سەر داستان و چیرۆکی پێغەمبەر (صالح) و گەلی سەموود و ئەفەرمووێ: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ يعني وأرسلنا إلى القَومِ المرُوفِ بِأسمِ جَدّهِمْ الأعْلَى، أي وَحّدوا اللهَ ولاَ تُشْكوا بِهِ، واتە: بۆلای قەومی سەمودیش برای خۆیانمان ناردە لای سەموود[2]، یان رەوانمان کردوو ناردمان بۆلای ئەو (طائیفة) سەموودە کەوا ناودارن بەناوی باپیرە گەورەیان [3]، ئینجا براکەیان کە صالح پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێبێت) لە (نەسەب) و نەژاد ئەویش وەك (نووح و هوود) رەوانەمان کردە سەر گەلەکەیدا ئینجا صالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) پێی ووتن ئەی گەلەکەم تەنها خوا بپەرستن و هەر بەندایەتی بۆ ئەو بکەن جگە لەو خودایەکی ترتان نیە، جا مادام وایە بەتاك و تەنیایی بیپەرستن و دایبنێن ، (شەریك) و هاوەڵی بۆ دامەنێن.

---

(1) صالح پێغەمبەر (ع) کوڕی (عبید)ە کوڕی (أسف)ە کوڕی (ماشخ)ە کوڕی (عبیدە) کوڕی (حاذر)ە کوڕی (ثمود)ە، (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم زاتە نۆ جار ناوی پیرۆزی هاتووە لە قورئاندا، بڕوانە (تەفسیری بەغەوی)، بڕوانە تەفسیری المنیر، بەرگی/٤، لاپەڕە/٣٨٠.

(2) زانایانی (تەفسیر) ئەفەرموون (سەموود) کوڕی (عاسیرە) کوڕی (ئیرەمی) کوڕی (سامی) کوڕی نووحە (علیە السلام).

(3) سەموود برای (جدیسە) و لە (قەبیلەیەك) بوون ئەوکاتە لە وولاتی (حیجر) دا لەنێوان (حیجازو شامدا) دائەنیشتن، بڕوانە التفسیر الواضح المُیسر، لاپەڕە/٣٨٠.

(سەرنجێکی گرنگ)

زۆربەی (موفەسیران) و مێژوو نووسان ئەڵێن (قەومی ثمود)، هۆزی صالح پێغەمبەرن لەدوای (هۆزی عاد) هاتونەتە ئەوێ لەوێ نیشتەجێ بوونە، جێگاو مەسکەنیان لە هەرێمی (حیجر) بووە کە ئەکەوێتە نێوان (حیجازو شام) و دەوروبەری (مەککە) چونکە (مەدائینی) صالح پێغەمبەر تا ئێستاکەش ئاسارو شوێنەواری هەر ماوەو بە (فَجُّ النَاقة) [1] مەشهوورە، چونکە حیجری ثمود کەوتۆتە باکوری رۆژهەڵاتی خاکی مەدیەن جا بێگومان سیرەت نووسەکان[2]، ئەگێڕنەوە کەوا حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەساڵی نۆیەمی کۆچیدا تەشریفی دەچوو بۆ غەزوەی تەبووك ، ئینجا بەسەر شوێنەواری (قەومی ثمود) دا تێپەڕی جا بێگومان کە سوپای ئیسلام گەیشتە شوێنێك پێیان دەگووت (حیجر) واتە شوێنەواری هۆزی سەموود، وەك خوای گەورە لە قورئاندا بۆمان دەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێ: ﴿وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُوا۟ ٱلصَّخْرَ بِٱلْوَادِ﴾ سورەتی/ الفجر/ ئایەتی/٩، واتە: ئایە نەتزانیوە (قەومی) سەموودیش خوا چی لێ کردوون ئەوانە لە دۆڵ و شیوەکانەوە بەردیان دەتاشی و دەیانگواستەوە قەدی چیاکان و لەوێ خانوویان دروست دەکرد؟ چونکە بەڕاستی کەلاوەو خانووەکانیان هەرمابوو ئەوجا سوپای

---

(1) بڕوانە: التفسیر المنیر في العقیدة والشریعة والمنهج، لە نووسینی (دکتور وهبە الزحیلی)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٦٣٩.

(2) بڕوانە سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر لە نووسینی (عبدالرحمن ملا طه عبدالعزیز) بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٤٢، چاپخانەی رۆژهەلات، کوردستان.

موسڵمانان دابەزین ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێدان نەچنە ناو خانووەکانیان و وە دڵخۆشی پیشان نەدەن بەڵکو بەچاوێکی مەترسی و ماتەمی پێیدا بڕوانن و (پەند) وەربگرن لەوانەی کە بێ فەرمانی خوایان کردووە بە کارەسات و سزا ڕۆیشتوون ئەو شوێنانە شوێنی پەندو (عیبرەت) وەرگرتنە، جا هەروەکو لە پەرتووکی بوخاری و موسلیم دا هاتووە ئەگێڕنەوە لە ئیبن و عومەرەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر بەلای (حیجردا) تێپەڕی فەرمووی هەرگیز مەچنە ناو ماڵ و حاڵی کەسانێك کە ستەم و زوڵمیان لەخۆیان کردووەو نەبادا تووشی سزای ئەوان بن مەگەر بەگریانەوە بڕوانە پاشان حەزرەت (ﷺ) سەری پیرۆزی داپۆشی و بەپەلە ڕۆیی و لە شیوەکە دەرباز بوون، وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمووێت لە (وادی القری) خەڵکی لە بیرەکەوە ئەویان لێ هەڵێنجابوو و کە یارانی ڕۆیشتنەوە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەو ئاوە مەخۆنەوەو دەستنوێژیشی لێ هەڵمەگرن و ئەوشی کە تێکەڵاوی هەویرتان کردووە بیدەنە ووشترەکانتان و هیچی لێ مەخۆن ئینجا حەزرەت (ﷺ) فەرمانی پێدان لەو بیرە بخۆنەوە کە ووشترەکەی صاڵح پێغەمبەر لێی خواردەوە[1].

---

(1) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(قەومی سەموود داوای ووشترەکەیان لە صالح پێغەمبەر (ع) کرد)

جا هەروەها زۆرێك لە (موفەسیرەکان) لە تەفسیرەکانیاندا [1]، ئەم رووداوە ئەگێڕنەوە کە ئەویش ئەوەبوو (قەومی سەمود)، داوایان لە حەزرەتی صالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) کرد کە بەڵگەو نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتی خۆی نیشان بدا، ئینجا بەردێکی رەق و تەقیان دەستنیشانکرد ووتیان لەو بەردە گەورەیە (حوشترێکمان) بۆ دروست بکە ئێمە ئەوکاتە بڕوات پێ دەکەین ئینجا ئەو بەردەشیان دیاریکردبوو لەتەك کێوێك بوو هەروەها بەردێکی تەنیابوو لەناوچەی حیجر دا (الكائبه) یان پێ دەگووت ئینجا داوایان لێ کرد کە لەو بەردە (حوشترێکی) ئاوسیان بۆ دەربێنێ و بەفەرمانی خوا ئەوجا حەزرەتی صالح وادەو بەڵێنی لێ وەرگرتن کە ئەگەر خودا ئەمەیان بۆ بێنێتەدی یەکسەر ئیمان و باوەڕی پێ دەهێنن ئینجا کاتێ ئەو بەڵێن و پەیمانەیان پێدا لەسەر ئەوە، ئەوجا صالح پێغەمبەر (ع) هەڵساو دوو رکات نوێژی سوننەتی پێغەمبەرانی کردو لەخوای گەورە پاڕایەوە و ئینجا داوای جێبەجێ کردنی داواکەیانی کرد، ئینجا بەردەکە بە فەرمانی خوا جوولەی پێکەوت و پاشان درزی بردو شەق بوو بەفەرمانی خوا

---

(1) بڕوانە ئەم سەرچاوانە (تفسير الوسيط) للواحيدي، ١/٢٢٠، جامع البيان للإمام الطبري/٨/٢٢٤، وابن كثير /٢/٢٥٤، زاد المسير، ابن الجوزي/٣/٢٢٤، الماوردي في تفسيره /٢/٢٣٥، تفسير بحر العلوم للسمرقندي/١/٥٥١، تفسير الخازن/٢/٢٢٢، بڕوانە: (تفسير البسيط) لابى الحسن بن احمد محمد الواحيدى، بەرگی/٩،

وشترێکی سك پڕ بەژانەوە بێچوەکەی لە سگکدا دەجولاو هاتەدەرێ و، ئەوەش (موعجیزەیەکی) پێغەمبەرانەو کە خوای مەزن بۆیانی ئەنجام ئەدا بە (ئەمرو) فەرمانی (کون فیکون) ی جا بێگومان هەندێ بت پەرستان ئیمان وباوەڕیان هێناو، هەندێکیان لەسەر (کوفر) و خوانەناسی و مانەوەو ئینجا (حوشترەکە) پاش ئەوەی بێچووەکەی لێ جیابۆوە، بووە فەرخە ووشترێك، رۆژێك تا ئێوارێ کانیەکە بۆ ئەوان بوو لێیان دەخواردەوە هەروەها رۆژێکیش بۆ قەومی (سەموود) لە کانیەکەیان ئەخواردەوە، جا ئەو رۆژەی کە ووشترەکە ئاوی کانیەکەی ئەخواردەوە ئەوان شیرەکەیان ئەدۆشی هەموو کۆتەك و قاپ و شتومەکیان لێ پڕدەکردوو شیرو دۆیەکەیان دەخواردەوە، هەروەکو لەچەند ئایەتێکی تردا خوای گەورە ئامازەی بۆ کردووە[1]، جا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتی پێشوو هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ أي مُعْجِزَةٌ ظاهِرةٌ جليلةٌ تَدلُّ عَلَى صِحَةِ نُبُوتي، واتە: بێگومان بەڕاستی هاتووە بۆتان (موعجیزە)و بەڵگەیەکی روون ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرێتی یەکەم لەلایەن پەروەردگارتانەوە، چونکە بێگومان ئەوا نیشانەو کاری لەتوانا بەدەرە

---

(1) هەروەکو لەم ئایەتەدا ئەفەرمووێ: ﴿ وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَآءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ ﴾ سورەتی (القمر) ئایەتی/٢٨، وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ: ﴿ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴾ سورەتی الشعراء، ئایەتی/١٥٥.

لـە پەروەردگارتانـەوە بۆتـان هـات، واتـە: ئەمـە بەدەسـت مـن نیـەو بەدەسـەڵاتی خودایـە[1]، ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗ﴾ أي هـذه ناقةُ الله لَكُمْ آيةٌ مُعْجِزة، وإنَما أضاف الناقة إلى اللهِ تعظيماً لشأنها وتكريماً هذه الناقة آية لَكُم يا بني ثمود عَلى صِدْقي كما طَلَبْتُم، واتـە: ئەمـە حوشترەکەی خوایە، ئەوە بەڵگەو نیشانەو (موعجیزەی) خوایە بـۆ ئێـوە یان ئەمە (حوشتری) خودایە، واتە حوشترەکە وە پاڵ خودا دراوە، ئەوە بۆ ڕێزو قـەدر زانـین و گرنگـی پێدانـە، چـونکە ئـەو حوشـترە بەشـێوەی موعجیزە هاتووە بۆ ئێوە ئەی هـۆزو گـەلی سـەموود تایبەتـە بـۆ ئێـوە ، وەکـو خۆتـان داواتـان کردبـوو، وە هـەروەها ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ڕاسـتی پێغەمبەرایـەتی مـن، جا بێگومـان بـەکورتی بەڵگەیـەکی ڕوون و ئاشکرا بوو لەسەر پێغەمبەرێتی یەکەی من، ئەوجا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مادەم ئەو حوشترە موعجیزەیە ئینجا پێویستە دەستی بـۆ نـەبردرێ بـە خراپــەو دەسـتدرێژی نەکەنــە سـەری، وە هــەروەها خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِۖ﴾ أي أتركوها تأكل مِنْ رزق رَبِّهَا، واتە: وازی لێبێنن بـا بلـەوەڕێت لـە خـاك و ئـەرزی خـوداو بـە ئازادی بژی و بچەرێت ، چونکە ئـەو حوشـترە خێـرو بەرەکەتـە بۆتـان و

---

(1) زۆرێك لە زانایان ئەفەرموون هەموو (موعجیزەکانی) تری پێغەمبەران هیچ دەخڵ و دەسەڵاتی ئەوانی تێدا نەبووە، هەروەها کەرامەتێك کە خودا دابێتی بە پیاوچاکان هیچ دەسەڵاتی ئەوانی تێدانیەو نەبووە، چونکە هەندێ لە نەزانەکان ئەڵێن و گومانیان وایەو وابردووە ئەڵێن ئەو کەرامەتانە بەدەست و ئارەزووی خۆیانە، بەڵام ئێمەش لەوەڵامدا ئەڵێن کەرامەت بەهرەیەکەو خوا بەپیاو چاکان ئەیبەخشێ.

شیرەکەشی بە فەرمانی خوا بەشی هەمووتان ئەکاو ﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٧٣﴾﴾ أي لا تتعرضُوا لَهَا بشيءٍ من السُّوءِ أصلاً إكراماً لَهَا لأنها آية اللهِ وَالعذاب الأليم هو ما حَلَّ بِهم حين عقرُوهَا، واتە: نەکەن زیانی پێ بگەیەنن و ئازاری بدەن و نە بەسەر بڕین و نە بەلێدان و نە بەراونانی بەهیچ شێوەیەك زیانتان بۆی نەبێ و دەستی بۆ مەبەن، پێویستە ڕێزی لێ بگرن و چونکە ئەوە (حوشترێکە) بەلگەو موعجیزەیە بۆ ئێوە، ئەگینا دوایی تووشی ئێوە ئەبێ سزایەکی زۆر گەورەیە بەهۆی ئازاردانی ئەو حوشترە بەتایبەتی چ بە کوشتنی یا سەربڕینی، دوایی لە پاشان سالح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) فەرمووی: ﴿وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ عَادٖ﴾ أي خُلفاءَ في الأرض، واتە: لەبیرتان بێت لەدوایی لەناوچوونی قەومی (عاد) کە خوای مێهرەبان ئێوەی خەلیفەو جێنشینی ئەوان ﴿وَبَوَّأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورٗا﴾ أي أسكنَكُمْ في أرْضِ الْحِجرِ في سهولِها قصُوراً رَفيعة، واتە: لەسەر زەویدا کە ئێوە لەناو شوێنە دەشتاییەکاندا قەسرو کۆشك و باڵەخانەتان درووست دەکرد لەناو خاکی حیجردا کۆشك و بینای بەرز بەرز ﴿وَتَنۡحِتُونَ ٱلۡجِبَالَ بُيُوتٗا﴾ أي إتخَذُوا الْبيُوتَ في الجبالِ تسكنونها في الشّتاءِ، واتە: لە شاخ و کێوەکانیشدا خانوو دەتاشن و هەڵیان دەکۆڵن و تێیدا نیشتەجێ دەبن بەتایبەتی لە زستانا، چونکە خانووی ناو کێوەکان لەبەر باران زوو

ئـــەڕوخان و لافــاو ئــەیبرد، بـــەلاّم شــاخەکانیان ئــەسمی و هیــچی لــێ نـــەدەهات، ﴿فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ﴿٧٤﴾﴾ أي أذكرُوا نِعمَ اللهِ عَلَيكُمْ وَأشكرُوه عَلَى ما تفضّل بهِ وَلا تَعثُوا في الأرض فساداً، واته: ئێوه بەردەوام زیکرو یادی نازو نیعمەتەکانی خـوای گەورە بکەن پێویستە لەسەرتان تۆوی ئاژاوەو خراپە مەچێنن لەزەویـدا بـه بـەدخویی مـەژین، ﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِمَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُمۡ﴾ أي قـــالَ الأشــرافُ الرّؤســـاءُ المستكبرُونَ مـن قَـوم صَـالحَ لِلمُـؤمنين المُسْتَـضْعَفِينَ مـن أتبـاع نـبيُّ الله صالح (علیه السلام) واته: ئەوانەی کە خۆیان بەگـەورەو سـەرۆك ئـەزانن ووتیـان بـە وانـەی کـە بـە لاوازو ژێـر دەسـتە دانرابـوون (لەگـەڵ قەومـە ئیمانـدارەکانی صــاڵح پێغەمبــەر) ئـەیانگووت بەکەسـانی کـە بڕوایـان هێنـابوو بـە صـاڵح پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لێبێـت)، ﴿أَتَعۡلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحٗا مُّرۡسَلٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ﴾ أي أنّ اللهَ أرسَـلهُ إلينـا وإلَـيكُمْ وهـذا قالوه على سبيل السُخْرِيَةِ والإستهْزاءَ، واته: ئایە ئێوە دەزانن و باوەڕتان وایــە کــە ســاڵح لەلایــەن پەروەردگاریــەوە نێررابــێ؟ دیـارە بـۆ گاڵتــەو قەشمەری پێ کردن ئـەم قـسەیە دەکـەن ﴿قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلَ بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ﴿٧٥﴾﴾ واته: ئەوانیش گوتیان بەڵێ بەڕاستی ئێمـە بـەوەی کـە صـاڵح پێـی نێـردراوە ئیمانیــان هەیــەو بــاوەڕدارین (کـە بڕیـارو

فەرمانــەكانی خودایــە) هــیچ شــك و گومــانی تیانیــە، خــوای گــەورە ئەفـــــەرمووێ: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِيٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ٧٦﴾ أي قَالَ رؤساؤُهم الذين تعظموا عَنْ الإيمان بـصالحٍ إنا بالذي صدقتُم بِهِ مِنْ رسالتِه جاحِدُونَ، واتە: ئەوانەی كافرو بـیٚ بـاوەڕ بـوون خۆیـان بەدەسـەڵاتدار دەزانـی و لـووت بـەرز بـوون بـەوانی تریـان گـووت بـەخاوەن باوەڕەكـان ئـەوەی ئێـوە باوەڕتـان پـیٚ هێنـاوە ئێمـە باوەڕمان پیٚ نیە، مەبەستیان صاڵح پێغەمبەر بوو، ووتیان ئێمە (كافرو) بـیٚ بـڕواین بـە پێغەمبەرایـەتی صـاڵح و هـەرگیز بـڕوای پـیٚ ناكـەین، ﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوۡاْ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِمۡ﴾ أي نَحَـرُوا النَاقـةَ واسـتَكْبَرُوا عَنْ إمْتِثال أمرْ اللهِ، واتە: ئەو خاوەن دەسەڵاتەو خۆ بەگـەورە زانـە (ئـەو كافرو بیٚ باوەڕانە) هەڵستان پیلانیان گێڕاوە حوشـترەكەیان سـەربڕی و پەلپەلكردو كوشتیان، وە لە فەرمانی خوای پەروەردگاریان دەرچـوون و یــــاخی بــــوون، ﴿وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧٧﴾ أي جئْنَا يا صالحُ بِمَا تَعدُنا من العذابِ الـذّي يتَخَوفنـا بهِ إن كُنتَ رَسُولاً حَقّاً قَالُوا ذلك إسْتِهزاءً بِهِ، واتە: بەحەزرەتی صـاڵحیان گـووت و بانگیـان لـیٚ كـردو ووتیـان ئـەی صـاڵح ئـەوەی هەڕەشـەی پـیٚ دەكەیت لێمان ئەگەر راست دەكەیت كە دەڵێی من پێغەمبەرم بابێتـەجیٚ و یانی بیهێنـەدی واتـە: ئەمـەیان پـیٚ گـووت بـە گاڵتـەو قەشمـەری، جا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴿٧٨﴾ ﴾ أي أخَذَتْهُم الزلزلة الشديدةَ فصارُوا في منازلهم هامدينَ موتى لا حِراك بهم أي مَيتينَ قَدْ هَمدُوا رماداً جُثُوماً[١]، واتە: دوای کوشتنی حوشترەکە دەنگێکی زۆر گەورە زەوی لەرزاند و بەهۆی بومەلەرزەیەکی سەخت و بەهێز لێی دان و زەندەقی بردن هەناوی بڕین و سوتاندنی و هەر کەسە لەعاست خۆی کەپو کوڕ کەوت و هەموویانی بەچۆکدا هێناو لەناوی بردن.

(ئاگاداریيەك)

زانایان ئەفەرموون هۆی پەیدابوونی ئەم بومەلەرزەو گرمەو ناڵەیە لێك کەوتنی کارەبایی زەوی بە کارەبایی هەوا بووە کە لەناو هەوردا هەیەو هەورە بروسکەی لێ پەیدا دەبێ[٢]، ﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ ﴿٧٩﴾ ﴾ أي أدْبَرَ عَنْهُمْ صالح بَعْدَ هلاكِهمْ ومشاهدة ما جرى عليهم، واتە: حەزرەتی صالح (سەلامی خوای لێبێت) پشتی تێ کردن و لێیان دوورکەوتەوە، ئەوجا پاش ئەوەی سەرەنجام و فەوتانی گەلەکەی خۆی

---

(1) هەروەکو لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەردەکەوێ ئەفەرمووێ: قوله تعالى: ﴿ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ ﴾أيْ أخذَتْهُم الزّلزلةُ ثُم صَيْحَةُ جُبرَئيلَ (عليه السلام).

(2) بڕوانە: تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بەرگی چوارەم، لاپەڕە/٥٤٥.

بەچاوی خۆی بینی و بەلاّم بەداخ و پەژارەیەکەوە فەرمووی ئەی گەلە فەوتاوو تیاچووەکە بەڕاستی من پەیامی پەروەردگاری خۆمم پیّ ڕاگەیاندن هەتاکو ئیّوە ئیمانم پیّ بیّنن وە هەڕەشەی تووش بوونی ئەم ڕۆژەم لیّکردن بەلاّم ئیّوە گویّتان نەدامیّ چونکە بیّگومان ئیّوە (قەومیّکن) ئامۆژگاریتان خۆش ناویّ هەتا خۆتان تووشی ئەو سزایە کردو ئیّوە بەزووترین کات لەناو دەچن.

(پاشکۆ)

ئەگیّڕنەوە کاتیّ هەواڵی کوشتنی ووشترەکە گەیشتەوە بە حەزرەتی صالح پیّغەمبەر (ع) ئیتر بە گریانەوە هاتە ناویان ئەوانیش دەهاتنە لای و عوزرو بەهانەیان ئەهیّناوەو داوای لیّبوردنیان لیّ دەکرد و دەیانگوت ئەوە کاری پیاوانی ئیّمە نیەو بەلّکو کاری نەفام و منالّ و نەزانەکانە ئەم کارەیان ئەنجامداوە، بەلاّم واش نەبوو، جا بیّگومان ئەوەبوو حەزرەتی صالح پیّی فەرموون ﴿فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ﴾ سورەتی/ هود/ ئایەتی/٦٥، واتە: حەزرەتی صالح فەرمووی پیّی گووتن تا سیّ ڕۆژی دی رابویّرن ئینجا لەپاشان خۆتان دەبیننـــــەوە ﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ﴾ سورەتی/ هود، ئایەتی/٦٦، واتە: قورئان ئەفەرموویّ: خوا دەفەرمویّ: کاتیّ بە فەرمان و ئەمری ئیّمە (بەلاّ نازل) بوو ئەمرو فەرمانمان کرد بە حەزرەتی صالح و موسلّمانەکان لەو جیّگایە دوورمەکەونەوەو ئیّمەش نەجاتمان دان، بەلاّم خوای گەورە دەفەرمویّت: ﴿وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ

ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴾ ئــەوجا بــەدەنگێکی زۆر بەرزو نەعرەتیەکی حەزرەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێبێت) تـەواوی (کافرەکان) مردن و دڵیان لەت بوو و سووتان، بـەدۆزەخ شـادبوون هـەتا هەتایێ لـەو ناخۆشـیە دەمێننـەوە (خـوا پـەنامان بـێ) ئـەوجا لەپاشـان حەزرەتی صالح و موسڵمانەکان کۆچیان کرد بۆ وڵاتی شـام و حـەزرەتی صالح (ع) لەتەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا وەفاتی کردووە [1].

(داستان و چیرۆکی لوط پێغەمبەر (ع) بەکورتی) [2]،

جا بێگومان ئەمە چوارەم چیرۆکە لە داسـتانی پێغەمبـەران (سـەلامی خوایان لێبێت) لەوەپێش چیرۆك و داستانی حەزرەتی (نووح و (هـوود) و (صالح) ی گێڕاوە ئینجا هاتە سەر داستانی لوط پێغەمبەر و بەسەرهاتی لەگەڵ گەلەکەی، ئینجا چەرخ و سەردەمی حەزرەتی ئیـبراهیم (سـەلامی خوای لێبێـت) دێتـە پێـشەوە، بـەڵام لێرەدا باسـی چـیرۆك و داسـتان و

---

(1) بەڵام مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی (مودەریس) .لە تەفسیری (مواهب الرحمن) دا ئەفەرمووی: (روایەت) کراوە لە حەدیسدا ئەوکاتە کە صالح پێغەمبەر (ع) بە قەومەکەی گووت ئەو جێگەو زەویەی کە خوا (غەزەبی) هەنارد بۆ قەومی سەموود ئێمە لێرە نابین و ئەمەوێ بچین بۆ (حەج) و ئینجا گەلەکەی ئەوەی موسڵمان بوو هەموویان لە خزمەتیدا چوون بۆ مەککە و زیارتی بەیت و هەموویان لەوێ وەفاتیان کردوو حەزرەتی صالحیش لەنزیك کەعبەدا لە گۆڕستانێ ئەوێ بەخاك سپێردرا.

(2) موفەسیرەکان ئەفەرموون (لوط) کوڕی (هارانی) کوڕی (ئازەر)ە برازای ئیبراهیم پێغەمبەرە (سەلامی خوایان لێبێت) لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا، بڕوای هێناو لەگەڵیشی چوو بۆ شام، ئەوجا خۆیشی کراوە، بە پێغەمبەرو نێردراوە بۆسەر دنیشتوانی سەدووم.

بەسەرهاتی ئەم ناکات چوونکە باس و داستانەکانی ئێرە باس و داستانی لەناوچوونی کافرو بێ بڕواکانە ئەوەی کە لێرەدا دێتە بەرچاو باسی داستانی حەزرەتی (لوط)ە کە برازای حەزرەتی ئیبراهیم بووە، جا هەروەها گەلەکەی لەناوبران بەوێنەی گەلەکانی تر کە باسکران لە پێشەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾﴾ أي وَاذكر وقت أنْ قَالَ لُوطٌ لِقَوْمِه أهلُ سدوم[1]، أتَفْعَلُونَ تِلْكَ الفعْلَة الشنيعة المتناهية في القبح التي لَم يَفْعَلْهَا أحَدٌ قَبْلَكُم، والفاحِشة هي إتيان الذكور في الأدْبارِ، واتە: لوط پێغەمبەریشمان ڕەوانەکرد بۆ سەر (قەومەکەی) واتە هۆزەکەی، واتە ئەی پێغەمبەر باسی لوتیش بکە کاتێ بەهۆزەکەی خۆی ووت ئەو کاتەی حەزرەتی (لوت) بەگەلەکەی خۆی فەرموو کە دانیشتوانی شاری (سەدوم) و دەورەبەری ئەو دێهاتانەی ئەو ناوچەیە بوون کُە لەسەر زەمینی (شام و حەلەب) بوون و هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن سەدووم لە ولاتی ئەردەن و دەوروبەری دا بووە، ئینجا خوای گەورە ڕەوانەی کردبوو بە پێغەمبەرایەتی بۆ لایان، بانگی کردن بۆلای خواپەرستنی خواو ئەوجا بەوانی فەرموو ئایە ئێوە بۆ ئەو

---

(1) یاقوت الحموی: ئەڵێ لە کتێبی (معجم البلدان) دا لەبارەی شاری سەدووم، ئەڵێ (سَدُوم) مدينة من مدائن، قوم لوط (عليه السلام) وكما ذكر الميداني في كتاب الأمثال (أن سدوم هي سرمين، بلدة من أعمال حلب، معروفة عامرة عندهم، بڕوانە پەرتوکی (معجم البلدان) لە نووسینی: (شهاب الدين ياقوت الحموى الرومى)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٣١.

کاره پیسه بێزلێکراوه ناهەمواره (فاحیشه)یه ئەکەن، ئەو کارەش ئەوەبوو له پشتەوه ئەچوونه لای پیاوان یانی (نێربازیان) ئەکرد، هەر ئەوانیش یەکەم کەس بوون ئەو بێ (ئەخلاقیەو) رەوشته پیسەیان داهێناو پەیداکرد یانی (قەوم) و میللەتێکی هەتیوباز بوون ، ئەوجا حەزرەتی (لوطیش) پێی گووتن ئەوه ئێوه ئەو کاره ناپەسەنده زێده پیس و خراپه دەکەن که کەس لەپێش ئێوه له نەوەی ئادەم له دنیادا نەیکردووه، مەگەر (شەیتان) ئێوەی فریودابێ و فێرکردبێ ئەو کاره ئەنجام بدەن[1]، ئەگێڕنەوه له وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك که خەلیفەی ئەمەویەکان و درووستکەری مزگەوتی (دیمەشق بوو) دەڵێ ئەگەر خوای گەوره ئەو کاره حیزو دزێوەی هۆزی (لوط)ی باس نەکردبا هەرگیز نەمدەزانی نێر لەگەڵ نێردا جووت دەبن، جا خوای گەوره دەفەرموێت:

﴿ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ﴾ أي إنّكُمْ لَتَأْتُونَ الرّجالَ في أدْبَارِهم شَهْوَةً وَتتركُونَ إتيانَ النّساءِ التّي أباحَ الله لَكُمْ، واتە: بێگومان ئێوه ئەچنه لای پیاوان و سواریان ئەبن لەبەر بەجێهێنانی ئارەزووی جنسی و نێرو مێی خۆتان لەباتی ژنان لەگەڵ پیاوان جووت ئەبن واته: کەی راستەو درووسته ئارەزووی جنسی خۆتان لەگەڵ نێرینەدا ئەنجام بدەن و واز له ژنانی هاوسەرتان بهێنن که خوا حەلاڵ و رەوای کردووه بۆ ئێوه.

---

(1) بڕوانه: تەفسیری (الدُور المنثور) لەدانانی (عبدالرحمن السیوطي)، بەرگی/٣، لاپەڕه/٤٩٦، بڕوانه تەفسیری (الوضح) لەدانانی،دکتۆر محمد الحجازی)بەرگی /١، ل٧٣٤.

(ئاگاداربیەك)

هەروەکو خوای گەورە ئاماژەی کردووە لە ئایەتێکی تردا هاتووە کە لوط پێغەمبەر (ع) ویستی بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست و لەو کارە پیسە دووریان بخاتەوە بۆیە فەرمووی: ﴿قَالَ هَـٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِیٓ إِن كُنتُمۡ فَـٰعِلِينَ ﴿٧١﴾﴾ سورەتی/الحجر/ ئایەتی/٧١، یانی ئەوانە کچەکانی منن چیتان دەوێ وەرن لەگەڵیان بیکەن، بەس ئەو کارە خراپەو (فاحیشەیە) مەکەن کە نێربازیە، جا با بگەڕێینەوە سەر تەواوی ئایەتەکەی پێشوو﴿بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٌ مُّسۡرِفُونَ ﴿٨١﴾﴾ أي مُتَجَاوِزُونَ عَن الحَلَالِ إِلى الحَرام، واتە: بێگومان ئێوە کەسانێکی لە سنوور دەرچوونە و ڕووتان وەرگێڕاوە لە (حەڵاڵ) و ڕووتان کردۆتە (حەرام) و قەدەغە کراوەکان[1]، چونکە کارێکی وا ئەکەن کە ئاژەڵیش نایکات، ﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوهُم مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ

---

(1) مامۆستا (نظام الدین): لە تەفسیرەکەیدا: ئەڵێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆر باوو بڵاوە بگرە لە هەندێك لەو وڵاتانەدا یاساو مۆڵەتی (ڕەسمی) پێدراوە لە دادگا پیاو (بەڕەسمی) پیاو مارە دەکات لەخۆی هەروەك چۆن ژن مارە دەکرێت، ئەوجا بێگومان هۆی بەڕەڵایی و بەدڕەوشتی یەکە ئێستا جۆرەها نەخۆشی کوشندەو ترسناك لەو وڵاتەنەدا پەیدابووە کە نەخۆشی (ئایدز) جۆرێکیانە بڕوانە تەفسیری کوڵشەن ، بەرگی/١، لاپەڕە/٣٥٢.

(٨٢) ﴿ أي مَا كانَ جَوابَهُمْ لِلُوطٍ إذْ وَبَخَهُمْ عَلَى فِعْلِهم القبيح إلاّ أنْ قالوا لَهُم بَعضَهُمْ لِبَعْضٍ أخْرِجُوا لُوطاً وَأتْبَاعه مِنْ بَلْدَتِكُم لأنَهُم أُناسٌ يَتَنَزَهُونَ عَمّا نَفْعَلُهُ نَحْن مِنْ إتيان الرِّجال في الأدبار، واتە: وەڵامی (قەومەکەی) حەزرەتی لوط هەرئەوەبوو گوتیان (لوط) و شوێن کەوتووەکانی لەشارو گوندەکانتان دەربکەن، چونکە ئەوانە چەند کەسانێکن کە خۆیان پاك و تەمیز رائەگرن جا ئەوان دەیانەوێ لەو کارە لامان بدەن ، ئەو کارەی ئێمە دەیکەین لایان پیس و خراپە لەبەر ئەوە قەومەکە ویستیان حەزرەتی (لوط) و ئەوەی لەگەڵی موسڵمان بوبوون لە شارەکەیان [1]، دەربکەن ﴿ فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ

(٨٣) ﴿ قَالَ الطبري في تفسيره [2]، أي أنْجَينا لُوطاً وَأهلَهُ المُؤمنينَ بِهِ إلا إمرأتهُ فَإنّها كَانَتْ لِلوطٍ خائنة وَباللهِ كافرة فَهَلَكَتْ مَعَ مَنْ هَلَكَ مِنْ قوك لوطٍ حِينَ جاءَهُمْ العذاب، واتە: (تەبەری) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ ئێمەش لوط پێغەمبەرو کەس و کارەکەیمان یانی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان پێ هێنابوو لەو سزاو تیاچونەدا ڕزگارمان کردن تەنیا ئافرەتەکەی نەبێ کە بڕوای نەهێناو ناپاك بوو بەرامبەر بە خواو بە حەزرەتی (لوط) (سەلامی خوای لێبێت) بۆیە لەگەڵ قەومەکەیدا مایەوەو ئینجا بە هیلاکچوو لەگەڵ گەلەکەی (لوط) ئەوکاتە لە سزادانەکەدا تیاچوو و فەوتا هەتا هەتایە هەروەکو خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ:

---

(1) والعرب تسمي: المدينة قرية، واتە: عەرەب بەشارو چارۆچکە ئەڵێ گوند.

(2) بڕوانە (جامع البيان)، تەفسیری تەبەری، بەرگی/١٢، لاپەڕە/٥٥١.

﴿ فَأَخْرَجْنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٣٥) فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٦) ﴾ سورەتی الذاريات، ئایەتی ٣٥-٣٦، واتە: کەس لەگەلەکەی ئیمان و باوەڕی پێ نەهێنا جگە لەکەس و کارەکەی واتە: منداڵ و ئەهلی خۆی، ئەوجا کە حەزرەتی (لوط) و منداڵەکانی لەشارەکە دەرچوون لەو ناوچەیەدا بە فەرمانی خودا دوور کەوتنەوە ئەمجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ﴾ أي أرْسَلْنَا عَلَيْهم نَوعاً مِنَ المطرِ عجيباً هو حِجارةٌ مِن سجيلٍ[1]، واتە: بەردمان بەسەردا باراندن بۆ لەناوبردنی ئەو (قەومە) تاوانبارە، یانی بارانێکی نائاساییمانە باراندە سەریان بەجۆرێکی زۆر (عەجیب) لەبەردی سجيل واتە لەبەردی ژەهراوی گۆگرد بەسەریاندا ڕشتن، تەفورتووناى کردن، وەکو لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ: ﴿ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ ﴾ واتە: بەقوڕی خڕی سوورەوەکراوی ڕەقی چین لەسەر چین وەکو بەردەگڵی ژەهراوی بەرد بارانمان کردن.

(سەرنجێکی گرنگ)

جا بێگومان هەروەکو (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەو تاوانبارانە سێ شتیان بەسەرهات:

١- دەنگێکی زۆر بەرز توووند لێیدان.

---

(1) والسجل ، طين طبخ بالنّار كالفخار.

٢- ڕەجم واتە بەرد باران کران لەلای خوای بەدەسەڵات.

٣- گوندەکانیان بەخۆیان دانیشتوانەوە سەروبن کران و هەپڕون بەهەپڕون کرانێ تەخت و تووناکران.

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ ﴿٨٤﴾﴾ أي فَانْظر مَنْ مَعَكَ في آخرِ أمرِ الكَافرين المُكذبين كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِم[1]، واتە: ئەی پێغەمبەر تەماشا کەو بڕوانە ئەوەی لەگەڵ تۆیەو ئیمانداره سەرنج بدەو بزانە سەرئەنجامی ئەو (کافره) درۆزنانە، یان ئەو تاوانکارو تاوانبارانە چۆن بوو و چیان بەسەرهات و چیمان لێ کردن ئەوجا بڕوانە پاشەڕۆژی (موجریمان) بە چ ئەنجامێ گەیشت؟

(**پاشکۆ**)

جا پێویستە هەموو گەل و نەتەوەیەك پەند و ئامۆژگاری لەم بەسەرهاتەی نەتەوەی (لوط) وەربگرن لەبەر ئەو سزا سەختەی کە خوای گەورە پێی (بەهیلاك) بردن و لەناوچوون، ئینجا با دەست هەڵبگرن لەو کردەوە ناشرینەو بۆگەنە چونکە حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی: (لَعَنَ اللهُ من عَمَلَ عملُ قوم (لوطٍ) وردها ثَلاثاً) رواه النسائي ، واتە: خوا نەفرەتی کردووە لە کەسانێك کە لەسەر رەفتاری نەتەوەی لوط دەڕۆن وە سێ جار لەسەر یەك ئەوەی دووبارە کردەوە،

(1) وە لەهەندێ تەفسیردا ئەفەرمووێ: (فأنظر أيّها العاقل وأعتبر بِحالِهِم، وأبتعد عَنْ أفعالِهِمْ).

وە لەفەرموودەیەکی تردا حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی (هەرکەسێکتان بینی هەڵسا بەکاری قەومی لوط (فأقتلوا الفاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ) [1]، واتە: کار کەرو کار تیاکراو بکوژن، ئیمامی شافعیش (ڕەزای خوای لێبێت) ئەفەرمووێ سەرکەوتوو بن کەوتوو بکوژرێن، بەلاّم ئیمام (ئەبو حەنیفە) لەم ئایەتەی رابردوو ئەڵێ پیاوی نێرباز دەبێ لە شاخێکەوە بەر بدرێتەوەو لەپاشانیش بەرد باران بکرێ ، بەلاّم ئیمام (شافیعی) لە فەرمودەیەکی تردا ئەڵێ ئەو جۆرە کەسانە ژنیان هێنابێ یان نا ئەبێ بەرد باران بکرێن ، بەلاّم جەماوەری فوقەهاو زاناکانی (مالیکی یەکان) و شافعیەکان و حەنبەلیەکان پێیان وایە دەبێ (حەدیان) لێ دەربکرێ چونکە خوای گەورە لە قورئاندا سزاکەی گران کردووە ئینجا دەبێ وەکو (زینا) حەدیان لێ دەربکرێ چونکە بێگومان ئەویش وەکو زینا وایە[2].

---

(1) رواه الترمذي و أبو داود، وابن ماجه، والإمام أحمد.

(2) بڕوانە پەرتوکی (تاوانە گەورەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە) لە نووسینی: (مەلا عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزیز) چاپی دووەم، لاپەڕە/٧١.

(داستان و چیرۆك[1]، بەسەرهاتی شوعەیب پێغەمبەر (ع) لەگەڵ قەومەکەیدا[2])

خوێنەوارانی ئازیزم، ئەوە (قەصەص) و چیرۆك و داستانی پێنجەمە لەبەسەرهاتی پێغەمبەران و لەدوایی باسکردنی داستانی حەزرەتی (نووح) و (هوود) و (صالح) و (لوط) و (شوعەیب) پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) کە بە (خطیب الأنبیاء) ناودار بوو، جا خوای گەورە رەونەی کردە سەر (قەومەکەی) کە دانیشتوانی هەرێمی (مەدیەن) بوون هەروەکو لەدواییدا باس ئەکەین جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ أي وَأرْسَلْنَا إلى أهْل مَدين شُعيباً داعياً إلى تَوحيد اللهِ وَعبادَتهِ) واتە: (شوعەیب)ی برایانمان بە پێغەمبەرێتی هەنارد بۆ سەر (قەومی) مەدیەن ئینجا بەهۆزەکەی خۆی گوت ئەی گەلی خۆم ئێوە بەتەنها خودای مەزن بپەرستن چونکە بێگومان لەو زیاتر خودایەکی

---

(1) مەبەست لە داستان و چیرۆکدا (قصص) و بەسەرهاتی پێغەمبەرانەو ، تاکو ئێمە (عیبرەت) و پەندی لێ وەربگرین.

(2) شوعەیب، کوڕی (میکائیلە) کوڕی (سیجر)ە کوڕی (مەدیەن) ی کوڕی حەزرەتی (ئیبراهیم) ە حەزرەتی (شوعەیب) یازدەجار ناوی لە قورئاندا هاتووە، هەروەها ئەگێڕنەوە لەم زاتەوە کە زۆر راستگۆ بووەو (موتەقی) و لە خوا ترس بووە، هەروەها (ریوایەت) کراوەو ئەڵێن (إنهُ بَكى مِن خشية اللهِ حَتى ذَهبَ بَصرهُ وصَارَ أعمى، واتە: هێندە گریاوە لەترسی خوا، هەردوو چاوی لەدەست داوە.

ترمان نیە[١]، قالَ المُفسرون ومدين[٢]، تُطلق عَلَى القبيلةِ وَعَلَى المدينةِ وَهي التّي بقرب (معان) من طريق الحجازِ وَهُمْ أصحابُ الأيكةِ، واتە: موفەسیرەکان ئەڵێن مەدیەن هەم بە (قەومەکەی) هەم بە شارەکەی ئەگوترێ کە ئەکەوێتە نزیك مەعان و لەرۆژ هەلاتی وەلاتی ئوردوندا ئەم هۆزە نیشتەجێ بوون، وە هەروەها (أصحاب الأيكة)شیان پێ دەگوترێ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ أي بُرهانٌ وَدَلالَةٌ مِنْ رَبِكُمْ عَلَى نُبوّتي، واتە: من پێغەمبەرم بۆ سەر ئێوە رەوانەکراوم بەلگەیەکی گەورەی رۆنیشتان لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆ هاتووە، یانی (موعجیزە)و بەلگەی بەهێزی بۆ ناردوون لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی من[٣]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ﴾ أي أتمُوا للّناسِ حقوقَهُمْ بالكيلِ الذّي تَكيلُونَ بهِ وَالوزن الذّي تُزنُونَ بهِ، واتە: لە پێوان و کێشانە تەواو بکەن بۆ ئەو کەسانە کە ماڵتان لێ ئەکڕن و یانی ئێوە لە کڕین و فرۆشتندا (تەرازوو بازی) مەکەن و شت بە تەواوەتی بکێشن و بپێون و هەقی خەڵکی مەخۆن ﴿وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ﴾

---

(1) جا بێگومان خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکی رەوانە کردبێ بۆسەر زەوی هەموویان فەرمانیان کردووە بەو خەڵکە کە خوا بپەرستن بەتاك و تەنیایی (شەریك) و هاوەڵی بۆ دانەنێن.

(2) بەلام هەندێ (موفسیرەکان) ئەلێن :وأما مَدْيَنَ فإنّهُ بن إبراهيمَ خليل الله (عليه السلام).

(3) دواتر موعجیزەکانی شوعەیب پێغەمبەر (ع) باس دەکەین ئەگەر خوا حەز بکات.

أي وَلاَ تَنقصوا شَيئاً مِنْ حُقُوقهم، واتـه: نرخـی شـتەكانیان دانـەبزێنن و مافی خۆی بدەنێ هەروەها شتی خەڵكی بەبێ نرخ و كەم سەیر مەكـەن، ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ أي لا تَعْمَلُوا بالمَعاصِ بَعْدَ إصْلاحِهَا ببعثَةِ الرُسُلِ، واته: خراپەو ئاژاوه بلاّو مەكەنـەوه لـەنێو زەویـدا، پـاش ئـەوەی خـوای پـەروەردگار پێغەمبـەرانی هـەناردو رێكی خست و بەرنامەی تەواوی بـۆ نـاردن ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾﴾ أي مصدّقينَ لي في قولي، واتـه: هـەر ئـەو ئامۆژگارییانه چاكتره بۆتان ئەگەر ئێوه باوەڕدارن، یـان ئەگـەر بڕواتـان هەبێ دان به وتەكانی من دابنێن و بڕوام پێ بكەن.

(ئاگادارییەك)

قالَ العلامة الزمخشري في تفسيره[1] ومن مُعجزات شعيب (عليه السلام) أنّه دفَعَ إلى موسَى (عصاهُ) وتلك العَصا حاربت التّنينَ (ضَربٌ مِنَ الحيـاة) وأيضاً قالَ لموسى إنّ هذه الأغنـام تَلِـدُ أولاداً فيهـا سـوادٌ وبيـاضٌ فكـان الأمر كما أخبر عنهُ وهذه الأحوال كانت معجـزات لِشُعيب (عليـه الـسلام) لأن موسى في ذلك الوقت مـا أدّعـى الرّسـالة، واتـه: زانـای زۆر بـەناوبانگ (عەللامــەی) زەمەخــشەری لــە تەفــسیرەكەیدا ئــەڵێت هەنــدێ لــە موعجیزەكـانی حـەزرەتی شـوعەیب (سـەلامی خـوای لێبێـت) ئـەو دار عەصاو گۆچانە بوو كە دای بە موسـا ئینجـا ئـەو گۆچانە شـەڕی لەگـەڵ عەزیاو ماری گەوره ئەكرد، وه دیـسان هـەروەها بـە مووسـای راگەیانـدو

---

(1) بڕوانه: تەفسیری (الكشّاف) للعلامة الزمخشری، بەرگی یەكەم، لاپەڕە/٥٥٨، دار المعرفه، بیروت، لبنان.

پێی ووت کە ئـەم مـەڕو بزنانـە بێـچوەکانیان بەڵـەك دەبـن واتـە ڕەش و سپیان تێدا دەبن کە بێچوەکانیان بوون ڕەش و سپی بـوون ئـەوجا ئـەم جۆرە حاڵەتانە موعجیزەبوون بۆ شوعەیب پێغەمبەر (ع) چونکە ئەوکاتە مووسـا پێغەمبــەر داوای پێغەمبەرایـەتی نـەدەکرد جـا خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ ﴾ أي لاَ تَقْعدُوا على طريقٍ تُخَوفُـونَ عَن دين اللهِ وَطاعتهِ مَنْ آمنَ باللهِ، وذلـك أنهُـمْ كَـانُوا يُخَوَفـونَ بالقتـلِ مَـن قَصد شعيباً بالإيمانِ بهِ، واتـە: لەسـەر ڕێگەکانـدا دامەنیشن و هەڕەشـە لەو کەسانە بکەن کە دێن بۆلای عەزرەتی شوعەیب و بڕوا بە خوا بێنن و وە بڕوا بە(شوعەیب) بێنن کە پێغەمبەرە واتە: وامەکەن کە خەڵك لەسەر ڕێگـای ڕاسـت بگێڕنـەوەو لابـدەن و ڕوویـان وەرگێـڕن لـە ئـاینی خـواو بەرنامەی خوا خەڵك ساردکەنەوە لـە باوەڕهێنـان بـە خـوای مـەزن یـان بیانترسـێنن بەهەڕەشــەی کوشــتن لــەو کەســانەی کــە گــوێ لــە ئامۆژگاریــەکانی (شــوعەیب) دەگــرن و بــاوەڕی پــێ دێــنن، ﴿ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا ﴾ أي تُرِيـدُونَ أنْ تَكُـونَ الـسبيل مُعَوجـة غـير مستقيمة، واتە: پێیان خۆشـە ڕێبـازی خـودا خـوارو خـێچ بکـەن چـونکە مەبەستیان ئەوەبوو کە ڕێگەی خودا بە ڕێگەیەکی چەوت و خوار دابنـێن و خــەڵکی لــێ بگێڕنــەوە، ﴿ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ ﴾ أي أحْفَظُوا نِعَمَ اللهِ عليكم إذْ كُنْتُم قَليلاً في العَدَدِ فكثـر عَدَدكُم، واتە ئێوە ئەی (قەومی) شوعەیب ئەوە بێننەوە بـیر خۆتـان کـە ژمارەتان زۆر کەم بـوو خـوا زۆری کـردوون و بوونـە گـەل و هۆزێـك خـوا

دەوڵەمەنـدی کـردن و منـاڵ و سـامانێکی زۆری پـێ بەخـشیون، ﴿وَٱنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨٦﴾﴾ أي أُنظـرُوا ما حَـلَ بالأُمَمِ السّابقة حينَ عَصوا الرُّسل كَيْفَ أَنْتَقَمَ اللهُ منهم واعتبروا بِهِمْ، واتـە: تەماشا بکەن و سەرنجیش بـدەن کـەوا سـەرئەنجامی ئەوانـەی کـە تـۆی (فەساد)و ئاژاوەو خراپە بەرپا دەکەن چۆن بوو؟ ئەوجا سـەیری گـەلانی رابـردوو بکـەن و پەنـدو عیبرەتیـان لـێ وەربگـرن، هـەروەها بـیر لـە سـەرئەنجامی گـەلی (نـووح) و (عـاد) و (سـەموود) و قـەومی (صـالح) و (لـووط) بکـەن کـە بـڕواو ئیمانیـان بـەخوای تـاك و تـەنیا نـەهێناو چـۆن بەهۆی (فەساد)و ئاژاوەو خراپەگێڕی سەر زەوی لە خودای مـەزن یـاخی بوون و بەدرۆ خستنەوەی (پێغەمبـەرەکانیان) وە بـاوەڕ پـێ نـەکردنیان خـوای گـەورە هـەمووی لـەناوبردن، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ﴾ أي إذا كـان فريـقٌ صَدّقوني فيمـا جِئْـتُهُمْ بِـهِ، واتـە: بەڕاسـتی کۆمـەڵی ئێـوە باوەڕیان هێناوە بـە شـتێکی ئـەوتۆ منـی بـۆ ڕەوانـەکراوە ڕای گەیـەنم و بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی من هێناوەو گفتوگۆی منیـان پەسـەندکردووە، ﴿وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ﴾ أي وَفَريـقٌ لَـمْ يُـصَدقُوني، واتـە: کۆمـەڵێکیش باوەڕی نەهێناوە و لەسەر بەدڕەوشتی و بێ باوەڕی دەڕۆن ﴿فَٱصْبِرُواْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾ أي فَاصْبِروا حتّى يَفْصل الله بِحُكْمِهِ العادل بَيْنَنا، وَهْـوَ خَـيرُ الفَاصِـلِينَ، واتـە: سـەبرو ئـارام بگرن تاکو خوا فەرمان لـەنێوانمان ئـەدات چـونکە خـوا باشـترینی بڕیـار دەرانە، جا بێگومان خوا چاکترین بڕیاردەرەو (حاکم)ە، واتـە: دادوەرە،

وه هەروەها مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرمووێ: (دە چاوەڕێ بکەن هەتا خودا فەرمانی خۆی دیاری بکات لەناومانا بەیارمەتی دانی (موسڵمانەکان) بەسەر (کافرەکانا) وە راستە کە خودا چاکترین فەرماندەری جیهانە لە ئاشکرا و پەنهانا[1].

*****

حەمدوو شوکرو سوپاس بۆ خودای مەزن و میهرەبان کە یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی جوزئی هەشتەم و کۆتایی پێ هات لەرێکەوتی ٤/١٠/تشرینی یەکەم /٢٠١٦ زایینی /٣/ محرم الحرام، لێ بوومەوە، وە هەروەها لەسەرەتای جوزئی نۆهەمدا، پاشماوەی بەسەرهاتی حەزرەتی (شوعەیب) و قەومەکەی تەفسیر ئەکەین (إن شاء الله تعالى) خوای گەورە یارمەیتدەرمان بێت بۆ تەفسیرو ڕاڤەکردنی هەموو (جوزئەکان) وآخر دعوانا أن الحمدُ لله رب العالمين، سُبحَان رَبِكَ رَب العِزة عَمّا يَصِفُون وَسَلاَمٌ عَلَى المُرسَلِين وَالحمدُلله رَبّ العالمين.

---

(1) بڕوانە: تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز لە دانانی مامۆستا مەلا عەبدلوکەریمی مودەریس، بەرگی سێهەم، لاپەڕە/٢٨٣.

جزئی نۆیەم

سورەتی الاعراف

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَـٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾ واته: مرۆڤە ناودارەکانی (قەومەکەی) شوعەیب ئەوانەیان کە لەناو قەومەکەیاندا دیارو بوون و خۆیان بە زل و گەورە دەزانی گووتیان ئەی (شوعەیب) ئێمە تۆش و ئەوانەشی وا لەگەڵ تۆ ئیمان و باوەڕیان هێناوە لە شارو گوندەکانمان دەرتان دەکەین یان ئەبێ بگەڕێنەوەو واز لە ئاینەکەتان بێنن و بێنەوە سەر دینی ئێمە وە لە ئاینی خۆتان پەشیمان ببنەوە، ﴿قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَـٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾﴾ مَعْنَاهُ أَتُعِيدُونَنَا فِي مِلَّتِكُمْ وَتُجْبِرُونَنَا عَلَى ذَلِكَ وَإِنْ كَرِهْنَا، واته: حەزرەتی شوعەیب ووتی باشە ئەگەر پێشمان ناخۆش بێ ئێوە هەر بەزۆر لە ئاین و دینەکەمان وەرمان دەگێڕن و لە وولآت و نیشتمانمان دەرمان دەکەن و بەتۆبزی

ئەمان گێڕنەوە بۆ میللەت و دینی خۆتان ئەوە هەرگیز شتی وا نابێ ﴿

قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا ﴾

أي إن عُدْنَا إلى دِينكُمْ بَعْدَ أنْ أنْقَذَنا اللهُ مِنهُ بالإيمانِ وَبصّرنا بالهُدى نكون مختلفين عَلَى الله أعظمُ أنواع الكَذِب وَهَذا تَيْئيس للكفَّارِ من العودة إلى دينهم، واته: ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕێبازو ئاییني ئێوە ئەوە بێگومان ماناى وایە دەبێت ئێمە درۆمان بەدەم خوداوە کردبێت پاش ئەوەی کە خودای پەروەردگار ئێمەی خستۆتە بەر میهرەبانی خۆی و لە ڕێگەی خراپەو کوفرو بێ دینی ئێمەی نەجات داو ڕزگاری کردین وە هەروەها ڕێنمایی کردین و (هیدایەتی) داین، ئەوجا بێگومان هەرگیز نابێت و ناکرێت ئێمە پەشیمان ببینەوە بۆ سەر ئاینەکەی ئێوە، مەگەر خودا خۆی ئەوەی بوێت، ئەمە بۆ نائومێد کردنیانە لە گەڕانەوە چونکە ئەوە روون و ئاشکرایە خودا ئەوەی ناوێت ﴿وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا ﴾ أي ما نَعُود فِيها إلاّ أنْ يَكُونَ في علم اللهِ ومشيئتهِ أن نعُودَ فيها، واته: قەت نابێ و ناکرێ ئێمە بۆلای ئێوە بگەڕێینەوە، مەگەر خوا بیەوێ ئێمە تووشی خراپە ببین و ڕێگامان لێ بگۆڕێ ئەوجا بێینەوە سەر بیروباوەڕی ئێوە، ئەمەش بێگومان لەخوا دوورە وامان لێ بکات، ئەوجا بێگومان هەرچی بیکەین و ئەنجامی بدەین خوا پێی ئاگادارو زانایە، ﴿وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا ﴾ أي وَسِعَ بِعلمهِ كُلّ الأشْياء وإعتمادُنَا عَلى اللهِ وَهُو الكافِي لِمَنْ توكَلَ

علیه، واته: زانست و زانیاری پەروەردگارمان دەورەی بەهەموو شتێك داوه، چونکه له راستیدا ئێمه بەتەواوی پشتمان بەخوای گەوره بەستوه، هەرچی پێمان بکات و بۆمان بکات ئێمه رازین.

(موفەسیرەکان): ئەڵێن شوعەیب پێغەمبەر (ع) گەلێ ئامۆژگاری (قەومەکەی) خۆی کرد بەڵام بێ کەلك بوو ئینجا لێیان بێ ئومێد بوو دەستی کرد به دوعاو پاڕانەوه لێیان و فەرمووی ﴿رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾﴾ أي أُحْكُمْ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ بِحُكْمِكَ الحقّ الذّي لا جَوْرَ فيهِ وَلا ظُلْمَ وَأَنْتَ خَيْرُ الحَاكمِينَ، واته: پەروەردگارمان تۆ به حەق و ڕاستی (حوکم) بکه لەنێوان ئێمەو گەلەکەماندا، چونکه حەق و ناحەق لەیەك جودا دەکەیتەوه، وه هەروەها زاڵمان بکه بەسەر بێ باوەڕانداو، چونکه تۆ لەهەموو کەسێك باشتری، وهەروەها بڕیاری تۆ دووره له زوڵم و ستەم چونکه بێگومان بەهیوای ئەوەین که دەرگەیەکمان لێ بکەیتەوه تۆ باشترین دەرگا کەرەوەی، ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعۡتُمۡ شُعَيۡبًا إِنَّكُمۡ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٩٠﴾﴾ أي قَالَ الأشرافُ من قَوْمه الفَجَرةُ الكَفَرَةُ إذا إتبعْتُم شُعيباً وأَجَبْتُمُوهُ إلى مَا يَدعُوكم إليهِ إنّكُمْ إذاً لَخاسِرُونَ، واته: مرۆڤە ناودارەکانی قەومەکەی ئەوانەی که تاوانبارو بێ باوەڕ بوون ئینجا به خەڵکەکەیان ووت هەڕەشەیان کرد له ئیمانداران و گوتیان ئەگەر ئێوه شوێنی (شوعەیب) بکەون و بەدوای دەنگیەوه بچن که بانگەوازتان بۆ

ئەكا، ئەوە چاك بزانن بەڕاستی ئێوە لە زیانبارو (خەسارەت) مەندان ئەبن ﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٩١ ﴾ أي فَاَخَتْهُمْ الزَلزَلَة العظيمة فأصْبَحُوا ميّتينَ جاثمينَ على الرّكب، واتە: بومەلەرزەو بروسكەیەكی سەخت وا گرتنی هەموویان لەناو خانوەكانی خۆیاندا بەچۆكدا هاتن و جوولەیان لیّ بڕاو مردن و لەناوچوون، هەروەك و لە سورەتی (هوودا) خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ٩٤ ﴾ سورەتی/ هود، ئایەتی/٩٤، جا خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَاۚ ﴾ أي أهْلَكَ اللهُ المُكَذبينَ كأنّهُم لَمْ يُقِمُوا فِي دِيارِهِمْ جاثمِين، واتە: ئەوانەی كە حەزرەتی شوعەیبیان بەدرۆزن دانا و باوەڕیان پیّ نەكرد، ئەوانە بێگومان هەموویان تیاچوون و دەتگوت هەرگیز لەویّ نەژیاون و پشوویان نەداوە، چونكە لە پێشدا بە باوەڕدارەكانیان دەگووت سوێند بیّ دەبیّ لەم شارەدا دەرتان كەین و یان هەمووتان لەناو ببەین و تاقتان نەهێلین، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَانُواْ هُمُ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٩٢ ﴾ أخبارٌ عَنهُمْ بالخَسارِ بَعْدَ الهَلاك والدَّمارِ، واتە: ئەوانەی حەزرەتی شوعەیبیان بەدرۆزن زانی هەر خۆیان زەرەرمەند بوون، هەمووشیان تەفرو تونابوون، (موفەسیرەكان) ئەڵێن شوعەیب پێغەمبەر زۆر دڵسۆز

بوو بۆ قەومەکەی بەڵام زۆر ئامۆژگاری کردن بێ سوود بوو[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ ۖ فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٩٣﴾ ﴾ أي فَلَما رأى العَذَابَ مُقْبِلاً عليهم أعْرَضَ عَنْهُمْ بعدَ الإياسِ منهم وَخَرَجَ مِن بينِ أظْهَرِهم أي كَيْف يَشْتَدُ جزعي عَلَى قومٍ كافرين حَلّ بهم العذابُ باستحقاقِهم لهُ بعد أن نَصَحَتْهُمْ فَلَمْ يَقْبَلُوا، واتە: حەزرەتی شوعەیب پێغەمبەر (ع) پشتی تێکردن و هەروەها لێیان دوور کەوتەوەو گووتی ئەی هۆزو گەلەکەم بەڕاستی من ئەمرۆ فەرمانی خودام پێ ڕاگەیاندن و ئامۆژگاری دڵسۆزانەم کردن بەڵام ئێوە گوێتان نەدامێ ئەوجا چۆن عاجزو غەمگین ببم بەو سزاو عەزابەی بەسەر (قەومەکەی) کافرو بێ باوەڕ دابێت ئینجا بۆ خەمیان لێ بخۆم چونکە ئەوان موستەحەقی (عەزاب) بوون کە بێتە سەریان هەروەها زۆر ئامۆژگاریم لێ کردن وەریان نەگرت .

---

(١) سەرنجێك: هەندێ لە (موفەسیران) ئەفەرموون چوار پێغەمبەر بەڕەگەز (عەرەب) بوون ئەمەش ناوەکەیانە (حەزرەتی هوود، صالح شوعەیب) وە حەزرەتی مُحمّد (سەلاّت و سەلامی خوایان لێ بێت).

(خوای گەورە پێش ئەوەی گەل و نەتەوەیەك لەناو ببات پێشتر تاقیان دەكاتەوە)

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ ﴾ أي وَمَا أرسَلنا في قريةٍ مِنْ نَبيٍ فكذّبـه أهلـها، واتـه: هـەر پێغەمبـەرێكمان بـۆ هەر شارو گوندێك هەناردبێ یا رەوانەكردبێ ئەوجا باوەڕیان پێ نەكردبێ ﴿إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ ﴾أي عاقَبْناهُم بـالبؤسِ وَالفقـرِ وَالمـرضِ وَسُـوءُ الحـالِ، واتـه: ئێمـەش خەڵكەكـەیمان تـاقی كردۆتـەوە بەتەنگانەو ناخۆشی و گرانـی و دەردو بـەلا ﴿لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾﴾ أي كَي يَتَضّرعُوا ويَخْضَعُوا ويَتُبُوا مِنْ ذنُوبِهم، واته: بـەڵكو ملكـەچ بـبن و لێمـان بپاڕێنـەوەو (تەوبـە) بكـەنو بگەڕێنـەوە لـە گوناهـەكانیان ﴿ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ ﴾ أي ثَمُ حَوّلنـا مَكـان الـشدّةِ والكربِ العَاقِبةَ والخِصْبَ وَالـسَّعةَ حَتَـى كثـرُوا وَكَثُـرَتْ أمـوالُهم ومعاشُـهم، واتـە: لەپاشـان ئـەو ناخۆشـی و دەسـتكورتیەمان گـۆڕی بـە خۆشـی و گوشادی،فراونی رزق و رۆزی و تا هەموو شتیان زۆر بێت بەتایبەتی مـاڵ و سـامان و خۆشـگوزەرانیان، هـەتا دووبـارە سـەرو مـاڵ و سـامانیان گەشـەی كـردەوەو، زۆربوونـەوە، بـەلاَم نەهاتنـە سـەر رێگـای راسـت و گووتیان ﴿وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ ﴾ أي قَـالُوا هكـذا عادة الزّمانِ أي يسيءُ تارةً وَيُحسنُ أُخْرى وَهكذا كانـت عادتـهُ مَـعَ آبائنـا فَثَبَتُـوا عَلَـى دینهم، واتـه: بـێ باوەڕەكـان ووتیـان بـاب و باپیرانیـشمان

تووشی خۆشی و ناخۆشی بوونە چونکە ئەوان لەدێر زەمانەوە هاتوون ئەمە دونیاو ڕۆژگارو زەمانەیە دێت و دەڕوات، جارێك خۆشیەو جارێك ناخۆشیە، جا بێگومان ئەو بیرو باوەڕەی ئێمە لەگەڵ باوك و باپیرانماندا لەسەر ئایین و دینی ئەوانین[1]، بەهیچ شێوەیەك پەشیمان نابینەوە چونکە ئەمە شتێکی سرووشتیە و بۆخۆی لە بونەوەردا روو دەدات و ئێمە بە غەزەب و قاری خوای نازانین، ئەوجا خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩٥﴾﴾ أي أخَذْنَاهُمْ بِالهَلاكِ وَالعذابِ فجأةً مِن حَيثُ لا يَدرونَ، واتە: لە پڕو لەناکاو بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن و گرتمان واتە خودا دەفەرمووێ بەهۆی ئەو یاخی بوونەوەیانەوە کتوپڕ گرتمان و هەموویانمان لەناوبردن تۆڵەمان لێ سەندن هیچ ئاگایان لەخۆیان نەبوو[2].

---

(١) وە هەروەها لەباتی پەشیمان بوونەوەیان و سوپاسگوزاری و تۆبەکردنیان ئەڵێن لەسەر دینی باوك و باپیرانماننین.

(٢) خوای گەورە لە سورەتی هوودا ئەفەرمووێ ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ﴾ واتە: کاتێ فەرمانی ئێمە هات بۆ سزادانیان بە بەزەیی خۆمان شوعەیب و ئەوانەی بڕوایان پێ هێنابوو رزگارمان کردن بەڵام تاوانبارو ستەمکارەکانمان بەدەنگ و (نەعرەتەی) مەزن گرت ئینجا لە شوێنەکانی خۆیاندا هەموو دەمە دەم و بەسەر روو کەوتن و مردن و لەناوچوون، هەروەکو لە ئایەتی ٩٥ دا ئەفەرمووێ: ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾ بڕوانە سورەتی هود.

(ئەگەر ئەهلی شارو گوندەکان تەقوا بن ئەبێتە مایەی خێرو بێر بۆیان)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ﴾ أي وَلَوْ أنّ أهل تلك القرى (الذّينَ كَذّبوا وأهلكوا) آمنوا باللهِ وَرَسُولهِ واتّقوا الكُفْرَ وَالمعاصي، واتە: ئەگەر دانیشتوانی شارو دێهاتەکان[١]، ئیمان و باوەڕیان[٢]، بهێنایە خۆیان لە گوناهو خراپەکاری بپاراستایە لەخوا ترسیان بووایە، وە ئەوەی خوا فەرموویەتی بیانکردایە﴿لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ أي لَوَسّعْنَا عَلَيْهم الخَيْرَ مِنْ كُلّ جانبٍ، وَقيلَ بَرَكاتُ السّماءِ المطرُ وَبَركاتُ الأرضِ النباتُ والثمار وجميع مَا فيها مِنَ الخيراتِ والأنعام وَالأرزاق والسّلامة من الآفات[٣]، واتە: بەرەکەتی ئاسمان و زەویمان بەسەردا باراندنو یان ئەمەش دەرگای گشت خێروبێرێکی ئاسمان و زەویمان بەڕوویاندا والآ دەکردو لە ئاسمان و

---

(١) القُرى: قَرْيَة، واتە: هەروەك بە گوندو لادێ دەوترێت هەروەها بە شاری گەورەش دەگوترێت وەکو شاری (مەککە) و دەوروبەری.

(٢) یانی ئیمانیان بەخودا بهێنایە و بڕوایان بە فریشتەکانی و بە (کتێبەکانی) و بە پێغەمبەرانی خودا بهێنایەو هەروەها بە ڕۆژی قیامەت...هتد، هەروەها خێرو خۆشیان بەسەردا دەباری.

(٣) وكُلَّ ذَلكَ مِنْ فَضل الله وإحسانهِ على عِبادهِ، واتە: ئەمە هەمووی فەزڵ و کەرەم و چاکەی خودایە بۆ بەندەکانی خۆی، بڕوانە: (تفسير حدائق الرّوح والرّيحان في روابي علوم القرآن) لە نووسینی (محمد أمين بن عبدالله الأرمي الهرري الشافعي)، بەرگی/١٠، لاپەڕە/٤١.

زەویدا رزق و رۆزیمان دەداو، دەمانخستنە خێرو بارودۆخێکی خۆشەوە لەهەموو رووێکەوە، وە هەروەها زانایانی (تەفسیر) ئەڵێن بەرەکەتی ئاسمان بارانەو، بەرەکەتی زەویش دەغڵ و دان و میوەجات و کشتوکاڵ و هەروەها مەڕو ماڵات و ئاژەڵ و سوودی بازرگانیە و هەندێ ئەڵێن رزق و رۆزیەو هەندێ تر دەڵێن خوای گەورە سەلامەت و بێ وەی دەکردن لەهەموو زەرەو زیان و ئافاتێك، وە هەروەها لەهەموو تەنگ و چەڵەمەیەك رزگاری ئەکردن، ﴿وَلَٰكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾﴾ أي ولَكنْ كَذَّبُوا بالرّسُلَ فعَاقَبْنَاهُمْ بالهلاكِ بِسُوءِ كَسْبِهِمْ، واتە: بەڵام ئەمانە باوەڕیان بە پێغەمبەرەکان نەهێنا بەدرۆزنیان دانان و جا ئێمەش ئەوانمان گرت بەهۆی ئەو کردەوە خراپەی خۆیان کەلەسەری رۆیشتن بۆیە تووشی کارەساتمان کردن و فەوتان و بەهیلاکمان بردن، ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَىٰ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ ﴿٩٧﴾﴾ أي هَلْ أمِنَ هؤلاءِ المكذبُونَ أنْ يأتيَهُمْ عَذابنَا ليْلاً وَهُمْ نائِمُونَ غافلُونَ عَنهُ؟ واتە: ئایە بۆ ئەو خەڵکی گوندو شارانە کە بڕوا ناهێنن و دڵنیان کە بەشەودا بەڵای ئێمەیان تووش نابێ و بۆخۆشیان هەر لە نوستن و خەوا بن؟ ..

(سەرنجێکی گرنگ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) تازە ئەڵێن لە ماناو مەبەستی (سزاو بەڵایەکی گەورە) بدات بەسەریاندا ، وەکو بومەلەرزەیەکی کتوپڕو بەهێز

یان بارانێکی بەخوڕی وا کە لافاو هەڵبستێنێت و، وڵات کاول و وێران بکات یاخود تەقینەوەی بورکانێك کە چەند شارو لادێیەك سەرەوژوور بکات چونکە ئەم سزو بەلاّ خوداییانە کە پێشتر گەلانێ لەخودا یاخی پێ سزادراوە ئێستاکەش ماوە، بەین نابەین و یان ماوەیەك هەر جارێك و ناوچەو هەرێمێك لەسەر زەوی دەگرێتەوە زۆر جاریش لەو شوێنانە دەدات کە خەڵکەکەی بێ دین و خراپەکارو گوناهبارو تاوانکارو خوانەناسن[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾ المَعنى أوَ أمِنَ أهلُ القُرى المُكَذِّبة لَكَ أنْ يأتِيهُمْ عَذابنا نهاراً وَهُمْ مَشْغُلونَ بِلَهوِهِم وَلَعبِهِمْ، واتە: ئاخۆ ئەو شارو گوندانە ناترسن لەوەی عەزاب و سزای ئێمەیان بۆ بێ لە چێشتنگاودا لەگەرمەی گەمەکردندا دابن لەکاتێکدا ئەوان یاری ئەکەن و خەریکی کار کردنن و ئاگایان لەخۆیان نییە، ﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾ أي فَهَلْ آمَنوا مَكر اللهِ بِهِم، فإنّهُ لا يأمن ذَلكَ إلا القوم الذّينَ خَسِرُوا عقُولَهُمْ وإنسانِيَتَهُمْ فَصَارُوا أخسَّ من البهائم، واتە: ئایە ئەوان ناترسن لە (مەکری) خواو، ئایە دەزانن کەی خوای گەورە سزا دەنێرێ و چ بڕیارێك دەدات بۆیان، جا بێگومان هیچ کەس ئەمین نابێت لە (مەکری) خودا مەگەر ئەو

(١) بڕوانە: (تفسير النابلسي تَدَبُّر آيات الله في النفسِ والكونِ والحياة) لە نووسینی (الدكتور محمد راتب النابلسي) بەرگی/٣، لاپەڕە/٥٧٢.

قەومەی واتـە ئـەو گەلـەی کـە زیـان لێکـەوتوو خەسـارەت مەنـد ئـەبن و دۆڕاون و هۆش و بیرو مرۆڤایەتیان لەدەست دابێ بەڵکو لە ئـاژەڵیش بـێ (قیمـەت) و بـێ نـرختر دەبـن، جـا بێگومـان شـێخ حەسـەنی بەسـریش (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرمووێ: (قالَ الحسن البـصري (رحمـه الله) المؤمنُ يَعْمَلُ بالطاعاتِ وهو مُشفقٌ خائفٌ وجلٌ، والفاجرُ يَعْمـل بالمعاصـي وهو مُطمَئِن آمن) واتە: باوەڕدار بە عەمەل واتە بە کـردار خـودا پـەرستی دەکات و ئەشترسێ بەلاّم ئینسانێکی ترسنۆکی بێ دینـی خوانـەناس کـە خەریکی گوناهو تاوانـە وەلەگـەلْ هەندێشدا هێمنـەو باکی نیـە، چـونکە لەخوا ناترسـێ، ﴿ أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ ﴾ أي أولَمْ يُبَينَ الله اللذينَ يخلفون في الأرضِ من بَعْدِ أهْلِهَا الـذّينَ أهلَكَهُـمْ اللهُ بتكذيبِهمْ الرُّسل، والمرادُ بِهَا كُفارُ مكّة وَمَنْ حَوْلَهُمْ، واتـە: بێگومان ئەو کەسانەی کە میراتی زەویمان بۆ ماوەتەوەو ، بونەتە جێنشینی ئەوانـەی کە لەناومان بردوون، بەهۆی بێ باوەڕی خۆیـان یـان بـەدرۆ خـستنەوەی پێغەمبەرەکەیان ، مەبەست بێ باوەڕانی خەڵکی مەککەو دەوروبەریەتی، ﴿ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ ﴾ أي لَـو أردنـا لأهلَكنـاهم بِـسَببِ ذنُوبِهم كَما أهلَكنا مِنْ قَبلِهم، واتـە: بەڕاسـتی ئەگـەر ئارەزوومـان هـەبێ یـانی حـەز بکـەین لـەدوای لەناوبردنـە پێـشووەکان ئەوانیـشمان بـەهۆی گوناهەکانیانەوە لەناو دەبرد هەروەك پێشوەکانی ئـەوانمان بـەهۆی بـێ دینـی لـەناوبرد ﴿ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾ أو وَنَخْتِمُ عَلَى قلُوبهم فَلا يَقْبلُونَ مَوْعِظةً ولا تذكيراً سماع منتفع بهما، واتـە:

مۆریش بەسەر دڵیاندا دێنین یانی دەرگای دڵیان دادەخەین بەجۆرێك ئامۆژگاری نەبیسێ و قەبوڵی ڕێنمایی نەکات ، واتە: نەتوانێ سوود لە (نەسیحەت) و ئامۆژگاری و وەبریهێنانەوە وەربگرن ﴿تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا ۚ﴾ أي تِلْكَ القُرى التّي أهلكْنا أهلَها لِجحُودهم لآياتِ الله نَقصّ عَلَيك يا مُحمّد في القرآن من أخبارها كَيفَ أهلكت لِمَا في ذَلكَ مِن العِبرَةِ لِمن تَدبّرَ حَالَهُم، واتە: ئەو شارو دێهاتانەی کە باسکران و ناوبران لە گوندەکانی حەزرەتی (نووح)ەوە هەتا مەدیەنی شوعەیب و هەموومان لەناوبردن بەهۆی (ئینکاری) ئایەت و نیشانەکانی خودا، وەلەگەڵ موعجیزەکانی ناردبووم بۆ پێغەمبەرەکانیان ئەوجا برێ لە بەسەرهاتەکانیان بەسەر تۆدا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) دەخوێنینەوە لەو قورئانەی کە بۆت هاتووە کە چۆن لەناومان بردن و بە (هیلاکمان) بردن بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت بۆ خۆت و (قەومەکەت) تا دەرکەوێ کە ئێمە هەمیشە یارمەتی پێغەمبەرەکانمان داوەو هەروەها ستەمکارانیشمان لەناوبردووە ﴿وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ أي جائَتْهُمْ بالمعجزاتِ وَالْحجَجِ القَاطِعَاتِ، واتە: سوێند بەخوا هات بۆ لایان پێغەمبەرەکانیان بە موعجیزەو بەڵگە ڕوونەکانەوە یانی هەر پێغەمبەرێك کە ڕەوانەمان کردووە بە موعجیزەی تایبەتی خۆیەوە هاتووە ﴿فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ﴾ أي فَمَا آمَنُوا ولاَ إتّعَظوا بَلْ إسْتَمرُّوا على التكذيب من حِينَ مُجيءِ الرُّسل إلى أنْ ماتُوا عَلَى الكُفرِ

وَالـضّلالِ، واتـە: لەگـەڵ ئـەو هـەموو بەڵگانەشـدا وەك لەپێشدا بڕوایـان نەهێناو نەبوو، هەروا بۆ دواییش بڕوایان نـەهێنا، واتـە: ئەوانـە لەیەكـەم جـارەوە پـێش هـاتنی (مـوعجیزە) بڕوایـان نـەهێنا بـەوەی كـە پێغەمبـەرەكانیان بانگیـان ئـەكردن بـۆی، ئـەوجا پـاش هـاتنی (موعجیزەكانیش) هەر بڕوایان نەهێناو هەر سوور بوون لەسەر لاساری و بێ باوەڕی خۆیـان وە هـەر لەسـەر ئـەو بیروباوەڕەشـدا مانـەوە تـاوەكو مـردن، ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾﴾ كَـذَلِكَ يختم اللهُ عَلَى قلُوب أُولئك الضّالينَ فَلا تؤثر فيهم المـواعِظَ وَالعِبَـر، واتـە: خوداش بەو شێوەیە پەردە دێنێت بەسەر دڵی بێ باوەڕاندا و دڵیان مۆر دەكات و هیچ پەنـدوو نەصیحەت و ئامۆژگاریـەك وەرنـاگرن، جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا وَجَدْنَا لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَـٰسِقِينَ ﴿١٠٢﴾﴾ أي مَا وَجَدْنَا لأكثر النّاسِ مـن وَفـاء لِلْعَهـدِ بَـلْ وَجَـدْنَاهُمْ خـارجين عـن الطاعـة والإمْتِثَـالِ، واتـە: بەڕاسـتی زۆرینـەی ئەوانمان نەبینی پەیمانی خۆیان ببەنە سەرو جێ بەجێ ی بكـەن ئـەوەی ئێمـە بینیمـان لێیـان، تـەنها ئەوەیـە كـە زۆربـەیان لـە ڕێگـای ڕاسـت و درووسـت لایانـداو ملكەچـی فەرمانـەكانی خـودا نـەبوون، واتـە: زۆربـەی ئەوانـەمان بینـی یـاخی و لـە ڕێ لادەر بـوون یـانی (فاسـیق) بـوون و گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خودا نەبوون.

(داستان و چیرۆکی حەزرەتی مووسا لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەی خوای گەورە بۆمان ئەگێڕێتەوە)[1]

خوێنەوارە خۆشەویست و ئازیزەکانم/ لەدوا کۆتایی چیرۆك و داستانی شوعەیبەوە ئیجا دێینە سەر باس و گێڕانەوەی داستانی حەزرەتی مووسا پێغەمبەر (سەلاَت و سەلامی خوای لێبێت) لەگەڵ تاقمی فیرعەون و گەلەکەی جا بێگومان (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم داستان و چیرۆکە گەلێك روونکردنەوەی تێدان کە لە چیرۆکەکانی تردا نین چونکە ئەوەی راستی بێت موعجیزی حەزرەتی موسا (ع) لەهی پێغەمبەرەکانی تر گەورەترن، چونکە ناوی حەزرەتی مووسا زیاتر لە (١٣٠) جار هاتووە لە قورئاندا، ئەوجا با بزانین قورئانی پیرۆز لێرەدا چۆن ئەم داستان و چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە هەروەکو دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ فَظَلَمُوا۟ بِهَا ﴾ أي ثُم أرْسَلْنَا مِنْ بَعْدِ الرُّسلِ، أرْسَلْنَا رسولُنا (موسى بن عيمران) بالحجَجِ السّاطعات والمعجزاتِ الباهرات إلى فِرْعَونَ[2]، مَلِك مصر (وأشراف) قومهِ فكفرُوا وَجحَدُوا بِهَا ظُلْماً وَعُدواناً، واتە: ئینجا لەپاش ئەو پێغەمبەرانەوە وێنەی

---

(١) موفەسیرەکان ئەڵێن: ئەمە (شەشەمین) چیرۆك و داستانی پێغەمبەرانە (سەلاَت و سەلامی خوایان لێبێت).

(٢) موفەسیرەکان: ئەڵێن (فیرعەون) ناوی (وەلیدی کوڕی موصعەب) بووەو تەمەنی زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ بووەو ژیاوەو بەرەگەز لە (قبتیەکان) بووەو مرۆڤێکی زاڵم و ستەمکار بووە بەدەقی ئایەتەکانی (قورئان) داوای خوایەتی کردووە (العياذ بالله).

(حـەزرەتی نـووح و هـوود و صـالّح و لـووط و شـوعەیب) حـەزرەتی (مووسا)شمان بەچەند نیشانەو بەڵگەو موعجیزە کانمانـەوە نـاردە لای فیرعـەونی پاشـای میـسر و دەسـەڵاتدارەکان و دەسـت ڕۆیـشتوەکەی کەچی بـە زوڵـم و ستەمکاریان و عینادیـان بڕوایـان پێنـەکردن و دژیـان وەسـتان ﴿فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٠٣﴾ أي أنْظـر (أيّها السامِعْ) ماذا كانَ مصيرُ المُفسدينَ الظـالمين؟ كَيْـفَ أغرَقنـاهُم عَـنْ آخِرهم بمرأى مِنْ موسى وقومِهُ، واتە: تەماشا بکە ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) یان بڕوانە بەچـاوی ئـەقڵ و دڵ ئـەی گـوێگری هۆشمەنـد (سـەرنج) بـدە چیمان پێ کردن یان چۆن لەناومان بردن لەبەرچاوی حەزرەتی (مووسـا) و قەومەکەی کە چۆن ئەو ستەمکارانەمان لـە ئـاوی دەریـادا خنکانـدن؟

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰفِرۡعَوۡنُ إِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٠٤﴾ أي وَذلِكَ أنّ موسـى دَخَـلَ علـى فرعـونَ وَمَعَـهُ أخـوهُ هـارُون بعثهمـا الله إليـهِ بالرِّسالةِ فقـالَ موسـى يـا فرعـونُ إنّـي رسُـولٌ مِـن ربّ العـالمين فقـالَ لَـهُ فرعون كذبت، واتە: حەزرەتی مووسا فەرمووی ئـەی فیرعـەون بەڕاسـتی من نێرراوێکم لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانیان و بونـەوەران بـۆلای ئێوە، وە هەروەها هەندێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن ئەو کاتەی کە مووسـا چووە لای فیرعەون و هاروونی براشی لەگەڵدابوو ، چونکە هەریەکـەیان پێغەمبەر بوون خوا رەوانەی کردبوون بۆ سەر فیرعەون، بـەڵام فیرعـەون وتی درۆ دەکەیت، ئینجا حەزرەتی مووساش فـەرمووی ﴿حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ﴾ أي واجبٌ عَلـيَّ أنْ لا أقـول عَلـى الله

إلاّ الحَقَّ، واتە: ئەوەی لەسەر من پێویستە و نابێ لێی لابدەم ئەوەیە کە دەربارەی خوای پەروەردگار نابێ جگە لە حەق و راستی هیچ شتێکی تر بڵێم نابێ بەدەم خوداوە درۆ هەڵبەستم چی حەق و چی راستە دەبێ ئەوە بڵێم و ئەوجا حەزرەتی مووسا (ع) باسی موعجیزەو بەڵگەی راستی پێغەمبەرایەتی دەکاو دەفەرموێ ﴿قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾﴾ أي جِئْتُكمْ بِحُجَةٍ قَاطِعَةٍ مِنَ اللهِ تَشهَد عَلَى صِدْقِي فَخلّ وأترك سبيل بني إسرائيل حَتّى يذهبُوا إلى الأرض المُقدَسة التّي هي وَطنُ آبائُهم، واتە: بەراستی من هاتووم بۆلای ئێوە بەبەڵگەو موعجیزەیەکی روونەوە لەلایەن خواوە لەسەر راستی پێغەمبەریەتیەکەم واتە نەوەکانی (ئیسرائیلم) لەگەڵ بنێرە بۆ وڵاتی (فەلەستین) یا بۆ (بیت المقدس) چونکە وڵات و نیشتمانی باوك و باپیری ئەوانە جا دەستیان لێ هەڵگرەو چیتر مەیان کە کۆیلەو بەندەو بیانکوژی، ﴿قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٠٦﴾﴾ أي قَالَ فِرعون لِمُوسى إن كنت جِئت بآيةٍ مِنْ رَبّكَ كما تدعي فأحضرها عِندي ليثبت بها صِدقَكَ في دعواك، واتە: فیرعەون گووتی بە مووسا ئەگەر تۆ راست دەکەیت کە دەڵێیت بە بەڵگەو موعجیزەوە هاتووم، ئا دەی (موعجیزەکەت) پیشان بدە و بزانم چین و چۆنن ئەگەر لەو کەسانەی کە راستگۆن ، ئەوجا حەزرەتی مووسا دەستبەجێ وەلامی فیرعەون و داروودەستەکەی دایەوەو (عەصاکەی)

خـۆی تێهەڵـدا وەکـو ئەفـەرمووێ: ﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿١٠٧﴾ ﴾ أي فإذا بِهَا حَيَةٌ ضَخْمَةٌ طويلة، قالَ إبن عبـاسٍ تحولـت إلى حيّـة عظيمـةٌ فـاغرة فاهـا مُـسرعةً نحـو فيرعـون وَمَلائـهِ، واتـه: مووسـا عەصـاکەی یـا گۆچـانەکەی هەڵـداو فڕێیـدا لەبـەردەمی فیرعـەون دا هاوێشیتیە سەر زەوی ئینجا لـەپڕ خێـرا لـەناکاو بـوو (بـە نێـرە مـارێکی گەورە) لە وێنەی ئەژدیهایەکی زەخمی گەورەی ئاشکرا نەك خەیاڵی جا (ئـیبن و عـەباس) ئەفـەرمووێ: دەمـی و لغـاوەی لێـك کردبـۆوە بەپەلـە بەرەو رووی فیرعەون و دارو دەستەکەی چـوو ئـەویش کـە دیتـی بـەرەو رووی دێـت لـە ترسـانا خـۆی لەسـەر تەختەکـەی فڕێـداو ئـەنجا هـاواری حەزرەتی مووسای کردوو هەتا حـەزرەتی مووسـاش (ع) تەشـریفی چـوو مارەکـەی گـرت و بـوو بـە دار (عەصـاکەی) جـاران[1]، یەکـەم بەڵگـەو موعجیزە ئـەوەبوو، دووەم بەڵگـەو مـوعجیزەش ئـەوەبوو ﴿ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ أي فادْخلَ يَدَهُ في جَيْبِهِ ثُمّ نزعَها فـإذا

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێن: ﴿ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴾ یانی مارێکی ئەژدەهای گەورەبوو دەمی کردەوە لێوی خوارێی لەزەویدابوو لێوی سەرەوەشی لەسەر دیواری کۆشکەکەی فیرعەون بوو پاشان بەرەو فیرعەون رۆیشت و کە بیخوات بەلاّم فیرعەون کە چاوی پێکەوت ڕای کردوو هەلاّت چونکە زۆر ترسا لێ و ئینجا هاواری کرد گووتی ئەی مووسا بیگرە، ئەوا من باوەڕت پێ دەکەم و نەوەی (ئیسرائیلشت) لەگەڵدا دەنێرم ئەوجا حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) ئەژدیهایەکەی گرت ئینجا (عەساکە) بەفەرمانی خوا وەکو خۆی لێ هاتەوە ، بڕوانە: تەفسیری (طبري و قرطبي و إبن كثير).

هي بيضاءٌ لَهَا شُعاعٌ يَغْلِبُ نـور الشّمْسِ، واتـه: دەستی خۆشـی لـەنێو گیرفـانی خـۆی هێنایـەدەر جـا بەفـەرمانی خـوا یەکسەر ئـەویش سـپی هەڵگەڕا وەك بەفر سپی بوو یـا وەك کـافور هێنـدە سـپی بـوو دەتگـووت تیشکی خۆرە.

(جا فیرعەون و تاقمەکەی مووسا دەکەنە ساحیرو جادووگەر)

جا خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٩﴾ ﴾ أي قَالَ الأشراف مِنْهم وهـم أصحابُ مَشْوَرتهِ إنّ هذا عالمٌ بالسِّحرِ ماهِرٌ فيهِ، واتە: پیاوە ناودارەکانی فیرعـەون ووتیـان ئەم مووسایە (ساحیرێکی) شارەزاو لێزانە چونکە هەموو جۆرە سـیحرێك واتــە: جادووێـك دەزانــێ، ئەمــەی دەیکـات سـیحرەو مـوعجیزە نییـە، ﴿ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ ۖ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿١١٠﴾ ﴾ أي يَخْـرِجُكم مِنْ أرضِ مَصْرَ بسحرهِ ، أي بأي شَيءٍ تأمرونَ أنْ تفعل في أمْره؟ واتـە: مووسـا دەیـەوێ لـە ولأتـی خۆتـان دەرتـان کـات و دەسـەلأت و فەرمانرەواییتان لەدەست بسێنێ و گـەلی (میسر) بخاتـە ژێـر فـەرمانی خۆی ئینجا ئەی پاشا بزانە فەرمانتان لەسـەر چیەو چی بکـەین باشـە؟ ﴿ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ ﴾ أي أخّـر أمْرَهُمَا حتّى تَرَى رأيك فيهما وأرسلْ في أنحاء البلادِ من يَجْمع لَكَ السَّحرة، واتە: ئەوانیش بە (فیرعەونیان) ووت ڕای خۆیان دەربڕی و گوتیان کـاری

مووساو براکەی مەبەستیان هاروون بوو، دوابخەو، واتە پەلە مەکە لە بڕیاردان بەسەریانا، تا بکرێ بە رەخنە بەسەرتەوە، مەبەستیان ئەوەبوو کە بەرگری لە (موعجیزەکەی) بکەن بە سیحر و جادووی جادووگەران وە بنێرە بۆ شارو وڵاتەکانی ژێر دەستت با کار بەدەستەکان هەوڵ بدەن چی سیحر بازو جادووکەر هەیە کۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوە ئەم (سیحرەی) مووسا بەتاڵ و پوچەڵ بکەنەوە ﴿ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿١١٢﴾ ﴾ أي يأتُوكَ بِكُلّ ساحرٍ مِثْلَهُ ماهِر في السّحر، واتە: بێگومان هەموو جادووبازێکی زۆرزانت بۆ ئەهێنێ، ئەوانە وایان دەزانی مووسا (ساحیرە) و یانی جادووکەرە، دەیان ویست بە (سیحر) بەرپەرچی بدەنەوە دیارە ئەویش بەگوێی کردن و پیاوی نارد ساحیران کۆکرانەوە[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾ ﴾ أي وَهوَ أنّه بَعَثَ إلى السّحرةِ وطلبَ أن يُجمعُوا لَهُ فَلَما جاءُوا فرعونَ قالوا إن لَنا لأجراً عظيماً إن نحن غلبنا مُوسى وَهزمناهُ وأبطلنا سَحرَهُ؟ واتە: هەموو (ساحیرەکان) کۆبوونەوەو

---

(١) موفەسیرەکان ئەڵێن: ژمارەی جادووگەران ئەوەندە بووە زۆر، هەروەکو ئەفەرموون (كانُوا خمسة عَشرَ ألف ساحرٍ مَعَ كلّ واحدٍ منهم حَبلاً وَعَصَا)، واتە پازدە هەزار بووەو هەمووشیان گوریس و (دار عەصایان) پێ بووە، هەندێکی تر ئەڵێن (كانوا عشرين ألفاً) واتە بیست هەزار کەس بوونە، هەندێکی تر ئەڵێن (كانُوا ثمانين ألفاً)واتە: هەشتا هەزار بوونە، بڕوانە:(التفسير الكبير، تفسير القرآن العظيم)، للامام الطبراني، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٧٩.

هاتنــە لای فیرعــەون و پێیـانگووت گـەورەمان ئەگـەر ئێمـە سـەربکەوین دەبێت خەلأت و بەخششێکی زۆر گەورەمان بدرێتێ ، واتە: ئەگـەر ئێمـە زاڵبـوین و سـەرکەوتین بەسـەر مووسـادا هـەروەها مووسـامان بەزانـدوو سیحرەکەیمان پووچـەڵ کـردەوە ﴿ قَالَ نَعَمۡ وَإِنَّكُمۡ لَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾ واتە: فیرعەون ووتی بەڵێ ئێوە بێگومان لـە نزیکـەکانی خـۆم و دەستەی مەشورەتی تایبەتمەندی خـۆم دەبـن، ﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحۡنُ ٱلۡمُلۡقِينَ ﴿١١٥﴾ ﴾ أي قالَ السَحَرةُ لموسى يا موسى إمَا أن تُلْقِيَ ما مَعَكَ من العَصَا وإمّا أنْ نُلقـي نَحـنُ مـا مَعَنـا مِـنَ العَصيَ وَالحِبال قَبْلَكَ، واتە: جادووکەرەکان ووتیان ئەی مووسا تـۆ ئـیش و کاری خۆت بکەو (دار عەصاکەت) بهاوێژەو فرێیان بـدە ئێمـەش کـاری خۆمان دەکـەین و عەسـاو گوریـسی خۆمـان دەهاوێـژین و فـڕێ دەدەیـن ﴿ قَالَ أَلۡقُواْۖ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ ﴾ أي قَـالَ لَهُـمْ مُوسى أَلْقُوا مَا أَنْتُمْ ملقون فَلّما ألقوا العصيُّ والحِبالَ سَحروا أعـين النّـاسِ أي خيلوا إلـيهم، واتـە: حـەزرەتی مووسـا فـەرمووی ئێـوە فـڕێ بـدەن و شتەکانتان بهاوێژن، ئینجا کاتێ ئەوەی کە پێیـان بـوو دەریـان خـست و فرێیان دا هەرکام لـەوان گـوریس و (حـەبل) و داردەسـتەکانیان پـێ بـوو چونکە بێگومان جادوویان کرد لە چاوی ئەو خەڵکەی کە بەدیارەوەبوون و چاوبەستیان لێ کردن چونکە جادووی زۆر گـەورەیان کـرد چاوبەسـتی ئـەو خەڵکـەیان کـرد، خەڵکەکـە وایـان دەزانـی ئـەوەی جادووگـەرەکان

کردوویانه شتێك راستەو چاوبەست نیە و خەیاڵ نیە بەڵام لە راستیدا خەیاڵەو حەقیقەت نیە و فرۆفێڵی جادووگەریە، ﴿وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ ١١٦﴾ أي أفْزَعُهُمْ وَأرْهَبُوهُمْ إرهاباً شَديداً حَيْثُ خيلُوهَا حيات تَسعى وَجاء بِسحرٍ عظيم، واتە: بۆیە ترسان و ترسێکی بەتین کەوتە دڵیانەوە، چونکە بێگومان جادووگەران هاتبوون بۆلای فیرعەون و دانیشتوان بە جادوویەکی زۆر گەورە، شیوێکیان پڕکردبوو لەبەر چاوی دانیشتوان بەماری زۆر گەورە و نەقوڵا هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن: حەزرەتی مووسا ترسی لێ نیشت کە نەزان و نەفامەکان سەریان لێ تێك بچێ بەهۆی ئەو جادووە دەستکردە کە بەدرۆو ساختە هێنابوویان، بەڵام لەدواییدا خوای گەورە نیازی حەقی موسای بەهێزکرد، هەروەکو لەدواییدا دەرئەکەوێ.

(حەزرەتی مووسا سەرئەکەوێ و جادووگەران بڕوا دەهێنن و ئیسلام دەبن)

جا بێگومان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ ١١٧﴾ أي أوْحَيْنَا إليهِ بأنْ ألق عَصَاكَ فألقاها فإذا هيَ تبتلع بِسُرعة ما يُزَوِّرُونَهُ منَ الكذبِ، قَالَ عبدالله بن عباس (رضي الله عنهما) في تفسير هذه الآية ﴿تَلۡقَفُ مَا يَأۡفِكُونَ﴾ أي لا تَمرُّ بشيءٍ من حِبالِهِمْ وَخَشَبهم التّي ألْقُوهَا إلاّ ألْتَقمَهُ، واتە: ئێمە فەرمان و وەحیمان کرد بۆ مووسا (دارەکەت) بهاوێژەو هەڵدە

ناویان ئینجا حەزرەتی مووسا بە فەرمانی خودا (عەساکەی) هەڵداو کە هاوێشتی هەموو جادووگەران کردبوویان و ئەنجامیان دابوو هەمووی قوتدان و خواردنی، یانی دارو گوریس و (حەبلەکانی) قوتدا، ئەو فێلٚ و درۆیەی لەخەڵکیان کردبوو هیچ لەگۆڕێ نەماو بەفەرمانی خودا هەموو پوچەڵ بوون و فەشەڵیان هێنا، وە هەروەها عەبدوڵلای کوڕی عەباس (خوایان لێ رازی بێت) لە راڤەی ئەم ئایەتەدا ئەفەرمووێ: لەو رووداوە گەورەیەدا ئەڵێ خوای گەورە هەق و ناهەقی لەیەك جیاکردەوە، واتە: ئەوەی جادووگەران فرێیان دا لە پەت و دار بە خەیاڵی خۆیان بەڕاستیان دەزانی کە پڕوپووچ نەبێت هیچر تر نەبوو ، جا ئیبن و عەباس ئەفەرمووێت (دار عەساکە) وای لێهات بە موعجیزەی خوایی بەلای هیچ دارو پەتێك تێنەدەپەڕی مەگەر قووتی ئەداو ئەیخوارد، ئەوجا جادووگەران بۆیان دەرکەوت کە ئەم شتە لە ئاسمانەوەیەو شتی خوداییەو (موعجیزەیەکی) گەورەیە بۆ حەزرەتی مووساو هەموو بڕوایان هێناو خۆیان خستە سەر (سوجدەو) کڕنووش و موسڵمان بوون[1]، جا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ ﴾ أي ظَهَرَ الحَقُّ وَبَطَلَ ماكانُوا يَعْمَلُونَ مِنَ السِّحْرِ، واتە: هەق و راستی دەرکەوت و هەرچی کاری (سیحر) و پڕوپووچی و فێلٚ بازی

---

(١) هەروەها ئەم رووداوە زۆربەی (تەفسیرەکان) باسیان کردووە، وەکو تەفسیری (طبري) و تەفسیری (کبیر) و تەفسیری (روح البیان) و تەفسیری (روح المعان) و (قرطبي) و (منیر) و تەفسیری بیضاوي و کشّاف و صاوي و جلالین و نەسفی و....هتد).

(ساحيرەكان) پووچ بويەوەو كارى گەرى نەما ﴿ فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ أي غُلِبَ فِرعُون وقَومَهُ في ذَلكَ المجمع العظيم وَصارُوا ذَليلين، واتە: بێگومان جادووگەرەكانى فيرعەون و پياوە كاربەدەستەكان رەڤين و سەرشۆڕبوون و لەپێش چاوى ئەو (جەماوەرە) زۆرو بينەرە (سيحر) بازەكان بەزين و بە داماوى و تێكشكاوى فيرعەون و گەلەكەى لە مەيدانى رووبەڕووبوونەوە پاشەكشەيان كرد، ﴿ وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾ أي خَرُوا ساجِدينَ، واتە: (ساحيرەكان) بە سوجدەدا كەوتن و بڕواو ئيمانيان هێنا چوونكە زانيان ئەوەى ئەوان كرديان (سيحرو) جادوو بوو بەلام ئەوەى حەزرەتى مووسا كردى موعجيزەو حەقيقەت بوو ﴿ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ ﴾ أي مُعلنينَ إيمانهم بَرَبِّ العالَمينَ، واتە: وتيان بڕوامان هەيە و ئيمانمان بەخوداى پەروەردگارى جيهانيەكان هێنا ﴿ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ واتە: پەروەردگارى موساو هارونيشە ﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ﴾ أي قَالَ لَهُمْ فرعون أصَدَّقتُمْ بربَّ مُوسى و هارونَ قَبْلَ أنْ آذنَ لَكُمْ في الإيمانِ، واتە: فيرعەون گووتى چۆن پێش ئەوە من ماوەتان بدەم ئێوە بڕواتان بە مووسا هێناوە؟ ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ ﴾ أي صنيعُكمْ هذا حيلةٌ أحْتَلْمتُوها أنْتُم و موسى في مصر، واتە: ئەوە

پیلان بوو ئێوە ڕێکتان خستبوو، تاکو خەڵك لە شارەکە دەربکەن و بەدوای مووسا بکەون ﴿لِتُخۡرِجُواْ مِنۡهَآ أَهۡلَهَاۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ١٢٣﴾ واتە: ئەو پیلان و فێڵەشتان کرد بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی خۆی دەرکەن لێی و خۆتان وڵاتەکە داگیر بکەن ، ئینجا دوایی دەبینن چیتان پێ دەکەم، ﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ﴾ أي لأقْطَعَنَ مِنْ كُلّ وَاحدٍ مِنْكُم يَدَهُ وَرِجْلَهُ مِنْ خِلافٍ، واتە: وەڵلاهی سوێند بەخوا دەست و پێتان ڕاست و چەپ دەبڕم[1]، بە پێچەوانەوە، یانی دەستی ڕاستی ئەبڕیَ لەگەلّ پێی چەپداو بە پێچەوانەشەوە ﴿ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٢٤﴾ أي ثُمَ أُصَليبَكُمْ جَميعاً، وَالصّلبُ والتّعليقُ عَلى الخَشَبِ حَتىّ المَوْت[2]، واتە: پاشان هەمووتان لەسێدارە دەدەم و هەڵئەواسم و ئەتانکەمە (عیبرەت) هەتا هەتایێ ﴿قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ١٢٥﴾ أي فَقَالَتِ السَحَرةُ إنّا لا نُبالي مِن فِعْلِكَ وَعقُوبَتِكَ فَلا نخاف مِمّا تَتوَعَدنا بِهِ ولا نبالي بِالْمَوتِ، واتە: جادووگەرەکانیش ووتیان ئێمە باکمان لەو هەڕەشانە نیە چونکە ئێمە بۆلای پەروەردگارمان ئەگەڕێینەوە تۆش چیت لەدەست دێ بیکە کە ئەتەوێ سزامان بدەی وە

---

(١) ریوایەت کراوە لە ئیبن و عەباسەوە کەوا فەرموویەتی دەست و قاچ و پێ بڕین و لە قەنارەی دان یەکەم جار لەلایەن فیرعەونەوە ئەنجام دراوە و داهێنراوە.

(٢) هەڵواسین و لە سێدارەدان تا مردن لە (فیرعەوەنەوە) ئەنجام دراوەو هاتووە.

یان بەڵێنی کوشتن و لە قەنارە دانمان ئەدەیت ئێمە دەچینەوە بۆلای پەروەردگاری خۆمان لە مردن ناترسین و بەتەمای پاداشتی خوداین ﴿ وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتْنَا ﴾ أي قالت السَحَرة ما تعيبُ عَلَيْنَا وَلا تُنْكرُ عَلَيْنَا إلا لأنا صَدَّقْنَا بِعلاماتِ تَوحيدِ رَبِّنَا لَما ظَهَرَ لَنَا أنّ ذَلكَ حَقٌ مِن اللهِ، واتە: تۆ هیچ ناخۆشیەك و بێزاریەكت نیە لە ئێمە مەگەر ئەوەی كە ئێمە بڕوامان هێنا بە ئایەتەكانی تاك و تەنیایی خوای پەروەردگارمان و دەزانین كە ڕاستن باوەڕمان پێ هێنان و هاتن بۆمان چونكە بێگومان دەزانین هەق و ڕاستن لەلایەن خوداوە ئەوجا وازیان هێناو ڕووی خۆیان وەرگێڕا لە فیرعەون و ، ڕوویان كردە پەروەردگاریان و پەنایان بردە بەر ئەوو گوتیان ﴿ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ١٢٦ ﴾ أي أفِضْ عَلَيْنَا صَبْراً وَأنْزِلْ علينا وَوَفِّقْنَا على الثُباتِ على الإيمانِ إلى وقتِ الوفاةِ، واتە: بەرامبەر بەو هەڕەشەیە لەبەر خودا پاڕانەوە [1]، ووتیان ئەی پەروەردگاری ئێمە هێمنایی و سەبرو ئارامیمان بەسەردا بێنەو بە موسڵمانیەتی بمانمرێنە، تۆ گیانی ئێمە بكێشە لەسەر ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام، وە موەفەقمان بكە لەسەر باوەڕبوون بە خۆت و پێغەمبەر و بە ڕێگەی ڕاستی خۆت تا ئەوكاتەی مردن دێتە لامان.

---

(١) نەك لەبەر فیرعەون چونكە ئەوان ئیمان و باوەڕی تەواویان بەخوای پەروەردگار هێنا، وە هاتنە سەر ئایینی حەزرەتی مووساو هاروون (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

(**پاشکۆ**)

قالَ إبن عباس (رضي الله عنهما) فكانُوا في أولِّ النَهارِ كُفّاراً سَحرة وَفي آخرهِ شُهداءَ بَررَة، واتـه: لـه ئـيبن و عەباسـەوە (خوايـان لـیّ رازی بيّـت) ئەفەرمووێت، ئەوانەی کە (فیرعەون) سەلبی کـردن و لـە سـێدارەی دان، پێش نیوەڕۆکەی جادووگەرو (کـافر) بـوون بـەڵام بـۆ ئێوارەکـەی بوونـە (شەهیدی) ڕێگای خواو سەربڵند بوون و سەرفرازی دنیـاو قیامـەت بـوون و پلەو پایەی (شەهادەتیان) وەرگرت.

(باسێك لە وتووێژی فیرعەون و داروودەستەکەی دەربارەی مووسا و شوێن کەوتووانی)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُۥ لِيُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ ﴾ أي قَـالَ الأشـراف لِفرْعَونَ أتتْرُك موسى وجَماعَتَهُ لِيُفْسِدُوا في الأرض بالخروج عَنْ دينك وتَرك عبَادَةُ آلهَتُكَ، واتە: مرۆڤە ناودارەکانی هۆزەکەی فیرعـەون پێیـان ووت، یانی دەست و پێوەندو راوێژکارانی فیرعەون ووتیان پێی باشە تاکەی تۆ واز لـە مووسـاو قەومەکـەی دەهێنیـت تـا فەسـادو خراپـە لـە وڵاتـدا بلاوبکەنەوە؟ هیچ حیسابێکیش بۆتۆو خواکانت نەکەن، یانی دەست لـە پرستنی خۆت و پەرستراوەکانت هەڵگرێ نەیانپەرستن، ﴿ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَٰهِرُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾ واتـــــە: فیرعـــەون بەتوڕەییـــەوە گـــووتی کوڕەکانیـــان بـــەردەوام دەکـــوژین و

ژنەکانیان بۆ خزمەتکاری و رابواردن و کاری ناشرین دەهێڵینەوە ئێمە زاڵین بەسەریانداو دەسەلاتی ئێمەیان نیە ﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ ﴾ واتە: حەزرەتی مووسا دوای ئەو هەڕەشەی فیرعەون و داورودەستەکەی بەقەومەکەی ووت هەر داوای یارمەتی لە خوا بخوازن و پەنا هەر بۆ خوا بەرن و بەسەبرو ئارام و خۆڕاگربن، ﴿ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ واتە: بێگومان دڵنیاش بن کە ئەم خاك و زەویە موڵکی خوای گەورەیە و لە دنیادا ببەخشێت بەهەر کەس کە بیەوێت لە بەندەکانی چ موسڵمان چ کافر چونکە دنیا بۆ ماوەیەکی کەمەو کۆتایی پێ دێ و دەبڕێتەوەو هەروەها دڵنیاش بن کە سەرئەنجام بەهەشتی پان و بەرین و ژیانی نەبڕاوە بۆ تەقواداران و پارێزگارانە، ﴿ قَالُوٓا۟ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِنۢ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا ۚ ﴾ أي أوذينا من قبل أن تأتينا بالرّسالة وَمِن بَعْدِمَا جِئْتَنا بِهَا يُعنُونَ أن المِحْنَةَ لَمْ تُفارقْهُم فَهُمْ في العذابِ وَالبلاءِ قبل بعثة موسى وَبَعْدَ بَعثته، واتە: بەنی ئیسرائیلیەکان بە حەزرەتی مووسایان ووت ئێمە پێش لەدایك بوونی تۆو پێش هاتنی تۆ بەناوی پێغەمبەری و دوای هاتنیشت تووشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجە بووین ئەوەی پێ کردین کە تۆ بەچاوی خۆت دەیبینی ئێستاکەش نەحەواینەوە چونکە بەر لەدایك بوونت نێرینەکانمان دەکوژران و مێینەکانیشمان دەکرانە کارەکەرو خزمەتکار، ئەوجا

نازانین کەی رزگارمان ئەبێ لەدەستی (فیرعەون) و دارودەستەکەی، جا حەزرەتی مووساش وەڵامی دانەوەو فەرمووی: ﴿قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ١٢٩﴾ أي لَعلَّ رَبكُم أن يُهلِكَ فرعونَ وقومهُ وَيَجْعَلَكُمْ تَخلفُوهم في أرضهم بَعدَ هلاكِهمْ وَيَنظر كَيفَ تَعْمَلُونَ بَعدَ إستخلافكم مِنَ الإصلاح والإفساد، والغرضُ تَحريضهُم عَلَى طاعةَ الله، واتە: حەزرەتی مووسا پێی گووتن ئومێدەوارم کە پەروەردگاری ئێوە دووژمنەکانتان بفەوتێنێ و لەناوببات، ئێوەش دوای فیرعەون لەو زەویە بمێننەوەو کار و فەرمان بگرنەدەست و ببینی ئێوە چۆن کردەوە دەکەن، ئایە هەر وەکو فیرعەون ستەمکار دەبن یان بە چاکە پەیڕەو دەکەن، ئایە چاکەکار دەبن یان خراپەکارو ئاژاوەچی دەبن؟ مەبەست لێرەدا ئەمە هاندانێك بوو لەلایەن حەزرەتی مووساوە (سەلامی خوای لێبێت) کە پەیڕەوی خودا بکەن و، بەردەوام بن لەسەر شوکری خوای مەزن، وە بێ فەرمانی ئەو نەکەن.

(باسێك لە تاقی کردنەوەی قەومی فیرعەون بە قات و قڕی)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ ﴾ أي وَاللهِ لَقَدْ إبْتَلَيْنَا وَاخْتَبَرْنَا فِرْعَونَ وأتباعهُ بالجُدْبِ وَالْقَحطِ، واتە: سوێند بەخوا (قارمان گرت) لەگەڵ و دەستەکەی فیرعەون و سزامان دان بە گرانی و قات و قڕی و نەهاتی ﴿وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾ أي وابْتَلَيْنَاهُمْ بالذّهابِ الثّمار من كثرة الآفات[1]،واتە: تووشی نەهاتی هاتبوون بەتایبەتی چەند ساڵێك کشتوکاڵیان بۆ نەهاتە بەرهەم و هەروەها میوەجاتیش زۆر کەم دەبو ﴿لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾ أي لَعَلَهُمْ يَتّعِظُونَ، واتە: ئەمەش بۆ ئەوەی تاکو بیرکەنەوەو بزانن بەڵکو یادەوەری وەربگرن و بەخۆیاندا بێنەوەو پەند وەربگرن.

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦ ﴾ أي إذَا جَاءَهُم الخَصْبُ والخيرُ قَالُوا نَحْنُ أهْلٌ لِهذهِ الحَسَنَةِ وَأحقٌّ بها، واتە: ئەگەر خۆشی و هەرزانی و ساڵی هات رووی تێکردانایە دەیانگووت ئەوە لەخۆمانەوەیەو بۆ خۆمانەو بەشی کەسی

---

(١) قالَ المفسرون: كانت النَخلة لا تحمل إلا ثمرة واحدة، واتە: (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەوەی راستی بێت داری خورما تەنها یەك بەرهەمی دەدا، بڕوانە تەفسیری پێشەوا (طبري) ، بەرگی/١٣، لاپەڕە/٤٥.

تـری تێدانیـە ﴿وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ﴾ أي وإذا جاءَهُم الجُدبُ وَالشّدّةُ تشاءَمُوا بِمُوسى وَمَنْ مَعَهُ من المؤمنينَ، أي قَالُوا هَذا بِشؤمهم، واتە: ئەگەر نەخۆشی و سالّی نەهات و گرانی رووی تێبکردنایە دەیان گووت ئەوە ئەمە بەهۆی نەگبەتی و شوئمی مووساو ئیمانـدارەکان و شـوێنکەوتووانیەوەیە، (ئـەیان گـووت ئـەوە نەگبـەتی ئەوانـە) بۆیـە ئێمـە کەوتوینەتـە نـاو ئـێش و ئـازارو ناڕەحەتیـەوە ئـەوە خـوای گـەورە وەلاّمیـان دەداتـەوەو دەفـەرمووێ: ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ۝١٣١﴾ أي إنْ مَـا يَـصيبَهُمْ مِـن خيرٍ بتقدير اللهِ وَلَيْسَ بِشؤم موسى، واتە: بزانن و ئاگادار بن هەرچـی کـە تووشیان دێ لە خێرو لە شەڕ ئـەوە بەقـەزاو قـەدەری خودایـە، نـەك بـە (شؤم)ی مووسایە، بەلاّم زۆربەیان ئـەم حەقیقـەت و راسـتیە نـازانن، ﴿وَقَالُواْ مَهۡمَا تَأۡتِنَا بِهِۦ مِنۡ ءَايَةٖ لِّتَسۡحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ۝١٣٢﴾ أي قَالَ قَوم فِرعون لِموسى أي شـيءٍ تأتينـا بـهِ يـا مُوسـى مـن المُعْجِزات لِتَصْرِفنا عَمّا نحنُ عليْهِ فَلَنْ نؤمن لَك، واتە: قەومی فیرعەون بە مووسایان گووت هەرچەندەی مـوعجیزەو نیشانەو بەلّگـەمان بـۆ بێنـی و (سیحر)و جادوومان لێبکـەی تـاکو هـەلّمان خەلّـەێنی ئێمـە قـەت بـاوەڕو ئیمانت پێ ناهێنین[1].

---

(١) ئینجا پەروەردگار ئەو چەند سزایەی بۆ ناردن بۆ ئەوەی بەخۆدا بچنەوەو واز لە فەسادو خراپەکاری بهێنن و بەلاّم بێ سوود بوو لەگەلّیان تا خوا لەناوی بردن.

(خوای گەورە قارو غەزەبی لە قەومەکەی فیرعەون گرت و چەند عەزابێکی بۆ ناردن)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای پەروەردگار لە تۆڵەی بەردەوام بوونیان لەسەر (کوفر)و بێ دینی و یاخی بوونیان و، هەروەها تاوان لەسەر تاوان و، ئینجا جۆرەها (عەزاب) و سزای بۆ ناردن هەروەکو ئەفەرمووێ: ﴿ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلطُّوفَانَ ﴾ أي أرْسلنا عليهم المطر الشّديد حَتّى عامُوا فيه وكادُوا يهلكون[1]، واتە: ئێمە بارانی بەخوڕو لافاومان بۆ ناردن هەموو کشتوکاڵ و گیاو گوڵ و شینایيەکانی ئەوانی لەناوبردن هەروەها زەوی زاری تێکدان و فەوتاندی ﴿وَٱلۡجَرَادَ ﴾ أي وَأرْسَلْنَا عَلَيهم كذلك الجَرادَ فأكلَ زَرْعُهمْ وثمارَهُم حَتّى أكَلَ ثِيابَهُمْ[2]، واتە: هەروەها کوللەمان هەنارده سەریان و هەرچی (زەراعەت) یانی کشتوکاڵیان هەبوو هەموویان خواردن، تا هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن دەرگاو قرشەو هەلاَشی خانوەکانیشیان خواردن، هەندێ ئەڵێن جل و بەرگ و پۆشاکیشیان خواردن، ﴿وَٱلۡقُمَّلَ ﴾ وهو السُّوسُ حَتى

---

(١) قال إبن عباس (رضي الله عنهما) الطوفان كثرة الامطار المغرقة المتلفة للزرع والثمار، واتە: بارانێکی زۆربوو هەموو کشتوکاڵ و بەروبوومی نوقم کردن و بەبن ئاو کەوتن و پۆلکا وخنکان.

(٢) هەروەها هاتووە لەحەدیسدا لە پێغەمبەریان پرسی سەبارەت بە خواردنی کلۆ فەرمووی (أكثر جنود اللهِ لا أكلُهُ وَلا أحرِمّهُ) رواه أبو داود، واتەك کولله فرەترین سوپاکانی خودایە نە دەی خۆم و نە قەدەغەشی دەکەم.

نخر حبُوبَهُمْ وَتتبع ما تَركَهُ الجراد، وقيل هـو القمـل المـشهورُ كـان يـدخل بـين ثـوب أحـدهم وجلـدهُ وقميـصهُ، واتـه: ئـەوجارەش خـوای گـەورە (ئەسـپیٚ)ی بەسـەردا زالٚ کـردن چـونکه ئـەڵێن هەرچـی مـابوەوە لـە خواردەمەنی و کولله نەیگەیشتبویٚ ئـەوان خواردیـان و، هەنـدێکیش لـە زانایانی تەفـسیر ئـەڵێن ئـەم ئەسـپێیە جـۆرێکی تـریش ئـەڵێن کـەوا زۆر مەشهورە و وەکـو گەنـەو ئەسـپیٚ بـۆ ئـازاردانی خۆیـان[1]، وە هـەروەها گەنەش بۆ ئازاردانی ئاژەڵەکانیان، بەهۆی ئەوانە نەخۆشی بڵاوببێتـەوە، ﴿وَٱلضَّفَادِعَ﴾ حتّـى مـلأت بيـوتهم وطعـامهم وكانـت تـدخل علـيهم كالذّباب لاَ يستطعون التخلُّصَ منها وإذا جَلَسُوا لطعـامهم وثبـت الـضفادع عليهم نَحوَ أفواهِهِمْ، واته: بۆقمان نارده سەریان هەموو ماڵەکانیان پڕبـوو له بۆق، ئەڵێن بۆق ئەوەندە زۆر بوو لـەماڵ و جێگاکانیـان هـەتاکو لـەناو پێخەف و نوێن و کاسەو قاپ و قاچاغیـشیان بازبازیـان ئـەکرد خەڵکەکـە نـەیان ئـەتوانی چـۆن لەدەسـتیان رزگـار بـبن وەکـو (مریـشکه ڕەشـە) زۆربوون و وازیـان لـیٚ نەئـەهێنان تەنانـەت ئەگـەر یـەکێکیان بیویـستایە قسه بکات یان لوقمەیەك لەدەوی خۆی بنیٚ خێرا بۆقێك بازی دەدایە ناو دەمیـــەوە و دەمـــی دەگـــرت جـــا بێگومـــان بـــۆق هەراســـانی لـــیٚ

---

(١) هەندیٚ له (موفەسیرانی) تریش ئەڵێن قومەڵ بەو ئەسپێیانەش ئەڵێن که ئەسپیٚ ی ئادەمیزادەو ئەچێتە ناو بەدەنی ئینسان لەبەینی پێست و بەرگ و پۆشاکی دا خۆی حەشارئەداو خوێنی ئینسان ئەمژیٚ و تووشی (حەساسیە) ئەبیٚ.

هەلگرتبوون[1]، ﴿ وَٱلدَّمَ ﴾ أي صَارَتْ مِياهُهُمْ دماً فَمَا يَسْقَونَ مِنْ بئرٍ وَلاَ نَهْرٍ إلاَ وَجَدُهُ دَماً، واتە: بێگومان هەرچی ئاوی هەینابوو بوو ئەبوو خوێن لە جۆگەو بیرەکانیان کە ئاویان هەڵئەهێنجا و هەڵدەگرت دەبوو بە خوێن[2]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾﴾ أي علامات ظاهرات فيها عِبرٌ وَعِظاتٌ وَمَعَ ذَلِكَ إسْتَكبرُوا عن الإيمان، واتە: هەموو ئەوانە بەلگەو موعجیزەو ئایەت و نیشانەی روون و ئاشکراو لێك جیان بۆ راستی حەزرەتی موسامان ناردن وە گشت پەندو ئامۆژگاری بوون، وەلەگەڵ هەندێشدا بەردەوام بوون لەسەر (کوفر) و بێدینی خۆیان، لە ئاستی (عیبادەت) کردن بۆ خودا لوتبەرزیان کردو ئیمانیان نەهێناو چونکە خۆیان بەگەورەو زل دەهاتە بەرچاو ، بەڕاستی ئەوان کەسانێکی تاوانکارو تاوانباربوون، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ ﴾أي وَحينَ نَزَلَ عَليهم العذاب المذكور، واتە: هەرکە ئەو سزایە بەئێش و نارەحەتەیان هاتەسەر، ئەو جۆرە (عەزابانەی) یان

---

(١) خولاسەی کەلام (موفەسیرەکان) ئەلێن: ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە (بۆق) کە رووی کردە نێو ماڵەکانیان و هەروەها ژیانی لێ تاڵ کردبوون...

(٢) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەو خوێنە بەزۆری خوێنی لووتیان بەرئەبوو ، هەندێکی تر ئەلێن، گەلێکیان خوێن لەلەشیان بەرئەبوو، وەکو خوێنی (مایەسیری)، یان خوێنی پیسی دەبوو تووشی نەزیف دەبوون...هتد.

سزايانەی کە لە پێشەوە باسی کراوە يەك لەدوای يەك ئاماژەی بۆ کراوە ﴿قَالُوا۟ يَـٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ﴾ أي أُدع لَنـا ربّـكَ ليكشِفَ عنّا البلاءَ بحّقِ ما أكْرَمَكَ بـهِ مـن النبّـوةِ، واتـە: بێگومـان (بـەنی ئيسرائيليەکان) ئەوکاتە بە ناچاری پـەنايان هێنـا بـۆ مووسـا پێغەمبـەر (سـەلاّت و سـەلامی خـوای لێبێـت) پێيـان ووت بـەو ڕێـزەی کـە لەلايـەن خـواوە هەتـە و بـەو عەهـدو پەيمانـەی کـە خـوا پێيـداويت کـە ئـەويش پێغەمبەريەتيـــە ﴿لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾﴾ أي ونُقسِمُ لَكَ باللهِ لَئِنْ رَفعتَ عنّا العـذاب لَنصدّقَنَّ برِسَالَتِكَ ولنرسلنَّ مَعَك إتباعكَ مـن بـني إسـرائيل، واتـە: سـوێند بەو (عەهد)و پەيمانەی کە خوا بەستی لای تۆيان پێ داويت ئەوجا ئەگەر ئەو سزاو نارەحەتيەمان لەسەر لاببەيت بەڕاستی باوەڕت پـێ دەکـەين و بەنی ئيسرائيليشت لەگەڵدا دەنێـرين و بۆخۆتـان بـۆ کـوێ دەڕۆن بـچن، بەلاّم وێڕای ئەم هـەموو وەعـدەو بەڵێنانـەی کـە بـە حـەزرەتی موسـايان دابـوو ﴿فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلرِّجْزَ﴾ أي العَـذَابَ ، بِـسَبَب دُعـاءِ موسى (عليه السلام) واتە: کاتێ سـزاکەمان لەسـەر لادان بـەهۆی دوعـاو پاڕانەوەی حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لێبێت)، ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَـٰلِغُوهُ﴾أي إلى زَمَنٍ هُمْ واصِلُونَ إليهِ لا مَحالةَ وهو وقتُ إغْرَاقِهِمْ في البحرِ، واتە: تا ئەو ماوە دياريکرابوو بۆ لەناوبردن و نوقوم کردنيـان يـانی مـاوە دياريکراوەکـەيش تـا خنکانـدنيان بـوو لـە دەريـای سـووردا، جـا خـوای

گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ۝١٣٥﴾ أي إذا هـم يَنْقـضُونَ عهُودَهم عَلَى الكُفْرِ، واتـە: دەستبەجێ پەیمانەکەیان هەڵئەوەشاندەوە، ئەو بەڵێنەیان لـەبیر دەکردو پاشـگەز دوبوونـەوەو باوەڕیـان نـەدەهێناو بەردەوام دەبوون لەسەر کوفر.

(باسێك لە خنكاندنی فیرعەون و قەومەكەی و ڕزگاركردنی بەنی ئیسرائیل و بوونە جێنشین)

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ ﴾ أي فَنَتقَمْنَا مِنهم بالإغراقِ في البحرِ، واتـە: بێگومـان ئێمـەش تۆڵـەمان لـێ سـەندن و هـەموویانمان لـە ئـاوی دەریـادا غـەرق کـرد، ﴿بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ ۝١٣٦﴾ أي بِـسَبَبِ تَكْـذيبِهمْ بآيـاتِ اللهِ وإعراضِـهم عَنْهـا وَعَـدَمِ مُبـالاتهم بهـا، واتـە: ئەوانـە هـەموویان بڕوایـان بەبەڵگەو نیشانەو (موعجیزەکانی) ئێمە نەبوو بـەدرۆیان دائـەناو ڕوویـان لێ وەرنەگێڕاو، هەروەها خۆیانیان لـێ گێـل و بـی ئاگـاو غافـل کردبـوو، ﴿وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا ﴾ مَعْنَاهُ أَوْرَثْنَا القَوم الذّينَ كانُوا يَسْتَضعفُونَهُمْ القبطُ وهم بنو إسـرائيل مَـشارق الأرض التّـي كـانوا فيهـا وَمَغارِبَهـا وَقيـلَ أراد بهـذهِ

الأرضِ المُقدّسة الأردنّ وَفَلَسطِينَ[1]، واتە: موفەسیرەکان ئەفەرموون لەپاش ئەوە کە (فیرعەون) و دارودەستەکەی لەئاوی دەریای نیل دا خنکان و هێزو دەسەلآت و پاشایی زوڵم و زۆرداری نەماو، ئەوجا بە میرات خاکی پڕ پیت و بەرەکەت و پیرۆزمان دا بەنەتەوەی بێ دەسەلآت و چەوساوەو، ژێر دەستەیی ئیسرائیل ئەوە نەتەوەیەکە کە فیرعەون دەیچەوساندنەوە چونکە کوڕەکانی دەکوشتن و مێیەکانیشی دەهێشتنەوە، بۆ سوکایەتی جابێگومان ئەو وولآتە لە رۆژهەلآت و رۆژئاوا یانی (میسرو شام) یاخود لەنێوان نیل و فوراتە[2]، جا بێگومان وامان لێکرد لەبەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ و مالآت و ئاوو پیت و بەرکەتی هەبێ بۆ بەنی ئیسرائیلیە چەوساوەکان مایەوە، یانی ئەو جوولەکانەی دەسەلآت و کراوە بوون ، تاکو فیرعەون و قەومەکەی

(١) موفەسیرەکان: ئەڵێن مەبەست لەو سەر زەویە (موقەدەسە) کە خوا بەخشیویەتی بە نەوەی ئیسرائیل، بەشێکی لە ولآتی شام و میسرە، هەروەکو هەندێ لە (سیرەت نووس) و مێژوونووسان ، ئەڵێن و ئەگێڕنەوەو لەپاش تێداچوونی فیرعەون دا حەزرەتی مووسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) گەڕایەوە بۆ ولآتی میسر و (١٣) ساڵ تێیدا مایەوەو فەرمانڕەوابوو، ئەوجا پاش ئەوەی جارێکی تر کۆچی کردووە بۆ وولآتی شام هەروەها شامیش (سووریە و فەڵەستین و ئەردەن و لوبنان دەگەڕێتەوە)، بڕوانە تەفسیری المنار، لە نووسینی (محمد رشید رەزا)، بەرگی/٩، لاپەڕە/٧٣.

(٢) مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) خوالێخۆشبوو لەتەفسیری نامیدا دەڵێت: ئەو زەویە (موقەدەسە) بریتیە لە سنووری ولآتی میسر هەتا کۆتایی ولآتی شام یانی مابەین نیل و فورات، بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی٣/ لاپەڕە/٢٨٨.

مابوون هیچ دەسەلآت و توانایەکیان نەمابوو، بەو شێوە فەرمانی خوا بەتەواوی هاتەدی، هەروەکو لە شوێنێکی تردا شێوەی ئەم میرات پێدانە ڕووندەکاتەوەو ئەفەرمووێ[1].

جا با بگەڕێینەوە سەر کۆتایی ئایەتەکەی پێشوو هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۖ ﴾ أي بالخَيرات وكثرةُ الثمّرات، واتە پیت و بەرەکەتمان تێخستبوو بەزۆری لە میوەجات مەبەست لە خاك و ولآتی (شام و میسرە) هەروەکو موفەسیرەکان ئەفەرموون، ﴿ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلۡحُسۡنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُواْۖ ﴾ واتە: گوتەی پەروەردگارەکەی تۆش بەچاکە بۆ بەنی ئیسرائیل جێگیر بوو بەهۆی ئەوەی کە دانیان بەخۆ داگرت، یانی بەڵێنی ڕاست و جوانی پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر جێ بەجێ بوو، بۆ نەوەی ئیسرائیل بەهۆی ئەوەی کە ئارامییان لەسەر گرت، ئەوجا بێگومان ئەگەر ئوومەتی تۆش ئاوا خۆگر بن ئەوە بەڕاستی هەمان ئەنجام بەدەست دەهێنن، ﴿وَدَمَّرۡنَا مَا كَانَ يَصۡنَعُ فِرۡعَوۡنُ وَقَوۡمُهُۥ وَمَا كَانُواْ يَعۡرِشُونَ ١٣٧﴾ أي خَرّبْنَا وَدَمرْنا القصور والعمارات التّي كان

---

(١) هەروەکو خوای گەورە لەسوورەتی شوعەرادا لە ئایەتی /٥٧-٥٩ دا ئەڵێ ﴿ فَأَخۡرَجۡنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ٥٧ وَكُنُوزٖ وَمَقَامٖ كَرِيمٖ ٥٨ كَذَٰلِكَ وَأَوۡرَثۡنَٰهَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٥٩ ﴾ وەهەروەها لەچەند ئایەتێکی تریشدا خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە.

يُشَيِّدها فِرعون وقومهُ وماكانُوا يَفْرِشُونَ مِن الجنّات والمَزارِع، واتە: هەرچی فیرعەون و قەومەکەی بنیاتیان کردبوو روخاندمان و تێك و پێکماندا لە باڵەخانەو قەسرو قسوور و خانووبەرەی درووستیان کردبوو وە هەروەها هەرچی باغ و باغات و کەپرو تەلاریان هەبوو هەرهەموویانمان کاول و وێران کرد.

(ئاگادارییەك)

قالَ المُفسرون، وإلى هنا تنتهي قِصّة مُوسى مَعَ فِرعون وقومهُ، واتە: راڤەکەران ئەڵێن لێرە باسی دستانی مووسا بوو لەگەڵ فیرعەون و هۆزەکەی.

(بەنی ئیسرائیل لە دەریا پەڕینەوەو هەندێکیان بەپەیکەری بت و صەنەم گەیین)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ﴾ أي عبَرنا ببني إسرائيل البحرَ، وهو بحر القُلْزم عند خليج السويس الآن، واتە: نەوەی ئیسرائیلمان یانی نەوەکانی یەعقوب پێغەمبەرمان لە دەریا پەڕاندەوە[1]، واتە دەریای (قولزوم) لە ئێستاکە کەنداوی سویس ی پێ دەڵێن ﴿فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ﴾ أي مَرّوا علَى

---

(١) نەوەی ئیسرائیل بەچاوی خۆیان بینیان کە دەریا بۆیان شەق بوو، بەدوعای حەزرەتی مووسا و هەروەها بە ووشکانی پەڕینەوە، وە بەچاوی خۆیان بینیان (فیرعەون) و قەومەکەی لەناو دەریا خنکان چونکە لەدوای ئەوان بەفەرمانی خودا دەریا خۆی لێکداو هەمووی خنکاندن.

قومٍ يلازمون على عبادة أصنامٍ لَهُمْ، واتـە: بـەلای گـەل و نەتەوەيـەك دا تێپـەڕين كـە (بـت و سـەنەميان) دەپەرسـت[1]، ئينجـا هـەروەها نـەوەی ئيسرائيل واتە جوولەكەكان، كە ئەو ديمەنـەيان بينـی ئـەوجا سـەردەمی پەرستنی خواكانی ميصريان كەوتەوە بير كە وەكو ئـەوان دەيانپەرسـتن ﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ﴾ (أي اَجْعل لنا صَـنَماً نَعْبُـدُهُ كمَـا لَهُـم أصْـنَامٌ يَعْبـدونَها، واتـە: جوولەكـەكان داوايـان لەحـەزرەتی مووسـا كـرد تـۆش خوايـەكمان بـۆ پـەيدا بكـە بيپەرسـتين هەروەكو ئەوانە چەند خوايـەكيان هەيـەو دەيپەرسـتن ﴿ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾ أي إنَكُمْ قَوْمٌ تَجهلونَ عَظمة الله وَمـا يجـبُ أنْ يَنَّـزه عَنْـهُ مِنَ الشريك والنظير، واته: حەزرەتی مووسـا ووتـی بەڕاسـتی ئێـوە قـەوم گەلێكی نەفام و نەزان و تێنەگەيشتوون، بۆيە بـە عەزەمـەت و گـەورەيی خوا نازانن هەتاكو ئێستاكە فێری ئەوە نەبوونە كـە تـەنيا خـودا شياوی پەرستنە، چونكە بێگومان پێويستە خوای مەزن بە پاك و خاوێنی راگرن و هاوەڵ و هاوتاو هاوكووف و هاو وێنەی نييە، جا خـوای گـەورە لەسـەر زوبانی حەزرەتی مووسـا دا پێيـان ئەفـەرمووێ ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ ﴾ أي هالِكٌ مدَّمر ماهُمْ فيهِ مـن الـدّين الباطـلِ وهـو عِبـادة الأصـنام، واتـە: ئەوانـە كـە ئـەو بتانـە دەپەرسـتن گـەلێكی فـەوتاون و دۆڕاون و

---

(١) موفەسيرەكان دەڵێن ئەو نەتەوە بت پەرستانە هۆزێك بوون لە عەرەبە كەنعانيەكان.

تیاچوون، یانی ئەو ئایینەی کە ئەوانی لەسەرەو گرتوویانەتە ئەستۆی خۆیان خوا لەناوی ئەبات و نایهێڵێ لەسەردەستی مندا، بە ئایینی راست و ئەو بتانی ئەوانە نایهێڵێ و پەیڕەوی ئەکات ﴿وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٣٩﴾ أي باطِلٌ عَمَلُهم، واتە: ئەوەی کە ئەوان دەیکەن شتێکی پووچ و بەتاڵە، یانی بێگومان خۆیان و بتەکانیان بێ کەڵك و دوابڕاون، چونکە ئەو کارەی ئەو بت پەرستانە ئەیکەن بەهرەیەو بەفیرۆیەو بەتاڵە (موفەسیرەکان) ئەڵێن حەزرەتی مووسا یەکەم جار، وەڵامی گەلەکەی خۆی دایەوە بەوەی کە ئەوان نەزانن، دووهەم جار هەواڵی پێدان کە پاشەڕۆژی بت پەرستان لەناوچوونەو تووشی زەرەرو زیان ئەبن.

(وەبیر هێنانەوەی نیعمەتەکانی خوا بۆ نەوەی ئیسرائیل)

دیسان خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی مووسا (علیە السلام) دا ئەفەرموێت: ﴿قَالَ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ إِلَٰهٗا وَهُوَ فَضَّلَكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٤٠﴾ أي قالَ العلامة الطبري في تفسيره[1]، فَضَلَكُم عَلى عالمي دَهْرِكُمْ وَزَمانِكُمْ، واتە: حەزرەتی مووسا بە (تەعەجوبەوە) واتە: بەسەر سوڕمانەوە پێی ووتن ئایە لە خوا زیاتر خوایەکی دیکەتان بۆ پەیدا بکەم؟ یان لە غەیری خودای مەزن پەرستراوێکی ترتان بۆ دیاری

---

(١) بڕوانە تەفسیری (ئیمام طبري) ، بەرگی/١٣، لاپەڕە/٨٥.

بکەم و ڕێگە بدەم و ڕزای بم ئێوە بتپەرستی بکەن؟ خوای گەورەو پەروەردگار ئەو خوایەیە کە ئەو هەموو ناز نیعمەتانەی بە ئێوە بەخشیون، وە زاناو عەلامەی پێشەوا (طبري) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ فەزل ئێوەی داوە بەسەر هەموو خەڵکی تردا، ئەوەش شتێکی دیارو ئاشکرایە مەبەست خەڵکی ئەم سەردەمەیەو ئەو زەمانەیە کە ئێوەی لێ دەژین، ﴿ وَإِذْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ﴾ أي واذكرُوا با بني اسرائيل النِّعمَ التي سلفت مني إليكم حِنَ أنجيتُكمْ من قوم فِرعون يذيقونَكُم أفظع أنْواع العذاب، واتە: ئەی نەتەوەی ئیسرائیل یادی ئەو (نیعمەتە) گەورەیەی ئێمە بکەنەوە کە ئێوەمان ڕزگارکرد لە دەستەو جەستەکەی فیرعەون و کە ئێوەیان زۆر بە سەختی سزا دەدا، ﴿ يُقَتِّلُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ﴾ أي يُذَبحونَ الذكورَ وَيَستَبْقُونَهُم لِلاسْتخدام، واتە: کوڕەکانتانی دەکوشت و ژنەکانتانی بۆ خزمەت دەهێشتنەوە بۆ سوکایەتی ﴿ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿١٤١﴾ ﴾ أي وفي هذا العذاب إختبار وابْتِلاء مِنَ اللهِ لَكُمْ عظيمٌ فنجَاكُمْ اَفَلاَ تَشْكُرونَهُ، واتە: بێگومان ئا لەو بەلاو (عەزاب) و سزایانەدا تاقی کردنەوەیەکی گەورەبوو بۆتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە ئێوەی ڕزگارکرد بۆچی شوکرو سوپاسی ئەو خودایە ناکەن؟

(خوای گەورە چل ڕۆژی بۆ حەزرەتی مووسا دیاریکرد کە خۆی خەریك بکات بەخوا پەرستی بەتایبەتی ڕۆژوو گرتن)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای پەروەردگار منەت دەکات بەسەر نەتەوەی ئیسرائیلدا کە ڕێگای نیشانداون و چاکەو بەهرەی خۆی بەسەردا ڕشتن و، ئەوجا خوای گەورە بەڵێنی دا بەحەزرەتی مووسا هەروەها کاتی بۆ دیاریکرد کە لەپاش ئەو ماوەیە بچێتە ئەو شوێنە و پەیام و تەورات و شەریعەتەکەی بەدیاری وەرگرێ ئەو ماوەیەش لە پێشەوە (٣٠) شەوو ڕۆژ بوو، وە لەپاشان (١٠)ی تری لێ زیاد کردووە تا بوو بە (چل) ڕۆژ بۆ وەرگرتنی تەورات و (وەحی) و ئەو شەریعەتە گەورەیە وە ئاخاوتن و قسەی لە خزمەتیا بکات و فەرمانەکانی لێ وەربگرێ هەروەکو لە قورئاندا بەیانی ئەمەی کردووەو ئەفەرمووێ

﴿وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ﴾ أي وَعَدْنَا مُوسى (ع) لِمناجاتِنا بَعدَ مُضي ثَلاثين لَيْلَةً وَأكْمَلْنَاها بِعشر ليالٍ فَتمتِ المناجات بَعْدَ أربعين لَيْلَةً، واتە: بەڵێنمان دا بە مووسا ماوەی سی /٣٠ شەومان بۆ دیاریکرد بۆ موناجات و خواپەرستیەکی زۆر بکات و یان ئەو سی ڕۆژە بەڕۆژوو بێت، ئەویش بەڕۆژوو بوو، تا بە بۆنەوە پاکتر ببێتەوەو خۆی لێمان نزیك بکاتەوە بەدڵێکی پاکژەوە، جا ئێمە کۆتاییمان بەو سی شەوە بە دە شەوی تر هێنا، هەندێ لە زاناو (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو وەعدو بەڵێنە لە یەکەم

شەوی مانگی (ذي القعدة) دەستی پێکردووە هەروەها ناردنی تەورات و نامەکەشی کۆتایی پێهات لەشەوی[1]، دەهەمی مانگی (ذي الحجة) دابوو، پاشان بە دە شەوی تریش ماوە دیاری کراوەکەمان پێ تەواوکرد (چل شەوو چل رۆژ) حەزرەتی مووسا خۆی ئامادەکرد بۆ وادەی پەروەردگاری[2]، ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخْلُفْنِي فِي قَوْمِي﴾ أي كُنْ خَلِيفَتِي فيهم إِلَى أَنْ أَرْجَع، واتە: مووسا بە هارونی برای گووت تۆ جێگەنشینی من بە لەناو تاقی مندا هەتا دێمەوە بۆلای تۆو ئەوان چونکە من دەچم بۆلای کێوی توور بۆ هێنانی ئەو نامەو تەوراتەی کە خوای گەورە بەڵێنی پێداوم ﴿وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤٢﴾﴾ أي وَأَصلحْ أَمْرَهُم وَلاَتَسْلك طَرِيقَ الذّينَ يُفْسِدُونَ في الأرضِ

---

(١) هەندێ لە (موفەسرەکان) ئەڵێن مەبەست لە (ليلە) شەوو رۆژە، هەندێکی تر ئەڵێن لە موفەسیران ناوبردنی شەو بەتەنها لەبەر ئەوەیە کات لە شەوەوە دەست ئەکرێ بەهەڵبژاردنی.

(٢) هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) بەم شێوەیە تەفسیریان کردووە خوا فەرمانی پێ کرد سی رۆژ بەرۆژوو بێ و ئەویش بەرۆژوو بوو سی رۆژەکە لەمانگی (ذي القعدة) دابوو، حەزرەتی مووسا بۆنی دەمی خۆی پێ ناخۆش بوو ئینجا خوا فەرمانی کرد سیواك بکەن، ئەویش سیواکی کرد ئەوجا دە رۆژی تر لەمانگی (ذي الحجة) دا بەرۆژوو بوو کە دەکاتە چلی تەواو، (ئیبن و عەباس) دەڵێ ئاخر رۆژی بەڵێنەکەی یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو ، جا هەر لەو رۆژە دابوو خوای پەروەردگار قسەی لەگەڵ حەزرەتی مووسا دا کرد، بڕوانە (صفوە التفاسير)، لەنووسینی:(الشیخ محمد علی الصابونی)، بەرگی/١، لاپەرە/٤٦٩.

بِمعصيتهم للهِ، واتە: حەزرەتی مووسا بە هارونی برای گووت تۆ ئەوەی پێویستەو چاکەیە بۆیان جێ بەجێ بکە لە فەرمانی خواو لە کاروباری رۆژانەیان و، هەرگیز بەرێگای خراپەکاراندا مەچۆ و ئاگاداربە و هەشیار بە لەوانەی کە بێ فەرمانی خودا ئەکەن.

(حەزرەتی مووسا داوا لەخوای پەروەردگاری خۆی ئەکات بەچاو بیبینێت)

حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) داوای کرد لە خوای مەزن کە پەروەردگاریەتی کە خۆی پیشان بدات و بەچاوی خۆی بیبینێت هەروەکو خوای گەورە لە قورئاندا بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێ:

﴿ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ ﴾ أي ولَما جاءَ مُوسى لِلوقت الذي وَعَدْناهُ فيهِ وناجاهُ رَبّهُ وكلّمهُ مِنْ غيرِ واسِطَةٍ، واتە: کاتێ کە حەزرەتی مووسا بەدەم (وەعدەو) بەڵێنەکەوە هات بۆ ئەو کاتەی کە دیاریمان کرد بۆ قسەو گفتوگۆو بەخشینی تەورات و شەریعەتەکەی، خوا قسەو ئاخاوتنی لەگەڵ کرد بەو جۆرەو شێوەیەی کە شیاوو شایستەیە بەخوای مەزنەوە بێ‌و واتە بێگومان خوای پەروەردگار کەوتە قسە لەگەڵ حەزرەتی مووسا دا بەبێ ناوەندگیرو (واسیتە)ی فریشتە لەگەڵیدا، بەشێوەیەك قسەو ئاخاوتنی لەگەڵدا کرد کە بەرێك و پێکی لەهەموو لایەکەوە دەنگی خوای گەورەی دەبیست ئەوجا حەزرتی مووسا لەبەر خۆشی و (لەزەتی) ئەو لیقایە پیرۆزەدا ئارەزووی ئەوەی کرد کە خوداوەندی میهرەبان و مەزن (خۆشی نیشان بدە) بۆیە عەرزی

بارەگای زاتی ئەقدەسی کردو فەرمووی ﴿قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ﴾ أي أرني (ذاتَكَ المُقدسة) أنظر إليها ، قالَ العلامة القرطبي في تفسيره[1]، إشتاقَ إلى رؤية لَمَا أسْمعه كَلأمهُ فَسأله النظر إليه، واته: فەرمووی ئەی پەروەردگارم جەنابی خۆتم نیشان بدە تا من تێر تەماشات بکەم و بتبینم و زاتی پیرۆزی موقەدەست زانای بەناوبانگ پێشەوا (قورتبی) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێت بەو قسەکردنە لەگەڵ خوای مەزندا حەزرەتی مووسا ئارەزووی یەقینی خۆی کردو زۆر (موشتاق) بوو بۆ دیتنی خوای گەورەو ئینجا ووتی دەسلاّتدارو توانام بکە بەسەر ئەوەدا کە تۆ ببینم، ﴿قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَـٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى﴾ أجابَهُ رَبُّه لَنْ تَستَطيعَ رؤيتي في الدُّنيا فإنّ هذه البنيّة البشريّة لاطاقةَ لَها بِذَلِكَ وَلكنْ سأتجلّى لِما هُوَ أقوى مِنْكَ وهو الجبل فإن ثبت الجبل مكانهُ وَلَم يتزلزل فَسَوْفَ تراني أي تثبت لِرؤيتي وإلاّ فَلاَ طاقة لَك، واته: خوای گەورە فەرمووی تۆ قەت واتە هەرگیز ناتوانی من ببینی مەگەر لەناوپاش چونکە لەم ژیانەدا من نابینیت و توانای ئەو بینینەت نییە و مەبەستی ژیانی دنیایە، بەلاّم بڕوانە و سەیری ئەو کێوە بکە ئەگەر ئەو کێوە لەجێگەی خۆی جوولا و خۆی راگرت (چونکە کێو لە مرۆڤ بەهێزترە) ئەوە تۆش دوایی دەمبینی، کاتێ خۆمم بۆ دەرخستی، چونکە بۆی نیە ئادەمیزاد ئێستاکە لەم

---

(١) بڕوانە تەفسیری ئیمامی قرطبي ، بەرگی/٧، لاپەڕە/٢٧٧.

دنیایـە توانـای بینینـی خـوای گـەورەی نیـە[1]، جـا خـوای گـەورە دەفـــەرموێت: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا﴾ أي فَلَمَا ظَهَرَ مِنْ نُور الله قدر نصف (أنملة الخُنْصر) أندك الجبل وَتَفَتـت وَسَـقط موسـى مَغْـشياً عليـه مِـن هَـولِ مـا رأى، واتـە: كاتێـك پەروەردگار خۆی بۆ كێوەكە دەرخست، ووردو خاشی كردو مووسا بـێ هۆش كەوت ، یـانی كاتێـك خـودای گـەورە كـەمێك لـە نـووری خـۆی بـۆ كێوەكە، هەندێك ئەڵێن ئـەو نـوورە بـە ئەنـدازە نیـوە پـەنجەیـەك بـووە، ئـەوجا یەكسەر كێوەكـە هـەژاو ووردو خـاش بـوو، وە مووسـا كـەوت و لەهۆش خۆی چوو یانی بێ هۆش كەوت[2]، وە ئەفەرمووێ: ﴿فَلَمَّآ أَفَاقَ

---

(١) چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ (حِجابهُ النُور لَوْ كشَفَهُ لأحرقت سُبحات وجههِ أنواره ما أنْتَهَى إليهِ بَصَرهُ من خلقِه)، رواه مسلم واحمد واتە: پەردەی خوا رووناكیە و وە ریوا یەتێكی تر ئەڵێ ئاگرەو ئەگەر خوا پەردەكەی لابدات واتە پرشنگی رووی زاتی بێ وێنەی خۆی هەرچی لەسەر رووی زەمین هەیە هەمووی ئەسوتێنێ.

(٢) لە عەبدوڵلای كوڕی عەباسەوە (خودا لێیان رازی بێت) ئەگێڕنەوە كەوا فەرموویەتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێ: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ﴾ واتە: بە ئەندازەی پەنجە ئەنگوستێك نووری خۆی هاوێشتە كێوەكەو ئینجا كێوەكە وەكو ئەفەرمووێ ﴿جَعَلَهُۥ دَكًّا﴾ وای لێكرد كێوەكە ووردو خاش بوو، واتە: بووە خۆڵەمێش وە ئەفەرمووێ ﴿وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا﴾ خَرَ أي سَقَطَ، صَعْقاً أي غائِباً عَن الوَعي، واتە: بەمانای حەزرەتی مووسا بەربۆوە و كەوت، واتە لەهۆش خۆی چوو، وە بێ هۆش كەوت و بورایەوەو ئاگای لەخۆی نەما.

﴿قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾﴾ واتـە: كـە مووسا هاتەوە سـەر هۆش خـۆی ووتـی خودایـە پـاك و بێگـەردی تـەنها بۆتۆیە من لەو داواكاریەم پەشیمانم و تەوبە دەكەم و دەگەڕێمەوە بۆلای تۆ، وە من یەكەمین باوەڕدارم كە ئیمانی تەواوم هەیە بە دەسەلاّتی تـۆ، وە هـەروەها بڕواشـم هەیـە كـەس لـەم جیهانـەدا تـۆ نـابینێ مەگـەر لـە (قیامەتدا) ئەمەش شتێكی مسۆگەرو ئاساییە.

(ئاگاداریـیەكی گرنگ)

خوێنـەوارە ئازیزەكـانم زۆربـەی (موفەسـیرەكان) لـە تەفـسیری ئـەم ئایەتەدا بە زوبانی (عەرەبی) بەو شێوەیە تەفـسیریان كـردووە، ئەمـەش (نەص) و دەقەكەیەتی كە ئەفـەرمووێ: ﴿فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾﴾ المعنى فلّما صَحّا موسى من غَشْيَته أي (عَادَ إلى الوعي) قَالَ سُبحَانَكَ يارب أي تنزيهاً لَك عَنْ يراكَ أحَـدٌ في الدُّنْيَا تُبت من الجرأةِ على طلب ما لاينبغي وأنا أوّل المـؤمنينَ بِعَظَمَتـكَ وَجَلالِكَ، ولا ينافي هذا رؤيـة المـؤمنينَ لِـربهم في الجنّـة لأ المنفـيَّ إنَمـا هِـي الرؤية الدنيويّة[1]، أمّا فِي الآخرة فَهِيَ حَاصِلَةٌ لِكلّ من يدخلّ الجنّة بـالنّصِ

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون: ئایەتەكە مەبەستی ئەوەیە: لەم ژیانە دنیاییەدا قەت واتە هەرگیز ناتوانی بمبینیت نەك لە دوارۆژ و قیامەتدا، چونكە بێگومان خوای گەورە باسی ئێستا دەكات، بەبەڵگەی ئەوەی كە دەفەرمووێ (تەماشای ئەو كێوە بكە ئەگەر ئەو كێوە خۆی راگرت و توانی بە چەسپاوی بمێنێـەوە لەشوێنی خۆیدا ئەگەر خۆی پیشان بدەم، چونكە دوای ئەوە تۆش دەتوانی بمبینی.

القــاطِعِ ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾﴾ ســورة القيامــة، الآية/٢٣، وَقَد وردَت الأحاديث المتواترةُ المُستَفيضةُ الشّهيرة بثبوت الرؤية فإنّ الله سُبحانهُ يُعطي أهل الجنّةِ من الطاقة والقُدرةِ ما يَجْعَلَهُمْ يـرون ربّهُـمْ بأم أعينهم ولاَعَجبَ في هَذا فإنّ الله عَلَى كُلّ شيءٍ قدير[1].

(خوا زۆر ڕێز لە حەزرەتی مووسا ئەگرێ وە ئەلواحەکانی پێ ئەبەخشێ)

جا بێگومان خوای گەورە دڵدانەوەی حـەزرەتی مووسـای کـردو ڕێـزی لێ ئەنێ و لە دواییدا (ئەلواحی تەوراتی) پێ ئەبەخشێ، جگـە لەوانـەش بـەبێ ناوەنـدو فریـشتە گفتوگۆی لەگـەڵ ئـەکا هـەروەکو خـودی خـۆی ئەفــــــەرمووێ ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّى ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِى وَبِكَلَٰمِى﴾ أي أخْتَرتُكَ على أهْل زمانـِكَ بالرّسـالةِ الإلهيـةِ وَبتكْليمـي إيـاكَ بـدُونِ وَاسِـطة، واتـە: خـوای گـەورە فـەرمووی ئـەی مووسـا مـن تـۆم هەڵبژاردووە لەنێو خەڵكیدا تا پەیام و قسەكانی مـن هـەڵبگریت، ئـەوجا بێگومان زێدە لەهەموو کەس بەبێ ناوەندو فریشتە ئاخـاوتن و گفتوگـۆم لەگەڵدا کردی هـەروەها پێغەمبەرایـەتیم پـێ داوی و شـەریعەت و یاسـام پـێ بەخـشیوی ﴿فَخُذۡ مَآ ءَاتَيۡتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾﴾ أي

---

(١) بڕوانە: (التفسير الواضح الميسر) لە نووسینی:(الشيخ محمد على الصابونى)، لاپەڕە/٤٠٠، چاپی المكتبة العصرية، بيروت.

خُذْ مَا أعْطَيتُكَ مِنْ شرف النبّوة وَالحِكمةِ واشْكُرْ رَبّكَ عَلَى ما أعْطَاكَ من جلائل النِعَم، واته: ئەوەی پێم داویت بەجوانی وەری بگرە لە (شەرەفی نبوەت) یانی ئەو شەریعەت و یاساو تەوراتەی کە پێم داوی بەباشی وەری بگرە و جێ بەجێیان بەکەو، پابەندی بەو، پەیڕەوی بکەو رای بگەیەنە هەروەها سوپاسی نیعمەتەکانی من بکەو هەوڵ بدە هەمیشە لەریزی سوپاسگوزاران دابی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ ﴾ أي كَتَبْنَا لَهُ كُلّ شيءٍ كانَ بَني إسرائيلَ مُحتاجِينَ إليهِ في دينهم مِنَ المواعِظ وَتفصيل الأحكامِ مَبنّيةً لِلْحَلالِ وَالحرام كلُّ ذَلكَ في ألواحِ التوراة، واته: لە لەوحەکانی تەوراتدا واتە لە تابلۆکانی تەوراتدا لەهەموو جۆرە (حوکم) و بابەتێکی پێویستمان بۆ نووسیبوو، وە تۆمارمان کردبوو، بۆ هەموو چالاکیەکانی ژیان، بەتایبەتی لەکاروباری ئاییندا لە حەلال و حەرام و بنەمای عەقدیەو بیرو باوەڕمان بۆ روون کردبۆوە، هەروەها بەدوورو درێژی (نەصیحەت) و ئامۆژگاری پێویستمان تێدا بەیان کردبوو وە روون کردنەوەی گەلێك شتیش لە لەوحەکانی[1]، تەوراتدا شی کردبۆوە﴿ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلًا

---

(١) لەوح، یا تەختە، یان پارچە دار بوو، یان پارچە بەرد بوو، یان پیستەی ماڵات بوو، یان خشتی سوورکراوە بوو، چونکە ئەوکاتە کاغەز نەبوو، لەسەر بەردو دارو ئێسقان و پێستە دەیان نووسی و پێیان دەگووت (لوح)، جا زۆر لە(موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو (لەوحانە) تەورات بوون خوا بە نووسراوی بە فریشتەکان بۆ حەزرەتی مووسای هەناردبوو، (سەلات و سەلامی خوای لێبێت).

﴿ لِكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ ﴾ واتە: تا ببیّ بە پەندو ئامۆژگاری بۆیان و شیکەرەوە لە هەموو (حەلاڵ و حەرامێك) جا تۆش ئەی مووسا بیان گرەو ، وەریان بگرە بە گرنگی و بە عەزم و ئیرادەیەکی بەهێز ﴿ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا بِأَحْسَنِهَا سَأُورِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ ﴿١٤٥﴾ ﴾ أي وَأمُرْ بني إسرائيل بالحث عَلَى إختيار الأفْضَل وإلاّ سَتَرُونَ مَنازِلَ الفاسِقِين أي فِرْعَونَ وَقومَهُ، واتە: فەرمان بە گەلەکەت بکە (نەتەوەی ئیسرائیل) یانی پێیان رابگەیەنەو هەروەها فەرمان و نەهیەکانی پەیڕەو بکەن لە پەندو ئامۆژگاریەکانی ووردببنەوەو شتە جوانەکانی وەربگرن بەتایبەتی هەرچی تێدایە جوان و بەکەڵکە، واتە ئەگەر ئێوە پابەندی ئەم پەیامە نەبن کە بۆمان ناردون یانی شوێن یاسا جوانەکان نەکەون ئەوە دەچنە نێو پێڕی سەرپێچی کەران و لادەران لە ڕێبازی خودا، وە دەبن بە هاونشینی (فاسقان)، جا بێگومان ئەو سزایەی بەسەر فاسقاندا درا کە دارو دەستەکەی فیرعەون بوون.

(**پاشکۆ**)

(إبن كثير) دەفەرمووێ مانای ﴿ سَأُورِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ ﴾ واتە: لەوە بەولاوە سەرئەنجامی ئەوەتان نیشان ئەدەم کە سەرپێچی فەرمانی ئێمە دەکەن بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن لەناویان دەبەین و خانووبەرەیان کاول و خاپور دەکەین ، بەلاّم قەتادە ئەڵێت واتە خانوبەرەی ئەو کافرانەتان نیشان ئەدەم کە لەپێش ئێوە ژیاون و

لەناومان بردن، وەكو وێنەی (جەبابرەو عەماليقەكان) بۆ ئەوەی پەنديان لێ وەربگرن مەبەست شوێنەواری گەلی (عادو سەموودە) و گەلەكانی تر كە بەهۆی فيسق و بێ دينی و خراپەكاری و ستەمكاريەوە لەناوبراون و تەفرو توونابوون[1].

(ئەوانەی خۆیان بەگەورەو زل دائەنێن و ئەزانن، لە ئایەت و نیشانەکانی خوا کەڵك وەرناگرن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾ أي سأمنعُ المُتكبرينَ عَنْ فَهم آياتي فَلا يَتَفكرُونَ ولاَ يَتَدبَّرُونَ بِمَا فيهَا وأطمس عَلى قلُوبهم عقوبةً لَهُمْ عَلى تَكَبُرِهِمْ،، واتە: لائەدەم و بەرگری ئەكەم لە ئايەتەكانم ئەو كەسانەی كە خۆيان بە گەورە دائەنێن و بەناهەق خۆيان بە زل و بەرز نيشان ئەدەن لەسەر ئەو زەويە، واتە: دڵيان مۆر ئەكەم لە ئاستی ئايەتەكانم بەجۆرێ بيريان لێ ناكەنەوەو سووديان لێ وەرناگرن، چونكە ئەوان بەهۆی لوتبەرزی خۆيانەوە تووشی ئەم حاڵە بوون ﴿ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا ﴾ مَعْناهُ وإنْ يَرَوا كُلّ آيةٍ تَدلُّ عَلَى وَحدانيَةِ ونبوّة الأنبياءِ لاَ يصدّقوا بِهَا، واتە: ئەگەر هەر ئايەت و نيشانەو بەڵگەيەكيش ببينن و بۆ يەكتاپەرستی و يان ئايەتێكی قورئانيان پێ بگوترێ، باوەڕی

---

(١) بروانە: تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە نووسینی مامۆستا (مەلا مەحمودی گەلاڵەیی)، لەگەڵ دەستكاری، بەرگی/٩، لاپەڕە/٨١.

پێ ناهێنن و یان موعجیزەیەك ببینن كە بەڵگە بێ لەسەر پێغەمبەرو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەران ئەوانە باوەڕی پێ ناكەن و بەڕاستی نازانن، ﴿وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا﴾ أي وأن يـروا طريق الهُدى والفَلاحِ لا يَسْلكوهُ، واتـە: ئەگەر ڕێی ڕاست و سەعادەت و سەربەرزی و بەختیاری ببن وەری ناگرن و پێیداناچن، ﴿وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا﴾ أي وإنْ يَـروُا طَريقَ الضّلالِ والفَسادِ سَلَكُوهُ، واتە: ئەگەر ڕێی ئاژاوەو خراپەكاری و گومڕایی و سەرلێشێواوی ببینن خێرا وەری دەگرن و كاری پێ دەكەن و دەیگرنەبەر، ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ (١٤٦)﴾ واتـە: بەڕاستی ئەوان ئایەت و نیشانەكانی ئێمەیان بەدرۆ دائەنا (هەرگیز سەرنجیان نەدانێ) چونكە هەر لەسەرەتاوە بڕوایان بە (ئایەت) و فەرمانەكانی خوای گەورە نەبوو بەڵكو بەتەواوەتی (غافلێ) و بێ ئاگابوون لە تێفكرین و ووردبوونەوە لە ئایەتەكانی خودا، وە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الْآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ﴾

أي وَالذّينَ كذّبُوا بالقرآن وكَذّبوا بلِقاءِ الله في الآخرةِ بَطَلَتْ أعْمَالُهم الخيرية التّي عَمِلُوهَا في الدُّنيا، واتە: ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەكانی قورئان نیەو بەدرۆی ئەزانن یان باوەڕیشیان بە ڕۆژی دوایی نیە كە ڕۆژێك دێت لەبەردەم دادگای قیامەتدا دەبێ بوەستن، ئەوانە هەموو كارو كردەوەكانیان (بەچاكەكانیشیانەوە) پوچەڵ بووەو لەناوچووە، وە هیچ

سودێکیان لێ وەرنەگرت لەو خێرو چاکەی کە ئەنجامیان دابوو لە دنیـادا (چونکە ئیمان و باوەڕیان بە خـوای گـەورە نـەبوو)، ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤٧﴾﴾ أي هَـلْ يُثـابُونَ أَوْ يُعَـاقِبُونَ إلاّ بِمـا عَمِلُوا في الدُّنيا؟، واتە: ئایە بێجگە لەوەی کە دەیانکرد هـیچ پاداشـتێکی تریان دەدرێتەوە لە جیهاندا؟ بەڵام خاوەنی تەفـسیری الـسهل المفیـد[1]، ئەڵێ (أي نحنُ نجازيهم بحسبِ أعمالِهم التّي عَملوهَا ونياتهم فيها إنْ خَـيراً فخير و إنْ شَراً فَشَرٌ كَما تَدِينُ تُدان)، واتە: ئێمـە تۆڵـەیان لـێ جەسـێنین بـەپێی ئـەو کردەوانـەی لـەپێش خۆیانـدا کردوویانـە، ئەگـەر چـاکەیان کردبێت بەچاکەو ئەگەر خراپەشیان کردبێـت بـە خراپـە، وەکـو گـوتراوە چی بچێنن ئەوە دەدوورنەوە، یـان چـۆن بپێـوی وات بـۆ دەپێویـت واتـە ئەگەر چاکبوو بەچاکەو وەئەگەر خراپ بووبەخراپە.

---

(١) بڕوانە تەفسیری (السهل المفيد) لە نووسینی (دکتور عبدالحیّ الفرماوی)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٠٨، هەروەها بڕوانە (تفسیر النابلسی) لەدانانی دکتۆر محمد راتب النابلسی،ج٢، ص٦٣٨ .

(سەرگوزشتەی گۆلکە زێڕینەکە لەلایەن سامریەوە) [1]

خوێنەوارە ئازیزەکانم.. لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی داستانی حەزرەتی مووسا و قسەو گفتوگۆکردنی لەگەڵ خوای گەورەو مەزندا بۆ گێڕانەوە، هەروەها باسی هەناردنە خوارەوەی تەوراتی کرد بۆسەر حەزرەتی مووسا و قەومەکەی ئینجا لێرەدا قورئان سەرگوزشتەی ئەم گوێرەکەیەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، هەروەکو لە (سورەی بەقەرەدا) بەدوورو درێژی ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە کە لەنەوەی ئیسرائیلدا رووی دابوو، جا بێگومان خوای گەورە باسی سەر لێ شێواوی ئەو کەسانە دەکات لە نەوەی ئیسرائیل کە گومڕابوون بەهۆی پەرستنی ئەو گۆلکە واتە ئەو گوێرەکەوە کە (سامیری) بۆی درووستی کردن لە خشڵ و گەوهەر کەوا لە خشڵی (قیبتیەکان) کە لێیان خواستبوون لەو خشڵ و گەوهەرە پەیکەری گوێرەکەی بۆ درووست کردن، ئەگێڕنەوە کەوا مشتێك خۆڵی لەژێر سمی ئەسپەکەی حەزرەتی جوبرەئیل (سەلامی

---

(١) موفەسیران ئەڵێن: (سامیری ناوی مووسا) بووەو هەروەکو لە (تەفسیری صاوی) دا ئەڵێ (وَكانَ إبنُ زنا وضعتهُ أمّهُ في غار جبل فأرسل الله إليه جبريل (ع) فصار يرضعهُ مِن أصبعهِ وكان مُوسى السّامري مُنافقاً وانظر الى من رباهُ جبريل حيثٌ كانَ منافقاً وإلى من رباهُ فِرعون حيثُ كانَ مُرْسَلاً فإنَّ هَذا دليل على أنّ السّعَادة وَالشقَاوةَ بيدِ الله ، فقالَ بَعضُهم في هذا المعنى (إذ المرءُ لَمْ يُخْلَق سعيداً من الأزل * فقد خابَ من رَبي وَخابَ المُؤمَّلُ)

(فَمُوسى الذّي رَبّاهُ جبريلُ كافِرٌ * وَمُوسى الذّي رَبّاهُ فرعونُ مُرْسَلُ) بڕوانە تەفسیری (حاشیە الصاوی عن تفسیر الجلالین) لە نووسینی (احمد بن محمد الصاوی الخلوتی) بەرگی/٢، لاپەڕە/٦٢.

خـوای لێبێـت) کـرد بـه سـەریدا بـوو بـه پەیکـەری گوێرەکەیـەك هـەر دەیقۆڕانـد وەك قورئـان دەفـەرمووێ ﴿لَّهُۥ خُوَارٌ﴾ واتـە: دەنگـی رەشەوولاخ پێ دەگوترێ (بۆڕە) یان بۆڕاندن یان قۆڕاندن، ئینجا لەدوای رۆیشتنی حەزرەتی مووسا بەدەم ئەو بەڵێنەی پەروەردگاریەوە کە پێی دابوو (سامیری و گەلەکەی ئەمەیان کرد ئەوجا (سامیری) ووتی ئەمە خودای مووسا و ئێوەیە مووسا لێی وون بووە و مووسا لەبیری چۆتەوە پێتان رابگەیەنێ، جا بێگومان خوای مەزن حەزرەتی مووسای لەسەر (کێوی توور) ئاگادار کردەوە لەو کارەیان، وەك قورئان ئەفەرمووێ: ﴿قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ﴾ سـورەتی/ طـه/ ئایەتی/٨٥، واتـە: ئـەی مووسـا پـاش تـۆ ئێمـە (قەومەکـەتمان) واتـە: هۆزەکەتمان تاقی کردەوە (سامری) لایدان لە رێ و ترازاندنی یا گومڕای کردن، ئیتر قەومەکەشت واتە هۆزی (بەنی ئیسرائیل) بڕوایان پێ کردو دەستیان کرد بە گوێرەکە پەرستن هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَٱتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعْدِهِۦ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ﴾

أي يخبرُ تعالى مَنْ ضلَّ من بني إسرائيل في عبادتهم العجل الذّي إتخذه لَهُمْ السامريُّ مِن الحُليّ فَشكل لَهُم مِنهُ عِجْلاً جَسداً لا رُوحَ فيه وَقَد إحتالَ بِإدخال الرّيح فيهِ حَتّى صارَ يسمع لَهُ خوارٌ أي صَوْتٌ كَصَوْتِ البَقرِ، واتە: گەلەکەی مووسا دوای رۆیشتنی (مووسا) بۆ دیداری خوا، لە خشڵ و زێڕو زیوەکانیان لاشەی گوێرەکەیان درووستکرد کە بۆڕە بۆڕی لێوە دەهات و، بە پەروەردگاری خۆیان دانا، جا بێگومان هەروەکو

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەسەر لێ شێوانی ئەوانەی سەریان لێ شێوا، لە نەوەی ئیسرائیل لەوەی گۆلکیان واتە گوێرەکەیان دەپەرست کە (سامری) بۆی درووست کردبوون بەشێوەیەکی وا درووستیان کردبوو کە هەوای پیادا بڕۆیشتایە وەك گوێرەکە یان مانگا دەیبۆڕاند، دەرئەنجام ئەو گوێرەکە بێ گیانەی لە شێوەی پەیکەردا لێکەوتەوەو ئەوان پەرستیان، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا﴾ أي كَيْفَ عَبدُ العِجلَ واتّخَذُوه إلهاً مَعَ أنّه لَيْسَ فيهِ شَيءٌ من صفات الخالق الرّازق فإنّهُ لايَمْلك قُدرة الكلامِ وَلا قدرة هدايتهم إلى سبيل السّعادة فكيف يَتّخِذ إلَهاً؟ ، واتە: ئایە ئەوانە بۆ لەوە تێنافکرن و وورد نابنەوە کە ئەو (گۆلکە) یانی ئەو گوێرەکەیە هیچ شێوەو سیفەتێکی خوایەتی تێدانیە چونکە زمانی قسەکردن و ئاخاوتنی نیە هەروەها ناتوانێ قسەیان لەگەڵ بکا شارەزایان ناکا بۆ رێگای چاکەو سەربەرزی ناتوانێ خۆشبەختی دنیاو قیامەتیان بۆ دابین بکاو ئایە ئەبێ چۆن بیپەرستن و بیکەن بە خوا؟ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوهُ وَكَانُوا ظَالِمِينَ ﴿١٤٨﴾﴾ أي عَبَدُوا العِجْلَ واتّخذوهُ إلَهاً فَكانوا ظالمينَ لأنْفُسِهم حَيْثُ وَضَعوا الأشياءَ في غيرِ مَوْضِعهَا ، واتە: ئەوانە گوێرەکەیان پەرست و کردە خوا چونکە ئەو شتە بێ نرخەیان گێڕا بە بت و پەرستراو[1]، واتە:

(١) زانایان ئەفەرموون: زۆر جێگەی سەرسوڕمانە مرۆڤ بە دەستی خۆی شتێ درووست بکاو بیپەرستێ و بیکات بەخوای خۆی (العیاذ بالله).

بەرامبەر بە خۆیان و نەفسی خۆیان ستەمكار بوون و چوونە ریزی بێ باوەڕانەوە چونكە شتێكی وایان كرد كە لە جێگای خۆی نەبێ ئەوجا (موفەسیرەكان) ئەڵێن پاش گەڕانەوەی حەزرەتی مووسا و لۆمەو سەرزەنشت كردنیان و دەركردنی سامری و سووتاندنی گوێرەكە[1]، كە زانیان هەڵەن پەشیمان بوونەوە، وەكو قورئان ئەفەرموێ ﴿ وَلَمَّا سُقِطَ فِىٓ أَيْدِيهِمْ ﴾ أي نَدَمُوا على جنايتهم واشْتَدَّ ندمهم وحَسْرَتهُمْ عَلَى عبادة العِجْلِ، واتە: كارەكەیان لەدەست قەوماو چوو زۆر پەشیمان بوونەوەو (حەقیقەت) و راستیان بۆ دەركەوت و كە هەڵەن و ئیشێكی خراپیان كردووە﴿ وَرَأَوْاْ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّواْ ﴾أي تَبَيَّنُوا ضَلالهم تبيناً جليّاً كأنهم أبْصرُوه بعيونهم، واتە: زانیان كە بەڕاستی گومڕاو سەرگەردان بوونەو لە رێگەی راست ترازاون و بەچاوی خۆیان دانیان بە تاوانەكانی خۆیان ناو لەبەر خوا پاڕانەوە و پەشیمان بوونەوەو ووتیان ﴿ قَالُواْ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ ﴾ واتە: ئەگەر پەروەردگارمان بەزەیی پێمان دا نەیەتەوە و لێمان خۆش نەبێت ئەوە بەڕاستی لە زەرەر مەندان دەبین هەروەها ئێمە ماڵوێرانی دنیاو قیامەت دەبین.

---

(١) جا بێگومان گوێرەكە بوو بە پەند لەبەر چاویان، ئینجا لەدوای سوتاندنی حەزرەتی مووسا تێكی شكاندو فڕێی دایە ناو دەریاو نقوم بوو.

(رق هەڵسانی حەزرەتی مووسا لە قەومەکەی لەسەر گوێرەکە پەرستی)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًا ﴾ أي رَجَعَ مُوسى مِنَ الجَبَلِ إلى قَوْمِهِ شَديدُ الغَضَبِ حَزيناً، واتە: کاتی مووسا لە کێوی (طوور) بە ڕق و قین و توڕەیی و خەم و خەفەتێکی زۆر گەڕایەوە ناو قەومەکەی واتە هۆزەکەی ﴿ قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِى مِنۢ بَعْدِىٓ ﴾ أي بِئسَ مَا فَعَلتمُوهُ بَعدَ غَيْبَتي حَيْث عَبدتم العِجلَ، واتە: مووسا بە قەومەکەی ووت بەڕاستی کارێکی زۆر نالەبارو زۆر خراپتان کردووە کە گوێرەکەتان پەرستووە، دوای ئەوەی من ڕۆیشتم و بەجێم هێشتن هیدایەتدراوو ئایین پەروەر بوون کەچی لەدوای من گومڕابوون ﴿ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ ﴾ مَعناهُ أَستَبطأتُمْ وعدَ رَبِّكُم الذّي وَعَدَ في أربعين لَيْلَةٍ، واتە: بۆچی لە بڕیارەکانی خودا خۆتان پەلەتان کرد؟ نەتانتوانی خۆتان بگرن هەتا من چل ڕۆژەکە تەواو دەکەم و دێمەوە، تا فەرمانی پەروەردگارتان دێت و کۆتایی پێ دێت[1]، ﴿ وَأَلْقَى ٱلْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيْهِ ﴾ أي طرحَ

---

(١) کە ئەوان گووتیان ئەو سی ڕۆژە بۆ نەهاتەوە گومانیان کرد کە مردووە، چونکە بەوەیان نەزانی بوو بۆ ماوەی مانەوەی مووسا لە میقاتا دە شەوی تری لیٚ زیاد کراوەو بووە بە (چل شەو) حەزرەتی مووسا فەرمووی پەلەتان کردووە کە زوو بڕیاری مردنی منتان دا، ئەوەشمان لەبیر نەچێت (ریوایەت) کراوە کە (سامیری) گوێرەیکەی بۆ درووست کردوون ووتی ﴿ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ ﴾ سورەتی طە، ئایەتی /٨٨، واتە: ئەمە خودای ئێوەو خودای موسایە، چونکە مووسا مردو چوو تازە ناگەڕێتەوەو لەدنیا دەرچوو.

الألواحَ وأخَذَ بِشَرٍ رأس أخيهِ هارون يُجرّهُ إليهِ ظناً منهُ أنّه قَصَّرَ في كفّهم عَنْ ذَلكَ، واته: ئەو (لەوحانەی) كە خوای گەورە پیّ دابوون و فڕێی دان و پەرت و بڵاوی كردنەوە، ئینجا پەلاماری حەزرەتی هارونی برای داو قژی سەری گرت و بۆلای خۆی رایكێشا، چونكە پێی وابوو حەزرەتی هاروون كەم تەرخەمی كردووەو ئەركی پێویستی سەرشانی خۆی ئەنجام نەداوە، هەروەها بەرگری لەگەلەكەی نەكردووە، بەم جۆرە گوێلك پەرستی بكەن و نەیهێشتبا وا بكەن، ﴿ قَالَ ٱبْنَ أُمَّ إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِى وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِى ﴾ أي قَالَ هارون يا إبنَ أمّي إنّ القومَ أسْتَذلّوني وَقهرُوني وَقاربُوا قَتلي حِينَ نَهَيتُهمْ عَنْ ذَلكَ فأنا لَمْ أقصّرَ في نُصْحِهِمْ، واته: هارونیش پێی ووت (كوڕی دایكم) خۆمن لە ئامۆژگاری كردنیان و ڕێنمایی كردنیاندا هیچ درێغییەكم نەكردووە، بەلاّم (قەومەكە) منیان بیّ دەسەلاّت و بیّ توانا زانی منیش هیچ هێزو دەسەلاّتێكم نەبوو بەرامبەریان خەریك بوو بشمكوژن ﴿ فَلَا تُشْمِتْ بِىَ ٱلْأَعْدَآءَ ﴾ أي لا تُفَرَّحْهُمْ عَليّ وَلا تَظُنَّ إنّي رَضَيْتُ بِفعلِ القَوْمِ الظّالمين، واته: ئەی برای خۆشەویستم كارێكی وەهام لەگەلّ مەكە كە دوژمن پێم خۆش بیّ دلّی دوژمنی پیّ خۆش مەكە و هیواو ئاواتیان مەهێنەدی، وا تێمەگە كە من رازیم بە كردەوەی ئەو گەلە ستەمكارەو هەروەها لە ریزی ستەمكاراندا (حیسابم) بۆ مەكە ئەوانە گوێرەكەیان پەرست و، ئەمن لەو تاوانە دوورم، نابیّ رقت لەمن هەلّستیّ وەكو لەوان رقت هەلّساوە، من لەگەلّ ئەوانەدا نیم و بەریم لەكاری ئەوان ﴿ وَلَا تَجْعَلْنِى مَعَ ٱلْقَوْمِ

ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٥٠﴾ ﴾ أي فَلاَ تَجعلني مَعَ عَبَدَةِ العِجْلِ في الغَضَبْ عليَّ[1]، واتە: مەمخەرە ریزی ستەمکارانەوە ئەوانە گوێرەکەیان پەرست و لە پێڕی ئەوان حسێبم مەکەو لێم تورە مەبە ﴿ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَلِأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَۖ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٥١﴾ ﴾ واتە: پاش ئەوەی کە تورەییەکەی مووسا (علیه السلام) دامردەوەو، ئینجا دەستی کرد بە (دوعاو) پاڕانەوە، ووتی پەروەردگارا لەهەموو گوناهو کردەوەیەکی خراپی خۆم و (هارونی) برام خۆش ببەو وەهەروەها بمانخەرە ژێر سایەی بەزەیی خۆتەوە، چونکە بەڕاستی تۆ لەهەموو کەسێك (بەرەحم) و بەبەزەیی تری، جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ٱلْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۚ ﴾ أي إن الذين عبدو العِجْلَ وأتّخذوا إلهاً سَيُصِيبَهُمْ غَضَبٌ شَديدٌ مِنَ الرحمنِ وَينالَهُم في الدّنيا الذُّلَ وَالْهَوانَ، واتە: لەڕاستیدا ئەوانەی گوێرەکە پەرستیان کرد لە ئایندەدا لەلایەن پەروەردگاریانەوە خەشم و قینیان دەگاتێ و زەلیلی و خەجاڵەتی بەشیان دەبێت لە ژیانی دنیادا ﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُفْتَرِينَ ﴿١٥٢﴾ ﴾ أي كَما جزينا هؤلاءِ فكذلكَ نجزي الكاذبين على الله، واتە: هەر بەو شێوەیە تۆڵە لەوانە دەستێنین کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن و (شەریك) و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن، جا خوای

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن: (وَكانَ هارُون أكبر مِنْ مُوسى بثلاث سِنِينَ) واتە: حەزرەتی هاروون بەتەمەن سێ ساڵان لە حەزرەتی مووسا گەورترە بووە (وأَحَبَّ إلى بني إسْرائيلَ مِنْ مُوسى) واتە هاروون لەلای بەنی (ئیسرائیلیەکان) لە مووسا خۆشەویست تر بوو.

گــــەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِهَا وَءَامَنُوٓاْ ﴾ أي عملوا القبائح والمعاصي ثم تابوا ورَجَعُوا إلى الله مِنْ بَعد إقْتَرافِهَا وَداموا عَلَى إيمانهم وأخلَصُوا فيه، واتە: ئەو کەسانەش گونـاح و تـاوانی (کوفریـان) ئەنجامـداو کـرد، وە لەپاشـان پەشـیمان بوونـەوەو بڕوایـان هێنـاو هـەتا مـردنیش لەسـەری مانـەوە ﴿إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعۡدِهَا لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٥٣﴾ ﴾ أي إنَّ رَبّكَ يا مُحمّد مِنْ تِلكَ التّوبة لَغَفُورٌ لـذنُوبِهم رَحيمٌ بِهم، واتە: بەڕاستی پەروەردگاری تۆ ، ئـەی پێغەمبـەر دوای تۆبـە کـردن لـەو گونـاهو تاوانانـە لێخۆشـبوو و لێبوردەیـە هـەروەها تاوانیـان دادەپۆشی چونکە (بەرەحم) و بەبەزەییە.

(حەزرەتی مووسا لە تووڕەییەکەی دامردەوە)

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ ﴾ أي سَكن غضبَ موسى علي أخيـهِ وَقَوْمِـه، واتـە: کـاتێ ڕق و توڕەییەکـە لەدڵی حەزرەتی مووسا وەستایەوە هاتەوە سەر خۆی و صەبر و ئـارامی ڕووی تێ کردو (دوای ئەوەی کە بۆی دەرکەوت هاروونی برای پاکەو کەم تەرخەمی نەکردووە وە داوای پاڕانەوەی بۆ خـۆی و هـارونی بـرای کـرد، ﴿أَخَذَ ٱلۡأَلۡوَاحَۖ وَفِي نُسۡخَتِهَا هُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلَّذِينَ هُمۡ لِرَبِّهِمۡ يَرۡهَبُونَ ﴿١٥٤﴾ ﴾ أي ألواح التوراة التي كانَ ألقَاهَا وفيمـا نُسِخَ فيهـا وكُتِـبَ هدايـة الحقّ ورحمةٌ للخَلقِ بِإرشـادهم إلى مـا فيـهِ سَعَادَةُ الدّارين، واتـە: مووسـا لەوحـە تەختـەکانی تـەوراتی بەرهەڵگرتـەوەو بـە سـاغی و بـە نەشـکاوی کـاتێ ڕقـی هەڵـساو فڕێـی دان، وە لـە تـەوراتیـشدا هـیچ شـتێ لانـەبراوە

(بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ وتوویانە تەختەکان شکان و هەندێ تەورات وون بوبوون، واتە: لەنێو نوسراوەکانی (لەوحەکانی) تەوراتا هەبوو رێنومایی کردن لە گومڕایی و لێبوردن و بەزەیی و میهرەبانی و پاك بوونەوەی لە ژەنگ و چڵك و چەپەڵی و تاوان و گوناه بۆ کەسانێکی ئەوتۆ لەسزای پەروەردگاری خۆیان بترسن.

(حەزرەتی مووسا حەفتا کەسی هەڵبژارد لە نەوەی ئیسرائیل بۆ خزمەت خوای گەورە بەڵام لەوێ مراندنی و نەگەڕانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱخۡتَارَ مُوسَىٰ قَوۡمَهُۥ سَبۡعِينَ رَجُلٗا لِّمِيقَٰتِنَاۖ ﴾ أي اختار مُوسى من قومه سبعين رَجُولاً ممنْ لمْ يَعبدُوا العِجْلَ للْوقت الذّي وَعَدهُ رَبّهُ الإتيان فيه للأعتذار عَن عبادة العِجْلِ، واتە: حەزرەتی مووسا حەفتا کەسی لە نەتەوەکەی ئیختیار کردووە وات هەڵبژارد بۆ ئامادەبوونیان لەوکاتەی کە خوا دایناببوو بۆ ئەوەی بێن و داوای تۆبەو لێبوردن بکەن لە پەروەردگاریان بەهۆی ئەو گوێرەکە پەرستیەی کە ئەنجامیان دابوو.

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن حەزرەتی مووسا هەڵیبژارد لە تاقمەکانی خۆی (٧٠) پیاو لە دوازدە هۆزدا لەهەر هۆزێ شەش کەس ئەبوایە حەفتاو دوو کەس بوونایەو، بەڵام حەزرەتی مووسا فەرمووی دوو کەستان مەیەن، ئینجا (کالیب و یوشع) گەڕانەوەو بوونە حەفتا کەسی تەواو، ئینجا مووسا لەگەڵ ئەو حەوتا کەسە نزیك بوونەوە لە (میقات) و جا لە شوێنەکە هەورێك پەیدابوو بەفەرمانی خودا ئەوانی داگرت و بەڵام حەزرەتی مووسا لەوان زووتر چووە ناو هەورەکەوە بەڵام ئەو حەفتا کەسەش فەرمایشتی لەگەڵا کردوو (هەموو حەفتا کەسەکە) فەرموودەکانی خودایان بیست و لە ئەمرو نەهی وەعدو وەعید، ئینجا

کـاتێ کـە هەورەکـە ڕەویـەوە بەفـەرمانی خـودا قەومەکـە واتـە حـەفتا کەسەکەی کە حەزرەتی مووسا هەڵیبژاردبوون ووتیان بەخوا ئێمە باوەڕ نـاهێنین تـا خوامـان بـە ئاشـکرا نیـشان نـەدەی، ﴿أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةً﴾ دەبێ خوا ببینین و ئینجا لەو (ئیدیعایەی) ئەوان بە بۆنەی هەندێ خـوای گـەورە هـەورە تریـشقەی لـە ئاسمانـەوە داپـەڕی هەنـدێکیش ئـەڵێن بومەلەرزە گرتنی یا بروسکە بەسەریانەوە هـەر حـەفتا کەسـی کوشـت و مرانـدن و ئـەوجا حـەزرەتی مووسـا زۆر (غـەمبار) بـوو بـەم کارەساتەو پەرێشان بوو هەروەکو قورئـان ئەمـەمان بـۆ ئەگێڕێتـەوە و ئەفـەرمووێ:

﴿فَلَمَّآ أَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ قَالَ رَبِّ لَوۡ شِئۡتَ أَهۡلَكۡتَهُم مِّن قَبۡلُ وَإِيَّٰيَ﴾ أي فَلَمـا رَجَـفَ بهـم الجبـل وَصَـعِقُوا قَـالَ مُوسـى عَلَـى وجـه التـضرع والإستسلام لِأمر اللهِ لَوْ شِئْتَ يا ربّ أنْ تُهْلكنا قَبْلَ ذلك فإنّا عَبيـدُكَ وأنـت تفعلُ ما تشاء، واتە: کاتێ هەورە تریـشقە یـا بوومەلـەرزە گرتنـی ئـەوان بەهۆی خۆیان ئەوەیان بەسەرهات بەڵام مووسا (سـەلامی خـوای لێبێـت) کـە ئـەوەی بینـی کەوتـە نـزاو پاڕانـەوەو داوای لێبـوردنی کـرد لـە پەروەردگارو فەرمووی ئەی خودای گەورەمان ئەگەر بتویستبایە ئەوانـە لـەناو ئـەبرد لەمـەوپێش و منیـشت لـەناو ئـەبرد و بـەهیلاك دەبـرد و دەتفەوتاندین چونکە ئێمە بەندەی تـۆین چـی بەسـەرمان بێنـی و هـەروا ئـەبێ و کـەیفی خۆتـە، ﴿أَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآ﴾ أي أتُهْلِكُنـا وَسَائِرَ بَني إسرائيل بما فَعَلَ هؤلاءِ السُفهاء السّبعُون، واتـە: خودایـە تـۆ بەهۆی کارو ڕەفتاری خراپـی ئـەو بـێ عـەقڵ و گێلانـەی کـە لەناومانـدان دەتەوێت ئێمەش بفەوتێنیت؟ بەتایبـەتی ئـەو (حـەفتا کەسـە) بـێ ژیـرو

عەقڵـــە ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهْدِي مَن تَشَآءُ﴾ أي ما هَذه الفِتْنَةُ[1] التي حَدَّثت لَهُم إلاّ محنَتُكَ وابْتلاؤُكَ تَمْتَحن بِهَا عِبادُكَ أي تُضِل بهذهِ المِحنة من تشاء إضلالَهُ وتَهْدي مَنْ تَشاء هدايتَهُ، واتـە: خوایە دیارە ئەو رووداوە ئەمە تاقیکردنەوەیەك بوو کە ئەوانی تێکەوتن، جا بەڕاستی هەر تاقی کردنەوەی تۆیەو هەروەها مەیلی خۆتە هەر کەسێکی پێ گومڕا بکەیت و هەر کەسێکیش شارەزاو ڕێنمایی بکەیت ﴿أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَٰفِرِينَ ﴿١٥٥﴾﴾ واتە: بەڕاستی ئەی خودایە هەر ئەتۆی سەپەرشت و گەورەمان هەر زاتی تۆ پشت و پەنای ئێمەیە، جا داوا کارین کە لێمان ببوریت و بەزەییت پێماندا بێتەوە چونکە باشترین بەخشێنەر هەر تۆی ﴿وَٱكْتُبْ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْءَاخِرَةِ﴾ واتە: بنووسە بۆمان لەم جیهانەدا ژیانێکی پاك و خاوێن و و لە (قیامەت) و دواڕۆژیش چاکەمان بۆ بنووسە بیکە زەخیرەو هەڵیگرە ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾ أي تُبْنَا ورَجَعْنَا إِلَيكَ مِنْ جميعَ ذنُوبَنا، واتە: ئێمە هاتینەوە بۆلای تۆ و گەڕاینەوەو پەشیمان بووینەوە لەهەموو گوناهەکانمان ﴿قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنْ أَشَآءُ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ أي قالَ الله تعالى أما

---

(١)(موفسیرەکان) ئەفەرمون وشەی (فیتنە) لێرەدا مەبەست لەو وتەیە هەڵگێرساندی شەڕوو خراپە کاری نیەو بەڵکو مەبەست دەرخستنی شێوەی (ڕاستەقینەی شتەکان‌و تاقیکردنەوەیە.

عذابي فأصيبُ بِهِ مَنْ أشاء من عِبادي وأمّا رَحمتي فَقَد عَمَتْ خَلْقي كُلَّهُمْ، واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: سزاو عەزابی من تایبەتە بەو کەسانەی کە دەمەوێ سزایان بدەم لە (کافرو) بێ باوەڕو یاخی بووان، چونکە بێگومان هەر کەسێ بیەوێ سزای بدەم سزای منی دەگاتێ بەڵام بەزەیی و میهرەبانیشم ئەوەندە زۆرە هەموو شتێکی داگرتووەو بەشی هەموو کەسێك دەکات.

(ئاگاداربیەکی گرنگ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن: پاش ئەو (دوعا)و تکایەی حەزرەتی مووسا (ع) کردی لە پەروەردگاری کە ئەو (حەفتا) کەسەی کە مردبوون زیندووی کردنەوەو، ئینجا لەگەڵ حەزرەتی مووسادا ڕۆیشتنەوە ناو قەومەکەیان، وە هەروەها هەندێکی تر ئەڵێن ئەو (٧٠) کەسە نەمردبوون بەڵکو بەو بومەلەرزەو یا تریشقەی کە دای بە کێوەکەدا هەموو شپرزەبوون و ئینجا پاش ماوە یەك بە (دوعای) حەزرەتی مووسا (سەلامی خوای لێبێت) چاك بوونەوەو هاتنەوە سەر خۆیان و لەگەڵ ئەودا چوونەوە ناو بەنی ئیسرائیلەوە، جا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَوٰةَ وَالَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٦﴾﴾

أي سأجعل هذه الرّحمة خاصة في الآخرة بالذينَّ يتقُون الكُفْرَ وَالمَعاصي، وَيَعطُونَ زكاة أموالهُم ويُصَدقون بِجَميع الكتب والأنبياء، واتە: بەزەیی خۆم دەنووسم بۆ ئەوانەی لەخوا دەترسن و خۆیان لە تاوان دەپارێزن و زەکاتی ماڵ و سامانی خۆیان دەدەن و ئەوانەی باوەڕیان بە بەڵگەو

نیشانەکانی ئێمە هەیە، یانی (رەحمەتم) تایبەت دەکەم بە دواڕۆژ، بۆ ئەو ئادەمیزادانەی خۆیان لە هاوەڵ دانان بۆ خواو لە خراپەو تاوانکاری دەپارێزن، هەروەها کاتێ ماڵەکانیان دەدەن بە هەژاران و نەداران ، وە باوەڕو ئیمانیان هەیە بەهەموو کتێبی پێغەمبەرەکان (سەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێت).

(هەندێ لە سیفەتەکانی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) کە لە تەورات و ئینجیلدا باس کراوە)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ﴾ أي هؤلاء الذّينَ تَنالَهُم الرّحمة هُم الذّينَ يَتبعُونَ مُحمداً (ﷺ) النّبي الأمي العربي الذّي لا يَقرأ ولا يكتب، واتە: ئەو کەسانەی دەکەونە بەر (رەحمەتی) خودای خۆیانەوە یانی ئەو کەسانەن کە دەکەونە شوێنی پێغەمبەری خودا (ﷺ) وە بە فەرمانی ئەو دەڕۆن و باوەڕی پێ دێنن، کە پێغەمبەرێکی ئومی[1] نەخوێندەواری عەرەبی قورەیشیە، نەخوێندەوارو نەشارەزا لە نووسین و کیتابەت ﴿ٱلَّذِى

---

(١) مەبەست لە (ئوممی) واتە مرۆڤێکە هیچ شتێکی نەخوێندبێ و نەنووسیبێ و جا کەسێکی وەك محمد (ﷺ) لەگەڵ ئەوەشدا لەلای کەس نەیخوێندووە ئەوجا خوای گەورە پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی دایێ و ئەمە مەبەستەکەیە لە ووشەی ئومیدا نەك خوانەخواستە مانای نەزانی و (جەهل) بێ چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی فەرموویەتی (أنّا أُمة أميّة لا نكتبُ ولاَ نَحْتَسِبُ) رواهُ البُخاري ومسلم ، واتە ئێمە لەگەل و ئومەتێکین نە دەنووسین و نە (حیساب) گرین، بڕوانە: تەفسیری رامان لە نووسینی مامۆستا احمد کاکە محمود لەگەڵ دەستکاری ، لاپەڕە/٢٩٢.

﴿ يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ ﴾ أي الـــذي يَجِدُونَ نَعْتَهُ وَصِفَتَهُ في التوراةِ والانجيل، واتـه: ئـەو پێغەمبـەرەی کـە ناوونیشان و سیفەتەکانی لە تەورات و لە ئینجیلدا نووسراوە وەك هەندێ کەسی بێ باوەڕ نایشارنەوە و بەچاکی دەری دەخەن، فَقَال المُفسرونَ، هذهِ صفة محمد (ﷺ) في كُتبِ الأنبياء بشروا أُمَمهم بِبَعْثَته بِمُتابَعته ولَم تـزل صِفاته مَوجُودةً في كُتُبِهِم يَعْرِفُهـا عُلمـاؤهم وأَحْبـارَهُمْ، واتـه: (موفەسیرەکان) ئەفەرموون بێگومان ئەمانـە سیفاتی محمـدە (ﷺ) وە لە کتێبی هەموو پێغەمبەراندا هاتووەو موژدەشیان داوە بـە گەلـەکانیان کە لەسەردەمێکدا پەیدا دەبێت و فەرمانیان پێ کردوون ئینجا هـەرکاتێ تەشریفی هات شوێنی بکەون هەتا ئێستاش سیفەتەکانی لە کتێبەکانیـدا هەیـە[1]، چـونکە بێگومـان زانایـان و ئـەحبارەکانیان واتـە: قەشـەو ماڵمەکانیان باش دەزانن (قالَ الإمام أحمد، حَدّثنا إسماعيل عن الجُرَيـري (عَنْ أبي صَخْر العقيلي) حَدّثني رَجُل مِنَ الأعْرابِ قَـالَ جَلَبْـتُ جَلُوبـةً إلى المدينة في حياة رسول الله (ﷺ) فلّما فرغتُ مِنْ بيعي قلت لألقينّ هـذا الرجلَ فلأسْمَعَنّ منهُ قَالَ فَتَلقاني بين (أبي بكرٍ وَعُمَر) يمشون فَتَبِعتهُمْ

---

(١) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە (تەفسیرەکەیدا) ئەڵێ: ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەی کە نووسراوە لەناوو نیشانەو رشتەی مەڵبەندا تەوراتی حەزرەتی مووسادا وەکو لە تەفسیری شعیا-دا نووسراوە تیشك و پرتەوی نووری خودا وەکو لە ولاّتی (ساعیر)دا شەوقی دایەوە لە کێوی (سینا) دا دەرکەوت وەها لە (کێوی فاران) دا دەردەکەوێ، کە کێوی فاران ئەو کێوەیە لە نزیك شاری مەککەدا کە حەزرەت (ﷺ) لەوێدا (وەحی) بۆهات، وە هەروەها لە ئینجلیشدا حەزرەتی عیسا (ع) بەهەمان شێوە خەبەری داوە.

حَتَّى أتوا عَلَى رَجلٍ مِنَ اليَهُود ناشِراً التوراة يقرؤهَا يُعزّي بِهَا نفسهُ على إبن له في المَوْت (كاحسن الفتيان وَأجْمَلهُ) فَقَالَ رَسُول الله (ﷺ)أنْشُدُكَ بِالَّذي أنْزَلَ التَّوْرَاةَ، هَلْ تَجِدُ فِي كِتَابِكَ ذَا صِفَتِي، وَمَخْرَجِي؟" فَقَالَ برأسه هَكَذَا، أيْ: لَا، فَقَالَ ابْنُهُ: إِي وَالَّذِي أنْزَلَ التَّوْرَاةَ، إِنَّا لَنَجِدُ فِي كِتَابِنَا صِفَتَكَ، وَمَخْرَجَكَ، وَانِى أشْهَدُ أنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأنَّكَ رَسُولُ الله، فَقَالَ:"أقِيمُوا الْيَهُودَ عَنْ أخِيكُمْ"، ثُمَّ وَلِيَ كَفَنَهُ، وَالصَّلَاةَ عَلَيْهِ[1]، قال (ابن كثير في تفسيره) : هذا حديث جيّد، قوي، له شاهد في الصحيح، عن أنس (رضي الله عنه)، واته: پێشەوا(ئەحمەد) ئەڵێ و ئەیگێڕێتەوە لە ئیسماعیلەوە و لە جەریرەوە لە ئەبو سەخری عوقەیلیەوە، ووتی پیاوێك لە عەرەبی چۆڵ و دەشتەکیەوە بۆی گێڕامەوەو ووتی لە زەمانی پێغەمبەری خودادا (ﷺ) حوشترێکی شیردەرم لەگەڵ خۆن هێنا بۆ مەدینە کاتێك مامەڵەکەم تەواوکرد و ووشترەکەم فرۆشت و ئینجا گووتم ئەبێ چاوم بەو پیاوە بکەوێت کە ئەڵێ پێغەمبەرم هەروەها دەبێ گوێ لە قسەکانی بگرم جا ئەڵێ پێی گەیشتم لەنێوان (ئەبوبەکرو عومەردا) ئەرۆیشتن و ڕێیان دەکرد ئەوجا منیش دوایان کەوتم هەتا گەیشتمە لای پیاوێکی جوولەکە تەوراتی بلاوەکردەوەو، دەیخوێندەوەو دلخۆشی خۆی پێدەدایەوە چونکە لەوێ کە کوڕێکی لەسەرەمەرگدابوو گەنجێکی زۆر جوان و ڕێك و پێك بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی سوێندت دەدەم بەوەی تەوراتی دابەزاندووە بۆتان ئایە لە کتێبەکەتان یانی لە (تەوراتەکەتان) سیفەت و هاتنی منت بینیوەو ئینجا سەری خۆی راوەشاندو گووتی نا نەخێر ناوی تۆی تێدانیە، بەلاّم کوڕەکەی ووتی

---

(١) أخرجهُ أحمد برقم /٤١١، بڕوانە: (تفسير القرآن العظيم) لە نووسینی (الحافظ ابن كثير الدمشقي) لێکۆلّینەوەی (عبدالرزاق المهدي)، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٩١.

بـەڵێ سـوێند بـەو کەسـەی کـە تـەوراتی نـاردووە، ئێمـە (صـیفات) و ناونیشانی تۆ دەزانین لە (تەوراتە) کـە هـاتووە جـا گەنجەکـە ووتـی مـن شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لـە خـوای تـاك و تـەنها وە هـەروەها شـایەتی دەدەم کـە تـۆ پێغەمبـەری خـودای، ئینجـا کـوڕە جوولەکەکە کۆچی دوایی کردو، ئەوجا لە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) خۆی و هاوەڵەکانی شۆردیان و (کفنیـان) کـردو، نوێـژی لەسـەرکردو بـەخاکیان سـپارد، جـا بـا بگەڕێینـەوە سـەر ئایەتەکـەو هـەروەکو خـوای گـەورە دەفــــەرموویت: ﴿يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ واتە: ئەو پێغەمبەرە فەرمانیان بە چاکە پێدەکاو، وە لـە شـتی خـراپ و ناپەسـەند ڕێیـان لـێ دەگرێـت و قەدەغـە دەکـات ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ﴾ واتـە: هـەموو شـتێکی پـاك و خاوێنیان بۆ حـەڵاڵ و ڕەوا دەکـات و، وە هـەموو شـتێکی پـیس و زیـان بەخشیان لێ (حەرام) دەکـات وەکـو (گۆشـتی بـەراز) و خـوێنی ڕەوان و مردارەبوو، (شـەراب) و (ڕیبـا) و شـتی تـر، ﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ أيْ يُخَفِّف عَنهُمْ مَا كلفوهُ مِن التكاليف الشاقةِ التي تُشبه الأغلال كَقَتلِ النفسِ في التّوبَةِ وَقطع مَوضع النّجاسةِ مِن الثّوبِ، والقصاص من القاتل عَمداً كان القتل أو خطأً أو شبه ذلك، واتـە: ئەو بارگرانییەی کە خرابوە سەریان[1]، لەسەریان لادەبات یان ئەو کـۆت

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن: ئەو بارگرانیەی کە پێشتر لەبەر بێ دینی و خراپی خۆیان خودا داینابوو لەسەریان.

و زنجیرانەی کە بەسەریانەوە بوو کە زۆر قورس و گران بوو لەسەر شانیان لادەبات وەك ئەو کەسەی کە تۆبەی دەکردو دەبوایە خۆی بکوژێ، یان ئەگەر یەکێکیان تاوانێکی بکردایە دەبوو ئەو ئەندامەی تاوانەکەی پێ کراوە ببڕدرێ یان ئەگەر جل و پۆشاکیان پیس بوایە دەبوو بیبڕن یان وەکو (قیصاصی) قەتل کە بکوژ بەئەنقەست یان بە هەڵە ئەو کارەی لەدەست بقەومایە دەکوژرایەوە، چونکە خوێن وەرگرتن لە یاسای ئەوان نەبووە، وە زۆر شتی تریش بە وێنەی ئەمانەو...هتد.

جا بێگومان بە هاتنی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (ﷺ) ئەو شتە قورس و گرانانە لەسەر پێغەمبەرو ئوممەتەکەی هەروەکو ئەفەرمووێ: (بَعَثْتُ بالحَنَفِيـة السّمحَةُ السّهلة)[1]، واتە: شەریعەتێکی چاك و پاك و پڕ سەماحەتەوە کراوم بە پێغەمبەر (ﷺ) یانی من بە ئاینێکی بێ خەوش و ئاسان رەوانە کراوم، وە هەروەها بەهەردوو ئەمیرەکەی واتە (موعازی کوڕی جەبەل) و (ئەبو موسای ئەشعەری) کە رەوانەی وولاتی یەمەنی کردن بۆ (قازیەتی) و پێیانی فەرموو: (بَشّرُوا وَلا تُنفّروا وَيسّرا وَلا تُعَسرا وَتَطاوَعا وَلاَ تَخْتَلِفَا)[2]، واتە: موژدەدەربن و خەڵك راومەنێن هەروەها شت ئاسان بکەن قورسی مەکەن، بەگوێرەی یەکتری بکەن و جیاواز مەبن واتە بەربەرەکانێی یەکدی مەکەن، یەکێ لە یارانی بەناوی (ئەبو بەرەزەی ئەسلەمی) ئەڵێت من هاوڕێیەتی پێغەمبەرم کردووە و ئەو

---

(١) رواهُ إبن جرير ، بڕوانە تەفسیری (الواضع الميسر) بقلم الشيخ (محمد على الصابونى)، لاپەڕە/٤٠٦.

(٢) أخرجهُ البخارى برقم/٦١٢٤، ومسلم /١٧٣٤.

ڕەوشـــتە بەرزانـــەم بەچـــاوی خـــۆم لـــێ دیـــوە چـــونکە بێگومـــان (موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون ئەمـەش دەقەکەیـەتی بـە عـەرەبی : (وَقَـدْ كانَت الأُمَمُ الذينَ كَانُوا قَبلنا في شَرائعهم ضُيِّق عَليهم فَوَسعَ الله عَلَـى هـذه الأُمّة أمُورَهَا وَسَهلَهَا لَهُمْ)[1]، واتە: بەڕاستی ئەو نەتـەوەو گەلانـەی پـێش ئێمە (شـەریعەتەکانیان) تـەنگەبـەری و قورسـایی بـۆ درووسـت کردبـوون بەڵام خوای گەورە بۆ ئەو ئومەتەی فراوان و ئاسانکاری بۆ کردن.

هەربۆیە خۆشەویستمان فەرموویـەتی: (إن اللهَ تجاوز لأمـتي مَاحَـدَثَتْ بهِ أنْفسَهَا مالَمْ تَقُل أو تَعْمَل)[2]، واتە: بەڕاستی خوای گـەورە چاوپۆشـی کردووە لـەم (ئوممەتـەی) مـن لـەوەی کـە دێـت بەدڵیانـدا، ئەگـەر دەری نەبڕن و نەیڵێن یان نەیکەن، وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَالَّذِينَ ءَامَنُوا بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ﴾ أي فالـذّين صَـدقُوا بِمُحَمَـدٍ وَعّظمُـوهُ وَوَقّروهُ وَنَصَرُوا دِينَـهُ، واتـە: ئەوانـەی ئیمـان و بڕوایـان بـەو پێغەمبـەرە هێناو، بەچاوی ڕێزو (حورمەتـەوە) سـەیری دەکـەن و پـشتیوانی ئـاین و بەرنامەکـەی دەکـەن بـە (جیهـاد) و خـەبات و تێکۆشـان و پـەیڕەوی لێدەکـەن و یارمـەتی دەدەن ﴿وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُۥ﴾ (أي وَاتّبَعُوا قرآنهُ المنير و(شرعه) المجيد)، واتە: دەکەونـە شـوێن ئـەو نـوورو روناکیەی کە بۆی نێرراوەتە خوارەوە کـە قورئـانی پـیرۆزە یـان شـوێنی

---

(١) بروانە تەفسیری(ابن کثیر)لێکۆڵینەوەی عبدالرزاق المهدی، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٩٥.

(٢) بروانە تفسیر(مواهب الرحمن في تفسير القرآن)، لەدانانی مامۆستا(مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٠.

ئـەو قورئانـە نوورانیـە و (شـەرعە) پـیرۆزو بەشـەرەفەکەی ئەکـەون، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٥٧﴾ (أي هـم الفـائزونَ بِالـسّعادة السّرمدّية)، واتە: هەموو ئەوانە سەرفرازو رزگاری هەتاهەتایین.

(سەرنجێکی گرنگ)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس (رەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیری (مواهب الرحمن في تفسیر القرآن) دا ئەفەرمووێت لە سفر التثنیه[1] دا، ئەڵێ: وَقَالَ جاءَ الرَّبُ مِنْ سِینا وأشْرَقَ لَنا مِن ساعیر واسْتَعْلَى مِنْ جَبَلِ فاران وَمَعَهُ الُوفٌ الأطهارِ في یمینه سَنَةٌ مِنْ نار، واتە: ئەفەرمووێ پەروەردگار لە سیناوە هات وە لە (ساعیر) بلێسەی دا وە لە چیاکانی فاران خۆی ئاشکرا کرد، وە هەزاران لە پاکەکانی لەگەڵدابوو وە لەلای راستیەوە مەشخەڵێکی ئاگر هەبوو جا بێگومان دیارە (حەزرەت) (ع) تەوراتی لە سیناوە بۆهات واتە خوای گەورە لەوێوە خۆی دەرخست لەرێی فەرمایشتەکەیەوە کە تەوراتە، (ساعیریش) بەو کێوانە ئەگوترێ کە لەلای فەڵەستین و شامدایە، ئەم شوێنەی کە حەزرەتی عیسا ی لێ بووە چونکە (ئینجلیش) لەوێ هاتووە، جارێکی دی خوا لە رێی فەرمایشتەکانی لەوێوە خۆی بە بەندەکانی ناساندوە وە (فارانیش) بە شاخ و چیاکانی مەککە[2] دەگوترێ ئەوە هەر لە خودی پەیمانی کۆندا هاتووە دیارە قورئانیش لەوێ دابەزیوە، وە هەروەها بەهەزاران لە یارو یاوەرەکانی پاکانیش دیارە هاوەڵانی بەرێزی پێغەمبەرن (ﷺ) وەکو

---

(١) بڕوانە: (التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس)، العهد القدیم، سفر التثنیة، الصحاح/٣٢، ص/٤١٣.

(٢) بڕوانە: تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، لە نووسینی مامۆستا عەلی باپیر، بەرگی/٦، لاپەڕە/٧٣٥.

دەفەرمووێ: وەلەلای راستی مەشخەلێکی ئاگر هەبوو مەبەست پێی ئەو زەبرو دەسەلآت و هێزەیە کە پێغەمبەری خوا پێی بووە، وە بەو هێزو دەسەلآتە لەدوای خۆی خەلیفە سەر ڕاستەکانی ئەو مەشخەڵەی ئیمان و هیدایەتیان بەدنیا بلآوکردۆتەوە، ئەوجا ئایە بەڵگەمان چیە لەسەر ئەوەی کە فاران مەبەست پێی شاخ و چیاو چۆڵی مەککەیە؟ لە پەیمانی کۆندا لەبارەی ئیسماعیلەوە هاتووە، وەکو ئەڵێ (وَكَانَ اللهُ مَعَهُ وَنَما وَسَكَنَ فِي البَرِيةَ وَصَارَ شاباً يَرْمي بالسّهامِ وَسَكَنَ بَريـة فاران وَأخَذَتْ لَهُ أمّهُ إمرأةً من أرضِ مصْرْ[1]، واتە: حەزرەتی ئیسماعیل خوای لەگەڵ بوو، وە گەشەی کردوو، وە لەدەشت و بیابان نیشتەجێ بوو، بوو بە گەنج و، وە تیری دەهاوێشیتن، وە لە دەشت و چیاو چۆڵ و بیابانی فاران کە مەککەیە نیشتەجێ بوو، وە دایکی ئافرەتێکی لەسەر زەمینی میسر بۆ بەهاوسەر گرت، ئەوەش گومان نیە کە حەزرەتی ئیسماعیل خێزانەکەی لە هۆزی (جورهوم) بووە کە دوایی وازی لەو خێزانە هێناوە، ئینجا لە دوایی ئەو ئافرەتێکی دیکەی هێناو کردیە هاوسەر خۆی ، بەلآم ئەویش هەر لەهەمان هۆز بووە ئەوجا ئایە خێزانەکەی لەخەڵکی میسر بووە و یا هێناوە، یان ئەوە هەڵەی پەیمانی کۆنە؟ جا گرنگ ئەوەیە کە دەڵێ (وسكن بريه فاران) جا دیارە کە حەزرەتی ئیسماعیل لەگەڵ (هاجەر) ی دایکی (سەلامی خوایان لێ بێت) لە مەککە نیشتەجێ بوون، وە ئەمە لە توراتیشدا هاتووە جگە لەوەی کە لە (صەحیحی بوخاری) دا هاتووە چونکە پێغەمبەری خواش (ﷺ) باسی کردووە[2].

---

(١) بڕوانە: (الجامع لاحكام القرآن) لە نووسینی (ابو عبدالله محمد بن أحمد الانصاری).

(٢) بڕوانە: بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(حەزرەت (ﷺ) خوای گەورە رەوانەی کردووە بۆ سەر گشت ئادەمیزاد)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێ ئەی خەڵكینە ئێوە چاك بزانن كە من پێغەمبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم زەمان و زەمینەكاندا خوا منی رەوانەكردووە بۆلای ئێوە ﴿ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ ﴾ واتە: ئەو خوایەكی ئەوتۆیە كە خاوەنی هەموو موڵكایەتی ئاسمانەكان و ئەم زەمینەش هەر ئی خوایە، یانی هەرچی تیایاندایە هەمووی هی خوایە، چونكە لەو بەولاوە هیچ خوای تر نیە، گیان دەبەخشێت و گیان دەسەنێت واتە گیان ئەسێنێتەوەو گیانداران ئەمرێنێ ﴿ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ﴾ كەواتە بڕوا بێنن بەخوایەك كە ناوی پیرۆزی (الله)یە، وە بڕوا بێنن بە پێغەمبەرێكی (ئوممی) واتە نەخوێندەوار ﴿ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَـٰتِهِۦ ﴾ واتە: بڕوای هەیە بە خواو بە (كەلیمە) یانی وتەكانی خودا، ﴿ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾ واتە: دەی ئێوەش ئەی جوولەكەو گاورەكان بڕوای پێ بكەن و شوێنی خۆی و پەیامەكەی بكەون بۆ ئەوەی رێبازی هیدایەتی ڕاستەقینە بۆلای پەروەردگارتان بگرنەبەر ﴿ وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ

﴿يَعۡدِلُونَ ١٥٩﴾ أي ومن بني إسرائيل جماعةٌ مُسْتَقيمونَ على شريعة الله يَهْدُونَ النّاسَ بكلمةِ الحَقِ لا يَجُورونَ، واته: كۆمەڵێك لە قەومى مووسا واتە لەگەڵ مووسا كەسانێك هەن (عاقل و هۆشمەند و خاوەن ویژدانن) كە لەسەر شەریعەتن و ڕێنموێنى خەڵك دەكەن و هانیان دەدەن بۆ پەیڕەوی ئەو ئاینەی كە سەراپای حەق و حەقیقەت و راستیە[1]، ﴿وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ﴾ أي وَفرَقْنَا بني إسرائيل فَجَعَلْنَاهُمْ قبائِل شَتى إثنتي عَشَرَة قَبيلةً من إثني عَشَرَ ولَداً مِنْ أولادِ يَعْقُوبَ، واته: گەلەكەی حەزرەتی مووسامان كردە ١٢ قەبیلە و بەش و تیرە، كە ئەوانیش[2]، بریتی بوون لە نەوەكانی دوانزە كوڕەكەی حەزرەتی یەعقوب (سەلآت و سەلامی خوایان لێبێت) ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ قَوۡمُهُۥٓ﴾ أي حِينَ أسْتَوْلَى عَلَيْهِمْ العطش في الْتيه، واته: دوای ئەوەی بە بیابانی ئەرزی سینادا كۆچیان كردووەو جا هۆزەكەی تێنویەتی زۆری بۆ هێنان و داوایان لە مووسا پێغەمبەر كرد كە ئاویان بۆ پەیدا بكات چونكە تێنویەتی تەئسیری لێ كردبوون، ئەوجا ئێمەش (وەحیمان) بۆ حەزرەتی مووسا كردوو ﴿أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ﴾ أي أوْحَينا إليهِ أنْ يَضْرب الحَجَرَ بعصاهُ فَضَرَبهُ،

---

(١) واتە: دە ئێوەش بەدوای ئەو (پێغەمبەرە) بكەون ئومێد وایە ڕێگەی ڕاست بگرن و ببنە موسڵمانی تەواو.

(٢) چونكە هەر تیرەیەك ئەچوونە سەر كوڕێك لە دوازدە كوڕەكەی یەعقوب (ع) خوای میهرەبان بەوە چاكەی لەگەڵ كردن تا ناكۆكی و دووبەرەكی لەناویان نەمێنێ.

واتە: (عەصاکەت) یانی بەدار دەستەکەت لەو بەربدەو ئەویش لێیدا، ﴿فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ﴾ أي أنْفجَرتْ منَ الحَجَر إثْنتَا عَشرَةَ عَيْناً منَ الماءِ بِعَدَدِ الأسباطِ، واتە: هەرکە حەزرەتی مووسا دار عەساکەی لەبەردەکە دا ئەوجا دەست بەجێ هەڵقولأیی دوازدە کانی ئاو بەپێی دوازدە تیرەکەی خۆیان﴿ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ مَّشۡرَبَهُمۡۚ ﴾ أي قَدْ عرف كُلَّ سَبْطٍ وجماعة مِنْهُمْ عَينَهُم الخاصّة بِهِمْ، واتە: هەر یەکەی شوێنی ئاوی خۆیان زانی، واتە هەر بەرەبابەو کانیاوێکی تایبەتی بۆ دانراوە، تاکو لەسەر ئاو پرکێشی یەکتر نەکەن و بیکەنە هەراو هۆریا و ناخۆشی لەگەڵ یکتریدا﴿ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡغَمَٰمَ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰۖ ﴾ واتە: سێبەرمان بەسەردا هێنان بەهۆی هەورەکانەوە، وە لەگەرمای خۆر دەیپاراستن، واتە گەزۆو شەلاقەشمان هەناردە سەریان و بە ئاسانی سوودیان لێ وەردەگرت، هەروەکو لە سورەتی بەقەرەدا بەدوورو درێژی روونمان کردبۆوە، ﴿ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡۚ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ١٦٠ ﴾ واتە: بخۆن لەو رزق و رۆزیە خاوێنەی کە پێمان داون و یا پێشکەشمان کردوون، ئەوجا بێگومان وە نەبێت ئەوان بتوانن زوڵم و ستەم لە ئێمە بکەن بەڵکو هەر خۆیان ستەمیان لەخۆیان دەکرد، ﴿ وَإِذۡ قِيلَ لَهُمُ ٱسۡكُنُواْ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةَ وَكُلُواْ مِنۡهَا حَيۡثُ شِئۡتُمۡ ﴾أي واذكر لَهُمْ حِينَ قُلْنَا لأِسْلافِهِم اسْكُنوا بيت المقدّسِ وكلُوا

مِنْ مَطاعمِها وثِمارها من أي جِهَةٍ ومن أي مكانٍ شِئتم مِنها، واتە: ئەی پێغەمبەر باسی ئەو کاتە بکە کە ووترا پێیان بچنە ناو ئەو شارەو (مەبەست لەو شارە قودس بوو یاخود ئەریحا) بوو یانی نیشتەجێ بن تیایدا واتە بە ئارەزووی خۆتان لەهەر شوێنێ ویستان لە رزق و رۆزی و میوەکەی بخۆن و بخۆنەوەو سوودی لێ وەربگرن ﴿ وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيٓـَٔـٰتِكُمْ ۚ سَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٦١﴾ ﴾ واتە: لە دەرگەی شار بە (سوجدە)و کڕنووش بچنە ژوورەوەو بڵێن خوایە لە گوناهو کردەوەی خراپمان خۆشببەو خراپەمان لەسەر لاببەو ئەو کاتە لە تاوانتان خۆش دەبین و لەدواییدا چاکەتان زیاد دەکەین، ﴿ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ ﴾ أي غَيَرَ الظالِمُون منهم أمر الله بِقَوْلِهم كلاماً لاَ يليق حيث قالُوا بدل (حِطَّةٌ[1])، أي حنطة في شعيرة، سُخْريةً واسْتِيهزاءً بأوامر الله، واتە: جوولەکەکان هەندێکیان فەرمانەکەیان بەجێ هێنا، بەڵام ئەوانەی زوڵم و ستەمیان کرد یا ئەوەی کە پێیان گوترابو کە بڵێن (حِطَّةٌ) واتە: گوناهمان لەسەر لابە، بەڵام ئەوان ئەو ووشەیان گۆڕی و گوتیان (حنطة) یان (شەعیرە) یان جۆ ئەمەش بۆ (قەشمەری) و گاڵتە پێکردن بە فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەرەکەیان کە حەزرەتی مووسا

---

(١) موفەسیرەکان ئەفەرموون ئەوانەی ستەمکاربوون لە نەتەوەی ئیسرائیل ئەوەی پێیان گوترابوو گۆڕیان لەجیاتی (حطة) دەیانگووت (حنطة في شعيرة) وە لەباتی ئەوەی بە سوژدەو کڕنۆشەوە بچنە نێو شارەوە، کەچی ئەوەیان گووت.

بوو (ع) جا لە تۆڵەی هەندێ هەروەکو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴿١٦٢﴾﴾ أي فَأرْسَلْنَا عليهم من السّماءِ بِسَبَب ظُلْمِهِمْ وَعدوانهم المُستمر سابقاً ولاحقاً قَالَ أَبُو سعُود في تفسيره[1]، والمراد بالعذاب (الطّاعُون) روِي أنّه مات مِنهُم في ساعةٍ واحدةٌ أربَعَةٌ وَعِشرُون ألفاً، واتە: بێگومان لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە زوڵم و ستەمکارو یاخی بوون ئینجا بەهۆی ستەمکاری خۆیانەوە لە ئاسمانەوە سزاو بەلایەکمان بۆ ناردن، هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو سزاو نەگبەتی و نەخۆشی و دەردە (طاعون) بووە چونکە (ریوایەت) کراوە ئەڵێن: لەیەك کاتژمێردا، بیست و چوار هەزاریان، لێ مردوونە بەیەك لە(حزە) لەبەر خراپی خۆیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ﴾ مَعناهُ سَلْ يا محمّد يهود المدينة عن القرية اُلتّي كانَتْ بقُرب البَحْرِ وهي مدينة (إيله) عَلَى ساحل البَحْر بين المدينَةِ والشّامِ، واتە: پێغەمبەر (ﷺ) پرسیار لە جوولەکەکان بکەو بزانە سەرئەنجامی ئەوان گەیشتە چی و چیان بەسەرهات لەو شارەی کە نزیکی دەریا بوو، پێیان ئەگوت ئەلیا، شاری ئەلیایە کە لەنێوان مەدیەن و کێوی طور دایە هەندێکی تریش ئەڵێن کە ئەکەوێتە نێوان دەریای مەدینەو شام﴿ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ ﴾ أي يَتجاوزن حدّ الله فيهِ

---

(١) بروانە: (تفسير أبى السعود) مەشهور بە (ارشاد العقل السليم الى مزايا الكتاب الكريم) بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٠٥، چاپی قاهیرە.

وهو اصطيادُهم يَوْمَ السَّبت، واتە: کاتێ کە لەرۆژی شەمەدا نافەرمانی خوایان دەکردو چونکە بێگومان (راوە ماسیان) لێ قەدەغەکرابوو کەچی ئەوان سنووریان بەزاندو فەرمانی خوایان شکاند ﴿إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا﴾[1]، واتە: لەرۆژی پشووی شەموەکانیان ماسیەکانیان بەسەر ئاوەوە لەهەموو لایەکەوە دەهاتن ﴿وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ﴾ أي وفي غير يُوم السبتِ وهي سائر الأيام لا تأتيهم بَلْ تغيب عنهم وتختفي، واتە: رۆژێ کە لە شەممەدا نەئەبوون (غەمی) قەدەغە شکاندنی شەممەیان نەئەبوو (ماسیەکانیان) نەئەهاتن بۆ لایان و دەرنەئەکەوتن وەك رۆژەکانی شەممە، بەڵکو لە رۆژەکانی تردا خۆیان ئەشاردەوەو لەبەرچاو بزر ئەبوون و بەدیار نەئەکەوتن، ﴿كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾﴾ واتە: ئەمەش تاقیێ کردنەوەیەکی خوداو بارگرانیەك بوو خودا دابووی بەسەریاندا بەهۆی دەرچوونیان لە بڕیارو فەرمانەکانی خودا.

---

(١) شُرعاً: شُرَّعْ جمع شارع شَرَعَ الشّيء، أعلاه وَأظهَرَهُ، واتە: بەدەرکەوتوویی بەسەر ئاوەکەوە، یان نزیکی لە قەراخیەوە، کەواتە بە ئاسانی راو ئەکران و ئەگیران.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم جوولەکە فێڵبازانە کە ناودارن بە (اصحاب السبت) لە رۆژانی هەینیدا دەهاتن حەوزێکیان درووست دەکردو ماسیەکانیان تێدەکردو تێیدا دەمانەوە ئینجا ئەو کاتە ئەگەر شەممە بوایە دەستیان بۆ نەئەبردن بەڵکو وەك فێڵێك دەچوون رۆژی یەکشەممە دەریان دەهێناو ئەیان فرۆشتن و دەیان خوارد.

(خوای گەورە هەندێ لە جوولەکە لەبەر لاساری و خراپی خۆیان وێنەیان ئەگۆڕێ و دەبنە مەیموون)

قالَ المُفَسرُون يُخبر الله تباركَ وتعالى عَنْ أهلِ هذه القرية أنّهم صَارُوا إلى ثلاث فرق، فِرقَة إرتكبت المحظور واحتالُوا على اصطياد السَّمك يوم السَّبْتِ وَفرقةِ نهت عن ذَلكَ وأعتزلتهم، وفرقة سكتت فَلَم تَفْعَل وَلَم تنه، واتە: (موفەسیرەکان) ئەڵێن: خوای تەبارەك و تەعالا باسی ئەم شارە دەکات کە ئەوان واتە جوولەکەکان بوونە سێ دەستەو تاقم هەروەها دەستەیەك ئەوەی لێی ئاگادارکرابوون کە نەیکەن بەلاّم کردیان چونکە بە فێلّ و حیلەو حەوالّە هەستان بە راوکردنی ئەو ماسیانە لە رۆژی شەممەدا[1]، هەروەها دەستەیەکی تر بە پەشیمانی و خەجالّەتیەوە بەرگریان لەوەکردونزیکی نەبوونەوە، بەلاّم دەستەیەکی تریشیان بێ

---

(١) وەك لە پێشەوە لە سورەتی (البقرە) دا بدوورو درێژی باسمان کردووە.

دەنـگ بـوون و راوە ماسـیان نـەكردو بەرگریـشیان لـیٚ نـەكرد هـەروەكو خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ٱللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا۟ مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) وە بیربخـەرەوە ئەوكاتـەی كە تاقمێك لەوان ووتیان بۆ ئامۆژگاری گەلیٚ دەكەن كـە خـوا بـە هیلاكـی بـردن و فەوتانـدنی؟ یـاخود سـزایەكی زۆر سـەختیان دەدات؟ ئینجـا ئـەوانیش وەلاٚمیـان داونەتـەوەو پێیـان ووتـون، بـۆ ئـەوەی ئێمـە لـە (عوهدەی) خوا دەربچین و لای خـودا بەهانەیـەكمان هـەبێت و گوناهبـار نـەبین، هـەروەها بـۆ ئـەوەی واز لـە خراپـە بێـنن و بـەڵكو پارێزگـاربن و خۆیان لە قارو خەشمی خوا بپارێزن، جا خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ ﴾ واتـــــە: كاتێك ئەو تاقمە بیٚ باوەڕو یاخی بووانە گوێیـان بـە هـیچ كەسـێك نـەداو گشت پەنـدو ئامۆژگاریـەكانیان خـستە پـشت گـویٚ و لـەبیری خۆیانیـان بردەوە، بەلاٚم ئەوانەیان كە چاك بوون و رێگایان لـە خراپـەو گوناهكـاری دەگـرت ئەوانـەمان رزگـاركردو دەربازمـان كـردن بـەلاٚم ئەوانـەی بـیٚ باوەڕیش بـوون و (ستەمیان) دەكـرد لـە سـنووریش دەرچـوون تووشـی

ئازارێکی خراپمان کردن هەروەها گیرۆدەی سزایەکی سەخت بوون[1]، جا خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿ فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ﴿١٦٦﴾ ﴾ أي فلّما تَمرّدُوا وتَكَبرُوا وأبو تركَ مَا نَهُوا عنهُ مَسَخناهُمْ إلى قِردَةٍ وخنازير وَجَعَلْنَاهُمْ صاغرينَ أذّلاء مُبعدِينَ عَنْ كُلّ خيرٍ، واتە: کاتێك ئەو کۆمەڵە بێ باوەڕە ستەمکارە یاخی بوون و خۆیان بە زل زانی و گوێیان بە ئامۆژگاریەکەی خوای گەورە نەداو پشت گوێیان خست و پەیڕەویان نەدەکرد زەلیل و دوور لە هەموو خێرو خۆشی واتــە: گێڕانماندن (بەمەیمون) بە زەلیلی و سوکایەتی و ریسوایی[2]، واتــە: وەك مــەیمون ســووك و بــێ ڕێــزو حورمــەت بــن، وەکــوو بــەرازیش (جنــسی)و ئاوەگڵ بوون.

---

(١) جا بێگومان هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم (عەزابە) واتە ئەم سزایە کە لەم ئایەتەدا باس کراوە ئەمە غەیری ئەوەیە کە لە ئایەتی دواییدا دێ چونکە ئەم سزا سووکەو بە (نیسبەت) ئەوەوە چونکە ئەمە لە تۆڵەی فەرامۆش کردنی (نەصیحەت) و ئامۆژگاری زاناکانەو کە ئەویش بریتیە لە گرانی و نەخۆشی و بەربەرەکانی فیتنەو ئاشوبی ناوخۆ و هەندێ شتی تر چونکە بێگومان ئەمانە هەموو ، نالەبارو ناهەموارن و سزای دوایی زۆر گرانەو سەختەو فەوتێنەرە، (خوای گەورە پەنامان بدات).

(٢) جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) دەڵێن خودا شێوەی ئەوانەی گۆڕی و کردنی بە شێوەی مەیمون،بەڵام هەندێکی تریش ئەڵێن بوونە مەیمونی راستی (والله اعلم).

(ئاگاداربیەکی گرنگ)

زاناکان هاودەنگ نین لەسەر شێوەو روخسارو (شکلیان) کە بوون بە مەیموونی ڕاستی (حەقیقی) یان هەر خووڕەوشتیان گۆڕاوە، یان کرابن بە مەیموون لە دیمەن و شێوەدا وەك (مجاهیدی تابعین) ئەفەرمووێ لەسەر باری یەکەم ئیبن و عەباس (خوا لێی رازی بێت) ئەفەرمووێ: (سێ رۆژ بەو شێوەیە مانەوە تا خەڵکی بیانبینێ ئەوجا پاش ئەوە خوای گەورە مراندنی و لەناوی بردن، ئەو کارەش لەلای خوای بەدەسەڵات زۆر ئاسانە، (بەڵام موجاهید) لە ووتەیەکی تردا ئەڵێت ئەو جوولەکانە لە رەوشت و سرووشتدا وەکو مەیمونیان لێ هات نەك لە (شکل) و شێوەیان بگۆڕدرێ بە ئەسڵی مەیموون جا بێگومان خاوەنی تەفسیری نامی[1]، چەند فەرموودەیەکی جوانی هەیە لێرەدا ئەفەرمووێ: (بەڕاو بیری من گۆڕانی ئەخلاق و رەوشت زۆرەو تەنها تایبەت نیە بە (بەنی ئیسرائیل)، بەڵکو زۆر خەڵکانی تر ئەگرێتەوە، بەهۆی بێ دینی و بێ ئەخلاقی و بێ شەرمیەوە، وە رەوشتیان چۆتە سەر رەوشتی هەندێ جانەوەری زیان بەخش وەکوو (ڕێوی و چەقەڵ و گورگ و مەیموون) و بەرازو مارو دووپشك، بەڵکو ئەمان خراپترن، چونکە ئەم (حەیوانانە) واتە ئەم (جانەوەرانە) زیانەکانیان کەمەو (تەجاوز) ناکات لە تەبیعەتی ئەو جۆرە بەڵام زیانی ئادەمیزادی خراپ و ناهەموار بەقەی زیانی شەش

---

(١) بڕوانە: (تەفسیری نامی) بۆ قورئانی پیرۆز، لە دانانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣١٥.

حـەوت جـۆرە گیانلەبـەری دڕندەیـە هـەروەها (فیڵبـازە وەکـو ڕێـوی و چەقەڵ)، نهێن گیرە وەك سەگی هارو شێت، بێ نامووس و جنسیە وەکو بەراز، (خائینە) وەکو گـورگی برسـی، پـەنا بـەخوای گـەورە، وە هـەموو ئەم دڕندانە لەسەر تەماعی ماڵی دنیاو دارایـی یـا ئـارەزووی (شـەهوەت) ڕانی یا پایەو شانی بـەرز، یـا خۆشەویـستی دنیـا وەکـو حـەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی: (حبُّ الدُّنيا رأسُ كُلِّ خَطيئـةٍ)[1]، واتـە خۆشەویـستی دنیـا سەری هەموو تاوانێکە کەوابێ ئـەو (مەسخە) وەکـو (جمهـوری) زانایـان فەرموویانە هەر (مەسخی) شێوەبووە هەتابن بـە پـەنـد و (عیـبرەت) بـۆ تەماشاکەران[2].

(ریسوایی و زەلیلی بەردەوام بۆ جوولەکەکانە)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ﴾ أي وأذكر يـا مُحمـد (ﷺ) حِينَ أعلم ربّكَ لَيُسلطنَّ عَلَى اليهود إلى قيام السّاعة من يذقهم أسوأ العذاب بِسَبَب عصيانهم وَمخالفتهم أمر اللهِ واحتيالهم على المحارم، وقـد سـلطَ الله عليهم (بختنصر) فقَتلهم و سباهم وَسَلَط علَيهم النّصارى فأذلّوُهمْ وضربُوا عليهم الجزية وسّلطَ عليهم محمداً (ﷺ) فطّهر الأرض من رجسهم وأجلاهم عن الجزيرةِ العربية وَسلّطَ علـيهم أخـيراً... هتـد.. واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) باسی ئەوە بکە پەروەردگاری تۆ ئاشکرای کردووەو دەری بڕیـوە

---

(١) رواه الإمام البيهقي في شعب الإيمان باسنادٍ حسن، بروانە پەرتووکی (کشف الخفاء) لە نوسینی (شيخ إسماعيل محمد العجلونى، بەرگی یەکەم، لاپەڕە/٤٣.

(٢) بروانە: تەفسیری نامی، لەگەڵ دەستکاری خۆم.

کە ئەو (جوولەکانە) بەهۆی بێ دینی و ناپاکی و تاوانیان و دەرچوونیان لە فەرمانەکانی خودا لەگەڵ ئەوەی کە لە فیرعەون و دارودەستەکەی ڕزگاریان بوو باوەڕیشیان بە حەزرەتی مووسا هێنابوو، بەڵام لەگەڵ هەندێشدا، لەسەر خراپە بە بەردەوامی ئەڕۆیشتن لەسەر گوناهو تاوانکاری جا بەبۆنەی ئەوەوە تا ڕۆژی قیامەت کەسانێکی وا زاڵ دەکەم بەسەریاندا کە هەمیشە خراپترین سزایان پێ بچێژێ (ئەگەر باوەڕ بە پێغەمبەر نەهێنن) جا بێگومان حاڵی ئەو جوولەکانە بوو سەردەمێك پاشا (بوختونەصر)ی زاڵ کرد بەسەریاندا، ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی لێ بەدیل گرتن.

ئەوجا لەپێش ماوەیەکی تردا (مەسیحیەکان) واتە دیانەکان ی زاڵ کرد بەسەریانداو زەلیل و ریسوای کردن و باج و سەرانەیان لەسەر دانان، ئینجا دواتر پێغەمبەری خودا (ﷺ) زاڵ بوو بەسەریاندا، زۆر شارو شارۆچکەو دێهاتی لەبن دەستی ئەوان دەرهێناو ئەو زەویەی لەسەری ئەژین لەپیسی و چەپەڵی ئەوانی پاککردەوە، تا بەتەواوی جەزیرەی عەرەبستانی بەتەواوەتی ڕزگارکرد، جا لەم سەردەمەی دواییشدا (هیتلەر) سزاو ئەشکەنجەیەکی زۆری دان و زۆریشی لێ کوشتن ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾﴾ أي سريعُ العقابِ لِمَنْ عَصاهُ وغفورٌ لِمَنْ أطاعَهُ، واتە: بەڕاستی خوای پەروەردگارت (ئەی محمد) زۆر زۆر تۆڵەسێنە بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی تۆ دەکەن و هەروەها فەسادو ئاژاوە لەسەر زەوی بەرپا دەکەن، وە هەروەها خاوەن میهرەبانیشە بە نیسبەت تەوبەکەران و پەیڕەوکەران و ئیماندارانەوە.

(جوولەکەکان لە وولاتی موسڵمانان پەرت و بلاّو ئەبن)

خوای گەورە دەفەرمویّت: ﴿وَقَطَّعْنَٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أُمَمًا﴾ (أي فرّقناهم في البلادِ طوائفَ وَفرقاً ففي كُلّ بَلْدَةٍ فِرْقَةٌ مِنهم ولَيْسَ لَهُمْ إقليمٌ يَمْلِكُونَهُ حَتّى لا تكون لَهُمْ شوكةٌ)، واتە: جوولەکەکانمان لە زەویدا پەرت کردن و بوونە چەند دەستەو پارچەو بەش بەشی لیّك ترازاو جا بیّگومان هەر کۆمەلّیّك لەوانەمان خستە ناو ولاّتیّکەوە جا هەریّمیّك نیە جوولەکەی تیّدانەبیّ[1]، بەلاّم دەسەلاّت و شەوکەتیان نیە ئەمەش (موعجیزەیەکی) قورئانە چونکە ئەمەش بەشیّکە لە هەواڵە (غەیبیەکانی) قورئان کە لەوکاتەدا هیچکەس نەیدەزانی و ئیّستا دەرئەکەویّ هیچ ولاّتیّك نەبوویّ کە کۆمەلّیّك و تاقمیّك جوولەکەی تیّدا نەبوویّ‌و وەلاّتانی ئیسلام باوەشی میهرەبانی خۆیی بۆ نەگرتبیّتەوە، ﴿مِّنْهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ﴾.

---

(١) لەکاتی خۆی (مەدینەش) جوولەکە تیّیدابوو هەموو دەولّەتەکانی ئیسلام بەتایبەتی (میصر و شام و عیراق و ئیران و تورکیاو...هتد)، هەروەها لە سالآنی ١٩٤٠/ز باریان کردوو چوونە (قودس و فەلّەستینیان) داگیرکرد، ئیّستاکەش خۆیان کردووە بە (دەولّەت) و خاوەن هیّز، هەموو ولآتانی (کوفر) پشگیریان ئەکەن بەلآم بیّگومان تاسەر هەروا نامیّنیّت بەلّکو دەبیّت رۆژیّك بیّتە پیّشەوە کە (وەعدەی) خوا بیّتەجیّ و خوای گەورە (غەزەبیان) لیّ بگریّت و هیّزو توانایان تیّکبشکیّت و ریسوایان بکات، هەروەکو لەو بارەیەوە پیّغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (لا تقوم السّاعة حتّى يقاتل المسلمُون اليهود...هتد، رواه مسلم في صحيحه، بروانە تەفسیری گولّشەن لەگەلّ دەستکاریەوە، بەرگی/١، لاپەرە/٢٧٣.

﴿وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ﴾ أي مِنهم مَنْ آمنَ وهم قِلَّةٌ قَليلَةٌ، واتـه تێیـان داهەیە پیاوی چاکن و خاوەن باوەڕن بە خواو فەرمانـەکانی خـوا، وەکـو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و ئەو هاوەڵانەی کـە موسـوڵمان بـوون باوەڕیـان بە حەزرەت(ص) هێنا و هەندێکیشیان پیاوی خـراپ و بـەد کـردار و بـێ بـاوەڕن و بەکـەمی ئیمـان و بـاوەڕ دەهێـنن ﴿وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾﴾ أي أختبرناهُم بـالنّعمِ وَالـنقمِ والـشّدةِ والرُّخـاءِ لَعَّلـهم يَرجِعُـونَ عَنِ الكُفْرِ والمعاصـي، واتـه: تاقیمانکردوونـەوە بەچەند چاکەو بەهرەو خۆشی و ناخۆشی و بەسەرهاتی بەدوو خـراپ تـا بەڵکو بگەڕێنەوە بـۆلای خـوای خۆیـان و واز لـە (کـوفرو) بـێ بـاوەڕی و گوناه بهێنن ، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ أي خَلَفَ مِن بَعدِ ذَلِكَ الجيل الذّي فيهم الصّالح والطالحَ خلف آخر لاخير فيهم ورثوا الكتاب وهو التوراة عن آبائِهم، واته: پاش ئەو جوولەکانە کۆمـەڵێکی تریـان هـاتن کـە هەنـدێك بـاش و هەنـدێك خـراپن چینێکی وایان لەپاش بەجێما کە تەوراتیان بۆ مایەوە کاری پـێ بکـەن و بــەگوێرەی فــەرمانی خــوا بەڕێوەبــچن، ﴿يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا﴾ أي يأخذُونَ ذَلِكَ الشيء الدّنيء من حُطام الدنيا من حلالٍ وَحَرام، واته: هەرچی بەدەستیان بکەوێت لـەو دونیایـەدا بۆخۆیـان گڵـی دەدەنـەوەو دەیبـەن، بەهـەموو شـێوازێکی درووسـت و نادرووسـت دەشڵێن خـوا بەرەحمەو لێمـان خـۆش دەبێـت ﴿وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُۥ

﴿يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لَّا يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ وَالدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦٩﴾

﴾واتە: ئەگەر هەر ماڵێکی (حەرامیان) بۆ بێت وەری دەگرن و گوێ نادەنە ئەوە (حەرامە) یان حەلاڵە بەو فیکرو بیرەی کە لێیان دەبوردرێ و خوا سزایان نادات، جا ئەوانە هیچ بیر ناکەنەوە کە پەیمانیان لە تەورات لێ وەرگیراوە کە ئەوەی راستی نەبێ لەلایەن خواوە نەیلێن، ئەوانە چۆن دەڵێن لێمان دەبوردرێ لەگەڵ ئەوەی لەناو تەوراتدایە خوێندوویانەو باسیان لێ کردووەو فێری بوون (ئەمەش وا دەگەیەنێ کە دەڵێن لێمان دەبوردرێ لە نەزانیەوەیە، بەڵام گوێ نادەنە فەرمانی خواو بیرناکەنەوە هۆش بێننەوە بەر خۆیان و بزانن کە ژیانی دوایی دنیا باشترە لە ژیانی دنیای ئێستاکە بۆ ئەو کەسانەی کە خوا دەپەرستن و خۆیان لە گوناهو خراپەکاری دەپارێزن و بێ فەرمانی خوا ناکەن و لەکاری خراپە دوورن، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ ﴾ أي يتمسّكون أُمُور دِينهم بِمَا أنْزَلَ اللهُ ويُحافظُونَ عَلَى أداءِ الصَلَاةِ في أوقاتِها، واتە: ئەو کەسانەش کە هەمیشە دەست بە کتێبی خواوە دەگرن و رەفتاری پێ دەکەن و ئیمان و باوەڕ دێنن بە پێغەمبەری ئاخیر زەمان و، نوێژەکانیان بەتەواوی ئەکەن و جێ بەجێی ئەکەن لەکاتی خۆیدا﴿ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ ﴿١٧٠﴾ ﴾ أي لا نضيعُ أجْرَهُمْ بَلْ نُجزيهم على تَمسُكهم وَصَلَاحِهِمْ، واتە: بێگومان هەرگیز ئێمەش پاداشتی چاکسازان

زایە ناکەین، یانی ئێمە پاداشتی کردەوەی چاکەکاران بزر ناکەین و بە جوانترین شێوە لە رۆژی دواییدا جەزایان دەدەینەوە، موفەسیرەکان ئەفەرموون، تا ئێرە لاملی و لاساری جوولەکەکانی باسکرد ئینجا دێتە سەرباسی قارلێگرتنیان هەروەکو ئەفەرمووێ: ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوا أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٧١)﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ بە جوولەکەکان بڵێ کە چۆن خودا کێوی گوری وەکو سێبەرێك بەرز کردەوە بەلای سەریانەوە بەجۆرێ، وەك ئەو شاخە پارچە هەورێك بێت، یان کەپرو ساباتێك کە سێبەر بکات کە سێبەر ئەکات بۆ ژێر خۆی وایان زانی دەکەوێت بەسەریاندا بۆیە زۆر ترسان، لەوکاتەدا پێیان ووترا بەهەموو هێزو توانەیەکتانەوە پەیمان بدەمن کە بەپێی رێنماییەکانی تەورات برۆن بەرێدا و لێی لانەدەن و هەمیشە بڕیارو فەرمانەکانیتان لەیاد بێت بەڵکو ئەوە ببێتە مایەی ئەوەی پارێزگاربن و بەجوانی خودا بپەرستن و خۆتان لە خراپەو تاوان بپارێزن.

(باسی بەڵێنی گشتی کە وەرگیرا لە نەوەی ئادەم)

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾﴾ أي أذكر يا محمد للخلقِ حينَ أستخرجَ ربَّك أولاد آدم منْ أصلابِ آبائهم فقرّرهُمْ عَلَى توحيدهِ وَعَلَى أنّه ربُّهم فشَهِدُوا لَهُ بِذَلِكَ وَالْتَزَمُوهُ لئلا يقولُوا يَوْمَ القيامَة إنّا كُنّا عَنْ هذا الميثاقِ غافلين لَم نُنَبّه عليْهِ؟، واتە: ئەی موحەمەد (ﷺ) باسی ئەوەیان بۆ بکە کە پەروەردگاری تۆ ئەوەی لە حەزرەتی ئادەم بەباش دەکەوێ لە پشتی نەوەکانی و وەچەو نەوەی دەرهێناو پەیمانی لێ وەرگرتن و کردنی بەشایەد لەسەر خۆیان بۆ یەکخوا پەرستی یانی وەری گرت و دەری هێنا لە بڕبڕەکانی پشتیان سك لەدوای سك و چین لەدوای چین، ئینجا هەمووی هێنان بەرەو رووی خۆی کردنیە شایەد لەسەر خۆی و پێی فەرموون، ئایە من پەروەردگاری ئێوە نیم ئەوجا هەموو گووتیان بەڵێ بەچاوی خۆمان دیمان کەتۆ پەروەردگاری ئێمەی [1]، چونکە هەموو ووتیان و (ئیعترافیان) کرد و دانیان پیێ دانا، ووتیان بەڵێ هەر وایە تۆ پەروەردگارو بەدی هێنەرمانیت ئەمەش بۆیە دەهێنینەوە یادتان تا رۆژی قیامەت نەڵێن ئێمە لەو

---

(١) هەندێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن ئەم وتووێژەو قسەو باسە (واقعیەو حەقیقەتی) هەیەوبەپێی بەڵگەی قورئان و حەدیس.

ڕووداوەو دانپێدانانە بێ ئاگا بووین[1]، جا بێگوومان بۆیە خوا وایکـردووە بویتە شتێکی باوو ڕەسەنی هەموو کەسێك تاکو مردن هەست دەکات کـە خوا هەیە هەتاوەکو ئەگەر بێ باوەڕیش بێ ئـەو هەسـتە لـەناو دەروونـی جوولەی هـەر هەیـە، هـەر کـە گەیـشتە ناخۆشـی و تەناگاویـەوە هـاواری دەکات و ناوی خوای گەورە لەسەر زاری پەیدا دەبێت، جا خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەی دواییـدا ئەفـەرمووێت: ﴿ أَوۡ تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أَشۡرَكَ ءَابَآؤُنَا مِن قَبۡلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةٗ مِّنۢ بَعۡدِهِمۡۖ أَفَتُهۡلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلۡمُبۡطِلُونَ ١٧٣ ﴾ أي لكيلا تَقُولوا يَوم القايمة يا ربّنا نَحنُ ما أشركنا وإنّما قلّدنا آباءنَا واتَّبعنَا مناهجهم فنحن جِئنا بَعدَهُمْ لا نَهتدي إلى سبيل التوحيد أفَتُهلِكنا بكفر مَنْ

(١) جا هەروەها (موفەسیرەکان) مانای ئەم ئایەتەیان بەدوو جۆر لێك داوەتەوەو تەفسیر کردووە: ١-مەبەست نەوەی حەزرەتی ئادەمە و هاتنە دونیاو بینینی ئەو هەموو دروستکراوە جۆراوجۆرانە کە بەڵگەن لەسەر پەروەردگاری و خاوەنیەتی و پەرستراوی ڕاستەقینە کە خوایە، ٢-ئەوەیە کە کاتی خۆی کە خوا حەزرەتی ئادەمی درووست کرد ئەوجا لەپشتی ئادەم هەرچی نەوەی هەیە وەکو زیندەوارێکی زۆر وردبووە لە پشتی ئادەم هەرچی ئادەمداو دەری هێناوەو پێی فەرموو ﴿ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ ﴾ واتە ئایە من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ﴿ قَالُواْ بَلَىٰ ﴾ ووتیان بەڵێ تۆ پەروەردگاری ئێمەیت ئەوجا خوای گەورە فەرمووی بۆیە ئەمەتان ئێستا پێ دەڵێم ﴿ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴾ واتە: ئێوە لەڕۆژی قیامەتا نەڵێن ئێمە لەمە بێ ئاگاین و هیچمان پێ نەوتراوە، بڕوانە تەفسیری تەوحید، تەفسیری قورئان بە قورئان، لەگەڵ دەستکاری، لە نووسینی بەڕێز عبدالقادر توحیدی، لاپەرە/٣٩٠.

أشرك مِنْ آبائنا الضَّالينَ؟ واتە: یاخود نەوەك بڵێن جا ئێمە چی بكەین باب و باپیرانمان پێشتر (شەریكیان) بۆ خودا بڕیار داوە، وە ئێمەش نەوەیەك بووین دوایی ئەوان هاتووین و شوێنیان كەوتین، جا چۆن تۆڵە لە ئێمە دەستێنیت و سزامان دەدەیت بەهۆی كارو كردەوە پووچەكانی ئەوان.

پوختەی تەفسیرەكە ئەمەیە:

تا بەهانەتان نەبێت و نەڵێن باوو باپیرانمان بتپەرست بوون و هاوەڵ و وێنەیان بۆ خودا دادەنا ئێمەش لە نەوەی ئەوان بووین، وە لەسەر بیرو باوەڕی ئەوانین، ئایە كردەوەی ئەو بەهەڵە داچوونە سزامان دەدەیت كە ئێمە بە (جەهالەت) و نەزانین ڕێگاو بیرو باوەڕی ئەوانمان گرتبوو كە ئەوانیش ڕێگا بزركەر بوون.

(سەرنجێكی گرنگ)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا دەرئەكەوێ كە خوای مەزن و بەدەسەڵات نەتەوەكانی چین چین لە پشتی باوكی خۆیانەوە دەركردووەو (خەڵقی) كردوون، جا بێگومان گەلێ فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە هەموو نەتەوەكان لە پشتی حەزرەتی ئادەم دەرچوونە، هەروەك چەند (حەدیسێك) ئەخەینە بەرچاوی خوێندەواران، هەروەكو پێشەوا ئەحمەد[1]، ریوایەتی كردووەو ئەم فەرموودەی هێناوە دەربارەی ئایەتی ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِيٓ

---

(١) رواه أحمد بن حنبل بەژمارە /٣٨٢، فەرموودەیەكی (سەحیحە)و دروستە.

ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ ﴾ جـــا بێگومان ئەگێڕنـەوە پرسـیار لـە عومـەری کـوڕی خـەتاب (ڕەزای خـوای لێبێـت) کـراوە ئـەویش فـەرمووی: لـە پێغەمبـەرم (ﷺ) بیـستوە کـە پرسـیاری ئـەم ئایەتـەی لـێ کـراوە ئـەویش فەرموویـەتی: (خـودا کـە حەزرەتی ئادەمی خەڵق کرد لە پاشان دەستی قودرەتی هێنا بـە پـشتیا و وەچەو زوڕیەتێکی لێ (ئیجاد) کـردوو فـەرمووی ئەوانـەم بـۆ بەهەشـت درووسـت کـردووە، وە بـە کـردەوەی ئـەهلی بەهەشـت کـار دەکـەن، لەپاشان دەستی (قودرەتی) بە پـشتیا هێنایـەوەو زوڕیـەتێکی تـری لـێ دەرهێناو خەڵق کرد فەرمووی ئەوانـەم بـۆ دۆزەخ درووسـت کـردووە، وە بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ کار دەکەن، جا ئەفەرمووێ ئەی پێغەمبـەری خـودا ئەمـە چـۆن کارێکـە؟ جا فـەرمووی (کـاتێ خـودا بەندەیـەکی بـۆ بەهەشت درووست کرد دەیخاتە سەر ڕێگەی ئەهلی بەهەشـت تـا لەسـەر کردەوەی ئـەهلی بەهەشـت دەمـرن و بـە کـردەوە دەچـنە بەهەشـت وە کاتێ بەنـەدەیێ بـۆ ئـاگر درووسـت کـرا دەکەوێتـە سـەر ڕێگـەی ئـەهلی دۆزەخ هەتا لەسەر ئەو کردەوە دەمرێ و ئینجا بـەو هۆیـەوە دەکەوێتـە دۆزەخ.

٢- وە لە فەرموودەیەکی تـردا حـەزرەت (ﷺ) ئەفـەرمووێ: (مَـامِنْ مَوْلُودِ إلاّ يُولَدُ على الفِطرةِ فأبواهُ يُهَودانِه أو يَنصّرانه كَمَا تَنْتُجُ البهيمَـةُ

بهيمةً جَمْعَاءَ فَهَلْ تَرَونَ فِيهَا من جَدْعَاء)[1]، واتە: هەموو منداڵێك لەسەر سرووشتی خواپەرستی و خواناسی لەدایك دەبێ بەڵام دوایی دایك و باوكی دەیكەنە جوولەكە یان دەیكەنە (نەصرانی) واتە مەسیحی یان دەیكەنە ئاگر پەرست و وەك چۆن بەچكەی حەیوان واتە ئاژەڵ كە لەدایك دەبێ بەساغ و سەلامەتی لەدایك دەبێ ئایە هیچی ئەبینن كە گوێی براْبێ یان داغ كرابێ...؟

٣- هەروەها حەزرەت (ﷺ) بۆمان ئەگێڕێتەوە كە خوای گەورە لە (حەدیسێكی) قودسیدا ئەفەرمووێ (إِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ ، وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ ، وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ)[2]، واتە: خوای گەورە فەرموویەتی من بەندەكانی خۆم پاك و چاك دروست كردوون، بەرەو هەق هەنگاو بنێن بەڵام لە پاشان (شەیتانەكانیان) هاتن، لە دین و ئاینەكەیان، یانی لەو سروشتەی كە لەسەری دروست كرابوون لا یانداو لێیان گۆڕین و ئەوەی بۆیانم رەواو حەڵاڵ كردبوون ئەوان بۆیان (حەرم) واتە قەدەغەكردبوو لێیان.

با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەكەی دوای ئایەتەكەی پێشوو، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٧٤﴾ ﴾(أي وَكَما بَينّا الميثاقَ نُبَيّن الآياتِ لِيَتَدَبرَها النّاس وَليرجَعُوا عمّا هُمْ عَلَيهِ مِن الإصرار عَلَى البَاطلِ وَتقليد الأباءِ)، واتە: هەر ئاوا ئایەت و

---

(١) رواه الامام البخاري برقم /١٣٥٩ ، والامام مسلم برقم/١٦٩٩.

(٢) رواه مسلم أيضاً برقم/٧٣٨٦، عن عياض بن حِمار المجاشعي (رضي الله عنه).

عەهدو پەیمان و نیشانەو بەڵگەکانی خۆمان ڕۆن و ڕەوشەن دەکەینەوە بۆ ئەو خەڵکە تا تێفکرن و بیربکەنەوە و هەق و ناهەق لێك جیابکەنەوە بەڵکو ڕێگەی ڕاست بگرنەبەرو لەسەر لێشێواوی و ڕێگای خراپ و پڕوپووچ و تەقلیدی باوك و باپیراندا بگەڕێنەوە..

(باسێك لە داستان و چیرۆكی بەلعامی كوڕی باعورا لەگەڵ نموونەی زانای لارو لاسار)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەدوای ئەوەی خوای گەورە باسی عەهدو پەیمان وەرگرتنی کرد لە حەزرەتی ئادەم و نەوەکانی بەگشتی ئینجا دانیان بەوە دانا کە خوای مەزن و پەروەردگاریانە ئەوجا نموونەی ئەوانە دێنێتەوە کە ئایەت و بەڵگەو نیشانەکانی خودا بەدرۆ دەخەنەوە هەروەها ئایاتی ناردراو بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) ڕەت دەکەنەوەو ئەوجا بێگومان وێنەیەکمان بۆ باس دەکات لەبارەی لادان لە سروشتی پەیمان شکاندن و پاشگەز بوونەوە بۆ پشت کردنە ئایەتەکانی خوای گەورە لەپاش ناسینی و ئاگاداربوون، ئەوجا هەروەها بێگومان خوای گەورە نموونەی زانا خراپەکانی سەردەم دێنێتەوەو ئەفەرمووێ: ﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا ﴾ أي وَاتْل يا مُحّمد عَلَى اليهود خبر وقصَة ذَلكَ العالم الذّي عَلّمناهُ عِلمُ بَعْض الكتب الله فَانْسَلخ مِنْ الآيات كَما تَنْسَلخ الحّية مِنْ جلدها بأنْ كَفَرَ بِهَا وَأعْرضَ عَنْهَا، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر جوولەکەکانی مەدینەدا یان بەسەر

گەلەکـەت دا دەنـگ و باسـی ئـەو زانایـە[1]، بخوێنـەرەوە یـان بـۆ (قەومەکەت) بگێڕەوە کـە ئەندازەیـەك عـیلم و زانـست و زانیاریمـان پـێ دابوو لە هەندێ پـەرتووکی پێشوو بـەڵام ئـەو عـیلم و زانـستەی لـەخۆی داماڵی هەروەکو مارێك خۆی لە بەرگەکـەی دادەڕنـێ و دادەماڵێـت، واتـە بەم رەنگە بڕوای نەما پێیان و پشتگوێی خستن[2]، ﴿فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾﴾ أي فَلَحَقَهُ الشّيْطان حَتّى صار قريناً لَـهُ حتّى جَعَلَـهُ فِي زُمْـرَةِ الـضّالّينَ بَعدَ أنْ كـانَ مِـنَ المُهْتَـدِينَ، واتـە: بـەهۆی ئەوەوە (شەیتان) کردی بە شوێن کەوتووی خۆی یان شەیتان کـردی بـە

---

(١) قالَ عبدالله بن عباس (رضي الله عنهما) هُوَ (بلعم بن باعوراء) كانَ عِنْدهُ إسمْ الله الأعظم، واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەباس (رەزای خوایان لێبێت) ناوی ئەو پیاوە (بلعەمی کوڕی باعورا) بووە، ناوە جوانترەکان و گەورەترەکانی خوای (إسم الاعظم) ی زانیوەەو هەر (دوعایەکی) ئەو پیاوە بیکردایە قەبوڵ ئەکراو وەرئەگیرا.

(٢) وقال ابن مسعُود (رضي الله عنه) هُوَ رَجلٌ من بني إسرائيل بَعَثَهُ مُوسى إلى ملك (مَدْيَن) داعياً إلى الله فرشاهُ المَلِكَ وأعطاهُ المُلْكَ عَلَى أن يترِكَ دين موسى ويتابع المَلِكَ عَلَى دينه فَفَعَل فزاغَ وَضلّ وأضَلَ كثيراً من الناس بِسُوءِ صَنيعه، واتە عەبدوڵلای کوڕی مەسعود (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ ئەو زانایە (بەلعەمی) کوڕی باعورا یە کاتی خۆی مووسا ناردی بۆ ئامۆژگاری پاشای مەدیەن و پاشاکەش بێ باوەڕ بوو و داوای لێکرد کە واز لە ئایینی مووسا بێنێ و پارەو ماڵ و سامانێکی زۆری پێ بەخشی ئینجا ئەویش وازی لە ئاینەکەی خۆی هێنا خۆی (کافر)و بێ باوەڕ کرد و خەڵێکێکی زۆریشی گومڕاکرد و لەسەر رێی ئایینی مووسا ترازاندنی بێ باوەڕی کردن بە خودی خراپەی خۆی، بڕوانە تەفسیری (التسهيل لعلوم التنزيل) لە نووسینی (الحافظ محمد بن جزي الكلبي الغرناطي)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٥٥.

مامۆستای خۆی (دەرسی) بە شەیتان دەگووت و بە پێچەوانەوە جا بێگومان پاش ئەوەی لە ڕێگەی (هیدایەت) لایدا و شەیتان (کافری) کرد، چونکە ئەوەندە کردەوەی خراپی ئەنجام دا پێی، جا چووە ناو ریزی گومڕایانەوە، لەدوای ئەوەی کە پێشتر هیدایەتی پێ دابوو، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ ﴾ أي لَوْ شِئنَا لَرَفَعْناهُ إلى مَنْزِلِ العُلماء الأبرار، ولكنّهُ مَالَ إلى الدّنيا وَسَكن إليها وآثرَ لذّتَها وَشَهواتُها عَلى الآخرة وَاتَّبَع ما تَهْواه نَفْسهُ فأنْحَطَّ أسْفَلَ سافِلينَ، واته: ئەگەر بمانویستایە ئەو کەسەمان بڵند دەکردەوەو ڕێزمان لێدەنا و ئەمانکردە زانایەکی زۆر گەورەو بەرز بەڵام خۆی ئەمەی نەویست، چونکە خۆی بە زەویدا نووساندو، هەروەکو کەسێك خۆی بە زەوی بدات و نەیەوێت ڕاست ببێتەوەو جا بێگومان ڕووی کردە دنیا پەرستی و شوێنی ئارەزووەکانی و هەواو هەوەسی خۆی کەوت، بەڵام ئەم کابرایە بۆلای نزمە بەرەو خوار بۆوە، دەرئەنجام سەرگەردان بوو، هەروەها ڕووڕەشی دنیاو قیامەت بوو ﴿ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ﴾ أي فَمَثَلُهُ في الخَسةِ وَالدّنَاءةِ كمثل الكَلْبِ إن طردتْهُ وَزَجَرْتَهُ فَسَعَى لَهَثَ وَإن تركهُ عَلَى حَالِه لَهَثَ، واتە: نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەکو نموونەی سەگێکی ماندوو وایە بەتایبەتی لەبەر گەرماو ماندووبوون و هەناسەبڕکێیەتی و زمانی دەرکێشاوەو ئەگەر پەلاماری بدەی پێت دەڕەوی ئەگەر بەدوای کەوی زوبان دەرئەهێنێ و، ئەگەر وازیشی لێ

بهێنی هەر زبان دەرئەهێنیّ و ئەهانسکێنیّ و واتە ئەگەر هەڵتکوتایە سەری و زۆرت بۆ هێنا هەڵدیّ و هاسکە هاسکی پیّ دەکەویّ وازیشت لیّ هێنا هەروایەو دێتە سەرت[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ أي هذا المثل السيء هو مَثَلٌ لِكُلِ من كذَّبَ بآياتِ الله، واتە: ئەو بەسەرهات و رووداوانە نموونەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەیە کە (ئایات) و فەرمانەکانی خودا بەدرۆ دەزانن و باوەڕی پیّ ناکەن و جا چ (جوولەکە) بن یان نا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾﴾ أي أقصص عَلَى أُمَتِكَ مَا أوْحَيْنَا إليكَ لَعّلهم يَتَدبرُونَ فيهَا ويَتّعظُونَ، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆش ئەم جۆرە باس و داستانەیان بۆ بگێڕەوە و بۆ گەل و ئوممەتەکەت کە بە نیگا بۆتمان رەوانە کردووە بەڵکو بیربکەنەوە و .

---

(١) زانایانی (تەفسیر) ئەڵێن مەبەست پێی نموونەی لە نموونەی گومڕاییدا سوود وەرنەگرتن لەوبارەوە لەو پاڕانەوەی وەك سەگێکە کە بۆی بچیت زمان دەردەهێنێت و وازیشی لیّ بێنیت هەر زمان دەردەهێنێت ئەوجا لەهەردوو حالەتەکەدا هەر زمان دەردەهێنێت، هەر بەو شێوە هیچ سودێك لە ئامۆژگاری و بانگ کردنی بۆ بڕواهێنان وەرناگرێت، یانی بانگی بکەیت و بانگی نەکەیت وەکو یەکە هەندێکی دیکە لەزانایانی (تەفسیر) ئەفەرموون: خوای گەورە فەرمان ئەکاو بەپێغەمبەر (ص) ئەی پێغەمبەر (ص) ئەم وەسفە بۆ ئەوانەیە کە (گەمڕابووە) پێش ئەوەی تۆ بانگیان بکەی، بۆ(هیدایەت) وەتۆش هەواڵی ئەو گەلانەی پێش خۆتیان پیّ بدە کە گەورەترین (موعجزەیە) بەڵکو (قەومەکەت) پەندی لیّ وەربگرنو باوەڕبێنن بەوەی هێناوتە..

پەندو ئامۆژگاری وەربگرن و لەرێی ڕاست لانەدەن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ سَآءَ مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴿١٧٧﴾ ﴾ أي بِئْسَ هذا المثل القبيحُ مثلاً للقوم المكذِّبينَ بآياتِ اللهِ والجاحدينَ لِنعْمةِ فضلِ العلمِ والهدايةِ وما ظلموا بهذا الصَّنيع إلاَّ أنْفُسهم لأنّهم عَرّضُواها لِعذاب اللهِ الشديد، واتە: لە ڕاستیدا نموونەیەکی ناشیرین و ناڕێك و ناهەموارەو، جا بێگومان نموونەی ئەو کەسانەی کە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەو نازو نیعمەتەکان و فەزڵی عیلم و ڕێنموێنی ئێمەیان بەدرۆ زانیوەو بڕوایان پێ نەکردووە، ئەوانە دیارە (ستەمیان) لە خۆیان کردووە، ئەمانە ستەمیان لە ئێمە نەکرد چونکە ئێمە زوڵم و ستەممان لێ ناکرێ و چونکە ئەگەر هەموویان ستەمکارو (کافر) بن هیچ لە خودایەتی ئێمە کەم ناکاو بەڵام ئەوان لە دوارۆژدا تووشی سزایەکی زۆر کوشندە دەبن.

(چەند مەسەلەیەکی گرنگ)

١- (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی کە پێویستە ئەمەیە چونکە پێویستە لەسەر هەموو زانایەك هەرنەخەڵەتێ بە (عیلم) و زانینەکەی بەڵکو ئەم زیاتر بترسێ لە (جەهل) و نەزانی، ئەوجا دڵ و دەروونی بێتە لەرزە و موچڕکی پیا بێت بەلەشیاو کاتێك ئەبینێ بەم هەموو سەختی و توندو تیژیە قورئان باسی ئەو زانایە ناوبراوە ئەکات کە چۆن لابدا لە حەق و ڕێگەی خواو هیدایەت و ڕاستی و ئاییندا، دووچاری ئەوەبوو کە قورئان باسی ئەم جۆرە کەسەی کرد بۆمان کە بۆ بەرەوبوومی دنیا خۆی

کافر و گومڕاکرد، ئینجا تا دنیا دنیایە بخوێندرێتەوە بەسەر هەموانداء جا بێگومان ئەو ریسوایی و بەدبەختی و نەگبەتیە هەر بۆ ئەو کابرایە نیە بەڵکو گشتیە بۆ هەر کەسێك کە خوا (زانای) بکات بە ئایین و ئایەتەکانی خۆی کەچی ئەویش خۆی داڕنێ و شوێنی (نەفس) و شەیتان بکەوێ و خۆی شەرمەزاری خواو پێغەمبەرەکەی بکات.

٢- وەهەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم ئایەتە هاتۆتە خوارەوە لە دەرهەقی هەرکەسێ کە خوای مەزن (عیلم) و زانستێکی باشی پێ بداو ئینجا پلەو پایەی بەرز بکاتەوە کەچی ئەو کەسە، ئەو پلەو پایەو (مەقامەی) خۆی لە هەق و ڕاستی سەرف نەکات و (عەمەل) بە (عیلمەکەی) خۆی نەکات، وە هەروەها لەو زانیاریە سوود وەرنەگرێ بەڵکو سەرفی بکات لە ڕێگەی چەوت و نالەبار ، وەکو زانایانی بێ دین و پێشەوایانی دین فرۆش و ماڵ پەرست و لە ڕێگالادانی خواو پێغەمبەر (ﷺ)؛

٣- هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەڵێن ئەم ئایەتەی پێشوو هەڕەشەیە لەهەموو ئەو کەسانەی کە شوێنی هەواو هەوەسی خۆیان دەکەون و ڕوودەکەنە دونیا پەرستی و ئارەزوو بازی و واز لە ئایینی خودا دەهێنن بڕوا بە خوداو بە پێغەمبەری خودا و بە ڕۆژی قیامەت پاشکۆی دەخەن ، جا بێگومان هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتەی پێشوو توندترین هەڕەشەی تێدایە بۆ زاناو شارەزایانی ئایین چونکە زانا بە ئایین ئەگەر بەپێی (عیلمەکەی) خۆی نەجولایەوە ئەوە پیت و (بەرەکەتی)زانینەکەی نامێنێ زۆر لە خودا دوور

دەکەوێتەوە هەروەکو پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی (مَنْ إزدَادَ علماً وَلَمْ يَزْدَدْ هُدى لَمْ يَزْدَدْ منَ الله إلاّ بُعْداً)[1]، واتە: هەر کەسێك زانستی زیاتر بێت و بەپێی زیادبوونەکەی ڕێنومایی خێرو (هیدایەتی) زیاتر نەبووبێت ئەوە تابێت زیاتر لە خوداوە دوورتر دەکەوێتەوە وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (لإنّا منْ غَير الدّجال أخْوفَ عَلَيْكُمْ من الدَّجالِ فقيل وَمَا ذَلكَ؟ فَقَالَ منَ الأئمّة المُضلينَ)[2]، واتە: ئەوەی زیاتر لە دەجال جێگەی مەترسیە بۆتان غەیری دەجالە، یانی مەترسی پێشەوا گومڕاکەرەکانتان لە مەترسی دەجال ترسناکترە.

(باسی هیدایەت و گومڕایی ئادەمیزاد ئەکا)

لەپاش ئەوەی خوای گەورە نموونەی ئادەمیزادی لە ئایین دەرچووی هێنایەوە بۆ ئەوەی واز لە گومڕایی خۆیان بهێنن و بگەڕێنەوە سەر حەق و ڕاستی و ئەوجا باسی (هیدایەت) و گومڕایی بەیان ئەکاو ئەفەرمووێ

﴿ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٧٨﴾ ﴾ أي مَنْ هَداهُ اللهُ فَهُوَ السَعيدُ المُوفَق وَمَنْ أضلّهُ فَهو الخائبُ الخَاسر لاَ مَحالَة، واتە: هەر کەسێك خوا ڕێنمایی بکات یانی شارەزای ڕێگەی هەق و ڕاستی دەگرێتە بەرو خواش سەربەرزو موەفەقی ئەکات،

---

(١) رواه الديلمى فى مسند الفردوس، برقم/٥٨٨٧، بەڵام ئەوەی (مەشهور) بێ ئەڵێن ئەم (حەدیسە) ووتەی شێخ حەسەنی بەصریە (ڕەزای خوای لێبێت) بڕوانە پەرتووکی (إتحاف السادة المتقين بشرح احياء علوم الدين) لە نووسینی السيد محمد بن محمد الحسين الزبيدى، بەرگی یەکەم، لاپەڕە/٣٥٢.

(٢) رواه الإمام أحمد في مسنده، بەرگی/٥، لاپەڕە/١٤٥.

بەلاّم ئەوەی یاخی بێت و پشت بکاتە ئایین و خراپەکار بێت ئـەوە خـودا بە کردەوەی خراپی خۆی ڕێگای لـێ بـزر ئـەکات ئـەوە بەڕاسـتی ئەوانـە ماڵ وێران و زەرەرمەندن جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ﴾ أي خَلَقْنَا لجهَنّم ليكونُوا حَطَباً لَهَا خلقاً كثيراً كائناً مِن الجنِّ والإنس، والمرادُ بِهِمْ الذّينَ حَقت عَلَيْهِم الكَلِمةُ الأزليّـة بالـشّقاوة، واتـە: سـوێند بـێ لـە راسـتیدا ئێمـە خـەڵکێکی بـێ شومارمان لە جنۆکەو ئـادەمیزاد و هـی تـر تـەرخان کـردووە بـۆ دۆزەخ، چونکە بێگومان هەر لە ئەزەلدا خـەڵکانی جەهەنـەمی دیـاریکراون لەبـەر خراپی خۆیان، واتە بەر لەوەی درووستیان بکـەین دەمـانزانی کـێ چاکە دەکـەو کـێش خراپـەکارە بۆیـە ئێمـەش بڕیـاری وامـان داوە، وە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿لَهُمۡ قُلُوبٞ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا﴾ أي لَهُـمْ قلـوبٌ لا يَفْهَمون بِهَا الحقّ، واتـە: دڵیـان هەیـە بـەلاّم هـەقی پـێ وەرنـاگرن و تـێ ناگەن لە هەق ﴿وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا﴾ أي لا يُبْصرُونَ بِهَا دلائِلَ قُدْرَةِ الله بَصرُ إعتبـارٍ، واتـە: چاویان هەیـە بـەلاّم دەسـەلاّتی خـوای پـێ نابینن یانی سەرنجی دەوروبەریان نادەن و لـە هـەق و بەڵگـەو نیشانەی بوونەوەردا عیبرەت و سوود وەرنـاگرن ﴿وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ﴾ أي لا يَسْمَعُونَ بِهَا الآيات والمواعظ سماع تَدبُرٍ واتّعـاظ، واتـە: ئـەوان گوێیـان هەیە بەلاّم هیچ شتێکی باشی پـێ نابیـسن، یـانی ئامـادەنین گوێبیـستی هەق و ئامۆژگاری بین، چونکە بێگومان ئەوان گوێ لەو شتە رانـاگرن کـە ئارەزوویـان لـێ نـەبێ، هـەروەها خۆیـان لـێ کـەڕ دەکـەن یـانی ئەگـەر

ئامۆژگاریشیان بکەن گوێیان لیّ نییە، واتە: بێگومان هیچ سوودێك لەم ئەندامانەی کە خودا پێی داوون و کردویەتی بەهۆی شارەزا بوونیان هیچ کەڵك و سوودێکی لیّ وەرناگرن[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ﴾ أي هُمْ كَالحَيوانـاتِ في عَدَم الفِقْه وَالْبَصرِ والإِسْتماع بَلْ هُمْ أَسْوأ حالاً مِنَ الحَيْوانات فَإِنَّهَا تدرك منافعها وَمَضارِها وهؤلاءِ لا يَميزُونَ بينَ المنافع والمضار، واتە: ئەوانە لە نەزانی و نەفامی و تێنەگەیشتندا وەکو ئاژەڵ و ماڵات وان یانی وەکو حوشترو رەشەولاخ و مەڕ و بزن وان، بەڵکو لە ماڵاتیش گومڕاترو خراپترن[2]، چونکە ئەو ئاژەڵانە هەوڵی ئەو شتانە دەدەن کە سوودیان پیّ دەگەیەنیّ، وە خۆ دەپارێزن لەو شتانەی زیانیان پیّ دەگەیەنن، واتە: بەڕاستی ئەوانە چاکەو خراپە لەیەك جیا ناکەنەوە، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٧٩﴾ أي الْغَارِقُونَ فِي الغَفْلَةِ، واتە: بەڕاستی ئەوانە بەتەواوی بیّ ئاگاو (غافڵن) لە ئایەتی خودا، چونکە بەتەواوی روویان لە دونیا پەرستی کردووەو هەر خەریکی خواردن و نووستن و خواردنەوەن.

(١) واتە: خۆیان بەئەنقەست دڵ و گوێچکەکانی خۆیان لەکار خستووە، چونکە خۆیان خەتابارن و تاوان کارن جا زۆر راست و بەجێیە کە نیشتەجیّ ی دۆزەخ بن.

(٢) چونکە بێگومان ئاژەڵ و ماڵات بەپێی ئەو زانین و فیترەتەی کە خودا پێیداوە ژیانی خۆی دەباتەسەر.

(باسێك لە ناوە جوان و پیرۆزەكانی خوای مەزن)

جا بێگومان زۆربەی زانایانی ئیسلام لە تەفسیرەكانیاندا ئەفەرموون پێویستە موسڵمانی خاوەن باوەڕو ئیماندار دوور بێت لە (غەفڵەت) و بێ ئاگایی، وە پێویستە هەردەم لەیادوو (زیكری) خودا (غافل) و بێ ئاگا نەبێ هەروەها پێویستە ناوە جوانەكانی خودای پەروەردگاری لەسەر زار بێ و لەیادیان نەكات، چونكە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ أي لله الأسماء التّي هيَ أحْسن الأسماءِ وأجلّها لأنبائها عَنْ أحسن المعاني وأشْرفُها فَسَمُوه بِتلْكَ الأسْماءِ[1]، واتە: بێگومان هەر بۆ خواشە ناوە جوان و پیرۆزەكان جا بەو ناوانە بانگی بكەن ، چونكە خودای پەروەردگار چەند ناوێكی

---

(١) هەندێ لە (موفەسیران) ئەگێڕنەوەو ئەفەرموون (سَبَبُ نزُولِ هذه الآية أنّ رجلاً دَعَا اللهَ في صلاتهِ أي يَدْعُوا (يا رحمن ويا رحيم) فَقَالَ أبُو جهلٍ وغيرها مِنَ المُشركين ألَيْسَ يَزْعَمُ مُحَمّد (ﷺ) وأصحابه أنّهم يَعْبُدُونَ ربّاً واحداً فَما بالُ هذا يعبدُ ربين اثْنين؟ فأنزلَ اللهُ هذهِ الآيةَ ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ واتە: هۆكاری هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمەبوو كە مرۆڤێكی ئیماندار لەناو نوێژەكەیدا ئەم (دوعاو) نزایەی ئەكرد و ئەیگووت (یا رحمن یا رحیم) ئینجا ئەبو جەهل و هەندێ لە بێ باوەڕەكان ووتیان ئایە (محەمەد) گومانی وایە كەوا یەك خودا ئەپەرستێ ئەدی بۆچی دوو خوا ئەپەرستێ چونكە لەلایەكەوە دەڵێت یەك خوا هەیە كەچی لە پاڕانەوەدا هاوارو هانا بۆ چەند خوایەك دەبا، ئەوجا لە وەڵامی ئەوەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾ بڕوانە: تەفسیری (الكشفُ والبیان) ج/٢، لاپەڕە/٢٢٦، هەروەها بڕوانە تەفسیری (قرطبي) بەرگی/٧، لاپەڕە/٣٢٥.

هەیە کە جوانترین ناون و هەر ناوێك لەوانە مەعناو واتایەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا دەفەرمووێ بەو ناوانە بانگی خودای مەزن بکەن و داوای لێ بکەن ﴿وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ﴾ أي أتركوا الذّينَ يَملّونَ في أسمائهِ تعالى عَنِ الحَقِ كما فَعَلَ المُشركُونَ حَيثُ إشتقُوا لآلِهَتِهِمْ أسماءِ مِنهَا كاللات (مِن الله) والعُزّي (مِنَ العَزيز) ومناة (مِن المَنّانِ) واتە: واز لەوانە بێنن کە گۆڕانکاری لە ناوە پیرۆزەکانی دا دکەن، وە هەروەها ووشەکانیان یان واتاکانیان لە راستی خۆیان لادەدەن (تەصریفیان) ئەکەن و لە ناوەکانی خودا ئەگۆڕن و بتەکان بە خودا دەزانن بۆ هەریەکەیان ناوێکیان داناوە، بۆ نموونە (موشریکەکان) واتە بێ باوەڕو بت پەرستەکان لەباتی ئەوەی کە ناوی (الله) بێنن دەیانگوت (لات) یان لەباتی ئەوەی بڵێن (عزیز) ئەیان ووت (العُزّي) یان لەباتی (المنّان) ئەیان ووت (مناة) جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠)﴾ أي سَينالُونَ جَزاءَ مَا عَمِلُوا في الآخِرَة، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ دڵنیابە ئەوانە بە تۆڵەو سزای کردەوەی خراپی خۆیان لەرۆژی دواییدا وەردەگرنەوە.

(چەند ئاگاداربییەك)

١- چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی ناوە جوانەکانی خوداوە هاتووە: (عَنْ أبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أنَّ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: (إنَّ للَّه تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مائَةً إلا وَاحِدًا مَنْ أحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَهُوَ وترٌ يحّبُ الوتْرَ، متفقٌ عليهِ، واتە: لە ئەبو هورەیرەوە

(خوا لێی رازی بێت) ووتی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (خودا نەوەت و نۆ (٩٩) ناوی هەیە یان سەد یەك كەم هەر كەسێك هەژماری بكات واتە لەبەری بكات دەچێتە بەهەشتەوە، چونكە خوای گەورە تاكە تاكی پێخۆشە، یانی خودا تاكەو حەزی لە تاكە.

٢- خوێنەوارانی ئازیزم، ناوەكانی زاتی خوای گەورە بریتین لەو ناوانەی كە لە قورئان و فەرموودەی پیرۆزدا هاتوون وەكو باسیان ئەكەین جا ئەگەر ناوی (زات) بێ وەكو الله[1]، یان ناوی (صفة) بێت وەكو (خالیق) و (رزاق) و (هادي) و ....هتد.

وە هەروەها غەیری ئەمانەش، چونكە بێگومان درووست نیە (شەرعاً) بێجگە لەو ناوانە بەكار بهێندرێ وەكو (حارث) یا (زراع) یان (عارف) ...هتد، بەلاَم ئەو ناوانەی كە مەشهورەو ئیزنیان لەسەر هاتووە، نەوەت و نۆ ناون، وەكو حەزرەت (ﷺ) دەفەرمووێ خوای گەورە /٩٩ ناوی هەیە هەركەسێ لەبەریان بكات و رەفتار بە مانایان بكات دەچێتە بەهەشت (إن شاء الله) جا بێگومان خوای گەورە تاكەو تاكی خۆش دەوێ ، پێشەوا (ترمزی و بەیهەقی) ئەم ناوانەیان دیاری كردوون، ئەمەش دەق و تەفسیرو شەرعەكەیەتی كە بریتین لە ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ واتە: خوا (الله) هەر ئەوە بێجگە لەو هیچ پەرستراوێكی تر بەهەق نیە، غەیری زاتی ئەو نەبێ.

---

(١) موفەسیرەكان ئەفەرموون ناوە جوان و پیرۆزەكانی خوای گەورە و مەزن بەتایبەتی زاتی الله جلّ جلالهُ (٢٧٠٢) لە قورئاندا هاتووە.

الله	واتــه نـاوی تـاك و پــیرۆزی خوایـه كـه كۆكـەرەوەی نـاوو سیفەتەكانیەتی ، واتە پەرستراوی بەھەق و راستی.
الأوّلُ	واتە: یەكەمین پێش ھەموو شتێك ھەبووە.
الآخرُ	واتە: دوایەمین چونكە بێگومان پاش ھەموو شتێ دەمێنێ
الظّاھِرُ	واتــە: دیــارو ئاشــكرایە بــۆ خــاوەن ژیریــەكان بــەھۆی بەڵگەكانەوە دەسڵاتدارو زانایە بەسەر ھەموو شتێكدا
الباطِنُ	واتە: پـەنھان و شراوەیە لەچاوی بەنـدەكان و زانایـە بـە ئاشكراو پەنھانەكان، نزیكە بە زانست و توانا
العليُّ	واتە: بەرزو بەدەسەلأت و بەھێزو بەتوانایە
الأعْلَى	واتە: بڵنـدە بەھـەموو رووێك بـە زات و سـیفات و قـەھری خۆی واتە بڵند بۆتەوە لەسەر (عەرشە) پیرۆزەكەی
المُتَعال	واتــە: بــەرز بەســەر دروســتكراوانیەوە وە خــۆ بــاككر لــە سیفاتی دروستكراوان
العَظيمُ	واتە: مەزنایـەتی و خاوەنـشكۆ و دەسـەلأت و توانـای بـێ كۆتایی وە لەھەموو گەورەیەك گەورەتر
المجيد	واتە: پایەبەرزی تەواو رێزدارو بەقەدرو چاكەكەر
الكَبيرُ	واتــە: مــەزن و گــەورەی بــێ كۆتــا لەگــەورەیی داو ھــەموو شتێك لەبەرامبەر ئەو زاتە بچووكە
السَّميعُ	واتە: بیسەری وەلامگۆی بێ سنوور بەھەموو شتێك
البَصيرُ	واتە: بینەری بێ سنوور بە ئاشكراو بە پەنھان و شارەزا

العَليمُ	واتـە: زانایـە بـەبێ فێرکـردن بەهـەموو دروسـتکراوان و نهێنیەکانیان و زانایە بە چپەو ئاشکرا
الخَبيرُ	واتە: شارەزا بە ووردەکاری شتەکان لەسەر حەقیقەتی خۆی
الحَميدُ	واتـە: سوپاسـکراوو کاربـەجێ لـە کـرداردا هـەروەها شایستەی ستایشە لە خۆشی و ناخۆشیدا
العَزيزُ	واتە: زاڵ هەرگیز ناشکێ دەسەڵاتداری بەهێزی بێ وێنە
اَلْقَديرُ	واتە: دەست ڕۆیشتوو و بەتواناو بێ سنوور
اَلْقَادِرُ	واتـە: بەتوانایـە بەسـەر هـەموو شـتێکدا و هـیچ مانـدووی ناکات
المُقتدر	واتە: توانای تەواوەو هیچ شتێك لێی عاصێ نابێ
اَلْقَوي	واتە: بەتواناو بەهێز بەسەر هەموو توانایەك دا هەرگیز بێ دەسەڵاتی رووی تێ ناکات بەهیچ شێوەیەك
المَتينُ	واتە: بەهێزی بێ نیاز بێ هاوتاو بێ کۆتا
اَلْغَني	واتـە: دەوڵەمەنـدی بـێ پێویـستی بـە بەنـدەکانی بـەڵکو دروستکراون و هەمووی موحتاجی ئەون
الحَكيمْ	واتە: کاربەجێ و لێزان بێ هەڵە لەکارەکانی دا
الْحَليمُ	واتە: نەرم و هێدی، ئارام و پاش خەری سزاو بێ پەلەیە
اَلْعَفُو	واتە: لێبووردە لە گوناهو تاواندا
الغفورُ	واتە: لێ خۆشبوو لە گوناه پۆشی ئادەمیزاد

الْغَفَارُ	واتە: لێبوردەو تەنیا و پۆشەری عەیب هەرکات تەوبە بکرێت لە گوناه دەبوورێت
التّوابُ	واتە: تەوبە وەرگری بەندکانی کاتێ تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە
الرّقیبُ	واتە: چاودێر بە بەندەکانی و زاناو ئاگادارە بە کارو کردەوەیان
الشّهیدُ	واتە: ئاگادار چونکە هیچی لێ وون نابێ و ئاگاداری بەندەکانیەتی چی ئەنجام دەدەن
الْحَفیظُ	واتە: پارێزەری زەوی و ئاسمانەکان و بەندەکانی وە ئاگاداری کردارو ووتەو نیەتی بەندەکانیەتی
اللّطِیفُ	واتە: نەرم و چاکەکار لەگەڵ درووست کراوان لەگەڵ بەندەکانی و رۆزی و رزق دەریان
الْقَرِیبُ	واتە: نزیکە بە زانستی وە نزیکە لەو کەسانەی لێی دەپاڕێنەوە، بە وەڵامدانەوەیان
الْمُجِیبُ	واتە: وەڵامگۆ، یانی وەڵامی پاڕانەوە دەداتەوە بە بەخشین وەڵامی ناچارو پێ گیراو دەداتەوە بە دەروو لێ کردنەوەیان
اَلْوَدودُ	واتە: خۆشویستراو لە دڵی دۆستەکانی دا وە بەندە صاڵحەکانی خۆش دەوێت و لێیان رازی دەبێت و کردەوەیان قەبوڵ دەکات
الشاکرُ	واتە: سوپاسی کردەوەی کەم دەکات و رازی دەبێت و لێی وەردەگرێت و پاداشتی دەداتەوەو لەگوناهی زۆری

	خۆش دەبێت
الشّكورُ	واتــە: سوپاسـی چـاكەی كـەم دەكـات و پاداشـتی زۆری دەداتــەوەو نیعمــەتی زۆر دەبەخـشێ و بـە شـوكری كـەم رازیە
السّيدُ	واتە: سەروەرو گەورەو خاوەنی سەروەری رەهاو خاوەنی هەموو شتە
ألصّمدُ	واتە: جێی مەبەست و جێی نیازە لەهــەموو پێویستیەكدا وە پێویستی بەكـەس نیـە و ئـیش و كـاری هــەموو خــەڵك هەڵئەسورێنێ و جێ بـەجێ ئـەكا، چـونكە جێگـای هیـواو ئومێدە.
اَلْقَاهِرُ	واتە: بەتواناو دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێكدا
اَلْقَهارُ	واتە: سزادەرو زەبونكەری بێ براوەو هاوبەش پەیداكەران بەتوانای خۆی
اَلْجَبارُ	واتە: خاوەن دەسەڵاتی ناچاركارە
اَلْحَسيبُ	واتە: ئەوەندە دەبەخشێت كە بەسیان بێت، لێپرسـەرەوەو جێی رازە بۆ بەندەكانی و هەروەها بۆیان بەسەو كیفایەتە
اَلْهَادِي	واتــە: رێ پیـشاندەری كەسـانێك كـە بیـەوێت بـۆ رێگـای راســـــت و رێنموایيـــــەكانی دروســـــتكراوان بـــــۆ بەرژەوەندیەكانیان
اَلْحَكَمُ	واتە: فەرمانرەوای دادوەر حوكمڕان لەنێوان هەق و بەتاڵ
اَلْقدّوس	واتــە: پــیرۆزو پــاك لەهـــەموو عـــەیب و ناتەواوییـــەك لـــە سیفەتەكانیدا، ئەو خوایەی كە تەسەور ناكرێت

السّلامُ	واتــه: سـيلم و ســهلامهته و (بــێ عــهيب) و دڵنياكــهرى ئــهو كهسانهى كه شايستهى سزا نين و هيچ زيانيان پێ ناگهيهنێت
اَلْبِرُّ	واته: چاكهكارى بهزهيى لهگهڵ دروستكراوهكانيدا
اَلْوهّابُ	واته: بهخشهرى بێ داواى پاداشت و بهخشهرى يارمـهتى دهرو چهسپان لهسهر دين و ئاييندا
الرَّحْمنُ	واتــه: بــه بهزهييــه چــونكه بهزهييهكــهى هــهموو شــتێكى گرتۆتهوه، بهتايبهتى له دنيـادا كـهس لهئـهو بـهرهحم تـر نيه بۆ بهندهكانى
اَلرّحيمُ	واتــه: بهخــشندهيه بهرامبــهر بــهو كهسـانهى كـه ويـستى لێيهتى له ئيمانداران له رۆژى دواييدا
اَلْكَريمُ	واته: بـهرێزى نـازو نيعمـهت بـهخش بـه بهنـدهكانى و بـێ هەڵەو ناتهواوى
الأكرمُ	واته: رێزگـرى دۆسـت و هەڵبژێردراوهكانيـهتى و بهخـشهر بهبێ بهرامبهر
الرّؤفُ	واته: زۆر ميهرهبان بهرامبهر به گوناهباران
الفَتّاحُ	واتــه: دهروو كــهرهوهى دهرگاكـانى (رهحمــهت) و رۆزى و كارهكان و سهرخهرى ئيمانداران و ستهم لێكراوان
اَلرّازق	واته: رزق و رۆزى دهرى ههموو زيندهوهران‌و جانهوهران
اَلرَّزاق	واتــه: درووســـتكراوانى درووســـت كـــردووهو رۆزى پـــێ گهياندوون رۆزى دانـى هـهموو دروسـتكراوانى گرتۆتـهوهو كهسيانى تايبهت نهكردووه پێ ى له گوێڕايهڵانى

اَلْحَيُّ	واتە: زیندوی بێ سەرەتاو کۆتایی و ئەزەلی
اَلْقَيُوم	واتە: هەڵسورێنەری بوونەوەرو کارو کردارو بێ ئیحتیاج بە کەس و ، هەموو کەسێك موحتاجی ئەوە
اَلرَّبُ	واتــە: پــەروەردگاری بــێ وێنــەو دروســتکەرو خــاوەنی دروســتکردن و فــەرمان کــردن هەڵوســڕێنەری کــارو بوونەوەرو پەروەردگاری سەرجەم بەندەکانی
اَلْمَلِكُ	واتە: پادشاو خاوەنی موڵکی تەواوو دەست ڕۆیشتوو لـە مولکەکەیدا
المَلِيك	واتە: موڵك بەدەستی دروست کراوەکان
اَلْواحِدُ	واتە: یەك و تەنیا ، تەنیا لە زاتیدا
اَلأحَدُ	واتە: تاك و تەنیای بێ حەوجە بە کەس تەنیا لە زات و لە سیفەتیدا
اَلْمُتَكَبِّرُ	واتە: خۆ بەگەورە زان، خۆ بەگەورە گر لە خراپەو ستەم، گەورە لە سیفاتی درووستکراوان و تەنیا لە گەورەییدا
اَلْخالِقُ	واتە: درووستکەری درووستکراوانی و داهێنـەریان لەسـەر شێوازێك کە پێشتر وێنەی نەبووە
اَلْخَلاقُ	واتە: بەدی هێنەری کاربەجێ
اَلْبارِيءِ	واتە: بەدی هێنەری جوانکار
اَلْمُصَوِّرُ	واتــە: وێنــەکێش وێنەکێــشەری هــەموو دروســتکراوان هەریەکەو لەسەر شێوەیەکدا
اَلْمُؤْمِنُ	واتە: دڵنیاکەری دۆستەکانی لـە سـزاو بەخـشەری ئـەمین

	بـوون لـه تـرس و (خه‌فـه‌ت) بـه به‌نـده‌كانی وه به‌ڕاسـت دانه‌ری به‌ڵێنه‌كه‌ی بۆ به‌نده‌كانی
اَلْمُهَيْمِنُ	واته: ئاگادارو پارێزه‌ری شته‌كان، چاودێری پـارێزه‌ر بـه ووته‌و كرداری دروستكراوانی
اَلْمُحيطُ	واته: تواناو زانستی ده‌وری هه‌موو شتێكی داوه
المُقيت	واتـــه: بـــژێو گـــه‌یێن و به‌خـــشه‌ری رزق و رۆزی یـــان ده‌سه‌لاتدار
الوكيلُ	واته: كار پێ سپێردراو، پشت و په‌نا
المكافي	واته: به‌س بۆ ئیمانداره‌كانی به‌سه ئه‌گه‌ر بیكه‌ن به پشت و په‌نا
الواسع	واتـــه: فـــراوان، یـــانی رزق و رۆزی دانـــی هـــه‌موو دروسـتكراوانی گرتۆتـه‌وه‌و به‌زه‌ییه‌كـه‌ی هـه‌موو شـتێكی داپۆشیه‌وه
اَلْحَقُّ	واته: پایه‌دار، راست و ره‌واو هه‌ق به‌بوونی
الجميلُ	واته: جوانی بێ سنوور له زات و سیفاتدا
الرّفيق	واته: نه‌رم و به به‌زه‌ییه به‌رامبه‌ر به به‌نده‌كانی و ئاسـانی ده‌وێـت بۆیـان و گرانـی ناوێـت له‌سـه‌رو تواناییانـه‌وه‌و (تـه‌كلیفیان) لـێ ناكـات بـه‌ڵكو ده‌یانبه‌خـشێ و نه‌رمـه له‌گه‌ڵیان
اَلْمُجيبي	واته: ژیانكه‌ره‌و، چ له دونیا چ له قیامه‌ت
السَّتارُ	واته: داپۆشه‌ری (عه‌یب) و عارو هه‌موو گوناهێكه
اَلْجَوادُ	واته: زۆر سه‌خیه‌و له ژماره نایێ جوودو سه‌خاوه‌تی ئه‌و زاته.

القابضُ	واته: رزق و رۆزی لێکراوەو وێك هێنەر
البَاسِطُ	واته: رزق و رۆزی بۆ فراوانکەر ، لەدوودەر
اَلْمُعْطِيُ	واته: بەخشەر، چونکە هەموو شتێکی چاکی بەخشیوەو داویەتی
المُقدّمُ	واتە: پێشخەری دانەر لە شوێنی خۆی دا هەروەها پێشخەری سزا بۆ کەسێك کەوا موستەحەق بێ
المُؤخِّرْ	واته: دواخەری دانەر لەشوێنی خۆیدا دواخەری سزا بۆ کەسێك شایستەی بێت بە (حیکمەتی) خۆی
اَلُمبين	واته: رۆشن کەرەوە، روون کەرەوەی زاتی خۆی کە بێ هاوەڵە یان رۆشن کەرەوەی رێگای چاکەو باشە
اَلْمَنانُ	واتە: خاوەنی (منەت) و فەزڵ و بەخشین شایستەی منەتکردنە
اَلْوَليُّ	واته: یاریدەدەری گوێڕایەڵ کەرانی و سەرخەری بەندە ئیماندارەکانی و سەرپەرشتی کاریان و لە رۆژی دواییدا خۆی پاداشت و سزایان دەداتەوە
اَلْموليُّ	واته: پشت و پەناو سەرپەرشتی کاری ئیمانداران
اَلّنصيُر	واته: سەرخەری بڕواداران (خاوەن باوەڕان)
اَلّشافيُّ	واته: بەڕاستی (شیفا) دەری دەردەکان هەر ئەوە
مالِكُ المُلك	واته: خاوەنی موڵکەو چۆن بیەوێ دەیگۆڕێ
جامِعُ الناس	واتە: کۆکەرەوەی خەڵکی لە رۆژی جەزاو دوایی دا

نُورُ السّمواتِ وَالأرض	واتە: بە نوورو رووناکی خۆی کوێران چاو رۆشن دەکات و وە بە (هیدایەتی) خۆی سەرگەردان و رێنموێنی دەکات، چونکە بێگومان نوورو رۆشنکەرو رووناکی ئاسمانەکان و زەوی یە بەهۆی بەڵگەکانیەوە
ذُو الجَلالَ وَالإكرام	واتە: شایستەی شکۆو رێزە خاوەنی دەسەڵات و بەخشندەیە
بَديعُ السّمواتِ وَالأرض	واتە: داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییەو (البديع) واتە خوای گەورە (خالیقە) و دروست کەری ئەرزو ئاسمانەو هەموو بوونەوەرو جانەوەری دروست کردووەو هەمووشتێك (ایجاد) کەری ئەون [1]

(دوو تێبینی)

(یەکەم) جا بێگومان (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لە چوار سورەتی قورئاندا باسی (أسماء الله الحُسنى) کراوە:

١- لە سورەتی (ئەعرافدا) کە تەفسیر کراوە بە تێرو تەسەلی.

٢- لە کۆتایی سورەتی (الاسراء) ئایەتی /١١٠.

---

(١) سەرچاوەکان:

١- موسوعة أسماء اللهُ الحسنى وصِفاتهُ الفُضلى مِنَ الكتاب والسنّة، الدكتور (محمد راتب النابلسي. ٢- شرح الاسماء الحسنى في ضوء الكتاب والسُنّة، لە نووسینی (سعيد بن على بن وهب القحتانى). ٣- شرح الأسماء الحسنى لە نووسینی شێخ (محمد ياسين) موفتی مووسل. ٤-هەروەها بروانە پەرتووکی (قەڵای موسڵمان) لە نووسینی: (سەید حەمزە بەرزنجی). ٥- هەروەها بروانە پەرتووکی (ناوە جوانەکانی خوای گەورە) لە نووسینی: (مامۆستا صابر صالح گەردی).

٣- وە لە سەرەتای سورەتی (طـه) دا کـە ئەفـەرمووێ: ﴿ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ ﴾ سورەتی/ طه، ئایەتی/٧.

٤- وە هـەروەها لـە کۆتـایی سـورەتی (الحـشر) داهـاتووە کـە ئەفـەرمووێ ﴿ هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ ﴾ سـورەتی الحشر، ئایـەتی/٢٤. خوایـە لەبـەر نـاوە جـوانو پیرۆزەکانـت (عەفوومان)کەو لێمان خۆشبە.

(دووەم) ئەوەی راستی بێت هەر (خوای مەزن) ناوی جوانی هەن چونکە ناوی جوان و پیرۆز هەر هی پەروەردگارن و (لایق) بەزاتی ئەون، کەوابێ هەر ناوێك جوانە هی خودایە جا بێگومان ناوە جوانەکانی خودا دەکرێ لە (غەیری) خودا بنرێن جگە لەناوی (الله) و (الرّحمن) کە (جائیز) نیەو نابێ کەسیان پێوە ناوبنرێ واتە نابێ ئادەمیزادێك هەبێ ناوی (الله)ی لێ بنێن، یان (الرّحمن) بەلاّم (عبدالله) یان (عبدالرحمن) ئەوە لە (شەرع و حەدیسدا) ناویان هاتووە، پەسەندن و پیرۆزن.

(پاشکۆ)

هـەروەها هەنـدێ لـە زانایـانی ئیـسلام قـسەیان کـردووە لـەوە ئایـە درووسـتە ئینـسان غـەیری ئـەو ناوانـە کـە (وارد) بـوون لـە قورئـان و حەدیسدا بەکاری بێنێ یان نا؟ جا بێگومان لە (قەولی راجیحدا) درووست نیە (غـەیری) ئـەو ناوانـە بـەکار بهێنـرێن چـونکە ئـەبێ بـە (ئیلحـاد) لـە ئەسمادا بەتایبەتی ئەگەر بۆنی نەقوستانی لـێ بـێ وەکـو (زارع، حـارث، عارف، عاقل...هتد هەروەکو لەپێشەوەشدا باسمـان کـرد)، هـەروەها لـە

زۆربەی تەفسیرەکاندا ئەڵێ ئەو ناوانەی کە رەواو ئیزنیان لەسەر هاتووە مەشهورن و (٩٩) ناون کە لە کتێبی بوخاری و موسلیمدا روونکراوەتەوە، خودای مەزن نەوەدو نۆ ناوی جوانی پیرۆزی هەیە، هەرکەسێ لەبەریان بکا، و رەفتار بە ماناکانیان بکا ئەچێتە بەهەشت[1]، هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، جا با بگەرێینەوە سەر ئایەتەکەی دواتر هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِمَّنْ خَلَقْنَآ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴿١٨١﴾ ﴾ أي وَمِنْ بَعْض الأُمَم التّي خَلَقْنَا أُمَةَ مُسْتَمْسِكَةَ بَشَرْحْ اللهِ قَوْلاً وَعَمَلاً يَدْعُونَ النّاسَ إلى الحَقِ وَبِهِ يَعْمَلون وَيَقْضُونَ، واتە: لەناو ئەو گەل و میللەتانەدا کە دروستم کردوون میلەتێك هەن لەسەر رێگەی هەق و راستی بەردەوامن و دەرۆن، وە بە هەقیش دادوەری دەکەن، یانی لە هەندێك لە گەلاندا هەیە بە کردارو بە گوفتار روو لە حەق و راستی دەکەن وە دەست بە شەریعەتی ئیسلامەوە دەگرن، وە خەڵکی بۆ بانگ دەکەن ، وە خۆشیان پێی هەڵدەستن و (حوکمی) پێ دەکەن، دادوەریشی پێ دەکەن[2]، هەروەها لە هەردوو

---

(١) بڕوانە تەفسیری نامی لە نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەرگی/٣، لاپەرە/٣٣٦، لەگەڵ دەستکاری.

(٢) مەبەست لەوانە هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەرن (ﷺ) وە ئەوانەی شوێن کەوتووی ئەوبوون (خوایان لێ رازی بێ) وە هەروەها ئەو زانا موسڵمانانەش ئەگرێتەوە کە لە هەموو کات و زەمانێکدا لە پێناوی رێگای خودا جۆرەها نارەحەتی و ئازارو ئەشکەنجە قەبووڵ دەکەن، وە لەپێناوی بەرزی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و جێگیرکردنی حەق و عەدالەت و دادگەری لەسەر زەویدا، ئەنجام ئەدەن.

کتێبی سەحیحەکەدا (بوخاری و موسلیم) دا هـاتووە وەکـو ئەفـەرمووێ:
(قالَ رسُول الله (ﷺ) لاَ تَزَلُ طائفةٌ منْ أُمتّي ظَاهرِينَ عَلَى الحَقِّ لاَ يَضرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلاَ مَنْ خَـالَفَهُمْ حَتّـى تَقُـومَ الـسّاعةُ، واتـە: بێگومـان بـەردەوام کۆمەڵێك لـە ئوممەتەکـەم لەسـەر هـەق بەئاشـکرا دەمێننـەوە (نـە کـۆڵ ئەدەن نە دەبـەزن) نـە ئەوانـەیان کـە پـشتیان بەرئـەدەن، زیانیـان پـێ ئەگەیەنن نە ئەوانەی کە دژایەتیان دەکەن زەرەرو زیانیان پێ ناگەیەنن، هـەتاکو رۆژی قیامـەت واتـە دوایـی، وە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿

﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨٢ ﴾

أي وَالذّينَ جَحَدُوا القُرآنَ وَكَفَرُوا بالرّحمَنِ نمهلهم قَليلاً ثُمّ نأَخُذُهمْ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعرُونَ بالعذابِ الأليم، واتە: ئەوانەی فەرمان و قورئانەکـەی ئێمـەیان بەدرۆ داناو باوەڕیان بە خوا نەهێنا ئـەوە هێـدی هێـدی ئـەیان گـرین بـێ ئـەوەی بەخۆشـیان بـزانن یـان لـە گـومڕایی و سـەرگەردانی خۆیـان دا دەیانهێلینەوەو ئیستدراجیان[1]، دەکـەین هـەروەها بـەرەو تێداچـوونیان دەبەین جا پلە بە پلە تووشی سزایان دەکەین بەشـێوەیەك پـێ نـازانن و هەستی پێ ناکـەن، وە هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَأُمۡلِي لَهُمۡۚ إِنَّ كَيۡدِي مَتِينٌ ١٨٣ ﴾ واتـە: لـەو بـێ باوەڕانـە دەگـەینین بـە

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (إستدراج) بریتیە:لەگومڕاکردنی و وردە ووردە پێ بەپێ یان هێدی هێدی (مِن دونِ شعُورِ مِنْهُمْ) واتە بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن و بزانن.

ئـارەزووی خۆیـان بکـەن، ئینجـا کاتێـك بـەخۆیان نـازانن تـووش دەبـن، ئەوجا لێیان تێك ئەدەین چونکە (تەکبیر)و دامەزراندنی ئێمە زۆر بەتێنـە و هەستی پێ ناکەن جا بێگومان کە وازیشیان لێ دێنین لێیـان بـێ ئاگـا نـــین، ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿١٨٤﴾ ﴾ أي وَلَمْ يَتفكر هؤلاءِ المكذّبون بأيات اللهِ فَعلمُوا أنّهُ لَيْسَ بِمُحَمّدٍ (ﷺ) جنون بَلْ هُوَ رَسُولُ اللهِ حَقاً أرْسَلَهُ اللهُ لِهدايَتِهمْ، واتە: ئایە ئەو بـێ باوەڕانە هـیچ بیرێـك لـەوە ناکەنـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) هڤاڵیـان هـیچ جۆرە شـێتیەکی لەگـەڵ نیـە؟ بـەڵکو هەرچیـەك ئـەڵێ ڕاسـت و تـەواوە لەلایـەن خـوداوە پێغەمبەرایـەتی پـێ دراوەو بەڕاسـتی بـۆ (هیدایـەتی) خـەڵکی و هــەروەها پێغەمبەرێکـە یاخیـان لـە سـزای خـودا ئاگـادار دەکاتەوەو دەیانترسێنێت لـە قـارو غـەزەبی خـودا، وە ڕێگـای ڕاسـتیان نیـــشان دەدات وە خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ ﴾ مَعنـــاهُ أوَلَـــمْ يَنْظرُوا في السَّمواتِ والأرْضِ طَالبينَ لِمَا يدُلُّهُمْ عَلَى وَحْدانيَّةِ الله تعالى وَعَلَـى صِدْقِ رَسُولِهِ في ما دعاهم إليهِ، واتە: ئایە ئەوانە سەرنجێکیان نەداوە، یـا ئاوڕێکیان نەداوەتەوە لە (موڵکە) گەورەو پان و فراوانەکەی ئاسمانەکان و زەوی وە لەهەموو ئەو شتانەی تر کە خوا درووسـتی کـردوون، چـونکە ئەمانەش گەورەیی خوا دێننە بەرچـاو کـە خوایـەکی تـاك و تەنیایـە، وە ئـەو جـۆرە توانایـەی هەیـە، وە ئـەو شـتانەی کـە درووسـتی کـردوون هەمووش بەڵگەن لەسەر ڕاستی هەناردراوی پێغەمبەرەکەیکە بانگەوازی

بـۆ ئـەكات ﴿وَأَنْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ﴾ أي وأنْ يتفكـرُوا لَعّلهم يَمُوتُونَ عَنْ قريبٍ فَينبغـي لهـم أنْ يُسارِعُوا إلى النّظـرِ والتّـدبرِ فيمـا يُخْلِـصُهم عِنـد اللهِ قَبْـلَ حلُـولِ الأجـلِ، واتـە: ئايـە فيكـرو بيريـان لـەوە نەكردۆتەوە كە لەوانەیە (مردنيان) نزيك بێ و جا بەم زوانە خۆشـی دنيـا بـەجێ بهـێڵن ؟ ، ئـەوجا بـا پەلـە بكـەن بـۆ تێـڕوانين و تێفكـرين لـەو حالەتەيان كە تێيـدان وە بـیر بكەنـەوە پـێش هـاتنی مـەرگی ناوەخـت و لەناكاو كە ئەو هەلەو فرسەتەيان لەدەسـت بـچێت﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٥﴾﴾ (أي فبأي حَديثٍ بَعْدَ القرآنِ يؤْمِنُـونَ إذا لَـمْ يؤمنـوا بـه، وَهُو النهاية في الظهُورِ وَالبيانِ)، واتـە: ئەگـەر بـەو قورئانـە بـڕوا نەكـەن و (عيـبرەت) و پەنـد و دەرس وەرنـەگرن دەبـێ بـە چ ووتەيـەكی تـر بـڕوا بكەن، چونكە بێگومـان ئەگـەر بـەم قورئانـە دڵيـان نەرم نـەبێ بـە هـيچ قسەو گوفتارو باسێكی تـر دڵيـان نـەرم نـابێ و هـيچ قـسەو باسـێكی تـر كاريـان لـێ ناكـات چـونكە لـەو قورئانـە بـەولاوە هـيچ بەڵگـەو نيـشانەی ڕوونيان دەست ناكەوێ (خـوا بـە ميهرەبـانی خـۆی ئـەو قورئانـەمان بـۆ بكـات بـە ڕێ نيـشاندەر و چارەسـەری هـەموو گیروگرفتێـك ئـامين)، جـا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿مَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ﴾ أي مَـن كَتَبَ اللهُ عليهِ الضّلالَة فإنه لا يَهْديه أحَدٌ، واتە: هەر كەسێك لەبەر خراپـی خۆی گومڕای بكات يان خوا لە ڕێگەی لابدات بەهۆی بـاوەڕ نـەبوونی بـە قورئان يان بەهۆی لاساری و بێ دينی ئەو كەسـە خۆيـەوە، ئـەوجا هـيچ

ڕێبەرێکی بۆ نیە دەستی بگرێ و ڕزگاری بکات﴿ وَيَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ١٨٦ ﴾أي وَيترکُهم في کُفرِهم وتَمرُّدِهِمْ يَتردّدُونَ وَيتحيّرونَ، واتە: خواش لێیان دەگەڕێت لە یاخی بونەکەیاندا بەسەرگەردانی بێن و بچن چونکە بێگومان سەرەڕای ئەوەش وازیان لێدێنێ با هەر لەناو سەرکەشی خۆیاندا سەرگەردان بن و وە لەناو زەلکاوی خۆیان کوێر بن.

(باسی زانین و هاتنی ڕۆژی قیامەت هەر لەلای خوای گەورەیە)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن هەندێ لە (موشریکەکان) گوتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ڕاست دەکەی تۆ پێغەمبەری خوای دە پێمان بڵێ ڕۆژی دوایی قیامەت کەی دێت؟ ئەوجا بێگومان خوا لە وەڵامیاندا ئەم ئایەتەی هەنارده خوارەوەو فەرمووی: ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ﴾أي يَسْألُونكَ يا مُحمّد عَنِ القيامةِ، واتە: پرسیارت لێ ئەکەن لەتۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە، واتە دواییەوە: ﴿أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَاۖ ﴾أي مَتى وقوعَهَا وَحدُوثها، واتە: کەی ڕوودەداو دێتەجێ؟ ﴿قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّيۖ ﴾أي قُلْ لَهُمْ يا مُحمّد لا يعلَم الوقت الذّي يحصلُ قيام القيامةِ فيهِ إلاّ اللهُ سُبْحَانَه وَتعالى، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامیاندا بڵێ بێگومان زانینی ئەو ڕۆژە لەبارەی کاتی بەدی هاتنیدا هەر لای پەروەردگارمەوەیە﴿ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقۡتِهَآ إِلَّا هُوَۚ ﴾ أي لا

يكشف أمرَها ولاَ يَظْهرها للناسِ إلاّ الربُّ سبحانهُ وتَعالى، واتە: خۆی نەبێت کەس ناتوانێت کاتەکەی ئاشکرا بکات، چونکە ئەوەی راستی بێت خوای گەورە نەبێ هیچ کەسێك ناتوانێ لەکاتی خۆیدا بۆ خەڵکی بیخاتە روو و دیاری بکاو لەغەیری خوای پەروەردگاری مەزن ﴿ثَقُلَتۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ أي عظُمت علَى أهل السّموات والأرض حيْث يَشْفَقُونَ منْهَا وَيخافُونَ شَدائِدَها وأهوالها، واتە: زانین و رووداوی هاتنی کاتی قیامەت بۆ گشت ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان قورس و سەختە، هەندێ لە (موفەسیرانی) دیکە ئەڵێن (المعنى خَفيٌّ عِلْمُهَا عَلَى أهل السّمواتِ والأرضِ)، واتە کاتی هاتنی نادیارو نەزانراوە و زۆر گرنگە لەسەر ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی هیچ کەسێك چ لە فریشتە نزیکەکانی خودا چ لە پێغەمبەرە خاوەن پلەو پایەکانیش (سەلامی خوایان لێ بێت) نازانن کەی پەیدا دەبێ و دێتەدی، هەر شتێکیش نەزانراوبێ ئەوە لەسەر دڵ و دەروون قورس و گرانە، ﴿لَا تَأۡتِيكُمۡ إِلَّا بَغۡتَةٗۗ﴾ أي فجأةً لا يَعْلمونَ وَقتَ قِيامِهَا[1]، واتە: لەناکاو و کتوپڕ بۆتان دێ لەکاتێکدا کە بێ ئاگان لەهاتنی ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنۡهَاۖ﴾ (أي يَسْأَلُونَكَ يا محمد

(١) جا بێگومان هەندێ لە زاناکان ئەم فەرموودەی پێغەمبەریان (ﷺ) هێناوە کە ئەفەرمووێ (رۆژی قیامەت لەناکاو دێت) بەسەر ئەو خەڵکەدا پیاوی وا هەیە خەریکی چاکردنی حەوزەکەیەتی هی واش هەیە ئاژەڵەکانی ئاو دەدات هی واش کەلوپەلەکەی لەناو بازاڕدا داناوە خەریکی کێشان و پێوانەیە.

عَــنْ وَقْتِهَا كــــأنّك كثيرُ السؤالِ عنــها شَــديــدُ الطّلبِ لِمَــعْرَفَتِها)[1]،
واتە: ئەوان لەتۆ دەپرسن دەربارەی هاتنی کاتی تێکچوونی دونیاو ڕۆژی قیامـەت وەك ئـەوەی تـۆ زۆر پـسپۆڕو زۆر لێـی شـارەزا بـی و زۆر پێـی زانابی، یان وەك ئەوەی کە تۆ زۆر لێت پرسیبێ و زۆر لێکۆڵینـەوەت لـێ کردبێ و زۆر بەدوای دا چووبی، ﴿قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ أي لا يَعْلَمُ وَقْتها إلا الله لأنّها منَ الأمور الغَيْبّيةِ التّي أستأثَرَ بهَا عَلاّم الغيـوب، واتـە: ئەی پێغەمبەر تۆش بڵێ لە وەڵامیاندا مـن هـیچ دەربـارەی کـاتی هـاتنی قیامەت نازانم چونکە ئەوە لە کارە نادیارەکانەو زانیاری ئەوە لای خـوای گەورەو مەزنە، هەر ئەو دەزانێ کەی کۆتایی دنیـا دێ، چـونکە بێگومـان زانینی ئەو ڕۆژە هەر لای خوایەو تایبەتی کـردووە بەخۆیـەوە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨٧﴾ واتە: بەڵام زۆرترین خەڵك نازانن کە زانینـی ئەو کاتە تایبەتە بەخواو کەسی تر نایزانێ[2].

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن قورەیشیەکان بە پێغەمبەری خودایان گووت لەنێوان ئێمەو تۆدا نزیکایەتی و خزمایەتیمان هەیە پێمان بڵێ کەی (قیامەت) دێت؟ جا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتەهاتە خوارەوە، بڕوانە پەرتووکی (أسباب النزول عن الصحابە والمفسرين، لە نووسینی شیخ (عبدالفتاح عبدالغنی القاضي)، لاپەڕە/١٠٧.

(٢) پێشەوا بوخاری و موسلیم لە فەرموودەیەکی دووروودرێژدا لە ئیمامی عومەری کوڕی خەتابەوە (ڕەزای خوای لێبێت) (ڕیوایەتیان) کردووە ئەفەرمووێ کاتێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) دەربارەی کاتی هاتنی قیامەت ئەویش کە حەزرەتی جوبرائیل بوو پرسیاری کردوو ، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی (مَا المَسؤولُ عَنها بِأعْلَ منَ السّائلِ)، متفق علیە، واتە پرسیار لێکراو لەبارەی هاتنی ڕۆژی (قیامەتەوە) لە پرسیار کەر زاناتر نیە، واتە منیش هەروەکو تۆم لەم بارەیەوە هیچی لێ نازانین.

(زانینی عیلمی غەیب یانی شتی نادیار تایبەتە بەخوداوە)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون دەربارەی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمەبوو (ریوایەت) کراوە کە دانیشتوانی شاری (مەککە) گووتیان ئەی (محمد) ئەرێ خودای تۆ هەوالّی هەرزانی و گرانیت ناداتێ هەتاکو پێمان بلّێی ئەوە زەرەرو ئەوە قازانجەو یان پێت نالّێ چ زەویەك بێ بەرەکەتە تا لێی بگوازینەوە بۆ شوێنێ بەپیت و بەرەکەت، ئەوجا لە وەلاّمیاندا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە وەکو ئەفەرمووێ: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ﴾أي لا أمْلكُ أنْ أجْلب إلى نفسي خَيْراً ولا أدفعَ عَنْها شرّاً إلاّ بمَشيئَة الله تعالى فكيفَ أملك علم السّاعة؟، واته: ئەی پێغەمبەر بەو خەلّکە بلّێ من نە بۆخۆم و نە بۆ غەیری خۆم دەسەلاّتی ئەوەم نیە خێرو خۆشی و سوودو قازانج بۆخۆم بێنم و یان زیان و ناخۆشی لەخۆم دووربخەمەوە، مەگەر خودا حەز بکاو مەیلی هەبێت، ئیتر من لەکوێ هاتنی رۆژی قیامەت ئەزانم؟، ﴿وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ﴾أي لَوْ كُنْت أعْرف أمُور الغيْبِ لَحَصلْتُ كثيراً من منافع الدُنيا وَخيراتَها ودفعت عَنّي آفاتها وَمَضرّاتها، واتە: ئەگەر من شتە شاراوەو شتە (غەیبیەکانم) بزانیایە ئەوە خێرێکی دنیایی زۆر زۆرم کۆدەکردەوەو، خۆمم لەهەموو جۆرە

ناڕەحەتی و دەردو بەڵایەك دەپاراست ﴿إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨﴾ أي لِقَومٍ يُصدِّقُونَ بِمَا جِئْتم بِهِ مِنْ عِنْدِ اللهِ، واتە: بەڕاستی من نیم بێجگە لە ترسێنەرو موژدەدەر بۆ گەل و کۆمەڵێك کە بڕوایان هەیە و بڕوا ئەهێنن بەوەی منی پێ ڕەوانەکراوم یان ئەوەی من هێناومە لەلایەن خوداوە

(هەموو ئادەمیزاد لە یەك کەسن کە حەزرەتی ئادەمە (علیه السلام)

خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ﴾ أي اللهُ سُبحانهُ العظيمُ الشأنِ هُو الذّي خَلَقَ البَشرَ جَميعاً من نَفسٍ واحِدةٍ هِي (آدم) عليه السلام، واتە: بێگومان خوای پەروەردگار خودایەکی وەهایە کە ئێوەی لە بنەڕەتدا لە تەنها کەسێك کە حەزرەتی ئادەمە ئێوەی درووست کردووە، ﴿وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِيَسۡكُنَ إِلَيۡهَاۖ﴾ أي وَخَلَق مِنهَا حوّاءَ ليطمئن إليها وَيَستأنس بهَا، واتە: هەر لەو تاکە کەسەش (حەوای) هاوسەری بۆ درووست کردووە، ئینجا لەگەڵ ئادەمدا بوون بە جوتێکی نێرو مێ تا لەگەڵ یەکتردا دڵی پێ دابین بێ و ئارام بگرن و پێکەوە ژیان بەسەربەرن ﴿فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِيفٗا﴾ أي فلَما جَامَعَها حملت بالجنين حَمْلاً خَفيفاً دُونَ إزعاجٍ لكونهِ نُطفةً في بادىء الأمرِ، واتە: کاتێك باوکە ئادەم لەگەڵ دایکە حەوادا سەرجێی کرد ئەوجا باردار بوو بە بارێکی سووك، یانی کۆرپەلە لەناو

منداڵدانی ئافرەتەکەدا درووست بوو، واتە سکی بوو، بەڵام لەیەکەم جار ئافرەت هەست بە ئێش و ئازارو ژان ناکات، چونکە ئەو کۆرپەلە لە سەرەتادا دڵۆپە ئاوەو دوایی دەبێ بە خوێنپارە، ئەوجا دەبێتە گۆشتپارە...هتد، ﴿فَمَرَّتْ بِهِۦ فَلَمَّآ أَثْقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٨٩﴾﴾ (أي أسْتَمرتْ بِهِ إلى حين ميلادهِ، أي فَلَما ثَقُلَ حَمْلَها بكبر الولدِ في بطنها دَعا الأبوان ربّهما لَئن رَزَقْتَنا وَلَداً صَالحاً سويَّ لِخلْقِه كامل الجِسمِ لَنشكرّنكَ شكراً جَزيلاً عَلَى نَعْمائكَ)، واتە: بێگومان ماوەیەکیش بەو سکە مایەوە و ماوەیەك پێوە گەڕا یان سکەکەی ئاشکرا بوو دەرکەوت ئینجا ئافرەتەکە باری قورس بوو یانی سکەکەی گەورەبوو، کاتی منداڵبونی نزیك بوو، ئەوجا هەردووك ژن و مێرد واتە ئادەم حەوا (سەلامی خوایان لێ بێت) لە خودای خۆیان پاڕانەوە و هانایان بۆ بردو سوێندیان خوارد و ووتیان پەروەردگارا ئەگەر منداڵێکی صالح و رەوشت جوانمان پێ ببەخشیت بەڕاستی لە ریزی (شوکرانە) بژێراندا و سوپاسگوزار دەبین، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٩٠﴾﴾ (أي فَلَما وَهَبَهُما الولد الصّالح السَوِيَّ الأعضاء جَعَلَ أبناؤهم لله تعالى شُركاء فيما رَزَقهم من البَنات وَالبَنينَ فَتنزّه الله وَتقدسّ عَمّا يَنْسبهُ المُشْرِكونَ)، واتە: بەڵام کاتێك کە خودا منداڵێکی رەوشت جوانی پێدان و پێی بەخشین، یانی کاتێك نەوەیەکی چاك و پاکی بێ (عەیبی) پێ بەخشین ، ئینجا (شەریك) و هاوەڵیان بۆ

خوا بڕیار دەدا، لەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیون، بەلاّم خودا پاك و بەرزو دوورە لەوەی هاوەڵی هەبێ چونکە (مونەزەهە) پاکەو دوورە لەوەی کەس لەگەڵی بەشدار بێت.

(ئاگادارییەك)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن وێنەی (إبن کثیر) و پێشەوا (سیوطي)[1]، ئەفەرموون ئەم هەڵوێستە پاڵ ئادەم و حەوا دراوە ئەوە مەبەست نەوەکانیانە نەك حەزرەتی ئادەم و حەوا ، چونکە بێگومان مەبەست لە (جعلا) ئادەم و حەوا نیە بەڵکو مەبەست رەگەزی نێرو رەگەزی مێ یە لە نەوەی ئادەم و حەوا کە (شەریکیان) بۆ خودا داناوە، یان مەبەست جوولەکەو گاورەکانن کاتێ خوا منداڵی پێ بەخشین و کردیانن بە جوولەکەو مەسیحی.

(١) بڕوانە: الدُّر المنثور في التفسير بالمأثور، لە نووسینی (الحافظ جلال الدين السيوطي) بەرگی/٣، لاپەڕە/٥٦٤، هەروەها زۆربەی (حەدیس) و ریوایەتەکانی لەسەر تەفسیری ئەو ئایەتە هێناوە بچۆ بیخوێنەرەوە.

(بت و صەنەمەکان دروستکراون ئیتر چۆن دەپەرسترێن؟)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ ﴾أي والحال أن تلكَ الأوْثانَ والآلِهَةِ مَخْلُوقة فكيْفَ يَعبدُنَها مَعَ اللهِ؟، واتە: ئایە ئەوانە چۆن شتێك دەكەن بە (شەریك) و بە هاوبەشی خودا دایدەنێن كە هیچی پـێ دروست ناكرێ و خۆیـان دروست دەكرێن؟ چونكە بێگومـان ئـەو بتانـە خۆیـان دروستكراون و تاشراون ئایـە چۆن ئەیانكەن بە (شەریك) و هاوبەشی خودا ئیتر چۆن دەپەرسترێن لەگەڵ خودادا؟...

﴿ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾ ﴾أي لا تَستطيعِ هذه الأصنام نصر عابديها ولا يَنْصرُونَ أنْفُسَهُمْ مِمّن أرادَهُمْ بِسُوءٍ فهم في غاية العِجزِ وَالذلّةِ فكيْفَ يكونونَ آلهةً؟ ، واتـە: ئـەو بت و پەرستراوانە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن و توانایان نیە یارمەتی ئەوان بدەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێت، یانی ناتوانن یارمەتی ئەو كەسانە بدەن كە دەیانپەرستن و هەروەها توانای بەرگریشیان لـە خۆیـان نیـە چـونكە ئەگـەر لێیـان بـدەن و یـان پارچـە پارچـەیان بكـەن و بیـان شـكێنن و زەلیلیان بكەن ناتوانن هیچ بكەن ئیتر چۆن دەیانپەرستن و ئەیانكەن بە خوا...؟ جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ ﴿١٩٣﴾ ﴾أي أنّ

الأصْنَام لا تَجيب إذا دعيت إلى خَيْـرِ أو رَشـادٍ لأنّهـا (جمـادات) وَيتـساوي مَعَها الدّعاء أو السكوت فكيف يليقُ العاقل عبادتها؟ ، واته: ئەگـەر ئێـوه بانگـەوازی خۆتـان ئاراسـتەی ئـەو (بـت و صـەنەمانە) بکـەن بـۆ ڕێگـەی (هیدایەت) و خواپەرستی، یان ئەگەر داوایان لێ بکەن شارەزاتان بکـەن بۆ شتێك کە مەبەستانەو، وەڵامتان نادەنەوەو قازانجتـان پـێ ناگەیـەنن، یـان داوای خێـرو چـاکەیەکیان لـێ بکـەیت وەڵامـت نادەنـەوە، چـونکە (هیـشکن وەکـو بـەرد) وان، یەکسانە لەسـەرتان لـەبێ سـوودی و بـێ کەڵکیدا ئایە هاواریان لێ بکەن یان بێ دەنگ بن ئیتر یەکسانن ئایە چۆن ئـەبێ ئینـسانی (عاقـل) و ژیـر بیـان پـەرستێ و عیبادەتیـان بکـات...؟ خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ ﴾ أي إنّ الـذينَ تَعبـدونهم مـن دونـه تعـالى مـنَ الأصـنامِ وَتسمّونَهُمْ آلِهة مخلوقُونَ مثلكم بَلْ الأُناس أكملَ منها لأنّها تَـسْمعُ وَتُبْـصرُ وَتُبْطِشُ وتلك لا تَفعل شيئاً مِنْ ذَلكَ، واتـه: ئـەو بـت و صـەنەمانەی جگـه لەخوای مـەزن ، ئێـوە عیبادەتیـان ئەکـەن و ئەیانپەرسـتن هـەروەها بـه خودایـان دادەنـێن و بـە خودایـان حـسێب دەکـەن بـۆلابردنی خۆشـی و ناخۆشی (سـوود) و (قـازانج) هاواریـان دەکـەنێ و هانایـان بـۆ دەبـەن و لەبەریان دەپاڕێنەوە ، جا بێگومـان لەڕاسـتیدا ئـەوانیش دروسـتکراوێکن وەکـو ئێـوە، بـەڵکو عیبادەتکـەران لـە (عیبـادەت) بـۆ کـراون بـەهێزو دەسەڵاتترن چونکە بـەلای کەمـەوە ئـادەمیزادن یـانی عیبادەتکـەرەکان بیستن و دیتن و هەڵمەت و لێدان و گیان و تێکۆشانیان هەیەو بەڵام بت و

صەنەمەکان هیچیان لەدەست نایە ئـەوجا کـەوابێ ئێـوە بـەچ (عـەقلێك) بانگـەوازیان لـێ ئەکـەن و ئەیانپەرسـتن، و هاواریـان لـێ ئەکـەن﴿ فَٱدْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٩٤﴾ ﴾أي أُدْعُهِمْ في جلب نفعٍ أو دفع ضرٍ إنْ كُنْتُمْ صَادقين في دعوى أنّها آلِهةٌ، واتـە: جا ئەگەر باوەڕ ناکەن دەی بانگیان بکەن با وەڵامتان بدەنـەوە، یان بـا قازانج و سـودێکتان پـێ بگەیـەنن یان زەرەرو زیانێکتـان پـێ بگەیـەنن، ئێوە راست ئەکەن ئەوانە شتێکیان بەدەسـتەو کە شایستەی خوایـەتین ئـەوا لێیـان بپارێنـەوە، ئـەوانیش ئەگـەر لـە توانایاندایـە بـا وەڵامتـان بدەنەوە، ئەوجا زیاتر خوای گەورە دەمکوتیان ئەکات سەبارەت بەو بـت و صەنەمانە بێ گیانانەی کـە ئـەوان یـانی بت پەرستـەکان بـە نـەزانی و نەفامی هاواریان لێ ئەکردن و ئەیانپەرسـتن ئەیانکـەن بـە خـودا (العیاذُ باللە)[1]، ئەوجا لە پاشان خـوای گـەورەو مـەزن ئەفـەرمووێ: ﴿ أَلَهُمْ

---

(١) زۆربەی (سیرەت نووسەکان) ئەگێڕنەوە عەمری کوڕی ئەلجەموح سەرۆکی (قەومەکەی) خۆی بوو ئەو پیاوە بتێکی هەبوو زۆر حورمەت و رێزی لێ ئەگرت، جا بێگومان دوو گەنجی موسڵمان شەوانە بەدزییەوە بۆی دەهاتن سەرەو بنیان ئەکرد و هەروەها پیساییان بەسەرو گێلاکی دا تێهەڵدەسوو، بەڵام (عەمر) کە بەوەی زانی زۆر غەمبارو ناڕەحەت بوو ئینجا بەیانی هاتە لای و زۆر بۆی گریا ئەوجا شۆردی و بۆنی خۆشی پێوەدەکرد، ئەوجا شمشێرێکی لەلای داناو ئینجا پێ گووت ئەی خودای من لەمەولا تۆ پارێزی لەخۆت بکەو ئینجا چەند شەوێکی تر گەنجەکان بەهەمان شێوە پیساییان لێ هەڵسویی، (عومەری کوڕی ئەلجەموحیش) خاوێنی ئەکردەوە بەڵام شەوێك هەردوو گەنجەکە هاتن بتەکانیان برد لەگەڵ سەگێکی تۆپی

﴿أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَآ أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَآ أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَآ أَمْ لَهُمْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا﴾ أي هَلْ لهذهِ الأصنامِ أرْجُلٌ تَستَطيع المَشْي عَلَيْهَا ؟ أم لَهَا أيدٍ تَقْدر عَلَى أن تبطش بِمَنْ أراد السُّوءَ بِهَا؟ أمْ لَهَا آذانٌ تَسْمَعُ بِهَا الكلام، واتـە: ئایە ئەوانە قاچیان هەیە بەپیّ برۆن بەڕیّوە؟ یان دەستیان هەیە پیّ رای بوەشیّنن و ئازاری ناحەزو نەیارەکانی پیّ بدەن؟ یاخود چاویان هەیە پیّ ببینن؟ یاخود گویّیان هەیە تا ببیستن و گوێیان لە (دوعاو) پاڕانەوەیان بیّ، جا بیّگومان ئەگەر ئەو (بت و صەنەمانە) ئەوە حالّ و وەزعیانەو ئەوە هیّزو توانایانە ئەدی چۆن ئەو بیّ باوەڕانە ئەیانکەن بە خوداو دەیانپەرستن؟ جا خوای گەورە دەفەرمویّ بە پیّغەمبەر (ﷺ) هەروەکو قورئانی پیرۆز بۆمان شی ئەکاتەوەو ئەفەرمووێ: ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ﴿١٩٥﴾﴾ أي قُلْ يَا مُحمّد لهؤلاءِ الجهلاءِ أدعُوا أصْنامَكُمْ واسْتَعينُوا بِهَا عَلَى وأبْذلُوا جُهدكم مَعَهَا في الكيدِ وإلحاق الأذى بي ولا تتأخروا في ذَلِكَ، واتـە: ئەی پیّغەمبەر پیّیان بلّیّ ئادەی هاوار لە بتەکانتان بکەن و ئینجا پاشانیش بەهەمووتانەوە نەخشەو پیلانگیّرانی

بە گوریسیّك هەردووکیان بەستەوەو خستیانە ناو بیریّك، ئینجا کە عەمر ئەمەی بینی و زانی ئەمە نابیّت بەخوا چونکە هیچی لەدەست نایێ، (عەمریش) موسلّمان بوو، سوپاس بۆ خودا بەلاّم لە دواییدا لە جەنگی ئوحودا شەهید کرا (خوا لیّی رازی بیّت) بڕوانە (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزیز)، بەرگی/١، لاپەڕە/٢٩٧.

لـەناوبردنم دارێـژن چـیتان لەدەسـت دێـت درێغـی مەکـەن بـەهیچ شێوەیەکیش مۆڵەتم مـەدەن، یـانی ئێـوە هەرچی بکـەن مـن بەخیاڵمـدا نایەت و چونکە خوای مەزن لە کەیدو (حیلـەی) ئێـوە دەمانپـارێزێ جا هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿ إِنَّ وَلِـۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْكِتَـٰبَ ۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٩٦﴾ ﴾أي إنّ الذي يتولى نَصرتي وَحفظي هُوَ اللهُ رَبُّ العِزّة والجلالِ الذّي أنزل علي القرآن، وَهُو سُبْحانَهُ يتولى عبادهُ الصَّالحين بِالحِفْظِ والتأييدِ فأنا لاَ أخَافكُمْ ولا أبالي بِكُمْ، واتـه: بەڕاستی من دڵنیام لەوەی کە پشت و پەنای من ئەو خوایەیە کە (قورئـانی نـازل) کردووەو هەناردۆتە خـوارەوە، هـەر بۆخۆشـی چاودێری و سەرپەرشتی (صالّحان) و چاکان دەکات، کەواتە هیچ باك و مەترسیم نیە نە لـەخۆتان و نە لە بتـەکانتان هـیچ (منەتیشتان) نـازانم، وە بتـەکانتان لای مـن بـێ (قیمەتن) و هیچ نرخێکیان بـۆ دانـانێم[1]، ئـەوجا هـەروەها جـارێکی تـر نرخـی بـت و (صـەنەمەکان) بـاس دەکـات و ئەفـەرموێت ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾ ﴾أي وَالذّينَ تَعْبدُونهم من دون اللهِ وتدعُونهم للإستعانةِ والنّصرةِ لا يستطيعُونَ أن يجلبُوا لَكُمْ نَفْعاً وَلا أنْ يَصْرفُوا عَنكم شراً لأنّهُم أعْجَزُ عَنْ نَصْرةِ أنْفُسِهم فكيف يَدفعُون عـنكم الأذى وَالـضّرر؟ واتـە: بێگومـان ئـەو

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن خوێندنی ئەم ئایەتە بە دڵ و بە ئیخلاسەوە زۆر بەکارە بۆ پارێزگاری لە دوژمن و ناحەزانو ئەمەش تەجروبە کراوە.

بت و (صەنەمانەی) ئێوە (عیبادەتیان) بۆ ئەکەن و دەیانپەرستن جگە لەخوای گەورەو هاواریان لێ دەکەن بۆ یارمەتیدان و کۆمەکتان یان زیان لێ دوورخستنەوەتان هیچ کام لەوانە توانای یارمەتیدان و سەرخستنی ئێوەیان نیە، هیچیان لەدەست نایەو ناتوانن یارمەتیتان بدەن، تەنانەت ناتوانن یارمەتی خۆشتان بدەن، ئایە چۆن دەتوانن زیان و زەرەرو ناخۆشی لەسەر ئێوە لابەن؟ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا۟ ۖ وَتَرَىٰهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿١٩٨﴾ ﴾أي وإنْ دعوتُم هذه الأصْنام إلى الهداية والرّشاد لَمْ يَسْمَعُوا دُعاءَكُمْ فضلاً عَنْ مُساعدتكم وإمْدادكم، وترى هذه الأصنام يُقابِلُونكَ بعيون مصوّرة كأنّها ناظرة وهي جمادات لاَ تُبصر شَيْئاً لأنَها صُورٌ لا حَقيقَة لَهَا، واتە: ئەو بت و صەنەمانە (روح) و گیانیان تێدانیە، ئەگەر داوایان لێ بکەیت بەرەو رێگای (هیدایەت) بێن داواکەتان نابیستن و گوێیان لێ نیە، چونکە کاتێك تەماشایان دەکەیت وا تێ دەگەی کە دەڕوانن بۆتۆ بەلاّم ئەو چاوەی لە مەعدەن و شووشە دروستکراوە وا دەزانی بۆت دەڕوانن کەچی لەڕاستیدا هیچ نابینن چونکە هێزی بینینی تێدانیەو بێ گیان و بێ هەست و بێ (شعورە)، ئەوان وێنەو شکلی چاویان هەیە نەك چاوی راستی و (حەقیقیان) هەیە، بەلّکو لەو نیەو شێوەی رووت و بەبێ گیان و بەبێ هێز ئەنجامیان داوون و دروستیان کردوون.

(فەرماندان بەلێبووردن و چاوپۆشی لەهەڵەی یەکتری و خواپەرستن و وەسوەسەی شەیتان)

ئینجا کۆتایی بەم سورەتە گەورەیە ئەهێنێ بەچەند ئامۆژگارییەك کە ئاراستەی حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەکات لە یەکەم جارەوە ئینجا دیارە بۆ بڕوادارانیشە لەکاتێکدا هێشتا لە مەککەدا بوون لەکاتی بەربەرەکانێی نەفامی عەرەب بەچوار دەوریاندا هەروەها نەفامی و نەزانی هەموو خەڵکی زەوی و ئەوجا پاش فەرمان کردن بە موسڵمانان کە روو لە نەفام و نەزانان وەرگێڕن جا فەرمان دەکا بە خۆ پاراستن لە (وەسوەسەی) شەیتانەکان و جا دەفەرمووێ ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ ﴾ أي خُذْ بالسَّهْل اليَسير في مَعَامَلَة النَّاسِ وَمَعاشرتهم بالمَعْرُوفِ والجميل المُسْتَحْسن مِنَ الأقوالِ والأفعالِ، أي لا تقابل السُّفهاءِ بِمثل سَفهِهِمْ بَلْ أحلم عليهم[1]، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشەو بەردەوام لەگەڵ خەڵکیدا کار ئاسانی بکەو، یانی رێگەی ئاسان بگرەبەروو (عەفو) و لێبوردەیی بەرامبەر ئادەمیزادان ئەنجام بدەو، بەهێمنی لەگەڵ خەڵکیدا بجولێرەوەو گفتوگۆیان لەگەڵدا

---

(١) قالَ العلامة القرطبي (في تفسيره) وهذا إن كان خطاباً لنبيه(عليه الصلاة والسلام) فَهوَ تأديبٌ لجميع خَلْقه، واتە: زانای (قرطبي) ئەفەرمووێ: لە تەفسیرەکەیدا هەرچەندە ئەم فەرمایشتە ئاراستەی پێغەمبەری خۆشەویستمان کراوە (ﷺ) بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوە ئەدەبێکە هەموو موسڵمانێك ئەگرێتەوە، کە دەبێت بەو شێوەیە رەوشت بەرزو بە ئەخلاق و ئاکار شیرین بێت.

بكە، وە فەرمان بە گوفتارو رەفتـاری چـاك بكـەو، وە فـەرمان بـە چـاكە بدەو، وە لەخەڵكانی نەزان و نەفامیش ڕوو وەرگێڕەو گوێ مەدە خەڵكی نەفام و نەزان بەڵكو نەرمی بنوێنە

(فائیدەیەك واتە سوودێك)

ئیبن جەریرو إبن و ئەبی حاتەم ریوایەتیان كردووە، كاتێ ئـەم ئایەتـە دابەزی ﴿ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾

جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ما هذا یا جبریـلُ قـالَ إنّ الله أمـركَ أنْ تَعْفُوا عَمنْ ظَلَمَكَ وَتُعْطِي مَنْ حَرَمك، وَتَصِلُ مَنْ قَطَعَكَ)، واتـە: ئەمـە چیە ئەی جوبرەئیل؟ فەرمووی خوای گەورە فەرمانی پێ كردووی كـە خـۆش ببێ لەوەی زوڵم و ستەمت لێ دەكات هـەروەها بەشـی ئـەوە بـدەیت كـە ئەو نادەیت لێت قەدەغە دەكات، سێ هەم سەردانی ئەو كەسـە بكـە كـە سەرت لێ نادلتو وازی لێت هێناوەو پێشەوا بوخاری لەبن سـێبەری ئـەم ئایەتـــــەدا ئەفـــــەرمووێ: ﴿ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾ ئەڵێت (العرف) واتە چاكە جا ئیمام بوخـاری (ریوایـەتی) كردووە لە ئیبن و عەباسەوە (رەزای خوای لێبێت) كە ئەڵێت (عویەینـەی كوڕی حوسەینی كوڕی حوزەیفـە) هاتـە لای (حـوڕی كـوڕی قـەیس) كـە برازای بوو هاتە میوانی، حـوڕ یـەكێك بـوو لـەو كەسـانەی كـە حـەزرەتی عومەر (خوا لێی رازی بێت) زۆر ڕێزی لێ ئەنا چـونكە قورئـانی لەبـەربوو وە راوێژكاری حەزرەتی (عومەر) بوو ئینجا (عویەیەنە) بە برازاكـەی ووت ئەی برازاكەم تۆ خاوەنی ڕێزی لـەلای ئـەم (ئـەمیرە) هـەروەها ئیـزنم بـۆ وەرگرە تا بڕۆمە لای (حـوڕیش) ووتـی ئێـستا ئیزنـت بـۆ وەردەگـرم كـە

بچیتە لای جا ئیبن و عەباس ئەڵێ (حوڕ) داوای ئیزنی کرد بۆ عویەینە حەزرەتی (عومەر) ڕێی پێداو هاتە لای، ئینجا کاتێك چووە لای داوای مووچەی (بیت المالی) کردو ئەوجا حەزرەتی عومەریش (خوا لێی رازی بێت) پێی دا، ئینجا (عویەینە) ووتی ئەی کوڕی خەتاب سوێند بەخوا هەق و مافی خۆمت پێ نەدام یانی کەمت پێ بەخشیوم ئەوجا حەزرەتی عومەر زۆر توڕەبوو خەریك بوو لێ بدات، ئینجا (حوڕ) پێی گووت ئەی گەورەی موسڵمانان خودای گەورە فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴾ جا بێگومان ئەمە لە نەزان و نەفامەکانەو لێی ببورە ، ئینجا سوێند بە خودا کاتێ ئەو ئایەتەی بۆ خوێندەوە ئەوجا حەزرەتی عومەر نەرمی نواند و توورەبوونەکەی قووت داوەو لێی نەدا، زۆر پابەند بوو و ملکەچی قورئانی پیرۆز بوو[1]، ئەوجا لەپاش فەرمان کردنی بە ڕوو وەرگێڕان لە نەزان و نەفام دا ئینجا فەرمانی پێ ئەکات بەخۆ پەنا گرتن لە (ئیبلیس) و (شەیتانەکان) بۆ ئەوەی نەکەوینە داوی شەیتانەوە بەتایبەتی شەڕو خەتەرەو (وەسوەسەی) ئاژاوەیانەوە، وەکو ئەفەرمووێ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾ ﴾ أي وَما سُصِيبَنَّكَ يا مُحَمدْ طائفٌ مِنَ الشّيْطانِ فَاسْتَجِر باللهِ وَالجأ إليهِ في دَفْعهِ عَنْكَ فَإِنَ اللهَ يَسْمع كَلاَمَك وَيَعْلَم تَضرُّعَكَ فَيُعْصِمكَ مِنْ شرِّه، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەر کاتێك لە شەیتانەکانەوە (وەسوەسەیەکت) بەدڵا هات، هەڵی نایت بۆ کردنی کارێکی ناڕەواو ناشەرعی و

---

(١) أخرجهُ البخاري في صحيحهِ.

قەدەغەکراو، یانی ئەگەر شەیاتینیش وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵێکی خراپی فرێدایە دڵیەوە ناو دڵتەوە، ئەوە تۆ پەنا بەخوای گەورە بگرە لە شەڕو خراپەکانی، چونکە ئەو زاتە (واتە خوای پەروەردگار) تەواو بیسەری (دوعاو) نزایە، تەواویش زانایە بەهەموو شتێك، خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١﴾ أي إنّ الذين أتّقوا ربّهُمْ بامتثال أوامره وأجتناب نواهيه إذا اصابتهم وَسْوَسَةٌ من الشيطانِ رَجَعُوا إلى ربّهم وَالْتَجأوا إليهِ فأبْصَرُوا طريق الخَلاصِ وَالنجاةِ مِنْ وساوس الشّيْطانِ، واتە: ئەو کەسانەی کە پارێزگارن و بەچاکی خودای خۆیان دەپەرستن ئەگەر وەسوەسەیەکی شەیتانیان بۆ پێش بێت[1]، یان هەرکە وەسوەسەو خەتەرەیەکیان لە شەیتانەوە پێ دەگا، ئینجا خێرا بیر دەکەنەوە و خوای خۆیان بیر دەکەوێتەوەو، ئەگەڕێنەوە بۆلای ئەو، هاواری بۆ دەبەن، ئەوجا لەوکاتە خوا وایان لێ دەکات بێنەوە سەر ڕێگای ڕاست، ئیتر کتوپڕ بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوەو، ڕاستی دەبینن و لە خەتەرەی خراپ دوور دەکەونەوە، بەتایبەتی لە (وەسوەسەی شەیتان)، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِخۡوَٰنُهُمۡ يَمُدُّونَهُمۡ فِي ٱلۡغَيِّ ثُمَّ لَا يُقۡصِرُونَ ٢٠٢﴾ أي إخوان الشياطين الذّينَ لَمْ يتّقوا اللهَ وَهُمْ الكَفَرَة الفَجَرَةُ فإنّ الشّياطين تَغْويهُم وتَزّين لَهُم سُبلَ الظّلالِ أي لا يُمْسكونَ

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) بەم جۆرە ئەم ڕستەیان ڕاڤە کردووە ﴿إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾ واتە: کاتێك خەیاڵی خراپیان لە شەیتانەوە تووش دەبێت.

وَلاَ يكفّونَ عَنْ إغوائهم، واتە: براياني شەياتينەكان، ئەوان لەخودا ناترسن و، تـەقوا كـارنين، يـانى ئـەو كەسـانەی كـە دۆسـتى شـەيتانن واتـە بـێ بـاوەڕن، ئەوانـە شـەيتان يارمـەتيان ئـەدات، كـە بـەردەوام بـن لەسـەر (كوفر)و كارو كردەوەی خراپ و گومڕايى، چونكە پشتگيريان دەكەن بۆ درێژەدان بـە گـومڕايى و سـەرلێ شـێوان، ئينجـا ناوەسـتن و وازيـان لـێ ناهێنن هەتا بەدوايێ ئەيان ترازێنن و لايان ئەدەن لە ڕێگای ڕاسـت، يـان كۆتا ناكەن و ناگەڕێنـەوە بـۆ ڕێـى هـەق و ڕاسـتى، جـا هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِآيَةٍ قَالُوا لَوْلَا اجْتَبَيْتَهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ مِن رَّبِّي ۚ ﴾ قَالَ المُفَسِّرُونَ كان كُفّارُ مَكّةَ يَطْلبُونَ من الرّسُول (ﷺ) بعض المُعجزات التي يَقْترحُونها كقولهِمْ أحـيِّ لَنـا فُلانـاً لنسأله وأزلّ عَنّا جبال مكّة وأمثال ذلك ممّا فيـه تعجيـزٌ للنّبيّ (ﷺ) أي هَلاّ أختلقتها يـا مُحمّد وأخترعتهـا مـن عنـد نَفْسك؟ وهـو تَهَكُّمٌ وَسُخريّةٌ بالنّبيّ قُل لَهُمْ يا مُحمّد لَيْسَ الأمر إليّ حَتىَّ آتيكُم بـه كمَـا تَقْترحُـونَ إنّمـا أنا عَبْدالله أمْتثل ما يوحيه إليّ رَبي، واتە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) هەنـدێ جار (موشريكەكان) واتە بێباوەڕەكان پرسيارى هەندێ شتت لـێ ئەكـەن تۆش زانياريت نيەو داوای مۆڵەتيان لێ دەكەيت تا خوای گـەورە ئايـەتت بۆ نازل بكـات بيانويـان ببڕێـت، چـونكە ئـەوان بـە گاڵتەكردنـەوە، پێـت دەڵێن ئەی بۆ خۆت شتێكمان بـۆ هەڵنابەسـتيت و ڕێكـى ناخـەيت؟ يـان هەندێ لە (موفەسيرەكان) ئـەڵێن بـێ باوەڕەكـانى (مەككـە) داوايـان لـە پێغەمبـەر (ﷺ) كـرد هەنـدێ (موعجيزەمـان) بـۆ بێنـەوە كـە ئـەوان پێشنياريان كردبـوو، وەكـو ئـەوەی فـلآن و فيـسارمان بـۆ بژێنەوەكـە مردووە يـان ئـەم كێـوەی مەككە لـە جێگـای خـۆی نـەمێنێت و بـڕوات،

وێنەی ئەوانە کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی ئەنجام نەدرێ و هەتاکو گاڵتەو قەشمەری پێ بکەن، ئەوجا خوای گەورە لە وەڵامیان دا بە پێغەمبەری فەرموو تۆ لەوەڵامیاندا پێیان بڵێ (من لەخۆمەوە شت هەڵنابەستم من شوێنی ئەو (وەحی) و نیگایە دەکەوم کە لەلایەن پەروەردگارمەوە پێم دەگات چونکە من بەندەیەکم هیچم لەدەست نایە مەگەر خودا بە نیگا قورئانم بۆ رەوانە بکە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٢٠٣﴾ أي هذا القرآن الجليلَ حججٌ ساطعة وَبراهين نَّيرةٌ قاطعة يُغني عَنْ غيره منَ المُعْجزات أفَلاَ يَكْفيكُمْ هذا القرآن بُرهاناً عَلَى صدق رِسالتي ؟ وَهُو هدايةٌ وَرَحْمَةٌ للْمُؤمنينَ، واتە: بێگومان ئەم قورئانە پیرۆزە چرای رۆشنەو رێگا نیشاندەرە هەروەها روونـاك كەرەوەیەو لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتووەو چەندین موعجیزەو بەڵگەی تێدایە لەسەر تاك و تەنهایی خوداو، راستی پێغەمبەرایەتی منەوە، جا بێگومان ئەو قورئانە مایەی هیدایەت و رێنمایی و (رەحمەتە) بۆ ئەوانەی کە باوەڕ دێنن و دێنە سەر رێگای (حەقیقەت) و ڕاستی[1].

---

(١) هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوەبوو هەندێ لە (موفەسیران) ئەڵێن كاتێك (وەحی) بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دواكەوت ماوەیەكی زۆری پێچوو جا (كافرەكانی) مەككە بەگاڵتە پێكردنەوە بە پێغەمبەر یان گوت (أی محمد) لەخۆتەوە شتێك رێك بخەو بڵێ ئەمەش ئایەتی قورئانەو ووتەی خودایە، ئینجا لە وەڵامدا ئەم ئایەتە دابەزی و ...هتد.

(پێویستە هەرکاتێ قورئان بخوێندرێ گوێی بۆ راگیرێ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لە پێشەوە کە تێپەڕی کەمێك پێش ئێستا (خوای مەزن) باسی ئەوەی کرد کە (قورئان) گلۆپ و چراو رێی (هیدایەت) و نیشاندەرو موعجیزەو بەڵگەو نیشانەی ئاشکرایە بۆ خاوەن باوەڕان هەروەها رێنومایی و ڕەحمەتە بۆیان چونکە بێگومان ئەو قورئانە لەچەند بارو رووبەکەوە گەورەترین موعجیزەی خوایە، لەگەڵ ئەوەدا نەزانەکانی عەرەبی (جاهلیەت) لەکاتی خۆیدا بەم قورئانە کۆتاییان نەئەهێناو بەپەلە داوای چەند (موعجیزەیەکی) تریان ئەکرد[1]، بەلأم قورئانی پیرۆز زۆر زۆر گەورەو مەزن و گرنگترە لەوەی کە ئەوان داوایان ئەکرد، ئەوجا بێگومان خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات و بە پێغەمبەر (ﷺ) یارانی و گشت موسڵمانان کە لەکاتی خوێندنی قورئانی پیرۆز گوێی بۆ بگرن و بەدڵ و دەروونێکی پڕ ئیمان و باوەڕەوە هەست راگرن چونکە پێویستە هەر کاتێ (تێلأوەتی) قورئان خوێندرا بەباشی گوێی بۆ بگرن[2]، هەروەها بێدەنگ بن تا بەباشی سوودی لێ وەرگرن ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٢٠٤﴾ ﴾ أي وإذا تُليت آيات القُرآنِ فَاسْتمِعُوا إليها أيّها المؤمنُونَ بِتَدبُّرٍ وَتبصُّر وَاسْكتُوا عِندَ تِلاوتهِ إعظاماً للقرآن

---

(١) چونکە قورئان موعجیزەیەکە و نەبڕاوەیەو هەتا هەتایێ، بەلأم ئەو موعجیزەی کە بێ باوەڕەکان داوای ئەکەن زوو کۆتایی دێت.

(٢) وە بەهێزو دڵ ماناو واتاکانی وەرگرین.

وإجلالاً لَهُ لكي تَنالُوا رَحْمَةَ رَبِّكُمْ[1]، واتە: ئەگەر قورئان خوێندرایەوە ئێوە ئەی ئیمانداران بە باشی گوێی لێ بگرن، و کپ و بێ دەنگ بن هەراو هۆریا مەکەن بەشێوەیەکی وا بزانن چی دەڵێ و چی دەبێژی وە ووتەکانی وەربگرن، وە لە فەرمانی خوای گەورە بگەن ئومێد وایە خوا رەحمتان پێ بکات یان بەڵکو بەبەزەیی خوا بکەون[2]، موسڵمانە بەرێزەکان پێویستە بە پێچەوانەی (کافر)و بێ باوەڕەکانەوە بجوولێنەوە، چونکە ئەوان لەکاتی خوێندنی قورئاندا دەیانکردە هەراو هۆریا و قەپ و قاڵ ئینجا ئەیانگوت هەروەکو قورئان بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەفەرمووێ: ﴿لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْءَانِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ﴾ سورەتی/ فصلت، ئایەتی/٢٦، واتە: بێ باوەڕەکان بەیەکتریان گووت گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن تا (محمد) ئەیخوێنێتەوە، وە بیکەنە هەراو هۆسەو غەڵبە غەڵب تێیدا، تا قورئانەکەیان لەبەربەپەشۆکی دڵیان ئاڵۆزبێ.

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بێدەنگ بوون و گوێ گرتن بۆ خوێندنی قورئان (واجبە) واتە پێویستە ئینجا خوێندنەکە لە نوێژدا بێ یان لە دەرەوە (خاریجی) نوێژ بێ، گوێ بۆ قورئانەکە رابگرێ هەتا تەواو ئەبێ، هەروەکو شێخ حەسەنی بەصری ئەفەرمووێ‌و باسی کردووە بەم شێوەیە

(٢) هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْءَانُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ بڕێ لە موفەسیرەکان ووتویانە دەربارەی بەرزکردنەوەی خوێندنی قورئانی ناو نوێژ لەکاتی نوێژکردن لە پشت پێغەمبەرەوە هاتۆتە خوارێ، هەندێ تر ئەڵێن دەرهەق بە کۆمەڵە لاوێکی (ئەنصاری) هاتۆتە خوارێ کە (عادەتیان) وابوو هەر کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی لە قورئان بخوێندبایەوە ئەوانیش لەگەڵیدا دەیانخوێند، هەندێ لەکاتی نوێژدا قسەیان ئەکرد ئینجا ئەو ئایەتە دابەزێ قسەکردن قەدەغەکراوە.

(لەیادو زیکری خوا غافڵ مەبە چ بەیانی چ ئێواران)

جا هەروەها خوای گەورە فەرمان بە زیکرو یادکردنەوەی خۆی دەکا لەسەرەتای رۆژوو لە کۆتایی رۆژدا، پێویستە ئینسان بێ ئاگا نەبێ، هەروەکو دەفەرمووێ: ﴿وَٱذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ ٱلْجَهْرِ مِنَ ٱلْقَوْلِ بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْآصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْغَٰفِلِينَ ﴿٢٠٥﴾﴾ أي وأذكُرْ أيّها المؤمن ربّكَ سراً مُسْتَحْضِراً لعَظَمَةِ جَلالِه واذكره مُتضرعاً إليهِ وَخائفاً منهُ وَليكن ذِكْرُكَ و دعاؤُكَ وَسَطاً بينَ الجَهرِ وَالسّرِ في الصّباحِ وَالمساءِ وَلا تَغْفَلْ عَنْ ذكر رَبكَ أبداً فإنَهُ الغذاء الروحي لِسلامة قَلْبِكَ، واتە: یادی پەروەردگارت لە دڵ و دەروونی خۆتدا لەبەرخۆتەوە بەلالانەوەو ترس و بیمەوە یادی خوا بکە (ناوە جوانەکانی و صیفاتەکانی) بهێنە پێش چاوی دڵت بە دڵ و دەروون یادی بکەو، بێ دەنگ بەرزکردنەوە لەنێوان نهێنی و چپەو ئاشکرادا، لە بەیانیان و ئێواراندا واتە: دوای شەبەق و رۆژ بوونەوە، تا خۆر کەوتن، وە دوای (عەسر) تا رۆژ ئاوا دەبێت و شەو دێت[1]، هەرگیز تۆ لەوانە مەبە کە (غافڵ) و بێ ئاگان، یانی لە بێ ئاگان مەبەو نەچیتە ریزی ئەوانە کە بێ ئاگان لەباس و یادی خوای خۆیان.

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای گەورە ئەم دوو کاتەی بەتایبەتی باس کردووەو فەرمووە چونکە لەم دوو کاتەدا دوو گۆرانی جیاوازی ئاشکرا دێت بەسەر جیهانداو ئەویش کە گۆرانی شەوو رۆژە، بروانە (التفسیر المنیر) لە نووسینی الدکتور وهبە الزحیلی، بەرگی/٥، لاپەرە/٢٤٠.

(چەند ئاگاداریەکی گرنگ)

١- هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون یادو زیکری خودا (غِذاُ الروحَ) واتە: خۆراکی گیانی ئینسانە، هەروەك چۆن خۆراك ئەخۆی تاکو بژی ئەوجا هەروەکو قورئان ئەفەرمووێ (یادی خوای خۆت بکە ئەو خودایەی درووستی کردووی، وە تۆی خەڵق کردووە، وە بە نازو نیعمەتەکانی پەروەردەی کردی جا بێگومان پێویستە بە دڵ و دەروون یادی بکەی سوپاسگوزاری بکەی داوای لێخۆشبوونی لێ بکەی چونکە بەیادی خودا دڵ ئارام دەگرێ وەکو خودا دەفەرمووێ ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ سورەتی/ الرعد، ئایەتی/٢٨، واتە: چاك بزانن بەیادی خودا دڵەکان ئۆقرە دەگرن و ئاسوودە دەبن و دائەمرکێن بۆیە باوەڕدارانیش دڵەکانیان هەردەم ئاسوودەو دامەزراو بە یادو زیکری خوداوە، پێشەوا (بوخاری و موسلیم) ریوایەتیان کردووە لە ئەبو مووسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێ لە سەفەرێکدا هەندێ لە خەڵکەکە لە پاڕانەوەو دوعا کردندا دەنگیان بەرزکردەوە، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أَيُّها الناس إِرْبَعُوا، أي ارفَقُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ فَإِنَّكُمْ لاَ تَدْعُونَ أَصَمُ وَلا غَائِباً إِنَّ الذّي تَدْعونَه سَمِيعٌ قريبٌ) متفق عليە، واتە: بەهێواشی و لەسەرخۆ (دوعا) بکەن چونکە ئێوە بانگی کەسێك ناکەن کەڕو لاڵ بێ ، ئێوە بانگی کەسێك ئەکەن بیسەرو زۆر نزیکە، وە لە (ریوایەتێکی) تردا فەرمووی لە ملی ولاغەکەی نزیکترە لە ئێوە.

٢- پێشەوا أحمد (ریوایەتی) کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) نوێژێکی بەدەنگی بەرز خوێندو پاشان فەرمووی ئەرێ هیچ کەسێکتان لەگەڵ من سورەتی فاتیحەو

سورەتی تری خوێند هاوەڵێکی گوتی بەڵێ من خوێندم ئەویش فەرمووی باشە بۆ دەبێ لەگەڵ من قورئان بخوێندرێ؟، واتە: ئێوە گوێ بگرن بۆ پێشنوێژەکە، ئەوجا خەڵکەکەش وازیان لە خوێندنی سورەتی (فاتیحە) هێنا لەگەڵ ئیمام دا تا ئیمام لە خوێندنی (فاتیحە) نەبوایەوە ئینجا ئەیان خوێند، جا بێگومان (عبدالله)ی کوڕی موبارەکیش (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرمووێ: (لە نوێژە جەهرییەکاندا) نابێ مەئموم هیچ شتێك بخوێنێ هەروەها ئیمامی مالیك و ئیمام شافعیش لە (قەولی قەدیمدا) هەروەهایان فەرمووە، بەڵام بەلای ئیمام أبو حەنیفە و ئیمامی ئەحمەد دەڵێن کە (مەئموم) هەر نوێژێك بە (جەهری) بێ یان (سرِبیّ) بە کۆمەڵ بیکات ئەو (قیرائەتی) لەسەر نیە، بەڵام زۆربەی زانایان (فیقە و حەدیس) وەکو پێشەوا (بوخاری و إبن جریر) و وێنەی ئەمانە ئەڵێن قیرائەی لەسەرەو چونکە (ریوایەت) کراوە لە عوبادەی کوڕی صامتەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە (كُنّا خلف النبيّ (ﷺ) في صَلاةِ الفَجْرِ فَثَقُلَتْ عَليهِ القِراءة فَلَما فَرَغَ قَالَ لَعَلَّكم تَقْرءُونَ خَلْفَ إمامَكُمْ ؟ قُلْنَا نَعمْ نَفْعَلُ هَذَا قَالَ لاَ تَفْعَلُوا إلا بِفَاتِحةِ الكتابِ فانّه لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرأ بها) رواهُ البخاري وأبو داود والترمذي، واتە: ئێمە نوێژی بەیانیمان لەپشت پێغەمبەرەوە (ﷺ) کرد ئەویش خوێندنی لەسەر گران بوو ئەوجا کە نوێژی تەواو کرد فەرمووی لەوانەیە ئێوە لەپشت ئیمامەکەتان حەزرەت (ﷺ) مەبەستی خۆی بوو، یان هەر ئیمامێك پێش نوێژی بکات واتە پێشەواکەتان قورئان بخوێنێ؟ گوتمان بەڵێ ئەخوێنین فەرمووی وامەکەن جگە لە (فاتیحە) هیچی تر مەخوێنن، چونکە هەر کەسێك (فاتیحە) نەخوێنێ نوێژی درووست نیە، جا بێگومان ئیمامی شافیعی (رەزای خوای لێبێت) ئیستیدلالی کردووە بەم

چەند فەرموودەی پێشەوە ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە ئەفەرمووێ ﴿فَٱقْرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ﴾ سورەتی المزمل/ ئایەتی/٢٠[١]، یا ئەو (حەدیسەی) کە حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی (لاصَلاةَ لِمَنْ لَمْ يقرأ بِفَاتِحة الكتابِ)[٢]، چونکە بێگومان هەر نوێژێك بەنوێژ حسێب ناکرێ ئەگەر کەسێك نوێژ بکاو سورەتی (فاتیحەی) تێدا نەخوێنێ، هەروەکو ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبی (الأمم) دا[٣]، وای باس کردووە ، هەروەکو هەموو زاناکانی بەتایبەتی شافیعی مەزهەب وەکو ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (المجموعدا) [٤]، رۆنی کردۆتەوەو ئەفەرمووێ کە نوێژە (جەهری) و ئاشکراکان وەکو نویژی بەیانی و مەغریب و عیشا، کاتێ ئیمام (فاتیحە) ئەخوێنێ (مەئموم) گوێ رائەگرێ و بێ دەنگ ئەبێ هەتا ئەگاتە ئامین ئینجا لەوێدا مەئمومەکان لەگەڵ ئیماما ئامین ئەکەن و ئەوجا ئیمام بێ دەنگ ئەبێ و بەڵام لەو ماوەدا ئیمام دوعایەکی تایبەتی هەیە ئەیخوێنێ کە ئەویش ئەم دوعایەیە کە حەزرەت (ﷺ) خوێندویەتی (اللّهُمَ باعِدْ بَيْنِي وبَيْنَ خطاياي كما باعَدْتَ بَينَ المَشْرِق وَالمَغْرِب وَنَقِّني مِنَ خَطاياي كَما يُنقي الثَوبَ الأبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ واغسلني

---

(١) چونکە (واجبە) واتە پێویستە (مەئموم) لە پشتی ئیمامەوە بخوێنێ بە (سری) واتە پەنامەکی بەجۆرێ خۆی دەنگی خۆی ببیسێ و نەبێ بەهۆی سەرلێ شێوانی باقی (مەئمومەکان) لەگەڵیدا.

(٢) جا بێگومان ئیمامی بوخاری و پێشەوا بەیهەقی ئەم رایەیان پەسەند کردووە.

(٣) بروانە پەرتوکی (الأُمم) موسوعة الامام الشافعي، بەرگی/٢، لاپەرە/١٥٣-١٥٥، لێکۆڵینەوەی دکتور احمد بدرالدين حسون، چاپی دار القتيبه.

(٤) بروانە: پەرتوکی (المجموع شرح المهذب، لەدانانی زانای بەناوبانگ (محی الدين بن شرف النووی)، بەرگی/٥، لاپەرە/٢٤٠.

مِن خطاياي كَما يَغْسِلَ الثْوبَ بِالماءِ والثّلجِ وَالبرد) رواه الشيخان، واتە: ئەی خودایە ئەوەندە لە تاوانەکانم دوور بخەرەوە، وەکو دووری نێوانی رۆژهەلآت و رۆژئاوا، ئەی خودایە پاکم بکەرەوە لە تاوانەکان وەك چۆن پۆشاکی سپی لە چڵك پاك دەکرێتەوە، ئەی خودایە بمشۆرەوە لە تاوانەکانم بە ئاوو بەفرو تەرزەوە، (ئەمە سوننەتە هەر کەسێ بیخوێنێ).

٣- هەروەها لەبن سێبەری ئەم دوو ئایەتەی پێشوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە تەفسیری نامیدا[1]، ئەفەرمووێ دوو شت هەیە ئاگادارين :

یەکەم- زیکری بە دڵ کە (مەشهورە) بە زیکری قەلبی و ئەهلی تەصەوف زۆر بەگرنگیان داناوە، خوا لە زیکری (جەلالە) بێ و یان زیکری (لا إله إلا الله) بێ و، هەرکام لەمانە یاسای تایبەتی خۆی هەیە و بەهیچ جۆرێك زمان پەیوەندی پێیانەوە نییە، وە مەعنای تەواوی ئەمە بۆ هەموو کەسێ دەوامە لەسەر یادی خودای (تەبارەکەو تەعالا) بە دڵ و دەروون.

دووەم- زیکری زمان و یاسای (مەشروعی) ئەمەیە کە کەمتر بێ لە (جەهری) عادەتی بەجۆرێ وەها خەڵك ئیزعاج و قەڵس بکات وە ئەم زیکری (زمانە) دوو جۆرە زیکر ئەگرێتەوە ١- زیکری نهێنی شەرعی وەها کابرا تەنیا خۆی بیبیسێ و گوێی لێ بێت. ٢- زیکری ئاشکرا کە وەهابێ ئەو کەسانە وان لە پاڵیا پیسن و مەعنای (دُونَ الجَهرِ مِن القَوْلِ)

---

(١) بروانە: تەفسیری (نامی بۆ قورئانی پیرۆز)، لە نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٣، لاپەرە/٣٥٣.

ئەوەیە نەگا بە پایەیێ خەڵك بێزار بکا چونکە ئەم جۆرە لە زاتی خۆیا (مەشروع) نیە وەهەر کاتێك ببێتە هۆی (ئیزعاجی) خەڵك (حەرامە) و قەدەغەیە بەلاّم مامۆستا ئەفەرمووێ لە (تەفسیرەکانا) وا بەیان کراوە کە مەبەست لەم ئایەتە هەر زیکرە بە زمان بەلاّم بەو جۆرەی دەنگی خۆی زۆر بەرز نەکاتەوەو مام ناوەندی بێت، وە هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەم ئایەتە (ئەمرە) بە مەئمومین کە فاتیحەو سورەتی قورئان لە پشتی ئیمامەوە بە سرِی واتە پەنامەکی بخوێنن و بەلاّم وەها نەبێ (تەشویش) بۆ باقی نوێژکەران بکا، جا هەر بۆیە خوای گەورە مەدح و ستایشی ئەو فریشتانە کراو کە بە بەردەوامی تەسبحات دەکەن بە شەوو بەرِۆژ و ماندوو نابن جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسۡجُدُونَ ۩ ﴿٢٠٦﴾﴾ أي إنَّ المَلائكَةَ الأبرار الأطهار الذّينَ هُمْ في الملأ الأعلى (عَلَى مكانَتِهمْ وَسموّ قَدْرهم، لا يستكبرونَ عَنْ طاعةِ اللهِ وعبادته يُسَبِحُونَ لَيْلاً ونهاراً وَلَه وَحْدَهُ جَلَّ وَعلاَ يَسْجدُونَ وَيَخْضَعُونَ، واتە: ئەو کەسانەی کە خاوەن پایەو نزیکن لە خودای پەروەردگاری تۆوە وەکو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) و فریشتەکانی بارەگای خوای مەزن، چونکە هەموویان پاك و خاوێنن و هەرگیز لەخوا پەرستیدا سستی ناکەن و دوا ناکەون و قەت خۆیان بە گەورەو زل نازانن هەروەها لە پەرستنی ئەو زاتە دا بەردەوام سەرگەرمی تەسبیحات و حەمدو ستایشی ئەو زاتە دەکەن و سوژدەو کرِنووشی بۆ دەبەن، تەنها ئەو دەپەرستن، ئەی ئادەمیزاد ئێوەش ئەوهابن ، وەکو فریشەکان بە بەردەوامی (سوجدە) بەرن.

(چەند تێبینیەکی گرنگ)

١- بزانن هەرکاتێ یەکێ ئایەتێکی لە ئایەتەکانی سوجدەی تیلاوەتی خوێندەوە (سوننەتە) بۆخۆی و بۆ هەر کەسێ گوێی لێ بێ با (سوجدەی تیلاوەت) ببا، چونکە ئیبن و عومەر ئەگێڕێتەوە هەروەکو (بوخاری و موسلیم) هێناویانە (عَنْ إبنِ عُمَرَ أنّ النّبيَّ (ﷺ) كانَ يَقرَأالقُرآنَ فَيَقْرأ سورةً فيهَا سَجْدةٌ فَيَسْجُدُ وَنَسْجُدُ مَعَهُ حَتّى ما يَجدُ بَعْضُنَا مَوضِعاً لمكان جَبْهتِهِ في غيرِ وقت الصّلاةِ) متفق عليْه، واتە: بێگومان پێغەمبەر (ﷺ) سورەتێکی دەخوێند سوجدەی تێدا هەبوو ئینجا سوجدەی دەبرد ئێمەش لەگەڵیدا دەچیونە سوجدە هەتا یەکێك لە ئێمە جێگاو شوێنی دەست نەدەکەوت بۆ ئەوەی نێوچاوانی لەسەر دابنێ، لەکاتی غەیری نوێژیشدا یانی ئەوەنەبووە کە لە نوێژدا قورئانەکەی خوێندبێ و هەروەها سوجدەی بردبێ، هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمووێ (عَنْ أبي هُرَيرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ رَسُول الله (ﷺ) إذا قرأ إبن آدمَ السَّجْدَة فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشيطانّ يَبْكي يَقُول يا وَيْلَتَنا أُمرَ إبنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَ الجنّةُ وأمْرتُ بالسّجُود فَأبَيتُ فَليَ النّار، (أخرجهُ مسلم وأحمد وإبنُ ماجه)، واتە: کاتێك ئادەمیزاد ئایەتی (سەجدە) دەخوێنێ و کڕنووش دەبات بۆ خودا ئینجا (شەیتان) دوور دەکەوێتەوەو دەست بە گریان دەکات و دەڵێت هاوار بۆمن ئادەمیزاد فەرمانی پێکرا بە (سوجدە) و کوڕنووش و بردی، وە بەهەشتی لەبۆ هەیە خودا دەیداتێ بەڵام منیش فەرمانم پێکراوە بە سوجدەو کڕنووش بردن بەڵام سەرپێچیم کردوو بەگوێی خوام نەکرد و بەشم بووە ئاگر.

٢- جا بێگومان پێویستە بزانین (چواردە) ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا

هەنە، ووشەی (سوجدەیان) تێدایە و بەلاّم زۆربەی زانایان دەڵێن پازدە (١٥) (١٦) سوجدە لە قورئاندا هەیە، جا هەروەها.

١-زانایانی تەفسیر ئەڵێن یەکەم لە کۆتایی سورەتی (الأعراف) دا هەیەو ئایەتی (٢٠٦) .

٢- سورەتی (الرعد) ئایەتی /١٥،

٣- سورەتی (النحل) ئایەتی /٤٩ و ٥٠ دا هەیە،

٤- سورەتی (الحجر) ئایەتی /١٥،

٥- سورەتی (الاسراء) ئایەتەکانی /١٠٧ و ١٠٨.

٦- سورەتی (مریم) ئایەتی/٥٨.

٧- سورەتی (الحج) ئایەتی ١٨.

٨- دیسان سورەتی (الحج) ئایەتی /٧٧.

٩- سورەتی الفرقان، ئایەتی /١٥.

١٠- سورەتی (النمل) ئایەتەکانی ٢٥-٢٦.

١١- سورەتی (السجده) ئایەتی ١٥.

١٢- سورەتی (ص) ئایەتی ٢٤.

١٣- سورەتی (فصلت) ئایەتەکانی /٣٧-٣٨.

١٤- سورەتی (النجم) ئایەتی /٦٢.

١٥- سورەتی (الإنشقاق) ئایەتی/٢١.

١٦- سورەتی (العلق) ئایەتی /١٩.

٣) ئەوجا بزانە (سوجدەی) تلاوة یەك (سوجدەیە) و هەروەها سوننەتە تێیدا بڵێ (سَجدَ وَجْهي للّذي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَ سَمْعَهُ وَبَصرَهُ بِحَوْلِهِ وقوّتِه تَبَارَكَ اللهُ أحْسَنُ الخَالقِينَ)، رواه أبو داود والترمذي والنسائي والحاكم، واتە: رووی من (سوجدەی) برد یانی کڕنووشی برد،

بۆ ئەو کەسەی کە بەدی هێناوەو وێنەی کێشاوە بەجوانترین شێوە، و بیستن و دیتنی تێدا درووست کردوون، پاکی و بەرزی بۆ خوای باشترینی بەدی هێنەران، وە هەروەها ئەگێڕنەوە زانایانی (حەدیس) ئەلێن پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دوعایەشی کردووە (أللهُمَ أُحْطط عَنّي بِهَا وِزْراً وَاكْتُبْ لِيَ بِهَا أجْراً، وَجْعَلْهَا لي عِنددكَ ذُخْراً) رواهُ الترمذي وإبن ماجه، وإبن خزيمة، خوایە گیان بەم (سوجدەیە) گوناهم لێ لاببەو هەڵوەرێنە، و پاداشتم بۆ بنووسە و بیکە بە زەخیرەو توێشوو بۆم لەلای خۆت.

(**پاشکۆ**)

هەندێ لە زانایانی ئیسلام ئەڵێن ئەگەر ماوەی (سوجدە) بردنی نەبوو لە جیاتی ئەم زیکرانە بکات هەروەکو لە (حەدیسدا) وارید بووە بڵێ (سبحان الله وَالحمدُ لله ولا إله إلا الله واللهُ أكبر ولا حولَ وَلا قوّة إلا بالله العلي العظيم) ئەمە جێگای (سوجدەی تیلاوة) ئەگرێتەوە والله أعلم، خواش لەهەموو کەس زاناترە.

*****

(وصلى الله عَلَى سيد الأولينَ والآخرينَ سيدّنا مُحمدِ وَعَلى آلِهِ وَصَحبهِ وَسَلَمْ تَسْليماً كثيراً إلى يوم الدّين)

تەواوكەری جزئي نۆیەم

(سورەتی ئەنفال)[1]

(موفەسیرەكان) ئەڵێن ئەم سورەتە لە مەدینەدا دابەزیوەو هاتۆتە خوارەوە، هەروەها ژمارەی ئایەتەكانی /٧٥ ئایەتن، هەموو ئایەتەكانی لە (مەدینە) هاتوونەتە خوارەوە، جگە لە ئایەتی/٣٠ هەتا كۆتایی ئایەتی/٣٦ لە (مەككە) هاتۆتە خوارەوە (هەزارو شەش سەدو سی و یەك كەلیمەیە) واتە: ووتەیە، هەروەها (پێنج هەزارو سەدو نەوەدو چوار) (حەرفە) واتە (پیت)ە.

---

(١) (أنفال) كۆی (نەفلە) كە لە (نفل)ەوە هاتووە بەمانای (زیادە) دێ ، واتە: دەستكەوتی ماڵی بێ باوەڕان كە بەهۆی جەنگەوە دەستكەوتووە، هەروەها شایانی باسە كە هەندێك لەموفەسیرەكان ئەفەرموون سوورەتی ئەنفال بەسوورەتی (بەدریش)ناوبراوەو چونكە باسی جەنگی بەدەر ئەكاو بەتێرو تەسەلی.

(چەند سەرنجێكی گرنگ پێش راڤەكردنی سورەتەكە)

١- جا بێگومـان سـورەتی (ئـەنفال) كـە بـە سـورەتی بـەدریش[1]، نـاوبراوە، سـورەتی هەشـتەمی قورئانـە، ئـەوجا پێویـستە بزانرێـت خۆشەویستمان كە پێغەمبـەری (ﷺ) نـازدارە لەگـەڵ یـارو یاوەرەكـانی (رەزای خوایـان لێبێـت) سـێزدە سـاڵ لـە مەككـەدا لـەژێر سـەختترین ئەشكەنجەو ئازاردا، ژیانیان بردە سەر، بەجۆرێك كە هەندێ لە هـاوەڵ و یارەكانی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) خۆشەویست و ئازیزە لەژێر ئەشـكەنجەو ئازارێكی زۆرو كوشندە دەدرانو وێنەی (سوهەیب و بیلال و خوبابی كـوڕی ئورت و میقدادی كوری (ئەسوەد) بوون ، بـەلاّم ئەوانـەی كـە گیانیـان سـپارد وێنـەی (یاسـری بـاوكی عـەمارو سـومەیەی دایكـی عـەمار) كـە ئافرەتێكی خواناسی موسڵمان بـوو جارێك پێغەمبـەر (ﷺ) تێدەپـەڕێ بەلایانـدا لـەكاتی ئەشـكەنجەدانیان و فـەرمووی (صَـبْراً آلَ یاسْـر فـإنّ مَوْعِـدكُم الجنّــة) واتــە: ئــارام بگــرن ئــەی بنەماڵــەی یاســر شــوێنی بەیەككەیشتنەوەتان لە بەهەشتایە[2].

٢- هەنـدێ لـە (موفەسـیرانی) تـر ئـەڵێن كـە ئـەم سـورەتە هاتـە خـوارەوە دەربـارەی رووداوی جـەنگی بـەدری گـەورە كـە بـەرپابوو لـە مـانگی رەمـەزانی پـیرۆزدا، لـە سـاڵی دووەمـی كۆچـیدابوو لـە پـاش

---

(١) بیری بەدر مێژوونووسان ئەڵێن پیاوێك لەكاتی خۆی ئەم بیرەی هەڵكۆڵیوە ناوی (بەدر) بووە ئینجا بەناوی ئەو كەسەوە ناوی دەركردووە.

(٢) بڕوانە پەرتووكی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) ، لە نووسین و ئامادەكردنی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزین)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٥٧.

تێپەڕبوونی نۆزدە مانگ بەسەر کۆچکردندا، جا بێگومان ئەو جەنگ و ڕووداوە ئەوەندی مەزن و گەورەو گرنگ بوو لە مێژووی ئیسلامدا خوا ڕۆژەکەی ناوبرد بە (يَوْمُ الفُرقان) واتە: جیا کەرەوەی بەینی حەق و باطل دا چونکێ ڕوداوی جەنگی بەدر بەسەرکەوتنی هەق دەژمێردرێ بەسەر ناهەق و پڕوپوچدا بەرپەرچ دانەوەیەکیشە بۆ ئەو هەموو سەرکێشی و دەستدرێژییەی دەکرایە سەر موسڵمانەکان هۆی ڕزگارکردنی ئەو کەم ئەندام و پیرەمێردو پیرەژن و منداڵانە، بوو کە بێ دیفاع مابوونەوە هەر ڕۆژێ بڕوبیاوویەکیان پێ دەگرتن بەتایبەتی ئەوانەی لە مەککەدا لەبەردەستیان دابوون و دەیانگوت ﴿رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا﴾ سورەتی/النساء،ئایەتی/٧٥، ئەوجا خوای میهرەبان وەڵامی دانەوەو ئەو جەنگەی بۆ ڕێکخستن و دەرئەنجام بوە مایەی سەرکەوتنی موسڵمانەکان بەسەر بتپەرستەکاندا، لەگەڵ کەمی ژمارەیان و بت پەرستەکانیش نزیکەی هەزار کەس دەبوون بەهەموو هێزو توانایانەوە هاتبوون بۆ جەنگ، بەلاّم موسڵمانەکان بۆ ئەوە هاتبوون ماڵ و سامانە زەوتکراوەکەیان لە قوڕەیش بسێننەوە بۆیە ڕێگەیان لە کاروانەکەیان گرت، بەلاّم دەرئەنجام ئەو جەنگە لابەلایە هەر رویدا بەلاّم لەبەرژەوەندی موسڵمانەکان بوو.

٣- (موفەسیرەکان) ئەفەرموون دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەی یەکەم، (ئیبن و حەببان و حاکم) لە عوبادەی کوڕی صامتەوە (ڕیوایەتیان) کردووە دەڵێ موسڵمانان دەربارەی دەستکەوتەکانی جەنگی بەدر کێشەیان تێکەوت لە چۆنیەتی

دابەشكردنيدا، بەلاّم لە (ريوايەتى) ئيمام ئەحمدا كە لە ئەبو ئومامەوە (خوا ليّى رازى بيّت) ريوايەت دەكات دەلّىٰ دەربارەى (ئەنفال) پرسيارم لە عوبادەى كوڕى صامت (خوا ليّى رازى بيّت) كرد ئەوجا ئەويش لە وەلاّمدا ئەم ئايەتەى ئيّمەى دەربارەى جەنگاوەرانى بەدر دابەزى چونكە ئيّمە بووين لە شيّوەى دابەشكردنى دەستكەوتەكەدا كيّشەو ناكۆكيمان بوو ئەوجا خوايش (ئەنفالەكەى) لىٰ سەندينەوەو خستيە بەردەست پيّغەمبەرەكەى خۆى (ﷺ) ئەويش بە (عاديلانەو) يەكسانى بەسەر موسلّماناندا دابەشى كرد، (بسم الله الرحمن الرحيم) واتە بەناوى خوداى دلۆڤان و بەخشندەو ميهرەبان ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ﴾ أي يَسْأَلُكَ أصْحابُكَ يا مُحمّد عَنِ الغَنائِم التّي غنَمتها مِنْ بَدرٍ لمن هيَ؟ وكيْفَ تُقْسَمُ...؟ واتە: ئەى پيّغەمبەر پرسيار ئەكەن ليّت هاوەلاّن لەبارەى ئەو دەستكەوتەى جەنگى بەدرەوە، ليّت دەپرسن ئاخۆ بۆ كىٰ و چۆن دابەش دەكرىٰ؟ هەندىٰ لە زانايان دەلّيّن (دەستكەوتەكان) بەوەش دەلّيّن، كە بريتيە لەو كەل و پەل و شت و مەكانەى لە جەنگدا لە دژى (كافرانى) جەنگاوەردا دەست موسلّمانان دەكەويّت[1]، جا خواى گەورە دەفەرمويّت: ﴿قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾ (أي قُلْ لَهُمْ الحكم فيها لله والرّسول يقُسمها الرّسُولُ بينكم كما أمر الله وليس أمرها اليكم)، واتە: ئەى پيّغەمبەر پيّيان بلّىٰ (حوكمى) ئەنفال بەدەست خواو پيّغەمبەرە، يانى پيّشڕەوى دابەشكردنەكەى تايبەتە بەوانەوە واتە پيّيان بلّىٰ ئەمە

---

(١) بڕوانە: تەفسيرى نامى بۆ قورئانى پيرۆز، لەدانانى مامۆستا مەلا (عبدالكريمى مدرەيس)

بەدەستی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ،چونکە پێغەمبەر ئەرکی (تەقسیم) و دابەشکردنەکەی دەگرێتە دەست بەفەرمانی خوداو نەك بەفەرمانی ئێوە. ﴿فَاتَّقُواْ اللَّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾ المَعنى فاتّقوا ربّكم بِطاعَتِه واجتناب مَعاصيه وأصْلِحُوا أحوالَكُمْ بالئتلافِ وَعَدَمِ الإختلاف، واتە: دەبێ ئێوەش لە خوا ترستان هەبێ و سەرپێچی لە بڕیارەکانی خوا نەکەن، مەیەڵن کێشە لەسەر ئەو شتانە لەنێوانتاندا دروست ببێت نێوانی خۆتان چاك بکەن و یەکتر ئاشت بکەنەوە ﴿وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۝١﴾[1]، أي وأطيعُوا أمرَ اللهِ وأمْرَ رَسُولِه إنْ كُنْتُمْ حَقاً مُؤمنِينَ مُتقِينَ للهِ، واتە: هەوڵ بدەن فەرمانبەرداری خوای

---

(١) لە تەفسیری ڕۆشندا ئەڵێ نەك ئەوەی (بەعسی) عەفلەقی (عەلمانی) بێ دین پێی هەڵسا و خەڵکی بێ تاوانی کوردی ڕاپێچ کرد وە هەروەها مەلا عەلی پشدەری لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ: ئەو ئەنفالەی کە لەسەردەمی (صدام) و بەعسی عیراقەوە سەپێندرا بەسەر میللەتی کوردو لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ دووسەد هەزار کەسیان لە (کورد) زیندەبەچاڵ کردو لەناو ئەم دوو سەدە (٨) بارزانیش تێدابوو ماڵ و سامانەکەشیان بەتاڵان برد، ئەم (ئەنفالەی) ئەوان جیاوازەو لەگەڵ ئایەتی (ئەنفال) یەك ناگرێتەوە، چونکە بێگومان ئایەتی ئەنفال لەبارەی دەستکەوتەکانی (جەنگی بەدرەوە) هاتووە کە هی شەڕکەری (کافرانە) واتە: بێ باوەڕانەو بەڵام ئەو کوردانەی (صدام و جەلادەکانی) ئەنفالی کردن موسڵمان بوون و زۆربەیان ئەهلی مزگەوت و (جومعەو جەماعەت) بوون ئەگەر کەمێکیش شەڕکەری تێدابووە، بەڵام زۆربەیان پەککەوتەو ژن و منداڵ بوون، جا مەبەستی (صدام) و دارودەستەکەی دووشت بووە، (یەکەم): کورد لەڕووی عالەمی ئیسلامیەوە بە (کافر)و بێ باوەڕ لەقەڵەم بدات. (دووەم): کورد لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دووربخاتەوە و شوێنەواری نەمێنێ و لە ڕەگ و ڕیشەدا دەریبێنێ، بڕوانە: تەفسیری ڕۆشەن لە نووسینی مامۆستا (بورهان محمد أمين)، لاپەڕە/٢٥٢، بڕوانە (تەفسیری قورئان بۆ وشیار بوونەوەمان) لە نووسینی مامۆستا (عەلی پشدەری)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٠٧.

گـەورەو پێغەمبەرەکـەی بـن ئەگـەر ئێـوە بەڕاسـتی بـاوەڕدارن و لەخواترسـن، جـا بێگومـان لەهـەردوو (صـەحیحەین) دا هـاتووە لـە فەرموودەیـەکی دووردرێـژدا حـەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی: (أعْطيـتُ خَمْساً لَمْ يُعْطهُنَّ أحَدٌ قَبْلي...) تا ئەگاتە ئەو ڕستەیەی کە ئەفـەرمووێ: (وَأُحِلَتْ لِيَ الغنائمُ وَلَمْ تحِل لأحَدٍ قَبْلي...هتد) واتە: دەستکەوتی جـەنگ بۆمن و ئوممەتەکەم حەڵاڵ و ڕەوا کراوە بۆ هیچ پێغەمبەرێکی پـێش مـن حەڵاڵ نەبووە.

(هەندێ لە ڕەوشتی موسڵمانە چاکەکان)

لەپاشان خوای گەورەو مەزن هەندێ سیفەتە بەرزەکان لە ئیماندارانی تەواو بـاس دەکـات و ئەفـەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ﴾أي إنّما المؤمنون الكـامِلُونَ في الإيمـان هُـمْ المُخلِـصُونَ الصَّادِقُونَ الذّينَ إذا ذُكِرَ إِسـم الله أمـامهم فزعـت قلـوبهم وَارْتَجَفـتْ لِمُجرد ذكرهِ إسْتِعاظاً لِجلالهِ وَهَيبةً مِنهُ جَلّ وَعَلَى وإذا تُليـت علَـيْهْم آيات القُرآنِ إزدَاد إيمانهم وَيَقِينُهمْ باللهِ عَزّ وَجلَّ وَعَلى رَبّهُمْ وَحْـدَهُ يَعْتَمِـدُونَ لاَ يَخـافُونَ وَلا يَرْجَعُونَ غيْرِه، واتە: بێگومان باوەڕدارانی ڕاستەقینە و کامل و تـەواو هـەر ئەوانـەن ئەگـەر نـاوی خـوا هێنـرا و دڵیـان لەبـەر گـەورەیی ئـەو دەکەوێتـە لـەرزەو هـەژان و ترسـی لـێ دەنیـشێت ئینجـا هـەر کـە ئایەتـەکانیش دەخوێنرێنـەوە بەسـەریاندا جـا بێگومـان باوەڕیـان زیـادو

بەهێز دەبێ[1]،واتە: هەر بە پەروەردگاریشیان پشت دەبەستن (لەهەموو کاروبارێکی ژیانیاندا) یانی پشت و پەنایان هەر خوای گەورەو میهرەبانە چونکە هیوایان بەکەسی تر نیە لەزاتی ئەو نەبێ، وە لەهیچ کەسیش ناترسن تکاو (رەجایان) هەر ئەوە جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ ﴾ أي هؤلاءِ المُؤمِنُونَ الصّادِقُون في دعوى الإيمان هم الذّينَ يؤدُونَ الصّلاةَ عَلَى الوَجْه الأكملِ بأركانِهَا وَخشُوعَها وآدابِهَا ويُحافظُونَ عَلَى أدائِها في أوْقَاتِها وَمِمّا مَنَحْناهُمْ وَأعطَيناهُمْ من المالِ الحَلالِ يُنفقون وَيَتصدقُونَ، واتە: ئەوانەی نوێژەکانیان بەتەواوی جێ بەجێ ئەکەن و بە ترس و لەرزەوە، بەرێك و پێکی لەکاتی خۆیان بەجێ دێنن و بەشێوەو (ئەرکان و ئاداب و هەیئەتەکانی) بەتەواوی ئەنجام دەدەن و وە لەو رزق و رۆزیەی کە پێمان بەخشیون لەماڵ و سامان و حەڵاڵ و رەوا هەندێکی لێ دەبەخشن و چ بەناوی (زەکاتەوە) بێت یان بە ناوی صەدەقەوە ئینجا کەسانێك ئەو هەموو رەوشتە باشانەیان هەبێ ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُمۡ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَمَغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴿٤﴾ ﴾ أي هُمْ المُؤمِنُونَ إيماناً حَقّاً لهُمْ مَنازلُ رَفيعةٌ في الجنّة، وَتَكْفرُ لَما فَرطَ مِنْ ذنُوبهم،

---

(١) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون پێشەوا (بوخاری) و گەلێك لە زانایانی تر لە (ئەهلی سونەت و جەماعەت) ئەم جۆرە ئایەتانە دەکەنە بەڵگەی زیادبوونی ئیمان و باوەڕ هەروەکوو ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد (رەحمەتی خوایان لێبێت) وە هەندێکی تر لە زانایانی سەلەف باسی (ئیجماعی) لەسەر دەکەن.

وَرِزقٌ دائِمٌ مقيمٌ في جَنات النّعيم، واته: ئەو باوەڕدارانەی ڕاستەقینە هەر ئەوانەن چونکە کردەوەشیان خستۆتە تەك ئیمانەکەیان، واتە ئەوانە چەندین پایەو پلەیان هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوەو لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان، وە لەبەهەشتی پان و بڵندو بەریندا پێ دەبەخشێت هەروەها رزق و ڕۆزی بەردەوامی چاك و بەنرخ بۆیان هەیە، خوا بەمیهرەبانی خۆی بەشدارمان بکات تێیدا ئامین[1].

(هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم جار زۆریان پێ ناخۆش بوو تووشی شەڕبن)

زۆربەی (ئەهلی سیرەت) و مێژوونووسان ئەڵێن[2]، کاتێك کە پێغەمبەر و یارو یاوەرەکانی کۆچیان کرد بۆ مەدینە (کافرە) بێ باوەڕەکان هەموو سەروەت و سامانەکانیان لە مەککەدا داگیرکردوو زەوتیان کرد لێیان ئینجا موسڵمانەکان بە ڕەشو رووتی گەیشتنە (مەدینە) لە ساڵی دووەمی کۆچیدا ئەوجا (ئەبو سوفیان) پارەیەکی زۆری لە زەنگین و دەوڵەمەندەکانی (مەککە) کۆکردەوەو ئینجا بەرەو شام بەڕێکەوت و لەوێ بازرگانیەکی چاکی پێ کردو جا (قافڵەکە) واتە کاروانەکە بەرەو مەککە گەڕایەوە، ئەوجا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بەمەی زانی لەشکرێکی ئامادەکرد و پێك هێنا کە نزیکەی (٣١٣ یان ٣١٤)

---

(١) خوێندەوارە ئازیزەکانم/ بەڕای من پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی خاوەن باوەڕ ئەو چەند ئایەتە لەبەر بکات و (عەمەل) و کاریان پێ بکات.

(٢) بڕوانە: پەرتووکی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕەهبەر)، لە نووسین و ئامادەکردنی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزین)، بەرگی یەکەم، لاپەڕە/٥٥٨.

کەس بوون و دەرچوون بۆلای (بیری بەدر) تا ڕێگا بگرن بەو کاروانە بازرگانیەی قوڕەیشیەکان کە سەرجەم سەرانی ناودارییان تێدا بەشدار بوون ئەوجا کە (ئەبو سوفیان) بەوەی زانی بەزووترین کات خەبەرو هەواڵی نارد بۆ مەککەو قوڕەیشیەکان کە فریای (قافڵەکە) بکەون و نەهێڵن (محمد و هاوەڵەکانی) داگیری بکەن بۆ خۆیان جا هاوکات لەگەڵ (خەبەرەکەدا) ئەبو سوفیان ڕێگەی کاروانەکەشی گۆڕی ئینجا هەرکە بت پەرستە بێ باوەڕەکانی مەککە بە هەواڵەکەیان زانی بەپەلە سوپایەکی هەزار کەسیان پێك هێنا بۆ ڕزگارکردنی (قافلەکە)، ئەوجا بەرەو (بەدر) بەڕێ کەوتن جا لەڕێگادا هەواڵیان پێ گەیشت کە (قافلە) بازرگانیەکە لەدەستی موسڵمانان ڕزگاری بووەو، وا ئەگەڕێتەوە بەرەو (مەککە)، جا هەندێکیان گووتیان کەواتە با بگەڕێینەوە، بەلاّم (ئەبو جەهل) گووتی نەخێر ئێمە هاتووینەو ناگەڕێینەوە هەتا بیری بەدر بەڵکو دەگەین بە (محمد) و هاوەڵەکانی و هەموویان لەناودەبەین، بەلاّم هەندێ لە موسڵمانەکانیش بە ڕزگاربوونی کاروانەکە زۆر غەمبار بوون، چونکە کۆمەڵێکیشیان ئامادەییان نەبوو بۆ شەڕ چوونکە بێگومان ئەوان بۆ شەڕ نەهاتبوون، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوون لەجیاتی ماڵ و سامانەکەی خۆیان کە لە مەککە زەوت کرابوو لێیان (قافڵەکە) گلێ بدەنەوە هەروەکو خوای گەورە ئامارەی بۆ ئەکات و ئەفەرمووێ: ﴿ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيْتِكَ بِٱلْحَقِّ ﴾ وَقالَ الإمام الطبريُّ في تَفْسيره[1]، اَلْمعنى كَمَا اَخْرَجَكَ

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (جامع البيان ، المشهور بتفسير الطبري)، بەرگی/١٣، لاپەڕە/٣٩٤.

رَبُّكَ بِالْحَق عَلَى كُرْهٍ مِنْ فَريقٍ مِنَ الْمُؤمنينَ كذلكَ يُجادلونَكَ في الحقّ بَعْدَ مَا تَبَيّنَ، وَالحق الذّي كانُوا يُجادِلُونَ فِيهِ النّبيّ (ﷺ) بَعْدَ مَا تبينوهُ هُوَ القِتالُ، واتە: هەروەکو ئەوەیە کە چۆن پەروەردگار تۆی هێنایە دەرەوە لەناو ماڵەکەت بۆ جێگیربوونی حەق و راستی واتە: پێشەوا تەبەری لە تەفسیرەکەیدا ئەفەرمووێ: یانی هەروەکو خوا تۆی لەماڵی خۆت بە حەق هێنایە دەر (بۆ چوون بۆ جەنگی بەدر) دەستەیەکیش لە خاوەن باوەڕەکان ئەم هاتنەدەرەوەی تۆیان پێ ناخۆش بوو کەوا (موجادەلەت) لەگەڵ ئەکەن لەسەر ئەوەی بۆ جەنگ هاتن و نەك بۆ گلدانەوەی کاروانەکە، لەبەر ئەوە لەدڵیان گران هات بچن بەرەنگاری قورەیشیەکان ببنەوە بەو لەشکرە زۆرەوە چونکە موسڵمانەکان ژمارەین کەم بوو ، بەڵام ئەوەی راستی بێت، ئەم لەماڵ دەرچوونە شتێکی حەق و راست بوو دانایی بوو خێری تێدابوو جەنگ لەگەڵ ئەو کافرو بێ باوەڕانە کە دووژمنی خواو پێغەمبەر و ئاینی ئیسلام بوون چونکە ئەو شەڕە جوداکەرەوەی (حەق) و باتڵ بوو، ﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ۝٥﴾ أي والحال أنّ فَريقاً مِنْهُمْ كارِهُونَ لِلْخُرُوج لِلْقِتالِ العَدو خَوْفاً مِنَ القَتْلِ أوْ لِعَدَمِ الإستِعْدَاد، واتە: بەڕاستی کۆمەڵێ لە باوەڕداران دەرچوونی تۆیان پێ ناخۆش بوو هەر جەنگ کردنیان پێ ناخۆش بوو، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون بۆ جەنگ یان لەبەر هەر هۆیەکی تریش، زانایانی تەفسیر بە سێزدە یان چواردە جۆر ئەو (ئایەتەیان تەفسیر) کردۆتەوە.

(خولاصەی واتاکان)

یان پوختەی ماناکان ئەوەیە، یانی کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ویستی لە مەدینە دەربچێ بۆ گرتنی کاروانی قورەیش تاقمێ لە باوەڕداران لایان قورس و گران بوو، ووتیان ئێمە توانای جەنگی قورەیشمان نییە، ئینجا دوایی چوونە دەرەوە لەگەڵ پێناخۆش بوونیان چوونە دەرەوە لەگەڵ تاقمەکەی تردا کە پێیان ناخۆش نەبوو چوونە دەرەوە، جا لە ناوەڕاستی ڕێگەدا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی زانی کە قورەیشیەکان هاتونەتە دەرەوە بۆ کۆمەك و یارمەتی کردنی قافڵەکە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پرسی بە هاوڕێکانی کردوو یافەرمووی ئێوە چی دەڵێن...؟ بچین بۆ جەنگ لەگەڵ قورەیشیەکان یان بگەڕێینەوە بۆ (مەدینە)، جا هەندێکیان جەنگ کردنیان لا ناخۆش بوو، ووتیان دەرچوونی ئێمە بۆ ڕێگە گرتن بوو بۆ (کاروانەکەو) بەلاّم تاقمە زۆرەکەیان ووتیان ئێمە ئەچین بۆ سەر ئەو بێ باوەڕانە کاتی تووشی جەنگ هاتین بە پەنای پیرۆزکردنی خوای گەورەو پیرۆزکردنی ئایینی ئیسلامەوە جا لەپاشان هەموویان پێکەوە چوون بەلای جەنگەوەو، ڕازی بوون بەوەی کە خوای مەزن چیان بۆ ئەنجام ئەدا، جا بێگومان ئەو ئایەتە دەری خست کە هاوڕێکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەو بارەیەوە بوون بە دوو بەشەوە هەریەکەیان بە هەڵوێستێکەوە قورئانی پیرۆز ئەو ڕاستیەی ڕوون

کردەوە[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ ﴾أي يُجادِلُوكَ يا محمد في شأن الخروج للقتالِ بَعْدَ أن وَضَح لَهُم الحقّ وبان وكانَ جَدَلُهمْ قولُهم ماكان خروجنا إلاّ لِلعيرِ ولَوْ عرَفْنَا لأستعدنا للقتالِ، واتە: ئەی پێغەمبەر ئەو موسڵمانانەی کە کێشەی جەنگی بەدرت لەگەڵدا دەکەن دەربارەی سوپای قورەیش لەپاش ئەوەی بۆیان ئاشکرا بوو زانیان کە خوای گەورە بەڵێنی یەکێك لەو دوو دەسکەوتەی پێ داون ئەوجا ئێستا کاروانەکە لەکیس چووە بەلاّم تەنیا جەنگ لەگەڵ سوپاکەیان لەبەردەم دایە، چونکە ئەوان دەڵێن ئێمە ئامادەنەبووین بۆ شەڕکردن ئێمە بۆ گرتنی قافیلەکە هاتووین نەك بۆ شەڕو جەنگ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلۡمَوۡتِ وَهُمۡ يَنظُرُونَ ٦﴾ أي يكرهُونَ القِتالَ كراهةَ مَن يَنساق إلى المَوْت وهو يشاهد أسبابه ذلك لِقلّة عَدَدِهم وعدم تأهبهم، وفيه إيماء إلى أنّ مُجادَلَتُهمْ إنّما كانت لفرط فَزَعهم ورُعْبِهم، واتە: بێگومان ئەوانە وەکو ئەوانە وان کە بەرەو مردن راپێچ بکرێن چونکە بە ئاشکرا رێگای چوون بەرەو مردنیان دەبینی ، چونکە ئەوەندەیان پێ ناخۆش بوو، هەندێکیان وا گومانیان ئەبرد کە ژێر ئەکەون، لەکاتێکدا کە سەرنجی نیشانەو هۆی مردنەکەیان بدەن، ئەوان واتە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ژمارەیان زۆر کەم بوو

---

(١) بڕوانە: تەفسیری زمناکۆیی لە نووسینی (مامۆستا مەلا سەعید زمناکۆیی)، لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٩، لاپەڕە/٢٧٠.

لەچاو ئەوان، یانی لەچاو سوپاکەی بێ باوەڕان، چونکە یارو یاوەرانی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها دوو ولاخی سواریان پێ بوو چەك و ئازوقەشیان زۆر کەم پێ بوو، ئەو شەڕەش لەناکاودا رووی تێکردن، خۆ وەنەبێت ئەمە شکستی بە ئیمان و بە باوەڕی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر گەیاندبێت ، جا هەموو ئادەمیزادێك لە ئازایەتیدا وەکو یەك نین ؟ چونکە بێگومان ترسی کوژران و مردن لەهەموو ئادەمیزادێك سرووشتیە ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئیماندارانە کاتێك لە مەدینە دەرچوون خۆیان بۆ شەڕو رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپایەکی وا ئامادە نەکردبوو.

زۆربەی (ئەهلی سیرەت) و (موفەسیرەکان) [1]، ئەگێڕنەوەو درێژە بەم باس و رووداوە ئەدەن و ئەڵێن کە کاروانێکی قورەیش لە ولاتی شامەوە دەهاتەوە بۆ شاری (مەککە) ماڵ و سامانێکی زۆریان پێ بوو چل سواریش پاسەوانی کاروانەکە بوون بەسەرۆکایەتی (ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب) و عەمری کوڕی عاص و مەخزەمەی کوڕی نەوفەل و عەمری کوڕی هیشام بوون وە هەروەها حەزرەتی جوبرەئیلیش (سەلامی خوای لێبێت) هەواڵی گەڕانەوەی کاروانەکەی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش هەواڵی دا بە ئەصحابەو یارەکانی ئەوانیش پێیان خۆش بوو برۆن بۆ دەست بەسەر داگرنی کاروانەکە، چونکە ماڵ و سامانێکی زۆرو چەند کەسانێکی کەمی لەگەڵدابوو لە قورەیشیەکانی مەککەدا، بەڵام

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر لە رەوشت و ئەخلاق و غەزەواتی) پێغەمبەر (ﷺ) لە نووسینی (مەلا عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزیز)، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٥٦.

کاتێ کە پێغەمبەر و ئەسحابەکانی دەرچوون لە مەدینە ئەم هەواڵە گەیشت بەخەڵکی مەککە بەتایبەتی (ئەبو جەهل)، ئینجا ئەبو جەهل چووە سەر بانی کەعبەو بانگی کرد ئەی خەڵکی مەککە پەلە بکەن و فریای ماڵ و سامانەکانتان بکەون و راکەن بە سوارو پیادەوە، چونکە ئەگەر (محمد) و هاوەڵەکانی ئەو کاروانە رێ لێ بگرن ئەوە ئێوە دوائەکەون و قەت بەخۆ نایەنەوەو رزگارتان نابێ، ئەوجا (ئەبو جەهل) بەخۆی و بە سوپایەکی نزیکەی هەزاریەوە لە مەککەوە کەوتە رێ بەرەو سەرچاوەی بەدر[1]، ئینجا سوپای بت پەرستان بەخۆ کەوت و کەس نەما لە سەردارانی قورەیش ئامادە نەبێت یان یەکێك لەجیاتی خۆی نەنێرێ[2]، بەلام (ئەبو جەهل) نۆسەدو پەنجا کەسی بە سەد ئەسپ و حەوت سەد حوشترو رم و تیرو شیرەوە رێکخستن لەم لاوەشەوە بەتایبەتی (ئەبو جەهل) نەڕاندی و گووتی تا نەچینە سەر ئاوی بەدرو سێ رۆژان نەمینێینەوە کەیف و سەیران نەکەین و (شەڕاب و مەی) نەخۆینەوەو، دۆڵ و زوڕناو رەشبەڵەك و شایی نەکەین ناگەڕێینەوە تا (محمد) و هاوڕێکانی لەناو نەبەین ئێمە سەرفرازو ئاسوودە نابین، ئینجا هەمووشیان ئەوەندە ڕالەخۆبایی بوون، ئەوەندە بەتاوگەرم بوون، وایان دەزانی کەس نیە لەسەر ئەو زەویە بەرامبەریان

---

(١) سەرچاوەی (بەدر) کە بیرە ئاوێك بوو لە بەینی مەککەو مەدینە، ساڵێ جارێك عەرەبەکان لەو شوێنەدا گرد ئەبوونەوە.

(٢) هەروەکو (ئەبو لەهەب) ترساو نەوێرا بچێتە شەڕی بەدر (عاصی کوڕی هوشامی کوڕی موغیرەی) بەکرێ گرت و لەجیاتی خۆی هەناردیە بەرەکانی شەڕ.

بوەستێ جا بێگومان لە قورئانی پیرۆز ئامـاژەی بۆ ئـەو هەڵوێست و روداوەیـان کـردووە جـا هـەروەکو لـە دواییـدا لـە ئایـەتی ٤٧-٤٨ دەرئەکەوێ، جا لەو کاتەدا سوپاکەی قورەیش گەیشتە نزیك بەدر، بەو هـەموو هێـزو قوەتـەوە پێغەمبـەر و هاورێکـانی زۆر سـەخڵەت بـوون و خەمبار بوون ئینجا لەو کاتە تەنگاویەدا حەزرەتی جوبرەئیل بە فەرمانی خودا دابەزی بۆلای پێغەمبـەر (ﷺ) بـەڵێن و (وەعدەی) پێدا لەلایەن خوداوە یاکاروانەکەی دەست گیر ئەبێ، یا بەسەر سوپای کـافران و بـێ باوەڕاندا سـەرئەکەوێ و زاڵ ئـەبێ، سـوپاس بـۆ خـودا ئـەوجا بێگومـان پێغەمبەر (ﷺ) لەو شوێنەدا راوێـژی کـرد بـە هاورێکانی بازێکیـان لـەم راوێژەدا دڵ گران بوون و ووتیان تۆ بۆچی وەختی خۆی باسـی جـەنگت نەکردو پێت نەگووتین تا خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین؟ ئێستاکە جـەنگ بۆ ئێمە دەست نادە، ئینجا حەزرەت (ﷺ) فەرمووی ئێمە لەراستیدا بـۆ کاروانەکە هاتووین وا ئێستاکە (خەبەرمان) بۆهات کاروانەکـە لـە رێگـەی کەناری دەریاوە دەرچوون، (ئەبو جەهلیش) بە سـوپایەکی زۆرەوە کـە لە خەڵکی مەککەی کۆکردۆتـەوە بـەرەو رووسـان دێـت و وا نزیکـی ئێمـە بوونـەوە بـا بـڕۆین جـەنگیان لەگەڵدا بکـەین بـۆ خـودا، ئـەوانیش واتـە هەندێك لە هاورێکانی ووتیان نەخێر هەر با بـڕۆین بەشـوێن کاروانەکـەدا، ئەوجا بەو قسەو ووتەیان پێغەمبەر (ﷺ) رقی هەڵساو تووڕەبـوو، بـەڵام لەم کاتەدا حەزرەتی (ئەبو بەکرو عومەر) خوا لێیان رازی بێت هەسـتان و قسەی باشـیان کـردو وەڵامـی زۆر جوانیـان دانـەوە، فـەرموویان ئێمـە پێویستە لـە فـەرمانی پێغەمبـەر (ﷺ) رەفتـار بکـەین و دەرنەچـین جا

بێگومان (میقدادی کوڕی عەمر) (خوا لێی رازی بێت) هەڵساو ووتی (یا رسول الله أمْضي لَما أمَرَكَ الله فَنَحْنُ فَوَ اللهِ لاَ نقُولُ لَكَ كَما قَالَت بَنُو إسرائيلَ لِمُوسَى (عليه السلام) ﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ سورەتی/ المائدە/ ئایەتی/٢٤، ولَكِنْ نَقُولُ (إذهَب أنتَ ورَبُّكَ فقاتِلا إنّا مَعَكُما مُقاتِلُون)[١]، واتە: ئەی پێغەمبەر لەسەر ئەوە بڕۆ کە خوا پیشانی دایت ئێمە لەگەڵتاین بەخوا ئێمە قەت پێت ناڵێین وەکو بەنی ئیسرائیل کە ووتیان بە حەزرەتی موسا (علیە السلام) بڕۆ ئەی مووسا خۆت و خوایەکەت جەنگ بکەن و ئێمە لێرەدا دانیشتوین بەڵام ئێمە ئەڵێین پشت بە خوا جەنگ بکەو ئێمەش لەگەڵتا جەنگ ئەکەین[٢]، جا پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای خێری بۆ کردن و ئینجا حەزرەت (ﷺ) رووی کردە کۆمەڵی (ئەنصار)و فەرمووی (أشيروا عَلَيّ أيّها النّاسُ) واتە رای خۆتانم پێ بڵێن ئەی خەڵکینە؟ ئەوجا ئەنصاریەکان تێگەیشتن پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی ئەوانە بۆیە سەعدی کوڕی مەعاز (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی ئەی خۆشەویستی خوا، وا دیارە مەبەستت ئێمەی ئەنصاریە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەڵێ ئەوجا (سەعدیش) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی راستی بێت ئێمە بڕوامان

---

(١) رواه إبن اسحاق في سيرته، بڕوانە پەڕتوکی (السيرة النبوية لخاتم الأنبياء والرّسل (ﷺ) لإبن هشام، لاپەڕە/٢٢٧.

(٢) لەم کاتە تەنگاویەدا حەزرەتی ئەبو بەکرو عومەرو میقدادی کوڕی سەعدی کوڕی مەعاز (خوایان لێ رازی بێت) زۆر مەردانە وەڵامی پێغەمبەریان دایەوە، ووتاریان خوێندەوە لەو کاتە ناسکەداو پێغەمبەریان (ﷺ) زۆر دڵخۆش کرد.

هێناوە بەتۆو بەو دین و ئایینـەی تـۆ هێناوتـە لەلایـەن خـوداوە، چـونکە ئێمە پەیمان و بەڵێنمان داوەتە تۆ گوێڕایـەڵی تـۆ بـین ئـەی پێغەمبـەری خوا بڕۆ بۆ ئەو مەبەستەی دەتەوێ سوێند بەخوای گەورە ئەگەر داوامان لێ بکەی هەروەك و ئەفەرمووێ: (وَالذي بَعَثَكَ بالحقّ لَوْ خَضْت بِنَـا البَحْـرَ لَخُضْنَاهُ مَعَكَ فَسُرَّ بِنَا عَلَى بَرَكَةِ اللهِ فَسُرَّ رَسُول اللهِ (ﷺ) وَقَالَ لأَصْحابه سِيرُوا عَلَى بَرَكَةِ اللهِ، واتـە: سـوێند بـەو كەسـەی كـەتۆی بەهـەق رەوانـە كردووە، ئەگەر بفەرمووی بڕۆنە ناو ئەو دەریایەوە ئەڕۆینە ناوی، تـۆ بـۆ كـوێ ئەچـی ئێمـە لەگـەڵ تـۆداین و كـەوای گـووت پێغەمبـەر (ﷺ) زۆر كەیف خـۆش بـوو ئینجـا بـە ئەسـحابەكانی فـەرموو دەبـا بـڕۆین لەسـەر فەرمان و (بەرەكەتی) خودا، وە لـە (ریوایـەتێكی) تـردا حـەزرەت (ﷺ) فەرمووی (سيرُوا وَأبشيرُوا فإنّ الله قَدْ وَعَدَني إحْدَى الطّائِفَتَيْن واللهِ لَكأنّي أنْظُرُ إلى مَـصارِعِ القَـوْمِ) [1]، واتـە: بـڕۆن بـەرەو جـەنگ مـن موژدەتـان ئـەدەمێ خـوای گـەورە (وەعـدەو) بـەڵێنی داوە یـەكێكیانی لـەو دووانـە داومـێ یـان گرتنـی قافیلەكـە واتـە كاروانەكـە یـان سـەركەوتن بەسـەر سوپاكە واللە یانی سوێند بە گەورەیی خوا وەك من ئێستا بەچـاوی خـۆم تەماشای ئەو شوێنانە دەكەم كافرەكانی لێ دەكوژرێن[2].

---

(١) رواه البيهقي في سننه، هەروەها بڕوانە (تەفسیری جامع البیان)ی پێشەوا (طبري) بەرگی/١٣، لاپەڕە/٣٩٨.

(٢) جا حەزرەت (ﷺ) شوێنی كوشتنی سەرۆكەكانی (كافرەكانی) دەستنیشان كردوو فەرمووی فلان لێرە دەكوژرێ، چۆنی فەرموو هەروابوو.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەم باس و خواسەی پێشوو، وا دەرئەکەوێ کە هەندێ لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مەیل و خواستیان لەسەر جەنگ نەبوو[1]، وە لە راستیدا لەشکرەکەی حەزرەت (ﷺ) (سێ سەد و سێزدە) کەس بوون، بەلاَم (کافرو) بێ باوەڕەکان لە هەزار کەس زیاتر بوون چونکە هەموو ڕۆژێك (دە) سەر ووشتریان سەرئەبڕی و ئامادەش بوون بۆ جەنگ بەهەموو جۆرێ و بەلاَم هاوڕێکانی پێغەمبەر (ﷺ) خۆیان ئامادەنەکردبوو بۆ جەنگ و بە ژمارەش لەچاو بێباوەڕەکان زۆر کەم بوون وە پێویستیەکانی جەنگیشیان نەبوو، بەلاَم پشت و پەنایان هەر خوابوو خوای مەزن سەری خستن بەسەر بت پەرستەکان هەروەکو خوای گەورە لەو ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کردووەو ئەفەرمووێ: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ﴾ سورەتی/البقرە،ئایەتی/٢٤٩، واتە: بێگومان گەلێ بە فەرمانی خودا کۆمەڵێکی کەم بەسەر کۆمەڵێکی زۆر دا سەرکەوتن، یانی زاڵبوون و سەرکەوتن یانی زاڵ بوون و سەرکەوتن بە ژمارەی زۆرو کەم نیە بەڵکو هەر بە (ئیرادەو) فەرمانی خودایە، با بگەڕێنەوە سەر ئایەتەکانی سورەتی (ئەنفال) کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ

---

(١) ئەوەی راستی بێت، پێداویستیەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هاوڕێیانی زۆر کەم بوون بە دوو ئەسپ و حەفتا ووشتر بوون دوو سێ کس ووشترێکیان بەبەردەکەوتو بە(نۆبەت) سواری ئەبوون.

﴿إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ﴾ أي أذكرُوا حِينَ وَعَدَكُمْ اللهُ أصحابَ مُحمّدٍ إحدى الْفرقَتين إنّها لَكُمْ غنيمةً إما العيرُ أو النّفير، واتـە: لەبیرتانـە ئـەو کاتەی خوا بەڵێنی دابوو بە ئێوە ئـەی هـاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ) یـەکێ لە دوو تاقمەکەی پێدان، یانی یاد بکەنەوە کاتێك کە خوای مەزن بەڵێنی پێدان کە یەکێك لە دوو کۆمەڵەکان بۆ ئێوەبێ واتە ببێتە دەستکەوتتان، ﴿وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ﴾ أي وتُحبُّونَ أنْ تُلْقُوا الطائفة التي لا سلاح لَها وَهيَ العيرُ لأنّها كانَتْ مُحملة بتجارة قوريش، واتە: لەکاتێکدا کە ئاواتە خواز بوون کاروانە بێ چەك و بێ درك و ئاسانەکەتان دەست بکەوێت یانی ئێوە خۆزگەتان دەخواست و پێتـان خـۆش بـوو ئـەوەی درکـی پێوەنیـە بـۆ ئێـوەبێ چـونکە بـێ درکەکـە کاروانەکە بـوو، هـەروەها بـە درکەکـەش سـوپاکە بـوو ﴿وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ ۝٧﴾ أي يَظْهِـر الـدّينَ الحَقّ وهـو الإسـلام بِقَتـل الكُفـار وإهلاكِهـمْ يـومَ بَدرٍ فيُهْـزِمَهُمْ الكـافرينَ بإهلاكِهِمْ، واتە: خواش دەیەوێ (وەعـدەو) بەڵێنەکـەی خـۆی بـچەسپێنێ جا دەیەوێ دینی حـەق و راسـت کـە ئـاییني ئیسلامە زاڵ بکـات بەسـەر (کافرەکانەوە)، هەروەکو لەشەڕی بەدردا زۆریان لێ کوژرا[1]، جا خـوای گەورە دەیەوێ رەگ و ریشەی بێ باوەڕانیش دەربێنێ و بنەبڕی بکـات و

---

(١) زۆربەی(سیرەت نووسەکان) ئەڵێن (کافرە) بێ باوەڕەکان (٧٠) کەسیان لەسەرکردەکان کوژران و (٧٠) شیان لێ بەدیل گرتن و ئەوانی تر هەڵاتن و بەزین.

دوايان ببڕێت، هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿ لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨﴾ ﴾أي اختار اللهُ لَكُمْ القتال ليظهر عِزّة الإسْلام وَالمُسْلِمينَ والمراد إظهار الإسلام وَإبطال الكُفرِ أي وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ذَلِكَ أي إظْهار الإسلام وإبطال الشرك، واتە: خودا دەیەوێت لەگەڵ بێ باوەڕاندا بجەنگن و جیهادیان لەگەڵدا بکەن (نەك قافلەکەتان) دەست بکەوێت تا حەق و ڕاستی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە سەربکەوێت و بچەسپێت وە (شیرك و کوفر) و بتپەرستی پوچەڵ ببێتەوەو تیا بچێت و ئیسلام دابمەزرێنێ و بڵاوی بکاتەوە و (شیرك و کوفر)و بێ دینی لەناو بەرێ و پوچەڵیان بکاتەوەو هەرچەندە (کافر) و بێ باوەڕو یاخی بووان و سەرپێچی کاران پێیان ناخۆش بێ.

(دوعاو پاڕانەوەتان لە خوا گیرا بوو خودا بەهاناتانەوە هات فریشتەی بۆ ناردن لە جەنگی بەدر)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن کە هاناتان بۆ خودای پەروەردگار برد خواش دوعای قەبوڵ کردن و بەتایبەتی ئی پێغەمبەر (ﷺ) کە خوای مەزن هات بە هاناتانەوەو فەرمووی ئەوا بەشوێن یەکدا هەزار فریشتە دەنێرم بۆ یارمەتیتان جا هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەبارەی ئەو ئایەتانەی کە لەدواییدا باسی دێت ئینجا (ئیبن و جەریرو ئیبن و ئەبی حاتەم) لە حەزرەتی عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە ئەڵێن کە ڕۆژی (جەنگی بەدر) هات و بەرپابوو

پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی کردە (ئەصحابەکانی) چاوێکی پێ خشاندن ژمارەیان کەمە لەچاو دووژمن دا کە (٣١٣) کەس بوون وە بۆشی دەرکەوت کە (موشریك و کافرەکان) ژمارەیان لەهەزار کەس زیاترەو ئینجا حەزرەت (ﷺ) ڕووی کردە (قیبلەو) واتە ڕووگەو (عەبایەکەی) بەسەر شانیەوەبوو[1]، هەروەها فەرمووی: (اللهُمَّ أنْجز لي مَا وَعَدْتَني اللهُمَ إن تُهْلِكَ هذه العَصَابَةَ مِنْ أهْلِ الإسلامِ فَلاَ تَعْبدَ في الأرْضِ أبَداً)[2]، واتە: خوایە (وەعدە)و بەڵێنەکەی خۆتم بۆ جێ بەجێ بکەو خوایە گەر ئەم تاقمەو دەستەیە لەناو بچێت و ئیتر هەرگیز تۆ ناپەرسترێیت ئەوجا ئەم ئایەتانە دابەزی و هاتە خوارێ و فەرمووی ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴿٩﴾﴾ أي وَاذكر وَقتَ أنْ قَامَ الرَّسُول (ﷺ) يَسْتَغيث بِرَبّهِ وَيطلب منهُ النصر على المُشركينَ فاستجابَ اللهُ دعاءَهُ وأمدَّكُمْ بالفٍ من الملائكةِ

---

(١) هەندێ لە (ئەهلی سیرەت) ئەگێڕنەوە حەزرەت (ﷺ) هێندە دەستی پیرۆزی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە تا (عەباکەی) سەر شانی بەربۆوە، ئینجا حەزرەتی ئەبو بەکر عەباکەی داناوە سەر شانی پیرۆزی و باوەشی لێ وەرهێنا و فەرمووی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پاڕانەوەت لە خوا بەسەو خوای گەورە بەڵێنەکەت جێ بەجێ دەکات.

(٢) رواه الامام مسلم في صحيحه والإمام أحمد في مسنده.

متتابعينَ يقاتلُونَ إلى جانب المؤمنينَ[1]، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـیر بکەرەوە لەو کاتەی هاوارتان لـە پـەروەردگارتان دەکـرد ئـەوجا ئـەویش وەڵامی دانەوەو فەرمووی بێگومان کە من یارمەتی دەری ئێوەم بە هەزار فریشتە یەك لـەدوای یـەك بـۆ فریاکـەوتنتان وە جـەنگیان ئـەکرد لەتـەك ئیماندارو موسڵمانەکان، مەبەست ئـەو فریـشتانەی کـە خـودا کردنـی بـە یارمەتیدەری موسڵمانان لە جـەنگی بـەدردا، جـا بێگومـان لـە تەفـسیری (حاشـیەی صـاوی) لەسـەر جـەلالین دا[2]، هـەروەها حـەزرەت (ص) ئەفەرمووێ: (وَرَدَ أن جُبريلَ (عليه السلام) نَـزَلَ بخمـسمائةٍ وَقَاتَـلَ بِهَـا في يَمن الجَيْشِ[3]، وَنَزلَ ميكائيل (ع) بخمـسمائةٍ وَقاتـل بِهَـا يَـسار الجَـيْش)، واتە: بێگومـان وارد بـووە کـەوا حـەزرەتی جوبرەئیـل (سـەلامی خـوای لێبێـت) پێـنج سـەد (مەلائیکـەی) واتـە فریـشتەی لەگەڵـدابوون لـەلای راستەی لەشکری (صەحابەکان) واتە: هاوەڵانی پێغەمبەر جەنگی دەکرد هـەروەها حـەزرەتی میکائیـل (سـەلامی خـوای لێبێـت) پێـنج سـەد (مەلائیکە) واتە فریشتەی لەگەڵدابوون لەلای چـەپی جـەنگی دەکـرد، وە جگە لەم فەرموودەیەی پێـشوودا لـە صـەحیحی بوخاریـدا هـاتووە کـەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (هـذا جُبْريـلُ أخِـذٌ بـرأسِ فَرَسـهِ عَلَيْـهِ أداةُ الحَـرْبِ) واتـە: ئەمـە حـەزرەتی جوبرائیلـە(ع) سـەری ئەسـپەکەی خـۆی

---

(١) مُردفين: أي مُتَتابعينَ يتبع بَعْضَهُم بعضاً، واتە: هەزار فریشتە یەك لەدوای یەك دەنێرم بۆ یارمەتیدانتان.

(٢) بڕوانە: (حاشیەی صاوي عن الجلالين)، بەرگی/٢، لاپەڕە/١١٨.

(٣) رواه الامام البخاري في صحيحة.

گرتـووەو کاروبـاری جـەنگ بـەڕێوە ئـەبات و جـێ بـەجێی ئـەکات، جـا بێگومان لە گێڕانەوەیەکی (صەحابیەکا) پێشەوا (موسلم لـە صـەحیحدا) هێناویەتی ئەفەرمووێ یەکێ لە یارانی حەزرەت (ﷺ) بـەدوای (کافرێـك) بە پەلە غاری دەدا بیکوژێ ئینجا لەناکاو یەکێك قامچیەکی لـە (کـافرە) بێ باوەڕەکە داو کوشتی، ئەوجا گوێشی لەسوار ئەسپەکەبوو دەیگـووت (أقدِمْ حَيْزُم) واتە بەرەوپێش برۆ ئەی (حەیزوم)، یـانی (حـەیزوم) نـاوی ئەسپی فریـشتەکەبوو، ئـەوجا ئەصـحابەکە ئـەوەی بـۆ حـەزرەت (ﷺ) گێڕایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (صَدقْتَ ذَلكَ هُوَ منْ مَدَدِ السَّماءِ الثَّالثَةِ)[1]، واتە: راست دەکەی ئـەوەیان لـە یارمەتیـدەرەکانی ئاسمـانی سێیەمە، جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْـرَىٰ وَلِتَطۡمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمۡۚ وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾ أي وَمَـا جَعَـلَ الله إمْـدَادكُم بالملائكَـة سَـبَباً لعـزّتكُمْ وَنَصْرَتِكُمْ إنّما هُوَ مُجرّد بشارة لَكُمْ بالغلبةِ وَلِتسكن بهذا الإمداد نفوسكم وليسَ النَـصرُ في الحَقيقـةِ إلاّ مِـنْ عنـد اللهِ العلـي الكـبير فتقـوا بنـصره ولا تَعْتَمـدوا علـى عـدَّتكم وَقـوتكم لأنّ رَبّكُـمْ غَالـبٌ لاَ يُغلـب حكـيمٌ في صُـنْعه وَتَـدبيرِه، واتـە: خـوا ئـەوەی هـەر بـۆ ئـەوە کـرد کـە ببێتـە مـوژدەی سەرکەوتنتان، واتە: ئەو ناردنی فریـشتە نـە هـەر موژدەیـەك بـوو هـەتا دڵـەکانتان (قـایم) و دامـەزراو بێـت و تـرس و بـیم لـە دڵتانـدا نـەمێنێت،

---

(١) رواه الامام مسلم فى صحيحه.

چونکە بێگومان سەرکەوتن هەر بەدەست خودایەو لەلایەن ئەو زاتە بالآ دەستە دەبەخشرێت، جا بێگومان لەڕاستیدا و لە (حەقیقەتدا) سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر (کافر)و بێ باوەڕاندا تەنها بەدەستی خودای مەزنەو جگە لەو کەس هیچی پێ ناکرێت و چ فریشتەو غەیری فریشتە، جا بێگومان هیچ سەرکەوتنێك نیە مەگەر لەلایەن پەروەردگارەوە نەبێت ئەوجا بەڕاستی ئەو خودایەکی خاوەن هێزو بەتوانایە وە هەروەها خاوەنی (حیکمەتە)و کاربەجێیەو کاری بێ هوودە ناکات هەموو شتێك لە جێگای خۆی دائەنێ بەرێك و پێکی.

(زۆربەی ئەصحابەکان لەرۆژی بەدرا خەویان لیکەوت)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِذْ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ ﴾أي يُلقي عليْكُم النّومَ أمناً مِنْ عِنْدِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعالى، وهذهِ مُعْجِزَةٌ لِرَسُول اللهِ حَيثُ غَشى الجميعَ النومَ في وقت الخَوْف، واتە: ئێوەی هاوڕێکانی پێغەمبەر بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە خوا ڕژاندی بەسەر ئێوەدا وەنەوەز و نوعاس[1]، ئێوەی داگرتبوو کە بە ڕۆژێ پێش جەنگەکە بە خەوە نووچکە یا (خەوە کوتکە) چونکە شەوی پێش ڕۆژی شەڕەکە هەندێك لە موسڵمانەکان ترس و بیم دایگرتبوون، ئینجا ئەو شەوە خەویان هات، وەنەوزێکیان هاتێ ئەویش (موعجیزەی) حەزرەتی پێغەمبەر بوو (ﷺ) کە تووشی ئەو حاڵەتە بوون جا ئەبو یەعلی لە

---

(١) نُعاس: واتە: شێوە خەوتنێکە پێش خەوتنی تەواو روو لە ئادەمیزاد دەکات، بەکوردی وەنەوزی پێ ئەڵێن یان خەوە حوتکە.

موسنەدا ئەگێڕێتەوە لە حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێ لەم ڕۆژەدا هەموو خەومان لێکەوت بەس پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) ئەو لەبن درەختێکدا هەر نوێژی ئەکرد هەتا بەیانی لەخزمەت خوای پەروەردگار (دوعای) ئەکردو دەپاڕایەوە داوای (نەصرەت) و یارمەتی لەخوای گەورە ئەکرد، ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ١١﴾أي وَيُنزّل الله عليكم مِنَ السَّماءِ ماءً لِيُطْهرَكُمْ بِهِ مِنَ الأحداثِ وَالجناباتِ وليدفع عنكم وَسوَسةَ الشيطّانِ وتخويفه لَكُمْ من العَطَشِ وليقوّي قلُوبكم بالثِّقةِ بِنَصر الله ويُثَبّتَ بالمطرِ الأقدام حتّى لا تَسُغَ بالرّملِ[1]، واتە: خوا وای کرد لە ئاسمانەوە بارانیان بەسەردا باری تاکوو خۆیان بشۆن و خۆیان خاوێن و پاك بکەنەوەو خۆیان لە پیسی شەیتان ڕزگار بکەن[2].

---

(١) قالَ إبن عباس (رضي الله عنهما) كانَ المُشرِكُونَ سَبَقُوا المُسلمين إلى الماءِ بِبَدر، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەڵێت بێ باوەڕەکان پێش موسڵمانەکان گەیشتبوونە سەر ئاوی بەدر بەڵام لەدواییدا خوای گەورە بۆ یارمەتیدەری موسڵمانەکان بوو بارانی بۆ ناردن ئینجا ئەوانیش ئاوی بارانەکەیان خەزن کردو جا لە پاشان خۆیان پێ کردەوەو ئەیان خواردەوەو دەستنوێژیان پێ هەڵئەگرت.

(٢) هەروەکو بەکوردی پێی دەڵێن (شەیتانی بوون) یانی تووشی (غوسلی) جەنابەت هاتبوون، ئینجا لەپاشان خۆیان خاوێن و پاك کردەوە لە پیسیدا.

(پوختەی ووتەکان)

هەروەکو (موفەسیرەکان) ئەفەرموون جا بێگومان ئەوەی راستی بێت، ئەو شەوە خەویان لێکەوت و تووشی وەنەوەز بوون هەندێك تووشی (جەنابەت) و لەش پیسی بوون، ئینجا شەیتان وەسوەسەی هێرشی بۆ هێنان ئایە ئێوە چۆن دەتوانن بەرامبەر دووژمنێکی وا زۆرو گەورە بوەستنەوە، لەکاتێکدا کە ئێوە کەمن و لەشیشتان پیس بووە، لە شوێنێکی رەمل و لماوی وادان کە مرۆڤ و ئینسان پێی دەخزێت لەسەری، ئەوجا ئایەتەکە ئەمە پوختەی راڤەکەیەتی کە خوای گەورە دەفەرموێت: (بیربکەنەوە چۆن خوا وەنەوزەی بۆ ناردن تا ترسی دڵتان دامرکێت و ترس و بیمتان نەمێنێ و ئینجا بارانی باراند بەسەرتاندا تا لە لەشپیسی خاوێن و پاك ببنەوەو (وەسوەسەی) شەیتانتان لێ دوور بخاتەوە، وە زەوی بتوانن بەچاکی بەسەریدا برۆن و پێتان نقوم نەبێ و رەمل و لماویەکەشی بەهۆی ئەو بارانەوە یەك بگرێت و (جێگای پێتان قایم بێت) و خاکەکەش توندو تۆڵ بێت بۆ ئەوەی لەکاتی جەنگدا بتوانن بەچاکی لەسەری برۆن و پێتان نقوم نەبێ.

(خوای گەورە نیگا بۆ فریشتەکان ئەکا کە یارمەتی پێغەمبەر و هاوەڵانی بدەن)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ ﴾أي تذكيرٌ للمؤمنينَ بنِعْمةٍ أخرى عليهم أي أذكروا حينَ يوحي رَبُّكَ إلى الملائكةِ بأنّي مَعَكُمْ بالعَوْنِ والنّصرِ، واتە: ئەی پێغەمبەر باسی

ئەو کاتە بکە یانی نازو نیعمەتی دووەم کە خوای مەزن لەگەڵیانی کرد واتە بیرتان بێت کە پەروەردگارت (وەحی) یانی نیگای بۆ فریشتەکان کرد کە بچن هاوکارییان بکەن، وەمن بێگومان بەڕاستی خۆشم لەگەڵتانم ﴿ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ ﴾ أي ثَبِّتُوا المُؤمنينَ وقَوّوا أنْفُسَهُم عَلَى أعْدائهم سَأقذِفُ في قُلبِ الكافرينَ الخَوْفَ وَالْفَزَعَ حَتّى يَنْهَزِمُوا، واتە: بڕوادارەکان دامەزراو بکەن و دڵییان بەهێز بکەن یانی دڵی موسڵمانەکان (قایم) بکەن لەسەر (جیهاد) کردن و تێکۆشان دایانمەزرێنن، منیش خۆم زۆر ترس و بیم ئەخەمە دڵی (کافرو) بێ باوەڕەکانەوە هەتا هەڵبێن و جەنگیان پێ نەکرێت و بڕەڤن و ببەزن، ﴿ فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴿١٢﴾ ﴾ (أي فاضْرِبُهم على أعْنَاقِهم وَاضْرِبُوهُمْ عَلَى أطرافِ أصابِعِهم وَالحكمةُ في ذكر البنان وهيَ أطرافُ الأصابعِ أنّ المَحاربَ إذا ضُرِبَتْ أصابِعَهُ تَعَطَل عَنِ القتالِ فأمكنَ قتلهُ أوْ أسْرهُ)، واتە: ئەی فریشتەکان بەتوندی لەسەریان بدەن بە شمشێر یان لە مل و گەردنیان بدەن هەموو سەرە پەنجەکانیان بپەڕێنن و هەتا لەکار دەکەون چونکە (حیکمەتەکەی) ئەوەیە هەروەکو (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەگەر پەنجەکانیان نەمێنێ لەکار ئەکەون و شەڕیان پێ ناکرێت و ئەکوژرێن، واتە سەرو دەستیان بپەڕێنن هەتا جەنگیان پێ نەکرێ و بەئاسانی بکوژرێن یان دیل بکرێن، بەهەر کام لەوانە تەفسیر کراوە.

(تێبینیەکی گرنگ)

(ئـەهلی سـیرەت) ئەفـەرموون ئـەوەی ڕاسـتی بێـت (صـەحابەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) کوژراوی مەلائیکەیان واتە فریشتەیان بـەوە دەناسـیەوە کە لە گەردەن و ملیان درابوو لە جومگەکانیان درابـوو[1]، ئینجـا شـوێنی لێدانەکەش وەك داغکردنی ئاگر سووتابوو جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾ ﴾أي ذَلِكَ العذابُ الشّديدُ الفضيعَ لَهُمْ بِسَبَبِ أنّهُم عَادُوا وَحَارَبُوا اللهَ وَرَسُوله وَمَنْ يخالفُ أمر اللهِ ويعادي شريعتهُ ودينهُ فإنّ عَـذاب اللهِ أليمٌ وَبَطْشَهُ شَديدٌ، واتە: بێگومان ئەو حالەتەش بۆیە بەسەر (کافرو) بـێ باوەڕەکانـدا هـات چـونکە ئـەوان دژایـەتی و سەرپێـچی خـواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وەستاون، وە وازیان لە شوێن کەوتن و بڕوا هێنان و خوا پەرسـتی و بەرنامـەو شـەریعەتەکەی هێنـا، واتـە: هەرکەسـێکیش دژی خوداو پێغەمبەرەکـەی بێـت ئـەوە بێگومـان خـودا بەتونـدی سـزای

---

(١) جا بێگومان (سیرەت) نووسان دەڵێن هەرکاتێك موسڵمانێك شوێنی (کافرێك) دەکەوت پێش ئەوەی بیگاتێ سەری لەلاشەی جیا دەبۆوەو دەکەوتە سەرزەوی، هەروەها (عەبدوڵلای کوڕی عەباس) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەسحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەیانوون ئێمە بەدوای گەلێ لە قورەیشیگیەکان دەکەوتین بەڵام پێش ئەوەی شمشێری ئێمەی بگاتێ دەکەوتنە سەر زەوی و دەکوژران ئینجا بەوە بۆمان ڕوون بۆوە کە خوا فریشتەکانی لە هیمدادمان هەناردووەو جەنگمان لەگەڵ ئەکەن، بڕوانە: (سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕەهبەر) لە نووسینی (مەلا عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزیز)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٨٦.

دەدات، یانی خودا هەر تۆڵەی لێ دەستێنێت و زاڵ دەبێت بەسەر ئەوانەدا کە سەرپێچی و دژایەتی دەکەن، جا بێگومان هیچ شتێکی لەدەست دەرناچێت، چونکە بەڕاستی خودا تۆڵەی زۆر بەهێزەو سەختگیرە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ ﴿١٤﴾ ﴾أي ذلكُمْ العقاب فذوقوهُ (يا مَعشَر الكُفّار) ولَكُمْ عذاب الدُّنيا عذاب النّار (الذّي يهونُ عذاب الدّنيا أمامهُ) مَعَ أنّ لَكُمْ العِقاب الآجل في الآخرةِ وَهُوَ عذابُ النّارِ، واتە: ئەی بێ باوەڕینە بەم شکست و سزایە تۆڵەی خۆتان بچێژن، یانی لە دنیادا ئەو سزایە بچێژن و ئەی گرووهی بێ باوەڕان جگە لەمەش بێگومان لەرۆژی دواییدا ئاگری دۆزەخ دانراوە بۆتان ، چونکە دڵنیابن لە قیامەتدا سزای دۆزەخم هەیە ,ئەگەر بەردەوام بن لەسەر کوفرو بێ باوەڕی و بێ دینی لە قیامەتدا ئەو سزایەتان دەدەم کە بۆم ئامادەکردوون کە سزایەکی کوشندەو نەبڕاوەیە و هەتا هەتایی.

(هەڵاتن لە بەرامبەر سوپای دووژمنی کوفر و بێ باوەڕاندا قەدەغەیەو ڕەوا نییە)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لە ئایەتەکانی پێشوودا خوای گەورە فەرمانی بە خاوەن باوەڕەکان کرد کە بە شمشێر لەسەرو گەردن و ملی بێ باوەڕان بدەن هەروەها دەست و قاچ و سەرپەنجەکانیان ببڕن و بقرتێنن ئەوجا یاسایەکی بۆ شەڕو جەنگ ڕۆنکردەوە ئەویش ئەمەبوو کە درووست نیەو (حەرامە) و قەدەغەیە کۆڵدان و هەڵاتن بەرامبەر بە

(کافرانی) بێ باوەڕو دووژمنی خواو پێغەمبەر (ﷺ) وە درووست نیە و ڕەوا نیە کۆڵدان و هەڵاتن بەرامبەر بە (کافران) دا، مەگەر بۆ فڕوفێڵ و بەرژەوەندی شەڕو جەنگەکەبێ ئەوە درووستە و زیانی نیە هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ (الْحَرْبُ خَدْعَةٌ) مُتفقٌ عَليهِ، واتە: حەرب لەگەڵ کافراندا بە فڕوفێڵ ئەنجام بدرێ قەیناکە، چونکە شەڕ پیلان و فرت و فێڵی تێدا درووستە و ڕەوایە، جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ ﴾ أي إذا لقيتمّ أعدائَكُمْ الكفّار في المَعْرَكَةِ وكأنَّهُمْ لِكَثْرَتِهم يَزْحَفُونَ زَحْفاً نحوكم فَلاَ تَنْهَزِمُوا أمامَهُمْ بَلْ اصْبُروا وَأثْبُتُوا، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بە خواو بە پێغەمبەر هێناوە، هەرکاتێ لە مەیدانی جەنگدا تووشی (کافرو) بێ باوەڕان بوون بەزۆری هێرشیان بۆ هێنان و هێدی هێدی یا کەم کەمە لێتان نزیك دەبوونەوە، هەرچەندە ئەوان زۆربن و ئێوە کەم بن و لێیان مەترسن و لەبەریان ڕامەکەن بەڵکو خۆڕاگربن و جەنگیان لەگەڵدا بکەن و لێیان دەن و بیانکووژن چونکە ئێوە خوداتان لەپشتەوە لەگەڵدایە[1]، ﴿ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ ﴾ أي وَمَنْ يَنْهَزِمَ أمامَهُمْ إلاّ إذا

(١) بە حەزرەتی عەلیان گووت (خوا لێی رازی بێت) زریەکەت پشتی بەتەواوی دانەپۆشیوی فەرمووی (دەك دایکم جەرگی پێم بسوتێ ئەگەر هەڵبێم لەشەڕی (کافران) و پشتم بکەوێتە بەرامبەریان و کوڵ بدەم و رابکەم.

كانَ متوجِهاً إلى مكانٍ أصلح منهُ أوْ يَخيلّ لِعَدوه أنه مُنهزم ليَغرَّه مكيدة لَهُ أو (مُتحيزاً) أي مُنْضماً إلى جماعةٍ أخرى من المُسلمينَ ليقاتل مَعَهُم، واتە: هەرکەسێك لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا لەگەڵ کافرو بێ باوەڕەکان پشتیان تێ بکات و خۆی بدزێتەوەو یانی شوێنی خۆی چۆل بکات مەگەر بۆ (مەسڵەحەت) و ساز بداتەوە بۆ هێرش کردنەوە سەر دووژمن یان بەمەبەستی شەڕکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بێت، فێڵ لە بێ باوەڕەکان بکات بەمەبەستی غەزاکردن ئەوە دیارە لەو (حاڵەتانەدا) قەیدی نیەو با شوێن و جێ گۆڕکێ بکات خۆی بگەیەنێتە تاقمێکی تری جەنگاوەرەکان بۆ ئەوەی باشتر پێکەوە شەڕ بکەن، یان پێویست بێ بە کۆمەڵێکی دیکەوە ئەوە لەو حاڵەتانە قەیدی ناکات و زیانی نیە، بەلام ئەگەر لە ترسان کۆڵ بدات و رابکات ئەوە ئەو کاتە خوای گەورە دەرهەقی ئەفەرمووێ ﴿فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦﴾﴾ أي فَقَدْ رَجَعَ بِغَضَبٍ عَظيمٍ مِنَ اللهِ وَسكَنَهُ نارَ جَهَنّمَ، واتە: بەڕاستی ئەوە دەکەوێتە بەر خەشم و قینێکی زۆر گەورەوەو وە دەکەوێتە بەر غەزەبی خوداو لە ڕۆژی دواییشدا جێگەی دۆزەخ دەبێت[1].

---

(١) هەندێك لە (ئەصحابەکان) ئەگێڕنەوە کە مەبەست لەم ئایەتەدا پشت کردنە لە دووژمن و (کافران)، کە چەند کەسێك پشتیان کردە دووژمن و (لەشەڕی بەدرا) دوایی پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوەو تەوبەیان کرد.

(پاشکۆ)

(زۆربەی زاناکان) ئەفەرموون ئایەتەکە بەڕوونی ئەوە دەگەیەنێ کە هەڵاتن لەبەردەم دووژمن و کافرو بێباوەڕان (حەرامەو) تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان[1]، هەروەکو ئەم فەرموودە کە پێشەوا بوخاری و موسلم (ریوایەتیان) کردووە لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی رازی بێت) گووتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إِجْتَنِبُوا السّبعُ المُوبقات...الخ) واتە: دوور بکەونەوە لە (حەوت) تاوانە گەورەکان یەکێ لەو حەوتانە هەڵاتن و راکردنە لەبەرامبەر دووژمن و (کافرو) بێ باوەڕان، واتە پشت هەڵکردن لەبەرامبەر دووژمن...هتد.

(هەرچەندە حەزرەت (ﷺ) خۆڵی لەچاوی کافرەکاندا کرد بەڵام خوای گەورە لەناوی بردن؟)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەپاش رووداوەکەی جەنگی بەدر خەریك بوو هەندێ لە هاوەڵان جوامێری و قارەمانیەتی خۆیانیان لەناو خەڵکا باس ئەکرد بەڵام ئەوەی راستی بێت خودا خۆی ئێوەی سەرکەوتوو کرد و یارمەتی دان لەجەنگی بەدرا هەروەکو ئەفەرمووێ: ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ ۚ﴾ أي فَلَمْ تَقْتلوهم أيّها المسلمُونَ ببدرٍ بقوتكم وقدرتكم ولَكنَ اللهَ قَتَلَهُمْ بنَصْرِكُم عليهم وإلقاءِ الرُّعبِ في قلوبِهم، واتە: وەنەبێت ئێوە کافرەکانتان کوشتبێت بەڵکو خوای گەورە خۆی

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (تاوانە گەورەکان لە روانگەی ئیسلامەوە)، لە نووسینی (مەلا عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزين) لاپەڕە/١١٥.

کوشتبوونی و لەناوی بردوون یانی ئەی موسڵمانان ئێوە بە هێزو توانای خۆتان بێ باوەڕەکانتان نەکوشت، چونکە ئەوان لەئێوە زۆرتربوون بەڵکو خوای مەزن ئەوانی کوشت بەو سەرکەوتنەی دایە ئێوەو بەو ترس و بیمەی خستیە ناو دڵی ئەوان، جا خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ﴾ أي وَمَا رميْتَ أنتَ يا محمد حين رَمَيْتَ أعين الكُفار بِقَبْضَةٍ من ترابٍ لأنّ كَفاً واحدةً من ترابٍ لا تَصل إلى عيون الجيش الكبير بأكمله ولكنَّ اللهَ رَمَى بإيصالِهَا إليهم فالأمرُ في الحَقيقَة مِنَ اللهِ[1]، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە راستیدا تۆ ئەو چەنگە گڵەت نەهاوێشت چونکە بێگومان چەنگە گەڵێك بەشی چاوی ئەو هەموو (کافرانەی) نەدەکرد بەڵام خوای گەورە هاوێشتی، یانی (ئەی محمد) کاتێ مشتە خۆڵ و زیخەکەت بەرەو رووی بت پەرستەکان هاوێشت ئینجا هاوێشتنەکەی نەی دەتوانی بیگەیەنێت بەدەم و چاوی ئەو هەموو بێ باوەڕانەداو کە (هەزار کەس) زیاتر بوون بەڵکو بێگومان خوای گەورە بەو مشتە خۆڵە زیخە (رەمی) لێکردن و ئەوجا پرژاندی بە رووی هەریەکێ لە بێ باوەڕانداو یەك بەیەکیانی داو دەم و هەموویانی شێواند بەیەکداو هەروەها ریسوای کردن کە هێزو توانای لێبڕین و پێغەمبەر و هاوەڵانی بەسەریاندا زاڵ کرد، جا (٧٠) کەسیان لێکوشتن و (٧٠) کەسیشیان لێ بەدیل گرتن.

---

(١) بڕوانە: التفسیر الواضح المیسر، لە نووسینی دکتور شیخ محمد علی الصابونی، لاپەڕە/٤٢٨.

(سَبَبُ نزول الآية/ واته هۆی هاتنه خواره‌وه‌ی ئايه‌ته‌كه)

(وَمَا رَمَيْتَ) المشّهور عند أكثر المُفسرينَ أن هذه الآية نزلتْ في رَمي النَبّي (ﷺ) يوم بدر القَبْضَة من حَصا الوادي حينَ قَالَ للمُشركين (شَاهَت الوجوه) ورماهُمْ بتلك القبضة فَلَمْ يَبْقَ عينُ مُشركٍ إلاّ دَخَلَها منهُ شيءٌ[1]، واته: ئه‌وه‌ی (مه‌شهور) بیّ له‌لای زۆربه‌ی (موفه‌سیره‌كان) ئه‌لّێن ئه‌وه‌ی راستی بێت هۆكاری هاتنه‌خواره‌وه‌ی ئه‌و ئايه‌ته ئه‌مه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خودا (ﷺ) چه‌نگه خۆلّ و زیخ و ورده به‌ردی گرته (موشریكه‌كان) ئه‌و كاته‌ی كه هاوێشتی فه‌رمووی (ئه‌و ڕوانه هه‌ر ناشرین بن) و كوێریان بكه‌ی له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه هه‌لّگری (كوفرن) ئینجا هه‌ر یه‌ك له‌وانه پارچه زیخ و خۆلّێكی به‌ركه‌وت و له ترسانا پشتیان هه‌لّكردو ڕایان كرد[2]، بێگومان خوای گه‌وره وای كرد كه‌س نه‌بوو له‌و شه‌ڕكه‌رانه‌ی قوڕه‌یش

---

(١) بڕوانه: (التفسير المنير) له نووسينی (دكتور وهبه زحيلی)، به‌رگی/٥، لاپه‌ڕه/٢٩١.

(٢) هه‌ندێ له(موفه‌سیرانی) تر ئه‌فه‌رموون (ریوایه‌تكراوه) له‌و ڕۆژه‌دا حه‌زره‌تی جوبره‌ئيل (سه‌لامی خوای لێبێت) هاتووه بۆلای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی به‌حه‌زره‌ت (ﷺ) ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چه‌نگێ خۆلّ و خيزوو و وورده به‌رد بگره‌و بیگره ئه‌و (كافرو) بێ باوه‌ڕانه ئه‌وجا كاتێ هه‌ردوو كۆمه‌لّ تێك ڕژان فه‌رمووی به (حه‌زره‌تی عه‌لی كوڕی ئه‌بی تالّب (خوا لێی ڕازی بێت) مشتی خۆلّو خيزی ئه‌و دۆلّ و شیوه‌م پێ بده، ئه‌ویش پێی داوه و ئه‌وجا ئه‌ویش گرتیه بێ باوه‌ڕه‌كان له دووره‌وه كردنی به حه‌وادا و به‌ڕوویانداو ئینجا ئه‌و خۆلّ و خيزه چووه ناوی چاوی ئه‌و كافرانه‌ی كه خوا (ئیراده‌ی) لێ كردبێ بۆ كوشتنی ئه‌و سه‌ركرده‌و (كافرانه) وێنه‌ی (ئه‌بو جه‌هل و وه‌لیدی كوڕی موغیره‌و..هتد..) زۆربه‌یان ئیلا كوژراون، ئه‌مه‌ش (موعجیزه‌یه‌كی) حه‌زره‌تی پێغه‌مبه‌ر بوو (ﷺ) كه خوای گه‌وره بۆی ئه‌نجام دا.

کە خۆڵ وخیزی نەچوبێتە ناو لووت و چاوی، ئـەوجا چـاوی نابینـا بـووو تووشی چاو ئێشە بـووەو شـەڕی پـێ نـەکراوەو ناچـار بـووە کـە رابکـاو هەڵبێت، هەروەکو خاوەنی تەفـسیری (مـونیر) ئەگێڕێتـەوەو ئـەڵێ (روي إبن جرير الطبري وإبنُ أبي حاتم والطبراني) عَنْ حكيم بن حـزام قَـالَ لمّـا كانَ يَوْمَ بدرٍ سَمِعنا صَوْتاً وَقَعَ من السمّاءِ إلى الأرض كأنّـهُ صـوت حَـصاةٍ وقعت في طست ورميَ رسول الله (ﷺ) بتلك الحَصْباءِ فانْهزمنا فَذَلِكَ قوله تعـالى ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ﴾ واتـە: (ئـیبن و جـەریری تەبــەری و ئــیبن و ئــەبی حاتــەم و تەبــەرانی) هــەموویان (ریوایـەتیان) کـردووە لـە حـەکیی کـوڕی حیزامـەوە[1]، دەگێڕنـەو کـە گوتویەتی کە رۆژی بەدر هات دەنگی شتێکمان بیست کە لـە ئاسمانـەوە کەوتە سەر زەوی دەتگوت دەنگی وردە بـەردن دەکەونـە نـاو تەشـت و مەنجەڵـەوە، ئینجـا کـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەو وردە بەردانـەی هاوێـشت ئێمـە یەکـسەر شـکاین و هــەڵاتین و بــەزین[2]، ئەوەیـە مەبەسـت لـە فــەرموودەی خــوای گــەورە کــە ئەفــەرمووێ ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ﴾ جـا خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿وَلِيُبْلِيَ الْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَاءً حَسَنًا ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾﴾ أي وَقـد

---

(١) حەکیمی کوڕی حەزام ئەوکاتەی کە شەڕی ئەکرد لەگەڵ موسڵمانەکان ئیسلام نەبووبوو، بەڵام لەپاش شەڕی بەدردا ئیسلام بوو، (خوا لێی رازی بێت بوو).

(٢) ئەو رەمیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هاوێشتیە سەروچاوی (کافرەکان)، چ کافرێك نەبێ کە خۆڵ و خیز نەچووبێتە ناو چاوی ئەوەش یەکێك بووە لە (موعجیزەکانی) پێغەمبەری خودا (ﷺ) وەك هەموو (موعجیزەکانی) دی کە خوا بۆی ئەنجام داوە.

فَعَلَ الله ذَلكَ لِيَخْتَبر إيمان المؤمنين فَيعطيهم الأجرَ وَالنّصرَ وَالغَنيمة وَيَقْهَرَ الكافرِينَ وَيُخزِيهُمْ، واته: ئەو دەیویست خاوەن باوەڕان (تاقی کاتەوە) بەچاکی یانی بۆ ئەوەی خاوەن باوەڕان بەچاکی ئەو بەهرانەی خودیان بۆ دەرکەوێت کە پێی بەخشیون لەوانە زاڵ کردنیان بەسەر دووژمنەکانیاندا لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرانەیاندا و کەمی ژمارەی خۆیان[1]، وەك سەرکەوتن و دەستکەوت و کوشتن و دیل کردن و شکاندنی بێ باوەڕان و (زەلیل) کردنی (کافران) ، بەڕاستی خوای گەورە هەموو قسەو باسێك دەبیسێ کە هەندێ لەو قسانە پاڕانەوەو (دوعا)و نزای پێغەمبەر(ص) و هاوەڵانی بوو کە لەو رۆژەدا پێش هەڵگیرسانی شەڕ لە خودا دەپاڕانەوە، داوای سەرکەوتنیان دەکرد بەسەر دوژمندا، جا بێگومان خوای پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەهەموو شتێك و هەر قسەیەك بیکەن ئەو دەیبیسێ و گوێی لێیە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٨﴾ ﴾ أي ذَلكَ الذّي حَدَثَ من نَصرِ المُؤمنينَ وقَتلُ المُشركِينَ في بدر الغرضُ منهُ إضعاف كيد الكافرينَ حَتّى لاَ تقوم لَهُم قائمة وإبطال مؤامراتِهم الخبيثة، واته: ئەوەی کرا بۆ سەرکەوتنی ئێوەبوو، یانی (نەسرەتی) ئیماندارانی دا چونکە خوای گەورە هەمیشە بەردەوام نەخشەو پلانی (کافر)و خوانەناسان ریسواو پوچەڵ دەکات، جا خوای گەورە (خیطاب) دەکاتە (کافرو) بێ باوەڕەکانی مەککەو لەرووی سەرزەنشت و ئامۆژگاریان ئەکاو ئەفەرمووێ ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ ﴾ أي

---

(١) ئەوجا پێویستە مافو ئەو حەقانەی خودای مەزن لەبیر نەکەن کە هەیەتی بەسەریانەوە بەو شێوەیەکی تەواو شوکرو سوپاسی بەهرەکانی بکەن.

هذا خطابٌ لِلْكُفار قريش أي إن تَطلبوا يا مَعْشر الكفار الفتح والنـصرِ علـى المؤمنين فَقَدْ جاءَكُم الفتحُ وهو (الهزيمة والقهر) واته: خـوا ئـەم (خيتابـە) ئاراستەی بێ باوەڕەكانی (مەككە) ئەكاو ئەفەرمووێ : ئەی (موشريك) و بـت پەرسـتان ئەگـەر ئێـوە داوای سـەركەوتنی لايـەنی (حـەق) خـوازو چاكترين ئەكەن ئەوە خوای گەورە هەر وای كردو ئەو لايەنەی سەرخست چـونكە زۆر لـە زانايـانی حـەديس[1]، ئەگێڕنـەوە كـە بـێ بـاوەڕە قورەيشيەكان لە مەككە پێش دەرچوونيان بۆ گۆڕەپـانی (بـەدر) بـەكولْ لەخودای گەورە پاڕاونەتەوە كام لامـان (چـاكترە) ئێمـە يـا پێغەمبـەر و موسـلْمانەكان ئـەوە سـەركەوتن بـەو لايەنـە (ببەخـشە)، هـەروەها لـە (ريوايـەتێكی) تـردا ئەگێڕنـەوە كـە (قورەيـشيەكان) كـە لـە (مەككـە) دەرچوون دەسـتيان بـە (كەعبـەوە) گـرت و گوتيـان خوايـە كامـە لامـان چاكەو باشترين خەڵكە يان دين و ئاينەكەی باشترە سەری بخـە، ئينجا خوای گەورەش فەرمووی ئێوە داوای سەركەوتنتان كرد ئـەوا ديتـان كـە لايەنـە باشـەكە سـەركەوت كـە پێغەمبـەروو موسـلْمانان بـوون ﴿وَإِن تَنتَهُوا۟ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَإِن تَعُودُوا۟ نَعُدۡ﴾ أي وإنْ كفّوا يا مَعشرَ قـريش عَنْ حرب الرسّول وَمعاداته وَعَنْ الكفرِ بالله وَرسُوله فَهوَ خَيرٌ لَكُم في دنياكُم وآخـرتكُم أي وإن تعـدُوا لِحَرْبـه وَقتَالـه نُعـد لِنَـصريه وهـزيمتكم، واتـە: بەڕاسـتی ئەگـەر ئێـوە وازبێـنن لـە دوژمنايـەتی خـوداو پێغەمبـەر (ﷺ) ئەوە بۆ ئێوە باشترە واتە: ئەگەر لە جەنگ و دژايەتی پێغەمبەر ر لە بـێ بـاوەڕی خـواو پێغەمبـەر (ﷺ) وازبێـنن ئـەوە بـۆ دنيـاو قيامـەتتان و

---

[1] ئەم (حەديس) و فەرموودەيە ئيمام (ئەحمەدو نسائي) لە تەفسير ئەگێڕنەوە، وە (حاكميش) لە كتێبی (مُستدرك) دا هێناويەتی‌و باسی كردووە.

قازانجتانە وە ئەگەر بشکەڕێنەوە سەر شەڕو جەنگ و ئاژاوە بۆ موسڵمانان، وە ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆ سەرخستنی (پێغەمبەر و هاوەڵەکانی) وەك ڕۆژی بەدرتان لێ ئەکەینەوە ﴿وَلَن تُغۡنِيَ عَنكُمۡ فِئَتُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَوۡ كَثُرَتۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٩﴾﴾ أي لَنْ تدفعَ عَنْكُم جماعتكم التّي تَسْتَنجِدُونَ بِهَا شَيئاً من العذاب والبلاء مَهْمَا كَثُرَ الأعوانُ والأنصار لأنَ اللهَ سُبحانَهُ وتعالى مَعَ المُؤمنينَ بالنصّرِ والعوْنِ وَالتأييد وَمَنْ كان اللهُ مَعَهُ فَلَنْ يُغلَبَ أبداً، واتە: بێگومان ئەوەی ڕاستی بێت هەرگیز دەستەو کۆمەڵەکەتان سوودی هیچ شتێکتان پێ ناگەیەنن و بەرگری هیچ سزاو زیانێکتان لێ ناکات هەرچەندە کۆمەڵ و دەستەکەتان زۆربێ نابێ ئێوە بە ژمارەی زۆری خۆتان هەڵبخەڵەتێن چونکە ئەگەر زۆریش بن سەرناکەون، وەکو (ڕۆژی جەنگی بەدر) خۆتان دیتتان، چۆن دەستەو بەستەکەتان تەفرو تونابوون و هیچ کەڵکی نەبوو بۆتان، وە باش بزانن خودا یارمەتیدەری موسڵمانانە چونکە بێگومان خوای گەورە لەگەڵ باوەڕداراندایەو هاوکارییان ئەکاو یارمەتیان ئەدات، چونکە بێگومان ئاشکرایە سەرکەوتنی (حەقیقەت) بەدەست خودایە و کێی بووێ سەری ئەخاو زاڵی ئەکا بەسەر دوژمندا، هەروەها خاوەن ئیمان و باوەڕداران سەرئەخا بەسەر بت پەرستانا وەکو لە جێگایەکی تردا ئەفەرمووێ ﴿وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾﴾ سورەتی الصافات، ئایەتی/١٧٣، واتە: بەڕاستی هەر لەشکری خوا زاڵ و سەرکەوتووە بەسەر دوژمناندا.

(پێویستە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بین (ﷺ))

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾أي دومُوا يا مَعشر أهل الأيمـان عَلَـى طَاعـةِ اللهِ وَرَسُـولِهِ وَلا تُعْرِضُـوا عَنْـهُ بِمُخالَفَـةِ أمـرِه وَأنْـتُمْ تَسْمَعُونَ القرآنَ والمواعِظَ، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پێویستە گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانی خـوداو پێغەمبـەر خـودا بـن، وە بـەپێی ئـەو فەرمانانە ژیانتان ببەنە سەرو هەرگیز لامەدەن و پشتیان تێ مەکەن یـان بـەردەوام بـن لەسـەر گوێڕایـەڵی بـۆ فـەرمانی خـوداو پێغەمبـەری خـودا ملکەچ بن و پشتی تێ مەکەن ڕووی لێ وەرمەگێڕن بێ فەرمانی مەکـەن، لەکاتێکـدا کـە ئێـوە قورئـان ئەبیـستن واتـە: تـەنها بیـستنی ئایـەت و فەرموودەکانی خـوا لـە قورئانـدا کـە موعجیزەیـەکی ئاشـکرایەو گومـانی تێدانیە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٢١﴾ ﴾أي لا تَكون كالكُفّار الفجار الذّين سَمِعُوا الهُدى والقرآنَ بآذانهم دونَ قُلُوبِهمْ فَلَم يَتّعظوا وَلَـمْ يَنْتَفِعُـوا فَمَـنْ لَـمْ يَنْتَفـع من الكلام فَهُوَ بمنزلة الأنعام، واتـە: وەك ئـەو (موشـریك) و بـێ باوەڕانـە مەبن کە گووتیان چوو بە گوێمانا یانی وەك ئەو کەسانەش مەبن بەسـەر زارەکی و هەر بە زووبان دەیانگووت تێگەیشتین و بیـستمان گوێڕایـەڵین لەکاتێکـدا ئـەوان نابیـستن و بەتایبـەتی ئـەو قورئانـەو ئـەوان بـەجۆرێ سوودی لێ وەربگـرن و ببیـستن و کـەڵکی لـێ وەربگـرن و بـەڵام ئـە وان وەکــو ئــاژەڵ خۆیــان کــەڕوو لاڵ کــردووەو دڵ و مێــشکی خۆیــان

داخستووه[1]، جا بێگومان خوای گەورە ئەوە رادەگەیەنێ کە ئەوان لە ئـاژەڵ بـێ عـەقڵ تـرن و بەدبـەخت تـرن و بـێ هۆشـترن هـەروەکو ئەفـــــەرمووێ: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلۡبُكۡمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ ۝٢٢﴾ أي إنّ شَرّ المَخلُوقات وَشرّ البهائمِ التّي تدبُّ عَلى وجه الأرض الصمُّ الذّينَ لايَسْمَعُونَ الحَقَّ البُكْمُ الذّينَ لاَ يَنْطِقُونَ بكلمة التوحيد السُّفهاءُ الذّين فَقَدُوا العَقْلَ فَصَارُوا كالدّواب[2]،واتە: بێگومان لە ڕاستیدا خراپترین ئەو زیندەوەرانەی کە بەسەر زەویدا دەگەڕێن ئەو کەسانەن کە کەڕولاڵن لە ئاست حەقدا وە هەروەها دەمیان بەستراوە لەئاست ووتنی (حـەق)، لەئاسـت ووتـەی یەکتاپەرسـتی و شـایەتی دان بەسـەر پەروەردگاری خۆیان چونکە ئەوان عەقڵ و ژیری خۆیان لەدەست داوەو بەکاری نـاهێنن یـانی بـیر ناکەنـەوەو تێناگـەن و عیـبرەت وەرنـاگرن وە بەڕاستی خراپترین شت کە لەسەر زەوی دەڕوا ئەو کەسانەن کە گوێیـان لە فەرمانی خوا نیە و جیاوازی ناکەن لە نێوان چاکەو خراپـە لای خراپـە دەگـرن لـە جیـاتی ئـەوەی ڕێگـای ڕاسـت و حـەق و چـاکە بگـرن، بـەڵام خۆیان کەڕ کـردووە لـە ووتنـی ڕاسـت و درووسـت خۆیـان لاڵ کـردووە و

---

(١) عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەڵێ ئەم ئایەتە دابەزی دەرحەق چەند کەسێك لە (بەنی عەبدئەلدار) ئەیانووت ئێمە کەڕو لاڵ و کوێرین دەربارەی ئەوەی کە (محمد) هێناویەتی وەکو ئەو قورئانەی بۆی هاتووە، جا بە قەزاو قەدەری خوا هەموویان لەجەنگی بەدر کوژران کەسیان لێ ڕزگار نەبوون دوانیان نەبێ (موصعەبی کوڕی عومەیر و سویەتی کوڕی حەرمەلە) بووە.

(٢) دواب: کۆی دابەیە، هەروەها بەهەموو گیاندارێك دەوترێت کە بەسەر زەویدا بڕوات یا بخشێت، بەڵام زۆرتر بۆ ئاژەڵ و مارو مێرووله بەکاردەهێنرێت.

هیجرو بیر له هیچ شتێکی چاك ناکەنەوەو مەبەست (کافر)و خوانەناس و بێ باوەڕانە ئەوان پیسترین کەسانێکن بەسەر ئەم زەویەدا دەگەڕێن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ أي لَوْ عَلِمَ الله في هَؤلاءِ الكفّار شَيْئاً مِنَ الخيرِ لأسْمَعَهم سِماع تفهّم وتَدبرٍ فانْتَفَعُوا بحواسهم، واته: خۆ ئەگەر خوا زانیبای خێرێك بەناو چاویانەوەیە ئەوە بێگومان کارێکی دەکرد کە ووشەی (حەق) و ئامۆژگاریەکانی قورئان ببیسن، بەلاّم بۆخۆی دەزانێ کە خۆ ماندووکردن لەگەڵیان بێ کەڵك و فائیدەیە، یانی ئەگەر خودا بیزانیایە کە ئەوانە واتە ئەو (کافرانە) روودەکەنە چاکەو ئیمان دێنن و ئەوجا کاتێکی وای کە خێرو حەق کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ببیستن، بەلاّم دەزانیت ئەوانە لاملی و یاخی و ستەمکارن[1]، خۆ ئەگەر وای بکردایە گوێ بدەنە قسەی (هەق) فەرمانەکانی ئایین ئەو کاتەیش هەر سوودیان لێ وەرنەدەگرت و روویان لێ وەردەگێرا و یاخی دەبوون[2].

---

(١) ئەو فەرمودەیەی خودا، زۆر لە موسڵمانانی ئەو سەردەمە ئەگرێتەوە چونکە ئەمانە رۆژانە گوێیان لە فەرمایشتەکانی خواو پێغەمبەرە (ﷺ) بەلاّم کاریان تێ ناکات و خۆیان لە گوناە ناگەڕێنەوە.

(٢) چونکە بێگومان هەر لە ئەزەل دا خودا دەزانێ هەرگیز باوەڕ ناهێنن کەوابوو تۆش خەریك مەبە لەگەڵیان.

(ئەگەر بەدەنگی خواو پێغەمبەرەوە بچن بە دنیاو قیامەت سەربەرز ئەبن)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای گەورە لەدوای حاڵی کافرەکان ئینجا فەرمان بە بڕواداری ئەکات، بۆ ئەوەی بەسۆزو پەرۆشەوە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن (ﷺ) ئەوجا گوێڕایەڵیەکان لەبەرچاو شیرین ئەکات و ئینجا جارێکی تر بانگەوازی بۆ خاوەن باوەڕان دووبارە ئەکاتەوەو ئەفەرمووی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ أي أجيبُوا دُعاءَ الله إلى طاعتهِ ودعاء الرسُولِ إذا دعاكُمْ إلى القرآن والإيمانِ الذي بهِ تحيا النفُوس كما تحيا الأرضُ بوابل المطرِ ففي (الإيمان والقرآن) الحياة والنجاة والعصمةُ في الدّنيا والآخرة، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر وەڵامی بانگەوازو فەرمانی خوداو فەرمانی پێغەمبەری خودا بدەنەوە، و پەیڕەویان لێ بکەن هەرکاتێ بانگیان کردن بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی ئێوە دەژێنێتەوە وەکو گوێڕایەڵی لە قورئان و فەرمانەکانی خوداو غەزاو جیهاد لە پێناوی خودا بۆ سەربەرزی و بەختەوەری هەردوو دنیا هەروەها خوای گەورە بانگتان ئەکات بۆ ئەخلاق و رەوشتی بەرزو چاك، ئەوجا بێگومان (قورئان و ئیمان) و جیهاد و تێکۆشان و عیلم و زانست هەموو کارێکی خێرو چاکە دەگرێتەوە، یان کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردن بۆ وەرگرتنی دین و ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە وەکو رۆحی ئینسان وایە و زیندووتان ئەکاتەوە، یان دڵی مردوو زیندوو

ئەکاتەوە هەروەکو چۆن زەویەکی مردوو بەبارانی رەحمەت ئەژێتەوەو (ئەحیا) ئەبێتەوە، جا بێگومان پوختەی ماناکان ئەوەیە هەر کاتێ خواو پێغەمبەر (ﷺ) ئێوەیان بانگ کرد بۆ بەرنامەو (شەریعەت) و ئاینی پیرۆزی ئیسلام گەر ئێوەش بەدوای دەنگیان بچن و پەیڕەویان بکەن ئەوە بێگومان ژیانێکی بەختەوەرو خۆش و کامەرانی و سەربەرزی هەتا هەتاییتان پێ دەبەخشێ لە دنیاو قیامەتتان سەرفراز ئەبن و سەرکەوتوو ئەبن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾ أي أنّه تعالى المُتَصرّف في جميع الأشياءِ يُصَرّف القلوب كيْفَ يشاء بِمَا لا يَقدِر عَليهِ صاحِبهَا، واتە: چاکیش بزانن کە خوای گەورە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەربەست بخاتە نێوان ئادەمیزادو ئەو ئاواتانەی کە دڵ و دەروونی داگرتووە، یانی بەڕاستی بزانن کە خوای گەورە ئەکەوێتە بەینی مرۆڤ و دڵەکەیەوە کەواتە لەبیرتان نەچێت کە هەمووتان لای ئەو کۆدەکرێنەوەو پاداشت و تۆڵەش لە پەروەردگارتان وەردەگرنەوە.

(ئاگاداریەکی گرنگ)

جا بێگومان هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەفەرموون خوای بالأدەست دەکەوێتە نێوان ئارەزووی ئادەمیزادو دڵی ئادەمیزاد، یانی هەر کەسێك کە بەدوای ئارەزووی خۆی دەکەوێ تاوان و خراپە دەکات و لەسەر بێ باوەڕی دەڕوات، مانای ئەوە نیە کە هەرگیز ڕێگەی ڕاستی ناگرێ، بەڵکو خودا وادەکات دڵی لەسەر ئارەزووەکانی لابچێ و واز لە خراپە بهێنێ و

ڕێگای خواپەرستی بگرێ و خوا (هیدایەتی) بدات ، چونکە بێگومان ئینسانی وا زۆرە، لە کۆتاییشدا خوا وای کردو دڵیانی گۆڕی و هاتنەسەر ڕێگەی خواپەرستی و ڕێگەی هەق و چاکەو باشە، هەروەکو هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەگێڕنەوە لە تەفسیرەکانیان[1]، ئەڵێن کۆمەڵێك گەنج و لاو بە (سەفەر) چوون بۆ وولاتێك ئینجا سواری کەشتیەك بوون لە ئاوی (دیجلەدا) ئەوجا دەستیان بە (عارەق) خواردنەوە کردو جگە لەوەش دەستیان بە تەمبور لێدان و مۆسیقا ژەنین کرد، ئینجا دوایی ماوەیەك ڕۆیشتن گەیشتن بە کەشتیەکی ترو کە بەلای تێپەڕ بوون کۆمەڵێك گەنج و لاوی تێدابوو ئەوجا گەنجێکی (قارئ القرآن)ی تیابوو قورئانی بۆ ئەخوێندن ئەویش سورەتی ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ﴾ یان دەخوێند جا کە گەیشتە ﴿وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ﴾ ئەوجا گەنجێك لەناو گەنجە خراپەکان سۆزی دڵی هەڵساو بیرو باوەڕی گۆڕاو دڵی گۆڕا بۆلای خواناسین و خوا پەرستی و ئیتر (تەمبورو مۆسیقای) شکاندو فرێی دایە ناو ئاوی (دیجلەوە)و کەوتە خوێندنەوەی سوورەتی ناوبراو وە گەڕاوەو تەوبەی (نەسوحی) کردو بەتەواوی دەستی بە نوێژ کردو هەتا کۆچی دوایی کرد لەسەر ئایینی پیرۆزو شەریعەتی ئیسلام بەردەوام بوو، جا بێگومان زۆر کەسیش وابووە کە خوا ناس و بەدین بووە، دوایی بەدوای ئارەزوو کەوتووەو (نەفسی) خۆی بەڕەڵا کردووەو تا مردن وازی لە خواپەرستن

---

(١) بڕوانە: (تەفسیری القرآن الحکیم) المشهور بـ(تفسیر المنار)، لە نووسینی (مامۆستا محمد رشید رضا)، بەرگی نۆهەم، لاپەڕە/٣٤٠١

هێناوە، ئینجا کەس نازانێ کە لەسەر چ ڕەوشتێك بەردەوام دەبێ و ئایە دڵی دەگۆڕێ یان نا؟ هەر خوای (عالم الغیب) ئاگادارە بە کارو کردەوەو (خاتیمەی) خێرو چاکەو شەڕو خراپەی بەندەکانی خۆی، هەر بۆیەش پێغەمبەر (ص) بەزۆری ئەم (دوعاو) نزایەی دەکرد و دەپاڕایەوە لەخوای گەورەو دەیفەرموو (اللَّهُمَّ مُقَلِبَ القُلُوبِ ثَبِتْ قَلْبي على دِينِكَ) أي عَلَى شَرِيعَتِكَ، واتە: ئەی هەڵگێڕەوەی دڵان، یانی ئەی ئەو کەسەی دڵەکان دەگۆڕی دڵم لەسەر ئاینی خۆت دامەزراوو سەقامگیر بکەو لەسەر ئاین و بەرنامەی (شەریعەتەکەت) کە هێناوتە بۆ پێغەمبەرەکەت (ﷺ) ، وە هەروەها لە هەندێ (ریوایەتا) ئەگێڕنەوە (ئەصحابە)و هاوەڵان عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە بڕوامان بەخۆت و بە پەیامەکەت هەیە ئایە ترست لێمان هەیە کە پاشگەز ببینەوە؟ فەرمووی بەڵێ (إنَّ القَلْبَ بَيْنَ أصْبعَينِ مِنْ أصابِعِ اللهِ تَعالى يُقَلِّبُها)[1]، واتە: بێگومان دڵ لە نێوان دوو پەنجەی (قودرەتی) خودا دایە چۆنی بوێ ئاوا هەڵی دەسوڕێنێ.

---

(١) صحيح، أخرجهُ الترمذي برقم /٢١٤١، وأحمد/١١٢/٣ و /٢٠٧ و أبو يعلي /٣٦٨٧، وصححهُ الحاكم /٥٢٦١/١، ووافقه الذهبي، وقال الترمذي حديث حسن والصواب أنّه صحيح، له شواهد كثيرةٌ.

(لە فیتنەو بەڵا خۆتان بپارێزن یا فیتنەی گشتگیر)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوا گەورە بەندە خاوەن باوەڕەکانی ئەترسێنێ لە فیتنەی گشتگیر واتە لە تاقیکردنەوەیەك کە خراپەکارو غەیرە خراپەکار ئەگرێتەوە هەروەها تایبەتمەند نیە بۆ خەڵکی تاوانکارو بێ دین، یان ئەو کەسە لە (تاوانەکە ئەنجام دەدات) بەڵکو هەموو کەسێك ئەگرێتەوە کە (مەنع) و بەرگری لە تاوانەکە ناکاو، هەندێکی تر فەرموویانە خوای گەورە ئەیانترسێنێ لە دانیشتن و کۆتایی هێنان بە جیهادو تێکۆشان لە بەپیرەوەنەچوونی بانگ کردن بەهۆی ژیان لە سستی کردن و دواخستنی گۆڕاندان و بەرگری هەر خراپەو بێ (شەرعییەك) جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٢٥﴾ ﴾ أي أحذروا بَطْش اللهِ وانْتقامه إن عَصيْتم أمرهُ، وأمر رَسُوله وخافوا عقاب الله إن نزل بكم لا يَقْتَصِر عَلَى الظّالم فَقَط بَل يَعمُّ الصَّالحَ والطَّالِح لأنّ الظالم يُهلكُ بِظُلمه وَفجُوره وغير الظّالم يهلك بسكوته على الجريمة والعصيانِ، واتە: خۆتان بپارێزن لە کێشەو ئاشووب بەلایەك کە تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کە ستەم (ظلم) دەکەن، بەڵکو هەمووان دەگرێتەوە، جا بێگومان لە ڕاستیدا خوای گەورە زۆر بە توندی تۆڵە دەستێنێت لەوانەی کە فیتنەو ئاژاوەو ئاشوب لەنێو موسڵماناندا بەرپا دەکەن و دەگێڕن.

(پوختەی مانای ئایەتەکە)

ئەوەیە وەکو ئەفەرمووێ ئەی موسڵمانان خۆتان لە خراپە بپارێزن چونکە کەسێك خراپەو ستەم بکات هەر ئەو تووشی سزا نابێت بەڵکو خەڵکی تریش ئەگرێتەوە، گوناهبارو بێ گوناه چاك و خراپ دەگرێتەوە، هەروەکو کورد ئەڵێ (تەڕو ووشك پێکەوە دەسووتێ)، ئینجا ئەوەش بزانن کە بێگومان تۆڵەی خوا توندو سەختە ئەبێ بە هەمووبمان بزانین کە سزای خوا بەتینەو بەزەبرە بۆ ستەمکارو تاوانباران بەتوندی سزا ئەدرێن، چونکە ئەوان دەیانتوانی تاوانبار لە خراپە رابگرن، بەڵام کە دەنگیان نەکردوو رازی بوون بە زوڵم و ستەم ئەوانیش سزایان بەردەکەوێ ، هەروەکو لە فەرموودەیەکدا حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی: (إنّ النّاسَ إذا رأوا الظّالمَ فَلمْ يأخذوا عَلَى يديه أوشك أنْ يَعُمَّهم الله بعذاب مِنْ عِنْدِهِ)، رواه البخاري في صحيحه، واتە: بەڕاستی هەرکاتێ ستەمکاریان دی خراپەی ئەنجام دا ئینجا دەستیان نەگرت لە خراپەکەی، نزیکە خوای گەورە هەموویان سزا بدات لەلایەنی خۆیەوە[1].

(پاشکۆ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە لەکاتی خۆیدا

---

(١) ئەوکاتە ئەگەر بپارێنەوەش لێی وەلامتان ناداتەوە، هەر لەناو سزادا بمێننەوە، وەکو ئەمڕۆکە هەموو ئینسانێك بەچاك و خراپیەوە لەناو (فیتنە)و کێشەو ئاژاوەو ناخۆشی و (کوشتن و برین و تالآن و ئیبادەکردن دایە)، جا بێگومان رۆژانە بە ملیۆنەها دوعاو پاڕانەوەو نزا دەکرێت خوا لەکەس وەری ناگرێ لەبەر خراپی خەڵك تا (تۆبە) نەکەن و نەگەڕێنەوە سەر ئایینە راستەقینەکەی خواو پێغەمبەر (ﷺ).

بەتایبەتی بۆ ئامۆژگاری هاوەلآنی بەدر یەکان هاتۆتە خوارێ، بەلآم لەگەلێ ئەوەشدا سەد (حەیف و مخابن) لە روداوەکەی (جەمەل) دا تووشی ئەو هەموو بەلآو (فیتنەیە) بوون لەناو خۆیانداو تووشی شەڕو جەنگ هاتن جا هەروەها (ریوایەت) کراوە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانی (خوا لێی رازی بێت) ئەلێت حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: (يَكُونُ بَيْنَ النّاسِ مِنْ أَصْحَابي فِتْنَةٌ يَغْفِرُ اللهُ لَهُمْ بِصُحْبَتِهِمْ إِيّايَ يَسْتَنُ بِهِمْ فيها نَاسٌ بَعْدَهُمْ يُدْخِلُهُم اللهُ بِهَا النَّارُ)، واتە: بێ گوومان شەڕو ئاشووب لەنێوان کۆمەلێك لە هاوەلآنی من بەرپادەبێ خودا بەهۆی هاوڕێیەتیان و لەبەر خاتری من لێیان خۆش دەبێ و پاشان خەلك تر چاویان لێ دەکەن و لەنێوان خۆیاندا ئاشوب و ئاژاوە بەرپا دەکەن ئەوجا خودا دەیانخاتە ناو دۆزەخەوە، عَنْ زينب بنت جعشٍ (رضي الله عنها) أنّها سألَتْ رَسُول اللهِ (ﷺ) فقالَتْ لَهُ يَا رَسُول اللهِ أنهلك وَفينا الصّالِحُونَ قَالَ: (نعم إذا كَثُرَ الخُبْثُ) مُتفقٌ عليه، واتە: لە زەینەبی کچی جەعشەوە (خودا لێی رازی بێت) پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد ئایە ئێمە (بەهیلاك) دەچین کە پیاو چاکیشمان تێدا هەبێ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەلێ هەرکاتێ خراپە زۆر بوو.

(ئەی موسڵمانان ئێوە لەپێشدا چەند کزو لاواز بوون دواتر چۆن بوونە خاوەن هێزو دەسەڵات)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِى ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٢٦﴾﴾ أي أذكـرُوا نِعمـة الله عليكم[1]، وقتَ أن كُنْتُم ضُعفاءَ أذلة يقهركم الكفّار في أرض مكّة وينـالُوكُمْ بالأذى والمكروه تخافون من المُشركين أنْ يتخطّفوكم مِن ديـاركم فجَعَـلَ لَكُمْ مـأوى تتحـصنُونَ بـهِ مـن أعْـدَاءكم وهـو (المدينـة المنّـورة) وَقـواكُمْ ونصركم يوم بَدر حَتّى هَزمتم المُشركينَ ومنحكم غنائمهم حَلالاً طيبَـةً ولَـمْ تَكُنْ تَحلُّ لأحَدٍ مِن قبل لِتشكرُوا ربّكُمْ على نعمهِ الجليلة عليكم، واتە: ئـەو کاتە وەبیر خۆتان بێننەوە کە ئێوە ئەی موسڵمانان لـە مەککەدا کـەم و کزبـوون و زۆر لاوازو چەوسـاوەو بـێ هێزبـوون و هـەروەها لـەوە ترسـان (کافرەکـان) واتـە بـێ بـاوەڕان بتـانفڕێنن و بتـانکوژن، بـەڵام خـودا لـە مەدینەی منەوەرەدا نیشتەجێی کردن و ئێوەی (حەوانـدەوە)، هـەروەها لە جەنگی بەدر و جەنگـەکانی تـردا خـوای گـەورە ئێـوەی بـەهێزکرد وە هـەروەها یارمـەتی دان چـونکە بێگومـان زۆر هـەژارو دەسـت کـورت و نەبوون بوون، ئینجا خـوای گـەورە دەوڵەمەنـدی کـردن و (رزق) و ڕۆزی

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن رووی ئەم ئایەت و فەرمایشتەیە لەگەڵ موسڵمانانی سەردەمی پێغەمبەرە (ﷺ).

پاك و چاكی بەسەردا ڕشتن و لە پاش ئەو تەنگی و تەنگ گوزەرانیەی كە تێیدا ئەژیان خوای میهرەبان ئەوانەی بۆ كردن جا بەڵكو سوپاسی خوای گەورە بكەن لەسەر ئەو هەموو نازو چاكەو بەهرەیانەی پێی بەخشیون.

(لە دین و ئایینی خوداو پێغەمبەر (ﷺ) خیانەت و دەغەڵی مەكەن)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون لە ئایەتەكانی پێشوودا خوای گەورە باسی ئەوەی ڕاگەیاندووە كە رزق و ڕۆزی حەڵاڵ و پاك و خاوێنی داوە بە ئێوەو هەموو بەندەكانی و هەروەها بەهرەو نیعمەتی جۆراوجۆری بەسەردا باراندوون و پێی بەخشیون ئەوجا لێرەدا جڵەوگیری و (مەنعی) ئەوەیان لێ دەكات كە نەچن دەغەڵی (خیانەت) لە دەستكەوتەكانی جەنگ و هەموو جۆرە كارو فەرمانێكی خوایی و بەتایبەتی ئەركە ئایینیەكان دا بكەن و ئەنجامی بدەن، جا خوای گەورە ئەو ئایەتەی نازڵ كرد لە (شەئنی) ئەوانەی كە كزی و (خیانەت) لە خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن هەروەكو ئەفەرمووێ لەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ....الخ ﴾ قَالَ بَعْضُ المفسرين نَزَلَتْ في قِصّةِ (أبي لُبابة) وَذلِكَ حينَ حَاصَرَ رسول الله (ﷺ) يهودَ (بني قريظة) طلبُوا مِنه الصُّلحَ فأَمَرَهُمْ أنْ ينزلوا على حُكمِ (سَعدِ بن معاذٍ) فقالُوا أرْسِلَ لنا (أبا لُبابة) بن عبدالمنذر وكانَ عيالُهُ ولدهُ غلام فَبَعَثَهُ رسول الله (ﷺ) فقالُوا يا أبا لُبابة ماذا ترى؟ أَنَنْزِلَ عَلى حُكمِ سَعدٍ فأشَارَ إلى حَلْقِهِ يعني

(الذَّبح) قَالَ فَعَرَفْتُ إنّي قَدْ خنتُ اللهَ وَرَسُولَهُ ثُمَّ قَالَ واللهِ لا أذوقُ طَعاماً وَلا شَراباً حَتّى أموت أو يتوب الله عَلَيَّ فَنَزَلَتْ توبتهُ وكانَ قَدْ رَبطَ نَفْسَهُ بِسيارِيَةٍ فِي المَسجدِ فَحلَّهُ بيدهِ الكَريمة[1]، رواه إبن جرير، واته: هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەو ئایەتە دابەزی بە هۆکاری داستانی ئەبو لوبابەی کوڕی عەبدولمونزیر هاتۆتە خوارێ [2]، کە هاوپەیمانی هۆزی قورەیزەی جوولەکە بوو ئینجا لەکاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بۆلای هۆزی بەنی قورەیزە بۆ ئەوەی پابەند بن بە (حوکمی) پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان لەسەر داوای خۆیان سوڵح و ئاشتیان لەگەڵدا بکە، یان لەسەر (حوکم) و شەرەفی (سەعدی کوڕی مەعاز) کە ئەویش لەوەو پێش هاوپەیمانیان بوو جا لە قەلاکەیان بێنەدەرێ و ئەوجا ئەوان لە (ئەبو لوبابەیان) پرسی، ووتیان: (ئەبی سەعید) دەربارەی ئێمە چ بڕیارێك بدات، ئینجا ئەبو لوبابەش دەستی بۆ ملی و گەرووی خۆی برد یانی هەمووتان سەردەبڕن و دەتان کوژنەوە، کە (ئەبو لوبابە) ئەو ئاماژەو قسەیەی کرد زۆر پەشیمان بووەوە، ئینجا بەخۆی داچوەوەو بیری کردەوەو تێگەیشت کە (خیانەتی) لە خواو پێغەمبەرەکەی کردووە، ئینجا لەپاشان (ئەبو لوبابە) خۆی بە کۆڵەکەیەکی مزگەوتەوە پێچاو

---

(١) بروانە: التفسير الكبير، للإمام الطبراني، بەرگی/٣، لاپەڕە٥٢٥، هەروەها بروانە (التفسير الواضح الميسر) لە نووسینی الشيخ محمد على الصابونی، لاپەڕە/٤٣٢.

(٢) جا هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئایەتەکە بۆ هەندێ کەسانی تریش هاتۆتە خوارێ، بەڵام ئەوەی راستی بێت هەر بۆ (ئەبو لوبابە) دابەزیوەو هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە (خیانەت) ئەکەن بەهەر شێوەیەك بێ.

ووتی واللە ئەوەی خواردن بێ نایخۆم و هیچ ناخۆمەوە تا دەمرم یان خوای گەورە (تۆبەم) لێ قەبوڵ دەکات و وەرئەگرێ، ئینجا حەوت رۆژ یان نۆ رۆژ بەو حاڵە مایەوە و هیچی نەخوارد لەهۆش خۆی چوو ئەوجا خوای میهرەبان ئایەتی نازڵ کردو تۆبەی لێ قەبوڵ کرد جا پێیان گووت (ئەی ئەبو لوبابە) تۆبەت لێ وەرگیراو، ئەوجا ووتی سوێند بە خوا خۆم ناکەمەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) خودی خۆی تەشریفی نەیەتە لام بەدەستی خۆی نەمکاتەوە، خۆم ناکەمەوە، ئینجا حەزرەت (ﷺ) تەشریفی هات و بەدەستی (موبارەکی) کردیەوە، جا ئەوەش دەقی ئایەتەکەیە کە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾ أي لاَ تَخُونُوا دِينَكُمْ وَرَسُولَكُمْ بِإطلاع الكفّارِ عَلَى أسْرار المُؤْمنينَ ولاَ تَخُونوا ما أئتمَنَكُمْ عليهِ النّاسُ مِنْ أمْوالٍ وَأنْتُم تَعْلَمُونَ عَاقبةُ الخيانَةِ، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە (خیانەت) و ناپاکی لەگەڵ خوداو پێغەمبەر دا مەکەن یانی گزی و (خیانەت) لە ئاینەکەتان مەکەن، وە لە پێغەمبەر و سپاردەکانتان مەکەن هەروەها دووژمنی ئەوان مەکە یارو دۆستی خۆتان هەروەها نهێنیەکانیان لەلا بدرکێنن وە یان پلان گێڕان دژی ئایینی ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها خیانەت لە (ئەمانەت) و راسپاردەکان مەکەن بەتایبەتی لە ماڵ و سامانی خەڵکی، واتە خۆشتان چاك دەزانن کە گوناهو تاوانی (خیانەت) کردن چەند گەورەیەو مەزنە.

(پاشکۆ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون گزی و (خیانەت) لە تاوانە گەورەکانە[1]، چونکە بێگومان خیانەت گوناهی بچووك و گەورە دەگرێتەوە ئەوجا گوناهەکە هەر بۆخۆی بێ یان زیانەکەی بۆ خەڵکانی تریش بێ، جا بێگوما ن (خیانەت) رەوشتی (مونافیقەکانە) واتە دووڕووەکانە، هەروەکو چۆن ئەمانەت واتە سپاردە رەوشت و ئەخلاقی موسڵمانانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ﴾ سورەتی/ یوسف/ ئایەتی/٥٢، واتە: بەڕاستی خودا هیدایەتی ئەو کەسانە نادات کە گزی و فرِوفێڵ و خیانەت دەکەن، هەر بۆیەش پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) ئەفەرمووێ: (آيةُ المُنافقِ ثَلاثٌ إذا حَدَثَ كذب واذا وَعَدَ أخلف، وإذا أؤْتمنَ خان، وإنْ صامَ وَصلّى وزَعَمَ أنّه مُسْلمٌ) [2]، واتە: عەلامەت و نیشانەی دووڕووەکان سێ شتە ١- کە قسەی کرد درۆ بکا. ٢- کە وادەو بەڵێنی دا نەیباتە سەر و جێ بەجێی نەکات. ٣- کە ئەمانەت و سپاردەی لەلا دانرا گزی و خیانەتی لێ بکات، جا ئەو کەسەی ئەوە کاری بێ دووڕووە ئەگەر رۆژیش بگرێ و نوێژیش بکات و پێی وابێ کە موسڵمانە، وە حەزرەت (ﷺ) لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمووێ (لاَ إيمانَ لِمَنْ لا أمانَةَ لَهُ وَلاَ دينَ لِمَنْ لا عَهْدَ لَهُ) [3]،

---

(١) بڕوانە: (تاوانە گەورەکان لە روانگەی ئیسلامەوە)، لە نووسینی (مەلاعبدالرحمن مەلا طه عبدالعزيز)، چاپی سێهەم، لاپەڕە/١٥٦

(٢) رواه البخاري و مسلم عن أبي هُريرة (رضي الله عنه).

(٣) رواه إبن أبي شيبة في مسنده، والامام أحمد في سُننه/٣/١٣٥.

واتە: ئەوەی ئەمانەتی نەبێ باوەڕو ئیمانیشی نیە وە ئەوەی خاوەنی پەیمان و بەڵێن نەبێ خاوەنی ئاینیش نیە، ئەوجا بێگومان ئەوەی راستی بێت هۆیەك لە هۆیەکانی خیانەتکردن خۆشەویستی ماڵ و سامان و منداڵە، ئەوجا خوای گەورە بەندەکانی هۆشیار دەکاتەوە کە خۆیان لە زەرەرو زیانی ئەو خۆشەویستیە دوور بگرن و بپارێزن هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾ أي الأموالُ وَالأولادُ مِحْنَةٌ مِنَ اللهِ تعالى ليَخْتَبِرَكُمْ هَلْ تَفضّلُونَ المَالَ والولَدَ عَلَى عِبادَتِهِ وطاعتِهِ وَإنّما كانت فتنةً لأنّها تَشْتَغِل القَلب بالدّنيا وَتمنعهُ عن الجهادِ في سبيلِ اللهِ وثواب اللهِ وَجزاؤُهُ خَيرٌ مِنَ الأموالِ وَالأولادِ، واتە: ئەی ئیمانداران چاك بزانن کە ماڵ و سامان و منداڵەکانتان بۆ تاقیکردنەوەیە بۆ ئێوە[1]، وە بزانن بەڕاستی ماڵ و دارایی و ئەولادتان هۆی (فیتنەو ئیمتیحانن) بۆ ئێوە وە دەرچوون لەو فیتنەیە بەهەموو کەسێ ناکرێ وە دەستبەرداربوونیان زۆر گرانە، چونکە لەپێناو خۆش گوزەرانی ئەواندا نابێ واز لە خواپەرستی بهێنن و خۆتان تووشی خیانەتو گوناهوو (حەرام) بکەن، چونکە ماڵ و منداڵ وا لە ئینسان

---

(١)جا پێویستە (منداڵەکانتان) بەجوانی پەروەردە بکەن و فێری (ئەخلاق) و رەوشتی بەرزیان بکەن، هەروەها رێگای خواناسیان پێ بناسێنن لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار منداڵی لەلای دایك و باوکی زۆ رخۆشەویست کردووە ئینجا حەز دەکەن هەرچی چاکەو خۆشیە بۆیان بێننە دی، بەڵام نابێ بۆ خاتری بەرژەوەندی ماڵ و منداڵ خۆتان تووشی خیانەت بکەن و ماڵ و سامان لەخەڵك بدزن وە زەوت بکەن و خۆیان تووشی گوناهو بێ شەرعی بکەن.

دەکات کە بەتەواوی هۆگری دنیابێ، واز لە هەوڵدان بۆ دوارۆژو (قیامەت) بێنێ و واز لە خۆبەخت کردن و غەزاو جیهاد بێنێ وە بەڕاستی پاداشتی گەورە لەلای خودایە ، ئەو پاداشتە فراوان و گەورەیە شایەنی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدرێت تا خوا بەهەشتت بۆ مسۆگەر بکات، ئەوە باشترە لە هەموو ماڵ و منداڵ و سامانی هەموو دنیا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ ﴾ أي إنْ أطَعْتُمْ ربّكُمْ واجْتَنَبْتُمْ محَارِمَهُ يَجْعَلْ لَكُ نُوراً وهدايةً في قُلوبكُمْ تفرقونَ بهِ بَيْنَ الحّقِ وَالباطلِ وَالهدى والضّلالِ وَيَمْحُوا عَنْكُمْ ما صَدرَ مِنْكُمْ مِن الذّنوبِ والآثامِ ويسترهاَ عَلَيْكُمْ فَلاَ يؤاخذكُمْ بِهَا واللهُ واسِعُ الفَضْلِ عظيمُ العطاءِ، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە بەخواو بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر خۆتان لە خراپە بپارێزن، یانی ئەوەی خوا فەرموویەتی بیکەن وە ئەوەی خوا قەدەغەی کردووە لێی دووربکەونەوە، ئەوکاتە خوا وا دەکات بەتەواوی جیاوازی لەنێوان خراپەو چاکە بکەن، جا بێگومان خوا روناکیەکتان بۆ دەرەخسێنێت تا رێگەی ژیانتان بۆ رەوشن بکاتەوە، وە لە گوناهەکانی پێشووتان خۆش دەبێت و لێتان دەبوورێت وە چاوپۆشی لە کەم و کوڕیەکانتان دەکات، جا بێگومان خودا خاوەن فەزڵ و بەخششێکی گەوریەو بێ سنوورە.

(ئەو فێڵ و پیلانەی کە دژی پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامیان داو سەرنەکەوت)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون زۆربەی قورەیشیەکان بەسەرۆکایەتی ئەبوو جەهل لە (دار الندوه) کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دەربارەی حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) نەخشەو پیلانێکی وورد دابڕێژن ئەوجا لەپاش وتوویژێکی زۆر لەناویاندا بلاو بوویەوە کە بڕیاریاندا کە حەزرەت (ﷺ) بگرن و بکوژن بەلاَم خوا پیلانەکەی لێ تێکدان و حەزرەتی لێ ئاگادارکردەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبی لەجێگەی خۆی خەواندو داوای کرد لە خوا کە کوێریان بکات خواش کوێرایی هێنا بەسەر چاویاندا جا خەویان لێکەوت و هەروەکو ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ ئەکات و ئەفەرمووێ کەوا حەزرەت بەسەریانیدا خوێند: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴾ سورەتی یس، ئایەتی/٩، وە هەروەها لە ژیانی پێغەمبەری ڕێزداردا[1]، ئەڵێت لەلایەکی تریشەوە کە (کافرەکانی) قورەیش دیتیان پێغەمبەر (ﷺ) پاڵپشت و یاریدەدەری لەدەرەوەی مەککە بۆ پەیدابوون جا بێ باوەڕەکان ترسی ئەوەشیان گەیشتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆشی کۆچ بکاو جەنگیان لەگەڵ بکات بۆیە لە (دار الندوه) دا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا لەهەر بەرەبابێکی (مەککە) گەنجێکی بەهێز

---

(١) بروانە: پەرتووکی (مێرگ و گوڵزاری بەهار بۆ گەشتیارانی ژیانی پێغەمبەری ڕێزدار (ﷺ) لە دانانی مامۆستا (عبدالله عبدالعزیز، هەرتەلی)، لاپەڕە/١٥٦.

هەڵبژێرن و هەر گەنجێکیش شمشێرێکی بڕندی بدەنێ و بەتێکڕایی هەر یەکەو شمشێرێك لە پێغەمبەر (ﷺ) بدەن و بیکوژن (هەتاکو خوێنەکەی بەبەر هەموویان بکەوێ) جا بێگومان حەزرەتی جوبرائیل (علیه السلام) تەشریفی هات و دابەزی و (وەحی) و نیگای بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هێناو فەرمووی (کۆچ) بکەو لەسەر یاتاغی خۆت مەخەوە ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) مشتێ خۆڵی هەڵگرتەوەو بەسەر چاویانی پڕژاند و هەموویان لەئاستی چاویان کوێر بوون و خەویان بەسەردا هات هەروەکو لەپێشەوە ئامارەمان بۆکرد، ئیتر هەموویان بۆیان دەرکەوت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدەستیان دەرچوو خوای گەورە رزگاری کردووە، جا خوای گەورە ئەو پیلانەمان بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێت: ﴿ وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ٣٠ ﴾ (أي أذكر يا مُحمّد حِينَ تآمر عَلَيْكَ المُشْرِكُونَ في دارِ النّدْوَةِ بِمكّةَ (لِيُثْبِتوك) أي يقّيدوكَ وَيَحْبِسُوكَ أَوْ (يَقْتُلوكَ) بِضَرْبِ السَّيفِ عَلَى أيدي سُفَهاءِ مكّة أَوْ (يَخْرُجوكَ) أي يَطْرِدُوكَ مِنْ بَلَدِكَ الذّي وِلِدْتَ فيهِ وَيَحْتالُونَ ويتآمرونَ عَلَيْكَ في جناح الظّلاَمِ وَيدبرّ لَكَ رَبّكَ ما يبطل مَكْرَهُمْ ويردُّ كيدهُمْ في نحورِهم وَتدبيرهُ تعالى لَكَ أقوى مِنْ مكرهم وَأشَدُّ قُوةً وَأَبْلَغُ تَأثيراً)، واتە: خودا دەفەرمووێ بە پێغەمبەر (ﷺ) بیر بکەرەوە چۆن بتپەرستەکان پیلانیان دارێژا کە (حەپست) بکەن یا بتکوژن یان لە مەککەدا دەرت بکەن، بەڵێ ئەوانە پیلانت بۆ دەگێڕن بەلاَم خودا چاکترین نەخشەڕێژە، یانی (تەکبیر) دەکات و پلان

دادەنێ چونکە بێگومان خوای گەورە باشترین پیلان دانەرو (تەکبیر) ڕێکخەرەو دەتوانێ وابکات پیلانی ئەو بێ باوەڕانە کارت لێ نەکات و نەتوانن راتبگرن یان بتکوژن یان دەرت بکەن، جا بێگومان دڵنیاشبن خوا لەهەموو پیلان دانەرێك باشترە بۆ پووچەڵکردنەوەی فرت و فێڵی پیلان گێڕان، ئەوا خودا سەری خستیت بەسەر ئەو (بت پەرستانەدا)و ئەو هێزو توانای شکاندن و، بزانە خودا لە هەموو خاوەن بیرێ وە خاوەن تەکبیرێ بۆ دوژمنان زاناترو بەتواناترە.

(کافرەکانی قورەیش گومانیان وابوو وەك قورئان و ئایەت بهێنن بەڵام نەیانتوانی)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا قَالُوا۟ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَآ ۙ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾ ﴾ أي وإذا قُرئت آيات القرآن المبين على كفار مكّة قالوا مكابرةً وَعناداً لو أردنا لقلنا مِثل هذا الكَلام ولَوْ أردنا لَقُلْنَا مِثْلَهُ أي ما هذا القرآن الذّي تَتْلُوهُ علينا إلاّ أكاذيب وأباطيل وحكايات الأُمَمْ السّابِقة سَطرُوها وَلَيْسَ كَلامُ الله تعالى، واتە: کاتێ کە ئایەتەکانی ئێمە دەخوێندرێتەوە بۆ ئەو بێ باوەڕانە لەبەر (عینادی) و سەر ڕەقی و لوتەبەرزی خۆیان دەڵێن بەڵێ ئێمە بیستمان و گوێمان لێ بوو ئەگەر بمانەوێت ئێمەش دەتوانین وەکو ئەو قورئانە قسە ڕێك بخەین و؟ ئایاتی ئاوا بڵێین، جا ئەم قورئانە بریتیە لە کۆمەڵێك درۆو دەلەسەو چیرۆك و ئەفسانەو داستانی

پێشینان[1]، جگە لەمە هیچی تری تێدانیەو ئەمە پێ ناچێ قسەو وتەی خودا بێ، ئەوجا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکانی قورئان شێوەیەکی زۆر سەیرمان نیشان ئەدا لە بارەی (عینادی) و سەرکێشی و بێ ئیمانی ئەو (کافرانە) بەرامبەر و دژی ئەم قورئانە پیرۆزە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن کە بێژەری ئەم قسە نابەجێیانەو ئەو وتە بەدە (نەزری کوڕی حارسە) کە لەکاتی خۆیدا چووە بۆ وولاتی فارس و هەندێ چیرۆك و داستانی (ملوکەکانی) ئێرانی گوێ لێ ببوو، وە لەبەری کردبوون جا هەندێ حیکایەت و سەرگوزشتەی رۆستەم و ئەسفەندیاری وەرگرتبوو لەوانەی مێژوو زانبوون ئینجا کە گەڕاوە بۆ مەککەو دیتی پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆڕو (مەجلیسە) قورەیشیەکان قورئانیان بەسەردا ئەخوێنێ و هەروەها (نەزیریش) دەهاتە کۆڕەکەوە، ئەوجا کە حەزرەت (ﷺ) مەجلیس و کۆبوونەوەکەی بەجێدەهێشت ئینجا لەدوای پێغەمبەر ئەو (نەفرەتیە) دەهاتە کۆڕەکەوەو چیرۆکی و پاشاکانی فورسی بۆ دەگێڕانەوەجا دواتر ئەیگوت ناماقوڵی ئەکردو بەرامبەر بە قورئان و بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەیگووت توخوا کێمان داستان و چیرۆك بێژ ترین من یان (محمد) جا کافرەکانیش ئەیانگووت تۆ ، ئەوجا موسڵمانەکانیش زۆر بە ئاوات بوون کە بکەوێتە دەستیان بۆ ئەوەی بیکوژن جا بێگومان لە جەنگی بەدردا خودا کردی (نەزیریان) بەدیل گرت و کەوتە بەردەستی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا کە بە شمشێرێك لە ملی بدرێ و بکوژرێ جا فەرمانەکەی حەزرەت (ﷺ) جێ بەجێ کراو کوژراو بەدۆزەخ موشەرەف کرا.

(٣٢) ﴾ (أي قَالَ الطغاة المُشرِكُونَ إن كانَ هذا القرآن حَقاً مَنْزلاً مِنْ عِنْـدِ الله يارَب فَلَنْ نؤمن بهِ وَلَنْ نَتبعَهُ فَأنْزِلَ حَاصِـباً وحِجارةً مِـن السَّماءِ كما أنزلْتهَا على قوم لوطٍ أو أئْتِنَا بِعَذابٍ مؤلم فظيعٍ أهلكنَا بهِ)، واتە: ئەو بێ باوەڕانە گوتیان ئـەی خوایـە ئەگـەر ئـەو قورئانـە راسـتە لەلایـەن تـۆوە هـاتووە بەهـەق جـا لـە ئاسمانـەوە (بـەرد) بارانمـان بکـەو یـاخود بـا سزایەکی بەئێش لەلایەن تۆوە یەخـەمان بگرێـت یـان ئازارمـان بێنەسـەر وەکو میللەتانی پێشوو[1]، هەروەکو گەلی (لوط) پێغەمبـەرت بـەرد بـاران کرد ئەوها ئێمەش بەردباران بکە، بەمانایـەکی تـر بـێ باوەڕەکـان ئـەیان گووت پەروەردگارا ئەگـەر ئـەم قورئانـە (محمـد) ئەیخوێنێتـەوە ڕاسـتەو لەلایەنی تۆوە هاتووەتە خوارەوە ئێمە (ئینکاری) ئەکەین و باوەڕی پـێ ناکـەین دەی بـەرد ببارێنـە بەسـەرمانا لەتۆڵـەی ئـەو ئینکـارەدا یـاخود سـزایەکی سـەختمان بـۆ بنێـرە[2]،ئـەوجا خـودا لـەوەڵامی نزاکـەیان دا ئەفـــەرمووێ: ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ (٣٣) ﴾ أي إكراماً لَـكَ يـا مُحمّدْ ماكـانَ اللهُ ليُعذبهم أي أنْتَ مقيمـاً بَـيْنَ أظْهـرِهُمْ ولَـمْ تُعَـذِبْ أُمَـةً قَـطّ ونَبيُّهَـا بـينَ

---

(١) بۆ نموونە وەکو (قەوم و میللەتی نووح و میللەتی صالّح و میللەتی لوط) کە برازای حەزرەتی ئیبراهیم و میللەتی شوعەیب پێغەمبەر و .....هتد.

(٢) ئەو قسەیەش لە (ئەبو جەهل و نەزەری کوڕی حاریس) دەگێڕنەوە، ئەمەش وای دەگەیەنێ کە ئەو قورەیشیە بت پەرستانە باوەڕیان بە خوا هەبووە نەك پێغەمبەر (ﷺ).

أظهرهَا حتَّى يَخرجَ مِنهَا أي وَمَا كانَ الله لِيُعَذبَ هؤلاءِ الكُفَّار وفيهم مؤمِنُونَ يَسْتَغْفِرُونَ الله، واته: خوا ئازارو سزایان نادات ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئەوەی تۆ لەناویاندایت ناکرێ خوا سزایان بدات ئەگەرچی بۆخۆشیان داوای بکەن[1]، جا بێگومان خوای میهرەبان ئەفەرمووێت ئەی خۆشەویست مادام تۆ لەناو ئەو قەومەدای ئەوە خودا سزایەکی فەوتێنەریان بۆ نانێرێت یانی لەبەر خاتری پێغەمبەر (ﷺ) ئازاریان نادات تاکو لەناویان بمێنیٚ[2]، چونکە بەڕاستی خوا هیچ (قەومێك) واتە گەلێك ئازار نادات تاکو پێغەمبەرەکەیان لەناو بوویێ، هەرچی ئازاری بۆ ئامادەکرابیٚ یا هاتبێتە سەری لە پێشا خوا پێغەمبەرەکانی نەجات ئەداو دەرباز ئەکرد ئینجا ئازاریان هاتۆتە سەر[3]، وە ئەو بیٚ باوەڕانەش هەتا داوای عەفوو و لێبوردنیش بکەن لە تاوان و گوناه، خودا هەر ئازاریان نادات.

---

(١) لەباتی ئەوەی ئەو (کافرو موشریکانە) داوای هیدایەت بکەن ئا بەم شێوەیە داوای تیاچوونی خۆیان دەکەن.

(٢) چونکە بێگومان تۆ رەحمەت و میهرەبانی و بەزەییت بۆ هەموانە.

(٣) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەڵێن تا حەزرەت (ﷺ) لەناویان ببەیت خودای میهرەبان سزا بۆ هیچ گەل و میللەتێك نانێریٚ.

(دوای کاری خراپ خودا بێ باوەڕان سزا دەدات)

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ اللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَا كَانُوا أَوْلِيَاءَهُ ۚ إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلَّا الْمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ (أي وكيــف لاَ يعذّبونَ وَهُمْ عَلَى ماهُمْ عَلَيهِ من العتوِ وَالضّلالِ ومنع النّاسِ عن الدخولِ في الإسلام؟ وَحجّ بيت الله الحرام؟ وما كانوا أهْلاً لِولايـةِ بيـت الله الحرام مَـعَ إشراكهِم إنّما يكونُ أهلاً لهذا الشرف العظيم المؤمنـون المُتمسكونَ بِشَرع الله)، واتە: چۆن خوای مەزن سزایان نـادات و تۆڵـەیان لـێ ناسـێنێت[1]، لەکاتێکەدا ئەوان کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم ئە موسـڵمانانەی کـە دێـن بـۆ زیـارەتی (المسجد الحرام) واتـە: کەعەبـەی پـیرۆز کـە ڕێگـەی مزگـەوتی حـەرام لـە پێغەمبـەر و هـاوەڵانی دەگـرن بەتایبـەتی سـاڵی ڕوداوەکەی حودەیبیە یان خەڵك قەدەغە ئەکەن لە موسـڵمان بوونیـان و یان لە حەجی ماڵی خودا و شتی تر جا بێگومـان ئـەوان بـەو حاڵەیانـەوە هەرگیز شایستەی ئەوە نـین کـە سەرپەرشـتی کەعبـەی پـیرۆز بکـەن[2]،

---

(١) هەروەکو غەزای بەدر سزای دان لە حاڵێکدا ئەوان دەڵێن ئێمە لەزەوی حەزرەتی ئیبراهیمن لە زووەوە ئێمە (مجێوری) کەعبەین ئەوجا ڕێگەیان لە موسڵمانان دەگرت بۆ زیارەتی کەعبە.

(٢) وەلحال ئەوان بێجگە لە (فیتنەی کوفرو ئیشراك) و نامەردی خۆیان ئەوەندە بەدڕەوشت بوون کە (مەنعی) تۆو باقی موسڵمانان ئەکەن لەوەی کە لە کەعبەو لە دەوری کەعبە دابنیشن و بە ئازادی تەوافی بکەن، بڕوانە: تەفسیری نامی لە دانانی مامۆستا (عبدالکریم مدرس) ، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٨٦.

چونکە بت دەپەرستن و (موشریکن) و بیٚ باوەڕن ، جا بێگومان لە ڕاستیدا ئەوان کاربەدەست و ماف دارو خاوەنی ئەو مزگەوتە نین کە کەعبەی پیرۆزە بەڵکو کاربەدەست و مافداری ئەو مزگەوتە هەر مرۆڤی لەسەر (شەریعەت) و لەخوا ترس و خۆ پارێزەرەکانە لە بێ بڕوایی و بت پەرستیدا.

(**پاشکۆ**)

(قالَ المُفسِّرون) كان كُفّار مكّة يَقولونَ نحن ولاةُ البيت الحرام نصدُّ من نشاء ونُدخل من نشاء فَردّ الله عليهم بقولـه ﴿وَمَا كَانُوٓاْ أَوۡلِيَآءَهُۥٓ﴾ واتە: (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (کافرەکان) واتە بێ باوەڕەکان لە (مەککە) دەیانگووت ئێمە خاوەن و سەرپەرشتیاری ماڵی خواو حەرەمین ئەوجا هەر کەسێك حەزمان لێبێت ناهێڵین بێتە ناوی و هەروەها حەزیشمان لێبێت هەرکەسێ بێتە ناوی قەیناکە دەیهێڵین، ئیتر خوا ڕەدی دانەوەو فەرمووی (ئەوانە شیاوی ئەوە نین کاری کەعبەیان بەدەستەوەبێ چونکە خاوەنی بەیت نین لەکاتێکدا ئەوان بێ باوەڕن و (شەریك) بۆ خودا دادەنێن و دژایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن و دووژمنی خاوەنی کەعبەن کە خودای پەروەردگارە ، بەڵام زۆربەیان نەزان و نەفامن.

(**ئاگادارییەك**)

جا هەروەها زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەگێڕنەوەو دەڵێن بێ باوەڕە قورەیشیەکان بەڕووت و قووتی و بەچەپڵە ڕێزان و گاڵتەو (هەواو هەوەسەوە) بەدەوری کەعبەدا تەوافیان ئەکردو دەسووڕانەوە، جا لە

دواییشدا وه‌كو هه‌ندێك له‌ پاڕانه‌وه‌و نوێژیان ئه‌كرد له‌باتی (سوجده‌و ركوعیان) به‌ ڕووتی سوڕانه‌وه‌كه‌یان ئه‌نجام ئه‌دا [1]، جا بێگومان خوای گه‌وره‌ ئێمه‌ ئاگادار ئه‌كاته‌وه‌ له‌و كاره‌ خراپه‌و شه‌نیعه‌داو ئه‌فه‌رمووێ:

﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ أي ماكانت عبادتهم ودُعائُهم وَهُمْ يَطُوفُون حَولَ الكَعْبَةِ المشرفة إلا مَكاءً[2]، أي تَصفِيراً وتَصْديةً[3]، أي تَصْفِيقاً يَفعَلُونَ ذلكَ لِيُشَوِشُوا عَلَى المُسْلِمينَ صَلاتَهُمْ ، فَذُوقوا عَذابَ القَتْلِ وَالأسرِ في الدُّنيا بِسَبَبِ إجْرامكم وَعِصيانكُمْ، واته‌: بێگومان نوێژكردنی ئه‌و بێ باوه‌ڕو (بت په‌رستانه‌) له‌ كه‌عبه‌دا هیچ نه‌بوو جگه‌ له‌ فیته‌و فیكه‌و چه‌پڵه‌ لێدان نه‌بێ، ئه‌وانیش ژماره‌یه‌كی زۆر ژن و پیاویان به‌ ڕووتی به‌ده‌وری كه‌عبه‌دا ده‌سووڕانه‌وه‌، وه‌ هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر بیانبینیایه‌ موسڵمانێك ته‌واف ده‌كات ئینجا بۆ گاڵته‌ پێكردن فیته‌و فیكه‌و چه‌پڵه‌یان لێ ده‌دا ئه‌وجا ئه‌و كاره‌یان ئه‌نجام ئه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی

---

(١) قالَ إبن عباس (رضي الله عنهما) كانت قريش يطوفون بالبيتِ وهم عُراة يَصفِّرون ويصَّفقون ليشوِّشوا عَلَى المؤمنينَ عبادتهم، رواه إبن أبي حاتم، واته‌: عه‌بدوڵڵای كوڕی ئیمام عه‌باس (ڕه‌زای خوایان لێبێت) ئه‌فه‌رمووێ: قوڕه‌یشیه‌كان به‌ ڕووتی ته‌وافیان ئه‌كرد به‌ده‌وری ماڵی خودا ئه‌سووڕانه‌وه‌ به‌ فیته‌ لێدان و هه‌راو هۆریاو چه‌پڵه‌ كوتان، تا سه‌ر له‌ نوێژكه‌ران تێك بده‌ن و ڕێگا له‌ خواپه‌رستان بگۆڕن و بشێوێنن.

(٢) زانایانی (ئه‌هلی) لوغه‌ت وته‌فسیر ئه‌ڵێن (مكاءً) واته‌ فیكه‌ كێشان.

(٣) (وتَصديةِ) واته‌ چه‌پڵه‌ لێدان ، هه‌روه‌ها به‌ده‌نگی به‌رزو هه‌راوو هۆریاش ئه‌گوترێ.

موسڵمانان لە نوێژ بکەن و سەریان لێ بشێوێنن یان بەرهەڵستی کردنی موسڵمانان لە ڕێگەی خودا، واتە ئەی بێ باوەڕینە بەهۆی ئەوەی کە بێ ئیمان و بێ باوەڕ بوون ئەوجا بچێژن سزای سەخت بەوەی کە لە (بەدرا) بەسەرتان هات لە کوشتن و دیل کردن و ریسوابوون بەدەست موسڵمانانەکانی جەنگی بەدر، بەهۆی (کوفرتان) و بێ دینیتان وە لە ڕۆژی قیامەتیش پێیان دەڵێن بچێژن ئەو ئێش و ئازارەی بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەی کە کردووتانە، وە بەهۆی ئەو بڕوا نەهێنانەتانەوە.

(باسێك لە ماڵ خەرج کردنی بێ باوەڕان بۆ ڕێگری لە ڕێی خودا)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون کاتێك قورەیش تووشی شکست هاتن لە ڕۆژی بەدرا بەدۆڕاوی گەڕانەوە بۆ مەککەو (ئەبو سوفیان) بە کاروانەکەیەوە گەڕایەوە ئینجا (عەبدوڵلای کوڕی ئەبو رەبیعەو عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و سوفیانی کوڕی ئومەیە) لەگەڵ چەند پیاوێکدا لە قورەیش کە باوك و کوڕو برایان کوژرابوو لە جەنگی بەدر دا ئەمانە قسەیان لەگەڵ ئەبو سوفیان و ئەو کەسانەی کە (تیجارەتی) واتە بازرگانی قورەیشیان ئەکرد کرد ئینجا ووتیان ئەی جەماوەری قورەیش ئەوا ئەمرۆکە (محمد) پیاوە ماقوڵ و ناودارەکانی کوشتن، وە زۆریشی بەدیل گرتن ئەوجا دەبێت ئێوە بە ماڵ و سامانی خۆتان یارمەتیمان بدەن

بۆ ئەوەی لەگەڵیان شەڕ بکەین و بجەنگێین و تۆڵەی ئەو

کارەساتەیان لیّ بکەینەوە کە بەسەریان هیّنـاین ئینجـا ووتیـان خزمینـە خۆ بینیتان (محمد) چی پیّ کردین؟ ئەوجا ئەوە رۆژی هیمەت و غیرەتـە هــەروەها رۆژی هاوکــاری و کۆمەکــە بــەڵکو تۆڵــەی کوژراوەکانمــان بکەینەوە، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خواریّ و دابەزی و ئینجا خوای گـەورە دەفـــــەرمویّت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ أي يُنْفِقُـونَ أمْـوالَهُمْ وَيصرِفُونَها لمنع النّاسِ عن الدّخولِ في الإسلام فَسَيُنْفِقُونَ هذه الأمْوالِ ثـم تصير ندامةً عَليهم لأنّ أموالَهُم ذهبت ولم يَظفروا بما كـانوا يَطْمَعُـونَ فيـه، من إطفاءِ نور اللهِ ثُمَ نِهَايَتهُم الهزيمةُ والإندحار والذّينَ عاشُوا كُفاراً وَمـاتُوا عَلَى الكُفرِ ففي نار جهنّم يَجْتَمِعُونَ يُسَاقُونَ إلَيْهَـا سوقاً، واتـە: بەڕاسـتی ئەوانەی بیّ باوەڕن و ماڵ و سامانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ریّگـەگرتن لـە ریّبـازی خـودا ئینجـا بـەردەوام ئەیبەخـشن بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـەلاّم لەپاشان دەبیّتە مایەی ئیّش و داخ بۆیان و پەشیمان دەبنەوە ئینجا ماڵ و سامانەکەیان بـەخت دەکـەن بـەلاّم لـەدوایی هـەر ژیّـر دەکـەون و تیّـك دەشکیّن جا بیّگومان دڵنیابن گشت (بت پەرستان) و بیّ بـاوەڕان بـەرەو دۆزەخ ئەبریّن و کۆ دەکریّنەوە.

(پوختەی ماناکان)

جا بێگومان بەدرێژایی زەمان ئەوانەی کە ڕێبازی (کوفر)و بێ دینی دەگرنەبەر ماڵ و سامانیان سەرف دەکەن هەروەها خەرجی دەکەن بۆ ئەوەی کۆسپ بەرپا بکەن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خەڵکی لە ڕێگای خودا دوور بخەنەوە و ڕێگای موسڵمان بوونیان لێ بگرن بەڵام ئەو خەرجکردنە لەپاشان دا بۆیان دەبێتە ئاخ و داخ و خەفەتێکی زۆر ئەوجا پاش ئەوەش بێ باوەڕەکان تێك دەشکێن و موسڵمانەکان سەردەکەون، جا ئەوانەی بە ماڵ و سامانی دنیا دەیانەوێ نووری ئیسلام و ڕووناکایی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکوژێننەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابن و ئاواتکەیان نایەتەدی، جا بێگومان سەرئەنجام خوای گەورە سەرکەوتن بە ئیمانداران دەبەخشێ، هەروەها ئەوانەش کە بەردەوام دەبن لەسەر ڕێبازی (کوفر) و بێ دینی ئەوان بە (کافری) دەمرن، ئەوان ڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن و تیایدا کۆدەکرێنەوە (خوا پەنامان بدات) ئەوجا بێگومان ئەوە بڕیاری خودای باڵادەستەو سەرکەوتنی بۆ ئیمانداران داناوەو شکست و تێکشکانیشی بۆ (کافران) و بێ باوەڕان بڕیارداوە، سەرەڕای ماڵ لە کیس چوونیان و خەم و خەفەت و پەژارەیان بۆ دەمێنێتەوە چونکە سەروماڵیان چوو لە پێناوی (کوفر) و بێ باوەڕی بە خوای پەروەردگار، جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِى جَهَنَّمَ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ﭐلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ أي ليفصل الله بين المؤمن والكافر، وَالبرّ والفاجر ويجمعُ الكفار بعضهم مَعَ بعضٍ فيقذف بِهِمْ في نار جَهَنّم فَيَصْبِحُوا كالْحُطامِ والرُّكام يتراكم بعضهم فَوْقَ بعضٍ أولَئِكَ هم الكافِرُونَ في الشّقاءِ وَالخُسران، واتە: خودا دەیەوێ بەو شەڕو کردەوانەی ئەو بت پەرستانەن پیس و پاکژ لەیەك جیا بکاتەوە، وە چاك و خراپ دەرکەوێ، جا بێگومان ئەو بێ باوەڕانە لەگەڵ یەك کۆدەکاتەوەو وە لە دژی موسڵمانان یەك دەگرن دواییش لە ڕۆژی (قیامەت) دەیانخاتە دۆزەخ ئینجا خوای گەورە سەرئەنجام ناپاك و پۆخڵەکان دەدات بەسەر یەکدا لە دۆزەخداو کەڵەکەیان دەکات لەڕاستیدا ئا ئەوانە بەتەواوی خەسارەت مەندو زەرەرمەندن.

(فەرمان و لێخۆشبوون بۆ کافرەکان بەمەرجێ ئەگەر موسڵمان ببن)

جا بێگومان خوای مەزن دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی حەزرەتی محمد (ﷺ) : ﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ[1] لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ أي قُلْ لهؤلاءِ المشركينَ منْ قومك الذّينَ حَارَبُوكَ وَعادُوكَ وَأخرجُوكَ منَ الوَطنِ إنْ يَنْتَهُوا الكُفرِ وَيكفُّوا عَنْ حَرْبِكَ وقتال المُؤمنين يَغْفر اللهُ لَهُمْ ما سَلفَ من

---

(١) يُغْفَرُ: فعل مضارع مبني لِلْمَجْهُول والإسم الموصول (ما) هو نائبُ الفاعِل (والغافرُ) هو الله ، بڕوانە: التفسير المنير، ب/٥، لاپەڕە/٣٣٧.

الذّنوبِ والآثامِ وإنْ يَعُدوا إلى قتالكَ وَتكذيبكَ فقد مَضَت سُنَّة اللهِ في إهـلاك الطغـاةِ المكـذّبينَ، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـە بـیّ باوەڕەکـان بلّـیّ بێگومان ئەگەر ئێستاش دەست لە خراپەو بیّ دینی و جەنگ هـەڵبگرن و موسڵمان ببن لەهەرچی رابردوویانـە عـەفو و چاوپۆشـی دەکرێـت یـانی لـەدەرەوەی (کـوفر)و خوانەناسـیدا هـەر شـتێکیان کردبـیّ عـەفوە بـە فەرمانی خودای پەروەردگار، ئەگـەر ئەوانـە کۆتـایی ئـەهێنن بـە بڕوایـی موسڵمان ئەبن بەتەواوی خوای گەورە ئەبووریّ لێیان هەرچی لەمەوپێش کردوویانەو تێپەڕی کردووە کە هەندیّ لەو تاوانانە ئەو دوژمنایەتی و ماڵ و سامان بەخت کردنە بوو لە ڕێی گومڕاییدا ئەمەش یەکێکە لـە بـەهرەو میهرەبانیەکانی ئیسلام کە بەکاری ئەهێنن دەربارەی بەندەکانی خوا لـە لوتف و کەرەم و میهرەبانیەکەی بەزیاد بێت.

(خولاصەی ووتەکان واتە پوختەی ماناکان)

واتە: ئەی خۆشەویست (ﷺ) بەو بیّ باوەڕانە بڵیّ ئەگەر واز لەتۆو لە موسـڵمانان بێـنن ئەوانـەی کـە (شـەڕت) لەگـەڵ ئەکـەن و دوژمنایـەتیت لەگەڵ ئەکەن هەروەك چۆن تۆیان دەرکرد لە ولاّتەکـەت، بـا وازبێـنن لـە (کوفرو بت پەرستی)، واز بێنن لەجەنگ لەگەڵ تـۆ و لەگـەڵ ئیمانـداران، ئەوە بزانە خودا لـە تـاوان و ئـەو گوناهانـەی کردوویانـە لەپێشدا لێیـان ئـەبووریّ و عـەفویان ئـەکات بەمـەرجیّ نەگەڕێنـەوە سـەر بـیّ بـاوەڕی خۆیـان و سـوور بـن لەسـەر شـەڕ کـردن و دووژمنایـەتی لەگـەڵ تـۆو موسـڵمانان هـەر بـەردەوام بـن، خـۆ ئەگـەر جـارێکی تـر بگەڕێنـەوە بـۆ ئاژاوەو کوشتار و شەڕکردن کە بەسەرهاتی پێشووەکان تێپـەڕیوە چۆن

بووە بۆ وێران کردنی وولآت و لەناوبردنی ماڵ و سامانیان، یانی ئەوان چیان بەسەرهات بەسەر ئەمانیش دێت، یان ئەوەش بزانن ئەو سزاو ئازاردانەی لەمەوپێشتر رووی کردۆتە گەلانی خراپی پێغەمبەرانی پێشوو هەمان سزاو ئازار ئەمانیش دەگرێتەوە[1].

(فەرماندان بەشەڕو جەنگ بۆ کۆتایی هێنانی شیرك و بت پەرستی بۆ ئەوەی فیتنە بەرپا نەبێ)

ئەوجا خیتاب و فەرمایشتی خوای پەروەردگار ئاراستەی موسڵمانان ئەکاو ئەفەرمووێ ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾ أي قـاتِلُوا يا مَعْشر المُؤْمنِينَ أعداءَكُمْ المُشركِينَ حَتّى لايكون شِرْك ولا يعبد إلا الله وحده ولا يبقى مُشرك يُفْتَنُ المُؤْمنَ عَنْ دينه[2]، وَتَضمحِلَّ الأديان البَاطلة ويبقى الدّين الحَقّ دين الإسلام عَالياً عَلَى جميع الأديان وَيُرفْرِف شعائِرهُ[3]، وَرَاياتهُ على جميع الأقْتارِ وَالجِهات، فإن كفُّوا عَن الكُفرِ وأسلموا فالله تعالى مُطلِع على قلوبهم يثيبهم على تَوْبتهم وإسلامِهم، واته: لەگەڵیان شەڕ بكە هەتا (فیتنەو) ئاژاوە نامێنێت و دین

---

(١) بروانە ئەم تەفسیرانە ١-تەفسیری رەوشەن، لاپەڕە/٢٥٨. ٢-تەفسیری گوڵشەن، بەرگی/١، لاپەڕە/٣٩٣. ٣-تەفسیری رامان، لاپەڕە/٣٦٠.

(٢) وقيل حتى لايكون كافرٌ بغير عهدٍ لأنَ الفتنةَ إنّما تكون بان يُتركَ الكفّار بلا عَهْدٍ فَانَّ الكافر بغير عهدٍ يكونُ عزيزاً في نَفْسه يدعُوا النّاس الى دينه، بروانە التفسير الكبير للقرآن العظيم، لە نووسینی پێشەوا الطبراني، بەرگی/٣، لاپەڕە٢٦٠

(٣) شعائر الإسلام وَهِيَ (شهادَةُ أنْ لا إله إلاّ الله مُحَمّدٌ رَسُولُ الله (ﷺ)) .

گشتی ئایین و دینی خودا دەبێت ئێوەش ئەی موسڵمانان بەردەوام بەجەنگ بێن لەگەڵیان ئەگەر لە کاری خراپ و (شیرك) و کوفر دەستبەرداربوون ئەوکاتە هەرچی بیکەن خوا پێی بینایە، ئەمەش دەقی ئایەتەکەیە بەدرێژی : (ئەی کۆمەڵی ئیمانداران دژی دووژمنە (موشریك) و خوا نەناسەکان بجەنگن بۆ ئەوەی بت پەرستی و شەریك بۆ خودا دانان نەمێنێ، وە جگە لە خودا هیچ شتێکی تر نەپەرسترێ و هیچ موسڵمانێك تووشی ئاژاوەو (فیتنە) نەبێ تەنها خودا بپەرسترێ و بەس ، ئالای (لا إله إلا الله مُحَمَدٌ رَسُول الله) (ﷺ) بەرز بکرێتەوە، وە هەموو (شیعارو) پەیڕەوو پرۆگرامەکانی تر بپێچرێنەوە، وەکو ئایینی بەتاڵ و دەس لێدراوەکان نەمێنن جگە لە ئایینی ئیسلام هیچ ئاینێکی تر پەیڕەو نەکرێ بەتایبەتی ئەمە لە (کەعبەو) دەوروبەری یان لەنێو دوورگەی عەرەب ئەنجام بدرێ، هەروەکو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: (لا يَجْتَمِعُ دينان في جزيرة العرب) وە لە ریوایەتێکی تردا ئەفەرمووێ: (لا تبقينَّ في جزيرة العرب دينَيْنِ) رواه الإمام البيهقي في سُنَنه، هەر بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم فەرمانە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا (جوولەکەو مەسیحیەکانی) دەوروبەری مەدینە و شوێنەکانی تر و دەوروبەری ڕاگوێزان بۆ بشووری نیوە دوورگەی عەرەب دا (نیشتەجێی کردن جا بێینەوە سەر (تەعلیقی) ئایەتەکەی پێشوودا جا پێشەوا فخرالدّين الرّازی لە تەفسیرەکەیدا[1]، ئەفەرمووێ (وَلا يمكن حَمله على جميع البلاد إذ لو كانَ ذلك مراداً لما بَقى الكفر فيهَا مع حصُول القِتال الذّي أمر الله بهِ) فيكون الغرض من

---

(١) بڕوانە: (التفسير الكبير، المسمى بمفاتيح الغيب)، لە دانراوی: فخرالدين الرازی، بەرگی/١٥، لاپەڕە/١٦٥.

القتالِ هُوَ التَّمكين من حُرّية التَّدين فَلا يُكرهُ أحدٌ عَلَى تَرك عَقيدتـه[1]، واتـه: (ئيمـام رازى) ئەفـەرمووێ: نـاگونجىٚ ئـەم ئايەتـه وا مانـا بكـەين هەموو جيهان بگرێتەوە چونكە ئەگەر ئەوە مەبەست بوايە دەبو لـە هـيچ شوێنێك (كوفر) ئاسـەوارى نەمابايـە بەتايبـەتى پـاش ئـەنجام دانـى ئـەو جەنگـەى خـودا فـەرمانى كـرد بـە ئەنجامـدانى ، كـەوابىٚ مەبەسـت لـە جەنگان و (جيهاد) و تێكۆشان دابينكردنـى ئـازادى خوداپەرسـتيە، واتـە كـەس بـەزۆرو تـۆبزى لەسـەر ئـايينى لانـابرىٚ وەكـو لـە شـوێنێكى تـردا ئەفـــەرمووێ: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ ﴾[2]، جـــا بێگومان ئايينى ئيسلام راگەياندنێكى گشتيە بۆ ئازادى ئادەميزاد لەسەر زەوى لە بەندايەتى كردنى هەموو شتێك، جگـە لـە بەندايـەتى كـردن بـۆ خـودا ئەمـەش لـە رێگـەى راگەيانـدنى كـورت هـەڵهێنانى (ئولوهيـەت) و ربوبيەت بۆ زاتى پەروەردگارو بـەس[3]، خـاوەنى تەفـسيرى گوڵـشەن[4]، دەڵێت دەبىٚ ئێمە بزانين مەبەست لە فەرمايشتەكەى پێشوودا ئـەوە نيـە كەس بەزۆر موسڵمان بكرێـت هـەروەك هەنـدێك وا دەڵـێن، بـەلاٚم ئـەوەى پێويستە ئەوەيە رێگا بدرێت بە روونكردنەوەى ئـايينى پـيرۆزى ئيـسلام،

---

(١) بڕوانه: التفسير المنير، في العقيدة والشريعة والمنهج، لەنووسينى الاستاذ الدكتور وهبه الزحيلى، بەرگى/٥، لاپەڕە/٢٣٩.

(٢) بڕوانه: (سورەتى البقره)، ئايەتى/٢٥٦، لەبەرگى يەكەمى ئەم تەفسيرە ئەم ئايەتە راڤەكراوە.

(٣) بڕوانه: تەفسيرى رەوان، لە نووسينى مەلا محمود گەلاڵەيى، بەرگى/١٠، لاپەڕە/٣١٥.

(٤) بڕوانه: تەفسيرى گوڵشەن لە نووسينى (نظام الدين عبدالحميد) بەرگى يەكەم، لاپەڕە/٤٩٤.

تا غەیری موسڵمانانیش بەجوانی تێبگەن ئینجا پاش ئەوە هەر کەسێك موسڵمان دەبێت یان نابێت ئەوە ئارەزووی خۆیەتی و تەواو ئازادە، چونکە خودا فەرموویەتی ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ واتە ئایین زۆرە ملێی تێدا نیە و کەس بەزۆر موسڵمان ناکرێت، جا ئەگەر هێزێك یان دەسەلآتێك رێگا لە گەیاندنی پەیامی خودا بگرێت و دوژمنایەتی بکات لەگەڵ موسڵماندا پێویستە مۆڵەتیان پێ بدرێت و بەتوندی شەڕیان لەگەڵ بکرێت، تا هیچ رێگرێك نەبێت لەبەردەم گەیاندنی بانگەوازی خودا، جا بێگومان بەدرێژی مێژووی ئیسلام، هیچ کەسێك بەزۆرو تۆبزی و لەژێر فشاردا موسڵمان نەکراوەو بەڵگەش ئەو هەموو (مەسیحی و دیان و جوولەکانە) بە ئازادییەکی تەواوەوە لەسەر زەوی ولآتانی ئیسلامیدا ژیاون و بگرە ئەوانە زۆربەی لە ولآتانی ئیسلام دانیشتبوون بەتایبەتی (شارو شارۆچکەو گوندی تایبەتی هەبوو) لێی نیشتەجێ بوون کە هیچ کەسێکیش (غەدر)و شەم و زوڵمی لێ نەکردوون، ئەگێڕنەوە بارکردنی جوولەکەکان بۆ (ئیسرائیل) لە ساڵی ١٩٤٨ تاکو ساڵی ١٩٥٢ خایاندووە[1]، جا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەی دوایی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَىٰكُمۡۚ نِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ

(١) مێژوو نوسەکان ئەڵێن ژمارەی ئەو جوولەکانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٩ تا ١٩٤٥ زایینی جوولەکەکان گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل بریتی بوون لە(٣٥٢٩) کەس دوایی ساڵی (١٩٥٠) لەلایەن بەریتانیاوە، بەکوردە جوولەکەکانی کوردستان راگەیانراو کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بەرەو خاکی فەڵەستین و ئیسرائیل، بڕوانە پەرتوکی جوولەکە عەقیدەو شەریعەت و مێژوویان، لە نووسینی: بەڕێز دانا عوسمان حسن، لاپەڕە/٢٤٧.

ٱلنَّصِيرُ ﴿٤٠﴾ أي وإن أعرضوا عن الإيمانِ فَاللهُ تعالى ناصِرُكُمْ ومُعينُكم عليهم فثقوا بولايتهِ ونصرتهِ فَنِعْمَ المولى جلَّ وَعَلا ان يكونَ حَاميكُمْ وحافِظُكُمْ وَنِعم أنْ يكون النصير لكم من كانَ اللهُ مَعَهُ فَلَن يُقْهَر ولَنْ يُغلب)، واتە: بێگومان خۆ ئەگەر ئەو خوانەناس و بێ باوەڕانە هەر پشت بکەنە ئەو ئایینەو روو وەربگێڕن لەم (دینە) ئەوە ئێوەی ئیماندار چاك بزانن و دڵنیابن کە خوای گەورە پشت و پەناو یارمەتیدەری ئێوەیە هەر خۆیشی چاکترین پشتیوان و چاکترین یارمەتیدەرە، یانی خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکردو لە باوەڕ هێنان و گوێیان نەگرت ئەوجا چاك بزانن کە خوا بۆخۆی مەولاو پشتیوانتانە هەروەها خوای گەورە کۆمەك و یارمەتیدەرتانە واتە تێ جەنگن لەگەڵیان و باکتان نەبێ لێیان چونکە بێگومان هەر ئەو زاتە (حیمایە)و ئاگادارتانە و جا بەڕاستی خوا یارمەتیدەرو پشتگیری چاکە هەر کەس ئەو پشتیوانی بێت هەرگیز ژێر ناکەوێ و داماو نابێ خواش چ گەورەو مەولایەکی چاکە چ پشتیوان و کۆمەککارێکی باشە.

بە پشتیوانی خوای پەروەردگار لێرەدا جزمی نۆیەم تەواو بوو لە رێکەوتی ٢١٦/١٢/٤٧ زایینی بەرامبەر ١٤٣٧/١٢/٢٨ کۆچی ئینجا دوابەدوای ئەمە جزمی دەیەم دەست پێ دەکات ئومێدەوارم لەخوای گەورە یارمەتیم بدات بۆ تەواو کردنی ئەوەی کە ماوەو لەهەموو تەفسیری قورئان ی پیرۆز ئامین، (وصلى الله وسلم على سيدّنا محمدٍ وَعَلى آلِهِ وصحبهِ وسلم) والحمدُ لله رَبّ العالمين

جزئی دەیەم

سورەتی ئەنفال

(باسێك لە باشكردنی ماڵی غەنیمەت و فەیئ)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون لە ئایەتی پێشوودا خوای گەورە فەرمانی بە موسڵمانەكان كرد كە لەدژی بێ باوەڕو بت پەرستاندا بجەنگن هەروەها جەنگیش بەشێوەیەكی ئاسایی و عادەتی دەستكەوتی ماڵی و غەنیمەتی دەبێ و ئەوجا خوای مەزن لێرەدا باسای دابەشكردنی دەستكەوتی جەنگ دیاری دەكات بەشێوەیەكی یەكسانی و داد پەروەرانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ﴾ (أي إعْلَمُوا أيّهَا الْمُؤمِنُونَ أن أيَّ شيءٍ تَغْنِمُونَهُ في قِتالِكُمْ للأعداءِ فَالخُمسُ مِنْهُ لِلرسُولِ ولقرابتهِ مِنْ

بني هاشم وبني المُطلبيِ وَالأيتامَ وَالمسكين وإبن السَّبيل وهو الغريب المُنقطع في سفره وأربعة أخماسِ الغنيمة للمجاهدين إنْ كُنتم مؤمنين بالله)، واته: دەبێ بزانن ئەی بڕواداران ئەو دەستکەوتانەی کە لە کاتی جەنگ لەگەڵ بێ باوەڕان دەستان دەکەوێت ئینجا دەبێت بکرێنە پێنج بەش جا چوار بەشی بۆ ئێوەیە دابەش دەکرێت بەسەرتاندا هەروەها بەشێکی تریشی بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرە (ﷺ) کە ئەویش تەرخان کراوە بۆ پێغەمبەرو خزم و کەس و کاری یانی بۆ خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوانیش بریتین لە بەرەی هاشم و عەبدولموتەڵیب کە دوو کوڕی عەبدولمەنافن ئەوە رای ئیمامی شافعی و ئەحمەدو هی تریشە ، جا بێگومان ئەو پێنج بەشەی کە خودا دیاری کردووە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: بەشی یەکەمی بۆ خوداو پێغەمبەرە (ﷺ) بەشی دووەمی: بۆ ئەوانەیە کە خزمایەتیان هەیە لەگەڵ پێغەمبەری خوا [1]، بەو پێیەی کە خۆی لە قورئان فەرموویەتی بەشی سێهەم بۆ

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی راستی بێت لەدوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) بەلای ئیمامی شەفیعی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەگەڵ هەندێ لە زانایانی رێبازەکەی ئەودا هەروەکو ئایەتەکەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ پێنج یەکی دەستکەوتەکە دەکرێ بە (پێنج بەش) و بەشێك بۆ پێغەمبەرە (ﷺ) لەبەر بەرژەوەندی موسڵمانان (خەرج) دەکرێ، وەکو پێداویستیەکانی (جیهاد) هەروەها بەشێکیش بۆ خزمەکانیەتی کە ئەوان ناودارن بە (سەیید) ، لە زووەوە ئەوان (خمسُ الخمسيان) هەبووە بەدەوڵەمەندو هەژاریانەوە بەسەریان دابەش دەکرا، هەندێك تر لە زانایان ئەڵێن ئەگەر ئەوە نەما ئەوکاتە (زەکاتی) شەرعیان پێ ئەدرێ .

هەتیوانە کە منداڵانی بێ باوکن و هەروەها بەشی چوارەمیش بۆ هەژارانە ئەو موسڵمانانەی کە هەژارن و دەستیان کورتەو پێویستیان هەیە، بەشی پێنجەم بۆ ڕێبواران کە بەو موسڵمانانەی لە ماڵ و وڵاتی خۆیان دوور دەکەونەوەو پارەو پوڵیان پێ نەماوە، ئەوجا دەبێت دەستکەوتەکانی جەنگ بەو شێوەیە دابەش بکرێت[1]، نەك هەر بدرێت بەوانەی کە لە غەزاکە بەشدار بن، جا بەم شێوەیەی پێشەوە بەش ئەکرێ و ئەگەر باوەڕتان بە خوداو بەو بەرنامەیە هەیە، ﴿وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾﴾ أي وبِمَا أنْزَلْنَا عَلَى مُحمّدٍ (ﷺ) يَوْمَ بَدرٍ حِينَ إلتقى جمع المُؤمنِينَ وَالكُفّارِ فهذا حُكْمُ اللهِ فِي الغنائمِ، وَلَقَدْ كانَتْ الغَنائم مُحرّمة على الأمَمِ السّابقِين حَتّى يكون الجهاد خالصاً لوجه الله تعالى، وَأحلّه الله خاصّةً لأمّةِ المُحَمّديةِ كما جاءَ فِي الحَديثِ (وَأُحلّتْ لي الغَنائم وَلَمْ تَّحلَّ لأحَدٍ مِنْ قَبْلي) رواه البخاري، ئەم فەرمودەیە لە پێشەوە مانا کراوە، واتە: بەوەی کە ناردومانە خوارەوە بۆ سەر بەندەکانمان یانی محمد (ﷺ) مەبەست بەوەی کە هێنایە خوارەوە ئەو ئایەتانەو ئەو

---

(١) هەندێك لە زانایان ئەفەرموون لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) دەوڵەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی (شەرعیانە) دابەش کردنی ئە دەستکەوتانە ڕێك دەخات و زانایانی ئایینی دیندارو خواناسەکان (إجتهاد) دەکەن بۆ دابەش کردنێکی دادپەروەرانە یان حەواڵەی خەلیفەو ئامیری ئەو کاتە دەکرێ کە ئەو چۆنی بەلاوە باش بوو وا دابەشی دەکات.

فەرمایـشتانە بـۆ سەرخـستن و زاڵ کردنـە کـە پـەروەردگار بەخـشی و گەیاندی لەیەکەم جارەوە بـە بەنـدە بەڕێزەکـەی ، ئـەوجا بـە بـڕواداران لەژێر ئاڵاو سەرکردایەتیەکەی کە بەوانەی بەخشی و گەیاند، وە لـە ڕۆژی جیـا کردنـەوەی راسـت و ناڕاسـت دا واتـە لـە ڕۆژی بـەدر دا ڕۆژی بەیەکگەیشتنی هەردوو دەستەکە یانی دەستەی ئیمانداران و دەسـتەی (کـافران) واتـە بـێ بـاوەڕان، جـا بێگومـان خـوا توانـای بەسـەر هـەموو شتێکدا هەیە خواست و ویستی لەهەر شتێك بوو بیکات دەیکات[1].

(ڕوونکردنەوەیەکی بەسوود)

(موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون هـەر شـتێك بەشـەڕو جـەنگ دەسـت بکەوێت پێـی دەڵـێ، (غەنیمـە) بـەڵام هەرچـیەکیش بـێ جـەنگ دەسـت بکەوێت وەکو وێنەی (خەراج) و (سەرانە) ماڵی بێ میراتگر هەروەها پێی دەڵێ، (فەئی)، ئەگەرچی هەندێ لە زانایان ئـەڵێن هـەردووك وەك یـەکن، بـەڵام هەنـدێکی تـر ئـەڵێن جیـان، بەهـەر حـاڵ هـەروەکو لـە پێـشەوە ئاماژەمان بۆکرد ئەوانـە هـەردوو دەدرێنـە دەسـتی ئـەو مـیرو خەلیفـەی دادپەروەری موسڵمانان و چۆنی بە چاك زانی وا دابەشی دەکات تەنانەت

---

(١) جا بێگومان خوای پەروەردگاری باڵادەست ویستی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی سەربخات بەسەر (کافرو) بت پەرستەکان ئەگەرچی موسڵمانان ژمارەیان و تفاق و پێویستیەکانی جەنگیان زۆر کەم بوو (ئیمانداران) ژمارەی جەنگاوەرەکانیان /٣١٣، کەبس بوون، (کافرەکانیش) زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بوون ئینجا بەفەرمانی خوا توانیان /٧٠ کەسی سەرکردەیان لێ بکوژن وە هەروەها /٧٠ شیان لێ بەدیل بگرن، هەروەك و لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

جیا لە بەشی خۆی شتێکی بۆ هەڵدەبژێرێ، هەروەکو لە ڕۆژی بەدردا شمشێری (ذوالفقار) درا بە حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) دواتریش پێغەمبەر (ﷺ) بەخشی بە حەزرەتی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت).

(خوای گەورە ئیمانداره‌كانی لە بەدر سەرخست هەرچەندە ژمارەشیان کەم بوو) [1]

ئەوجا خوێنەوارە ئازیزەکانم: ئەگەڕێینەوە بۆ سەر باس و نیشاندانی ئەو ڕۆژەو ڕووداوەی جەنگی بەدر بەشێوەیەکی زۆر نایاب و ڕێك و پێك لەسەر ئەو بارو شێوەیەی کە ڕوویدا و بەدی هات، چونکە بێگومان هەرکات بیری لێ بکەینەوە، وەك لەو کاتەدا بەبەرچاوەوە بێت وایە کە بە ئاشکرا دەست و قودرەتەکەی خوای مەزن بەچاو ببیندرێ وە هەروەها بۆ ئەوەی موسڵمانان یادی نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەنەوە کە بەسەر دووژمنی سەر سەختیان دا زاڵی کردن ئەو دووژمنەی کە لەهەموو ڕووێکی ماددی و مەعنەوی دا چەك و تفاقیان زۆر ترو بەهێز تر بوون، جا خوای گەورە لە بارەیەوە ئەفەرمووێ: ﴿إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَىٰ وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾ (أي حين كُنْتُمْ يا مَعشر المؤمنين بجانب الوادي القريب من المدينة المنوّرة وأعداؤكم المُشْرِكونَ بجانب الوادي الأبعد عن المدينة

---

(١) زۆرکردنی موسڵمانان لەپێش چاوی کافرەکان و بەکەم پیشاندانی (کافرەکان) لەبەرچاوی موسڵمانان، (موعجیزەیەکی) خوایی بوو هیچ گومانی تێدا نییە.

والعيرُ التّي فيها تجارة قريش فيما يلي ساحلِ البَحْرِ ، وهذا تصويرٌ دقيق للْمَعركةِ يصورّها القرآن بأسلوبهِ البياني المُعْجز)، واته: باسی ئەو كاتە بكەن كە ئێوە ئەی ئیمانداران لە تەرەف و قەراخی شیوەكەدا بوون كە لەنزیك بوون لە مەدینە یانی بەرەو مەدینە بوون وە لەشكرەكەتان لەوێدا خستبووی، بەڵام ئەوان واتە بت پەرست و بێ باوەڕەكان لە تەرەف و قەراخێ بوون كە بەرەو مەككە بوو هەروەها دوور لە مەدینە بوون سوپاكەیان لەوێدا بوو، قافڵە بازرگانیەكەش كەوتبوە خوار ئێوەوە یانی كاروانەكە لە شوێنێكدابوو لای خوارو نزمتر لە ئێوەو بەرەو قەراخی دەریای سوور بوو، كاروانەكەی كە بۆی هاتبوون و دەستی بەسەردا بگرن لەخوارەوەی ئێوە بوون[1]، جا بێگومان رووداوی جەنگی بەدر قورئان زۆر بە ووردی وێنەی كێشاوە بە (ئسلوبێكی) زۆر موعجیزەو دەقیق، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَٰكِن لِّيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾ أي لَوْ تواعدتم مَعَ المُشْركينَ عَلَى الوقت والمكانِ وَالزّمانِ لاختلفتم في الميعاد وَلكنَّ الله بِقُدرتهِ وحكمتهِ هَيأَ الأسباب دون سابق

---

(١) چونكە ئەگێڕنەو (ئەبو سوفیان) كە بیستی موسڵمانان هاتونەتە سەر رێگای كاروانەكە ئینجا فەرمانی دا كاروانەكە رووی كردە لای رۆخی دەریای سوور جا بێگومان دەریاش لەهەموو شوێنێك نزم و نەوی ترە، جا بەو هۆیەوە لە موسڵمانان دووركەوتنەوە و دەستیان پێیان رانەگەیشت.

إتفاق وَجَمَعَ بينكُمْ عَلَى غير ميعاد لِتَعْلموا أن النّصرَ الذّي أحْرزتموهُ لَيْس بِقوتِكُمْ وإستعْدادكم ولكن بتقديرٍ منَ اللهِ وَتَدْبيرهِ ليمُوت من يموت على الكفرِ عن وضوحِ وبيان ويَعيش من يعيش على الإيمانِ عن بصيرةٍ وبُرهان واللهُ سَميعٌ لأقوالِ العبادِ عَليمٌ بنياتهم، واتە: ئەگەر ئێوەو ئەوان بەڵێنتان بدایە بەیەکتر بەکۆبوونەوەو رووبەڕوو وەستان لەسەر کاتەکە ناکۆك دەبوون و دوا دەکەوتن یانی وا بە ئاسانی رێك نەدەکەوتن و لەبەر کەمی ئێوەو زۆری ئەوان جەنگەکەتان نەدەکرد و وەك ئێستا نەدەبوو کە کتوپڕ رووبەڕوو وەستان و سەرکەوتن ، بەڵام بێ خۆ ئامادەکردن چوونە جەنگەوە بۆ ئەوەی بڕیارێك لای خوا بڕاوەتەوە بە سەرخستنی موسڵمانان و تێکشکانی کافران و دووژمنان بێتەدیّ، وە تا ئەوەی دەبیّ بمریّ و تیابچیّ ئەوەشی بڕیارە بژی و زیندوو بیّ با هەردوولا بەبەڵگەی ئاشکرا بیّ واتە کِیّ موسڵمانە دەبێت با لەسەر بەڵگە موسڵمان بێت کێش کافرو خوا نەناس دەبێت با ئەویش باش بەڵگە بێت، واتە بێگومان خودا زۆر بیسەرو زانایە و ئاگادارە بە نیازی ئێوە لەهەموو گوفتارو رەفتارێکی هەردوو لاتان لە جەنگەکەدا.

(ئەوەی راستی بێت خوا هەر کۆمەڵێکی بەکەمتر نیشاندا لەچاوی ئەوی تردا)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای مەزن لەخەودا (کافرە) بێ باوەڕەکانی بەکەم خستە بەر چاوی پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەریش (ﷺ) خەوەکەی گێڕایەوە بۆ هاوەڵانی تاوەکو ترسی ئەوانەیان بشکێنێت کە لە دڵەوە دەترسان، جا بێگومان مەبەست لەکەم پیشاندانی بێ باوەڕو بت پەرستان مەرج نیە کەمی ژمارەیان بێت بەڵکو مەبەست لەمە پیشاندانی بێ هێزی و بێ توانایی و کەم وورەییانە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِذْ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِى مَنَامِكَ قَلِيلًا ۖ وَلَوْ أَرَىٰكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ ۗ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٤٣﴾ ﴾ أي أذكر حين أراك الله أعداءَكَ في المنامِ قَليلاً فأخبرت بها أصحابَكَ حَتّى قَويت عَزَائِمُهُمْ وَتَشَجَعُوا عَلَى حَربِهم وَلَوْ أراك ايّاكم كثرة لجُبن اصحابك ولم يقدروا على حرب القوم ولكن الله أنعم عليكم بالسّلامة من الفَشَلِ وَالتنّازع إنّه تعالى يعلم خَفايا النّفوس وهذه إحدا الكرامات للمُؤمنينَ، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بیری ئەو کاتە بکەوە کە خوای گەورە لە خەودا (کافرە(بت پەرستەکانی بە کەم و بێ هێز نیشاندای ئینجا ئەتۆش ئەمەت بە هاوەڵانت راگەیاندو پێیانت گووت ئەوانیش بڕوایان پێ کردن و دڵیان دامەزراو وورەیان بەرز بووو هیوایان بەسەرکەوتن زۆر بەهێز بوو خۆ ئەگەر ژمارەیانی بەزۆری نیشان بدایتایە

ئەوە دەترسان و شكستيان دەهێنا و دەبوو بە كێشەتان[١]، لەسەر ئەوەی بەرەنگاریان ببنەوەو بوەستن بەڵام خوای پەروەردگار سەلامەتی و سەركەوتنی پێ بەخشین ، چونكە بەڕاستی ئەو زاتە زانایە و ئاگادارە بەهەرچی لەناو ناخ و دڵ و دەروون و سینەكاندا شاردووتانەوە[٢]، ئەوجا بێگومان خوای گەورە زۆر بیسەرو زانایە ئاگادارە بەهەموو گوفتارو رەفتارێكی هەردوولاتان لە جەنگەدا هیچی لێ بزرنابێ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴿٤٤﴾ ﴾ قَالَ المُفَسرون، هذه الرؤية باليقظة لا بالمنامِ أي واذكروا يا مَعشر المؤمنينَ حِينَ التقيتُمْ في المعركة فقالَ الله عَدوَّكُمْ في أعْيُنكمْ لِتَزدادَ جرأتَكُمْ علَيهم وَقَلَلَكُمْ في أعْينهم حتّى لا يَستَعيدُوا ويَتَأهبُّوا لَكُمْ، یانی (موفەسیرەكان) ئەفەرموون، واتە: ئێوەی هاوڕێكانی پێغەمبەر (ﷺ) بیر بكەنەوە ئەی خاوەن باوەڕان یانی بیری ئەو كاتە

---

(١) ئەو كاتە ئێوە شپرزە دەبوون لە بەشداری كردن لە شەڕەكەدا دەبوو بە مشتومڕتان ، چونكە هەندێكتان چاو نەترس و خاوەن باوەڕو ئیمانێكی پتەوبوون بۆیە بەهیچ شێوەیەك نەدەترسان، هەندێكیشتان ترس و بیم دایگرتن و نەتاندەوێرا بێنە مەیدانی شەڕەكە.

(٢) جا بێگومان بەڕاستی خوا زانایە بە (خەتەرەو نیازی دڵ) و دەروون و زاناو بەئاگایە

بکەنەوە خوای گەورە پیشانی دا[1]، بە پێغەمبەر (ﷺ) و بە ئێوەدا کە بێ باوەڕان بە ژمارەی کەم لەبەر چاوی ئێوەدا کاتێ ئێوە گەیشتن بەیەك و ئێوە (کافرەکانتان) بەکەم هاتە بەرچاو، ئێوەش بەکەم هاتنە بەرچاوی (کافران) چونکە ئێوەش بەکەم و لاواز خستە بەر چاوی کافرەکان بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆیان بایی ببن و پێداویستی زۆر بۆ جەنگ ئامادە نەکەن و بکەمی سەیرتان بکەن[2]، وە لە تەفسیری الواضح المیسردا[3]،ئەلێت (وهذه كَرامةٌ أخرى منَ اللهِ للمؤمنينَ فَقَدْ كانَ عددُ المُشركينَ ألْفَ مُقاتل وَلكنَ اللهَ سُبحانهُ قَلَلَ في أعْينَ المؤمنين)، واتە: ئەمەش دووهەم بەهرەو کەرامەتە لەلایەن خوای میهرەبانەوە بۆ ئیماندارەکان، چونکە بێگومان بەڕاستی ژمارەی بێ باوەڕەکان گەیشتبوو بە هەزار جەنگاوەر بەڵام خوای پەروەردگاری بێ وێنە، ئەو

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای گەورە بە ئاشکرا نیشانی پێغەمبەری (ﷺ) دا بە نیگاو (وەحی) کە حەزرەتی جوبرائیل بۆی دەهێنا، نەك هەر بە (خەونو) لەخەودا ، هەندێ لە (موفەسیرەکانی تریش) دەڵێن و ئەفەرموون پێغەمبەرمان (ﷺ) خەوی دیت و لەخەوەکەی دیتی بێ باوەڕان و بت پەرستان زۆر بەکەمی هاتنە پێش چاو ئەمیش باسی کرد بۆ موسڵمانان و زۆر دڵیان خۆش بوو.

(٢) ئەمەش دەقی کۆتایی ئایەتەکەیە کە ئەفەرمووێ: (هەتا ئەوەی بریاری لەسەر داوە جێ بەجێی کاو وەك سەرخستنی پێغەمبەرو یارەکانی جا بزانن هەر بۆلای خودایە گەڕانەوەتان ئینجا هەموو کارێك و هەموو شتێك بەدەست خۆیەتی.

(٣) بروانە تەفسیری (الواضح المیسر) لە نووسینی دکتۆر محمد علی الصابونی، لاپەڕە/٤٣٨.

ژمارە زۆرەی ئەوان زۆر بەکەمی نیشانی موسڵمانەکان دا هەروەکو لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەگێڕنەوە ئەفەرمووێ (ئەوەی راست بێت ئەوان (موشریکەکان) واتە بێ باوەڕەکان لەبەر چاوی ئێمە کەم بوبوونەوە لە رۆژی بەدردا هەتا گوتم بە پیاوێ لە تەنیشتم بوو تۆ بە /٧٠/ کەس ژمارەیان ناکەی و نایانبینی؟ ئەویش لەوەلآمدا گووتی نەخێر ئەوان تەخمین دەکرێن بە (سەد کەس) بەلآم هەتا یەکێك لە (کافرەکانمان) بەدیل گرت و پرسیارمان لێ کردو گووتی ئێمە هەزار کەس بووین[١]، بەلآم بێ باوەڕەکان دەیان گووت ئەوان زۆر کەمن و ئێستاکە هەموویان لەناو ئەبەین[٢].

---

(١) رواه ابن أبي حاتم، وابن جرير الطبري، بڕوانە تەفسیری (جامع البيان)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٨.

(٢) تەنانەت (لە ئەبو جەهل) دەگێڕنەوە کەوا گوتوویەتی هاوەڵانی (محمد) ئەوەندە کەمن رۆژانە بێچوە وشترێکیان بەسەو پێی تێر ئەخۆن ئەوکاتەی کە سەری ئەبڕن، بڕوانە هەمان سەرچاوە.

(فەرماندان بەخۆگرتن لەبەرامبەر دووژمندا)[1]

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای گەورە فەرمانی داوە بە خۆڕاگری لەکاتی جەنگ و غەزادا لەگەڵ دووژمندا هەروەها پێویستە سەبرو ئارام بگرن لەکاتی رووبەڕووبونەوەی کافرو بت پەرستان، جا بێگومان نابێ لەبەرامبەر خوانەناس و بێ دینان چۆك دانەدەن و نەترسن وە لە زیکرو یادی خودا نابێ غافڵ بن پشت بەئەو ببەستن و هەروەها داوای سەرکەوتن لەو بکەن جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ (أي إذَا لَقيمّ جماعةً منَ الكُفّارِ فأثْبتُوا لِقتَالِهمْ أوْ فأثبتُوا أمامَهُمْ وَلا تَنْهزمُوا واذكرُوا اللهَ كَثيراً في الحَربِ بالدُّعاءِ والإسْتِغفارِ لكي تُفْلِحُوا بالظَّفرِ عَلَى الأعْداءِ)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێ لەگەڵ دەستەیەك لە دووژمنان بەیەك دەگەن لەجەنگدا بەرامبەریان بچەقن و دامەزراوبن و هەرگیز هەڵ نەیەن و ڕامەکەن وە

---

(١) وە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەوفی (خوا لێی رازی بێت) ئەفەرموێ پێش ئەوەی جەنگی بەدر دەست پێ بکات حەزرەت (ﷺ) ووتارێکی بۆمان داو فەرمووی (يا أيُها الناسُ لا تَتَمَنُوا لِقَاءَ العدّو واسْئَلُوا الله العَافِيةَ فإذا لَقيتُمُوهمْ فاصّبروا وأعلمُوا أنّ الجَنّة تَحتَ ظِلالِ السّيوفِ) ، رواه البخاري ومسلم، واتە: ئەی خەڵکینە خۆزگە مەخوازن بگەن بە دووژمن یانی هیوا خوازی شەڕ مەبن هەروەها داوای لەش ساغی لە خودا بکەن، جا هەر کاتێ شەڕ یەخەی پێ گرتن سەبرو خۆڕاگربن وە چاك بزانن بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە.

ناوی خوداتان لەبیر بێت لە ئانی جەنگا هەروەها دوعاو نزاو پاڕانەوەو (ئیستیغفار) بکەن بەڵکو سەرکەوتوو بن بەسەر دووژمندا[1]، وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ (٤٦) ﴾ (أي أطيعُوا أمرَ اللهِ وَأمرَ رَسوله في جميع شؤُونكم وَأحْوالكم ولا تَخْتَلفوا فيمَا بَيْنَكُمْ فيدبُّ فيكم الوَهنُ والْخَوَرُ وَتَذْهَبَ قُوّتكُمْ وبأسَكُمْ واصْبرُوا عَلَى شَدائد الحرُوبِ وأهوالَهَا فَاللهُ مَعَ الصَّابرينَ بالعَوْنِ وَالنّصر)، واتە: ئەی خاوەن باوەڕینە گوێڕایەڵی (ئەمرو) فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن (ﷺ)، پەیڕەویان لێ بکەن لەناو خۆتاندا کێشەو دووبەرەکی پەیدا مەکەن، یەکێتی و تەبایی خۆتان مەشێوێنن، هەروەها ناخۆشی لەگەڵ یەك پەیدا مەکەن ئەوکاتی دەشکێن و رەنجتان بەخەسار دەڕوا، چونکە ئەگەر یەککگرتوو بن دەبنە یەك دەستەو بەهێز دەبن ، خۆگر بن و دان بەخۆتان دابگرن لەکاتی رووداوو بەسەرهاتی سەخت و بەتیندا ، جا بێگومان خودا لەگەڵ ئەو کەسانە دایە کە (سەبر) دەگرن و بە ئاسانی

---

(١) وە سوننەتە مرۆڤ لەکاتی جەنگدا هەراو هۆریای تێدا نەکات، هەروەکو (زەیدی کوڕی ئەرقەم) ئەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ: (إن اللهَ يُحب الصمتَ عندَ ثَلاثٍ عندَ تِلاوَةِ القرآن، وَعندَ الزَحف، وَعندَ الجَنازة)،واتە: خوای گەورە زۆری پێخۆشە لە سێ کات بێ دەنگ بن ، لەکاتی خوێندنی قورئاندا، هەروەها لەکاتی هێرش بردن بۆ سەر دووژمن، وە لەکاتی کە جەنازە بەڕێ دەکرێ بۆ سەر قەبران، بڕوانە (جامع البيان في تأويل آي القرآن)، لەدانانی پێشەوا الطبري، بەرگی/... لاپەڕە/٢٩١.

کۆڵ نادەن، چونکە خوای گەورە لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆگری پیشەیانەو هەمیشە ئارامگرن، چونکە بەڕاستی خودا بەهەموو باریَ کەرەمکاری ئەکات لەگەڵ خۆگران و بەکۆمەك و یارمەتیدان.

(بە فەخرو هەواوە کافرەکان هاتنە مەیدانی شەڕی بەدرەوە)

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿٤٧﴾ ﴾ أي ولاَ تَكُونوا مثل كُفّار قريش الذّينَ خَرَجُوا إلى بدرٍ لِقتال المُسْلمينَ أشَراً بَطَراً يَدْفَعهم حُبُّ الثّناء والظهور بِمظهر الشُّجاعَةِ والكبرياء وَيَمْنَعُونَ النّاسَ في الدخُول فِي دينِ اللهِ وهو سبحانهُ وتعالى محيطٌ بهم وبأعْمالِهم وسيجازيهم عَلَيْهَا ، والآية تُشير إلى ما قالَهُ أبو جهل حِينَ بَعَثَ إليهُمْ أبو سُفيان يقولُوا (إرْجِعُوا قَدْ نجى الله عيركُم وَأموالَكُمْ ورجالَكُم فَقَالَ عَدُوّ اللهِ أبو جهل واللهِ لا نَرجع حَتى نأتي بدراً فنشرب بها الخمور وَنَنْحرُ بِها الجزور وَتَعْزف عَلَينا المُغنياتِ وتسمع بنا العَربْ فَلا يَزالُونَ يَهابُونَنا بَعدَها أبداً فَسَقُوا كاس المَنَيا بَدلُ الخَمرِ[1]، واتە: ئێوە

---

(١) ئیبن و جەریری طبری دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە لە (محەمەدی کوڕی کەعبەوە) ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت کاتێك قورەیش لە (مککەوە) دەرچوون بۆ شەڕی بەدر (بە گۆرانی و دەمبك لێدان و شایی و هەڵپەڕکێوە) هەروەها بە کەشخەو فەخرو هەواو هەوەس و لەخۆ بایەوە بەفەخفەخەوە، ئەوجا بەم هۆیەوە خوای گەورە ئەم (ئایەتەی) ناردە خوارەوەو دابەزاند.

وەك ئەو کافرو بێ باوەڕانە مەبن کە بەهێزی خۆیان لەخۆبایی بوون لەماڵی خۆیان دەرچوون[1]، تاکو خۆیان پیشانی خەڵکی بدەن ئەوان بەهێزن و، ئەوجا کاتێك کە لە (مەککە) دەرچوون بە (ڕیایی) و لەبەرچاوی خەڵك بەخۆ هەڵکێشان و بەشێوەی (تەکەبورو) خۆ بەزل زانین و لەخۆبایی، ئینجا ئێوە وەکو ئەوان مەبن کە کەوتنەڕێ بەهەموو تێکۆشان و هەوڵێکیانەوە ڕێگای خوداو ئایینی پیرۆز لەخەڵکی دەگرن و ناهێڵن ئیمان و باوەڕ بێنن، بەلاّم خوای تەبارەك و تەعالا دەوری بێ باوەڕانی داوەو گەمارۆی داون، هەروەها ئاگای لەهەموو نیازو مەبەستێکیانە وە بەکردەوەو عەمەلی ئەوان هەموو ئەگادارە و تەواوی زانیاری هەیە، وە هەروەها ئایەتەکە ئاماژەی ئەوە ئەکات کە (ئەبو سوفیان) قورەیشیەکانی ئاگادار کردەوە و گووتی ئێوە بگەڕێنەوە، ئەوە بەڕاستی کاروانەکەتان و ماڵ و سامانتان و پیاوەکانتان هەموویان

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن (قورەیشیەکان) خۆیان ئامادەکردبوو بچن کاروانەکەی ئەبو سوفیان ڕزگار بکەن، کاتێك وەلاّمیان بۆ هات کە کاروانەکە دەرباز بووەو پێویست ناکات بچین بەدوایدا، بەلاّم قورەیشیەکان بەسەرکردایەتی (ئەبو جەهل) لەبەر لەخۆبایی بوونیان گووتیان پێویستە بچین و نیشانی خەڵکی بدەین کە ئێمە بەهێزین و شەڕ لەگەڵ (موحەمەد) بکەین و دەهۆڵ زورنا ئەنجام بدەین‌و بدەین و شەراب بخۆینەوەو سەما بکەین و (حەیوان) سەربڕین و تاکو دانیشتوانی نیوە دوورگەکە بزانن (محمد) لەگەڵ هاوەڵەکانی بەزیوەو، هەروەها جارێکی تر کەس نەتوانێ بەرەنگاری کاروانەکانی ئێمە بێتەوە، ئەوەش جۆرێکە لە لەخۆبایی بوونی قورەیشیە بێ بڕواکان، بڕوانە پەرتووکی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) لە نووسینی: (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزيز) بەرگی/١، لاپەڕە/٥٧٥.

لەدەستی (محمد) و هاوەڵانی (نەجات) و رزگاریان بوو، بەڵام (ئەبو جەهل) پێیانی گووت بەخوا ئێمە ناگەڕێینەوەو تا نەچینە سەر بیری بەدر و لەسەر ئاوەکەی دەبێ بمێنینەوەو حوشتر سەردەبڕین و (عەرەق) واتە شەراب دەخۆینەوەو کیژۆڵەو کەنیزە گۆرانیمان بۆ دەڵێن و هەموو گەلی (عەرەب) بە کەیف و سەیرانمانەوە بزانن و هەتا هەتایێ ئەو مێژووەمان بە داستان بۆ بگێڕنەوە، بەڵام (ئەبو جەهل) نەیدەزانی مردنی نزیك بووەو (شەربەتی) مردن ئەنۆشێ و کۆتایی بەتەمەنی دێ.

(ئەوەی راستی بێت شەیتان کافرەکانی هەڵخەڵەتاند و کارەکانی لا جوانکردن)

جا بێگومان زانایان ئەفەرموون شێوەی هەڵخەڵەتاندنی (شەیتان) و هاندانی بۆ ئەو بێ بڕوایانە ئەخاتە بەرچاوو ئەفەرمووێ ﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ ﴾أي شَجَعَهُمْ الشَّيْطان عَلَى قتـالِ المُسلمين وَزَيَّـنَ لَهُمْ سُوءَ صنيعهم وَخَيَّلَ إليهم أنَّهُمْ لا يَغْلِبـون وَقَـالَ لَـهُ إنّـي مُجيرٌ وَمُعينٌ لَكُمْ، واتە: شەیتانیش کارو کردەوەکانیانی بۆ رازاندبوونەوە، وای پێ سەلماندبوون کە هیچ هێزێك ناتوانێت شکستیان پێ بهێنێت و تێکیان بشکێنێت منیش هاوکارو یاوەری ئێوەم و هەروەها شەیتان پێی گووتن من پشتیوانیتان لێ دەکەم و سەرتان دەخەم، ﴿ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤٨﴾ ﴾ أي فَلمّـا تلاقـي الفريقـان

ولّى الشّيطانُ هارباً مولياً الأدبار وَقالَ أني بريءٌ مِنْ عَهْدكم وجواركم أنّي أرى الملائكة نازلينَ لِنَصرة المُؤمنين وأنا أخاف اللهَ وَأخاف عِقابه الشّديد وَكذّب عَدّو اللهِ لَوْ خافَ الله لأطاعَهُ، واته: كاتێك هەردوولا بەیەك گەیشتن یانی هەردوو کۆمەڵەکە یەکتریان دیت و رووبەڕووی یەکتری بوونەوە و بەرامبەر یەك راوەستان ئینجا شەیتان بەرەو دوا پاشەوپاش کشایەوەو قوچاندی و هەڵات و رایکرد و بەبێ باوەڕەکانی گووت بێگومان ئەوەی راستی بێت من لە ئێوە بەریم و لەگەڵ ئێوەدا نیم و من شتانێك دەبینم کە ئێوە نایبینن...؟ مەبەستی ملائیکەو فریشتەکان بوو، چونکە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەروەکو خوای گەورە لە ئایەتەکەی پێشوو ئاماژەی بۆ کرد شەیتان ووتی بەڕاستی من شتێك دەبینم کە ئێوە نایبینن بەڵام (شەیتان) درۆی کرد ئەگەر بەتەواوی بترسابایە دەبوایە پەیڕەوی خوای بکردایە، واتە: کۆمەڵی فریشتە کە هاتن بۆ یارمەتی موسڵمانەکان یانی حەزرەتی جوبرائیل کە لەپێش دەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەڕۆیشتْ کە شەیتان چاوی بە حەزرەتی (جوبرائیل) کەوت زۆر ترساو بەبێ باوەڕەکانی ووت ئێوە چاك بزانن من لە (عەزاب) و سزای خوا دەترسم و لەگەڵ ئێوە نیم چونکە تۆڵەی خوا زۆر سەختە بۆ گوناهبارو تاوانباران، وە هەندێ (موفەسیرانی) تر ئەڵێن شەیتان ووتی بەڕاستی من لەخوا ئەترسم لەو کاتەدا خودا تووشی خراپەیەکم بکات و بەدەستی فریشتەکان لەناوم ببا یان فەرمان بدا بە جوبرائیل بەم گری و (ئەیسرو) دیلم بکاو بەئێوەم بناسێنێ چونکە خوای مەزن سزای زۆر سەختە بۆ ئەو کەسانەی لەخوا ناترسن و یاخی ئەبن لەخوا[1].

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن)، لە نووسینی: (محمد أمين بن عبدالله الأرمي الهرري الشافعي)، بەرگی/١١، لاپەڕە/٢٧، چاپی دار

(چەند ئاگادارییەکی گرنگ)

١- ابن کثیر لە تەفسیرەکەیدا [1]، لە عەلی کوڕی تەڵحەوە ئەویش لە ئیبن و عەباسەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە ووتویەتی شەیتانی نەفرەت لێکراو هات لە (ڕۆژی بەدردا) بە لەشکرێکی پێکهاتوو لە شەیتانیەکان ئالآکەی خۆی پێ بوو لە وێنەی پیاوێکی بەنی (مودلەجدا) لە شێوە (سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم)دا، شەیتان گووتی بە بت پەرستەکان هیچ کەسێ سەرناکەوێ بەسەرتاندا ئەم ڕۆ لەم خەڵکە من جێی پەناو هانام بۆ ئێوە کاتێ کە خەڵکەکە ڕێزیان بەست و پێغەمبەر (ﷺ) مشتێ خاك و خۆڵی هەڵگرت و بەرەو رووی (موشریکەکان) هاوێشتی ئەوجا بەرەو دواوە گەڕانەوەو هەڵاتن و بەزین، جا حەزرەتی جوبرەئیلیش (علیه السلام) بەرەو رووی (شەیتان) هات جا لەم کاتەدا شەیتان دەستی لەدەستی پیاوێکی بت پەرست دابوو ئینجا دەستی بەرداو بەرەو دواوە خۆی و تاقمەکەی رایان کرد هەڵیان توراندو بەزین جا پیاوێ پێی گووت (ئەی سوراقە ئایە تۆ نەتگوت جێی پەنای ئێمەی) شەیتان گووتی من شتی وام دێتە بەرچاو کە ئێوە چاوتان لێ نیەو نایبینن ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ

المنهاج.

(١) بڕوانە: (تەفسیری القرآن العظیم) المشهور بتفسیر إبن کثیر، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٨٨، ئەویش لە (جامع البیانی ئیمام طبري نەقلی کردووە)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٢٤.

﴿الْعِقَابِ﴾ من لەخوا دەترسم چونكە تۆڵەی خوا زۆر دژوارو بەزەبرەو، ئەویش لەوكاتەدا بوو كە فریشتەكانی بینیو زۆر ترساو و رایی كرد.

٢- (موفەسیرەكان) ئەفەرموون (هۆی ئەوەی كە شەیتان چوەتە شێوەو روخساری (سوراقەوە) بۆ دەرخستنی (موعجیزەیەكی) گەورە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) چونكە (كافرە) قورەیشییەكان گەڕانەوە بۆ مەككەو وتیان سوراقە سوپای ئێمەی شكاند[1]، جا ئەم هەواڵە بە سوراقە گەیشتەوە، گووتی بەخودا من ئاگاداری چونیشتان نەبووم كاتێكم زانیوە ئێوە چوون بۆ شەڕ كە هەواڵی تێكشكانتانم بیستووە ئیتر ئەوكاتە خەڵكەكە بۆیان ئاشكرا بوو كە ئەو كابرایە (سوراقە) نەبووە بەڵكو (شەیتان) بووەو خۆی كردووە بە (سوراقە).

٣- پێشەوا (مالك) لە كتێبی (الموطأ)[2]، دەگێڕێتەوە لە (طلحة) ی كوڕی عوبەیدوڵلای كوڕی كەرێزەوە (خوا لێی رازی بێت) هەروەها (ریوایەتی) كردووە لە حەزرەتەوە (ﷺ) كەوا فەرموویەتی (مَا رأي الشيطانُ يَوْماً هوَ فيهِ أصْغَرَ وَلا أحْقَرَ وَلاَ أدْحَرَ وَلاَ أغيظَ منه في يوم (عَرَفَة) وَما ذاكَ إلاّ لِمَا رئيَ مِنْ مَنزّل الرحمةِ وتجاوزِ الله عَن الذّنوب العظيم

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەڵێن ئەو قسەیەی كە (سوراقە) كردی كە شەیتان بوو بەو قسەیە قورەیشیەكان بێ هێز بوون و شكستی پێ هێنان.

(٢) موطأ: بە مانای (مودەلل)، واتە: ئاسانكاری (كتێبی الموطأ)ئی (مالیكی كوڕی ئەنەسە) زۆر لە زانایانی (حدیث) لەو پەرتوكەیان وەرگرتووە، چونكە بە (صحیحیان) داناوە.

إلاّ ما رئي يَوْمَ بَدرٍ قيلَ وَمَا رأى يَوْمَ بـدرٍ يـا رسـول الله (ﷺ) ؟ قـالَ أمـا أنّـهُ رأى جُبْريـلَ يَـزَعُ المَلائِكَـةَ أي يَـصفُّها لِلقِتـالَ)رواهُ مالـك[1]، واتـه: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (شەیتان ڕۆژێکی بەچاو نەبینیوە کە تێیـدا سووك و ڕیسوا بێـت ئەگـەر لـە ڕۆژی (عەرەفـە نـەبێو ئـەویش بـەهۆی ئەوەوە کە دەبێ (ڕەحمەت) و لێبووردنی خودا دێتە خـوارەوە بـۆ سـەر بڕواداران جگە لە ڕۆژی بەدریش داو ئینجا عـەرزیان کـرد ئـەی نێـردراوی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) شـەیتان لـە ڕۆژی (بـەدر) چـی بینـی؟ فـەرمووی حەزرەتی جوبرائیلی بینی (سەلامە خـوای لێبێـت) بەچـاوی خـۆی بینـی فریشتەکانی لەجەنگی بەدردا ڕێز دەکرد. بۆ جەنگ کـردن لەگـەڵ کـافرو بێ باوەڕکانداو.

(هەندێ لە هەڵوێستی مونافیقەکان واتە دووڕووەکان لە جەنگی بەدردا)

جا لەوکاتەدا دوو ڕووەکان ئەوانـەی دڵیـان زەعیـف و لاواز بـوو وایـان گومـان دەبـرد کـە ئـەو کۆمەڵـە موسـڵمانە نـاتوانن بـەرەنگاری سـوپای قوڕەیـشیەکان ببنــەوە، بۆیــە خــوای گــەورە دوابــەدوای ڕونکردنــەوەی هەڵوێست و کردەوەی (شەیتان) باسی هەڵوێستی دووڕووەکان دەکـات و ئەفەرموێت: ﴿ إِذْ يَـقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَـٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْ ۗ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

---

(١) بڕوانە (التفسير الواضح الميسر)، بقلم الدكتور الشيخ (محمد علي الصابوني)، لاپەڕە/٤٤٠، المكتبة العصرية ، بيروت.

(٤٩) ﴿ أي حِينَ يقول أَهْلُ النّفاقِ الذّينَ أظهرُوا الايمانَ وابطنُوا الكُفْرَ وَالذّين في قلُوبِهِمْ بذُورَ الشّكِ في قُدْرَةِ الله لَقَدْ غَرَّ المُؤْمنين دِينَهمْ يظنُونَ أنّهُمْ سَيَنْصُرونَ في هذه الحَرْبِ عَلَى ألف مقاتلٍ من صناديد قريش تَوهماً مِنْهُمْ أنّهُمْ يَنْصرُونَ ... (قالَ الله تعالى) رَدّاً عَليهم ، أي وَمَنْ يَعْتَمِد عَلَى اللهِ ويثق بِهِ فَإنّ الله ناصِرهُ لأنَ اللهَ غَالبٌ لا يَذلَّ مَنْ أستجار بِهِ حكيمٌ في أفعالِهِ وَصُنْعِهِ، واتە: وەبیر بێنەوە کە دووڕووەکان ئەوانەی کە لەدڵیاندا ئیمان و باوەڕیان نیە، هەروەها دڵیان نەخۆشی تێدایە بە موسڵمانەکانیان دەووت دین و ئاینەکەیان (مەغروری) کردوون و هەڵی فریواندوون خۆیان تووشی ئەو جەنگە کردووە، واتێدەگەن کە سەرکەوتوو دەبن لەم جەنگەوە، ئێمە هەزار پیاوماقول و جەنگاوەرمان هێناوە لە قورەیشیەکان، ئینجا ئەوان وا تێدەگەن کە سەرکەوتوو ئەبن بەسەر ئێمەدا، ئەوجا خوای گەورە بەرپەرچی دانەوەو فەرمووی (ئەوان نازانن هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێت و هەر بەتەمای ئەوبێت ئەوە سەردەکەوێت و دەیباتەوە، چونکە بێگومان خودا دەسەڵاتدارەو خاوەن رەهایەو حەکیم و دانایە لەهەموو کارەکانیدا مەبەستی هەیە جا بێگومان خوای گەورە توانای زۆری هەیە کە فریای ئەو کەسانە بکەوێت پشتی پێ دەبەستن و سەریان دەخات بەسەر دوژمنانیدا.

(باسێك لە لێدانی فریشتەكان لە كافرەكان لەكاتی گیان كێشانیاندا)

ئەوجا شێوەیەكی سامناك و ترسناك و دڵتەزێنی بێ بڕواكان ئەخاتە بەرچاو لەكاتی مردن و گیان كێشاندا هەروەكو ئەفەرمووێ: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۙ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٥٠﴾ ﴾ أي لَوْ رأيْتَ أيّها السّامعُ حَالُ الكافرّينَ بِبَدْرٍ حِينَ يَقْبِضُ ملائكةُ العذابِ يَضْرِبُونَ بِمقامِعِ الحديدِ وُجُوهَهُمْ وَظُهُورَهم ويقولُونَ لَهُمْ ذوقوا يا مَعْشَرَ الكَفَرَة المُجرِمينَ هذا العذاب الذّي هُوَ مُقدّمة لعذابِ النّار المُحْرِق، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر دەتبینی فریشتەكانی گیان كێشان لە ڕۆژی غەزای بەدردا داخ لەدڵ بوون بۆ (كافرەكان) واتە: بێ باوەڕەكان،جا لەو حالەتەدا دەم و چاوو پشتیان دەكووتن بە قامچی ئاگرین لەدەم و چاوو پشتیان دەدەن و پێیان دەڵێن بڕۆن ئەی گروهی جەماوەری (كافرە) تاوانبارەكان بچێژن سزاو ئازاری ئاگری پێش دۆزەخ، لەگەڵ ئەو ئازارەش لە ڕۆژی قیامەت سزای خۆیان دەچێژن لە دۆزەخدا[1]، وە هەروەها خوای گەورە

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەم دەقە قورئانیە هەرچەندە هۆكاری ڕوودای بەدرە بەڵام هەموو خوانەناسێ دەگرێتەوە بۆیە خوای گەورە تایبەتی نەكردووە بە بەدرەوە، چونكە فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۙ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴾ .

دەفــــەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٥١﴾ ﴾ أي ذَلكَ العذابُ بِسَبَبِ مَا كَسَبْتم مِنَ الجرائمِ والآثامِ وأنّه تعالى عَادلٌ لا يُعذب أحداً بدُونِ ذَنبٍ، واته: بێگومـان ئـەو سـزاو لێدانـەش لەبەر ئەو كـارە گونـاهو خراپانەيـە لـە پێشەوە دەتـانكرد و ئـەنجامتان دەدا، وەكو تۆڵەی كوفرو ستەمكاری ژيانی دونياتانە، وە بشزانن خـوای مـەزن كـە ئـەو سـزايەتان دەدات و تۆڵـەتان لـیّ دەسـێنیّ لـە رووی دادپەروەريەوەيـە نـەك بـە زوڵـم و سـتەمكاری چـونكە بێگومـان هـەرگيز خوای پـەروەردگار زوڵـم و غـەدر لـە بەنـدەكانی خـۆی ناكـاو بەناهـەق و نارەوا سزای هيچ كەسێك نادات.

(سەرنجێكی گرنگ)

خـوای گـەورە بـەو جـۆرە ئـەو سـوپاو لەشـكرو كۆمەڵـە بـیّ برِوايـەی دووچار كردو ئـەو ريسوايی و سـزايەی بەسـەر هێنـان ئـەوەش تايبـەتی نەبوو بەوانەوە بەڵكو بەپێی باووڕەوشتی خوا بوو لەگەڵ رابردووەكان دا كـە بـەپێی تـاوان و بـیّ برِوايـی زوڵـم و سەركێـشيان لـە فـەرمانی خـوا دووچـاری كـردوون وەكـو خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ ۙ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٥٢﴾ ﴾ أي عادةُ هؤلاءِ المُجرمينَ المُكذبين بآيات الله كَعادة مِن قَبْلهم من الطُغاة الفَجَرة مِنْ قَومْ فرْعونَ والـذّينَ سَبَقُوهم من الأُمَمِ كقومِ (نوحٍ وعـادٍ وثمُود) في العنـادِ والتكـذيب والْكفـر

والإجرام، وَقَدْ أهْلَكَهُمْ الله بِسَبب كُفْرهم ومَعاصيهمْ لأنّه تَعالى قَويٌّ البَطشِ شَديد العذابِ لا يَغلبهُ غالِبٌ ولاَ يَفُوتَهُ هَارِبٌ، واتە: بێگومان کردەوەو رەوشتی ئەوانە وەکو کردەوە و رەوشتی دەست و پێوەندو شوێنکەوتووانی فیرعەون و ئەو ستەمکارانەی تر کە لەپێش ئەمانەوە بوون، وە گەلی نوح و گەلی عادو گەلی سەمود، کە باوەڕیان بە ئەمرو فەرمانی خودا نەهێنا و یاخی بوون خوداش بەهۆی بێ باوەڕی تاوان و گوناهی خۆیانەوە هەروەها سزای سەختی دان و لەناوی بردن، جا بێگومان خوای مەزن بەهێزو تواناو دەسەڵاتەو کەس ناتوانێ بەسەری دا زاڵ ببێ و کەس لەدەستی دەرناچێ چونکە ئاشکرایە کە خوا زۆر بەهێزەو تۆڵەی زۆر سەختە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ (أي لَمْ يَفْعَل الله ذَلكَ العقابَ بأنّ اللهَ لَمْ يَكُ مُزيلاً نعمةً أنعمَها عَلَى قومٍ حتى يُغَيْروا مابأنَفْسِهِمْ)، واتە: بێگومان ئەو سزاو فەوتانەی کە خوا بەسەر ئەو میللەتانەی هێنا کە باسکران لەبەر کردەوەی خراپی خۆیان بوو وەکو وێنەی (کافرانی) قوڕەیش لە (غەزای بەدر)دا کە تووشی سزاو کوشتن و ئەسیری و دیلی و بەزین هاتن، جا بێگومان خودا هەر نازو نیعمەتێکی بەهەر گەل و نەتەوەیەك بەخشی بێت لێیان ناسێنێتەوە و لێیان ناگۆڕێت تا خۆیان بەهۆی خراپی خۆیانەوە (ئەو نیعمەتە) لەسەر خۆیان لانەبەن یاخود نەیگۆڕن ، ئەوجا بێگومان خوای گەورە

زۆر بیسەرو زانایە و ئاگاداری هەموو قسەیەکە بەکردەوەی هەموو کەسێکیش زاناو ئاگادارە، ئەوجا لە پاشان خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ ۙ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَغْرَقْنَا ءَالَ فِرْعَوْنَ ۚ وَكُلٌّ كَانُوا ظَالِمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ (أي عَادَتُهمْ وَشأنهم كعادة وَشأن المكذّبِينَ مِنْ قبلهم من جماعة فرعون وَمَنْ سَبَقَهُمْ مِنَ الطُّغاةِ المُجْرمِينَ كذبوا بآياتِ الله فأهلكهم اللهُ بِسَبَبِ كُفْرِهِم وَإجرامهم وَأغْرَقَ فِرعَوْنَ وَجَمَاعَتَهُ في البَحْرِ وكُلٌّ مِنَ الأُمَمِ المكذّبةَ كانُوا ظَالمينَ لأنْفُسِهم بالكُفْرِوَالمَعَاصي)[1]، واتە: ئەوانە بەدەوری دارو دەستەکەی فیرعەون و ئەوانەی لە پێشیانەوەبوون وەکو گەلی هود و لوط و صالح و گەلی ثمود، هەموویانی لەناوبردن، چونکە هەروەکو داب و نەریت و هەڵوێستی داروودەستەی فیرعەون و ستەمکارانی پێشین بوو لە دژایەتی ئیمان و ئیمانداراندا و باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوای گەورە نەکردو فەرمانیان بەجێ نەهێنا، ئەوجا ئێمەش بەهۆی تاوان و گوناهەکانیانەوە لەناومان بردن هەرچی سەر بە فیرعەونیش بوون لە دەریا خنکاندمان و نقومان کردن کە هەموویان ستەمکار بوون و باوەڕیان بە یەك خواپەرستی نەبوو، جا لە پاشان خوای گەورە باسی بێ باوەڕان بە خراپە ئەکاو ئەوانەی خراپترین (مەخلوقاتن)، هەروەکو

---

(١)مەبەستی (کافرەکانی) قورەیشە کە زۆربەیان ئەوانەی بڕوایان نەهێنا و لەجەنگی بەدرا (بەهیلاك) چوون و بەسزای خۆیان گەیەندران.

ئەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ أي إنّ شرَّ مَنْ يدبُّ على وجه الأرض من المخلُوقاتِ الكفّارُ الذّينَ لا يؤْمنونَ باللهِ ورسُولهِ ويصرُونَ على الكفرِ والاجرام وَجَعَلَهُم تعالى شَرَ البَهائمِ لا شَرَّ الناسِ فقط كانّهم من جِنْس الدّواب، واته: بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) دڵنیابە لەوەی کە خراپترین ئەو دروستکراوانەی کە دەڕۆن بەسەر زەویدا یان خراپترین و بەد ترین کەس لەلای خوا کەلەسەر زەوی دەڕۆن ئەو کەسانەن کە باوەڕیان نەهێناوە بە خواو بە پێ‌ەمبەری خوا وە فەرمانەکانی خوا بەدرۆ دەزانن و باوەڕ ناهێنن و ئەو کەسانەی کە بێباوەڕن وەك چوارپێ وان و خراپتریشن، چونکە ئاژەڵ خوا درووستی کردوون هەموو ڕێگەیەکی ژیانی بە سروشت بۆ دیاری کردوون بەبێ بیرکردنەوە کاری خۆیان بەجێ دێنن[1]، جا خوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرمووێ: ﴿ ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِى كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ أي هم الذّينَ عاهدتَهُمْ يا محمد من يهود بني قُرَيظة عَلَى أن لاَ يَعنُوا المُشركينَ عَلَى حَربِك ثم يَنقضُونَ العَهْدَهُمْ كُلّ مَرّةً بَعْدَ مَرّة ثم هُمْ لاَ يَتّقُون الله في غَدْرِهم ولاَ يبالونَ ما فيهِ مِنَ العَارِ وَالشَّنارِ، واته: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو بێ

---

(١) چونکە هەموو گیانلەبەرانی تر واتە ئاژەڵ و چوار پێیەکان بەپێی سرووشتی خۆیان ئەجولێنەوەو هەڵدەستن بەکارو کردەوەی خۆیان، بەڵام ئەمانە دژی کارو پیشەی سرووشتی خۆیانن چ جای هەڵستن بە کارو کردەوەی خۆیان، کەواتە ئەوانە لەهەموو گیانلەبەرانی تر بەدترن.

باوەڕانە ئەوانەی کە پەیمانت لەگەڵ دەبەستن کە بەدۆستایەتی لەگەڵتدا بجولێنەوە، وە یان یارمەتی بێ باوەڕانی (مەککە) نەکەن و نەدەن کەچی هەموو جارێك پەیمانەکەی خۆیان دەشکێنن یەك لەدوای یەك و پشت دەکەنە پەیمانەکانیان و خۆیان لە سزاو قاری خودا ناپارێزن و هەرگیز لە شەڕو ئاژاوەش خۆ لانادەن، ئەوان خۆیان ناپارێزن لە (عەیب) و عارو لە شکاندنی پەیمان و قەرار.

(**پاشکۆ**)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو پەیمان شکێنانە وا دیارە مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە جوولەکەکانی دەوروپشتی شاری (مەدینەیە) بەتایبەتی جوولەکەکانی (بەنی قریظة، و بەنی قەینوقاع و بەنی نظیر) بوون ، چونکە ئەون بوون کە پێغەمبەر (ﷺ) پەیمانی لەگەڵ بەستن بۆ ئەوەی هاوکاری (موشریکەکان) نەکەن بەلآم ئەوان پەیمانەکەیان شکاندو، لەرۆژی بەدرا هاوکاری و هاوبەشی (موشریکەکانیان) کرد چونکە ئەیان گووت ئێمە ئەو پەیمانەی کە دامانبوو بە پێغەمبەر (ﷺ) خۆمان لەبیر چووبۆوە، بەلآم لە راستیدا چەند جار پەیمانیان دەشکاند و جگە لەوانیش ئەو (عەرەبە) کۆچەرانەی دەوروبەری مەدینە دیمەنی دەقی ئایەتەکە روداوی مێژوویی وا ئەگەیەنن کە بەشێوەی گشتی مەبەستە[1].

---

(١) بڕوانە: (التفسير الواضح الميسر)، لە نووسینی (الدكتور الشيخ محمد على الصابونى)،لاپەڕە/٤٤٠، هەروەها بڕوانە (تەفسیری ئیمام قرطبي)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٢٨، وە هەروەها بڕوانە تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی: (مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزيز)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٣١.

(کافرەکان واتە بێ باوەڕەکان تەمێ بکەن)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن پاش ئەوەی خوای گەورە سێ رەوشتی جوولەکەو بێ باوەڕەکانی دیاری کرد و ئەوەی روون کردەوە کە ئەوان چەند جار پەیمان شکێنیان کردووەو، (وەعدەو) بەڵێنی خۆیان نەبردۆتەسەر، ئەوجا بەشوێنی ئەودا باسی ئەوە دەکات کە ئەو جوولەکانە ئەبێ کارێکی وایان لەگەڵ بکرێت کە کەسانی تری وەك خۆشیان بێ ژیرو عاقل بکرێن هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي ٱلْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ۝٥٧ ﴾أي فَإنْ ظَفَرتْ بِهِم في الحربِ فَاقْتُلْهم وَنَكِّل بِهِم تَنْكيلاً شديداً تخوِّف بهم الكَفَرَةُ المُجْرِمينَ لَعَلَّهُم يتّعِظُونَ بما شَاهدوهُ فيرتَدْعُوا عَن الخيانةِ والغَدْرِ، واتە: هەر کاتێك لەگەڵ ئەوانەدا لە مەیدانی شەڕدا رووبەڕوو بوونەوەی بەچاکی هێرشیان بکەنەسەرو، زۆربەیان بکوژن واتە کوشتاریان لێ بکەن و وایان لێ بکە با ئەوانەی پشتیانەوەن پەرت و بڵاو بن و پەندو (عیبرەت) وەربگرن بەڵکو بیربکەنەوەو دەست لە (خیانەت) هەڵبگرن و یانی بەڵکو ئەوانە ببنە پەندو (عیبرەت) بۆ خەڵکانی تریش تا جارێکی تر نە ئەوان و نە خەڵکانی تر (فکر) واتە بیر لە جەنگ و ئاژاوە نەکەنەوە لەگەڵتانا بجەنگن و شەڕ بکەن، غەدروو (خیانتان لێ نەکەن).

(تێبینیەکی گرنگ)

قالَ المُفَسرونَ نَزَلَتْ هذهِ الآيةُ في يهود (بني قريظة) عاهَدوُا رَسُولَ الله

(ﷺ) عَلَى أنْ لا يَعينُوا عليهِ أحداً مِنْ مشركي مَكّةَ ثُمّ نَقَضُوا العَهْدَ وَقالُوا نَسينَا ثم عاهَدَهُمْ فَنقضُوا العَهْدَ يومَ الخَنْدقِ ..الخ، واته: (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە دەرهەق شانی بەنی قُریظة، ئەوان عەهدو پەیمانیان بەست لەگەڵ حەزرەتا (ﷺ) ئەوجا ئەو پەیمانەیان هەڵوەشاندەوەو بەناردنی چەك بۆ (کافرەکانی) مەککە وە هەروەها کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بۆچی واتان کردووە؟ ئەوانیش عوزرو بەهانەیان هێناوە بەوەی کە لەبیریان چووە، ئەمجارەیش (کەعبی کوڕی ئەشرەف) رۆیشت بۆ مەککەو پەیمانی بەست لەگەڵ (ئەهلی مەککە) داو بوون هەروەها بوون بە پشتی (مەکەیی) لە شەڕی خەندەق ئەوجا ئەمە بەیانی (حوکمی) خودا بوو چونکە بە نیسبەت بەو کافرانە کە بە ئاشکرا پەیمان ئەشکێنن وە لەم ئایەتەی دواییشدا بەیانی (حوکمی) ئەو کافرە پەیمان بەستوانە ئەکا کە نیشانەی پەیمان شکاندنیان دەرئەکەوێ و بەتەواوی دەرنەکەوتووە.

(ئەی پێغەمبەر (ﷺ) سوێندو پەیمانیان بخەرە دواوە)

ئەفەرمووێ: ﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾ والمعنى: إن كُنت تخافَنّ خِيانةً من قوم بَيْنَكَ وَبَيْنَهُمْ عَهد وَميثاقٌ فَانْبِذْ إليهم العَهد عَلَى عِلْم مِنْكَ وَمِنْهم بأن تقول لهم قَد نبذتُ إليكُمْ عَهْدكم وَأنا سَأقاتلكم لِيَعْلَمُوا ذَلِكَ فيكونوا مَعَكَ في العلم سواء وَلاَ تُقاتلهم وبينك وبينهم عَهْدٌ وهم يَثِقُونَ بِكَ فيكون ذَلِكَ خيانةً واللهُ لا يحبُّ الخائنين، واته: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر

ترسـت لەهـەر قـەوم و هۆزێـك كـرد[١]، یـان ترسـت لێیـان هـەبوو لـە پەیمانەكەیان هەڵبگەڕێنەوە كە (غەدرو) غەشت لیّ بكەن، واتە گزیت لیّ بكـەن و پـەیمانت بشكێنن بەئاشكرا ئـەوجا تـۆش بـە ئاشـكرا سـوێندو پەیمانەكەیان بەسەردا بدەو، تا بەرامبەر یەك دەبن، واتـە: بـا هـەردوولا بزانن كە ئیتر پەیمان لەنێواندا نەماوە، چونكە ئەوان باوەڕ بـەتۆ دەكـەن وە تـۆش ئاگاداریـان بكـەوە، ئـەوجا بێگومـان خـودا ناپاكـان و خیانـەتكارانی خـۆش ناوێـت ئـەو ناپاكانـەی كـە بـە دزیـەوە پـەیمان و بەڵێنەكانیان هەڵدەوەشێننەوە جێگای باوەڕ نین.

جا بێگومـان خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَبَقُوٓا۟ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ أي لا يَظن الكُفّار الفجار أنّهُمْ يَفتلُونَ منْ عَذابنا فإنّهُمْ في قَبْضَتنَا وَلا يُعْجزوننا، وفي تَفسيرٍ آخر أي لا يَظنّ هؤلاءِ الكُفّار الذّينَ أفلَتُوا يوم بَدْرٍ من القتلِ أنّهم فاتونا فَلاَ نَقْدِر عَلَيهم بَلْ هـم في قبضتنا وَتحت مَشيئتنا وَقَهْرنا بَلْ هو قادرٌ عَلى الإنتقامِ منهم في كُلّ لَحْظةٍ لا يعجزهُ أحدٌ في الأرض ولا في السّماءِ[٢]،واتە: ئەو (كافر)و بیّ باوەڕانـە وا گومان نەبەن و وا بیر نەكەنەوە، ئەوانەی كە ڕێبـازی كـوفرو بـیّ دینیـان

---

(١) وێنەی بەنی قورەیزەو بەنی نەزیرو ئەوانی تر.

(٢) واتە دەستی (قودرەتی) بیّ سنووری خوا كە دەسەڵات دارە بەسەر ئەم بونەوەرە لە ئەرزو لە ئاسماندا لە جەنگی قارو تۆڵەی قوتار نابن، پوختەی ماناكەی ئەوەیە با (كافرەكان) وانەزانن خوای پەروەردگار بەرامبەر ئەوان هیچی پیّ ناكریّ بڵیّ هەموو شتی پیّ ئەكریّ؟

گرتۆتەبەر با وا نەزانن لە دەستی (قودرەتی) خوایی دەتوانن ئەوان دەرباز ببن لە سزای ئێمەدا، لەبەر دەستمان دەرچن و توانامان بەسەریاندا نیە بەڵکو لەژێر زەبرو زەنگی توانایی ئێمەدان ، لە (تەفسیرێکی) تردا ئەفەرمووێ با گومان نەبەن ئەو کافرو خوا نەناسانە کە رزگاربوون لە کوشتن و لە بەدیل گرتن و ئەسارەت لە رۆژی بەدردا با گومان نەبەن کە پێش کەوتوون و رزگاربوون لەکارو باری جەنگدا ، ئەوجا بەڕاستی ئەوانە خوداو پێغەمبەری خودا (ﷺ) ماندوو ناکەن و عاجزیان ناکەن لەوە کە بیانگرن و ئەوان بۆ کێ دەرئەچن و بۆ کوێ دەڕۆن..؟ [1]،وە هەروەها هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەفەرموون با باش بزانن ئەو خوا نەناس و بێ باوەڕانەی کە هەڵاتن و نەگیران با وا تێ نەگەن و نەزانن لەدەستی قودرەتی خودا دەرباز دەبن، ئەوان بێگومان ناتوانن دەرباز.ببن، جارێکی تر لە شەڕ دەگیرێن و یان دەکوژرێن یان بەبێ شەڕو جەنگ هەر دەمرن و دەکەونەوە بەردەستی (قودرەتی) خودای مەزن.

(**پاشکۆ**)

(قَالَ المُفَسِّرُون– وفِي الآيَة تَسْلِية للرّسولِ (ﷺ) فِي أنّ اللهَ سَيَنْتَقِم لَهُ مِن أعدائهِ إنْ عاجِلاً أو آجِلاً لأنَّ الله لا يُعجِزهُ أمْرٌ أرادهُ)، واتە: (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم (ئایەتە) کە موژدەو دڵنیاکردنی پێغەمبەرە (ﷺ) بەوەی کە خودا زاڵی ئەکا بەسەر (کافر)و دووژمنانی

---

(١) بڕوانە: تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز لەگەڵ دەستکاری ، بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٠٠، چاپی یەکەم.

دا چ زوو چ درەنگ کە ئەزیەتیان داوە وە هەر شتێك کە ئەو خواست و (ئیرادەی) لێ بێت جێ بەجێی ئەکاو زەحمەت نیە لەلای وە لە هەمان کاتیشدا (کافر)و بێ باوەڕو بت پەرستان هیوا بڕاو دەکا لەوەی بەسەر موسڵمانانا سەرکەون (ئەوەش محاڵە گەر خوا جەز بکات).

(پێویستە موسڵمانان خۆ ئامادە بکەن بۆ شەڕی کافران بەپێی توانا تا دووژمنی خوای پێ بترسێندرێ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان ئەکا کە هەمیشە خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو (کافرانەی) کە دووژمنی خواو پێغەمبەر و (ﷺ) ئێوەن هەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ دژی دووژمنان و دابین کردنی پێویستیەکانی جەنگ بەگوێرەی تواناو ئیمکان ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ﴾ أي أعدُّوا يا مَعْشَرَ المؤمنين لِقتالِ أعْداءِكم جميع أنْواعِ القُوّةِ الّتي هي باسْتِطَاعتِكُم اَلْقوّة[1]، وَأعدّوا لَهُم الخَيْلَ الّتي هِيَ آلةٌ لِلْحَربِ في جَميع الأزمِنةَ وَالعصُورِ في الجبالِ والوديانِ وَالْهَضباتِ والسّهول[2]، تُرْهبون وَتخيفونَ بهذه القوّة أعداء الله وَأعداءكم، واتە: ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان خۆتان ئامادەو حازر بکەن

---

(١) قال بعض المُفسرين : القوّة المادّية والعسكريّة، والرّوحيّة، والعلميّة، بڕوانە تفسیری الواضح الميسر، بقلم الدكتور الشيخ (محمد على الصابونى)، لاپەڕە/٤٤٣.

(٢) واتە: مەبەستی هەموو کێو و چیاو دۆڵ و هەورازو نشێوو سەحرایێکە.

بۆ جەنگ و شەڕی دوژمنان[1]، تا بۆتان دەكرێ چەك و جبەخانەی شەڕو[2]، ئەسپ و ماینی رەسەن و سواری[3]، پەیدا بكەن بۆ ئەوەی دوژمنانی دین و ئاینی خواو دوژمنانی خۆشتانی پێ بترسێنن و با بزانن ئێوە خاوەن دەسەلاتن، ﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾﴾ أي وترهبُونَ أقواماً آخرينَ مِن المُنافقين[4]، لا تَعْلَمُون ما هم عليه من النفاق ولكنَّ الله تعالى يَعلمهم فيأمركُمْ بالحذرِ منْهم وإدْخالُ الفزعِ إلى قلُوبهم ومَا تبذلونهُ من أموال تُنْفقونها للا علاءِ كَلِمةُ اللهِ ونصرة دينه فأنّ الله تعالى يُجازيكم عليه أوْفر وأحسنُ الجزاءِ، واتە: بێجگە لەوان دەستەیەكی تریشی پێ دەترسێنن كە ئێوە نایان ناسن

---

(١) مەبەست دوژمنانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

(٢) یانی بەقەدەر تواناو هێزیان بۆ ئامادە بكەن واتە بەقەد توانا خۆتان بەهێز بكەن لە چەك و سیلاح و ئازووقەو مەشق و راهێنان بەچەك كردن.

(٣) هەروەها ئەسپی چاكیان بۆ دابین بكەن بەڵام (موفەسیرەكانی) تازە ئەڵێن لەم سەردەمەدا (تانك و زرێ پۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی و فرۆكەو كەشتی) و هەموو ئەو شتانەی هێزی بزوێنەرەكانیان بەهێزی ئەسپ و ماین مەزەندە دەكرێت.

(٤) (موفەسیرەكان) رای جیاوازیان هەیە لەم مانایەدا (موجاهید) ئەڵێ، مەبەست پێی بەنی قورەیزەیە، (سوودێ) ئەڵێ مەبەست پێی (فارسەكانن) بەڵام (موقاتیل) و عەبدولرەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم ئەڵێن ئەوانە مونافیق و دووڕووەكانن.

خـودا دەیانناسـێت[1]، جـا بێگومـان هەرچـیەکیش لـە ڕێگـەی خـودا ببیەخشنەوە پاداشتان دەدرێتەوە، ئێوەش ستەمتان لێ ناکرێت.

(**پوختەی ڕاڤەکە**)

یـانی ئـەو مـاڵ و سامانەی کـە لەڕێگـەی خـوادا (خـەرجی) ئەکـەن و ئەیبەخشن ئـەوجا چ کـەم بێـت یـا زۆر بێـت لـەلای خـودا بەفیڕۆناچـێ و ناڕوات بەڵکو پاداشتەکەتان پێ دەدرێتەوە لە ژیانی دنیادا سـەرکەوتوو و سەربەرز دەبن و لە ڕۆژی دواییشدا بەبەهەشتی پان و بەرین و ڕازاوەی خودا شاد بن (إن شاء الله).

(**چەند ئاگادارییەکی گرنگ**)

١- پێـشەوا موسـلم ئەگێڕێتـەوە ئـەڵێ پێغەمبـەر (ﷺ) لەسـەر مینبەرەکـەی واتـە دوانگەکـەی دا فـەرمووی ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ﴾ (ألا إنّ القُوّة الرّمي، ألا إنّ القُّوةَ الرّميُ) واتە: ئەی خەڵکینە چاك بزانن ئـەو هێـزو قوەتـە خـوای گـەورە کـە لـە ئایەتەکـەدا ئامـاژەی پـێ کـردووە ، یـانی داوای کـردووە لـە موسـڵمانانـدا ئامـادەی بکەین تیر هاوێشتنە بۆ دوژمنان ئەوجا ئێوەش خۆ ئامادەبکەن[2].

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن مەبەست ئەو ناپاکانەن کە هەرچەندە بە چەك جەنگ ناکەن بەڵام هەمیشە هەوڵ و تێکۆشان ئەکەن بۆ تێکدانی نێوانی موسڵمانان وە پڕو پاگەندە بۆ سووك کردن و بێ نرخ کردنی موسڵمانانە.

(٢) بۆ ئەوەی دوژمنانی خوداو دوژمنانی خۆتان پێ بترسێنن.

٢- جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان)[1]، ئەفەرموون ﴿وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ﴾ واتە: ئامادە بکەن ئەوانە ئەو وڵاخە سوارانە کە ڕائەگیر ئەکرێن و ئامادە ئەکرێن بۆ لەشکرێ لەسەر سنووری وڵاتەوە بۆ بەرگری کردن لە دووژمن کە لە ناکاودا پەلامار بدا هەندێکیش ئەڵێن (رباط) واتە: بەو شوێنە دەگوترێ کە کەسێك لەوێ خۆی دانوسێنێ و یان خۆی دەپێچێ و دەچێتە سەنگەرەوە.

٣- هەندێکی تر ئەفەرموون کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾مەبەست لە ترساندنی ئەوانەیە کە دوژمنی خوان و باوەڕی پێ ناهێنن و دوژمنی ئێوەشن باوەڕ بە بەرنامەکەی ئێوە ناهێنن کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە مەبەستی لە جوولەکەو گاوورو قورەیش و بێ باوەڕەکانی نەتەوەی عەرەبە، وە هەروەها هەندێکی تریش لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە ئەفەرمووێ ﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ﴾یانی مەبەستی (رۆم و عەجەمە)، بەلام هەندێکی تریش لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون واش لێکدراوەتەوە کە مەبەست لە ئەجندەو شەیاتینەکان و بەتایبەتی ئیبلیسی نەفرەت لێکراو، لەبەر ئەوەی ئەوان کاتێ موسڵمانەکان جیهادو غەزا ئەکەن ئەوان لە حیلەی ماین و ئەسپەکان ڕائەکەن و هەڵدێن، هەروەها نزیکی ئەو ماڵەش ناکەون کە (ماین و ئەسپی) تێدابێت، وە هەروەها لە (صەحیحی) بوخاریدا هاتووە، لە عوروەی کوڕی ئەبی حەمدی بارقیەوە

---

(١) وەکو تەفسیری، (طبری و قرطبي و ابن کثیر و روح المعاني و قاسمی و صاوي و ماوەردی و رازی و بسیط و بحر المحیط)، زۆرانی تریش ...هتد.

(خوا لێی رازی بێت)، کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (ئەسپ خێرو بێری بەناو چاوانیەوەیە) هەتا رۆژی قیامەت هەم پاداشتەو هەم دەستکەوتە[1]، ئەگێڕنەوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود (رەزای خوای لێبێت) ئەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (ئەسپ سێ جۆرە): ئەسپێك بۆ خودای رەحمانە ، ئەسپێك بۆ شەیتانە، ئەسپێك بۆ ئینسانە: **(یەکەم)**: ئەو ئەسپەی بۆ خودای (رەحمانە) ئەوەیە ئامادەکراوە بۆ غەزاو رێی خودا. **(دووەم)**: ئەسپی شەیتانە ئەویش ئەوەیە بۆ ئیشی خراپ ئەبردرێ و یان (قوماری) لەسەر ئەکرێ یان گرەوی لەسەر دەکرێ. **(سێهەم)**: ئەسپی ئینسانە کە ئەویش ئەو ئەسپەیە کە پیاو ئامادە دەکات بەتەمایی سکەکەیەتی ئەو داپۆشەرە بۆی لە هەژاری[2].

٤- خوای گەورە لەو ئایەتەی پێشوودا فەرمووی: ﴿لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ واتە: ئێوە نایان ناسن و پێیان نازانن خودا پێیان ئەزانێ و ئەیان ناسێ وەکو (عەرەبی هەوازین) و نەجدو عەرەبی نزیکی غەسانیەکان و باقی عەرەبی جزیرة العرب وەیان ئەو دوژمنانە کە لەمەولا پەیدائەبن بۆ عالەمی ئیسلامی لە ئەورووپاو باقی ئەترافی قارەکانەوە[3].

---

(١) بڕوانە پەرتووکی (فتح الباری شرح صحیح البخاری) لە نووسینی (ابن حجر العسقلانی)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٦٧.

(٢) رواه احمد فی سننه، برقم ٣٩٦.

(٣) بڕوانە تەفسیری (نامی بۆ قورئانی پیرۆز) لە دانانی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٠١، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بەغداد.

(پاشكۆ)

هەنـدێ لـە (موفەسـیرەكان) ئەفـەرموون شـەڕكردن (حالـەتێكی) كۆمەڵایەتیـە لەبـەر ئـەوە بەدرێـژایی مێـژوو تـا ئـەمڕۆ چـەندەها شـەڕی گـەورەو بـچووك لـە نێـوان دوو وڵات یـان دوو هـۆز یـان دوو نەتـەوەدا هەڵگیرساوە، چونكە بێگومان ئەم سەر زەویە بـێ شـەڕو شـۆڕ نـەبووە، ئەگەر لەلایەك شەڕ كوژابێتەوە لەلایەكی ترەوە هەڵگیرساوەتەوە، بـەڵام خـوای پـەروەردگار لـە (ئایەتەكـەی) پێـشوودا فـەرمووی : ئێـوە ئـەی موسڵمانینە خۆ ئامادە بكەن بۆ شـەڕی (كـافران) و خـوا نەناسـان شـتێ خۆتان پێ بەهێز بكەن لە جەنگدا ئـەو شـتەی دیـاری نـەكردووە، مێـژوو دەری خـستووە راسـتی ئـەو فەرموودەیـە بـەر لـە (١٣٤٨) كۆچـی دا لەكاتێكا نە فڕۆكە هەبووە نە بۆمبای زەڕەو نـە ساروخ و نـە مووشـەكی دوور هاوێـژ نـە ئـەو (ئەسـلیحە) فەتاكانـە هـەبووە، زانایـانی بلیمـەت لەهەموو سەردەمێكا زانستی خۆیانیـان بـەكارهێناوە بـۆ بـەهێز كـردن و گەشەپێدانی كەرەسەی هێز لە تیرەوە بۆ تفەنگ و فیشەك لەوانـە بـۆڵای سـاروخ و بۆنبـای بـچووك بـۆڵای بۆنبـای زەڕەو هایـدرۆجین و چـەكی كیمیاوی و هاتە دی و ئەوەبوو پێغەمبـەر (ﷺ) و هـاوەڵانی لـە (غـەزای خەیبەر)و هی تریش دا ئالەتی (مەنجەنیقیان) بەكار هێناوە وە هـەروەها زۆر فەنی (حەربیشیان) بەكارهێناوە.

(ئەگەر بە سلمی ئاگر بەستیان ڕاگەیاند ئێوەش قەبوڵی بکەن)

خوای مەزن ئەفەرمووێ: ﴿وَإِن جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٦١﴾﴾ أي إنْ مالُوا إلى الصَّلحِ والمهَادنة فمل إليهِ وأجيبهم إلى ما طلبُوا إن كانَ فيهِ مَصلحة، أي فوض الأمرَ إلى اللهِ ليكون عوناً لَكَ عَلَى السّلامةِ هُو سُبْحانه السميعُ لاقوالهم العليم بنياتهم، واته: هەر کاتێکیش دوژمنانتان مەیلی ئاشتیان کردو داوای ئاشتەواییان کرد تۆش ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مەیلی ئارەزووی ئەوە بکە هەروەها پشت ببەستە بە خوا ، واتە باکت نەبێ لە پیلان و فێڵ و نیازی خراپیان هەیە، بەڕاستی خوای گەورە زۆر بیسەرە،بەوتەی ئەوان،زۆر زانایە بەکردەوەکانیان.

(پوختەی ماناکان)

یانی ئەگەر ئەو (کافرە) بێ باوەڕانە بەلای مەسلەحەت و پەیمان بەستندا هاتن، واتە ویستیان شەڕ نەکەن و ئاشتی بەرپا بێت لەنێوانتان تۆش بەلای ئاشتی و مەسەڵەتکردندا بڕۆ، یانی مەسڵەتیان لەگەڵدا بکەو با شەڕ نەمێنێ و ئاشتی بەرپابێت هەروەها پشت بەخوا ببەستە، خوا زاناو ئاگادارە بەوەی دەیکەن، چونکە خودا دەیەوێ کە موسڵمانان هێز پەیدا بکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن شەڕو شۆڕ و ئاژاوە بمێنێ و ئاشتی بەرپابێ و خەڵك بەخۆشی بژین جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن

﴿ يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ ﴾ أي وإن أرادوا بِذَلِكَ الصُّلح خَداعُكَ لِيَستَعِدُوا لحربِكَ وَحَرْب المؤمنينَ فإنّ اللهَ يكْفيكَ شرّهَم، وَهوَ حَسْبَك أي كافيك فَلا تخف مِنْهم لأنّ الله ناصِرك ومُعزُوكَ هُوَ سُبحانهُ الذّي قّواكَ وَأعانَكَ وشدّ أزرك بالأنصار وألفّ وَجَمَعَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ، واتـە: ئەگەر ئەوان ویستیان بتخەڵەتێنن و فێڵت لێ بکەن ئەوە تۆ خوای مەزنت بەسە (کافیە) کە پشتیوانی لەتۆ کردووەو سەرکەوتنی تایبەتی پێ بەخشیویت لە ڕێگەی ئیماندارانەوە، یانی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەو بێ باوەڕانە بیانەوێ لە ڕێگەی بانگەوازی بۆ ئاشتیەوە فێڵتان لێ بکەن و خۆیان بەهێز بکەن بۆ لێدانتان ئەوە تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بێگومان خودات بەسەو چاودێریت دەکاو یارمەتیت دەداو زاڵت دەکات بەسەریان چونکە بەڕاستی هەر خودابوو کە لەوەوپێش یارمەتی دایی و هاوکاری (ماددی و مەعنەوی) بۆ ئەنجامدای بۆ ئەوەی دڵی موسڵمانانی بۆ فراوانکردی کە ئیمان و باوەڕی بەهێز بچێتە ناو دڵیانەوەو (قایم) بێ و یەك بگرن و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا لەژێر فەرماندەیی تۆدا (جیهاد) بکەن.

(وەبیرهێنانەوەی بەهرەو چاکەی خودا بەیەکگرتن لە نێوان دڵی خۆشەویستی موسڵماناندا)

جا بێگومان خوای گەورە باسی چاکەو بەهرەی خۆی دەکات بەسەر پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەوەی کە پشتگیری لێ کردووەو بەهۆی موسڵمانە کۆچەری یارمەتیدەرەکانەوە چونکە خوای گەورە بە فەزڵ و کەرەم و گەورەیی خۆی ئەو خەڵکەی وا لێکرد لە دەوری کۆبوونەوە بە (رووح) و بە گیان ماڵ و سامانی خۆیان بەخت بکەن و ببنە نموونەی قوربانی فیداکاری و لێبوردەیی یەک ریزی و تەبایی بۆ ئایین و دینی پیرۆزی ئیسلام هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ (أي لَوْ أَنْفَقْتَ جميعَ مَا في الأرْضِ منَ الأموالِ مَا اسْتَطعْتَ أنْ تؤلف بَيْنَ قُلوبِهِم ولَكنّهُ تعالى بقدرتهِ وَحكمتهِ جَمَعَ بين قُلوبِ الأنصارِ عَلَى ماكانَ بَيْنَهُمْ مِنَ العداوةِ وَالبَغْضَاءِ فَأَبْدلَهُمْ بالعَداوَةِ حُباً وَبالتباعُدِ قُرْباً بالشّحناءِ إلفةً لأنّ الله عزيزٌ أي غالبٌ لا يَسْتَعْصي عليهِ أمْرٌ حكيمٌ أي يَعْلَمُ المَصالح لعبادهِ)، واتە: بێگومان ئەوەی راستی بێت هەر خودا دڵەکانیانی پەکخستوەو خۆشەویستی و رێزی لەنێوانیاندا بەرپاکردووە[1]، ئەگەر هەرچی سەروەت و ماڵ و

---

(١) چونکە بێگومان هەر خودابوو (ئەلفەتی) دانا لەناو دڵی ئەو ئیماندارانەدا کەوان لەگەڵ تۆدا لە (موهاجرین و ئەنصار)، هەروەها لە (ئەوس و خەزرەج) لە ئەنصارەکان لەگەڵ ئەودا کە چەند کینەو ناکۆکی رکابەری کۆن لە نێوانیاندا هەبوو بەڵام ئەمانە بەجارێ بەهاتنی پێغەمبەر (ﷺ) و ئاینی ئیسلام وەکو براو خوشکیان لێ هات (ماشاء الله).

سامانی دنیا هەیە پێت بدانایـە، نـەت دەتـوانی دڵـەکانیان یەکبخـەیت و خۆشەویستی بەو شێوەیە لە نێوانیان درووست بکەیت[1].

بـەڵام خـوای گـەورە بـەهۆی ئـەو ئاینـەوە خۆشەویـستی خـستۆتە نێوانیانەوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو زاتە تەواو باڵا دەسـتە لەهـەموو ئـەو شتانەدا کە دەیکات خاوەن (حیکمەتە) لەکارەکانیا کارزان و کار جوانە، جا بێگومان گەڵێ حەزرەت (ﷺ) ئەو نـازو نیعمەتـەی برایەتیـەی وەبـیر دەهێنانەوەو بەتایبـەتی لـەکاتی وتـاری دا بـۆ (ئەنـصار) واتـە یارمـەتی دەرەکـان لـە بـارەی دەسـت کـەوتنی (حونەینـەوە) فـەرمووی پێیـان ئەمـەش دەقـی ووتارەکەیـەتی: (یـا مَعْـشَرَ الأنـصار أَلَـمْ أجِـدكُمْ ضـلَالاً فَهَداكُم اللهُ بي، وعالـةً فأغْنَـاكُمْ اللهُ بـي وَكُنْـتُمْ مُتَفَـرقِينَ فـأَلّفَكُمْ اللهُ بـي؟، كُلَما قَالَ شَيْئَاً قَالُوا اللهُ وَرَسُولَهُ أَمَنَّ[2]، واتـە: ئەی کۆمـەڵی پـشتیوانان و یاریدەران ئایە نـەم دیت ئێـوە گـومڕا بـوون و ڕێتـان وون کردبـوو، خـوا بـەهۆی منـەوە ڕێگـەی نیـشاندان، ئێـوە هـەژارو دەسـت کـورت بـوون بەبۆنەی منەوە خوا دەوڵەمەندی کردوون ئێوەی ژیاندەوە، وە هـەروەها ئێوە پەرتەوازە بوون یەکی خـستن بـەهۆی منـەوە؟ ئـەوجا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەرچـیەکی بفەرموویایـە دەیـانگووت وایـەو ڕاسـتەو خـوداو

---

(١) جا بێگومان هەر دڵیش کانگای هەست و ئارەزووە ئەگەر بەخۆی نەیەتە سەر چاکە هیچ کەسێك ناتوانێت پاڵی پێوە بنێ نە بە ماڵ و نە بەهێز کاری تێ ناکات، هەر خوایە دڵان ڕێك دەخات، چونکە خوا دروستی کردووەو دەتوانی دڵان نەرم بکات وە هەڵگێڕو وەرگێڕی بکات، بڕوانە تەفسیری قورئانی پیرۆز، لە نووسینی (عبدالعزیز علاءالدین کۆیی)، لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٥.

(٢) رواهُ البُخاري ومُسلم.

پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زۆر مافیان بەسەرمانەوە هەیە، جا سوپاسی خواو پێغەمبەریان دەکردو زۆر لێیان (مەمنوون) بوون جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ أي اللهُ جَلَّ وَعَلاَ وَحْدَهُ كافيكَ يا مُحَمدّ (ﷺ) وكافي أتباعك المؤمنين فَلاَ تحتاجُونَ مَعَهُ إلى أحدٍ، من ناصرٍ أو معين وَمَنْ كان اللهُ مَعَهُ فَلا غَالِبَ لهُ فَثْق بِنَصْرِ اللهِ فإنّهُ مَعَ المُتّقين، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ تەنها خوای گەورەت بەسە کە یارو یاوەرو یارمەتی دەرت بێت، هەروەها ئەو ئیماندارانەش کە شوێنت کەوتوون، جا بێگومان خودا زاڵت دەکات بەسەر دوژمنانت دا هەر چەندێك دووژمن زۆربێ و موسڵمانان کەم بن خودا ئێوە سەردەخاو دوارۆژ هەر بۆ خوداپەرستانە، دەبێت دڵنیابن لەوەی هەمیشە خودا یارمەتی دەری موسڵمانانە و پێویستیتان بەکەسی تر نیەو خودا کافیە[1].

(**پاشکۆ**) .

هەندێ لە (موفەسیران) و (سیرەت) نووسان فەرموویانە لەکاتی خۆی لە ئەوەڵی ئیسلامەوە (٣٣) سیی و سێ مرۆڤ و (٦) ئافرەت موسڵمان بووبوون، وە لەپاش ئەمانە حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) موسڵمان بوو ئەوجا ژمارەی موسڵمانان گەیشت بە چل (٤٠)

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەم ئایەتە هاتوتە خوارەوە پاش ڕووداوی بەدر لە جێگایەك دا کەپێی دەڵێن (بەیداء) ئەو جێگایەش چەند (مەسافەیەك) دوور لە بەدر.

کەس، جا ئەم ئایەتە لەسەر (ئیعتیباری) ئەوەی کە ئەم ژمارە (بناغەی بینایی) ئایینی ئیسلامە وەلەسەر ئەمەوە موسڵمان پەرە ئەستێنیّو گەشەئەکا.

(ئەی پێغەمبەر هانی ئیمانداران بدە جەنگ بکەن لەگەڵ بیّ باوەڕاندا)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای مەزن هانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و خاوەن باوەڕان ئەدات لەسەر جەنگ کردن و رووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) بەتایبەتی دوژمنانی نزیکی خۆیان، وە هەروەها ئاگاداریشیان ئەکاتەوە کە خوای گەورە خۆی یارمەتیان ئەدات و سەرکەوتویان ئەکات بەسەر (کافران) و خوانەناساندا، هەروەکو خۆی ئەفەرمووێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَـٰبِرُونَ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾

﴿ أي حُثّهمّ وحَضّهم ورَغّبهم في قتالِ أعْداءِ الله ليَفُوزوا بإحدى الحُسْنَيين إما النصر وإما الشّهادة في سَبيل الله إن كانَ مِنْهُمْ عشرون صابرُونَ عَلَى شَدائد الحَرْب يَغْلبُوا مائتينِ منْ عدوّهم وإنْ كان منّهم مائةٌ صَابرةٌ يَغْلبُوا ألفاً من الكفّار بِسَبب أنّ أولئك الكُفّار قومٌ جَهلةٌ لا يَعْرفُون حكمةَ الله في نصرِ جُنده وأوليائه ولاَ يُثْبِتُونَ عند اللّقاء ثبات المُؤمنين، وَهذه الغلبة للْمؤمنينَ إنّما جاءَتْ من القوّة الرّوحية التّي أمدّهم الله بها لأنّهُمْ يقاتلُونَ عَن عَقيدةٍ وإيمانٍ بخلاف المُشركينَ الذّينَ يُقاتلونَ في سَبيل الشّيطان،

خوای گەورە ئەفەرمووێ (يا أيّها النَبيُّ)[1]، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) هانی ئیمانداران بدە بۆ (جەنگ)، واتە: زۆر بە توندی هانی بڕواداران بدە لەسەر جەنگ کردن لەگەڵ دوژمناندا، جا بێگومـان ئەگـەر ئێـوە بیست کەسـی ئـازاو مـەردو شـەڕکەری خـۆڕاگر و کۆڵنـەدەرتان هـەبێت ئـەوە بێگومان بەسەر دووسەد شەڕکەری دوژمنـدا زاڵ دەبن[2]، و سـەرکەوتوو ئەبن بەسەر ئـەو (کـافر)و بـێ بـاوەڕو خوانەناسـانە، واتـە ئەگـەر (سـەد کـەس) بـن ئـەوە بێگومـان زاڵ دەبـن بەسـەر هـەزار کەسـی ئەوانـدا سـەردەکەون و تێکیـان دەشـکێنن بـە (ئیزنـی) خـودا، چـونکە ئـەوان کەسانێکن تێناگەن، کە (غەزاو جیهـاد) کـردن لـە ڕێگـای خـوادا دەبێتـە هۆی سەرکەوتن و سەربەرزی دنیاو قیامەت، جا بێگومـان لـە ڕاستیـشدا تێناگـەن کـە ئێـوە کاتێـك (جیهـاد) جـەنگ ئەکـەن یـەکێك لـەم دوو مەبەستەتان هەیـە کـە هـەردووکیان مایـەی ئازایـەتی و چاونەترسیە بۆ ئـادەمیزاد یـەکێکیان لـە دنیادایـە کـە سـەرکەوتن و سـەربەرزیە، دووەمیـشیان گەیـشتنە بـە (شـەهیدی) و ڕەزامەنـدی خـواو چـوونە بەهەشـتی پـان و بەرینـەوە، جا بێگومـان هـەروەکو خـوای گـەورە لـە کۆتایی ئایەتەکە ئاماژەی پـێ کـردووە کـەوا فەرموویـەتی﴿بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ﴾ واتە: بەوردی تێناگەن چوونکە بێگومان ئەو (کافرانـە)

---

(١) (موفەسیرەکان) فەرموویانە هەردەم خوای گەورە بانگی پێغەمبەر (ﷺ) بە (يا أيّها النّبي) دەکات ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە ڕەوشتەوە هەبێ بەڵام ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە یاساوە هەبێ بە (يا أيّها الرّسول) بانگی دەکات.

(٢) واتە (یەك بە دە) یانی دەکرێ یەك کەستان بەرامبەری (دە) کەس ڕاوەستێت.

خـەڵكانێكی زۆر ناتێگەیـشتوون، ئـەوجا بەڕاسـتی هـۆی تێكـشكانی (كافرەكان) ئەوەیە كە ئەوان نەوەیەكی (جاهل) و نەفامن و، وەكو ئێـوە لـە (حیكمـەتی) جـەنگ نـازانن، چـونكە ئـەوان شـەڕ دەكـەن تـەنیا مەبەستیان سەركەوتن و داگیركردنی خـاك و زەوی موسـڵمانان و زوڵـم و ستەم و زۆرداریە[1]، بەڵام ئێوە دەجەنگن بـۆ بەرزكردنـەوەی ووتـەی (لا إله إلا الله مُحَمَّدٌ رَسُول الله (ﷺ)) وە بۆ راسـتكردنەوەی عەقیـدەو بـیرو باوەڕی موسڵمانان[2].

(ئاگاداریيەك)

عەبدوڵلای كوڕی عەباس (خوایان لیّ رازی بێت) ئەڵێت لەسەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە، دەبوو یەك كەس بەرامبەر دە كەس راوەستابا چونكە بیّ گومان ئەوكاتە موسڵمانەكان كەم و لاواز بوون و بیّ هێزو بیّ دەسەڵات بوون (دیارە ئەمەش واتە ئەو (حوكمەش) كە ئایەتەكەی پێشوو زۆر لەسەر شانیان قورس و گران بوو بۆیە ئەمە (نەسخ) بویەوە[3]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ

---

(١) چونكە بێگومان شەڕ كردنی (بت پەرستان و كافرەكان) لەپێناوی رێگای شەیتانە.

(٢) بۆ رەوشت بەرزی ئیسلام و بەندایەتی (راستەقینە) بۆ خوداو ئەنجامدانی نوێژو رۆژوو، زەكات دان، و فەرمان بەچاكەو نەهی لە خراپەو تاوان.

(٣) (موفەسیرەكان) ئەڵێن موسڵمانەكان لە غەزای بەدردا ژمارەیان كەم بووە، وە چەك و زەخیرەی كەمیان پیّ بوو، جا خوا فەرمووی ئێستاكە خوا بارتانی سووك كرد چونكە كە كەسی بیّ هێزو لاوازتان تێدایە، جا ماوەیەكی پێچوو ئینجا خوای گەورە ئایەتەكەی نازل كرد.

وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾ أي خَفّفَ اللهُ عَنْكُم مَعشر المُؤمنِينَ بسبب ضَعْفكُمْ فَقَدْ كانَ (ثباتُ الواحد) أمام العَشرة فرضاً ثُمّ نُسِخَ وَأصْبحَ ثباتُ الواحد أمام الأثنين فرضاً) واتە: هەر ئێستا خوا کاری بۆ (سەهل) و ئاسان کردن چونکە زانی ئێوە (زەعیف) و بێ هێزن و دەسەلاٚتتان کەمەو هەروەها کزو (زەعیف) و بێ دەسەلاٚتن، ئەوجا ئەگەر سەد کەسی خۆڕاگرو بەسەبرو ئارامتان هەبێ، ئەوە بێگومان دەرەقەتی (دووسەد) کەسیان دێن، خۆ ئەگەر (یەك هەزار) کەسی خۆڕاگرتان هەبێ ئەوە بە فەرمان و بڕیاری خوا دەرەقەتی (دوو هەزار) کەسیان دێن لە خوانەناسان و ستەمکاران، ئەویش بە ویست و یارمەتی خوای گەورەیە، خوای گەورەش لەگەڵ خۆڕاگرو ئارامگران دایە، چونکە بێگومان خۆڕاگرتن لەهەموو کارەکاندا پێویستە و بەتایبەتی لە (جیهادو غەزادا)، چونکە مرۆڤ خۆڕاگرو دامەزراو بێت هەر بە خۆڕاگرتن و دامەزراو بوون کارەکانی دونیاو قیامەت واتە پاشەڕۆژ ئەنجام دەدرێن[1].

(پاشکۆ)

زۆربەی (موفەسیرەکان) فەرموویانە کاتێك ئەم ئایەتەی پێشوو هاتە خوارەوە جا بێگومان لەسەر شانی موسڵمانەکان گران بوو بەلایانەوە قورس بوو کە بیست کەس لەگەڵ دووسەد کەسدا شەڕ بکات، ئەوجا

---

(١) بڕوانە: (التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج) لە نووسینی (الدكتور وهبه الزحيلي)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٤٠٤، وە بڕوانە (التفسير الواضح الميسر) لە نووسینی (الدكتور محمد على الصابوني)، لاپەڕە/٤٤٥.

خـوای گـەورە بـۆی ئاسـان کـردن و فـەرمووی ﴿ ٱلۡـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗاۚ ﴾ سـورەتی /ئـەنفال/ ئایـەتی/٦٦، هـەروەها دوایـیش وا بڕیـاردرا کـە ئەگـەر ژمـارەی موسـڵمانان نیـوەی ژمـارەی خوانەناس و (کافران) بوو، ئەوە ئەو کاتە دەبـێ بەرامبـەریان بجـەنگن و خۆڕاگر بن، خۆ ئەگەر وانەبوو دەتوانن ئەوکاتە لـەو شـەڕە خۆلابـدەن و فڕوفێڵی لێ بەکار بێنن هەروەکو حـەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی: (الْحَـرْبُ خِدْعَةٌ) رواه البخاري ومسلم، مانـاو لێکدانەوەکەشـی لـە پێشەوە شـەرح کراوەو پێویست بەدووبارە کردن ناکاتەوە.

(باسێك لە مەرجە بەدیل گرتن و فیدیە لێ وەرگرتنیان لە بێ باوەڕاندا)

(قالَ المُفَسرونَ) وَقَـدْ كـانَ رَسُـول اللهِ (ﷺ) إستـشار أصْحابَهُ في أمـر السَبعينَ مِنْ أسرى المشركينَ فأشـارَ عليـهِ عُمُـرَ (رضـي الله عنـه) بِقَتْلِهم (لأنَّهُم صَناديدُ الكُفْرِ وَالطُّغيان) وَأشارَ عليهِ أبـوبكر (رض الله عنـه) بأخـذ الفداءِ منهم) وإطلاق سَراحِهم، فَمالَ قَلْبُ النَبيُّ (ﷺ) الرّحيم إلى رأي أبـي بكـرَ (رضـي الله عنـه) فَنَـزَلَ العِتـابُ لِلرّسـولِ (ﷺ) في هـذهِ الآيـةِ الكريمـة....). واتـە: ئـەوەی راسـتی بێـت زۆربـەی (موفەسـیرەکان) ئەگێڕنەوە کەوا لە رۆژی بەدرا دیلەکانیان هێناو پێغەمبەر (ﷺ) راوێـژی بـە (ئەصـحابەکانی) واتـە هاوەڵـەکانی کـردو فـەرمووی (خـودا ئێـوەی سەرکەوتوو کرد بەسەریاندا)ئێوە راتـان دەربـارەی ئـەم (دیلانـە) چیـەو دەڵـێن چـی؟ کـاتێ کـە لـە بـەدرا قـوڕەیش (حـەفتایان) لـێ کـوژراو

حەفتاشیان لێ بەدیل گیرا، ئەوجا عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) هەڵساو ووتی ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەملیان بدە چونکە ئەوانە سەرچاوەی (کوفر)و یاخی بوونن لە ئایینی ئیسلام، جا پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لێ لاداو ڕووی خۆی لێ وەرچەرخاندو پاشان پێغەمبەر (ﷺ) دووبارەی کردەوە هەروەك ئەوەی پێشوو فەرمووی بە هاوەڵەکانی جا حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی رازی بێت) هەڵساو فەرمووی ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من وا بەباش دەزانم لێیان ببورن یان (فیدیەیان) لێ بستێنن و یا بەڕەلآیان بکەن[1]، جا پێغەمبەر (ﷺ) رایەکەی پەسەند کرد، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر (بەرەحم) و بەزەیی بوو لە (کوشتن) عەفوی کردن و (فیدیەی) لێ وەرگرتن جا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە جا خوای گەورە رەخنەی لە پێغەمبەر (ﷺ) گرت[2] و فەرمووی: ﴿ مَا كَانَ

---

(١) راو مەبەستی حەزرەتی ئەبوبەکر (خوایان لێ رازی بێت) ئەوەبوو فەرمووی من پێم چاکە (فیدیە)و بریتیان لێ وەربگیرێ تا خۆمان بەهێز بکەین لەولاشەوە بەڵکو لە ئایندەدا خوا رێنماییان بکاو موسڵمان بن، من وام پێ چاکەو (خواش زاناترە).

(٢) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەرچەندە ئەم فەرمایشتە لێرەدا ئاراستەی پێغەمبەر کراوە (ﷺ) چونکە ئەو فەرماندەی شەڕ بوو بەڵام مەبەستی ئەو موسڵمانانەیە کە هەوڵیان دەدا بێ باوەڕان و (کافران) بەدیل بگرن وەك چۆن ئێمە هەموو شکان و سەرکەوتنێك دەدەینە پاڵ فەرماندەی شەڕ بۆ نموونە دەڵێین فلان سەرۆك لە شەڕەکەدا سەرکەوت و لایان تێکشکا و شکستی خوارد، جا بێگومان ئێمە مەبەستمان خودی سەرۆکەکە نیە بەتەنها بەڵکو مەبەستمان هێزو لەشکرەکەیەتی.

لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي ٱلْأَرْضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ (قَالَ المفسِّرونَ في هذه الآية عتابٌ للنّبي (ﷺ) ولأصحابهِ الكرام عَلَى أخذهم الفِداء من الأسرى، ولا يَنْبَغي لِنَبيّ من الأنبياءِ أنْ يأخذ الفِداء من الأسرى إلاّ بَعْدَ أنْ يُكْثر فيهم القَتل والجِراح ويُبالِغ فيهِ تريدُونَ أيّها المُؤْمنُون أخْذ الفداءِ حُطام الدُنّيا وَمتاعُها الزّائل؟ والله جلّ وَعَلا يريدُ لكم الباقي الدّائم وَهُوَ ثواب الآخرة بإعزاز الإسلام وَقَتْلِ أعدائه، وَاللهُ عَزيزٌ في مُلْكهِ لا يُقهر وَلا يُغْلب حَكيمٌ في تَدْبيره وَصَنْعه)، واته: هیچ پێغەمبەرێك ڕێ نەدراوە كە دیلی هەبێ و دیل ڕاگرێ یان (فیدیە) وەرگرێ هەتا هێزو دەسەڵات بەدەست دەگرێت یان شت و مەك و پارەو ماڵی دنیاتان ئەوێ خواش ڕۆژی دوایی ئەوێ، واتە (موفەسیرەكان) فەرموویان ئەم (ئایەتە) ڕەخنە گرتنە بۆ پێغەمبەری مەزن (ﷺ) و یارەكانی كە دیلەكان بهێڵنەوە یا گڵیان بدەنەوە لەلای خۆیان یان فیدیان لێ وەرگرن و خۆیان پێ دەوڵەمەند بكەن.

جا پوختەی ماناكە وایە:

كە ئەفەرمووێ درووست نیە و ڕەوا نیە بۆ هیچ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران كە دیلی هەبێ یان بەندیان بكات یان (فیدیەیان) لێ وەرگرێ، تا زۆر بەتوندی هێرشیان نەكردبێتە سەر دووژمن و زۆریان لێ نەكوشتبێتن یان بریندارێكی زۆریان هەبێ، ئایە ئەی ئیمانداریـنە ئێوە ماڵی دنیای هیچ و پوچتان دەوێت؟ ئەوجا خوداش خۆشی و كامەرانی

ڕۆژی دوایی بۆ ئێوە دەوێت جا بێگومان خودا پاداشتی پاشەڕۆژی ئەوێ
کە بەهەشتەو بڕانەوەی بۆ نیە، خوای گەورە توانای زۆرە دۆستانی
خۆی زاڵ ئەکا بەسەر دوژمنانیدا هەموو شتێ لە جێگەی شیاوی خۆی
دائەنێ، بۆیە فەرمان ئەدا بە (کوشتنی) بێ باوەڕان و قەدەغە ئەکا لە
خۆ کڕینەوەیان هەتا موسڵمانان شکۆ پەیدا ئەکەن و هێزیان پتەو ئەبێ،
خواش خاوەن هێزێکی بێ وێنەو کار جوان و کار درووستە.

(سەرنجێکی گرنگ)

پێشەوا (موسیلم و ترمزی) ئەگێڕنەوە لە عومەری کوڕی خەتاب (خوا
لێی ڕازی بێت) فەرموویانە ڕۆژی (غەزای بەدر) کە ئەسیرو دیلەکانیان
گرت پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژی بە ئەصحابەکانی کرد بەتایبەتی حەزرەتی
ئەبو بەکرو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی بۆ ئەم دیلانە ئێوە
ڕاتان چۆنە؟ ئیمامی ئەبوبەکر ووتی ئەی پێغەمبەری خودا (ئەمانە خزم
و کەس و کاری خۆمانن هەموو ئامۆزاو قەومی خۆتن ، من وام پێ باشە
و بەچاکێ دەزانم کە سەرانەو (فیدیەیان) لێ وەرگری، چونکە ئەو
فیدیەو سەرانەیە دەبێ بەهێزو هانا بۆمان بەرامبەر بە (کافران) بەڵکو
لەپاشان موسڵمان ببن، ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەی
عومەر) تۆ ڕات چۆنە و دەڵێی چی؟ جا ئەویش لە وەڵامدا گووتی من
ئەو ڕایەی (ئەبوبەکر) بەباش نازانم و من ئەڵێم (ولكني أرى أنْ تمكُنّا
فَنَضْرِبَ أعْناقَهُم فَتمكنّ علّياً مِنْ عقيلٍ فَيَضْرِبَ عُنَقَهُ وتكّنني من فُلانٍ
فأضربَ عُنَقَهُ فإنّ هَؤلاءِ أئِمَةَ الكُفرِ وَصَنَاديدُهَا)، واتە: بەڵام من ڕام وایە
تۆ ڕێگەمان بدەیت و یەکە یەکە بدەین لە گەردنیان، چونکە من وام پێ

چـاکە فلانـی خـزمم بدەیتـە دەسـت بـا بیکـوژم هــەروەها (عــەقیلی) ئامۆزاشت کە برای ئیمامی عەلیە بدە دەسـتی عـەلی بـا بیکـوژێ و فلانـە کەسیش بەدەستی (حەمزە) با بیکوژێ ، هەتا هەموو کـەس بـزانن ئێمـە لەگەڵ کافراندا نەرم و نیان نین، هەروەکو خوا لە قورئانـدا بـە پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵانیـــدا ئەفـــەرموویت ﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾ سورەتی/ الفتح ئایەتی/٢٩، واتە: لەبەرامبەر بـێ بڕواکانـا ئـازاو بـەهێزن لەناو خۆشیاندا بەرەحم و میهرەبان و بەسۆزو دڵ نەرمن، جـا حـەزرەتی عومەر (خوا لێی رازی بێت) فەرمووی فلان و فیسارە کەسیش کە خزمـی منە بیدەرە دەسـتی مـن تـا بەدەسـتی خـۆم بـدەم لـە گـەردنی چـونکە ئەوانـە سـەرۆك و پێـشەوای میللـەتی (کـوفرن) و زلـەزلانی (کـوفرن) بـا لـەناویان بـەرین و تۆیـان ببڕینـەوە، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەو رایەی (ئەبوبەکری) بەدڵ بوو ئەوەی منی بەدڵ نەبوو ئـەوجا بـۆ بـەیانی هاتن و روانیم و تەماشام کرد پێغەمبەری خواو (ئـەبو بـەکر) بـە عـاجزی دانیشتبوون و دەگریان ئینجا منیش گووتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بۆچی لەگەڵ هاوەڵەکەت دەگرین؟ منیش گوتم پێم بڵـێن چـی قـەوماوە؟ فـەرمووی بـۆ ئـەوە دەگـریم کـە هـاوەڵان (فیدیـە)و بریتیـان هەڵبـژارد و ئیختیاریان کرد، ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فـەرمووی ﴿مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ..هتـــد﴾ رواه مسلم فى الجهاد، برقم/٤٥٦٣.

(ئاگادارییەك)

هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد ئەم گلەیی و (عیتابە) ڕوو لەو کەسانە دەکات کە حەزرەت (ﷺ) ڕاوێژی پێکردن و ئەوانیش (فیدیەیان)، هەڵبژارد ئەوجا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەی دواتر، چونکە زیاتر کارەکەیان سەخت و سامناك تر ئەکات هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّوۡلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾ (أي لَـوْلاَ حَكَمٌ مِـنَ اللهِ سـابق مِـنَ الأزلِ وهـو أنْ لا يُعَـذّب المُخطيءَ إجْتِهاده لأصابَكُمْ في أحدِ الفداء مِنَ الأسْرى عَذابٌ عظيم، واتـە: ئەگەر پێشتر لەخواوە بڕیار دەرنەچووبا کە سزای هەڵە کار بە (ئیجتیهاد) نادات لەو فیدیەو بریتی وەرگرتنەتاندا ئەوە سزایەکی گەورەتان تووش دەهاتو دەبوو و خوا قاری لێ دەگرتن یانی ئەی موسڵمانینە ئەگەر (تەقدیری) خودا لە عیلمی ئەزەلی خۆیدا وا نەبوایە کە لەهەموو گوناهێکتان خۆش ببێت بەهۆی ئەو کارەتانەوە، ئەوە بێگومان تووشی سزایەکی سەخت و گەورە دەهاتن[1]،واتە: تووشی

---

(١) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویبووی، خەریك لە پەیڕەونەکردنی ڕەئی (کوڕی خەتاب) عەزابێکی سامناك بمانگرێتەوە خۆ ئەگەر ئەو سزایە بهاتایە خوارێ جگە لە (عومەر) کەسی تر ڕزگاری نەدەبوو، هەروەکو ئەفەرمووێ: (ورويَ انها لَما نَزَلَتْ قال (عليه السلام): لَوْ نَزلَ العَذابُ لما نجَا مِنهُ غيرَ عُمَر (رضي الله عنه) بڕوانە: (تەفسیری الكبير) دانراوی ئیمام (فخرالدين الرازی)، بەرگی/١٥، لاپەڕە/٢٠٢، وە بڕوانە (التفسير الواضع الميسر) لە نووسینی: بەڕێز (محمد على الصابونى، لاپەڕە/٤٤٦).

دەبوون لەبەرامبەر ئەو (فیدیەی) کە لە ئازادکردنی ئەسیرو دیلەکان وەرتان گرت.

(چەند تێبینیەکی گرنگ)

١- هەندێك لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم (عیتاب) و گازاندەیە ڕوو لە پێغەمبەرە (ﷺ) چونکە دوای تەواو بوونی جەنگ و شەڕەکە فەرمانی نەدا بە کوشتنی ئەو دیلانەی کە لەشەڕەکەدا گیرابوون بەڵام لەراستیدا وانیە هیچ گلەیی و (عیتابێکی) بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تێدانیەو بەڵکو گازاندەکە لە موسڵمانانە، چونکە ئەسیرو دیل ناکوژرێت، مەگەر دیلێك نەبێت کە پێشتر گوناهو تاوانی زۆری ئەنجام دابێت و شایانی کوشتن بێت، بەڵگەش ئەوەیە کە ئایەتەکە ئاراستەی موسڵمانان کراوە، نەك پێغەمبەری خودا (ﷺ).

٢- ئەوجا بێگومان بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو قەدەغە گرتنانەی ئەگرێتەوە بەتایبەتی و بۆی هەیە ئەو دیلانە بەڕەڵا بکاو مووچەو پارەشیان لێ وەرگرێ، هەروەها بۆ جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەیە چونکە کاری پێغەمبەر (ﷺ) بێ سوود نیە، جا ئەوەبوو زۆر لەو دیلانە موسڵمان بوون ئەوە لەلایەکەوە ، بەڵام لەلایەکی ترەوە زۆربەی ئەو دیلانە بەزۆرو بەتۆبزی هێنرابوون بۆ شەڕی بەدر کەواتە نە کوشتنی ئەو ئەسیرو دیلانە و بەڕەڵا کردنی هەندێکیان سودو قازانجێکی زۆری تێدابوو.

٣- جا بێگومان زۆربەی (سیرەت) نووسان و مێژوو نووسان ئەگێڕنەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کەوا حەزرەت (ﷺ) لەرۆژی

بەدرا فەرموویەتی من دەزانم پیاوانی بەنی هاشم و جگە لەوانیش بەزۆر دەکراوون و هێنراون بۆ جەنگی بەدر ئەگەر تووشی یەکێ لەوان بوون مەیان کوژن لەناو ئەو دیلانە (سوهەیلی کوڕی عەمر) بەدیل گیراوە، ئینجا حەزرەتی (عومەری کوڕی خەتاب) گووتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لێم گەڕێ با بیکوژم هەتا جارێکی تر دوژمنکاری لەگەڵ تۆ نەکات، جا پێغەمبەری خوا پێی فەرموو ئەی (عومەر) لەمەودوا پلەو پایەی ئیسلام وەرئەگرێ و ئیسلام دەبێ، هەروەها ئەبولعاسی کوڕی رەبیع، مێردی زەینەبی کچی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش دیل کرابوو ئینجا زەینەب ملوانکەی خۆی کە لەلای (خەدیجەی) دایکیەوە پێی درابوو ناردی بۆ ئەوەی ئەو مێردەی خۆی بکڕێتەوە، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر ئێوەی باوەڕدار ئارەزوو ئەکەن بەرەڵای بکەن، ئەوانیش مێردەکەیان بەرەڵا کرد و ملوانکەکەشیان دایەوە بە (زەینەب) دوایی مێردمکەی موسڵمان بوو.

(ماڵ و دەستکەوتی غەنیمەت خوا بۆی حەڵاڵ کردوون)

جا بێگومان دوای ئەوەی کە خودای مەزن رەخنەی لە ئیمانداران گرت لەسەر (فیدیە) وەرگرتن لە دیلەکان ئینجا لەپاشان بە فەزڵ و منەتی خۆی بۆی رەواو حەڵاڵ کردن هەروەکو لەسەرەتای سورەتەکەوە بۆی حەڵاڵ کردبوون ئەوەشمان لەبیرو یاد نەچێ دەستکەوتی جەنگ بۆ هیچ نەتەوەی هیچ پێغەمبەرێك رەوا نەبووە، چونکە بێگومان ماڵی (غەنیمەت) و دەستکەوت تەنها بۆ ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ئایینی

ئیسلام تایبەتەو بەس[1]، جا خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت:

﴿ فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَٰلًا طَيِّبًاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (٦٩) أي كلوا من الغنائم التي ربحتموها من أعدائكم المشركين فقد أحلّ الله ذلك لكم فإنها من أطيب المكاسب لأنها ثمرة جهادكم وخافوا ربّكم في مخالفة أمره ونهييه فالله غفور لمن تاب رحيم بعباده المؤمنين، واتە: بخۆن لەو دەستکەوتە پاك و خاوێنەی بۆتان رەوانە کراوە کە لەجەنگ بەدەستتان کەوتووە، جا لەخوا بترسن بەڕاستی خوا لێبوردەو، بەبەزەییە، یانی ئەی کۆمەڵی موسڵمانان دەستکەوتی جەنگتان بۆ حەلاڵ واتە رەوا کراوە، وە لەو دەستکەوتانەی کە لە شەڕی بێ باوەڕاندا کە بەدەستتان ئەکەوێ و بەحەلاڵی و بەخۆشی بیانخۆن، چونکە بێگومان چاکترین دەستکەوتە کە گرتتان بە (غەنیمەت) چونکە بەروبوومی غەزای خۆتانەو وە خۆتان بپارێزن لە رق و قینەی خودا و پارێزکارین ، وە شتێك مەکەن کە خودا رێگای پێ نەدابێت، ئەوجا بەڕاستی خوالێخۆشبووەو خاوەن بەزەییەکی فراوانە.

---

(١) بوخاری و موسلم: هێناویانە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی پێنج شتم پێ بەخشاروە کە بەهیچ پێغەمبەرێکی پێش من نەدراوە، سێ هەم دەستکەوتەکانم بۆ حەلاڵ کراوەکە بۆ هیچ کەسێکی تری پێش من حەلاڵ نەکراوە.

(کافرەکان بەتۆبزی خزمە نزیکەکانی پێغەمبەریان برد بۆ جەنگ)

خوای گەورەو میهرەبان دەستێکی (رەحمەت) بەسەر دڵی دیلەکان دادێنیٚ و هەروەها هیواو ئاواتیان تێدا درووست دەکات و دەرگای خێرو خۆشیان لیٚ دەکاتەوە، و رووناکی و نوور دەخاتە ناو دڵیانەوە کە ئەویش ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، دوایی ئەوانە هەمووی خوای پەروەردگار عەفویان ئەکات و لێبوردن و لێخۆشبوونی بەتەواوەتیان بۆدیٚ و هەموویان موسڵمان دەبن، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆر بەرەحم و بەزەیی بووە بەرامبەریان و هەروەها ئامۆژگاری (ئەصحابەکانی) خۆی ئەکردو ئەیفەرموو زۆر چاوتان لە (دیلەکانتان) بێت و خوا لێتان قەبوڵ ناکاو ئازاریان بدەن چونکەئەسیری دەستی ئێوەن، هەروەکو ئیبن و عەباس (خوا لێیان رازی بێت) ئەگێڕێتەوە[1]، ئەفەرمووێ لە کاتێدا پێغەمبەر (ﷺ) ئێوارەی بەسەرداهات لە رۆژی بەدردا ئینجا دیلەکان بەندکرابوون و بەسترابوونەوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) شەوی کردەوەو نەنووست و هەر بە ئاگابوو نەخەوت و ئەوجا هاوەڵەکانی پێیان فەرموون ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەرچی ناخەوی؟ فەرمووە (ئیمام عەباس) لەلایەن پیاوێکی ئەنصار واتە یاریدەدەر بەندکراوە ئینجا پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی گوێم لیٚ بوو نزکەو ناڵەی عەباسی مامەم بوو لەکاتی بەستنەوەکەیدا ئەوجا ئەوانیش کردیانەوە جا (عەباسی) مامیشم بێدەنگ بوو، ئەوجا لە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) خەوت وە هەروەها لە (ریوایەتێکی) تردا ئەڵێت

---

(١) لەزۆربەی پەرتووکە (صەحیحەکان) ئەو فەرمایشتەیان هێناوە.

قورەیش دەستەیەکیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نارد بۆ کڕینەوەی دیلەکان و هەر بنەماڵەیەك دیلەکانی خۆیان کڕیەوە[1]، بەوەی کە هەردوولا پێی رازی بوون بەڵام ئیمامی عەباس گووتی ئەی پێغەمبەری خوا من پێشتر موسڵمان بووم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا بە موسڵمانیەکەت دەزانێت ئەوەی کە دەیڵێی ئەگەر وابێت خوا پاداشتت دەداتەوە، بەڵام ئەوەی کە لەلای ئێمە دیارە ئەوەیە تۆ فیدیەی خۆت و هەرکام لە نەوفل و عوقەیلی برازات و عوتبەی هاوپەیمانت تۆ فیدیەیان لەباتی بدە، ئینجا ئیمام عەباسیش لەوەڵامدا گووتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی تۆ دەیڵێیت نیمە، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەوماڵەی لەگەڵ دایکی فەزڵدا شاردتانەوە لەکوێیە؟، ئەوکاتە گوتت ئەگەر نەهاتمەوە ئەوەندە بۆ (فەزڵ) بێت و ئەوەندە بۆ (عبداللە) بێت، و ئەوەندە بۆ قاسم بێت، ئینجا ئیمام عەباس بەسەرسامیەوە گوتی سوێندم بەوەی کە تۆی بەڕاستی ناردووە لەخۆم و دایکی فەزڵ زیاتر کەسی تر نەیزانیوە ئەوجا ئێستاکە بۆم روون بۆوە و دەزانم کە (تۆ پێغەمبەری خوای) و هیچ گومانی تێدانیە، ئەوجا (ئیمام عەباس) خۆی بە چوار هەزار درهەم کڕیەوەو هەروەها برازاکانیشی (عوقەیلی کوڕی ئەبی تاڵب) و (نۆفەلی کوڕی حاریس) کڕیەوە، ئەوجا بەم هۆیەوە خوا ئەم ئایەتە پیرۆزەی ناردە خوارەوەو فەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٧٠﴾﴾ أي قـــــلْ

(١) بەڵام ئەوەی توانای خۆ کڕینەوەشی نەبوو فەرمووی با هەر یەکەیان (١٠) دە منداڵی موسڵمانان فێرە خوێندن بکەن، و ئەوە (فیدیەی) ئەوەو ئازاد ئەکرێ.

لهؤلاء الأسرى الذّين وَقَعُوا في الأسرِ يوم بدر إن يعلم الله في قلـوبكم صـدقا وإخلاصاً يُعْطيكُمْ أفضل ممّا أخذَ منْكُمْ منَ الفداءِ وَيَمْحُوا عَـنْكُمْ مـا سَلف من الذّنوب والله واسعُ الْمَغْفرةِ عَظيمُ الرحمةِ لمَنْ تابَ وَأنابَ.

قَالَ المُفسرُونَ: نَزَلَتْ هذه الآيةُ في العَباسِ عَمّ النبيّ (ﷺ) وَفيها مُعجزةٌ للنّبي (ﷺ) فإنَّ العباسَ خَرَجَ مَعَ كُفّار مَكّة لحرب النّبيّ في غَـزْوَة بَـدْرٍ ثُـمَّ وَقَعَ أسيراً ضَمْنَ الأسـرى، واتـه: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بەدیلـەکانی ژێـر دەستتان بڵێ یانی ئەوانەی گرتوتانەتە ژێر دەسـتی خۆتـان و زاڵ بـوون بەسەریاندا وەك لەناو مشتتان دابن ، لەو دیلانەی کە مـاڵ و (فیدیـەتان) لێ وەرگرتن، ئەگەر خوا بزانێ چاکەیەك لەدڵتانایە بروایەکی پـاك و چـاك دەبێ بەدینی ئیسلام، واتە ئەگەر لەدڵتانا ئیمان و باوەڕ هـەبێ بێگومـان خوا ئاگادارو زانا ئەبێ پێی، ئەوە بێگومان بزانن لەوەی لێتان وەرگیراوە باشترتان دەدانێ[1]، وە لەگوناهەکانی پێشوشتان دەبوورێ.

(فائیدەیـەك): ئیمـام (موسـلیم) ئەگێڕێتـەوەو ئـەڵێ ئـەو دەمـە کـە لـە(بـەحرەینی)وە مـاڵو سـامانێك دەسـکەوت وهـات (عـەباس)ی مـامی پێغەمبەر (ﷺ)بەپێغەمبەری گوت خۆت دەزانی کە مـن هـەم (فیدیـەی) خـۆمو هـەم هـی (عـەقیل) یـشم داوە، ئێـستا لـەو ماڵەیـە بـۆم تۆڵـەی بکەیتەوە ئینجا ئەویش پارچە قوماشێکی راخستو چەندەی حەز لێبـوو بردی.

---

(١) ئەوجا ئیمامی عەباس (خوا لێی رازی بێت) دەفەرمووێ خوای گەورە لەباتی ئەو بیست ئۆقیە زێڕەی کە بۆ کڕینەوەی خۆم دام خوا لەتۆڵەی ئەو بیست کۆیلەو بەندەی پێدام هەریەکەو دەست مایەی خۆی هەبوو و بازرگانی بۆ دەکردم، خوای گەورە خێرو بێری بەسەردا باراندم، وە هەروەها (ریوایەت) کراوە لە ئیبن و عەباسەوە (خوا لێیان رازی بێت) فەرموویەتی عەباسی باوکم وتی ئەم ئایەتە لە (شەئنی) من نازل بووەو هاتۆتە خوارەوە.

(خولاسەی کەلام)

واتــە پوختــەی قسە خــودا دەفــەرمووێ ئــەی پێغەمبــەر (ﷺ) بـەو دیلانەی لەدەستتانن پێیان بڵێ ئەگەر خوا بزانــێ ئێـوە چاکتان لەدڵدا هەیەو موسڵمان دەبن خوا پاداشتان زیاتر ئەداتەوە لەو ماڵەی کە لێتـان وەرگیراوە، وە لـە رابردووشـتان خۆش دەبـێ چـونکە پێگومـان خـوای گەورە زۆر لێبوردەو (بەرەحمە) بۆ ئەو کەسانەی (تۆبە) لە تاوان ئەکەن زۆر بــە بەزەییــە بــۆ خوداپەرســتان و خــاوەن بــاوەڕان هــەروەها (موفەسـیرەکان) ئەفــەرموون (ئـەو ئایەتـە) دەربـارەی عەباسـی مـامی پێغەمبەر (ﷺ) هات گووتی من موسڵمان بووبووم و ئینجا پێـی فـەرموو ئەگەر تۆ موسڵمانی و خوا پێی دەزانێ و خوا پاداشتت دەداتەوە، بـەڵام تۆ لەدژی ئێمە هاتوویە شەڕی بەدرو لەگەڵمان بجەنگێی بەڵام دواتر دیـل کــراو کەوتــە دەســتی موســڵمانەکان ، وە هــەروەها ئــەوەش (موعجیزەیـەکی) گـەورەبوو بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) کـە فـەرمووی خـۆت (بکـڕەوە)و گـووتی پـارەم نیـە، ئینجـا دوایـی پێغەمبــەریش (ﷺ) بەزەردەخەنەیەکەوە فـەرمووی ئـەی ئـەو پـارەی لـەلای دایکـی فـەزڵت داناوە چیت لێ کرد هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆکرد.

(پاشکۆ)

قَالَ المُفَسِّرُونَ[1]،نَزَلَتْ فِي العَباس (رضي الله عنه) حِينَ كَلَّفَـهُ رَسُـول

---

(١) وەکو تەفسیری: (ئیمامی طبري و بیضاوي و صاوي و بغوي و رازی و بسیط و وسیط و منیر و قورطبي و بحر المحیط و مواهب و درّ المنثور و ...هتد).

الله (ﷺ) أنْ يَفديَ نَفْسَهُ وإبني أخَويـه (عَقيـل ونوفـل)، فَقَـالَ: يَـا مُحَمَـد تَرَكْتَني أتكففُ قُريشاً مَا بَقيت فقال رسُول الله (ﷺ) : أيـن اَلـذّهب الـذي دَفعتهُ إلى أم الفَضلِ وَقتَ خرُوجِكَ وَقُلتَ لها: إنـي لا أدْري مَـا يُـصيبُني في وَجهتي هذه فإن حدث بي حَدث فَهوَ لَكَ لعيالك فَقَال العَباس : وَمَا يدريك؟ قالَ : أخْبَرَني به رَبي تَعالى قَال: فأشْهد أنكَ صَادِقٌ وأن لا إله إلا الله وَأنَكَ رَسُولَهُ والله لَمْ يطلّع عَليه أحدٌ ولَقَدْ دَفَعْتَهُ إليهَا في سَوادِ اللّيل قَالَ العبّاس فأبْدلني الله خيراً من ذَلكَ وأعطاني زمزم ما أُحبّ أنْ لي بهَا جَميـع أمْـوالِ أهل مكة وأنا أنْتَظر الْمَغفِرةَ مِن ربي) رواه الحاكم والبيهقي، واتە: زۆربـەی (موفەسیرەكان) لە تەفسیرەكانیاندا ئەم روداوەیان هێنـاوەو فەرموویانـە ئـەم ئایەتـەی پێـشوو لـە (شـەئنی) عەباسـی مامـەی پێغەمبـەر (ﷺ) دابەزیوە لەگەڵ ئەو دیلانەی جەنگی بەدرا[1]، ئینجا یـەكێك لـەو دیلانـە عەباسی كوڕی عبدالمطلب بوو (رەزای خوای لێبێت) كـە ئازادیـان كـردن ئەوجا دوای ئەوەی شتێكیان لە ماڵی دنیا[2]، لێ وەرگرت جا رووی كردە

---

(١) هەندێ لەوانەش بكرەوە وەكو (نەوفەل و عەقیلی) برازات یانی فیدیەمان بۆ بدەی و رزگاریان بكەی.

(٢) ئەڵێن مەبەست (بیست ئۆقە زیرە)و چونكە ئەگێرنەوە ئیمام عەباس گوتوویەتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بەرتان ئەكەوێ لەمن (بیست ئۆقیە) لە زێرە لەو ماڵەی كە پێم بوو ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی نەخێر ئەوە شتێكە خودا لتووە پێی داوین و ئەوە ماڵی (غەنیمەتە)، ئەوە هی خۆمانە، ئینجا ئیمام عەباس بیست ئۆقیە زێری تری دا بۆ برازاكەی هاوپەیمانەكەی جا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە دابەزی ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) و گووتی ئەی محمد بەڕاستی وات لێکردم ئەوەندەی ژیانم ماوە دەستم بۆ قورەیش پان بکەمەوە و دەرۆزە بکەم پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی پێی ئەی کوا ئەو زێڕەی کە داتە (دایکی فەزڵ) کاتێك کە دەتویست لە مەککە دەرچیت بۆ شەڕی (بەدر) ئەوجا ئەوکاتە پێت گووت من نازانم تووشی چی دێم و دەبم جا ئەگەر شتێکم لێهات یان تیاچووم ئەو ئەندازە زێڕەی کە ئەیشارمەوە بۆ خۆت و کوڕەکانم و منداڵەکانت خەرجی بکەو، بیکە بە (مەسرەفی) ماڵەوە ئەوجا عەباس گووتی بە ژنەکەی کەس بەم شتە نەزانێ و تەنها من و تۆ نەبێ، ئینجا کە ئیمام عەباس ئەمەی بیست لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ووتی تۆ چۆن بەم شتە دەزانیت؟[1]، جا پێغەمبەریش (ﷺ) لەوەڵامی دا فەرمووی پەروەردگارەکەم پێی ڕاگەیاندم ، ئەوجا ئیمام عەباس فەرمووی (من بەڕاستی شایەدی دەدەم کە تۆ ڕاستگۆی و هەروەها شایەدی دەدەم کە هیچ خوایەك و پەروەردگارێك نیە تەنها خوای گەورە نەبێت ، بەڕاستی تۆش بەندەو ڕەوانەکراوی ئەوی، جا ئیمام عەباس (خوا لێی ڕازی بێت) ئەفەرموێ کە موسڵمان بووم خوا باشتری پێ بەخشیم و لەوانە ئاوی بیری (زەمزەمی) ئەوجا دەمەوێ خوا لێم خۆشبێ ئەوەم لە هەموو موڵك و سامانی هەموو مەککە پێ خۆشترە.

(موفەسیرەکان) فەرموویانە هەندێك لەو دیلانەی لە جەنگی بەدردا

---

(١) چونکە بێگومان ئەمە شتێك بوو جگە لەخۆم و (ئومو الفضل) کەسی تر ئاگای لێ نەبووە.

گیرابوون وایان پیشاندا کە حەزیان لە ئایینی ئیسلامەو بەڵێنیان دا جارێکی تر نەیەنەوە بۆ شەڕ لەگەڵ موسڵمانەکاندا، ئەوجا خوای گەورە حەزرەت (ﷺ) ئاگادار دەکاتەوە و دڵنیای دەکاتەوەو (خیانەت) کاران بەسزای خیانەتی خۆیان دەگەن، هەروەکو ئەفەرمووێت: ﴿ وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُواْ اللَّهَ مِن قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾ أي وإن كانَ هَؤلاءِ الأسرى يريدُون خيانتكَ بما أظهرُوا من العهدِ على عدم محاربتك وإعانة المُشركينَ عليك فَقَد خانوا الله من قبلِ (غزوة بدر) فَقَواكَ اللهُ ومَكنك من رقابهم فإن عادوا إلى الخيانة فسيمكنُك اللهُ منهم أيضاً وفي الآيةِ تسلية للرسول (ﷺ) وعيدٌ للخائنينَ النّاقضينَ لِلعهدِ، واتە: بێگومان ئەگەر ئەو (ئەسیر و دیلانە) بیانەوێت پیلان و نەیاری دژی تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بگێڕن هەروەها (خیانەتت) لێ بکەن ئەوە دڵنیابە ئەوانە پێشتر خیانەتیان لەخوای گەورە کردووە بەوەی (شەریك) و هاوەڵیان بۆ خودا ئەنجام داوەن ئەوجا ئەوە بوو بێگومان خوای مەزن دەسەڵاتی لێ سەندن و ئێوەی زاڵ کرد بەسەریاندا ئەوجا ئێستاش ئەگەر شتی وا بکەنەوە ئێمەش وایان لێ دەکەینەوە، جا بێگومان خوا زاناو لێزانی کار درووستە و هەموو شتێکی لەجێی خۆیەتی.

(ئەنصارو موهاجرین یانی یاریدەدەرو کۆچ کەران بوونە یەك کوتلە)

(موفەسیرەکان) ئەڵێ، خوای مەزن لە قورئاندا باسی کۆچەریان و یاریدەدەران ئەکاو کە خوای گەورە کردی بە یەك دەستەو یەك کوتلە وەکو برای دایك و باوکی، ئەوجا ئەو بڕوادارانەی کردووە بە دوو بەشەوە،

یەکەم/ موهاجیرەکان: کە ماڵ و سامان و جێگای باوك و باپیرانی خۆیان جێ هێشت و دەرچوون بە باوەڕێکی بەهێزەوەو هاتن بۆ یارمەتی دانی ئایینی پیرۆزی خودا و یارمەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە روح و بەگیان لەبۆ رێگای خودا خۆیان بەخت کرد لەپێناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بوون بە شوێن کەوتووی حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ).

دووەم/ ئەنصارەکان: واتە یاریدەدەکان ئەوانیش ئەو ئیماندارانە بوون کە دانیشتووی مەدینە بوون وە خەڵکی مەدینە بوون و وە زۆر یارمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و کۆچەریەکانیان داوە، (دیفاعیان) لە ئایینی خوداو پێغەمبەرەکەیان کردووە بە ماڵ و سامانیانەوە، وە زۆر یارمەتیان داوەو (جیهاد) و غەزاشیان بەیەکەوە کردووە، جا بۆیە خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ ﴾ (أي إنَ المؤمنين الذّين صَدَقوا في دَعْوى الإيمان وَهَجَرُوا الدّيارَ والأوطان حُباً في اللهِ وَرَسُولَهُ وَجاهدُوا الكُفّار بأموالهم

وَأنفسهم لإعزاز دين اللهِ وَهم المُهاجرُونَ (والذّين آووا ونصروا) أي آووا المهاجرين في ديارهم وَنَصرُوا رسول الله (ﷺ) وهم الأنصار، أي أولئكَ المَوْصُوفونَ بالصفاتِ الفاضلة بَعْضَهُمْ أولياءُ بَعْضٍ في النصرة والإرث) واته: بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووە لە وڵات و نیشتمانی خۆیان لەبەر خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی، کۆچیان کرد بەسەرو ماڵیان تێکۆشان لە ڕێگەی خوداو وە هەروەها لە ڕێی خودادا بە سامان و گیانیان جیهادو غەزایان کرد، وە ئەوانەش کە پەنابەرەکانیان حەواندەوەو پشتیوانیان لێ کردن، ئەوانە هەندێکیان دۆست و یاوەری هەندێکیانن و یان ئەوانە گشت دەبنە خزم و کەس و کاری یەکترو میراتیش لەیەکتر دەبەن[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٧٢﴾﴾ أي والذّين آمنُوا ولَمْ يُهاجِرُوا فَلاَ إرثَ بَيْنَكُمْ وبَيْنَهُمْ ولاَ ولايةَ حتّى يُهاجِرُوا منْ بَلَدِ الكُفْرِ وإنْ طلبُوا منْكُمْ النَّصْرَةَ فَعَلَيْكم أنْ تَنْصرُهُمْ عَلَى أعدائهم لأنّهم إخوانكم في الدّين، أي إلا إذا إسْتَنْصَرُكُم على من بينكم وبينهم عهدٌ ومهادنة فلا تعينوهم، أي إن الله

---

(١) هەر لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەر خوا (ﷺ) برایەتی خستەنێوان (کۆچریان)و (یاریدەدەران) هەردووتیرە بوونە برای یەك میراتیان بەو برایەتیە لەیەکتری دەبردوو بەڵام هەتا خوای گەورە ئەوەی (نەسخ) کردەوەو (بەمیراتگریو خزمایەتی)، بڕوانە کتێبی (فتح الباری شرح صحیح البخاری)، بەرگی (١٢)، لاپەڕە ٣٥

رقيبٌ على أعمالكم فلا تُخالِفُوا أَمْرَهُ، واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بەڵام کۆچیان نەکردووە بۆ مەدینەو ئەو پەیوەندییەی خۆیان پچڕاندووەو هیچ دۆستایەتی و یارمەتی دانێك لەنێوان ئێوەو ئەواندا نەماوە تا ئەوانیش کۆچ نەکەن (تا دەوڵەتی ئیمان لە مەدینەدا بەهێز بێت).

خۆ ئەگەر ئەو ئیماندارانە ی کە کۆچیان نەکردووە، یان (کافرەکان) ڕێگریان لێ دەکردن بۆ کۆچ کردن و ئەوانیش داوای یارمەتیان لە ئێوە کرد ئەوە پێویستە یارمەتیان بدەن چونکە برای دین و ئاییني یەکترن، بەڵام جگە لەو حالەتانەی ئەگەر پەیمانێکی مۆرکراو هەبێت لەنێوان ئێوەو ئەواندا، ئەوە دەبێت ئەو پەیمانە نەشکێنن (هەرچەندە ئەوان ڕێگری بکەن لە کۆچکردنی موسڵمانەکان جا بێگومان خودا بەهەموو کارو کردەوەیەکتان بیناو ئاگایە و نابێ بەهیچ شێوەیەك بەرهەڵستی فەرمانەکانی بن).

(بێ باوەڕان و خوا نەناسان گشتیان هەموویان یەك تاقمن نابێ بکرێنە دۆست)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەوەی لە ئایەتی پێشوودا باس کرا هەروەها پێویست کرا لەسەرتان سەبارەت بەیەگرتن و یارمەتی دانی موسڵمانان ئەگەر هەڵنەستن بەو ئەرکە پیرۆزە و کەمتەرخەمی تێدا بکەن ئەوە لەسەر زەویدا فەسادو ئاشووب و ناخۆشی و بەڵای گەورە پەیدا دەبێت و دووچاری دەبن چونکە بێ باوەڕان کە پشتیوانی یەکترن یەك دەگرن ئەوکاتەش بەسەرتاندا زاڵ دەبن، هەروەها گەل و کۆمەڵی بێ بڕواش

کارو فەرمانی بەو جۆرەیە وەك خـوای گـەورە دەسـت نیشانی ئـەكات و ئەفەرمووێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ أي وأمّـا الكُفّـار فلَـيْسَ بَيْنَكُمْ وبَيْنَهُمْ صِلَةٌ ولا توارثٌ ولا موالاة حتّى ولَوْ كانُوا أقاربٌ لَكُمْ وهُـمْ في الكُفرِ والضّلالِ مِلّةٌ واحدَةٌ[1]،ثم قالَ تعالى ﴿إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ﴾ أي إنْ لَم تَفْعَلُوا ما شرع لَكم مـن مـوالاة المُسْلمِينَ وتواصـلهم وتناصـرهم وتعاونهم تجاه ولايـةِ الكُفّارَ بَعْـضُهُمْ لِبَعْضٍ، أي تحـصل في الأرضِ فتْنـةٌ عظيمـة و مُفْـسِدة كـبيرةٌ لأنّـه يترتـب عَلَـى ذَلِـكَ قـوّة الكُفّارِ وضـعف المُسْلمِين، واتـه: بێگومـان ئـەو كەسـانەی كـە (كـافرن) و بـێ بـاوەڕن هەنـدێكیان یارمـەتی دەرو دۆسـتی هەنـدێكیانن چـونكە ئەوانـەش خوانەناس و بێ بـاوەڕن و دۆسـتی هاوكـاری یـەكترن[2]، ئەگـەر ئێـوەش ئـەی موسـڵمانینە ئـاوا نەكـەن و پـشتگیری یـەكتر نەكـەن و دۆسـت و یارمـەتی دەری یـەكتری نـەبن، هەنـدێكتان سەرپەرشـتی هەنـدێكتان نەكەن، ئـەوە بێگومـان ئـێش و ئـازاری خـاوەن بـاوەڕان و شـیرك و بـت پەرستی پەرە دەسێنێ و سەرزەوی داگیر دەكات و خراپەكاری و تـاوانی گـەورە ئـەنجام ئـەدرێ و هـەروەها كارەسـاتێكی گـەورەو فەسـادو

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەگێڕنەوە لە (ئیبن و ئەبی مالیك) كەوا فەرموویەتی ئەڵێ پیاوێك ووتی لەخزمە (موشریكەكانمان) میرات ئەبەین؟ جا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ.

(٢) كەوابوو نابێ لەلایەن موسڵمانانەوە یارمەتی و هاوكاری (كافرەكان) بكرێ.

ئاژاوەیەکی ترسناك لەسەر زەوی سەرهەڵئەدا[1]، ئەوجا ئەو کاتە موسڵمانەکان بێ هێزو لاواز دەبن و (کافرەکان) و بێ باوەڕەکان بەهێز دەبن.

(ئاگاداریيەکی گرنگ)

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) فەرموویەتی (خەڵکی دوو ئاینی لێك جیاوازەو یانی میرات لەیەك نابەن هەروەکو موسڵمانان لە (کافرو کافر لە موسڵمان (میرات نابەن)، هەروەکو لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەت کراوە ئەڵێ وەکو حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی (لا يتوارث أهل ملّتينِ وَلا يرث مسلم كافراً وَلاَ كافرٌ مُسْلماً) ثُمَ قَرأ ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴾ ثُم قالَ الحاكم صحيح الإسناد وَلَمْ يُخرجَاهُ[2]، واتە: ئەڵێ دوو ئاین کەلەپوورو میرات لەیەکتر نابەن موسڵمانان میراتی بێ باوەڕو خوانەناس نابات کافرو خوانەناسیش میرات و کەلەپوور لە موسڵمانان نابات، ئەوجا لە پاشان حەزرەت (ﷺ) ئەو ئایەتەی پێشووی خوێندەوە.

---

(١) ئەو کاتە(زوڵم) و ستەم بەهێز ئەبێ و پەرە ئەستێنێ و هەروەها باوەڕ بە ئایینی پیرۆز کزو لاواز ئەبێ و خراپەی گەورە سەرهەڵئەدا لە کوشتن و برین و تاڵان و چەوسانەوەو بڵاوبوونەوەی تاوان و گوناهو خوانەپەرستی (پەنا بەخوا).

(٢) سندهُ جيد أخرجه الحاكم/٢/٢٤٠، وصححهُ ووافقه الذهبي، بڕوانە: (تەفسیری إبن کثیر) لە نووسینی: (الحافظ إبن كثير) الدمشقي، لێکۆڵینەوەی (عبدالرزاق المهدى)، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٠٨.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) فەرموویانە لەبن سێبەری ئەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەگەر موسڵمانان یەکتر نەگرن دەتاوێنەوە، چین لەدوای چین لەنگەری بێ باوەڕیان تێك ئەچێ و (شلۆق) ئەبێ و هەروەها منداڵان لە کۆمەڵێکی تێکەڵاو پەروەردە ئەبن و هیچ لە ئاینەکەیان نازانن، هەروەها بێگومان موسڵمانانیش بێ هێز دەبن و بەخۆشی دونیا هەڵدەخەڵەتێن، بەڵام ئەگەر موسڵمانان یەك بن و یەکتر بگرن و یارمەتی یەکتر بدەن و ببنە یەك دەستە و کوتلە ئیتر لەلای بێ باوەڕەکانەوەش دەپارێزرێن و کەس ناتوانێ بەچاوێکی سووك سەیریان بکات، بەڵام ئەگەر یەکتر نەگرن و یارمەتی یەکتر نەدەن ئەوە هێزیان نامێنێ و بەرە بەرە دەسەڵاتیان کەم دەبێ و شەوکەتیان نامێنێ.

(خاوەن باوەڕانی راستەقینە موهاجیرو ئەنصارەکان خوا مەدح و سەنایان ئەکات)

(قَالَ المُفسرُون) ثُمّ عَادَ بالذّكرِ والثّناءِ على المهاجرين والأنصار (رِضوان الله عليهم) واتە: راڤەکەران ئەفەرموون، دیسان ئەمجارەش خوای گەورە گەڕایەوە سەر (مەدح) و سەنای ئەو ئیمانداره بەڕێزانە کە کۆچ کەران و یاریدەدەراننن (خوا لێیان رزی بێت) هەروەکو لەئایەتی پێشوودا باسی کردوون، جا خوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرمووێت:

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴿٧٤﴾ ﴾ (أي

هؤلاء المؤمِنُونَ المهاجرون أصحاب السبق إلى الإسلام والأنصار الأبرار الـذّينَ نَـصَرُوا ديـنَ اللهِ وآووا إخـوانَهُمْ المهـاجرين فواسَـوهم بـأموالهم وَأسكنُوهُمْ في ديارهم هـؤلاء هـم المُؤمِنُـون الكَـامِلُونَ حَقّـاً لإنَهُـمْ حقّقـوا إيمانهم بالهجرة مِن الوَطنِ وبذْلِ المالِ والنفْسِ لأجلِ إعزاز الدِّين لهم مَغْفـرة لذُنُوبهم وَرِزقٌ كريمٌ وَهُوَ الجنّة وَمَا فِيهَـا مِـنْ مَتَـاعٍ مُقيم)، واتـه: ئەوانـەی ئیمانیان هێناوە یانی ئەو کەسانەی موسڵمان بوون و کۆچیان کردووە لەرێی خوا بۆ سەرخستنی ئیسلام وە لە پاشان (جیهاد)و غەزایان کرد وە ئەوانەشی کە کۆچ کەرەکانیان پەناداو حەواندەوە و یارمەتیان دان و سەریان خستن ئەوانە باوەڕداری هەق و راستن ، جا بێگومان ئەوانە هەردوو لایەن و هەردوو تاقم موسڵمانی بەڕاستین، چونکە موسڵمان دەبێ لەکاتی پێویست کۆچ بکات، و گوێ نەداتە ماڵ و سامان جا پێویستە موسڵمانێ راستەقینە یاریدەدەری موسڵمانان بدات لە دژی (کافر)و خوانەناس و دەست درێژکەر جەنگ و شەڕ بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، ووشەی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) (ﷺ) .

هەروەها بێگومان دەبێ هەموو موسڵمانێك یاریدەی موسڵمانی کۆچ کردوو بدات، و یارمەتی بدات و سەری بخات ئینجا ئەو کەسانە موسڵمانی بەڕاستین ئەوانە خودا پاداشتیان دەداتەوە بە لێخۆش بوون و چاوپۆشی لە تاوان و گوناهەکانیان ئەکا ئەگەر گوناهو تاوانیان هەبێ، هەروەها پاداشتیان بە رزق و رۆزی بەپێزو پاك و خاوێن و بەردەوام و نەبڕاوەیە هەتا هەتایێ و لە بەهەشتی پان و بەرین و تێیدا دەمێننەوەو

ئەوجا دێتە سەرباسی دەستەی چوارەمیان کە دوای پەیمانی ئاشتی (حودەیبیە) کە موسڵمانان کۆچیان کردووە (قورئانی پیرۆز) بەم ئایەتەی کۆتایی سورەتی (ئەنفال) ئاماژەین بۆ دەکاو ئەفەرمووێ ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ﴿٧٥﴾ ﴾ هذا قِسْمٌ رابِعٌ وهم المؤمنينَ الّذينَ هاجَروا بَعدَ الهِجرة الأولى فحكمُهم حُكم المؤمنين السابقين في الثّواب والأجر، أي أصحاب القُربات بَعْضُهُم أحَقّ بإرثِ بعض من الأجانبِ في حكم الله وَشَرْعِه قال العلماءُ هذه ناسِخةٌ للأرثِ بالحَلف والإخاءِ، أي عَليمٌ بكلّ ما فَرَضَ مِنَ المَواريثِ وغير ذَلكَ[1]، واتە: بەڕاستی ئەوانەی دوایی باوەڕیان هێناو کۆچیان کرد بۆ لای ئێوەو لەگەڵ ئێوەدا بەشداری (جیهادیان) کرد، یانی لەپاش کۆچکردنی یەکەم کە ئەوانەن کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەگێرنەوە لە (هیشامی کوڕی عوروەوە) ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو ئەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) میراتی خستە نێوان (زوبێری کوڕی عەوم) و (کەعبی کوڕی مالیك)، ئینجا زوبەیر ووتی کاتێك کەعبم بینی لەجەنگی ئوحودا بریندار بوو ئەوجا ووتم خۆ ئەگەر (کەعب) بمرێت و لەدونیا دەربچێت خزمەکانی لەپێشترن بۆ میراتەکەی جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، لەدوای هاتنی ئەم ئایەتە میراتگری لە برایەتی و ئیمانەوە گۆڕا بۆ خزم و کەس و کار، بڕوانە پەرتووکی (أسباب النزول عن الصّحابة والمُفَسّرين) لە نووسینی: (عبدالفتاح عبدالغني القاضي، /١١٥).

لەپاش پەیمانی حودەیبیە کۆچیان کردو تێکۆشان و فیداکاریان کرد لەگەڵ ئێوەدا ئەوانە لەگەڵ ئێوەن و پشتیوانی ئێوەن ، چونکە بەڕاستی ئەوانە بەشێکن لە ئێوەو ، واتە ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتیان هەیەو خوێن و رەچەڵەکیان یەکەو بەعزێکیان نزیکترن لە بەعزێکیانەوە، ئەوە لە (کتێبی) خوادا ئەوانەی کە پەیوەندی خزمایەتیان هەیە هەندێکیان شیاوترن بۆ هەندێکیان بۆ (میرات) وەرگرتن لەیەکتر چونکە بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك زاناو ئاگادارە ، واتە ئەمانە دەستەو کۆمەڵەی چوارەمن لە موسڵمانەکانی ئەو سەردەمە، ئەوانە ئەو ئیماندارانە بوون کە لەدوای کۆچی یەکەمدا ئەوانیش کۆچیان کردبوو، چونکە بێگومان ئەوانیش بەشێکن لە ئێوە، ئەوان لەتەك ئێوەدا پاداشتی باش و سەرەنجامی بەختەوەریان هەیەو شوێن کەوتووی پێشینەکانیانن، و ئەوانەی کە خزمی یەکترن هەندێکیان لە پێشترو شایستەترن (بۆ میرات وەرگرتن) لە هەندێکیان چونکە خزمێکی هەژاری لە برایەکی دینی بڕوادار لەپێشترە، واتە (میرات) بەوانە ئەدرێ ئەگەر میراتگری پشتی نەبوو نەك بە بێگانەکان.

(**پاشکۆ**)

(زاناکان) ئەفەرموون ئەم (ئایەتە) ئەم جۆرە میرات بردنە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بەهۆی برایەتی و هاوپەیمانیەوە لەیەکتریان دەگرت، جا ئەوەی راستی بێت ئەم ئایەتە (نەسخی) میراتی هاوپەیمانی و برایەتی ئایینی کردۆتەوە، کە لەسەرەتادا (میراتیان) لەیەکتری دەبرد بەو پەیوەندیانە، بەم پێیە هەموو (ذوي الارحام) دەگرێتەوە بە ناوە

تایبەتیەی خۆی ئەوەی بێ بەشیان دەکات لە (میراتی) ئەوجا زۆر لە زانایان ئەو فەرموودە دەکاتە بەڵگەو هەروەکو حەزرەت (ﷺ) ئەفەرمووێ: (إِنّ اللهَ قَدْ أَعْطَى كُلّ ذي حَقٍّ حَقّهُ فَلاَ وَصيَّةَ لِوارِثٍ) رواه أحمد، واتە: بەڕاستی خوا هەقی هەموو خاوەن هەقێکی داوە هیچ راسپاردنی (وەصیەت) نیە بۆ کەس و کار .

خوێندەوارە ئازیزەکانم، لەکۆتایی سورەتی ئەنفالدا ئەم چەند هۆنینەوەیە ئەکەینە دیاری بۆ خوێندەواران:

ئەوە تەواو بوو سورەتی ئەنفال — بە یارمەتی خوای بەسەر گشت شت زاڵ

خوایە من شەیدای قورئانەکەتم — بۆیە لە ژین دا هەر بەدوای کەوتم

هەوڵ و کۆششم زۆر کرد بۆ ئەوەی — تێبگەم لە واتاو لەبەرزی ووتەی

زۆر سوپاس بۆتۆ ئەو ماندووبوونەم — وا ئەو تەفسیرەی لێ هاتە بەرهەم

رۆنم کردەوە وا ئەو سورەتەش — تا کورد لە واتای نەبێتن بێ بەش

تا باش بزانن کە ئەو سورەتە — هیچ پەیوەندی نیە بە ئەو میللەتە

کە دوژمنانی کوردی موسڵمان — بەزۆری بەسەر ئەوانیان چەسپان

کە چۆن بەوپەڕی دڕندایەتی — بەدوور لە هەستی مرۆڤایەتی

بەهەموو چەکی کوشندەو یاساغ — لێی وێران کردن شارو گوندو باغ

زیندە بەچاڵ و ئاوارەو زیندان — دەست بەسەر دیلی برسیەتی ڕاونان

هەرچی تاوان بوو هەموویان پێ کردن — پاشان بە ئەنفال ناوزەدیان کردن

جا داواکارم ئەی خودای تەنیا — چۆن ئەوانت کرد بە پەند لە دونیا

لەڕۆژی دوایـیش هــەر ڕوویـان ڕەش کـەی	لەبـــەزەیی خۆتیــان بــێ بــەش کـــەی
ئەو کارەش [(١)] بکەی بە تێشوەکی چاك	بۆخـــۆم و پاشـــان لـــەبۆ بـــاوك و داك
یارمەتیـــشم دەی جـــەنجاڵی دونیـــا	نەبێتـــە بەربەســـت بـــۆ خزمـــەتی وا
لەکۆتاییـــــــــدا ســــــــەڵاوی زۆرم	بـــۆ پێغەمبـــەری ئـــازیز دەنێـــرم
لەپاشان بڕژێت ڕەحمـەت بۆ خەلیفـەکان	بۆ سەرجەم یارو یاوەران لە ئەسحابەکان
بەشێوەی گشتی بـۆ چینی تابیعیـەکان	بۆ هەموو زانایانی ئایینی لەگەڵ مەشایخەکان
نووسـەریش یـەکێك بـێ لـە خزمـەتکاران	هـەڵی ناوێـژی لەتـەك فـەقێرو هـەژارەکان
شـــیعرو هۆنینـــەوەم ئـــیتر تـــەواو بـــوو	ژمــارەی هــەموویان بیــستی تــەواو بــوو
هەر کەسێك بڕێك لەم (شیعرانە) وەردبێتەوە	جـا بێگومـان زۆر حیکمـەت شـتی عـەجیبی بـۆ ڕۆن نەبێتەوە

سُبْحان رّبك رَبِّ العزة عمّا يَصفون وَسلامٌ عَلَى المُرسلين

والحمدُ للهِ ربِّ العالمين

---

(١) مەبەست نووسینی (تەفسیرەکەیە)،خوای گەورە لێمان قەبوڵ بکات بە میهرەبانی خۆی (ئامین).

تەواوکەری جزئی دەیەم

(بەناوی خوای گەورەو بەخشندەو میهرەبان)

سورەتی التوبە

(سورەتی التوبـە) مەدەنیـەو ژمـارەی ئایەتـەکانی (١٢٩) ئایەتـەو لـە مەدینە (ﷺ) هاتووتە، خوارەوە، بەڵام هەندێ لە زانایان ئەڵێن جگە لـە ئایەتی (١٢٨) و ئایەتی (١٢٩) لـەکۆتایی ئـەو (سـورەتە)دا لـە مەککـەدا هاتۆتە خوارەوە.

(موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەم سورەتە چەند ناوێکی هەیە تا هەندێ لە زانایان ئەڵێن دوازدە ناوی هەیە، بەڵام مەشهورەکانیان ئەمانەن (بَراءةُ) واتە بەمانا بێزاری خواو پێغەمبەر (ﷺ) لە کافران و بت پەرستان (التوبة) واتە لەبەر ئەوەی ناونبراوە سورەتی (التوبة) چونکە لەبەر ئەوەی لەم سورەتەدا هەیە باسی وەرگرتنی تۆبەو پەشیمان بوونەوەی ئەو (جەماعەتەی) تێدایە لە جەنگدا، دواکەوتن لە سوپای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) .

(چەند تێبینییەکی گرنگ)

١- (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (بەری بوونی خودا پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەکافرو بێ باوەڕەکان و بت پەرستەکان دەست پێ دەکات چونکە بێگومان (بت پەرستەکانی) مەککە بەهەموو شێوەیەك دژایەتی پێغەمبەری خودایان دەکردو ئەشکەنجەی موسڵمانەکانیان دەداو جا بەڕاستی ئیماندارەکان تووشی ئێش و ئازارێکی یەکجار زۆر هاتبوون ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ کرا کۆچ بکات و ئینجا ئەویش کۆچی کرد بۆ مەدینە لەگەڵ هەرسێ هۆزی جوولەکەکاندا.

ئەوانەی کە لە مەدینەو دەوروپشتی دابوون پەیمانی بەست تا بەدۆستایەتی لەگەڵ موسڵمانەکاندا پێکەوە بژین و یارمەتی دوژمنانیان نەدەن، بەڵام جوولەکەکان چەند جارێك پەیمانەکانیان شکاندو بۆیە سەرئەنجام بەشێکی زۆریان لە مەدینە دەرکران هەروەها بەشێکی زۆریشیان کوژران، ئەوجا هەروەها پەیمانیشی لەگەڵ هەندێك لە هۆزو عەشیرەتە عەرەبە بت پەرستەکاندا بەست ئینجا زۆربەی ئەوانیش

هەرکات هەستیان بکردایە موسڵمانەکان لاوازو کەم هێزن پەیمانەکانیان دەشکاند.

٢- لە کتێبی فەتح الباریدا[1]، شێخ (ابنُ حجري) عسقلانی ئەفەرمووێ و ئەگێڕێتەوە لە پێشەوا (بوخاری شەریفدا) کە ئەو سورەتە دوا سورەتە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتە خوارێ و دابەزی لەشەڕی تەبووك تەشریفی گەڕایەوە ئەو شەڕەی کە لەکاتی زۆر گەرمابوو بەتایبەتی گەرمای نیوەدوورگەی عەرەب لە مەدینەش تازە کاتی میوە پێگەیشتن بوو چونکە ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوو، بۆ موسڵمانەکان لەکاتی میوە پێگەیشتن کە کاتێکی خۆشیە موسڵمانان بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) خۆیان لەو گەرمایەو لەو ڕێگە دوورە بدەن، چونکە بێگومان ئەگەر فەرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) نەبوایەو کەسیان خۆیان لێ نەئەدا.

جا بێگومان زۆربەی (سیرەت) نووسەکان ئەڵێن حەزرەت (ﷺ) فەرمانی بە موسڵمانان کرد کە خۆ ئامادە بکەن بۆ جەنگ ئینجا سوپای موسڵمانانی بەرەو مەککە بردو ئەویش لەساڵێ هەشتەمی کۆچی دابوو بەتەواوی شاری مەککەی ئازاد کرد لەدەستی (کافرەکان) ئەوجا کاتێك هەواڵی ئازادکردنی مەککە گەیشتە خەڵکەکەی هەوازین ئینجا (مالیکی کوڕی عەوف) سەرۆکەکەیان بوو خەڵکێکی زۆری کۆکردەوەو، هەتا هەندێ ئەڵێن ژن و منداڵ و ئاژەڵیشی کۆکردبۆوە و یانی شەڕی مان و

---

(١) بروانە: پەرتووکی (فتح الباری شرح صحیح البخاری) لە دانانی (شیخ ابن حجر) عەسقەلانی ، بەرگی/٨، لاپەڕە/١٦٨.

نەمانی ئەنجامدابوو دژی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی و ئەوەش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدابوو جەنگی (حونەین) بەرپابوو پاشان حەزرەت (ﷺ) زیاتر لە (٢٠) بیست شەوو رۆژ دەوری شارۆچکەی (تائیفی)دا ئینجا شەڕێکی دژواری لەگەڵ کرد و زۆری تیرو (مەنجەنیق) لێ بەکارهێنا، وە لەپاشان لە ساڵی نۆیەمی کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) تەشریف چوو بۆ غەزای تەبووك چونکە ئەگێڕنەوە ئەمە دوا غەزای پێغەمبەر (ﷺ) بوو ئەوجا لەوێدا زۆربەی (سورەتی بەرائە) هاتە خوارێ و دابەزی.

٣- جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) و سیرەت نووسان فەرموویانە کەوا حەزرەت (ﷺ) لە غەزای تەبووك گەڕایەوەو ئەوجا بیری حەجکردنی کرد بەڵام چونکە ئەو ساڵە (کافرە) بت پەرستەکان ئەوانیش (عادەتیان) وابوو ئەچوون بۆ حەج بەڵام زۆر بەبێ ئەدەبی دەجولانەوە هەتا بە رووتی (تەوافیان) ئەکرد، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پێی ناخۆش بوو تێکەڵاویان بکاو ئینجا خەلیفە ئەبوبەکری (خوای لێ رازی بێت) کردە فەرماندەی (حەج) و ئەو ساڵە ئەوی نارد بۆ ئەوەی شێوەی ئەنجامدانی کاروباری حەج فێری خەڵکەکە بکا، وە بەکافرو بت پەرستەکان رابگەیەنێ کە نابی لەمەودواتر ئامادەی حەج ببن، وە هەروەها بانگەوازی (بَراءةٌ من اللهِ وَرَسُولِهِ) بەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوەن جا بێگومان عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش هەنارد (خوا لێی رازی بێت) سواری حوشتری پێغەمبەر (ﷺ) بەناوی (العضباء) بوو لە (ذیلحولەیفە) دا گەیشتە ئیمام ئەبو بەکری سدیق (خوا لێی رازی بێت) جا حەزرەتی (ئەبو بەکر) لەکاروباری حەج دا پێشەوایەتی دەکردو هەروەها لە رۆژی

جەژنی قوربانیش ساڵی نۆهەم لە (مینا)دا حەزرەتی (عەلی)ش (خوا لێی رازی بێت) سەرەتایی سورەتی (بەرائەتی) بەسەر خەڵکەکەدا خوێندەوەو حەزرەتی ئەبو هورەیرە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ: من لەگەڵ حەزرەتی عەلی دابووم ئەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆ ئەوەی کە پەیامی پێغەمبەر (ﷺ) بگەیەنێت بە (حاجیان) ئەوجا لەوێ چوار ووشەی پێ ڕاگەیاندن[1]، (یەکەم): فەرمووی لەپاش ئەو ساڵە (کافری موشریك) نزیکی ماڵی خوا نەکەون. (دووەم): ئینسانی رووت (تەوافی کەعبە) نەکەن. (سێهەم): بێجگە لەباوەڕدار هیچ کەسێکی تر ناچێتە بەهەشتەوە. (چوارەم): هەموو پەیمانی (کافرەکان) رەتبکرێتەوە بۆ سەریان و پەیمانیان نەمێنێ.

٤- خوێنەوارە ئازیزەکانم: هەموو سورەتەکانی قورئان بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێ دەکەن، بەڵام تەنیا ئەم (سورەتە) بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێ ناکات و یەکسەر دەست بە سورەتی

---

(١) هەندێ لە نەزانەکانی (شیعە) ئەڵێن بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) حەزرەتی عەلی بەدوای حەزرەتی (ئەبو بەکر) نارد تاکو (عەزلی) بکات لە (خەلیفایەتی) یان عەلی لە ئەبو بەکر رێزدارترە یان ئەو شیاوترە بۆ ئەوەی دوای کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) ببێتە جێنشین بەڵام لەراستیدا وانیە ، پێغەمبەر (ﷺ) ئیمام عەلی نارد بۆ راگەیاندنی ئەو چوار شتەی لە پێشەوە باسکراوە بۆ خوێندنەوەی (چل ئایەتی) سورەتی (بەرائە) هەر لە سەرەتاوە تا (٤٠) ئایەتی بەسەردا خوێندەوە نەك بۆئەوەی ناردبێ بۆ (عەزلی) حەزرەتی ئەبو بەکری سدیق بکات (خوا لێی رازی بێت) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەم رووداوە (گرنگە)یان باس کردووە.

(بەرائـەت) ئـەكا، ئـەوجا هـەروەها زاناكـانی ئیـسلام بیروبۆچـوونیان جیاوازە، هەندێك دەڵێن ئەو سورەتە، تەواوكەری سورەتی (ئەنفالـە) بۆیـە یەكسەر دەستی پـێ كـردووە جـا هەنـدێكی تـر دەڵـێن سـورەتی (ئەنفال) پەیمان بوو بە(سورەتی تەوبە) هەڵوەشایەوە، هەڵوەشانەوەش لەدوای بەستن دێت بۆیە (سورەتی تەوبە) تەواوكەری سورەتی (ئەنفالە) هەنـدێكی تـر دەڵـێن (سـورەتی تەوبـە) بەسـتانەوەیە لـەنێوان خـواو پێغەمبـەر و (ﷺ) هەنـدێكی تـر ئـەڵێن نـاوی (تەوبەیـە) خـوا ویـستی دەرگای گەڕانەوە نەبەسترێ بۆ ئـەو كەسـانەی كـە پەشـیمان دەبنـەوەو لەبیرو باوەڕی (خراپ) دەگەڕێنـەوەو (تەوبـە) دەكـەن لەهـەموو گونـاهو تاوانێك.

٥- زانای بەناوبانگ شێخ (محمد علی الصابونی) لە تەفسیرەكەیدا[1]، ئەڵێت (قَالَ إبن عباس (رضي الله عنه) سئلت علي بن أبـي طالـب (رضـي الله عنه) لَمْ يكتب في براءة (بسم الله الـرحمن الـرحيم) قَـالَ لِـأنّ (بـسم الله الرحمن الرحيم) أمانٌ وبَراءةٌ نزلَتْ بالسيف لَيْسَ فيها أمانٌ) واتـە: ئـیبن و عەباس (خوایان لێ رازی بێت) ئەڵێت پرسیارم لەحەزرەتی عەلی كـوڕی ئـەبی تالیـب (خـوا لێـی رازی بێـت) كـردوو گـوتم بۆچـی لەسـەرەتای سـورەتی (بـراءة) دا (بـسم الله الـرحمن الـرحيم) نەنووسـراوە؟ ئـەویش لەوەڵامـدا گـووتی چـونكە (بـسم الله الـرحن الـرحيم) دروشمـی هێمنـی و سەلامەتی و دۆستایەتیەو ئارامی و ئاسایشەو بەڵام (سـورەتی بەرائـەت)

---

(١) بڕوانە: (صَفوةُ التفاسیر) لە نووسینی (محمد علی الصّابونی) بەرگی/١، لاپەڕە/٥٢١،هەروەها بڕوانە (التفسیر الواضح المیسر)،هەمان نووسەر، لاپەڕە/٥٤٠.

هاتۆتە خوارێ بۆ بەکارهێنانی (شمشێر) هاتووە بۆ (ئیعلان) کردنی شەڕو کۆتایی هێنانی پەیمانی ئاگر بەست و ئارامی تێدانیە (وَقالَ سُفیان بن عینیة) إنَما لَمْ تكتب في صدر هذه السورة البَسملة لأنّ التسمية رَحمةٌ، والرحمة أمانٌ وَهذهِ السورة نزلت بالمنافقين وبالسيّف ولا أمانٌ للمُنَافقينَ[1]، واتە: (سوفیانی کوڕی عویەینە) ئەڵێت: بۆیە لەسەرتای ئەم سورەتەدا (بسم الله الرحمن الرحيم) نەنووسراوە چونکە بەڕاستی (بسم الله) رەحمەت و بەزەیی تێدایە هەروەها ئارامی (ئەمینی) دەگەیەنێ و هەروەها ئەم سورەتە بۆ لێدانی (مونافیق) و دووڕووەکان بە(شمشێر) دابەزیوەو هیچ ئاسایش و ئارامی بۆ دووڕووەکان نەهێشت، (قالَ المفسرونَ وإنّما لَمْ يُبْسل في أوّلِهَا لأنّ الصّحابة لَمْ يكتبُوا البَسْملة في أوَّلِهَا في المَصحف الإمام والإقتداء في ذَلكَ بأمير المُؤمنين عُثْمان بن عَفّان (رضي الله عنه) وَالصَّحيحُ أنّ التَسميةَ لَمْ تكتب لإن جبريل (عليه السلام) ما نزل بِها في هذهِ السُّورة)[2]، واتە: بۆیە (بسم الله) نەکراوە لەسەرەتاکەیەوە چونکە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) نەیان نووسیوەو لەسەرەتاکەیدا لە (مەسحەفی) ئیمامدا بەڵکو لەمەدا شوێنی گەورەی موسڵمانان (عوسمانی کوڕی عەفان) کەوتن (رەزای خوای لێبێت) بەڵام

---

(١) بڕوانە: (الكشف والبيان في تفسير القرآن)، لە نووسینی (ابی اسحاق أحمد بن محمد ابراهيم الثعلبي) بەرگی/٣، لاپەڕە/١٦١، دار الكتب العلمية ئەم تەفسیرە بەم دواییدا (چاپکراوە) بەسیو چوار بەرگ.

(٢) بڕوانە: (الجامع لأحكام القرآن) المشهور (تفسير القرطبي) لە نووسینی (ابی عبدالله محمد بن احمد الأنصاري)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٨٥.

ئیمامی (قورتبی) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ قسەی راست و درووست ئەوەیە کە (بسم الله) نەنووسراوە چونکە حەزرەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێبێت) بۆ ئەم سورەتە (بسم الله) ی نەهێناوەو دای نەبەزاندووەو ئینجا هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) نەیان نووسیوە.

ئەوجا خوای گەورە بەبێ (بسم الله الرحمن الرحيم)

دەفەرمووێ: ﴿بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١﴾ (أي هَذهِ بَراءةٌ واصِلة مِنَ اللهِ وَرَسُوله بِقَطع العَلاقات والعهود مَعَ الاقـوام المـشركين)، ئەمـە بێـزاری خـواو پێغەمبەرەکەیـەتی واتـە خـوای گەورە (بێ بەریە) لەو پەیمانانەی کە لەگەڵ (کافرو موشریکەکاندا) بەستوتانە، یانی ئەمە بێزاری و دەستبەردانی خواو پێغەمبەرەکەیەتی لەو بتپەرستانە کە ئێوە پەیمانتان لەگەڵ بەستن و ئەوان راستیان نەکرد لەگەڵتاندا (چونکە ئەوان پەیمان شکێنن و جێگەی باوەڕنین) بەتایبەتی ئەو (عەرەبانە) کە لە دەوروبەربوون ئەوانە لەپێشدا لەگەڵ بێ باوەڕەکاندا پەیمانیان مۆر کردبوو ئینجا لەپاشان پەشیمان بوونەوەو پەیمانەکانیان هەڵوەشاندەوە، ئەوجا خواش پەیمانی دا بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە ئەویش پەیمانی خۆی لەگەڵیان هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها چوار مانگیشیان ماوە بدات بۆ چارەسەری خۆیان هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخۡزِي ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢﴾

﴿فَقُلْ لَهُمْ سِيرُوا يا مَعْشر الكُفارِ آمنينَ مُدّة أرْبعة أشْهرٍ لا يُصبكُمْ

مكروهٌ منّا ولاَ أذىً ثُم بَعدَها لاَ عَهدٌ لَكُم منّا ولا أمانٌ وأعْلَموا أنّكم لا تَفوتون اللهَ هرباً وإن أمْهَلَكُم هذه المُدّة لأنّكم في قَبضَته سُبحانهُ وانّ اللهَ مُذلَّ الكَافرينَ، ومهينهم في الدنيا والآخرة واته: ئەی بێ باوەڕەكان، بۆ ماوەی (چوار مانگان) لەزەویدا بەبێ ترس و بیم گەشت و گوزار بكەن و بگەڕێن و (شوێنێك بۆ نیشتەجێ بوونی خۆتان) دابین بكەن و وە چاكیش بزانن ئێوە ناتوانن خۆتان لەخوا رزگار بكەن خواش ریسواكەری (كافر)و بێ باوەڕانە، واته پێشیان بڵێ با بزانن لەیەكەم رۆژی (ئیعلان)ی بەڕائەتەوە بۆ ماوەی چوار مانگ یانی دڵنیاو بێ خەم بن و بۆ كوێ دەچن برۆن چی ئەكەن بیكەن لە وڵاتدا بگەڕێن بە ئەمینی و كەس دەست نابا بۆخۆتان و بۆ دەست و پەیوەندتان وە لەم ماوەدا ئەگەر دڵتان هاتە سەر ئیسلام، ئەوە باشە ئەگەرنا قەبوڵ ناكرێ لێتان بەخوا نەناسی و (كافری) بمێننەوە، وە ئێوە بزانن بەڕاستی ئێوە پەكی خوا ناخەن لە سزای خوا دەرچونتان نیە لەدەستی (قودرەتی) دەرباز نابن هەرچەندە ماوەیەك مۆڵەتیان بدرێت وە بەڕاستی خوا ریسوایان ئەكا ئەو بێ باوەڕانە لە (جیهاندا) بە (كوشتن) و دیل كردن و، لەپاشەڕۆژدا بە سووتانی ئاگری دۆزەخ.

(ئاگاداریيەكی گرنگ)

هەندێ لە (موفەسیرەكان) فەرموویانە ئەو چوار مانگە كە ماوەی مۆڵەت بووە بۆ (كافرەكان) واتە : بێ باوەڕەكان ئەو مانگانە بوونە (شەوال و ذوالقیعدة و ذوالحیجة و موحەرەم)ن چونكە ئەم ئایەتە لەمانگی (شەوال)دا نازل بووە ، بەڵام هەندێكی تر لە (موفەسیرەكان) فەرموویانە ئەو ماوەیە بیست رۆژ بووە لە (ذي الحجة) و تەواوی (محرم)

و (صفر) و (ربيع الاول) وە دوو رۆژ لە (ربيـع الثـاني) چـونكە (تـەبليغى) ئەم (حوكمە) لە رۆژى جەژنى قوربانـا بـووە لـە لايـەنى حـەزرەتى عـەلى يـەوە (خـوا ليّـى رازى بيّـت) مۆڵەتەكـە لـەكاتى راگەيانـدنى حسيّب دەكرىّ[1]، خواى گـەورە دەفـەرمويّت: ﴿ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوۡمَ ٱلۡحَجِّ ٱلۡأَكۡبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ وَرَسُولُهُۥۚ ﴾ (أي إعلامٌ منَ اللهِ واضِحٌ وصريحٌ إلى كافة الناسِ ببراءة الله تعالَى وَبراءَةِ رَسُوله مـن المُشركينَ الـذّينَ نَقـضُوا العهـودَ، وَقَيّـدهُ بـالحَج الأكـبرِ لأنّ (العُمـرةَ) تُـسمى الحـجُّ الأصـغرِ)، واتـــە ئەمـــە بانگەوازێكـــە لەلايـــەن خـــواو پێغەمبەرەكەيەوە بۆ هەموو خەڵك، بە(بەرائەت)ودەستبەردار بوونيان لە پەيمان وبەڵێنى بت پەرستەكان يـان (موشـريكەكان) بـۆ ئـەوەى بگاتـە هـەموو ئـادەميزادان بەگـشتى لـەرۆژى حـەجى گـەورەدا[2]، واتـە رۆژى

(١) بڕوانە: تەفسيرى نامى بۆ قورئانى پيرۆز، لە دانانى مامۆستا مەلا عەبدولكەريمى مودەريس، بەرگى/٤، لاپەڕە/٧.

(٢) ئيبن و عەباس و ئيبن و مەسعود (ريوايەتيان) كردووە لە ئيبن و ئەبى ئەوفاو (موغيرەى كوڕى شوعبەوە) بەگوێرەى رێبازى پێشەوا (ماليك) فەرموويانە رۆژى حەجى گەورە جەژنى قوربانە چونكە لە رۆژى جەژنى قورباندا هەموو كاروبارى حەج تەواو دەبن وەكو راوەستانى (عەرەفە) لە شەوێكدا بەرەمىو سەربڕين و قوربان و ئيحرام شكاندنو تەوافى كەعبە لە بەيانيەكەى دا ئەنجام دەدرێن، بەڵام بەراى حەزرەتى عومەرو عوسمان و (ريوايەتێكى) ئيبن و عەباس و راى طاوس و موجاهيد هەروەها بەگوێرەى مەزهەبى ئەبو حەنيفەو مەزهەبى شافعى دا رۆژى حەجى گەورە رۆژى عەرەفەيە چونكە مۀخرەمە فەرموودەيەك (ريوايەت) دەكاو دەڵێ حەزرەت (ﷺ) فەرموويەتى (يوم الحج الاكبر يوم عرفه) رۆژى حەجى مەزن رۆژى (عەرەفەيە)، بڕوانە: تەفسيرى رەوان لە نووسينى مەلا محمود گەلاڵەيى، بەرگى/٩، لاپەڕە/٤٠٧.

یەكــەمی جــەژنی قوربانـــە رادەگەیــەنرێت بــەڵام هەنــدێكی تــر لــە (موفەسیرەكان) ئەڵێن مەبەست لـە حـەجی (ئەكبـەر) و گـەورە، ئیحـرام بەحـەج بەسـتنە، هــەروەها حــەجی بـچوكیش (ئیحـرام) بەسـتنە بـە (عومرە)، چونكە ئەرك و پایەكانی ئەو لە (حەج) كـەمترەو جا بێگومـان هەروەكو ئایەتەكە ئاماژەی پێ كردووە، خوا لـە بـت پەرستـان بێـزارەو، هەروەها پێغەمبەرەكەشی (ﷺ) لە بتپەرستان بێزارە.

(تێبینیەكی زۆر گرنگ)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون، مەبەست لـە حـەجی ئەكبـەر چیە؟ جا وەلامەكەی ئەمەیە ئـیبن و عـەباس و كۆمـەڵێك لـە (موفەسـیران) دەڵـێن رۆژی حــــەجی ئەكبــــەر رۆژی عەرەفەیــــە چــــونكێ پێغەمبــــەر (ﷺ) فەرموویەتی (الْحَجُ عَرَفَة) رواه أحمد وأصحاب السنن، لەبـەر ئـەوەی كـە هەموو (حاجیەكان) لەیەك رۆژدا (واجبە) لـەو شـوێنەدا كۆببنـەوە، واتـە لـەپاش زەواڵـی رۆژی نۆهـەمی (ذي الحجـة) هـەتا بەرەبـەیانی شـەبەقی رۆژی (جەژن) بەڵام باقی رۆژەكانی تـر وەهـانین، وەهـەروەها حـەزرەتی عــەلی و ئــیبن عــەباس (خوایـان لـێ رازی بێـت) وە گــەلێ لـە زاناكـان فەرموویانە (رۆژی حەجی ئەكبەر) رۆژی جەژنە چونكێ مەناسكی حـەج وەكو رەمی جـەمرەی گـەورەو سەرتاشـین و ئـاژەڵ سـەربڕین و تـەوافی روكن و لەم رۆژەی جەژندا جـێ بـەجێ دەبـێ، وەهەنـدێ تـر لـە زانایـان فەرموویانە (حەجی ئەكبەر) هەرچۆن بـێ حـەجی مەزنـە بـەڵام (حـەجی ئەصغەر) واتە عومرەیەو، هەروەكو لە پێشەوە ئاماژەمان بـۆكرد، بـەڵام جەماوەری خەڵك ئەفەرموون (حەجی ئەكبـەر) حەجێكـە كـە راوەسـتانی

(عەرەفەی) لە رۆژی هەینی دابێ، چونکە رۆژی هەینی (سید الأیام)ە ، وە هەروەها (عەرەفەش) لەدوای رۆژی هەینیدا گەورەترین رۆژە، ئەمە هەردووك ئەبن بەیەك و ئەبێ بە دوو حەج[1] ، وە هەروەها (ابن كثیر)یش فەرموودەیەكی (ریوایەت) كردووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەڵێ حەزرەت (ﷺ) لە ساڵی (حجة الوداع) دا لە رۆژی (عەرەفاتا) وتارێكی خوێندەوە بەسەر موسڵماناندا و فەرمووی ئەم رۆژە رۆژی (حەجی) ئەكبەرە[2]، ئەوجا با بگەڕێینەوە سەر تەواوی ئایەتەكە كە ئەفەرمووێ: ﴿فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣﴾﴾ واتە: ئەگەر پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ یەك خوا پەرستی باشترە بۆتان لە مانەوەتان لەسەر (كوفرو شیرك)، ئەگەر پشتیشتان لە ئیمان و باوەڕ هەڵكرد، ئەوە چاك بزانن ئێوە لەژێر دەسەلاتی قوتار نابن و ئەوجا موژدە بدە بەوانەی كە بەردەوام دەبن لەسەر رێبازی (كوفر) و بێدینی بەوەی كە سزایەكی بەئێش چاوەڕێیانە.

---

(١) لەبەر ئەم فەرموودەیەش كەوا حەزرەت (ﷺ) فەرموویەتی (الجمعة حجُّ المساكين) واتە: رۆژی هەینی (حەجی) فەقیرو هەژارانە.

(٢) بڕوانە: تەفسیری نامی ، لەگەڵ دەستكاری بەرگی/٤، لاپەڕە/١٠.

(ئەوانەی پەیمان ئەشکێنن نە لە دونیاو نە لە قیامەت سەرکەوتوو نابن)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوانەی خودا (ئیستثنای) کردوون و فەرمانی کرد بە موسڵمانان کە وەفا بە پەیمانەکەیان بکەن تا ماوەکەیان تەواو دەبێ ئینجا پێش تەواو بوونی ماوەی پەیمانەکەیان موسڵمان بوون، جا بێگومان ئەوانە سەرکەوتوو بوون لە دونیاو قیامەتدا بەڵام ئەوانەی پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە خەڵکی تریشیان تەفرەداو هەڵخەڵەتاند، جا بەڕاستی ئەوانە زەرەرمەندی دونیاو قیامەت هاتن و بەس ماڵوێرانیان بۆ مایەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْـًٔا وَلَمْ يُظَٰهِرُوا۟ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾ ﴾ واتە: مەگەر ئەوانەی کە پەیمانیان پێداون لە بت پەرستان و موشریکەکان لەپاشان لەو پەیمانی خۆیان پاراستوەو یارمەتی هیچ کەسێکیان نەداوە دژی ئێوە، وە پەیمانەکەیان هەڵیان نەوەشاندۆتەوەو بەهیچ مەرجێکیان لێ کەم نەکردۆتەوە یانی خیانەتیان لەگەڵ نەکردوون و پەیمانەکەیان بردبێتەسەر و تێکیان نەدابێو هەروەها کەسیان لە ئێوە نەکوشتبێ و ئازاری ئێوەیان نەدابێ، وە یاریدەی هیچ کەسێکیان نەدابێ لە دوژمنانی ئێوەو لە دژی ئێوە بە چەك و سەربازو تفاقەوە، ئێوەش پەیمانی ئەوانە ڕاگرن هەتا کاتەکەیان تەواو دەبێت ئەگەرچی لە چوار مانگیش زیاتر بێت، ئەوجا بەڕاستی خوا خۆشی ئەوێ ئەو کەسانە کە خۆیان ئەپارێزن لە تاوان و لە شکاندنی پەیمان و خراپەکانی تر.

(پێویستە جەنگ کردن لە دژی بت پەرستەکانی عەرەب لەهەر جێگایەك بن تا موسڵمان ئەبن)

ئـەوجا باسـی (حـوکم) و بڕیـاری ئەمانـە ئـەکات لـەپاش تێپـەڕبوونی ماوەکەو چوار مانگەکە کە پێشتر خوای گەورە بۆی دانـابوون هـەروەکو قورئـــان ئەفـــەرمووێ ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾ ﴾ (أي فإذا أنقضَت الأشهر الأربعة التّي حَرَّم الله فيها قتَالهم فَاقْتُولُوا المُشركينَ حيث وَجَدْتمُوهم في الحَل وفي الحَرم وَاحْسبُوهم في القلاع والحصون، واقعدُوا لَهُمْ كلّ في كل طريقٍ فإنْ تـابُوا عـن الـشركِ والتزمُـوا بأحكـام الإسـلامِ (مِـن صَـلاةٍ وزكـاةٍ وسـائر الأركـانِ فَـدَعُوهم ولا تَتَعرضُوا لَهُمْ فَإنّ اللهَ واسِعٌ المَغفرةِ والرَحْمَةِ لِمَنْ تـابَ وأنـابَ، والمقـصود مِن هذا التأجيل لأربعة أشهر أن يتفكرُوا في أنفسهم ويَعلموا بَعدَ هذه المـدة أنَهُ لَيْسَ أمامَهُمْ إلاّ أحَدُ أمرين إمَّا الإسلام أو السيفُ وَالقتـال)، واتـه: جـا بێگومان کاتێك مانگە (حەرامەکان) یـانی خـاوەن ڕێزەکـان بڕانـەوەو کـە جەنگ و شەڕیان تێدا (حەرامە)و قەدەغە کراوە کـە ئـەوانیش بـریتین لـە (ذو القعـدة، و ذو الحجـة، المُحـرم، رجـب) ئـەوە بجـەنگن دژی ئـەو موشریکانەی کە پـەیمان شکێنن و بیان کـوژن[1]، لەهـەر جێگایەکدا ئـەو

---

(١) ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر بەناوبانگە.

بت پەرستانەتان دەستکەوت[1]، لە حەرەم و لە دەوری حەرەمدا یان لە (کەعبەدابن) لەهەرشوێنێك بەردەستتان کەوتن یان ئەگەر ویستتان بەدیل بیانگرن بۆ ئەوەی دوایی بیانکوژن یان بە (فیدیە) بەرەڵایان بکەن یان لە قەڵاو سپێرەکانی خۆیان دەوریان بگرن تا موسڵمان ئەبن و مەهێڵن دەرچن دەوریان بدەن و ڕێگای هاتووچۆیان لێ ببڕن و لەهەر شوێنێك دا کە بۆ کەمین و چاوەڕوانی بشێت دانیشن بۆیان و ڕێگایان پێ بگرن ، بەڵام ئەگەر تۆبەیان لە (کوفرو شیرك) و بێ باوەڕی کرد ئینجا هاتنە ژێر باری ئیسلامەوە (بەتەواوی موسڵمان بوونی) خۆیان ڕاگەیاند و ئەرکەکانی ئیسلامیان جێبەجێ کرد، وە هەروەها نوێژەکانیان بەرێك و پێکی ئەنجام دا، (زەکاتی) ماڵ و سامانی خۆیان ئەداکردو دایان، ئینجا ئێوەش ڕێگایان بۆ چۆڵ بکەن و وازیان لێبێنن و حەقتان بەسەریانەوە نەبێ، ئەوان ئازادن ئەوجا بزانن بەڕاستی کە خوای گەورە لێخۆشبوو و لێبوردەیە بۆ ئەو کەسانەی داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن وە هەروەها بە (ڕەحم) و بە بەزەییە و میهرەبانە بەرامبەر تەوبەکاران و ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆلای ئەو.

(**پاشکۆ**)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون مەبەست لە مۆڵەتدانی ئەو چوار مانگە بۆ بت پەرست و بێ باوەڕەکان بۆ ئەوەبوو کە بیر بکەنەوەو بەخۆ دابچنەوە بۆ ئەوەی بزانن کەوا هیچ مەرجێك لەپێش ئەواندا نیەو مەگەر

(١) بەڵام بەمەرجێ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە نەبن، چونکە ئەوانە (شەرع)ن دروستت نییە بیانکوژن ئەگەر بێباوەڕیشبن.

دوو مـەرج نـەبێ و یەکـەم موسـڵمان بـوون و ملکەچـی بـۆ ئیـسلام و بەرنامـەی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام و، دووەم ئەگـەر موسـڵمان نـەبن پێویسته بە شمشێرێکی تیژ لە ملی بدرێ یان بکوژرێ، وەکو ئیمامی شافعی لـەم ئایەتـەی پێشوودا ئـەوەی وەرگرتـووەو ئـەڵێت هەرکەسێك نوێژ نـەکات ئـەکوژرێ و لـە ملـی ئـەدرێ و هـەروەکو لـە زۆر شـوێندا لـە قورئـان کـە کـە خـودای گـەورە باسـی نوێـژی هێنـاوە لەگەڵیـدا باسـی زەکاتیـشی کـردووە، وەکـو ئەفـەرمووێ ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾ هەروەها لە عەبدوڵای کوڕی عومەریش (خودا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی: (فەرمانم پێدراوە کە بـەنگم لەگـەڵ خەڵکیـدا هـەتا شـایتی دەدەن کـە جگـە لـە خودا هیچ پەرستراوێکی تر نیەو پێغەمبەریش (ﷺ) فروسـتادی خودایـە نوێژن بکەن و زەکات بدەن)[1].

(ئەگەر موشریك داوای پەنایی کرد ئەوا پەنا دان رەوایە)

جا خوای گـەورە دەفـەرموێت: بـە پێغەمبـەرەکـەی (ﷺ)[2]، ﴿ وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ﴿٦﴾ ﴾ معنـــاهُ وإنْ أحـــدٌ مـــن

---

(١) ئەم فەرمودەیە پێشەوا (بوخاری و موسلم) هێناویانە.

(٢) هەرچەندە رووی ئەم فەرمایشتە پیرۆزە لە پێغەمبەری خودایە (ﷺ) بەڵام لەراستیدا هەموو موسڵمانێکیش دەگرێتەوە.

المشركينَ أستأمَنَكَ ليَسْمَعَ دَعوتَكَ فأمنه حَتى يَسمَعَ كَلامَ اللهِ فإن أرادَ أن يُسلِم فردُهُ إلى موضعِ أمنه، حَتى يَرْجِع إلى وَطَنـهِ آمنـاً لا يَخـشى سـطوة أحدٍ ذَلكَ بِسبَب أنّه لا يعرف حقيقة دين الإسـلام وَمَـنْ جَهَـلَ شـيئاً عَـداهُ)
واتـه ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئەگـەر رۆژێـك لـە رۆژان بـت پەرسـتێك یـان موشریك و بیٚ دینێك پەنای بۆ هێنای ئـەوە تـۆ پـەنای بـدە، وە دڵنیـای بكەرەوە تا گوێبیستی فەرمانی خودابێت، قورئانیان بـۆ بخوێنـەوە ، وە رێگەی ئیـسلامیان بـۆ روون بكـەوەو پیـشانیان بـدە، ئینجـا پـاش ئـەوە بیگەیەنە جێگای ئەمینی خۆی یان ولاٚت و نیـشتمانی خـۆی كـە هـێمن و ئاسوودەیی و لەهیچ نەترسێت، نابیٚ هیچ كەس دەستی بۆ درێژ بكـات و (غەدرو خیانەتی) لەگەڵ بكات و ئەگەرچی ئەوانیش خیانەتیان هـەبیٚ[1]، چـونكە ئـەوان حەقیقـەتی و ئیـسلامیان بـۆ روون نەبۆتـەوەو نـازانن و تێناگەن و كە ئەم ئاینی خودایە چەند جوان و پیرۆزە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧﴾ ﴾ واتە: چۆن ئەبیٚ و چۆن ئەتوانریٚ بۆ بت پەرستان لای خواو لای نێردراوی خوا واتە: پەیمانی خواو پێغەمبەر بۆ ئەو كەسانە نابیٚ لەكاتێكا ئەوان ناپاكی بكەن و پەیمان بشكێنن یانی كاتیٚ

---

(١) چونكە پێغەمبەری خۆشەویستمان ئەفەرمووێ: (لا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ) رواهُ أبو داود، واتە: خیانەت مەكە لەگەڵ ئەو كەسەی كە خیانەتت لەگەڵدا دەكات.

ئەوان پەیمان هەڵوەشێننەوەو لەسەر بێ باوەڕی خۆیان بمێننەوەو بەکەیفی خۆیان بێن و بچن؟ مەگەر بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لەلای مزگەوتی حەرام دا پەیمانتان لەگەڵ بەستن و ئەوانیش پەیمانەکەیان هەڵنەوەشاندەوە وەکو هۆزی (خوزاعە) یان وێنەی بەنوو (نەزرو بەنو کەنانە)لە ڕۆژی حودەیبیەدا دوایی هەتا ئەو کەسانە ڕاوەستان بۆ سوودی ئێوە لەسەر پەیمانەکەیان ئێوە چاودێریان بکەن ئەگەر ناپاکیان کرد، دوایی ئێوەش لەسەر پەیمانی خۆتان بەردەوام بن و وەفادار بن چونکە بەڕاستی خوای گەورە تەقواداران و پارێزگارانی خۆش دەوێت، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَيۡفَ وَإِن يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ لَا يَرۡقُبُواْ فِيكُمۡ إِلّٗا وَلَا ذِمَّةٗۚ يُرۡضُونَكُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَتَأۡبَىٰ قُلُوبُهُمۡ وَأَكۡثَرُهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴿٨﴾ ﴾ (أي كيف يكون لَهَمْ عهد معتدٌّ عند المُسلمينَ وحَالُهم هذه انّهم إن يظفروا بكم لايراعونَ في شأنكم حلفاً ولاعهداً؟ يرضونكم بالكلام الجميل إن كان لكم الظفر عليهم ويخفون في نفوسهم العداوة والبغضاء لكم واكثرهم فجرة كفرة خارجوُنَ عن الطاعة ناقضون للعهدِ) واتە: چۆن موشریکەکان پابەندی پەیمان دەبن، چونکە بێگومان ئەوان هەر کاتێك دەستیان ڕۆیشت بەسەر ئێوەدا سنوورێك ناپارێزن، نە خزمایەتی نە پەیمان دەست بە هیچ یاسایەکەوە ناگرن و هیچ درێغی ناکەن بە کوشتنی موسڵمانان وە لەناوبردنیان ئەوان بە زوبانی لوس و درۆ ڕازیتان دەکەن بەڵام لە دڵدا هەناو ڕەشن، زۆربەیان لە ڕێبازو فەرمانی خوادا دەرچوون و بێ باوەڕن وە لە ڕێگای حەق لایان

داوه، وه زۆربەشیان سنوور بەزێن و پەیمان شكێنن، جا خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ ۚ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ ﴾ واته: ئەوانه قورئانی خودایان به نرخێكی كەمی دونیا گۆڕیوەتەوه، واته شوێن كەوتنی ئایەتەكانی خوایان گۆڕیوەتەوه به رابورادنێكی كەمی بێ بەهای ژیانی دونیاو بەرهەڵستی خەڵكیشیان كرد له رێگەی خوداپەرستی كارێكی زۆر خراپیان كردو ئەنجام دا، جا خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ (أي كيف يكون لهم العهدُ معناهُ كيْفَ لايقاتلونكم وهم إن يظهروا عليكم لايحفظوا قرابةً ولا عهداً) واته: ئەوانه لەبەر ئەوەی (كافرو بێ دین و خودا نەناسن) دەربارەی هیچ خاوەن باوەڕێك هاوپەیمانی و خزمایەتی رەچاو ناكەن، هەركاتێ دەسەلآتیان بوو بەسەرتانا ئەمانه دەستی خۆیان ئەوەشێنن و چونكه دەستدرێژی پیشەیانه، ئینجا ئەی موسڵمانان ده ئێوەش زیرەك و هۆشیار بن بەرامبەرایان جا خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١١﴾ ﴾ أي فإنْ تابُوا عَن الكُفْرِ واسْتَمْسَكُوا بشرائع الإسلام من المُحافظَةِ على الصّلاةِ وأداء الزَّكاتِ إلى مُسْتَحقيها فَهُمْ إخوةٌ لَكم في الدّين أي ونُبينُ الحجَجَ والأدلة لِأجلْ العلمِ وَالفَهْم) واته ئەگەر

تۆبەیان کردو نوێژەکانیان بەتەواوی بەڕێوەبردن[1]، لەکاتی خۆی جێ بەجێ کردن و هەروەها ئەگەر زەکاتیشیان دا ئەوانە موسڵمانی تەواون، وە برای ئێوەن لە ئایین.

(پوختەی ماناکان)

یانی ئەگەر لە (شیرك) و بت پەرستی پەشیمان بوونەوەو ملکەچی (شەریعەتی) خواو ئیسلام بوون وە ئاگاداری نوێژە فەرزەکانیان کردو، زەکاتیان دا بە موستەحەقان ئەوان دەبنە برای ئایینی و دینتان، ئاوەهاش بەڵگەو نیشانە دەخەینە رووشیان و وە لێك دەدەینەوەو روون دەکەینەوە بۆ گەل و نەتەوەیەك کە تێدەگەن و دەزانن.

(بت پەرست و کافرەکان قەت پەیمان نابەنە سەر)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَنتَهُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ واتە: ئەو بت پەرست و موشریکانە پەیمانەکانیان شکاندو[2]، لە سوێندەکانیان پەشیمان بوونەوەو دەستیان دایە رەخنەگرتن و گاڵتەکردن و تانەو تەشەر دان لە

---

(١) جا بێگومان نوێژ چاکترین نیشانەیە بۆ موسڵمانیەتی هەموو کەس چونکە جارێك نیە کۆتایی پێ بێت بەڵکو رۆژێ (پێنج جارە) کەسێ باوەڕی تەواوی نەبێت ناتوانێت بەردەوام نوێژ بکات، وەك حەج نیە بەدرێژایی تەمەن جارێك بێت، وەکو رۆژووش نیە کە ساڵانە یەك مانگ بێت و بەس بەڵکو بە درێژایی ساڵ و شەوو رۆژ.

(٢) یان ئەگەر پاش موسڵمان بوونیان پەشیمان بوونەوە.

(دین) و ئاینەکەتان ئیتر دیارە شەڕتان پێ دەفرۆشن (نیەت و نیازیان) چاك نیە لەبەر ئەوە ئێوەش بجەنگن لە دژی سەرانی کوفر و رابەرانی بێ دینی (چونکە ئەوانە پابەندی هیچ پەیمان و بەڵێنێك نابن) بەڵکوو، واز لە کردەوەی خراپ و دوژمنایەتی کردنتان بێنن و، بەڵکو تەمێ ببن و کۆڵ بدەن و لە دوژمنایەتی دەست هەڵبگرن، جارێکی تر روو بکەنەوە هیدایەت و رێگای ئیمانداری و خواناسی.

(ئاگادارییەکی گرنگ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) [1]، چ لە تەفسیرە (عەرەبیەکان) چ لە تەفسیرە کوردیەکاندا فەرموویانە: ئەم ئایەتانەو ئایەتەکانی پێشووش هەرچەندە دەربارەی بت پەرست و (موشریکەکانی) سەردەمی پێغەمبەرن (ﷺ) بەلاَم هەروەك (سید قطب) رەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت ئەم فەرمایشتە هەموو (دوژمنێکی ئیسلام و موسڵمانان)لەهەموو شوێنێکدا دەگرێتەوە بەتایبەتی ئەم فەرمایشتەی پێشوو کە راڤەکراوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ سورە التوبە، ئایەتی/١٠.

جا بێگومان (موفەسیرەکان) ئەفەرموون خۆ (شیرك) و بت پەرستن

---

(١) بڕوانە (فی ظلال القرآن) دانراوی (سید قطب) بەرگی/٣، لاپەڕە/١٦٠٧-١٦١٠، چاپی (دار الشروق) هەروەها بڕوانە (تەفسیری قورئانی پیرۆز) لە نووسینی عەبدولعەزیز عەلائەدین موستەفا کۆیی، بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٩، وە بڕوانە (تەفسیری گوڵشەن) نووسینی (نظام الدین عبدالحمید) بەرگی/١، لاپەڕە/٤١١، هەروەها بڕوانە (تەفسیری رەوان) نووسینی (مەلا محمود گەلاڵی) بەرگی/١٠، لاپەڕە/٤٣٢.

وە نەبێت هەر ئەوە بێت کە عەرەبەکانی سەردەمی (جاهیلی) واتە نەفامی دەیانکرد بەڵکو بتپەرستی بەمانا فراوانەکەی بریتییە لە بەندایەتی کردن بۆ غەیری خودای مەزن و باوەڕو ئیمانی نەبێ بە خودای خاوەن دەسەلاَت و پەروەردگاری بونەوەرو جانەوەر وە لەگەڵ هەندێشدا زوڵم و ستەم و (غەدر)و زۆرداری بەرامبەر بەندەکانی خودا ئەنجام بدا، هەروەکو لەم ئایەتەدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ ﴾ سورەتی ابراهیم، ئایەتی/٤٢.

جا بێگومان لەهەر زەمان و زەمینێکدا ئەو بێ باوەڕانە دەستیان ڕۆیشتبێت بەسەر موسڵماناندا هەموو پەیمان و بەڵێنێکیان خستۆتە ژێر پێ و بەوپەڕی درندەییەوە هێرشیان بردۆتە سەر موسڵمانان، (تەتارە) بت پەرستەکان بەسەرکردایەتی (هۆلاکۆ و جەلادەکانی) کە لە ساڵی (٦٥٦) ی کۆچیدا شاری بەغدایان داگیرکرد گوێیان نەدا بەهیچ پەیمان و بەڵێنێك کە پێشتر دابوویان، ئینجا زۆر (بێ ڕەحمانە) هێرشیان هێنایە سەر وڵاتانی ئیسلام چیان بە موسڵمانان کرد (هەزارانیان کوشت) بەتایبەت لە پایتەختی بەغدا وەك مێژوونووسان[1]، دەڵێن تا چل ڕۆژ

---

(١) بڕوانە کتێبی (البداية و النهاية) دانراوی الحافظ عمادالدين ابو الفداء إسماعيل (ابن كثير الدمشقي)، بەرگی/١٣، لاپەڕە/٢٨٥.وە بڕوانە کتێبی (الكامل فى التاريخ) لە نووسینی (العلامة عزالدين ابو الحسن عبدالكريم الشهير بان الاثير)، بەرگی/٩، لاپەڕە/٢٠٤٧.

کوشتار لەناو بەغدا بەردەوام بوو (تەنها جوولەکەو دیانەکان بەسەلامەت دەرچوون کەس دەستی بۆ نەبردن) بەلأم هەرکەسێك کە موسڵمان و بڕواداربوو کە بەبەردەستیان کەوت و گرتیان و بەبێ بەزەیی کوشتیان هەر ئافرەتێك کە جوان بوایە یان بە دڵیان بوایە دەیان بردو دەیان ڕواندو خراپیان ئەکرد، (بەهەزاران مامۆستاو مەلا و خەتیب و فەقێ و قوتابی مزگەوتەکانیان) کوشتن بەهەزاران پیرو لاوو گەورەو بچووك منداڵی بێ گوناهیان کوشت، جگە لە کوشتنی (خەلیفەی ئەو سەردەمە)، کە خەلیفە (المعتصم بالله) بوو لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی[1]، وە بەتایبەتی بەرەی (عەباسیەکانیان) بردە گۆڕستان و هەموویان وەك بەرخ سەربڕین، ئەیان ووت خوێن لە کۆڵانەکانی (بەغدا) جۆگەلەی ئەبەست و ئەڕۆیی بۆ ناو (ئاوی دیجلە)، هەتا دەگێڕنەوە (ئاوی دیجلە) ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو چونکە خوێناوی بوو، جگە لەوانەش ئەیان ووت بەهەزاران قورئان و کتێبی حەدیس و ئاینیان فڕێ ئەدایە ناو ئاوی دیجلەوە، خەڵکەکەشیان ئەوەی بگرتایەو قەتل و عامیان ئەکرد کەس دەرباز نەبوو تەنیا ئەوانە نەبن کە خۆیان لەژێر نوێن و زبڵدان و کورەی حەمامەکان و چاڵەکان حەشاردابوو ، ئەوجا کە چل ڕۆژەکە تەواو بوو خەڵك لەناو شارەکە هاتنە دەرەوە لە برساندا چاویان تاریك ببوو کەلاکی (کەرو سەگ و پشیلەیان) دەخوارد هەشبو لە برسان ئەمرد و لەبەر برسیەتی و نەخۆشی وایان بەسەر هاتبوو باوك کوڕی

---

(١) ئەو زاتە خۆی و سێ کوڕیشی کوژران بەناوی (أحمد) و (عبدالرحمن) و (أبو الفضل) وە هەروەها سێ خوشکیشی بەدیل گیران بڕوانە هەمان سەرچاوەکان.

نەدەناسیەوە (ولا حَوْلَ وَلا قُوة إلا بالله العليِّ العظيم) هەروەها بت پەرستەکانی هیندی کەمتر یا بە موسڵمانەکانی پاکستان نەکرد لەوکاتەی دەوڵەتی هیندو پاکستان لێك جیابوونەوەو موسڵمانەکانی ناو هیندو مووچە خۆرەکان کۆچیان کرد بۆ پاکستان ژمارەیان (هەشت ملیۆن) کەس بوو ئینجا لە ڕێگادا زۆرترینیان کوشتن هەروەها لاشەکانیان بوون بە خۆراکی

قەلەڕەش و داراش و سیسارك و چەقەڵ و ڕێوی، لەهەمووی دڵتەزێن تر مووچەخۆرەکان ژمارەیان (پەنجا هەزار) کەس بوون بە شەمەندەفەر ویستیان لە هیندستانەوە بێنە پاکستان لە ڕێگا چەتەو ڕێگرە هندیەکان ئەو شەمەندەفەرەیان لە تۆنێلێکدا کە ناوی (ممر خيبر) بوو تەوق کردو ئینجا دەستیان کرد بەکوشتن و بڕینیان ئینجا کتێك شەمەندەفەرەکە لەو سەرەوە دەرچوو سەرنشینەکانی بوبوون بە گۆشتی هەنجندراو (هەر پەنجا هەزارەکە) مردن و گیانی پاکیان سپارد (إنا لله وإنا اليه راجعون)، بەڵێ تا ئێستاش ئەم جۆرە کۆکوژی و مرۆڤ لەناوبردنە بەردەوامە لێرەو لەوێ دووبارە دەبنەوە، ئایە دەزانن بەچکە شیوعیەکانی (چین و رووسیا) چیان بەسەر موسڵمانانی ئەو ولاتانە هێناوە؟ جا بێگومان بەهەمان هەڵس و کەوتی ئەو خودا نەناسانە یوغسلافیای شیوعی دەرحەق بە موسڵمانانی ئەو ولاتە کردیان ئەمانیش لەوەتای شیوعی کەوتۆتە ولاتی یوغسلافیاوە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بە ملیۆنەها موسڵمانیان قەلاچۆ کردووە، بەوپەڕی دڕندەیی و بێ بەزەییانە لەناویان بردوون، جا بێگومان هەروەکو هەندێ لە (موفەسیرەکان) ی تر

ئـەڵێن کاربەدەسـتانی هیندسـتان لـەکاتی جیابوونـەوەی پاکـستان لـە هیندستان (پێـنج ملیـۆن) موسـڵمانیان بـە کوشـتن و سـەربڕین لـەناوبرد (هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد) ئـەوجا ئێـستاکەش نـاوە نـاوە هەر شەڕیان پێ ئەفرۆشن جا (حکومەتی کۆمۆنیستی) لە رووسـیاو چـین لەماوەی (٢٥) سـاڵدا خـوێنی زیـاتر لـە (٢٦) ملیـۆن موسـڵمانیان ڕشـت (تیتۆ)ی تاونباری یوگسلافیا ملیۆنێك موسڵمانی لـەناوبرد، هـەروەها بـێ وێنەیی خـاچ پەرسـتەکان دەرهـەق بـە موسـڵمانانی (شـام و فەڵەسـتین) مێـژوو بەشـەرمەوە تۆمـاری کـردووە هێنـدە تاوانبارانـەو دڕندانەیـە، هەروەها تاوانـەکانی مەسـیحی و دیانـەکان لـە ئەندەلوسـدا کـە هـەزاران کەسیان کوشت و هەزاران ئافرەتیان بەدیل بردوو هەزاران ماڵیان بەتاڵان برد یـان سـوتاندیان لـە حاڵێکـدا پـەیمانیان دابـوو بـە موسـڵمانەکان کـە لـەخۆیان و مـاڵ و سـامانیان ئـەمین و دڵنیـابن هـەروەها سـتەمدیدەیی خـەڵکی موسـڵمانی (بۆسـنەو هەرسـك) لـەم چـەند سـاڵەی رابـردوودا بەدەسـت (صـربە) تاوانبـارو دڕندەکانـەوە هـەر بـاس ناکرێـت بـەڵام بـۆ نموونە ئێستاکەش بەچەند کەسێکی تاوانبار موسـڵمانێك ئـەگرن و لەبـەر چاوی هەموو دونیا بە تەورداس پەل پەلی ئەکەن ئەوە حاڵی موسـڵمانانە وە بە ئاشکراش لەبەر چاوی هەموو خـەڵك و بـە تەلـەفزیۆن و ڤیـدیۆکان بـڵاوی دەکەنـەوە، هـەروەها گـەورەترین تـاوانی بەکۆمـەڵ کوشـتن، دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانی موسڵمانی داوێن پاکیان ئەنجام داوە، زۆر جاریش پەیمانیان دەدا کە شەڕ رابگرن بەڵام هەموو جارێك هێنـدەی نەدەخایانـد پەیمانەکـەیان دەخـستە ژێرپـێ و هێرشـیان دەبـردە سـەر

شارێك یان گوندێك و خاپووریـان دەکـرد ئـیتر خـۆ باسـی مەینەتیـەکانی گـەلی موسـڵمانی (کـورد) لـەتوانای کەسـدا نییـە، ئـەوەی بەسـەر گـەلی کوردی موسـڵمانیش هـات لـەم جـۆرە (قـەتل و عامـە) دڕندانەیـە کـەمتر نەبوو لەو رووداوە خوێناویانەی کـە لەپێشدا باسمـان کـردن کـە هەنـدێ کتێبی مێژووی تردا وەکو وێنەی توحفەی موزەفەریە[1]، بەدووررو درێـژی باسی کـردووە، ئـەو کوشـت و کوشـتارەی لـە ولاتـی موکریـان داکـراوەو دەڵـێ (یـەکێك لـە کارەسـاتە دڵتەزێنـەکانی مێـژووی کوردسـتان پـاش موکری قڕانەکەی شا عەباسی سـەفەوی شـیعی کارەسـاتی قـەتل و عـام کردنی عەشیرەتی مەنگوڕ لە هـەرێمی مەراغـە کـە زۆر بەداخـەوە مێـژوو نووسانی خۆمان و بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لەسـەر نەنووسـیوە، (ئـەدی کارەسـاتی) کیمیابـارانی هەڵەبجـەی شـەهید لـە کوردسـتانی ئـازیزی خۆماندا لە رێکەوتی ٣/١٧ ساڵی ١٩٨٨ ی زایینی دا ئـەنجام درا و زیـاتر لـە (پـانزە هـەزار) کـوردی موسـڵمانی برینـدارو کـوژراوی لـێ کەوتـەوە، هـەروەها (عەمـەلیاتی ئـەنفالی گـەرمیان و بادینـان) کـە زیـاد لـە (١٨٢) هەزار کوردی موسڵمانی تێدا بێ سـەرو شـوێن کـرا بەوپـەڕی دڕنـدەیی و نامرۆڤانە ئەو هەموو (ژن و پیاوو منداڵ و گەنج و پیرە) لەناو بران و بـێ ئەوەی کەس و کاریـان بـزانن گۆڕەکانیـشیان لەکوێیـە لـەپێش ئـەو دوو کارەسـاتە دڵ تەزێنانـەش دا (هەشـت هـەزار) (پیـاوی بـارزانی) لـە دەوروبـەری هـەولێر لـەناو مـاڵ و خێزانـی خۆیـان دەرهێنـران و بـەرەو

---

[1] بڕوانە پەرتووکی (توحفەی موزەفەریە) بەرگی یەکەم، لاپەڕە/١٤٧/ هەروەها بڕوانە: سەرچاوەکانی پێشوو.

چوونی مـەرگ راپـێچ کـران و تـا ئێـستاش کـەس نـازانێ لـەکوێ و چـۆن قەلاچـۆ کـران و لـەناوبران خـوای گـەورە هـەقیان بکـات هـەروەکو لەپێشەوەش ئامازەمان بۆکرد، جا بێگومان لەو چەند نمونەیەوە سـەیر بکە دلنیاتر دەبیت کە ئەو فەرمایشتەی خودا چەند راسـت و تـەواوە کـە دەفـەرموێت ﴿ كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ﴾ (قال المفسّرون لايرقبون في مـؤمن اينمـا كـان ومـن أيِّ قـومٍ كان (الاّولاذمة) أي حلفا أو قرابة أو عهداً لأنّهم لايرقبـون فـيكم والمعنـى كيف لاتقتلونهم وهم إن يغلبوكم لايحفظـوا في شـأنكم قرابـة ولاضـماناً بـل يؤذنكم ماستطاعوا)[1]. واتە: چاودێری ناکەن بەرامبەر بە موسڵمانان نـە عەهـدو پـەیمان و نـە خزمایـەتی و نـە ویـژدان و هـیچ درێغـی ناکـەن بـە کوشتنی موسڵمانان و لەناوبردنیان.

(خولاصەی کەلام)

ئـەم دەسـتە (کـافر)و بـێ بڕوایـە دەربـارەی هـیچ بڕواداریێـك سـنوری خزمایەتی و پەیمان رەچاو ناکەن ئەوانە هەر خۆیـان دەسـت درێژیکـەرن و ئـاژاوە چـین، بڕوانـە: سەرچـاوەکانی پێـشوو (چ)، تەفـسیرە عەرەبییەکان (چ) تەفسیرە کوردییەکان.

(١) بڕوانە:(مواهب الرحمن في تفسير القرآن) لەنووسینی، (مەلا عبدالكريم مدرەس)، بەرگی(٤)، لاپەڕە١٣٤، هەروەها بڕوانە (تفسيرحدائق الروّح والريحان في روبي علوم القرآن) لەنووسینی شێخ (محمد الهرري الشافعي)، بەرگی(١٢)، لاپەڕە، ١٣٧.

(لەگەڵ پەیمان شکێنەکان شەڕ بکەن)

با بگەڕێینەوە سەر ئایەتی دوایی جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ ﴾ واتە: ئایە شەڕ ناکەن لەگەڵ قەومێکدا کە عەهد و پەیمانی خۆیان شکاند و دایانە پاڵ هۆزی (بنی بکر) بۆ ئەوەی بچن بە گژی (خزاعە) دا کە هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئێوەدا جا هەر ئەوانیش بوون کە ویستیان پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە دەربکەن ﴿ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ ﴾ واتە: هەر ئەوانیش بوون یانی (کافرەکان) بوون یەکەم جار لە بەدردا شەڕیان لەگەڵ کردنن موسڵمانەکان بۆ شەڕ نەچووبوون بەڵکو بۆ کاروانەکەی (ئەبو سوفیان) چووبوون کاروانەکەش دەرباز بوو، ئایا لێیان ئەترسێن؟ خوای گەورە شایەنترە کە لێی بترسێن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

(پوختەی ماناکان)

یانی ئەوان واتە بێ باوەڕەکان لەیەك جارەوە دەستیان کرد بەجەنگکردن لەگەڵ ئێوە، ئەوەبوو لە روداوی بەدردا و لەپاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە کاروانەکەیان قوتار بووە هیچ بیاویەکیان نەما بۆ جەنگ کردن کەچی (ئەبو جەهل) هەر وازی نەهێنا و گووتی ناگەڕێنەوە هەتا (محمد) و هاوڕێکانی لەناو نەبەین و لە ڕەگ و ریشە دەریان نەهێنین (هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد، ئەوجا زۆرێك لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن مەبەست ئەوەیە کە ئەوان لەیەکەم جارەوە

دەستیان کرد بە شەڕ کردن لەگەڵ بەرەی (خوزاعە) کە سوێند خواری پێغەمبەر بوون (ﷺ) ئینجا(غیرەتیان) ئەهێنێتە جۆش بەمەی ئەگەر ئێوە جەنگیان لەگەڵ نەکەن ئەبێ ئێوە لەو بێ بڕوایانە بترسن لەکاتێکدا ئەبێ ئێوە لەخوا بترسن واتە ئایە لێیان دەترسن و شەڕیان لەگەڵ ناکەن ؟ بەڵام خۆ خوا شایستەترە کە لێی بترسن ئەگەر باوەڕدارن و دان بەوە دادەنێن کە ئەبێ تەنها هەر لەو بترسن ئەگەر بەڕاستی موسڵمانن.

(ئاگاداربییەك)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە ئاماژەیە واتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە موسڵمانی راست و پتەو دەبێ لەهەموو کەس ئازاترو مەردو رەشید تر بێ نابێ جگە لە خودا لەکەسی تر بترسێ، ئەوجا لەپاشان بۆ ورە بەرزکردنەوەی خاوەن باوەڕان و دەرخستنی دەسەڵاتی خوای بالآدەست و مەزن فەرمان بە پێغەمبەر و بە موسڵمانان ئەکا لەسەر ئەو جیهادەی کە لەسەری (فەرز) کردوون لەگەڵ تواناییدا بۆ لەناوبردنی بت پەرست و دوژمنەکانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان جا خوای گەورە ئەو فەرمانە ئەکات و دەفەرمووێت: ﴿قَٰتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ ﴿١٤﴾﴾ أي قَاتِلُوا المُشْرِكِينَ أعْدَاء الذينَ حَتى يكون عَذابَهُم بايديكُمْ لِتنالُوا أجرْ الجهادِ وَيذلُّهم اللهُ بالقَهْرِ في الدُنيا والهوانِ وَالْخُسران في الآخرة وَيَجْعلكُمْ مُسلطِينَ عليهم بالغَلَبَةِ والظفرِ ويشف صَدورِكم بإعزاز الدّين وانْدحار الأعداء، واتە: ئەی ئیماندارینە دەست بکەن بەشەڕ دژی ئەو (کافرانە) واتە بێ باوەڕانە (فورسەت) لە کیسی خۆتان مەدەن ئێوە

ئەگەر شەڕیان لەگەڵ بکەن هەروەها دژی ئەو بت پەرستانە بجەنگێن جا بێگومان خودا بەدەستی ئێوە سزایان دەدا خوا ئەو بت پەرستانە ریسوا دەکا و ئابڕویان دەبا خوا ئێوە سەرئەخا بەسەر ئەواندا، هەروەها داخی دڵی هۆزێکی موسڵمان سارێژ دەکاو (هەندێ لە موفەسیران ئەڵێن ئەو قەومەش) لە هۆزی خوزاعە بوون کە هاوپەیمانی پێغەمبەر (ﷺ) بوون چونکە زۆریان خەفەت دابوونێ گەلێ ئازارو ئەشکەنجەیان لێ بینیبوون، بەلاّم دڵی بڕواداران بەسەرکەوتنی موسڵمانان خۆش دەبێ، چونکە ئەمە بەگشتی هەموو کۆمەڵی موسڵمانان دەگرێتەوە، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ ۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾ أي وَيذهب ما في قلوبِكُمْ مِنْ غيظٍ وكُربٍ ويتوب تعالى عَلَى مَنْ أراد الله لَهُ الهداية بدخُوله في الإسلام والله عَالمٌ بسرائر البَشرِ حكيمٌ لا يصنع إلا مَا فيهِ حِكمةٌ وَمَصلَحة، واتە: خەم و خەفەتی دڵی ئەو موسڵمانانە لابەرێ کە لە (کافر و موشریکەکانەوە) پێیان گەیشتبوو (غەدریان) لێ دەکردن و ئازاریان دەدان[1]، وەك تورەیی دڵیشیان لادەبات و دڵخۆش دەبن، واتە هەروەها خوا تۆبەو پەشیمان بوونەوە وەرئەگەرێ لەوەی کە خوا بیەوێ و مەیلی لەسەربێ و رێنموێنی بکات بۆ ئیسلام و هیدایەتی بدات و موسڵمان ببێ و

---

(١) هەندێ لە موفەسیران (فەرموویانە) ئەو قەومە چەند کەسانێکی یەمەنی بوون هاتنە مەککەو موسڵمان بوون لەلایەن دانیشتوانی مەککەوە چونکە ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دران هەواڵیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نارد شکایەتی حاڵی خۆیان کرد ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ان شاء الله) ئەوەندەتان نەماوەو خوای مەزن رزگارتان دەکات.

پەشیمان ببێتەوە لەو خراپەی کە کردویەتی ئینجا خواش حەز لە چارەی بکاو تەوبەی لێ وەردەگرێت[1]، واتە: بێگومان بەڕاستی خوا زۆر (عالم) و زانایە و هەموو شتێ لە جێگای خۆیدا دائەنێ وە حەکیمەو کارجوانە لەهەموو کارو کردەوەی خۆیدا.

(ئیمانداران تاقی دەکرێنەوە به جیهاد و غەزا لە ڕێگای خوادا)

ئەمجا لە پاشان خوای گەورە ڕۆنی دەکاتەوە ئەو کەسانەی کە گرانە لەلایان گرانە جەنگ کردن و غەزا کردن لە ڕێگەی خوادا ئیتر چ لە باوەڕداران بێ چ لە دووڕووەکان بێ، ئەوجا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ واتە: ووتەی ئەم[2]، یانی ئایە ئێوە گومانتان وا بردووەو، لاتان وایە کە وازتان لێ ئەهێنرێ لەسەر ئەو بارو حاڵەی کە وان لەسەری و فەرمانتان پێ نادرێ بەجەنگ و جیهاد و تاقی ناکرێنەوە لەکاتێکدا کە هێشتا خوا زاناو ئاگا نەبووە بەو کەسانەتان کە

---

(١) بۆ نموونە ئەوەی موسڵمان بوون وەکو ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل و سولەیم و زۆرانی تریش ئیمانیان هێنا.

(٢) وتەی (ام) لێرەدا پێی ئەگوترێ (مونقەتیعە) واتە: وازی هێنا لە فەرماندان بەجەنگ لەوەوە گواستیەوە بۆ سەرزەنشت لەسەر ئەو گومانەی کە باسی ئەکەن جا هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە (خیتابە) لەگەڵ هەندێ لەو موسڵمانانە کە مەیلیان لەسەر (جیهاد) و غەزادا نەبوو.

جیهـادو تێکۆشـانی کردبـێ، نـەخێر وانیـە بـەڵکو بـەهۆی جیهـادو غـەزا کردنەوە دەخرێنە ژێر تاقی کردنـەوە، تـا ئـەوەی کـە خـودا لـە زانـستی ئەزەلی خۆیدا دەیزانێت دەربکەوێت کە کامتان بەڕاستی و بەدڵ دەچێت بۆ جیهاد لە ڕێگەی خوادا؟ یان تا دەربکەوێت و ئاشکرا بێت کـە کامتـان لە خوداو پێغەمبەرو ئیمانداران زیاتر پەنای بۆ کەسێکی تر نـەبردوە، وە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکی گوناهکاردا نەبەستووە، واتـە: خوای گەورە هەمیشە تەواو بەئاگایە بەهەموو ئـەو کـارو کردەوانـەی کـە ئەنجامی دەدەن.

(پاشکۆ)

هەندێ لە زانایانی (تەفسیر) فەرموویانە مەبەست لـەم ئایەتـە ئەمەیـە کە پێویستە ئینسانی موسڵمان (جیهاد) بکات و لە ڕێگەی خـوادا نـەفس و ماڵی خۆی بە ساغی بکات بە قوربانی دین و ئایینی وە لەگـەڵ ئەمـەدا پێویستە زۆر وریاو مەردو زیرەك بـێ وە (ولیجـە) درووسـت نـەکات واتـە نەبێ بە دۆستی بەعزە ئینسانی دەغەڵ کە (جاسووسی) دین قـسەی لـێ وەرئـەگرن و نەسـراری موسـڵمانان ئـەدزن [1]، وە هەنـدێکی تـر ئـەڵێن (ولیجـە) واتـە بەنیـەتی خـراپ و نیـازی بـێ کـەلکی شـاراوەی نـاو دڵ و دەروون دەوترێت هەروەها بەدۆست و هاوەڵی خراپیش دەوترێت [2].

---

(١) بڕوانە: تەفسیری نامی لە دانانی مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٤، لاپەڕە/١٩.

(٢) بڕوانە (تەفسیری گوڵشەن) لە نووسینی (نظام الدین عبدالحمید)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤١٣.

(موشریکەکان مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان ناکەنەوە)

لـەو سـەردەمەدا کاروبـاری (مزگـەوتی حـەرام) کـەوتبووە لای (موشـریکەکان) خـواش فـەرمووی ﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ أي لاَ يَصحُّ ولا يَستقيم ولاَ يَليقُ بِالمُشركينَ أنْ يَعْمروا المسجد الحرام ولاَ شيئاً مِن المَساجِد حالَ كوْنِهمْ مُعْلنِينَ بالكُفرِ ناطِقينَ بهِ في أقْوالِهم وأفْعَالِهم حَيْثُ كانُوا يَقُولُونَ في تَلْبيتهم (لَبيكَ لا شَريكَ لَكَ إلاّ شريكاً هُوَ لَكَ تَمْلكهُ وَمَا مَلَكَ، وَيَنْصبُونَ الأَصنام حَوْلَ الكَعْبَةَ المُشرفة فكيفَ يَفْخرُونَ بِعمارةِ المَسْجد الحرام وَهُمْ يُعْلنونَ الكُفْرَ باللهِ؟ هؤلاءِ حَبِطت أعْمالهم أي بطلتْ بما قارنَها مِنَ الشرْكِ وَهُم مُخلّدُونَ في نَارِ الجَحيمِ، واتە: بۆ (موشریکان) و بت پەرستان نیە کە مزگەوتەکان ئـاوەدان بکەنـەوە لـە کاتێکدا بـەخۆیان شـایەد بـن لەسـەر خۆیـان کـە رێبـازی (کوفریـان) گرتۆتـە بـەر ئـا ئەوانـە هـەموو کـارو کردەوەیـەکیان بـە چاکەکانیـشەوە پـوچ و بـێ نرخـە چـونکە بـۆ خـوا نەبووەو ئینجـا کردەوەکانیـان تێـدا چـوون، ئـەوجا بەڕاسـتی ئەوانـە بـۆ هەمیشە لەنێو ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە.

(پوختەی ماناکان)

واتە: درووست و رەوا نیە بۆ بت پەرستان[1]، چونکە نابیّ و ناگونجیّ بۆ ئەوانەی بت پەرستن و هاوەلّ بۆ خودا بەرِەوا دەزانیّ مزگەوتەکانی خودا کە کەعبەیە و ئاوەدان بکەنەوە نابیّ رێگەیان پیّ بدریّ عیبادەتی پوچی خۆیانی تێدا بکریّ چونکە مافی ئەوەیان نیە جا بێگومان بۆخۆیان شایەدی (کافریەتی) خۆیان دەدەن ئەوان بە گوفتارو کردار (موشریك و کافرن) هەروەها بە کردەوەش ئەوەبوو بتیان دەپەرست لە راستیدا ئەوان بەم گوفتارو کردارانەیان دوو شتی دژ بەیەکیان لەخودا کۆکردبۆوە، دوو شتی لەگەلّ یەك نەگونجاویان خستبوە تەك یەکترەوە کە عەقلّ و ژیر نەیدەگرت جا ئەو بیّ باوەرِانە هەندیّ بتیان دانابوو لە ئەترافی کەعبەی پیرۆز و کرِنووشیان بۆ ئەبرد، ئەوجا لەگەلّ هەندێشدا شانازیان بە خزمەتی مزگەوتی حەرام ئەکرد جا ئەوان بە ئاشکرا شەریکیان بۆ خودا قەرار ئەدا ئەو خوا نەناسانە بەهۆی کوفرەکەیانەوە کردەوەکانیان پوچ کراوەتەوە، وە بەردەوامیش لە ئاگردان.

---

(١) (موفەسیرەکان) فەرموویانە لە سەردەمی جاهلیەتدا واتەنەزانی و نەفامی دا بتپەرستەکانی مەککە (٣٦٠) (بتیان) لە دەورەی کەعبەدا دانابوو هەروەها دەیان پەرست و (سوجدەیان) بۆ دەبرد و بەشەریکی خوایان دائەنا.

(هۆكاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەكەی پێشوو)

زۆبەی (موفەسیرەكان) ئەفەرموون كۆمەڵێ لە سەرۆكەكانی قورەیش بەدیل گیران لە رۆژی بەدردا ئینجا لەناو ئەو دیلانەشدا (عەباسی كوڕی عەبدولموتەلیب) هەبوو كە دەكاتە مامەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئینجا تاقمێ لە موسڵمانان لۆمەو سەرزەنشتی عەباسیان ئەكرد بە بت پەرستی و یان بۆ بەگەڵ كافرەكان كەوتی و شەڕی پێغەمبەری برازات كرد، كە زۆربەیان خزم و كەس و كاری تۆبوونە ئینجا یەكێ لە سەرزەنشتان (عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب بوو) كە ئەویش برازای بوو، ئەوجا تانەی ئەدا لە عەباسی مامی بەبۆنەی جەنگ كردنی لەگەڵ پێغەمبەرداو پچڕان و وازهێنانی لە خزمایەتی، ئەوجا ئیمام عەباسیش وتی بۆچی خراپەكانمان باس ئەكەن و چاكەكانمان پەنهان ئەكەن و ئەشارنەوە....؟ چا ئێمە گەورەترین لە ئێوەو ئێمە مزگەوتی رێزداری خوا ئاوەدان ئەكەینەوەو ئاو ئەدەین بە حاجیان و دیلەكان بەرەلاّ ئەكەین و ، بەرگ بۆ كەعبە ئەكەین، ئینجا خوای گەورە بۆ ئەم مەبەستە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرمووی ﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ ﴾[1]، بەلاّم لە (ریوایەتێكی) تردا هاتووە ئەفەرمووێ (لە رۆژی بەدردا كۆچ كەران و یارمەتیدەران یانی (موهاجرین) و (ئەنصارەكان) روویان كردە دیلی قورەیشیەكان كەوا

---

(١) بروانە: تەفسیری نامی بۆ بۆقورئانی پیرۆز، لەدانانی مامۆستا مەلا عبدالكریم مدەرس)بەرگی(٤)، لاپەرە (١٩-٢٠)

ژمارەیان (حەفتا کەس) دەبوو، پێیان گووتن و لۆمەیان کردن و تان و تەشەریان لێدان و کە بۆ (موشریك) و بێ باوەڕن بۆ شەڕی ئێمەتان کرد هەروەها پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب (خوا لێی رازی بێت) بەتوندی لۆمەی (عەباسی مامی) کرد کە دژی پێغەمبەر (ﷺ) جەنگاوەو (صیلەی رەحمی) پچڕاندووە، عەباسیش ووتی ئێوە خراپەکانمان بەچاو دادەنەوەو باسی کارە باشەکانمان ناکەن ئینجا ئیمامی عەلی فەرمووی جا بۆ ئێوە کاری باشتان هەیە؟ ئیتر دیلەکان دەمیان کرایەوەو ووتیان بەڵێ ئێمە لە ئێوە پاداشتمان گەورەترە، ئێمە (کەعبە) کە ماڵی خوایە ئاوەدانمان کردۆتەوەن پاسەوانیمان کردووە، هەروەها دەرکەوان و مجێوری بەیت بووین و ئاومان داوە بە حاجیان و دیلی هەژارمان بە پارەی خۆمان کڕیوەتەوەو ئازاد کردووە، ئیتر ئەم ئایەتە نازل بوو هاتە خوارێ کە ڕەتدانەوەی قسەکانی عەباس و دیلە موشریکەکان بوو کە هەمووی دەم کوت کردنەوەو قورئان فەرمووی ﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُواْ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ ﴾ لە پێشدا ماناکەی تێپەڕی.

(موسڵمانانی خاوەن باوەڕو راستەقینە ئەوان مزگەوتەکان ئاوەدان دەکەنەوە)

ئەوجا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون نەفی ئەهلیەتی ئاوەدانکردنەوەو سەرپەرشتی کردنی مزگەوتەکانی خودا لە (موشریکەکان) کردو ئەو هەق و مافەی پێ رەوا نەبینین ئینجا لەم ئایەتەی دواییدا هەق و مافی بۆ موسڵمانان و بەندە خواپەرست و خاوەن باوەڕان دەست نیشان ئەکات و ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ فَعَسَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾﴾ (أي إنّما تليق عمارة المساجد بالمُؤْمنِينَ المُتّقِينَ للهِ الذّينَ يُصدّقُونَ بوَحْدانية الله وَجلالـه ويجاهدُون في سَبيله ويخشونهُ وَلا يَخْشَوْنَ أحداً إلاّ الله فَهؤلاء الذّين يحقُّ لَهُمْ أنْ يَفْخَروا بعمارة بيوتِ اللهِ لإيمانهم وَاهْتدائِهمْ وقَد نبهتُ الآية أنّ العمارة الحقيقية لبيوت اللهِ لَيْستْ بإشادتِها بالحجارةِ وزَخرفتها وبنائها البناء الضّخم إنّما عمارتها باقامة الصلاةِ فِيهَا وَبِمجالِسِ العِلْمِ وَالتذّكيرِ، وَرَدَ في الحَديث الشّريف: قالَ عَليه الصّلاة والسّلام: إذا رأيْتُم الرَّجُل يَعْتادُ المَسْجِدَ فاشْهَدوا لَـهُ بالإيمان، لأن الله تعالى يقُول﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ الآية أخرجه الترمذي.

واتە: بێگومان ئەو کەسانەی ماڵی خوا ئاوەدان ئەکەنەوە[1]، ئەوە کەسێکە باوەڕی هێنابێ بە یەکیەتی خوای تاك و تەنیا و ئینجا باوەڕ بە خوا تەواو نابێ بەبێ باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرو باوەڕ هێنان بە ڕۆژی قیامەت، واتە: ڕۆژی دوایی و هەروەها نوێژی کردبێ بەهەموو مەرجەکانیەوەو، زەکاتی بەخشیبێ بە موستەحەق و هەژاران، وە لە خودایش زیاتر لە کەسێکی تر ناترسێت ئەوجا ئومێد هەیە ئەوانە لەو کەسانە بن کە خوا ڕێگەی هیدایەت و ڕەوشەنی خۆی نیشان داون.

(پوختەی ماناکان)

واتە: بەڕاستی و بە (تەئکیدی) ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت، پیشەی ئیماندارانەو نەك (کافر)و بێ باوەڕان و ئەوانەی کە لەخوا ئەترسن و باوەڕیان بە یەکتاپەرستی و بەتاك و تەنیایی خوای گەورە هەیە، وە تێئەکۆشن لە ڕێگای خواو، وە لە خوا بەولاوە لەهیچ کەسێکی تر ناترسن و، جا بێگومان ئەوانە جێی خۆیەتی حەق و مافی ئەویان هەیە کە شانازی بە نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی مزگەوت بکەن کە ماڵی خودایە مزگەوتەکان ئاوەدان دەکەنەوە بە بیرو باوەڕێکی پتەوەوە، بەلاَم ئایەتەکە ئاگادارمان ئەکاتەوە، لە ڕاستیدا ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکان نەك هەر بە خشت و بلۆك و کەرپووچ و کاشی بێت و بەس

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەم ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ دوو مانا ئەگەیەنێ جا تازەکردنەوەی بیناکەی بێت یان ئاوەدانکردنەوەی بە ئەنجامدانی (عیبادەت) و خواپەرستی بێت تێیدا...هتد.

یان بەڕازاندنەوەی مزگەوت و نەخشاندنی هەبێ یا (بونیاتی) گەورەو زەخم بێ بەڵکو ئەبێ خواپەرستی و نوێژی تێدا بکرێ و بەتایبەتی کوڕی (عیلم) و زانست و مەعریفەتی لێ ئەنجام بدرێ چونکە مزگەوتەکان بە (عیبادەت) و کرداری باش و خواپەرستیەوە جوانن، هەروەکو حەزرەت (ﷺ) لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا فەرموویەتی (واتە هەرکاتێ بینیتان و دیتان پیاو خوی بە مزگەوتەوە گرتووەو هاموشۆی مزگەوت دەکاو بێگومان شایەتی بۆ بدەن کە خاوەنی بڕوایەو ئیماندارە جا ئایەتەکەی خوێندەوەو هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ رواه الترمذي، هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی رازی بێت) ئەگێڕنەوە ئەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إنَما عُمارُ المَساجِدِ هُمْ أهْلُ الله) رواه الشيخان، واتە: هەر خودا پەرستان و خۆشەویستان خودا مزگەوتەکان بەخواپەرستی ئاوەدان دەکەنەوە.

(پاشکۆ)

قالَ العَلامَة الطبريُّ في تفسيره عن إبن عباس (رضي الله عنه) كُل (عَسَى) في القرآن واجِبَةٌ، واتە: زانای بەناوبانگ پێشەوا (تەبەری) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ ئەویش لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرمووێ هەموو وشەیەکی (عسی) لە قورئاندا مانای (واجیب) دەگەیەنێت، جا هەروەها بۆ نموونە خوا کە بە حەزرەت (ﷺ) دەفەرمووێ ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾﴾ واتە: (بێ شك) و گومان مقام المحمودی

دەداتـیٚ کـە لـە ڕۆژی قیامەتـەو یـان (شـەفاعەتە)، قـالَ أبـو حبـان في تفسيره: وعَسَى من اللهِ تعالى واجبةٌ حينما وقعت في القرآن، واتـە: ئـەبو حـەیان لـە تەفـسیرەکەیدا ئـەڵێت (عـسی) لـە قورئانـدا مانـای واجـب دەگەیەنێت.

(ئاوەدان بە حاجیانی مەککەو چاودێری کەعبە، وەکو باوەڕی و جیهاد نین)

زۆربـەی (موفەسـیرەکان) فەرموویانـە هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـە ئەمـەبوو وەکـو پێـشەوا (موسـلیم و ئـەبو) داود ئەگێڕنـەوە لـە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ئـەڵێت مـن لەگـەڵ چـەند (ئەصـحابەیەك)دا لـەلای مینبـەرو دوانگـەی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) ڕاوەستابوین ئینجا پیاوێکیان گووتی من لەدوای موسڵمان بوونم جگە لـە ئاودان بە حاجیانی مەککەدا هیچ کارێکی تر ناکەم، جا هەروەها یەکێکی تریش گوتی منیش لـەدوای موسـڵمان بـوونم جگـە لـە ئاوەدانکردنـەوەی ماڵی خوا، واتە مەبەستی کەعبـەی پـیرۆز بـوو هیچی تـر ناکـەم، بـەلاّم پیاوێکی تر گووتی نەخێر بەڵکو جیهادو غـەزا کـردن لـە پێنـاوی ئـایینی پیرۆزی خوادا لە هەموو ئەو (کارانە خێرتـرە) کـە ئێـوە باسـی ئەکـەن و ناوتان هێنان ئینجا حەزرەتی عومـەریش تەشریفی لـەوێ بـوو هـەروەها نـاڕەزایی خـۆی دەربـڕی و لێیـان زویـر بـوو فـەرمووی (لـەلای مینبـەرو دوانگەی خۆشەویـست (ﷺ) دەنگتـان بڵنـدو بـەرز مەکەنـەوە، جا ئـەو ڕۆژەش ڕۆژی (جومعە) بوو، واتە هەینی بوو، ئەوجا فەرمووی کە نوێـژی هـەینیم کـرد ئەچـمە خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) دەربـارەی ئـەو مـشت و

مرەی ئێوە پرسیاری لێ ئەکەم[1]، ئەوجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی بۆ نازل کردن و هەروەکو ئەفەرمووێ ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿١٩﴾﴾

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەندێك لە (موشریك) و بتپەرستەکانی مەککە کاتی خۆی خۆیان هەڵدەکێشا بەوەی کە ئاو دەبەخشن بە حاجیان و بەردەوام خەریکی ئاوەدان کردنەوەی (کەعبەن) ئینجا خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرمووی (ئایە لاتان وایە کە ئاودانی حاجیان و تەعمیرکردنی کەعبە وەکو کردەوەی ئەو کەسانەیە کە (ئیمان و باوەڕێکی تەواویان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە)، لەرێی خودا (جیهاد) و غەزا ئەکەن، ئەوانە لەلای خوا وەك ئەو کەسانە نینە[2]، کەوا بت

---

(١) جا بێگومان هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەمەشیان لە تەفسیرەکانیاندا باس کردووە، ئەگێڕنەوە کەوا عەباسی مامەی پێغەمبەر (ﷺ) تەڵحەی کوڕی شەیبە و ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب (خودا لێی ڕازی بێت) خۆیان هەڵئەکێشا، جا عەباس گووتی: من خاوەنی ئاودان و خزمەتکردنی حاجیەکانم و تەڵحەش ووتی من خاوەنی کەعبەم و کلیلی خانەی خوا لەلای منە و حەزرەتی عەلیش گوتی من بەر لەهەموو کەس بە شەش مانگ نوێژم کردووە لە دەوری کەعبەو وە جەنگم کردووە لەبەر ڕەزای خوای گەورە لە پێناوی ئایینی ئیسلام دا جا خوای گەورە لای ئیمامی عەلی گرت و ئەم ئایەتە دابەزی.

(٢) مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ جا کە ئەم ئایەتە نازل بوو بۆ ئەوەی بزانن کە ئەم جۆرە خەڵکە لەپێش ئیسلامدا (فەرقیان) لەگەڵ موسڵمانانا وەکو بەینی عەرزو ئاسمانە، بڕوانە تەفسیری نامی، بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٠، هەندێ موففسیری دیکە ئەڵێن: هەرگیز حاڵی باوەڕداران و (کافران) وەك یەك نینە لای پەروەردگار لەبەر ئەوەی خوای گەورە کردەوەیەك وەرناگرێت ئیمان وباوەڕی لەگەڵدا نەبێت.

پەرستن و کەعبە ئاوەدان دەکەنەوەو ئاو بە حاجیان ئەدەن، خوا بەو کردەوەیەتان لێتان خۆش نابێ و ئێوە زاڵم و ستەمکارن، ئەگەر باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەر و ڕۆژی (قیامەت) نەهێنن خوا ناتان هێنێتە سەر ڕێگای ڕاستی ئاین (والحاصل) خواش ڕێنمایی خەڵکانی ستەمکار ناکات بۆ (کاری خێرو چاك) بۆیە ئاودان بە حاجیان و ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی (حەرام) بە باشتر دائەنێن لە ئیمان و باوەڕی جیهاد و غەزاکردن، ئەمەش جیاوازیەکی زۆری هەیە لەبەرامبەر یەکتردا...هتد.

ئەوجا خوای گەورە باسی باوەڕدارانی ڕاستەقینە دەکات و ئەفەرمووێ ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾ (هـذا بيانٌ وتوضيحٌ لدرجات أهل الجهاد والإيمان، أي إنّ الذّينَ تَطهروامن دَنَس الشّرك بالإيمانِ وَطَهَّروا أبدانَهُم بالهجرةِ من الأوْطانِ وَبَذَلوا أرواحَهُمْ وَأموالَهُمْ لإعزاز الدين هؤلاء أعظمُ أجراً وَأرفَعُ ذِكراً من سُقاة الحُجّاج وَعمّار المسجد الحرامِ وَهم الفَائزونَ بالثّواب العظيم في جنات النّعيم)، واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووە بۆ (مەدینە) بەسەرو ماڵێ خۆیان جیهادیان کردووە، واتە تێکۆشاون و جەنگاون لە پێناوی خودا ئەوان پلەو پایەیان بەرزترەن واتە ئەوانەی کە باسکران هەر ئەوانە گەیشتوون بە ئاوات و ئامانج[1].

---

(١) چونکە هەر ئەوانەش بەختیارو سەرفرازن بەرەزامەندی خوای مەزن، ئەوانە مژدەی خۆشیان پێ دەدرێ لەلایەن پەروەردگاریانەوە بەهەشت.

(پوختەی ماناكان)

كەوا دەقی راڤەكەیەتی بە (عەرەبی)، واتە ئەمە رونكردنەوەیەكە بۆ پلەی ئەهلی جیهادو تێكۆشان و خاوەن باوەڕان یانی ئەوانەی خۆیان پاك و خاوێن كردەوە لە پیسی، شیرك و بێ باوەڕی دا، وە هەروەها خۆیان خاوێن كردەوە بەهۆی كۆچ كردنەوەی خۆیان لە خاك و نیشتمانی خۆیان دەرچوون لە پێناوی رەزامەندی خودا لە وولاتی (كوفره)، كۆچیان كردووە بۆ وولاتی ئیمان و ئیسلام وە لە پێناوی ئاینی خودا غەزایان كردو تێكۆشان، هەروەها گیان و ماڵ و سامانی خۆیان بەخت كردووەو بۆ عیزەت و شەرەفی ئایینی پیرۆزدا ئەوان ئەجرو پاداشتیان گەلێ زۆرەو ناویان هەتا هەتایێ هەر دەمێنێ و بە پلە بەرزی چونكە بەلای خواوە پایەو پلەیان بەرزترە لەوانە كە بەخەیاڵی خۆیان ئاو دەدەن بەدەم حاجیەكانەوە، مزگەوتەكان پاك و خاوێن دەكەن (والحال) ئەوان (موشریكیشن) بەلاّم هەر ئەو موسڵمانانەی كە خاوەن باوەڕن وە كۆچكەرن و جیهاد ئەكەن و تێكۆشەرانە بە فەزڵ و كەرەمی خوا بەختەوەر ئەبن و بە مراز دەگەن و پاداشتی كردەوەی باشیان وەردەگرنەوە، وە شاد دەبن بە بەهەشتی نەبڕاوەی هەتا هەتایی، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ ﴾ واتە: پەروەردگاریان موژدەیان پێ ئەدات و كە لەگەڵیان زۆر بە رەحمە و میهرەبانە و لێیان رازیەو كردەوەكانیان لێ وەردەگرێ و لە هەموو گوناهێكیان خۆش دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەیخاتە بەهەشتێك كە بەخشش و نازو نیعمەتی نەبڕاوەی تێدایەو تایبەتە بەوان، هەروەها

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ واتە: لەکاتێکدا ئەوانە ئەمێننـەوە لـەو بەهەشـتەدا بـە یەکجاری و هەتا هەتایە بـەبێ بڕانـەوە، جـا بەڕاسـتی خـوای تـەبارەك و تەعالا (ئەجر)و پاداشتی گەورەو بەنرخی لەلایە بۆ ئەوانەی کە بڕوادارن.

(بێ باوەڕەکان مەکەنە دۆست و برادەری خۆتان ئەگەر خزمیشتان بن)

(موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون خـوای گـەورە قەدەغـەی ئـەکات لـە موسـڵمانان دۆسـتایەتی بـێ بـاوەڕان ئەگەرچـی لـە پـشت و خزمـە نزیکـەکانیش بـن و نـابێ هاوڕێیـەتیان بکـەن[1]، جـا لـەم بارەیـەوە ئەفـــــــــەرمووێت ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَـٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ أي لاتَتّخـذوا الأبـاءَ والإخوان الكَفَرَةَ أنصاراً وأعواناً تُحبُـونَهمْ وتـودُّنهم إنْ فَـضَّلُوا الكُفـر عَلـى الإيمان وأصرّوا عَلَى البَقاءِ عليهِ ومَنْ يُصادِقُهُمْ علـى كُفرهم فهُـو مُـشريكٌ مِثْلَهُمْ لأنّ مَنْ رَضـيَ بالـشرك فهُـوَ مُـشرِك، واتـە ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێناوە بـە خـواو بـە پێغەمبـەرو ئـەمرو فەرمانـەکانیان، ئەگـەر بـاوك و

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن: ئەو ئایەتە ئەو کاتە هاتە خوارەوە کە نۆ کەس لە (عەرەبەکان) کە ئیمانیان هێنابوون ئینجا لە پاشان پەشیمان بوونەوە لە ئیسلامدا پاشگەز بوونەوە، لە دین و ژیان وەرگەڕانەوەو چونەوە لای (کافرەکانی) مەککە ئینجا بەم بۆنەیەوە ئەم ئایەتە (نازل بوو) هاتە خوارەوەو لەپێش فەتحی مەککەدا.

براکانتان زیاتر مەیلی (کوفریان) واتە بێ باوەڕیان هەبوو بەسەر ئیمان و باوەڕداریەوە، ئەوا مەیانکەن بە دۆست و یاروو یاوەری خۆتان، هەر کەسێکیش لە ئێوە ئەوان بکات بە دۆست و یارو یاوەری خۆی ئەوە بێگومان دیارە ئەو جۆرە کەسانە ستەمکارن.

(پوختەی تەفسیرە عەرەبیەکە)

یانی ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر باوکتان و براکانتان بێ باوەڕ بوون مەیانکەنە پشتیوان و لایەنگرو دۆستتان ئەگەر کوفریان لەلا باشترو چاکتر بوو لە ئیمان و باوەڕ بە ئاینی ئیسلام چونکە دۆستایەتی پیاوی بێ باوەڕ و پشت بەستن پێیان لەگەڵ ئاینی ئیسلام ناگونجێ و رێك ناکەوێ ئەوجا ئەگەر ئەوان ئیختیاری (کوفریان) کرد بەسەر (ئیسلامدا)، هەر کەسێ لە ئێوە کە ئەوانە بکات بەدۆست و برادەری خۆی وە ڕازی بێت بە (کوفر)و هاوبەش، ئەوە بێگومان ئەوانە (کافرن) واتە بێ باوەڕن[1].

(دوو ئاگاداری گرنگ)

یەکەم:- هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەم ئایەتە هاتۆتە خوارەوە لەوکاتەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە کۆچکردنی موسڵمانەکان لە مەککەوە بۆ مەدینە ئەوجا لەوکاتەدا باو و براو خزمەکانیان دەستیان ئەهێنایە رێگەیان و لێیان ئەپاڕانەوەو ئەیانووت

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوانە (موشریکن) وەکو ئەوان چونکە بە (موشریکەکان) رازی بوون بە (کوفر) کوفرە وەکو چۆن رازی بوون بە (فیسق) و فیسقەو ...هتد.

توخودا کۆچ مەکەن چونکێ ئەگەر لەمەککەدا نەمێنن ئەوە ئێمە ژیان و کاسبیمان تێك ئەچێ.

دووەم:- هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەبوو، کاتێ موسڵمانەکان فەرمانیان پێکرا کۆچ بکەن لە مەککەدا بۆ مەدینە، ئەگەر ئێمە کۆچ بکەین ئەوە دەستمان ئەبڕێ لە باوك و کوڕەکانمان و لە خزمەکانمان و لە ژن و منداڵەکانمان[1]، لە عەشیرەت و هۆزەکانمان و لە بازرگانی و جێگەی دانیشتنمان و لە داراییمان هەموویانمان نامێنێ و ئەوجا ئەو ئایەتە لەبارەی ئەو رووداوە بەتایبەتی هاتە خوارەوە، بەلاّم بەزاهری واتە بەڕواڵەت هەموو شتێی ئەگرێتەوە.

جا بێگومان خوای گەورە ڕووی (خیتاب) ئاراستەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەکاو ئەفەرمووێ ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ (أي قُلْ لَهُمْ إن كانَ هؤلاءِ الأقارب مِنَ الآباءِ والأبناء، والأخوانِ، ولزوّجاتِ، والعشيرةِ، والتجارةِ، والأموالِ، والوطن،

---

(١) جا بێگومان زانایانی ئیسلام ئەفەرموون نابێت موسڵمان موبالات بکات بەو براو باوك و منداڵ و خزم و خۆیشە لەکاتێکدا کە ئەمانە ببن بە (مانیع) و بەرهەڵست لە خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام بڕوانە تەفسیری نامی لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٢.

أحبْ عندكُمْ من اللهِ وَرَسولَهُ والجِهادُ في سَبيله فَانْتظروا حتّى يأتيكم عَذاب الله والله لا يهدي الخارجينَ عَنْ طاعته وحدوده إلى طريق الخيرِ وَالسَعادة)، واتـه: ئـەی پێغەمبـەر ی سـەروەرو خۆشەویـستم (ﷺ) بفـەرمووو لـەو موسڵمانانەی کەوان لـە نزیکتـا ئەگـەر باوك و کـوڕو بـراو ژن و خێـزان و هاوسـەرەکانتان و (عەشـیرەت) و تـیرەو قەبیلەکـەتان و ئـەو مـاڵ و سەروەت و سامانەی کە دەستتان کەوتووەو ئەو تیجارەت و بازرگانیـەی کـە ترسـی ئەوەتانـە رەواجـی نـەمێنێ و بـازاڕی نـەبێت و کـەم بکـات و نەفرۆشێ و هەروەها ئەو خانوبەرەو باڵاخانانەی کە بەلاتانەوە خـۆش و جوان و دڵگیرن، ئەمانـە خۆشەویستترن لـەلای ئێـوە لـەخواو پێغەمبـەر (ﷺ).

جیهـادو تێکۆشـان لـە رێگـای خـوادا خۆشـتر بوێـت، ئـەوە بێگومـان خۆتـان بگـرن و راوەسـتن و هـەتا خـودا عقوبـەت و ئـێش و ئازارتـان بـۆ بنێرێ یانی چـاوەڕێ بکـەن تـا خـودا فـەرمانی خـۆی دەنێرێت و سـزای سـەختتان دەدات[1]، ئـەوجا (موفەسـیرەکان) فەرموویانـە قـەت نەکـەن کارێکی وەها ببێ بەهۆی هاتنی سزای خودا بۆ سـەرتان، چـونکێ ئەگـەر حاڵتان وەهابێ ئەوە بـە (فاسـق) و خـاریج لـە رێگـە ئـەژمێردرێن و ئـیتر شارەزای رێگەی رزگاری نابنن جا بێگومان دڵنیاش بن کە خودای گەورە (هیدایەتی) کۆمەڵی (فاسقەکان) نادات کە یاخین و لـە سنورەکانی خـوا ترازاون و دەرچوونە.

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن کە ئەو ئایەتە هاتە خوارێ (سەحابەکان) هەموو بەڕاستیان وەرگرت و پەیوەندیان لەگەڵ باوك و کوڕیان بڕی لەبەر خاتری خودا.

(سەرنجێکی گرنگ)

خاوەنی تەفسیری گوڵشەن[1]، ئەفەرموویت ئەم ئایەتە پیرۆزە، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ خۆیان بە موسڵمان دەزانن، ئەوجا هەر کە تەماشا دەکەیت بۆ پەیداکردنی سەروەت و ماڵ و سامان پشت لەهەموو فەرمانێکی پەروەردگاریان دەکەن واتە ماڵ و سامان و سوودی دنیایان لە خوداو لە پێغەمبەر (ﷺ) خۆشتر دەوێتن بێگومان خۆشویستنی خوداو پێغەمبەری خودا تەنها بە قسە نابێت بەڵکو دەبێت ئەمرو فەرمانەکانیان جێ بەجێ بکرێت وە هەر شتێکیان حەرام و قەدەغە کردبێت و ئەبێ نەیکەیت و وازی لێ بهێنیت، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلام هەموو گوفتارو رەفتارێکیان نمایەتە لەسەر بێ باوەڕیان و لادانیان لە بەرنامەی پیرۆزی خودا، کەچی هەندێك بەناو زانای ئایینی هەموو کردەوە خراپەکانیان بەجوان دەخەنە پێش چاوو پشتیوانیەکی تەواویان لێدەکەن لە حاڵێکدا کە زانای ئایینی راستەقینە هەمیشە دژی ستەمکارانە و هەرگیز بۆ دنیای فانی خۆی نادۆڕێنێت.

(پاشکۆ)

جا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: (إذا تبايَعْتم بالعينة وأخَذْتُمْ بأذنابِ البقرِ ورَضَيْتُمْ بِالزرعِ وتَركْتم الجِهادَ سَلطَ اللهُ عَلَيْكُمْ ذُلاً لاَ يَنْزَعُهُ

---

(١) بڕوانە: تەفسیری گوڵشەن لە نووسینی (نظام الدين عبدالحميد)، بەرگی/١، لاپەڕە/٤١٥.

حَتّى تَرْجَعُوا إلى دِينكُمْ)[1]، واتـه: هـەرکاتیّ کـڕین و فرشـتنتان بـه فیـڵ و غەش بوو، وە دەستتان گرت بە (کلکی گاکانـەوە)، واتـە وە رازی بـوون بە جووت و کشتوکاڵ و (زراعەتەوە) هەر کات وازتان لـە (جیهـاد) هێنـاو خواش ریسواتان دەکـات مەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ لای دیـن و ئاینەکـەتان، هـەروەها لــە (ئــەبو ئومامــەی بــاهیلی) ئەگێڕنــەوە ئەمــەش دەقــی فەرمودەکەیە بە عەرەبی (عَنْ أبي أمامة البَاهِليّ (رضي الله عنه) أنّه رأى سكّة وشيئاً من آلة الحَرْث فقَالَ سَمِعْتُ النَّبيَّ (ﷺ) يَقُول (لا يَدْخُلُ هَذا بَيْتَ قومٍ إلاّ أدخَلَهُ الذُّلّ)[2]، واتە: ئەبو (ئومامەی باهیلی) خوا لێـی رازی بێت لە ماڵێکا ئـامێری کـشتوکاڵ و کێڵانـی دیـت وەکـو هـەوجارو گاسـن فەرمووی گوێم لـە پێغەمبـەری خـوا بـوو (ﷺ) فـەرمووی ئەمـە سـەربکا بەهەر ماڵێ خودا دەیکا بەمایەی ژێردەستی و کەساسی بۆیان، مەبەست لەم فەرموودەیە موسڵمان سەرنەکەنە کشتوکاڵ و ماڵداری بـەجۆرێکی وا کە واز لە هێزێ سەربازی و (جیهاد) و تێکۆشان و خواپەرستی بهێنن[3].

---

(١) رواهُ أحمد وأبو داود.

(٢) رواهُ البخاري.

(٣) لەکاتی خۆی لە زووەوە خەڵك بە جۆتوو گا زەوی خۆی ئەکێڵا، بەڵام ئەمڕۆکە بۆتە (مەکینەی تراکتۆر) ئیش و کاری خۆی ئەنجام ئەدات بەڵام زۆر بەداخەوە وەکو (حەدیسەکە) فەرمووی خەڵکی ئیمڕۆکە وازی لە نوێژو رۆژوو هێناوەو بەهۆی (فەلاحەتیەوە) هەر ماندووەو ناحەسێتەوە بەتەن گەنم و جۆ بەدەست دەهێنێ و مافی هی تری لێ نادت وەکو زەکات و سەرفیترەو (صەدەقە) و خێروو خێرات.

(ئەوەی راستی بێت سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بە یارمەتی خوایە)

جا بێگومان هەروەکو (موفەسیرەکان) فەرموویانە خوای گەورە دەستکاریەکی دڵ و دەروونی ئەو برادەرانە ئەکات بەمەی دەستنیشان ئەکات بە هەندێ لە میهرەبانی و یارمەتیدانی لەزۆر کاتی سەخت و تەنگانەدا کە خۆیان لەبیریانە بەتایبەتی باسی روداوی حونەین[1]، ئەخاتە بەرچاویان کە روداوو بەسەرهاتێکی زۆر سەخت و گرنگ بووە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾ واتە: بێگومان بەڕاستی[2]، خوای گەورە لەزۆر جێگاو شوێندا سەرکەوتنی بە ئێوە بەخشیوە[3] و سەری خستوون بەسەر (کافران) و بێ باوەڕاندا بەڵام لە ڕۆژی غەزای حونەیندا ئێوە

---

(١) سیرەت نووسان ئەفەرموون (حونەین دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان مەککەو تائیفەوە) شوێنێکی زۆر مەشهورە.

(٢) هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە (اللامُ للتأكيد) (وقَد) للتحقيق، (أي والله لقد نَصَرَكُمْ اللهُ في مَشَاهِدَ كَثيرة)، واتە: سوێند بەخوا لەزۆر جێگادا خوا ئێوەی سەرخستووە.

(٣) وەکو جەنگی بەدری گەورەو روداوی بەنی قورەیزەو بەنی نەزیرو حودەیبیەو زۆر شوێنەکانی تریش (موفەسرین) ژمارەیان بۆ کردووەنزیکەی(هەشتا شوێن) دەبوون.

سەرسام بوون بەهۆی لەخۆبایی بوونتانەوە تێشکان ئەتان ووت ئێمە ئەمرۆ ژێر ناکەوین لەبەر ئەوەی ژمارەمان زۆرە[1]، هەرگیز شکست ناهێنین بەهیچ شێوەیەك بیرتان لە دەسەلأتی خودا نەکردەوەو شانازیتان بەخۆتان ئەکردو واتان ئەزانی قەت ناشکێن، کەچی ئەوەبوو بینیتان ئەو زۆری یە بەهیچ فریاتان نەکەوت، سەر زەویتان لێ تەنگ بووە لەگەڵ ئەو (ویسعەت) و فراوانیەدا لە ترساندا تەنگ بوو لێتان، پاشانیش پاشەکشەتان کردو هەلأتن و راتان کرد، جا بزانن سەرکەوتن تەنها لەدەستی خودایە، وەکو لە جێگایەکی تردا ئەفەرمووێ﴿ وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ ﴾ جا لە (تەفسیری الواضح المیسردا)[2] ئەفەرمووێ: (ثُمَّ بَعْدَ الهَزِيمةِ جَاءَ الْفَتْحُ والإنْتِصارُ) هەروەکو خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرمووێت ﴿ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمۡ تَرَوۡهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾ أي أنْزَلَ اللهُ عَلَيكُمْ بَعْدَ الهزيمةِ

---

(١) کە لەو رۆژەدا موسڵمانەکان (١٢) هەزار بوون بێ باوەڕەکانیش (٤) هەزار بوون جا (موفەسیرەکان) ئەڵێن دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە﴿ وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ ﴾ پێشەوا (بەیهەقی ریوایەتی کردووە)، دەڵێ رۆژی (حونەین) پیاوێك ووتی دووژمن کەمەو ئێمە زۆرین و ئێمە سەرئەکەوین جا پێغەمبەر (ﷺ) ئەم بەخۆ نازینەی پێ ناخۆش بوون ئەوجا دواتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ إِذۡ أَعۡجَبَتۡكُمۡ كَثۡرَتُكُمۡ ﴾.

(٢) لە نووسینی الشیخ (محمد علی الصابونی)، لاپەڕە/٤٥٩.

الأمنَ والطمأنينة حَتّى سكنت نفوسكُمْ وعادَتْ إليْكُمْ قُوّتكُمْ وَأنْزَلَ الملائكة لنصرتِكُمْ مِنْ حَيْث لا تَرَوْنَهُمْ وَعذّب الكافرينَ بالقَتْلِ وَالأسرِ وَذَلكَ عقوبة من كَفَرِ بالله وَجحدَ فَضْلَهُ وإنعامه) واته: دوای ئەوە خوای گەورە هێمنی و ئارامی و هێوری خۆی زاڵ کردە سەر دڵ و دەروونی خۆشەویستەکەی کە حەزرەتی پێغەمبەرە (ﷺ) وە سەر ئیمانداران و بڕوادارەکان هەنارد (هێزی دەروونیان بۆ گەڕایەوەو ترسیان نەما) واتە: چەند لەشکرو سەربازێکی وەکو فریشتە لە ئاسمانەوە هێنایە خوارەوە کە ئێوە نەتان ئەبینی، ئەوجا بێگومان ئەوەبوو سزای کافران و خوانەناسان و تۆڵەی لێ سەندن چ جا ئەوانەی کوژران و دیلکران و ماڵ و سامانیان لە دەستدا، ئەوجا بەو شێوەیە خوای گەورە سزاو تۆڵەی لە (کافرەکان) دەستێنێت ئەوەی ئینکاری هێزو دەسەلات و فەزڵ و کەرەم و نیعمەتەکانی خودا بکا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَاللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٢٧﴾ ﴾ واتە: لەپاش ئەو کارەساتە خوا (رەحمەتی) خۆی بەسەر ئەوکەسانەدا ئەڕژێنێ و تەوبەیان لێ قبوڵ ئەکات، بەتایبەتی ئەوانەی لەگۆڕەپانی جەنگیان بەجێهێشت و هەلاتن، یانی لەیەکەم جارەوە رایان کردو دوایی گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی جەنگ، وە لەو (کافرانەش) خۆش ئەبێ کە موسڵمان ئەبن، جا بێگومان پاش ئەوە لەهەر کەسێك کە خۆی بیەوێت بە موسڵمان بوونیان لێیان خۆش دەبێت و دەیانبورێت خودا زۆر لێخۆش بوو و خاوەن بەزەییەو بەڕەحم و میهرەبانە.

(چەند ئاگادارییەکی گرنگ)

یەکەم:- زۆرێك لە (موفەسیرەکان) و سیرەت نووسان لە بن سێبەری ئـەم چـەند ئایەتـەدا روداوو بەسـەرهاتی جـەنگی (حونـەینیان) وا بـاس کردووە بەتایبەتی جەنابی حـەزرەتی شـێخ عبـدالقادری گـەیلانی (قـدس سـره) خـوا نهێنیەکـەی پـیرۆز بکـات لـە تەفـسیرەکەیدا[1]، حەدیـسێکی هێناوەو لە کتێبی معجم الکبیر ی طبرانـی دا[2]، ئەفـەرمووێت: (روي أنّ رسُول الله (ﷺ) خَرجَ بَعْدَ فَتْحِ مَكَة ثُمّ توجّه نحو (حُنين) لقتال (هَوازن و ثقيف) مَعَ عَشَرة آلاف منَ المهاجرينَ والأنصار، وألْفيْن مـنَ الطلقـاء وكَـانَ العَدو أربعة آلاف فَأعجبَ المُسلمينَ كَثْـرَتهم فَلّمـا التقُـوا فقَـالُوا لَـنْ نُغلـب اليوم لأنّ العَدّو في غاية القلّة فكره الله قولهم وإعجابَهُمْ هَذا فـاقْتَتَلُوا قتـالاً عظيماً فَغَلَبَ العَدّو عليهم فَولّوا مُنْهَزمينَ فَبقي رَسُول الله (ﷺ) مَعَ شرذمة قَليلة فأرادَ أن يَقْتَحِمَ عَلَى العَـدوّ فاخـذ عَمـه العَبـاس بعنـان فرسـه فَنَـزلَ (ﷺ) وقَبَضَ قَبْضَةَ منَ التُّراب ورَمَى نحو العَدو وذلكَ عنـدَ نـزول الملائكـة فَقَالَ (أنا النّبيُ لاَ أكْذِبْ أنا إبنُ عبـدالمُطلبْ) وقـالَ (الآنَ حُمـيَ الـوَطيسُ) أي التنور.. إلخ..هتد.

دووەم:- جا بۆ شـەرحی ئـەم فەرموودەیـەی پێشوو چاکتر ئەوەیـە بگەڕێینـەوە سـەر سـیرەت و ژیاننامـەی زاتـی ڕەهبـەر[3]، کـە تـەواو

---

(١) بڕوانە (تەفسیری الجیلانی) لە دانانی حەزرەتی (شێخ عبدالقادری گەیلانی)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٠٠.

(٢) بڕوانە (المعجم الكبير)ی ئیمام (الطبراني) بەرگی/٦، لاپەڕە/٤٥٧.

(٣) بڕوانە: پەرتووکی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕەهبەر لە ڕەوشت و ئەخلاق و غەزەواتی پێغەمبەر) لە نووسین و ئامادەکردنی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزیز)، بەرگی/٢، لاپەڕە٢٣٣.

فەرموودەكەی پێشەوا طبراني تێدایەو بەڵكو بەدووورودرێژیش لەسەری دەڕۆین و باسی دەكەین جا بێگومان (ئەهلی سیرەت) ئەفەرموون رووداوی (حونەین) بەم جۆرە بوو لەپاش ئەوە كە لە ساڵی (هەشتەمی هیجرەتدا) بوو كە روویداوە چونكە دوای گرتنی شاری مەككە موسڵمانەكان لە مەككەدا دانیشتبوون بە شادمانی و دڵخۆشی نزیكەی دوو هەفتە پشوویان داو چونكە حەزرەت (ﷺ) لەدوای (فەتحی) شاری مەككەی كرد لەمانگی رەمەزانی پیرۆزدا لە مەككە دا مایەوە هەتا پاش جەژن ئینجا لە ئەوەڵی مانگی شەوالدا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێگەیشت كە (هۆزی هەوازن) و سەقیف كە (مالیكی كوڕی عەوف) سەرۆكیان بوو[1]، لەگەڵ هۆزی (سەقیف و نەوەی جەشم) و كۆمەڵێك نەوەی تر كە ژمارەی سوپاكەیان (چوار هەزار) جەنگاوەر بوون هەمووشیان خۆیان ئامادەكردووە بۆ شەڕكردن لەگەڵ موسڵمانەكاندا، ئەوجا (مالیكی كوڕی عەوف) فەرمانی دا كە ئەم سوپا گەورەیە بڕوانە تەپۆڵكەكانی حونەین تەنگەرایی و شێوو دۆڵی حونەین بگرن و دەنگ نەكەن لەگەڵیاناو هەتا ئەكەونە ناویان ئەمجارە هەڵمەت بەرن و هێرشیان بكەنە سەر و هەتا بە ئاسانی لەناویان بەرن و ئەوجا لەشكری بەم شێوەیە رێزكردوو لە پێشەوە جەنگكەرو لەدوای ئەوانەوە ژن و منداڵ و ئەمجار ئاژەڵ و مەڕو ماڵات بۆ ئەوەی كەس ڕانەكات، ئینجا پێغەمبەری خوداش (ﷺ) كە بەمەی زانی كە ئەم سوپایەی هەوازن و

---

(١) كە زانیبوی حەزرەت (ﷺ) مەككەی گرتووەو فەتحی كردووە، ئەویش لەخۆی و هۆزەكەی ترساو پێغەمبەر (ﷺ) هێرشیان بۆ بێنێ و ئینجا ئەویش هۆزەكەی خۆی كۆكردەوەو (تەكبیریان) كرد كە دەستپێش خەر بن بەر لەوان كاری خۆیان ئەنجام بدەن.

سـەقیف خۆیـان ئامـادەکردووە بـۆ هێـرش کردنـە سـەریان و ئـەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) موسڵمانانی ئاگادار کردەوەو فەرمانی دا کـە هێـرش بکاتە سەریان و ئەوجا بۆیان دەرچوو لە مەککەی موکەرەمەوە لـە ڕۆژی شەمەی شەشی مانگی شەوال بە سـوپایەکی گـەورەوە لـە کۆچـکەران و یاریـدەدەران بـە ژمـارەی (دە هـەزار جـەنگاوەر)ەوە کـە لەگەڵیـدابوون هەروەها بـە دوو هـەزار کەسـی دیکـەش لەوانـەی کـە تـازە لـە مەککـەدا موسـڵمان بووبـوون ئینجـا بـەرەو ڕوویـان ڕۆیـشتن، بـەڵام هەنـدێك لـە موسڵمانەکان بەهۆی زۆری ژمارەیان بەخۆیان دا دەنـازی و بیریـان لـەوە نەکردەوە کە لـە شـەڕدا بشکێن و هـەروەکو لـە پێـشەوە ئاماژەیـان بـۆ کـرد، جـا بێگومـان پێغەمبـەر (ﷺ) موسـڵمانەکان لەیـەك بەرەبەیانـدا کەوتنە ڕێ بەم سوپایە گەورەیەوە، ئینجا هەر (تیرەیەك) ئاڵاکەی خـۆی هەڵگرتبوو، وادیاربوو هەندێك لە موسڵمانەکان کـە لـەدڵیانا بڕیاریانـدابوو کە ئێمە (حەتمەن) سـەرئەکەوین بـەڵام نـەیانگووت بـە پـشتیوانی خـودا چـونکە یارمـەتی خودایـان لەبیرچـووبوو، بۆیـە خـوای گـەورەش ژێـری خستن و بردنیەوە سەر باوەڕەکەی خۆیان، ئینجا پێشەوا (ئەبو داود) لە کتێبی موسنەدا ریوایەتی کـردوەو ئـەڵێت: پیاوێـك هاتـەلای پێغەمبـەری خوا (ﷺ) ووتی لەلای ئێوە ڕۆیشتم و چوومە سەر فلان و فیـساڵ کـەس و بینیم هۆزی (هەوازن و سەقیف) بەیەکجاری و بە ژن و منداڵ و هـەموو ووشـترو مـەڕو ماڵاتیانـەوە هاتونەتـە گۆڕەپـانی جـەنگ لـە دەوروبـەری حونەینـدا کۆبوونەتـەوە، پێغەمبـەریش (ﷺ) زەردەخەنەیـەك گرتـی و فـەرمووی (إن شـاء الله) ئـەوە سـبەینێ ئەبێتـە تـاڵان و دەسـتکەوت بـۆ موسڵمانەکان ئەگەر خوای گەورە حەز بکات و ئارەزووی لێبێت.

سێهەم:- (دەست پێکردنی جەنگ)

ئینجا بێگومان لەتاریکی پێش بەیاندا سوپای ئیسلام کەوتەڕێ بەرەو دۆڵ و شیوەکانی (حونەین) بەلاّم ئاگای لەوە نیە دووژمن بە ئاگاداری بۆی دامەزراوەو سەنگەری لێ گرتووەو خۆی لێ حەشارداوە، کاتێ بەخۆیان زانی وەکو (مالیکی کوڕی عەوف) فەرمانی دابوو بەیەکجارو بەیەك دەست لێیان بدەن و ئینجا لەهەموو لایەکەوە لێیان هاتنەدەست تیر بارانیان کردن و وەکو وەکو ئاوی تەزرەو تیرو ڕم بۆیان هان ئەهات، چونکە هێشتا هەر تاریکە شەو بوو ئەو کۆمەڵە سوارەی لەپێشەوە بوون تێك قژقژان و سەریان لێ شێواو نەیانزانی چی بکەن و بۆکێ بچن، ئینجا بەناچاری شکان و گەڕانەوە بۆ دواوە، (مەکەیەکان) دوایان کەوتن و سوپاو لەشکر زۆر پەرێشان بوون چونکە شکاو پشتی هەڵکرد و ئینجا دوژمن ئەوەی بەهەل زانی و کردی بە هەراو هۆریا نەچی و بگرەو بکوژە کەوتە دوایان و ئینجا باوك و کوڕ ئاگایان لەیەك نەما، جا سەرۆکەکانی (مەککە) ئەم شکان و شپرزەییان دیت بە موسڵمانەکان ئیتر (کوفر)ە کۆنەکەیان بەبیر هاتەوەو دلشاد بوون و لەناو خۆیانەوە، جا (ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب) بەزەردەخەنەی شادومانیەوە ووتی تازە هەتا سەر دەریا خۆیان ناگرنەوە، بەلاّم پێغەمبەریش (ﷺ) کە تەشەریفی لەدواوە هات کە ئەم شکانەی بینی و زۆر ناڕەحەت بوو ئینجا هاواری کرد و بانگی کردن و فەرمووی (إلـيّ عِبـادَ اللهِ إليَّ أنـا رَسُـول اللهِ) واتە: ئەی بەندەکانی خوا وەرن بۆلای من دوام کەون، وەرن بۆلای من، من پێغەمبەری خوام و کوڕە وەرن رامەکەن و وەرن بۆلای من خۆتان

بگرن من پێغەمبەری خوام (مـن موحەمـەد کـوڕی عەبـدوڵلا)م (ﷺ) جـا بێگومان هەندی لە (موفەسیرەکان) و سیرەت نووسـان ئـەڵێن لەوکاتـەدا لەگەڵ حەزرەتدا (ﷺ) هـیچ کـەس نەمایـەوە لـە غـەیری دەکـەس نـەبێ (عەباسی کـوڕی عەبدولموتـەڵیب[1]، و حـەزرەتی ئـەبو بـەکری صـدیق و عومـەری کـوڕی خـەتاب و (ئوسـامەی کـوڕی زەیـدی کـوڕی حاریـسە) و هـەروەها چـەند کەسـێ لـە خزمـانی پێغەمبـەر (ﷺ) وە لـە هەنـدێ (ریوایەتا) هەشتا کەس لە (موهاجرین و ئەنصارەکاندا) لەگەڵ حـەزرەت (ﷺ) مانەوەو لەهەندێ (ریوایەتی) تردا سەد کەس لە خزمەتی مانەوە.

چوارەم:- هـەروەها ئەگێڕنـەوە لـە عەباسـی مـامی پێغەمبـەر (ﷺ) لەکاتی جەنگی حونەیندا کە هێرشیان ئـەهێنا بـۆ پێغەمبـەر و هـاوەڵانی عەباس جڵەوی هێسترەکەی گرتبوو، بۆ ئەوەی کە حەزرەت (ﷺ) پەلـە نـەکات و بڕواتــە نـاو دوژمنەکانــەوە، (ئــەبو سـوفیانی کـوڕی حــەرب) وەرزنگــی هێــسترەکەی گرتبــوو، وە پێغەمبــەریش (ﷺ) لــەو ئانــە تەنگاوەیەدا ئەیفەرموو (أَنَا أَالنّبِيُّ لاَ كَذِب أَنَا إِبنُ عَبْدُالمُطَلَبْ) واتە ئـەمن

---

(١) هەندێ لە (سیرەت نووسان) و مێژوونووسان دەفەرموون حەزرەتی عەباس (خوا لێی رازی بێت) بەر لە کۆچ کردن موسڵمان بووبوو، بەلاَم موسڵمانیەکەی بە نهێنی و بە پەنهان بوو، وە هەندێکی تریش لە زانایان دەڵێن بەر لە (فەتحی شاری مەککە) موسڵمان بووبوو، هەندێکی تریش لە زانایان ئەفەرموون حەزرەتی عەباس (خوا لێی رازی بێت) لە جەنگی بەدردا نەدەجەنگا چونکە بەزۆر هێنابوویان بۆ جەنگ وە حەزرەتیش (ﷺ) کوشتنی ئەوی قەدەغەکردبوو ئینجا دوایی دەستگیرکرا لەجەنگی بەدردا، بڕوانە (طبقات إبن سعد)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٨٠٨، هەروەها بڕوانە (سير اعلام النبلاء للذهبي)، بەرگی/٣، لاپەڕە٧٨.

پێغەمبەرم هیچ درۆی تێدانیە من لە نەوەی عەبدولموتەلیبم، وەها (موشریکەکانیش) تیریان ڕوو بەڕوویان دەهاوێشت، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە (عەباسی مامی) کرد و فەرمووی مامە بانگ بکەو بڵێ (یا مَعْشَرَ الأنْصَار یا أصْحَابَ السُّمْرة) واتە: ئەی کۆمەڵی ئەنساری مەدینە ئەی کۆمەڵەی کە لەژێر داری (سەمرە) لە پەیمانی حودەیبیەدا (بەیعەتتان) کردبوو (بیعة الرضوان) ئینجا حەزرەتی عەباسیش (خوا لێی ڕزی بێت) ئەویش بانگی کردن و جاری ئەیگووت (یا أصْحَابَ السّمْرة)، لە (ریوایەتێکی) تردا ئەیفەرموو (یا اصحاب الشّجرَة) وە جارێ دەیفەرموو (یا أصحاب سورة البقرة)[1]، وە ئیمامی عەباس دەنگی گەورەو زۆر بەرز بوو ، وە هەروەها دەنگی زۆر ئەڕۆیشت ئینجا کاتێ کە بانگی کردن (ئەصحابەکان) واتە یارو یاوەرەکان دەنگەکەیان ئەناسی و بەخێرایی و بەپەلە هاتنەوە بۆلای پێغەمبەرو گووتیان (لَبَيْكَ لَبَيْكَ) واتە: لە خزمەت داین لە خزمەت داین، ئەوجا زۆربەیان گەڕانەوە بۆلای حەزرەت (ﷺ) بە خێرایی و هەتا هەندێك لەوانە ولاخەکانیان باش نەدەڕۆیشت خۆی لە ولاخەکە فڕێ ئەداو بەڕەلای ئەکرد بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بەخۆی و بە شمشێرەوە، تا زیاتر لە دووسەد کەس لە دەوری کۆبوونەوە، ئەوجا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) پەلاماری دوژمنیان داو پێغەمبەریش (ﷺ) وەك کێوێك لە گۆڕەپانی جەنگ چەقیبوو هانی دەدان بۆ پەماری دوژمنەکانیان و ئینجا شەڕ گەرم بوو لەوێداو حەزرەت

---

(١) موفەسیرەکان: ئەفەرموون ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (سورەتی البقرة) کە ئەفەرمووێ: ﴿ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ ﴾ سورەتی / البقرة/ ئایەتی/٢٤٩.

(ﷺ) فـەرمووی (الآنَ حُمْـيَ الـوَطِس) واتـە بەڕاسـتی ئێـستا تـەنووری جەنگ گەرم بوو، ئەوجا حەزرەت لەسەر پشتی ولآخەکەی هاتـە خـوارێ و چـەنگێ گـڵ و خـۆڵی هەڵگرتـەوەو بـەلای دووژمـن فڕێیـدا و فـەرمووی (شاهَتِ الوُجُوهُ إنْهَزَمُوا وَربَّ الكَعْبَة)، واتە: ئەو روانە ڕەش بـوون سـوێند بـەخوای (کەعبـە) هــەلآتن و بـەزین جـا ئەگێڕنـەوە هــەڵگری ئـالآی (کافرەکانی) هەوازین کە لـە پێشەوە دەڕۆیشتن (ئیمـامی عـەلی) خـۆی گەیانـدێ و لـەدوا تـاوی دا (شمـشێرێکی) لـە (حوشـترەکەیدا) خـستی و ئـەوجا یـەکێکیش لـە (ئەنـصاریەکان) گەیـشتە سـەری و کوشـتی جـا بێگومان حەزرەتی عەباس (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ کـە پێغەمبـەر (ﷺ) چـونکە گـڵ و خۆڵەکـەی هەڵگرتـەوەو هەڵیـداو بـەرەو (موشریکەکان) واتە لەشکرو سوپای هـەوازن هـەمووی بـەجارێ پـشتیان داو هـەلآتن و ئینجـا موسـڵمانەکان کەوتنـە دوایـان و لەهـەموو ڕاسـتان ڕاویـان نـان و لەهــەموو لایەکـەوە شـکان و بـەزین چـونکە ئەوەنـدەی پێنەچوو خوای مەزن یارمەتی و (نەصرەتی) موسـڵمانەکانی داو، هـۆزی (هەوازین و سەقیف) هـەموو پـشتیان هـەڵکردوو هەرچـی کـوژراو کـوژراو ئەوانی تـر لـە پیـاوو ژن و مـاڵ و سامان و منـداڵ ئـاژەڵ و (حـەیوانات) هـەمووی بـەتالآن و دەسـت کـەوت کەوتـە دەسـتی موسـڵمانان لـەخوای گـەورە بـەزیادبێت[1]، وە خـوای مــەزن لـەم جەنگـەدا سـوپایەکی لـە (مەلائیکە)و فریشتە نارد، وەکو فەرموویـەتی ﴿وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا

---

(١) بڕوانە کتێبی (مَوْسُوعَة نَظْرَةُ النَعيم في مكارم أخلاق الرّسول الكريم، (ﷺ) لە نووسینی بەڕێز (صالح بن عبدالله بن حُميد)، امام وخطيب الحرم المكى، ج١، لاپەڕە/٣٧٨.

هەروەکو لە پێشەوە تێپەڕی بەڵام ئەمەش تەفسیرەکەیەتی بەدرێژی کە ئەفەرمووێ بۆ بەهێزکردنی دڵی موسڵمانەکان فریشتەی نارده خوارێ بۆ کۆمەکی پێکردنیان کە ئێوە بەچاو نەتان بینین بەڵکو ئاسەوارەکەیان لە دڵی خۆتان دابینی و هەستان پێکرد کە بریتی بوو لە وورە بەرزی و بەخۆدا چوونەوەو سەر لەنوێ هەڵمەت بردن و پەلاماردانی دووژمن و شکاندنی و لێ کوشتن و بەدیل گرتنی زۆر لێیان[1]،وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا ئەوەی دیل بێت نابێ بکوژرێ چ ئافرەت بێت یا مندال بێ و چ پیاو بێ کە بەزۆر هێنراو بن بۆ جەنگ بەلام ئەوانەی رایان کرد یا گیران یا کوژران جا بێگومان بەو (حەشامەتە) زۆرە کەوتە دەستی ئەسحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) پێک هاتبوو لەو هەموو غەنیمەتەو ئەویش (شەش هەزار ئەسپ) و (بیست و چوار هەزار) حوشترو زیاتر لە (هەزار سەر مەڕو بزن)یش بوون لەگەڵ ئالتون و زیوێکی زۆر لە ماڵ و ساماندا[2].

پێنجەم:- هەروەها (موفەسیرەکان) و (ئەهلی سیرەت) ئەگێڕنەوە لەو جەنگەدا نزیکەی /٧٠ کەس لە (موشریکەکان) کوژران چونکە سوپای (کوفر) زۆر بە خراپی شکاو زۆریشیان لێ بەدیل گیراو هەروەها (غەنیمەتێکی) زۆریشیان لێ بەجێما، هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد ئەوجا بێگومان ئەگێڕنەوە لەناو ئەو دیل و تالانەدا (شەیمای کچی

---

(١) بڕوانە: (تەفسیر رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان) لە نووسینی (مەلا مەحمودی کەلاڵی)، بەرگی/٩، یان/١٠، لاپەڕە/٤٦٣.

(٢) بڕوانە: سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر لە ئەخلاق و غەزەواتی پێغەمبەر (ﷺ) لە (نووسین و ئامادەکردنی عبدالرحمن مەلا تەها عبدالعزیز)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٢٩.

حەرسی کوڕی عبدالعزی) سەعدیە، کە دەکاتە خوشکی شیری پێغەمبەر (ﷺ) ئەوجا دیلەکانیان برد بۆلای حەزرەت (ﷺ) جا لە ڕێگادا هەرچەندە (شەیما) دەیگووت من خوشکی شیری گەورەکەتانم بەڵام پێیان باوەڕنەکرد هەتا بردیانە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئینجا لەوێ (شەیما) عەرزی پێغەمبەری (ﷺ) کردوو خوشکی شیری تۆم بەو ناونیشانەی تۆ بە منداڵی بە کۆڵمەوە بووی قەمپارو گەزەیەکت لەناو شانم دا ئێستاکەش نیشانەکەی دیارەو ئەوجا حەزرەت (ﷺ) ناسیەوەو دەستی کرد بە گریان و، لەبەری هەڵسایەوەو (عەباکەی) خۆی بۆ ڕاخست و زۆر ڕێزی لێنا، جا پێی فەرموو گەر دەتەوێ بمێنیتەوە لای من ئەوە خزمەتت دەکەین وە ئەگەر ئەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ جێگای خۆت و بەکەیفی خۆت بکەو ئینجا ئەویش لەبەر خزمەکانی وای پێخۆش بوو بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری خۆی ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) چەند ووشترو مەڕو ماڵاتی پێبەخشی ئینجا ئەویش گەڕایەوە جێگای خۆی زۆر بە شادومانیەوەو (دوعایْ) بۆ حەزرەت (ﷺ) ئەکرد هەروەها (حافظ) ئەبو داوود و ئەبو یەعلاو غەیری ئەوانیش (ریوایەتیان) کردووە کە حەزرەت (ﷺ) لە هەرێمی (جعرانە) لە نزیك شاری مەککەدا لەکاتێکدا (ماڵ و سامانی) بەش دەکردو ئینجا ئافرەتێکی بەدەویە هات بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) کە حەزرەت چاوی پێکەوت و ناسیەوە کە دایکی شیری بوو واتە (حەلیمەی سەعدیە) دایکی شەیما ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی لێگرت[1].

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (نامی بۆ قورئانی پیرۆز) لە دانانی مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٤٩.

(پاشکۆ)

ئـەوجا (موفەسـیرو سـیرەت) نووسـەکان ئـەڵێن (موشـریکەکانی) هـەوازینی سـەقیف، ئەوکاتـەی کـە هـەلاتن بـوون بەسـیّ بەشـەوەو، بەشێکیان لەگەڵ (مالیکی کوڕی عـەوف) کـە سـەرکردەیان بـوو هـەلاتن بـەرەو قـەلاّی تـائیف و هەنـدێکیان بـەرەو (بطـن النخـل) دا ڕایـان کـرد هەندێکی تریش بەرەو (ئـەوتاس) ڕایان کـرد، بـەلاّم دەگێڕنـەوە ئـەوەی راسـتی بێـت دوای دابـەش کردنـی (غەنیمەتـەکان) لـە ئەشـراف و سـەرۆکەکانی تـیرەی سـەقیف و هـەوازن هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەر و موسـڵمان بـوون و ئینجـا لـە پاشـان داوای ئەسـیرو دیلـەکانیان کـردەوە لەگەڵ ماڵ و سـامانەکانیان، کـە لـەوەو پـێش گیرابـوو، ئینجـا حـەزرەت (ﷺ) زۆر بەنـەرمی لەگـەڵیان جولایـەوەو تەشـریفی هەڵـسا لـەناو ئەسـحابەکانی ووتـارێکی خوێنـدەوە جـا فـەرمانی دا هـەموو شـتەکانیان بدەنەوەو، دیلەکانیان بۆ ئـازاد کـردن و ئینجـا (مـالیکی کـوڕی عـەوف) سەرۆکیان بوو ئەمەی لـە پێغەمبـەر (ﷺ) زانـی و ئـازادو عـەفوی کـردن ئەویش یەکسەر هاتـە خزمـەتی و بـاوەڕو ئیمـانی بـەخواو بـە پێغەمبـەر هێناو قەلاّتەکەشـی تەسـلیم کـردو ئـەوەی لەگـەڵی بـوو موسـڵمان بـوون پێغەمبـەریش (ﷺ) خـەلاّتێکی زۆری پـیّ بەخـشی و کـردی بەسـەرۆك و گەڕایـەوە (مەککـە) و عـەمرەی بـەجیّ هێنـاو بـووە موسـڵمانێکی

خواپەرست[1]، ئـەوجا هەنـدێ لـە زانایـانی (تەفـسیر) ئەگێڕنـەوە کـە (مالیکی کوڕی عەوف) موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) سەد حوشتری پـێ بەخشی هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمـان بـۆکرد و حـەزرەت (ﷺ) کـردی بەسەرۆکی (قەومەکەی) خۆی لەبەرامبەر ئەو خەڵاتـە (مـالیکیش) چـەند (شیعرێکی) بە پێغەمبەری خوادا هەڵداو یـەکێ لـەم شـیعرانەی ئـەم دوو شیعرەیە کە ئەڵێت:

(مَا إنْ رايتُ وَلاَ سَمِعْتُ بِمِثلِهِ   في النَّاس كُلِّهُمْ بِمِثْلِ مُحَمَّدِ)

(أَوْفى وَأَعْطى لِلْجَزِيلِ إذا إجتدى   وَمَتى تشاء يُخبرك عَماني غدِ)

واتە: نەمدیوەو نەمبیستوە لەناو هەموو خەڵکیـدا لەوێنـەی موحەمـەد (ﷺ) ئەوەندە بەوەفاو بەخشندەبێ کاتێ لـەکاتی بەخـشینی شـتی زۆر بەنرخـدا وە هـەرکاتێکیش حەزبکـەی هـەواڵی ئـەو شـتانەت پـێ بـدات لەپاشەڕۆژدا ڕوو ئەدەن[2].

---

(١) بڕوانە: کتێبی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر لە ئەخلاق و غەزەواتی پێغەمبەر) (ﷺ) لە نووسین و ئامادەکردنی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزين)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٣١.

(٢) بڕوانە:(المصباح المنير في تهذيب ابن كثير)، لەوەرگێڕانی مامۆستا (عەلی حاجی عەبدوڵلا پرسی)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٦١٣، چاپی یەکەم ، سلێمانی.

(ڕێگە بە بتپەرستان نادرێ بچنە مزگەوتی مەسجیدولحەرامەوە)

جا بێگومان لەپێشەوە باسکرا کە حەزرەت (ﷺ) ئەبوبەکری سەدیق (خوا لێی رازی بێت) کردە فەرماندەی حەجی ساڵی نۆو پێی فەرموو کە رایئەگەیەنێ ئیتر لەپاش ئەو ساڵە هیچ هاوبەشی کەرێك و بت پەرستان حەج ناکات و هەروەها بەڕووتی نابێ تەوافی بەیت بکات چونکە قەدەغەیە ئەوجا لەپاش رۆیشتنیان فەرمانی دا کە حەزرەتی عەلی (خوا لێی رازی بێت) بەدوایاندا بڕوات لەباتی حەزرەت (ﷺ) سەرتای سورەتی (بەرائەت التوبە) بخوێنێتەوەو بەسەر خەڵکدا و پێیان رابگەیەنێ و بانگەواز بکات لەناو بتپەرستەکاندا کە دوای ئەم ساڵە بت پەرستان نابێ حەج بکەن و کەسیش بە ڕووتی بەدەوری کەعبەدا بەڕووتی (تەواف) نەکات ئەمەش فەرمانی خوای گەورەیە، وەکو ئەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٢٨﴾ ﴾ (أي إن المُشركينَ كالشيء النجس الذّي ينبغي أن يجتنبهُ العاقل لِخُبثِ إعْتِقَادِهِم وكفرهم باللهِ وَعدم تَطهرهم من الجنابةِ وشربهم الخمور وارتكابهم الفجور، فَلا تمكنّوهم من دخول المسجد الحرامِ يعني مكة شَرْفها الله (بَعْدَ هذا العام) وهو العام التاسع من الهجرةِ الذّين نزلت سورة براءة)، أي وإنْ خِفْتُمْ الفقرَ بِسَبَب مَنْعهم مِنْ دخول الحَرمِ فإن اللهَ يَرْزقكم مِن فَضْلِهِ وَيوسع عَلَيْكُمْ مِن حَيْث لاَ تَحْتَسِبُونَ، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەڕاستی ئەوانەی (موشریکن) یانی هاوبەشی

بۆ خودا دادەنێن ناپاك و پیسن لە بیرو باوەڕو نیەتیاندا هەر پیسن و ئینجا لەدوای ئەم ساڵەدا یانی ساڵی نۆیەمی کۆچی نابێ نزیکی (مەسجدی حەرام بکەنەوە)، ئەگەر لەوە ترسان کە تووشی هەژاری ببن بەهۆی قەدەغەکردنی ئەوانەوە، ئەوە دڵنیابن ئەگەر خوا بیەوێ لە رۆژی خۆی دەوڵەمەندتان دەکاو یانی دەرگایەکی ترتان بۆ دەکاتەوەو حاڵتان باش دەکات و ئەوجا بەڕاستی خوا زاناو کار درووستە (ئەمەش ووتەی تەفسیرە عەرەبیەکەیەتی واتە (کافر)و بێ باوەڕ کەسێکی پیسەو بەتایبەتی ئەوانەی بت پەرستن و ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خودا دائەنێن پیس و دەروون پیسن ئەبێ خۆتانیان لێ بپارێزن بەتایبەتی مرۆڤی ژیرو عاقڵ چونکە بێگومان ئەوان (کافرن) بە خواو هەرگیز خاوێن نابنەوە لە پیسی و جەنابەت ، وە ئارەق دەخۆنەوەو گۆشتی بەراز دەخۆن و وتاوان و گوناە ئەنجام دەدەن ئەوجا هەروەك (عەقیدەیان) پیسەو بۆگەنە خواردنی پیسیش دەخۆن وەك مردار بوون ئیتر مەیەڵن بێنە ناو کەعبەوە مەبەست مەککەی پیرۆزە لەدوای ساڵی نۆیەمی کۆچی کە سورەتی بەرئاەتی لێ هاتۆتە خوارێ، خۆ ئەگەر دەترسن لە هەژاری و نەداری و بێ بازاڕی ئەوە بزانن کە خوای گەورە لە ئایندەدا دەوڵەمەندو زەنگینتان دەکات لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەمەندتان دەکات ئەگەر بیەوێت، وە رزق و رۆزیەکی باشتان پێ ئەبەخشێ بێ ئەوەی حیسابێ بکەن[1] .

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەوەبوو خوای گەورە خەڵکی یەمەنی هیدایەت داو موسڵمان بوون ئینجا لەهەموو جۆرە خۆراکێکیان ئەهێناو موعامەلەیان دەکرد ئەوجا هەر لەو سەردەمەدا (موشریکەکانیش) ئیمان و بروایان هێناو موسڵمان بوون خوا خێرو بێری خۆی بەسەر هەمواندا ڕشت.

(چەند تێبینیەکی گرنگ)

زانایان لەباسی پیسی (موشریکدا) چەند فەرمودەیەکیان هەیە:

یەکەم:- پیسن لەبەر جەنابەت چونکە بێگومان (غوسلی) لەش پیسی دەرناکەن.

دووەم:- پیسن لەبەر پیسی بیروباوەڕ و (عەقیدەیان) خراپەو ئینجا زۆربەی ئیمامەکان فەرموویانە هەر کافرو بێ باوەڕێك کە موسڵمان بوو پێویستە لەپاش ووتەی شەهادەت بڕوا غوسل دەرکات بەنیەتی غوسلی دەرچوون لە (کوفر) بۆ ئیسلام، بەڵام ئیمامی شافیعی فەرموویەتی (واجب) نیە بەڵکو سوننەتە.

سێیەم:- کافرو بێ باوەڕ پیسن، ئیمامی مالیك ئەڵێ دروست نیە (کافر) بچێتە ناو مزگەوت چ مزگەوتی (حەرام) بێت یان هەر مزگەوتێکی تر.

چوارەم:- ئەوەی راستی بێت ئیمامی شافیعی (خوا لێی رازی بێت) فەرموویەتی نابێ بە شەریعەتی ئیسلام هیچ (کافرێك) بچێتە (مسجد الحرام) چونکە (موشریك) لەبەر (نەصی) ئایەتەکە هەروەها مەسیحی و جوولەکەش بەلأم ئەگەر غەیرە (موشریك) بن ئەوە بە قیاس لەسەر موشریکەکان حسێبن بەڵام درووستە هەموو کافرێ بڕواتە ناو مزگەوتەکانی وولأتی ئیسلام[1].

---

(١) بڕوانە: تەفسیر (حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن)، لە (نووسینی محمد امين عبدالله الأرمي الشافعي)، بەرگی/١، لاپەڕە/٢٠١، وەهەروەها بڕوانە: تەفسیری نامی بەرگی/٤، لاپەڕە/٣٢، لەگەڵ دەستکاری.

(فەرماندان بەجەنگ كردن لەگەڵ ئەهلی كتێبدا تا جزیەو سەرانە بدەن)

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئایەتەكانی پێشووتر باسی جەنگ كردن بوو لەگەڵ بتپەرست و یاخیەكاندا بەڵام ئەم ئایەتە پیرۆزەش فەرمان بەجەنگ لەگەڵ خاوەن كتێبەكان دەدات وە هەروەها لە پاشان خوای گەورە ڕۆنی دەكاتەوە كە هەندێ لە بێ باوەڕان درووستە دانیشتن لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا بەوەرگتنی جزیە و سەرانە لەوان ئەوجا خوای گەورە لەم بارەیەوە ئەفەرمووێ ﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾ أي قَاتِلُوا الذّينَ لاَ يُؤمِنُون باللهِ وَلا باليَوم الآخرِ إيماناً صحيحاً فَلذلكَ أمر اللهُ بِقِتَالِهِمْ حَتَى تُكسر شَوْكَتَهُمْ ويَعُودوا إلى دِينِ الحَقِّ دين الإسلام أو يَدفَعُوا الجزية للْمُسْلِمينَ مَنقادين مَقْهُورينَ بسُلطانِ الإسلام وَعِزّة الْمُسلمينَ، وَقَد بَيّنَ اللهُ تَعالى السَّبَبَ قِتالِهم أنهُمْ لاَ يَحرِّمُونَ ما حَرّم الله وَرَسُولَه فَيَستَحِلونَ (الخَمرَ وَالخِنْزيرَ) وَاليهود يَقولُون عُزيرٌ إبن الله، وَالنّصارى يعتقدُونَ بِالوهيَة المسيح فَلِذَلكَ أُمرَ المُسلِمُونَ بِقِتَالِهم، أي قَاتِلُوا اليَهُودَ وَالنَّصارى الذّينَ لايؤمنونَ بأياتِ اللهِ التّي أنزلَها

عَلى نَبيهِ (ﷺ)[1]، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەگەڵ ئەوانەدا شەڕبکەن و بجەنگن یانی لەگەڵ ئەوانەی کە خاوەن کتێبن[2]، واتە کتێبیان بۆ هاتووە وەکو (تەورات و ئینجیل) ئینجا باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی ناکەن و نیتیان وە ئەوەی خوداو پێغەمبەری خودا حەرام و قەدەغەیان کردووە، ئەوان حەرام و قەدەغەی ناکەن، وەنەکەوتونەتە شوێنی ئایینی ئیسلام و ملکەچی نابن، ئەوان بڕوایان بە ئایینی حەق نییە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، چونکە ئەوان لەسەر ئایینی راستی نارۆن، ئەوانەن نامەیان پێ بەخشراوە، یانی وەکو (تەورات و ئینجیل) بەڵام (تەورات و ئینجیلیان) گۆڕیوەو دەستکاریان کردوون، ئەوجا ئەی موسڵمانینە بجەنگن و شەڕ لەگەڵ خاوەن نامەکان بکەن تا ناچار دەبن یان موسڵمان ببن یان جزیەو[3]، سەرانە دەدەن و ملکەچی فەرمانی

---

(١) واتە: غەزا بکەن دژی ئەوانەی کە باوەڕیان نیە بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەغەو (حەرامی) نازانن ئەوەی کە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قەدەغەو (حەرامیان) کردووە، وە عەرەق و گۆشتی بەرازیان حەڵاڵ کردووەو جوولەکەکان دەڵێن (عوزێر) کوڕی خوایەو (مەسیحیەکانیش) ئەڵێن (عیسا) کوڕی خوایە، هەندێکیشیان ئەیکەن بە خوا (العیاذ بالله) هەر لەبەر ئەوەیە فەرمان بە موسڵمانان کراوە لەگەڵیان (بجەنگن) یان شەڕ لەگەڵ گاورو جوولەکەکان بکەن ئەوانەی کە ئیمانیان بەو قورئانە نیە کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتۆتە خوارێ.

(٢) خاوەن کتێب و نامەکان (موسایی و عیسایین) هەندێ لە زانایان ئەڵێن وەك (سوحوفی ئیبراهیم و شیت و زەبوری ئادەم و ئیدریس).

(٣) ئیمامی شافیعی: (ئەفەرمووێ باج و سەرانە تەنها لە ئەهلی (کتێب) و خاوەن نامەکان وەردەگیرێ).

خـودا دەبـن و لـەژێر ركێفـی ئیـسلامدا بـاج و جزیـەو سـەرانەی خۆیـان دەدەنە (بەیتولمال)ی موسڵمانان ئەوجا هەتا وا بـچووك و بـێ دەسـەڵات دەكرێنەوە ناچار دەكرێن بەدەستی خۆیان سەرانە بدەن تا حاڵیان وابێ كە گەردن كەچ و فەرمانبەری ئێوەبن.

(سەرنجێكی گرنگ)

زانایان ئەفەرموون (مووسایی و عیـسایيەك) بـاوەڕی بـە محمـد (ﷺ) نـەبێ مانـای وایـە بەسـەرجەم پێغەمبـەران باوەڕیـان نیـەو پـەیڕەوی لـە هەواو نەفس و ئـارەزووی خـۆی دەكـات لـە (تـەورات و ئینجیـل) چـونكە لەواندا هـاتووە ئـەبێ بـاوەڕ بـە (محمـد) بێـنن هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو بڕیاری جەنگی لەگەڵ دان جا شـایانی باسـە ئـەم ئایەتـە سـاڵی نۆیـەمی كۆچـی پـاش سـەقامگیربوونی نیوەدوورگـەی عـەرەبی هـات بـۆ فـەرمان بەجـەنگ لەگـەڵ خـاوەن نامەكانـدا بۆیـە پێغەمبـەر (ﷺ) لـە مەدینـەو دەوروبەریـدا (٣٠) هــەزار كەسـی كـۆكردەوە بـۆ هێـرش بردنـە سـەر ڕوومەكان[1].

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (ابن كثیر) بەرگی /٣، لاپەڕە/٣٣٥، وە بڕوانە تەفسیری (قرطبي) بەرگی/٥، لاپەڕە/١٢٠، وە بڕوانە تفسیر القاسمي- محاسن التأویل، بەرگی/٥، لاپەڕە/٣٩٠، دار الحدیث، القاهرة.

(جوولەكەكان ئەڵێن عوزێر كوڕی خوایەو گاورەكانیش ئەڵێن عیسا كوڕی خوایە)

جا خوای گەورە باسی سیفەتێكی تری خراپی گاوورو جوولەكەكان دەكات تا موسڵمانان زیاتر سووربن لەسەر جیهادو غەزاكردن لە دژی ئەو تاوانبارو غەزەب لێگیراووو گومڕاو سەرلێشێواوو بێ باوەڕانە هەروەكو ئەڵێ: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ أي قالَ اليهُود[1]، أعْدَاء الله (أي نسب اللعناءُ إلى الله الولَدَ وَهُوَ واحدٌ أحدٌ فَرْدٌ صَمَدٌ)، وإنّما قَالُوا ذَلكَ لأنَهُ لَمْ يَبقَ فيهم بَعْدَ بُخْتَنُصَر مَنْ يَحفظ التّوراة فَلما أحياهُ الله بَعْدَ مائة عامٍ أملى عليهم االتّوراة حفْظاً فَتَعَجبُوا منْ ذَلكَ وَقَالُوا ما هذا إلاّ لأنَهُ إبن الله، وَقَالُوا إنّما أحياهُ الله لأنّهُ إبنهُ[2]، وَقَالَ النّصارى السُّفهاء إنّ عيسى إبنُ الله لأنَهُ لَيسَ لَهُ أبٌ[3]، وَلا يُمكن أن يكون وَلَدٌ بدون أب فلابُدَ أنْ يَكونَ إبن الله،

---

(١) وقالَت اليهُود هذا لفظ خرج على العموم، ومعناهُ الخصوص، لأنّه ليس كل اليهود قالُوا ذلك، بڕوانە (تەفسیری منیر) بەرگی/٥، لاپەڕە/٥٣٠.

(٢) خوای گەورە (سەد) ساڵان پێغەمبەر عوزێری (سەلامی خوای لێبێت) مراند، ئەوجا لە پێشەوە لە سورەتی بەقەرەدا لە ئایەتی ٢٥٩ بە تێرو تەسەلی باس كراوەو تەفسیركراوەو.

(٣) هەرچەندە حەزرەتی (عیسای) بێ باوك خەڵق كردووە (ئادەمیشی) بێ باوك خەڵق كردووە.

فَيَنْبَغي أنْ يَكُون أبوهُ هُوَ اللهُ العياذُ بالله، قَالَ تَعالى رَداً عَلَى الفَريقيْنِ ﴿ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ﴾ أي ذَلكَ القَولُ الشّنيع قَوْلَ المُشركين الوَثَنيين قَبلَهُمْ المَلائكة بناتُ الله ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ (أي أهْلَكَهُم كيْفَ يُصرَفُونَ عَن الحق إلى البَاطلِ وَيُصرُّونَ عليه بَعدَ وضوح الدّليل عَلَى بطلانه يُضهئُونَ يُشَابِهُونَ في الكفرِ والشّناعة)[1]. واته: قسەی نەقوڵاو گەورەو ناماقووڵ دەكەن قسەی خراپی هەڵبەستی كافرانە.

(سببُ نزول الآية/٣٠)

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە[2]

قَالَ الأستاذ الدكتور وهبة الزّحيلي في تفسيره[3]، المنير ، يقولُ ما نصهُ (أخرج إبن جرير وابنُ حاتم عَن إبن عباس (رضي الله عنهما) قَالَ أتى رسول الله (ﷺ) سلامَ بن مُشكم ونعمان بن أبي أوفي، ومحمد بن دَحية، وشاس بن قَيسٍ، ومالكُ بِن الصيفِ فَقَالوا كَيْفَ نَتَبعَكَ وَقَدْ تَركت قِبْلَتَنا؟ وَأنت لا تزعم أنّ عُزيراً إبن اللهِ فأنْزَلَ اللهُ في ذَلكَ ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ﴾ واته: ئەڵێ مامۆستا دكتۆر (وەهبة) زوحەيلی

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (الواضح الميسر) لە نووسینی (الشيخ محمد على الصابونى)، لاپەڕە/٤٦١، وكلمات القرآن، الشيخ حسين محمد مخلوف، لاپەڕە ١٠٦.

(٢) هۆكاری دابەزینەكەمان پێش تەفسیرەكە نووسیوە.

(٣) بڕوانە: (التفسير المنير فى العقيدة والشريعة والمنهج)، لە نووسینی (الاستاذ الدكتور وهبه الزحيلى)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٥٣١.

لە تەفسیری مونیردا ئەفەرمویٚ ئەمەش دەقەکەیەتی، ئینجا دەربارەی هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتی ژمارە/٣٠ کە ئیبن و جەریرو ئیبن و (ئەبی حاتەم) هێناویانە لە ئیبن و عەباسیان وەرگرتووە (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا ئەڵیٚ (سەلامی کوڕی موشکەم) و (نوعمانی کوڕی ئەوفا)و، (شاسی کوڕی قەیس) و (مالیکی کوڕی صەیف)[1]، ئەوان بە پێغەمبەریان گووت ئێمە چۆن شوێنت بکەوین لە کاتێکدا تۆ وازت لە (قیبلەی) واتە ڕووگەی ئێمە هێناوە؟ هەروەها تۆش پێت وانیە کە حەزرەتی (عوزێر کوڕی خوابیٚ) چونکە تۆ ئەوە ناسەلمێنی و ئینجا دواتر خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ ﴾ هەناردە خواریٚ ...هتد...

(ڕوونکردنەوەیەك)

پێش ئەوەی دەست بە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتە بکەین پێشنیارێك ئەخەینە بەرچاوی خوێندەواران جا بێگومان هەروەکو (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی بت پەرست بێت و لە (جوولەکەو نەصرانی) و قورەیشە موشریکەکان بڕوایان بە خودای تاك و تەنیا نیەو نەبووە، چونکە بێگومان لەم ئایەتەی ئێرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوان منداڵ و کوڕ بۆ خودا ئەنجام ئەدەن و دادەنێن، ئەمەش بەراستی (شیرك) و هاوەڵ دانانە بۆ خودا، ئەوجا کەسێك بەلایەوە درووست بیٚ خودا ژن و منداڵی هەبیٚ ئەوە مانای ئەوەیە کە (ئینکاری) خودا ئەکات

---

(١) ئەمانە گەورە گەورەکانی جوولەکە بوون و زاناو ماڵمەکانیان بوون و زۆربەیان سوپاس بۆ خودا موسڵمان بوون بە تایبەتی وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلام.

و هــەروەها بــێ ئەدەبیــەکی زۆر گەورەیــە بەرامبــەر بــە خــودای مــەزن هەروەها ئەوەش روون دەکاتەوە کە ئـەو خـاوەن کتێـب و نامانـە وەکـو ماڵم و قەشەو مـیتران و حاخامـەکانیان بـە یاسـا دانـەر ئـەزانن جگـە لـە (شەریك) دانان بۆ خـوای گـەورە حـەرام و حـەلاڵیان بـۆ دەسـت نیـشان ئەکـەن و هەمیـشە هـەوڵ دەدەن کـە ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام سـست و ساردو سوك بکـەن بـەلاّم خـەیاڵیان خـاوە ئـەوەی راسـتی بێـت خـوای پەروەردگار خـاوەنی ئـەم دینـە پیرۆزەیـە و (دیفـاع) لـەم دیـن و ئایینـە ئـەکاو ئەفــەرمووێ ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾[1]، جـا بـا بگەرێینــەوە ســەر ئایەتەکــە هــەروەکو خــوای گــەورە ئەفــەرمووێ ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ ﴾ واتــە: هەنــدێ لــە جوولەکــەکان دەڵــێن (عــوزێر) کــوڕی خوایــە جــا بێگومــان جوولەکــەکان بەهــەموو (عەقلّیانــەوە) دەڵــێن عــوزێر کــوڕی خوایــە بــەلاّم یەکێکــە لــە بەنــدەو پێغەمبەرانی خوا (العیاذ بالله) خوا پەنامان بدات[2]. خـوای مـەزن کـوڕی بۆچییەی..

---

(١) سورەتی: (آل عمران، ئایەتی /١٩)، هەروەکو لە هەمان سورەتدا ئەفەرمووێ ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ سورەتی آل عمران، ئایەتی/٨٥.

(٢) ئەو جوولەکانەی کە دووژمنی خوای گەورەن (نەفرەتی خوایان لێبێت) کە ئەوان کوڕیان بۆ خودا ئەنجامدا کەچی گومانی نیە خودای مەزن بێ منداڵ و تاك و تەنیایە، هەروەکوو خۆی ئەفەرموێت (لَمْ يلِدْ ولَمْ يُولد).

(التفسير والبيان)

قالت اليهود أي بعضهم (عزير إبن الله) وعزير كاهن يهودي سَكَنَ بابل حوالي سنة (٤٥٧ ق.م) وأسَسَ الجمع الكبير وجمع أسفار الكتب المقدَّس وألفَ أسفار الأيام (وعزرا – ونحما) وهو يعد ناشر اليهودية بعد أنْ نسيت فَقَدسهُ اليهود ووصفوهُ بانه (إبنُ الله) والثابت عِندَ المُفسرين وَالمُؤرخين حَتّى اليَهُود أنفسهم أنّ التوراة التي كَتَبها موسَى وَوَضَعها في تابوتِ العَهْدِ قَد فُقدت عندما تغلت العمالقة عَلَى بني إسرائيل أوبختنصر قبل عَهد سُليمان (عليه السلام)، فإنّه لَما فَتَحَ التابُوت لَمْ يَجد فيهِ غَير لَوحي (الوصايا العشر) كما جاءَ في سَفرْ الملوك الأولّ وأنّ عزرا هو الذي كَتَبَ التّوراة بعد السَّبي بالحروف الكلدانية مَعَ بقايا العبرانية ويرى النقاد جاء في (دائرة المعارف البريطانية) أن أسطورة عزرا أختلَقها الرواة إختلاقاً[1]، واته: هەندێ لە جوولەکە وتیان عوزێر کوڕی خوایە هەندێ ئەڵێن جوولەکە (کاهینێکی) یەهودی بوو بە عینوانی کاهین و کاتبی کاملی شەریعەتی ئاسمانی[2]، لە دەورەبەری ساڵی /٤٥٧ پێش میلادی واتە زایینی لە وڵاتی بابل نیشتەجێ ببوو، ئەڵێن ئەم زاتە لە نەوەی حەزرەتی هاروون بووە (سەلامی خوایان لێبێت) ئەوجا ئەڵێن نووسەرێکی بەناوبانگ بوو هەموو پارچەکانی تەوراتی کۆکردەوەو لە جیاتی عیبرانی کۆن پیتی کلدانی بەکارهێنا و ئەسفاری (عزار نحیما) ی دانا سەردەمی ئەو بە بەهاری ئایینی جوولەکە حسێب واتە هەژمار

---

(١) بڕوانە: (التفسیر المنیر فی العقیده والشریعه والمنهج)، لەدانانی مامۆستا (دکتۆر وهبه الزحیلی)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٥٣٢، چاپی أفاق دار الفکر – دیمشق.

(٢) بڕوانە (تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی)، لە دانانی مامۆستا (مەلا محمدی کۆیی) ناودار بە (مەلای گەورە)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٥٠، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

دەكرێ، جا بێگومـان شـياوى ئەوەيـە بـە بلاْوكـەرەوەو دامەزرێنـەرى شەريعەتى يەهودى بناسرێ پاش ئەوەى شەريعەتى تەورات خـەريك بـوو لەناوبـچێ ئـەو زينـدووى كـردەوە بۆيـە جوولەكـە رێـزى لـێ دەنـێن و (تەقديسى) دەكەن تەنانەت برێ لە جوولەكەكان نازناوى كوڕى خوايان داوەتێ ئينجا لەپاش مردنى حـەزرەتى مووسا (سـەلامى خـواى لێبێت) بەنزيكـەى (هـەزار) سـالْ كـاتێ كـە جوولەكـەكان جـارى دووەم لـە بابـل دەرچوون و گەڕانـەوە بـۆ (ئۆرشـەليم) حـەزرەتى عـوزێر سـالْى /٤٥٦ ى پێش زايينى بابلى بەجێهێشت و گەڕايـەوە بـۆ ئۆرشـەليم، بـەلاْم ئـەوەى لاى مێژوونووسـان چەسـپاوەو هــەتا لاى جوولەكـەكان خۆشـيان ئـەو تەوراتـەى مووسا پێغەمبـەر (سـەلامى خـواى لێبێت) نووسـيويەتيەوە ئەوجا خستويەتيە نـاو صـندوقەكەوە واتـە تابوتـەوە لـەكاتى زاڵبـوونى عەماليقـە بەسـەر نەتـەوەى ئيسرائيلدا يـان زاڵبـونى بوختنـصر پـێش سەردەمى سولەيمان پێغەمبـەر (ﷺ) ئينجا ئـەو نوسـيخەيەى تەوراتـە فـەوتا چـونكە بێگومـان حـەزرەتى سـولەيمان كـە تابوتەكـەى كـردەوە بێجگـە لـە دوو لـەو حانـەى (١٠) ئامۆژگاريەكـەيان تێـدا نووسـرابوونەوە ئينجـا هيـچى تـرى تێـدا نـەبينى وەكـو لـە (سـوفرەى الملـوك الاول) دا هاتووە جاوەكو ئەڵێن عوزێر خـۆى نوسـيويەتيەوە هـەروەكو لـە كتێبـى (دائـره المعـارف) ى بريتـانى تـەوراتى نوسـيوەتەوە بـە (حـەرف) و بـە پيتى كلدانى جا هەندێ پيتى عيبرى ئـەنجام دا بـەلاْم هەنـدێ رەخنـەگر ئيعترازيـان گـرت و پێيـان وايـە داسـتان و چـيرۆكى عـوزەير دەربـارەى نووسينەوەى تەورات هيچ ئەسڵ و ئەساسى بۆ نيە و بێ بناغەيـە[1]، جا

---

(١) بڕوانە: تەفسيرى رەوان بۆ تێگەيشتنى قورئان لە نووسينى: (مەلامەحمودى كەلاڵەيى)، لەگەڵ دەستكاريەوە، بەرگى/١٠، لاپەڕە/٤٧٩.

با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِ﴾ وقالت النّصارى المسيحُ إبن الله وكان قدماؤهم يريدُونَ بالبنوّةِ معنيً (مَجازياً لا حقيقياً) يعنون به أنّه المحبوب المكرّم عندَ الله ثُمَ تأثَرُوا بوَثنية الهنود فصاروا يعنون بالبنوّة مَعنىً حَقيقياً وَأن إبنُ الله (هو الله و هو روح القدس) إذ إندمجت هذه الأقانيم الثَلاثَة وصارت واحداً حقيقة، وكانَ أوّل من أغلق ذلك مَجمَع نيقية/٣٢٥ م ، أي بعد المسيح بثلاثة قرون وَصارت كلمة (الثالوث) وَهيَ (الأب وَالإبن وروح القُدسِ) تطلق عَلَى هَذِه الأقانيم الثلاثة التيّ حلَت في اللاهّوت، وكتبت في الأناجيل بَعْدَ المسيح عليه السلام في مدّة تتراوح بين قرن وَثلاثة قرون وقد تأثّرت بوثنية الرومان بعد أنْ فَقَدَ الأنجيل الأصلي الذّي نَزلَ عَلى عيسى (عليه السلام)[1]، واتە: فەلەو نەصرانیەکان وازیان لە یەکتاپەرستی هێناو، ووتیان و ئەڵێن (مەسیح) واتە عیسا کوڕی خوایە ئەوجا بەڕاستی پێشینەکانی (نەصرانی) مەبەستیان بە کوڕیەتی عیسا بۆ خودا حەقیقەت نەبوو، بەڵکو بە (مەجاز بوو) مەبەستیان خۆشەویست و حورمەت و ڕێزداری لای خودابوو، ئەوجا دوایی بەهۆی بەسەرچوونی ڕۆژگارو زەمان بە فەوتان و نەمانی ئینجیلە ئەسڵی و قەدیمەکە، جا هەروەها بێگومان کاریگەری هیندیە بت پەرستەکان لەسەریان وایان لێهات حەزرەتی عیسا بە کوڕی (حەقیقی) خوا بزانن چونکە پێیان وابوو عیسا بۆخۆی خودایەو یان (روح ولقودسە) یانی

---

(١) بڕوانە: (التفسير المنير) دانراوی د. وهبة زحيلي، بەرگی/٥، لاپەڕە٥٣٤، وە بڕوانە تفسير القاسمي المسمى محاسن التأويل، لەنووسینی: (محمد جمال الدين القاسمي)، بەرگی/٥، لاپەڕە/٤٠٢.

عیسا کوڕ (الله) باوك روحولقودسه ئەم سێیه ئاوێتەی یەکتر بوون و بوون به یەك تاکه فەردی (حەقیقی)، ئەمە (تەعلیماتی) کەنیسه بوو، بەسێ سەدە دوای مەسیح و قوتابیەکانی دایان هێناو بلاّویان کردەوە، جا بێگومان کۆمەڵێکی زۆر له (مەسیحیەکان) که خۆیان به (موحدین) واته یەکتا پەرستی حسێب و ژمار دەکرد، دژی ئەم بیرو باوەڕه بوون ئینجا (رەدیان) کردەوە، جا ئێستاش هەیانه بڕوایان بەو (ثالوث)ه نیه بەلاّم کەنیسەکانی کاسولیك و پرۆتستانەکان به (مەسیحیان) نازانن و بڕوایان پێ ناکەن و بەدەرچوو و هەڵگەڕاوه له ئایین ژمارو (حیسابیان) ئەکەن، جا بێگومان هەردوولا (جوولەکەو نەصرانیەکان) پشتیان به سەرچاوەی راست و درووست نەبەستووه لەو بارەیەوە، چونکه لەو بارەوه بنەمایەکی ڕاستیان له ئاینەکەیاندا نیه ئەوەی له (تەورات و ئینجیلدا) نووسراوه تەزویر و دەست هەڵبەستە، چونکه هەروەها زاناکانیان دەستکاریان کردووه به درۆو دەلەسه نووسیویانه بۆیه خوای گەوره بەدرۆیان دەخاتەوەو ئەفەرمووێ ﴿ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡۖ﴾ واته: ئەو قسەیه به زووبانی خۆیان دەیڵێن راست نیەو قسەیەکه لەناو خۆیاندا باوه[1]، بەدەم و زمانیانا دێ و لەسەر بناغەی مەعریفەت و زانیاری و بەڵگه نیه، هەروەکو له ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ ﴿وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗا ٤ مَّا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٖ وَلَا لِأٓبَآئِهِمۡۚ كَبُرَتۡ كَلِمَةٗ تَخۡرُجُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا

---

(١) یان درۆو دەلەسەی هەڵبەستراوی (مالم و قەشەکانیان).

﴿كَذِبًا ﴿٥﴾﴾[1]، واتە: بەتايبەتى ئەوانە بترسێنێ كە بەناحەق دەڵێن خواى گەورە كوڕى بۆخۆى بڕياردادوە، كە ئەو قسەش دەكەن نەخۆيان شتێكيان لێ زانيوەو نە باووباپيرانيشيان هيچ كاميان زانياريەكەيان لەو بارەيەوە نيە، ئاى چ قسەو ووشەيەكى گەورەو ناقولآيان لەدەم دەرچوو، مەگەر درۆو دەلەسە نەبێ هيچ شتێكى تر ناڵێن و نازانن ئەگينا خوا كوڕو منداڵى لەكوێ بوو؟ جا خواى گەورە دەفەرموێت:

﴿يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ﴾ واتە قسەى نەقۆلاو گەورەو ناماقول دەكەن يانى ئەو قسەى ئەمانە وێنەى قسەى گاورو جوولەكەكانى زەمانى پێشوون، خاوەنى تەفسيرى رەوان ئەڵێ[2]، دەشوبهێنە قسەو بيرو باوەڕى (موشريك و كافرەكانى) پێش خۆيان كە (بتپەرست و بوزيەكانى هيندو چين و يابان و نەتەوەكانى ميصرو ئێران و يۆنان و رۆمان بوون)، كەوابێ جوولەكەو مەسيحى بيرو باوەڕى ئەو مەسيحيە (كافرە) كۆنانەيە كاوێژ دەكەنەوە بەناوى تەورات و ئينجيلەوە بڵاوى دەكەنەوە هەروەكو موشريكەكانى عەرەب هەندێكيان بڕوايان وابوو كە فريشتە كچى خودان﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ واتە: خودا بيان كوژێ[3]، خودا لەناوين بباو

---

(١) سورەتى الكهف، ئايەتى/٥-٦.

(٢) خاوەنى ئەم تەفسيرە مامۆستا مەلا مەحمودى گەلآڵەييە بەڕاستى زۆر سوودم لە تەفسيرەكەى وەرگرتووە، خواى گەورە ئەجرو پاداشتى خێرى بداتەوە..

(٣) يان كورد دەڵێ خوا (بيان گرێ) ئەو قسەيان لەكوێ هێناوە چۆن ئەو بوختانە هەڵدەبەستن و چۆن راستى بزر ئەكەن بڕوانە: (تەفسيرى قورئانى پيرۆز بە زوبانى كوردان)، لە نووسينى مامۆستا عەبدولعەزيز عەلائەدين موستەفا، بەرگى/٣، لاپەڕە/٦٧.

دووریان بخاتەوە لە بەزەیی و میهرەبانی خۆی چۆن لایانداوە لە ڕێگەی ڕاست لەگەڵ دەرکەوتنی بەڵگەی درووست بەرەو ڕێگەی خراپ ڕوویان کردووە، وە لە ڕێبازی حەق لایانداوەو کەوتونەتە زەڵکاوی گومڕایی و کوفرەوە.....؟

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ أي أطاع اليهود أحْبَارَهُمْ والنّصارى رُهْبَانَهُمْ[1]، في التحليل والتحريم وتَركوا أمرَ الله فكأنهم عبدوهم من دون الله، والمعنى أطاعوهم كما يطاع الرب وإن كانُوا لَمْ يَعْبدُوهُمْ، واتە: زاناکان و ڕاهیبەکان و عابیدەکانی خۆیانیان گێڕاو دایاننان بەچەند خوایەك بێجگە لە خوایەك کە ناوی (زاتی الله یە)، واتە پەروەردگاری هەموو جیهانە، بەڵام ئەوانەیان ئەگێڕا بەخوای خۆیان لەم ڕووەوە هەرچیان بۆ حەرام بکردنایە ئەوەیان بە (حەرام) دائەنا نەك ئەوانیان بەخوای پەروەردگار دانابێ بەڵکو پەیڕەویان ئەکردن و فەرمانیان جێ بەجێ ئەکردن وەکو پەروەردگار پەنا بەخوا.

---

(١) جا پێشەوا (طبراني) لە تەفسیری الكبير دا لە لاپەڕە/٣٠٧ لە بەرگی /٣، ئەڵێ (الأحبارُ العلماءُ، والرهبانُ من النصارى أصحابُ الصوامعِ وأهلُ الإجتهادِ في دينهم)، واتە: بەزاناکانی جوولەکەکان دەڵێن (أحبار) هەروەکو کوردیش پێیان دەڵێ (مالم) بەڵام بە زاناکانی (مەسیحیان) دەڵێن (رهبان) چونکە ئەو کەسانە زۆربەی کاتی خۆیان لە دێرەکان ئەبەنە سەر، یان واز لە کاری دونیا دێنن و هەر خەریکی خوێندن و خواپەرستی دەبن، هەروەها بەزاناکانی تریش ئەڵێن (قسیس) یانی بە زمانی کوردی خۆمان ئەڵێین (قەشە).

(ئاگادارييەك)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەبن سێبەری ئەم ئایەتەدا ئەم فەرموودەیان باس کردووە ئەمەش دەقەکەیەتی بە عەرەبی رويَ عن رسُول الله (ﷺ) قَالَ عُدي بن حاتم أتيت رَسُول الله وفي عُنقي (صليبٌ) مِنْ ذهبٍ فَقَال يا عدي إطرح عَنكَ الوثن، واتە: ریوایەت کراوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) عەدێی کوڕی حاتەم ئەڵێ هاتمە لای[1]، پێغەمبەر (ﷺ) لەکتێکدا کە چوومە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) (صەڵیبێك) یان خاچێکی زێڕم لەمل دابوو کە پێغەمبەریش (ﷺ) چاوی بە من کەوت و فەرمووی ئەی عەدێ ئەو خاچە پیسە فڕێ بدە لە ملتا (قَالَ وَسمعْتهُ يقرأ سورة براءة ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ فَقلت يا رَسُول الله لَمْ يكونوا يَعبدُونهم فقال (عليه الصلاة والسلام) ألَيْسَ يُحرَّمُونَ ما أحَلَ الله تعالى فيحرّمونه وَيحلّون ما

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەگێڕنەوە لە عەدێی کوڕی حاتەمەوە ئەوکاتەی کە بانگەوازی ئیسلامی پێگەیشت ئینجا هەڵات و کۆچی کرد بۆ وولاتی شام وە لە سەردەمی (جاهیلی) و نەفامیدا چونکە (مەسیحی) بوو ئەوجا هەندێ لە خزم و کەس و کاری بەتایبەتی لەگەڵ خوشکێکی عەدێ بەدیلی کەوتنەدەستی موسڵمانان ئینجا حەزرەت (ﷺ) زگی بە خوشکەکەی سووتا و بەزەیی پیا هاتەوە جا ئازادی کرد ئینجا گەڕایەوە بۆلای عەدێی برای و گووتی وەرە برام بۆلای خۆشەویست من کەسم لەو (بەڕەحمتر) نەدیووە ئینجا (عەدێش) بەگوێی خوشکەکەی کرد و هاتە مەدینەو موسڵمان بوو ئینجا شادەو ئیمانی هێنا بە خواو بە پێغەمبەر (ﷺ) عەدێ خۆشحاڵ بوو کە هاتە سەر دینی ئیسلام (ڕەزای خوای لێبێت).

حَرّم الله فَيَسْتَحلون؟ فقلت بَلَى قَالَ فَذَلِكَ عِبادَتُهم[1]، واته: عەدیّ ئەڵێت منیش ووتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانە ئەمانەیان نەپەرستووە ئەویش فەرمووی بەڵێ ئەوانە شتێکیان بۆ حەلاڵ بکردنایە بە حەلاڵیان دائەنا و شتێکیان لەسەر حەرام بکردنایە بە حەرامیان دائەنا و شوێنیان ئەکەوتن ئینجا ئەوەبوو پەرستنەکەیان و عیبادەتیان بۆیان، بەڵام پەرستنیان بۆ حەزرەتی عیسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) ئەمە شتێکی مسۆگەر بوو وە بەڕاستەقینە بوو هەندێکیش لە (مەسیحیەکان) بەکوڕی خوایان دائەنا هەروەکو لە چەند ئایەتێکی قورئان باسکراوە ئەوجا بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکە هەروەکو دەفەرمووێ ﴿وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ﴾ أي إتّخذهُ النصارى ربّاً مَعْبُوداً أي والحال أنّ أولئِكَ الكفرة ما أمرُوا على لِسان الأنبياء إلاّ بِعبادة إله واحد هور ربُّ العَالمين، واته: مەسیحیەکان عیسای کوڕی مەریەمیان گێڕا بە خواو پەرستیان یانی کردیانە خوا (العیاذ باللە) هەندێکیشان بە کوڕی خوای دەزانن، ئینجا بەهەرحاڵ ئەو (کافر)و بێ باوەڕانە لەکاتێکدا فەرمانیان پێ درابوو لەسەر زاری پێغەمبەرەکانیان کە دەبێ هەر خودای تاك و تەنیا بپەرستن﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١﴾ أي لاَ مَعْبُودَ بِحَق سواه أي

---

(١) رواه أحمد في مسنده والأمام الترمذي في سننه (وابن جرير الطبري في تفسيره المسمى جامع البيان، وە هەروەها بڕوانە: (التفسير الواضح الميسر) لە نووسینی: (شيخ محمد علي صابوني)، لاپەڕە/٤٦٢.

تنزه اللهُ عَمّا يَقُولُ المُشركون وتعالى علواً كبيراً، واتە: جگە لەو زاتە خوایەكی تری بەحەق نیە كە شایستەی پەرستن بێت واتە: بێگومان پاكی و بێخەویشی بۆ ئەو خوایەیە لەوەی كە ئەوان هاوبەشی بۆ دائەنێن.

(ئەهلی كیتاب دەیانەوێ نووری ئیسلام بەفووی دەمیان بكوژێننەوە)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾﴾ (أي يريد هؤلاء الكُفار من المُشركين وأهل الكتابِ أن يُطفئوا نُورَ الإسلام وشرع محمد (عليه السلام) بأفواهِهم الحقير بمُجَرد جدالِهم وإفترائهم وهو النور الذي جعله الله لِخَلْقِهِ ضياءً فمثلهم ذلكَ كَمَثَلِ مَن يريد أن يُطفي شُعَاعَ الشَمْسِ أو نُورَ القَمَرِ بِنَفْخَة بفمهِ ولاَ سبيلَ إلى ذَلكَ أي ويأبىَ اللهُ إلاّ أن يَعْليهِ ويرفعَ شأنَهُ، ولو كره الكافرون ذَلكَ)[1]، واتە: ئەوانەی دوژمنایەتی ئیماندارو موسڵمانان ئەكەن ئەیانەوێ نووری خوا كە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە بەفووی دەمیان بكوژێننەوە، یانی ئەو رووناكیەی كە خودا ناردوویەتی بەقسەو قسەڵۆكی خۆیان بكوژێننەوە، بەڵام خوداش دەیەوێت كە هیدایەت و نووری خۆی كە دین و ئایینی ئیسلامە تەواو بكات و سەری بخات ئەگەرچی خوانەناسان پێیان ناخۆش

(١) وفي العبير عن الاسلام (بالدين الحق) تنبيهٌ على أنّ كلّ دنيٍ بَعدَ مجيء الاسلام باطل.

بێت بەلاّم راڤەکەی بە عەرەبی ئەمە ماناکەیەتی واتە خوانەناسان لە بت پەرستان و (ئەهلی کتێب) دەیانەوێ رووناکی ئایینی ئیسلام بکوژێننەوە، ئەوەی خوا رووني کردووە لە (شەریعەتی ئیسلام) بۆ پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بە بلاّوکردنەوەی پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسەو رێگرتنی خەڵك لێی و پەشیمان کردنەوەیان لێی، وێنەی ئەوانە وەك ئەو کەسە وایە کە دەیەوێ بەخودی دەوی خۆی تیشکی خۆر یان رۆشنایی مانگ بکوژێنێتەوە کە شتێکی نەگونجاوەو ناکرێ، بەلاّم خواش ئەیەوێ هەر ئەم نوورەو رۆشنایی ئایینی خۆی هەبێ بەپایانی بگەیەنێت و سەربخات، ئەگەرچی کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت چونکە هەر ئایینێك لەدوای ئیسلام بێتن ئەمەپووچو باطلە.

(ئەوەی راستی بێت دین و ئایینی ئیسلام زاڵ دەبێ بەسەر هەموو دین و ئایینەکاندا)

جا بێگومان خوای مەزن شێوەی تەواوکردنی نووری ئیسلام واتە رۆناکایی ئیسلام و شێوەو ناردنی خۆشەویستەکان حەزرەتی محمد (ﷺ) روون دەکاتەوە کە چۆن گەشەی کرد لەسەر هەموو ئاینەکاندا، ئەوجا خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ أي (جلَّ ثناؤه) هوَ الذّي أرْسَلَ مُحمداً خاتم الأنبياء بالقرآن الهادي إلى طريق المُستقيم وبدين الإسلام الحقّ لِيُغْلِبَهُ عَلَى سائر الأديان ولَوْ كره

المشركون ظهوره[1]، واته: خودا خۆی پێغەمبەرەکەی ناردووە بۆسەر هەموو ئادەمیزاد بە هیدایەت و ڕێنماییەوە هەروەها ئایینێکی هەق و ڕاستی پێدا ڕەوانەکردووە، هەتا دونیا دونیایە، تاکو بەسەر هەموو ئاینەکانی تری زاڵ بکات چونکە هیچ ئاینێك بارتەقای ئایینی ئیسلام نەکاتەوە، هەرچەندە بت پەرستانیش پێیان ناخۆش بێت، جا پوختەی تەفسیرەکەش ئەمەیە خوای پەروەردگار ئەو خوایە مەزنەیە کە پێغەمبەرەکەی دوا کۆتایی هەموو پێغەمبەرانەو ناردوویەتی بە قورئان و ئایینی ڕاستە بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئاینەکانی تردا سەری بخات هەرچەندە بێ باوەڕەکانیش پێیان ناخۆش بێت.

(خۆپاریزی لە زانایانی خراپ و عابیدە جاهلیەکان)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۗ﴾ وَالمعنى إن كثيراً مِن عُلماء اليهودِ ورؤساء النَصّارى لَيأكُلونَ أموَال النّاسِ بِالحَرامِ وَيَمْنَعونهم عَنْ الدخولِ في دين الإسلام من أجل أن تبقى لَهُم زعامتهم يتخذون الدّينَ مطيّةً لنيل الدّنيا بأسْمِ الكَهنْوت، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر بەڕاستی زۆرێك لە زاناو ماللّەکان و ڕاهبەکان ماڵ و

---

(١) قَالَ المُفَسرُونَ ومنَ الآيةِ أيضاً إشارةٌ إلى أن الإسلام فَسَخَ مَا سَبَقَهُ مِن الأديان، واتە: (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەتا هەتایێ بەردەوامەو (نەسخ) نابێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمووئایینەکانی پێشوو (نەسخ) ئەکاتەوە..

سامان و دارایی خەڵکی بەحەرامی دەخۆن و کۆی دەکەنەوە بەهیچ شێوەیەك لەحەلاڵ و حەرام ناپرسنەوە، وە هەروەها رێگەی راستی خودا کە ئیسلامەتیە لەخەڵك دەگرن و (مەنعی) دەکەن و ناهێڵن ئیمان و بڕوایی پێ بێنن.

(پوختەی تەفسیرەکە)

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە چاك بزانن کە زۆربەی حاخام و ماڵمەکانی جوولەکەو ڕاهیب و قەشەو پیاوانی گاوور و (عابیدە جاهیل) و نەزانەکان، ماڵ و سامانی خەڵکی بەناهەق دەخۆن و بەناڕەوا[1]، هەروەها ڕێ ئەگرن و بەرگری لە خەڵك ئەکەن لە ڕێگەی خوا واتە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە هیوای ئەوەی ئەو کاربەدەست و پلەو پایەیان هەر بۆ بمێنیّ لەدەستیان ئەڕوات بۆ ئەوەی دونیا بکەنە وەسائیلی خۆیان، وە دین و ئاینەکەشیان بکەنە پەیڕەوی خۆیان خەڵك لەسەر ڕێگا بترازێنن و چەواشە بکەن بەناوی ئایین.

(پاشکۆ)

خوێنەوارە ئازیزەکانم لە پێشەوە ئەم ئایەتە راڤە کراوە کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردین وەکو فەرمووی ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا﴾[2]، چونکە بێگومان ئەوەی راستی بێت

---

(١) جا بێگومان ئەو خواردنەش بەناهەق بەچەند شێوەیەك کردوویانەو ئەیکەن و یەکێك لەوانە ئەوەیە کە وەری ئەگرن لەسەر فەتوای ناهەق بۆ بەرژەوەندی زۆرداران و دامەزراندنی بە ناهەق و (حەرامیان) بۆ حەلاڵ ئەکەن.

(٢) ئەم ئایەتە لە سورەتی (مائیدە)یە ئایەتی/٨٢، لە پێشەوە (تەفسیر) کراوە، ئەگەر ئەتەوێ باش لێی حاڵی بیت بچۆ بیخوێنەوە.

لەناویانــدا قەشــەو مــالم و رابــەرو گۆشــەگیرانێك هــەن، وەكــو (موفەسیرەكان) ئەفەرموون، مەبەست لێرەدا هەروەكو زانای بەناوبانگ (إبن كثير) لە تەفسیرەكەیدا[1]، ئەفەرمووێ: (والمقصودُ التحذيرُ من عُلماءِ السّوءِ وَعُبادِ الضّلالِ) واتە: بەڕاستی خۆپاراستن و لادان و ئاگاداریە لە زانایانی خراپ و گومڕاكان هەروەكو زانایانی خواپەرست بەناوی سوفیانی كوڕی عویەینە (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرمووێ: (مَنْ فَسَدَ مِن علمائنا كانَ فيه شَبهٌ من اليهودِ ومن فَسَدَ من عبادّنا كانَ فيهِ شُبه النصارى) واتە: ئەوەی خراپ بووبێ لە مەلاو زاناكانمان ئەو كەسە هاوشێوەی جوولەكەی تێدایە وە هەموو كەسێكیش لە عابدو خواناسەكانمان خراپ و بێ دین بێ ئەوە هاوشێوەی فەلەو مەسیحیەكانە، جا بێگومان لە فەرموودەیەكی پێغەمبەریش دا هاتووە دەفەرموێت: (لَتركبنّ سُننَ مَنْ كانَ قبلكم حَذو القُذّة بالقُذةِ قالوا اليهود والنصارى؟ قالَ فَمَنْ ؟ وفي روايةِ فارسَ والرّوم؟ قالَ وَمن النّاسِ إلاّ هؤلاء[2]، رواه مسلم وغيره، واتە لەمە بەدواوەدەكەونە شوێن داب و نەریتی ئوممەتانی پێش خۆتان بەدوایی (عادەتیان) دەبن و دەكەون و لاسایی كردنەوەیان یانی ئەوانەی لەپێش ئێوەوەبوون بست بە بست و گەز بەگەز بەشێوەیەكی ئەوتۆ ئەگەر ئەوان خۆیان بكەن بە كونی (بزن مژەدا) ئێوەش شوێنیان دەكەون، ئینجا ئێمەش گوتمان ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەوان گاورو جوولەكەكانن؟ فەرمووی ئەی كێ، وە لەریوایەتێكی تردا هاتووە فەرمووی (فارس و روومەكانن)؟ ئەی جگە

---

(١) بروانە: تەفسیر القرآن العظیم المشهور بتفسیر إبن كثیر، بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٤٠.

(٢) وفي رواية البخاري وأحمد (قال عليه السلام) لَتَتّبِعنَ سُنَنَ من كانَ قبلكُم شبراً وذراعاً حَتّى لَوْ دَخَلُوا جُحر ضبٍ تبعتمُوهُم، قُلنا يا رَسُول الله، اليهود والنصارى. قالَ فَمَن.

لەوانە دەبێ خەڵكانی تر كێ بن؟ جا بێگومان سەرئەنجامەكەشی ئەوەیە كە هۆشداری دانە كە خۆ بشوبهێندرێ بەوان لە گوفتارو لە عەمەل و لە كردارياندا، (هەزار رەحمەت) لەو كەسە بێ كە فەرموويەتی لەم هۆنراوەيەدا:

وَهَلْ أفْسَدَ الدِّينَ إلاّ الملُوكَ وأحْبارُ سُوءٍ ورُهْبَانُهما؟

واتە: ئەوەی راستی بێت جگە لە كاربەدەستان و زانايانی خراپ ولەعابیدە ربەنەكان كێ (دين) ئايانی (خراپ) كردووەو لەناوی بردووە؟

سزای ئەوانەی كە زێڕو زیوو پارەو پووڵ كۆ ئەكەنەوە، زەكاتی لێ نادەن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾﴾ أي والذّينَ يَجْمَعُونَ الأموالَ منَ الذهَبِ والفِضةِ ولاَ يُنْفقُونَ شَيئاً منها في سَبِيل اللهِ ولاَ يُودُّون زَكاةَ أموالَهم فَبَشّرهُمْ يا مُحمّد بعذابٍ مُؤلِمٍ مُوجع في دَارِ الجَحيم، واتە: ئەوانەی ماڵ و سامان كۆدەكەنەوە و پارەو پول و زێڕو زیوو بەختی ناكەن يان (سەرفی) ناكەن لەڕێگەی خوادا، واتە هيچی لێ بەخت ناكەن لەرێی خودا ئەو مافەی كە خوا پێویستی كردووە لەسەريان بەجێی ناهێنن جا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) موژدەيان بدەرێ بە سزای كوشندەو بەهێز لەناو ئاگری دۆزەخدا﴿يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ

هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴿٣٥﴾

واتە: ئەو ڕۆژەی مەبەست ڕۆژی دواییە (قیامەتە) ئەو ئاڵتون و زیوانە سۆر دەكرێنەوە لە ئاگری دۆزەخ و ناوچەوان[1] و تەنیشت و پشتیانی پێ داخ ئەكرێ وە فریشتەی (عەزاب) پێیان ئەڵێت ئەمە ئەوەیە ئەو مادە سوورەوەكراوە كە ئێوی پێ داخ ئەكرێت ئەو ماڵەیە كە ئێوە كۆتان كردبۆوە بۆخۆتان، دەی كەوابوو بیچێژن سزای خوا لەبەر ئەوەی هەر كۆتان دەكردەوەو بەشی هەژارانتان لێ نەئەدا چونكە لە ڕێگای خوادا سەرفتان نەدەكرد، ئینجا بیچێژن ئەو (عەزابە) هەتا هەتایی[2].

(ئاگاداربییەكی گرنگ)

هەندێ لە (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەم (ئایەتە) هەڕەشەیەكی توندی تێدایە لەلایەن خوداوە جا بێگومان هەرچەندە بۆ زاناو ڕابەرو عابیدانی جوولەكەو گاورەكانە بەڵام لەماناو ڕاستیدا بۆ هەموو

---

(١) جگە لە ڕوو و پشت و تەنیشتیان هیچ كوێی تریان داخ ناكرێت، لەبەر ئەوە ڕوویان داخ ئەكرێت چونكە لە دونیادا ڕووبەڕووی خەڵك بونەتەوەو وە شانازیان بەو ماڵەوە كردووە چونكە مافی فەقیرو هەژارانیان خواردووەو نەداوە، كە خوا لە ماڵەكەی ئەواندا بۆی دیاری كردوون.

(٢) جا بێگومان پیاوێكی وەكو (ئەبو زەڕی غەفاری) ئەڵێ بەڕای من وایە كە زیاد لە (خەرجی) و نەفەقەی ماڵ و منداڵ كۆكردنەوە دانانی هەر پارەو پولێك چ لە (بانك) یان لەهەر جێگایەكی تر دا (شەرعە)ن درووست نیە و (حەرامە)و كۆیی بكەنەوە، زەكاتی لێ نەدەن و مافی فەقیرو هەژارانی لێ دەرنەكەن) بڕوانە: تفسیر المنیر بەرگی (٥) لاپەڕە (٥٤٤).

دەوڵەمەندێکە کە ماڵ و سامانێکی زۆر کۆبکاتەوەو هەروەها (سەرفی) نەکات لە رێگەی خوادا بەڵام مەبەست لە (سەرف) لەرێگەی خوادا بەدەلیل و بەڵگەی ئەوەوە کە کاتێ ئەو ئایەتە نازل بوو و هاتە خوارێ موسڵمانان زۆر سەخڵەت و دلگران بوون هەروەها حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب (رەزای خوای لێبێت) ئەم باسەی گێڕایەوە بۆ حەزرەت (ﷺ) لەویا ئەویش فەرمووی (إنَ الله لَمْ يفرض الزّكاةَ إلاّ ليطيب بهَا ما بَقي مِن الأموال)[1]، واتە: بەڕاستی خوای گەورە (زەکاتی) ماڵ و سامانی لەبەر ئەوە (واجیب) واتە: پێویست کردووە لەسەر ئێوە کە باقی ماڵەکەتانی پێ پاك بکەنەوە وە هەروەها فەرموویەتی (ما أدى زكاتهُ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ) واتە: هەر ماڵ و سامانێ کە (زەکاتی) لێ بدرێ ئیتر ئەوە بە ماڵی خەزێنەکراو ناکەوێ هەروەها زیاد لەمانە گەلێ دەوڵەمەندی زەنگین و پایەداری زۆر هەبووە لە زەمانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەسحابەکانی ئەوداو کە پێغەمبەر (ﷺ) لە (غەیری زەکاتی) شەرعی داوای هیچی تری لێ نەکردوون، وە ئەگەر شتێکیان لەسەر (واجب) و پێویست بوایە ئەوا داوای لێ ئەکردن لەغەیری زەکاتی شەرعی دا چیتری داوا نەکردووە[2].

---

(١) بڕوانە تەفسیری (إبن كثیر) بەرگی/٣، لاپەڕە/٣٤٢.

(٢) بڕوانە: تەفسیری: (نامی لە دانانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، لەگەڵ دەستکاری، بەرگی/٤، لاپەڕە/٣٧.

(بزانن ژمارەی مانگەکان دوازدە مانگن)

خوای گەورە ئەفەرمووێ لەم بارەیەوە: ﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرًا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٌۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡۚ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةًۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾﴾ أي إن عدد الشهورِ في شريعة اللهِ وحكمهِ وقضائه إثنا عشر شهراً بالشّهور القمريّة إذْ علَيها يدور فلَك الأحكامِ الشرعيةِ منَ الصّيام والحجّ وسائر الأحكامِ سجّل اللهُ ذلكَ في (اللوح المحفوظ) من أول بدء الخلق يوْمَ خُلقَ السموات والأرض من هذه الشهور أرْبعةَ أشهر محرَّمة هيَ (ذو القعدة/ ذو الحجّة/ والمحرَّم/ ورَجَب) سُميت بالآشهر الحُرم لأنّه يحرم فيها القتال وتتضاعف فيها الحسنات والسيئات لعظم حرمتها وقاتلوا المُشركين جميعهم كما يقاتلُونَ المُسْلمين جميعهم وأعلَمُوا أن الله مَعَ المُتقينَ بالنصرةِ والْعَونِ والتأييد) واتە: بەڕاستی ژمارەی مانگەکان دوازدەن کە مانگی قەمەرییان پێ ئەڵێن یانی هەر ئەو ڕۆژەی کە خوا دونیای داهێناوەو ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد، ئەوجا بێگومان ژمارەی مانگەکانیشی لە (لوح المحفوظ) دا

بە دوازدە مانگی داناوە[1]، ئینجا بەهۆی خولانەوەی زەوی و مانگەوە دایمەزرانـدوون و ئـیتر گـۆڕین و پـاش و پـێش کردنـی خوانـەناس و کافرەکان ئەو یاسانە ناگۆڕدرێ ئەم چوارەیان بریتین لـە (ذو القعدة/ ذو الحجّة/ وَالمحرَّم ورجب) کە بەدوای یەکدان و مـانگی رەجەبیش کـەوا ئەکەوێتە نێوان (جماد الآخرة) و (شعبان) وە نـابێ لـەو چوار مانگـەدا شـەڕو جـەنگ بکرێـت چـونکە رێـزی تایبـەتیان هەیـەو جـەنگ تێیانـدا (حەرامـە) و قەدەغەیـەو ئەمـە دیـن و شـەریعەت و (حـوکمی) خودایـەو هەروەها رێبازی راستەو ئەگـەر لـەم مانگانـەدا شـەڕ بکـەن ئـەوە زوڵـم و ستەم لـەخۆتان ئەکـەن کەواتـە لـەو مانگانـەدا سـتەم لـەخۆتان مەکـەن هەروەها جەنگ بەرپا مەکـەن ئەگـەر لەسـەر ڕەواو حـەقیش بـن، ئـەوجا خوای مەزن (حوکمی) شەڕکردن لەدژی موشـریکەکان بەشـێوەی گـشتی دەستنیشان ئەکات و ئەفەرمووێ: (جەنگ بکەن لەگـەڵ کافرەکـان واتـە بێ باوەڕەکان هەموویان وەکو چۆن ئەوان جەنگ ئەکـەن لەگـەڵ ئێـوەدا بەشێوەی گشتی، بـەڵکو تـەنها دژی موشـریکانی شـەڕەنگێز هـەمووتان بجەنگن بەگشتی هەروەکو ئەوان دژی ئێـوە دەجـەنگن بەگـشتی، ئینجا بشزانن کە خوای گـەورە لەگـەڵ تـەقواداران و پارێزگـاران دایـە، چـونکە بەڕاستی یارمەتی خودا بۆ ئەوانەیە کە خۆ لە سنوور بـەزێنی دەپـارێزن، لەوەی کە (حەرام) حەڵاڵ بکەن یان حـەڵاڵ حـەرام بکـەن، جـا بێگومـان خوا لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆیان لەتاوان دەپارێزن و لەخوا دەترسن.

---

(١) ئەو دوازدە مانگە بێ زیادەو کەمن هەموو (حوکم و ئەحکامێکی) شەرعی لێ وەرئەگیرێ و بەتایبەت دیاری کردنی مانگی رەمەزان و بەتایبەتی نیشانەن بۆ حەج کە کاتی تایبەتی خۆی هەیەو جا حەج لەو کاتەدانەبێ درووست نیەو نابێ...هتد.

(پاشکۆ)

زۆرێك لە زانایانی (حەدیس) واتە فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو فەرموودەیان هێناوە بەتایبەتی (ئیمامی بوخاری) كە ئەمە ئەگێڕێتەوە كەوا پێغەمبەر (ﷺ) ووتارێكی بە هاوەڵانی داو ساڵی (حجه الوداع) دا فەرمووی (إن الزمانَ قَدْ إساتدارَ كهيئـةِ يَومَ خلق الله السموات والأرض السَّنة إثنا عَشرَ شهراً منها أربعةٌ حُرمٌ)، (الحديث أخرجهُ البخاري))، واتە: ئەی خەڵكینە كات و زەمانە وەك خۆی گەڕاوەتەوە، یانی ئەوسا بزانن زەمان دەسوڕێتەوە، وەك شێوەی خۆی لەو رۆژەی كە خوا ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووەو مانگەكانیش لای خوای گەورە دوازدە مانگن، چواریان مانگی حەرامكراونن واتە قەدەغە كراون..هتد.

(بەهیچ شێوەیەك نابێ حوكم و بڕیاری خودا دەستكاری بكرێ و بگۆڕدرێ)

زۆربەی (موفەسیرەكان) ئەفەرموون هۆكاری دابەزین و هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەی ژمارە/٣٧ ئەمەبوو واتە (كافرەكان) وادەبوو سێزدە مانگیان بە ساڵێك حسێب و ئەژمار دەكرد، هەروەكو مانگی موحەرەمیان ئەكردە مانگی صەفەرو شتی قەدەغەكراویان تێدا حەلاڵ دەكرد ئینجا خوای گەورە ئایەتی ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ﴾[1]، هەناردە خوارێ جا هەروەها (موجاهید) رەحمەتی

---

(١) النَّسيءُ: واتە بەدوا خستنی (حەرامەكانی) ناو مانگی موحەرەم، بۆ مانگی (سەفەر)، واتە بەپێی پێویستیان مانگەكانیان پاش و پێش دەكردو ئەگۆڕی.

خوای لێبێت ئەفەرمووێ پیاوێك لە بەنە كینانە هەموو ساڵێك لەكاتی حەجدا ئەهات و ئەیگووت ئەی خەڵكینە ئێمە مانگی (موحەرەممان) قەدەغە كردووە بەلاّم مانگی (سەفەرمان) دواخست، ئینجا ساڵی داهاتوو ئەهات و دەیگووت ئەوا مانگی سەفەرمان قەدەغەكردووە (محرمان) دواخست (هەروەها عەبدولرەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەمیش) ئەفەرمووێ (لەسەردەمی جاهلیەت) واتە نەفامیدا لە مانگی بەڕێزدا دەستیان ئەگێڕایەوە لە جەنگ و تالاّن بەجۆرێ ئەگەر یەكێك تووشی باوك كوژی خۆی ببوایە لێی ئەگەڕاو دەستی درێژ نەئەكرد، ئەوجا پاش ئەوە دەیویست لەمانگی موحەڕەمدا جەنگ بكات و ئەیگووت ئەم ساڵە (موحەرەم) دوا ئەخەین بۆ ساڵی داهاتوو لەم ساڵەدا بوو مانگی سەفەر بڕیار ئەدەین و قەزای ئەكەینەوە بۆ ساڵی داهاتوو لەم ساڵەدا بوو مانگی سەفەر بڕیار ئەدەین و قەزای ئەكەینەوە بۆ ساڵی داهاتوو، ئەوجا كاتێ ساڵی داهاتوو ئەهات و ئەیگووت، جەنگ مەكەن لە سەفەردا وەك مانگی (موحەرەم) چونكە دوو محەرەمیان هەیەو جا ئەوها مانگەكانیان دەست كاری ئەكرد، جا بێگومان لەسەر هەر بارو كردەوەیەكیان لادانە لە ئایینی شەریعەتی خوا حەلاّلّ كردنی حەرام و حەرام كردنی حەلاّلّیان بەكار ئەهێناو بەرامبەر بە كردەوەكەی ئەوان، جا هەروەها خوای گەورەش ئەفەرمووێ ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِ﴾ (أى إنّما تأخير حُرمة شهرٍ آخر زيادة في الكُفرِ لأنَـهُ تحريم ما أحلّه الله وتحليل ما حَرّمهُ فهو كُفرٌ آخرٌ) واتە: بەڕاستی زیادكردنی كاتی ساڵەكانی بۆ دواخستنی كاتی مانگەكان زیادبوونە لە بێ باوەڕیدا چونكە دواخستن و دەستكاری كردنی شوێنی مانگە (حەرامەكان)

سەرکەشی و ڕۆچوونە لە بێ دینی و (کوفردا) خەڵکی کافرو بێ دینی پێ گومڕا دەکرێت، ساڵێك (حەلاڵی) دەکەن و ساڵێك (حەرامی) دەکەن ئەوە بێگومان (کوفرێکی) ترە، ﴿يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُحِلُّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا﴾ واتە: ئەوانەی پێی گومڕا ئەکرێ کە بڕوایان نەهێناوە واتە بە گومڕاکردنێکی تر زیاد لە گومڕاییەکەی خۆیان چونکە بە دواخستنەکە حەلاڵ ئەکەن لە ساڵێکدا، (حەرام) و قەدەغەی ئەکەن لە ساڵێکی تردا﴿لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ فَيُحِلُّوا مَا حَرَّمَ اللَّهُ﴾ واتە: بۆ ئەوەی ڕێك بین لەگەڵ ژمارەی ئەو چوار مانگەی کە خودا ڕێزی کردوون و ئەوەی خوا حەلاڵی کردووە (حەرامی) بکەن بەدواخستنی ئەم مانگە (حەرامە) جا خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾ أي لَقَد حَسّنَ لَهُم الشَّيطان أعمالهم القَبيحة حَتّى تَجرؤو عَلَى إنتهاك محارم الله، أي لا يرشدهم إلى طريق الخيرِ والسّعادة، واتە: کردەوە خراپەکانیان لەپێش چاو جوان کراوە، چونکە (شەیتان) لەخشتەی بردوون و کردەوەی خراپیان لەلا جوان بوو، پێیان وایە بیروباوەڕی پووچ و بەتاڵیان ئایینی ڕاست و درووستە، واتە بێگومان هەرگیز خوا خەڵکانی بێ بڕوا شارەزاو ڕێنمایی ناکات و ڕێی هەق وەرگرتنی.

(گلەیی و هەڕەشەکردن لەو کەسانەی کە نەچوون بۆ غەزا)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە دەست پێ دەکات بە گلەیی و سەرزەنشتی ئەوانەی کە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دواکەوتبوون لە (غەزای تەبووکدا) ئەویش لەبەر چەند هۆیەك بوو چونکە بەڕاستی کاتەکە زۆر گەرما بوو، ئەڵێن چلەی هاوین بوو، جگە لەمەش بەروبووم پێگەیشتبوو، کاتەکە زۆر ناسك بوو ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾﴾[1]، (أي مالكم أيّها المُؤمنُون إذا قيل لَكُمْ أخرجُوا لجهاد أعداءِ الله نصرة للحق وإعزازاً للدّين تباطأتم وَتَثَاقَلتم؟ وملتم إلى الدنيا وشهواتها وتركتم مشاق السفرِ ومصاعبه؟ أي أرضيتم بنعيم الدّنيا ومتاعها الفاني بدل نعيم الآخرة وثوابها الباقي، وهذا توبيخٌ لَهُم على ترك الجِهاد وَ عتابٌ لِمَنْ تَخَلَف عَنْ غَزوة تبوك، فما التّمتع بلذائذ الدّنيا في جنب الآخرة إلاّ شيء مُسْتَحقرٌ قليل لا قيمة لَهُ بالنسبة

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەڵێن ئەم ئایەتە پیرۆزەو هەندێ لەو ئایەتانەی کە دێن دەربارەی (غەزوی تەبووکن) کە لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا روویدا ئەمیش ئەوەبوو هەندێ لە موسڵمانان کە ئیمان لە دڵیاندا کز بوو حەزیان نەدەکرد لەو جەنگەدا بەشداری بکەن (مونافقەکانیش) هەنانیان دەدان کە بەشداری تێدا نەکەن لەبەر دووری ڕێگای تەبوك و گەرمای کاتەکەی جا دووڕووەکان بە هاوەڵانی پێغەمبەریان گووت(لاتنفُروافي الحرّ)واتەلەم کاتەگەرمەدا مەڕۆنە دەرمەچن بۆ غەزاو.

لنعيم الآخـرة)، واتـە: ئـەی ئەوانـەی کـە ئیمانتـان هێنـاوە ئـەوە چیتانە کاتێك کە پێتان گوترا بڕۆن تێکڕا هەمووتان بۆ جـەنگ لـە ڕێگـای خـوادا جا ئێوە هەندێکتان خۆتـان بـە زەویـەوە قـورس دەکـەن ئایـە ئێـوە لـە جیاتی ژیانی دواڕۆژدا شتێك نیە مەگەر کەمێك نەبێت.

(درێژەی واتە تەفسیرەکە)

واتە ئەی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕتان بە خواو بە پێغەمبـەر هێنـاوە ئەوە چیتانە بۆچی کاتێك فـەرمانتان پـێ دەدرێـت کـە پێتـان دەگـوترێ بچنە (جیهاد) واتە: غەزا لەڕێی خوداو خەبات لە پێناو گەیانـدنی ئـایینی خودا هەروەها لەپێناوی ڕزگارکردنی چەوساوەکان بـۆ لابردنـی ناخۆشـی و کۆسپەکان کەچی ئێوە هەنـدێکتان لەشـگران و تەمبـەڵن و بـەزۆر خـۆ دەنوسـێنن بەزەویـدا، واتـە دوای پێغەمبـەر (ﷺ) ناکـەون بـۆ غـەزای تەبوك هەندێکیان وازیان هێناو بەشـداریان نـەکرد لـەم جیهـادەو ئینجـا خـوای گـەورە سەرزەنـشتیان ئـەکات و لۆمـەیان ئـەکات لەوانـەی کـە دواکـەوتن، جـا بێگومـان خـۆ ژیـانی ئـەم دونیایـە لەچـاو ژیـانی خۆشـی دواڕۆژو شتێکی زۆر کەم و بێ بایەخە، چونکە باشـە ئێـوە بـەژیانی ئـەو دونیا تەمەن کورتە پڕ مەینەتیە ڕازین و بەگرنگتری دەزانن لە ژیانی ئـەو جیهان و بەهەشتی بەرین؟ لەحاڵێکدا ئەگـەر بـەراوردی رابـواردنی ژیـانی دنیا بکرێت لەبەرامبەر ژیانی ئەو جیهان زۆر کەم و کورت و کۆتایە.

(سەرنجێکی گرنگ)

زۆربەی موفەسیرەکان و ئەهلی سیرەت[1]، ئەفەرموون ئەم ئایەتەی پێشوو ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ ﴾ هاتە خوارەوە لەکاتی غەزای تەبووك دا[2]، وە هۆی ئەم غەزایەش وەك (ئیبن و ئیسحاق و ئیبن و سەعد و ئیبن و هیشام) لە پەرتوکەکانیاندا (ریوایەتیان) کردووە ئەمەیە کەوا هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە رۆم سوپایەکی زۆری کۆکردۆتەوە، هەروەها تیرەکانی (لەخم و جەزام) و زۆرانی تریش بانگەواز کردووە هەروەها سوپایەکی گەورەی کۆکردۆتەوە کە زیاتر لە (٣٥) هەزار جەنگاوەر کۆبونەتەوەو حازرو پێشرەویان گەیشتوەتە خاکی (بەڵقان) و ئەمە لە مانگی رەجەب دابوو لە ساڵی نۆی کۆچیدا جا بێگومان ئەم غەزایە زۆر گران بوو لەسەرشانی موسڵمانەکان[3]، بەلام جێگای ئیمتیحان بوو هەروەها بەراوردی ئیمان بوو وە لەم کاتەدا هەڵ بوو بۆ (مونافیقەکان) واتە دوو ڕووەکان چونکە دڵی ئەصحابەکانی پێغەمبەریان (ﷺ) خاو ئەکردەوەو ئەیانگووت (محمد) هەمووتان بەکوشتن ئەدات وە هەندێ لە یارانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەیانووت بە

---

(١) بڕوانە: (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) لە نووسینی: (عبدالرحمن مەلا طه)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٣٣.

(٢) تەبووك شوێنێکە لەناوەندی وادی القری و شاما چونکە چواردە قۆناغ لە مەدینەوە دوورە، (١٥) قۆناغ دەمێنێ بۆ شاری دیمەشق.

(٣) لەبەر ئەم غەزایە پێی ئەوترا (فاضحة) یان (جیش العُسْرة) چونکە بێگومان ئەوکاتە زۆر گەرما بوو وە ڕێگاکە زۆر دوور بوو.

حەزرەت (ﷺ) ئیزنمان بدەو مەمان خەرە ناو (فیتنـەوە) جا پێغەمبـەر (ﷺ) ئیزنی هەنـدێکی دان و گەڕانـەوە بـۆ مەدینـە وە هـەر (عەبـدوڵڵای کـوڕی ئوبـەی کـوڕی سـەلوول) لەگـەڵ کۆمـەڵێ لـە هـاوبیری خۆیـدا لەقەراخی مەدینەدا سوپاکەی کۆکردەوەو وە کاتێ کە پێغەمبـەر (ﷺ) دەرچوو لە مەدینە (عەبدوڵڵای کـوڕی ئوبـەی) گەڕایـەوە نەچوو گـووتی ئێمە شەڕی (ڕوومەکان) ناکەین بەڵام پێش ئەوەی حـەزرەت (ﷺ) بـچێ بـۆ جـەنگی تـەبووك ووتـارێکی بـۆ هـاوەڵانی دا بەتایبـەتی ئەوانـەی دەوڵەمەند بوون (تەرغیبی) کردن و هانیـدان بۆ (سـەرفی) مـاڵ بـۆ ئـەم جەنگە کە پادشتیان بەهەشتی پان و بەرینە ئینجا حەزرەتی (ئەبوبەکر) هەرچـی هـەیبوو هێنـای دای بـە پێغەمبـەری خـوداو دواتـر حـەزرەتی (عومـەری کـوڕی خـەتاب) چـوو نیـوەی مـاڵ و سامانی خـۆی هێنـا بـۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە (خەرجی) بکـات بـۆ غـەزای تـەبووك، ئینجـا حەزرەتی (عوسمانی کوڕی عەفان) چوو بۆ ماڵی خۆی ئەوجا (سێ سـەد ووشتری) هێنا لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانیەوە جگـە لەمـەش (هـەزار) دینـاری هێنـاو پێـشکەشی کـرد بـە حـەزرەتی پێغەمبـەر (ﷺ) کـە (خـەرجی) بکـات بـۆ ئـەم جەنگـە ئـەوجا پێغەمبـەر (ﷺ) دەرحـەقی فەرمووی: (ما ضَرَّ عُثمان مَا عَمَلَ بَعد اليوم) رواه أحمد، واتـە لـەدوای ئەمـە عوسمـان (ڕەزای خـوای لێبێـت) هـەر کارێـك ئـەنجام بـدات هیـچی لەسەر نیە، وە هەروەها هەنـدێ لـە ئەصـحابەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) کـە مەشـهورن بـە (بکـائون) هاتنـە خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) داوای وڵاخـی سـواریان لێکـرد بـۆ غـەزای تـەبووك وە حـەزرەت (ﷺ) فـەرمووی هـیچ

وولآخی وان نیە سواری بن، ئەوانیش گەڕانەوەو فرمێسك لە چاوانیان ئەباری چونکە ولآخیان دەست نەکەوت و لەو جەنگە بێ بەش بوون، دوای ئەوانە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ نزیکەی سی /٣٠ هەزار کەسی جەنگاوەر بەرەو تەبووك بەڕێ کەوت، بەلآم هەندێ لە (ئەصحابەکانی) دواکەوتن بەبێ ئەوەی (نیفاق) لەدڵیاندا هەبێت لەوانە (کەعبی کوڕی مالیك) و (مەرارەی کوڕی رەبیع) و هیلالی کوڕی ئوممەیە و ئەبو خەیشەمە، بەلآم ئەوەی راستی بێت هەروەکو پێشەوا (طبراني) دەگێڕێتەوە و ئەفەرمووێ (ئەبو خەیشەمە) کە چەند رۆژێك پاش کەوتبوو لە غەزاکە ئینجا لە رۆژێکی زۆر گەرما لە دەرەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کە تەماشای کرد دوو ژنی هەبوو هەردوو ژن وا لەناو (سابات) و کەپردان لەناو باخ و باخاتی مەدینە وا ئاوی سارد دەخۆنەوەو خواردەمەنی پوختەیان پێیەو ئەیخۆن، کە تەماشای ژنەکانی و ئەو شوێنە خۆشەی کرد ئەوجا یەکسەر سەرزەنشتی خۆی کردو بەخۆی داچووەوەو گووتی (ئەبو خەیشەمە) بۆتۆ زۆر (عەیب و عارە) کەوا حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە رێگەی گەرماوە لەبەر هەتاوا بێ و ئاوی گەرم بخواتەوەو تۆش لەبەر سێبەرو جێی فێنك بی و ئاوی سارد بخۆیتەوە ئینجا بەخوا ئەوە (ئینصاف و زەمیر نیە) و من لەو خۆشیە دابم و پێغەمبەر (ﷺ) ئەو زەحمەت و ناخۆشیەو گەرمایەدابێ ئەوجا سوێندی خواردو گووتی وەلآهی من ناڕۆمەوە ماڵی خۆم هەتا خۆم نەگەیەنم بە حەزرەت (ﷺ) و هاوەڵەکانم ئەوجا هەستاو سواری ولآخەکەی بوو چەك و (سیلاحەکەی) هەڵگرت و لەخۆی بەستاو شوێن

حەزرەت (ﷺ) و هاوەڵانی کەوت هەتا گەیشتە (تەبوك) کاتیّ نزیك بۆوە (ئەصحابەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) ئینجا یارو یاوەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان وا سواریّ هات لە (ئەبو خەیشەمە) ئەچیّ ئینجا لە نزیك پێغەمبەر (ﷺ) ووشترەکەی یەخ داو هات بۆ خزمەت خۆشەویست (ﷺ) جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا خوا بەخێربێی) و ئیشێکی باشت کرد ئەمە زۆر باش بوو بۆتۆ ئینجا (ئەبو خەیشەمەش) باسەکەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوەو حەزرەت (ﷺ) زۆر کەیفی هات و دوعای خێری بۆکرد.

(تێبینی)

ئەوجا بێگومان ئەوەی راستی بێت موسڵمانەکان لەم گەشت و سەفەرەدا زۆر زەحمەت و ئەزیەتیان پیّ گەیشت جاری واهەبوو ئەوەندە تینوویان بوو هەموویان (هیلاك) بوبوون لەبەر بیّ ئاوی هەرێمەکە ئینجا ناچار بوون ووشترەکانیان سەرئەبڕی بۆ ئەوەی ئاوی وورگی ووشترەکان بخۆنەوە، وە هەر لەم غەزایەدابوو هەندیّ رۆژان زۆر برسیان ئەبوو هیچ نەبوو بیخۆن چونکە نان و خواردنیان خەلاس بوبوو ئینجا عەرزی پێغەمبەریان کرد (ﷺ) گووتیان ئێمە واباشە ووشترەکان سەرببڕین و گۆشتەکەیان بخۆین پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی باشە بەلاّم حەزرەتی (عومەری کوڕی خەتاب) عەرزی کرد ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەوە ببیّ بە یاسا ووشترەکان کەم دەبنەوەو ئەدی ئێمە بەچی غەزا بکەین ناتوانین بە پیادە هەڵمەت بەرین و بگەڕێین ئینجا (تەکبیر) ئەوەیە تۆ فەرمان بکەی هەرکەسیّ هەرچی خواردەمەنی هەیە هەمووی حازر بکەن

و کۆی بکەنەوەو لەشوێنێکدا تۆش دوعا بکەی بەرەکەتی تێ بکەوێ ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد کە هەرچی هەبوو هێنایان و کۆیان کردەوە لە خواردن و نانەکە ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای لەسەر کرد جا (بەرەکەت) کەوتە خواردنەکەیانەوە قەت خەلاس نەدەبوو هەر زیاد ئەبوو تا گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان ئینجا (راوی) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) لەوێدا فەرمووی (أشهدُ أن لا إلـه إلا الله وأشهدُ أنّي رَسُولَ الله، (ﷺ) .

(**پاشکۆ**)

ئینجا (سیرەت نووسەکان)ئەڵێن کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) سوپاکەی گەیشتە گۆڕەپان و شوێنی جەنگ ئەوجا تەماشایان کرد (لەشکری رووم)سوپاکەیان هەموویان هەلاتوون و مەیدانەکەیان چۆڵ کردووەو بەزیون کە هەواڵی پێغەمبەر و هاوەلانی پێغەمبەریان پێ گەیشتبوو کەوا سوپاکەی ئیسلام بەرەو روویان دێت ئینجا بلاوەیان کردوو خۆیان پێ نەگیرا و رەڤین ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) و یارو یاوەرەکانی بەسەربەرزی گەڕانەوە بۆ مەدینەی منەوەرە، ئینجا یەکسەر تەشریفی چووە مزگەوت و دوو (کعات)نوێژی تێداکردو سوپاسی خوای گەورەی کرد جا خەڵکەکە هاتن سەلامیان لێکرد، ئەوانەیش کە لەو غەزایەدا پاش کەوتبوون هاتن و عوزریان هێنایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) عوزرەکەیانی (قەبووڵ) فەرموو ئینجا ئایەتی قورئانیش دەرهەقیان هاتە خوارەوەو تەوبەیانی قەبوڵ کرد، چونکە زۆر پەشیمان بوونەوە لە دواکەوتنیاندا، خوای گەورە لە هەموویان خۆش بوو چونکە زۆر بە بەزەیی و بەرەحمە.

ئینجا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەی دوایی هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ أي إنْ لَمْ تَخرجوا معَ رَسُول الله (ﷺ) وآثَرْتُم الرّاحة على الخروج لغزو الأعداء يعذبكم الله عذاباً موجعاً في الدنيا باستيلاء الأعداء عليكم وفي الآخرة بالنّارِ المحرقة وَيَسْتَبدِلُ بَعْدَ إهلاككُمْ قَوماً آخرين خيراً منكم مؤثرين للآخرة على الدّنيا وَلاَ تضرُّونَ رَبّكُمْ شيئاً من الضرر، واللهُ قادرٌ عَلَى إعزاز دينه وَنَصرِ رَسُولِه بدُونكم، واتە: ئەگەر هەمووتان بەتێکڕا نەڕۆن بۆ جەنگ و لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دەرنەچن بۆ شەڕی دووژمن و دابنیشن بە خۆشی دونیا ڕازی بن، لە ناخۆشی گەرماو دووری ڕێگا بترسن، ئەوە خوا بە سزایەکی ئازاراوی سزاتان دەدات[1]، شوێنی ئێوەش دەگۆڕێت بە نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکەی خۆتان وە بشزانن ئێوە بە نەچونتان بۆ جەنگ هیچ زیان و زەرەرێك بەخوا ناگەیەنن، بەڵکو زەرەر بەخۆتان دەگەیەنن جا بێگومان خوای گەورەش بەسەر هەموو شتێکدا بەهێزو بەتوانایە، دەتوانێ بێ باوەڕو (کافر)و بت پەرستان لەناو ببات و دین و ئایینەکەی سەربخا هەروەها پێغەمبەرەکەشی سەربخات بەسەر دوژمناندا، بەبێ ئەوەی ئێوە یارمەتی و کۆمەکی بکەن.

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو ئازارەش دوو مانا دەبەخشێت یەکەم خۆ شاردنەوەو پشت کردنە (جیهاد) جا بێگومان زیانیان پێ ئەگات و دووژمن زاڵ دەبێت بەسەریاندا، (دووەمیش) لە دواڕۆژدا تووشی ئاگرێکی سوتێنەر ئەبنەوە لە دۆزەخدا.

(خوای گەورە بۆخۆی یارمەتی پێغەمبەرەکەی دەدات و سەری ئەخات بەسەر دوژمناندا)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون وێنەو نمونەیەك لە یارمەتیدانی خوای مەزن ئەخاتە بەرچاویان کە بەبێ کۆمەك و یارمەتی هیچ کەسێ یارمەتی پێغەمبەرەکەی دا لەسەختترین کات و وەختدا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ﴾ أي إنْ لَمْ تَنصرُوهُ فَيَنصرهُ الله كَمَا نَصَرَهُ حينَ أخْرَجَهُ الكُفَارُ مِنْ مكةَ حِينَ كانَ ثاني أثنينِ لا ثالث لهما هُوَ وَأبوبكر الصديق (رضي الله عنه) حِينَ إختفى في غار ثور وبَقيا في الغارِ ثَلاثَة آيامٍ ، حينَ يَقُول الرّسُول لأبي بكر مواسياً وَمُطمَئِناً لاَ تَخَفْ يا أبابكر فَالله عَاصِمُنا مِنْ شَرّهم، واتە: ئەگەر ئێوە پشتیوانی و پشتگیری لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئاینەکەی نەکەن ئەوە بێگومان دڵنیابن کە خوای گەورەو مەزن خۆی پشتیوانی و پشتگیری لێ کرد، یانی بە مانایاکی تر ئەگەر ئێوە ئەی موسڵمانان یارمەتی پێغەمبەر (ﷺ) نەدەن و لەگەڵی نەچن بۆ جەنگی (تەبوك) ئەوە بزانن خودا یارمەتی ئەدات لەم غەزایەدا، هەروەکو چۆن یارمەتیدا ئەوکاتەی کە بێ باوەڕەکان لە (مەککە) دەریانکردو هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد و ئیتر ناچاریان کرد کە کۆچ بکات بۆ مەدینە، ئەو یەکێك بوو لەو دوو کەسە، واتە لەو سەردەمەدا کە تەنیا دوو کەس بوون، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو

بەکری صدیق (خوا لێی رازی بێت) ئەوجا خوای گەورە لەو کات و ساتە تەنگەدا حەزرەتی (ئەبو بەکری) کردە پاڵپشت و پشتیوان بۆی کە بوونە هاوەڵ و (رەفیق) لە ئەشکەوتەکەی کێوی سەوردا[1] بوون و خۆیان شاردەوە، ئینجا هەر لەو دەم و کاتەدا کە قورەیشیە بت پەرستەکان گەیشتنە بەردەرکی ئەشکەوتەکە ئەوجا حەزرەتی (ئەبو بەکر) زۆر ترسا لە گیانی پێغەمبەر (ﷺ) و زۆر بێ تاقەت بوو خەفەتی خوارد ئەوجا فەرمووی ئەو (کافرانە) ئەگەر تەماشای بەرپێی خۆیان بکەن دەمانبینن، جا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی[2]: تەنگاو مەبەو غەم مەخۆ واتە (عاجز)و غەمگین مەبە خوامان لەگەڵ، هەروەکو لە فەرموودەی (صحیحین)دا هاتووە کە (حەزرەتی ئەبوبەکر) دەڵێت لەکاتێکدا کە لەناو ئەشکەوتەکەدا بووین ووتم بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر هەر کام لەوانە یانی لە بێ باوەڕەکان تەماشای بەردەمی خۆیان بکەن چاویان بە ئێمە دەکەوێت ئینجا ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (مَا ظَنُّكَ يَا أبابكرٍ بِإثْنينِ اللهُ ثَالِثُهُمَا)[3]، واتە: ئەی ئەبوبەکر گومانت چۆنە بە دووکەس خوا سێهەمیانە؟ یانی تۆ دڵنیابە کە ئەوان ئێمە نابینن خوای

---

(١) کێوی سەور: شاخ و ئەشکەوتێکە نزیك شاری (مەککە)، پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکەی واتە حەزرەتی ئەبوبەکر (خوا لێی رازی بێت) سێ رۆژان لێی مانەوە.

(٢) جا بێگومان حەزرەتی ئەبوبەکر زۆر ترسا لەوەی (کافرەکان) پێغەمبەر (ﷺ) ببینن و بیکوژن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دڵی دایەوەو فەرمووی خەمی منت نەبێ دڵنیابە خوا لەگەڵمانەیەو دەمان پارێزێو سەرمان نەخات.

(٣) ئەو فەرموودەیە (بوخاری و موسلیم) هێناویانە.

گەورە چاویان (کوێر) ئەکات لەئاست ئێمەدا خوا چاودێرو پارێزمانە

﴿فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيۡهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٖ لَّمۡ تَرَوۡهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفۡلَىٰۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلۡعُلۡيَاۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ۝٤٠﴾ أي فَـأنْزَلَ اللهُ الطمأنينَةَ والرّاحة عَلَى الرّسُول (ﷺ) وَقوّاهُ وأنْزَلَ عليهِ الملائكةَ يَحرسُونَهُ مِنْ حَيثُ لاَ تَرونَهُمْ وكانَ في ذَلكَ أعظمُ الآيات البَاهِرةِ في حفظ الله لِرَسُوله وَعصْمَته وَنَصْرَته لَهُ وأذَلَ الشّرك وَأهلَهُ، وَأعزَّ الإسلامَ ونبيّهُ والله تعالى غالِبٌ قاهِرٌ لا يُغْلب لا يُفعلُ إلاّ ما فيهِ الحِكمةُ وَالْمَصْلَحَةُ.

(کورتەی واتە)

دواتر خوا سەبرو ئارامیەکەی خۆی بەسەرداهێنان و یارمەتی دان و پشتیوانی لێکردن بەچەندین سەربازو فریشتە کە ئێوە نەتاندەدەیتن، خوای گەورە بەم پشتیوانی کردنەی لەوان، وای کرد کە قسەی بێ باوەڕەکان لەژێرەوە بێت و قسەی خۆی لەسەرەوە بێت، چونکە بێگومان خواش خاوەن هێزێکی بێ وێنەیەو کار درووستە، کەواتە دۆستەکانی خۆی قەت لەبیر ناکات و یارمەتیان ئەدات لەکاتی تەنگاوەو ناخۆشیدا.

(درێژەی واتە)

ئیتر ئەوەبوو خوای گەورە ئارامی و سەبرو هێمنی دابەزاند بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون بەسەر

حەزرەتی ئەبوبەکردا[1]، بەلأم ماناکە ئەویش هەڵەئگریّ، هەرچەندە ئەم (ضمیر)ە واتە ئەم راناوە (جوملەی) ئەو رستەیە هەر بۆ خۆشەویست دەست ئەدات کە ئەفەرمووێ ﴿وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا﴾ یانی بەهێزی کردوو یارمەتیدا بەلەشکرو چەند سەربازێك کە ئێوە نەتان ئەبینین، واتە فریشتە بوون یان پشتیوانی لێکرد کە ناحەزان نەیاندەبینی ئەوجا ئەوەبوو بەرنامەو ئالأی خوانەناسانی نەوی کردو ئایین و بەرنامەو ئالأی خوا بەرزو بڵند بوو جا ئەوەی راستی بێت مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە، خوای مەزن ئارەزووی بت پەرستەکانی گەیاندە جێ و قسەیان ژێر کەوت و نەیانتوانی پێغەمبەر (ﷺ) بکوژن و ئیسلام لەناوببەن و خوا فەرموودەی خۆی سەرخست و کە ووشەی (لا اله الا الله) یەو ئایینی ئیسلامەو پێغەمبەری دەرباز کرد لەدەست ئەو (کافرانە) جا بێگومان ئیسلامەتی سەری گرت هەتا دنیا دونیایە.

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (ضمیری علیه راجعه) بە وەلای ئەبو بەکری صدیق (رەزای خوای لێبێت) چونکە ترسی لێ نیشت و دەترسا پێغەمبەر (ﷺ) بکوژن ئیتر خوا سەبرو ئارامی خۆی ناردە سەر دڵێ ئەبو بەکر (رەزای خوای لەسەر بێت) بەهۆی دوعای پێغەمبەر (ﷺ) ئیتر دڵێ دامەزراو ترسی لێ رەویەوەو ئارامی بۆ پەیدابوو سوپاس بۆ خوا.

(دەبێ گشت بچنە جیهاد چونکە خوا فەرزی کردووە لەسەر خاوەن باوەڕان)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ساڵی ڕووداوەکەی جەنگی (تەبووك) [1] خوای گەورە (ئەمڕۆ) فەرمانی دا بەگشت خاوەن باوەڕان کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بچنە غەزاکەو دژی ڕۆمەکانی خاوەن نامەکان و کافرەکان چونکە بێگومان خوای مەزن پێویستی کرد لەسەر هەموو کەسێك بەهیچ شێوەیەك خۆلادان نەبوو لێی، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱنفِرُوا۟ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَـٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾﴾ (أي اخرُجوا يا معشر المُؤمنين للجهادِ في سبيل الله، شيوخاً وشباباً مُشاةً وركباناً في جميع الظروف والأحْوالِ في اليُسرِ والعُسرِ والمنشط والمكرهِ وَجَاهِدوا بالأموالِ وَالأنْفُسِ لإعزاز دين اللهِ فهذا خيرٌ لَكُم من متاع الدّنيا الفاني وَالتمتع بالأموالِ وَالأولاد)، واتە ئەی خاوەن باوەڕان بڕۆن بەرەو (جیهاد) واتە بەرەو جەنگ بڕۆن لە ڕێگەی خوادا بە باری سووك و بە باری قورسەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە تەنگانەو فەرەحیەوە بەلاوو گەنج و پیرتانەوە بەپیادەو بە سواریتانەوە، بە دەوڵەمەندو فەقیرتانەوە، (جیهاد) بکەن لە ڕێگەی خوادا بە ماڵتان و بە گیانتان بۆ

---

(١) هەروەکو لە پێشەوا ئاماژەمان پێی کرد (تەبوك) شوێنێکە لەناوەندی (وادی القری) وشاما چونکە چواردەقۆناغ لەمەدینەوە دوورەو (١٥) قۆناغیش دەمینێ بۆ شاری دیمشق، بڕوانە: کتێبی (سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕاهبەر) لەنووسینی: (عبدالرحمن ملا طه عبدالعزین)، بەرگی (٢) لاپەڕە ٢٣٣.

سەربەرزی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، خۆ هەر ئەوە چاکە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن لەهەموو ژیانی دنیای فانی هەروەها لە موڵك و ماڵ و منداڵ و دارایی دنیا باشترە ئەگەر تێدەگەن و دەزانن.

(چەند ئاگادارییەکی گرنگ)

١- پێشەوا (الطبراني) لە تەفسیرەکەیدا[1] ئەڵێت : سوفیانی سەوری لە باوکیەوە ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ ئەم ئایەتەی پێشوو کە ئەفەرمووێ: (بڕۆن بۆ جیهاد چ سووك بار بن، هەروەها لەش ساغ و دەوڵەمەندو دەسەلآتدار بن، چ گران بار بن ، چ نەخۆش و هەژاربن، جا هەروەها ئەفەرمووێ یەکەم ئایەت بوو لە سورەتی (بەرائەتدا) هاتە خوارەوە.

٢- پێشەوا (قرطبي) لە تەفسیرەکەیدا[2] ئەڵێ: (ئەبو تەڵحە سورەتی بەرائەتی خوێندەوە کە گەیشتە سەر ئەم ئایەتە کە خوا ئەفەرمووێ:

﴿ٱنفِرُوا۟ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ئەوجا فەرمووی (وا دەبینم خوای گەورە داوای دەرچوون لە هەموان دەکات پیرو جەوان، کوڕەکانم حازرو ئامادەم بکەن، ئینجا کوڕەکانی پێیان گووت خودا (رەحمەت) پێ بکات تۆ لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) جیهادو غەزات کردووە، هەتا کۆچی دوایی کرد، ئەوجا لەگەڵ حەزرەتی ئەبوبەکریشدا هەتا کۆچی دوایی کردو وەلەگەڵ

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (جامع البیان) لە نووسینی (ئیمامی طبری) ، بەرگی/دەیەم، لاپەڕە/٢٧٥.

(٢) بڕوانە: تەفسیری (قرطبي) لە نووسینی (محمد بن احمد الانصاری)، بەرگی/٥، لاپەڕە/١٥٣.

حەزرەتی عومەریشدا هەتا کۆچی دوایی کرد، جا منالەکانی لە وەلامیدا پێیان گووت ئێمە لەباتی تۆ دەچین بۆ (غەزا) بەلام (ئەبو تەلحە) رازی نەبوو، ئینجا سواری کەشتی بوو لە دەریادا کۆچی دوایی کرد، هەروەها دوورگەیەکیان دەست نەکەوت تاوەکو بینێژن هەتا هەشت نۆ رۆژان مایەوەو پاشان بەخاکیان سپارد ئینجا تەرمەکەی هیچ نەگۆڕابوو دەتگوت خەوی لێ کەوتبوو (خوا لێی رازی بێت).

٣- خاوەن تەفسیری (نابلسی) لە تەفسیرەکەیدا[1]، ئەلێت ئەم ئایەتە کە ئەفەرمووێ ﴿ انفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا ﴾ ئەم جوملەو ڕستەیە چەند ووشەیەکی (جامعە) و (ئیعجازێکی) زۆری لێ وەرئەگیرێ هەروەها لەبن سێبەری ئەم ئایەتەبەسەدان مانای (گرنگی) لێ وەرئەگیرێ هەروەکو ئەگێڕنەوە لە سەعیدی کوڕی موسەیەب (رەحمەتی خوای لێبێت)کە چاوێکی نەمابوو ئینجا دەرچوو بۆ غەزا و جیهاد ئەوجا پێی گووترا تۆ نوقسانی و (مەعزوری) واتە (غەزات) لەسەر نیە، جا ئەویش لە وەلامدا فەرمووی خوای مەزن داوای کردووە کە سووک و قورس دەرچن بۆ (جیهاد و تێکۆشان) جا ئەگەر نەشتوانم شەڕ بکەم هەرنەبێ ژمارەو تارمایی لەشکر (زیاد) ئەکەم یاخود هەندێ داناو زانایی لەکاروباری جەنگ دەتوانم رێگەی باشیان بۆ دابنێم و هەندێ (معلوومات)و شارەزاییان بدەمێ.

---

(١) بڕوانە: (تفسیر النابلسی) لە نووسینی (د. محمد راتب النابلسی)، بەرگی/٤، لاپەڕە/١٧٧.

(هۆی دواکەتنی مونافیقەکان واتە دووڕووەکان)

ئەوجا خوای گەورە لۆمەو سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە دواکەوتن لە جەنگی تەبووك دا دوای ئەوەی ئیزنیان خواست و لەماڵی خۆیان دانیشتن و نەچوونە غەزا، وە خەڵکیشیان پەشیمان دەکردەوە لە جیهادو غەزادا[1]، ئینجا خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرمووی﴿ لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّاتَّبَعُوكَ وَلَٰكِن بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ ۚ وَسَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَوِ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ أي لَوْ كَانَ هَذا الغزوُ الذّي دَعوتَ إليه المُنافقينَ مُغْنماً قريباً سَهل المنالِ أو كَانَ السّفرُ قَريباً غير بَعيد لَخَرجوا مَعَك يا محمد طَمَعاً في الغنيمةِ لاَ لوجه اللهِ تعالى ولكن بَعُدت عليهم المسافة وطولُ الطريق وَلِذَلِكَ تخلّفوا عن الخروج لَما في قلوبهم من النفاقِ والضّلالِ وَسَيَحْلِفُونَ مُعْتَذرينَ بأعذارٍ كاذبةٍ واهيةٍ، قَائلِينَ لَوْ قدرنا عَلَى الخروجِ مَعَكُمْ لَمَا تأخرْنا واللهُ مَعَكُمْ لأنهُمْ مَا تأخرنا واللهُ يَعلم أنهم

---

(١) عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەفەرمووێ تا ئەم سورەتەی بەرائە نەهاتبووە خوارێ پێغەمبەر (ﷺ) دووڕووەکانی باش نەدەناسین و بە ووردی شارەزای هەڵس و کەوتیان نەئەبوو، بەڵام ئەم جارە باش بۆی ڕوون بۆوە کە دژی موسڵمانان ئەجولێنەوە.

لكاذِبُون في هذا الكلامِ لأنَهُمْ كانُوا مُسْتَطعينَ الخروجَ ولَمْ يَخْرجُوا[1]، واتـه: ئەگـەر بەشـداری لـە غـەزای تـەبووك دا گەشـت و سـەفەرێكی لـەبارو قـازانجێكی بەرچـاو بوایـە، ئـەوە دووڕووەكـانیش بـەدوات دەكـەوتن بـۆ جەنگ بەلاّم رێگـەی دوورو پـڕ زەحمـەت بـۆ ئـەوان دوورو سـەخت بـوو، سوێندیش دەخۆن بە خوا ئەگەر لە تواناماندا بوایە لەگەڵ ئێوە دەهاتین بـۆ غـەزا جـا بێگومـان ئـەوان بـە نەچـوونیان بـۆ جـەنگ و بـەو سـوێند خواردنـەیان خۆیـان بـە (هـیلاك) و فەوتانـدن دەدەن و خـواش چـاك دەزانێت كە ئەوان هەر درۆ دەكەن.

(درێژەی واتە)

واتـە ئەگـەر لـەجیاتی بەشـداری كـردن لـە غـەزای تـەبووك دا داوای كارێكی نزیكت لێ بكردنایە كە سوودو قازانجێكی دنیایی تێدا بوایـە نـەك زۆر دوور ، ئەگەر كار بەو جۆرە بوایـە ئـەوان شـوێنت دەكـەوتن، بـەلاّم چونكە رێگەكەیان لەلا دوورە و مانـدو بـوون و زەحمـەتی تێدایـە ئـەوجا نەهاتن و بەجێمان، بەلاّم كە لە جیهاد غەزاكە گەڕایتەوە ئەی پێغەمبـەر

---

(١) وقد حصل ما أخبر عنه القرآن فكان في ذلك أعظم البرهان على صدق رسالة محمد (ﷺ) في هذا القرآن المجيد حيث أخبر عن مغيب ، واته بەڕاستی ئەوەی قورئان خەبەری داوە ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەناوەڕۆكی ئەو قورئانە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەمەد (ﷺ) كە خوا هەواڵی داوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بە شاراوەیی دڵی ئەو كەسانە بەر لەوەی بچنە دەرەوە بۆ جەنگی (تەبووك) لەكاتی گەڕانەوەیان بۆ مەدینە، ئەوەبوو چوونە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەستیان كرد بە بیانوو هێنانەو سوێند خواردن.

(ﷺ) ئینجا دێنە لات و مەعزەرەتت بۆ دێننەوە و سوێندت بۆ دەخۆن لە خودا کە ئەگەر بمانتوانیایە بێگومان لەگەڵتان دەرئەچوین بۆ ئەو سەفەرەو لەگەڵتانا دەهاتین و بەجێ نەدەماین ئینجا بە سوێند خواردنی درۆ بەهۆی خۆ دزینەوەیان لە (جیهادو غەزاکە) خۆیان دەفەوتێنن و رێگای چوونە دۆزەخ بۆخۆیان خۆش دەکەن، خوا دەزانێت ئەوەی دەیڵێن درۆ ئەکەن و درۆزنن کە دەڵێن ئەگەر بمانتوانیایە دەردەچوین بەڵام راست ناکەن و چ بیانوێکیان نەبوو پێشیان دەکراو دەرنەچوون لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەم سەفەرە[1].

(پاشکۆ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون دەستەیەك لەوانە گووتیان با ئیزن بخوازین و بیانوو بهێنینەوە بۆ دەرچوون ئەگەر ئیزنیدا ئەوە دانیشن و لێ پاڵدەنەوە، بەڵام ئەگەر هەر ئیزنیشی نەدا ئەوە هەر دانیشن ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) ئیزنی دان بۆ دەرنەچوون، ئەو ئیزن دانەش هەرچەندە گوناه نەبێت، بەڵام باشتر ئەوەبوو ئیزنی نەدایەو بوەستایە بەدیار فەرمانی خواوە، بێگومان هەمیشە کارو کردەوەی باشتر شیاوو شایستەی پایەو پلەی بەرزی ئەوبوو، بەجۆرێ هەڵنەسانی بە باشتر لێبوردنی ئەوێ جا بەو پێیە قورئان لێبوردنی بەکارهێنا بۆ

---

(١) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم (ئایەتە)و ئایەتەکانی دواتر ئەمەبوو لە شانی ئەو (مونافقانەی) کە هاتن عوزریان ئەهێناوە لە دەرچوونیان بۆ غەزوی (تەبوك) ئەیان گووت ئێمە بێ تفاقین و کارو کاسبیمان نیە و زۆر پەرێشانین ئیزنمان بدە با لەم سەفەرەدا نەیەین لەگەڵتاندا، وە پێغەمبەریش (ﷺ) ئیزنی پێدان و مانەوە.

پێغەمبەری خۆشەویست بەشێوەیەك كە بۆن و هەناسەی لوتف و میهرەبانی لێ ئەباری[1]، وە هەروەها لە تەفسیری رەوان دا[2]، ئەڵێ ئەم جارە پەروەردگار سەرزەنشتی پێغەمبەر (ﷺ) دەكات كە ئیزنی بڕێ (دوو ڕووی) دا كە نەچن بۆ (غەزای تەبووك) یان خۆ بەپاش بدەن، بەڵام سەرزەنشتەكە تا بڵێی نەرم نیانە پێش سەرزەنشتەكە (عەفووی) ئاراستە كردووە هەروەكو ئەفەرمووێ ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٤٣) ﴾ أي تَلَطفَ في عِتابِ الرَسُول (ﷺ) حَيْثُ قَدَم العَفْوَ على العتاب، إكراماً لَهُ (عليه السلام) [3]، وَالمعنى سامَحَكَ اللهُ يا محمد لِمَ أذِنتَ لِهؤلاءِ المنافقِينَ في التَخَلْفِ عَنِ الخرُوج مَعَكَ بِمُجردِ الإعْتِذار، أي وَهَلا تَركتهم حَتَّى يَظْهَرَ لَكَ الصّادق مِنهم في عُذرهِ من الكاذب المُنافق[4]، واتە: خوا لێت خۆش بێ بۆچی بێ تاقیكردنەوە رێگەو مۆڵەتت بە دووڕووەكاندا

---

(١) بڕوانە: تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی مامۆستا (عوسمان عەبدولعەزیز)، بەرگی/٤، لاپەڕە/١٢٢.

(٢) بڕوانە: تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان لە نووسینی (مامۆستا مەحمودی گەلاڵەیی)، بەرگی/١٠، لاپەڕە/٥١٩.

(٣) قال المفسرون من هذه الآية يعرف الإنسان مكانة الرّسول (ﷺ) عِندَ ربّهِ علّوِ قدرهِ وسموّ مَنْزلَتهِ

(٤) قال مجاهد (رحمة الله عليه) نَزَلَتْ فِي المُنافقِينَ قَالَ أُناسُ مِنهُم أسْتَأْذنُوا رَسُول الله (ﷺ) فإن أذن لَكُم فَاقْعدوا وإنْ لَمْ يَأذن لَكم فَاقْعدوا فَقَد كانُوا مُصرِينَ عَلَى القعودِ عن الغزوِ وإن لم يأذن لَهُمْ، ئەمە لە پێشەوە تەفسیر كراوەو پێویست بە دووبارە كردنەوە ناكات.

نەیەن بۆ غەزاکەی تەبووك، واتە باشتر ئەوەبوو (ئیزنت) نەدانایە تا بۆت دەرکەوێت کێ لەو عوزرانەیدا کە دەیهێنێتەوە راستگۆیەو کێش درۆزنە؟ چونکە وەنەبێت گەر ئیزنت نەدانایە بهاتنایە لەگەڵتدا ئەوجا ئەو کاتە درۆکانیانت بۆ ئاشکرا دەبوو.

(درێژەی واتە)

یانی خودا عەفووت بکا واتە لێت ببورێ یان وەك بە کوردی دەڵێ خوا (سەلامەتت کات) بۆچی ماوەت دان و لێیان گەڕای نەیەنە ئەو شەڕە تاکو بەچاکی بۆت دەربکەوتایە کامیان راست دەکەن و کامیان درۆ دەکەن، چونکە ئەگەر ئیزنیشت پێ نەدانایە هەر نەدەهاتن، ئینجا بۆچی ئیزنت پێ دان؟ هەتا ئەو ئیزنە ببێ بە عوزرو بەهانەی مانەوەیان؟ وە ئیزنت پێ نەدانایە باش بوو یا لەسەر ئارەزووی خۆیان لە ماڵ بمانایەوە، ئەوجا خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ وە هەروەها گلەییەکی زۆر ناسکی لێ ئەکات و ئەفەرمووێ بۆچی ئیزنت دان ئینجا بۆ ماوەیەك چاوەڕوان نەبووی و خۆت نەگرت هەتا حەقیقەتت بۆ دەربکەوێ تا بەتەواوی هەڵوێستت بۆ روون دەبێتەوە و ئەوانەی راستگۆن ئاشکرا ببنن و بزانن کێ درۆ دەکات ئەو کاتە کە هەردوو لات بۆ دەرئەکەوت کێ راست ئەکات و کێ درۆ ئەکات جا ئەوەی راستی بێت خوای گەورە فەرموویەتی هەر کەسێ ئیمان و بڕوای بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ببێ داوای ئیزن ناکات کە نەچێ بۆ (جیهاد) و غەزاو دانیشێ لە ماڵەوە، ئینجا ئەفەرمووێ ﴿ لَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ

وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٤﴾ أي لاَ يَسْتأذِنُكَ يا مُحمّد عَنِ الجِهادِ وَالْغَزو مِن يؤمن باللهِ واليوم الآخر أي كراهية الجهادِ بالمالِ والنّفسِ لأنّهم يَعْلَمُونَ ما أعدّه اللهُ لِلمُجاهِدِينَ الابرارِ مِن الأجْرِ الجزيل فَكَيْفَ يَتَخلفُونَ عَنِ الخروج. والله سبحَانَهُ عَالِمٌ بِهِمْ وَيَسدّقهم وَوَفائهم لأنهم مُؤْمنون مُتَقُونَ للرّحمن، واتە بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) دڵنیابە ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان بەخوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە کاتێك کە دەیانەوێت لە ڕێگەی خودا بجەنگن و تێکۆشن بەسەرو ماڵیانەوە داوای روخسەت و مۆڵەتت لێ ناکەن بۆ ئەوەی نەیەن بۆ جیهاد واتە جەنگ، وە خواش زۆر زانایە بە حاڵی تەقواو خۆپارێزان.

(درێژەی واتە)

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز داوای مۆڵەت و ئیزنت لێ ناکەن ئەوانەی کەوا باوەڕیان هەبێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی بۆ ئەوەی جیهاد نەکەن لەڕێگەی خوادا بە ماڵیان و بە گیانیان بەڵکو ئەوان هەموو کات چاوەڕوانی فەرمانی تۆن کە تۆ فەرمانیان پێ بدەیت بە ماڵ و گیانیان جیهاد واتە جەنگ بکەن[1]، چونکە ئەوان باش دەزانن خوای مەزن چ ئەجرو پاداشتێکی بۆ موجاهیدانی بەڕێزو تێکۆشەران دیاریکردووە، ئینجا چۆن ئەوان دوا ئەکەون لە جیهادو غەزاوە، چونکە بێگومان باوەڕی ڕێك و ڕاستیان هەیە بە ئەجرو پاداشتەکەی خوا ئەوان بەڕاستی

---

(١) چونکی ئەزانن ئەگەر جیهادەکە پێویست نەبێ خودا ئەمرو فەرمانی پێ ناکات.

بڕوایـان وایـە جیهـاد لـە خـودا نزیکیـان دەکاتـەوە و ڕێبـازی بـەرەو بەهەشتە، وە خودا ئاگادارەو زانایە بە خۆ پـارێزان و لـەخوا ترسـان وە هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَسْتَـْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ أي إنَمـا يَـسْتَأذِنُكَ المُنـافِقُونَ الـذّين لَـمْ تخـالط بَشاشَةُ الإيمان قلوبهم لإنَهم لا يُؤمِنُونَ باللهِ وَلقائهِ وشكتْ قلـوبُهم في الـدّين جـزاء اللهِ وثوابـهِ فَهُـمْ يـتردّدُونَ حيـارى في أمـر الخـرُوج أو القعُـود، واتـە: بێگومان تەنها ئەوانە داوای ئیزن و مۆڵەتی لێ دەکەن کە بـاوەڕ بـەخواو بە ڕۆژی دوایی ناهێنن و دڵەکانیان گومانـدار بـوون جـا ئـەوان لـە دینـی ئیسلامیـشدا دوو دڵـن چـونکە بـەردەوام لـە شـك و گومـان و دوودڵیـدا سەرگەردانن و سەرلێ شێواون و ناتوانن خۆیان یەکلا بکەنەوە.

(درێژەی واتە)

یانی هەر ئەوانە پرس ئەکەن یان مـاوەت لـێ وەردەگـرن و نایـەن بـۆ شەڕی دژ بە (کافرانی) دەست درێژکەر لە جەنگی تەبووك دا کە ئیمـان و باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی نیەو یان ڕوناکایی ئیمان تێکـەڵ بـە دڵ و دەروونیان نەبووە، چونکە دڵەکانیان شك و گومان و دوو دڵیان بـووەو لە دین و ئاینەکەیاندا دڵ ئارام نەبوون پێی هەروەها گومان لە گەیشتن و پاداشتی خوا ئەکەن لە دوودڵیـەوە، ئـەو بـەرو ئەوبـەر دەکـەن و نایەنـە سـەر بـاوەڕ(نیفاقیـان) هەیـەو ئـەوان سـەرگەردانن و نـازانن چـی بکـەن دەرچوون بۆ شەڕ یان لە ماوە ڕووبنیشن.

(ئاشكرا كردنی فڕوفێڵی دوو ڕووەكان)[1]

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً وَلَكِن كَرِهَ اللَّهُ انبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ ﴿٤٦﴾﴾ أي وَلَوْ أرادَ هؤلاءِ المُنافِقونَ الخروجَ مَعَكَ للجهاد أو كانت لهم نية في الغزو لأستعدُوا لَهُ بِالسّلاحِ والزاد وَاللّباس الحربي كما يفعل المجاهد ولكنّ الله تَعالى لَمْ يُرد خروجهم لِئلا يَضعَفُوا الجَيْشَ، فَحَبَسَهُمْ عَنِ الخرُوج بالجُبنِ والكَسْلِ وَقيلَ لَهُمْ أقعدوا مَعَ النّساء والصّبيانِ وَأهل الأعذار)، واتە: ئەگەر بیانویستایە دەربچن ئەوە خۆیان بۆ ئامادە ئەكردو ئەوەی بۆ شەڕ پێویست بوو كە چەك و ئازووقەو ولاخی سواری و شتی تری پێویستیان دابین ئەكرد، چونكە دەوڵەمەند بوون و حاڵیان باش بوو، بەلآم خوای گەورە دەرچوونەكەیانی بۆ هاوبەشی كردن پێ ناخۆش بوو، چونكە زیانی بۆ موسڵمانان تێدابوو، بەهۆی ئەوەوە خودا لێی سست كردن و نیازی دەرچوونی تیا درووست نەكردن وە پێیان گووترا دە لەگەڵ پیرەژن و پەككەوتەو منداڵە بێ دەسەلآتەكان بمێننەوە.

---

(١) جا ئەوەی ڕاستی بێت ئایەتەكان خراپەكاریەكانی (مونافیقەكانی) واتە دووڕووەكانی دەردەخست و خەتەرەو خراپەیان لەسەر موسڵمانان ڕوون دەكاتەوەو دەست نیشان دەكات و هەروەها موسڵمانان لە فرت و فێڵ و پیلانەكەیان ئاگادار دەكاتەوە.

(درێژەی واتە)

یـانی ئەگـەر ئـەو دوو ڕووانـە بیـان ویـستایە بـچنە دەرەوە لەگـەڵ پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ جـەنگی تـەبووك بەڕاسـتی ئامـادە ئـەبوون بـۆ ئـەو چـوونە دەرەوەیـە بـە چـەك و بـە تفـاق و وڵاخـی سـواری ، توانـای ئەوانیشیان هەیە بەزۆر تریشەوە دەوڵەمەنـد بـوون لـەناو جوولەکەکانـدا بەڵام ئەوانە خـوا باشیانی دەناسـی کـە ئەوانـە نایانـەوێت لەگـەڵت بێن خواش پێی خۆش نەبوو لەگەڵتان بێن، جا وای لێکردن لە شوێنی خۆیان بمێننەوەو لەگەڵیان نەیەن و دانیشتنیان لەلا باش بێت کە پێغەمبـەریش (ﷺ) تـۆبزی لـێ نـەکردن (مـەعنای) وابـوو کـە پێیـان گـوترا بۆخۆتـان لەگـەڵ ئـەو کەسانەی کـە دەرچـوونیان لەسـەر نیـە وەك ژن و منـداڵ و پەككەوتە دانیشن، پاشان خوای مەزن ڕوونی کردۆتەوە کـە بۆچـی پێـی ناخۆشە ئەو دووڕووانە لەگەڵ موسڵمانان دەرنەچن بۆ جیهادو غـەزاو جـا فـــەرمووی﴿ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا [1] وَلَأَوْضَعُواْ خِلَٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (أي لَوْ أنّهم خَرَجُوا مَعَكُمْ لِلجهادِ ما زادُوكُمْ إلاّ

---

(١) (إلا خبالاً، فساداً أو شراً ونميةً ونزع الإختلاف والأصلُ الخبال مَرض في العقلِ كالجنون)، واتە خەبال ئاژاوەو گێرەشێوێنی و یان سەر لێشێوان دێت و هەندێکیش ئەڵێن (خەباڵە) یان (موخەبەل) نەخۆشیەکی (عەقلیە) وەکو شێتی وایە، مەبەست ئەگەر ئەو جوولەکانە بهاتنایە لەگەڵ ئێوەدا فیتنەو ئاژاوەیان درووست دەکرد لەناو ئێوەدا.

شَرّاً وَفَسَاداً وَلأَسْرَعُوا بَيْنَكُم بالدسّائِس وَالمشي بالنّميمةِ والأفساد وَفيكم يا مَعشر المُؤمنين من يسمع لَهُمْ وَيَصغي إليهم فكان من حكمة الله عَزّ وجلّ أَنْ صرَفَهُم عَنْكُم فَلاَ تَأْسَفوا لِتَخَلُّفهم فَإن اللهَ عليمٌ بالمنافقين بظواهِرهم وَبواطنهم وَمجازيهم عَلَى ظُلْمِهِم وفجُورهُم)، واته: ئەگەر ئەوانە يانى ئەو جوولەكانە لەگەڵتان هاتبان بۆ جەنگ هیچیان لە ئێوە زیاد نەدەکردو مەگەر تەنها ئاژاوەو شێواندن خراپەکاری نەبێت چیتر نیە بەپەلەو خێراییش دێن و دەچن قسەو قسەلۆك هەڵدەبەستن و ئاڵوگۆڕ دەکەن (فیتنە)و ئاژاوە درووست دەکەن لە نێوانتان، هەروەها لەنێو ئێوەشدا خەڵکانێك هەن گوێیان لێ دەگرن خواش زاناو ئاگادارە بە ستەمکارەکان.

(درێژەی واتە)

یانی ئەگەر ئەو دوو ڕووانە لەگەڵ ئێوەشدا بهاتنایە بۆ جیهاد سەریان لەئێوە تێك ئەدا چونکە بێگومان ئەوانە ترسنۆکن و چرووکن و بێ وورەن و لەشەڕدا ڕایان دەکردو خەڵکیشیان لە ئێوە پەشیمان دەکردنەوە، جگە لەوەش ئەوان بە قسەی درۆو پڕوپاگەندەی بێ جێ ئێوەیان لە دووژمنان ئەترساند و لەناو ئێوەدا هەمیشە قسەی خراپیان بڵاو دەکردەوە چونکە مەبەستی ئەوان ئەوەیە کە ئێوە دووچاری بەڵاو ناخۆشی و ئێش و ئازار بن، ئەوەی کۆمەڵی ئیمانداران وە لەنێو ئێوەدا هەیە بۆ قازانج و سوودی ئەو دوو ڕووانە هەواڵبەرو قسەبەرو گوێگر لە

گفتوگۆی ئێوە ئەی بەن[1]، بۆلای ئەوان و وایش ئەبێ لە ئێوەدا هەبێ چەند کەسێکی سادەو نەزان هەموو درۆیەك وەرئەگرن بەهەموو درۆیێ هەڵئەپەڕن وە بڵاوی بکەنەوە خواش زاناو ئاگادارە بە پیاوی زاڵم و ستەمکار کە گوێی لەو دووڕووانە ڕادەگرێ و بە قسەیان دەکات و ئاگادارە بەو دووڕووانەش چ مەبەستێکیان هەیە بە زاهیرو بە پەنهانەوە وە بەنیازی دڵیانەوە، وە بزانن ئەمەش خێرو قازانجی موسڵمانانی تێدابوو و بەشداری نەکردنیان لەجەنگی تەبووکدا چونکە بەڕاستی خوای گەورەش چاك ئاگادارە بە کارو کردەوەی ستەمکاران، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدِ ٱبْتَغَوُا۟ ٱلْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا۟ لَكَ ٱلْأُمُورَ حَتَّىٰ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ ٱللَّهِ وَهُمْ كَـٰرِهُونَ ﴿٤٨﴾﴾ أي لَقَدْ طَلَبُوا لَكَ يا مُحمّد الشّرَ بتَشتيت أمْرِكَ وَتَفْريق صَحْبِكَ عَنْكَ من قَبل غزوة تبوك كما فَعل (إبن سلول) رأس المنافقينَ حينَ رَجَعَ بثُلث الجَيش في غَزْوَةِ أُحد وقَال عَلامَ نَعرِّض أنفُسَنا للهلاك؟ وَدبُروا لَكَ المكايد والحِيلَ في إبطال دِينك حتّى نَصرَكَ الله عليهم وَأظهر دينكَ عَلَى سَائرِ الأديان وَهُمْ كارِهُون ذَلكَ، واتە: لە ڕاستیدا ئەو دووڕووانە پێشتریش هەوڵیان دەدا فیتنەو ئاشووب لە نێوان موسڵماناندا بەرپا بکەن و چەندەها کارو فرمان

---

(١) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن لەبن سێبەری ئەم ئایەتەدا کە ئەفەرمووێ ﴿وَفِيكُمْ سَمَّـٰعُونَ لَهُمْ﴾ مەبەستی ئەو کەسانە بێ کە لەناو ئێوەدا (سیخوڕی و جاسوسی) دەکەن بۆ دوژمنانی دین و ئاینی پیرۆز، جا بێگومان ئەمەش بەڵگەیە بەسەر ئەوەوە کە خودا ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکدا.

و فێڵ و پیلانیان گێڕا بۆ بەربەستکردن و نەهێشتنی ئاینەکەت یان چەند راو بڕیارێکیان لەهەموو بارێکەوە بەکارهێناو ئاڵوگۆڕیان کرد تا بزانن کام بەکارە بۆ لەناوبردنی خۆت و ئاینەکەت ئەمە رەوشت و کردەوەیان بوو تا خودا هەقی بۆ ناردیت و ئاییتی خودا سەرکەوت و بەهەموو لایەکەوە بلاو بوویەوە، پەرەی سەندو ئەمەش مایەی دلتەنگی ئەو بێ باوەڕو یاخی یانە بوو چونکە زۆر پێی ناخۆش بوو.

(درێژەی واتە)

یانی بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دووڕووانە لە پێشدا ویستیان کارەساتت بەسەر بێنن، واتە لەپێش غەزای تەبوکیشدا ئەو (مونافیقانە) هەر لەمەو پێش لەهەموو کاتێکدا بەتایبەتی لەجەنگی ئوحوددا ویستیان دووبەرەکی و (فیتنە) و ئاژاوە بخەنە ناو ریزی هاوەلان و موسلمانانەوە، ئەو کاتەی (عەبدوللای کوڕی ئوبەی) سەرۆکی مونافیقەکان، واتە: دووڕووەکان لەنێوان مەدینەو ئوحود دا گەڕایەوەو هەروەها سییەکی سوپاکەی لەگەلدا گەڕایەوەو جگە لەمەش بەخەلکەکەی دەگووت محمد شوێنی قسەی مندالێ و نەزانان کەوتووەو هیچی بەگوێی و رای ئێمە نەکردوو، ئەوجا کەوابێ لەپێناو چیدا ئێمە شەڕ بکەین و خۆمان بەکوشتن بدەین ئەوەبوو چەند پڕوپاگەندەو کردەوەی خراپیان ئەنجامداو ئەم جوولەکانە واتە چەند فڕوفێڵیان بۆ دۆزینەوە، وە یان چەند راستیان گۆڕی و درۆیان هەلبەستاو (دیعایەیان) لەسەر کردن هەتا رۆژێ کە حەق و راستی دەرکەوت و یارمەتی خوا هات و ئاییتی پیرۆزی ئیسلام گەشەی کردو خەلکێکی زۆر بوونە موسلمان و ئەوجا هەرکاتێ

ئاینی ئیسلام و موسڵمانان سەرکەوتنێکیان بەدەست بهێنایە ئینجا ئەو سەرکەوتنەیان زۆر پێ ناخۆش بوو و دڵگران دەبوون پێی، ئەوجا بێگومان خوای گەورە زیاتر و باشتر تاوانەکانی ئەم دوو ڕووانە کەشف ئەکاو پلانەکانیان ڕوون ئەکاتەوەو هەروەها باشتر بە موسڵمانانیان ئەناسێنێ و هەروەکو ئەفەرمووێ ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ائْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّي ۚ أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا ۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ ﴿٤٩﴾﴾ (أي ومن المُنافقينَ من يقول لَكَ ائذن لي في القعود ولاَ تفتني بالخروج للجهاد ولَقَد وقعوا في الفتنة عينَها بظهور كُفرهم ونفاقهم وَجَهنمُ مُحيطةٌ بهم من كل جانبٍ لا يخلصون من العذاب ولا ينجُونَ، نَزلَتِ الآية[1]، في الجدّ بن قيسٍ، كان منافقاً يتظاهر بالإيمان فلَما خَرجَ رَسُول الله لغزوة تبوك قَالَ (ﷺ) هَلْ لَكَ في جلادين الأصْفر يعني الرّوم؟ فَقَالَ يا رَسُول الله (ﷺ) إنّي أخشى إنْ رأيتُ نساءَ الروم أنْ لا أصبرَ عَنْهُنّ فأذن لي ولاَ تفتني بالنّساءِ فأعْرض عنهُ النّبي (ص) فقال (قد اذنت لك) فأنزل الله، ومنهم من يقول أئذن لي ولا تفتني) اي لاتفتني بصباحة وجوههنّ) (رواه الطراني وأبو نعيم، عن ابن عباس (رضي الله عنهما) ، واتە: هەندێ هەن لەناو ئەو مونافیقانەدا یانی لەنێوان ئەم دووڕووانەدا کەسانێك هەیە کە ئەڵێ ئەی محمد (ﷺ) مۆڵەتم بدە با خۆم دانیشم و نەچمە غەزاوە، جا دووچاری تاوان و خراپەم مەکە بەبۆنەی

---

(١) بڕوانە: تفسیر (حدائق الرّوح والرّیحان في روابی القرآن)، لە نووسینی (محمد الهرري الشافعي)بەرگی(١١)، لاپەڕە ٢٧٩.

چوونە دەرەوەم، ئاگاداربەو بزانە ئەوان کەوتونەتە نێو خراپەوە بەهۆی دەرنەچوونیانەوە، دەرکەوتنی دووڕوویی خۆیانەوە، بەگومانی خۆیان لەدەستی گوناه هەڵدێن بەڵام کەوتونەتە نێو گوناهی خراپترەوەو بەڕاستی دۆزەخ دەورەی بێ باوەڕەکانی داوەو قەت لە سزای دۆزەخ ڕزگاریان نابێ.

(هۆکاری نازل بوونی ئایەتەکە)

جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەڵێن لەم ئایەتەدا دەربارەی (جەددی کوڕی قەیس) هاتە خوارەوەو بەمەبەستی خۆ دزینەوەو فرۆفێڵێکی خۆی کە ئەنجامی دابوو، چونکە پێغەمبەریش (ﷺ) داوای لێکرد بەشداری شەڕی (تەبووك) بکات بەڵام ئەو گووتی ڕێگەم پێبدە کە لەماڵەوە بمێنمەوە و ئینجا بە ماڵ و سامان بەشداری دەکەم چونکە من بە بینینی ئافرەت و شۆخ و شەنگی کچە ڕوومیەکان یان هۆزی (بەنی ئەصفەر) خۆم پێ ڕاناگیرێ و ئەترسم تووشی (زیناو) خراپە ببم بۆیە پێغەمبەریش (ﷺ) ڕووی لێ وەرگێڕاو وازی لێ هێنا.

(پاشکۆ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون مەبەست ئەوەیە سزاو ئازارم مەدە بەدەرچوون لەکاتی ئەم گەرما سەختەدا بەهەر حاڵ دەستەیەك لە دووڕوو ناپاکەکان عوزرو بیانوویان هێنایەوە بۆ دەرچوون و خۆ قوتار کردن لەو غەزایە جا قورئانی پیرۆز بەرپەرچی دانەوەو هیچ بیانوویەکیان نەما.

ئەوجا قورئان بۆچوون و ڕەوشتێکی تری ناپەسندیان باس دەکات و

دەفەرمووێ ﴿ إِن تُصِبۡكَ حَسَنَةٞ تَسُؤۡهُمۡۖ وَإِن تُصِبۡكَ مُصِيبَةٞ يَقُولُواْ قَدۡ أَخَذۡنَآ أَمۡرَنَا مِن قَبۡلُ وَيَتَوَلَّواْ وَّهُمۡ فَرِحُونَ ٥٠ ﴾ (أي إن نَصرك الله على أعدائك ساءهم ذَلكَ لما في قلوبهم من البغضاءِ وَالحسد وإنْ أصابتك مُصيبةمن هزيمةٍ ونكبة فَرحوا أشّد الفرحِ وَقَالُوا قَدْ أحتطنا لأنفسنا وأخذَنا بالحذرِ والتيقظ فلم نخرج للقتالِ من قبلُ أن يحلّ بنا البلاء أي وينصرفوا عَن مُجتمعهم وهم فَرِحُونَ مَسرُورون)، واتە: بێگومان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر خێرو چاکەیەکت تووش بێت ئەو دوو ڕووانە پێی سەغڵەت و دڵتەنگ دەبن، وە ئەگەر بەڵاو ناخۆشییەکت تووش هات ئەوە دەڵێن ئەوە باش بوو فریای خۆمان کەوتین و نەچووین بۆ جەنگ واتە ئێمە پێشتر کە شوێنی نەکەوتین خۆ پارێزیمان کرد، ئینجا بە دڵخۆشیەوە خۆیانت لێ دوورە پەرێز دەگرن.

درێژەی واتە :

یانی ئەی محمد (ﷺ) ئەگەر ئێوەی موسڵمانان و خوا پەرستان تووشی چاکەو خێرێك ببن لە غەزایەکدا سەرکەوتن بەدەست بێنن وەکو جەنگی (بەدرو فەتحی وولاتی ڕۆم) و یان هەر سەرکەوتنێکی تر ئەوان دڵتەنگ دەبن و پێیان ناخۆشە چونکە بوغزو ئیرەیی و (حەسادەت) لە دڵیانە، خۆ ئەگەر بەڵایەکتان تووش ببێ یان تێکبشکێن ئەوکاتە ئەڵێن ئێمە هەر بەر لەمە (ئیحتیاتی) خۆمانمان وەرگرت و ئەوجا باش بوو نەچوینە غەزاکە، هەتا ئێمەش تووشی ئەم تێکشکانە ببین ئینجا بە دڵشادیەوە پشت لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن و دەچن بەرێی خۆیاندا،

ئینجا خوای گەورەش ڕێنمایی پێغەمبەرەکەی دەکات (ﷺ) بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دوژمنایەتیەیان و دەفەرمووێ ﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ (أي قُلْ لَهُمْ لَنْ يُصيبنا خيرٌ ولاَ شرٌ ولا خوفٌ ولا رجاءٌ ولاَ شدّة ولاَ رخاءٌ، أو غَنيمةٍ أو هَزيمةٍ إلاّ وهو مُقدرٌ علينا مكتوبٌ عِند اللهِ، اللهُ رَبُّنا هُوَ ناصِرُنا وَحافِظُنا، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو دووڕووانە بڵێ ئێمە تووشی هیچ کارەساتێك نابین مەگەر ئەوە نەبێت کە خودا بۆی نووسیوین، ئینجا هەر کەسێك کە کاروباری بەدەست خوایە، با پشت بە خوا ببەستێ وە بەتەمای خوا بێ، دەبا ئیمانداران هەر پشت بە خوای گەورە ببەستن، چونکە هەر ئەو یارمەتیمان ئەداو سەرکەوتوومان ئەکاو ئەمانپارێزێت؟

(درێژەی واتە)

یانی ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ ئەوەی کە خوای مەزن لە (لوح المحفوظ) دا بۆی نووسیبین نایتە ڕێمان و تووشمان نابێ ئەوجا چ خێرو چ شەڕ بێ یان ترس و هیوا بێ یان خۆشی و ناخۆشی بێت، یان ماڵ و سامانی دەستکەوتوو بێت یان هەڵاتن و بەزین بەرامبەر دووژمن، چونکە نابێ موسڵمان جگە لە خوا پشت بە هیچ کەسێکی تر ببەستێ، جا بێگومان هەر خودا یارمەتیدەرەو پشتیوانمانە جا کەوایە با ئیمانداران پشت بە خوا ببەستن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ

هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ ۖ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ أَوْ بِأَيْدِينَا ۖ فَتَرَبَّصُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴿٥٢﴾ (أي قُلْ لَهُمْ هَلْ تَنْتَظِرُونَ أَنْ يَقَعَ بِنَا إلاّ إحْدَى الحُسْنَيَيْنِ النّصرَ أو الشّهادَةَ في سبيل اللهِ؟ وَكُلُّ واحِدٍ مِنْهُما مَقامٌ رَفيعٌ لَنَا وَنَحنُ نَنْتَظِرُ أسوأ العَاقِبَتينِ الوخيمتينِ أنْ يُهْلِككم اللهُ بعذابٍ مِنَ السّماءِ أوْ يَقْتلكم وَيُهْلِكَكُمْ بأيدينا فانْتَظرُوا مَا يَحِلُّ بِنَا وَنَحنُ نَنْتَظِرُوا مَا يحِلُّ بِكُمْ وهو أمرٌ يتضمَّنُ الوعيدَ وَالتّهْديدَ)، واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بەم دووڕووانە بڵێ چاوەڕێی چی لە ئێمە دەکەن لەو دووباشەو چاکەیە، کە یەکێکیان لە خواوە پێ ئەگات یان سەرکەوتن و بەدەست هێنانی ماڵی (غەنیمەت) و دارایی و دەسەلآت، یان (شەهید) بوون و گەیشتن بەو بەهەشتەی کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆیان، جا بێگومان ئێمەش چاوەڕوانی ئەکەین کە ئێوە لەلایەن خواوە ئازارتان تووش بێت و (بەهیلاك) بچن و بفەوتێن یاخود بەدەستی ئێمە لەناوبچن و بکوژرێن، ئێوەش چاوەڕێ بکەن، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین.

(درێژەی واتە)

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە بێ باوەڕو دووڕووەکان بڵێ ئایە ئێوە جگە لە یەکێ لەو دوو کارە زۆر چاکەو پیرۆزانە یان سەرکەوتن بەسەر ئێوەدا یان (شەهید) بوون لە ڕێگای خوادا ئایە چیترمان بۆ چاوەڕوان دەکەن؟ ئەوجا ئێوە دڵنیابن کە ئێمە چاوەڕێی یەکێك لەو دوو دەرئەنجامە باش و چاکە دەکەین کە یان سەرکەوتن و پایەداری یە

یاخود (شەهید) بوون و رزگاریە، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە چاوەڕێین کە خوای گەورە بەڵایەکی تایبەتتان لەلای خۆیەوە بەسەردا بهێنێت، یاخود بەدەستی ئێمە تووشی شکستی و نەهامەتی و ریسوایی ببن، یاخود کە خودا بتان گرێ بە سزایەکی تایبەتی لەلای خۆیەوە (مردنێکی نالەبار بە دەردێکی ناهەموار) یان بە سزایێ بە دەستی ئێمە لەناو بچن چ بە تیرو چ بە شیر جا بێگومان چاوەڕێ بکەن ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ ئەکەین، ئەم هەڕەشەو گوڕەشەیە، ئەوە فەرمانێکە لەلایەن خواوەیە، ئینجا سەرئەنجام دەرئەنجام دەزانن کاممان سەرکەوتوو و خۆش بەختین و کاممان دۆڕاوو رووڕەش و زەرەرمەندو شەرمەزارین، ئەوجا لە پاشان خوای گەورە روونی ئەکاتەوە ئەو دووڕووانە پاداشت و سوود وەرناگرن بەهۆی ئەو شتانەی کە ئەیبەخشن لە کاتێکدا ئەوان بەردەوامن لەسەر بێ باوەڕی و جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَنفِقُواْ طَوْعًا أَوْ كَرْهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾ أي مَهْمَا أنْفَقْتُمْ منَ الأموالِ طَائِعينَ أوْ مُكرَهينَ فَلَنْ يتقّبلها الله منكُم لأنَكُمْ فَسَقَةٌ فَجَرَةٌ خارِجُونَ عَنْ طَاعَةِ الله لَقَد ضَيَّع المُنافقُونَ أثمَنَ شيءٍ ألاّ وَهُوَ الإيمانُ فَمَهما أنْفقُوا مِنْ خَيرٍ فَلَنْ يُقبلَ مِنهُم لأنّ الأعمال لا تُقبل عِند اللهِ إلاّ بالإيمانِ والإخلاصِ وهُم قَدْ فَقَدُوا الأمرينِ جميعاً فَخَسَرُوا كُلّ حَسَناتِهِمْ، واتە: پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ)

بەخۆشی یان بە زۆری و ناخۆشی ببەخشن لە ماڵ وسامانەکانتان خوای گەورە لێتان وەرناگرێ[1]،چونکە بەمەرایی ئەیبەخشن هیچ سوودێکی لێ نابینن، چونکەبەڕاستی ئێوە گەلێکی (فاسقن) واتە لەرێگای راست لاتانداوە.

(درێژەی واتە)

واتە ئەی پێغەمبەر تۆ بڵێ بەو (مونافیقانە) یانی دووڕووانە، ئێمە چاومان لە ماڵ و سامانی ئێوە نیە، وە ماڵ و سامانی خۆتان (سەرف) بکەن بەخۆشی و ناخۆشی بێ کە ماڵ و سامان ئەبەخشن بە (ریایی) و بەبەرچاوی خەڵك یا هەرچۆنێك بێت خوا لێتان (قەبوڵ) ناکات و وەری ناگرێ، واتە ئەجرو پاداشتان ناداتەوە، چونکە ئێوە کۆمەڵێکن باوەڕتان بە خواو بە پێغەمبەر (ﷺ) نیەو هەروەها پەیڕەوی خودا ناکەن و دەرچوونەو باوەڕتان بە ئاینی ئیسلامیش نیە چونکە بەڕاستی دووڕووەکان شتێکی زۆر بە نرخیان لەدەست داوە ئەویش بێگومان (ئیمان و باوەڕ)ە، جا هەرچۆنێك ماڵ و سامان ببەخشن خوای گەورە وەری ناگرێ و قەبوڵی ناکات، چونکە ئیمان و ئیخلاصیان لەگەڵدانیە ئەوجا دوو شتە گرنگەکەیان لەدەست داوە خوای گەورەش هیچ کارو کردەوەیەکیان لەگەڵ خێرو خێراتیان لێ وەرناگرێ و چاکەشیان بە فیڕۆ دەدات.

---

(١) بە زۆری (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە لە بارەی (جەددی کوڕی قەیس) وە هاتە خوارێ چونکە داوای ئەوە کرد بەماڵ و سامان بەشداری بکات بەلاّم خۆی نەچێ بۆ جەنگی تەبوك وە هەروەها درۆیەکی هەڵبەست و داوای کرد وازی لێ بهێنن و ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) وازی لێهێنا.

(دووڕووەکان نوێژەکانیان ناکەن مەگەر بە ڕیایی و تەمبەڵی نەبێ)

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾ (أي وَمَامَنَعَ مِنْ قبول النفقات مِنْهُم إلاّ كفرهم باللهِ ورسولهِ ومجيئهم إلى الـصّلاة مُتثـاقلين مُتظـاهرين بالطاعـة، وَهُـمْ أيـضاً غـير مُخلـصين في الإنْفَـاقِ فَـلا ينفِقُونَ أموالَهُمْ إلاّ بالإكراه)، واتە: بێگومان هیچ شتێك نیە کە ڕێگـر بێـت لە وەرگرتنی چاکەکانیان بێجگە لەوەی کە ئەوان بێ باوەڕن بە خواو بـە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) یـانی ئیمانیـان پێـی نـەبووە، جـا هـەروەها ئـەو دووڕووانـە نوێژەکانیـشیان بەتەمبـەڵی و سـستی دەکـەن، ئـەو مـاڵ و سامانەش کە دەیبەخشن زۆر بە تۆبزی و نا بـەدڵی ئەیدەن و (سـەرفی) ئەکەن.

(درێژەی واتە)

واتە هیچ شتێك نەبۆتە ڕێگر لەوەی ماڵ و سامان بەخشینەکانیان لـێ وەربگیرێت، بێجگە لەوەی باوەڕیان بە خوداو بـە پێغەمبەرەکـەی نیـەو، چونکە هەر لەبـەر ئـەو بـێ باوەڕییـە لـەوان وەرنـاگیرێ لەلایـەن خـودای پەروەردگارەوە، وە نوێژەکان ناکـەن مەگـەر بـە قورسـی و بـە تەمبـەڵی نـەبێ یـانی بـە دڵـسۆزیەوە نایکـەن و مەبەسـتیان تـەنیا ڕووپامـایی و (ڕیاییە)، هەروەها دیسان ماڵ و سامانیش نابەخشنەوە مەگەر بە تۆبزی

و بەناچـاری نـەبیّ، وە هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرمویّت: ﴿فَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُمۡۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾﴾ واتـــــە ئـــــەی خۆشەویست[1]، ئەگـەر ئـەو دووڕووانـە دەبینـی خـاوەن مـالّ و سـامان و منـدالّن ئـەوجا ئـەوە سەرسـامت نـەكات و وا بـزانن ئـەوە شـتێكی باشـە بۆیان، بێگومان بەهۆی ئەو مالّ و مندالأنـەوە خـودا دەیـەوێت لـە دنیـادا سزایان پیّ بدات لـە ژیـانی دنیـاو گیانیـان دەرچـوێنیّ لەكاتێكدا ئـەوان (كـافر)و بـیّ بـاوەڕن، بـە بێبـاوەڕی بیـانمرێنیّ واتـە بـەگرانی گیانیـان دەریچیّ، كەواتە لە پاشەڕۆژدا خوا سزایان ئەدا بەهۆی بیّ باوەڕیانـەوە، هـەروەك سـزایان ئـەدا لـە جیهانـدا بـەهۆی دارایـی و منداڵەكانیانـەوە سودیان بۆیان نیە.

(ئاگاداربیەكی گرنگ)

پێـشەوا قـورطبي لـە تەفـسیرەكەیدا [2]، ئـەلّیت لـەبن سـێبەری ئـەو ئایەتەی پێشوودا ئەفەرمویّ (عَلَى أنّ أفْعال الكافرِ إذا كانَـتْ بـرّاً كـصلة القرابة وجبر الكسير وإغاثة الملهوف لا يُثاب عَلَيها ولا ينتفعُ بها في الآخـرة،

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە پیرۆزە هەرچەندە ئاراستەی پێغەمبەری خودا كراوە (ﷺ) بەلأم لە راستیدا هەموو موسلّمانێكی تریش ئەگرێتەوە كە ئەو سیفەتە ناوبراوانەی تێدا هەبیّ: بڕوانە (التفسير الواضح الميسر)، بقلم (الشيخ محمد علي الصابوني)، لاپەڕە/٤٧٠.

(٢) بڕوانە: (تەفسیری قرطبي)، بەرگی/٥، لاپەڕە/١٦.

بَيْدَ أنّه يُطْعمُ بِهَا فِي الدُّنيا)، واتە: ئەوەی راستی بێت کردەوەی چاکی کافرو بێ باوەڕ وەکو بەجێهێنانی (صیلە)ی رەحم و بەخشین و یارمەتی دانی لێقەوماو ئەم جۆرە شتانە پێ دەچێ لە ژیانی دنیادا سودو قازانجی لێ ببینێ بەلام لە قیامەتدا واتە دواڕۆژدا هیچ پاداشتی نادرێتەوە، بە دەلیل و بەلگەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەفەرمووێ: روى مسلم عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّهِ ! ابْنُ جُدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيّةِ يَصِلُ الرّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ؟ قَالَ: "لاَ يَنْفَعُهُ. إِنّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْماً: رَبّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدّينِ"[1]، واتە: ئیمام (موسلیم) لە خاتوو عائیشە (خوا لێی رازی بێت) ریوایەتی ئەکاو ئەفەرمووێ عەرزی پێغەمبەرم (ﷺ) کردو ووتم ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئیبن و جودعان لە سەردەمی نەفامی نەزانیدا (صیلەی رەحمی) بەجێ دەهێنا و فەقیرو هەژاری نان دەدا ئایە ئەو کردەوانەی کە ئەیکرد سودو قازانجی پێ دگەیەنن؟ ئەمیش لەوەلامدا فەرمووی نەخێر سوودو قازانجی پێ ناگەیەنن، چونکە بێگومان رۆژێك لە رۆژان لە ژیانی دونیادا نەیگوتووە (خوایە لە تاوانەکانم خۆش ببە)و بەعەفو و کەرەمت لە گوناهەکانم ببورە لە رۆژی قیامەتدا یانی لە رۆژی دواییدا واتە بێگومان ئیمان و بڕوای بە خودا نەبووە.

---

(١) رواه مسلم فى كتاب الايمان٢١٤/٣٦٥.

(پاشکۆ)

هەروەها زیاد لەمەش (موفەسیرەکان) ئەم روونکردنەوەیان کردووە بە بەلگەی ئەم فەرموودەیەی حەزرەت (ﷺ) کە پێشەوا موسلیم هێناویەتی هەروەکو دەڵێت (عَنْ أَنَس بْن مَالِكٍ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّه صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ: إِنّ اللّهَ لا يَظْلِمُ مُؤْمِنًا حَسَنَةً " يُعْطَى بِهَا فِي الدّنْيَا ، وَيُجْزَى بِهَا فِي الْآخِرَةِ . وَأَمّا الْكَافِرُ فَيُطْعَمُ بِحَسَنَات مَا عَمِلَ بِهَا لِلّه فِي الدّنْيَا ، حَتّى إِذَا أَفْضَى إِلَى الآخِرَةِ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَةٌ يُجْزَى بِهَا) [1]، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی بەڕاستی خوای گەورەو میهرەبان زوڵم و ستەم لە موسڵمانان ناکات بۆ بچوکترین چاکە لە دونیاو لە قیامەتدا ئەجرو پاداشتی دەداتەوە[2]، بەڵام (کافر) واتە بێ باوەڕ لە دونیادا خواردەمەنی دەست دەکەوێ ئەوە بەهۆی ئەو کردەوانەی کە لە دونیا بۆ خودا کردوونی بەڵام کە چووە دوارۆژ قیامەتەوە ئیتر هیچ خێرو چاکەیەکی نیە و پاداشتی پێ وەرربگرێ چونکە ئیمان و باوەڕی بە خوای گەورە نەبووە، جا بێگومان پێشەوا (قرطبي) لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێت (وهذا نصه، ثم قيل هل يحكم هذا الوعد الصادق لابدَّ أنْ يطعم

---

(١) رواه ايضاً الامام مسلم في صحيحه برقم/٢٨٠٨/٥٦.

(٢) چونکە بێگومان موسڵمانان هەر کارێکی خێرو چاك ئەنجام بدات خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە.

الكافر ويعطى بحسناته في الدنيا[1]، أو ذلك مقيدٌ بمشيئة الله المذكورة في قولـه تعـالى ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ﴾ سـورەتی الاسـراء، ئايـەتی /١٨، واتـە: بێگومـان ئـەو كەسـەی ژيـانی ئێستای دنيای دەوێ و خۆی بۆ ئەوە تـەرخان كـردووە وە بـۆ ئـەوەی ئـيش دەكـات ئێمـە بـۆ هـەر كـەس لـەوان كـە ئارەزووويـان لێبێـت لـە خۆشيەكانی دنيا ئەوەندەی كە ويستی ئێمەی لەسەر بێت پێـی دەدەيـن واتە بەزوويی ئاوات و ويستەكەی پێك دێنين و دنيای دەدەينێ ئينجـا بـا بێينەوە سەر ئايەتەكەو ئەوجا ئەم دووڕووانـە سـوێنديان دخـوارد بـەدرۆ كە ئەيان ووت ئێمە بەڕاستی موسڵمانين جا خـوای گـەورە لەبارەيانـەوە دەفـــــــەرموێت: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾﴾ أي ويُقسِمُونَ لَكُم بـالله إنّهُـمْ مؤمنـونَ مِثلَكُمْ وماهم بمُؤمنينَ، في الواقع لِكُفرِ قلوبهم وخباثة بـاطنهم ولكـنّهم قـومٌ جُبناء يخافُونَ أن تَقْتلُهم لِذلك يظهرُونَ لَكُمْ الإسلام تقية ويؤدونَهُ بالإيمـانِ الكاذبة الفاجِرة، واتە: ئەو دووڕووانە سوێنديش دەخۆن بەخوا كـە ئـەوان بەشێكن لە ئێوە جا لە راستيشدا ئەوان لـە ئێـوە نـين چـونكە ئـەوان لـە ترساندا سوێندی بەدرۆ ئەخۆن، بـەڵام ئـەوان نەتەوەيـەكن ئەگـەر بۆيـان بكرێت خۆيان جيـا دەكەنـەوە لـە تـرس و ناچـاری دا خۆيـان تێكـەڵ بـە ئێوە دەكەن.

---

(١) ئەوەی راستی بێت سوود بينينی (كافر)و بێ باوەڕ لە ئەنجامدا لە خێرو چاكەی خۆی لە دونيا بە گوێرەی ويست و ئيرادەی خودايە، هەركاتێ ويستی لە دنيادا پاداشتی بداتەوەو دەيداتەوە، وەكو دەقی ئايەتەكە فەرمووی،

(درێژەی واتە)

یانی ئەو دووڕووانە زۆر سوێند دەخۆن بەوەی کە ئیمانداڕن و لە ئێوەن، بەڵام لە ڕاستیدا وانیە ئەوان لە ئێوەنین و لە ڕاستیدا درۆ ئەکەن بەهۆی بێ باوەڕی و دڵپیسیان چونکە ئەوان گەلێکی ترسنۆکن لەبەر ترسنۆکی خۆیان، هەمیشە خۆیان بە ڕواڵەت بە خاوەن باوەڕو دۆستی باوەڕداران ناو ئەبەن، بە زاهیری خۆیان بە موسڵمان لەقەڵەم ئەدەن کە ئەوان لە ئێوەن و موسڵمان بوون، ئەوان لە ئێوە نین و باوەڕیان بە خوا نەهێناوە، لە دڵی خۆیاندا بەدرۆ باوەڕیان هێناوە، بەڵام ئەو بێ باوەڕو دووڕووانە تاقمێکن ئەترسن لە ئێوە کە بیان کوژن کەلەسەر دووڕوویی بمێننەوەو لە ترسی کوشتن و دیل کردن و تاڵان کردنیان بەسەر زارەکی موسڵمان بوون ئینجا سوێندی بەدرۆ ئەخۆن بۆیەش سوێند دەخۆن تاکو ئێوە پێیان باوەڕ بکەن.

(تێبینی)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم دووڕووانە لەترسی ئەوەی کە هیچ پەنایەکی دیکەیان نیە، ئەو درۆیە دەکەن، دەڵێن ئێمە بەشێکین لە ئێوە، دەنا ئەگەر پەنایەکی دیکەیان هەبێت ئەوا لە ئێوە دوور دەکەونەوە و جیا دەبنەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا أَوْ مَغَـٰرَٰتٍ أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ۝٥٧ ﴾ (أي لَوْ يَجدُونَ لهم حصناً يلجأونَ إليه أو مغارات أي سراديب يَخْتَفُونَ فيها أو مدَّخلاً أي مكاناً يدخلُونَ فيه ولَوْ ضَيقاً لأنصَرفُوا عنهُ

وأقبَلُوا إليه مُسْرِعِينَ كأسراعِ الفرسِ الجمُوحِ، يقالُ فرسٌ جُموحٌ، إذا ذَهَبَ في عَدوهِ لَمْ يرده اللّجامُ)، واته: ئەوانە ئەگەر پەناگەیەك یان ئەشكەوت و نەفـەقێكیان دەسـت بكەوتایـە، بـۆ ئـەوەی خۆیـانی تێـدا بـشارنەوەو بەشداری غەزا نەكەن بەپەلەو بە خێرایی وەكو ئەسپی سەركێش خۆیانی لیٚ وون دەكەن و بزر دەكەن، ئەوەنـدە ڕقیـان لێتانـە قـەت حـەز ناكـەن رووتان تێبكەن و بتانبینن.

(درێژەی واتە)

یانی ئەگەر ئەو (مونافیقانـە) واتـە ئـەو دووڕووانـە دەسـتیان بكـەوێت پەناگەیـەك پـەنای بـۆ بـەرن وێنـەی قەلآیـەك یـان سـەری كێوێـك یـان دوورگەیەك بیٚ لەناو دەریایەكەوە دەست بكەوتایە ئەڕۆیـشتنە ناویـەوە، ئـەیان كـرد بـە پارێزگـاری خۆیـان، یـان ئەگـەر چـەند ئەشـكەوتێكیان بدۆزیتایەوە لـەناو كێـوێكی سـەخت و عاصـیٚ كـە دەسـتیان پـیٚ نـەگات ئەڕۆیشتن بۆ ناوی یان (مەدخەل) واتە: بە جێگایەك دەڵـێن كـە ئینـسان زۆر بە زەحمەت خۆی تێدا بشارێتەوە (يَجْمَحُونَ) واتـە بەپەلـە هەڵـدێن و رووی تیٚ دەكەن .

(موفەسـیرەكان) ئەفـەرموون ئەوانـە چەسـپانی ئەكـەن و هـیچ شـتیٚ نایانگرێتـەوە، وەك وولآخـی بـیٚ لغـاو و سـەركێش، واتـە ئـەو دووڕوانـە لەبەر ئـەوەی زۆر بێـزارن لـە جـەنگكردن و ژیـان و تێكـەڵی ئێـوە لەبـەر ئـەوەی زۆر مەترسـی ئەكـەن لەدەركـەوتنی نیفـاق و دووڕوویيـان ئاواتـە خـوازن بـۆ ئـەوەی جێگـاو شـوێنێكیان دەسـتكەویٚ بـچن بـۆی بـۆ چەسپاندنی و ڕائەكەن بۆی یا ئەو جێگایە تەنگ و تاریك و ناخۆش بێت، جا بێگومان قورئـان لێـرەدا حـاڵی دووڕووەكـان دەخاتـە ڕوو و وە سـەر لێشێواویان پیـشان دەدات كـە لـە ترسـانا نـازانن چـی بكـەن و لەكوێـدا خۆیان بشارنەوە تا بیٚ باوەڕیان ئاشكرا نەبێت.

(دوو تێبینی)

یەکەم:- ئەوجا پێویستە بزانین ئەم ئایەتانە هەموویان لە ئایەتی چل و یەکەوە تا کۆتایی ئایەتی پەنجاو حەوت بەهۆی غەزای تەبووکەوە هاتونەتە خوارەوە، بەلاّم لەسەر چەند هۆیەکی جیاواز، بۆ وێنە دوو تاقم لە غەزای تەبووك دواکەوتن ١ تاقمە موسلّمانەکان و ٢- تاقمی چینی مونافیقەکان واتە دووڕووەکان ، ئەم دوو ڕووانە هەندێکیان ئامۆژگاری هەندێکیان ئەکرد کە ئەڕۆن بۆ ئەو جەنگەو پێیان ئەگووتن، لەم کاتی گەرمای هاوینەدا چۆن ئێوە دەڕۆن بۆ غەزاو ئەم ڕێگەیە دوورودرێژە، ئینجا خوای گەورە (عیتابی) لە موسلّمانەکان گرت و ئەوانەی دواکەوتن لەم غەزای تەبووکەدا ئینجا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە فەرمووی ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ ﴾ هەتا دەگاتە ﴿ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ هەروەکو لە پێشەوە ئامازەی بۆکراوە.

دووەم:- (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەندێ لە دووڕووەکانی مەدینە ئەوانەی دواکەوتن و ئینجا درۆو دەلەسەیان بلاّو ئەکردەوە لەگەلّ پڕوپاگەندەی بێجێ و بێ مانا و تانەو تەشەر لە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەلاّنی و ئەیانووت (محمد) و یارو یاوەرەکانی لە ڕێگەدا هەموو مردوونە یان کوژرانە، ئینجا خوای گەورە بەدرۆی خستنەوەو ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو فەرمووی ﴿ إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ﴾.

(رەخنەی دووڕووەکان سەبارەت بە دابەشکردنی زەکات و سەدەقەو ماڵی غەنیمەت)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەروەها خوای گەورە لەسەریان ئەروات و نیازو ووشەو ووتەی بەدیان دەرئەخات کە خۆیان دەیانویست دەرنەکەوت بەلاَم نەیانتوانی چونکە خوا هەواڵی لێدان هەندێ لەو ووتە بۆگەن و بەدەیان ئەوەبوو کە رەخنەو تەشەرەیان ئەدا لە دابەشکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەو زەکات و خێرو صەدەقانەی بەتایبەتی ئەو ماڵ و سامانەی (غەنیمەت) کە ئەکەوێتە ژێردەستی کە گوایە بە دادگەری بەکاری نەهێناوە، لەکاتێکدا (عەدالەت) و دادپەروەری رەوشت و ئەخلاقی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) نازدارە بوو، هەندێ لەو دووڕووانە قسەو بەدو خراپ و بۆگەنی بەدەمدا دەهات و دەیویست بیشارێتەوە، ئەوجا کاتێ کە لێیان دەرئەکەوت ئەیوسیت بە سوێندی درۆ خۆیان لێ بەری ئەکرد، هەندێ لەو دووڕووانە هەیان بوو دەمی خۆی ئەگرتەوەو ئەوەی لەدڵیدا هەبوو دەری نەئەبڕی لە ترسی قورئان نەبادا بێتە خوارەوەو ناپاکی و دووڕوویيان ئاشکرا بکات، هەروەکو ئەو ئایەتانەی داهاتوو ئەو شتانەمان بۆ روون ئەکاتەوەو دەرئەخات کە ئەفەرمووێ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنْهَآ إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ (أي وَمِنَ المُنافقِينَ مَنْ يُعيبُكَ يا مُحّمد في قَسْمَة الصَّدَقَات وَالغنائم فإنْ أعْطَيْتَهُمْ منَها مَا يُحبُّونَ إسْتَحْسَنُوا فعْلَكَ وَرَضُوا عَنْكَ وإنْ لَمْ تُعْطِهم ما يُحبّونَ سَخَطُوا عَلَيْكَ وَعابُوكَ)، واتە: هەندێ لەو (مونافیقانە) و دووڕووانە تانەو تەشەرت لێ ئەدەن لە (تەقسیم) و دابەشکردنی (زەکات) و ماڵی (غەنیمەت) و دەستکەوتدا، کە گوایە

دادپەروەرانە دابەشی ناكەیت، ئەوجا ئەگەر ئەوانە بەشیان بدرێت ئەوە رازین وە ئەگەر بەشیان نەدرێت ئەوانە رق هەڵدەگرن و بوغزو كینە دەنوێنن.

(درێژەی واتە)

یانی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە دووڕووەكاندا هەندێ كەس هەیە (عەیبدارت) دەكات لە دابەشكردنی ماڵ و سامانی غەنیمەت و صەدەقەدا و بەدڵی ئەوان نیە واتە هەندێ لەو دووڕووانە رەخنەت لێ دەگرن لەسەر چۆنیەتی دابەشكردنی زەكات و هەروەها دابەشكردنی ئەو دەستكەوتانەی لەجەنگدا دەست كەوتوون، جا بێگومان ئەگەر لەو ماڵ و سامانە بەشیان بدرێت ئەوە رازی دەبن و كڕ دەبن و ئەگەر بەشیشیان نەدرێت ئەوە خێرا تووڕە دەبن و ڕقیان هەڵدەستێ و لێت زویر دەبن و عەیبدارت دەكەن.

(باسێكی زۆر گرنگ)

قَالَ المفسرُون، كانَ رَسُول الله (ﷺ) يقسمُ غنائمَ حُنَين فَجاءَ إليه رَجل مِنَ المُنَافقِينَ يُقَالُ لَهُ (ذُو الخُويصِّرةَ) (١)، فَقَالَ إعْدلْ يا مُحمّد فَإنّكَ

---

(١) زولخوەیصیرە: ناوی (حەقوصی كوڕی زەهەیر) بووە، سەرۆكی (خەواریجەكان) بوو لە واقیعدا (خواریجەكان) كە چوون بە گژ حەزرەتی عەلیدا لەو نەتەوەبوون لە كاتێكدا پێغەمبەر (ﷺ) دەستكەوتی جەنگی (حونەینی) دابەش دەكرد ووتی ئەی پێغەمبەری خوا دادوەرانە دابەشی بكە وەكو لە پێشەوە باسكرا هەندێكیش دەڵێن رەخنەگرەكە (ابو الجواظ)ی دووڕوو بوو كە رەخنەی لە دابەشكردنی پێغەمبەر (ﷺ) گرت، بڕوانە (تەفسیری رەوان) لە نووسینی (مەلا محمود كەلالەیی)، بەرگی/٨، لاپەڕە/٥٤٣.

لَـمْ تَعْـدِل فَقَـالَ (ﷺ) وَيْلَـكَ إنْ لَـمْ أعْـدِلْ فَمَـنْ يَعْـدِلْ[1]، واتـە: (موفەسیرەکان) ئەڵێن کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوت و ماڵ و سامانی جەنگی حونەینی دابەش دەکرد پیاوێك بەناوی (زولخوەیسرە) کە سەرۆکی خەواریجەکان بوو هەروەها لە (مونافیق) و دوورووەکان بوو هات و گووتی ئەی (موحەمەد) دادگەر بە بەڕاستی تۆ پیاوێکی دادگەر نیت پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی هاوار بۆتۆ و یان مردن بۆتۆ باشە ئەگەر من دادگەر نەبم دەبێ کێ دادگەر بێ؟ لە (ریوایەتێکی) ئیمامی بوخاریدا ئەفەرموێت (فَقَال عُمَر يَا رَسُول الله (ﷺ) إئْذَنْ لِيّ أضْربُ عُنُقَهُ فقالَ لَهُ (ﷺ) دَعْهُ يا عُمر فإنّهُ لَهُ أصْحاباً يَقْرءُونَ القُرآن[2]، لا يجاوزُ تراقيهم، يعني حَناجِرهم يَمْرقُونَ مِنَ الدّينِ كَما يَمْرق السَّهْم مِنَ الرَمّية)، (رواه الشيخان) ، واتە حەزرەتی عومەر (خوا لێی رازی بێت) گووتی: ئیزنم بدەو لێم گەڕێ با لەگەردنی بدەم، حەزرەتیش (ﷺ) فەرمووی لێی گەڕێ ئەمە چەند هاوەڵێکی هەیە، هەر کام لە ئێوە نوێژی

---

(١) پێشەوا بوخاری لە تەفسیردا هێناویەتی/٤٦٣.

(٢) هەروەها پێشەوا (موسلیم) ئەم فەرموودەیەی هێناوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (يَخرج قومٌ مِن أُمتي يَقْرأُونَ القرآنَ لَيْسَ قيرائَتَكُمْ إلى قِرائَتِهِمْ بِشَيءٍ يَقرؤنَ القرآنَ يُحْسَبُونَ أنّهُ لَهُمْ وَهُوَ عَليهم، رواه مسلم، واتە: کۆمەڵێك لە ئوممەتی من پەیدا دەبێ لە کۆمەڵ دەردەچن، قورئان دەخوێنن (قورئان) خوێندنی ئێوە بەرامبەر خوێندنی ئەوان هیچ نیە نوێژەکەتان و ڕۆژووەکەتان بەرامبەر بە نوێژو ڕۆژووی ئەوان هیچ نیە قورئان دەخوێنێ وا تێدەگەن قورئان لە سوودو قازانجی ئەوانەو بەلآم لە راستیدا قورئان لەدژی ئەوانە، بڕوانە: (چەند گوڵێك لە گوڵزاری ئیسلام) لە نووسینی مامۆستا (مەلا عبدالله عەبدولعەزیز هەرتەلی)، لاپەڕە/٤٤

خۆی بە کەم کورِ دائەنیّ لەچاو نوێژەکەی ئەواندا رۆژووەکەی بەکەم دائەنیّ لەچاو رۆژووەکەی ئەواندا لە ئایین دەرئەچن هەروەکو تیر لە کەوان دەرئەچیّ، لە (ریوایەتێکی) تردا لەو کاتەدا ئەو کابرا ئەو قسەیەی ئەکرد بەرماڵی بەسەر شانی حەزرەتەوە بوو کابرا بەهەموو هێزو تاقەتەوە رایکێشاو وەها کە لە ملی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوەشاندو باییدا ئینجا کە (عومەری کوڕی خەتاب) ئەمەی دیت و بەپەلە هات و وتی ئەی پێغەمبەری خودا ئیزنم بدە بدەم لە گەردنی، جا ئەویش فەرمووی نەکەی (من ئەصحابەی) خۆم ناکوژم، وە کاتیّ کابرا ڕۆیشت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لەودوا لە پشتی ئەمەوە نەتەوەیێ دەرئەچن کە لە دین دەرئەچن وەکوو تیر چۆن لە شوێنی خۆی دەرئەچی[1]، ئەدی بێگومان ئەوەش یەکیّ لە (موعجیزەکانی) پێغەمبەر (ﷺ) نیە کە لە کۆتایی زەماندا کۆمەڵێك پەیدا ئەبن و هەروەکو لە فەرموودەی پیرۆزدا (حەدیسی نەبەوی) ئامـاژەی بـۆ ئـەکات و ئەفـەرمووێ پێغەمبـەری خۆشەویستمان (ﷺ) ئەفەرمێ (سَيَخْرُجُ قَوْمٌ فِي آخِرِ الزَّمَانِ، أَحْدَاثُ الأَسْنَانِ، سُفَهَاءُ الأَحْلاَمِ، يَقُولُونَ مِنْ خَيْرِ قَوْلِ البَرِيَّةِ، لاَ يُجَاوِزُ إِيمَانُهُمْ حَنَاجِرَهُمْ، يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ، كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ، فَأَيْنَمَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاقْتُلُوهُمْ، فَإِنَّ فِي قَتْلِهِمْ أَجْرًا لِمَنْ قَتَلَهُمْ يَوْمَ القِيَامَةِ) رواه البخاری ومسلم، واتە: لەکۆتایی زەماندا کۆمەڵێك پەیدا ئەبن تازە پێگەیشتوو و لاون و کەم عەقلّ و کەم تێگەیشتوون باشترین قسەی خەڵك دەکەن و

---

(١) بڕوانە: تەفسیری نامی لە دانانی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٦٥.

قورئان دەخوێنن و لەگەردنیان بەرەوخوارتر ناچێ بەهۆی توندوتیژی لەئایین دەردەچن، هەروەك تیر لە نێچیر دەرئەچێ، هەر كاتێك گەیشتنە ئەم جۆرە كەسانە بیانكوژن چونكە كوشتنی ئەوانە پاداشتی هەیە لەلای خوا لە رۆژی قیامەت[1]، جا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەكەی دواتر ئەوجا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ أي وَلَوْ أنّ هؤلاء الذّينَ عابُوكَ في القِسْمةِ رَضُوا بما أعطاهُمْ الرّسُولُ من الغَنيمةِ أو الصدقة وَحمدُوا الله على ما نالَهُمْ وشكروك، أي وَقَالُوا اكفانا فَضل الله وإنْعامه علَينا وَرَضينا بما قُسّمَ الله لَنَا سَيرزقنا الله ماهو أفضل من الغنائم والصّدقات، ونحن راغبُونَ في فضل الله وإكرامه، واتە: ئەگەر ئەو دوو ڕووانە بە دڵ ڕازی بوبان بەو بەشەی كە خوای گەورە پێی بەخشیون و پێغەمبەر (ﷺ) پێی داون وە بەڕاستی و بەدڵ بڵێن ئێمە خوای گەورەمان بەسەو هەر ئەو زاتە لێمان رازی بێت ئیتر هیچی ترمان ناوێت، چونكە بێگومان ئەوەی راستی بێت ئەو زاتە بەهرەمەندمان دەكات لە فەزڵ و بەخششەكانی خۆی هەروەها پێغەمبەرەكەشی لەوەی كە دەستی دەكەوێت نائومێدمان ناكات و بێبەشمان ناكات واتە ئەوان بیانووتایە بەسە بۆ ئێمە لەو شتەی خوا بمانداتێ لەمەودوا خوا ئەبەخشێ بە ئێمە بە گەورەیی خۆی زەكات یا

---

(١) بروانە: سەرچاوەی پێشوو.

دەستکەوتی ترو جا بێگومان ئێمە ئومێدمان وایە کە خودا لە فەزڵ و کەرەم و نیعمەتی خۆی بێ بەشمان نەکات وە ئێمە حەزمان هەر لە گوێڕایەڵی و فەرمانی خوایە، ئەگەر ئەمەیان گوتبا قازانج و خێر بوو بۆیان ئەوکاتە پاداشتی هەردوو جیهان بۆخۆیان دەستەبەردەکرد.

(زەکات ئەدرێ بە هەشت تاقم کۆمەڵ لە موسڵمانان)[1]

(چەند تێبینییەك)

یەکەم:- پێش ئەوەی دەست بە راڤەکردنی ئەم ئایەتە بکەین هەندێ یاساو پێشنیار ئەخەینە بەرچاوی خوێنەواران، جا بێگومان (موفەسیرەکان) ئەفەرموون پەیوەندی ئەم ئایەتەش بە ئایەتەکانی پێشوو ئەوەیە: کاتێك دووڕووەکان رەخنەیان لە شێوەی دابەش کردنی زەکات گرت ئینجا خوای گەورە ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە کە زەکات و صەدەقە بەسەر ئەو هەشت تاقم و چینە دابەش دەکرێ و بەس.

دووەم:- زەکات[2] جا بێگومان (زەکات) لە شەرعا ئەوماڵەیە کە (واجبە) واتە پێویستە دەوڵەمەند بیدا بە موستەحەقەکان لەسەر یاسای

---

(١) چونکە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو کەسانە دەکات کە زەکاتیان پێ بدرێت ئەویش هەشت جۆرە کەسن بەڵام ئێستا چوار تاقم و چین ماون کە زەکاتی (شەرعیان) پێ ئەدرێ و پێ دەشێ هەروەکو لە کتێبە فیقهیەکاندا روونکراوەتەوە بەجوانی.

(٢) زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (الزكاة) لە ووشەی (كالشّيء) يَزْكُو واتە شتەکە زیادی کردووە و گەشەی سەندوە هەروەها بەمانای پاکژ کردنەوەش بەکاردێت.

ئـایین وە هـەروەها زەكـات واجبـەو پێویـستە لـە پێـنج جـۆرە مالّـدا ١- نەخت واتە زێڕو زیو. ٢- مالّ و سامانی (تیجارەت) واتـە بازرگـانی. ٣- بەروبوومی باخ و بێـستان و رەزو بـاخ. ٤- بـەروبوومی (زەراعـەت) واتـە كشتوكالّ و دەغلّ و دان. ٥- حەیوانات، واتە ئاژەلّ. لـە ووشـترو رەشـە ولاّخ و چێلّ و گاو مەڕو پەزو بزن و مالاّت.

سـێهەم:- جـا بێگومـان خـوای گـەورە لـە قورئانـدا بۆمـانی روون كردۆتەوە كە ئـەو تـاقم و چـینەی زكاتیـان ئـەدرێتێ دیـاری كـردووە لـە قورئانی پیرۆزدا، هەتا ئەم دوو ڕووانە تێبگەن كە بەش كردنی زەكات بە گـوێرەی فـەرموودەی خـوای پـەروەردگارە نـەك بـەگوێرەی ویـستی پێغەمبەر (ﷺ) چونكە ئەگێڕنەوەو ئەلّێن جارێك مرۆڤێك هاتـە خزمـەتی پێغەمبەر (ﷺ) داوای زەكاتی لێكرد پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی (إنَّ الله تَعالى لَمْ يَرْض بِحُكمِ نَـبي ولاَ غَـيره في الـصَّدقاتِ حَتَّـى حَكَـمَ فيهَـا هُـوَ فَجَزأهَا ثمانيةَ أجْزَاءٍ فأنْ كُنْتَ مِنْ تِلْكَ الأجـزاءِ أعْطَيْتُـكَ حَقَّكَ، رواهُ أبـو داود، واتە: بەڕاستی خوای گـەورە رازی نـەبووە كـەس لـەبارەی دابـەش كردنی زەكاتەوە بڕیار بدات نـە پێغەمبـەر (ﷺ) و نـە غـەیری پێغەمبـەر ئەوجا زەكات بەرانی كردووە بە هەشت بەشەوە، ئینجا ئەگەر تۆ یـەكێك بی لەو هەشت تاقم و بەشـە ئـەوا لـە (زەكـات) مـافی خـۆت پـێ ئـەدرێ ئـەگینا پێـت نادرێـت جـا لـە شـەرعی فەرموودەكـەدا ئـەلّێت مەبەسـتی پێغەمبـەر (ﷺ) لـەو هەشـت بەشـە ئەوەیـە كـە خـوا بڕیـاری داوەو

داینـاون[1].

چوارەم:- جا (موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای گەورە لـەم ئایەتـەی کـە دێت لەمەودوا کە ناوی بردووە بە صەدەقە و یان (زەکات) جا بێگومـان پێشەکی ئەبێ بزانین (سەدەقە) بریتیە لـەو شـتانە ئـادەمیزاد لـە مـاڵ و سامان و دارایی خۆیان دەری ئەکەن و بە ئەمرو فەرمانی خوا ئەیبەخشن بۆ ئەوەی نزیك ببنەوە لە رەحم و بەزەیی خـودا جـا هـەروەها صـەدەقە دوو جۆرە:

١- پێـی ئـەووترێت سـەدەقەی سـوننەت واتـە بەخـشینی چـاکەیە و پێویست نەکراو» لەسەر ئادەمیزاد.

٢- پێـی ئـ·ووترێت زەکـات چـونکە خـوای مـەزن پێویـستی کـردووە بـەگوێرەی ئەندازەیـەکی دیـاریکراو لەلایـەن یاسـای ئایینیـەوە کـە موسڵمانان لـە مـاڵ و دارایـی خۆیـان دەری بکـەن و بیـدەن بـەو چـین و تاقمانەی کـە خـوا لـەو ئایەتـەدا باسـی کـردوون، هـەروەکو ئەفـەرمووێ ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠﴾ أي إنما يَسْتَحقُّ الزكاتَ المَفْرُوضَةَ أحد هؤلاءِ الأصْناف الثّمانية ولاَ يجوز لغيرهم، وهم

---

(١) سوود: وەرگیراوە لە پەرتووکی (بذلُ المجهود فى حَلّ سنن أبى داود)، لە نووسینی (الشیخ خلیل أحمد السهار نغوری)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٢٩٩.

(الفقراء) الفقير مَنْ لاَ مالَ لَهُ وَلا كسبٌ يقع مَوْقعاً مـن حَاجتـهِ (المـسكين) مَنْ لَهُ مَال أو كسب لا يكفيه (والْعَـامِلِينَ عَلَيْهـا) أي السّاعين في تحـصيلها وجمعها وهم الجُباةُ الذّينَ يَجْمَعُونَ الزّكاةَ مِنَ الأغنياء فَيعطي لَـهُ وَلَـوْ كـانَ حسن الحالِ (وَالمُؤَلَفَةَ قُلُوبهمْ) قومٌ أَسْلَمُوا ونيتهم ضعيفة بالإسلام، الـذّينَ أعْطـاهم الـنبيَّ (ﷺ) ليتـألف قلـوبهم علـى الإسـلام (كـصفون بـن أميـة) والأقـرع، وعُيينـة، قـال صـفوان أعطـاني رسـول الله (ﷺ) وَإنـهُ لا يغـضَ النّاسَ فَما زالَ يعطيني حَتّى إنّه لأحبُ النّـاسِ إلـيّ، (رواه الترمـذي)، (وفي الرِّقابِ) أي تخليص الرّقيق من الرّقِ وَالغَارِمِينَ أي المـديونينَ إنْ إسـتدانوا لإنفسهم في غير مَعْـصيةٍ وَلاَ إسـرافٍ (وفي سـبيل الله) أي القـائمِينَ بالجِهـادِ وَلَوْ أغْنياءَ (وَإبن السبيل) أي الغريب الذي إنقطعَ في سَفَرِهِ، وَلَو كـانَ غَنيـاً فِي بَلَدِهِ، فهذهِ هي الأصناف الثمانية التّي تجوز لَهُـم الزكـاة، ﴿فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ أي فَـرض الله لَهُـمْ هـذه الزكـاة فريضة ثابتة، والله عليم بمصالح العبادِ حكيمٌ في تَـشْريعهِ، لا يفعـلُ إلاّ مـا تَقْتَـضيهِ الحكمـة)، واتـه: زەكـات تـەنها بـەم جـۆرە كەسـانە دەدرێـت هـەژاران[١]، و نـەداران[٢]، (كارمەنـدانى) كۆكردنـەوەى زەكـات، وە ئـەو

---

(١) فەقیر بەوانە ئەڵێن نە كاسبیان هەیەو نە ماڵ و سامان.

(٢) مسكین بەو هەژارانە ئەڵێن كەمێك ماڵ و سامانیان هەیە بەڵام پێی بەڕێوەناچێ و ئیدارەیان نابێ جا پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین كە ئەو (مسكینە) پێی نەكرێ ژن بۆخۆی بێنێ چونكە ئەوە لەو پێویستیانەیە كە رەچاو دەكرێت لەكاتی تەقدیر كردنی ئەو شتانەی هەیەتی ئینجا پێویستە (زەكاتیان) بدرێتێ تا ژن بێنن بۆخۆیان.

دەزگایـەی کـە هەڵدەسـتێ بـە کۆکردنـەوەی و دابەشـکردنی بەسـەر سینفەکاندا، واتە (زەکات) دەدرێتە ئەو کەسانەی کە ئومێدیان هەیە لـە ئایندەدا دڵیان بە ئیسلامەوە هـۆگر ببێ یـانی ئەوانـەی تـازە موسـڵمان بوون و هێشتا دڵیان لەسەر ئیسلام دانەمەزراوە، ئازاد کردنی بەندەکان، واتە بە کۆیلە ئازادکردن پارەیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی خۆیان ئازاد بکـەن، هـەروەها ئەوانـەی قـەرزدارن، یـانی پارەیـان دەدرێتـێ بـە مـەرجێك قەرزەکەیان بۆ بێدینی نەبووبێ، وە زێدەڕۆییشیان نەکردبێ لە سـەرفدا، وە هەروەها (زەکات) دەدرێتە ئەو کەسانەی کە لە پێناوی خودا جیهادو تێکۆشـانیان کـردووە، ئەگـەر بـە مـاڵ و سـامانیش دەوڵەمەنـد بـن و حاڵیشیان باش بێتن وە هەروەها (زەکات) دەدرێتـە ئـەو رێبوارانـەی کـە پارەیان لێ دەبڕێت و دەستیان بە ماڵ و سامانیان ناگات، جا ئـەوەبوو دابەشـکردنی زەکـات بـەو هەشـت (صـنفەیە)و بـەو شـێوەیە، (فـەرزە)و لەلایەن خوای گەورەوە لەسەر ئیمانـداران، واتـە بێگومـان خـوای گـەورە چاك زانایـەو دەزانـێ کـێ موسـتەحەقەو پێشیاوەو کاربـەجێ و کارزانـە هەموو بڕیارێکی لەجێی خۆیدایە.

(درێژەی واتە)

جا بێگومان ئەو ئایەتـە پـیرۆزە هەشـت صـینف و چـین دەستنیـشان دەکات کـە دەشـێت مـاڵی زەکاتیـان پـێ بـدرێت و پێیـان ئەچـێ ئـەوجا بەڕاسـتی خـوای گـەورە ئـەو کەسـانە دیـاری دەکـات کـە شایـستەی صەدەقەو زەکاتن وەکو ئەفەرمووێت:

١- (لِلْفُقَرَآءِ) واتە نەداران کۆی (فەقیرە) یانی نەدار ئەویش کەسێکە ئەوەندە ماڵ و حاڵ و پارەی نەبێ بۆ خواردن و بۆ مەسرەف و جلووبەرگ و جێنشینی بوونی بەشی نەکات و کەوتبێ لە جێگایەك و خۆی پێ بەڕێوەنەچێ، هەروەکو لە پێشەوە ئامارەمان بۆکرد.

٢- (مساكين) واتە هەژاران ئەویش کۆی (وَٱلْمَسَٰكِينِ)ە واتە هەژار ئەویش کەسێکە ئەوەندە شتی هەیە کە جێگەیەکی بۆ بگرێت و پێویستیەکی پێ دی بەڵام بەشی ناکات ئەگەرچی (سوکنەشی) هەبێ بەڵام خۆی پێ بەڕێوەناچێ.

٣- جا وەکو دەقی ئایەتەکە دەفەرمووێ: (وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا) واتە کرێکارانی کۆکەرەوەی (زەکات) ئەمانە ئەو کارمەندو باجگرانەن کە ئیمام یارمەتیان لێ وەردەگرێت بۆ کۆکردنەوەی زەکات و دابەشکردنی ئەمانەش زەکاتیان پێ ئەدرێ.

٤- هەروەکو خوای گەورە ئەفەرمووێ (وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ) واتە: ئەوانەی کە تازە موسڵمان ئەبن هەتا بەو زەکاتە دڵیان پتەوتر بێ لەسەر ئایینی ئیسلام یان بەهۆی بەخشین بەوان خزم و کەس و کاری ئەوانیش باوەڕ بهێنن، یان زەکات دەدرێ بەوانەی کە دڵیان زەعیفەو لاوازە لەسەر ئایینی ئیسلام جا بێگومان زەکاتیان پێ ئەدرێ تاوەکو باشتر هۆگری ئیسلام بن و هەروەکو وێنەی (صەفوانی کوڕی ئومەیە) و (ئەقرعی کوڕی جابس و عویەینەی

کوڕی حەسەن)، و (ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب)[1]، هەروەکو ئەگێڕنەوەو هەروەکو لە حەدیسەکەدا ئامـاژەی بۆ کراوە کە (صەفوانی کوڕی ئومەیە) گووتی مـن یەکەم جار بەر لە موسڵمانیەتیم زۆر ڕقم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو بەڵام هەرکە ئەوەندەی دیاری و بەخشینی پێدام و بۆمی ڕەوانەکرد هەتا حەزرەت (ﷺ) بووە خۆشەویسترین کەسم.

٥- هەروەکو خوای گەورە ئەفەرمووێ (وَفِي ٱلرِّقَابِ) واتە: ئازاد کردنی بەندەو یەخسیرەکان هەتا خۆیانی پێ ڕزگار بکەن لە کۆیلایەتی و ئازادبن.

٦- هەروەها ئەفەرمووێ (وَٱلْغَـٰرِمِينَ) (أي المدْيُونين)، واتە: ئەو کەسانەیە کە قەرزارن و ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، یانی ئەوانەی لە خزمەتی ڕێگای ئیسلامدا قەرزار بوونە ئەمانیش (صنفێکن) لەو هەشت صینفەدا کە مافی ئەوەیان هەیە زەکاتیان پێ بدرێ.

٧- خوای گەورە ئەفەرمووێ (وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ) واتە زەکات بۆ ئەوانە (سەرف) ئەکرێ کە بەبێ کرێ لە ڕێگای خوادا جیهادو غەزا

---

(١) (ئەهلی سیرە) ئەگێڕنەوە ئەوکاتەی کە (صوفیانی کوڕی حەرب) موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) سەد حوشتری لەماڵی صەدەقە پێدا، بڕوانە سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕەهبەر لە نووسینی (مەلا عبدالرحمن مەلا طە)، بەرگی/٢، لاپەڕە/١٨٢.

ئەکەن وە یان لەسنووری ولاَتی ئیسلام دائەنیشن و پارێزگاری ئەکەن بە رۆح و بەگیان.

٨- هەروەکو خوای گەورە ئەفەرمووێ (وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ) واتە: بۆ ئەو رێبوارانەش کە لە رێگادا رزق و رۆزیان لێ دەبڕێ و ناگەنە جێگای خۆیان[1].

(ئاگاداربیەك)

وە هەروەها خوای مەزن ئاگادارو زانایە بە حاڵی موستەحەقەکان جا پێویستە بەدرۆ داوا نەکەن و زیاد لە ئەندازەی یاسای (شەرعی) خودا وەرنەگرن، وە زانایە بە دەوڵەمەندەکان ئەوجا پێویستە ماڵەکەیان نەشارنەوەو فرت و فێڵ لەگەڵ خودا نەکەن و هەروەها بەتەواوی (زەکاتی) خۆیان بدەن و حەق و مافی موستەحەقەکان قەدەغە نەکەن، وە هەروەها خاوەن حیکمەتە لە دامەزراندنی زەکاتا و چەند حیکمەتی داناوە لە بەخشین و زەکاتا، هەروەکو ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کردووە.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئاخۆ پێویست بێ ئەم زەکاتە بدرێ بە

---

(١) زۆربەی زانایان ئەفەرموون درووست نیە ماڵی (زەکات) بۆ دروستکردنی مزگەوت و سەربازخانە و رابەستنی پردو چادە راکێشان و ئاو راکێشان و ئەو جۆرە شتانە (خەرج) بکرێ، بڕوانە (تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان)، لە نووسینی مامۆستا مەلا مەحمود گەلاَڵەیی، بەرگی/١٠، لاپەڕە/٥٦٣ هەروەها بڕوانە تەفسیری نامیش.

هەشت صینفەکە؟ یان ئەگەر بەتەنها بە کەسێکیش بدرێ هەر ئەبێ؟ بەڵام ئیمامی شافیعی (ڕەزای خوای لێبێت) ڕای یەکەمیانی پەسەند کردووە لەگەڵ هەندێ زانایانی تردا، بەڵام زۆر لە زانایانی (موتەئەخرین) ئەفەرموون لەم هەشت (صنفانەی) کە قورئان باسی کردووە ئێستاکە (چوار تاقمیان) ماوە کە (زەکاتی شەرعیان) پێ بدرێ هەروەکو مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەریسیش) وای فەرمووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت).

(دووڕووەکان زۆر پێغەمبەریان (ﷺ) ئەزیەت دەدا)

(موفەسیرەکان) ئەگێڕنەوە کۆمەڵێ لە دووڕووەکان گفتوگۆی ناشیرنیان دەربارەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوکردەوەو ئەیانووت موحەمەد گوێچکەی هەیەو هەموو شتێ ئەبیستێ چ ڕاستی بێت چ درۆ هەروەها هەندێکیان ئەیان ووت گفتوگۆی وامەکەن ئەترسێین بگەنە (محمد) و تووشی ئازارمان بکات (جەلاسی کوڕی سوید) ووتی هەر شتێ ئارەزوومان هەبێ ئەڵێین و دوایی ئەچین بۆلای (محمد) و سوێندی بۆ ئەخۆین و ئەڵێن هیچ شتێکی خراپمان بەتۆ نەوتووە، هەندێکی تر لەو دووڕووانە لە ووتارو کرداری بەدو خراپیان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەووت هەروەکو ئایەتەکە لەبارەیانەوە ئەڵێ و ئەفەرمووێ: ﴿ وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ ۚ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ ۚ وَٱلَّذِينَ

﴿يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾﴾ كـانَ جماعَـةٌ مـن المنـافقين يؤذونَ رَسُول الله (ﷺ) ويَقُولونَ فيه مـالاَ يَنبَغـي فقـال بَعْضُهم لاَ تَفْعَلُوا فإنّا نخاف أنْ يبلغه الأمر فينتقم لـه أصـحابهُ منّـا فقـال (الجلاّس)، وهـو رئيسهم في النفّاقِ نقولُ فيهِ ما شئنا ثُمّ نأتيهِ فنَقُول ما يرضيهُ ويُصدّقنا فإن محمد أذنٌ سامعه يصدّق كُلّ أحدٍ، فنزلت الآية، رواه إبن أبي حاتم، واته بێگومان هەندێکی تر لەو (مونافیقانە) واتـە دووڕووانـە، بـە قـسەی ناڕەواو ناشرین ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن[1]، و پێی دەڵێن تۆ گوێ لە هەموو کەس و لەهەموو قسەیەك رادەگری[2]، جا باوەڕ دەکەیت بە قسەکەرەکە ئەگەر راستیش نەبێت، تۆش ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئەوەی راستی بێت گوێگرتنی مـن خێرو چاکەیە بۆ ئێوە، چونکە گوێی مـن چاکە دەبیستێ و باوەڕی پـێ دەکات ئەگەر خراپەیەکیش ببیستێ ئەوە صەرفی نەزەر دەکات و پشتی تێ دەکات، چونکە باوەڕی بە خودای گەورە هەیە هەروەها باوەڕیشی بـە قـسەی ئیمانداران هەیە، خاوەن رەحمەت و بەرەکەتە بۆ ئەوانەی کە موسڵمان بوون و ئیمانیان هێناوەن ئەوجا هەندێکیـن لە دووڕووەکان گوتیان باسی (محمد) مەکەن نەوەکو خـوا خەبـەرداری بکـات ئینجـا (جولاّسـی کـوڕی سـوەید) کـە سەرۆکی دووڕووەکان بوو گووتی جا قەیدی چی دەکات ئەو پیاوە

---

(١) وەکو وێنەی (نەبتەڵی کوڕی حاریس) کە زۆر ئەزیەتی پێغەمبەری خوای داوە.

(٢) واتە: ئەو کەسە باوەڕ بە هەموو قسەیەك دەکات و یانی خۆش باوەڕە.

مەبەستی پێغەمبەرە (ﷺ) گوێ[1]، لەهەموو کەس رادەگرێ و بەقسەی هەموو کەس باوەڕ دەکات و کاری پێ دەکات ئەوکاتە ئێمەش دەچینە لای و سوێندی بۆ دەخۆین کە وامان نەگوتووە ئەویش باوەڕ دەکات.

جا بێگومان خوای گەورە وەڵامی ئەو دووڕووانە ئەداتەوەو هەڕەشەیەکی توندیان لێ دەکات، بەتایبەتی سزایەکی زۆر بە ئێش و ئازاری لە دوارۆژدا بۆ ئامادەکردوون هەروەکو ئەفەرمووێت (ئەوانەی بە کردارو بە گوفتار ئەزیەتی پێغەمبەری خودا دەدەن ئەوا سزایان ئاگری دۆزەخەو خوای مەزن بە عەزابی کوشندەو بەردەوام بە ئێش و ئازار تۆڵەیان لێ ئەسێنێ[2].

(هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون کۆمەڵێك لە (مونافیقەکان) واتە دووڕووەکان بەشێوەیەکی زۆر ناشرین باسی پێغەمبەریان ئەکردو بە قسەو قسەلۆکی نابەجێ دڵی پێغەمبەریان سەغڵەت ئەکرد، هەندێکیش لەو دووڕووانە سەردانی پێغەمبەریان ئەکردو قسەکانیان ئەدزی ئەیان

---

(١) أُذُنٌ: واتە بەو کەسە دەڵێن کە گوێ لەهەموو کەس رادەگرێت و بەقسەی هەموو کەس دەکات.

(٢) وە هەروەها لەم ئایەتەشدا خوای گەورە هەڕەشەیەکی زۆر گەورە دەکات لەوانەی ئەزیەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەدەن ئەوانە خوا لە دنیاو لە قیامەتدا نەفرینی لێ کردوون هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤۡذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿٥٧﴾ ﴾ سورەتی الاحزاب، ئایەتی/٥٧.

برد بۆ هاوەڵەکانی و دەیان ووت (محمد) هەر گوێیە ، گوێ بۆهەموو کەس دەگرێت و بڕوا بەهەموو کەس دەکات ئینجا خوای گەورەش ئەو ئایەتەی نازل کردو فەرمووی ئەو یانی پێغەمبەر (ﷺ) گوێبیستی خێرەو باوەڕ بە ئیمانداران دەکات و رەحمەت و بەرەکەت و میهرەبانەو بەتایبەتی بۆ ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن بەلاَم کە ئەوانەی ئازاری ئەدەن خوا سزایەکی بە ئێش و ئازاری بۆ ئامادەکردوون.

(**پاشکۆ**)

(موفەسیرەکان) گوتوویانە ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە ئەزیەت دانی حەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر پەیوەندی بە پێغەمبەرایەتیەکەیەوە هەبێ ئەوە گوناهێکی مەزنەو زۆر گەورەیە بەڵکو (کوفرە) یان تاوانێکی زۆر گەورەیە[1].

(دووڕووەکان بۆ رازی کردنی خەڵك سوێندی بەدرۆ دەخۆن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ ﴾

واتە: ئەو (مونافیق) و دووڕووانە سوێندتان بەدرۆ بۆ دەخۆن تا دڵتان رازی بکەن، وە باوەڕیان پێ بکەن، وە سوێندتان بۆ دەخۆن کە هیچ

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی: (تاوانە گەورەکان لەروانگەی ئیسلامەوە) لەنووسینی (عبدالرحمن ملا طه عبدالعزیز) لاپەڕە (٢٤٩)

قــسەیەکی خراپیــان دەربــارەی پێغەمبــەر (ﷺ) نــەکردووە، ئــەوجا بێگومان ئەگەر ئەوان راست دەکەن و ئیماندارن خـۆ خـوداو پێغەمبـەری خودا حەقترن و شایستەترن بۆ ئەوەی رازیان بکەن ئەویش بـە وازهێنـان لە نیفاق و لە دووڕوویی، وە هـەروەها پابەنـد بـوون بـە دینـی ئیـسلام و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەر (ﷺ) .

(هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە)

(موفەسیرەکان) ئەگێڕنـەوەو دەڵـێن پیاوێـك لـە دووڕووەکـان گـووتی سوێند بە خوا ئەگەر ئـەوەی کـە محمـد (ﷺ) ئـەیڵێت راسـت بـێ ئـەوە ئێمە خراپترین لە گوێدرێژ جا پیاوێکی باوەڕداریش گوێی لێ بوو گـووتی وەڵلاهی ئەوەی کە (محمد) ئەیڵێت ئەوە راستەو گومانی تێدانیـەو ئێـوە خراپترن لە (گوێ درێژ) جا ئەم قـسەیە گەیـشتە پێغەمبـەر (ﷺ) ئینجا ناردی بەدوای کابراو هاتە لای خۆشەویست و جا پێغەمبـەریش (ﷺ) بـە کابرای ووت ئایە تۆ وات گوتووە؟ ئینجا کابرای دووڕوو دەسـتی کـرد بـە سوێند خواردن و نەفرین کردن و جا سوێندی ئەخوارد کـە ئـەو قـسەیەی نـەگوتووە، ئینجـا پیـاوە موسـڵمانەکەش هـەر ئـەیگووت خوایـە گیـان راستگۆو درۆزن لەیەکتر جیا بکەرەوە، ئینجا خوای گەورە ئـەم ئایەتـەی نازل کردو فەرمووی ئەوان سوێند دەخۆن بۆ ئێوە تا ئێوە رازی بکەن لە حالەتێکـدا کـە حـەق وایـە خـواو پێغەمبەرەکـەیان رازی بکردایـە ئەگـەر ئەوانە باوەڕدارن یانی دەبوایە لەخوا بترسانایە و بەڕاسـتی لەگـەڵ خـودا بونایە هەروەها باوەڕیان بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بهێنایـەن نـەك بـەدرۆ هەوڵ بدەن سوێند بەدرۆ بخۆن و تا ئیمانداران لەخۆ رازی بکەن، ئینجا

خـوای گـەورە (تەهدیـد) و هەڕەشـەیان لـێ دەکـات و ئەفـەرمووێت:

﴿ أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّهُۥ مَن يُحَادِدِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَأَنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدًا فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْخِزْىُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾ ﴾ (الأستفهامُ للتوبيخ، أي أَلَمْ يعلم هَؤلاءِ المُنَافقُونَ أنَّ من عادى الله وَعَصى أمرهُ وَحَارَب دينَهُ وأنْتَقَصَ قَدْرَ رَسُولهِ فَقَدْ أِسْتَحَقَ دخول الجَحيم)، واتـە: مەگـەر نـازانن و قەناعەتیان بەوە نیـە کـە ئـەو کەسـەی دژایـەتی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـات یـان دژایـەتی دیـن و ئاییـنەکـەی بکـات و بـێ فـەرمانی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـات ئـەوە بەڕاسـتی ئـاگری دۆزەخ جێگایـەتی و بەشـیەتی بـۆ هەمیـشەیی بەهـەتا هەتایـەش لـەوێ ئـەبێ و تێیـدا ئەمینێتەوە، ئەمەش سەرشۆڕی و ئابڕووچوونە بۆی جا خـوای گـەورە دەفـــــــەرموێت: ﴿ يَحْذَرُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِى قُلُوبِهِمْ ۚ قُلِ ٱسْتَهْزِءُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ واتـە: ئەو دووڕووانە دەترسن لەوەی خـودا سـورەتێکی قورئـان بنێرێتە خوارێ و چی لەناو دڵیانـدا شـاراوایەو پەنهانـە هـەمووی ئاشـکرا بکات لێیان، جا تۆش بڵێ ئارەزووی خۆتانە قەشمەری و گاڵتە بکـەن بـە ئایینی ئیسلام و ئیمانـداران بـە نهێنـی و بـە ئاشـکرا، ئـەوجا بێگومـانبن لەهەرچی دەترسن خوا دەری دەخات و زۆر بەباشی ئاشکرای دەکات بـۆ موسڵمانان.

(**پوختەی ووتە**)

(موفەسیرەکان) فەرموویانە ئەوەی راستی بێت دووڕووەکان هەر کاتێك بە خراپە باسی پێغەمبەرو (ﷺ) خاوەن باوەڕەکانیان کردبا لەنێوان خۆیاندا دەیانگووت خوایە نهێنیەکانمان لێ ئاشکرا نەکەیت چونکە ئابڕومان ئەچێ خواش بەهەڕەشەوە لەسەر زاری پێغەمبەر (ﷺ) وادەی پێدان ئەوەی کە ترستان لێی هەیە خوا دەیهێنێ و ئاشکرای دەکات خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ (أي وَلئن سألت هؤلاءِ المنافقين عَمّا قَالوا في حَقّكَ وَحقّ الإسلام من الكذبِ وَالباطلِ ليقولُون لكَ لَمْ نكن جادّين إنّما كُنّا نمزح و نَلْهُوا بالكلامِ للترويح عَن النفس قُلْ لهم توبيخاً أتستهزئونَ بالقرآنِ وبدين اللهِ وَشَرعهِ وكتابهِ ورَسُولهِ؟، واتە: ئەگەر لەو دووڕووانە بپرسیت سەبارەت بە گاڵتەکردن بە خواو بە قورئان و بە ئایەتەکانی و بە پێغەمبەری خوا ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن بەڵکو بۆ گەمەو گاڵتە دەچووینە ناو ئەو باسەوە تۆش لەوەڵامیاندا بڵێ، ئایە گاڵتەو گەپتان بە خواو بە ئایین و بەڵگەو نیشانەکان و بە پێغەمبەرەکەتان رادەبوارد و قەشمەری و گاڵتەتان پێ دەکردن.

(**درێژەی واتە**)

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەگەر لەو دووڕووانە بپرسی ئایە ئێوە لە نادی و دانیشتنەکانتان باسی ئایینی ئیسلامتان بە خراپە

کردووە؟ ئەوان دەڵێن لەوەڵامدا ئەگەر واشمان کردبێ تەنیا قەشمەری و گاڵتەمان دەکرد و خۆمان ئەخافلاندو رامان ئەبوارد، ئەوجا خواش ئەفەرمووێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ هیچ نەما تاکو قەشمەری و گاڵتەو گەپ بە خواو بە بەڵگەو نیشانەکانی خواو ئایەتەکانی قورئان بکەنن یان پێیان بڵێ ئایە ئێوە گاڵتەو قەشمەری بە پێغەمبەر و بە قورئان و بە دین و بە ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام دەکەن، ئەوجا خۆ خودا ئاگای لەناو دڵتانەو هیچی لێ بزر نابێت.

(سبب نزول هذه الآية) واتە هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

قالَ الإمام الطبري في تفسيره[1]، بينما النبي يَسيرُ في غزوته إلى تبوك وَبَيْنَ يَديهِ ناسٌ من المُنافقينَ قَالوا أنظروا إلى هذا الرجل يريد أن يفتحَ قصور الشّام وحصونها هَيهَاتَ هَيْهَاتَ فأطلعَ اللهُ نبيّه على مَقَالَتهم فدعاهُمْ فقَالَ لَهُمْ (قُلتُم كَذا وكَذا) فقالُوا يا نبيَ اللهِ إنّما كُنّا نَخوضُ ونلعب فَنزلت الآيةُ ﴿ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴾ واتە: پێشەوا تەبەری لە تەفسیرەکەیدا ئەگێڕێتەوە لە قەتادە (رەحمەتی خوای لێبێت) ئەڵێت چەند کەسێك لە (مونافیقەکان) واتە دووڕووەکان لە غەزای تەبووك دا گووتیان زۆر (عەجایب) و سەیرە ئەم مرۆڤە یانی مەبەستیان پێغەمبەرە (ﷺ) جا ئەم پیاوە کە کۆشك و قەڵای رۆمەکان

---

(١) پێشەوا طبري ئەم (ریوایەتەی) لە قەتادەوە وەرگرتووە، بڕوانە (جامع البيان عن تأويل آي القرآن)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٢٠٠، دار الفكر.

دەگریٚ های های لەوە ئەوجا لەپاشان ئەو قسەیەو ووتەیە بە حەزرەت (ﷺ) گەیشتەوە یان خوای گەورە ئاگاداری کردەوە ئەویش بانگی کردن و فەرمووی ئێوە واو واتان گوتووە، ئینجا ئەوانیش گووتیان نەخێر ئێمە سوێند بەخوا بە (سوحبەت) و گاڵتەوە گوتوومانە ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ ....﴾ جا خوای گەورە دەفەرمویٚت: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾﴾ واتە: هیچ عوزرو بەهانەیەك مەهێنەوە چونكە بەڕاستی ئێوە كافر بوون لەپاش ئەوەی كە باوەڕتان بووە، یانی ئێوە ئەی دوو ڕووەكان بەو سوێند خواردن و درۆیانە پاكانە مەكەن چونكە بێگومان پاكانە.كردن هیچ سودێكی نیە بۆتان جا بەڕاستی بەو قسانەی دەرحەق بە پێغەمبەر (ﷺ) كردووتانە بیٚ باوەڕی خۆتان ئاشكرا كرد، ئەوجا ئەگەر ئێمە لە گوناهو تاوانی دەستەیكیشتان ببورین كە تەوبەیان كردووە و پەشیمان بوونەتەوەو باوەڕو ئیمانێكی درووست و تەواویان هێناوە، بەڵام دەستەیەكی تریان لەبەر ئەوەی كە بەڕاستی بیٚ باوەڕو یاخی و تاوانبار بوون واتە بەردەوام بووم بوون لەسەر (كوفرو نیفاق) ئێمەش ئەوان بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدەین.

(باسێك له خوڕەوشتی دووڕووەكان)

خوای مەزن باسی خراپی ژن و پیاوی دووڕووەكان ئەكات كە گشت ڕەوشتێكیان بە پێچەوانەی خوڕەوشتی خاوەن باوەڕانە جا خوای پەروەردگار باسی كارو كردەوەی ئەو دووڕووانە ئەكاو چونكە ئەوان لە نێویاناو لە شێوەی هەڵسان و دانیشتنیان لەگەڵ یەكتری و یارمەتی دانیان بۆ یەكتری لەسەر كاری بێ شەرعی وە هەروەها لەسەر كاری پووچ و ناڕەوایی دینی و بێ باوەڕی دا جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ واتە:

لە ڕاستیدا دووڕووەكان لە پیاوان و لە ژنان سەربەكترن چونكە وەك یەكن لەم ڕەفتارانەدا فەرمان بە خراپەو تاوان دەكەن هەروەها ڕێ لە چاكە دەگرن خۆلادان لە ئیمان و چاكە خوازی و قەدەغەشی دەكەن لە خەڵكی و دەستەكانیان ئەقوچێنن لە بەخشین و بەختكردنی ماڵ و سامان لەڕێی خوادا ڕەزیلی و چروكی بەكاردێنن مەگەر بە ڕیایی شتێ ببەخشن فەرمانی خوایان لەبیر خۆیان بردەوە خواش ئەوانی بۆ گشت كارێكی چاك لەبیر كرد، واتە ئەوانە خوایان لەبیر نیە تاكو فەرمانەكانی بەجێ بێنن، خواش ئەوانی لەبیر كردووە، وە هیچ كردەوەیەكیان وەرناگرێ، بەڕاستی دووڕووەكانن هەر ئەوانن دەرچوون لە سنوورو بازنەی باوەڕهێنان و خواناسی چونكە ئەوان ڕێگەی شەیتان و بێ

دینیان گرتووە جا خوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە ئامادەی کردووە بۆیان لەگەڵ هەموو ئەو کافرو بێ باوەڕانەی کە باوەڕیان بە خوای مەزن نیە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾ أي وَعَدَهُمْ جميعاً على نِفَاقِهِمْ وَإِجْرامِهِم وكُفْرِهم بآياتِ اللهِ بنارِ جَهَنَّمْ ماكثِينَ فيهَا أبَداً هي كافية لَهُمْ عقاباً وَجزاءً ولَعَنَهُمْ الله فَطَردهم مِنْ رَحْمَتِه وَلَهُمْ عذابٌ دائِمٌ لا يَنْقَطِع، واتە: بێگومان خوا بەڵێن وادەی ئاگری دۆزەخی داوە بە بێباوەڕەکان و خوانەناسان، بە پیاوان و ئافرەتانی دووڕوو کە نەمرن تێیدا ئەوە بەڕاستی بۆ ئەوان بەسە، خواش (لەعنەت) و نەفرینی لێکردوون و سزایەکی جێگریشیان بۆ هەیەو هەمیشە بەشیانە.

(درێژەی واتە)

یانی بەڕاستی خودا وادەو بەڵێنی ئاگری دۆزەخی داوە بە پیاوو ئافرەتە دووڕوو[1]، و بێ باوەڕەکان کە هەتا هەتایە تیایدا دەمێنێتەوەو لێی دەرناچن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر کاری دووڕوویی و نیفاق و

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن شتێکی سەلمێندراوە کە دووڕوو لە (کافریش) خراپترە و ترسناکترە لەسەر موسڵمانان چونکە (کافر) بە ئاشکرا دوژمنایەتی موسڵمانان ئەکەن وە دەتواندرێ خۆیان لێ بپارێزن بەڵام دوو ڕووەکان لەپەنای باوەڕهێنانیان خەڵك نازانێ کەچی دەکەن و بەتەمای چین، چونکە ئیشیان بە دزیەو شاراوەیەو (نیفاقە) و دووڕوویيە.

تاوانباری بێ باوەڕی بەبەڵگەو نیشانەکانی خوا ، جا ئـەو ئـاگرە کافیـەو بەسـە بـۆ ئـەوان، یـانی بـۆ ئـەو تاوانبارانـە هـەر دۆزەخیـان بەسـەو شایستەیانە ئەو پەڕە لە تۆڵەدا ئەوانە خودا لـە رەحمـەتی خـۆی دووری خستونەتەوە، لە بەزەیی و میهرەبـانی خـۆی وە لـە خۆشـی بەهەشـت و نازو نیعمەتەکانی خۆی لە دواڕۆژدا وە بۆ ئەم دووڕووانە هەیە سـزای بـێ پایان و بەردەوام و سەخت و گـران و نـەبڕاوەن جـا خـوای گـەورە ئـەوە روون دەکاتەوە کە ئەوەی تووشی ئەو دووڕووانە دەبێ لـە سـزاو تۆڵـەی دنیاو رۆژی دوایی جا ئەفەرمووێ پێویستە عیبرەت وەرگرن لەو گەلانـەی پێشوو هەموو مردن و رۆیشتن، جـا بێگومـان ئەوانـەی پێـشوو گـەلێ لـە ئێوە بـەتێن تـرو بـەهێز تربـوون لـەماڵ و ئـەولادو سامانیان زۆرتـر بـوو کەچی هیچ سوودیان وەرنەگرت ئەوجا قورئان ئەمانی ئێـستا ئەترسـێنێ بـە بەسـەرهات و رووداوی ئەوێنەیانـە بـەڵکو کۆتـایی بێـنن و هـەروەها ڕێگای راست بگرنەبەر، جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿كَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ﴾ واتـە: حـاڵی ئێـوە ئـەی (مونافیقـەکان) وەك حـاڵی ئەوانـەی پـێش خۆتانـە، یـانی رەوشـتی ئـەو دووڕووانـە هـەروەك رەوشتی ئەو گەلانەی رابردوو کە لـەپێش ئێـوەوە هـاتوون کـە لـە ئێـوە بەهێزتربوون و ماڵ و سامان و منداڵیشیان لە ئێوە زیاترو پتر بوو کەچی ئەوانە گشت نەیانتوانی لە عەزابی خوا خۆ بپـارێزن ئـەوجا بـەو ئەنـدازی

هەیانبوو خۆشی دنیایان پێ رادەبوارد، ئێوەش بەو ئەندازەی پێتان دراوە خۆشی دنیایی رابوێرن هەروەك قەوم و گەلانی پێش ئێوە بەوەندەی هەیانبوو رایاندەبوارد و هەڵخەڵەتان ﴿وَخُضْتُمْ كَالَّذِي خَاضُوٓا۟﴾[1] قَالَ الطبري في تفسيره[2]،اْلمَعنى سَلَكْتُمْ أيها المُنافقُون سَبيلَهُم في الإستمتاع بالدّنيا كما استمّتع الأُمَمَ الذّين كانُوا مِن قَبلكُمْ وَخُضْتُمْ في الكذب وَالباطلِ عَلَى اللهِ كخوضِ تِلْكَ الأمَمِ قَبْلَكم فَاحذروا أن يَحلّ بِكُمْ مِنْ عُقُوبة اللهِ مِثل الذي حَلَّ بِهِمْ، واتە: ئەی دووڕووینە بەڕاستی ئێوەش ڕێگەی ئەو کەسانەتان گرت کە لەپێش ئێوە بەخۆشی دنیا هەڵخەڵەتان، ئینجا خۆتان هاوێشتە ناو بێ باوەڕی و بەد ڕەوشتی و بەد کرداری بەتایبەتی لە درۆو دەلەسەو دژایەتی ئایینی خوا ئەوجا باش بزانن و ئاگاتان لەخۆبێ وەك ئەوانتان بەسەردێت کە هەموویان فەوتان و بەهیلاك چوون و تەفرو توونا بوون جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿٦٩﴾﴾ أي إنّ أولئِكَ المُنافقين والكُفار بَطلَتْ مَساعيهم وحسناتُهُمْ وفَسَدَتْ أعْمَالَهَمْ في الدّنيا والآخرة، واتە: بەڕاستی ئەو

---

(١) أي وَخُضْتُمْ في الباطلِ والضّلالِ كما خاضُوا هُم فيه، واتە: بەڕاستی ئێوە لە گوفتارو لە ڕەفتاری هیچ و پوچدا ڕووچوون هەروەك ئەوانەی پێش ئێوەیش ڕۆچووبوون لەکاری پڕوپووچ و درۆکردندا.

(٢) بڕوانە تەفسیری (جامع البيان عَنْ تأويل آي القرآن) لە دانانی أبی جعفر محمد بن جرير الطبري، بەرگی/٦، لاپەڕە/٢٠٦.

کەسانەی کە باسکران لە بێ باوەڕان هەموو کردەوەیەکی ئەوانە پووچەڵ و بۆش و بەتاڵ ئەبێ چونکە کردەوەکانیان هیچ کەڵك و قازانجێکیان دەست ناکەوێ نە لە دنیاو نە لە ڕۆژی دواییدا ئەوجا بەڕاستی هەر ئەوانیش زەرەرمەندو فەوتاون ، هەرکەسێکیش وەك ئەوان بێت هەر ئەوە بەشیەتی و ڕەنج بەخەسارو مایەپووچ و دۆڕاون.

(دەبوایە دووڕووەکان دەرس و عیبرەتێکیان وەربگرتایە لە پێشینانی خۆیاندا)

خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿ أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَاهِيمَ وَأَصْحَابِ مَدْيَنَ وَالْمُؤْتَفِكَاتِ ۚ أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ ۖ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ أي أَلَمْ يأتهم خَبَر الأمَمِ السّابقةِ كَقَوْمِ نوحٍ وَعادٍ وَثَمود، وَقوم إبراهيم، وَقَوم شُعيبٍ[1]، والمؤتفكات قرى قوم لوطٍ[2]،فَيَعْتَبِرُوا بِهِم؟ جاءَتْهُمْ الرّسل بالمُعجزاتِ

---

(١) وأصحاب مدين، أي قوم شعيب الذّين أهلكُوا بعذاب يوم الظلة، بڕوانە: (صفوة التفاسیر)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٤٨.

(٢) وَالْمؤتفكات قريات (قوم لوط) أيتفكت بهم أي انقلبت فصار عاليها سافلها وأمطروا حجارة من سجيل، بڕوانە (التفسیر المظهري)، بەرگی/٣، لاپەڕە/٢٣٤.واتە: گوندو شارەکانی گەلی (لوط) کە خوای گەورە هەمووی سەروبن کردن یانی ژێروژوور کران و بەرد باران کران بە گرمتە قوڕی توند بەشێوەی بەرد.

السّاطعات فكذّبوهم وَسَخَرُوا منْهُمْ فَأهلَكَهُم الله وَدمـرّهُمْ وَمَـا أهْلَكهـم ظُلْمـاً وإنمـا بِسَبَب إجـرامهم وَظُلْمِهـم وارتكـابهم المعاصـي وَالآثـام، واتـه ئايـه نەهاتووە بۆیان و پێیان نەگەیشتووە؟ دەنـگ و باسـی ئەوانـەی لـەپێش ئـەوان ژیـاون لـەو گەلانـەی کـە بڕوایـان بـە پێغەمبـەرەکانیان نـەبووە، بەتایبەتی قـەومی حـەزرەتی (نـوح و عـاد و سـەمود) هـەروەها (قـەومی حـــەزرەتی ئیـــبراهیم) و خـــەڵکی مەدیـــەنی قـــەومی شـــوعەیب و شـارۆگوندەکانی هـەروەها گـەلی لـوط کـە پێغەمبـەرەکانیان بەبەڵگـەو نیشانەی روونەوە هاتن بۆلایان؟ ئەوجا بێگومان خوای گـەورە نەیویـست زوڵم و ستەمیان لیّ بکات بەلاّم ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

(درێژەی واتە)

ئایە ئەو (مونافیقانە) واتە ئەو دووڕووانە بەسەرهاتی گەلە پێشینەکانی رابردووی خۆیان پیّ نەگەیشتووە...؟ کە لەبەر خراپی خۆیان تووشی چ هاتوون و چیان بەسەر هاتووە، وەکو قەومی حەزرەتی نوح پێغەمبەر (علیه السلام) کە بە تۆفان خنکان و لەناوچوون، وەك قەومی (عادی) گەلی هوود پێغەمبەر (علیه السلام) کە بەبایەکی زۆر بەهێزو سارد بەهیلاك چوون هەروەها گەلی (سەمودیش) کە قەومی صالح پێغەمبەر بوون (سەلامی خوای لێبێت) بە بومەلەرزەو دەنگی گەورە و تیژ لەناوچوون، هەروەها قەومی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر (علیه السلام) کە خوا خۆشی لیّ ستاندنەوەو فەوتاندنی و بە (هیلاکی) بردن و بەتایبەتی (نەمروودی ستەمکار) کە بە مێشوولەیەك لەناوی برد،

خوای گەورە لەکۆڵی کردەوە[1]، هەروەها قەومی شوعەیب پێغەمبەر (علیه السلام) کە ئەهلی مەدیەن بوون لە ئەردەن و هەرێمەکەدابوون بە ئازاری ڕۆژی باووبارانەکە فەوتان، یان بە (عەزابی یوم الظلة) دا فەوتان و تیاچوون، وە هەروەها گەلی لووط پێغەمبەر (علیه السلام) کە لە مۆتفکات بوون، واتە لەو وولاتە دابوون کە ژێرەو ژوور بوو بەسەریانا، وە لەگەڵ هەندێشدا ئەوان (بەرد باران کران)، جا بێگومان ئەوەی ڕاستی بێت هەموو ئەو گەلانە پێغەمبەری خوایان بۆ هاتبوو بەبەڵگەو (موعجیزەشەوە) بەڵام باوەڕیان پێ نەکردن بەدرۆزنیان زانین والعیاذ بالله، دوژمنایەتیەکی کوشندەیانیشیان لەگەڵدا دەکردن وە گاڵتەو قەشمەریشیان پێ ئەکردن، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: وای بەدەسەڵات و بەهێز و بەزەبر هەموویانی لەناو بردوو بە (هیلاکی) بردن و ئاسەواریان بڕایەوەو تەخت و فەنای کردن جا بێگومان خوای گەورە زوڵم و ستەمی لەوان نەکردووە بەڵام ئەوان خۆیان زوڵم و ستەمیان لە نەفسی خۆشیان کردووە بەهۆی تاوان و خراپەو گوناهیانەوە بەهیلاك چوون، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾ أي المُؤْمِنُونَ وَالْمؤمِناتُ إخوةٌ فِي الدّين يُعِينُ بَعْضُهُم بَعْضاً وينصرُ بعضهم

(١) مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەریس) لە تەفسیری (نامی)دا ئەفەرمووێ قەومی ئیبراهیم کە دەستەو بەستەی نەمروود بوون لە عیراقا، بڕوانە بەرگی/چوارەم، لاپەڕە/٧٩.

بَعضاً يأمرونَ النّاسَ بكلِّ فضيلةٍ وخيرٍ وَينّهونهم عَنْ كلِّ رذيلةٍ وشرٍ فَهُمْ عَلَى عَكس المنافقِين الذّينَ يأمرون بالمنكَرِ وَيَنهون عَنِ المعروفِ، واته: بێگومان ئیمانداران له هەموو سەردەمەکێدا پیاوان و ژنانی باوەڕدار هەموو دۆست و خۆشەویست و پشتگیرو هاوکارو یارمەتیدەری یەکترن، وە له هەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا چونکه هەردەم فەرمان بەچاکەو باشه دەکەن وە قەدەغه له خراپەو شەڕو ئاژاوە دەکەن (چونکه ئەوان به پێچەوانەی دووڕووەکانن کەچی ئەوان فەرمان به خراپه ئەکەن و قەدەغەی باشەو چاکه ئەکەن) وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾ (المعنى يؤدّونَ الصّلاةَ عَلَى وجه الكَمالِ، ويؤدُّونَ الزكاتَ إلى مُستحقيها مِنَ الفقراء والمساكينِ ويطيعونَ الله سُبحانه وتعالى في كلّ أمرٍ ونهيٍ، أي سيدخلهم في رحمةٍ ويفيض عليهم جلائل نعمتهِ لأنّه سُبحانهُ عزيز أي قويٌّ قادر على إعزاز أوْليائهِ وَقَهر أعدائهِ حكيمٌ أي يضع كلُّ شيءٍ في مَوضعهِ)، واته: نوێژەکانیان بەتەواوی جێ بەجێ ئەکەن، وە زەکاتی ماڵ و سامانیان ئەدەنە موستەحەقان و فەقیرو هەژاران وە هەروەها ئیتاعەو ملکەچن بۆ فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەهەموو کارو فەرمانێکا، جا بێگومان ئەوانەی خوای گەورە له سۆزو ڕەحمەتی خۆی بەهرەمەندیان دەکاتن وە نازو نیعمەتەکانی خۆی ئەڕێژێ بەسەریاندا وە له ڕاستیدا ئەو خوایە تەواو باڵا دەستە، لەکات و ساتی خۆیدا پایەداریان دەکات بەتایبەتی دۆستانی، وە دوژمنانی دین و ئایینیش سەرشۆڕ دەکات،

چونکە تەواویش (حەکیم) و دانایەو دەسەلأتدارەو هەروەها کارزان و کاربەجێ و جوانە چونکە هەموو ئیشێکی لەجێی خۆی دائەنێ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّٰتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾ ﴾
واتە: خوای مەزن وادەو بەڵێنی داوە بە پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار بەوەی کە باخەکانی بەهەشتی رازاوەیان دەداتێ کە جۆگەو رووبارەکانی بەژێر دارو درەختەکانیدا بەبەردەم کۆشکەکانیدا جاریەو دێت و دەچێت بەهەتا هەتاییش لەوێ دەمێننەوە لەنێو باخەکانی بەهەشتی عەدەندا کە ئەوەندە جوان و خۆش و رازاوەیە تیایدا دەمێننەوەو لێی دەرناچن، چونکە هەموو پێویستیەکانی ژیانی تێدایە جا بێگومان لەناو ئەو بەهەشتانەش کە بەردەوام لێی دەژین، هەروەها لەوەش خۆشترو گەورەتر کە پێیان ئەدرێ رەزامەندی خودایە ئەمەش گەورەترین وەدەست هێنانە کە خوای مەزن پێیان ئەدات.

(خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەكات لەگەڵ خوانەناس و دووڕووەكاندا توندو تیژ بە)

جـا (موفەسـیرەكان) ئەفـەرموون خـوای گـەورە فـەرمان بـە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) دەكات كە بە شەڕو توندوتیـژی لەگـەڵ كـافرو بـیٚ دیـن و دووڕووەكانـدا رەفتـار بكـات، هـەتاكو ئیمـان و بـاوەڕ دەهێـنن و موسـڵمان دەبـن چـونكە ئەگـەر ئـەوان موسـڵمان نـەبن ئـەوا جێگایـان دۆزەخەو، جا ئەمەش دەقی ئایەتەكەیە كەوا خوای گەورە دەفـەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٧٣﴾﴾ المعنى يَا أيّها النبيُّ جاهد الكُفّار والمنـافقينَ واغلـظ علـيهم، لا تعاملـهم بـاللّين وَالبَـشَاشَة، قَـالَ إبـن عبّاسٍ (جاهد الكُفارَ بالسّيف) والمنافقِينَ باللّسانِ، قال المُفسرّون (وأغلـظ علـيهم أي أشْـدد علـيهم بالجِهـاد والقتـالِ (ومـأواهم جهـنم) أي مَـسْكنهم ومثواهم جَهَنّمُ (وَبِئسَ المصير) أي بئس المكـان الـذي إليـه جهّنم، واتـە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) جیهادو غەزا بكـە لـە دژی بـیٚ بـاوەڕان و كـافران و مونافیقان واتە دووڕوان توندو تیژ بە لەگەڵیاندا چـونكە جێگـەو هـەواری ئەوانە دۆزەخەو، دواڕۆژی دژواریان هەیە، ئینجا توندو تیـژ بـە لەگـەڵیان هـەروەها نـەمریان لەگـەڵ نیـشان مـەدە و رووخـۆش مەبـە لەگـەڵیان و شەڕیان لەگەڵدا بكەو بەڵكو موسڵمان دەبن و ئـیبن و عـەباس (خـوا لێـی رازی) بێت ئەفەرمووێ خوای مەزن فەرمانی شەڕكردنی دا دژی (كـافران)

و خوانەناسان بە شمشێرو دووڕووەکانیش بە زمان ئامۆژگارییان بکە[1]، جا وازهێنان لە نەرم و نیانی لەگەڵیان ، هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەڵێن توندو تیژی لەبەرامبەر (موشریك و کافران) و دووڕووەکان بکەو، هەندێکی تر ئەڵێن شەڕیان لەگەڵ بکە بە شمشێر بجەنگە لەگەڵ خوانەناسان و بەتوندو تیژی رەفتار بکە لەگەڵ دووڕووەکاندا هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن بەگژ داچوونی دووڕووەکان بەجێ بەجێ کردنی (حەددەکان) ئەبێت بەسەریاندا.

(هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمە بوو)

زۆربەی زانایانی تەفسیر[2]، ئەفەرموون خۆشەویست واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە جەنگی تەبووك گەڕایەوە بۆ ماوەی دوو مانگ ئایەتی قورئان لە دژی ئەو دووڕووانە نەهاتە خوارەوە، نەچووبوون بۆ جەنگی تەبووك یەکێ لەو دووڕووانە کە ناوی (جەلاسی کوڕی سوەید) بوو گووتی ئەگەر ئەو شتەی (محمد) ئەیڵێت ڕاستبێ گوێ درێژێ کە ئێمە سواری ئەبین چاکترە لەئێمە، دوایی (عامری) کوڕی قەیس ووتی بە

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (جیهادی کافران) بە(شمشێرە)و (جیهادی) (دووڕووەکانیش) بە ئامۆژگاری و بەڵگەو دەلیل و بورهانە بڕوانە:(موسوعة التفسیر المأثور) أكبر جامع لتفسیر النبي (ﷺ) والصحابه والتابعین وتابیعهم) لە کۆکردنەوەی (دکتۆر مساعد بن سلیمان الطیار)، بەرگی(١٠) لاپەڕە ٥٢٢..

(٢) وەکو لە تەفسیری ئیمامی طبري و فەخری رازی و قرطبي و إبن کثیر و بیضاوی و الدُر المنثور و بغوي و منیر و بحرو نهر و وسیط و کشاف و أبي سعود و قاسمي و شعراوي و نابلسي و زۆرانی تریش.

(جەلاس) پێغەمبەر (ﷺ) ڕاست ئەکاو تۆ خراپتری لە گوێدرێژ، ئینجا ڕووداوەکە گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) بەدوای جەلاسیدا نارد ئەویش گووتی (عامر) درۆ بەزمانی منەوە ئەکات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێکردن کە سوێند بخۆن، جا (جەلاس) دوای نوێژی عەسر سوێندی خوارد بە خوای تاك و تەنها کە ئەو قسەیەی نەکردووەو (عامر) ئەوەی بەزمانی ئەوەوە هەڵبەستووە، پاشان عامریش (خوا لێی ڕازی بێت) سوێندی خوارد بە خوای تاك و تەنها بەوەی کە (جەلاس) ئەو قسەیەی کردووە ئەمن هیچم بە زمانی ئەوەوە هەڵنەبەستووە ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەردوو دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی ئەی پەروەردگار پشتیوانیەك بێنە خوارەوە بۆ ئەو کەسەی کە ڕاستگۆیە لەناو ئێمەدا جا بێگومان پێش ئەوەی ئەوان بلاوەی لێ بکەن حەزرەتی (جوبرەئیل) ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە کە ڕاستگۆیی (عامری کوڕی قەیسی) تێدایە خوای گەورەش قسەکەی (جەلاسی) ئاشکرا کرد و بەدرۆی خستەوە، ئینجا خوای گەورە لە دواییدا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرمووی ﴿ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ وَهَمُّواْ بِمَا لَمۡ يَنَالُواْۚ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضۡلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيۡرٗا لَّهُمۡۖ ﴾ أي يحلف المُنافِقون أنّهم ما قالوا ذلكَ الكلام الذي بَلَغَكَ عَنْهُمْ من السَبَبِّ والإنتقاصِ لقدرك ولَقد قالوا كلاماً خرجوا بهِ من ربقة الإسلامِ وهو قول إبن سلول (لَئن رَجَعْنَا إلى المدينة لَيَخْرُجنَ الأعزُّ منهَا الأذلّ) يَقصدُ

بالأعَزِ نَفسَهُ وَبالأذلِّ الرّسولَ وصَحَبهُ وَليس أبلغ مـن هـذا الكُفـرِ ، فَكفـرُوا بِهذا الكلامِ بَعْدَ دخولهم في الإسلام، واته: ئـهو دووڕووانـه سـوێند دهخـۆن بـهخوا كـهوایان نـهگوتووه، بهدڵنیاییـشهوه، دوای موسـڵمان بوونیـان وشـهی (كـوفر)و بـێ باوهڕیـان گوتـووهو دركانـدووه چـونكه بێگومـان جارێكی تریش بێ بـاوهڕ بوونـهوه، چـونكه بێگومـان خهفـهت بـار بـوون بهوهی كه بهدهستیان نههێنا[1]، ئهوانه ئهو تۆڵهشیان نـهكردهوه مهگـهر تهنها لهبهر ئهوه نهبێت كه خواو پێغهمبهرهكهی (ﷺ) بهچاكهی خۆیان دهوڵهمهندیان كردن، جا ئهگهر پهشیمان ببنهوه بۆ ئهوان باشتر دهبێت.

(پوختهی ماناكه)

ئهو دووڕووانه سوێند دهخۆن كه قسهی وایان نـهكردووه، بهڕاسـتیش ئـهوان قـسهیهكی وایـان كـرد كـه (كـوفر)و لـهڕێ دهرچـوون بـوو، پـاش ئهوهی كه موسڵمان بوبوون دوایی ههڵگهڕانهوهو لـهژێرهوه بوونـهوه بـت پهرستهكهی جاران.

(ئاگادارییهك)

زۆربـهی (موفهسـیرهكان) ئهفـهرموون (نَزَلَـت هَـذهِ الآيَـة في زعـيم المُنافقين (عَبدالله بن سلول) وذلك أنّه أقتتل رَجُلانِ جهنيٌّ وأنصاريٌّ فَعَلا الجُهَنيُّ عَلَى الأنصاريُّ فقال (إبـن سـلول للأنـصار) ألا تنـصرُونَ أخـاكُمْ؟ وَاللهِ مَا مَثَلُنَا وَمَثَلَ مُحَمدٍ إلاّ كَمَا قَالَ القَائِلْ (سَمّنْ كَلْبَكَ يَأكُلك) فَسعى بِهَا

---

(١) ئهویش پیلانیان گێڕاو سهركهوتوو نهبوون كه پێغهمبهر (ﷺ) بكوژن و شههیدی بكهن كه ههندێ له جوولهكهو دووڕووهكان بوون.

رَجلٌ من المُسلمينَ إلى النبيّ (ﷺ) فاخبرهُ بِمَا قالَ فارْسَلَ إليه (ﷺ) يسألهُ فَجَعَلَ يَحْلِف باللهِ مَا قَالَ ذَلكَ فَأنْزَلَ الله فيهِ هذه الآية ﴿وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ﴾ رواهُ البخاري و مسلم، واتە: ئەم ئایەتە دەربارەی سەرۆکی دووڕووەکان (نازل بوو) کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی إبن و سلول بوو، ئەویش ئەوەبوو کە دوو پیاو شەڕیان بوو بە دەمەقاڵێ هاتن و یەکێکیان (جوهەینی بوو ئەوی تریان ئەنصاری بوو)، ئینجا کابرای (جوهەنی) بەسەر (ئەصناریەکەدا) زاڵ بوو، وە هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بە (ئەنصاری) ووت ئەوە بۆ نایەن یارمەتی براکەتان بدەن؟ جا سوێند بە خودا وێنەی ئێمەو وێنە (محمد) وەکو ئەو قسە مەشهورەی کابرا وایە کە ووتی (سەگەکەت قەڵەو بکە بتخوا) یان وەکو پێشینان ڕاستیان گوتووە (ئەگەر سەگەکەت تێر بکەیت دەتخوات) ئەوجا گووتی هەر وەکو ئایەتەکە لە پێشەوە رابورد خوای گەورە فەرمووبووی (والله ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مەدینە دەبێ عەزیزو پیاو ماقولەکانمان ئەو ناکەس بەچانە دەربکەن، مەبەست لە عەزیزو دەسەڵاتدار خۆی بوو وە بەناکەس بەچەو داماوو ڕەزیل پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی بوو، ئینجا مرۆڤێك لە موسڵمانان بەپەلە چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەو روداوو قسانەی بۆ گێڕایەوە، ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) هەناردی بەدوای (عەبدوڵڵای کوڕی سەلوول) ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە بۆچی ئەو قسانەت وتووە ئەویش سوێندی خوارد کە شتی وانەبووەو (ئینکاری) کردوو گووتی من شتی ئاوام نەگوتووە، ئیتر خوای گەورەش ئەم ئایەتەی هەناردە خوارێ و

بەدرۆی خستەوە، ئینجا با بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکەی پێشوو جا خوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَإِن يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۚ وَمَا لَهُمْ فِي الْأَرْضِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٧٤﴾﴾

واتە: خۆ ئەگەر پشتیش لـە ئـاییـنی ئیسلام بکـەن، وە لەسـەر کـاری خراپی خۆیان بەردەوام بن ئەوجا خوای گەورەش لـە دنیـاو لـە قیامـەتا واتـە لـەدواڕۆژدا بـە سـزایەکی ئـازاراوی سـزایان دەدات، هـەروەها هـیچ پشتیوان و یارمەتی دەرێکیان لە زەویدا نیە تا پەنای بۆببەن.

(داستان و چیرۆکی ثعلبە)[1]

خوێنەوارە ئازیزەکانم/ بەر لەوەی دەست بە تەفسیری ئایەتەکە بکەین دەمەوێ روونکردنەوەیەك بکەین دەربارەی (ثعلبە)ی دووڕوو نەك (ثعلبە)ی کوڕی حاتبی بەدری[2]، جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەمەیان روون کردۆتەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی بە عەرەبی هەروەکو دەفەرمووێ (نَزَلَت هذهِ الآية في رجلٍ

(١) وهذا الذي ذكره المُفسرّونَ غير (ثعلبة بن أبي حاطب) الصحابي المشهور، وَإنّما هذا رجل من المنافقين يُسمى (ثعلبة) والله أعلم.

(٢) بەلأم پێشەوا (ئالوسی) لە تەفسیرەکەیدا بەناوی (روح المعانی) ئەفەرمووێ (وليس هُوَ البدريُّ لأنهُ قد أستُشهد بأحدٍ (رضي الله عنهُ) واتە نەك لەگەڵ ئەو هاوەڵە بەڕێزەی کە ناوی (سەعلەبە) بووە، چونکە ئەوە بێگومان (شەهید) بووە لە غەزای ئەحود دا (خوا لێی رازی بێت)، بەلأم سەعلەبەکەی تر ئەوە (مونافیق) بووە، ئایەتەکە دەرهەق بەو نازل بووە ، خواش زانایە.

من المنَافقينَ يُدعى (ثعلبة) وهو غير ثعلبة بن أبي حَاطب (رضي الله عنه) فَذَاكَ رَجلٌ مِنَ المؤمنين، وهذا رجلٌ مِن المُنافقينَ يُدّعى (ثعلبة) جاءَ هذا المُنافق إلى رَسُول اللهِ (ﷺ) فَقَالَ يا رسول اللهِ أدعُ اللهَ أنْ يَرزقني مالاً فَقالَ النَبيُّ الكريم ويحك يا ثعلبة، قليلٌ تؤدّي شكرهُ خَيْرٌ من كثيرٍ لا تُطيقهُ فقال وَالذّي بَعثَكَ بالحقِّ لَئِنْ دَعَوْتَ الله أن يرزقني مالاً لاَ أُعْطيَّنَ كُلّ ذي حَقٍ حَقّهُ وَلأتصدَّقَنَّ في سبيل اللهِ فَدعَا رَسُول الله (ﷺ) أن يُرزقه اللهُ المَالَ)، واته هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەمە بوو کە دەربارەی پیاوێکی دووڕوو دابەزی بەناوی (سەعلەبەوە) نەك سەعلەبەی کوڕی ئەبی حاتب (ڕەزای خوای لێبێت) ئەو زاتە پیاوێکی (صەحابی) بوو وە یەکێك بوو لە ئیمانداره بەڕێزەکان بەڵام (سەعلەبەی) تر ئەوە پیاوێکی (مونافیق) و دووڕوو بوو ئینجا هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) ووتی ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوعام بۆ بکە کە خودا دەوڵەمەندم بکات چونکە من پیاوێکی دەست کورت و هەژارم، ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەی ماڵ وێران ئەوەی ڕاستی بێت ماڵ و سامانێکی کەم شوکرو سوپاسی خوای لەسەر بکەیت باشترە لە ماڵ و سامانێکی زۆر کە خۆی لەبەر نەگری و تووشی زەرەرو ماندوو بوونت بکات، ئینجا (سەعلەبە) وازی لە پێغەمبەر (ﷺ) نەهێناو هەر داوای (دوعای) لێ ئەکرد و ئەیگووت سوێند بەو کەسەی کە تۆی ڕەوانە کردووە بە حەق ئەگەر خودا ماڵ و سامانم بداتێ زەکات و (صەدەقەی) پێویستی لێ دەدەم، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای بۆ کرد، جا هەروەکو ئەفەرمووێ (فاتّخذ غنماً فنمت كَما يَنْمُوا الدودُ فضاقت عليهِ المدينة

فابْتعد عَنْهَا ونزل أحدٌ أوديتها فَجعَلَ يصلي الظهر وَالعصر في جماعةٍ ويترك ما سواهما ثم نمت وكثرت حتّى ترك (الجُمعة والجماعة) وَأمواله تَزيد وَتَنْمُوا، وَكانَ من آخرِ أمرهِ أنّه لَما جاءهُ كتاب رَسُول الله (ﷺ) يدعوهُ فيهِ إلى دفع الزكاة نظر فيهِ ثم قالَ ما هذهِ إلاّ جزيةٌ أوْ أُخْتُ الجِزْية)[1]، وَماتَ بَعْدَ ذَلِكَ عَلى النِّفاقِ، واته: لەپاشان پێغەمبەر (ﷺ) پاڕایەوە لە خوداو دوعای بۆکردو خوا ماڵێکی زۆری لە مەڕو ماڵات پێدا، هەر لە زیادە بوو، بە ویستی خوا زۆربوون و پەرەیان سەند بەوێنەی گەشەی کرم هەتا وای لێهات لە مەدینە جێگەی نەدەبویەوە، ئینجا لە مەدینە دەرچوو بۆ شیوێکی مەدینە، هەتا وای لێهات وازی لە نوێژی (جومعەکان) هێناو بەتایبەتی نوێژی بەکۆمەڵی نەئەکردو، وازی لەهەموو خواپەرستیەك هێنا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە چۆنیەتی (سەعلەبە) کرد جا عەرزی پێغەمبەریان کرد (ﷺ) کە ماڵ و سامان و مەڕو ماڵاتی (سەعلەبە) ئەوەندە زۆر بووە کە لە مەدینە جێگای نابێتەوە، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هاوار بۆ سەعلەبە) لە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی نارد بۆ (سەعلەبە) بۆ وەرگرتنی زەکات، بەڵام ئەو زەکاتی نەداو ووتی جارێ بچن بۆلای خەڵکی ترو کە لێ بوونەوە بەلای من داوەرنەوە، ئینجا کە دوایی هاتنەوە لای (سەعلەبە) بۆ ئەوەی زەکاتەکەی لێ وەرگرن، ووتی والله ئەو سەرانەیە

---

(١) رواه الطبراني والبيهقي، بروانە (التفسير الواضح الميسر)، بقلم الشيخ محمد علي الصابوني، لاپەڕە/٤٨٠.

بڕۆن من سەرانە نادەم[1]، ئیتر ئایەتی ﴿ وَمِنْهُم مَّنْ عَـٰهَدَ ٱللَّهَ ﴾ تا دەگاتە ﴿ يَكْذِبُونَ ﴾ هاتە خواری و نازڵ بوو، ئینجا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْهُم مَّنْ عَـٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ (أي ومن المُنافقين من أعطى الله العَهْدَ والميثاقَ لَئن وَسعَ الله عليهِ في الرزق ورزقه المال الكثير الوفيرَ ليَبذلَنَّ مَالَه في سبيل الله وَليُحسننَّ إلى الفقراء والمساكين وَليعملنَّ بِعمل أهل التُّقى وَالصّلاحِ)، واتە: هەندێك لەو دووڕووانە پەیمانیان بەخودا دا کە ئەگەر لە فەزڵ و کەرەمی خۆی بەشیان بدات و ماڵ و سامانیان پێ ببەخشێت یانی ئەگەر خوا لە خێرو بێرو چاکەی خۆی ماڵ و سامانمان پێ بدات و دەوڵەمەند ببین سوێند بەخوا زەکاتی لێ ئەدەین و خێر دەکەین و زەکات ئەبەخشین بە هەژاران و ئێمە ئەبین بە یەکێك لە پیاو چاکان و فەرمانددارانی خوا،

---

(١) لە هەندێ (ریوایەتا) وا دەردەکوێ و ئەڵێن کە ئایەتی زەکات لە (شەئنی سەعلەبە) نازل بوو جا (سەعلەبە) زۆر تەنگاو بوو ئینجا (سەعلەبە) زەکاتەکەی برد بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ، پێغەمبەر فەرمووی خوای گەورە قەدەغەی کردووە لێتی وەرگرم جا حەزرەت (ﷺ) وەفاتی کرد ئینجا (سەعلەبە) لەدوای کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) چووە لای (ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان) یەك لەدوای یەك کەسیان لێیان وەرنەگرت و تا (سەعلەبەش) لەسەر ئەو (نیفاقەدا) مرد.

ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُواْ بِهِۦ وَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾ ﴾ أي فَلّما رزقه الله وأغناهُ من فَضْلِه بَخِلَ بالإنفاقِ في سَبيلِ اللهِ ومنع الزكاة أن يُعطِيهَا للمُسْتَحقينَ وَنقض العهد وَالميثاق، واتە: هەر کە خوا ماڵ و سامانی پێدان و دەوڵەمەند بوون ئینجا بەخیلیان پێوە کردو، روویان وەرگێڕاو زەکاتیان نەداو خێریشیان نەکردو پشتیان لە فەرمانەکەی خوا کردو، روویان لە ئیسلام وەرگێڕاو عەهدو پەیمانەکەشیان شکاندو نەبردە سەر، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُواْ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُواْ يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾ واتە: بەدوای ئەو بەخیلی کردنەیان خوا دووڕوویی هێنا بەسەر دڵیاندا تا ئەو رۆژەی کە دەیگەنێ و تووشی دەبن، کە رۆژی قیامەتە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دژایەتی ئەو عەهدو پەیمانەیان کرد کە بەخوایان دابوو بەهۆی ئەوەش کە درۆیان دەکرد چونکە درۆزنیش دەرچوون، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٧٨﴾ ﴾ (أي أَلَمْ يعلم أَهْلُ النِفَاق أنّ الله تعالى يعلم أسرارَهُمْ وَما تُخفيه صدورهم من الكذب وسوءِ النيِّة كما يعلم نجواهم وما يَتَحدثُونَ بهِ بَيْنَهُمْ وأنّ اللهَ لا تخفى عليه خافية من أمور العِباد)، واتە: ئایە ئەو دووڕووانە نازانن کە خودا ئاگادارە بەوەی لەناو دڵیاندا دەیشارنەوە، هەروەها ئاگادارە بەوەیش لەنێوان خۆیاندا بە

درزیەوە دەیڵێن لەهەموو جۆرە نیازێکی خراپیش ئەزانێ ئەگادارە، بەو ئاخاوتنە نهێنیانەی کە بە پەنامەکی ئەنجامی دەدەن و هەروەها ئاگاداریشە بەو نهێنی و شاردراوەی ناو قولایی دڵ و دەزانێ و هیچی لێ بزر نابێن ئینجا خوای گەورە باسی سیفەتێکی دیکەی ئەو دووڕووانە دەکات و دەفەرمووێ ﴿ ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ﴾ أي هؤلاء المنافقُونَ هَمُّهم السّخرية والإستهزاء يُعيبُونَ المُتطوّعِين من المُؤمنين إذا تَبرّعُوا بشيءٍ من المال أي ويُعيبُونَ الذّينَ لا يَجِدُونَ إلاّ طاقَتُهُمْ فَيُهْزِءونَ منْهُمْ، واتە: ئەوانەی ڕەخنە لە ئیمانداران ئەگرن کە زیاد لەوەی پێویستە لەسەریان لە زەکات و ماڵ و دارایی یان لە ڕێگەی خوادا دەیبەخشن هەروەها ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن لەو ئیماندارانەی کە هیچ تواناو ماڵێکیان نیە بیبەخشن مەگەر تەنها توانای هێزی گیانی خۆیان نەبێت کە بە ڕووح و بە گیان (جیهاد) ئەکەن لە ڕێگای خودادا جا بێگومان ئەو (مونافیقانە) واتە ئەو دووڕووانە قەشمەری بەوانە دەکەن بەلام خودا گاڵتەو قەشمەری بە دووڕوان دەکات بەوەی دەیانکاتە مایەی گاڵتە پێکردن لەلایەن ئیماندارەکانەوەن جگە لەوەش ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا سزای پڕ ئێش و ئازاریان بۆ هەیەو دانراوە.

(سەرنجێکی گرنگ)

روي عن إبن عباسٍ (رضي الله عنهما قَالَ جاء عبدالرحمن بن عوفٍ

(رضي الله عنه) بأربعين أوقية من ذَهَب إلى النبيّ (ﷺ) وَجَاءَ رَجل من الأنصار بصاعٍ من تمرٍ، فقال بَعْضُ المنافقينَ، والله ما جاء عبدالرحمن بِمَا جَاءَ به إلا رياءً، وإن كان الله وَرسولهُ لَغنيّين عن هذا الصّاع فَنَزَلَتْ ﴿ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ ﴾ الآية[1]، واته: (ریوایەت) کراوه له ئیبن و عەباسەوه (خوایان لیّ رازی بیّت) ئەڵیّت عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف (خوا لیّی رازی بیّت) چل هۆقه زیّڕی هیّنایه لای پیّغەمبەر (ﷺ) کردیه خیّرو (صەدەقە) لەولا شەوه پیاویّکی ئەنصاری هەندیّ خورمای هیّناو ئەوجا دووڕووەکان کردیانه هەراو هۆریا و قسەو ئینجا گوتیان سویّند بەخوا (عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف) بەبەرچاوی و (ریایی) ئەو زیّڕەی هیّناوه جا خواو پیّغەمبەر (ﷺ) منەتیان بەوه هەیه و یانی خواو پیّغەمبەر (ﷺ) لەو (مەنە) خورمایه بیّ نیازەو بیّ باکەو موحتاجی بەوه نیه ئینجا بەم بۆنەیەوه ئەم ئایەته دابەزی که ئەفەرمووێ﴿ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ ﴾ واته: خودا تۆڵەی ئەم قەشمەری و گاڵته کردنه و هەموو کرداروگوفتاریّکیان لیّ دەستیّنیّ و دەیانکاته جیّگای گاڵتەی موسڵمانان و ریسوایان دەکات.

---

(١) رواهُ إبن جرير الطبري في تفسيره، عن إبن عباسٍ (رضي الله عنهما).

(ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەرگیز داوای لێخۆشبوون بۆ دووڕووەکان مەکە)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای مەزن خۆشەویستەکەی خۆی کە حەزرەتی (محمد)ە (ﷺ) ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم (موونافیقانە)واتە ئەو دووڕووانە (موستەحەقی)ئەوە نین کە داوای لێبودرن و عەفویان بۆ بکەیت، جا ئەفەرمووێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر تۆ/٧٠ جاریش داوای لێبوردنیان بۆ بکەی خوا قەت لێیان خۆش نابێت، جا بێگومان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾ ﴾ (أي سَواءٌ يَا مُحَمّد أسْتغفرت لهؤلاءِ المُنافقين أمْ لَمْ تَسْتَغْفِر لهم فَلَنْ يَغْفَرَ الله لَهُمْ أبداً وَلَنْ يَرْضى عَنْهُمْ بِسَبَبِ أنّهم كَفَرُوا باللهِ وَرَسوله كُفراً شَنيعاً مُجاوزاً لِلْحَدّ حيث أبطنُوا الكُفرَ وأظهروا الإيمان وَأرادوا بذلك مخادَعَةُ اللهِ كما خَدَعُوا المؤمنين)، واتە: ئەگەر تۆ داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکەیت یان نەیکەیت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکسانە لەلای ئێمە ئەگەر تۆ حەفتا[1]

---

(١) تەنانەت ئەگەر (حەفتا جاریش)داوای لێخۆش بوون و لێبوردنیان بۆ بکەیت، یان زۆر تر لەوە، یان کەمتر بپاڕێیتەوە بۆیان خوای گەورە هەر لێیان خۆش نابێت، (ئەدی حیکمەتی چی بوو) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی حەفتا جار زیاتر بۆی ئەپاڕێمەوە جا بێگومان هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (حیکمەتی) ئەم پاڕانەیەوەش لەبەر ئەوەبوو چونکە ئەو کابرایە (سەرۆکی هۆزی خەزرەج بوو)،

جاریش داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکەیت ئەوە بێگومان دڵنیابە کەوا خوا لێیان خۆش نابێت، بۆچی خوا لێیان خۆش نابێت؟ چونکە بەڕاستی ئـەو (مونافیقانـە)واتــە ئـەو دووڕووانــە بــێ بـاوەڕ بــوون بــە خــواو بــە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەگەرچی بـەدرۆ خۆیـان بـە ئیمانـدار و موسـڵمان پیشان بدەن، خواش ڕێگەی ڕەوشـەن نیـشانی ئـەو گەلـە نـادات کـە لـە ڕێگەی ڕاسـت لایانـداوە، چـونکە بێگومـان خـودا ڕووی هیدایـەت ناکاتـە ئەوانەی نایانەوێت ڕوو لە بـێ بـاوەڕی وەربگێـڕن وە دەیانـەوێ فێـڵ لـە خوداو لە موسڵمانان بکەن، جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَرِحَ ٱلۡمُخَلَّفُونَ بِمَقۡعَدِهِمۡ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلۡحَرِّۗ قُلۡ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرّٗاۚ لَّوۡ كَانُواْ يَفۡقَهُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ أي فَرِحَ المُخْلفُونَ عـن الخـروجِ مَـعَ رَسُول الله (ﷺ) إلى غزوة تبوك وَفَرِحُوا بِقعُودهم مخالفةً لِرَسُول اللهِ وَعـصياناً لأمـره وَبقُوا جالِسِينَ في دورهم لا يَخْرجُونَ للجهادِ وَقَالَ بَعْضُهم لِبَعضٍ لا تَـخْرجـوا إلى الجهادِ في وَقْت الحرَّ خشية أن تُهْلكوا قُـلْ لَهُـم يـا أيّهـا الرّسـول إنّ نـار

هەروەها (باوکی عەبدوڵلاّ بوو) کە موسڵمانێکی زۆر تەواو بوو، چونکە ئە گەر پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بۆ نەکردبایە ئەوە قەوم و هۆزەکەی و کوڕەکەی لەناو موسڵمانان تووشی چاو شۆڕی دەبوون و قیمەتیان نەدەما لەناو خەڵکان یان لەبەر ئیحترام و ڕێزی کوڕەکەی بەناوی عەبدوڵلاّ ی کوڕی عەبدوڵلاّی ئیبن و سەلول بوو بڕوانە (خواطر إيمانية) لە نووسینی (محمد متولي الشعراوي)، بەرگی/٨، لاپەڕە٦١٨.

جَهنّم التّي سَتَصيرُون إليها أشَدُّ حَرّاً مِمّا تُفرّون منهُ مِنْ حَرّ الدُّنيا، واتـه : ئەو دووڕووانە بەوە دڵخۆش بوون کە لە ماڵی خۆیـان مانـەوەو نەچـوونە (غەزای تـەبووك) و خۆیان دزیەوە هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بـۆکرد، جا ئەو دووڕووانە خۆشحاڵ و دڵشاد بوون بەنەچوونە غەزاکەو مانەوەیان لـە ماڵـەوەو لەگـەڵ پێغەمبـەردا (ﷺ) دەرنەچـوون بـۆ غـەزای تـەبووك چونکە پێیـان نـاخۆش بـوو کـە مـاڵ و گیـانی خۆیـان لـە ڕێگـەی خـوادا ببەخشن، بۆیە بەیەکتریان ووت ئێـوە بـەو گەرمایـە ڕوو مەکنـە هـەرێمی تـەبووك جـا خـودا ئەفـەرمووێ ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) تـۆش بـەوان بڵـێ گەرمای ئاگری دۆزەخ زۆر زۆر ناخۆش و سەختترە لەلایەن گەرمیەوە لـە گەرمای ئەم ڕۆژەدان کە ئەوان لێی دەترسـن و ڕادەکـەن لەبـەر گـەرمای دنیادا، ئەگەر ئەوانە تێبگـەن و بـیرو هۆشـی خۆیـان بخەنـە کـار چـونکە ئەگەر ئەم دووڕووانە بەم کارەیان بزانیایە ئەم غەزایەیان تـەرك نـەدەکرد ، ئـەوجا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَلْيَضْحَكُواْ قَلِيلًا وَلْيَبْكُواْ كَثِيرًا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ أي فَسَيَـضْحَكُونَ قلـيلاً وَسَـيَبْكُونَ كَثيراً جَزاءً لَهُمْ عَلَى ما أقْتَرَفوا من المَوْبِقات والآثام وَاسْتهزائهم بـالمؤمنين ودين الإسلام.

(پوختەی ماناکە)

واتە: بێگومـان ئـەو دووڕووانـە بـەو کردەوەیـان کـە نەچـوونە شـەڕی تەبووك وە هـەروەها کـەیف خـۆش بـوون بۆخۆیـان پـێ ئەکـەنن بـەڵام هەرچەندە پێ بکەنن هەر کەمە چونکە ژیـانی دنیـا بـەخۆی کورتـەو زوو

کۆتایی دێت[1]، ئینجاکە چوونە ژێر دەستی قودرەتی خودا زۆر دەگرێن و گریانیان ناپسێتەوە لەتاو ئەوەی کە بە فەرمانی خوا هەڵنەستان و بێ بەش بوون لە ئەجرو پاداشتی خواو خۆشیەکانی بەهەشتی نەبڕاوەی هەتا هەتایی ئەمەش سزای ئەو کردەوەو تاوان و خراپانەیانە کە لە ژیانیان دەیانکرد و ئەنجامیان ئەداو نەگەڕانەوە بۆلای خوا، جگە لەمەش زۆر گاڵتەیان بە موسڵمانان ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەکرد و ساتێك لە بیروباوەڕی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە.

(ڕێگا بو دووڕووەکان نادرێت بچن بۆ غەزاو کە یەکێکیش مرد نوێژی جەنازەی لەسەر ناکرێت)

جا بێگومان خوای مەزن فەرمان بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەکات و ئەفەرموێت ﴿ فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن تُقَـٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا ۖ إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْخَـٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ (أي إنْ رَدكَ اللهُ يا مُحَمّد من غَزوة تبوك إلى طائِفَةٍ من المُنافقينَ الذّين تَخَلّفُوا بغير عُذرٍ وَطَلَبُوا الخرُوجَ مَعَكَ مَرّة أخرى فقل لَهُمْ لَنْ تَخرجوا إلى غزوة تبوك فلا

(١) قال إبن عباس (رضي الله عنهما) الدّنيا زمنُها قليل فليضحكوا فيها ما شاءوا فإذا إنقطعت الدّنيا وصاروا إلى الله عزّ وجلّ استأنفوا بكاءً لا ينقطع أبداً، واته ئیبن و عەباس (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەڵێ ژیانی دونیا زۆر کەمەو با ئەوانەی دنیا پەرستن بەکەیفی خۆیان پێبکەنن تێیدا ئەگەر لە دنیا دەرچوون و هاتن بۆلای خودای گەورە ئینجا دەست دەکەن بە گریانێ هەرگیز نابڕێتەوە.

حَاجَةَ لَنَا إلى جهادكم بعد اليوم فقعدوا مَعَ الخالفِينَ أي المُتخَلّفين عَن الغزو، مِن النّساءِ وَالشيوخ والصّبيان)، واتە: بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر خوای گەورە لە غەزای تەبوك بەخێر تۆی گەڕاندەوە بۆ مەدینە و جا کۆمەڵێك لەو دووڕووانە کە بەبێ عوزرو بەهانە خۆیان دواخست و لەگەڵت نەهاتن کە چاویان بە ئێوە کەوت بە سەلامەتی و بەدەستکەوتێکی زۆرەوە هاتونەتەوە ئینجا داوات لێ ئەکەن کە بۆ غەزایەکی تر لەگەڵت بێن و بەلاّم لە وەلاّمیاندا پێیان بڵێ هەرگیز ئێوە لەگەڵ من نابێ بجەنگن دژ بە هیچ دوژمنێك چونکە ئێوە یەکەم جار خۆتان لەبەشداری کردنی غەزادا دزیەوەو دانیشتن و ڕازی بوون دە ئێستاش لەگەڵ ژنان و بەتەمەنان و پەککەوتەو منداڵان دا بۆخۆتان لەماڵەوە بمێننەوە.

(سەرنجێکی گرنگ)

خوای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بێزاری و ناڕەزایی بەرامبەر بە دووڕووەکان دەربڕێ و هەروەها نوێژ لەسەر هیچ کەسێکیان نەکات کاتێ کە مرد وە لەسەر گۆڕیشیان نەوەستێ و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات یان دوعایان بۆ بکات چونکە ئەوان بڕوایان بە خوداو بە پێغەمبەر (ﷺ) نەبووەو لەسەر ئەو حاڵە مردوون، بەلاّم بۆ موسڵمانان پێغەمبەر (ﷺ) عادەت و ڕەوشتی وابوو ئەچووە سەر گۆڕەکەیان و دوعاو پاڕانەوەی بۆ ئەکردن، وەك لە (حەدیسێکدا) هاتووە کە (ئەبو داود و حاکم و بزار) ئەیهێنن لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە دەفەرمووێ

هەرکاتێ پێغەمبەر (ﷺ) مردووێکی موسڵمانان کۆچی دوایی بکردابایە ئەچوە سەر گۆڕەکەی لەکاتی بەخاك سپاردنی و داپۆشینی تەرمی مردووەکە ئینجا لەسەر گۆڕەکەی رادەوەستاو دەیفەرموو: (إسْتَغْرُوا لأخيكُمْ وَسَألُ الله التَّثْبيتَ فإنّهُ الآنَ يَسْألَ) واتە: ئەی موسڵمانەکان داوای لێخۆش بوون بۆ ئەم برایەتان بکەن و داوای خۆڕاگری و جوان وەڵامدانەوەی بۆ بکەن چونکە بێگومان ئێستاکە ئەو پرسیاری لێ دەکرێ، جا بێگومان ئەو ئایەتەی کە لە دوایی دا دێت ئەمە (نەصێکی صەریحە) و بە ڕوونی ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ نوێژ لەسەر تەرمی (کافر)و خوا نەناس بکرێ و بەتایبەتی ئینسانی (مونافیق) و دووڕووەکان نابێ موسڵمانان ئامادەی سەرگۆڕیان بن و نابێ دوعای لێخۆش بوونی بۆ بکا، هەروەکو زۆربەی زانایان لە تەفسیرەکانیانداو ئەمەیان باس کردووە بەتایبەتی تەفسیرە عەرەبیەکاندا[1]، ئەڵێت (ثُمَ نَهى النّبي (ﷺ) عَن الصلاة عليهم إذا مَاتُوا فَقَالَ سُبْحانه ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾ أي وَلاَ تصلّ يا محمّد عَلَى أحدٍ مِن

(١) بڕوانە: ئەم تەفسیرانە وەکو: (جامع البيان للطبري، وإبن كثير و القرطبي وتفسير مفاتيح الغيب للامام الرازي و البيضاوي والكشاف وآلوسي واللباب وبحر المحيط وبحر المديد و الدرّ المنثور والسيوطي وصفوة التفاسير والتفسير المنير والخطيب وسمين وتفسير ابن عرفة والنابلسي وتفسير متولي الشعراوي والصاوي والتفسير الواضح للشيخ محمد علي الصابوني).

المُنافقينَ مَاتَ أبد الدهر ولا تَحضر دفنهُ ولا تَشييعَ جَنازته بعد اليـوم لأن صَلاَتَك عليه شَفاعةٌ، وَاسْـتنزال للرّحمـة، وهـم لَيْـسوا أهْـلاً للرّحمـة لأنّهـم إسْتَمرُوا على النّفاقِ، والكفرِ بالله وبرسوله وماتُوا علـى نفـاقهم فهـم فـسقة فجرة، خارجون عَنْ طاعة الله، قالَ المُفسرُونَ نزلَتْ هذه الآية في (عبدالله بن سلول) خاصة وهي عامة في جميـع المُنـافقين، لقولـه سـبحانهُ (عَلَـى أحـدٍ منْهم) التّي تُفيدُ العموم روى الامام البخاري (أنّ إبن سلول لمّـا تـوفيَّ جَـاءَ إبنهُ عبدالله إلى رسول الله (ﷺ) فَسَأَلَهُ أَنْ يُعْطِيَـهُ قَمِيـصَهُ أَنْ يُكَفِّـنَ فيـه أَبَاهُ ، فَأَعْطَاهُ ، ثُمَّ سَأَلَهُ أَنْ يُصَلِّيَ عَلَيْهِ ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِيُصَلِّيَ عَلَيْهِ ، فَقَامَ عُمَرُ فَأَخَذَ بِثَـوْبِ رَسُـولِ اللَّـهِ (ﷺ) فَقَـالَ : يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ ، أَتُصَلِّي عَلَيْهِ وَقَدْ نَهَاكَ اللَّهُ أَنْ تُـصَلِّيَ عَلَيْـهِ ؟ فَقَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ) : إِنَّمَا خَيَّرَنِي اللَّـهُ فَقَـال : (اسْـتَغْفِرْ لَهُـمْ أَوْ لا تَـسْتَغْفِرْ لَهُـمْ إِنْ تَـسْتَغْفِرْ لَهُـمْ سَبْعِينَ مَـرَّةً) ، وَسَـأَزِيدُ عَلَـى سَـبْعِينَ. قَـالَ : إِنَّـهُ مُنَـافِق ، فَـصَلَّى عَلَيْـهِ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ) ، وَأَنْـزَلَ اللَّـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ : ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَـٰسِقُونَ ﴾ أخرجهُ البخاري وزادهُ الترمذيُ في روايته فَقال عُمـر (رضـي الله عنه) فَعَجْبتُ مِن جُرأتي على رسول الله (ﷺ) قَالَ فوالله ماكانَ يَـسيراً حتّى نَزَلَتْ هاتـانِ الآيتـان ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا ﴾ فمـا صَلى رسول الله (ﷺ) بَعْدَهُ عَلَى منافق ولا قام على قبره حتّى قَبَضَهُ الله عَزّ وجلّ (رواهُ الإمام الترمذي)، ئەمـەش تەرجەمـەو تەفسیرەکەیەتی بـە زمـانی کـوردی واتـە خـوای گـەورە (نـەهی) و قەدەغـەی کـردووە لـە

پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر دووڕووەکان بمرن نوێژی جەنازەیان لەسەر بکەیت وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَـٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾ واتە: هەرگیز نوێژ لەسەر کەسێ لەو دووڕووانە مەکە کە بمرێ یان هەر کاتێك مردن لەسەر گۆڕەکەشیانەوە مەوەستەو بەشداری بەخاك سپاردنیان مەکە[1]، چونکە ئەوانە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نیە، کاتێ کە مردیشن بەبێ دینی و بێ باوەڕی مردن چونکە لە سنووری ئایین دەرچووبوون، وە هەروەها (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم ئایەتە بەتایبەت (نازل بوو) بۆ (عەبدوڵڵای کوڕی سەلوول) بەڵام هەرچەندە تایبەتە بۆ ئەو بەڵام (عامە) بۆ هەموو دووڕووەکان، چونکە پێشەوا (بوخاری) ئەڵێ سەبارەت بە کوڕەکەی سەلوول هاتە خوارەوە وەك ئەڵێت (فصلى عليه رَسُول الله (ﷺ) ثم انصرف فلَم يمكث إلا يسيراً حَتّى نزلت الآيتان من (براءة) واتە حەزرەت (ﷺ) نوێژی لەسەر تەرمەکەی سەلوول کرد لە پاشان زۆری نەخایاند هەتا ئەو دوو ئایەتەی بەرائە هاتن و ڕێیان لەوە گرت کە جارێکی تر ئامادەی بەڕێکردنی تەرمی هەرکەسێك بێ لە دووڕووەکان یان نوێژی لەسەر بکات بەڵێ پاش هاتنی ئەو ئایەتانە پێغەمبەر (ﷺ)

---

(١) چونکە ئەگەر حەزرەت (ﷺ) بچێتە سەر گۆڕیان و نوێژیان لەسەر بکات ئەوە ئەوە ئەگەیین کە (شەفاعەت) و تکا بۆ (کافر)و دووڕووەکان ئەکات.

هەرگیز دوای تەرمی (کافرو موشریك) و دووڕوو نەدەکەوت و نەدەچووە سەر گۆڕی و نوێژی لەسەر بکات، بەلاَم بە ریوایەتی عەبدوڵڵای کوڕ عومەر (خوایان لیّ رازی بێت) ئەڵیّ کاتیّ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی مرد ئینجا کوڕەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵلا[1]، بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵسا چووە خزمەتی کە تەشریفی بێت و نوێژی جەنازی لەسەر بکات، داوای لێکرد کە کراسەکەی خۆی بداتیّ و تا باوکی بەو کراسە (کفن) بکات عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) هەڵساو کراسەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرت و ووتی ئەی پێغەمبەری خودا ئایە چۆن نوێژی لەسەر دەکەی کە خوای مەزن تۆی مەنع کردووە یانی تۆی قەدەغە کردووە کەوا نوێژی لەسەر بکەی؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بێگومان خودا منی سەرپشك و (موخەیەر) کردووە، چونکە فەرموویـــــــەتی ﴿ ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ﴾ ئەمە لە پێشەوە (تەفسیر) کراوە جا بێگومان (ریوایەت) کراوە لە فەرموودەکەی عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) دیسان بەم شێوەیە ئەڵیّ و ئەفەرمووێ پاشان پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کردوو لەگەڵ جەنازەی رۆیشتە سەر قەبران و لەسەر گۆڕەکەشی ڕاوەستاو هەتا لێبوونەوە لە ناشتنی بەلاَم ئیمامی عومەر لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمووێت (لە بوێری خۆم لەبەرامبەر

---

(١) چونکە عەبدوڵلا ئیمان و باوەڕی بە پێغەمبەری خودا هێنابوو ، وە یەکیّ بوو لە دڵسۆزان و هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ).

پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆر سەرم سوڕماو خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) چاکتر دەزانن، جا ئەڵێ سوێندم بەخوا ماوەیەکی کەم نەبێ تێنەپەڕی و ئەو دوو ئایەتەی پێشووی بۆ هاتە خوارێ و دابەزی، ئینجا دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر (کافر)و دووڕوو نەکرد وە لەسەر گۆڕەکەشی ڕانەوەستا هەتا خودای مەزن بردیەوە بۆلای خۆی[1]، تا کۆچی دوایی کرد.

(مەسەلەی کراسەکەیش)

زانایانی (تەفسیر) زۆر قسەیان لەسەر کردووە، مامۆستا مەلا (سەعیدی زمناکۆیی) لە تەفسیرەکەیدا[2]، ئەڵێ: (کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی سەرۆکی دووڕووەکان کەوتە گیان کێشان ئەوجا عەبدوڵڵای کوڕی کە هاوناوی باوکی بوو چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە کراسی خۆی بداتێ و هەتا بیکا بە کفنی باوکی ئینجا داواشی لێکرد نوێژی جەنازەی لەسەر بکات، جا حەزرەت (ﷺ) کراسەکەی خۆی دایە (عبدالله) و لەبەر دڵخۆشی کردنی عەبدوڵڵا چونکە ئەو کوڕە زۆر پیاوی خوا بوو، وە هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووبووی پێی بەڕاستی کراسی من ناگاتە فریای عەبدوڵڵای باوکت، بەڵام هیوادارام بەم کارەوە (إنشاء الله) خەڵکێکی زۆر لە خزمەکانی

---

(١) بڕوانە: پەرتووکی (فتح الباری شرح صحیح البخاری)، لە نووسینی (شیخ ابن حجر العسقلانی)، بەرگی/٩، لاپەڕە/١٩٤.

(٢) بڕوانە: تەفسیری زمناکۆیی لە نووسینی مامۆستا مەلا (سەعید زمناکۆیی، بەرگی/١٠، لاپەڕە/٤٢٠).

باوكت ئیمان و باوەڕ بهێنن، جا خوای گەورە هیوایەكەی هێنایەدی لەهۆزی خەزرەج بە هەزاران كەس موسڵمان بوونن بەڵام خاوەنی تەفسیری رامان[1]، ئەڵێت (مەسەلەی) كراسیش ئەگەر كردبێتی بە كفنی ئوبەی كوڕی سەلوول لەبەر ئەوەبوو كاتی خۆی سەلوول كراسێكی خەڵاتی ئیمام عەباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) كردبوو، ئەویش ویستی پاداشتی پیاوەتیەكەی بداتەوە.

(پاشكۆ)

مامۆستای خوالێخۆشبوو لە تەفسیرەكەیدا[2]، فەرموویەتی ریوایەت كراوە كە ئەم ئایەتەی پێشوو نازل بوو كاتێ كە حەزرەت (ﷺ) كراسی خۆی دا بە عەبدوڵڵای كوڕی عەبدوڵڵا ی كوڕی ئوبەی كوڕی سەلوول بۆ ئەوەی بیكەن بە (كفن) بۆ باوكی وە زیاد لەمە عەبدوڵڵا (رەجای) كرد كە حەزرەت (ﷺ) نوێژی جەنازەی باوكی بكا وە حەزرەت ویستی بڕوا بۆ نوێژ كردن لەسەری جا ئەم ئایەتە (مەنعی) كرد لەوەی كە نوێژ بكا لەسەری چونكە نوێژی جەنازە (دوعای عەفوكردنی تێدایە) بۆ مردووەكە وە كافرو دووڕوو بۆ ئەوە ناشێ[3]، بەڵام مەنع نەكرا لە ناردنی

---

(١) بڕوانە: تەفسیری رامان لە ماناو مەبەستی قورئان لە نووسینی مامۆستا احمد كاكە محمود، لاپەڕە/٣٣٧.

(٢) بڕوانە: تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز لە دانانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس بەرگی/٤، لاپەڕە٩٤، چاپی یەكەم، بەغداد.

(٣) چونكە (موفەسیرەكان) ئەفەرموون إنما مَنَعَ (ﷺ) مِنَ الصّلاة على الكافرينَ وَالمُنافقين لأن الصلاة على الميت دعاء واستغفار واستشفاع لهُ والكافر ليسَ بأهلٍ لذلك.

کراسەکەی چونکە کراس ناردن لە (بابەتی سەخاوەت و کەرەمە) و، زاتیٚ وەکو حەزرەت (ﷺ) مەنع ناکریٚ لیٚی جا خوای گەورە بە پیٚغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ ﴿ وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾ ﴾ (أي لاَتَسْتَحْسِنْ ما أنعمنا بهِ عليهم من الأموالِ والأولادِ فظاهرها نعمة وَباطنها نِقْمة يريد الله بما أنعم بهِ عليهم أنْ تُعَذّبهم بِهَا في الدُّنيا بالمصائبِ والنكباتِ وَتخرج أرْواحهم فيموتُوا على الكُفرِ فَيَكْتَمِلُ عَذابَهُمْ) واتە: ئەی پیٚغەمبەر (ﷺ) زۆری ماڵ و سامان زۆری منداڵی ئەو دووڕووانە سەرسامت نەکات، یانی بەلاتەوە شتیٚکی گرنگ بیٚت، جا بیٚگومان خودا دەیەویٚت بەوانە دووچاری ئازارو سزاو ناخۆشیەکان بکات چونکە بزانن ئەو بەخششەو (نیعمەتە) لەبەر خۆشەویستیان نیە بەڵکو خوا هەر ئەیەوێ بەو ئەولادو ماڵ و سامانە یان لە دونیا عەزابیان بدا وە کاتیٚ گیانیشیان دەکیٚشیٚ بە (کافری) واتە بەبیٚ باوەڕی بمرن، ئەوەش بیٚگومان (خەسارەت) مەندی دونیاو قیامەت دەبن و ماڵویٚران دەبن هەتا هەتایێ تووشی ئیٚش و ئازار دەبن جا بیٚگومان خوای پەروەردگار دیسان دەگەڕیٚتەوە سەر لۆمەو سەرزەنشتی دووڕووەکان و ئەفەرموویٚت: ﴿ وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُوا۟ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ واتە: هەر کاتیٚك (سورەتیٚك) رەوانە بکرایە پیٚیان بلیٚت کە دەبیٚت باوەڕ بەخوای گەورە بهیٚنن وە لەگەڵ پیٚغەمبەرەکەیدا دەرچن بۆ غەزاو جیهاد جا بیٚگومان ئەوانەی کە دەسەلاٚت دار بوون، داوایان دەکرد لەتۆ ئەی

پێغەمبەر (ﷺ) کە ماوەیان پێ بدەیت و دەرنەچن بۆ غەزاو جەنگی تەبووك چونکە دەیانووت وازمان لێ بهێنە با لەگەڵ ئەو دانیشتوانە دا لەماڵ دانیشین جا خوای گەورە لە وەڵامیاندا دەفەرموێت: ﴿رَضُوا بِأَن يَكُونُوا مَعَ الْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧﴾﴾ (أي رضي هؤلاء المُنافِقون أن يَقْعُدُوا مَعَ المُتخلّفِين مِن النّساء وَالمرضى والعَجزة الذّينَ تَخلّفُوا بسَبَبِ الأعْذار وَخَتَمَ على قُلوبَهُمْ كَما يُختم على الكتاب فَلاَ يدخلَها نورٌ ولا هداية فهم لذلكَ لا يَفقهون)، واتە: ئەوانە رازین بەوەی کەلەگەڵ ئافرەتان و مندالآن و نەخۆشان و پەککەوتوان و بەجێماواندا بمێننەوەو نەچنە (جیهاد و غەزا) چونکە بێگومان دڵی ئەوانە مۆری لێدراوەو، ئەوەی راستی بێت دڵیان داخراوەو هیچ نووری عیلم و مەعریفەت و زانیاری و هیدایەت و ئامۆژگاریەك وەرناگرن بۆیە دانیشتنی ماڵەوەیان لە جیهاد پێ باشترە، جا بەڕاستی ئەوانە، واتە ئەو دووڕووانە تێناگەن جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَٰكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ جَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ وَأُولَٰئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾﴾ واتە: بەڵام پێغەمبەرو ئەوانەی کە لەگەڵیدان یانی باوەڕیان هێناوە[1]، ئەوان بە ماڵ و سامان و گیانیان جیهادو خەبات دەکەن هەروەها هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ

---

(١) کە ئیماندارانی ساغ و پاك و دیندار دەگرێتەوە لەهەموو زەمان و زەمینێکدا بڕوانە تەفسیری ڕەوشەن، لاپەڕە/٢٨٣.

سەرخستنی ئایینی خوا، جا بێگومان هەموو خێرو چاکەیەك لە قیامەتدا هەر بۆ ئەوانەیە، وە هەر ئەوانەش رزگارو سەرفرازو سەرکەوتوون لەهەردوو جیهاندا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٨٩﴾﴾ واتە: بەڕاستی خوا بۆ ئەوانە چەندین بەهەشتی ئامادە کردووە لە باخ و باخاتی جوان و رازاوەی لە بەهەشتی بەرین دا بۆ ئامادەکردوون کە جۆگەو رووبار بەژێر باخەکانیدا بەبەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاریە، ئەمە بۆ ئەوانە گەورەترین سەرکەوتن و شادی و خۆشیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٠﴾﴾ واتە: لە عەرەبە کۆچەرەکان [1]، ئەوانەیان کە عوزرو بەهانەیان هەبوو هاتن بۆ ئەوەی ئیزن بدرێ بۆیان لە دەرنەچوون، واتە هاتن ئەوانەیان کە عوزرو بەهانە هێنەرن هەتا مۆڵەت بدرێن و نەچنە جیهادو بەشداری غەزاکە نەکەن جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی دامەزراو نەبوو بۆی دانیشتن و گوێی خۆیانیان کەڕکردو ئەوانەی دانیشتن و درۆیان کرد لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی، یانی نەشهاتن داوای ئیزن بکەن خودای گەورەش

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (الأعراب) بەو عەرەبانە دەوترێت کە لە رەشماڵ و چۆلاییەکاندا دەژین.

هەڕەشەی سزای بەژانیان لێ دەکات و بۆیە لە ئایندەدا ئەوانەی کە (کافر)و بێ باوەڕن لەو عەرەبانەو هاووێنەیان تووشی سزایەکی پڕ ئێش و ئازار دەبن.

(ئەوانەی جیهادو غەزایان لەسەر نیە)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾ ﴾ أي لَيْسَ عَلَى الشيُوخ المُسنينَ ولاَ عَلَى المرضى العاجِزينَ عَن الخروجِ لِلْجِهادِ ولاَ عَلَى الفُقراءِ الذّينَ لا يَجدُونَ المال لِشراء السّلاحِ والمركبِ لَيْسَ عَلَى هؤلاءِ حَرَجٌ أي إثمٌ في ترك الخروجِ للجهادِ لأنّهم أصحاب أعذار شرعية إذا أخلصُوا في الإيمان وَالعمل الصَّالح ولا سَبيلَ لِلعَتبِ عَليهم والله عَظيمٌ المَغْفِرةِ وَالرَحمةِ، واتە: بەڕاستی هیچ شەرمەزارییەك نیە لەسەر خەڵکە هەژارە بێ تواناکان و لەسەر نەخۆشەکان و نە لەسەر ئەوانەش کە هیچیان نیەو کە خەرجی بکەن و ببەخشنەوە، ئەگەر دڵسۆزیان نواند بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها بۆ چاکەکارانیش هیچ ڕێبازێکی سزادان نیە خواش لێبوردەو خاوەن بەزەییە.

(پوختەی ماناکان)

واتە نیە لەسەر نەخۆشەکان و لاوازان لە لەشا، وە لەسەر ئەو کەسانەی کە توانای جەنگیان نیە لەبەر پیری یان لەبەر بێ تاقەتی و بێ هێزی، هەروەها ئەوانیش کە نیانە (مەسرەفی) سەفەرو گەشت و چوون

بۆ غەزا دابین بکەن گوناهیان ناگاتێ کاتێ دەرناچن بۆ جیهاد ئەگەر خۆیان سەرگەرمی کاری خێرو ئامۆژگاری خەڵکی و ڕێنوێنی خێرو بکەن و مەبەستیان ڕەزامەندی خوا بێت و هەروەها بەمەرجێ کە ساغ بن و ئیخلاص بەجێبێنن لەگەڵ خوداو پێغەمبەرا وە لەکاتی خۆیدا یارمەتی دینی ئیسلام بدەن جا بێگومان خوای گەورەش بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانەوە تەواو لێخۆشبوو بەسۆزو میهرەبانە.

(پاشکۆ)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون وا دەگێڕنەوە کە کۆمەڵی یەکەم لە مەعزەرەت هێنەرەکان، ووتیان ئەگەر ئێمە بێین بۆ غەزا دوژمنەکانمان دین و ماڵ و داراییمان و ماڵاتمان تالان دەکەن جا لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماوەو ئیزنی پێدان بمێننەوە، جا هەروەها دەرئەکەوێ کە هەندێك لەمانە لە عوزر هێنانەوەدا ڕاستگۆ بوون، بەلاّم بەشی دووەم هی وایان تیا بووبێت کەدواتر بەڕاستی موسڵمان بووبن بۆیە لەکۆتایی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: (ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون سزایەکی سەختی پڕ ئازار دەیانگرێتەوەو گیرۆدەی دەبن، جا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا۟ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾﴾ أي وَلَيْسَ هُناك إثمٌ على الذّينَ جاؤُكَ يَطْلُبونَ منكَ أن تَحملهم ليجاهِدُوا مَعَ إخوانهم المؤمنين وكانُوا فُقراء وَلاَ يَمْلكُونَ مركباً وَقَالَ لَكَ إحملنا نغزو مَعَكَ وَهم (البكّاءونَ) جاءوا

إلى رسُول اللهِ (ﷺ) يطلبون منهُ أنْ يُعِينَهم على مركبٍ فَقَالَ لهُمْ عليه السّلام (وَالله لاَ أجدُ مَا أحملكُمْ عليه) فتلولّوْ وَهُمْ يَبْكُون، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها بەهیچ شێوەیەك ڕێگای لۆمەکردن و سەرزەنشت نیە لەسەر ئەو بڕوادارو موسڵمانانەی کە هاتنە خزمەتت و داوایان لێ کردیت کە بۆ جیهاد و غەزا کردن یارمەتیان بدەیت و هەروەها ولاخی سواریان بۆ پەیدا بکەیت ئەوجا تۆش پێت ووتن من هیچ ولاخێکی سواریم لەبەردەستدا نیە تا بتاندەمێ، ئیتر ئەوانیش بەو حاڵەوە لەلای تۆ گەڕانەوە لەبەر ئەوەی کە توانایان نەبوو بەشداری غەزاکە بکەن لەگەڵتدا و ئینجا چاویان پڕ بوو لەفرمێسك و بەگوڕ پیایدا دەهاتە خوارەوەو لەخەم و خەفەت و لەدڵ گرانیدا لەبەر ئەوەی کەشتی وایان دەست نەکەوت و خەرجی بکەن و بەهۆی ئەوەوە بچن بۆ جیهاد و غەزاوە.

(ئاگاداربیەك)

زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (وهذه الآية هيَ التّي نَزلَتْ في البَكائينَ الذّينَ أرادوا الغزوَ مَعَ رَسُول الله (ﷺ) ولَمْ يجد الرسّول (ﷺ) ما يَحْمِلهم عليهِ قال العلامة البيضاوي في تفسيرهِ[1]، هُمْ البكاءون سَبعة من الأنصارِ أتوا رسُول اللهِ (ﷺ) وَقالوا قَدْ نَذرنا الخروج فأحملنا نغزو مَعَكَ فقالَ (عليه السلام) لاأجد ما أحملكم عليه فَتولّوا وَهُمْ يبكون[2]، واتە:

---

(١) المسمى (انوار التنزيل واسرار التأويل) له نووسینی: (القاضي بيضاوي)، بەرگی/١، لاپەڕە/٣٣

(٢) رواهُ إبن أبي حاتم، و محمد بن إسحاق في سيرته، كذا في الدُرّ المنثُور.

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەمە بوو کە هاتە خوارەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەگریان و فرمێسکیان ئەڕشت لەتاو ئەوەی کە ویستیان لەگەڵ پێغەمبەرو موسڵمانەکان بچن بۆ (غەزای تەبووك) بەلاّم هیچ پێداویستیەك و وڵاخی سواریشیان نەبوو ئینجا داوایان لە حەزرەت (ﷺ) کردو ئەویش لە وەلاّمدا فەرمووی بێگومان هیچ پێروو وڵاخێکی سواریمان دەستناکەوێ بۆتان ئامادە بکەم جا ئەوانیش دەستیان بەگریان کرد، واتە (قازی بەیزاوی) لە تەفسیرەکەیدا ئەفەرمووێ (ئەوانە حەوت کەس بوون ناویان لێنان (البکائون) واتە گریاوەکان لەهۆزی ئەنصار بوون هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتیان ئێمە نەزرمان کردووە ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە وڵاخمان نیە خۆمان و تفاقمان هەڵگرێ لەخزمەت تۆداین بۆ جەنگی تەبووك و داوات لێ دەکەین وڵاخی سواریمان بدەرێ و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی نیمانە ولاّختان بدەینێ ئیتر ئەوان دەستیان کرد بە گریان و فرمێسك ڕشتن هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەڵێن دەربارەی نازل بوونی ئەم ئایەتانە ئیبن و ئەبی حاتەم لە زەیدی کوڕی سابیتەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت من خەریکی نووسینەوەی سورەتی (بارائە) بووم قەڵەم و پێنووسم لەسەر دەست دانابوو ئینجا فەرمانمان پێکرا بچین بۆ غەزاو پێغەمبەریش (ﷺ) چاوەڕوانی (وەحی) دەکرد بۆی نازل بێ ئینجا لەوکاتەدا نابینایەك واتە کۆرەیەك هاتە خزمەتی و ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من چی بکەم چاوم نابینێ و کوێرم؟ ئینجا ئایەتی ﴿ لَّيۡسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ ﴾دابەزی.

(پاشكۆ)

ئـەهلی (سـیرەت) ئەگێڕنـەوە كـە حـەوت كـەس لـە (ئەنـصار) هاتنـە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) داوای یارمەتی و پێداویستیەكانی غـەزایان كـرد بۆخۆیان و ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی من هیچ شتێك شك نابـەم لـە ولآخ و بێلاوە، یارمـەتی تـر ئـەوانیش دڵگـران بـوون و زۆر (غـەمبار) بوون دەستیان بەگریان كردبوو، ئـەوانیش ئەمانـە بـوون ١- مەعقەلـەی كوڕی یسار بوو. ٢- سالم بن عومـەیرو ٣- عـەلی بـن زەیـد بـوو ٤- ابـو لیلی عبـدالرحمن بـن كعـب بـوو ٥- عمـرو بـن الحمـام بـن الجمـوع و ٦- حرمی بن عبدالله و ٧- عیاز بن ساریە الفرازی بوون زۆر هـەژارو دەسـت كـورت بـوون، وە هەنـدێ زانـای تـر ئـەڵێن ئەوانـە ئـەولادەكانی (مقـرن) بـوون، هەنـدێكی تـر فەرموویانـە ئـەبو موسـا و هاوەڵـەكانی بـوون جـا هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی (لَقَدْ تَركتم بالمدينةِ أقْواماً مـا سرتم مسيراً....الخ[1]، هەروەكو لە پێشەوە باسكرا، واتە ئێستاكە ئێـوە لە غەزادان بـەلآم لـە مەدینـەش خـەڵكێك هـەن بـەهۆی نەخۆشـی و كـەم ئەندامی و پیری و پەككەوتەیی و نەبوونی كەرەستەی جەنگەوە جێماون و دڵنیـان لەلاتانـەوە بـوون ئەگـەر بۆشـیان كرابـا بەشـداری جـەنگیان ئەكرد(وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم).

---

(١) رواه البخاري ومسلم وأحمد، عن أنس بن مالك (رضي الله عنه).

بەیارمەتی خوای گەورە کۆتایی بە نووسینەوەی جزمی دەیەم هات و لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢٣ ی زایینی –ئایار– جۆزەردان

جزئی یازدەهەم

سورەتی التوبة

جا خوای گەورە دەفەرمویّت: ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَسۡتَـٔۡذِنُونَكَ وَهُمۡ أَغۡنِيَآءُۚ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلۡخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٩٣﴾﴾ أي إنما الذنبُ والإثمُ والعقابَ على الذّينَ يَسْتأذنُوكَ في التَخَلُفِ وَهُمْ أغْنياء قَادِرُون عَلَى الجِهادِ والإنفاق وَلَكِنَهُمْ رَضُوا بِالعارِ وَالمَهانةِ أنْ يَبْقُوا مَعَ الخوالفِ وَهُنَّ النِساّءَ وَالمرضى والعجزة الذّين لَمْ يُكلَّفُوا بالجهادِ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبهم فأعماهُمْ بِسَبَبِ ذَلكَ لا يعلمُونَ مَا في الجهادِ من الأجرِ العظيم، واته: لە راستیدا گلەیی و گازاندە لەوانە دەکریّ کە داوای روخسەت و مۆڵەتت لیّ دەکەن لەکاتیّکدا ئەوان دەستدریّژو دەوڵەمەندن کەچی رازین لەگەلّ پیرو پیریّژن و نەخۆش و پەککەوتەکاندا بمیّننەوە، وە رازی بوون لەگەلّ بەجیّماوەکان بن و

ئەچنە جیهادو غەزا ئینجا خوای گەورەش مۆری بێدینی و بەدەبەختی بەسەر دڵیاندا هێناو حەقیقەتی دنیاو قیامەت و پاداشتی غەزاو جیهاد لە پێناوی خوادا تێناگەن و نازانن خێرو پاداشتی چەندە زۆرە.

(باسێك لە عوزر هێنانەوەی دووڕووەكان و سوێند خواردنی بەدرۆیان)

هەندێ لە (موفەسیرەكان) ئەڵێن هۆكاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەمەبوو هەروەكو لە عەبدوڵڵای كوڕی ئیمام عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) گێڕدراوەتەوە ئەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی (جەددی كوڕی قەیس) و (موعەتتەبی كوڕی قوشەیر)و هاوەڵانی دووڕوویان هاتۆتە خوارێ، كە (هەشتا كەس بوون لە مونافیقەكان) ئەوجا كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بەیارەكانی خۆی كرد كە گەڕانەوە بۆ مەدینە برادەری و ڕەفاقەتی ئەو كۆمەڵە دووڕووانە نەكەن و دەنگیان لێ دابڕن و تێكەڵیان مەكەن بەهیچ جۆرێك، هەندێكی تر لە (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەم ئایەتەش هاو وێنەی ئەم ئایەتەش دەربارەی عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەی هاتۆتە خوارێ كە لەوكاتەی كە حەزرەت (ﷺ) و هاوەڵانی گەڕانەوە بۆ مەدینە ئەویش سوێندی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خوارد قەت نابێ و لێی دواناكەوێ و سەرپێچی نەكاو ئینجا ئەویش (وەعدی بە خیلاف) دەرچوو زۆر پەیمانیان شكاند لەگەڵ خوداو پێغەمبەردا (ﷺ) ، جا خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ يَعۡتَذِرُونَ إِلَيۡكُمۡ إِذَا رَجَعۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡۚ قُل لَّا تَعۡتَذِرُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكُمۡ قَدۡ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنۡ أَخۡبَارِكُمۡۚ وَسَيَرَى ٱللَّهُ

عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٤﴾ (سَيَعْتَذِرُ لَكُمْ هؤلاء المُتَخَلِفُونَ عَنْ (غزوة تبوك) إذا رَجَعْتُمْ مِنْ سَفَرِكُمْ وَجِهادِكُم فقل لَهم لا تَعْتَذِرُوا فَلَنْ نُصَدقكُم فيما تقُولونَ فقد أطلعنا الله عَلَى ما في ضَمَائِركم من الخُبْثِ وَالنفاقِ وسوف يَرى الله وَرَسُولَهُ عَمَلَكُمْ في المُسْتَقْبَلِ هَلْ تَتُوبُونَ مِنْ نِفاقِكُم أم تُقِيمُونَ عَلَيهِ؟ ثم تُرجعُونَ بَعْدَ موتكم إلى الله فيجازيكم على أعمالكم الجزاءَ العَادِلَ)، واته: هەرکە لە غەزای تەبووك گەڕانەوە بۆ مەدینە ئەوجا ئەو دووڕووانە دێنە لاتان و مەعزەرەت و بەڵگەتان بۆ دێننەوە کە نەیانتوانیوە لەگەڵتان بێن بۆ جەنگ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ پێیان بڵێ هیچ بەڵگە مەهێننەوە پێتان باوەڕ ناکەین چونکە بێگومان خوای گەورە لەباسی ئێوە ئاگاداری کردووین کە ئێوە درۆ دەکەن و قسەی ناو دڵ و سەر زوبانتان وەك نیە خواو پێغەمبەر ئاگادارن بەهەموو کردەوەیەکتان، چونکە لەوە بەولاوە خوداو پێغەمبەری خودا کردەوەکانتان دەبینن، واتە کردەوەکانتان لە دنیا بۆ خەڵك دەردەکەوێ دوارۆژتان لە بەردەوام بوون لەسەر نیفاق یان تۆبە کردن و وازهێنان لە دووڕوویی دەزاندرێ و بۆ خەڵك دەردەکەوێ.

(خولاسەی ووتە)

خوا کردەوەی لەمەوداتان دەبینێت ئایە ئێوە هەر لەسەر خراپەو دووڕوویی خۆتان بەردەوام دەبن یاخود پەشیمان دەبنەوەو تەوبە دەکەن؟ جا بێگومان ئێوە کە دەمرن و دەگەڕێنەوە بۆلای خودا کە زۆر

ئاگادارو زانیارە بەگشت شتێکی شاراوە، ئاشکراو ئاگادارو زانایە بەوەی کە لەناو دڵتاندا هەیەو هەروەها ئاگاداریشە بەوەی کە دەری دەخەن ئەوجا هەر شتێکتان کردووە ئاگادارتان ئەکات لێی[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ سَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ إِذَا ٱنقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ ۖ فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ ۖ إِنَّهُمْ رِجْسٌ ۖ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾ واتە: هەر کاتێك ئێوە دەگەڕێنەوە بۆلایان یانی کە لە غەزای تەبووك گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە ئەو دووڕووانە بەخێرایی دێن و بەخوا سوێندتان بۆ دەخۆن کە توانای هاتنمان نەبوو لەگەڵتاندا بێینە (جیهاد) و غەزاکەو ئەم عوزرو بەهانە ئەهێننەوەتاکو چاوپۆشیان لێ بکەن و لۆمەو سەرزەنشتیان نەکەن و بێدەنگ بن لێیان[2]، دەوازیان لێ بهێنن و روویان لێ وەرگێڕن و مەیاندوێنن و نرخیان بۆ دامەنێن، چونکە بێگومان خۆیان و کاروکردەوەیان پیس و بێ قیمەتن و دڵ و هەناویان ڕەشەو، جێ و

---

(١) کەواتە وریای خۆتان بن لەم ماوەیەی ژیانتاندا هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرتان بەڕاستی ئەو ئایەتە هەڕەشەو گوڕەشە و ترساندنێکی سەختی تێدایە بڕوانە تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی مامۆستا (مەلا عثمان عبدالعزیز)، بەرگی/٤، لاپەڕە/١٧٩.

(٢) ئەو دووڕووانە لایان وابوو کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی لەو غەزایەدا تیا دەچن و ناگەڕێنەوە، ئەوجا کە گەڕانەوە ئەبێ دەست بکەن بە سوێندو پاکانەی خۆیان بەدرۆ خۆیان پێ رزگار بکەن بەڵام ئەمە مەحاڵە.

شوێنی ئەوانە دۆزەخ ئەبێ لەڕۆژی دواییدا، لەتۆڵەو پاداشتی ئەو کارو کردەوەو (عەمەلە) خراپانەی کە لە دنیادا ئەنجامیان دەدا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِن تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ ﴿٩٦﴾ ﴾ (أي يَحْلِفونَ لكم يا مَعشَر المؤمنين بأعظم الإيمان لينالوا رضاكم فإن رضيْتم عنهم فإنّ رضاكم لَنْ يفيدهُم شيْئاً ابداً لأن الله ساخِطٌ عليهم لِفسقهم وفجورهم وخروجهم عَنْ طاعة الرّحمن)، واتە: سوێندتان بۆ دەخۆن بۆ ئەوەی لێیان رازی بین ئەگەر لێشیان رازی بن ئەوە بەڕاستی خوا رازی نابێت لەگەل و نەتەوەیەك کە لە رێگەی راست لایانداوە.

(پوختەی ماناکان)

واتە ئەوانە یانی ئەو دووڕووانە سوێندتان بۆ دەخۆن تا ئێوە رازی بن لێیان ئەوجا بەڕاستی ئەگەر ئێوەش ئەی کۆمەڵی ئیمانداران لێیان رازی بن ئەوان هیچ سوودێکیان دەست ناکەوێت؟ چونکە بێگومان خوای گەورە رازی نابێت لەو قەومە واتە لەو گەلە فاسیقانە لە ئایین دەردەچن و رێگەی خۆ ناگرن چونکە بێگومان خوا لەخەڵکانی سنوور بەزێن رازی نابێت کە دەرئەچن لە پەیڕەوی خوای بەبەزەیی و میهرەبان.

(عه‌ره‌به ده‌شتیه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی مه‌دینه زۆر توندڕه‌و بوون له‌سه‌ر كوفرو مونافقی)

(موفه‌سیره‌كان) ئه‌فه‌رموون كاتێ خودای گه‌وره باسی كرده‌وه‌ی مونافیقه‌كان واته دووڕووه‌كانی مه‌دینه‌ی كرد ئینجا باسی ئه‌و كه‌سانه‌ش ده‌كات كه له‌ده‌وروبه‌ری مه‌دینه‌ن و دووڕوون وێنه‌ی عه‌ره‌به ده‌شتیه‌كان[1]، جا خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ﴿ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٩٧﴾ (المعنى الأعرابُ سكان البوادي الذّينَ ضَمّوا إلى النّفاقِ السّفه وَالجَهْل وَقِلّةُ الفَهْمِ، أي هم أشَدُ كُفْراً وَأعْظَمُ نِفاقاً مِنْ أهْلِ الحَضرِ لِجفائِهم وَقَسْوَةُ قلوبهم وَقِلّة مخالتطهم لأهلِ الايمان وَالصّلاح وهم أولى أن لا يَعْلَمُوا ما أنْزَلَ اللهُ عَلَ رَسُولِهِ من الشرائِع والأحكام السّماوية)، واته: به‌ڕاستی هه‌ندێك له عه‌ره‌به ده‌شته‌كی و بیابان نشینه‌كان له

---

(١) (موفه‌سیره‌كان) ئه‌فه‌رموون (الأعراب) هه‌روه‌كو پێشتر ئاماژه‌مان بۆ كرد، به‌و عه‌ره‌بانه ده‌ڵێن كه كۆچه‌ری بوون ره‌حاڵ و نه‌زاڵ بوونه به‌زۆری كۆچه‌ری بوون كه له‌ناو ره‌شماڵدا له‌ده‌ره‌وه‌ی شاره‌كاندا ده‌ژین، به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له‌ده‌وری مه‌دینه‌دابوون ئه‌وانه چه‌ند تاقم و تایفه‌یه‌ك بوون له‌و عه‌ره‌به كۆچه‌رانه له‌ده‌وروبه‌ری مه‌دینه‌دا بوون و پێش موسڵمان بوونیان چه‌ندین جار په‌لامارو هێرشیان ئه‌هێنا بۆ سه‌ر مه‌دینه، به‌لام له پاشان موسڵمان بوون به‌شێوه‌ی گشتی به‌لام عه‌ره‌بی ره‌سه‌ن زۆربه‌یان خه‌ڵكی شارستانی بوون زۆر تێگه‌یشتوو بوون زۆربه‌یان به‌زووترین كات هاتنه سه‌ر ئایینی ئیسلام و موسڵمان بوون.

عەرەبی شارستانیەکان دڵڕەق و کەللـە ڕەق و هیـشکن هـەروەها (کـافر) ترو بێ باوەڕو دووڕووترن، هەر بۆ لەبارترن بۆ جەهل و نەفامی و نـەزانی دەربـارەی ئـەو (حـوکم) و ئـەو (ئەحکمانـەی) کـە خـوای گـەورە نـازڵی کردووە، وە ڕۆنی کردۆتەوە بۆ خۆشەویستەکەی حەزرەتی محمـد (ﷺ) دەربارەی (حەڵاڵ و حەرام) دا، واتە درووستی نادرووسـتی دا جـا خـوای گەورەش تەواو زانایـە بـەکارو کـردەوەی بەنـدەکانی هـەروەها تـەواویش دانایە لە دیاریکردنی سنوورەکاندا.

(پوختەی ماناکان)

واتە: عەرەبە دەشتیەکان (کوفرو نیفاقیان) لە عەرەبی تر بـەهێزترەو شـیاوترن بـەوەی کـە سـنووری شـەریعەت نـەزانن و پابەنـدی پـەیامی پێغەمبـەری خـودا نـەبن چـونکە دەشتەکی سروشـتیان تونـدترو دڵیـان رەقـترە، نـەفام و نـەزانترن چـونکە تێکـەڵاوی موسـڵمانیان نـەکردووە قورئانیـان بەسـەردا نەخوێندراوەتـەوە هـەتا لـە (شـەرع و حـوکم) و ئەحکامەکانی و یاساو سنوورەکانی تێبگەن، چـونکە بێگومـان نـایزانن و لێی تێناگەن و گوێی نادەنێ، جا خـوای گـەورە ئاگـادارو زانایـە بەگـشت کردەوەیـەکی بەنـدەکانی و لەسـەرجەم فـەرمان و بڕیارەکانـدا خـاوەن حیکمەت و زانایە بەهەموو شتێك.

(هۆی هاتنه خوارەوەی ئەم ئایەته)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون هۆکاری نازل بوونی ئایەتەکە، یانی ئایەتی﴿ ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ ...... ﴾ مەبەستی عەرەبە دەشتەکیەکانی هۆزی أسد و غطفان و عەرەبەکانی ناو شاری مەدینەیە، چونکە هەندێکی تر ئەڵێن لەوانە کە حازری مەدینەی منەوەرە بوون.

(ئاگادارییەك)

جا هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عەباس (خوایان لیّ رازی بێت) ئەم فەرموودەیەی له پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگرتووە کە ئەفەرمووێ : (مَنْ سَكَنَ البَادِيةَ جَفا، وَمَنْ أتبعَ الصَّيْدَ غَفَل، وَمَنْ أتَى السُّلطانَ إفْتَتَنْ)[1]، واتە: کەسێك له گوندو لە لادێ دانیشێ سرووشتی ووشك ئەبێ، یانی مرۆڤی دەشتەکی دڵڕەقەو کەسێك راوچی و نێچیرەوان بێ لە خودا غافڵ دەبێ وە کەسێك لەبەردەستی پاشا بێ و لە دەرباری سوڵتاندا کار بکات تووشی بەلاو فیتنە دەبێ[2]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغۡرَمٗا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿٩٨﴾ ﴾ واتە: هەندێك لەو عەرەبە دەشتەکیانەی ئەو برە ماڵەی کە هەرچی لە ڕێگەی خودا ببیەخشێتەوە،

---

(١) رواه أحمد و أبو داود والترمذي والنسائي.

(٢) بڕوانە: (تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان) لە نووسینی مامۆستا (مەلا مەحمودی گەلاڵەیی)، بەرگی شەشەم، لاپەڕە/٧٠٦، لەگەڵ دەستکاری.

ئەوە بە زیان و (غەرامەی) دادەنێ وە یاخود هەندێکیان زەکات ئەدەن واتە بە باج و سەرانەی دەزانن، وە لەسەر شانیان قورسەو بە بێزاریەوە دەیدەن، وە چاوەڕوانی هیچ سودێکی دوارۆژی لێ ناکەن چونکە باوەڕیان بەو رۆژە نیە، وە هەروەها لەهەمان کاتیش چاوەنواڕن کە کارەساتی زەمانە بێتە سەرتان و ئیسلام دەسەلاتی نەمێنێ و لەکۆڵ ئەو زەکاتە ببنەوەو چیتر نەیدەن هەندێ لە راڤەکەران لەسەر ئەو رستەیەدا (عَلَيهِمْ دائِرةُ السُّوْءِ) بەلاو موصیبەت و تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی بەسەر خۆیاندا بخولێتەوەو یەخەی خۆیان بگرێ ئەوەی چاوەڕوانی دەکەن تووشی پێغەمبەر و موسڵمانان بێ تووشی خۆیان بێ هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (دەگونجێ هەواڵدان و خەبەر بێ و وەدەشگونجێ دوعا لێکردن بێ واتە (إنشاء الله) بێ ئێمە بەشێوەی (دوعا) راڤەمان کرد[1]، خواش گوێبیست و زانایە بەوەی کە دەیڵێین، جا لەبەشی سێهەمیان خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلْأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِ ۚ أَلَآ إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ ۚ سَيُدْخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٩﴾ ﴾

واتە: هەندێکی دیکە لەو (عەرەبە) دەشتەکیانە بەپێچەوانەی ئەو عەرەبانەی تر کە باسیان کرا جا بێگومان ئەمان باوەڕێکی تەواویان

---

(١) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لەگەڵ دەستکاری.

بەخوداو بە رۆژی دوایی هەیەو ئەو زەکاتەی کە ئەیدەن بە خێرو چاکەو فەرمانی خوای دەزانن و هەروەها ئەزانن کە بەجێگەیاندنی فەرمانی خوا لە خوایان نزیك دەکاتەوە و بەو ئومێدەی کە دوعای پێغەمبەریان پێ بکات، ئاگادار ببنەوە، ئەو زەکاتەو ئەو خێراتی ئەوانە خودا قەبوڵی ئەکاو ئەیکا بەهۆی نزیکبوونەوەیان لە خودا واش هەر دەیانخاتە ژێر سێبەری رەحمەتی خۆی جا بەڕاستی ئەوەی ئەوان دەیکەن مایەی نزیکبوونەوەیانە لەخوا سەرئەنجام خوای گەورە ئەو جۆرە کەسانە دەخاتە ژێر سایەی رەحمەتی خۆیەوە چونکە لەڕاستیدا ئەو خوایە تەواو لێخۆش بووەو هەروەها تەواویش خاوەنی بەزەییەکی فراوانە.

(ڕێزو حورمەتی کۆچەری و ئەنصاریەکان و پشتیوانان و شوێنکەوتوانیان رەزای خودا لە هەموویان)

جا خوای گەورە مەدح و ستایشی ئەو کۆمەڵە بڕوادارانە ئەکاو کە کۆچەران و یاریدەدەران لەگەڵ تابیعەکان شوێن کەوتنیان بەگشتی جا (موفەسیرەکان) ئەڵێن هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ﴾ دا هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوەی راست و (صحیحە) ئەوەیە کە ئەم ئایەتە مەبەستی ئەو هاوەڵانەیە کە دەستپێشخەرو پێشەنگ بوون بۆ کۆچکردن بۆ یارمەتی دانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وە هەروەها هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئایەتی (١٠١) کە لەدوایی دا دێت هۆی (نازل) بوونی ئەم ئایەتە دەربارەی خێڵی (جوهەینە)و خێڵی (موزەینە) و ئەشجەع و ئەسلەم و (غەفار) هاتۆتە خوارێ کە دانیشتووی دەوروبەری

مەدینــە بــوون[1]، جــا خــوای گــەورە لــە بارەیانــەوە دەفــەرموێت:

﴿وَٱلسَّـٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَـٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ۝١٠٠﴾

وَالسابِقُونَ الأوَّلُونَ في الهِجرَةِ وَالنُصرةِ الذّين سَبقوا إلى الإيمانِ من الصّحابة[2]، وَسَلَكُوا طَرِيقَهُمْ واقتدوا بِهِمْ في سيرتهم الحسنة وهم التّابِعُونَ وَمَنْ سار عَلَى نَهْجهم إلى يوم القيامة، وَعدّ بالغُفرانِ وَالرّضْوانِ أي (رَضي اللهُ عَنْهُمْ) وَأرْضاهُم وهَيأ اللهُ لَهُمْ في الآخرة حدائقَ زاهرة تجري من تحت أشجارها وقصورهَا أنهارُ الجنّة مُقيمينَ فيها إلى غير نهايَة ذَلكَ هو الفوز الذّي لا فَوْزَ بَعْدَهُ وأيُّ سَعادةٍ أعظمُ من الخلُودِ في جِنانِ النّعيم؟ واته: ئەو ئیماندارانەی کە هەر لەسەرەتاوە دەستپێشخەریان کردوو باوەڕو ئیمانیان هێناوە بەتاك و تەنهایی خوای گەورەو هەروەها کەوتنە شوێنی

---

(١) بروانە ئەم تەفسیرانە: ١- تفسير البغوى لە نووسینى (حسين بن مسعود البغوى)، بەرگی/٢، لاپەڕە/٢٧٠. ٢- بروانە (التسهيل لعلوم التنزيل)، لە نووسینى محمد بن أحمد بن جزى الكلبى، بەرگی /١، لاپەڕە/٣٦٧.

(٢) رُوِي عن الشعبي (أنهم الذّينَ بايعوا بيعة الرضوانِ وقيل هم صَلّوا إلى القِبتين وما ذكرناهُ أنّهم جميعُ الصّحابةِ وهم السّابِقونَ في الهِجرةِ والنّصرةِ هُوَ ما رجحته الامام الطبري واختارهُ الفخر الرازي).

پێغەمبەرو ئینجا کۆچیان کرد بۆ مەدینە[1]، ئەوان لە ریزی کاروانی یەکەمدا پێشەنگ بوون لە کۆچبەران و یاریدەدەران و پشتیوانان لە هەموو ئەوانەش کە بەدرێژایی هاوکات و زەمانە بەشێوازێکی جوان شوێنی هەنگاوی ئەوان کەوتوون، هەروەها ئەو موسڵمانانەش کە بەدوای ئەواندا هاتوون و لە باشەو چاکەدا پەیڕەوییان کردوون، جا بێگومان ئەوانە، هەموویان خوای گەورە لێیان رازی یە ئەوانیش رازین لە فەزڵ و کەرەم و بەخشندەیی خودا، جا بێگومان خوای مەزن ئامادەی کردووە بۆیان چەند بەهەشتێ کە لەژێر ئەواندا چەندەها رووبار بەژێر و بەبەردەم کۆشکەکانی دا جاریە و رەوانە وە بۆ هەمیشە نەمری و هەتا هەتایێ لەو جێگەو رێگە خۆش و سازگارەدا ژیانی نەبڕاوە دەبەنە سەر و لەو نازو نیعمەتەدا دەمێننەوە، ئەویش سەرکەوتنێکی ئێجگار مەزن و گەورەیە، هەر ئەوەیشە دەستکەوت و سەرفرازی گەورەو بەنرخ و بەها.

(چەند ئاگادارییەکی گرنگ)

١- (موفەسیرەکان) لە تەفسیری (سابقیندا) چەند رایەکی جیاوازیان هەیەو هەندێ لەوانە فەرموویانە و دەڵێن (سابقین) هُمُ الذّينَ صَلُّوا إلى القِبْلَتيْن) واتە: ئەو کۆچ بەرانەن کە نوێژیان کردووە، بەرەو ڕووی قبلتین یانی (بيت المقدس) و بەرەو (كعبة الله).

٢- وەهەندێ تر فەرموویانە (أصحاب البدر)ن.

---

(١) وە هەروەها موسڵمانانی مەدینەش کە بوونە بەناو پشتیوانی پێغەمبەر و (ﷺ) و ئاینی پیرۆزی خودا.

٣- بەلاّم زۆربەی موفەسیرو زاناکان[١]، فەرموویانە (هُم الذّينَ شَهدُوا بَيْعَةَ الرِّضوانِ) واتە: ئەوانە بوون لە بن داری (بەیعەتول رەزوان)[٢] دا حازرو ئامادەبوون جا بێگومان ئەوانەی کە (بەیعەتیان) لە بن (درەختی بیعە الرضوان) دا کردووە دەستیان نایە نێو دەستی پێغەمبەر (ﷺ) و بەڵێنیاندا بە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیا بن هەتا دوا نەفەس هەروەها هەندێ لە (موفەسیرەکانی) دیکە ئەڵێن ئەوانە لەژێر دارو درەختێکدا کۆبوونەوە، لە کۆتایی مانگی ذي القعدة لەساڵی شەشەمی کۆچی کە بەناوبانگە بە (ئاشتەوایی الحديبية)، دا کە زۆر مەشهوورە.

٤- هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (سابقين) بەو (تاقمە) موسڵمانانە دەگوترێ کە یەکەم جار کۆچیان کرد کە بریتین لەو کۆمەڵە موسڵمانەی دەستپێشخەر بوون لە کۆچکردندا، ڕێزدارترین ئەو کۆمەڵە جوامێرانە (خەلیفەکانی(واتە جێنشینەکانی پێغەمبەر (ﷺ) **(یەکەم)**: حەزرەتی ئەبوبەکرە (خوا لێی رازی بێت) **(دووەم)**: حەزرەتی عومەرە (خوا لێی رازی بێت). **(سێهەم)**: حەزرەتی عوسمانە (خوا لێی رازی بێت). **(چوارەم)**: حەزرەتی عەلی یە (خوا لێی رازی بێت) ئەوجا ئەو چوار کەسە لەو (دە) هاوەڵە ڕێزدارەن کە حەزرەت (ﷺ) مـوژدەی

---

(١) هەروەها ئیمامی شافیعی و زۆربەی زانایانی (مەزهەب) لەسەر ئەوەن کە ئەوانە بوون لە (بەیعەتی رەزوان) دا ئامادەبوون و بەیعەتیان بە حەزرەت (ﷺ) دا.

(٢) ژمارەی ئەو ئەصحابانەی کە بەیعەتیان لەگەڵ پێغەمبەر دا کردبوو (ﷺ) لەژێر درەختی(سمرە) دا (١٤٠٠) کەس بوون بروانە پەرتووکی (محمد رسول الله) (ﷺ) لە نووسینی (محمد رضا) لاپەڕە/٢٥٧.

بەهەشتی پێداون و بە (العشرة المبشرة) بەناوبانگ و ناودارن جا یەکەم کەس لەو دەکەسە جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ) حەزرەتی ئەبو بەکری سەدیقە (خوا لێی ڕازی بێت) خەزووری پێغەمبەرەو (واوەیلاە) بۆ ئەو کۆمەڵەی کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن و دژایەتی ئەم (خەلیفە) دەکەن هەروەها ئەوانەی (ڕکیان) لەو کەسانەیە کە خوا (ڕازیە) لێیان ئەوانیش لە خوا ڕازین، بێ لەوەش لەسەر هەندێشدا جنێویان دەدەنێ و (تەکفیریان) دەکەن و پەنا بەخوا بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵێکی سەرلێشێواون و عەقڵ و هۆشیان تێکچووە و دڵ و دەروونیان ڕەش بووە، ئەگەرنا چۆن (جورئەت) دەکەن لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو (ئایەت و قورئان) و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەربارەیان دابەزیوە و لە فەزڵ ڕێزی وان هاتووە دەرهەق ئەو چینەی بەڕێزەی (ئەصحابە) نازدارەکان هاتووە جا چۆن (جورئەت) دەکەن ناماقولی بەرامبەر پیاوی وەکو حەزرەتی (ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان بکەن)؟ جا بێگومان ئەوان دژایەتی کەسانێك دەکەن کە خوای گەورە ڕەزامەندی خۆی لێیان ڕاگەیندووە.

٥- هەروەها مەبەست لە تابعین لە جوملەی (والذّین اتّبعُوهم باحسانٍ) دا باقی (ئەصحابەکانی) پێغەمبەرە (ﷺ) لەسەر هەموو ماناکان بەڵام ئەوەی کە هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە کە مەبەست لە (سابقین) ئەوانەیە لەپێش باقی موسڵمانانی غەیری (موجاهدین و ئەنصاردا) موسڵمان بوون ، وە مەبەست لە (والذّینَ اتّبَعوُهُمْ) ئەوانەن کە دوای ئەوان موسڵمان بوون لە زەمانی حەزرەتا

(ﷺ) واتە (ئەصحابەکان) غەیری ئەو دوو فیرقە وە باقی موسڵمانانی دنیا کە لە پاش زەمانی حەزرەت (ﷺ) هاتوونەتە دنیاوە تا ڕۆژی قیامەت بەشەرتی ئەوەی کە تابعی سابقین بووبن لەبیرو باوەڕو کردەوەو ئەخلاقا، ئەم شەرتە دێتەجێ لەوانەدا کە تابیعن ئیجماعی ئومەت، وە بە زۆری ئەوانە بوون لە ئیمامانی (موجتەهدین) و لە (ئومەرای عادلین) و (عولەمای عاملین) و (ئەولیا)و پیاوچاکان و هەتا ڕۆژێ کە دنیا دەوامی بێ(۱).

(پاشكۆ)

خوێنەوارە ئازیزەکانم: لەو ئایەتەی پێشوو وا دەردەکەوێت کە هەر کەسێك دژایەتی (ئەصحابە)و یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکات بەر ڕق و غەزەبی خوا دەکەوێت، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إذًا رأيتُمْ الذّينَ يَسبُون أصْحابيَ فَقُولوا لعنة اللهِ عَلَى شَرِكُمْ)(۲)، واتە: ئەگەر دیتتان کەسێك جنێوی بە (ئەصحابەی) من دا ئێوە پێی بڵێن (نەعلەت) و نەفرینی خوا لە خراپەکەتان بێ، ئەنەسی کوڕی مالیکیش (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ سَبَّ أصْحابي فَعَليهِ لعنة اللهِ والملائكةِ والنّاسِ أجْمَعينَ)(۳)، واتە: هەر کەسێ جنێو بە یارانی من بدات ئەمە (لەعنەت) و نەفرینی خواو فریشتەکان و هەموو

(۱) بڕوانە (تەفسیری نامی) لە دانانی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)، بەرگی/٤، لاپەڕە/١٠٤، لەگەڵ دەستکاری.

(۲) رواه الترمذي.

(۳) رواه الطبراني والحاكم.

موسڵمانانی لێیە وە حەزرەتی ابو هریرە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێت پێغەمبەری خوا فەرمووی خوا لە (حەدیسی قودسیدا) فەرموویەتی (مَنْ عَادَي لِيَ وَلِياً فَقَدْ آذنتهُ بالحَرب) رواه البخاري، واتە: هەرکەسێ دوژمنایەتی دۆست و (وەلیەکی) من بکات ئەوە جەنگ لە دژی بەرپا دەکەم[1].

(باسێك لە فێڵی دووڕووەکانی مەدینەو دەشتەکیەکان)

ئەمجارە پەروەردگار بۆ وریابوونەوەی موسڵمانان و ئاگاداربوونیان لە فێڵ و فڕی بێ باوەڕو دووڕووەکان روودەکاتە باوەڕداران و ئەفەرموێت ﴿ وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ مُنَٰفِقُونَ ۖ وَمِنْ أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ ۖ مَرَدُوا۟ عَلَى ٱلنِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ ۚ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ ﴿١٠١﴾ ﴾ (أي وَمِمّنْ حولَكُمْ يا أهل المدينةِ مُنافِقُونَ مِن الأعرابِ منازلهم قريبة مِنْ منازلكم وَمِنْ أهل المدينةِ مُنافِقُون إستمرُّوا وثبتوا النِّفاقِ لا تَعْلمهم أنت يا مُحمد بِحَيثُ يخفى أمْرَهُمْ على كثيرينَ ولكن نَحن نَعْلَمُهمْ ونُخبرك عَن أحوالهم سَنُعذّبهُمْ في الدّنيا بالقتلِ والأسرِ وعند الموتِ بعذاب القبرِ ثم في الآخرةِ يُردّونَ إلى أسوءِ العذابِ الذَي أعدّهُ الله للمنافقينَ وَالكُفار)، واتە: ئەی موسڵمانینە لە دەورتان لە

---

(١) بروانە:پەرتووکی(تاوانە گەورەکان لەروانگەی ئیسلامەوە)، لەنووسینی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزین)، لاپەڕە/٢٧٦، چاپی سێهەم.

دەرەوەی مەدینە عارەبی بیابان نشینی دووڕوو هەیە، هەروەها لەناو مەدینەش دووڕووتان لەناو هەیە کە ئەوان کارو پیشەیان دووڕوویییە و هیچ کارێکی تر ناکەن و زۆر شارەزان لە دووڕوویی و لەهەموو کردەوەیەکی تر دوورن بەلاّم لەسەر دووڕوویی ڕاهاتوون و تێیدا شارەزان، ئەتۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) وێڕای زیرەکی و لێزانیت نایان ناسی چونکە ئەوەندە وریاو پیس و فێڵبازو خۆپارێزن ناهێڵن هەستیان پێ بکەی، جا بێگومان ئێمە زۆر باش دەیانناسین و بەسەر نهێنی و بەرنامەکەیان ئاگادارین و پێیان دەزانین ئەوان بێدینی و کوفرو دژایەتی لەنێو دڵیان شاراوەیە بەلاّم وەکو موسڵمانی موخلیس خۆ پیشان دەدەن، جا لەبەر ئەمە ئێمە لە دونیادا دووجار سزایان دەدەین جارێکیان بەسەرخستنتان بەسەر دووژمنەکانتان کە بەوە دڵگران دەبن، یان بە ریسوا بوون و ماڵ فەوتاندنیان و منداڵ مردنیان، یان بە کوشتن و دیل کردنیان و جارێکیشیان بە ئابڕوو بردنیان و (نیفاقیان)، یان کاتی گیان کێشان و (عەزابی) ناو گۆڕەوە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ناو سازای دۆزەخ لە دواڕۆژدا کە ئامادەکراوە بۆ (کافرەکان) و دووڕووەکان، کە بەئێش و ئازارترین سزایە، مەبەست ئەوەیە کە سزایان دوو چەندانەیە.

(موسڵمانە بەجێماوەکان لە غەزادا بەهۆی تەمبەڵییەوە)

لەپاش ئەوەی خوای گەورە باسی چۆنیەتی حاڵی ئەو دووڕووانەی کرد کە دواکەوتن لە جەنگی تەبووك بەهۆی (نیفاق) و خوانەناسی و بەد گومانیەوە، ئینجا دێتەوە سەرباسی ئەو گوناهبارانەی کە لەبەر تەمبەڵی و حەز لە ئیسراحەت کردن و دواکەوتن ئەکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیمانیان بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی هەیە، هەروەها کرداری چاکەو کرداری خراپەیان تێکەڵ بەیەك کردووە بەڵام ئیمانیان هەیەو هەروەها تاوانباریشن، جا خوای گەورە ئەفەرمووێ﴿ وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا۟ عَمَلًا صَٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠٢﴾ ﴾ أي وقومٌ آخرُونَ لا لِنفاقِهم بَلْ لِكَسَلِهِمْ ثم نَدِموا على ما فعلُوا وتابُوا خَلَطُوا جهادهم السابق بالعمل السيء وهو تخلفهم عن غزوة تبوك نَدمُوا وتابوا هؤلاء لَعلَّ الله يتوب عليهم وَعسى من اللهِ واجِبَةٌ أي حَقّ على اللهِ أنْ يتوب عليهم لأنّه سبحانهُ واسِعُ المغفرةِ عظيم الرَّحْمةِ، واتە: بێگومان هی واش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، جا کردەوەیەکی چاك و یەکی خراپیان تێکەڵکرد بەڵام ئومێدیش هەیە خوا تۆبەیان لێ وەربگرێت و جا بەڕاستی خودا لێبوردەو خاوەن بەزەییە.

(پوختەی ماناکان)

واتە هەندێکی تر لەو (عارەبانە) دانیان بە گوناهو تاوانەکەیان هێناوە کە لە غەزای تەبووك دا لەبەر سستی و تەمبەڵی خۆیان دواکەوتن،

چونکە بێگومان ئەوانیش چەند کەسانێك بوون لە موسڵمانان نەچوونە غەزاکەو نەك لەبەر (نیفاق) و دووڕوویی بەڵکو لەبەر (تەمبەڵی) دواکەوتن جا لەپاشان پەشیمان بوونەوەو (تەوبەیان) کرد و هەروەها هەندێ کارو کردەوەی چاکیان کردو ئەنجام دابوو[1]، هەروەها بڕێکی خراپیشیان تێکەڵ کردبوو[2]، ئەوجا بێگومان خوا لێیان خۆش دەبێ و تەوبەیان لێ وەردەگرێت، چونکە بەڕاستی بۆ گوناهباران زۆر لێبوردەیە و زۆریش میهرەبانە، چونکە خاوەن بەزەییەکی فراوانە.

(هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) بە عەبدوڵلای کوڕی عەباسەوە (خوا لێیان رازی بێت) ئەگێڕنەوە لەسەر ئەم ئایەتە﴿ وَءَاخَرُونَ ﴾ لەسەر (ئەبو لوبابە) کە ناوی (روفاعەی کوڕی ئەبو المونزیر) بوو وە کۆمەڵێك لە هاوالآنی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە خوارەوە کە لەغەزای تەبوکدا لەگەڵ پێغەمبەر و هاوەڵانی دواکەوتن ، هەندێ ووتویانە (ئەبو لوبابە) و حەوت کەسیشی لەگەڵ دابووە وە هەندێکی تر گوتوویانە (دە) کەسی لەگەڵدابووە، جا ئەگێڕنەوە کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزاکە

---

(١) واتە (موفەسیرەکان) ئەڵێن کردەوە پێشووەکانیان باش بووە، وەکو (جیهاد) و حازر بوون بۆ (واجباتی) دین، وە کردەوە خراپەکانیشیان وەکو پاشکەوتن و دواکەوتن لە غەزای تەبووکدا.

(٢) ئەمە هەرچەندە بۆ (ئەبو لوبابە)و هاوەڵانی هاتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە کەسێك ئەگرێتەوە کە کارو کردەوەی بەو چەشنە بێ، هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد.

گەڕایـەوە (ئـەبو لوبابـە) و هاوڕێیـانی خۆیـان بەسـتەوە بـە کۆڵەکـەی مزگەوتەوەو ئینجا سوێندیان خوارد کـە هـیچ کەسـێك نابێـت بیانکاتـەوە پێغەمبـەری خـودا نـەبێت (ﷺ) ئینجـا کـە خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی هەنارده خـوارەوە ﴿ وَءَاخَرُونَ ٱعۡتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمۡ ﴾ ئـەوجا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) بەریدان و عەفووی کردن[1]، چونکه خـوای گـەورە تەوبـەیانی قەبوڵ کرد.

(لەماڵ و سامانی دەوڵەمەندان زەکات هەیە)

خوای مەزن فەرمان ئەکات بە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) کـە (صـەدەقە) لـە مـاڵ و سـامانی ئیمانـدارەکان وەربگرێـت هـەتاکو پـاك و خاوێنیـان بکاتەوە، وە لەپاشـان خـوای گـەورە (ئـەجر)و پاداشـتیان بداتـەوە، جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمۡۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾ أي خُذْ مِنْ أَمْوالِ هؤلاءِ المتخلّفينَ الذّين أعْتَرفُوا بذنوبهم صَدَقَةً تُطَهـرهُمْ بِهَا من الخطأ الذي إرْتَكبُوهُ، وَتنْمَى بهذهِ الصَّدقةِ حَسناتهم وَادْعُ لهـم بـالخيرِ والبركةِ فإنّ دُعاءك واسْتغفارك طمأنينةٌ لَهُمْ تسكن بِهَا نفوسَهُمْ واللهُ سَميعٌ لِقـولِهم عَلـيمٌ بنـدامَتِهمْ، واتـە: لـە مـاڵ و سامانەکەشـیان بەشـە خێـرو صەدەقەو زەکات وەربگرە، دڵ و دەروونیـانی پـێ پـاك بکـەوە، هـەتا لـە

---

(١) بڕوانە تەفسیری (خواطر إیمانیّة) لە نووسینی بەڕێز (محمد متولی شعراوی)، بەرگی/٨، لاپەڕە/٦٨٨، چاپی دار الاسلام.

گوناهەکانیان پاك ببنەوەو دوعای خێریان بۆ بکە چونکە بێگومان ئەو دوعایەی تۆ دڵیان خۆش دەکات و ئارامییان پێ دەدات خواش گوێبیست و زاناو دانایە بەهەموو کارو گوفتارو کردەوەیەکتان.

(پوختەی ماناکان)

واتە: خوای گەورە فەرمان ئەکات بە پێغەمبەر (ﷺ) کە هەندێك لە ماڵەکەیان وەربگرەو بیدە بە فەقیرو هەژاران چونکە لەو تاوانەیان پاك ئەکەیەوە کە نەهاتن بۆ شەڕی تەبوك ماڵ و سامانەکەشیان زیاد ئەکات و بەرەکەتی ئەکەوێتە ناو ئەوەش لە جیاتی زەکات نیە بەڵکو بۆ پاك بوونەوەیە لە تاوان و خراپە، جا بەو زەکاتە خێرو چاکەیان زیاتر بکات، هەروەها دوعاشیان بۆ بکە، چونکە بێگومان دوعاو پاڕانەوەی تۆ دەبێتە مایەی ئارامی دڵ و دەروونیان، وە خوا ئەبیسێ پاڕانەوەی تۆ بۆ ئەوان و لەتۆی وەرئەگرێ ئەو پاڕانەوەیە، وە خوا ئاگادارە بەوەی لەم جیهانەدا روویداوەو روودەدات، وە ئاگاداریشە بە پەشیمان بوونەوەی ئەوان کە (ئەبو لوبابە)و هاوڕێکانیەتی.

(هۆی هاتنە خوارەوە ئایەتەکە)

قَالَ المفسرُون روي عَنْ إبن عباسٍ (رضي الله عنهما) قَالَ لما أطلق رسول الله (ﷺ) أبا لُبابة وأصحابهُ إنطلق أبو لبابة وأصحابهُ بأموالهم فأتوا بها رَسُول اللهِ فقالوا خُذْ من أموالنا فتصدّق بها عنّا وَصَلِّ عَلَيْنَا[1]، أي إسْتغفر لَنا وطَهرنَا فقَالَ رَسول اللهِ (ﷺ) لا آخُذُ منْها شَيئاً حَتّى أومَرُ، فَأنْزلَ اللهُ ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً﴾ الآية فاخَذَ الرّسُولَ (ﷺ) مِن أموالِهِم الثُلْثَ[2]، واتە: موفەسیرەکان ئەفەرموون دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً﴾ لە عەبدوللای کوڕی عەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە ئەڵێ کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەبو لوبابەو هاوڕێیەکانی لە کۆڵەکەکان کردنەوە، ئینجا دانیان نا بە تاوانی خۆیان داناو جا خودا تۆبەی لێ قەبوڵ کردن ئینجا ماڵ و سامانی خۆیان هێنایە خزمەت پێغەمبەرو (ﷺ) گووتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە ئەو ماڵ

---

(١) پێشەوا بوخاری و موسلیم لە ئەبوو ئەوفا وە ئەگێڕنەوە هەر کە ئەبو ئەوفا خێرو صەدەقەکەی خۆی هێنا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أللّهُمَ صَلِّ عَلَى آل أبي أوْفَى) واتە: خودایە لە ئالوبەیت و خانەوادەی ئەبو ئەوفا ببوریت و (رەحمەتیان بەسەر برژێنی).

(٢) زۆربەی تەفسیرەکان ئەم فەرموودەیان هێناوە، وەکو پێشەوا (طبري و إبن كثير و فخرالدين الرازي و قاضي البيضاوي و تفسير الكشاف و فتح القدير و روح المعاني آلوسي و تأويلات أهل السنة (الماتريدي) و (النكت وعيون الماوردي) و تفسير القرطبي والصاوي والتفسير المنير و تفسير الواحدي والبحر المحيط والبحرُ المديد و التسهيل والمراغي ونابلسي والتفسير الواضح) و زۆرانی تریش ...هتد...

و سامانە بوو کە بەهۆی دواکوتنمان لە بەشداریکردنی غـەزا دامـان نـاوە ئەوجا بۆمان ببەخشەو داوای لێخۆش بوونمان بۆ بکە، جـا پێغەمبـەریش (ﷺ) فەرمووی فەرمانم پـێ نـەکراوە کـە هیـچتان لـێ وەربگـرم چـونکە خـودا قەدەغـەی کـردووە لـێم، جـا خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی نـاردە خوارەوە ﴿ خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ ﴾ ئـەوجا پێغەمبـەریش (ﷺ) سـێ یەکی ماڵ و سامانەکەیانی لێ وەرگرتن و جا بەخـشیەوە بەسـەر فـەقیرو هەژاراندا، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَأۡخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾ ﴾ واتە: ئەوانەی کە لە کردەوە خراپەکانیان پەشیمان بوونەتەوە، ئایـە نازانن کە خودا تەوبە لە بەندەکانی خۆی قەبوڵ دەکات و وەردەگرێـت و زەکات و صەدەقە قەبوڵ دەکات هەروەها پاداشتی زۆرو نەبڕاوەیان پـێ دەبەخشێ ؟ واتە بێگومان هـەر خودایـە تەوبـەو پەشـیمانی عەبدەکانی یانی بەنـدەکانی خـۆی قـەبوڵ دەکـات چـونکە هـەر خۆیـەتی زۆر تەوبـە وەرگرەو بەرەحمەو بە سۆزە، وە هـەروەها خـوای گـەورە بـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئەفــەرمووێ ﴿ وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمۡ وَرَسُولُهُۥ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر پێشیان بڵـێ کـار بکـەن یـانی کـاری بـاش بکەن واتە خـوا بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەڵـێ بـەو کەسـانە بڵـێ کـە مـاڵ و

سامانیان کردە خێرو تەوبەیان کرد ئینجا لەمەودوا کردەوەتان باش بێت و چیتر خراپە مەکەن، جا بێگومان لەمەودوا خواو پێغەمبەر و موسڵمانان کردەوەتان دەبینن کە چاکە دەکەن یان خراپە ، چونکە لێتان بێ ئاگا نیە، هەروەها دوای ژیانیشتان دەگەڕێنەوە لای خوا کە نهێنی و ئاشکراتان ئەزانێ، ئەوکاتە هەموو کردەوەیەکتان بۆ دەردەخات و پێتان دەڵێ کە چیتان کردووەو چیتان نەکردووە.

(تەوبە لە سێ کەس وەرنەگیراو دواخرا)

ئینجا باسی ئەو چەند کەسە دەکات کە لە غەزای تەبووک دواکەوتن و هیچ عوزرو بەهانەیەکی راستیان نەبوو، ئینجا کاتێ کە حەزرەت (ﷺ) گەڕایەوە لەگەڵ یارەکانی لەجەنگی تەبووکدا ئەوان هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و هیچ درۆیەکیان نەکردو راستیان بە پێغەمبەر (ﷺ) گووت لە پاشان خوای میهرەبان عەفویانی کرد، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠٦﴾ ﴾ أي وآخرونَ ممّنْ تَخَلَّفوا عَنْ غزوة تَبوك وَهم الثّلاثةُ الذين تَقاعَسُوا عَن الخروج، (كَعب و مرارة وهِلال) مُرْجَونَ أي مُؤخرّونَ ليَحْكُم اللهُ في شأنهم إمّا أن يعاقبهم أوْ يوفّقهم للتوبةِ فيتوب عليهم وهؤلاء الثّلاثة هم الذّين عناهم بقوله (وَعلى الثّلاثة الذّين خُلّفُوا) وَقدْ هجرهم الرّسول (ﷺ) وَالمؤمنون خمسين لَيْلة حتّى نزلت تَوْبَتهم بَعْد ذَلكَ، واتە: کەسانێکی تریش هەن لەو ئیماندارانەی کە تواناشیان هەبوو بەڵام بەشداری غەزای تەبووکیان نەکرد ئینجا هێڵدرانەوە یانی دواخران، بۆ فەرمانی خوای گەورە کە یان سزایان

دەدات یاخود تەوبەو پەشیمانیان لێ وەردەگرێت، جا بێگومان ئەو سێ کەسە بوون کە لە غەزای تەبووك خۆیان بە ئەنقەست دواخست و نەچوونە غەزاکەو ئەو سێ کەسە کەعب و هیلال و مەرارە بوون[1]، وە دواتر لە ئایەتی (١١٨) دا خوای گەورە بە درێژی روونی ئەکاتەوە واتە لەو دواکەوتوو و بەجێماوانە کەسانێکی تر هەبوون کە دواخران بۆ (حوکم) و بڕیاری خوا، یان سزایان ئەدات یان تەوبەیان لێ وەئەگرێ یانی تا ئەو کاتە بەسەرنەچوو (حوکم) و بڕیاری بۆ دەرنەکردن و ئاشکرای نەکرد بۆ خەڵکی ئەو ماوەیە ئەوانە بەو داخ و مەراقەوە ژیان تا بەوە تەمێ خوارد بوون، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) رێی لە هاوەڵان گرت لە قسەو سڵاو لێکردنیان ئینجا خوای گەورە بڕیاری خۆی دەربارەیان دواخست (پەنجا شەو) ئیش و کارەکەیان بە (موعەڵەقی) مایەوە، هەتا فەرمانی خویان بۆ هات و (تەوبەیان) لێ وەرگیرا جا بێگومان خوای گەورە زانایەو ئاگادارە بە هەموو نیەت و قسەو ئیش و کرداری بەندەکانی و دانایە بەهەموو بڕیارەکانی لە جێگای شیاوی خۆیا دائەنێ هەر شتێکیان لەگەڵ بکا.

---

(١) جا ئەوەی راستی بێت ئەم تاقمە سێ کەس بوون ١- مەرارەی کوڕی رەبیع. ٢- کەعبی کوڕی مالیك ٣- هیلالی کوڕی ئومەیە، ئەوانە بەپاش کەوتن لە غەزای تەبووك نەك لەبەر (نیفاق) بەڵکو لەبەر قەزاو قەدەری خوابوو، وەلەبەر تەمبەڵی و سستی خۆیان بوو، کاتێ کە حەزرەت (ﷺ) لە تەبووك گەڕایەوەو بە (ئەصحابەکانی) خۆی فەرموو: کەس تێکەڵاویان نەکاو هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد ئینجا ئەوانیش بەخۆ داچوونەوەو پەشیمان بوونەوەو تەوبەیان کرد خواش تەوبەی لێ وەرگرتن و عەفوی کردن، وە ئایەتی نازل کردو عەفویانی کرد، هەروەکو لە دواییدا بەدرێژی باسی دەکەین.

(باسێك لە مزگەوتی الضرار یانی زیانبەخش)

خـوای گـەورە لـەم بارەیـەوە ئەفـەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًۢا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبْلُ﴾ (وَالمعنى ومن المُنافقينَ جَماعة بَلغُوا النهايةَ في الإفسادِ والإجرامِ بَنَوْا مُجمعاً يدبرّونَ في الشرّ سَمَّوهُ (مَسْجداً) مَضارّة لِلْمؤمنينَ فيصرفوهم عن مَسْجد (قُباء) الذّي صَلّى فيه رَسُول اللهِ (ﷺ) أوّل قدُومه المدينة المنورة)، واتـە: ئـەو دووڕووانـەی کـە مزگەوتێکیان دروستکرد بە نیەتی نەخشەو پیلاندانان دژی پێغەمبەر و ئیمانداران تـا زەرەرو زیانیـان پـێ بگەیـەنن و (کوفر)و بـێ دینـی بلاّو بکەنـەوەو دووبـەرەکی لـە نێـوان ئیمانداراندا دروست بکەن، وە بـۆ کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی کە پێشتر دژایەتی و جەنگیان دژ بـە ئـایینی خواو پێغەمبەرەکەی کردبوو بۆ زیان گەیاندن بە موسڵمانان بـۆ ئـەوەی رووی خەڵکەکە وەرگێڕن لە مزگەوتی (قوبا) ئەو مزگەوتـەی یەکـەم جار پێغەمبەر (ﷺ) دروستی کردو نوێژی تیا کرد کە یەکەم جار (هیجرەتی) بۆ مەدینەی منەوەرە کرد ، جا خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّا ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٠٧﴾﴾ (أي ولَيُقسِمنَ بالله ما أرَدْنا ببنائه إلاّ الخير والإحْسانَ والتوّسعة على المُصليّنَ وَالله يشهدُ بِإنّهم كاذِبُون)، واتە: ئەو دوو ڕووانـە سـوێند دەخـۆن و دەڵـێن ئێمـە بـۆ چاکەو خێر ئەو مزگەوتەمان دروست کردوە تاوەکو موسڵمانان شـوێنی

نوێژەکەیان فراوان بێ یان لە ڕۆژی باران و سەرما ئازار نەچێژن، جا بێگومان خواش شاهیدی ئەدا ئەوانە درۆزنن و مەبەستیان خراپەو زیانی موسڵمانانەو پیلانی تێدا دەگێڕن.

(هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە)

زۆربەی (موفەسیرەکان) لە تەفسیرەکانیاندا ئەم ڕووداوە ئەگێڕنەوە کە (ئەبو عامری ڕاهیب) لەناو گەلی خەزرەجدا و[1]، کەسایەتیەکی ناودار بوو ئینجا پاش جەنگی بەدر چوو بۆ مەکەو کافرو بت پەرستەکانی مەککەی هاندا بۆ جەنگی (ئوحد) ئەوجا پاش ئەو شەڕەش چوو بۆ ناو (رومەکان) لە وولاتی شام ئەوجا پێش جەنگی تەبوك لەوێوە هەواڵی هەنارد بۆ دووڕووەکانی مەدینە کە جێگایەك حازرو ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ئاشوب و پیلان بگێڕن بەرامبەر پێغەمبەر و موسڵمانەکان ئینجا دووڕووەکانیش بۆ ئەم مەبەستە لە نزیکی مزگەوتی قوبا دا مزگەوتێکیان درووست کرد بۆ ئەوەی کە ببێتە مزگەوتی ضرار مەبەستیان زیان پێگەیاندن و تێکدانی ریزی موسڵمانەکانە جا بێگومان کارەکەیان هەوڵێکە بۆ یارمەتی دانی (کافر)و خوانەناس و دووڕووەکان، جا دووڕووەکان چاوەڕوانی سەرۆکەکەیان ئەکرد بێتەوە بۆلایان کە (ئەبو عامری ڕاهیب) بوو بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لێنا (ئەبو عامری

(١) کە لەلای (خەزرەجییەکان) خاوەن پایە بوو جا کە پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی چووە مەدینە زۆر هەوڵی لەگەڵدا موسڵمان ببێ بەڵام بێ سوود بوو.

فاسـيق)، هـەروەها دوعاشـی لێکـرد[1]، جـا ئـەهلی سـیرە[2]، کـاتێ کـە حـەزرەت (ﷺ) کۆچـی کـرد بـۆ مەدینـە موسـڵمانان لـە چـواردەوری کۆبوونەوە ئەوجا ناوی ئیسلام بـەرز بوویـەوە و خـوا لـە غـەزای بـەدردا سەری خستن ئەو (ئـەبو عـامرە فاسیق)ە زۆر حـاجزو خـەمناك بـوو زۆر خەفەتی خوارد هەروەها دوژمنایەتی خۆی دەربڕی و کەوتە پیلان گێران بەرامبـەر خـواو پێغەمبـەر و هـاوەڵانی ئینجـا چـوو بـۆ نـاو کـافرو موشـریکەکانی مەککـەو هـەلینانی لەسـەر شـەڕکردن لـە دژی خـواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانیش لەگەڵ ئەو عەرەبانـەی کـە هاوباوەڕیـان بـوون لەدەوروبەری مەککە دا یەکیان گرت و هاتن بۆ جەنگی (ئوحد) هـەروەها جەنگی ئوحدیش ئەوەبوو کـە خـوای گـەورە ئیمانـدارانی تـاقی کـردەوە ئەوجا پێش ئەوەی دەست بەجەنگ بکرێ ئەو (فاسـیقە) خـۆی گەیانـدە بـەرەکانی شـەڕ ئینجـا لـەنێوان هـەردوو ریزەکـەدا ئـەو (ئـەبو عـامیرە فاسیقەش) چەندین چاڵی لەگـەڵ بـێ باوەڕەکانـدا کـۆڵی و لێـی دا، جـا پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە ناو یەکێکیان ئینجا لەدوای (مەحاوەلەیـەکی) زۆر پێغەمبـەریان دەرهێنـا زۆر بـێ تاقـەت بوبـوو بـەڵام لـەپێناو هەنـدێ دا

---

(١) جا بێگومان (ئەبو عامر) پێش ئەوەی رابکاتە مەککە پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد بۆ سەر ئایینی ئیسلام و رێگای خودا، هەندێ قورئانی خوێند بەسەری بۆ ئەوەی موسڵمان بێ بەڵام بێ سوود بوو، جا حەزرەت دوعای لێکرد، دوعاکەشی قەبوڵ بوو.

(٢) بڕوانە (سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر) لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طە عبدالعزین)، بەرگ/٢، لاپەڕە/٦٩.

سەری (مبارەكی) شكاو هەروەها چەند ددانی پیرۆزی شكا، جا ئەو دووڕووانە بە پیلان و نەخشەی (ئەبو عامری فاسیق) كە مزگەوتەكەیان درووست كرد پێش ئەوەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بڕوات بۆ غەزای تەبووك داوایان لێكرد كە لە مزگەوتەكەیاندا نوێژێك بكات پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی با بمێنێت تا دەگەڕێمەوە ئینجا كە لە جەنگەكە گەڕایەوە پێش ئەوەی بگاتە ناو شاری مەدینە خوای گەورە حەزرەتی جوبرەئیلی هەنارده خوارەوە بۆلای و هەواڵی مزگەوتی (الضرار)ی پێداو لە نیازو كردەوەی خراپی دووڕووەكان ئاگاداری كردەوە ئەوجا لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لە ڕێگادا چەند كەسێكی هەنارد[1]، مزگەوتەكەیان روخاندو سوتاندیان جا بێگومان ئەوان مزگەوتەكەیان بۆیە درووست كرد، هەتا زیان بە موسڵمانان بگەیەنن و خراپەكاری ئەنجام بدەن ئەوجا خوای گەورە (وەحی) واتە نیگای بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ناردو فەرمانی پێككردوو پێی فەرموو ﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (أي لاَ تــصلِ يا مُحمّد أبَداً في هَذا المَسْجدِ لأنّهُ لَمْ يُبن لطاعةِ اللهِ وإنّما بُني ليكونَ حِصناً

---

(١) ئەوانەی كە حەزرەت (ﷺ) ناردنی بۆ روخاندنی مزگەوتی (ضرار) ئەو بەڕێزانە بوون (مالیكی كوڕی دەخشوم لە تیرەی بەنی سالمی بەنی عەوف و مەعنی كوڕی عەدیّ لە تیرەی بەنی عەجلان، و عامری كوڕی السكن و وەحشی و هەندێكی تریش لەوان لەگەڵیان بوون.

لأهلِ الضّلالِ وَالنِفَاقِ، لَمسجدُ قباء الذّي بُني عَلَى تقو الله وَطاعَتهِ مِنْ أوّل يومٍ إبْتديء في بنائه أولى وَأَحَقُ بأن تُصلّي فيهِ مِن مَسْجدِ الضرارِ في هذا المسجدِ رجالٌ مُؤمِنُونَ أتقياء وَهُمْ الأنْصارُ بنوهُ لوجه الله ليطهرُوا من الذّنوب والآثامِ، واللهُ يُحبُّ كُلَّ مَنْ زكىّ نفسهُ بالطّهارةِ الظّاهِرةِ وَالباطنَة)، واته: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست قەت واتە هەرگیز لەو مزگەوتەدا نوێژ مەکە وە لەگەڵ هەندێشدا تێیدا رامەوەستە چونکە بۆ ئاژاوەو خراپە دروستکراوە[1]، جا بێگومان دڵنیابە ئەو مزگەوتە یانی مزگەوتی (قباء) کە هەر یەکەم رۆژ لەسەر بناغەی تەقواو خواپەرستی دامەزراوە جا بە هەقترە و شایانترە نوێژی تیا بکەیت چونکە ئەو ئیماندارانەی تیایدان خواپەرستی و خواناسی دەکەن و بە نوێژ کردن ئاوەدانی دەکەنەوە[2]، جا ئەو موسڵمانانە دەیانەوێت خۆیان لەهەموو کردەوەیەکی خراپە دوور خەنەوە، بەتایبەتی خۆیان پاك رابگرن جا بێگومان خوداش ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە خۆیان لە تاوان و گوناه و خراپە پاك رادەگرن، جا بەڕاستی خودا پیاوانی وای زۆر خۆش دەوێ و لێیان رازی ئەبێ و نزیکیان دەخاتەوە لەخۆی بەتایبەتی ئەوانەی تەزکیەی نەفس ئەکەن و خۆیان پاك و خاوێن رائەگەرن، ئەوجا چ پاك و خاوێنی لاشە بێت یان پاك و خاوێنی گیان و دڵ و دەروون بێت.

---

(١) نەك بۆ خودا بەڕاستی جا لەبەر هەندێ درووست نیە نوێژی لەناو بکەیت.

(٢) چ بە (بینایەت) کردن و چ بە زیکرو فیکرو تاعەتەوە بێت.

(چەند ئاگاداریەکی گرنگ لە فەزڵی مزگەوتی قوباو و نوێژکردنی تێدا)

١- فەرمووده لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـەمرەوە (خـوا لێیـان رازی بێـت) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویـەتی: (كـانَ رَسُـولُ اللهِ (ﷺ) يـأتي مَـسْجِدَ قوبـاء راكبـاً وماشـياً فَيـصلي فيـهِ ركعـتينِ)، رواهُ البخـاري، واتـە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەچوو بۆ مزگەوتی قوباو بـە سـواری و بـە پیادەش ئەوجا دوو رکعات نوێژی تیادا دەکرد.

٢- هــەروەها لــە ســەهلی کــوڕی عونەیفــەوە (ڕەزای خــوای لێبێــت) ئەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (مَـنْ خَـرَجَ مِـنْ بَيْتـهِ حَتّـى يـأتي مَـسْجِد قبـاء و يَـصلي فيـه كـانَ لـهُ عَـدْلَ عُمْـرةٍ) رواه النـسائي وإبـن ماجـه، واتـە: هەرکەسـێ بەمەبەسـتی نوێـژکردن لـە مزگـەوتی (قوبـاء) لـە مـاڵی خـۆی دەرچـێ و خـۆی خـەریك نـەکات بەهیچ شتێکەوە هەتا ئەگاتە مزگەوتی قوباو وە دوو رکعـات نوێـژی تێدا بکات ئەوە بۆ ئەو کەسە وەکو (عومرەیەك) وایە کە کردبێتی.

٣- رُوي أنّ إبن عُمر (رضي الله عنهما) (كانَ يأتي قُبَاءَ كُلَّ سَبْتٍ وكَـانَ يَقُولُ رأيْتُ النَبيَّ (ﷺ) يأتيهِ كُلَّ سَبْتٍ)، رواه مسلم، واتە: ریوایـەت کراوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوایان لـێ رازی بێت) کـەوا هـەموو شـەممەیەك دەردەچـوو بـۆ مزگـەوتی قوبـاو وە دەیفـەرموو پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینیوە کـەوا هـەموو شـەممەیەك تەشـریفی دەهات بۆ ئێـرە واتـە مزگـەوتی قوبـاء[1]، ئـەوجا خـوای گـەورە بـە

---

(١) بروانە پەرتوکی (مەوسوعەی فیقهی حەج و عومرە) لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزین)، لاپەڕە/٥٤٠.

درێژتر پێناسەی ئەم دوو مزگەوتەمان بۆ دەكات و دەفەرمووێ ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾ واتە: ئایە مزگەوتێك كە بناغەكەی لەسەر خواپەرستی وە خواناسینی و تەقواوە رەزامەندی خودا دارِشتبێ وەكو وێنەی مزگەوتی قوباو چاكترە، یان مزگەوتێك كە بناغەكەی لەسەر رۆخی شوێنێك كە لافاو و ئاو دایدرِیبێ و شەق و پەتی كردبێ، هەردەمێك برِمێ دەرِمێ، بەرەو دۆزەخەوە دەرِمێ[1]،واتە: هەرگیز خواش رێنمایی خەڵكانی زاڵم و ستەمكار ناكات[2]، جا خوای گەورەش ئەفەرمووێت ﴿لَا يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْا رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلَّا أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١١٠﴾﴾ واتە: روخاندن و سوتاندنی ئەو مزگەوتە كە بە مزگەوتی (ضرار)

---

(١) ئەمەش نموونەیەكە بۆ ئەو كەسانەی كە بیروباوەریان بەتەواوی بەخواو بەپێغەمبەر هێناوەو خۆیان لەهەموو بێ فەرمانیەك دەپارێزن هەردەم خەریكی خواپەرستین ئەمانە چاكترن و باشترن یان كەسانێك كە باوەرِی خۆیان لەسەر دژایەتی ئایینی ئیسلام هەڵناوەو هەروەها خەریكی دووبەرەكی و نانەوەی ئاژاوەن كە ئەو كارانەش بەرەو دۆزەخیان دەبات بروانە تەفسیری قورئانی پیرۆز لە نووسینی (عبدالعزیز علاء الدین كۆیی)، بەرگی/٣، لاپەرە/١١٤.

(٢) واتە بێگومان ئەوانەی ئەو مزگەوتەی (ضرار یان) درووستكرد زۆر ناحەقیان كردو ستەمكار بوون.

ناودار بوو ئینجا بەردەوام مایەی گومان و دووڕوویی و خەم و خەفەتە لەناو دڵیانەوە تاوەکو هەتا ئەو کاتەی کە دڵیان دەپچڕێت و دەمرن و هەرگیز بە ئاوات ناگەن و لەو گومانەش رزگار نابن، واتە بەڕاستی خواش زۆر زانایە هەروەها خاوەن حیکمەتە لە هەموو ئیش و کارێکدا.

(خوا رووح و گیانی و سامانی ئیمانداررانی کڕیوەو پاداشتیان ئەداتەوە بەبەهەشت) [1]

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾﴾ أي إن اللهَ اشترى أمْوَالَ المؤمنين وأنفسَهم بالجنّةِ يُجاهِدُون لإعزاز دين اللهِ فيقتلون أعداءهم

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون پاش ئەوەی خوای گەورە باسی دواکەوتوەکانی جەنگی تەبووکی کرد و باسی ئەو کەسانەی کرد کە عوزریان هێنایەوە ئینجا چ بەدرۆ چ بەڕاستی، جا ئەوانەی کە خوا فەرمانی لەسەر دواخستن و خواویست کە خەڵك تێبگەن کە دواکەتنی ئەوانە هیچ گرنگیەکی نیە لەلای خواو ئەوانە کارناکەنە سەر ئایینی ئیسلام چونکە خوا خۆی ئەو ئاینە سەرئەخات و هیچ گومانی نیە، ئەوجا لێرەدا باسی ئیماندارانی راستگۆو تەواو و کامل و موسڵمانانی دڵ گەرممان بۆ دەکات و ئەفەرموێت.

أو يَنالُونَ شرف الشّهادةَ فِي سبيل اللهِ وَعَدهم رَبّهم عَلَـى ذَلِـكَ وَعـداً مُثبتـاً في الكتب السماوية (التوراة، والإنجيل، والقرآن)، أي هَـل هُنـاكَ أحـدٌ أوفـى بعهدهِ مِنَ اللهِ؟ لا أحد أوفى من اللهِ فاسْتَبْشِرُوا يا معشر المُجاهـدينَ بِـذَلِكَ البيـع الـرّابح، وذلـك هـو الفـوز العظـيم الـذي لا فـوز أعظـم منـهُ[1]، واتـه: بەڕاسـتی خـوای گـەورە ڕۆح و گیـان و مـاڵ و سـامانی لـە بـاوەڕداران کڕیوەو لە بەرامبـەردا بەهەشـتی بـۆ ئامـادەکردوون وە بەهەشـتیان پـێ دەبەخشێت واتە بەهەشتیان پـێ ئـەدات لـە باتیـدا دەجـەنگن لـەپێناوی خوادا جا بێباوەڕەکان دەکوژن و بۆ خۆشـیان دەکـوژرێن و ئـەو کـڕین و فرۆشتنە بەڵێنێکی هەقە خوای گەورە داویەتی لە (تەورات و لـە ئینجیـل و لـە قورئانـدا) هـەروەکو باسـکراوە، هـەر کەسـێك وەفـادار بێـت بـەو پەیمانەی بەخوای داوە ئەوە بێگومان جێبەجێی ئەکات، ئەوا موژدەتـان لێبێت بەو کڕین و فرۆشتنەی لەگەڵ خوا کڕین و فرۆشتنیان پێکرد، ئـەو مامەلەیـە ئـەوە سـەرکەوتنی پـیرۆزە هـەروەها دەسـتکەوتی مـەزن و رزگاریە .

(پوختەی ماناکان)

واتە بێگومـان خـودا گیـان و مـاڵ و سـامانی ئیمانـدارانی بەبەهەشـت کڕیـوە، ئیمانـداران کـە لـە ڕێگـەی خـوادا سـستی و تەمبـەڵی ناکـەن و بەوپـەڕی ئازایـەتی و فیداکاریـەوە ڕووبـەڕووی بـێ بـاوەڕان و دوژمنـانی

---

(١) هذا تمثيل للمجاهدين رائع عقدٌ فيه بيعٌ وشراءٌ وشهادةٌ وضمانٌ (البائع) فيه المؤمنُ و (المشتري) فيه ربُّ العزّة والجلالِ و (الثمنُ) فيه الجنّة و (الشهودُ) فيه الملائكةُ و (الضمانُ) فيه الكتبُ الإلهيةِ و (الواسطة) فيه محمدٌ رَسُول الله (ﷺ).

خودا دەوەستەوە هەروەها دەیانکوژن و خۆشیان دەکوژرێن و دەگەنە پلەو پایەی شەهیدی جا بێگومان خودا گیان و ماڵ و سامانی ئەوانەی کڕیوە بەوەی بەهەشتیان بداتێ، ئەمەیش وەعدو پەیمانێکە کە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا تۆماری کردووە[1]، بەڵێنی تەواوی داوە بەوانەی کە لە ڕێگەی خوادا غەزا دەکەن، ئایە کەسێکی تر هەیە لەخودا زیاتر خاوەن بەڵێن بێت وەعدو بەڵێنی خۆی لە خودا چاکتر بێنێتەدی؟

جا بێگومان هیچ کەس وێنەی خوا نیە ، کەواتە ئەی بڕواداران موژدە بەخش و شادومان بن بە فرشتنەکەتان کە مامەڵەو کڕین و فرۆشتنیان پێکرد واتە: موژدە بەخش و شادومان بەوەی کە گیانتان و ماڵتان پاك و خاوێن و تایبەتی بکەن بۆخوا بەهەشت لەباتی وەردەگرن، وەك خوا وەعدو بەڵێنی پێدان ئایە بڕوادار چیت لەدەست دەرئەچێ؟ بێگومان هیچ چونکە گیان ئەبێ هەر دەرچێت و مردن ئەبێ ببێت ماڵ و سامانیش هەر ئەبێ بڕواو نەمێنێ کەواتە (بەهەشتەکەت) لە خۆڕایی وەئەگەری بێجگ لەوەش خۆت و ماڵەکەت موڵکی خودان چونکە خوای باڵادەست درووستی کردوون، دەی ئیتر بەهەشتەکەی خودا لە جیاتی چیدا وەرئەگری؟ جا بێگومان ئەو مامەڵەو کڕین و فرۆشتنەی ئێوە سەرکەوتن و ڕزگاربوونی گەورەیە، ئەوجا خودای پەروەردگار بۆ بەیانی نیشانەی ئەو موسڵمانانە کە ئەو مامەڵەیان لەگەڵ خودا کردووە ئەفەرمووێ:

---

(١) ئەو جوملەیە واتە: ئەو ڕستەیە بەڵگەیە لەسەرە ئەوەی هەموو نەتەوەیەك فەرمانی پێ دراوە بە جەنگ کردن و بەڵێنیان داوە.

﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ ٱلۡعَـٰبِدُونَ ٱلۡحَـٰمِدُونَ ٱلسَّـٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١١٢﴾﴾

(أي هؤلاء المُؤْمِنُونَ الأبرار الذّينَ باعُوا أنْفُسَهُمْ لله هم التّائبُونَ مِنّ الذّنوب العَابِدُون لِلربّ المَعْبُودِ الحامِدُونَ لله في السَّراءِ وَالضّراءِ السّائحُونَ في الأرضِ لِلعظةِ والإعتبارِ المُداوَمُونَ عَلَى الركُوعِ وَالسُّجودِ الآمِرُونَ بالخيرِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الشّرّ وَالواقِفُونَ عِند حدُودِ الله هؤلاءِ هُمْ المُؤمِنُونَ بشّرهُمْ يا محمّد بِجنات النّعيم)، واته (موفه‌سيره‌كان) ئه‌فه‌رموون پاش ئه‌وه‌ى خوا مامه‌له‌كه‌تى دياريكرد له‌و ئايه‌ته باسى ئه‌و كه‌سانه ده‌كات كه ئه‌و مامه‌له‌يه ده‌كه‌ن ئه‌وانيش ئه‌و جۆره كه‌سانه‌ن كه به‌م سيفه‌ته پيرۆزانه خۆيان رازاندۆته‌وه:

١- ٱلتَّـٰٓئِبُونَ : واته: ئه‌و كه‌سانه‌ى كه په‌شيمان بوونه‌ته‌وه له (كوفر)و تاوانبارى يان ئه‌و كه‌سانه‌ى كه تووشى خراپه‌و گوناه بونه‌ته‌وه ته‌وبه‌يان كردووه.

٢- ٱلۡعَـٰبِدُونَ واته: ئه‌وانه‌ى كه (عيباده‌تى) خوا ئه‌كه‌ن به ئيخلاص يان به دڵسۆزى و به‌چاكى خوا ده‌په‌رستن.

٣- ٱلۡحَـٰمِدُونَ واته: ئه‌وانه‌ى سوپاسى نازو نيعمه‌ته‌كانى خوا ده‌كه‌ن به‌خۆشى و به ناخۆشى.

٤- ٱلسَّـٰٓئِحُونَ: واتـە ئەوانـەی کـە بـەڕۆژوون و یـان ئەوانـەی کـە دەڕۆن بە چۆڵ و بیابان و بۆ غەزاکردن لەگەڵ کافراندا یان کـە گەشـت و سەفەر دەکەن بۆ گەڕان بەشوێن عیلم و زانیاریدا[1].

٥- ٱلرَّـٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ : واتـــە ئەوانـــەی ســـوژدەو کرنـــووش دەبـــەن و نوێـــژی جـــوان و لەســـەرخۆ دەکـــەن بـــۆ خـــوای پەروەردگاریان.

٦- ٱلْأَمِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ : واتـــــە ئەوانەی فەرمان دەکەن بەچاکەو (نەهی) دەکەن لە خراپەو یانی فەرمان بەهـەموو شـتێکی چاك دەکـەن و قەدەغـە لەهـەموو گونـاهو خراپـەیـەك دەکەن بە جوانترین شێواز.

٧- وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ : واتە ئەوانـەی پـارێزەری دەکـەن لـەو حدودو سنورانەی خوای گـەورە بـۆ بـەرپاکردنی دادو نەهێـشتنی زوڵـم و سـتەم، واتـە پێغەمبـەر (ﷺ) مـوژدە بـدە بـەو ئیمانداارانـەی کـە ئـەم سیفەتانە لەخۆیاندا بەدی دەهێنن یان ئەی محمـد (ﷺ) مـزگێنیش بـدە بە خاوەن باوەڕەکان، بەوەی کە خودا دەینخاتـە نـاو بەهەشـتەوە هـەتا هەتایێ.

---

(١) هەندێ لەموفەسیرەکان: ئەفەرموون (السّائحون) واتە مەبەست ئەوانەن کە بیر لە (بۆنەوەر) دەکەنەوە، هەروەها خەیاڵو هەستو (شعووری) خۆیان دەخەنە کار بۆتێفکرین لەدروست کراوەکانی خوای گەورە.

(خوا ڕێگا نادات بۆ بت پەرستان و موشریكان داوای لێخۆش بوون بكەن)

جا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾ أي لاَ يَنْبَغي ولاَ يَصَحُّ لِلنبيِّ وَاتْبَاعهُ المؤْمنِينَ أنْ يَطْلُبُوا المَغْفِرةَ لِلْمُشركينَ وَلَوْ كانَ بَيْنَهُمْ قَرابةٌ وَنسبٌ من بَعْدَما تَوضَّحَ لَهُمْ أَنَّهُمْ مِنْ أهلْ النّارِ لِمَوْتِهِمْ عَلَى الكُفْرِ وَالضّلال، واتە: شایستە نیە بۆ پێغەمبەر و بۆ باوەڕداران كە داوای لێخۆش بوون بكەن بۆ ئەو كەسانەی كە هاوبەشیان بۆ خودا داناوە، ئەگەرچی خزمی نزیشكیان بێ پاش ئەوەی كە بۆیان دەركەوت كە دۆزەخین بۆ (موشریكان) كار دەكەن.

(پوختەی ماناكان)

واتە بۆ پێغەمبەر و موسڵمانان ڕەوا نیە كە داوای عەفوو و لێخۆش بوون لە خوای گەورە بكەن بۆ (موشریك) و هاوبەش كەران هەرچەندە خزمی نزیكیش بن دوای ئەوەی كە بۆیان روون بویەوە و دەركەوت كە ئەو بێ بڕوادارانە دۆزەخین و هاوەڵ و نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن بە هەمیشەیی بەهۆی (كوفر)و بێ دینی خۆیانەوە، كە ڕێگای ئایینی پیرۆزیان بزركردبوو.

(هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە)

(ریوایەت) کراوە لە سەعیدی کوڕی موسەیەبەوە (خوایان لێ رازی بێت) ئەویش لە باوکیەوە ئەڵێ کاتێك مەرگ لە (ئەبو تاڵب) نزیك بووەوە ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) رۆیشتە لای پێی فەرموو (قُلْ وفي رواية قل يا عَمْ لا إله إلا الله أُحَاجَ لَكَ بِهَا عِندْ الله) لەریوایەتەکدا ئەفەرمووێت ئەی مامە بڵێ خوایەکەو شەریکی نیەو تابێتە (حوجەت)و بەڵگە لەلای خودا بۆت، هەروەها لەو کاتەدا (ئەبو جەهل) و (عەبدوڵڵای کوڕی ئەمەیی) لەلای حازر بوون پێیان ووت ئایە ئەی (ئەبو تاڵب) لائەدەی لە دین و ئایینی باوك و باپیرانی خۆت ؟ وە گەڵێ قسەو ئاخاوتنیان لەگەڵ کرد هەتا ئاخر ووتەی ئەوەبوو ووتی: (أنا على مِلّة عَبْدالمطلب) ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لاَ اسْتَغْفِرنّ لَكَ مَالَمْ أنّهُ عَنْكَ) واتە پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی بەو خوایە هەر بۆت دەپاڕێمەوە، ئەگەر فەرمانم بە نەکردنی پێ نەدرێت، جا بێگومان (ئەم ئایەتە) هاتە خوارەوە، ئەم باسە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایەتەش (مەکی) بێ چونکە خودا دەربارەی (ئەبو تاڵبی) نازل کردووە دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾[1]، سورەتی /القصص/ ئایەتی/٥٦، واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ ناتوانیت هەر کەسێکت خۆشەویست بیخەیتە سەر رێگای راست بەڵام خوا رێنمایی هەر کەسێ خۆی بیەوێت دەیکات.

---

(١) رواه البخاري ومسلم والامام أحمد وغيرهم.

(پاشكۆ)

هەروەها پێشەوا (ترمذي) ریوایەتی كردووە لە حەزرەتی عەلیەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێت خەبەرم دا بە پێغەمبەر (ﷺ) بە مەرگ و مردنی ئەبو تاڵب جا حەزرەت (ﷺ) فەرمووی بیشۆرەو كفنی بكەو دای پۆشە (خودا لێی خۆش بێت) ئەویش ئەوانەی جێ بەجێ كردو ئینجا حەزرەت (ﷺ) چەند رۆژێ (ئیستیغفاری) بۆ كرد جا تەشریفی كە لە ماڵ دەرچوو ئینجا لەناكاو ئەو ئایەتە نازل بوو فەرمووی ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ .....الخ ﴾[1].

(موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئینجا لێرەدا جێگەی پرسیارێكە كە چۆن (ئیبراهیمی خەلیل) داوای لێخۆش بوونی كرد بۆ باوكی وەك لە (ریوایەتێكدا) هاتووە كاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە موسڵمانەكان گووتیان بێگومان حەزرەتی ئیبراهیم داوای لێبوردنی كرد بۆ باوكی بەهۆی ئەوەوە، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، هەروەكو ئەفەرمووێ:

﴿ وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ (١١٤) ﴾ (أي لَمْ يَكُن إسْتغفارُ إبراهيمَ لأبِيهِ آزر إلاّ من أجل وَعْدٍ وَعَدَ بِهِ

---

(١) بەگوێرەی ئەم ئایەت و (حەدیسە) وا دەرئەكەوێت كە وابێ دروست نیە ئینسان (دوعا) بكە بۆ كەسێ لەسەر (كوفر) مردبێ بەڵام دروستە (دوعا بكەی) بە (هیدایەت) بۆ (كافری) زیندوو مادام (مەعلوم) نەبێ (بەكافری) ئەمرێ بروانە تەفسیری نامی،بۆقورئانی پیرۆز لە دانانی مامۆستا مەلا(عەبدولكەریمی مودەریس)، بەرگی/٤، لاپەرە/١١٨.

أباهُ بقوله (سأستَغفرُ لَكَ ربّي) بناءً عَلَى رجاء إيمانـه فَلّما تـبَّينَ لإبـراهيمَ أنَّ أبـاهُ مُـصرٌ عَلَـى الكُفْـر تَبّـرأ مِـنْ أبيـهِ وَقَطـع صِـلَتَهُ بـهِ وَأمْتَنَـعَ عـن الإستغفارِ لَهُ إنّ إبراهيمَ (أوّاهُ) أن كثير التفجعِ وَالتَّرحم ولِهّذَا كـانَ يَعْطِـفُ أبيهِ وهو حَليمٌ أي صَبورٌ عَلى الأذية وَلذلك كانَ يحلم عَلَى أبيهِ بَيّنَ تعـالى العلَّةَ في إستغفارِ إبراهيم لأبيهِ وَهُوَ أنّـه كـانَ يَرجُـوا إيمانـه فَلّمـا تَبـيَّنَ لَـهُ بالوحي أنّه عَدُّو الله وَأنّه يَموت كافراً تَبّـرأ مِنـهُ وَقَطَـعَ إسْتِغفارهُ)، واتـه: خوا داواکردنەکەی حەزرەتی ئیبراهیمیش بۆ لێخۆشبوون لە باوکی تـەنها لەبەر ئەوەبوو کاتی خۆی پێش ئەوەبێ باوەڕی باوکی بۆ دەرکەوێ کەوا (وەعدە)و بەڵێنی دابوویێ و کـە داوای لێبـوردنی بـۆ بکـات ئینجا کاتێ بۆی دەرکەوت کە باوکی دوژمنی خواو بەرنامەکەیەتی جا خۆی لیّ بەری کرد، ئەوجا بەڕاستی ئیبراهیم کەسایەتیەکی سۆزدارو دڵ نەرم و دڵناسك بوو لە هەمانکات دڵی زۆر حەلیم و بە ئارا بوو.

(پوختەی ماناکان)

واتە: داوای لێبوردنی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ باوکی (ئازەر) لەبەر هـیچ شتێك نەبوو بێجگە لە بەڵێنێك کە دایبو بە باوکی کە داوای لێبـوردنی بـۆ بکات ئەو بەڵێنەش پێش ئەوەبوو کە دەرکەوێ بۆی هەرگیز بڕوا نـاهێنیّ ئینجا کاتیّ دەرکەوت بۆی کە باوکی دوژمنی خوایە و بەردەوامـە لەسـەر (کـوفر) و بتپەرسـتی، ئینجـا حاشـای لێکـرد و وازی لێهێنـا و هـەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵدا بڕی، ئیتر وازی لە دوعاکردن پاڕانەوە هێنـا بۆی، جا بەڕاستی حەزرەتی ئیبراهیم مرۆڤێکی زۆر ملکەچ بوو دەست بە دوعاو هێمن و لەسەر خۆ بوو بەتایبەتی زۆر بەڕەحم و بـەزەیی بـوو، بـۆ باوکی و جا بێگومـان هـۆو (سـەبەبی) میللەتەکـە ئەمەیـە کـە حـەزرەتی ئیبراهیم بە هیوای ئەوەبوو باوکی بە (کافری) نـەمریّ ئـیتر وازی لێهێنـاو داوای لێخۆش بوونی بۆ نەکرد.

(پاشكۆ)

(موفەسیرەكان) ئەڵێن خۆشەویستی سنووری هەیە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەبێ تەنها خواو پێغەمبەرو (ﷺ) خاوەن باوەڕانیان خۆش بوێ و بێزاری خۆیان دەرببڕن سەبارەت بە دوژمنانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) ئیمانداران ئەمە بناغەیەكی زۆر گرنگی ئاینە و ڕێگای (ئەهلی تەوحیدە)، یەكتا پەرستیە، چونكە حەزرەتی ئیبراهیم سەر (قافیلەی) ئەو كاروانەیە كەواتە حەزرەتی ئیبراهیم دوعاو پاڕانەوەی نەكردووە بۆ (موشریكان) و بێ باوەڕان بڕوانە (تەفسیری تەوحید تەفسیری قورئان) بە قورئان لە نووسینی (مامۆستا عبدالقادر تەوحیدی)، لاپەڕە/٤٥٠، لەگەڵ دەستكاری.

(بەبێ دەلیل و بەڵگە كەس گوناه بار ناكرێ)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾

﴿ (أي لَيْسَ مِن عادة اللهِ أن يَحكُم عَلَى قَوْمٍ بالضّلالِ حَتى يُرسِل لهم الرسل ليبيِّنوا لَهُمْ ما يَنْبَغي أن يجتنبوهُ فإن خَالفُوا بَعدَ ذَلكَ إسْتَحقُوا العُقُوبة واللهُ سُبحانهُ عالِمٌ بِمَصالح العبادِ يعلم من يَستحق الهداية وَمَنْ يَسْتَحق العَذابَ)، واتە: هەرگیز خوا ڕێگە لە (قەوم) و میللەتێك ناگۆڕێ پاش ئەوەی ڕێگەی ڕاستی پیشان دان وە تاكو ئەوەی كە دەبێ خۆیان لێ بپارێزن بۆیان دیار نەكات[1]،واتە بەڕاستی خوا بە هەموو شتێك زاناو بە ئاگایە.

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەو فەرمانەش بۆ ئەو كەسانە هات كە بۆ خزمانی (كافر)و بێ باوەڕیان پاڕانەوە.

(پوختەی ماناكان)

واتە: شایستە نەبووەو باوی خوا وانەبووە كە هیچ دەستەو كۆمەڵێك گومڕا بكات و بەتاوانبار دابنێ لەپاش ئەوەی كە ڕێنموێنی كردبن و خستبیە سەر ڕێگەی راست، وە هیچ كۆمەڵێك لە ڕێگە لانادات هەتا لە پەیامی خۆی ئاگاداریان نەكاتەوەو یان تا پێغەمبەریان بۆ رەوانە نەكاو بەرنامەی ئایینی شەرعی خوایان بۆ روون نەكاتەوە ڕێنماییان نەكاتەوەو بەڵگەی تەواویان نەداتێ، ئینجا لە دواییدا ئەگەر بە فەرمانی خودا كاریان نەكرد ئەوە (حوكمی) توانبارو خراپەكاریان بەسەردا بدا، سزاو عیقابی گومڕاییان بەسەردا بدا، چونكە بێگومان خوا هیچ كەس سزا نادات بەبێ هۆ چونكە (مەصلەحەتی) بەندەكانی خۆی ئەوێ و ئەزانێ كێ شایەنی ڕێنمایی و هیدایەتە، كێش شایەنی سزاو عەزابە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۚ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١١٦﴾ ﴾

واتە: بەڕاستی هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە هەمووی موڵكی خودایە، ژیان و مردن هەر بەدەست ئەوە، (هیدایەت) و گومڕاییش هەر بەدەستی خۆیەتی بێجگە لەخواش هیچ دۆست و پشتیوانێكتان دەست ناكەوێت لە سزا رزگارتان بكات.

(باسێکی تر لە غەزای تەبووك)

خـــوای گـــەورە ئەفـــەرمووێت: ﴿ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ (١١٧) ﴾ أي تـابَ اللهُ عَلَـى الـنَبيِّ وَأصـحابهُ مـن المُهاجِرينَ وَالأنْصار الذّينَ رافَقوهُ في غزوة تبوك وقت العُسْرة في شِدّة مـن الحرِّ مَعَ قلّةِ الزاد وَبُعْدُ الطريق من بعدِ مـا كـادَت قلـوب بَعضهم تميـل عَـن الحقِّ وَتَرتاب لَمَا نالَهُمْ مِنَ الكَرب وَالـشّدةِ وَالمَشقةِ ثـم تـابَ تعـالى عَلَـيهم لُلطفهُ وَرحمتهُ بالمُؤمنينَ، واتە: بەڕاستی خـودا لـە پێغەمبـەر و لـە یـارو یاوەرەکـانی (موهـاجیرو ئەنـصاریش) خۆشـبوو کـە هەنـدێکیان پـێش بەشداری کردنی غەزاکە تۆزێك پێ ناخۆش بوو چـونکە بێگومـان ئـەوەی ڕاستی بێت کە نزیك بوو دڵی هەندێ لەموسڵمانان بگۆڕێـت بـەوەی لـەم عەزایەدا دوا بکەون و نەیەن لەکاتی تەنگانەو نەخۆشیدا تووشی (غەزاکە) هاتن، مەبەست کـاتی کوشـندەی گـەرماو بـێ ئـاوی دابـوون[1] بەتایبـەت ئەوانەیان لە کاتی سەغڵەتی و تەنگانەو نەبوونی و گەرمادا[2]، چـوون بـۆ

---

(١) جاری وامەبووە وەخت بووە لە تینوێتیان بخنکێن ئینجا ناچار بوون ووشترێك سەر ببڕن و بە تەڕایی ناوسکی وشترەکە دەمیان تەڕ دەکرد تا لە تینویەتی نەخنکێن هەرلەبەرئەم هۆیانەش بوو(غەزاکە)پێی ئەوترا(فاضحة)یا(جیش العُسره).

(٢) هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرمون راڤەی ئەم ڕستەیە (في ساعة العُسرة) لەسێ لاوە بوو تەنگانەی بێ ولآخی، واتە کەم و کوڕی لە ولآخی سواری و نەبوونی خواردن و خۆراك نەبوو زۆر کەم بوو، تا ئەگێرنەوە دەنکە خورمایەکیان دەکردە دوو لەتەوە بۆدوو کەس وەهەروەها ئاونەبوو زۆر تێنوو بوون.

غەزای تەبووك و شوێنی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتن دوای ئەوەی کە خەریك بوو دڵی هەندێکیان لە خشتە بچێت و بێزاری دەرببڕێت و پاش ئەوەی خەریك بوو دڵێ هەندێکیان لابدات لەوەی کە پێویست بوو لەسەریان و قسەی دووڕووەکان کاریان تێ بکات بەڵام دوایی کە لەو سستی و دوودڵیە پەشیمان بوونەوە خوای مەزن لێیان خۆشبوو بەڕاستی خودا گەلێك خاوەن لوتف و کەرەم و میهرەبان و بەبەزەییە.

(لطیفةٌ واتە دوو ڕووداوی ناسك)

رُوي أنّ أبا خيثمة الأنصاري بلغ بستانه وكانت له إمرأة حسناء فرشت لَهُ في الظّلِ وَبَسطَت له الحَصير وقربت إليه الرّطب والماء البارد فنظر فقال ظّل ظليل ورُطبٌ يانع وماءٌ بارد، وإمرأةٌ حسناء، وَرسول الله (ﷺ) في الحَرّ والرّيح ما هذا بخير فقامَ فرحل ناقتهُ وأخذ سيفهُ ورمحهُ وَمرّ كالريح فَمَد رسول الله (ﷺ) طَرفهُ إلى الطريق فإذا براكب يزهاه السّراب فقال كُنْ أبا خَيْثمة فكان ففرح به رَسُول اللهِ (ﷺ) واسْتغفرَ لَهُ[1]، هەروەها (ریوایەت) کراوە لە باوکی خەیسومە و لێی ئەگێڕنەوە کەوا دوو باغ و بێستانی لە مەدینە هەبوو هەر باغێ ژنێکی لەسەر بوو ئینجا لەو باخچەیە ژنەکان ئاوی ساردو چێشتی باشیان بۆ ئامادەکردبوو هەروەها میوەیان بۆ دانابوو جێگای نەرم و نۆڵیان بۆ ڕاخستبوو ئەوجا لەو کاتەدا هەستی دەرونی بزوت و گووتی توخوا من لەو خۆشیە دانیشم و رابوێرم و پێغەمبەریش لەو گەرماو ناخۆشیە دابێ و منیش لەبەر سێبەری ساردو لە پاڵ ژنەکانم دانیشم و ئەوجا یەکسەر راست بۆوە و جڵەوی

---

(١) بڕوانە: (التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج)، لە نووسینی (وهبة الزحيلي)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٧٥.

حوشترەکەی گرت و ئینجا کەوتە دوای پێغەمبەر (ﷺ) جا سەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە دوورەوە چاویان بە تارماییەك کەوت جا عەرزی پێغەمبەریان کرد و گووتیان ئەوا تارمایی پیاوێك لە دوورەوە دەبینین و دێت ئەویش فەرمووی دەبێ ئەوە باوکی خەیسومە نەبێ کە نزیك بووەوە دیتیان باوکی خەیسومەیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر کەیف خۆشبوو هەروەها دوعای بۆ کردوو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی .

(دووەم ڕووداویش) بەکورتی ئەمەیە هەروەکو ئەفەرمووێ: (عَنْ أبي ذرّ الغفاري (رضي الله عنهُ) أن بَعيرهُ أبطأ بـه فَحَمَلَ متاعَهُ عَلَى ظهره وَاتبعَ أثر رَسُول الله (ﷺ) ماشياً فَقَالَ رسول الله (ﷺ) لمّا رأى سوادهُ كُنْ أبا ذرّ فَقَال النّاس هو ذاك فقال (رَحِم الله أبا ذرّ يَمشي وَحدهُ، ويموتُ وَحْدَهُ)، وَيبعثُ وَحدهُ، واتە: ئەگێڕنەوە لە ئەبو زەڕی غەفاری یەوە (خوا لێی ڕازی بێت) لەبەر تەمبەڵی ووشترەکەی لە لەشکرەکەی بەجێمابوو ئەوجا بە پێغەمبەریان گووت (ئەبو زەڕ) بەجێ ماوە و ئەفەرموێ ئەگەر خێری پێوەبێت ئەوا خوا دەکا بمانگاتێ ئینجا ئەبو زەڕ کە زانی ناگاتە لەشکرەکە جا لە حوشترەکەی تووڕە بوو لێی دابەزی و کەلو پەلەکانی خستە سەر کۆڵی خۆی و لە بیابان کەوتە ڕێ ڕێگاو شوێنی پێغەمبەر لەشکرەکەی ئەوجا بە پێغەمبەریان ووت ئەوا تارماییەك ئەبینین و هات و فەرمووی ڕەنگە (ئەبو زەر) بێت گووتیان وەڵلا دەق خۆیەتی جا پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو (ڕەحمەتی خوا) لە ئەبو زەر بێت بەتەنیا دەڕوات و بەتەنیا دەمرێ و بەتەنیا زیندوو دەبێتەوە[1] .

(١) بروانە: (سیرەت و ژیاننامەی زاتی ڕەهبەر) لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزيز)، بەرگی/٢، لاپەڕە/ ٢٤٠.

(تۆبە وەرگرتن لەو سێ کەسەش کە خۆیان لە غەزاکە بەپاش دابوو)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن هەروەکو لە ئایەتی /١٠٦ ی ئەم سورەتەدا ئامـاژە کـراوە خـوا فـەرمووی تـاقمێ لەوانـە دواکـەوتوون پاشـەڕۆژو بەسەرهاتیان دوائەخرێ بۆ فەرماندانی خوا یا سزایان ئەدا یان پەشیمان بونەوەیان لێ وەرئەگرێ ئەو تاقمە سـێ کـەس بـوون ١- کـەعبی کـوڕی مالیك ٢- مەرارەی کوڕی رەبیـع ٣- هـیلالی کـوڕی ئومەیـەی ئـەلواقیفی بوون ئەوجا هەر سێ کەسیان لە دانیشتوانی مەدینـە بـوون، لـە خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) نەچـووبوون بـۆ جـەنگی تـەبوك لەبـەر سـستی و تەمبەڵیان، نەك لەبەر (نیفـاق) و دوڕویـی دا یـان لەبـەر بـێ بـاوەڕی کـە باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەر (ﷺ) نەبووبێ، ئەوەی راستی بێت خـواو پێغەمبـەریان زۆر خـۆش دەویـست هەرچـەندە ئـەوان دواکـەوتبوون لـە غەزای تەبووکـدا، بـەلام راسـتیان بـۆ خۆیـان هەڵبـژاردبوو وە دانیـان بـە گوناهی خۆیان دانابوو، پێغەمبەریش (ﷺ) گفتوگۆی ئـەوانی وەرگـرت و فەرمووی (ڕاست) ئەکەن لەگەڵ ئەوەشدا لەوان خۆشبوو فـەرمانی دا بـە بـاوەڕداران گفتوگۆیـان لەگـەڵ نەکـەن، ئـەوانیش بۆیـان دەرکـەوت هـیچ کەسێ پەیوەندییان پێوە ناکاو لەگـەڵیان نـادوێن ئینجـا خۆینیـان لەبـەر چاو کەوت و زینـدانیان پـێ خۆشـتر بـوو لـەو حاڵـە رۆژێکیـان پێغەمبـەر (ﷺ) ناردی بەدوای ژنـەکانیان و فـەرمانی پێـدان تیکـەلاویان نەکـەن - هەروەکو لـە پێـشەوە باسمـان کـرد- ئینجـا (پـەنجا شـەو) بەسـەر ئـەو رووداوەدا رۆیشت چـونکە پەشـیمان بوونـەوەیان بەباشـی جێگـەی خـۆی گرت لە دڵیانا بۆیە خوای گەورە پەشیمان بونەوەی لـێ وەرگـرتن ئینجـا

لـــە بارەیانـــەوە فـــەرموودەی ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾﴾ أي وتابَ كذلك عَلَى الثلاثة مِنَ المُؤمنينَ الذّينَ تَخلفُوا عَن الغَزْوِ مَعَ رَسُولِ الله (ﷺ) ولَم يكن لَهُم عُذرٌ في التخلف عن الغزو وهم (كعب و هلال و مرارة) حتّى إذا ضاقت عليهم الأرضُ مَعَ سَعَتها ورحب أرْجائها وَضَاقت عليهم نفوسهم بما اعتراهم مِنَ الغَمّ وَالكُرب وَالهمّ وذَلكَ بِسَبَب أن الرّسُول (عليه السلام) دَعَا لمقاطعتهم، فكانَ أحَدهُم يُغشى السّلام لأقربِ أقربائه فَلا يُردَّ عَلَيْه، وهجرتهم نِساؤهم وأهلوهم، وَأهْمَلوهم حتّى تابَ الله عليهم، وأيْقَنُوا أنّهُ لاَ نجاتَ لَهم وَلاَ مَلاذَ وَلا خَلاصَ لَهُم مِنْ سُخط الله إلاّ بالرّجوعِ والإنابةِ إليه سبحانه ثم وَفقهم اللهُ للتَوبةِ ليَتُوبَ عليْهم لأنّهُ هُو المتفضّل عَلَى العِبادِ بالمَغْفِرة وَالرّحمةِ، واته: خوای گەورە لەو سێ کەسەش خۆش بوو کە بەشداری غەزای تەبووکیان نەکرد، واتە: لە مەدینە مانەوەو نەچوونە جەنگی ناوبراو هەتا لە خەفەتا وایان لێهات ئەم زەویە (سیعەت) و فراوانەیان لەلا تەنگ بووەوە لە خەم و خەفەتا لە گیانی خۆیان بێزار بوون، ئینجا دڵنیا بوون کە هیچ پەنایەك نیە جگە لە پەنای خوای گەورە جا لە پاشان خوا ڕێنمایی تەوبەی کردن بۆ ئەوەی تەوبە بکەن، ئەوجا ئەوانیش تەوبەیان کردو خوای گەورە عەفویانی کردن و بەخشینی، چونکە بێگومان ئەو زاتە بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانە تەواو لێخۆشبوو و تەوبە وەرگرەو میهرەبانە.

(درێژەی واتاکان)

واتە: خوای گەورە تەوبەی لەو سێ کەسەش وەرگرت کە لە (غەزای تەبووك) دواکەوتبوون، نەك بە هۆی دووڕوویی و (نیفاق) بەڵکو بەهۆی سستی و تەمبەڵی بوون ئەو سێ کەسەش ئەمانەبوون ١- کەعبی کوڕی مالیك کە شاعیرێکی بەناوبانگ بوو ٢- هیلالی کوڕی ئومەیەی واقفی ٣- مورارەی کوڕی رەبیعی عامیریە، هەمووشیان لە (ئەنصار) بوون جا ئەوەی راستی بێت لەپاش گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانەی کە نەچوون بۆ غەزای تەبووك هاتنە خزمەتی و هەر کەسێك بەهانەیەکی بۆخۆی هێنایەوەو باسی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکردن، بەڵام ئەو سێ کەسە هیچ درۆیەکیان نەکردو ووتیان دواکەوتنەکەمان بێ (عوزر)و بەهانە بوو پێغەمبەریش (ﷺ) دوعای بۆ نەکردن و فەرمووی بڕۆنەماڵەوە چونکە دوای خستن، ئەوانیش بەڕاستی لەو دواکەوتنەی خۆیان زۆر پەشیمان بوونەوە، چونکە ئەوانە تۆبە لێ وەرگرتنیان دوا خرا هەتا وای لێهات دونیای فراوانیان زۆر لێ تەنگ بوو جا زۆر نارەحەت بوون بەوەش چوونکە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان و هەموو موسڵمانەکان دەنگیان لێ دابڕیبوون و قسەیان لەگەڵ نەدەکردن و سڵاویان لێ وەرنەئەگێراوە[1]، کۆڕو مەجلیس و کۆمەڵگایان لەگەڵدا نەدەبەستن هەتا خێزانەکانیان جێگایان لەگەڵ جیاکردبوونەوە، (پەنجا رۆژو شەو) بەم شێوەو حاڵە مانەوە، زۆر نارەحەت بوون، ئینجا

---

(١) هەتا (کەعبی کوڕی مالیك) ئەڵێ سڵاوم لە خزمە نزیکەکانم دەکرد وەڵامیان نەئەدامەوە.

یەقینیان پەیداکرد کە هیچ پەنایەك نیە بێجگە لە پەنای خـواو گەڕانـەوە بۆلای ئەو لەبەر ئەوە هەر خەریکی یادی خواو گریـان بـوون پاشـان خـوا تەوبەی لێ وەرگـرتن بـۆ ئـەوەی تەوبـە بکـەن و بـۆلای خـوا بگەڕێنـەوە شـوێن پـەمامی پێغەمبـەر (ﷺ) بکـەون، ئینجـا خـودای میهرەبـان بـەم ئایەتە پیرۆزە لێیان خۆش بـوو، وە خۆشـی و شـادی خستە نێـو دڵیـان هەندێ لە (موفەسیرەکان) دەڵێن کە خوای گەورە ئەم ئایەتـەی هـەنارد، کە موژدەیان دایە (کەعبی کوڕی مالیك) لە خۆشیان کراسـەکەی لەبـەردا داماڵی و دایـە کـابرای مزگێنـی دەر، ئینجـا چـووە مزگـەوت بـۆ خزمـەت پێغەمبەر (ﷺ) گـووتی ئـەی پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) دەمـەوێ هـەموو ماڵ و سامانم بکەمە خێری خواو پێغەمبەر (ﷺ) چـونکە ئـەو ماڵـە بـوو منـی وا لێکـرد دوابکـەوم، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی هەنـدێ لـە مـاڵ و سامانەکەت بهێڵەوە باشترە بۆتۆ (إِنَّ اللَّهَ هُوَ التـوابُ الـرَّحيم) واتـە: خـوا هەر خۆی خاوەن میهرەبـانی و لێبـوردن و تەوبـەو گەڕانـەوەو پەشـیمان بوونەوە بەبەردەوام قەبوڵ دەکات.

(پاشکۆ)

پێشەوا (بوخاری ریوایەتی) کردووە لە کەعبی کـوڕی مالیکـەوە (خـوا لێی رازی بێت) ئەڵێ بێگومان من خـۆم پـاش نەکـەوتم لـە هـیچ غەزایـەك لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) جگە لـە (غـەزای بـەدر) ئـەو غەزایـەی تـەبووك نـەبێ کـە ئـەویش (ئـاخیر غـەزا) بـوو حـەزرەت (ﷺ) بـەجێی هێنـا و بانگەوازی بۆ خەڵکەکە کرد، خەڵکەکەش هەموو بەشداریان کـرد مەگـەر کەمێك نەبێ، پاشان خودا تەوبەی ئێمەی نازل کرد بە ئایـەتی ﴿ لَقَـد

﴿ تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ .... ﴾ تا ئاخیری دوو ئایەت هەتا ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ ﴾ رواه الإمام البخاري في صحيحه.

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ أي خَافُوا ربّكم وأخْشُوا عِقَابَهُ وكونُوا مَعَ أَهْلَ الصِّدقِ وَالإخلاصِ فِي زُمْرَتِهِمْ وَجَمَاعَتِهِمْ، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە ئێوە بەردەوام هەوڵ بدەن تەقوادار و دیندارو پارێزگار بن وە لە خوا بترسن، وە لە هەموو قسەو کردەوەیەکتاندا راستگۆ بن و لەگەڵ راستگۆیاندابن[1]، لە ریزی ئەوانەدابن نەك لەگەڵ ناپاکان و درۆزنان، ئینجا خوا خەڵکی مەدینە هەڵ دەنێ و (تەشجیعیان) دەکات لەسەر (جیهاد)و غەزادا ئەفەرمووێ: ﴿ مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُوا۟ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرْغَبُوا۟ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِۦ ﴾ واتە: نابێ و ناگونجێ بۆ دانیشتوانی (شاری مەدینە) کە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامە هەروەها بارەگای پێغەمبەری لێیە وە هەروەها ئەو عارەبانەی لە دەوری مەدینەن، نەدەبوایە دواکەوتبان و خۆیان بدزنەوەو نەچن لەگەڵ

---

(١) خوای میهرەبان لەو سێ کەسەش خۆشبوو کە بەڕاستی لە تاوانی خۆیان پەشیمان بوونەوەو، بەڕاستی قسەیان کردو دانیان بە هەڵەی خۆیان نا، واتە بەڕاستی بوو بەهۆی سەرفرازی و بەختەوەریان.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆ غەزای تەبووك، وە نابێت گیانی خۆیان لەگیانی پێغەمبەر (ﷺ) جیابکەنەوەو خۆشتریان بوێت چونکە بێگومان ئیمانی هیچ کەسێك بەتەواوەتی جێگیر نابێت ئەگەر پێغەمبەری خودای لەخۆی زیاتر خۆش نەوێت، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾﴾ واتە: ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە تووشی هەر تینویەتیەك یا ماندووبوون و برسیەتیەك ببن لە رێگەی خواو (جیهاد) دا تووش دەبێ و هەر هەنگاوێك دەیهاوێن (کافر)و بێ باوەڕەکان تووڕە بکات وە هەر زیانێك لە دووژمنی خوا دەدەن ، بەهەر یەك لەوانە خوای گەورە کردەوەیەکی چاکیان بۆ دەنووسێ.

(خولاسەی کەلام)

چونکە ئەو کەسانەی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لەرێی خوادا چوونە غەزاو شەڕ تووشی تینویەتی و ماندووبوون و برسیەتی دەبن و دەچنە هەر شوێنێك بێ باوەڕەکانی پێ تووڕەو پەست دەبێ هەر کارێکی بە

دووژمن بیکەن[1]، خوا بە هەر یەك لەوانە چاکەیەکیان بۆ دەنووسیّ، خواش پاداشتی ئەو کەسانە بزر ناکات کە بەردەوام کاری چاکە دەکەن، چونکە بێگومان هەرگیز خودا کردەوەی چاکەکاران بزر ناکات و پاداشتیان بە چاکە دەداتەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢١﴾﴾ أي وَلاَ يُنْفِقُونَ في الجِهادِ أيَّ نَفَقَةٍ مهما قَلّت ولَو كانت حُفنة قمحٍ أوْ تمرة ولا يجتازُونَ في مَسيرهم أرضاً من أراضي الكُفّار ذهاباً وَلاَ إياباً إلاّ كَتبَ الله لَهُم أجر ذَلكَ المَسير ليجازيهم الله عَلَى جِهَادِهِم وتضحيتهم أحسن الجزاءِ، واتە: هەر بەخشینەوەیەکی بچووك یان گەورەش ببەخشنەوە، هەر شیوو دۆڵێکیش ببڕن و پێیدا تێپەڕن بۆ جەنگ مەگەر هەر بۆیان نووسراوە کە خوا پاداشتیان بداتەوە بەشێوەیەکی باشتر لەوەی کە دەیان کرد.

(درێژەی ووتەکان)

واتە ئەو خەباتگێڕو (موجاهید) و تێکۆشەرانە شتێك نابەخشن کەم بێ یان زۆر بێ گچکە بێ یان گەورە بێ وە هەر دۆڵ و شیوێك یان

---

(١) هەرکاتیّ ئەو جەنگاوەرانە دەست لە دووژمن دەوەشێنن بەدیل دەیانگرن یان لێیان دەکوژن یان تالآنیان لیّ دەگرن شکستیان بەسەر دێنن مەگەر بەهەر یەکیّ لەم شتانەدا چاکەیان بۆ دەنووسریّ خوای گەورە بە چەند قات پاداشتیان دەداتەوە.

دەشتاییەك كە دەیبڕن هەر هەموویان لە لاپەڕەی كردەوە چاكەكانیاندا بۆ تۆمار ئەكرێ و بۆ دەنووسرێت بۆ ئەوەی خودا پاداشتیان بداتەوە بە باشترین و جوانترین پاداشتی ئەوەی كە كردوویانە و بەردەوام بوون لەسەر واتە پاداشتی تێكۆشان و فیداكاری لە ڕێی خودا كە گەورەترین شتە لە كاتێكدا فەرز ببێ لەسەری چونكە بەرەو ئیسلام ڕاگیر ئەبێ و بەرگری ستەم و تاوان ئەكرێ، مەبەست ئەوەنیە كە پاداشت نادرێتەوە لەسەر كردەوە بچووكەكان بەڵكو مەبەست ئەوەیە ئەو جیهادو تێكۆشانە گەورەترین كردەوەیانە، چونكە (جیهاد) لە ڕێگەی خوادا بۆ بەرز كردنەوەی ووشەی (لا إلە إلا الله) یە بۆ پاراستنی بیرو باوەڕە بۆ پارێزگاری وڵات و ناموس و فەرهەنگ و كەلەپوورە، هەر گەل و نەتەوەیەك واز لە (غەزاو جیهاد) بهێنن دەبنە ژێر دەستەو كۆیلەو بەندە چونكە هیچ ڕێزو نرخێكیان نامێنێ[1]، جا بێگومان خوای گەورە شێوەی دەرچوون بۆ (جیهاد) باس دەكات و دەفەرمووێ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەڵێن ئەم ئایەتە ئەم (حوكمەی) لێ وەرئەگیرێ چونكە جیهاد فەرزو پێویست بوو بەتایبەتی لەسەر دانیشتوانی مەدینەو خێڵ و هۆزەكانی دەوروبەری مەدینە، چونكە مەدینە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامیەو ئەوانیش دانیشتووی ئەو پایتەختەن و هاوسێی پێغەمبەرن (ﷺ) هەرچی تووشی پێغەمبەر بێ (ﷺ) لە بەهرەو سەروەری و خێرو خۆشی و ناخۆشی ڕاستەو خۆ ئەوانیش دەگرێتەوە، بڕوانە (تەفسیری ڕەوان) لە نووسینی (مامۆستا مەلا مەحمود كەلالەیی)، بەرگی/٦، لاپەڕە/٦٠.

﴿لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾ (أي لا يَنبَغي خروج جميع المُسْلِمينَ للغزو بحيثُ تَخْلُوا منهم الدّيارُ بَلْ يخرج البَعْض ويَبقى البَعْضُ مَعَ رَسُول الله (ﷺ) لِيَتَفَقّهُوا في الدّين حتّى إذا رَجَعَ المُجاهِدُونَ مِنْ غَزَواتهم علّمهُمْ هؤلاءِ مَاقْتَبسُوهُ من رَسول الله (ﷺ) مِنْ معارف وعلوم شرّعية ليَحْذَرُوا عِقَابَ الله بِمُخالَفَته أوامِرهِ وَنواهيه)، واته: پێویست نیه خاوەن باوەڕان هەموو تێکڕا بچنه دەرەوە بەجارێ بۆ (جیهاد) و شارو گوندەکان چۆڵ بکەن با لەناو هەر کۆمەڵگایەك دەستەیەکیان بچنه دەرێ تا لەدین شارەزا دەبن ئینجا کە گەڕانەوە ناو میلەتەکەیان ئاگادار بکەنەوە کاتێك دەگەڕێنەوە بۆلایان بیان ترسێنن و هۆشیاریان بکەنەوە بەڵکو لە نافەرمان خودا خۆ دوور بگرن.

(درێژەی ووتەکان)

واتە شەرت نیە گشت موسڵمانێکی خاوەن توانا بەیەکەوە ڕاپەڕن و بچنه مەیدانی جەنگ لەگەڵ دوژمندا بەڵکو چاکتر وایە لە هەر هۆزو تایفەیەك، دەستەیەك بمێنێتەوە، هەتا بەچاکی لە فەرمانی (شەریعەو ئایینی) خودا تێبگەن بۆ ئەوەی (موجاهیدەکان) گەڕانەوە لەبەرەکانی جەنگ و ڕووبەڕووبونەوەدا بۆ ناو شارو گوندەکان ئینجا ئەو فەرمان و عیلم و زانستەیان پێ بگەیەنن و فێریان بکەن تا خۆیان بپارێزن لەوەی (حەرامە) و درووست نیە، وە هەرچیەکیش چاکەو درووستە ئەوە پێویستە ئەنجامی بدەن، ئەم فەرمایشتە پێویستە بەسەردەمی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) جا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزایەکی نەکردایە دەبوو هەندێك لە خاوەن باوەڕانیش لەگەڵیدا

بمانایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێك لە قورئانی پیرۆز بهاتایە خوارەوە، ئەوانەی مابوونەوە لە خزمەتیدا بەجوانی لێی تێبگەن و هەروەها رای بگەیەنن بە جەنگاوەران پاش گەڕانەوەیان لە مەیدانی شەڕدا، یان (ئەحکامی) ئاینیان فێر بکەن بۆ ئەوەی لەخودا بترسن و خۆیان لە سەرئەنجامی سەرپێچی کردن بپارێزن و بێ ئەمری نەکەن.

(هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە)

ئەگێڕنەوە لە (ئەبی حاتەم) ریوایەت ئەکات لە (عەبدوللای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرە)وە، ئەڵێ موسڵمانەکان لە زەمانی پێغەمبەر (ﷺ) دا ئەوەندە حەریس و موکوڕ بوون لەسەر جیهاد و تێکۆشان چونکە کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی بناردایە بۆ شوێنی بەزووترین کات هەموو ئەصحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆ ئەبوونەوە بۆ غەزاکەو پێغەمبەریان (ﷺ) بەجێ دەهێشت مەگەر کەمێك لە هاوەڵانی بمابانایەوە لە خزمەتیا، ئینجا ئەم ئایەتە خوای گەورە هەناردی بۆ ئەوەی تاقمێ لە یارو یاوەرانی بمێننەوە لە خزمەتیا و لەگەڵ حەزرەت (ﷺ) و دەوری چۆل نەکەن، بەتایبەتی بۆ فێربوونی (عیلم) و زانست لە ئەحکامەکانی ئایینی پیرۆزدا بۆ ئەوەی ئاگادار ببن و حاڵی ببن پاش ئەوە بیگەیەنن و (تەبلیغی) هۆزو میلەتەکەی خۆیان بکەن، جا بێگومان لەو ئایەتە وەرئەگیرێ و (استنباط) دەکرێ کە (عیلم) و زانست و ئەحکامەکانی ئایین (واجبێکی) موقەدەسی ئیسلامە، وەکو جیهادو تێکۆشان شان بە شان ئەڕۆن و بەڵکو لە (جیهاد) گرنگترە[1].

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (نامی بۆ قورئانی پیرۆز) لە نووسینی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لەگەڵ دەستکاری بەرگی چوارەم، لاپەڕە/١٣٠.

(فەرمان دان بە جیهادو تێکۆشان دژی کافرە نزیکەکان)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾﴾ (أي قاتلوا أعداءَ دينكُمْ الذينَ هُم أقرب إلى ديارکم لتأمَنُوا شَرَهُمْ وكيدهم ثُمَّ إنْتَقلوا إلى من بعدهم فإن ذَلكَ أقوى للأنْتِصارِ على أعدائكم ولا تُقاتلوا البعيدَ وتَتركُوا القَريبَ)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەگەڵ ئەو (کافر)و بێ باوەڕانە دا بجەنگن کە نزیکن لێتانەوەو بەتەنشیتانەوەن واتە بەر لەهەموو شتێ دەبێ دەوروبەری خۆتان پاك بکەنەوە لە (شیرك) و خوانەناسی[1]، جا بڕۆن بۆ شوێنە

---

(١) ئەبێ بزانین کە مەبەست لەم فەرمایشتە پیرۆزە ئەوە نیە کە زوڵم و ستەم لە بێ باوەڕان بکرێت و بە تۆبزی و زۆر موسڵمان بکرێن، هەروەکو لە پێشەوە باسکرا، جا بێگومان هەرگیز ئەوە درووست نیەو نابێت، چونکە هەموو خاوەن ئاینێك مافی خۆیەتی بەپێی بیرو باوەڕو ئایینی خۆی رەفتار بکات بەڵکو مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە خودای پەروەردگار دوا ئایینی خۆی ناردۆتە خوارەوە کە گەورەترین (رەحمەتە) بۆ سەرجەم ئادەمیزادی سەر زەمین جا ئەوکاتە هەر کەسێك موسڵمان دەبێت و دێتە ریزی موسڵمانانەوە ئەوە بە ویستی خۆیەتی و ئازادە، ئەوەشی دەیەوێت لەسەر ئاین و بیرو باوەڕی خۆی بمینێتەوە هەر ئازادە، بەبێ ئەوەی ئازار بدرێت یا زۆری لێ بکرێت بەڵکو دەبێت وەکو خۆی رێزی لێ بگیرێت و مۆڵەتی بدرێتێ ئازادانە کاروباری ئاینەکەی خۆی جێ بەجێ بکات، جا بێگومان شەڕی موسڵمانان لەکاتی خۆیدا لەگەڵ (رۆم و عەجەم) دا لەبەر ئەوەبوو کە ووتمان وە بەم شێوەیەش مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە رزگارکراوەکاندا کردووە بۆیە

نزیکەکانی تر یانی شەڕ لەگەڵ ئەو (کافرانە) بکەن کە نزیکن لێتان لە پێشا پێویستە ئەوانی لە نزیکتانن نەمێنن ئەوجا دەست بکەن بەو (کافرانەی) کە لێتان دوورن وە هەروەها با (کافران) و ڕێگرانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام توندوتیژی لە ئێوە ببینن هەروەها ئازایەتی و مەردایەتی و خۆڕاگری و چاونەترسی ئێوەیان بۆ دەربکەوێ هەتا بزانن ئێوە چەند سوورن لەسەر گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە هەروەها باش بزانن کە خوای گەورە لەگەڵ خودا پەرستان و خۆپارێزەران و لەخوا ترساوانە.

دەبینین تا ئێستاش بەشێك لە دانیشتوانانی ئەم وڵاتانە هەر لەسەر ئایینی خۆیان ماونەتەوە وەکو (قیبتیەکان) لە میسرو دیانە (فەلەکان) لە لوبنان و (جوولەکەکان) لە وڵاتی کوردەواری خۆمان و هەروەها لە وڵاتانی تری عەرەبیدا تا خۆیان کۆچیان کردو ڕۆیشتن بۆ سەر زەوی فەلەستینی داگیرکراو، بڕوانە تەفسیری گوڵشەن لە نووسینی (مامۆستا نیزامەدین عبدالحمید)، بەرگی/یەکەم، لاپەڕە/٤٤٦، لەگەڵ دەستکاری.

(ئیمان واتە باوەڕی زیاد دەكات و كەمیش دەكات)
(الإیمانُ یزیدُ وَینقُصْ) [1]

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ١٢٤﴾ واتە: هەندێ لە دووڕووەكانی مەدینە، هەر كاتێك سورەتێك لە قورئان نازل دەكرێت هەیانە بەگاڵتە پێكردنەوە دەڵێن باشە كێتان بەمە ئیمان و باوەڕی زیادی كرد؟ جا ئەو دووڕووانە با بزانن كە ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان زیاترو پتەوتر دەبێت چونكە بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەتەواوی ئیمان و بڕو باوەڕیان زیاد دەكات و بەهاتنەكەشی خۆشحاڵ و دڵشاد دەبن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ١٢٥﴾ (أي وَأمّا المُنافِقُونَ الذّين في قُلُوبهم مَرضُ الشّك وَالنّفاقِ فَزادتهم نِفاقاً إلى نفاقهم وكفراً فَوق كُفْرهم فازدادوا– رجساً وضَلالاً وَماتوا على الكُفرِ ولَمْ يَستَفيدوا مِنْ هِدايةِ القرآن)، واتە: ئەوانەشی لە دڵیاندا نەخۆشی و (نیفاق) و دووڕوویيان هەیە، یانی ئەوانەی لە دڵەكانیاندا نەخۆشی هەیە، نەخۆشی گومان و دوودڵی كە ئەبێ بەهۆی ناپاكیەوە، چونكە ئەوانەی دڵ و دەروونیان پیس و پۆخڵی

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئیمان زیاد و كەم دەكات ئەمەش رای زۆربەی زانایانی سەلەف و خەلەفی موسڵمانانە.

و دووڕوویی تێدایە هەروەها سەرباری کوفری پێشوویان (کوفر)و نیفاق و دووڕوویان زیاد دەکا، واتە (کوفر) لەسەر (کوفر) و نیفاق لەسەر نیفاق جا بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە چەندە ناخیان پیس و پۆخڵە ئەوەندەی تریش گومڕایی روویان تێدەکات چونکە ئەمەش پێچەوانەی مەبەستی هاتنە خوارەوەی قورئانە و هیچ کەڵك وەرناگرن لە رێنمایی قورئان سەرئەنجام ئەگەر نەگەڕێنەوەو تەوبە نەکەن بە(کافری) دەمرن.

(تاقیکردنەوەی مونافیقەکان واتە دووڕووەکان)

ئەوجا خوای گەورە سەبارەت بەوەی ئەو دووڕووە ناپاکانە بەهیچ شێوەیەك پەندو ئامۆژگاری لە قورئاندا وەرناگرن و هەر لەسەر کەللە رەقی خۆیان ئەڕۆن هەروەکو خوای گەورە لە بارەیاندا دەفەرمووێ﴿

أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ﴾(أي ولاَ يَرى هؤلاء المُنافِقُون أنّا نبتليهم ونَكشف استارهم وتَظهر مخازيهم أي تُفضحُ سَرائرهم كُلَّ سَنةٍ مَرةً أوْ مَرتَينِ حين يَنْزِلُ فيهم الوَحيُ؟ للرَسُول(ﷺ) في كُلِ عامٍ مَرةً أوْ مَرّتينِ؟ ثم هُمْ لا يَرْجِعُونَ عَنِ النفّاقِ وَالغيّ ولا يَتّعظُونَ ويَعتَبِرُونَ)، واتە: ئایا ئەوانەی کە نەخۆشیان هەبوو لە دڵەکانیاندا بەچاوی وورد نابینن کە لە هەموو ساڵێکدا جارێك یان دووجار تاقی دەکرێنەوە پاشانیش تۆبە ناکەن و پەندو ئامۆژگاری و دەرسی لێ وەرناگرن.

(درێژەی ووتەکان)

ئایە ئەو (مونافیق) و دووڕووانە نابینن و تێ نافکرن کە هەموو ساڵێك جارێك یان دووجار بەڵاو ناخۆشی روویان تێدەکات یان تاقی دەکرێنەوە بەبێ بارانی و بە (جیهاد)و بەوەی بێ هێز دەبن و تێکدەشکێن و دووڕووەکەیان ئاشکرا دەبێت جگە لەوانەش خودا نهێنیەکانی ناو دڵیان بۆ پێغەمبەر و موسڵمانان ئاشکرا دەکات، جا بێگومان ئەو جۆرە بەڵاو نەهامەتیە کە دێت بەسەریاندا بەڵگەیەکی ئاشکراو روونە لەسەر راستی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەریەتی حەزرەتی محمد (ﷺ) کەچی ئەوان هەر لەدووڕوویی خۆیان ناکەون، و واز لە (نیفاق) ناهێنن و لێی پەشیمان نابنەوە، بیر ناکەنەوە و (عەقڵ) و هۆشی خۆیان ناخەنە کار تا راستی و (حەقیقەتی) ئەم ئاینەیان بۆ دەربکەوێت ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٖ ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ١٢٧ ﴾ (أي وإذا أُونزلت سُورةٌ من القرآنِ فيها فَضيحةُ المُنافقينَ وَذِكرُ مخازيهم وهم في مَجْلسِ الرّسُولِ (ﷺ) ضَجُّوا وَاشْمأزُوا وَنَظر بَعْضهُمْ إلى بَعضٍ هَلْ يَرانا أحدٌ من المُسلمينَ لأنّا نريدُ أن نَنْصرِفَ ثُمّ قامُوا فانْصَرفوا صَرَفَ الله قلُوبَهُمْ عن الهُدى والإيمان لأنّهُمْ قومٌ جُهلاءَ لا يَعْرفُونَ الحَقَّ وَلاَ يَتَدبَّرُونَ فَهم حُمْقى غافلُونَ)، واتە: هەر کە بەشێ لە قورئان دەنێردرێت و نهێنیەکانی ئەوانی تێدابێ و باسی خراپەکاری و لاملیەکانی ئەوانی تێدابێت، یان لای پێغەمبەر (ﷺ) بن ئینجا بۆ یەکتری دەڕوانن و لە خەجاڵەتی خۆیاندا دەڵێن و ئایە لە خاوەن

باوەڕەکـان ئێـوە دەبینـیێ؟ جـا پاشـان دەڕۆن و لای پێغەمبـەر (ﷺ) بـەجێ دەهـێڵن خـوا دڵـەکانی لاداون لـە گـوێگرتن لـە (حەقیقـەت) و لـە ڕاسـتیدا ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی ئـەوان گـەل و هـۆزێکی نـەزان و نـا تێگەیشتوون.

(درێژەی ووتەکان)

واتە کاتێ کـە سـورەتێ نـازل بکرێ لەلایـەن خـوداوە وە ئـەو کـافرو مونافیقانە لە مەجلیسی حەزرەتا (ﷺ) حازر بن هەنـدێکیان ئـەوانێ بـۆ هەندێکیان بەشێوەی گاڵتەو قەشمەری یەوە وە ئەڵێن ئایـە کـەس هەیـە لەم کۆڕو مەجلیسەدا کەس ئێوە ئەبینێ ئیتر ئەو جێگایە بەجێ دەهـێڵن و دەڕۆن بەلایەکی تردا[1]، جـا بـە شـێوەی دوعـا لێکـردن فەرمایـشتەکە دەفەرمووێت خودا دڵیان لە چاکەو باشە لابـدات چـونکە ئەوانـە گـەلێکی ناتێگەیشتوون و دڵڕەقن وە هەروەها هەندێکی تر لە زانایـانی (تەفـسیر) ئەڵێن مەبەست لە رستەی ﴿صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم﴾ئەوە بێت کـە خـودا لە رووکردنە رێگای راست و ئیمانداری لای داون چونکە ئەوان خۆیان ئەو رێگایـەیان ناوێـت و حـەزیان لـە ئیمانـداری نیـەو گـەلێکی تێنەگەیـشتو نـەزانن (والحاصـل) خـوای گـەورە دڵـی ئـەوانی لاداوە لـە (ئیمـان) و باوەڕیداو بەهۆی ئەوەی کە گەلێکی نەزانو تێناگەنو پەند وەرناگرن.

---

(١) جابێگومان دووڕووەکان، ئەیانگوت ئایا کەسێك ئێوە دەبینێت ئەگەر ئێوە هەستن لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر کەس ئەوانی نەبینیایە هەڵدەستانو دەڕۆیشتن لەترسی ئەوەی نەك ئابروویان بچێ.

(بەڕاستی ڕەوانەکردنی پێغەمبەر (ﷺ) چاکەیەکەو ڕەحمەتێکی خودیە بۆ ئێمە)

خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾ (أي وَاللهِ لَقَدْ جاءَكُمْ أيّها القَومْ رَسُولٌ عَظيمُ القَدْرِ رَفيعُ الشّأنِ مِنْ جِنْسِكُم (عَرَبيٌّ قُرشِيٌّ) تَعْرِفُونَ حَسَبَهُ وَنَسَبَهُ يَشقُ عليْهِ ما يُوقعكم فِي المكارهِ حَريصٌ عَلَى نَفْعِكُمْ وَهِدايتِكُمْ شَديدُ الرأفَةِ وَالرَّحْمَةِ بالمُؤْمنينَ أي رؤوفٌ بالمؤمنينَ شديدُ الشفقة والرّحْمَةِ عليهم)، واتە:سوێند بەخوا هەر لەخۆتان پێغەمبەرێکی پایەبەرزتان بۆ هات و هەمووتان دەیناسن و شارەزاینە، وە ئەویش ئێوە باش دەناسێ و لە (قەومێکی) تر نیە، لە قسەتان دەگات و لە قسەی دەگەن جا بێگومان ناڕەحەتیەکەتان تووش بێت زۆر سەختە لای پێی سەخڵەت دەبێ و زۆر ناڕەحەت ئەبێ، زۆریش موکڕو سوورە لەسەر ئیمان و بڕوا هێنان، بەرامبەر بە بڕواداران زۆر دڵسۆزو بە ڕەحم و بەزەیی و دلۆڤانە.

(درێژەی ووتەکان)

واتە بەڕاستی هاتۆتە لای ئەی خەڵکینە پێغەمبەرێك کە لە خودی خۆتانە لەڕەگەزو نەتەوەی خۆتانەو هەروەها پێغەمبەرێکی بەڕەگەز (عەرەبە و قورەیشی) نەسەبە، ئێوەش دەیناسن و شارەزاینە چونکەلە

(نەفسی) خۆتانە واتە لە تیرەی خۆتانە جا بێگومان ئەو پێغەمبەرە زۆر پەرۆشە بۆتان تووشی ناخۆشی و خراپە ببێن و جا هاتووەو خوا رەوانەی کردووە بۆ ئەوەی فەرمانی خوداتان پێ ڕابگەیەنێت (کوفر)و دووڕوویی و خراپەکاری ئێوەی پێ ناخۆشە چونکە پێی سەخڵەت ئەبێ و ئازاری پێ دەگات وە زۆر خەمی گەورەی ئەوەیە ئێوە رووبکەن هیدایەت و ڕێگای راستی هیدایەت بگرنە بەر چونکە بێگومان زۆر بە بەزەیی و دڵسۆزە بۆ موسڵمانان و ئیمانداران و مەبەستیەتی کەوا ڕێگای هیدایەت بگرنە بەرو ئەگەر بەگوێی بکەن و فەرمانەکانی ئەنجام بدەن بۆ سوودو قازانجی خۆتانە.

(ئاگادارییەك)

قالَ إبن عباس (رضي الله عنهما) لَمْ يَجْمع الله بين إسْمين من أسْمائهِ إلاّ لخاتهم الأنبياء مُحَمّدٍ (ﷺ) (الرؤوفُ الرحيم) واتە: ئیبنو عەباس (خوایان لێ رازی بێت) ئەفەرمووێ خوای گەورە کۆی نەکردۆتەوە لە بەینی دووناوی پیرۆزی خۆی مەگەر بۆ کۆتایی پێغەمبەران نەبێ کە حەزرەتی محمدە (ﷺ) کە ئەویش دوو ناوی پیرۆزی خۆیەتی (الرؤوف) واتە میهرەبان و نەرم و نیان و بەسۆز لەگەڵ بەندەکانیاندا و (الرحيم) واتە بە بەزەیی و بە لوتف بەرامبەر بە بەندەکانیدا.

(پاشکۆ)

هەروەها (ریوایەت) کراوە لە (ئوبەی کوڕی کەعبەو (خوایان لێ رازی بێت)، فەرموویەتی دواین ئایەت کە هاتە خوارەوە لە (قورئان) ئەم

ئایەتــە بــوو ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ ......﴾ هــەتا کۆتــایی ســـورەتەکە، وە هـــەروەها لەچـــەند فەرموودەیـــەکی صەحیحدا[1]، هـاتووەو (ریوایـەت) دەکـەن لـە زەیـدی کـوڕی سـابیتەوە (خوایــان لــیّ رازی بێــت) کــە باســی کۆکردنــەوەی قورئــان دەکـات لەسـەردەمی حـەزرەتی ئەبوبـەکردا (خـوا لێـی رازی بێـت) ئـەوجا زەیـد دەگێڕێتــەوە و ئەفــەرمووێ هــەتا لــە ســورەتی تەوبــەدا دوو ئایــەتم لای (خوزەیمــەی ئەلئەنـساری) دەسـت کـەوت لای کەســی تــر نەمــدیبوون ئەویش ئایـەتی ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ ...... هەتا کۆتایی (سورەتەکە) جا با بگەڕێینەوە سەر کۆتایی (ئایەتەکـە) کە خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾﴾ أي فـإن أعْرضُوا عَنْ الإيمانِ برسالتِكَ وإتباع هِدايتِكَ فَقُلْ يَكفيني الله وَهُوَ يـدفع عَنّي شَرَّكُمْ لا مَعْبُودَ بِحَقٍّ سواه عليهِ أعتمدت فَـلاَ أخـاف وَلاَ أرْجُـوا أحـداً سِـواه وَهُـوَ سُبحانه رَبّ العـرش العظـيم الـذّي أحَـاطَ بالـسّمَواتِ وَالأرض وَأحَاط بِكلّ شيءٍ عِلْماً[2]، واتە: ئەگەر ئـەوان روویـان وەرگێـڕاو پـشتیان تێکردی یـانی ئەگـەر روویـان لـیّ وەرگێـڕای و باوەڕیـان پـیّ نـەهێنای و

---

(١) ئەم فەرموودەیە زۆر لە زانایانی (حەدیس) هێناویانە وەکو (ئیمام بوخاری و موسلیم و ئیمام احمد و ئیمام ترمذي) و هەندێکی تریش هێناویانە.

(٢) وفي هذه الآية إشارةٌ بمقام الرسُولِ (ﷺ) وتعظيم لِشأنهِ حَيث تولّى الله عزَّ وجلّ حفظهُ وحمايتهُ مِنْ شرّ أعدائهِ المُشركين.

پێیان بڵێ خوا پتشیوانی منەو بەسە بۆ پشتیوانی و هیچ پەکم بە ئێوە ناکەوێ چونکە بێگومان لە خواش بەولاوە هیچ خوایەکی تر نیە، هەر خۆیەتی و هیچ هاوبەش و (شەریکی) نیە زاتێکی تاك و تەنهایە و جا تەنها پشت بەو دەبەستم و هەر ئەو بە پشت و پەنای خۆم دەزانم ، وە هەروەها ئەو پەروەردگاری (عەرشی) عەزیم و مەزن و گەورەیە چونکە ئەویش خاوەنی تەختی گەورەو عەرشی پیرۆزە.

(درێژەی ووتەکان)

واتە ئەگەر ئەو (موشریك) و دووڕووانە پشتیان هەڵکردو روویان وەرگێڕاو هەروەها گوێیان بۆ پەیامەکەت نەگرت و ئیمان و باوەڕیان نەهێناو هەروەها بڕوایان بە پێغەمبەریەتی تۆ نەکردو پشتیان کردە هیدایەتی و باوەڕیان نەهێنا، ئینجا ئەی پێغەمبەر تۆ بڵێ من خودام بەسە چونکە ئەو پشتیوانم بێ بەسەر دوژمناندا سەردەکەوم، جا بێگومان من خوای گەورەو مەزنم بەسە کە یارو یاوەرم بێت، وە من هەر پشت بەو زاتە دەبەستم چونکە بەڕاستی ئەو خوداو خاوەنی عەرشی بەرینەو گەورەترین دروستکراو کە (عەرشە) لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە.

(پاشکۆ)

(ئەبو دەرداء) ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێك رۆژێ (حەوت جاران) بەیانیان و ئێواران ئەو ئایەتە بخوێنێ و بڵێت (حَسْبي اللهُ لا إله إلا الله هُوَ عليه توَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ العَرشِ العظيم)، ئەوە بێگومان خوای گەورە خەم و خەفەتی دونیاو دوارۆژی لەسەر لادەبات[1].

---

(١) ئەم فەرمودەیە (ئەبو داود) لە سونەندا هێناویەتی.

بەیارمەتی خوای گەورە سورەتی (تەوبە) کۆتایی پێ هات و پاك نووسکرا و بەقەدەر توانا ڕاڤە کرا، داواکارم لە خوای مەزن یارمەتی و (تەوفیقمان) بدات بۆ تەواو کردنی هەموو بەرگەکانی ئەم تەفسیرە پیرۆزە.

(سُبحانَ رَبّك رب العِزّةِ عَمّا يَصفُون وَسلام عَلَى المُرسلين والحمدُ لله رَب العالمين)

(وصلى الله وسلم على سَيّدنَا محمداً وآلهِ وَأصحابهِ أجمعين)

تەواوکەری جزئی یازدەهەم

(سورة يُونس
مكية وآياتها تسع ومائة)
سورەتی یونس
مەکیە[1] و سەدو نۆ ئایەتە/١٠٩

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم سورەتە مەکییە ئایەتی (چل و نەوەت و چوارو، نەوەدو پێنج و، نەوەدو شەش نەبێ) ئەمانە مەدەنین.

بسم الله الرحمن الرحيم

واته: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و دلۆڤان

(خوێندەوارانی ئازیزم) ئەو سورەتە مەكییەو مەگەر چەند ئایەتێكی كەمی نەبێ كە مەدەنیە و جا بێگومان هەروەكو موفەسیرەكان ئەفەرموون ئەم سورەتە لە بابەت و بیرو باوەڕی ئیسلام و لە باوەڕهێنان بەخواو بە پێغەمبەران و كتێبەكانیان و زیندووبوونەوەو لە رۆژی قیامەت دەدوێ تاكو خەڵك باوەڕی تەواو بێنن بەتایبەتی ئەو قورئانە پیرۆزەی كە كارێكی لە توانا بەدەرە[1]، هەتاكو رۆژی قیامەت جا بێگومان یەكەم جار بە باسێكی پێغەمبەریان حەزرەتی محمد (ﷺ) وە پەیامەكەی دەست پێدەكات هەروەها ئەو راستیەش دەسەلمێنێت كە هەر ئوممەت و نەتەوەیەك خوای مەزن پێغەمبەرێكی بۆ رەوانەكردووەو پاشان دەستی ئادەمیزاد ئەگرێ گەڵێ صیفاتی خوایان پێ دەناسێنێ و پاشان بە بوونەوەردا ئەیانگێڕێ و پێیان دەڵێت وەرن بروانن بەچاوی ووردەوە لە ئاسمان و زەویدا هەروەها سەیری شوێنەواری قودرەت و دەسەڵاتی خوا بكەن و بزانن چ (عاجبایەتیێ) دەبینن ئەوجا لە پاشان داستانی هەندێ لە پێغەمبەران وەكو حەزرەتی نوح و گەلەكەی و حەزرەتی مووسا و نەتەوەكەی هەروەكو چۆن فیرعەونی زاڵم و ستەمكارو دارو دەستەكەی لەناوبرد، جا شایانی باسە

---

(١) (موفەسیرەكان) ئەفەرموون ئەو قورئانە بەڵگەو موعجیزەیەكی زۆر گەورەیە هەتا دونیا دونیابێت هەر ئەمێنێتەوەو وە هەم پێیان ئەڵێ فەرموون ئەگەر راست ئەكەن لە (دەعواكەتاندا) تەنها سورەتێك بێنن لەوێنەی قورئان، بڕوانە پەرتووكی ئیعجاز القرآن بە كوردی لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزیز)، لاپەڕە/٣٧.

ئـەم سـورەتە نـاونراوە سـورەتی یـونس[1]، چـونکە داسـتان و چـیرۆکی یـونس پێغەمبـەری تێـدا (سـەلامی خـوای لەسـەر) چـونکە بێگومـان (قصص) و چیرۆکی ئەو پێغەمبـەرە (ع) تـا بلێـی سـەرنج راکێشە چ لـە رووی ئەوەوە کە ئەم زاتە (ماسی قوتی) داو ماوەیەك لەناو سکی ماسـی دا مایەوەو یادی خوای ئەکرد یان لە رووی ئەوەوە کە (قەومەکەی) زێدە لە هەموو گەلان کاتێك پەشیمان بوونەوە هەروەها بەزووترین کات ئیمـان و باوەڕیان هێناو بەخوای تاك و تەنیاو بـە پێغەمبـەرە خۆشەویستەکەی کە یونس پێغەمبەرە (ع) ئینجا خـوای گـەورە سـزای لەسـەر لابـردن جا خوای گەورە ئەم سورەتەی بەناوی یونس پێغەمبـەرەوە (علیـە السلام) نارد بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت وەرگرتن بۆ هەموو خەڵکی جیهـان، وە هەروەها فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەداو ئەکا کە تـەنها دەسـت بـە بەرنامەو (شەریعەتەکەی) خواوە بگرێ و جا ئـەبێ بەرامبـەر بـەو هـەموو ئازارو ئەشکەنجە ذەکرێن لەلایەن (کـافر)و دووڕووەکانـەوە پێویـستە بـە صەبرو خۆڕاگرو بە ئارامی بێ تاکو و خوای مەزن (ئوممەتەکەی) رزگـار ئەکا لە چنگ بێ باوەڕاندا[2].

بسم الله الرحمن الرحيم واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبـان و

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ناوی پێغەمبەر یونس (سەلامی خوای لێبێت) چوار جار لە (قورئان)دا لە سورەتی (نیساو و ئەنعام و یونس و صافات)، دا هاتووە، هەروەها لە سورەتی ئەنبیاش بەسەرهاتەکەی باسکراوە بەڵام ناوی نەهاتووە.

(٢) بڕوانە (صفوه التفاسیر) لە نووسینی (شێخ محمد علی الصابونی)، بەرگی/١، لاپەڕە/٥٧١–٥٧٢، چاپی بەیروت.

دلۆڤان ، جا خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿ الٓر ﴾[1] ئەم حەرف و پیتانە بەجیا جیا دەخوێندرێنەوە بەم جۆرە شێوەیە (ئەلیف / لام / را) جا خوای گەورە ئەفەرمووێ ﴿ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ۝١ ﴾ واتە: ئەو ئایەتە گرنگ و پایەبەرزانەی لەم سورەتەدا یا لە هەموو قورئاندایە ئایەتەکانی (کتێبێکی) لێزان و کار درووستن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ ۝٢ ﴾ واتە: ئایە ئەو خەڵکانەی مەککە لایان سەیرە کە نیگاو (وەحیمان) بۆ پیاوێك هەناردووە هەر لە خۆیانەوە، وەکو ئەوان (عەرەبە) لە هۆزی قورەیشە، ئەمە جێگای سەیر نیە و شتێکی ئاساییە جا دەبوایێ باوەڕی پێ بێنن چونکە باش دەیناسن و بەناوبانگە بەهەموو سیفەتێکی جوان و بەجێ، بەتایبەتی بەڕاستگۆیی و (ئەمانەت) بەوەی کە ئاگاداری خەڵکی بکەوەو هەروەها مزگێنیش بدە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، کە شوێن پێیەکی راستگۆییان هەیە لەلای پەروەردگاریان کەچی (کافر)و بێ باوەڕان دەڵێن ئەو (محمد) ناوە (ساحیر)و جادوگەرێکی ئاشکرایە.

---

(١) ئەوەی راستی بێت لە پێشەوە زۆر قسەمان لەسەر ئەو پیتانە کرد بەلاّم بەلای هەندێ لە زانایانی (تەفسیر) ئەڵێن ئەو پیتانە کە بەناوەکانیان دەخوێندرێتەوە بۆ ئاگادار کردنەوەیە بۆ ئەو ئایەتانەی کە لە دوایان دێت.

(هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە)

(ریوایەت كراوە) لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباس (خوایان لێ رازی بێت) دەڵێت لەكاتێكدا خوا حەزرەتی (محمد)ی ڕەوانەكرد بە پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ لە بت پەرستە عەرەبەكان بڕوایان نەدەكردو ناڕەزاییان دەردەبڕی و هەندێكیان دەیانگوت خوا لەوە گەورەترە مرۆڤی وەك (محمد) بنێرێت جا بەم هۆیەوە ئەم ئایەتە دابەزی و هاتە خوارەوە.

(ئەوەی راستی بێت هەر خودایە خاوەنی هەموو بونەوەر)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ۝٣﴾ أي أنَّ ربُّكم ومالك أمركم الذّي ينبغي أن تَفرّدُوه بالعبادة هو الذّي خَلقَ الكائنات في مقدار ستةِ أيامٍ الدُّنيا ولَوْ شاءَ لَخَلَقَهُنَّ في لَمْحةٍ وَلكنّهُ تعليم العبادَةِ التأني وَالتثبيت في الأمور) واتە: بێگومان پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتە كە ئاسمانەكان و زەوی بە شەش رۆژ دروستكردووە، هەندێ لە زانایانی تەفسیر ئەفەرموون مەبەست بەو رۆژانە هەر ئەو رۆژانەی دنیایەو چونكە بێگومان ئەوەی راستی بێت خوای گەورە توانای ئەوەی هەبووەو هەیەتی بەیەك چاو تروكان یانی بەیەك جار دروستیان بكات هەتا ئێمە فێری هێواشی و صەبرو

پەلەنەکردن بکات هەندێکی تر لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەر ئەو ڕۆژەی بەقەد هەزار ڕۆژی ئێستامانە[1].

(ئاگاداریيەکی گرنگ)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ﴾[2]، قالَ بعض المُفسرونَ إستواءً يليق بجلالهِ من غير تكفيفٍ ولاَ تَعْطيل ولاَ تشبيهٍ كما هو مذهب السلف الصالح، واتە: پاشان بەو شێوەیە کە شایستەو شیاوی زاتی ئەوە بێ ئەو خۆی مەبەستی بێ چوویە سەر (عەرشی) فەرمانڕەوایی خۆی[3]، وە هەروەها هەندێ (موفەسیرانی تریش) نەقڵ لە پێشەوا (مالیك و ئیمام ئەحمەد)ەوە ئەکن و ئەگێڕنەوە کەوا فەرموویانە (الاستواءُ معلومٌ والكيفية مَجْهولةٌ والسُّؤال عَنهُ بدعةٌ والإيمانُ بهِ واجبٌ)، واتە: (إستوا) شتێکی زانراوەو چۆنیەتەکەی نەزانراوەو پرسیارکردن لە مەبەست بە (إستوا) ئەمە شتێکی داهێنراوەو بیدعەیەو[4]، جا فەرمووی ئەوەی ڕاستی بێت هەر خوایە کارو

---

(١) یانی خوای گەورە بە (شەش قۆناغ) درووستی کرد هەروەکو لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێ (إنّ يوماً عِندَ رَبِكَ كألفِ سنةٍ ممّا تعدّون) سورەتی الحج ئایەتی /٤٧.

(٢) ئەو فەرمایشتە لە حەوت جێگا لە قورئان هاتووە، لە سورەتی (أعراف و یونس و ڕەعدو طه و فورقان و سجدەو حەدیدا).

(٣) هەندێکیش لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن چاك وایە هیچ واتاو مەبەستێك دیاری نەکەین و حەواڵەی (عیلم) و زانستی خوای بکەین.

(٤) بڕوانە (تەفسیری قورئانی پیرۆز) لە نووسینی (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز هەڵەبجەیی)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٣٩، لەگەڵ دەستکاری.

فەرمانـەکان بـەڕێوە دەبـات هــەموو ئـێش و کارەکـانی جیهـان، هـیچ تکاکارێك نیە کە لەلای خوا تکا بکات مەگەر دوای ئەوەی کە مۆڵەت لـەو وەربگرێت و ئەوجا تکاکەی بکات چونکە هیچ کەس ناتوانی (شـەفاعەت) بۆ یەکێك بکا مەگەر خودا بـۆی ڕێگـە بـەو تکاکـارە بـدا، واتــە هـەر ئـەو خوایـە (الله یـە) پەروەردگارتانـە کەواتـە بەتـەواوی بیپەرسـتن ئـەدی بـۆ پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن و وردنابنەوە لـەو هـەموو کەونـە و کائنـات و بوونەوەرە پڕ لە عەجایباتە.

(ئەوەی راستی بێت گەڕانەوەی هەموو کەسێك هەر بۆلای خودایە)

جا بێگومان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗاۖ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقًّاۚ إِنَّهُۥ يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾ واتــە: هــەر هــەموو بـۆلای ئــەو دەگەڕێنــەوەو هەمووتان کۆدەکاتـەوە بـۆ (حیـساب) و پاداشـت و سـزا (چـونکە کـەس ناتوانێ خۆی لـێ بشارێتەوە، بـەڵێنی خودایـەو بـەڵێنی خـوداش ڕاسـتە چونکە مردن و گەڕانەوە بۆ (محاکەمە)و دادگای خواو حیساب و پاداشت و سزا شتێکی بێ گومانە و ڕاستە، هیچ گۆڕانێکی تێدا نیـە جـا بێگومـان خوا ژیان دەبەخشێت و باشـتریش وەری دەگرێتـەوە، چۆن یەکـەم جـار ژیانی ئێوەی درووست کردبـوو هـەر ئـاوایش پـاش مردنتـان جـارێکی تـر درووستان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕیان هێنـاوە لـە ژیانیانـدا کـردەوەی چـاکیان کـردووە پاداشـتی چاکەکانیان بەباشـە

بداتەوەو بەعەدالەتکاری و پاداشتی تەواو جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ ﴿٤﴾ ﴾ واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خوداو فەرمانەکانی نەهێنا بێباوەڕی وای لێ کردن هیچ کردەوەیەکی چاکە نەکەن، واتە بێگومان ئەوانە خواردنێکی زۆرگەرمو سزایەکی سەختو ناخۆشیان بۆ هەیە لەبەر ئەوەی کە (کافری) بێ باوەڕن

(هەموو شێ شایەتە لەسەر قودرەت و توانای خودا)

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ ۚ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ ۚ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ ﴾ أي هو جَلَّ وَعلا بقدرتِه جعَل الشّمسَ مضيئةً ساطِعَةً بالنّهار كالسّراجِ الوهّاج وجعَل القمرَ مُنيراً باللّيلِ وَقدَّر سيرهُ في منازل معروفة وَهي (البروج) لمصالح البشرِ ليعرف النّاسُ (حِساب الأيّامِ وَالشُّهورِ والأعْوام) فبالشّمْسِ تُعرفُ الأيّام وَبالقمرِ تُعرف الشّهور والآيام وبذلكَ تَتَحققُ الحكمةُ من خَلقِ اللّيلِ وَالنهّارِ وَالشّمسَ وَالقمرَ ما خَلَقَ الله ذَلكَ عَبثاً بَلْ لِحكمةٍ عَظيمة وَفائدة جَليلَة يُوضحُ الله لَكُمْ هذهِ الآياتِ الكونيةِ لِتَعرِفُوا قُدرتَهُ وَتتدبرُوا وَتُوقنُوا

بانّه الواحِدُ لأحدُ[1] واته: خـودا ئـەو زاتەیـە کـە خـۆری شـەوقدار کـردووە یانی کە تیـشك و رووناکی بـە خـۆر بەخـشیوە و وە مـانگی کـردووە بـە رووناکی دەر بـەهۆی پـرژەی خـۆرەوە مـانگ خـۆی لـە خۆیـا تاریکـەو رووناکی لـە خـۆرەوە وەرئـەگرێ مـانگ و هـەموو ئەسـتێرەکان و زەوی لەخۆر جیابونەتەوە بەهۆی توانای خـوای گـەورە[2]، وە هـەروەها چـەند جێ و مەنزڵگەیەکیشی بۆ دیاری کردووە، واته بە (٢٨) قۆنـاغ و مەنزڵـدا تێدەپەڕێ[3]، هەتا ئێوە ژمارەی ساڵەکان و حیسابی مـانگ و رۆژەکـان بزانن و وەرزەکانی ساڵ بناسن کاتی حەج و عـومرەو مـانگی رەمـەزان و (حیساب) و کیتابی بازرگانی و کارەکانی تر پێ بزانن، ئەگەر مـانگ ئـەو گۆڕانکاریەی بەسەردا نەهاتبا کەس نەیدەزانی ئـەو رۆژە چـەندی مانگـە یا مانگە چەندی ماوە، واته بێگومـان خـوای گـەورە ئـەو خـۆرو مانگـەی بێهـوودە درووسـت نـەکردووە بـەڵکو بـە (حـەق) دروسـتکراون بـەڵکو

---

(١) رەحمەت لەو شاعیرەی کە دەڵێ : (وَفِي كُلِّ شيءٍ لَهُ آيَةٌ - تَدُلُّ عَلَى أنَه وَاحِدٌ)
واتە لە هەموو شتێکدا نیشانەی هەیە بەڵگەیە کەوا هەر یەك خودا هەیە.

(٢) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون (قورئان) خۆری بە (ضیاء) هێناوە بەلام هی مانگی بە (نوور) باسکردووەو چونکە مانگ خۆی لەخۆیا تاریکەو رووناکی لە خۆر وەرئەگرێ وەکوو گوتراوە (ئیستفادُ القمر من نور الشّمْس).

(٣) وەهەموو دەزانین مانگ لەیەکەم شەوی زۆر باریکە هەر ئەوەتە دەبینرێ دوایی شەو بە شەو وێنەی بە گەورەتر دەردەکەوێ، تاکو دەگاتە شەوی چواردەمین وێنەکەی بەتەواوی دەردەکەوێ، دوای شەوی چواردەمین ووردە ووردە بچوك خۆی پیشان ئەدات تاوەکو شەوی یەکەمی لێ دێتەوە، کە (٢٨) وێنە بە بیست رۆژ پیشانی ئەدات و دواتر شەوی بیست و نۆ یا شەوی سی نادیترێ.

هەریەکەیان لەو ئەرزو ئاسمانە حەقیقەت و حیکمەتێکیان تێدایەو هەروەها شایەتێکی زۆر گەورەو ئاشکران لەسەر تاکو تەنهایی و توانای خوای مەزن ئەو کەسانەی کە هۆش و فامی خۆیان دەخەنە کارو تێدەفکرن هەتاکو بزانن ئەو گەردوونە لە خۆیەوە درووست نەبووە جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ فِي ٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَّقُونَ ۝٦ ﴾ واتە: بێگومان لە هاتوچۆی شەو و ڕۆژو ئاڵوگۆڕیاندا وە هەروەها سەرجەم ئەو شتانەی تریش کە خودا لە ئاسمانەکان و زەویدا درووستی کردوون[1]، یانی بەڕاستی لە جیاوازی شەوو ڕۆژەکاندا و لەو درووستکراوانەی ناو ئاسمانەکان و زەویدا بەڵگەو نیشانە هەن بۆ گەل و نەتەوەیەك کە لە خوا دەترسن.

(١) کە شەوو ڕۆژە چونکە شەو تاریکەو ڕۆژ ڕووناکە و لەدوای یەك دێن شەو درێژەو ڕۆژ (کورت) دەبێ یان (ڕۆژ) درێژەو (شەو) کورت دەبێ و (ماشاءالله) لەم نیزام و ڕێکخستنە کە خودا دایمەزراندووە چەند بەڕێك و پێکی، یان ئەوەی کە خوا لە ئاسمانەکان و زەویدا درووستی کردوون لە بونەوەرو جانەوەردا وە یان لە مرۆڤ و فریشتەو هەواو ئاوو خاك و بەردو ئەستێرەو مانگ و ڕۆژو چیاو چۆڵ و دەریاو بیاباندا یان لە دارو درەخت و ئاژەڵ و باڵندەدا، ئەمانە هەمووی بەڵگەنە لە تواناو دەسەڵاتی خوای گەورەو مەزن.

(بەڕاستی جێگای بێ باوەڕان و خوا نەناسان هەر دۆزەخە)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّوا۟ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾﴾ (أي إنّ الـذّينَ لاَ يَتوقعُـونَ لِقـاءَ اللهِ أصْـلاً ولاَ يَخْطـر عَلَـى بـالِهِمْ لأنَهُـمْ لاَ يُؤْمِنُونَ بالميعادِ ولاَ بالْحسابِ وَالجزاءِ وَانْشَغَلُوا بلذائـذِ الحيـاةِ الفانيـة عـن الدار الآخرةِ الباقية هؤلاءِ الأشقياءِ مَـسْكَنَهُمْ ومَـصيرُهُمْ نَـارَ جهـنّم بِـسَبَبِ كُفْـرهم وإجـرامهم)،واتـە:بەڕاسـتی ئەوانـەی کـە هـەموو غایـەت و مەبەستێکیان لە ژیانی دنیایاندا هەر رابواردنەو بەتەمای زیندووبوونـەوەو گەڕانەوە بۆ لیقاو بارەگای خودا نین و باوەڕیـان پـێ نیـەو یـان هـەر بە خەیاڵیـشیان دانـایێ و هـەروەها بەخۆشـیەکانی دنیـاش رازیـن و واتـێ ئەگـەن و دەزانـن هـەتا هەتایـە تێیـدا دەمێننـەوەو، لەگـەڵ هەندێـشدا باوەڕیان بە حیساب و پاداشت و جەزای ئەو رۆژە نیـەو وە هەڵفریـدراون بـە لـەزەت و ژیـانی دنیـای فـانی هـەروەها بـێ خەبـەرن و غـافڵن و بیرناکەنەوە لەو بوونەوەرە جا ئەو گوناه بارانـە رێگـەو جێگـەیان ئـاگری دۆزەخەو بەهۆی بێ باوەڕیان و تاوانباریانـەوە، هـەروەکو خـوای گـەورە دەفـــــەرموێت:﴿أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨﴾﴾ واتە: ئەوانەی بەهۆی کردەوەکانیانەوە ئاگر جێگەیانە لـە رۆژی قیامەتدا، واتە لەسەر ئەو گونـاهو تاوانـەو کـردارە خراپانـەوە لـە دنیـادا کردویانە سزا دەچێژن.

(باسێك لە پاداش و سزای ئیماندارو كافران)

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمْۖ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٩﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی ئەوانەی كە ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینەیان هێناوەو كارو كردەوەی چاكەكانیان ئەنجامداوەو كردووە جا بێگومان ئەوانە بەهۆی ئیمان و باوەڕەكەیانەوە پەروەردگاریان ڕێنوێنیان دەكات بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەهەشتەی كە چەندین روبارو جۆو جۆبار بەژێریاندا تێدەپەڕێت هەتا هەتایێ لەناو ئەو بەهەشتەدا دەمێننەوە، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌۚ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾ أي دُعاؤهم وكَلامُهم في الجنّة التسبيحُ وَالتَقْديسُ يُسَبِحُونَ اللهَ بُكْرةً وَعشياً دُونَ جَهْدٍ وَلاَ تَعب كما جاءَ في الحديثِ الشَّريفِ (يُلْهمُونَ التَسْبيحَ وَالتَّحْميدَ كَمَا تُلْهمُونَ النَّفَسَ) رواهُ مُسلم، واتە: دوعاو پاڕانەوەی بەهەشتیەكان لەبەهەشتدا بەرامبەر خودای مەزن ئەوەیە ئەوجا لە پاشان ئەڵێن خوایە گیان پاكی و بێگەردی و سڵاوو ستایش هەر شایستەی جەنابی تۆیە، وە هەروەها سڵاویان لەگەڵ یەكتری سڵاوی ئاشتی و خۆشیە، چونكە وتەی بەهەشتیان هەر سڵاوو هەر سەلامە، دوا قسەشیان سوپاس و حەمدو شوكرانەی خودایە كە پەروەردگاری هەموو عالەمە، هەموو

بـەیانیان و ئێـواران هـەر حەمـدو شـوکرانەو سوپاسـی خـوا دەکـەن[1]، هەروەکو هـاتووە لـە فـەرموودەی پێغەمبـەریش (ﷺ) کـە ئەفـەرمووێ: (یانی خەڵکی بەهەشت هەروەکو فێر دەکرێن هەناسە بدەن و ئاواش فێـر دەکرێن تەسبیحات و سوپاسی خوا بکەن، واتە خـەڵکی بەهەشـت فێـری سوپاس و ستایش دەبن وەك چۆن فێری هەناسەدان ئەبن.

(خوای گەورە وەڵامی دوعای خراپەو شەڕ ناداتەوە وەکو دوعای خێر)

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١﴾﴾ واتە: ئەگـەر خـوای گەورە دوعاو نزای شەڕ و بێزاری ئەو خەڵکە لە ماڵ و سـامان و ئـەولاد و نـەوەیان گـیرا بکـات وەکـو بـۆ خێـر گـیرای دەکـات ئـەوە زوو کۆتـایی بەهەموو شتێکیان دەهێنرا یان دەمێك بـوو لـەناو چـووبوون و بەتۆڵـەی خۆیان دەگەیشتن، بەڵام خـوای گـەورە بەرەحمـەو مـاوە بـە بەنـدەکانی دەدات بەڵکو بیر بکاتەوە، ئەگەرچی خـەریکی خراپـەکاریش بـن کەواتـە ئەوانە بەتەمای گەیشتن نین بـە ئێمـەو بـە زینـدوو بوونـەوە و حیـساب و

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن: سیفەتی ئەو جۆرە کەسانە وایەو لەدوای هەر نازو نیعمەتێکیش کە پێیان ئەدرێ بەتایبەت لەبەهەشتا بەدڵ و بە زووبان دەڵێن (الحمدُ لله رَبِّ العالمین).

پرسـیار ئەوانـە مۆڵـەت ئـەدەین و ئـەیان هێڵێینـەوە لـەناو گـومڕایی و نەفامی و سـەرگەردانی لەکاتێکدا نابینـاو دڵ کوێرن، تـا کـاتێ ئەجـەلی نەبڕاوەیان دێت.

(پاشکۆ)

قَالَ مجاهد فِي تفسيرهِ هُو دُعاءُ الرّجل عَلَى نَفسهِ أوْ، ولَـدهِ إذَا غَـضَبَ عَليهِ يَقُـول (أللـهُم أهلكْـهُ لا تبـارك فيـهِ فَلـوْ إسـتَجاب الله دُعـاءهُ فَأماتَـهُ وَأهلكهُ) واته: موجاهید ئەفـەرمووێ لـە تەفـسیرەکەیدا ئـەڵێت مەبەسـت ئەوەیە کە ئینسان کـاتێ کـە رقـی هەڵدەسـتێ و تـووڕە دەبـێ، زوو زوو دوعاو نزای شەڕو خراپە لـە خـۆی یـا لـە مـاڵ و منـداڵی خـۆی دەکـات و دەڵێ خوایە بەزوویی ئەمانە لەناو ببە خوایە (بەرکەتیان) نەهێڵی و بیـان فەوتێنی و ....هتد).

(گشت مرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا یادی خوا دەکات بەڵام لەکاتی خۆشیدا لەبیری دەچێ)

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ أي وَإذا أصابَ الإنْسانَ الضرُّ مِنْ مَرَضٍ أوْ فَقْرٍ أو مُصيبَةٍ دَعَا رَبّهُ فِي جميع الحَالاَتِ مُضْطجعاً عَلَى الفراش أو قائماً أو قاعداً لكشف ذلك الضُّرّ عَنْه فإذا كَشَفَ الله عَنْـه الـضُّرّ والـبلاء نَـسيَ رَبّـهُ كَمَـا نَـسيَ كَرْبَـهُ

وَاسْتَمَرَّ عَلَى فجوره وعصيانه، واتە: کاتێك ئادەمیزاد زیانێکی قورسی تووش دەبێ هاواری ئێمە دەکات لەکاتێکدا کە پاڵکەوتبێ یان دانیشتبێ یان راوەستابێ ئەوجا کاتێك کە زیان و نارەحەتیەکەمان لەسەر لابرد بەجۆرێکی وەها دێت و دەڕوا، وەکو ئەوەی کە هەر هاواری لە ئێمە نەکردبێ بەهۆی ئەو زیان و نارەحەتیەی کە بەری کەوتبوو بەم شێوەیە جوانکاری و رازاندنەوە بۆ زیادەڕەوەکان دەکرێت لەو کردەوانەی کە دەیانکرد.

(درێژەی ووتەکان)

واتە هەر کاتێك ئادەمیزاد تووشی هەر کێشەو ناخۆشی و نەخۆشی و (لێقەومانێك) هات ئینجا هاناو هاوار بۆ ئێمە دەهێنێت بە دانیشتنەوە بێت یان بە پێوە کەچی کاتێك ئەو بەلآو ناخۆشییەی لەسەر هەڵدەگرین دەڕوات و یا رزگاری دەکەین و بە بەزەیی خۆمان ئەو بەلآو نەهامەتیەی لێ دوور دەخەینەوە هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە وەك ئەوەی هەرگیز داوای رزگاربوونی لە ئێمە نەکردبێت و هانای بۆ نەهێنابین، ئەوجا هەر بەو شێوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە رێگای راست ترازاون و لەسەر بێ باوەڕی و خراپەکاری خۆیان سوورن و کردەوە خراپ و ناشیرینەکانمان لەپێش چاو رازاندونەتەوە تا بە کردەوەی چاك و پەسەندیان بزانن.

(خوای گەورە زۆر میللەتانی ستەمکاری لەناوبرد)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١٣﴾ أي وَلَقَدْ أهْلَكْنَا الأمَمَ الماضيةَ مِنْ قَبْلِكُم (يا أهل مَكّة) حِينَ كفرُوا وأشركُوا وتَمادُوا في الغيّ وَالضَّلالِ وَجاءتهم الرسلُ بالمُعْجزاتِ البَاهرةِ أي وَمَا آمنُوا بِمَا جَاءتهم بِهِ الرَّسل أي أنّهم ظَلَمُوا وَمَا آمنُوا فكان سَبَبُ إهلاكِهِمْ شَيْئانِ ظُلمَهُمْ وعَدَمُ إيمانِهِمْ، واتـە: ئـەی دانیـشتوانی ئـەهلی مەککـە و دەوروپـشتی مەبەسـت (موشـریکەکانی عـەرەبن) کـە زۆر سـتەمکار بـوون پێویـستە بـەخۆتان دابچنەوەو واز لە سەرپێچی و ستەمکاری بێنن و بزانن کـە ئێمـە لـەپێش ئێوەدا زۆر گەل و قەوممان لەناوبرد بەهۆی بێ باوەڕی و بت پەرستی یەوە، پاش ئەوەی کە پێغەمبەرەکانیان چەند موعجیزەیەکیان بۆ هێنان کـە هـەموو بـە بەڵگـەوە بـەو مـوعجیزەو نیـشانەی راسـتەوە لەگـەڵیان هـەناردبوون لەراسـتگۆیی پێغەمبـەرەکانیان، بـەڵام ئـەوان لـەو کەسـانە بـوون کـە واز لـە (کـوفر)و بـت پەرسـتی بێـنن و بکەونـە شـوێن پێغەمبـەرەکانیان کەچـی هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر یـاخی بـوون و سەرکەشیان و باوەڕیان پێ نەکردوون و ئیمانیان نەهێنا بـەو زاتـەی کـە رەوانەی کردوون ، (موفەسیرەکان) ئەفـەرموون هـۆی بـێ بـاوەڕی و بـێ ئیمانی ئەو (کافرانە) دوو شت بوو کە خوای گەورە بە هیلاکـی بـردن ١- زۆر ستەمکار بوون(٢) واتە دووەمیشیان نە (ئیمانیان) بـە خـوای گـەورە ئەهێنا نە پێغەمبەرەکەشیان کە حەزرەتی محمد بوو (ﷺ) جا هـەروەك چـۆن سـزای ئـەوانمان داو فەوتانـدمان و لـەناومان بـردن و ئـەوجا

ئەفـەرمووێ هـەر ئاوهـا لەهـەموو کـات و سـاتێکدا تۆڵـە لـە تاوانبـاران وەرئەگرین، واتە نەکـەن ئێـوەش وەك ئـەوان بـن و رەفتـار بکـەن ئینجـا دڵنیـابن ئێـوەش وەکـو ئـەوانتان لـێ دەکـەین، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ أي ثُـمّ أسْـتخلفناكُمْ في الأرضِ مـن بَعـدِ هـلاكِ الطُّغاةِ المُجرمين الذّينَ تَسْمَعُونَ أخبارهم وتُشاهِدونَ آثارهم لنرى صَنيعكم في هذه الحياة هل تُسلكُونَ سَبيلَهُم الكُفرُ والعدوانَ أم تسلكُونَ سبيل أهـل الخيرِ والإحـسان؟ فالـدُّنيا ميـدانُ إمتحـان، واتـە: پـاش فەوتانـدنی ئـەو (قەومە) و ئەو گەلانـە ئێوەمـان هێنـاو کردمـانن بـە خەلیفـەو جێنـشینی ئـەوان لەسـەر زەویـدا[1]، هـەروەها پێغەمبـەر و ئـایین و قورئانمـان بـۆ رەوانەکردوون، تاکو بزانن بیرو باوەڕو کردەوەتان لەگەڵ ئەو پێغەمبـەرە چۆنەو چیە؟ جا بێگومان خـوای گـەورە باسـی ئـەو گەلـە یاخی بووانـە ئـەکات کـە چـیان بەسـەرهات و ئایـە ئێـوە (ئـەخبار)و بەسـەرهاتیانتان نەبیستووە یا نەتبیستوە چیان بەسەرهات لە ژیانی دنیایان ئایە ئێوەش رێگەی ئەوان ئەگرن لە (کوفر)و دوژمنکاری یـان رێگـەی (ئـەهلی) خێـرو چاکە ئـەگرن؟ جـا بێگومـان بەڕاسـتی دنیـا مەیـدان و ئیمتیحانـە واتـە تاقیکردنەوەیە، هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) ئەفـەرمووێ: (إنّ الـدُّنْيَا حُلْـوَةٌ خَضِرَةٌ ,وَإِنّ اللّهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا، فَيَنْظُـرُ كَيْـفَ تَعْمَلُـونَ؟ فَـاتّقُوا الـدُّنْيَا , وَاتّقُوا النّسَاءَ، فَإِنّ أَوّلَ فِتْنَةِ مـن بَنِـي إِسْـرَائِيلَ، كَانَـتْ فِـي النّـسَاءِ) رواهُ

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەمەش مزگێنیە بۆ ئومەتی ئیسلام کە ئەگەر باوەڕ بێنن شوێن ئایینی پێغەمبەر (ﷺ) بکەون ئەوجا ئەبنە خەلیفەو جێنشینی لەسەر زەوی هەروەها ئەبنە فەرمان رەواو کاربەدەست لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا.

مسلم، واتە: بەڕاستی دونیا سەوزەو شیرینە جا بێگومان خوداش ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا ئەوجا تەماشا دەکات داخوا چی دەکەن؟ جا خۆتان لە دنیا بپارێزن و خۆشتان لە (فیتنەی) ژنان بپارێزن چونکە ئەوەی راستی بێت یەکەمین فیتنەو بەڵای نەوەی ئیسرائیل بەهۆی ژنانەوە بووە.

(سەرۆکانی قوڕەیش ئێجگار یاخی بوون)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَـٰتٍ ۙ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَـٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ ۚ﴾ واتە: هەر کاتێ بخوێندرێتەوە بەسەر ئەو کافرو بت پەرستانە ئایەتەکانی قورئانی ئێمە کە بەڕوونی و ئاشکراکردنی فەرماندان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەکان یانی ئەوانەی کە ئومێدیان بە گەیشتن و بە (لیقاو) دیداری ئێمە نیە جگە لەم قورئانە پەرتوکێکی ترمان بۆ بێنە یان هەر بیگۆڕە بە شتێکی تر[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێ بە پێغەمبەر (ﷺ) ﴿قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآىِٕ نَفْسِىٓ ۖ

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن خوای گەورە باسی بێ دینی و لاساری خوانەناسان دەکات لە (موشریکەکانی) قوڕەیش کە بڕوایان نەدەکرد بە خواو بە پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها دژایەتیان دەکرد ئینجا کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) قورئانی بەسەردا بخوێندبنایە وە کتێب و پەرتووکی خوداو بەڵگەیەکی دیارو ئاشکرا بوون پێتان دەگووت قورئانێکی تری جگە لەم قورئانەمان بۆ بێنە، یانی ئەمە لابەو قورئانێکی ترمان بۆ بێنەو بەشێوەیەکی ترو ئەمە بگۆڕە چونکە ئەم قورئانە رەخنە لە بیرو باوەڕو بتەکانمان دەگرێت و رێگای باوك و باپیرانمان بە خراپە باس دەکات.

﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆش لەوەلامیان دا بلێ من هەرگیز لەخۆمەوە بۆم نیە ئەم (قورئانە) بگۆڕم چونکە بێگومان ئەمە بەرنامەو شەریعەتی خودایەو من شوێنی هیچ شتێکی تر ناکەوم جگە لەوەی کە لەلایەنی خوداوە بە (وەحی) واتە نیگا بۆم دێتە خوارەوە[1]، جا بەڕاستی ئەگەر من لە ئەمڕ و فەرمانی خوای پەروەردگارم لابدەم و نافەرمانی بکەم من بێگومان لە سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە دەترسم کە ڕۆژی قیامەتە.

(ڕاستی ئەم قورئانە کە لەلایەن خواوە دابەزیوە)

جا بێگومان ئەوەی ڕاستی بێت خوای پەروەردگار بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ ئەو کافرو بت پەرستانە دەهێنێتەوە لەسەر ڕاستی ئەو قورئانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هێناون لەلایەن خوای گەورەوە، جا هەروەها پێی ڕائەگەیەنێ و ئەفەرمووێت ﴿قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ ۖ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بلێ بەو بت پەرست و بێ باوەڕانە، ئەگەر خوا ویستبای نەم دەتوانی ئەم

---

(١) جا بێگومان من ناتوانم دەستکاری بکەم یان لە خۆمەوە ئەو قورئانە بگۆڕم چونکە من لەخۆمەوە بۆم نەهێناون و بەڵکو خوای گەورە بۆمنی هەناردووە بۆسەر ئێوە دابەزیوەو هاتۆتە خوارەوە.

قورئانەشتان بۆ بخوێنمەوەو واشم نەدەکرد هیچی لەبارەوە بزانن جا ئایە ئێوە ژیرو عاقڵ نابن؟ بە دڵنیاییەوە پێتان رائەگەیەنم منیش تەمەنێك لەناو ئێوەدا ژیاوم[1]، پێش ئەوەی ئەم قورئانە بێتە خوارەوە ئێوە چاك من دەناسن كە درۆتان لەگەڵ ناکەم و درۆتان لەمن نەدیوەن جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿١٧﴾

﴿ واتە: دەبێ کێ لەو کەسە زاڵم و ستەمکار تربێت لەسەر خوا درۆ هەڵبەستێ یان بەڵگەو نیشانەکانی بەدرۆ هێنابێتەوە؟ یا شتێ بکاتە قورئان و قورئانیش نەبێت؟ یان ئایەتەکانی ئەو بەدرۆ بزانێ[2]، ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە ستەمکارو تاوانبارە و قەت سەرفرازو رزگار نابێ نە لە دنیاو نە لە قیامەتدا .

---

(١) ئەی قورەیشیە بێ باوەڕەکان خۆ ئێوە چاك دەزانن كە من نەخوێندەوارم و نەچومەتە هیچ قوتابخانەیەك و، هیچ مامۆستایەکم نەبووە فێری خوێندنم بکات و خۆ من پێش ئەوەی ئەم قورئانەم بۆ بێت، ماوەیەکی زۆرم لەناو ئێوەدا بەسەر بردووە کە ماوەی (چل ساڵ) بوو ئەوجا لەو ماوە درێژەدا كە لەناوتاندا ژیاوم هیچ قسەیەکی خراپ و هەڵبەستراوتان لەمن بیستووە.

(٢) هەروەها باوەڕی پێ نەکاو بەدرۆیان بخاتەوە، ئینجا کێ لەوە زاڵمترو ستەمکارترو گوناهبارترە، بڕوانە (صفوه التفاسیر)، لە نووسینی (شێخ محمد علی الصابونی)، ج١، لاپەڕە/٥٧٧.

(بت پەرستەکان بەتەمای بتەکانن
کە شەفاعەتیان بۆ بکەن)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ (أي وَيعبدُ المُشركُونَ الأوثـان وهـي جمـادات صَـمَّاء بكمـاء لا تقـدر عَلَـى جَلبِ نَفعٍ أوْ دَفْعِ ضَرٍّ وَيَزْعَمُونَ أنّها تُشْفَع لَهُمْ يَوْم القيامةِ، مَعَ أنّها حِجارةٌ لا تُبصر ولاَ تَسْمَعْ)، واتە: لـەباتی خـوایش چـەند شـتێکی وا دەپـەرسـتن یـانی ئەوانـە لـەجیاتی ئـەوەی خـوا بپەرسـتن (لـەجیاتی خـوای مـەزن بپەرسـتن) کـە دەشـیانزانی خـوا درووسـتی کردوونـە جـا ئـەو بـت و بـت پەرستانە ئەو دەپەرستن کە نە زیانیان پێ دەگەیەنن و نـە مەنفەعـەت و کەڵکیان پێ دەگەیەنن چونکە دارو بەردی تاشـراوو تیـشك و کـەڕو لاڵ و بێ دەنگن کە هیچ توانایەکی سوود گەیاندن، یان زیان گەیاندنی نیە، وە هــەروەها گومــانیش دەبــەن و ئەشــڵێن ئەوانــە ئــەو بــت و هاوبەشــانە شــەفاعەت و تکاکارەکــانی ئێمــەن لــەلای پــەروەردگارمان، وە لەگــەڵ هەندێشدا چەند بت و سەنەم و بەردێکی ووشکن نە ئـەبینن نـە ئەبیـسن، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ۝١٨ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تـۆیش پێیـان بڵـێ ئایـە ئێـوە خـودا ئاگـادار دەکەنەوە لە شتێك کە ئێوە دەیزانن و خودا نایزانێت چ لە ئاسمانەکانـدا

بێت یان لە زەویدا؟ جا بێگومان خوا پاك و خاوێن و بێ خەوشە و بەرزو بڵندەو لەهەر شتێك بێ باوەڕان دەیکەنە شەریك و هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن یان دوورە لەو شتانەی بۆی هەڵدەستن.

(هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە)

عەبدوڵلای کوڕی عەباس (خوایان لێ رازی بێت) ئەڵێ حاڵی هەندێ لە بت پەرستان وابوو بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆر بێ دین و خوانەناس بوون ناوی بردێکیان ئەتاشیێ و زۆر رێزیان لێ ئەناو سوجدەو کڕنوشیان بۆ ئەبردو ئینجا ئەگەر بەردێکی جوانتریان بەدەست بکەوتایە بەردی یەکەمیان فڕێ ئەداو دواتریان ئەکرد بە خوای خۆیان (العیاذ باللە) ئەیان پەرست ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند هەروەکو ئەفەرمووێت ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ ﴾ واتە: ئەو نەزان و نەفامانە (عیبادەت) و خواپەرستی بۆ چەند بت و (صەنەمێك) ئەکەن لەجیاتی ئەوە خودا بپەرستن و بەندایەتی پاکی بۆ بکەن کەچی بەردو دار دەپەرستن و شتێك دەپەرستن کە ناتوانن زیان و قازانجیان پێ بگەیەنن[1].

---

(١) چونکە بێگومان ئەو (بت و صەنەمەی) دەیانپەرست خۆیان لەدارو بەرد دروستیان دەکردو ئەمەش شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە (دارو- بەرد) زۆر لە ئادەمیزاد نزمترەو بێ رێزترە.

(چەند سەرنجێکی گرنگ)

١- له پەرتووکی (ماذا خَسِر العالم بانحطاط المُسلمین)[1]، ئەڵێ بت پەرستی لەسەدەی شەشەما گەیشتبووە ئەوپەڕی زۆری بێ حیساب چونکە ژمارەی بتەکان لە (٣٣٠) ملیۆن پتر بوون چونکە بێگومان مێژونووسان ئەڵێن هەر شتێکی جوان و دڵڕفێن و هەر دیمەنێکی شیرین بوایە دەکرا بە خواو دەپەرستراو کڕنوشی بۆ دەبردرا (العیاذ باللە) جا بێگومان لە روی ئاینیەوە زۆر پەرێشان بوون و هەروەها بت پەرستی باو بوو لەناویاندا چونکە لە رووی کۆمەلایەتیەوە تووشی چەندەها نەخۆشی جۆرەجۆر بووبوون و هەموو خراپەیەکی نەفامی و جاهلیەت پێیانا بلاوەی کردبوو چەندەها رەوشت و خووی ناشرین و بێ ئابڕوو رووی تێ کردبوون ئی واهەبوو بتەکەی لەگەڵ خۆی دەنواندو بێ بت خەوی لێ نەدەکەوت و ئەگەر بتی لەلا نەبوایە ئارامی نەبوو.

٢- جا بێگومان بتپەرستی لەناو عەرەبەکانا لەدەمی نەفامی (الجاهلیە) دا هەموو کون و قوژبنێکی ولاتەکەیانی داگیرکردبوو بە ڕادەیەك کە هەموو تیرەو ناوچەو شارو دێهاتێك بتی تایبەتی خۆیان هەبوو دەیان پەرست بگرە، وای لێهات هەموو ماڵێ بت و سەنەمێکی تێدابوو هەندێ لە زانایانی (تەفسیر) ئەڵێن هەموو ماڵێکی مەککە (بت و صەنەمی) خۆی هەبوو دەیپەرست، ئەگەر یەکێکیان بڕۆیشتنایە بەلایەکا ئەوە دەستی پیادا دەهێناو کە دەهاتەوە هەم دەستی پیادا دەهێنا بۆ

---

(١) بڕوانە پەرتووکی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین) لە نووسینی بەڕێز (أبی الحسین علی الحسنی الندوی)، لاپەڕە/٣٦-٣٧.

پیرۆزی.

٣- بت پەرستی و هاوەڵ و شەریك دانان بۆخوای مەزن و پەروەردگار ئایینی تەواوی عەرەبەکان بوو، هەروەکو خوای گەورە لە سورەتی (الزمر) دا لە ئایەتی/ ٣ دا ئەفەرمووێ ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ﴾[1]، واتە: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئەو بتانە دەپەرستین کە لە خوامان نزیك بکەنەوەو تکامان بۆ بکەن لای خودا، بەڵام ئەگەر بەو بێ باوەڕو (موشریکانە) بگوترایە ئەرێ کێ ئێوەی دروستکردووە؟ ئەرێ کێ ئاسمانەکان و زەوی بەدی هێناوەو دروست کردووە لەوەڵامدا دەڵێن هەر خوداو (الله) یەو کەسی تر نیە ئەوجا پێیان ئەگوترا ئەدی بۆچی خوا بەتاك و تەنیا ناپەرستن .. جا خۆیان کڕ ئەکردو بێ دەنگ ئەبوون.

(پاشکۆ)

بەڵام لەم دواییەدا بتپەرستی کەوتە لەرزەو لاوازبوون بەتەواوی ، هەروەکو ئەگێڕنەوە هەندێ لە بت پەرستەکان لەم دواییەدا کەوتنە (شك) و گومانەوە هەروەها تووشی دوودڵیەکی زۆرهاتن لە بتپەرستان و بیروباوەڕیان پێ نەماو هەروەها دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی ئاینێکی راستەقینەو چونکە کاتێ کە قورەیش لە جەژنی (عزی) دا لە هەرێمی (نخلە) دا کۆبوونەوەیەکیان دەکرد (زەیدی کوڕی عەمرو) عوسمانی

---

(١) ﴿زُلْفَىٰٓ﴾: أي تقريباً قَالَ المفسِّرون (أما المُشْرِكونَ الذّين) عَبدُوا من دون اللهِ أوثاناً وأحجاراً فَيَقُولُونَ ما نعبدهم إلاّ ليقربونا من اللهِ قربى ليشفعو لَنا عند الله.

کوڕی حوەیرس) و عبدوڵڵای کوڕی جەحش و وەرەقەی کوڕی نەوفەلیان لێ جیابوونەوە و وازیان لە بتپەرستی هێناو ڕایان وابوو بتپەرستی و سەرلێشێواوی و گومڕاییەو پێویستە ئاینێکی تر بدۆزنەوە کە شایستەی ئادەمیزاد بێ هەروەها (زەیدی کوڕی عەمر) گەڕایەوە سەر ئاینەکەی حەزرەتی ئیبراهیم و دەمی بەردرابوو لەهەموو بت پەرستی و صەنەم پەرستیدا[1].

(لەوەپێش هەموو خەڵکی یەك تیرە بوون لەپاشان لەیەك جیابوونەوە)[2]

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَٱخۡتَلَفُواْۚ ﴾ (أي ماكانَ النّاس إلاّ عَلَى دينٍ واحدٍ هو الإسلامُ– من عَهْدِ آدَمَ إلى نوحٍ (عليه السلام) فاخْتَلَفُوا في دينهم وَتَفَرَّقُوا شِيعاً وَأحْزاباً فَبَعَثَ اللهُ الرُّسُلَ مُبَشّرينَ وَمُنْذِرينَ)، واتە: ئەوەی ڕاستی بێت لەسەرەتای ژیانەوە خەڵك هەموویەك تیرەو یەك ئومەت بوون یەك

---

(١) بڕوانە ئەم سەرچاوانە ١– سیرەتی ابن هیشام، بەرگی/١، لاپەڕە/٢٢٢. ٢– حیاه محمد (ﷺ) لە نووسینی محمد حسین هیكل، لاپەڕە/١٢٥، ٣– بڕوانە پەرتوكی (نظرة النعيم، في مكارم أخلاق الرسول الكريم (ﷺ) لە نووسینی بەڕێزان (صالح بن عبدالله بن حميد) و(عبدالرحمن بن محمد بن عبدالرحمن)، بەرگی یەكەم، لاپەڕە/٢٢٩، هەروەكو لە پێشەوەش باسمان كردووە.

(٢) واتە: لەپێشا خەڵك یەك بیرو باوەڕ بوون هەمووی موسڵمان بوون بە فەرمانی خوا بەڕێوە دەچوون.

ئاینیان هەبوو[1]، ئایینی یەکخوا پەرستی و ئایینی ئیسلام بوو دوایی ناکۆکی کەوتە نێوانیان.

(درێژەی وتەکان)

جا بێگومان زۆربەی (موفەسیرەکان) لە ئیبن و عەباسیان وەرگرتووە ئەفەرموون و ئەڵێن لە نێوان حەزرەتی ئادەم و پێغەمبەر و حەزرەتی نووح پێغەمبەر (سەلامی خوایان لێبێت) دە سەدە بوو خەڵکیش هەموو لەسەر دین و ئایینی خوای تاك و تەنیا بوون ئەوجا لە پاشان ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە، هەق و ناهەقیان تێکەڵ کردووە، دەستیان دایە بت پەرستی و ئینجا خوای گەورە پێغەمبەرانی یەك لەدوای یەك بۆ ناردن بە موژدەدەرو بە ترسێنەر، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٩﴾﴾ أي وَلَولاَ قَضاءُ اللهِ بتأخيرِ الجزاء إلى يوم القيامَةِ لَجُعِل عِقابَهُمْ في الدُّنيا باختلافهم في الدّين، واتە: ئەگەر ویست و ئیرادەی خوا وانەبوایە کە سزایان نەدات و لەناویان نەبات بەڵکو مۆڵەتیان پێ بدات تا دوارۆژ ئەوە لەبەر یاخی بوون و لادانیان لە ئایینی ئیسلام ئەوە خودا هەر لە دنیادا سزای سەختی دەدان و بنبڕی دەکردن وە دەیفەوتاندن وە ئەگەر فەرمانی خوا نەبوایە کە سزایان دوادەخات تاکو رۆژی قیامەت بەهۆی تاوان و کردەوەی خراپیان وە بەهۆی رێکنەکەوتن و شەڕو شۆڕیان خوا هەمووی لەناو دەبردن میللەتانی پێش

---

(١) ئەوکاتەی کە کەم بوون بەڵام کە زۆر بوون ئەوجا جیاوازی تەفرەقە کەوتە بەینیانەوەو بوونەتە چەند تاقم و دەستە و کوتلە کوتلە.

پێغەمبەر (ﷺ) بەهۆی کردەوەی خراپیان خوا هەمووی لەناوبردن بەڵام میللەتی زەمان و کاتی پێغەمبەر (ﷺ) دوایی پێغەمبەر (ﷺ) خوای خاوەن دەسەڵات دوای خستوونە تاکو ڕۆژی قیامەت جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ فَقُلْ إِنَّمَا ٱلْغَيْبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ (أي ويقول الكفرة المعاندُونَ لرسالة مُحمد (ﷺ) هَلاَّ أنزل الله على محمدٍ آيةً مُعجزةً؟ كما أعطي الرُّسُل قبلهُ كالناقة وَالعَصا، واليد؟، قُلْ لَهُم إنَّ أمْرَ الغَيْبِ لله وحدهُ ولا يأتي بالآيات والمعجزاتِ إلا ربُّ العالمينَ)، واتە: ئەو بێ باوەڕانە ئەڵێن بۆچی لەلایەن خواوە (موعجیزەیەك) بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نانێردرێتە خوارەوە[1]، وەکو حوشترەکەی ساڵح پێغەمبەر یان دار عەساکەی مووساو یان جەستی سپی و بەیزا و ئینجا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆش پێیان بڵێ ئەوەی راستی بێت (موعجیزە) کارێکی غەیبی خودایەو ئەو خوای تاك و تەنیایە، ئەوجا ئەفەرمووێ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ (غەیب) و نهێنیەکان هەر خودا ئەیزانێت و جا بێگومان هاتنی موعجیزەو نەهاتنی بەدەستی پەروەردگارە و هەر خۆیەتی کەوابوو چاوەڕێ بکەن منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ ئەکەم تابزانین چی ڕووئەدات جا بێگومان من تەنها نێردراوێکی خودام و بەم قورئانە کە گەورەترین (موعجیزەیە) جا هەروەها من بڕیارو فەرمانەکانی خوداتان پێ رادەگەیەنم.

---

(١) هەتا ناچار ببین بەهۆی موعجیزەوە تا ئیمان و باوەڕی پێ بێنن.

(ئەو بێ باوەڕو دووڕووانە هەرکە کەوتنە خۆشیەوە دەست بە خیانەت و کزی دەکەن)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً مِّنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِىٓ ءَايَاتِنَا ﴾ (أي وإذا أذقنا هؤلاء المُشركينَ رُخاءً بَعْدَ شِدَةٍ وَخَصباً بَعْد قَحْطٍ إذا هُمْ يُقابِلُونَ النعمة بالكفران ويهزءُونَ بآياتِ الرّحمنِ)، واتە: ئەگـەر خۆشـی و هـەرزانیمان بـۆ ئـەم خەڵکـە نـاردو جـا کەوتنە ئەو خۆشیە پاش ئەوەی کە لە ناخۆشی و لـە گرانـی و ناخۆشـی دابـوون و زۆر تـەنگاو بوبـوون کەچـی خێـرا دەبینـی بەرامبـەر نیشانەو ئایەتەکانمان و نـازو نیعمەتـەکانمان کـزی و فرِوفێـڵ و مـەکر دەکـەن وە قەشمەری بە ئایەتەکانی خـوا دەکـەن[1]، جـا خـوای گـەورە فـەرمان بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـات و ئەفـەرمووێ ﴿ قُلِ ٱللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا ۚ إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵـێ بـەو بـێ بڕواو پیلان گێڕانە خـوا لـەوان بەپەلـە تـرە وە نەخـشە بـۆ لـەناوبردنیان

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن بۆ نموونە کە بارانیان بۆ دەباری دەڵێن ئەو بارانە بەهۆی بای دەریاو ئەستێرەکانەوە باری و یان دەڵێن کە ئێمە لە شەڕەکان سەردەکەوین بەهۆی ڕێکخستن و مەردایەتی خۆمان و خواکانمان ڕزگارمان ئەبێ، یان ئێمە پاش هەژاری کە دەوڵەمەند ئەبین بەهەوڵ و هێزو کاسبی خۆمانەوەیە دەوڵەمەند بووین جا لە هیچ حاڵەتێکدا خوایان لەبیر نیە و لەخوای نازانن و کە پەروەردگار بارانی بۆ ناردوونە و نازو نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشتوون.

دادەنێت ماوەیەك مۆڵەتیان ئەداو لەپاشان کتوپڕ ئەیانگرێت و لەناویان ئەبات جا ئەوەی راستی بێت هەر فرت و فێڵێکی ئەو بێ باوەڕو دووڕووانە ئەنجامی ئەدەن و ئەیکەن فریشتەکانمان دەینووسن و تۆماری ئەکەن هەر گوناح و تاوانێك بێت.

(هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە)

رُوي أنّ الله سَلّطَ على كفّار قريش القَحط والجدبَ سَبْع سِنينَ حتّى كادوا أن يهلكُوا بسبب تَكْذيبهم لرسولِ الله (ﷺ) فَطَالَبُوا مِن رَسُول الله (ﷺ) أن يَدعو الله لَهم لرفع الكرب والبلاء بإنزال المَطرِ وَخَرَج الثّمر فَلّما أزال الله عنهم البلاءَ عادوا إلى الكفرِ والعِنادِ فَذَلِكَ قوله تعالى ﴿إِذَا لَهُم مَّكۡرٌ فِيٓ ءَايَاتِنَاۚ﴾ واتە: (ریوایەت) کراوەو ئەگێڕنەوە کە قوڕەیشیەکان واتە دانیشتواتی مەککە تووشی ساڵێکی نەهات و سەخت بوون ئینجا چەند کەسێکیان هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ) پێیان گووت دوعامان بۆ بکە تا خودا ئەم گرانیەو ووشکە ساڵی و ناخۆشیەمان لەسەر لاببات، ئەوجا پێغەمبەریش (ﷺ) لەخودا پاڕایەوە ئینجا بارانێکی زۆر باری و دەشت و چۆڵی ئاوداو گیاو گوڵ شین بوو و دەغڵ و دان و زراعەت و میوەجات هاتە بەرو، ئینجا دانیشتوانی مەککە زۆر دڵخۆش بوون ئینجا لەجیاتی ئەوەی ئیمان و باوەڕ بێنن هەندەی تر خۆیان کافرو بێ باوەڕ کرد و دەستیان بە (عینادی) و قەشمەری کرد ئینجا لەپێناوی ئەو حاڵەدا ئەو ئایەتە دابەزی، جا بێگومان لە پاشان خوای گەورە چاکەو دەسەلاتی خۆی دەرئەبڕێ و بەسەر هەموو بونەوەرانەوە بەجۆرێ

هەندێ لەو چاكانە دەژمێرێ كە بەوانی بەخشیوە، هەروەكو ئەفەرمووێ

﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُسَيِّرُكُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا۟ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (المعنى هو الذّي يحملكُمْ في البرّ على الدّواب وفي البَحْرِ عَلَى السُّفنِ حَتّى إذا كُنْتُم في السّفينة في خَضَمّ البحرِ ولُجتّهُ وَسَارت السفينة بالريح اللّينةِ الطريقة وَفرح الرُّكّاب بتلك الرّيح الطيّبةِ جَاءتْهَا فَجأة عواصفُ شديد مُدمرة وَأحاطت بهم أمواج البحار من كل جانبٍ وأيقنوا بِالهلاك أخلصُوا الدّعاء لله وَنَسوا الأوثان وَالأصنام وَأسْتَعانُوا بالوَاحِدِ الأحدِ إنّه إذا نجّاهم مِنْ هذه الشّدائدِ وَالأهوالِ فسوف يعبدونهُ وَيُخلصُون له الطّاعة وَالعبادة)، واتە: هەر ئەو زاتەیە كە ئێوە لە وشكایی و لە دەریادا هاتوچۆتان پێ دەكات، چ بە پیادە بێت یان بە سواری بۆ بەدەست هێنانی رزق و رۆزی یان گەشت و سەفەردا، خۆی ئەتان سوڕێنێتەوەو ئەتان پارێزێ تا ئەو كاتەی كە لەناو كەشتیا ئەبن و ئینجا بایەكی فێنكی خۆش و سازگار و خۆشی هەڵكرد كە كەشتیەكەی بەباشی پێ دەڕوات و شەپۆلی نابێت و كەشتیەكە بەلەسەرخۆیی ئەڕواتو بەباشی دەڕوات جا بەو بایە پاكەو بۆنخۆشە خەڵكەكەی نان كەشتیەكە دڵخۆش ئەبن و لە خۆشیان بێ ئاگا دەبن بەڵام كاتێك كە كتوپڕ باو گێژەلووكەو رەشەباو زریانێكی بەهێز هەڵدەكات جا لەهەموو لایەكەوە بۆیان دێت و كەشتیەكە وا بەرزو نزم

دەبێتەوە ئێستا نا ئێستا نقوم دەبێ ئینجا لەو کاتەدا باوەڕ بەخوای مەزن دێنن چونکە دەزانن ئەفەوتێن و بەهیلاك ئەچن و نزیکە نقوم ببن و بخنکێن و لەناو بچن جا لەوکاتەدا هاواری خوای پەروەردگاری مەزن ئەکەن و لێی ئەپاڕێنەوەو بیرو باوەڕی بتپەرستی لەناو دڵیان نامێنێ، جا بێگومان ئەوکاتە بۆیان روون ئەبێتەوە و تێدەگەن کە لە خوا بەولاوە هیچ شتێك بەکەڵکیان نایەت لە غەیری خودای تاك و تەنیاوە، جا بێگومان ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە ئەڵێن سوێند بێت ئەگەر لەو بەلاو نەگبەتیە رزگارمان بکەیت ئەوجا دواتر تەنها بەندایەتی تۆ دەکەین و لەریزی ئەو کەسانەدا دەبین کە سوپاسگوزاری تۆ دەکەین و شوکرانەی تۆ دەکەن جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُم ۖ مَّتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ واتە: کاتێك کە خوای گەورە بەهانایانەوە دەچێت و فریایان دەکەوێت و رزگاریان دەکات ئەوجا بەناحەق دەست دەکەنەوە بە تاوان و گوناهو خراپەو ستەم لەسەر زەوی خوداو ئەویش پێیان دەفەرمووێت ئەی خەڵکینە بەڕاستی خراپەکارەکانتان بۆخۆتانە و ئەگەڕێتەوە سەرتان و چونکە گوناهو تاوان و زوڵم و ستەمتان لەسەر خۆتان دەکەوێت چونکە لە دنیا یان لە رۆژی دواییدا سزای خراپەکانتان وەردەگرنەوە، چونکە بێگومان هەمووی تۆمارە لامان و ئەوجا پەشیمان دەبنەوە، بەبێ ئەوەی پەشیمانی هیچ سودێکی هەبێت، جا ئەوەی

راستی بێت ئەم کردەوانەتان ئارەزوو بازی و رابواردنێکی دنیایە پاشان ئێوە دەگەڕێنەوە بۆلای ئێمە، ئەو کاتە هەموو کارو کردەوەکانتان دەخەینە بەرچاو ئەوەشتان پێ رادەگەیەنین کە دەتان کرد.

(ئاگاداربن خۆشی و ژیانی دنیا لەسەر ڕێگای خوا نەتان ترازێنێ)

ئینجا بێ نرخی و کەم و کورِی ژیانی دنیامان نیشان ئەدات و باس دەکات و کە ژیانی دنیا زوو کۆتایی دێت و لەناکاو (فەنا) ئەبێ و دەڕوات و تێئەپەڕێ هەروەکو ئەفەرموێت ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ﴾ أي إنّما مَثَلُ هذه الحياةِ الدُّنيا التي يَغْتَرّ بها النّاسِ كمثل مَطرٍ نزل مِنَ السّماء فنبت به أنواع من الأزهار وَالنّباتات[1]، وَأختلطَ نباتُ الأرض بعضهُ ببَعضٍ بالوانٍ وأشكال شتَى ممّا يأكلُهُ النّاس من أنواع الحبوب وَالبقولِ والفواكه والثِمّار وممّا تأكله البهائم من الكلأ وَالْمَرعى وَالتبن والشّعيرِ، واتە: بەڕاستی نموونەی ژیانی ئەم دنیایە وەکو بارانێك وایە کە لە ئاسمانەوە باراندبێتمان ئینجا بەو بارانە گیاو گوڵ و دەغڵ و دان و دانەوێڵەو سەوزایی پێدەگاو میوە دێتەبەر، یان دێتە بەرهەم لەوەی کە

---

(١) وێنەی ئەو دوو ژیانە وەك ئاوێ وایە کە ئێمە ناردومانەتە خوارەوە لە ئاسمان، دوایی گیاو رووەکی زەوی دێت بەیەکاو هەندێکیان تێکەڵاوی هەندێ تریان ئەبن لەبەر (زۆریان) لەهەموو جۆرە گیایەکی قەشەنگ سەوز ئەبێ.

خـەڵکی و مـاڵاتیش دەیخۆن لـە گژو گیـاو کـاو جۆ، جـا خـوای گـەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ واتە: ئەو رووەك و سەوزەو میوەجاتە زۆر بەچاکی و بە جوانی پـێ دەگـات گیـاو گـوڵ و گـوڵ و گـوڵزار سـەوز دەبێـت ئـەو زەویە زۆر جوان خۆی دەنوێنێ و دەڕازێنێتـەوە، ئـەوکات خـەڵك زۆریـان دڵ پێخـۆش دەبـێ و ئومێـدەوارن کـە لـەو میـوەو دانەوێڵەیـە بخـۆن و هـەڵبگرن، ئینجـا خـاوەنی ئـەو زەوی و زارانـە وادەزانـن هـەموو جـۆرە بەروبومێکیان دەست دەکەوێت و رەزو باغ و بەغەکەیان پڕ بـەرە ئـەوجا لەو کاتەدا کتوپڕ بە فەرمانی ئێمە بەشەو یان بـە ڕۆژ ئافاتێـك ڕووی تـێ بکات و بیکاتە زەویەکی وشکی دروێنەکراو بەوێنەی گڕەبا یان برووسـکە لێـدەدات و دەیـسوتێنێ، جـا وای لێدەکـەن دەڵێیـت دروێنـەکراوە، وا دەزانـێ دوێنـێ نـەبووە، جـا بێگومـان خـوای گـەورە ئەفـەرمووێ بـەو شـێوەیە چـۆنیەتی ژیـانی دونیـاو (مـەغروری) ئـادەمیزاد بـەو ژیانـەوە هــەڵفرێودراوە، جـا بـەم شـێوەیە بەڵگـەو نیـشانەکانی خۆمـان روون دەکەینەوە بۆ گەل و نەتەوەیەك کە (عیبرەت) ئەگرن و بیرئەکەنەوە.

جا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٢٥﴾ ﴾ (أي واللهُ يَدْعُوا إلى الجَنّـةِ دار السلام

التّي يسلم فيها الإنسانُ من كلِّ مكروهٍ وآفـةٍ ويهـدي مـن يـشاء هدايتـه إلى سلوك طَريقها المُسْتقيم وطريقُها هو الإسلامُ ديـنُ خـاتم المُرسـلين)، واتـه: بێگومان خـودا بەنـدەكانی خـۆی بـۆ بەهەشـتی خـۆی بـانگ دەكـات بـە باوەڕو ئیمان هێنان و چاكە كردن و خۆ پاراستن لـە خراپـە چـونكە هـەر كەسێك كـە خـودا بیـەوێت (هیدایـەتی) دەدات بـۆ سـەر ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام و ڕێگـای ڕاسـت و درووسـتە كـە بریتیـە لـە ئـایینی كۆتـایی پێغەمبەران كە ئەویش حەزرەتی موحەمەد موستەفای نازدارە (سەلأت و سـەلامی خـوای لێبێـت) هەنـدێ لـە (موفەسـیرەكان) ئـەڵێن بەبەهەشـت ئەگوترێ (دار السلام) چونكە خۆشی لە بەهەشتدا قەت ناڕوات و مـاوەی هێمنی و ڕەزامەندی و میهرەبانی بەسەر ناچێ و تووشی ناخۆشی نایـەت ئەوجا هەر كەسێ خوای پەروەردگار بیەوێ ڕێگەی ڕاستی پێ ئەبەخشێ و شـارەزای ئـەكات و یارمـەتی ئـەدات ببێتـە موسـڵمانێكی تـەواو كـە شایستەی ئەو بەهەشتە بێ، جا بێگومـان پاداشـتی زیادەو لـە هـەموو پاداشـتێكی باشـترو زیـاتر بەهرەمەنـد بوونـە بـەدیتنی خـوای مـەزن هەروەكو قورئان ئەفەرمووێ ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۖ وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلَا ذِلَّةٌ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٦﴾﴾ أي للْمؤمنينَ أهل الإيمانِ والإحسان (الْحُسنى) أي الجنّـة وزيـادة وهـي التمّتـع بالنّظر إلى وَجْه اللهِ الكريم، واتە: بۆ ئەوانەش چاكە دەكەن یـان چـاكەیان كردووە لـە دنیـادا جـا بێگومـان پاداشـتی چـاكەیان بەهەشـتەو وە زیـاد لەوەش واتە دیتنـی ڕووی پـیرۆزی خـوای پـەروەردگارو تەماشـاكردنی و

شادبوون بە لیقای زاتی خوای تەبارەك و تەعالا وەکو چۆن یەکێ لە ئێوە مانگی چواردە ئەبینێ کاتی دەرکەوتن خوای گەورە بە قسمەتمان بکات وە هەروەها هیچ شتێك لە تەپ و تۆزی رەش دەم و چاویان داناپۆشێ لەکاتێکا لەدەم و چاوی دۆزەخیەکانا دەنیشێ و رەش بووە.

(ئاگادارییەکی گرنگ)

پێغەمبەری خۆشەویستمان لەم فەرموودەیە ئەفەرمووێ: إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ ، قَالَ : يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : تُرِيدُونَ شَيْئًا أَزِيدُكُمْ ؟ فَيَقُولُونَ : أَلَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنَا ، أَلَمْ تُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ ، وَتُنَجِّنَا مِنَ النَّارِ ؟ قَالَ : فَيَكْشِفُ الْحِجَابَ ، فَمَا أُعْطُوا شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنَ النَّظَرِ إِلَى رَبِّهِمْ عَزَّ وَجَلَّ " ، حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ ، حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ هَارُونَ ، عَنْ حَمَّادِ بْنِ سَلَمَةَ بِهَذَا الإِسْنَادِ ، وَزَادَ ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الآيَةَ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ سورة يونس آية ٢٦ [(١)]، واتە: هەر کاتێ خەڵکی بەهەشت چونە ناو بەهەشتەوە هەروەها دۆزەخیش چوونە ناو دۆزەخەوە ئینجا بانگ کەرێك بانگ ئەکات ئەی بەهەشتیەکان خوای گەورە وەعدێکی پێداون دەیەوێ بۆتانی بێنێتەدی، ئەوجا بەهەشتیەکان دەڵێن ئەو وەعدەیە چیە؟ چ ماوە بمان درێتێ؟ ئەدی ئەوە نیە تەرازوی خێرو چاکەمان قورس کراوە هەروەها روومان سپێ بووەو خراینە ناو بەهەشتەوە و رزگارت نەکردوین لە ئاگری دۆزەخدا...؟ واتە: چیمان دەوێ لەوە زیاتر؟ ئەفەرمووێ پەردە لادەدرێ هەموویان دەڕواننە خوای

(١) رواه أحمد ومسلم والترمذي عن (صهيب الرومي رضي الله عنه).

پەروەردگار جا سوێند بە خودا هیچ شتێکی بەهەشتیان بە ئەندازەی ئەو ڕوانینە و سەیر کردنە لەلایەن خۆشتر نیەو وە لە (ڕیوایەتێکی) تردا هاتووە کە لەپاش ئەم فەرموودەیە ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ﴾ واتە: ئەوانەی کە چاکەیان کردووە چاکتریان پێ ئەدرێت ئەویش کە بەهەشتی پان و بەرینە زیاتریش، جا خوای مەزن سەبارەت بە خراپەکاران و سزاکانیاندا ئەفەرموێت ﴿وَٱلَّذِينَ كَسَبُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةٍۭ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ۖ مَّا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۖ كَأَنَّمَآ أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مُظْلِمًا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢٧﴾﴾ واتە: ئەوانەش کە لە ژیانی دنیادا گوناهو تاوان و خراپەیان کردووەو ئەنجامداوە ئەوە سزایان بەپێی کردەوەو خراپەکانی خۆیانە، هەروەها لەسەرشۆڕی و زەلیلی و ڕووڕەشی و تاریکی بە ڕوخساریانەوە دیاردەبێت و چاوشۆڕیان بەسەردادێ و هیچ شتێك و هیچ کەسێك لە سزای خوا نایانپارێزێ و نایانشارێتەوەو بەهانایان نایەت تەنها کردەوەی باشی کەسەکە خۆی نەبێت لەو ڕۆژەدا دەڵێت پارچەیەك لە شەوێکی تاریکی ڕەش سەروچاوی ئەوانەی داگرتووەو هیچ ڕوناکایی لە شێوەو ڕوخساریان دا نامێنێ چونکە ئەوانە دەبنە یارو هاوڕێی ئاگری دۆزەخ بەهەتا هەتاییش تێیدا دەمێننەوە، جا هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ

﴿ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَآؤُكُمْ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ واتە: هیچ گومانی تێدا نیە کە ڕۆژی قیامەت داهات لەو ڕۆژە هەموو خەڵك بۆ لێپرسینەوە کۆ دەکرێنەوە وە ئەوانەی کە (شەریك) و هاوبەشیان بۆ خودا پەیدا کردووەو کردوویانە بە خوا[1]، (العیاذ بالله) ئەوجا لە پاشان پێیان دەڵێت لە جێی خۆتان ڕاوەستن و نەجولێن ئەوجا شێوازێکی پەیوەندی لە نێوانیاندا بەرپا دەکەن ئەو (بت و صەنەمانە) و ئەو شتانەی کە لە دنیادا بیستویانە بەفەرمانی ئێمە دینە گفتوگۆو قسە بەخەڵکە (موشریکەکە) دەڵێن و ئێوە درۆ ئەکەن و ئێوە ڕاست ناکەن کە ئێوە ئێمەتان پەرستوە بەڵکو بە هەواو ئارەزووی خۆتانتان دەپەرست جا بێگومان ئەو پرەستراوانە ئەگەر ئادامیزاد بن ئەوە خۆیان قسە دەکەن و وا دەڵێن خۆ ئەگەر گیاندار نەبن ئەوە خودا دەیانهێنێتە قسەو گفتوگۆ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَـٰفِلِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ أي حَسْبنا الله شَاهِداً عَلَى ما نقول فَقَدْ كنّا عَنْ عِبادَتِكُمْ لَنَا غافِلِينَ لاَ نَسمَعُ ولاَ نُبْصِر وَلا نَعْقِل لأنّا كُنّا جماداً لاَ رُوحَ فِينَا[2]، واتە: ئەوانەی کە

---

(١) جا بێگومان (هەیە دارو بەرد) ئەپەرستێ و هەیەش (شەیتان) ئەپەرستێ و هەیە ڕۆژو مانگ و ئەستێرە ئەپەرستێ هەیە ئاگر ئەپەرستێ و هەیە یەکێکی وەك خۆی پەرستووە..هتد.

(٢) قالَ مجاهد يُنطق الله الأوثان فتقول ماكنا نشعر بأنكم إيانا تعبدونَ وَما أمرناكُمْ بِعبَادَتِنا، بڕوانە تەفسیری پێشەوا قرطبي، بەرگی/٨، لاپەڕە/٣٣٢.

بەوێنەی خودا دانراون و دەڵێن خودا شایەت و ئاگادارە لە نێوانماندا کە لە راستیدا ئێمە ئاگامان لە پەرستن و عیبادەت و ماندوو ئێوە نەبووەو نەمانزانیوە کە دەمانپەرستن جا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون خوای گەورە (ئەو بت و صەنەمانە) بە جواب دێنێ و ئەڵێن ئێمە عیبادەتکردنتان بۆ ئێمە هەر بێ ئاگاو غافڵ بووین چونکە نەدەمانبیست نە دەمانبینی و نە هەستمان پێ دەکرد چونکە ئێمە بێ روح و بێ گیان بووین هەروەها بەردو دارێکی تاشراو و رێکخراو بووین جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُنَالِكَ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ ۚ وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٣٠﴾﴾ واتە: لەو جێگەو گۆرەپانەدا هەموو کەس دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها بەرپرسە لەو کردەوانەی کە جاران لە دنیادا کردوویەتی و ئەنجامیداوە، هەموانیش دەگەرێنەوە بۆلای خوای گەورە کە پەروەردگاری هەق و راستەقینەیانە، ئەوانیش کە هاوەڵدانەرانن وایان دەزانی لەو رۆژە دادێن بە هانایانەوەو شەفاعەتیان بۆ دەکەن هەموویان لێیان وون و بزر بوون بت پەرستەکانیش بەرەنجەرۆیی دەمێننەوە.

(بێ باوەڕەکان دان بەتاك و تەنیایی خودا دەنێن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (أي قُلْ لِلمُشْرِكِينَ الذّينَ عَبَدُوا الأحجارَ وَأَسْتَنْكَفُوا عَن عِبادة الواحد القهار، من يُنَزّل لَكم الأمطار وَيخرج لكم الزرّع وَالثّمار؟ ومن منحكم الحواسُ من السّمع وَالبصر التّي تَسمَعونَ وتبصرُونَ بِهَا؟ وَمَنْ يخرج الطّيرَ من البَيضة والإنسانَ من النطفة والسُّنبلة من الحبّة وَالنَّخْلَةَ مِن النّواة؟ ومن يُدبّرُ شؤون العبادِ وَأمر الخلائق على غاية الإتقان وَالإبْدَاع؟ أي ومن يُدبر أمر الخلائق وَيصرف شؤون الكائنات هل آلهتكم تَفْعل ذَلكَ؟ أم رَبُّ العِزّة والجلالِ؟ فَسَيَقرونَ ويقولونَ اللهُ يَفّعل ذَلكَ كُلُّهمْ)، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو کافرو بت پەرستانە بڵێ[1]، کێ رزق و رۆزی بە ئێوە دەداو دەنێرێ؟ هەروەها لە ئاسمانەوە بەهۆی ئەو بارانەی لە بڵندایی و بەرزاییەوە دەیبارێنێتە خوارێ ئینجا بەهۆی ئەو باران و ئەو ئاودانەوە هەموو چەشنە شینایی و دارو درەختێکی لێ سەوز دەبێت ئینجا هەموو بەروبومێکی لێ پەیدا دەبێت کە دەبێتە مایەی ژیانی خۆتان و ماڵەکانتان یانی خۆتان و ئاژەڵەکانتان لێیان دەخۆن؟ هەروەها لێیان

(١) واتە: ئەی (مەحەمەد) بڵێ بەو کەسانەی کە باوەڕ بە پێغەمبەرێتی ناکەن و بت دەپەرستن یانی دارو بەرد ئەپەرستن و وازیان لە خوای پەروەردگار هێناوە....هتد.

بپرسە کێ بیستن و بینینی پێ بەخشیون[1]، یاخود کێ خاوەنی دەزگاکانی بیستن و بینینە، کە پزیشکان سەرسامن لە وورده‌کاریەکانیان هەروەها کێ شتی زیندوو لە شتی مردوو دێنێتەدەر، وە شتی مردوو لە شتی زیندوو دێنێتە دەر ، وەکو وێنەی رواندنی دارو درەخت و شینایی لە زەویەکی مردوو، وەکو رسکانی دار خورما لە دەنکە خورما دروستکردنی پەلەوەرو گیانلەبەری تر لە هێلکەو دڵۆپە ئاو بە پێچەوانەشەوە، دەنکی مێوەو هێلکەو تۆماو لە درەخت و باڵندەو گیانلەبەرانی تر دەردێنێ، جا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها لێیان بپرسە کێ کاروباری ئەم (کەون و گەردوونە) هەڵدەسوڕێنێت بەتایبەتی کاروباری مەخلوقات یان کێ سەرجەم کاروباری دروستکراوانی لە ئاسمانەکان و زەویدا رێك دەخات، جا بێگومان ئەو بت پەرست و بێ باوەڕانە لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دا دەڵێن هەر هەمووی لەلایەن خوداوەیە، ئەوجا تۆیش ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە ئەم راستیە دەزانن ئەی بۆچی بەتەنها خودای گەورە ناپەرستن و خۆتان لە تۆڵەی ناپارێزن؟ هەروەها ئێوە لە لێپرسینەوەی ئەو زاتە ناترسن؟ بەڵێ (کافرو موشریکەکان) ددان بە (ربوبیەتی) خوای گەورە دادەنێن و دەزانن بەدیهێنەری بوونەوەر بەتێکرا هەر خوایە، وەکو لە ئایەتێك

---

(١) هەرکەسێك سەرنج بدات و لێی وورد بێتەوە سەرسام ئەبێ چونکە بەهەزاران دەماری تێدایە کە بەشێکیان بەستراون بە مێشکەوە، هەروەها چاویش وەکو دوور بینە چونکە دەزگای ئێجگار سەرسوڕهێنەرە هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد.

ئەفـــەرمووێت ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾ جــا خــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ واتە: لە ڕاستیدا هەر ئەو زاتەیە خـوای بە حـەق و پـەروەردگاری ڕەواتـان و ڕاسـت و درووسـتە جـا چـیتر هەیـە لـەدوای ڕاسـتی و دروسـتی مەگـەر تـەنها ڕێ بزرکـەرو گومڕابـوون؟ جـا بێگومان پـاش هـەق و ڕاسـتیەتی کـە هـەر لـە پەرسـتنی خوادایـە چـیتر هەیە؟ جـا ئایـە ئێـوە چـۆن ڕووی لـێ وەردەگێـڕن؟ جـا خـوای گـەورە دەفـــەرموێت: ﴿ كَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓا۟ أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ (أي كَذَلِكَ ثَبَتَ حُكم اللهِ بالـشَّقاءِ والخلـودِ في الجَحـيم على الفُسّاقِ الفُجّار الذّينَ لا يُؤمِنـون بـاللهِ واليـوم الآخـر)، واتـە: بێگومـان ئەوهاو بەو شێوەیە بەیاسای خودا بڕیاری داوە کە ئەوانـەی ڕوو دەکەنـە بـێ (دینـی و فاسـقی) هـەروەها لـە ڕێگـەی ڕاسـتی حـەق لا ئـەدەن جـا بەڕاستی ئەوانە (کافر) دەبن چونکە باوەڕ بـە خـوداو بـە پێغەمبـەرێتی حەزرەتی محمـد (ﷺ) نـاهێنن چـونکە بێگومـان لەسـەریان چەسـپا کـە ئەوانە بڕوایان نیە و ئەهلی دۆزەخن چـونکە خـودا زانیویـەتی کـە ئـەوان ئیمـان و بـاوەڕ نـاهێنن، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: بـە حـەزرەتی پێغەمبەر (ﷺ) ﴿ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ)

بەو بت پەرستانە بلّێ باشە ئایە هیچ کام لەو بتانەی ئێوە دەیپەرستن توانای دروستکردنی شتێك یان خولّقاندنی ئادەمیزادێ یا دروستکردنی هەیە؟ یا توانای مراندن و دواتریش توانای زیندووکردنەوەی هەیە؟ جا بەڕاستی ئەو بێ باوەڕانە لەڕاست ئەو پرسیارانە بێ وەلاّمن؟ واتە بلّێ خوای بەدەسەلاّت لەیەکەم جارەوە شت درووست ئەکات و ئینجا لە پاش مردن و نەمان دیسان دووبارەی ئەکاتەوە و سەرلەنوێ زیندوویان ئەکاتەوە، چونکە خوای مەزن خاوەن هێزو تاقەتە کەوابێت ئێوە چۆن لە ڕێگای حەق و ڕاستی لائەدەن و ئەو (بت و صەنەمە) مردوو و بێ گیان و بێ دەسەلاّتانە دەپەرستن؟ جا ئایە چۆن ئێوە هەلّدەگەڕێنەوەو خۆتان لادەدەن لە پەرستنی ئەو خوایە مەزنە، دیسان خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ ﴿ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِى لِلْحَقِّ ۗ أَفَمَن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ ۖ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ واتە: دووبارە ئەی پێغەمبەر بەو بت پەرستانە بلّێ ئایە هیچ لەو بتانەی ئێوە بەناحەق کە دەیانپەرستن ئایە توانایان هەیە ببنە چاو ساغی ڕێگا حەق و ڕێنموێنی خەلّکی بکەن، تۆیش پێیان بلّێ ئەوە بێگومان خودای مەزن بێ وێنەیە کە ڕێگای حەق و ڕاستی بەهۆی هیدایەتی ئایینەوە نیشان دەدات، ئایە یەکێك ڕێگەی هیدایەت و ڕەوشەن نیشانەی خەلّکی بدات بەرەو ڕاستی و دادوەری شایستە ترە کە پەیڕەوی بکرێت، یان ئەو کەسەی کە ناتوانێت ڕێگەی هیدایەت و ڕەوشەن نیشانی خەلّکی بدات؟ مەگەر ئەو کەسە

بۆخۆی ڕێگەی ڕاستی نیشان بدرێت لەلایەن خواوە، ئەوجا ئیتر نازانم ئێوە چۆن (حوکم) دەدەن و چ (رایەك) دەردەبڕن، یان ئەوە ئێوە چیتانە چۆن دادوەری دەکەن؟ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾ أي وَمَا يَتّبـع هـؤلاء المُشركُون في اعتقـادهم أُلوهيـةِ الأصنام إلاّ إعْتِقاداً مُبيناً عَلَى الظَنّ وَالتَخمينِ هُوَ مجرّد أوهام باطلة وخرافات فاسِدة وَمِثْلُ هذا لا ينفع صاحِبَهُ شيئاً واللهُ عالمٌ بِماهُمْ عليهِ مِن الكُفْرِ والتّكذيبِ وعبادةُ الأهواءِ وَسَيعاقِبُهْم على ذَلِكَ) واتە: زۆرینەی هاوبەش دانەران هەر لە گومان پەیڕەوی دەکەن یانی هیچ دەلیل و بەڵگەیەکی ئەوتۆیان نییە کە ئەوان شتێکیان بەدەست بێ مەگەر تەخمین و خەیاڵ نەبێ، خۆ گومانیش سەبارەت بە هەق و ڕاستی هیچ بەدەست ناهێنێ و عەزاب و سزای خوا لە کۆڵناکاتەوە، جا بێگومان بەڕاستی خوا بەو کارەی (موشریکەکان) کە ئەیکەن بەئاگاو زانایە، هەروەها دوا ڕۆژ (موحاسبەیان) ئەکاو سزایان ئەداو لەسەر ئەمە.

(درێژەی ووتەکان)

واتە بێگومان ئەوەی ڕاستی بێت هەرچی ئەو کافرو بێ باوەڕانە دەیکەن کە ئەو بتانە دەکەنە هاوبەش و شەریك و تکاکار هەر بە مەزەندەو خەیاڵی خۆیانە هیچ بەڵگەو فەرمانێکیان بەچاوی خۆیان هیچ شتێك نابینن کە ئەو بتانە بیکەن یان شوێنەواری کردەوەیان هەبێ، مەزەندەو خەیاڵی ئەو بێ باوەڕانە کە بت و خەڵك دەپەرستن و وا خەیاڵ

دەکەن کە ئەوان بەکەڵکیان دێن و جا ئەوەی راستی بێت کە لە بیرو باوەڕدا گومان کاری پێ ناکرێ بیرو باوەڕێك لەسەر گومان بنیات بنرێ بە بیرو باوەڕ حسێب ناکرێ و بەڵکو پێویستە بیرو باوەڕ لەسەر بناغەی زانست و یەقین بنیات بنرێ.

(خولاسەی کەلام)

ئەوەی ئەو (موشریکانە) شوێنی کەوتوون لەدانانی ئەو(بتو صەنەمانە) بەهاورێی خواو هاووڵ دانانی کە بڕوای خۆیان نزیکیان دەکاتەوە لەپەروەردگار هیچ نییە تەنها گومان نەبێت بەڵکو لەرازاندنەوەی (شەیتانە) بۆیان کە گومڕابن، ئەوگومانەش راستی نییەو نابێتە بەڵگەو سزای خوایان لەسەر کەم ناکاتەوە جا بێگومان خوای گەورە (زانایە) و ئاگاداری ئەوەیە کە ئەو(موشریکانە) دەیکەن لە(کوفر)و بەدرۆخستنەوە، لەرۆژی (قیامەت) خوای مەزن (موحاسەبەیان ئەکات).

(قورئانی پیرۆز فەرمودەی خوایە و هیچ شك و گومانی تێدانیە)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەوەپێش خوای مەزن باسی ئەوەی کرد کە بت پەرستەکان داوایان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد نیشانەو (موعجیزەیەکی) تر جگە لە قورئانیان لە خواوە بۆ بێنێ چونکە بێ باوەڕەکان پێیان وابوو قورئانی پیرۆز (موعجیزە) نیە کە (محمد) بۆخۆی داناوە، ئەوجا خوای گەورە وەڵامی دانەوە کە (محمد) و غەیری (محمد) هەرگیز ناتوانن وێنەی ئەو قورئانە بێنن، چ سورەتێکی کورت چ

ئایەتێك جا بێگومان قورئانی پیرۆز نیگاو (وەحی) خودایە و لە خوداوە بە سروشت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە (موحەمەدێکی) نەخوێندەوار چۆن دەتوانێ لەلایەن خۆیەوە ئەم قورئانە بێنێ و یان وێنەی ئەم قورئانە بێنێ جا بێگومان هیچ (شك) و گومانی تێدانیە کە خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی دایبەزاندووە، بە حەزرەتی (جوبرئەیلی) ئەمین هەروەکو ئەفەرموویێت ﴿وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾﴾ (أي لاَ يَصحُّ وَلاَ يُعْقل ولا يستقيم لدى كُلّ ذي عَقلٍ سَليم أنْ يَزْعَم أحدٌ أن هَذا القرآن مكذوب عَلَى الله لأنّه فوق طاقَة البَشرِ فكيْفَ يكون من وضع مُحمّدٍ؟ وَقَدْ جَاءَ هَذا القُرآنَ مُصَدّقاً لمَا قَبْلَهُ مِنَ الكُتب السَّماوية كالتّوراةِ والإنجيلِ وفيه تَفصيل وَتبينُ للشّرائع والعقائد والأحكام فهو بلا شك كلام ربّ العزّة والجلال، واتە: بەهیچ شێوەیەك نابێ و ناگونجێ ئەم قورئانە هی خوا نەبێ و بەدرۆو (ئیفتیرا) یانی هەڵبەستراوە بێگومان هی خوایەو تەسدیقی تەورات و ئینجلیش دەکات، هەروەها روونکەرەوەی هەموو (کتێبە) ئاسمانیەکانیشە، هیچ شك و گومانی تێدانیە کە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیە کانەوەیە.

(درێژەی واتاکان)

واتە: ئەم قورئانە بەو گەورەییەی بەو دارِشتنەو ئیعجازە جوانەی و بەم هەموو یاساو ئەحکامە بەرزانەی کە تیایەتی هەرگیز ناگونجێت کەسێك لە خۆیەوە دایناببێت هەروەها بەدرۆوە بڵێت ئەمە لەلایەنی

خـوداوە هـاتووە، بـەکورتی قورئـان کـەلامی خوایـەو لـە ووتـەو کـەلامی ئادەمیزاد ناچیّ و جگە لە خوا کەس توانای دانـان و هیّنـانی (کتیّبیّکـی) وەك قورئانی نابیّ چونکە هیچ کەسیّك ناتوانیّ و لەتوانای دانیە کە کاری وا ئـەنجام بـدات، هـەروەکو کافرەکـان و بـیّ باوەڕەکـان ئـەڵێن محمـد هیّناویەتی و دایناوە[1]، هەڵی بەسـتووە نـەخیّر ئـەو قورئانـە لـە توانـای محمد (ﷺ) دانیە وە لە توانای هەموو مرۆڤـی سـەر دوونیـا بـە ئینس و جینـەوە نـاتوانن ویّنـەی ئـەو قورئانـە بیّـنن بەتایبـەتی یـەکیّکی وەك پیّغەمبـەر هـەرنابیّ گومـانی لـیّ بکـریّ کـە ئـەو قورئانـەی هەڵبەسـتبیّ، ئەوەش چەسپاوەو روون و ئاشکرایە کە (ئەبو جەهل) ویّڕای ئـەو هـەموو دژایەتیەی بۆ پیّغەمبەر (ﷺ) ووتی (محمـد) تـا ئیّستا بـەدەم کەسـەوە درۆی نـەکردووە ئـەدی چـۆن بـەدەم خـواوە درۆ هەڵدەبەسـتیّ؟ جـا بیّگومان ئەم قورئانە هاتووە بۆ راست گیّڕان و بـڕوا پیّکردنـی سـروش و نامەکانی تری خوا وەکو (تەورات و ئینجیل و زەبوور) کـە لـەپیّش ئـەودا هاتوون چونکە ئـەو فەرمایـشتانەش دەسـەلمیّنیّت کـە بـۆ پیّغەمبـەرانی پیّشووتر نیّردراوەتە خوارەوە، هەروەها ئەوەی پیّویستە لەلایـەن ئیمـان و (ئەحکام و شەرعەوە) کە مایەی هیدایەتە بۆ ئادەمیزاد هـەمووی روون دەکاتەوە بـۆ ئـەوەی ئـادەمیزاد ژیـانیّکی خـۆش و کامـەران بباتـە سـەر ئەوجا ئەم قورئانە هـیچ شـك و گومـانیّکی تیّدانیـە کـە لەلایـەن خـوداوە هەناردراوەتـە خـوارەوە کـە لەلایـەن خـوداوە هـەناردراوەو نیّردراوەتـە خوارەوە و لەلایەن پەروەردگاری جیهانیەکانەوە نازڵ کـراوەو دابـەزیوە،

---

(١) بنۆرەناميلكەی ئایا قورئان دانراوی محمدە..؟ لەنووسینی مامۆستا محمد ساڵح شارەزووری ،لاپەڕە (٨).

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٣٨) ﴾ (أي هل يَقُول الكُفّارُ إنّ مُحّمداً اختلق هَذا القرآن مِنْ قِبَلِ نَفْسه؟ فَقُلْ لَهُمْ إن كان الأمرُ كما زَعَمْتُمْ فَجيئوا بِسُورةٍ من مثل هَذا القرآن وَاسْتعينُوا بِمَنْ شِئْتم مِنَ الإنسِ والجِنّ إنْ كُنْتم صادقين أنّ مُحمداً إفتراهُ وَنَسَبَهُ إلى الله)، واتە: ئایە ئەڵێن محەمەد (ﷺ) خۆی ئەو قورئانەی هەڵبەستووەو بڵێ دە ئێوەش یەك سورەتی وەك ئەوە بێنن کە لەهەموو رووێکەوە لەو بچێ بێجگ لە خوای مەزن هەرکەسێك ئەتوانن بانگی بکەن و داوای یارمەتی لێ بکەن بۆ ئەو کارە ئەگەر ڕاست ئەکەن.

(ئاگاداریەکی گرنگ):

جابێگومان ئەوەی راستی بێت (قورئان) ناوی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) لەگەڵی جێگادا بە(نەخوێندەوارو)و (امـي) نـاوی بـردووەو هـەروەها قورئـانی پـیرۆز ئەفـەرمووێت ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ ﴾ العنكبوت: ٤٨. واتە: تۆ ئەی پێغەمبەری پێش هاتنی ئەم قورئانە بۆ سەرت نەت ئەزانی هیچ (کتێبێك) بخوێنیتەوە یان بەدەست شت بنووسی ئەگەر وانە بوایە کەواتە خەڵکی ناهەق ئەکەوتنە شكو گومانەوە ئینجا زۆربەی(موفسیرەکان) ئەفەرموون لەتەفسیرەکانیانداو لەگەڵێ جێگادا قورئان باسی پێغەمبەری (ص) کردووە بەنەخوێندەواروو(أمـي)وە، هەروەها ئەفەرمووێ: ئەی پێغەمبەر (ص) تۆ ماوەیەکی زۆر لەناو ئەم گەلە دابووی پێش ئەوەی ئەم(قورئانت) بۆ بێت

کەنەخوێندەواربووی نەتت ئەزانی نووسینی چییەو ؟ هەربەم شێوەش (وەصف) کراوی لەپەرتووکی پێشوەکاندا وەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ ﴾ الأعراف: ١٥٧.

(درێژەی واتاکان)

واتە ئایا ئەو (کافر)و بت پەرستانە دەڵێن محمد (ﷺ) درۆ بەدەم خوداوە دەکات کە دەڵێت ئەم قورئانە لەلایەن خوداوەیە بەڵکو دەم هەڵبەستی خۆیەتی و خۆی دایناوە و دای ڕشتوە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش پێیان بڵێ دەی خۆ ئێوەش (بەشەرێکن) وەکو من دەی ئێوەش سورەتێك لە شێوەی سورەتەکانی قورئان لە رووی (بەلاغەت و فەساعەتەوە) ڕەوانبێژی دا ببینن ئەگەر ڕاست دەکەن وە هەر کەسێکیش جگە لە خوای گەورە بۆتان دەکرێت بانگی بکەن و داوای یارمەتی لێ بکەن، ئەگەر ئێوە لەو بوختانەتاندا ڕاست دەکەن یا ئەڵێن تۆ خۆت هەڵت بەستووە لەسەر خوا ، جا (موفەسیرەکان) ئەفەرمون (نبه تعالى في هذه الآياتِ عَلَى إعجاز القرآن بالحجةِ الدّامغةِ وَالبُرهان النّاصح فإنّ النّبي (ﷺ) رَجُلٌ أُميٌّ بِشهادة جميع قومهِ جاءَهُم بهذا الكتاب المُبين وَتَحدّاهُمْ أنْ يأتوا بِمثل سُورةٍ واحدةٍ مِنْ سُورَه، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِمَا لَمْ يُحِيطُوا۟ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾ واتە: ئەوانەی هەر بڕوا ناکەن یانی قورئان بە درۆ ئەزانن چونکە زانستی و زانیاریان دەربارەی نیە بەمەرجێ ڕۆژێك دێت هەموو

ئـەو راسـتیانەی کـە باسـی دەکـات دەربـارەی دونیـاو قیامـەت هـەمووی دێتەدی، جا بێگومان وەنەبێت ئەم هەڵوێستە تەنها ئـەوان پێـی هەسـتن بەڵکو بێ باوەڕانی پێش ئەمانیش هەر هەمان هەڵوێستیان هـەبوو کـافرو بێ دین بوون وەکو گەلانی پێش خۆیانن کـە پێغەمبـەرەکانیان بـەدرۆزن دەزانی جا لەبەر ئەوە ئێمەش لەناومان بردن و فەوتاندمانن، ئەوجا ئـەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بڕوانەو تەماشا بکـەو بزانـە سـەرئەنجانی زاڵم و ستەمکارانی پێشوو چۆن بـوو حـاڵی ئەوانـەش هـەروا ئـەبێ، جا بێگومان خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِۦۚ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤٠﴾﴾ أي ومـن قومـكَ مَـنْ يؤمن بِهذا القرآن وَيَنْتَفع بما فيهِ من المـواعظ والـذكر الحكيم، ومـنهم مـن يكذب بهِ لفرط جَهلهِ وَسخافة عَقلهِ فيكون مَـصيرهُ الجحيم وَهُـوَ سُـبحانَه أعلم بمن يَسْتَحقُّ الهداية فيهديه وَمَنْ يَـسْتَحقّ الـضَّلالَة فيغويـه وهـو أعلـم بأهل الخيرِ وَالفَسادِ فيجازي كُلاً بِعَمَلِه، واتە: ئەو (کافرانە) یـانی ئـەو بـێ باوەڕانە هی وایان هەیە لە ناو دڵ و دەروونی خۆیـدا بـڕوا دەکـا کـە ئـەو قورئانە فەرموودەو ووتەی خودایە بەڵام لەبـەر (عینـادی) خـۆی بـەدرۆی دەخاتەوەو سەر رەقی ئەنجام ئەدات و بڕوا ناهێنی هـی واشـیانە بـەهیچ جۆرێك بـڕو ناكـاو گومـانی لـەوە هەیـە کـە قورئـان و فـەرموودە ووتـەی خودایە و بەوەحی و نیگا بۆ (محمد) هاتبێ.

(پوختەی ماناکان)

ئـەو خەڵکـە دوو (دەسـتەن) هەیانـە بـاوەڕ بـەو (قورئانـە) دەکـات و موسڵمان دەبێت و سەرفرازی هەردوو جیهان دەبێت هەمیشە باوەڕی پێ

ناكات و شوێنی (نەفسی) بەدكارو شەیتانی نەفرین لێكراو دەكەوێت و خۆی رووڕەشی هەردوو دونیا دەكات، وە هەروەها خاوەنی تەفسیری رەوان[1]، لە تەفسیرەكەیدا ئەڵێت دەشگونجێ ماناكە بەم جۆرەش بێ، ئەی (موحەمەد) لەو ئادەمیزادانەی ئەتۆیان بۆ سەر رەوانەكراوی كەسانێك هەن ئیمان بەم (قورئانە) دەهێنن و شوێن پەیامەكەت دەكەون و موسڵمان دەبن هی واشیان تێدایە ئیمان ناهێنێ و بە(كافر)ی دەمرێ و هەروەها بە (كافر)ی زیندوو دەكرێتەوە هەروەها خوای پەروەردگارت لەهەموو كەس باشتر بە حاڵی خراپەكاران و بێ باوەڕان و دووڕوان دەزانێت.

(باسێك لە بێزاری دەربڕین لە بتپەرستان)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ (٤١) ﴾ واتە: ئەگەر هەر بڕوایان پێ نەكردیت ئەوە بڵێ ئەوە كارو كردەوەی خۆم بۆ خۆمەو كارو كردەوەی ئێوەش بۆخۆتانە ئێوە بەرین لەوەی من دەیكەم، هەروەها منیش بەریم لەوەی ئێوە دەیكەن چونكە بێگومان هەركەسەو بەپێی كردەوەی خۆی جەزا وەردەگرێتەوە لەباشەو لە خراپەدا هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ

---

(١) بڕوانە: تەفسیری رامان لەماناو مەبەستی قورئان لەنووسینی خوالێخۆشبوو ئەحمەد كاكە محمود لاپەڕە٣٥٦.

﴿أَفَأَنتَ تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾﴾ واتە: لەو (کافرانەیە) کەسانیٚ کە دیٚن گویٚ لەتۆ ئەگرن لەکاتی خویٚندنەوەی قورئاندا یا لەکاتی ئامۆژگاری ئەصحابەکانتا بەلاّم بەجۆریٚ کە سوود وەرنەگرن، واتە ووتارەکەت بۆ ئەوە نابیسن کە ئیمانی پیٚ بیٚنن بەلّکو بۆ ئەوەیە کە رەخنەی لیٚ بگرن و (رەدی) بکەنەوە بە کورتی بیستنیٚکی زاهیری دوور لە حالّی بوون لە مەعنای ووتارەکە هەروەکو نەیان بیستووە، وە فامی مەعناکەیان نەکردووە جا ئایە ئەی پیٚغەمبەر (ﷺ) تۆ ئەتوانی قسەی بەسوود بخەیتە گویٚچکەی ئینسانی کەڕەوە هەرچەند ئەوان عەقلّی ئەوەیان نەبیٚ لە مەعناکەی حالّی ببن؟ جا بیٚگومان تۆ قەت ناتوانی (هیدایەتی) ئەو جۆرە کەسانە بدەیت، جا خوای گەورە دەفەرمویٚت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تَهْدِى ٱلْعُمْىَ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾﴾ واتە: بەڕاستی لەوانە هەندیٚك هەن کە بەچاو تەماشای تۆ دەکەن بەلاّم دلّیان لەلایەکی ترە ئایە تۆ ئەتوانیت ریٚگا بە کویٚر نیشان بدەیت؟ لە حالّیٚکدا ئەوان هیچ نابینن ، وەکو کویٚر رەفتار ئەکەن چونکە ئەوان سوود لە هەلّسوکەوتە جوانەکانت وەرناگرن، باشە تۆ دەتوانیت (هیدایەت) و ریٚنمویٚنی کەسانیٚك بکەیت کە چاویان نابینیٚت و دەزگای بینینیان لەدەست داوە، جا بیٚگومان خوای گەورە دەفەرموویٚت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَـٰكِنَّ ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾﴾ (أي إن ربَّكَ يا محمد عادلٌ لا يظلم

أحداً شَيئاً وَلاَ يُعاقب أحداً بدون ذنبٍ فلم يسلبهم الله الإيمان إبتداءً منهُ بدون جُرم حصل منهم وإنمّا سَلَبهم ذَلِكَ بذنوبٍ إكتسبوها فَهم الظالِمُونَ لأنفسهم بالكفرِ والعناد)، واتە: بەڕاستی خوای مەزن هیچ جۆرە زوڵم و ستەمێك لەو خەڵکە ناکات، بەڵام ئەو خەڵکە خۆیان ستەم و زوڵم لە خۆیان دەکەن و دەست لە ڕێگای ڕاست و درووست بەردەدەن.

(درێژەی واتاکان)

واتە: بێگومان خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك (زوڵم) و ستەم لە بەندەکانی ناکات بەڵکو ئەو خەڵکە هەر خۆیانن کە زوڵم و ستەم لە خۆیان دەکەن چونکە ئەوان خۆیان لامل و لاسارن و هەوڵ نادەن بۆ تێگەیشتن و باوەڕ هێنان و وە بەڕاستی بە پێچەوانەوە خەڵك خۆیان ستەم لە خۆیان ئەکەن و لاسارانە درێژە بە (کوفر)و بێ باوەڕی و تاوانکاری ئەدەن تا ڕۆژی دادگاو (حیسابیان) جا ئەو کاتە بیر لەم ژیانە کە ئەکەنەوە بەڵام ئەو کات بێ سوودە.

(دونیا بێ وەفایەو بێ بەقایەو ماڵی کەس نیە و زوو کۆتایی پێ دێت)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەوەوپێش خوای مەزن باسی کافرو بێ باوەڕەکانی بەوەکرد کە تێنافکرن و گوێ ناگرن لە قورئانی پیرۆزو بەڕاستی نازانن و باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) ناکەن و بەدرۆی ئەخەنەوە ئینجا پەروەردگار بەشوێن ئەوەدا هەڕەشەو گوڕەشە لە کافران و خوانەناسان ئەکات و بەتایبەتی ئەو بێ باوەڕانەیان کەوا تێدەگەن کە ئەوان لە ژیانی دنیادا هەر دەمێنن و ژیان ئەبەنە سەرو حیساب و کیتاب وللێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکرێ، وە لەرۆژی قیامەت زیندووبوونەوەش نیە و لێ پرسینەوەش نیە لەسەر کرداری دونیایان و ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ كَأَن لَّمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةٗ مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيۡنَهُمۡۚ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ﴿٤٥﴾﴾ أي أذكر ذَلِكَ اليوم الرهيب يوم نجمع المُشركين للحساب كأنّهم مَا أقاموا فِي الدُّنيا إلاّ ساعةً مِن النّهارِ لِهَوْلِ ما يرونه من الشدائد وَالأهوالِ يعرف بَعْضهُمْ بَعضاً كما كانُوافي الدنيا متعارِفِينَ عَلَى الضّلالِ فيقول أحدهم للآخر أنتَ أَغْوَيْتَني وَأنت أَضلْتني فيسبهُ ويلعنهُ كما حكي ذلكَ عنهم ﴿ثُمَّ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُ بَعۡضُكُم بِبَعۡضٖ وَيَلۡعَنُ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا﴾ سورەتی العنكبوت ئایەتی /٢٥.

واتە: ئەو رۆژەی کە کۆیان دەکاتەوە بۆلای خۆی لایان وایە وەکو

ئەوە وان کە لە ژیانی دنیادا لە تاقە کاتژمێرێکی ناو ڕۆژێك زیاتر نەماوە کە یەکتر ناسینیان تیادا کردووە لەنێوان خۆیاندا زەرەریان کرد ئەوانەی دیداری خوای خۆیان بەدرۆ زانی یانی بڕوایان نەهێنا بە لیقاو گەیشتن بە حزوری خوالەدنیادا ڕێنموێنی وەرگرنەبوون تامردن لەسەرئەوبارە بوون.

(درێژەی واتاکان)

واتە ئەو ڕۆژە وەبیر بێنەوە کە خوا هەموو بێ باوەڕان کۆدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی تۆڵەی کارەکانیان ئینجا وا دەزانن لەبەر سەختی ئەو ڕۆژە تەنها ساتێك لە دنیادا ماونەتەوە، وە هەروەها لەناوەخۆشیاندا یەکتر دەناسنەوە ئەوجا بەردەبنە گلەیی و گازاندە لەیەکتر ئەم دەڵێت تاوانی تۆ بوو من وام لێهات ئەوی دی دەڵێت نا گوناهو تاوانی تۆ بوو وا ئێستا من گیرۆدەبووم بەڵام گلەیی و گازاندە چ کەڵکێکی هەیە جا هەروەها یەکێکی تر (لەعنەت) و نەفرەت ئەکات هەروەکو خوای گەورە بۆمان ئەگێڕێتەوە لەو ئایەتەداو ئەفەرمووێ (واتە پاشان لە ڕۆژی قیامەتا هەمووتان یەخەی یەکتر دەگرن هەروەها یەکتر بە کافر دادەنێن و نەفرین لەیەکدی دەکەن).

(کافرەکان لە دنیاو لە قیامەت تۆلە دەدرێن)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئێمە هەندێك لەو هەڕەشانەمان جێ بەجێ بکەین و بیهێنینەدی کە لە (کافر)و بێ باوەڕان دەیکەین یاخود تۆ وەفات بکەیت و هەروەها ئەنجامدانی ئەو هەڕەشانە نەبینیت یا هەندێ لەو شتانە کە وەعدەم داوە بیهێنم بەسەریانا نیشانت ئەدەم کە بەچاوی

خۆت ببینی وەکو شکانی ئەوان لە جەنگی بەدرو فەتحی مەککەو گرتنی هەوازین و زۆرانی تریش وە یاخود تۆ ئەهێننەوە بۆلای خۆمان واتە ئەتمرێنین و گیانت وەرئەگرین، ئەوجا بەهەرحاڵ گەڕانەوەی هەموو ئەوان بۆلای ئێمەیە چونکە بێگومان ئەوانە لە هیچ حاڵەتێکدا لەدەستی ئێمە دەرناچن، چونکە هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆلای ئێمە، وە لە پاشان خودا (حیسابیان) لەگەڵ ئەکاو خۆی ئاگادارە لەسەر ئەو شتانە کە ئێستا ئەیکەن و لەخوای پەروەردگار وون نابێ لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی جاران لە دنیادا ئەنجامیان دەدا، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (أي وَلِكُلِّ أمَّةٍ مِنَ الأُمَمِ أرْسَلْنَا رَسُولاً لِهِدايَتِهِمْ فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفرَ فإذا جاءت كُلّ أُمّةٍ وَمَعَها رَسُولُهَا قُضيَ بَيْنَ الخَلائِقِ بالعَدْلِ وَهُمْ لا يظلمون بِنَقص ثوابٍ أو زيادة عِقابٍ)، واتە: خودای گەورە بۆ هەموو گەل و میللەتێك پێغەمبەرێکی ناردووە تا بە فەرمانی خودا رێگای راستیان پیشان بدەن و بیانخەنە سەر رێبازی ئایین، هەر پێغەمبەرێکیش ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە[1]، ئینجا لە رۆژی

---

(١) مامۆستا مەلا (عەبدولکەریمی مودەریس) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرمووێ (بۆ هەر (ئوممەتێ) لە ئوممەتەکانی پێش تۆ وەکو (ئوممەتی) بەنی ئیسرائیل و ئوممەتی (قیبتی) و هەندێ ئوممەتی (عەرەب) و غەیری ئەمانە پێغەمبەر رەوانە کراوە لەماوەی ژیانا (ئەحکامی) خودای گەیاندووە پێیان، جا کاتێ پێغەمبەرەکەیان هاتووە بۆ لایان لە دنیادا ئامۆژگاری کردوون و (موعجیزاتی) نیشان داون و ئیشی (تەبلیغاتی) ئەوان تەواو کراوە بە (عەدالەت) لەلایەن خوداوە بڕوانە تەفسیری نامی، بەرگی/چوارەم، لاپەڕە/١٨٤.

دواییدا هەر گەل و نەتەوەیەك پێغەمبەرێکی هەیە و بانگیان دەکات و، وە لە قیامەتیشدا دەبێتە شایەد لەسەریان ئەوکاتە خودای پەروەردگار بە (عەدالەت) مامەلە دەکات لە نێوانیاندا بەبێ ئەوەی هیچ زوڵم و ستەمێکیان لێ بکرێت، یانی بەبێ تاوان و گوناه سزای هیچ کەسێك نادرێ، وە هەر کەسەو بەپێی کردەوەی خۆی جەزای دەدرێتەوە جا چاکە بێت یا خراپە بێت.

(کافرەکان پەلە دەکەن بۆ هاتنی رۆژی قیامەت)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلۡوَعۡدُ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٤٨﴾ ﴾ (أي ويقول المُشْركُونَ سُخريةً وإسْتهزاءً متى هَذا العَذابُ الذّي تَعدُنا به يا محمد؟ إنْ كنت صَادقاً في قولِكَ)؟ واتە: کافرو بێ باوەڕان هەمیشە لە گوماندان و دەڵێن

ئەو بەڵێن و (وەعدەیە) کەی دێتەدی ئەگەر ئێوە راست دەکەن یان کەی (قیامەت) دێت واتە کافرەکانی قورەیش لە رووی بەدرۆ خستنەوەو گاڵتە پێکردنەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئیماندرەکان ئەڵێن ئەو هەڕەشانەی (محمد) لێمان ئەکات ئەگەر ڕاست دەکات کەی دێتەجێ...؟ کەی خودا سزاو عیقاب بۆ ئێمە دەنێرێ ئەگەر (محمد) ڕاست دەکات لە (دەعواو) ووتەکانی ئەوجا خوای گەورەش بە پێغەمبەر (ﷺ) رادەگەیەنێ کە وەلامیان بداتەوەو پێی ئەفەرمووێ ﴿ قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي ضَرّٗا وَلَا نَفۡعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌۚ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَلَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ (أي قُلْ لَهُمْ إنني لا أستطيعُ أن

أَدْفَعَ عَنْ نَفْسِي ضَرّاً ولا أجلب لَهَا نَفْعاً إلاّ بمشيئةِ تعالى فكيف أقدر عَلَى أنْ أعْجّل لكم العذاب كما طَلبتم؟ لِكلّ أُمةٍ وقت معلوم لِهلاكهم وَعذابهم فإذا جَاءَ وقتُ هلاكِهم لا يتأخر عَنْهم برهةً من الزّمنِ وَلا يتقدّم)، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەوەلامدا بڵێ خۆمن لە زیان و لە سوودی خۆشم هیچ نازانم و دەسەڵاتێکم نیە، مەگەر ئەوەی کە خوا مەیل و ویستی لەسەر بێت هەروەها بۆ هەموو نەتەوەیەکیش کاتێکی دیاریکراو هەیە، جا ئەگەر کاتە دیاریکراوەکەیان هات ئەوا کاتژمێرێك نە دوادەخرێن نە پێشدەخرێن.

(درێژەی واتەکان)

واتە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کەسانەی کە دەڵێن کەی رۆژی قیامەت و سزاکەی دێت؟ جا تۆش پێیان بڵێ من توانای ئەوەم نیە هیچ سوودو زیانێك بەخۆم بگەیەنم چ جای بەغەیری خۆم و خەڵکانی دیکە کە ئێوە داوا ئەکەن، ئەگەر شتێك کە ویستی خوای پەروەردگاری لەسەر بێت بۆ هەمیشە (ئوممەت) و گەل و نەتەوەیەك کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ کۆتایی پێ هێنانیان هەر کاتێك ئەو (وەعدە) کاتی هات ئەوە بێگومان تەنها ساتە وەختێك نە (تاخیر) واتە نە دوادەکەون وە نە بە پێشیش دکەون، واتە هاتن و نەهاتنی سزا بەدەست من نیەو تەنها خوای خاوەن دەسەڵات خۆی ئەتوانێ ئەو شتانە بکات منیش بەشەرێکم وەك ئێوەو هیچم لەدەست نایێ جا بێگومان خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفـــــــەرمووێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُهُۥ بَيَٰتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا

يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٠﴾ أي قُلْ لَهُمْ يا مُحمّد إنْ أتاكُمْ عَذابُ الله لَيْلاً أوْ نَهاراً مَا الذي يَسْتَعْجِلُ مِنَ العَذابِ المشركونَ أي كَيْفَ يَصْنَعُونَ وكيف يَقبلُ مِنْكم إيمانكم وهو إيمان الإنجاءِ إذا نَزَلَ بِهِم العذابُ، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ ئەگەر سزای خوا شەو یان ڕۆژ هات بۆتان ئێوە چی دەکەن و دەتوانن چی بڵێن؟ کەوابوو تاوانباران بۆچی ئەوەندە بەپەلەن بۆ هاتنی ئەو سزایە...؟ بەڵام ئەوەندە نەترس نین و یانی خۆ ئەوەندە ناترسێن و چونکە باوەڕیان بەهاتنی نیە.

(درێژەی واتەکان)

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا بەو (کافرانە) واتە بێ باوەڕانە پێم بڵێن و هەواڵم بدەنێ ئەگەر سزای خوا هات بۆتان چ لەشەوداو چ لەکاتی بێ کاری و بێ ئاگاداریدا یان لەکاتی خەریکی بوون و کردەوەدا واتە ئەو سزاتان بۆ بێت کە پەلەی پێ ئەکەن و داوای ئەکەن، ئەو تاوان باروو ئەوبێ ئیمان و خراپەکارانە کاتێك ئەو سزا خوداییە یەخەیان دەگرێت ئەوکاتە بۆیان دەردەکەوێت کە چەندە سزایەکی گەورەو بە ئازارە ئیتر ئەو کاتە بڕوا بەخوا دێنین؟[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ ءَامَنتُم بِهِۦٓ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٥١﴾﴾(أي هَلْ يَنْفَعكُمْ عِندَ نزُولِ العَذابِ الإيمان بِهِ؟ الآنَ تؤمِنُونَ ؟ وقد كنتم مِنْ قبلُ

---

(١) چونکە ئەو کاتە بڕوا دەهێنن کە سزا هات بەڵام پێشتر باوەڕیان پێی نەبوو ئێستاکەش بێ سوودە.

تهزئ وَتَسْخَرُونَ)؟ واتـە: پـاش ئـەوەی کـە عـەزاب و سـزاکە هـات بۆتـان ئینجا باوەڕتان هێنا بـەخوا ئـەوە دەبـێ بـاوەڕی وا چ سـوودو کـەڵکێکی هەبێ بۆتان، جا بۆیە دەگوترێت ئەوە ئێستا باوەڕ دێنن لە کاتێکدا بـەر لە هاتنەکەی ئێوە بە قەشمەری و گاڵتەوە پەلەتان بۆ دەکردو باوەڕتـان پێ نەدەکرد چونکە بەڕاستیان نەدەزانی، جا خوای گەورە دەفـەرموێت:

﴿ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾ أي ثـم يُقـالُ لِلمُجـرمينَ سُخريةً بِهـمْ وَاسـتِهزاءً ذُوقُوا العَذابَ الأبـديّ الـدائم الـذّي لا ينقطـعُ بـه، واتـە پاشـان بـە زاڵـم و ستەمکاران دەگوترێت دە بچێژن سزاو ئازاری بەردەوام و نـەبڕاوەو هـەتا هەتایی ئایە پـاداش درانـەوە مەگـەر بـەگوێرەی ئـەو کردارانـەبێ کـە لـە پێشەوە کردبووتـان؟ واتـە سـتەمتان لـێ نـەکراوەو پاداشـتی کـردەوەی خۆتانە ئەو سزا سەخت و دژوارە کە ئێستا ئێوە تێیدان و دەبچێژن ئـەو عەزاب و سزایە.

(زیندووبونەوەو هاتنی رۆژی قیامەت راستەو گومانی تێدا نیە)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَيَسْتَنۢبِـُٔونَكَ أَحَقٌّ هُوَ ۖ قُلْ إِى وَرَبِّىٓ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ ۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾ (أي وَيَـسْتَخْبِرونَكَ يـا مُحمّـد وَيَسْألونَكَ أحقّ ماوعَدْتنا بهِ من أمرِ البَعْـث بَعْـدَ الفنـاء لِلْحساب والجـزاء؟ فَقُلْ لَهم أقسمُ لَكُمْ بربي إنّهُ لَحقٌ كائنٌ لاشكَ فيـهِ)، واتـە: لێـت دەپرسـن

ئەی محمد (ﷺ) ئاخۆ راستە ئایە رۆژی قیامەت واتە دوایی و زیندوو بوونەوە لەم گۆڕانەدا دوای ئەوەی لاشەکان دەبن بە خاك و خۆڵ ئایە راستە؟ ئینجا تۆش لە وەلآمدا بلّێ سوێند بە خوای پەروەردگارم تەواو راستەو بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لە دەستی دەرباز بن و ڕابکەن و خۆ قوتار بکەن و لێی رزگار بن، چونکە ئەوە حەق و حەقیقەت و راستەو هیچ شك و گومانی تێدا نیەو قیامەت هەر بەپێش دێت تا کات تێپەڕێت زیاتر لێی نزیك دەبنەوە جا بێگومان ئێوە ئەو کاتە ناتوانن لەدەست تۆڵەی خوایی دەرباز بن و ڕابکەن و خۆ قوتار بکەن و لێی رزگاربن، چونکە ئەوە حەق و حەقیقەت و راستەو هیچ شك و گومانی تێدا نیە و قیامەت هەر بەپێش دێت تا کات تێپەڕبێت زیاتر لێی نزیك دەبنەوە جا بێگومان ئەوکاتە ناتوانن لەدەست تۆڵەی خوایی دەرباز بن، چونکە بێگومان بونتان بەخاك و خۆڵ لای خودا گرانتر نیە لە زیندوو کردنەوەتان وەك چۆن لە نەبوون یەکەم جار درووستی کردوون، وەك خوا ئەفەرمووێ ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾ جا لەپاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّ لِكُلِّ نَفۡسٖ ظَلَمَتۡ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ لَٱفۡتَدَتۡ بِهِۦۗ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَۖ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٥٤﴾﴾ (أي لَوْ كانَ يَمْلك المجرم كل ما في الأرضِ من كنوز وخزائن وَأموال لقدَّمه يوم القيامةِ فديةً له لِيَتخلص من العذابِ وَلكن هيهات أن ينفعهُ ذَلكَ)، واتە: ئەو کەسەی کە زاڵم و ستەمکارە ئەگەر هەرچی ماڵ و سامان و یان

پارەو پـول و زێـرو زەبـەنیان هەیـە یـا شـتـی بـەنرخی سـەر زەوی و نـاو زەوی هەیـە مـولّکی ئـەو بێـت ئامادەیـە بیکاتـە فیدیـە و قوربـانی و بیبەخشێت لـە پێنـاوی رزگـارکردنی خۆیـدا هـەمووی بـێ سـوودەو لێـی وەرناگیرێـت وە ئـەو کاتـە کـە بەچـاو سـزاکە دەبیـنن ئـەوان پەشـیمان دەبنەوە، بەلاّم لەبەر خەجاڵەتی خۆیان دەری نابڕن و ئەیشارنەوەبەلاّم پەروەردگار دادگایی نێوان ئـادەمیزادان دادپەروەرانـە ئـەنجام ئـەدات و بڕیاری عادلانە دەردەکاو هیچ زوڵم و ستەمیان لێ ناکرێ بەناهـەقی، جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ واتە: ئـەی خەڵکینـە ئاگادار بن و باش بزانن کە هەرچی لـە ئاسمانـەکان و زەویـدا هەیـە هـەر هەمووی موڵکی خودایە هـیچ کەسێکی تـر تیایـدا بەشـدار نیە، چـونکە بێگومـان خـوای گـەورە خاوەنیـەتی وە هـەروەها چـاك بـزانن کـە وادەو بەڵێنی خـوا بـەهاتنی رۆژی قیامـەت و پاداشـت و تۆڵـە راسـت و رەوایـە بەلاّم زۆربەی ئەوانە واتـە بێ بڕواکان نـەزان و نـەفامن جـا خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ واتـە: تەنها ئەو ژین دەداو هەر خۆشیەتی دەیمرێنێ و (رووح) واتە گیان دەباتەوەو هـەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە.

(قورئان شیفاو پەندو ئامۆژگاریە)

خوای پەروەردگار منەت ئەكات بەسەر ئەو خەڵكەدا بەتایبەتی بەسەر ئوممەتی محمدەوە (ﷺ) بەوەی كە ئەم قورئانە پیرۆزەی هەناردووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرە (ﷺ) بەڕێزەكەی جا ئەفەرموێت﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾ (هذا خِطابٌ لجميع البشرِ أي لَقد جَاءَكم هذا القُرآن العظيم الذّي هُو مَوْعظةٌ وتَذكرةٌ لَكُمْ من ربّكم وفيه شِفاءٌ للقلوب من الجَهلِ والشّكِ والإرتياب وهدايةٌ من الضّلالِ ورَحمَةٌ لأهل الإيمان وَاليقين يهديهم إلى طريقِ السَّعادةِ والنّجاة)، واتە: ئەی خەڵكینە بەڕاستی هاتووە بۆتان پەندو ئامۆژگارییەكی گەورەو گرنگ لەلایەن پەروەردگارتانەوە رەوانە كراوە كە ئەم قورئانەیە (شیفا) بەخشە و چارەسەرە بۆ هەموو نەخۆشیە دەروونیەكان هەروەها بۆ دڵ و سینەشتانن یانی شیفاو دەرمانیشە بۆ ئەو گومان و نەفامیەی لە سینگیدایە، وە هەروەها رێنمایی و (رەحمەت) و بەزەییشە بۆ گشت باوەڕداران[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ) : ﴿ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ (أي لِيفْرَحُوا بهذه النّعمةِ العُظْمى نعمة القرآن هو خيرٌ لَهُمْ من جميع حُطام الدُّنيا وَما يَجْمَعُونهُ من الأموالِ والكنوزِ فإنّ نعيم الدّنيا زائل وَزهرتها فَانيةٌ، نبه

---

(١) واتە ئەو (قورئانە) پیرۆزە كە بۆمان هاتووە تێرو تەواترین بەرنامەی خوایە بۆ جیهان و جیهانیان هەتا رۆژی دوایی و هەتا هەتایە (حوكم) ئەكات چونكە یاساو كەتەلۆك و (شیعاری) موسڵمانانە سوپاس بۆ خودا.

تَعالى إلى أن نعمة الهداية إلى الإسلام وَنعمة نزول القرآن وارسال رسول الاكرم الى هداية النّاس أعظم من نعمة جمع المال فعلى النّاسِ أنْ يشكروا رَبّهُم على نعمة القرآنِ العظيم الذّي بِمساعدتهم وَفَلاحُهُمْ،) واتە: بڵێ دەبێ تەنها بە بەهرەو میهرەبانی خوا واتە بە قورئان و ئایینی ئیسلامی پیرۆز کەیف خۆش و خۆشحاڵ و دڵشاد بن، چونکە سەرفرازی هەردوو جیهانەکەنن ئەمە زۆر چاکترە لەوەی کۆی دەکەنەوەن واتە بەوەی لەلایەن خوداوە بۆیان هاتووە، وەکو قورئان و ئایینی هەق و هیدایەت و ڕێنمایی دڵخۆش بېن.

(درێژەی واتاکان)

واتە: ئەی موحەمەد (ﷺ) بە ئیمانداران بڵێ هاتووە بۆلای ئێوە ئەو هەموو نازو نیعمەتە گەورەیە بەتایبەتی ئامۆژگاری کردنتان بەهۆی گەورەیی و ڕێزی خوا کە بە ئێوەی بەخشیوە ناردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆلای ئادەمیزاد بەهۆی بەزەیی و میهرەبانی خوا لەگەڵتان بەناردنی قورئان کە یاریدەدەرتانە بۆ باوەڕهێنان و بۆ فێرکردنتان بە یاسای بەرزی ئیسلام.

جا بێگومان بە بەخشش و فەزڵ و (رەحمەتی) خوا دڵخۆش و کەیف خۆش بن، واتە دڵخۆش بوون بە فەزڵ و (رەحمەتی) خوا باشترو بەسوود ترە لە هەموو ئەو زێرو زیوو ئاژەڵ و ماڵ و سامانە جۆراوجۆرەی کۆی دەکەنەوە، چونکە ماڵ و سامان لەوانەیە ببنە هۆی خۆش بەختی دنیاو بەس بۆ ماوەیەکی کەم و کورت خایەن، بەڵام فەزڵ و (رەحمەتی) خودا هۆی خۆش بەختی هەردوو جیهانە و سەربەرزی و بەختەوەری قیامەتەو ئیتر بڕانەوەی نیە.

(دوو ئاگاداری گرنگ)

یەکەم- هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون دەربڕینی کەیف خۆشی و شادی و سرور و خۆشحاڵی لەسەر ئەو (نیعمەتە) گەورەیە کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد کە بێگومان نیعمەتی رەوانەکردنی حەزرەتی رسول الله یە (ﷺ) کە هەر لە رۆژی لەدایك بوونیەوە رەنگ دەداتەوە، بەڵگەش لەسەری راستەوخۆ دەقێکی دیکەی قورئانە کە دەفەرمویت ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴾ واتە: ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بە ئیمانداران کە شادو دڵخۆش بن بە لوتف و فەزڵی پەروەردگاریان و رەحمەتی بێ سنووری کە بێگومان رەحمەتی خودا باشترە لەوەی کۆی دەکەنەوە لە ماڵی دنیا جا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هۆی ئەمەش کە فەرموویەتی (فَلْيَفرحُوا) نەك (فَلْتفرَحُوا) ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام بۆخۆی دڵ و دەروونی پەیوەستە بە (مەحەبەتی) خوا وە کەیف خۆشە بەو رەحمەتەی وەك پێشەوا زانای بەناوبانگ (إبن عجیبە) کە لە تەفسیرەکەیدا[1]، ئەفەرمووێت: (وَلَنْ یقل فبذلك فتفرح یا محمد لأنَ فَرَحَهُ (ﷺ) بالله لا بشيءٍ دونه) بەڵام تێکڕای خەڵکی بەو شێوەیە نیە بۆیە فەرموویەتی (با دڵخۆش بن) ئەو (رەحمەتەش) کە خودا فەرمانی داوە موسڵمانان کەیف خۆش بن پێی رەهایەو (موتڵەقە) (دووەم)

---

(١) بڕوانە (البحر المدید في تفسیر القرآن المجید) لە نووسینی العلامە أبی العباس احمد بن محمد المهدی، إبن عجیبة الحسنی، بەرگی/٣، لاپەڕە/١٦٩.

هەندێ لە زانایان ئەفەرموون دەشکرێت بوترێت (رەحمەت) پێغەمبەرە (ﷺ) چونکە ئەویش بەشێکە لە (رەحمەتی) خودا بەلگەی ئایەتی قورئانی پیرۆز کە ئەفەرمووێت ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ سورەتی الانبیاء، ئایەتی/١٠٧. واتە: ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە رەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی بیت بۆ هەموو جیهانیان، جا بێگومان ئەوەی راستی بێت رەحمەتی پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوەیە کە وەسیلەی ئیمانی بڕوادارانە وەك پێشەوا (ابو الحسن الواحدی) لە تەفسیرەکەیدا[1]، ئەفەرمووێت (وَهُو رحمةٌ لأنَهُ (ﷺ) كانَ سَببُ إيمانِهم).

(**پاشکۆ**)

هەروەها بێگومان حەزرەت (ﷺ) ئەو راستیەو حەقیقەتەی لە چەند فەرمودەیەکی (صەحیحدا) بەیان کردووە، کە (رەحمەتە) بۆ هەردوو عالەم لەوانە:

١- (إنَمَا بُعِثْتُ رَحْمَةً) رواه مسلم، واتە من نێردراوم تەنها بە رەحمەت.

٢- فەرمودەی (إنما أنا رحمة مُهدة) رواه الترمذي والحاكم، واتە: من تەنها رەحمەتێکی هیدایەت خەلات کراوم.

٣- فەرموودەی (أنَا نبيُّ الرَحمّةِ) رواه مسلم وأحمد، واتە من پێغەمبەری بەزەیی و رەحمەتم.

---

(١) بڕوانە (الوجيز فى تفسير الكتاب العزيز)، لە نووسینی (ابى الحسن الواحدى)، لێکۆڵینەوەی (صفوان عدنان داودى)، لاپەڕە/٤٧١.

(کافرەکان لەکنە خۆیانەوە هەندێ شت حەڵاڵ ئەکەن و هەندێ شت حەرام ئەکەن)

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ واتە: ئەی موحەمـەد (ﷺ) بڵـێ ئـەو رزق و رۆزیـەی کە خوا دایبەزاندووە بۆتان ئینجا ئێوەش ئەی بێ باوەڕەکان بەکـەیف و ئارەزووی خۆتان ئێوە هەندێکی بـە (حـەلاڵ) و رەوا دەزانـن و هەنـدێکی بە حەرام و قەدەغەکراو دەزانن و ئایە خودا ئەوەی بۆ بڕیار داون یـاخود درۆو بوختان بەدەم خوداوە دەکەن؟ خـۆ حـەرام کـردن و حـەلاڵ کـردن بەقـسەی ئێـوە نابێـت[1]، چـونکە بێگومـان ئـەوەی کـە خـودا حـەلاڵی کردبێت هەر بە حەلاڵی دەمینێتەوەو هیچ کەس بۆی نیە هەر لە خۆیەوە (حەرامی) بکات وە ئەوشی کـە خـودا (حـەرامی) کردبێـت تـازە بەکـەس حەلاڵ ناکرێت ئەوجا بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایە خوا رێگـەی داوە بـە ئێوە هەندێ شت (حەرام) و قەدەغە بکەن هەروەها هەندێکی رەوا بکەن ؟ یان ئەوەتا درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن .

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون هەندێ لە (مەسیحییەکان) عەرەق و شەڕابیان لەلا حەلاڵە کە گوایە خوای گەورە حەلاڵی کردووە بۆیان وەکو ترێ و خورماو ئاوی جۆو...هتد، هەروەها دەیکەن بە شەرابی سەرخۆشکەر یا هۆشبەر.

(هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە)

قالَ إبن عباس (رضي الله عنهما) نَزَلت هـذهِ الآيـة في كُفّار مكّة حَلّلـوا الأنعامِ وَحرمّوا بَعْضَها كالبحيرةِ والسَّئِبةِ وَالْوَصيلة وَالمَيْتة دون مُسندٍ مـن شرع أوْ دينٍ، واتە : ئیبن و عەباس (خوایان لیّ رازی بێـت) ئەفـەرمووێت ئـەم ئایەتـە دابـەزی و هاتۆتـە خـوارەوە بـۆ بەرپەرچـدانەوەی ئـەو موشریکانەی کـە بـە ئـارەزووی خۆیـان هەنـدێ شـتیان حـەڵاڵ و حـەرام کردبوو لە (بەحیرەو سائیبەو واصیلە)، و هەندێ شتی تر، بێ ئەوەی کە بەڵگـەو سـەنەدێکیان هـەبێ لـە (شـەرع) و لـە ئاینـدا جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

واتـە: ئایـە ڕۆژی قیامـەت واتـە ڕۆژی دوایـی کـە هـەموو کەسـێ لـە ئادەمیزادی تیادا زیندوو دەبێتەوە و ئینجا گومان و باوەڕی ئەوانە چۆنە کە (ئیفتیراو) درۆ بەدەم خوداوە دەکەن ئەوجا هەر جۆرە درۆیـەك بێـت جا بێگومان لەو ڕۆژەدا ئەو تاوانبارانە سزای خۆیـان وەردەگـرن، ئـەوجا بەو سزا وەرگرتنەشیان وەنەبێت خودا زوڵم و ستەمیان لـێ بکات بـەڵکو ئەوان خۆیان بەهۆی بەدکاری خۆیان و خراپەی خۆیانەوە زوڵـم و سـتەم لەخۆیان دەکەن، ئەوجا بەڕاسـتی خـوا خـاوەن بـەهرەو چاکەیە بەسـەر خەڵکەوە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی ناشـکورو ناسوپاسـی ئـەم نیعمەتانـەی خودا دەکەن.

(هەموو شتێکی مەزن و بچووك خودا ئاگای لێیەتی)

خوای گەورە خۆشەویستەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە کە هەرچی خۆی و ئوممەتەکەی و خەڵکی ئەیکەن ئەنجامی ئەدەن خوای پەروەردگار ئەیزانێ و ئاگای لێیەتی و لێی وون نابێ چونکە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بە ئەندازەی هەرە وردیلەیان ووردتر بێ یان گەورەتر بێ یان بە ئەندازەی مێروولەیەکیش بێت لەبن تەبەقەی زەویدا بڕوات بەسەر بەردێکی لووسدا خوای گەورە گوێی لە چرپەی پێیەتی هەروەها پێی دەزانێ و ئاگای لێیەتی و لێی بزر نابێ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ هەر کارو کردەوەیەك کە دەیکەیت جا کردەوەکە هەر بۆخۆت بێت یاخود بۆ گەیاندنی ئایینی خودا بێت بەخەڵکی کە بە قورئان پێیان دەگەیەنیت هەروەها ئێوەش ئەی بەندەکانی خودا هەر کارێك کە دەیکەن و بەردەوام دەبن لەسەری[1]، ئێمە لێی ئاگادارین و پێی دەزانین.

(پوختەی ووتەکان)

واتە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ خەریکی هەر کارێك بیت و هەر قورئانێك بخوێنی لەو بارەیەوە ئێوەش ئەی هەموو بەندەکان هەر کارو

---

(١) وەك دەقی ووتەکە ئەفەرموێ (تُفيضُونَ) واتە درێژەی پێ دەدەن و بەردەوام دەبن لەسەری.

کردەوەیەك بکەن و خەریك بن پێیەوە ئێمە شایەت و چاودێرو زانایین بەهەمووی بەڕاستی ئەم فەرموودەیە لەلایەکەوە ئارام دەرەو لەلایەکی ترەوە ترسێنەرەو لەلایەکەوە خۆشی و ئولفەت دەرە[1]، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾﴾

﴿ (أي لا يُغيب وَلاَ يَخْفَى على اللهِ وزن ذَرّةٍ في الكائناتِ وَالوجودِ ولا أصْغَر من الذرّة وَلا أكبر منْهَا إلاّ وهو مَعْلُوم عِنْد اللهِ وَمُسجل في اللّوحِ المَحْفوظِ فَكَيْفَ تخفى عليهِ أعْمالُ العِبادِ؟)،واتە: ئەوا نابیٚ و وون نابیٚ لە پەروەردگارت بە ئەندازەی کێش و وقورسی زەرەیەك نە لە زەوی لای خوارو نە لە ئاسمان لای سەروو واتە بچوکترین شت کە ببیٚ لە بونەوەردا لە زانینی خوادا هەیەو هیچی لیٚ وون نابیٚ نە بچوکتر لەو زەرەو گەورەتر نیە مەگەر یەکسەر هەمووی زانراوە لای خواو ژمارە کراوە لە نامەیەکی بلّندی پایە بەرزو ئاشکراو روونداکە هەموو شتی تێدایەو لە دەفتەری تایبەتی خۆیدا تۆمار کراون لە (لەوحی مەحفوزدا) چەسپێندراون بەبیٚ کەم و کوڕی ، ئەی چۆن خوای پەروەردگار ئاگای لە کارو کردەوەکانی بەندەکانی خۆی نیە؟.

---

(١) بڕوانە: تەفسیری (قورئانی پیرۆز) لە نووسینی (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز هەڵەبجەیی)، بەرگی/٤، لاپەڕە/٢٩، لەگەڵ دەستکاری.

(سەرنجێكی گرنگ لەبارەی ووردكردنی زەڕەوە)

خوالێخۆشبوو (شێخ محمدی خالٚ) لە تەفسیرەكەیدا[1]، ئەفەرمووێت تا سەدەی ١٩ هەم زانایان وایان دەزانی كە زەڕە نابێ بە دوو كەرتەوە لە سالٚی ١٨٩٧ ی زایینی زانای ئینگلیزی (سێر تۆمسۆن) زەڕەی لەتكرد چونكە تەماشای كرد هەموو (زەڕەیەك) لەسێ شت درووست كراوە: ١- پرۆتۆن ٢- نیوترۆن ٣- ئەلیكترۆن، ئینجا كە تەماشای قورئان ئەكەین/١٤٠٠ سالە لەمەوپێش (ئیشارە) ئەكات بۆ ئەوەی كە لە (زەڕە) بچوكتر هەیە، هەموو (زەڕەیەك) لە ئاسمان و زەویدا لەو سێ شتە دروستكراوە، وەكو ئەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾ لە پێشەوە (تەخریج كراوە)، واتە: لەخوا وون نابێ لە ئاسمانٚ و زەویدا نە هاوسەنگی هەر وردیلەیەك و نەبچوكتر لەو ، وە نەگەورەتر لەو مەگەر نوسراوە لەنامەیەكی رۆشنا كە بریتیە لە (عیلمی) خوا ئەوجا توخوا كێ (١٤٠٠) سالٚ لەمەپێش بە پێغەمبەر (ﷺ) گووت كە (زەڕە) ئەكرێ بە دوو كەرتەوە تا بفەرموێ﴿وَلَا أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ﴾ وە كێ پێی گووت كە زەڕاتی ڕۆژو مانگ و ئەستێرەكان و زەوی هەموو

---

(١) بڕوانە: (تەفسیری خالٚ) لە نووسینی (شێخ محمدی خالٚ) بەرگی یەكەم لاپەڕە/٨٠، هەروەها بڕوانە ئیعجازی قورئانیش لە نووسینی (عبدالرحمن مەلا طه عبدالعزیز)، لاپەڕە/٣٧.

وەك یەك دروست كراون هەروەها لە (یەك شت) ، تا لە قورئانا بفـەرموێ ﴿مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ سـورەتی یـونس ، ئایەتی/٦١.

(خوای گەورە مەدحی ئەولیاو پیاو چاكان دەكات)[1]

خوای پەروەردگار خۆی پێناسـەو (وەسفی) ئـەو ئـەولیاو دۆسـتانەی خۆی ئەكاو ئینجا لەبارەیانەوە ئەفـەرموویێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ أي أنْتَبِهُوا أيها النّاس وَأعْلَمُوا أنّ أحْبَابَ اللهِ وَأوْلياءُهُ لاَ خَوْفَ عَلَيْهِم في الآخرةِ ولاَ هُمْ يَحْزَنُونَ عَلَى مَا فَاتَهُم في الدُّنيا، واتـە: ئاگـادارین و چـاك بـزانن و هۆشـیار بـن كـە (ئـەولیا)و دۆسـتانی خـودا دوارۆژ هـیچ تـرس و خـەمێكیان لـە سـەرنیە، هەروەها دڵتەنگ وخەفەتباریش نـابن بـۆ دونیـای پـاش خۆیـان، چـونكە ناترسن و لەو ناڕەحەتیانەی كە ڕۆژی قیامەت تووشـیان دێـت، هـەروەها خەمیش ناخۆن بۆ ئەو شتانەی لە دنیادا بـەجێی دەهـێڵن، جـا بێگومـان

---

(١) ئەولیاو خۆشەویستانی خوا زۆر بەڕێزن لەلای خوای مەزن و فریشتەكانی خوا، روی إبن عباس (رضي الله عنهما) أن رجلاً قالَ يا رسول اللهِ مَنْ أوْلياءُ اللهِ؟ قالَ الذّين إذَا رُؤوا ذكر اللهُ، رواهُ(الطبراني والبزار)،واتە: ریوایەت كراوە لە ئیبنو عەباسەوە (خوایان لێ رازی بێت) ئەڵێ ئەوەی راستی بێت پیاوێك ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەلی و خۆشەویستانی خودا كێن و چ كەسن؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لەوەلآمدا فەرمووی (خۆشەویستانی خودا ئەوانەن كە بە چاوپێكەوتنیان خوداتان بیر بكەوێتەوە).

لایەنگرانی خوای گەورە هیچ ترسێکیان لەسەر نییە لەدوا ڕۆژدا لەتۆڵەی خـوا لەسـەریان ،وەدڵگـران نـابن لـەوەی لەدەسـتیان چـووە لـەدنیادا لەبەختو خۆشیو کەمی دنیا.

(ئاگاداربیەکی گرنگ)

(ریوایەت) کراوە لە حەزرەتی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی (إنَّ مِـنْ عِبـاد اللهِ لأنَاسـاً مـاهُمْ بأنبيـاءَ وَلاَ شُهَداءَ يُغْبِطُهم الأنبيـاءُ وَالـشُّهدَاءُ يـوم القيامـةِ بمكـانهم مِـنَ اللهِ)، واتـە: بەڕاستی لەناو عەبدو بەندەکانی خودادا کۆمەڵێك هـەن نـە (پێغەمبـەرن) نـە (شـەهیدن) بـەڵام لـە ڕۆژی دواییـدا زۆر لـە پێغەمبـەران و شـەهیدان خۆزگەیان پێ دەخوازن بەهۆی ئەو پلـەو پایـەو جێگـای خـودا داویـەتی پێیان (قَالُوا يا رَسُول اللهِ فأخْبرنا مَنْ هُمْ؟ قَالَ هُـمْ قَـومٌ تَحـابّوا بِـرُوحِ اللهِ عَلَى غير أرْحامٍ بَيْنهم وَلاَ أموالٍ يَتَعاطونَهَا)، واتـە: هاوڕێکـانی پێغەمبـەر (ﷺ) عەرزیان کرد ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێمـان بڵـێ ئەمانـە کـێن هـەتا بیان ناسین و خۆشمان بوێن حەزرەت (ﷺ) لەوەڵامدا فـەرمووی ئەمانـە چەند کەسانێکن لە ئومەتی مندا لەبـەر ڕەزابـوونی خـودایی پـەروەردگار یـەکتریان خـۆش دەوێ ئەوانـە کۆمـەڵێکن یـەکتریان خـۆش دەوێ خۆشەویستەکەشیان لەبـەر مـاڵ و سـامان و بنەماڵـە نیـەو بـێ ئـەوەی خزمـی یـەك بـن و بـێ ئـەوەی مـاڵ و سـامان بەدەنـە یـەکتر (وفي روايةٍ للنسّائي قَالَ هُمْ قَوْمٌ تَحابُّوا بِنُور اللهِ منّ غير أرحام وَلاَ أنْسَابٍ)، واتـە لـە گێڕانەوەیەکی پێـشەوا (نەسـائی)دا حـەزرەت (ﷺ) فەرموویـەتی ئـەوان کۆمەڵێکن یەکتریان خۆش ئەوێ بە ڕۆناکایی و نوری خوا بـێ خزمایـەتی

و (نەسەب) و نەژاد، ئەوجا پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی خواردو فەرمووی (فَوَاللَّهِ إِنّ وُجُوهَهُمْ لَنُورٌ ، وَإِنّهُمْ عَلَى نُورٍ ، لَا يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النّاسُ ، وَلَا يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النّاسُ : وَقَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ : ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾[1]، واتە: بێگومان قەسەم بە خودا ئەوانە کەسانێکن لەبەر خاتری خودا یەکتریان خۆش دەوێ سوێند بە خودا ئەوانە دەم و چاویان لە نوورەو لەسەر (مینبەر)و کورسی نورانی دادەنیشن ئەوکاتەی خەڵك ترسیان هەیە ئەوان ناترسن کە خەڵك خەم و پەژارەیان هەیەو ئەوان بێ خەمن ئینجا حەزرەت (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ **جا بێگومان هەروەکو پێناسەکردنێکی خۆشەویستانی خودا وەلی و ناساندنی خوای گەورە ئەفەرمووێ** ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾﴾(أي الـذّين صَـدّقُوا اللهَ وَرَسُولَهُ وَكَانُوا يتّقون ربّهُمْ بِإمْتِثالِ أوامِرِهِ وَإجتِنابِ نَواهيه، فَالْوليُّ هُوَ المؤْمِنُ التّقيُّ)، واتە: وەلی و دۆستانی خودا ئەوانەن کە باوەڕی تەواویان هێناوەو هەروەها لە خودا دەترسن و خۆ دەپارێزن لەهەر شتێ کە پێویستە خۆ پارێزی لێ بکەن و بە بەردەوامیش بەپێی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) کار دەکەن و وە هەروەها خۆ دەپارێزن لە هەموو

---

(١) رواه أبو داود والنسائيّ وغيرهما.

قەدەغـەکراوەکان، جـا بێگومـان زانایـان و (موفەسیرەکان) چـەند بـە جوانی وەسف و پێناسەی پیاوانی خواو ئەولیاو ئەو پیاوە خاوەن ئیمان و باوەڕو لەخوا ترسەیە، کە هەموو کات و ساتێك خـوای پـەروەردگاری لەیادە و قەت لەبیری ناکات.

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ ﴾ أي لَهُـمْ مـا يُـسرُّهم في الـدُّنيا والآخـرة تُبَـشّرهم الملائكـةِ عِنـد الإحتضارِ برحمة اللهِ ورضوانهِ وفي الآخرة بجنـات الخُلـدِ وَالنّعيم كمـا قَـالَ سُـبحانَهُ ﴿يُبَشِّرُهُمۡ رَبُّهُم بِرَحۡمَةٍ مِّنۡهُ وَرِضۡوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمۡ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴾ سورة التوبة الآية/٢١.

وَقوْله سـبحانه ﴿لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ﴾ (أي لا إخْـلافَ لِوَعْـدهِ وَهَذا هُو الفوزُ بِالمحبُوب الـذّي لا فَـوْز وَراءهُ)، واتـە: لـەم ژیـانی دونیـاوە مـوژدەی چاکیان بۆ هەیە وەکو خەونی خۆش و باش دەبینن[1]، لە ڕۆژی قیامەتیـشدا مـوژدەی خۆشـیان بـۆ هەیـە کـە بەهەشـتە ئینجـا بـەڵێن و

(١) مەبەست لەو موژدەیە خەو بینینی ڕاستەو هەروەك لە پێغەمبەر (ﷺ) پرسیار کراو موژدەی دنیایان چی یە؟ ئەویش لە وەڵامدانەوە فەرمووی (الرؤيا الصّالحة يَرهَا العَبْدُ أو تُرَى لَهُ) متفق عليه، واتە موژدەی (دنیاییان) خەونی چاکە خۆی ئەیبینێ یان پێوەی ئەبینن.

فەرمانەکانی خوا قەت گۆڕانیان بەسەر نایەت، تـەنها ئـەو دەسـتکەوتەیە ڕزگاری و سەرفرازی گەورە بۆیان بەدەست ئەهێنێ.

(درێژەی واتاکان)

واتـە: ئەوانـەی کـە (ئـەولیاو) خۆشەویـستی خـودان و بەچـاکی (عیبادەتی) ئەو دەکەن و ئەیپەرستن، ئـەوە بێگومـان مزگێنـی خۆشـی دونیـاو ڕۆژی دواییـان بـۆ هەیـە (ئـیبن و جـەریر) ڕیوایـەتی کـردووە لـە عوبادەی کوڕی سامیتەوە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) کـە پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) فەرموویــەتی لــەم ئایەتــەدا ﴿ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾ واتە ئەوە موژدەیە بۆ ئەوانە لە دنیاو لـە قیامەتـداو موژدەی دوارۆژو (قیامـەتمان) زانـی کـە بەهەشـتەو بـەڵام مـوژدەی دنیـا کامەیەو چیە؟ ئینجا پێغەمبەری خـودا (ﷺ) ئـەوەمان بـۆ دەستنیـشان ئەکات و ئەفەرمووێ (الرؤيا الصّالحة يَرهَا العَبْدُ أو تُرَى له وَهي جُزءٌ مِنْ أربعـةٍ وَأرْبعـينَ جُـزْءاً أو سَـبْعينَ جُـزْءاً مـن النّبّـوة) [1]،واتـە ئـەو خەونـە چاکەیە کە (عەبد) واتـە بەنـدە ئـەیبینێ یـان پێـوەی دەبینـرێ کـە ئـەو خەونە بەشێکە لە چل و چوار بەش یان حـەفتا بـەش لـە پێغەمبەریـەتی جا بێگومان ئەو پیاو چاك و (وەلیانە) لـە ڕۆژی دواییـشدا دەکەونـە بـەر ڕەحمەتی خـودا و دەخرێنـە بەهەشـتی پـان و بـەرین و ڕازاوە، ئـەویش وادەو بەڵێنی خودایە و دێتەجێ و هیچ گۆڕانکاری و دواکـەوتنی تێدانیـە، چونکە ئەویش گەورەترین بەهرەیەو قازانج و بەختەوەری سەرکەوتنە.

---

(١) رواه الإمام أحمد في مسنده، ٥/٥/١٥٦، هەروەها حەدیسەکە (صەحیحە).

(گەورەیی و دەسەڵات هەر ئی خوایە)

خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ وَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٦٥﴾ ﴾ (أي لا تَهْتَم يَا محمّد (ص) بوعيدهم وتَهديدهم ، وَلا تحزن على تكذيبهم لَكْ فَإنّ العزّة وَالغَلبةَ والقدرة وَالسُّلطان لله جلَّ وَعلا فهو ناصِرك وَمُعينكَ وَمَنْ كانَ الله مَعَهُ فَلَنْ يَقهرهُ أحد هو سبحانهُ السميع لما يقُولونَ العليمُ بمَا يكيدُونَ)، واتـە: نـابێ بـە قسەی (کافر)و بێ باوەڕەکـان خەفـەتبارو دڵگران بـن چـونکە بەڕاسـتی هێـزو (عیـزەت) و شـەرەف و گـەورەیی هـەر بـۆ خودایـە، خـواش گـوێ بیستە بەوەی کە دەیڵێن و زانایە بەوەی هەڵیدەبەستن.

(درێژەی واتـاکان)

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە قسەو قسەلۆك و هەڕەشـەو گوڕەشـەی ئەوان حێجز مەبەو غـەمناك مەبـەو بـە گوفتـاری ناجبـەجێ و نادروسـتی خوانەناسان دەربارەی خۆت و پەیامەکەت خەفەت بـار مەبـە کـە دەڵـێن تۆ پێغەمبەر نی بەدرۆت دەخەنـەوەو هەڕەشـت لـێ دەکـەن بـەوەی کـە ئەوان خاوەن ماڵ و سامان و دارایی و دەسەڵاتن.

جـا بێگومـان هـیچ باکـت لێیـان نـەبێ هـەروەها پـشت بـە خـوای پەروەردگارت ببەستە و تەوەکولت لەسەر ئـەو بـێ و هـەر ئـەو یارمـەتی دەرتەو سەرکوتت ئەکا، چونکە هەموو هێزو دەسەڵات بۆ خودایەو بـەس هـەروەها دڵنیـاش بـە کـە عیـزەت و بـەرزی و شـەرەف و بڵنـدی هـەر هـەمووی بـۆ خوایـە و بەدەسـت ئـەو زاتـە مەزنەیـەو ئـەو زاتـە هەمیشە

گوێبیستە وە دەزانێت ئەوان چی دەڵێن و چ پیلانێك دەگێڕن و هەروەها زاناشە وە دەزانێت ئەوان چی لە دڵ و دەروونەکانیاندا چی دەشارنەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ﴿٦٦﴾

﴾ واتە: باش بزانن ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەمووی هی خودایەو کەس بەشدار نیە لەگەڵیدا و ئینجا ئەوانەی کە بتپەرستەکان بە خودایان دەزانن و شوێنیان کەوتوون و داوای قازانج و سوودیان لێ دەکەن، ئەوانە جگە لە درۆ کردن و گۆترەکاری هیچی تریان لەدەست نایەت[1]، مەگەر درۆو تەخمین و گومان نەبێ جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾

(أي تذكيرٌ للنّاس بآثار قدرتهِ تعالى وَبديعَ صُنْعهِ أي هو جلَّ وَعلا الإلهُ الحَقُّ الذّي جَعَل لَكُمْ اللّيلُ مُظلِماً تَخْلدونَ فيه إلى الراحةِ والسكن وَجَعل النَّهار مُضيئاً لطلب الرزقِ والمعاشِ وفي هذا أعظم الدلائلِ عَلَى قُدرتهِ

---

(١) ووتەی (يَخْرِصُونَ) واتە درۆکردن و گومان و تەخمین کردنە، بڕوانە ڕاڤەی ووشەکانی قورئانی پیرۆز، بکەن لە (نووسینی بەڕێز شێروان ئەنوەر رەواندوزی)، لاپەرە/١٥٤.

وَوَحْدانيته لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ سماع تأمُّلْ وَتَدبُّرْ وتَفَكُر واعتبار)، واتـه: ئـەو خوايەيە كە شەوى بۆتان داناوە بۆ ئەوەى تيايا سەبرو ئارام بگرن و رۆژیشی بۆتان داناوە، رووناك بێت و هەتا رێ بە پێویستیەكانی خۆتان ببەن، جا بێگومان لە دروستكردنی شەوو رۆژدا چەندین ئایەت و نیشانە هەیە لەسەر تاك و تەنیایی خودا بۆ ئەو كەسانە كە بەڵگە دەبیسن و تێدەفكرن.

(درێژەی واتاكان)

واتە: هەر ئەو زاتەیشە شەوی كردووە بە هۆكاری سەبرو ئارامگرتن و حەوانەوەتان رۆژیشی رووناك كردۆتەوە تا كارو كاسبی و ژیانتانی تێدا دابین بكەن جا بێگومان ئەم (گۆڕان كاریە) بێجگە لە خوا بەكەس ناكرێت دەی بە بێگومان ئا لەمەدا چەندین نیشانەو بەڵگەی گەورە لەسەر دەسەڵات تاك و تەنیایی خوای پەروەردگارو میهرەبانی و سۆزی ئەو زاتە هەیە بۆ گەلێك كە شت وەرئەگرن و وە بۆ ئەوانە كە دەبیستن و لە قسە تێدەگەن و تێی ئەفكرن و پەندو (عیبرەت) وەرئەگرن دیسان با ئەداتەوە سەر قسەیەكی تری (كافر)و بێ باوەڕەكان كە (شەریك) و هاوەڵ بۆ خوای تاك و تەنیا ئەنجام نەدەن، جا بێگومان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًاۗ سُبْحَـٰنَهُۥۖ هُوَ ٱلْغَنِىُّۖ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِۚ إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَـٰنٍۭ بِهَـٰذَآۚ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ (أي نسبَ اليهود والنّصارى لله الولد فقالت اليهودُ عُزير ابنُ الله وَقال النصارى المَسيحُ إبنُ

اللهِ وَقالَ المُشركُونَ الملائكـةُ بَنـاتُ اللهِ تَنـزَّهَ اللهُ وَتقـدَّس عَمّـا نُـسِبَ إليـه الظّـالمون فإنّـه الغَـنيُّ المُـستغني عـن جميـع الخلـق)، واتـه: هاوبـەش دانەرەكان گوتیان خوا كوڕی هەیە پاك و بێ خەوشـی بـۆ خـوای گـەورە ئەو بێ باكە لەوەی كە كوڕی هەبێ جا بێگومان هەرچی لـە ئاسمانـەكان و زەویدایە هی ئەوەو ئەو خاوەنیەتی چ بـاكی بـە كـوڕو منالّـە هـەروەكو بێ باوەڕەكان دەربارەی ئەوەیان بۆ هەڵبەستووە كە دەڵێن كوڕی هەیـە و هیچ بەڵگەو نیشانەیەكتان نیە جا ئایە ئێوە شتێك لەسەر خودا دەڵـێن كە هیچی لە بارەیـەوە نـازانن؟ یـان ئێـوە شـتێ دەڵـێن كەراسـتییەكەی نازانن؟.

(درێژەی واتاكان)

واتە: (موشریكەكان) دەڵێن: وتوویانە بە تایبەتی جوولەكەكان ئـەڵێن (عوزەیر) كوڕی خودایە وە (مەسیحییەكانیش) ئەڵێن پێیـان وایـە عیـسا كـوڕی خوایـە، وە هاوبـەش كـەرەكان دەڵـێن فریـشتەكان كـچی خـودان (العیاذ باللە) پاكی و بێ گـەردی (تەسـبیحات) و سـتایش بـۆ ئـەو زاتەیـە بەرامبەر ئەو بیرو باوەڕە چەوت و نادرووستە كە هەیانە ئەو ستەمكارانە بێگومان ئەو زاتە دەوڵەمەندە و بـێ نیـازە پێویـستی بـە كـوڕو منـداڵ و كەس نیە، هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویـدا هەیـە هـەر هـەمووی مـوڵكی ئەوە وە هەر خۆیشی بەدیهێناون، هیچ بەڵگەیەكتان نییە كە خـوا منـاڵی هەیـە و هـەبێ و ئـەوەی كـە دەیلـێن درۆو بوختـان و هەڵبەسـتە ئایـە بەرامبـەر بـەخوای گەورەشـتێ دەڵـێن كـە هیـچی لـێ نـازانن ؟ چـونكە بێگومان خودا بۆخۆی بێ ئاتاجەو خـۆی پێویـستی بـە هـیچ كـەس نیـەو

خەڵك هەموو (موحتـاج) بـەون، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ واتـــە: ئەی موحەمەد (ﷺ) بەو کافرو بتپەرستانە بڵێ بەڕاستی ئـەو کەسانەی کە درۆو بوختان بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن و دەڵێن خودا کوڕی هەیەو یـان هـاوەڵ و وێنـەی بـۆ دادەنـێن و ئـەوان هـەرگیز رزگـارو بـەختیارو سەرکەوتوو نـابن جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ مَتَٰعٌ فِى ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ (أي نَمْتِعهُم في هذه الدنيا متاعاً قليلاً زائلاً لا بَقاءَ لَـهُ ثُمَّ رجوعهم ومَعادهم بعد المَوْتِ إلينا للجزاءِ وَالحِساب ثُمَ في الآخرة نـذيقهم العـذاب الموجـعُ الألـيم بِـسَبب كُفْـرهم وكَـذبهم عَلـى الله)، واتـە: ئـەوەی ئێستاکە تێدان لـە دنیـادا کـەمێ خۆشـی و لـەزەت دەبـن و پاشـان کـە دەمـرن و دوایـی تـەنها بـۆلای خۆمـان دەگەڕێنـەوە وە دەخرێنـە ژێـر پرسیارو (حیساب) ئینجا دوایی بەهۆی کـوفرو بـێ باوەڕییانـە سـزایەکی توندیان پڕ ئازارو سەختیان پێ دەچێژن لەبەر کـوفرو بـێ باوەڕییـان وە لەبەر درۆ هەڵبەستن بەدەم خـوداوە بەدرۆخـستنەوەی پێغەمبەرەکـەی و (ئینکاری) کردنیان بۆئایەتەکانی.

(باسێك لە داستانی نووح پێغەمبەر (ع) لەگەڵ قەومەکەی)

لەپاشان خوای گەورە فەرمان ئەدا بە پێغەمبەر (ﷺ) بخوێنەوە بەسەریاندا دەنگ و باسی نوح پێغەمبەر و هۆزەکەی هەروەکو ئەفەرمووێت: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ نُوحٍ إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكُم مَّقَامِي وَتَذۡكِيرِي بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡتُ فَأَجۡمِعُوٓاْ أَمۡرَكُمۡ وَشُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُنۡ أَمۡرُكُمۡ عَلَيۡكُمۡ غُمَّةٗ ثُمَّ ٱقۡضُوٓاْ إِلَيَّ وَلَا تُنظِرُونِ ﴿٧١﴾﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵ و بەسەرهاتی نووح پێغەمبەریان بۆ بخوێنەوە هەروەها باسی قەومەکەی بۆ ئەو کافرو بێ باوەڕانە بکەو کاتێك حەزرەتی نوح بە گەلەکەی خۆت گووت ئەی گەلی من ئەگەر ئێوە سەغڵەتن بە مانەوەی من لەناوتاندا هەروەها بەیادخستنەوەی ئایەت و فەرمانەکانی خوای گەورەتان لەلا گرانە ئەوە ئێوە دڵنیابن کە من واز لە ئێوە ناهێنم چونکە خەمخۆری ئێوەم ئەوجا هەروەها من پشتم بەخوای خۆم بەستووەو چونکە ئەو پشتیوانمە.

ئێوە چیتان لەدەست دێت درێغی مەکەن خۆتان و بتەکانتان و هاوبیرو باوەڕەکانتان جا ئێوەش لەگەڵ ئەواندا کە پشتان پێ بەستوون یەکبگرن و قسەتان بکەنە یەك ئینجا ئەوەی کە دەتانەوێت مەیشارنەوەو ئاشکرای بکەن دوایی بێ دواکەوتن چیتان پێ دەکرێت لەبەرامبەرمدا بیکەن من کە پشتم بە خودا بەستووە بەهیچ شێوەیەك لێتان ناترسێم

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَمَا سَأَلۡتُكُم مِّنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ۝٧٢﴾ واتە: گەر ڕووتان وەرگێڕا لەمن هەر بڕوام پـێ نەکەن و دژایەتیم بکەن چونکە بێگومان ئەمن داوای هیچ کرییەکم لـێ نەکردوون، بەڵکو کرێ و پاداشتم تەنها لە خوای پەروەردگارم دەخوازم و فەرمانیشم پێکراوە بەوەی کە لە موسڵمانەکان بم و ملکەچی ئایینی ئیسلام بم و جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيۡنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَعَلۡنَٰهُمۡ خَلَٰٓئِفَ وَأَغۡرَقۡنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُنذَرِينَ ۝٧٣﴾ أي فكذّبوا نَبـِيَّهُمْ نُوحاً فَنَجَينـاهُ وَمَـنْ مَعَـهُ في السّفينة وَجَعَلْنـاهُم سُكان الأرض وخلفاً لِمَـن هَلَـكَ وَأغْرقنـا المكـذبينَ بالطوفانِ فَانْظُر كَيْفَ كانت عاقِبةُ الأُمَمِ المكذبة لِرُسُلِهَا، واتە: دوایی گەلی نوح باوەڕیان بە حەزرەتی نووح نەهێناو بەدرۆیان خستەوە ئینجا ئێمەش خۆی و ئەو خەڵکەی کە باوەڕیان پـێ هێنابوو لەگەڵیبوون لە کەشیتەکە ڕزگارمان کردن و کردماننە جێنشینی خەڵکە (کافرە) واتە بێ باوەڕەکەی خنکاوەکان وە ئەوانەش وا بڕوایان بە ئایەت و بەڵگەکانی ئێمە نەبوو وە بەدرۆیان خستنەوە ئەوجا هەموومان نقومکردن بەتۆفان و لەناومان بردن، دوایی تۆ بڕوانەو تەماشا بکە پاشەڕۆژی ئەو کەسانەی لەلایەن پێغەمبەرانەوە ترسێنراون چۆن بووە؟ کە باوەڕیان نەهێناوە هەموویان لەناوچوون.

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لە پاشان خوای گەورە روونی ئەکاتەوە بەسەرهات و چیرۆکی ئەوە پێغەمبەرانەی خوا رەوانەی کردبوون لە دوایی حەزرەتی نووح هەروەکو ئەفەرمویێت ﴿ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۚ كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾ (أي أرسلنا بَعْدَ نوحٍ رُسلاً آخرينَ كهودٍ وَصالح وَلوطٍ وَشُعيبٍ جاءُوا أقوامَهُمْ بالمُعجزاتِ الواضحاتِ فكذبّوهمْ وَلَمْ يؤمِنُوا بما جاءتهم به الرّسل فأهلكناهم وَعذّبناهُمْ كذَلِكَ عَلَى قلوبِ الطُغاة المُفسدين في الأرض)، واتە: پاشان لەدوای حەزرەتی نووح یشەوە چەند پێغەمبەرێکمان هەنارد وەکو هودو صالح و لوط و شوعەیب[1]، هەریەکە بەلای قەومەکەی خۆی ئەوجا بێگومان بەچەند بەڵگەو موعجیزەو نیشانەیەکی زۆرەوە چوونە لایان کە بڕوایان پێ بهێنن کەچی ئەو خەڵکە هەر باوەڕیان پێ نەکردن و شوێنمان نەکەوتن هەر وەکو پێشتر یاخی بوون و باوەڕیان پێ نەکردن هەر لەبەر

---

(١) (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە تەفسیرەکەیدا ئەفەرموویێت لەپاش (حەزرەتی ئیبراهیم و لوت و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و یوسف و ئەیوب و شوعەیبمان) رەوان کرد، ئینجا هەرکام بۆ قەومی(ئیسماعیلیان) نارد بۆ عەرەب لە ولاتی حیجازو (ئیسحاق و یەعقوب)مان نارد بۆ سەر ئەو قەومەی ئیبراهیم لەناویان بوو، وە (یوسف)مان نارد بۆ گەلی (ئەقبات) وبەنی ئیسرائیل و(ئەیوب)یشمان نارد بۆ سەر قەومی بەنی ئیسرائیل و (شوعەیب)یش بۆ ئەهلی مەدیەل (سەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێ).

دڵڕەقی خۆیان مانەوەو، وازیان لە بت پەرستی و خراپەکاری نەهێنا ئەوجا خودا لێرەدا لەبارەیانەوە دەفەرمووێت بەو شێوەیەی کە دڵی ئەوانمان مۆر کرد هەروا دڵی ئەوانیش مۆردەکەین کە لە ڕێگای ڕاست لادەدەن و ئاژاوە لەسەر زەویدا ئەنێنەوە، ئەوانەی حاشا لە ئایینی پیرۆزی خودا ئەکەن.

(داستان و چیرۆکی حەزرەتی مووسا و هارونی برای لەگەڵ فیرعەون و تاقمەکەی)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەم داستان و چیرۆکە دووەم چیرۆکی سورەتی (یونسە) و ئەویش چیرۆکی حەزرەتی مووسا و حەزرەتی هاروونە لەگەڵ فیرعەون و تاقمەکەیدا ئەوجا بەسەرهاتی حەزرەتی مووسا و هاروون لەگەڵ فیرعەون و هۆزەکەیدا چەند جارێك لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، بۆ ئەوەی بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کە هێزی حەق و ڕاستی دەنگی پێغەمبەرایەتی هەمیشە سەرکەوتوون بەسەر ئەو یاخی بوانەی لاف و گەزافی زوڵم و زۆرداری پاشایەتی و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لێ ئەدەن، لەبەرامبەر هێزو دەسەڵاتی خوای پەروەردگاری لە ئاستی حەق و دادگەری خوای مەزن خۆڕاناگرن و کۆڵ ئەدەن ئەبەزن، جا ئەم چیرۆکە لەپێنج بەش پێك دێت ١- بەشی یەکەم حیوارو گفتوگۆی حەزرەتی مووساو فیرعەونە[1]، لەگەڵ دارودەستەی تاقمەکەیدا ئینجا دێتە سەر داستانی حەزرەتی مووساو هاروونی برای

(١) بڕوانە تەفسیری (ڕەوان لە نووسینی مامۆستا مەلا مەحمود گەڵاڵی) لەگەڵ دەستکاری خۆم، بەرگی/٦، لاپەڕە/٢١٦، هەروەها بڕوانە(تەفسیری گوڵشەنیش)

(سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەست پێ ئەکات لە قۆناغی بڕوانەهێنان و بەر لێ بڕینەوە، دوایی پێ ئەهێنێ بەباسی نوقم کردن و خنکاندنی فیرعەون[1]، و لەشکرەکەی بە فراوانتر و درێژتر لەوە لە داستانی نوح دا

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لە قورئانی پیرۆزدا زۆر باسی داستان و چیرۆکی موسا پێغەمبەر (علیە السلام) لەگەڵ فیرعەون کراوە بەلاَم ووشەی فیرعەون (٧٤) جار هاتووە لە ئایەتەکانی قورئاندا جگە لەوەی کە بە شێوەی آل فیرعەون دا ١٤ جار هاتووە بەلاَم خۆی ووشەی فیرعەون ناوێکی تایبەت نیە بۆ پاشاکانی (فەراعنە) چونکە لەبۆ هەر فیرعەونێك ناوێکی تایبەت هەبوو، بەلاَم ئەوەی راستی بێت لە (کتێبە مێژوییە) کۆنەکان هاتووە کە ووشەی (فیرعەون) بە واتای ئەو کەسە دێت کە لەناو کۆشك و تەلار نیشتەجێیە، بۆیەش تەماشا دەکەین ووشەکە لە قورئاندا بە شێوەی (نەکیرە) هاتووە، واتە نەناسراو لەبەر ئەوەی نە نازناوە نە بۆ کەسێکی دیاریکراوە بەلاَم وەك واتایەك بەکار هاتووە تەنها بۆ ئەو دەسەلاَتدارەی کە لەکۆشکی (حوکمڕان) نیشتەجێیە بەلاَم ووشەی (آل فرعون) زیاتر بۆ ئەوە بەکار هاتووە کە تایبەت بێ بە ئەو خێزان و خزم و ئەو زنجیرەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو خێزانە فەرمانڕەوایە، وەك هاتووە زنجیرە خێزانەکانی فیرعەون لەیەك خێزانەوە دەستی پێکردو تا دواهەمینیان کە دەڵێن (٣٠) خێزان بوونە، بەلاَم ئەوەی کە زیاتر باس کراوە قورئانی پیرۆز زۆر بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا باسی کردووە، ئەو (فیرعەونە) زاڵم و ستەمکارە بوو کە داوای خوایەتی کردووە (العیاذ بالله) هەروەها زوڵمێکی زۆری لە خەڵکی بێ گوناه کردووە، بەسەدان منداڵ و گەنجی سەربڕیوەو تا غەدرەکەی بە نیهایەت گەیشتووە ئەوجا پەروەردگار (مووساو هارونی) برای رەوانە کردووە بە پێغەمبەرو، رابەرو (هیدایەتییان)، بۆ رزگارکردنیان لە زوڵم و زۆرداری (فیرعەون) و دارو دەستەکەی و(فیعلن) لەسەر دەستی ئەو زاتە خوای گەورە رزگاری کردن و وەك قورئان لەبارەیانەو ئەفەرمووێت ﴿ وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴾ سورەتی البقرە، ئایەتی/٤٩، لە پێشەوە تەفسیر کراوە بڕوانە پەرتووکی واتایی زاناکان لە قورئاندا لە نووسینی (دکتۆر دڵشاد ئەحمەد)، لاپەڕە/٣٣، لە لەگەڵ دەستکاری

(سەلامی خـوای لـێ بێـت) باسـی کـرد، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ وَهَـٰرُونَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ بِـَٔايَـٰتِنَا فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ (أي ثُمّ أرْسَلنَا من بعد هـؤلاء الرّسـل(موسـى وهـارون) إلى فرعـون الطاغيـة الجبّـار (وملتـه) أي أشراف قومه بآياتنا التسّع فتكبّروا عن الإيمان بِهَا وكـانوا قومـاً مُجْـرمينَ تَعودّوا الأجرام وارتكاب الذنوب العِظام) واتە: ڕەوانەمان کرد لـەپاش ئـەو نێرراوو پێغەمبەرانە حەزرەتی (مووسا و هـارون)مـان کردنـە پێغەمبـەرو بۆلای فیرعەون و دارودەستەکەی ڕەوانـەمان کـردن بـە (مـوعجیزە)و بـە بەڵگە و نیشانەی ئاشکراو بەهێزەوە ناردمانن بۆ سەر فیرعەون و تـاقم و کۆمەڵەکـەی کەچـی فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی لـەجیاتی ئـەوەی بـڕوا بکـەن و ئیمـان بهێـنن و ئـەوجا لـەخۆبایی بـوون و لوتبـەرزیان کـردو هەروەها شوێنی ڕێبازی حەق نەکەوتن و ئیمانیان بـە پـەیامی حـەزرەتی (مووساو هـارون) نـەهێنا، هـەروەها باوەڕیـان بـە نـۆ ئایەتەکـە نـەهێناو خۆیان بە گەورە گرت و یاخی بوون لە خواو لە بیرو باوەڕی ڕاسـتەقینەو هــەر (موشــریك) و تاوانبــار بــوون چــونکە بەڕاسـتی ئەوانــە گــەل و نەتەوەیەکی تاوانبار و تاوانکار بوون و تاوانی مەزنیان ئەنجام ئەدا وەکو بــەدرۆ خــستنەوەی پێغەمبــەرانی خــواو ڕەتکردنــەوەی (وەحــی) پەیامەکەیان بوو، جا خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوٓا۟ إِنَّ هَـٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٦﴾ ﴾ (أي فلمّــا ظَهَــرتْ لهــم معجزة موسى (اليد والعصا) على أوضح الوجوه قَالوا هذا سِحْرٌ وَشعوذة)،

أراد موسى أن يَسْحرنا بِهَا، واتـه: کاتێك کـه حـەق و راسـتیان بـۆ هـات لەلای ئێمەوە گوتیان ئەوە مووسا جادوکەرێکی ئاشکرایەو، مەبەسـتیان دەست و (دارعەساکەی) مووسا بوو.

(درێژەی واتاکان)

واتە: بەڕاستی کاتێك لەلایەن ئێمـەوە چـەند (موعجیزەیـەك) هـات بـۆ فیرعەون و قەومەکەی وەك ئەوەی کە (دارعەصاکەی) واتە: گۆچانەکەی حەزرەتی مووسا ئەبووە ئەژدیها و یان مارێکی گەورە وە دەسـتی سـپی دەبوو چەندین موعجیزەی تریش کە هەر هەموویان شایەت بـوون لەسـەر پێغەمبەریەتی (مووساو هـارون)ی بـرای کەچـی لـەباتی ئیمـان هێنانیـان گوتیـان سـوێند بـەخوا ئەمانـە (سـیحرێکی) ئاشـکران و مـوعجیزە نـین هەروەکو کافرەکانی قورەیش دەربارەی قورئانی پیرۆز وایـان دەگـوت و ئەیان گووت (محمد) ئەو قورئانەی هێناوە ئـەوە جادویـەکی ئاشـکرایە ، جـا ئـەم درۆو دەلەسـەیان هەڵئەبەسـتا جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: لەسـەر زوبـانی حـەزرەتی مووسـاوە ﴿قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمْۖ أَسِحْرٌ هَٰذَا وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾﴾ واتـە: حـەزرەتی مووسا لە وەڵامیاندا فەرمووی چۆن ئێوە بەهەق و راستیە کە هاتە لاتـان دەڵـێن ئەمـە (سـیحرە)و یـانی جـادووە، ئـەوجا بێگومـان ئەگـەر ئـەمن ساحیرو جادوگـەر بم خـۆ هـەرگیز جادووگـەران سـەرکەوتوو نـابن خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا

﴿وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ ﴿٧٨﴾﴾ (أي قَالُوا أجئتنا لِتَصْرِفَنَا عَنْ دين الآباء في عبادةِ إلهنا فرعون؟ ويكون لَكَ ولأخيكَ هارون العظمة والسلطان؟)، واته: گوتیان ئایە تۆ ئەی مووسا بۆ ئەوە هاتووی بۆ ئەوەی لاماندەی لەسەر ئەو ڕێبازەی کە باوك و باپیرانی خۆمان بێنین کە ئێمە لەسەری بووین؟ وەرمان گێڕی و لامان بدەی ئایە خۆت و براکەت دەتانەوێت میراتی و پاشایەتی کورەی زەوی بۆ ئێوەبێت؟ واتە باش بزانن ئێمە هەرگیز باوەڕ بەهیچ کامتان ناکەین و ئێوە بە پێغەمبەر نازانین و نایەینە سەر ئایینی ئێوە کە جیاوازە لە ئایینی باوك و باپیرانی ئێمە، چونکە بەڕاستان نازانین و واز لە ئایینی خۆمان ناهێنین.

(حەزرەتی مووساو جادووگەرەکان)

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ٱئْتُونِى بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿٧٩﴾﴾ واتە فرعەونیش بە دارودەستەکەی گووت هەموو ساحیران و جادگەرێکی شارەزا و لێزانم بۆ کۆبکەنەوە و بیانهێنن بۆم بەڵکو مووساو هارون ببەزێنم جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ ﴿٨٠﴾﴾ واتە کاتێ کە جادووگەران حازرو ئامادەبوون لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا جا حەزرەتی مووسا پێی ووتن دەی بزانم ئێوە چیتان هەیەو چیتان لەدەست دێت بیکەن و ئەنجامی بدەن، جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨١﴾ ﴾ واتە: کاتێك کە جادووگەران هـاتن و دەستبەکار بوون ئینجا حەزرەتی مووسا پێیگووتن ئەوەی کە دەیکەن و نیشانی خەڵکی دەدەن، ئەمە جادوو چاوبەستەو وە لە هەندێ ئایـەتانی تردا ئەفەرمووێ کاتێك گشت ساحیرەکان هاتن و کۆبوونـەوە ووتیـان بـە مووسا یا تۆ دەستپێشخەر بەو شتی خۆت پیشان بدە یان ئێمـە دەسـت پێشخەری دەکـەین، حـەزرتی مووسـاش فـەرمووی ئێـوە چیتان هەیـە هەڵیدەن، ئینجا ئەوانیش کۆمەڵێك پەتیان هەڵداو کە هەمووی بوو بـەمار ئینجا حەزرەتی مووسا پێی ووتن من دڵنیـام کـە خـوای گـەورە بـەتاڵ و پوچـەڵی دەکاتـەوە بۆتـان چـونکە خـوای گـەورە کـارو کـردەوەی ئـەو کەسـانە چـاك و سـەرکەوتوو ناکـات کـە تـۆوی فەسـادو تـاوان دەچـێنن ئـەوجا هـەروەکو خـودا لـە (سـورتی شـوعەرادا) دەفـەرمووێت، کاتێـك حـەزرەتی مووسـا دار عەسـاکەی دەسـتی هەڵـدا بـوو بـە ئەژدیهایـەکی گـەورەو مـەزن ئینجـا گـشت مارەکـانی سـاحیرو جادووگـەرانی خـواردو قووتی دان، جا بێگومان خوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ واتە: خوای گەورە بە ووتەو بە بەڵگـەکانی خـۆی هەمیـشە هـەق و راسـتی سـەردەخات، ئەگەرچـی تاوانبارانیش پێیان ناخۆش بێت، جا خوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿ فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوْمِهِۦ عَلَىٰ خَوْفٍ مِّن فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِمْ أَن

يَفْتِنَهُمْ ۚ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ أي ما آمَنَ مَعَ مُوسى ولا دَخَلَ في دِينِهِ بعدَ مُشاهَدَةِ تِلْكَ المُعْجِزاتِ الباهِراتِ إلاّ نفرٌ قليلٌ مِنْ أبناءِ بني إسرائيل خَوْفاً من طُغيانِ فرعونَ وَجَبَرُوتِهِ أنْ يصرفَهُمْ عن دينهم بأنواع العذاب والبلاءِ وَحقاً إن فِرعونَ قَدْ جاوز الحدَّ في البغي والإجرام والكِبرِ وَالعتوِّ حَتى أدّعى الرُّبُوبيةَ لِنفسِهِ، واتە: کەس باوەڕی بە حەزرەتی مووسا نەهێنا تەنها لە سەرەتاوە چەند تازە لاوێکی قەمەکەی نەبێ، کە لەنەتەوەکەی خۆی بوون بە دزی لەترسی فیرعەون و دارو دەستەکەی نەوەك بیان کوژن یان لەناویان بەرن، جا بەڕاستی فیرعەون بەهێزو دەسەڵاتدار بوو لە زەویدا لەوانەش بوو کە زیادەڕەویان دەکرد هەروەها یەکێ بوو لە سنوور دەرچووان.

(درێژەی واتاکان)

واتە جگە لەچەند گەنج و لاوێك لە خزمانی خۆی نەبێت مەگەر کەسێك نەبێ ئیتر کەس باوەڕو ئیمانی نەهێناو لەدوای ئەو هەموو موعجیزەو بەڵگەو نیشانانەدا چونکە ئەوان لە فیرعەون و دارو دەستەکەی دەترسان کە ئێش و ئازارو ئەشکەنجەیان بدەن و لەو ئایینە بەزۆر وەریان گێڕن، جا هەروەکو قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووە فەرموویەتی بەڕاستی فیرعەون لە زەویدا واتە لەسەر زەوی وڵاتی خۆیدا گەورەیی بۆخۆی بڕیار دابوو وە لە خراپەکاریدا سنووری بەزاندبوو جا بێگومان ئەوەی راستی بێت هێندە مەغرورو بتزان و سەرکەش بوو لەناو تاقم و گەلەکەیدا خودایەتی بۆخۆی بڕیار دابوو.

(حەزرەتی مووسا هانی قەومەکەی ئەدا پشت بەخوا ببەستن)

خوای گەورە باسی حەزرەتی مووسا ئەکا (سەلامی خوای لێبێت) بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی بە قەومەکەی پشت بەخوای گەورە ببەستن هەروەکو ئەفەرمووێت﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوْمِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ واتە: حەزرەتی مووسا بە قەومەکەی خۆی گووت ئەی قەومی من ئەگەر بەتەواوی ئیمان و بڕواتان هێناوە، وازتان لە بت پەرستی و فیرعەون هێناوە ئەوە پشت بەخوای گەورە ببەستن [1]، ئەگەر بەڕاستی خۆتان بەو سپاردووە.

جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَقَالُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ واتە: ئەوانیش گوتیان ئێمە تەنها بەخوا پشتمان بەستووەو تەنها پەنامان بەو بردووە هەروەها کاری خۆمان دایە لای ئەو زاتە پەروەردگارە جا ووتیان ئەی پەروەردگاری ئێمە مەمانخەرە بەر فیتنەو ئاژاوەی ئەوان و یان تاقیکردنەوە لەبەر دەستی قەومەکەی زاڵم و ستەمکاراندا تا ئەوان زاڵ نەبن بەسەرماندا لە ئاینەکەماندا وەرمان نەگێڕن، وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿ وَنَجِّنَا

---

(١) چونکە (مووسا) کە بینی ئەو کۆمەڵەی کە ئیمانیان پێ هێناوەو هاتوونەتە سەر ئایینی ئەو جا مووسا ترسا لە فیرعەون و دارودەستەکەی کە ئازارو سزایان بدات و کێشەیان بۆ درووست بکات و ئینجا وای فەرموو...هتد.

بِرَحْمَتِكَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ واتە: خودا بەرەحم و سۆزی خۆت و بەسۆزو میهرەبانی خۆت دەرگای خێرمان لێ بکەرەوەو وە لە چنگی فیرعەون و دارو دەستەکەی وە قەومە بێ باوەڕەکەی نەجاتمان بدەی و رزگارمان بکەی، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَٱجْعَلُوا۟ بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾

(أي اَوْحَيْنا إلى رَسُولنَا مُوسى وأخيهِ هارونَ بأن اتخذا بِبَني إسرائيل بيُوتاً لِلصلاةِ وَلِلْعبادةِ وَاجْعَلُوها مُصلّى لَكُمْ تُصلّون فيهَا عِند الخوف[1]، واتە: سروش و (وەحیمان) کردە لای مووسا و براکەی بەوەی چەند خانوو و ماڵێك بڕیار بدەن پێکە وەبنێن بۆ قەومەکەتان لە میصردا کە تیایدا ئارام بگرن و بیحەوێنەوەو بیکەنە (قیبلە)و پەرستگاو نوێژی تێدا بکەن و بەجێی بێنن بۆ ئەوەی بێ باك و ترس نەك لە شوێنی تایبەت کۆببنەوەو بێ بڕواکان زیانتان پێ بگەیەنن جا موژدە بدە بەوانەی کە ئیمان و باوەڕی دامەزراویان هەیە.

---

(١) قال إبن عباس (رضي الله عنهما)(كانوا خائفِينَ فأمروا أنْ يُصلّوا في بيوتهم)، واتە: ئیبن و عەباس (رەزای خودایان لێبێت) ئەڵێ ئیماندارەکان زۆر لە فیرعەون و دارودەستە ستەمکارەکەی ئەوە دەترسان کە ئازارو ئەشکەنجەیان بدەن ئینجا بۆیە فەرمانیان پێکراوە کە لە ماڵەوە خواپەرستی خۆیان بکەن و نەچنە دەرەوە، بڕوانە (التفسير الواضح الميسر)، بقلم الشيخ محمد على الصابونى، لاپەڕە/٥٢٨.

(دوعاکردنی حەزرەتی مووسا لە فیرعەون و دارودەستەکەی)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەپاش ئەوەی حەزرەتی مووسا (علیە السلام) نائومێد بوو لە فیرعەون و دارودەستەکەی هەروەها چاوەڕوانی هیچ خێرو چاکە بوونێکی نەما لێیان ئینجا رووی کردە خوای پەروەردگار و ئەم (دوعا)و نزایەی لێ کردن هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَا إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِكَ رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ (٨٨) ﴾ واتە: حەزرەتی مووساش فەرمووی ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ لە ژیانی دنیادا رازاوەیی ماڵ و داریی‌و سامانێکی زۆرت داوە بە فیرعەون و قەومەکەی، ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆش ماڵ و سامانەکەیان (طمس) بکەو مەحوی بکەرەوەو بیفەوتێنە و دڵیان زیاتر توونودو ڕەق بکە و ئەوان ئیمان و باوەڕ ناهێنن تا سزای ئازاردار بە چاوی خۆیان نەبینن و گیرۆدە نەبن، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَٱسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (٨٩) ﴾ (أي قَالَ رَبُّهُ قَد أجَبْنَا يا موسى دعاءك عَلَى فرعون وَمَلَئه فَاستَبشَرَ بهلاكهم واسْتَقم عَلَى أمْر الله أنتَ وَأخوكَ هارون حَتّى يُقضي الله بينك وبين القوم الظالمينَ وَلا تَسلكا سَبيل الجَهلَة الذين لا يعلمون حكمة الله قال العلامة الطبري روي أنّه مَكَثَ بَعْدَ هَذه الدّعوة أربعينَ سنة ثم أغرق الله

فرعون وَقومَهُ المُجْرمين)، واتة: خـوا فـەرمووی (جـلّ جلالـه) داوایـەکتان لەلایەن منەوە وەلأمدایـەوە هـەروەها جـێ بـەجێ کـراو ئـەوجا هـەردووکتان خۆتان راست راگرن لەئاست جـێ بـەجێ کردنـی فەرمانـەکانی منـدا رێگـەی ئەوانەش مەگرە کە هیچ لەبارەی ڕاستی وادەو پەیمانەکەی منەوە نازانن.

(درێژەی وتـاکـان)

واتە بەڕاستی نزاو دوعاکـەتان وەرگـیراو قبـولّ بـوو ئـەی مووسـا ئـەو دوعایەی لە فیرعەون و دارودەستەکەیتان کرد وە موژدەشتان بدەمیّ کە فیرعـەون و قەومەکـەی لـەناو دەچـن و ئێـوەش لـەو مەیدانـەدا خـاوەن ئیـستیقامە بـن هـەروەها سـابت و دامـەزراو بـن و لەسـەر کـاری خۆتـان خۆڕاگر بن و لەسەر فەرمانەکانی خوداو تۆو براکەت هاروون تابزانن خـوا فەرمانی لەسـەر چیەو پەلـەش مەکـەن لـە کارێك کـە کـاتی نـەهاتووەو ماویەتی[1]، هەتا خودا ئەو (قەومە) زالّم و ستەمکارە لەناو ئەبات، ئینجـا شوێن رێگای ئەوانە مەکـەون کـە نـەزان و نـەفامن لـەبارەی (حیکمـەتی) خـودا هیـچی لـیّ نـازانن و ئینجـا لـە ڕێـی ئەوانـەوە مەچـن کـە نـازانن هەڕەشـەی مـن چـەندە سـەختە، ئـەوجا (زانـای تەبـەڕی) ئەفـەرمووێت هەروەکو (ریوایەت) کراوەو ئەلێن پاش چلّ سـالّ ئینجـا ئـەو دوعایـەیان گیراو قەبولّ بوو تا خوای گەورە فیرعـەون و گەلـە تاوانبارەکـەی بـن بـڕ

---

(١) خوای گەورە بە حەزرەتی مووساو هارون ئەفەرمووێ دەوام بکەن لەسەر کاری خۆتان و بەنی ئیسرائیلی بانگ بکەن بۆلای خوداو هەرگیز مەکەونە شوێنی ئەوانە کە ئیمان و باوەڕ نامێنن بە خوای خۆیان.

کردو لەناوی بردن[1].

(رزگار بوونی نەوەی ئیسرائیل و نوقومبوونی ئالی فیرعەون و دارو دەستەکەی)

جـا زۆربـەی (موفەسـیرەکان)[2]، ئەفـەرموون کۆتـایی داسـتان و چـیرۆکەکە بـەوە دێنـێ کـە خـودا دوعـای حـەزرەتی مووسـای گیراکـردو فـەرمانی بـە (بـەنو ئیـسرائیلیەکان) کـرد کەلـە کـاتێکی دیـاریکراودا لـە وەلاتی میصر دا برۆنـە دەرێ هۆکـاری چونەدەەروەشـی بـۆ گونجانـدن، ئەوجا خوای پەروەردگار لێرەدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن فیرعـەون و لەشکرەکەی نوقم کـردووە لـە دەریـادا و خنکانـدنی جا هـەورەها کـاتێ نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ مووسا لە میـسر چوونە دەرەوە، وەك گـوتراوە (شـەش سـەد هـەزار) جـەنگاوەر بـوون جگـە لـە ژن و منـداڵ و پـیرو پەککەوتەکان، ئـەوجا وەکـو دەڵـێن بـەنو ئیـسرائیلیەکان پـێش ئـەوەی (میـصر) بـەجێبهێڵن خـشڵ و زێـرو زیـوێکی زۆریـان لـە (قیبتیـەکان) وەرگرتبوو هەموویان لەگەڵ خۆیـان بـردو بۆیـە فیرعـەون تورەبـوو ڕقـی هەڵسا لە بەنی ئیسرائیلیەکان ئینجا ناردی بەشارەکەدا بۆ کۆکردنـەوەی

---

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەو دوعاو نزایەی کە مووسا (ع) کردی هەر لەلایەن خۆیەوە نەیکرد بەڵکو لەلایەن هارونیشەوە بوو بێجگە لەوەش ئەم ئامینی لەسەر ئەکرد.

(٢) (موفەسیرەکان) زۆربەیان ئەم داستانەو چیرۆکەیان هێناوە، وەکو پێشەوا (تەبەری و ابن کسیرو قورتبی و پێشەوا رازیو خازن و تەفسیری مدارك و نابلسی) و زۆرانی تریش.

خـەڵکی و سـوپاو لەشـکرێکی زۆری لـە وەڵاتـی میـصردا کـۆکردەوە بەسامێکی گەورەو ئێجگار زۆرو گەورەوە چووە دوایان و کەس لەوانە کە خـاوەن توانـاو دەسـەڵات بـوو لێـی دوانەکـەوت لـە وڵاتەکەیـدا و هـەموو لـەکاتی هـەڵاتنی خـۆردا پەیوەنـدییان پێـوە کـرد، وەکـو ئـەم ئایەتـە ئەفـــــــــــەرمووێ ﴿فَلَمَّا تَرَآءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ﴾ سورەتی/ الشعراء، ئایەتی/٦١، ئەوکاتە کە هەردوو کۆمەڵ یـەکتریان دی و هاورێیـانی مووسـا ئـەڵێن بێگومـان ئێمـە گیرایـن چـونکە ئـەوان کـاتێ گەیشتنە کەناری دەریاکە و فیرعەون بەدوایاندا بووە هیچ شـتێ نـەمابوو جگە لـەوەی ئـەو دوو کۆمەڵـە بێنـی بەیەکـداو شـەڕ بکـەن، هاوەڵـەکانی مووسا لە مووسایان ئەپرسی کە چۆن ئێمە رزگار ببین لـەوەی کـە تێـی کـەوتوین ؟ حـەزرەتی مووسـاش ئەیفـەرموو بێگومـان مـن فـەرمانم پـێ دراوە لێرەوە بـڕۆم ﴿قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ﴾ سـورەتی الـشعراء ، ئایەتی/٦٢، هـەروەها مووسـا ئەفـەرمووێ بەگەلەکـەی ئێـوە نـابێ هـیچ بترسن چونکە پەروەردگارم بەم زوانە دەریاکـەمان بـۆ (شـەق) ئـەکات و لێی دەرباز ئـەبین جـا بێگومـان لـە ئـانی تـەنگاوەدا خـوا دەروومـان لـێ ئەکاتەوە ئەڵێن و ئەگێڕنەوە ئەوکاتەی کە فیرعەون و سوپاکەی کەوتنـە دوای بەنی ئیسرائیلیەکان لایـەکیان بـووە سـوپاو لایـەکیان بـووە دەریـا ئینجا خوای گەورە فەرمانی دایە حەزرەتی مووسا کە (بەدار عەساکەی) بکێشێ بە دەریاکەداو ئەوجا دای لێی و دەریاکـە[1]، شـەق و لـەت بـوو و

(١) (موفەسیرەکان) ئەڵێن دەریاکە مەشور بووە بە (دەریای سوور) هەروەها

هەر لەتێکی وەك کێوێکی گەورەی لێهات بوو بە دوانزە رێگاو بۆ هەر بەرەبابێ رێگایەك خوای گەورە فەرمانی دا بە هەوا و زەویەکە ووشك بۆوە جا خوای گەورە لەبارەیەوە ئەفەرمووێ ﴿فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ طَرِيقٗا فِي ٱلۡبَحۡرِ يَبَسٗا لَّا تَخَٰفُ دَرَكٗا وَلَا تَخۡشَىٰ﴾ سورة طە، ئایەتی/٧٧، ئەی مووسا رێگایەکی ووشکیان بۆ بگرە بەر لە دەریادا مەترسەو فیرعەون بگات پێتان مەترسە لە خنکانیش خوای گەورە ئەتانپارێزێ و قوتارتان ئەکات ئینجا بەرەی ئیسرائیل لە دەریاکەدا پەرینەوە کاتێ کە دوایین کەسیان لە دەریاکە چوونە دەرەوە فیرعەون و سوپاکەی گەیشتنە دەریاکەو چونکە (سەد هەزار رەشی قیبتی) لەگەڵدابوو جگە لە رەنگەکانی تر جا کاتێ فیرعەون ئەوەی بینی سەری لێ شێواو ترسا و نەیدەزانی چی بکات وە دەیویست بگەرێتەوە، بەڵام شەرمی بەخۆ بوو چونکە کار لەکار ترازاو هیچ دەرفەتێك نەما قەدەری خوا کاری خۆی کردو نزاکەی حەزرەتی مووساو هارونی برای (قەبوڵ) بوو، حەزرەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێبێت) بەسواری ماینێکی توندوتیژەوە هات بەلای ئەسپەکانی فیرعەوندا رۆیشت و پەلاماریان داو حەزرەتی جوبرەئیلیش چووە دەریاکەو ئەسپەکانیشی بەدوایدا چوون ئینجا فیرعەون هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خۆیدا نەماو ئەوجا رووی کردە سەرکردەکانی و پێی گووتن نەوەی ئیسرائیل لە ئێمە شایستەتر نین بە دەریادا برۆن و لێی دەرباز ببن ئینجا سوپاکەی فیرعەون هەموویان

ناوداریشە بە (دەریای سویس).

خۆیان خستە ناو دەریاکەو هیچ کەسیان نەما نەچنە ناوی حەزرەتی (میکائیل)یش بەدوایاندابوو وازی لە کەسیان نەدەهێنا هەتا بەوانی دەگەیاند ئینجا کاتێ کە هەموو بەتەواوی کۆبوونەوە لە دەریاکەدا ئەوانەی لە پێشەوە بوون ویستیان لە دەریاکە دەرچن بەلاَم (قارو غەزەبی) خوا هات و دەریاکە خۆی لێکدا و کەسیان لێ دەرنەچوو و شەپۆڵەکانی بەرزی دەکردنەوەو نزمی دەکردنەوە لەسەر تەرمەکانی فیرعەون و سوپاکەی فیرعەون ژێر شەپۆڵەکانی کەوت و مەرگ یەخەی پێ گرت و خنکاو لەناو دەریاکەو ئەوجا خوای گەورە ئەو رووداوەمان بۆ ئەگێرێتەوە وەك ئەفەرموویێت﴿ وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتۡبَعَهُمۡ فِرۡعَوۡنُ وَجُنُودُهُۥ بَغۡيٗا وَعَدۡوًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدۡرَكَهُ ٱلۡغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٩٠﴾ ﴾ (أي وَقطعنا ببني إسرائيل البَحْرَ حَتّى جاوزوهُ فلَحقهم فرعون مَعَ جنوده ظُلماً وَعدواناً وطلباً للإستعلاءِ في الأرض بغير حَقّ فلمّا فرق وأيقن بالهلاك قَالَ فرعون آمنتُ باللهِ وَحده الإله الحق الذّي آمنت بهِ بنو إسرائيل وأنا ممّن أسْلَمَ نَفسَهُ وَأخْلصَ في إيمانهِ أعلن إسلامه وَصدّق بوحدانيـة الله ظنّاً منهُ أنّ ذَلكَ يُنْجيهِ من عذاب اللهِ وَيخلّصهُ منَ الغَرقِ وَهيَ تَوْبَةُ اليائسِ منَ الحياةِ)، واتە: بەنی ئیسرائیلشمان لە دەریا تێپەڕاند لەو جێگەیەوە کە دەریاکەمان لەت کرد نەوەی ئیسرائیلمان پەڕاندەوە، ئینجا وامان کرد کە فیرعەون و شوێن کەوتە ستەمکارەکانی کە بە زوڵم و ستەم و زۆرداری کەوتبوونە دوایان بچنە ناو دەریاکە، جا دەریاکەیان بەسەردا

هاتەوە یەك، یانی بەفەرمانی خودا خۆی لێكداو ئەوجا فیرعەون هەستی كرد وا خەریكە وا دەخنكێت و ئینجا ووتی باوەڕم هەیەو یا هێنا كە هیچ خوایەكی تر نیە جگە لەو خودایەی كە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێناوەو وە من لەو خەڵكە موسڵمان و ملكەچانەم كە بۆ خوا ملكەچن.

(درێژەی واتاكان)

واتە ئێمە بەنو ئیسرائیلیەكانمان پەڕاندەوە لە دەریای سوور ئینجا فیرعەون و لەشكرەكەی شوێنیان كەوتن بەڵام نەك بە نیازێكی پاك و لەبەر كارێكی چاك بەڵكو لەبەر زوڵم و ستەمكردن و دوژمنایەتی و دەستدرێژی لێیان بەبێ هەق و مافێكی ڕەوا هەتا كاتێك خنكان و نوقم بوون گەیشت بە فیرعەون واتە چوو بۆ ناو دەریاكە هەتا گەیشتە ئەوەی نوقم ببێ و ئومێدی ڕزگار بوونی نەما لەوكاتە گووتی ئەوا بڕوام هێنا كە هیچ خوایەك نیە بێجگە لەو كەسەی كە (ئیسرائیلیەكان) بڕوایان پێ هێناوە و من لە ملكەچ و موسڵمانانم و لەوانەم كە بەناچاری ملكەچ ئەكەن دیارە بڕوا هێنانی وا هیچ نرخێكی نیە چونكە گومانی هەبووە ئەگەر پاشگەز ببێتەوە ڕزگاری ئەبێ لە سزای خودا چونكە بێ بەش بووە لە ژیانی خۆیدا و هیچ ئومێدێكی نەماوە.

(حەزرەتی مووساو گەلەکەی رزگاریان ئەبێ و فیرعەون و گەلەکەی دەخنکێن)

(موفەسیرەکان) ئەڵێن فیرعەون لێرەدا سێ شتی ووت (هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد) (یەکەم): ئیمانم هێناوە، (دووەم): من لە موسڵمانانم، (سێیەم): وازی لە خودایەتی هێنا، بەلآم ئەو بیرو باوەڕو ملکەچیە هیچ سودێکی پێ نەبەخشی هەروەکو کورد ئەڵێ (تۆبەی گورگ مەرگە) جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ ﴾ (أي الآنَ تُؤمن وَتَتُوب وترجع عَنْ طُغيانك حينَ يَئِسْتَ من الحياة؟ وَهلاّ تُبْتَ قبل هذا ورجعت إلى ربّكَ قَبلَ أن يُحيطَ بِكَ الهلاك؟)، واتە: بە فیرعەون گوترا ئێستا باوەڕ دەهێنیت؟ ئێستاکە موسڵمان دەبیت؟ ئایە ئێستا بڕوا دەهێنی و واز لە خوایەتی دەهێنی؟ و لافی ملکەچی لێ ئەدەیت لەکاتێکدا تۆ لەوەو پێش و تا ئێستا لە خراپەکاران و تێکدەرانی وولآت و زاڵم و ستەمکاران بوویت؟ ئێستا بڕوا ئەهێنی کە ناچاری و دەزانی تێداچوویت و رزگار بوونت نیە ؟

(درێژەی واتاکان)

واتە: ئێستا باوەڕ دێنی و موسڵمان ئەبی کە گەیشتیە کات و ساتێکی وا زانیت دەرباز بوونت نیە لە ترسی مردن ئەوجا باوەڕت هێنا و لەپێش ئێستا یاخی بووی و چی خراپە بوو دەتکرد، وە لەو کەسانە بووی کە خراپترین کەس بوون لەو کات و ساتەدا ئەو جۆرە باوەڕ هێنانەت لێ قەبوڵ ناکرێ چونکە ئیمان و باوەڕی ناچاری لەسەرەمەرگدا وەرناگیرێت، هەر بەبێ باوەڕی و (کافر)ی دەخنکێ و ئەتۆپی و بەبەر

(لەعنـەت) و نـەفرینی خـودا ئەکـەویٚ هـەتا هـەتاییٚ جا خـوای گـەورە دەفەرمویٚت: ﴿ فَٱلۡيَوۡمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنۡ خَلۡفَكَ ءَايَةٗۚ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنۡ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ (أي ففـي هـذَا الوقْـتِ وفي هذه السَّاعة نُخْرِجُكَ من البَحْرِ بِجَسَدِكَ الذّي لاَ رُوحَ فيـه لِتَكُـونَ عِبْـرَةً لِمَـنْ بَعْدكَ منَ الجبـابرةِ وَالفَراعِنَـة حَتّـى لا يَطْغُـوا مثـلَ طُغيانِـكَ وإنّ كـثيراً مِـن النّاسِ مُعرضُونَ عَنْ آياتنا لا يَعْتبرُونَ بِهَا ولا يتفكّرُونَ ولا يتأمَّلُونَ)، واتـە: ئـەمرۆ لاشـەكەت رزگـار ئەكـەین لـە تیاچـوون بـۆ ئـەوەی لاشـەكەت بمێنێتەوە هەروەها ببێت بە بەڵگەو نیشانەیەك بۆ ئەوانـەی دوای خـۆت ببێتە پەندو ئامۆژگاری چونكە بەڕاستی زۆربەی خـەڵكی لـە نیشانەكانی ئێمـە بـێ ئاگـاو غـافڵن یـانی لـە دەسـەلاٌت و مـوعجیزەو بەڵگـەی ئێمـە بیرناكەنەوە.

(درێژەی واتـاكان)

واتە: ئەمرۆ پاش خنكانت ئەی فیرعەون لەناو ئاوی دەریادا لاشـەكەت لە ئاوەكە قوتار دەكەین بۆ سەر بەرزاییەك لەسـەر ئاوەكـە بـە جەسـتەو لاشەكەتەوە بەبێ گیان بۆ ئەوانـەی بڕوایـان بـە لەناوچـوونی تـۆ نیـە بـا ئـەوان دڵنیـابن لـە مردنـی تـۆ بـۆ ئـەوەی ببیتـە پەنـدو عیـبرەت وەكـو موعجیزەیەك ببێتە دەرس و پەندو عیبرەت و ئامۆژگاری بـۆ هـەموو ئـەو فیرعەون و زاڵم و ستەمكارانەی كـە یـاخی بوبـوون لـەخوای مـەزن واتـە بێگومان زۆربەی خـەڵك غافـڵ و بـێ ئاگـان لەدەسـەلاٌت و بەڵگـەی ئێمـە عیبرەت ناگرن و فیكرو بیرناكەنەوە.

(پوختەی وتەکان):

جـا بێگومـان ئێمـە ئـەمڕۆ کەلاشـەکەت لەئاوەکـەدا دەردێـنین‌و بـەمردوویی‌و دەیخەینـە سـەر ئـەرزوو وشـکانی بۆئـەوەی ببێتـە پەنـدو (عیـبرەت) بـۆ ئەوانـەی کـە نیـشانەکان وپێغەمبـەرانی خـوای مـەزن بەدرۆدەخەنەوە لەدوای خۆشتەوە، بـەڵام زۆرێك لەخـەڵکی بـێ ئاگـان لەنیشانەو بەڵگەکانی ئێمە (فکر)وبیری لێ ناکەنەوە (عیبرەت) و پەنـدی لێوەرناگرن.

(دوو ئاگاداری گرنگ)

١- (موفەسیرەکان) لە عەبدوڵڵای کـوڕی ئیمـام عـەباس (خـوا لێیـان رازی بێـت) ئەگێڕنـەوە ئـەڵێن هەنـدێ لـە بـێ بـاوەڕان و جوولەکـەکان گومانیـان هـەبوو لـە تیاچـوونی فیرعەونـدا، چـونکە دوودڵ بـوون بـەڵام خوای بەدەسەڵات و پەروەردگار فەرمانی دا بـە دەریاکـەو کـە جەسـتەی بێ گیانی بخاتەوە سەر ئاوەکە هەتا بیناسنەوە چونکە داوای خودایـەتی دەکرد وەك قورئان ئەفەرموێت ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾ سـوورەتی (القـصص) ئایـەتی (٣٨) ئـەوجا بـۆ ئـەوەی دڵنیـابین لەتیاچـوونی و بـزانن فیرعـەون خـوا نیـەو خـۆی بـەزۆر چەسپاندووە بەخواو بە درۆ ئەوجا لە پاشان دەریاش فڕێیـدا جێگایـەکی دیاری و بەرزەوە هەتا هەموو ئەوەی لەوێ حـازر بـوون بەچـاوی خۆیـان ببینن کە ئەوە (فیرعەونە) مردووەو لاشەکەی بێ رۆح کەوتووە.

٢- هەروەها (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەبن سێبەری ئـەم ئایەتـەدا

کـە ئەفـەرمووێ: ﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ﴾ ئەمـە شـایەتێکی گـەورە لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان (ﷺ) وە لەسەر ئەوەی کە قورئـانی پیرۆز لەلایەن خوداوەیە بۆ هاتووە چونکە هـەروەکو مێژوونووسـان ئـەم راستیەیان سەلماندووە لەناو یەکێك لـە ئەهرامەکانـدا تـازە دۆزراوەتـەوە کە (فیرعەونی) کاتی مووسا بە خنکاوی لە کەناری دەریـا دۆزراوەتـەوەو براوەتە (ئەهرامێکەوە) تیایدا شاردراوەتەوە، هەروەکو لـە (مەتحـەف) و شوێنەوارو ئاساری میصریدا ئەمە دەرکەوتووە کە لاشەی ئـەو فیرعەونـە رزگاری بووە هەتاکوو ئیستاکەش پارێزراوە..

(**پاشکۆ**)

زۆربـەی (موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون (حیکمـەت) لـە رزگـارکردنی لاشەی فیرعەون دوای خنکاندنی ئەوەیە کەسانێك هـەبوون پێیـان وابـوو (فیرعەون) خودایە و نامرێ ئیتر خـوای گـەورە ویستی خـەڵکی بەچـاوی خۆیـان بـە مردوویـی ببیـنن و بـەو شـێوەی کـە خـوای گـەورە گیـانی کێـشاوەو مراندویـەتی و زەلیلـی کـردووە لەغـەیری خۆیـدا هـیچ خـوداو (مەعبودێکی) بەهەق نیەو تەنها ئەو نەبێ.

(دامەزراندنی بەرەی ئیسرائیل خۆشگوزەرانیان)

خوای مەزن باسی ئەو چاکەو بەهرانە دەکات کە دابووی بە نەوەی ئیسرائیل لەو بەهرە دینی و دنیاییانە هەروەکو ئەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ فَمَا ٱخْتَلَفُوا۟ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٩٣﴾﴾ واتە: سوێند بەخوا ئێمە ئیسرائیلیەکانمان نیشتەجێ کرد لەشوێن و جێگایەکی پەسەندو شایستەبێ بۆ گوزەرانیان یا شوێنێکی خۆش و ئارامی و کامەرانی بوو[1]، هەروەها رزق و رۆزی چاکمان پێدان، جا بێگومان جیاوازیش نەکەوتە نێوانیانەوە تا ئەوکاتەی زانستیان یان تەوراتیان بۆهات بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لە رۆژی دواییدا دادوەری دەکات لەنێوانیاندا لەو کێشەیەی کە تیایدا دووبەرەن لەبارەی ئاینەوە یان سەبارەت بەوەی لە دنیادا تێیدا ناکۆك بوون، واتە لەبارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دادوەری خۆی دەکاو تۆڵەش دەسێنێ و وەرئەگرێ.

---

(١) (موفەسیرەکان) بیریان جیاوازە هەندێکیان ئەڵێن ئەو هەرێمی ولاتی شام و فەلەستینە ، بەلام هەندێکی تریش ئەڵێن ئەم هەرێمە بریتیە لە ولاتی میصر وە ئەم ووتەیەیان بەهێزترە.

(لەگەڵێ شوێندا لە کتێبە پێشوەکاندا باسی قورئان هاتووە)

جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٩٤﴾﴾ الخطـاب ظـاهرهُ مَـعَ الرسـول (ﷺ) وَحقيقتـهُ خطـابٌ للأمـةِ، أي لاَ تَـشكُّوا يـا مَعشَر المُـؤمنينَ في هـذا القرآن فإنّه حَقٌ منزّل عِند الرّحمن فَلا تكونُوا مِن المُمْتَرين أي الـشّاكّين في أمرهِ واسْألوا أهـل الكتـاب الـذّينَ يَعْرِفُـونَ التـوراة والإنجيـل وهـم الأحبـار والرُّهبان فإنّه مُحَقّقٌ عِنْدَهُم كَما قَصَصْناهُ علَيْكم، واتە: ئەگەر لەهەر شـك و گومانێکدا بووی لەوەی کە بۆتمان هێناوەتە خـوارەوە ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەوا پرسـیار لەوانـە بکـە کـە (کتێبـە) ئاسمانیەکـەی پـێش (کتێبەکەی) تۆ دەخوێننەوە لەلایەن پەروەردگارتەوە جا تـۆ لـە شـك و گومانبەرەکان مەبە.

(درێژەی واتـاکان)

واتە ئەم (خیتابە) بەزاهیری ئاراستەی پێغەمبەر (ﷺ) کراوە بەڵام لە راسـتیدا (خیتابەکـە) ئاراسـتەیە بـۆ هـەموو ئوممـەت[1]، یـانی شـکۆو گومانتان نـەبێ ئـەی ئیمانـدارەکان لـەو قورئانـەی کـە بـۆی نێردراوەتـە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) چونکە بەڕاستی ئـەم قورئانـە هەقـەو نـازل

(١) پوختەی ووتەکە یان (خیتابەکە) بۆ پێغەمبەرەو مەبەست ئوممەتەکەیەتی.

بـووە لەلایـەن خوایـەکی بەبـەزەیی و میهرەبانـەوە، جـا ئێـوەش شـك و گومانتـان نـەبێ لـە دابـەزینی وە لـەو کەسـانەش بپرسـە کـە تـەورات و ئینجیل دەخوێننەوە بەچاکی ئاگاداری باسی هەموو پێغەمبەرانن چونکە ئەوان نـاتوانن هیـچت لـێ بشارنەوە، کەواتـە لـەو خەڵکـە دوودڵ مەبـەو بەگومان مەبە خودا دەزانی و ئاشکرایە بـە پێغەمبـەر (ﷺ) گومـانی لـە هـیچ فـەرمانێکی خـوا نـەکردووە، بـەلاّم ئەمـە پرسـیارێکە بـۆ زێـدە دڵنیاکردنەوە.

(**پاشکۆ**)

وە هــەروەها عەبـدوڵلاّی کـوڕی عـەباس (خوایـان لـێ رازی بێـت) فەرموویەتی سوێندم بە خودا پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی (لا أشُكُّ ولاَ أسأل) واتە: نە شك و گومانم هەیـە وە نـە لـە کەسـێکیش دەپرسـم، جـا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٩٥﴾ ﴾ واتــە: هــەرگیز ناشــێ ئـەی پێغەمبەر (ﷺ) لەوانەبیت کە بڕوایان بە ئایەت و نیشانەکانی خـوا نیـەو بەدرۆیان داناوە ئەوجا ئیتر بچینە ریزی خەسارەت مەندانەوە، جا خـوای گـەورە دەفــەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە بـەردەوام و مکوڕن لەسـەر بـێ بـاوەڕی و خراپــەکاری ئـەوە ئەوانــە ئـیرادەو ویـستی سـزادانی پەروەردگاری تۆیان لەسەر هاتووەتە دی و تـازە ئیمـان نـاهێنن چـونکە

بێگومــان ئەوانــە دەرگــای ئیمــان و باوەڕهێنانیــان لەســەر خۆیــان داخستووە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٩٧﴾ ﴾ (أي وَلَوْ جاءَتْهم البراهينُ وَالمعجزات حتّى ينزل بهم العذاب اللهِ الأليم فَعِندَ ذَلِكَ يَتُوبونَ وَيؤمنونَ حَتى لا ينفعهم الإيمان كما آمن فرعون حينَ وَقَعَ فِي الغرقِ فَلَمْ ينتفعُ بإيمانه، واته: ئەگەرچی چەندەها ئایەت و بەڵگەو موعجیزەش نیشانیان بدرێت هەر ئیمان و بڕوا ناهێنن تا دوچاری سزای بەئێش و ئازار نەبن و بەچاوی خۆیان نەبینن وەکو دووچاری (فیرعەون) هات و لەناو چوو، ئەوکاتەی کە نوقمی ناو دەریا بوو ئیمانی هێنا بەخواو بەڵام هیچ سودو کەڵکی لە ئیمانەکەی وەرنەگرت.

درێژەی ووتەکان)

واتە هەرچەندە هەموو ئایەت و (موعجیزە) و نیشانەو بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ و بڕوا ناهێنن، هەتا سزای سەختی ئێش و ئازار دەر دەبینن لەوکاتەدا بڕوا ئەهێنن وەکو بڕواو ئیمانی (فیرعەون) بەڵام هیچ سوودی لێ وەرناگرن چونکە بڕواکەیان بەناچاریەوە بەبێ مەیل و خواهیشی خۆیانە، جا بێگومان لەپێش چەند کاتێك بەسەرهاتی فیرعەونی زاڵمی بۆ باسکردن لەکاتی ناچاریدا ئیمان و بڕوای هێنا، بەڵام لێی وەرنەگیراو پێی گووتراوە ئایە ئێستاکە بڕوا ئەهێنی بەڵام ئەگەر نەکاتە ئەو کاتە خوای گەورەو میهرەبان بڕواکەیان لێ وەرئەگرێ وەك گەل و ئومەتەکەی یونس پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت).

کـە لـەم چـەند ئایەتـەی دواییـدا دەسـت نیـشانی ئـەکات ئەمـەش دەقەکەیەتی بە عەرەبی[1].

(هەرکاتێ عەزاب و سزا هاتبێ باوەڕهێنان هیچ سوودێکی نەبووە تەنیا بۆ قەوم و هۆزەکەی یونس پێغەمبەر نەبێ (سەلاّت و سەلامی خوای لێبێ)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئـەڵێن هـەتاکو ئەگـەر بەڵگـەو مـوعجیزەو نیشانەو کاری لەتوانا بـەدەری خوایـان بـۆ بێنـی بـاوەڕ نـاهێنن هـەتاکو عەزاب و ئازاری بەئێشی قیامەت نـەبینن ئـەوجا ئیمـان و بـاوەڕدێنن جـا بێگومان پاش ئەوەی کە باس و سەرگوزشتەی حەزرەتی نوح و مووساو هارونی بـرای (سـەلامی خوایـان لێبێـت) تـەواوبوو ئینجاکـە هـەردووکیان دوژمنیان بە خنکان لەکۆڵ بۆوەو ئەوجا دێتە سەرباسی حەزرەتی یونس پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت)، کە ئـەویش لـەناو ئـاو کەوتـە نـاو زارو زگی نەهەنگێك دوایی خوا رزگاری کـرد ئەمـەش توانـای خوامـان نیـشان ئەدات کە ئەوانـەی کـە بـە نقـووم بـوون خنکـان حـەزرتی یونسیـشی لـە نقووم بوون رزگارکرد، هەر لەبەر ئەوەش بوو خوا لە حەزرەتی نووحەوە بازی دایە سەر حـەزرەتی یـونس چـونکە هەرسـێکیان ئـاو کاریگـەر بـوو لەسەریان، جا بێگومان ئەگەر فیرعـەون و گەلەکـەی باوەڕیـان بهێنابایـە لــەئاو نــەدەخنکان بــەڵکو وەکــو حــەزرەتی یــونس (ع) دەربــازو

---

(١) ثُمَ بينَ اللهُ تعالى سنتهُ الكونية في إهلاك الظالمين وهي أنّ العذاب إذا نزل بالطغاة المتكبرين بدعاء نبيِّهم عليهم فلن يُرفع العذاب إلاّ ما كان من قومِ يونس (ع) فقد كان لهم شأن آخر حيث نَجَّاهم الله من العذاب بإيمانهم وتوبتهم.

رزگـاردەبوون ئـەوجا خـوای گـەورە دەربـارەی حـەزرەتی یـونس دەفەرمووێت ﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْيِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٩٨﴾﴾ واتە: زۆربەی خەڵكی ئەو گوندو شارانەی كە پێغەمبەریان بۆ رەوانە كردوون باوەڕیان نەهێنا، بۆیە دووچاری تۆڵـەی سزای خـوایی بوون جگە لەگەل و (قەومەكەی یونس) پێغەمبەر (ع) نەبێت كە قازانج و سوودیان لە ئیمانەكەیان بینی ئەوجا دەفەرمووێت جا لەبـەر ئـەوەی كـە باوەڕیان هێنا ئێمەش سزای سووك و ریسوایی دنیامان لەسـەر هـەڵگرتن و ژیان و رابواردنێكی خۆشمان بۆ رەخساندن تا كاتێك كـە (ئەجـەلیان) هات، یان ماوەیان دان و ژیانمان بەخۆشـی خۆیـان تـا مـاوەو كاتێك كـە ئەو ئەندازەیە خوا بڕیاری داوە لە دنیادا.

چەند ئاگادارییەكی گرنگ لەبارەی یونسەوە (علیه السلام)

١- (موفەسیرەكان) لە تەفسیرەكانیاندا[1]، ئەفەرموون خـوای گـەورە لەچەند شوێنێكدا لە قورئان باسی حەزرەتی یونـسی كـردووە (سـەلآت و سەلامی خوای لێبێت) جگە لـەوەش كـە یـەك لـە سـورەتەكانی قورئـانی پـیرۆز بـەناوی (یـونس) دا هـاتووە چـونكە بێگومـان وەكـو ئاشـكرایە

(١) بروانە تەفسیری قورتبی بەرگی/٥، لاپەڕە/٣٣٣. هەروەها بروانە تەفسیری ابن كثیر ، بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٦٣، هەروەها بروانە تەفسیری (المظهري) لە نووسینی (القاضي محمد ثناء الله الباني بيتي العثماني) المظهري،بەرگی/٣، لاپەڕە/٤٤٠.

حەزرەتی یونس (ع) چوار جاران لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بەناوی خۆی ناوی هاتووە، هەروەها لە سورەتی (النساء) لە ئایەتی /١٦٣ هاتووە.

هەروەها لە سورەتی (الأنعام) دا ئایەتی (٨٦) دا هەروەها لە سورەتی یونس لە ئایەتی ٩٨ ناوی هاتووە، هەروەها سورەتی الصافات لە ئایەتی /١٣٩، دا ناوی هاتووە، جا هەروەها بەم شێوەیەش ناوی هاتووە لە سورەتی (الأنبياء) دا لە ئایەتی/٨٧ دا ئەفەرمووێت ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا ﴾ وە هەروەها لە سورەتی (القلم) دا لە ئایەتی /٤٨، کە ئەفەرمووێت ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴾ جا هەروەها هەندێ (موفەسیرەکان) ئەڵێن ئەم زاتەی ناوی یونسە (ع) کوڕی مەتایە یا مەتیێ بووە ئەویش ناوی دایکی بووە[1]، هەندێکی تر ئەڵێن ناوی باوکی بووە.

٢- جا هەروەها زۆربەی (موفەسیرەکان) ئەفەرموون قەوم و گەلی یونس پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) کە لە نەینەوا بوون کە لە ئێستاکە بەشێکە لە (شاری موصل) بوون لە کوردستانی عیراق ، جا بێگومان ئەو قەومە دانیشتوی نەینەوا بوون لە نزیکی شاری موصلێ (بت و صەنەم)یان ئەپەرست ئینجا خودای گەورە (یونس پێغەمبەری)

---

(١) يونس هو بن متى ، ومتي قيل إسم أبيه وقيل اسم أمه، وبعض أهل الكتاب يسميه يونان إبن متاي، بڕوانە: کتێبی مع الأنبياء في القرآن الكريم لە نووسینی (عفيف عبدالفتاح طبارة)، لاپەڕە/٣٠٦

هەنارده سەریان و ئـەوجا داوای لێکـردن واز لـه بـت پەرسـتی بێـنن ئـەو گەلە یەکەمین جار وەلأمی (یونـسیان) نەدایـەوه بـەلأم یـونس پێغەمبـەر (ع) نزیکەی نۆ سالأن له نێوانیانا مایەوە، ئامۆژگاری و ئیرشادی ئەکردن بەلأم گوێیان نەئەدا یونس پێغەمبەر (ع) هەر بەردەوام بوون لەسـەر بـێ ئەخلأقی و بت پەرستی و خوانەناسی خۆیان جا کـاتێ حـەزرەتی یـونس (ع) بەتەمای چاکەو باوەڕی ئەوان نـەماو ئـەوجا ئەگـەر ئاگـاداری کـردن لەدوای سـێ ڕۆژان خـوای گـەورە سـەر لـه بەیانیەکـەی (عـەزاب) و سـزا ئەنێرێته خوارەوه بۆ سەرتان، ئینجا ئەو گەلـه بەیـەکتریان ڕاگەیانـد کـه چاودێری (یونس) بکەن ئەگەر مایەوه لەناویانا ترسیان نەبێ لەو سـزایە، ئەگـەر ڕۆیـشته دەرەوە، ئـەوا بێگومـان ئـەو سـزایه دێتـه خـوارەوه بـۆ سەریان له شەودا حەزرەتی (یونس) (علیـه الـسلام) هەنـدێ رزق و ڕۆزی هەلگرت و چووه دەرەوە، بەیانی گەلەکەی هەلّسان و گـەڕان یونـسیان نەدی ئەوجا بۆیان دەرکەوت (یـونس) ڕاسـتی فـەرمووه (عـەزاب) و سـزا ئەڕژێ بەسەریانا جا ئەوەی ڕاستی بێت ئەو قەومە پەشیمان بوونەوه لـه (بت پەرسـتی) و خراپـەو خراپـەکاری ئـەوجا بـەرگی کۆنیـان لەبـەرکردو لەشار دەرچوون و بەژن و منداڵ و خێزانەوەو به ئاژەڵیانـەوه ڕوو بـەنزاو دوعـا و پاڕانـەوه لـەخوای پـەروەردگار جـا هـەر زوڵـم و سـتەمێکیان لەیەکتری کردبوو گەردنی یەکیان ئازاد کرد جا بەو بۆنەوه خـوای گـەوره عەفویانی کردو لێیان خۆش بـوو، هـەروەها گـوتراوه ژمـارەی خەڵکەکـه (سەد هەزار کەس) بـووه یـان زیـاتر هـەروەکو ئـەم ئایەتـه ئامـاژەی بـۆ دەکـات و ئەفـەرموێت ﴿ وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِاْئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴾

سـورەتی الـصافات، ئایـەتی/١٤٧، واتـە یونـسمان رەوانـەکرد بۆسـەر خەڵکانێك کە ژمارەیان (سەد هەزار کەس) یان زیاتر بوون.

٣- باسێك لە فەزڵ و گـەورەیی یـونس پێغەمبـەر (سـەڵات و سـەلامی خوای لێبێت) جا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾ سـورەتی الـصافات، ئایـەتی/١٣٩، واتـە: بێگومـان (یـونس) لـە پێغەمبەرانـە، عَـن أبـي هُريـرةَ (رضـي الله عنـه) عَـن الـنَبيِّ (ﷺ) قَـالَ لاَ يَنْبَغِي لِعَبْدٍ أَنْ يَقُولَ أنا خَيرٌ مِنْ يُـونس بَـنْ مَتّـي) متفـقٌ عليـه، واتـە: لـە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی رازی بێت) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (بۆ هیچ بەندەیەکی من رەوانیە کە لە خۆیەوە بڵێ من باشترم لە یونسی کـوڕی مـەتتا) وە هـەروەها لـەم فەرموودەیـەش ئەفـەرمووێ (عَـنْ إبـن عَباسٍ (رضي الله عنهما) عن النبي (ﷺ) قَـالَ (مـا يبنغـي لِعَبـدٍ أنْ يَقـول إنّي خَيْرٌ مِنْ يُونسَ بنَ مَتّـي، ونَـسبهُ إلى أبيـهِ) مُتَفَـقٌ عَلَيْـه، واتـە ئـیبن و عەباس (خودایان لێ رازی بێت) ئـەڵێ پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی بۆ کـەس رەوانیـە لەخۆیـەوە بڵـێ مـن لـە یونـسی کـوڕی مـەتتی باشـترم، پێغەمبەر (ﷺ) یونـسی بـەناوی باوکیـەوە ناوهێنـا کـە مەتتایـە، وە لـە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی (گـەورەیی مـن مـەدەن بەسـەر پێغەمبـەرانی تـرو یونـسی کـوڕی مـەتی دا) دیـارە ئەمـەش لـەرووی تـەوازوح و بـێ فیـزی پێغەمبـەرە (ﷺ) وای فـەرمووە (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

(**پاشکۆ**)

جا بێگومان هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون ئەوکاتەی کە حەزرەتی یونس (علیه السلام) بەڵێنی دا بە قەومەکەی کە لەلایەن خوداوە عەزاب و سزا دێت بۆیان هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد ئینجا لەو رۆژەدا کە لە ئاسمانەوە نیشانەی قارو غەزەبی خودا پەیدابوو بووە تەم و هەورو تۆز دنیای داگرت ئینجا حەزرەتی یونس بیروباوەڕی هاتە سەر ئەوەی کە سزا دێتە خوارەوە بۆ سەر ئەو قەوم و هۆزەدا چونکە ئیمان و باوەڕیان نەهێناوە، (فیعلن) عەزاب و سزا هات بۆیان ئینجا حەزرەتی یونس (ع) تووڕەبوو لەو شیوێنە دەرچوو ڕووی کردە زێی و رووباری گەورەی (دجلە) و ئینجا سواری کەشتی بوو، وە هەروەها لەکاتی تایبەتی کەشتیەکە وەستاو لەنگەری گرت و ئینجا کەشتیەکەو (جەماعتەکەی) ناو کەشتی ووتیان (تەجرەبەمان) کردووە هەرکاتێ کەشتیەکە لەنگەر بگرێ رابوەستێ ئەوە مرۆڤێکی تاوانباری تێدایە، واتە بەندەیەکی هەڵاتووی تێدایەو کە لە گەورەو هەڵاتووەو رای کردووە ئینجا پێویستە بخرێتە ناو ئەو دەریایەدا بەڵام نەیان خستە ناو ئاوەکە تا (قورعەیان) ئەنجام دا و جا بەناوی یونس پێغەمبەر (ع) دەرچوو تا سێ جاران بەم شێوەیە ئەنجامیان دا ئەوجا بەهەموویان یونسیان خستەناو دەریاکەو ئەوجا بە (ئەمر)و فەرمانی خوا (حوتێکی) گەورە یانی ماسیەکی گەورە لە دەریاوە قوتی داو چەند رۆژێك لەناو سگی ماسی مایەوە ئەوجا زۆر پەرێشان بوو لە خودا ئەپاڕایەوە و ئەیفەرموو هەروەکو لە سورەتی الانبیاء دا دەفەرمووێ ﴿ فَنَادَىٰ فِي

ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ جا (موفەسیرەکان) ئەفەرموون حەزرەتی یونس لە چوار تاریکایی دا لەتاریکی (شەوداو) لەتاریکی ناو (بەحردا)و لە تاریکی ناو سگی (حوتداو) لەتاریکی دواڕۆژدا هاواری دەکردو دەیفەرموو (ئەی خوای گەورەو مەزن بەڕاستی کەس نیە لایەق و شایەتی عیبادەت بۆ کردن و پەرستن بێ زاتی پاکی تۆ نەبێ هەرچی کردووتەو دەیکەی بەخۆڕایی و بێ (حیکمەت) نییە و بەڕاستی من زوڵم و ستەمم لەخۆم کردوو لە ریزی زاڵمانم ئەوجا خوای گەورە (وەحی) بۆ (حوتەکە) هەناردو فەرمووی (ئەی حووت) یونسی پێغەمبەرم نەکردووە بەخۆراکی تۆ ئینجا بە ئەمرو فەرمانی خودا حوتەکە لووتی خۆی بردە نزیکی قەراخی ئاوی دەریای (دیجلە)و حەزرەتی یونسی فرێدایە دەرەوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَنَبَذۡنَٰهُ بِٱلۡعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٞ ﴾ واتە: ٠فرێمان دایە دەرەوە لە سگی نەهەنگەکە بۆ کەنار دەریایەکی رووتەن و بێ دارو درەخت هەندێ لە (موفەسیرەکان) فەرموویانە لەشی پیرۆزی وەك لەشی منداڵێکی تازە بووی ساواو ناسك و لاوازی لێ هاتبوو، ئینجا خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿ وَأَنۢبَتۡنَا عَلَيۡهِ شَجَرَةٗ مِّن يَقۡطِينٖ ﴾ واتە درەختی (یەقتینمان) بۆ ڕواند کە ئەویش ئەو دارە (کولەکەیە)و یانی بە زوبانی خۆمان داری کودی پێ ئەڵێن ، چونکە کولەکە گەڵاکانی نەرمەو سێبەری فێنك و خۆشە، مێش پێوەی نانیشێ، جا خوای گەورە دڵخۆشی پێغەمبەر (ﷺ) ئەداتەوە بەوەی (صەبر)و ئارامی هەبێ بەرامبەر گەلەکەی جا هەر کەسێ ئیمانی هێنا ئەوە بەسەرکەوتوویی و

بەختیاری ئەمرێ ، ئەوانەشی کە ئیمانیان نەهێناوە ئەوە بەبەد بەختی و ماڵ وێرانی ئەمرێ و ریسوا ئەبێ لە دونیاو قیامەتا وە هەروەها هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەم داستان و چیرۆکەدا جۆرە هەڕەشەیەکی تێدایە بۆ (کافر)ە قورەیشیەکان و دانیشتوانی مەککە و هەڵنانی ئەوانی تێدایە بۆ ئەوەی چاو لە گەلەکەی (یونس پێغەمبەر) بکەن و پێش ئەوەی بگەنە حالەتی نائومێدی لە ژیان و (مەعیشەتیان) چونکە (عەزاب) و سزا هەموو کاتێك لەوانەیە بێتەدی و وەکو چۆن بۆ گەل و قەومی (فیرعەون) هاتەدی جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾﴾ (أي لوْ شاءَ الله لَما كَفَرَ كافرٌ ولاَ جَحَدَ جاحِدٌ ولآمن جميعُ الخلقِ ولكنهُ سُبحانه لَم يشأ ذَلِك لِكوْنه مُخالفاً للحكمة الإلهيةِ وهي ترك أمر الإيمان إلى اختيار البشر، أفأنت يا محمّد تُكرهُ النَّاس عَلَى الإيمان وَتضْتَطّرهُمْ إلى الدّخولِ في الإسلام؟ لَيْسَ ذلك إليك، والآية صريحةٌ في أنّ الإيمانُ لا يكون بالإكراهِ، يقول الله تعالى ﴿لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خۆ ئەگەر پەروەردگاری تۆ بیویستایە هەرچی خەڵکی سەر زەوی هەیە هەموویانی، واتە سەرجەم دانیشتوانی سەر زەوی بەجارێك ئیمان و باوەڕیان دەهێنا و یان وای درووست دەکردن کە بەهیچ شێوەیەك توانای بێ باوەڕی و خراپەکاریان نەبوایە بەلاَم خوای گەورە وای نەکردووە وا ناکا (حیکمەتێکی) تێدایە بۆخۆی زاناو دانایە و دەزانێ بەرژەوەندی ئادەمیزادان لەچیدایە و

چۆنەو چیە؟ بەلاّم پەروەردگار ڕێزی بۆ داناون و سەرپشكی كردوون (جوزئی ئیختیاری) و ئازادی پێ داون بەلاّم خوای گەورە نایەوێ بەتۆبزی باوەڕیان پێ بێنێ و دەیەوێ بە ئارەزووی سەربەخۆیی باوەڕ بهێنن و تاكو پاداشت وەربگرن دەی ئایە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ تۆبزی و بەزۆر لەخەڵك دەكەی تاكو باوەڕو ئیمان بهێنن و موسڵمان ببن؟ تۆ ناتوانی زۆر لەكەس بكەی، بەڵكو بڕواهێنان هەر بەدەست خودای گەورەیە و بەس ، وەك ئەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾ أي وَماكانَ لأحَدٍ مِنَ الخَلْقِ أنْ يؤمنَ إلاّ بإراداتهِ سبحانهُ وتوفيقهِ ويجعل الكُفرَ والدَنسَ[١]، الذينَ لا يَسْتَعْمَلُونَ عقولَهُمْ فيما يَنْفَعَهُمْ وينقذهم من عَذابِ الله، واتە: هیچ كەس ناتوانێت ئیمان و باوەڕ بهێنێت هەتا خوای گەورە مۆڵەتی لەسەر نەبێت و ڕەزای لەسەر نەبێت بە ئیرادەو (مەشیئەتی) خودا نەبێ جا بێگومان خودا سزای خۆی ئاراستەی ئەو كەسانە دەكات كە بیرو هۆشی خۆیان بەكار ناهێنن بۆ ئەوەی ڕێگای ئیمانی پێ بدۆزنەوە تا هیدایەت بدرێن، هەر لەسەربێ باوەڕی خۆیان دەمێننەوە یا بەمانایەكی تر بەدترین پیسی واتە بێ بڕوایی كە

---

(١) قَالَ المُفسرُون عَبَرَ تعالَى عَنِ الكُفرِ بالرجسِ وهو القذرُ وَالنَجسُ لأنّ الكفر نجاسة قلبّية لأعظم من النجاسة الحِسّية، واتە: (موفەسیرەكان) ئەڵێن و وایان لێكداوەتەوە و (تەعبیر) كردووە (رجس) واتە خراپە و پیسی یە چونكە ئەم ووشەیە لێرەدا بەمانای بێ باوەڕی یە چونكە بێ باوەڕی و (كافر) بوون گەورەترین خراپەو پیسی یە لەم ژیانەوە بەلاّم هەندێكی تر لە (موفەسیرەكان) ئەڵێن ووتەی (رجس) بریتیە لە ناشرین ترین و چڵك و چەپەڵی ڕۆحی یە واتە گیانە.

سەرچاوەی هەموو بەدی و پیسیەکە بڕیار ئەدات بەسەر ئەوانەی کە ژیر نین و ڕێگای بڕوا نادەنە بەر ڕێگای چاکە ناگرن.

(ئاقڵ و ژیر ئەو کەسەیە کە بەتەواوەتی لە ئاسمان و زەوی دا وردبیتەوە)

لەپاش ئەوەی خوای گەورە لە ئایەتەکانی پێشوودا ئەوەی روون کردەوە کە ئیمان و باوەڕی پەیدا نابێ و ناچێتە دڵانەوە مەگەر بە خواست و مەشیئەتی خوابێ و ئەو ڕەزای لەسەر بێ ئینجا فەرمان ئەکات بە بیرکردنەوەو تێفکرین و وردبوونەوە لە ئاسمانەکان و زەویدا وە لەوانەی کە تێیدا ئەنجامی داوە، وە بە چ جۆرێك درووست کردووە ئەم بوونەوەرو ئەم (کەون و کائیناتە) و هەمووی گەورەیی و دەسەڵاتی ئەو زاتە ئەسەلمێنێت چ پەروەردگارێکی مەزنەو لێهاتووە، ئینجا باشتر کارەکە روون ئەکاتەوەو ئەفەرمووێت: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾ (أي قُلْ لِهؤلاء الكُفار أنظروا نَظَرَ تفكروا اعتبار إلى السموات والأرض وَمَا فيها مِنْ الآيات الدّالة عَلَى وَحْدانيته تعالى وكمال قدرته لِيَتَعلمُوا علم اليقين أنّ لَها خالقاً مُدَبَراً حكيماً وأن هذا الكُونِ لَم يَخْلُقْ عَبَثاً)، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە بێباوەڕەکانی (مەککە) بڵێ هەرچی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا چاوی پێدا بگێڕن بۆ ئەوەی تواناو دەسەڵاتی خواتان بۆ دەرکەوێت ؟ بەڵام هەر قەوم و نەتەوەیەك کە بەخۆیان باوەڕ نەهێنن چونکە بیر ناکەنەوە و کوێرن لە ئاستیان یان ئایەتەکان و ترسێنەرەکان

چ سوودێك ئەگەیەنن بەگەل و کۆمەڵێك کە بڕوا ناهێنن، واتە هیچ قازانج و سودێك ناگەیەنن.

(درێژەی واتاکان)

واتە: ئەی محمد بڵێ بە (کافرەکان) واتە بەبێ باوەڕەکان بە ووردی باسەیرێکی ئاسمانەکان و زەوی بکەن و بزانن چی دەبینن بۆ موعجیزەو بەڵگەی وەحدانیەت و تاك و تەنیای خوا، لە خۆرو مانگ و لە ئەستێرەو رۆژو شەوو دەریاو هەورو باران و شاخ و داخ و چیاو چۆڵ و جۆرەها میوەو گوڵ و گیاو هاتوچۆی ئادەمیزادو بەو کەشتیە گەورانە لەناو دەریاکاندا و هەزارەها جۆرە گیان لەبەرو باڵندە کە هەریەکەی تام و لەزەتێکی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ دەدات و ...هتد.

کە هەرکام لەوانە بەسە بۆ هەر کەسێك کە ژیر بێ باوەڕەکانی بۆ بڕواهێنان بەتاك و تەنیایی ئەو پەروەردگارەی کە داهێنەرو بەڕێوەبەری ئەو بونەوەرەیە، بەڵام بزانن خوای گەورە بەبێ هودە ئەم هەموو پەروەردگارەی کە داهێنەرو بەڕێوەبەری ئەو بونەوەرەیە، بەڵام بزانن خوای گەورە بەبێ هودە ئەم هەموو بونەوەرو جانەوەرەی درووست نەکردووە، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَهَلْ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثْلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ قُلْ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ واتە: ئایە ئەوانە چاوەڕێی بەسەرهاتی رۆژانی ئەو قەوم و هۆزانەی پێش خۆیان دەکەن کە چییان بەسەرهات کە بەهۆی بێ باوەڕی و یاخی بوونیان لە پێغەمبەرەکان کە بەگوێیان

نەکردن و ئیتر خوا (بەهیلاکی) بردن و هەموویانی فەوتاند جا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئێوە چاوەڕێی بن منیش وەك ئێوە چاوەڕێم تا دەربکەوێت سەرەنجامەمان بەچی دەگا جا خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا ۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنجِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾ واتە: پاشان لەنێو ئەوانەدا هەموو جار پێغەمبەران و ئیماندارانمان رزگار کردووەو یان رزگاریان دەکەین ئا بەم شێوەیەش مافێکە بەسەرمانەوە کە موسڵمانان وە خاوەن باوەڕەکان رزگار بکەین، چونکە لە ڕاستیدا هیچ کەسێك مافی بەسەر خوا نیە بەڵکو خوا مافی لەسەر هەموو کەس هەیە بەڵام خوا بەخۆی ئەوەی لەسەر خۆی کردۆتە ماف.

(فەرماندان بە پەرستنی خوداو پێویستە پشتی خۆمان بەو ببەستین)

لەپاشان خوای گەورە فەرمان ئەدا بە پێغەمبەری خۆی و بێزاری خۆی دەربڕێ لەهەموو پەرستراوی جگە لەخوای مەزن نەبێ ئەوجا ئەفەرمووێت ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي شَكٍّ مِّن دِينِي فَلَا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ أي قل لِهؤلاءِ الأشقياء من قومك إن كنتم في شَكٍ وَرَيْبٍ مِنْ أمر ديني وَصدق رِسَالتي فأنا بريءٌ مِنْكُمْ وَمِن أصنامِكم التّي تَعبدونها من دون اللهِ ولا أعبدُ إلاّ إلهي الحقّ الذّي يتوفاكُمْ وبيده

وَحْدَهُ مماتكُمْ ومحياكم وَأمَرني ربّي أنْ أكون في زُمْرة المؤمنينَ المُوَحّدِينَ، وفي هذا القول تعريضٌ لطيفٌ بضلال المُشركينَ وسفاهتهم وكأنّه يقول لا ينبغي لكم أنْ تَشكوّا في ديني وَلكنْ شَكّوا في عِبادَةِ أصْنامكم التّي لا تَسْمعُ وَلا تَعقل وَلا تَنْفَع وَلا تُضرُّ أمّا إلهيّ الذّي أعبدهُ فهوَ الخَالقُ الرّزاق النافعُ الضَارُّ)[1]، واته: ئەی محمد (ﷺ) بڵێ ئەی خەڵكینە ئەگەر ئێوە لە گوماندان لە ئاین و بەرنامەی كە من ڕایدەگەیەنم ئەوە چاك بزانن و پەشت ڕاست بن كە من هەرگیز ئەو شتانە ناپەرستم و (عیبادەتیان) ناكەم كە ئێوە ئەیكەن و لەجیاتی خوای مەزن و گەورە دەیانپەرستن بەڵكو من هەر ئەو خوایە دەپەرستم كە مردنی ئێوەی بەدەستەو هەروەها فەرمانیشم پێكراوە كە لە بڕواداران بم.

(درێژەی واتاكان)

واتە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەو یاخی بووانەو بت پەرستانە بڵێ لەگەڵ هۆزەكەت ئەگەر ئێوە شك و گومانتان هەیە لەوەی كە ئایینەكەی من ڕاست نییە، واتە: بەگومانن و دوودڵن لە ئاینە پیرۆزەكەی من، ئەوە باش بزانن ئەو گومانەی ئێوە هەرگیز من لانادات لەسەر ئەو ئایینەی

---

(١) واتە: هەروەها لەو ووتەی پێشووشدا بۆچونێكی (لەتیفی) تیایە ئەویش ڕێ بزركردنی بێ باوەڕەكانە وە بێ هۆش و بێ ژیری و بێ عەقلی وانە كە شك و گومان ئەكرێ لێیان لە بت پەرستنی ئەوان بەشێوەیەكی ئەوتۆ ئەم دارو بەردە ئەپەرستن نە ئەبیستن نە ئەقڵ و ژیریان هەیە و نە سوودو قازانجیان هەیە و هیچیان لەدەست نایێ بەڵام خوای ئێمە خوایەكی وایە كە ئەیپەرستن دروست كەرو ڕۆزی دەرو سوود دەرو ، زیاندەر بە دووژمن و ناحەزان.

خۆم کە وام لەسەری چونکە بێگومان من هیچ کام لەوانە ناپەرستم کە ئێوە لەجیاتی خودا دەیانپەرستن و بەندایەتیان بۆ دەکەن ئەو بەردو دارو بت و صەنەمانەی ئێوە بەخودایان دەزانن من بەڕاستی نایان پەرستم و بەندایەتیان بۆناکەم چونکە ناتوانن زیان و قازانجم پێ بگەیەنن بەهیچ شێوەیەك، جا بێگومان من تەنها ئەو خودایە دەپەرستم کە مردنتان بەدەستی ئەوە، چۆن ژیانتان پێ دەبەخشێ ئاواش دەتان مرێنێ پاشان هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆلای ئەو وە من فەرمانم پێدراوە کە لە ریزی ئیمانداران بم وە لەخاوەن باوەڕەکان بم، واتە من بەپێی ئەو فەرمانە رەفتار ئەکەم ولێی تێپەڕ ناکەم، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾ ﴾

(أي وَأَمَرني رَبّي بالإستقامَةِ عَلَى التّوحيدِ على (الحَنَفِيّة السَّمْحَة) ملة إبْراهيم وأنْ لا أشرك بهِ شَيْئاً لاَ صَنماً وَلا وَثَناً وَلاَ بَشراً وَلا حَجَراً)، واتە: فەرمانم پێکراوە کە روو بکەمە ئایینی راست و درووست کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، واتە بەپاکی هەر خودا بپەرستم بەتەنیا و دوورکەوە لە بتپەرستیو فەرمانیشم پێدراوە کە هەرگیز لە (موشریکان) نەبم وە هاوەڵ و هاوڕێ بۆ خوای مەزن دانەنێنو هەندێ لە (موففسیرانی) دیکە بەم شێوەیە تەفسیریان کردووەو ئەمەش دەقەکەیەتی (واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام بەلەسەر دینی ئیسلامو لا نەدەی بەرەو جوولەکایەتیو گاورایەتیو پەرستنی غەیری ئەو ، لەوانە نەبێت، کە هاوەڵ دادەنێنن بۆ پەروەردگار لەپەرستنیدا ئەوکات تیا دەچێتو

ئەمەش ئەگەرچی وتارێکە بۆ پێغەمبەر (ص) بەڵام گشتییەو بۆهەموو ئوممەتەکەیەتی)[1].

(**تێبینیەك**)

هەندێ لە (موفەسیرەکان) ئەڵێن ووشەی (حنیف) واتە خۆ لارکردنەوە بەلایەکدا کە تۆ لار بویتەوە بۆلاکەی تردا، هەندێکی تریش ئەڵێن (حنیف) واتە ئایینی بێ مەیلەو هەروەها هەندێکی تریش ئەڵێن (حنیف) بەمانای (الأستقامة) دێت هەروەکو هەندێ لە (موفەسیرانی) تر ئەفەرموون لەم بارەیەوە هەروەکو ئەمەش دەقەکەیەتی بە عەرەبی (وَقالَ قوم الحنيف الإستقامة فَسُمي دين ابراهيم حنيفاً لأستقامته)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ واتە: غەیری خودا نەکەیت هاناو هاوار بۆ شتێکی تر ببەیت جگە لەخوای مەزن چونکە بێگومان ئەوانە نە قازانجت پێ دەگەیەنن نە زیانت لێ ئەدەن خۆ ئەگەر کاری وا ئەنجام بدەیت ئەوە تۆ چویتە ریزی زاڵم و ستەمکاران.

(**ئاگاداریيەك**)

خاوەنی (تەفسیری رەوان) ئەڵێن ئەم جڵەوگیریە کە لە پێغەمبەر (ﷺ) کراوە جڵەوگیری کردنە لە (ئوممەتەکەی) چونکە جڵەوگیری لە

([1]) بڕوانە تەفسیری پێشەنگ لەنووسینی مامۆستا (انور عەزیز کۆیی) لاپەڕە(٣٢٩ لەگەڵ دەستکاری.

کەسێك هەر کاتێك ئەگونجێ چاوەڕوان نەکرێ جڵەوگیری لێ بکرێ، ئەوە نیشانەی (موبالەغە)و زێدەڕۆییە لە جڵەوگیریەکەدا، جا بێگومان لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئایەتی تر لەوێنەو مانای (ئەم ئایەتەدا) هاتوون بۆ ئەوەی (شیرك و هاوەڵدانان) بۆ خودا لە دڵ و دەروونی زۆربەی خەڵك دەربهاوێ، جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُرِدۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ١٠٧﴾ (أي إنْ مَسَكَ ضُرٌّ فَلاَ يكشفهُ وَيَدْفَعَهُ عَنْكَ إلاّ ربُّ العزّة والجلال، وإن أراد الله لَكَ النّفْعَ وَالخَيْرَ فَلاَ يَمنعهُ عَنْكَ مانع فالكلُّ بيَدِ الله، يُعزُّ وَيذلُّ، وَيَرفَعُ وَيَخْفِض، وَيغني وَيُفقر، وَلاَ سُلطان لأحَدٍ غَيرَ الله) واتە: ئەگەر خوای گەورە تووشی بەلاو ناخۆشیەکت بکات ئەوە بێگومان هیچ کەس ناتوانێت بەهانات بێت و ئەو ناخۆشیە لەسەرت لاببات جگە لەخوای بەدەسەلات و مەزن خۆ ئەگەر تووشی خێرو خۆشیەکەت بکات ئەوە هیچ کەس ناتوانێ ئەو چاکەو بەهرەیە لێت قەدەغە بکات و بیگێڕێتەوە لە غەیری خوای گەورە نەبێت چونکە بێگومان هەر خوایە تەنها خاوەنی دان و نەدان بۆ بەندەکانی خۆی هەروەها خوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە.

(درێژەی واتاکان)

واتە: ئەگەر خودا بەلاو ناخۆشیەکەت بێنێتە سەر رێگات و زیانێکت پێ بگەیەنێت ئەوە لەخۆی زیاتر هیچ کەسێك توانای لابردنی نیە مەگەر خوای پەروەردگار و خاوەن (شەرەف) و شکۆ نەبێ، وە ئەگەر بشیەوێت

خێرو چاکەیەکت بێنێتە ڕێگا ئەوە کەس ناتوانێت ئەو خێرو چاکەیەت لێ قەدەغە بکات و بێتە ڕێگری چونکە بەڕاستی خوا کەرەم و بەخششی خۆی دەگەیەنێتە هەرکام لە (عەبد)و بەندەکانی کە خۆی بیەوێت چونکە هەموو بەدەستی ئەو زاتەیە کە خاوەن عیزەت و بەخششە، زەبونکەرەو، بڵندکەرەو، نەویکەرە، ئەوەی دەوڵەمەند ئەکاو ئەوەی فەقیر و هەژار ئەکات، هیچ کەس خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە نیەو غەیری زاتی خۆی نەبێ.

(ئایینی ئیسلام ئاینێکی حەقەو ڕاستە و پێویستە هەموو کەسێك ملکەچ بێ بۆی)

(موفەسیرەکان) ئەفەرموون لەپاشان خوای گەورە کۆتایی بەم سورەتە دێنێ بەئامۆژگاری زۆر چاك لەبەر دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هەروەها بەموژدە دەرانیش بە باوەڕداران و موسڵمانان و هەروەها هەڕەشەکردن لەبێ باوەڕان بەتایبەتی ئەوانەی پابەند نابن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە جا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (أي قُلْ يا أيّها الرسّولُ للنّاسِ جَميعاً لقد جاءكم القرآنُ بالشرع المُبين السّاطع المُنير

فيه الهدى والشّفَاءِ وَالنّور وَالضّياء[1]، فَمَنْ آمَنْ بهِ فَقَد نَفَعَ نفسهُ وَمَنْ زاغ عنهُ فَقَدْ ضَرَّ نفسه وَلَستُ مُكلفاً بحفظٍ أعْمالكم إنّما الله يحاسِبْكُمْ ويجازيكم عليها إنمّا أنا مُبَشرٌ ونذيرٌ، واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ ئەی خەڵکینە بەدڵنیاییەوە ڕاستی و دروستیتان بۆ هاتووە لەلایەن پەروەردگارتانەوە قورئان و پێغەمبەرتان بۆ هات جا هەر کەس ڕاست و ڕەوشەنی گرتەبەر ئەوا گرتنەبەری ئەم ڕێگەی ڕاستەت و ڕەوشەنە بۆ خۆیەتی ، وە هەر کەسێکیش کە ڕێگەی بزرکردو گومڕابوو ئەوا ئەو کەسە بۆخۆی ڕێگە لەخۆی بزر دەکات خۆمنیش بریکاری ئێوەنیم هەتا کارو کردەوەتان بپارێزم و ڕاستتان بکەمەوە.

(درێژەی ووتەکان)

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەو خەڵکە ڕابگەیەنە چ ئەوانەیان کە گوێیان لێتە یان ئەوانەی کە پاش تۆ دێن و ئەو فەرمانەیان پێدەگات هەروەها پێیان بڵێ بەڕاستی هەرچی ڕاستی و (حەقە) لەلایەن خوداوە ئەوە بۆتان هاتووە کە مەبەست قورئانی پیرۆزو ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، جا هەر کەس ئەو ڕێگەیە بگرێ کە ناسینی خوایەو بەجێ هێنانی شەرع و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە یا فەرمانەکانیەتی و بەردەوام بێ لەسەری سوودو قازانج و چاکەی بۆخۆیەتی و کەس ناتوانێ لێی کەم بکاتەوە.

---

(١) وفي صفوة التفاسير (أي جاءكم القرآن العظيم المشتمل عَلَى محاسن الأحكام)، بڕوانە بەرگی(١) لاپەڕە/٥٩٩، واتە هات بۆتان ئەم قورئانە بەرزو پیرۆزە کە لەخۆی گرتووە لەهەموو شتێکی پەسەندو جوانەوە لەبارەی یاساو ئەحکامەوە.

هەرکەسێ بەو ڕێگەیە دانەڕوات و ڕێگەی شەرعی پیرۆز وون بکات و یا ڕێگەی پێغەمبەری (ﷺ) ئیسلام بزربکات و باوەڕ نەهێنێ خۆی لێپرسراوە کە خۆی تووشی سزاو ئازار دەکات ، جا بێگومان کاری ئێوەش لەدەست من نیەو نەکراومە خاوەن دەسەڵات لەسەر ئێوە تاوەکو لە خراپە بتان گێڕمەوە بەڵکو تەنیا گەیاندنی فەرمانی خوان پێ سپێردراوە [1]، جا ئەوەی راستی بێت من وەکیل و لێپرسراو نیم بەسەرتانەوە لەلایەن خواوە کە بەزۆر بتانخەمە سەر ڕێگەی هەق وراست و بەرگریتان بکەم لە لادان و گومڕایی واتە بەڵکو ڕێ نیشاندەرو راگەیەنەرم بە موژدەدەرو ترسێنەر.

(خوێنەرە بەڕێزەکانم) ئینجا کۆتایی (سورەتەکە) ئەهێنێ بەم پەندو تەمێ بەرزو شیرینە کە ئاراستەی پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویستی ئەکات (ﷺ) هەروەکو ئەفەرمووێت ﴿ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿١٠٩﴾ ﴾(أي وَأصبر يا محمّد (ﷺ) عَلَى قَضاء اللهِ حَتّى يَفصل بينك وَبَينهم بِحُكمهِ العادل وقضائهِ المبرم، وفي هذهِ الآية تَسْليةُ لِلرَّسُولِ (ﷺ) وَوَعَد للمؤمنين وعيدٌ للكافرين وَالحَمدُ للهِ

---

(١) جا بێگومان ئەوەی راستی بێت هەر خودا خاوەن بەزەییەکی بێ سنوورە و زۆریش لێ خۆش بووە ئەگەر وانەبوایە ئەوە گشت ئادەمیزادەکان لەناو دەچوون، ئەم فەرمایشتە گەرچی ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ) بەڵام هەموو موسڵمانێکیش دەگرێتەوە، بڕوانە تەفسیری گوڵشەن، لە نووسینی بەڕێز (نظام الدين عبدالحميد)، بەرگی/١، لاپەڕە/٤٧٦.

ربِّ العالمينَ والـصلاة والـسلام عَلَـى الرّسُـول الأمـين مُحمـدٍ وآلـه وَصَحبه وَأتباعهِ بإحسانٍ إلى يَوْمِ الـدّين)، واتـه: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) تـۆ شـوێن ئـەوە بکـەوە کـە بـە (وەحـی) و نیگـا بـۆت دێـت کـە ئـەویش (قورئـانی پیرۆزە) ، هەروەها سەبرو ئارامیت هـەبێت یـانی خـۆگرو ئـارام گـر بـە و لەسەر ئەو ئازارو ئەشکەنجەی قەومەکەت کە پێـت دەگـات وە بـەردەوام بە لەسەر بانگەوازی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەت یانی بە ئارام و خـۆگر بـە هەتا خوا (حوکم) و بڕیاری خـۆی ئـەدات لـەنێوان تـۆو ئـەو (کـافر)و بـێ باوەڕانـەدا، واتـە بێگومـان ئـەو زاتـە چـاکترین (حـاکم) و داوەرتریـنی داوەرانە، بە ئەوپەڕی عەدالەتەوە کارەکانی ئەنجام ئەدات .

(پاشکۆ)

هەنـدێ لـە (موفەسـیرەکان) ئەفـەرموون ئـەم ئایەتـە ﴿وَٱصۡبِرۡ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ﴾ بـە ئایـەتی (قیتـال) نەسـخ کراوەتـەوە چـونکە عەبـدوڵڵای کوڕی عەباسیش (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەفەرمووێ هەر کـە ئـەو ئایەتـە دابـەزی و حـەزرەت (ﷺ) بەپەلـە لـەدوای (ئەنـصارەکانی) نـارد و ئـیتر کـۆی کردنـەوەو فـەرمووی (إنكـم سَـترَوْن بعـدي إثـرَةً فاصْـبُروا حتّـى تَلْقَـوني)، رواهُ البخـاري، واتـە: لـەپاش مـن هەنـدێ شـت ڕوونـەدات کـە خەڵکی لەبەر دونیا ئیش و کاریان پێ دەسپێرێ یـانی لەسـەردەمی منـدا ڕوونادات و لەدوای مـن ڕوودەدات ئینجـا ئەگـەر تووشـی هـاتن بەسـەبرو ئارام بن و خۆڕاگر بن و مەیکەنە هەراو هۆریا و کێشە تا دەگەنە من.

(سُبحانَ رَبِّكَ رَبِّ العِزَّةِ عمّا يصِفُونَ وَسَلامٌ عَلَى المُرسَلينَ وَالحمدُ للهِ ربُ العالمينَ، بەيارمەتى خواى گەورە لەبەرگى سێهەمى تەفسيرى (ژيانى ئينسان بۆ لێكدانەوەى واتاكانى قورئان) بوومەوە لە رێكەوتى (٢٠١٧/٨/١٢) ى زايينى بەرامبەر (١٤٣٩/٨/٢٠) ى كۆچى، ذي القعدة

(سەرچاوەكانی ئەم تەفسیرە)

* سەرچاوە عەرەبییەكان

١- تەفسیری (ئـیبن و عـەباس) لەپێـشەوە باسمـان كـرد لـە بـەرگی دوەمدا.

٢- تەفسیری (موجاهید) كە لە ئیبن و عەباس وەری گرتووە جا چـەند جار چاپكراوە.

٣- تەفسیری (عبدالرزاق الصنعاني).

٤- تەفسیری (إبن جرير الطبري) ناوداره به (جامع البيان مـن تأويـل آي القرآن).

٥- تەفسیری (إبن أبی زمينين)، لـە تەفـسیری یـەحیای كـوڕی سـەلامی وەرگرتووە.

٦- تەفسیری (بحر العلوم)، لە نووسینی پێشەوا السمرقندی.

٧- تەفسیری (الهدأية إلى بلوغ النهاية)، لە نووسینی: أبـي محمـد المكـي يان ابي طالب القيسي.

٨- تەفسیری (الكشف والبيان فى تفسير القرآن)، لـە نووسـینی: (احمـد بن محمد الثعلبي).

٩- تەفسیری (السّمعانى) لـە نووسـینی: أبـى مظفـر منـصور عبـدالجبار التميمى المزورى.

١٠- تەفسیری (ئیبن عویەینە).

١١- تەفـسیری ئـەبی حـاتم (الـرّازي – المـشهور)، ئێـستا كـە چـاپكراوەتەوە،كراوەتەوە بـە(١٦) بـەرگ، نـەك ئیمـامی (رازی) خاوەنی تەفسیری (الكبير).

١٢- تفسير (العز بن عبدالسّلام).

١٣- ئيبن و مەردەوەيە.

١٤- تەفسيرى (ابن المنذر).

١٥- تەفسيرى (ابن أبى شيبه).

١٦- تفسير (البخارى ومسلم).

١٧- تفسير الترمذي).

١٨- تفسير (أبى داود).

١٩- تفسير النسائى.

٢٠- تفسير (إبن ماجه).

٢١- تفسير (الحاكم).

٢٢- تفسير (أبو الشيخ بن حيّان) التوحيدى.

٢٣- تفسير (البغوي) المسمى (معالم التنزيل) للامام أبي محمد الحسين بن مسعود الفراء البغوي.

٢٤- تفسير (ابن أبي عطيةُ الأنْدَلُوسي).

٢٥- تفسير (إبن كثير) للإمام الجليل الحافظ عَمادّالدين أبي الفداء إسماعيل إبن كثير الدمشقي.

٢٦- (الدُر المنثور في التفسير المأثور) لجلال الدّين عبدالرحمن السّيوطي.

٢٧- (زاد المسير في علم التفسير) للحافظ أبي الفرج عبدالرحمن بن علي إبن الجوزي.

٢٨- تفسير إبن العربي المشهور (بأبي العربي).

٢٩- تفسير (فتح القدير الجامع بين فني الرواية من علم التفسير) للشيخ

محمد بن علي الشوكاني.

٣٠- تفسير (المراغي) لصاحب الفضلية الأستاذ (أحمد مصطفى المراغي).

٣١- تفسير (الحسن البصري) رحمة الله تعالى عليه، تحقيق : الشيخ أحمد فريد المزيدي.

٣٢- تفسير (مقاتل بن سُليمان) لأبي الحسن، مقاتل بن سليمان بشير الأزدي، بالولاء البلخي.

٣٣- تفسير (البحر المحيط) في تفسير القرآن العظيم، لأبي حيّان محمد بن يوسف بن علي الأندلسي، ئەم تەفسيرە چاپكراوە لە هێندە بەرگە(٢٧) پێك هاتووە، لێكۆڵنەوەی (عبدالرحمن عبدالمحسن التركی).

٣٤- تفسير (الكشاف من حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل) لە دانانی بەڕێز (العلامة جارلله محمود عمر الزمخشري).

٣٥- تفسير (البيضاوي) المسمى (أنوار التنزيل وأسرار التأويل) للعلامة (القاضي البيضاوي).

٣٦- تفسير الجلالين، لە دانانی ئەم دوو ئیمامە بەڕێزانە (الجلال المحلی و الجلال السيوطي).

٣٧- تفسير الامام النسفي المُسمى (مدارك التنزيل وحقائق التآويل) للعلامة النسفي المشهور.

٣٨- تفسير (التحرير والتنوير) تأليف العلامة الأستاذ (محمد طاهر عاشور).

٣٩- التفسير الكبير المُسمى (مفاتيح الغيب) تأليف الإمام فخرالين

الرّازي (خودا لێی ببێ رازی).

٤٠- التفسير البسيط تأليف الامام (أبي الحسن علي بن أحمد بن محمد الواحدي) ئەم تەفسيرە (٢٥) بەرگە.

٤١- تفسير حاشية القنوي تأليف عصام الدين اسماعيل بن محمد القنوي ، ئەم تەفسيرەش پێکهاتووە لە (٢٠) بەرگ.

٤٢- تفسير حاشية محي الدّين المشهور ب(الشيخ زاد) على تفسير القاضي البيضاوي.

٤٣- تفسير إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم، لأبي سُعودي العمادي الكردي الآميدي.

٤٤- تفسير حاشية الصاوي على تفسير الجلالين، للعلامة الصاوي المالكي، وهو تفسير جيد عند العلماء.

٤٥- تفسير النهر الماد من البحر المحيط، تأليف العلامة أبي حيان الأندلسي، تحقيق الدكتور عمر الأسعد.

٤٦- تفسير السراج المنير في إعانة على معرفة بعض معاني كلام ربِّنا الحكيم الخبير، لە دانانی زانای بەناوبانگ (الخطيب الشربيني) خاوەنی کتێبی (مُغني المحتاج).

٤٧- تفسير اللباب في علوم الكتاب تأليف العلامة المُفسر أبي حفص عمر بن علي عادل الدمشقي، يتكون من (٢٠) مجلد.

٤٨- تفسير الأساس في التفسير، تأليف العلامة الأستاذ سعيد حوّى (رحمه الله).

٤٩- تفسير إبن عرفة تأليف أبي عبدالله بن محمد بن عرفة الورغمي.

٥٠- تفسير الفتوحات الإلهيّة، بتوضيح تفسير الجلالين لدقائق الخفية،

تأليف علاء الدين عمر العجلي الشهير (بالجمل).

٥١- تفسير (الخازن) المشهور المُسمى (لباب التأويل في معاني لتنزيل) تأليف الشيخ علاء الدين علي إبراهيم الصوفي البغدادي المعروف بالخازن.

٥٢- تفسير روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسَبع المثاني، تأليف العلامة الآلوسي البغدادي.

٥٣- تفسير حدائق الروح والريحان في روابي علوم القرآن تأليف محمد أمين بن عبدالله الهرري الشافعي المكي، ئەم تەفسیرەش پێکهاتووە لە سیی و چوار بەرگ (٣٤)، تەفسیرێکی زۆر نایابە.

٥٤- تفسير التسهيل لعلوم التنزيل، تأليف العلامة أبي القاسم (محمد بن أحمد بن جزي الكلبي المشهور) .

٥٥- التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج، تأليف الأستاذ الدكتور وهبة الزحيلي.

٥٦- تفسير الوسيط في تفسير القرآن المجيد تأليف الواحدي النيسابوري.

٥٧- تفسير أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، تأليف العلامة محمدامين المختار الشنقيطي، (١٠) بەرگی گەورەیە.

٥٨- تفسير الكبير المشهور بـ(تفسير القرآن العظيم) تأليف الحافظ سليمان بن أحمد أيوب الطبراني.

٥٩- تفسير إبن برجان المُسمى تنبيه الأفهام تأليف عبدالسلام بن عبدالرحمن بن برجان اللخمي الأشبيلي.

٦٠- تفسير الكبير تأليف أبي حاتم الرّازي.

٦١- تفسير روائح التفسير المشهور بـ(النكت والعيون) تأليف الحسن علي بن محمد الماوردي.

٦٢- تفسير الجامع لأحكام القرآن الكريم المشهور بتفسير القرطبي تأليف أبي عبدالله بن أحمد الأنصاري.

٦٣- تفسير رُوح البيان في تفسير القرآن تأليف العلامة إسماعيل الحَقي البروسي.

٦٤- تفسير اللطائفُ الإشارات، وَهيَ تفسيرٌ صوفيٌّ تأليف الشيخ الأستاذ عبدالكريم القشيري.

٦٥- التفسير المظهري تأليف القاضي (محمد ثناء الله العثماني النقشبندي).

٦٦- تفسير الجيلاني الغوث الرّباني والإمام الصمداني تأليف الشيخ السيد عبدالقادر الجيلاني (قُدسِ سرّهُ).

٦٧- تفسير حقائق القرآن للعلامة أبي عبدالرحمن السُّلمي المشهور.

٦٨- تفسير البكري تأليف شيخ الاسلام (محمد بن عبدالرحمن البكري)، كە نەژادی ئەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی حەزرەتی أبوبكر الصديق (رضي الله عنه).

٦٩- تفسير عرائيس البيان في حقائق القرآن، تأليف الشيخ محمد صدرالدين روزبهان بن أبي نصر البقلي.

٧٠- تفسير البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، تأليف العلامة أبي العباس أحمد بن محمد المهدي إبن عجيبة الحسني.

٧١- تفسير الملا علي القاريء المُسمى أنوار التنزيل والأسرار الفرقان، تأليف نورالدين سُلطان الهرري.

٧٢- تفسير القرآن العظيم تأليف العلامة التُسْتري الصوفي المشهور.

٧٣- تفسير مراحُ لَبيد لكشف معاني القرآن المجيد، تأليف العلامة الشيخ محمد بن عمر نووي الجاوي.

٧٤- تفسير القرآن الحكيم الشهير بتفسير المنار، تأليف الأستاذ محمد رشيد رضا، بەڵام بەداخەوە تەواوی نەکردووە،خاوەنەکەی وەفاتی کردووە لە(١٢) بەرگ پێکهاتووە.

٧٥- تفسير الجواهر في تفسير القرآن الكريم المشتمل عَلَى عجائب بدائع المكونات وغرائب الآيات الباهرات تأليف الأستاذ العلامة الحكيم الجوهري الطنطاوي.

٧٦- تفسير النابلسي تدبر آيات الله في النفس والكون والحياة، تأليف الدكتور محمد راتب النابلسي.

٧٧- تفسير مواهب الرحمن في تفسير القرآن، تأليف الشيخ العلامة الملا عبدالكريم محمد المدرّس.

٧٨- تفسير صفوة التفاسير ، تأليف وتجميع الشيخ محمد علي الصابوني.

٧٩- التفسير الواضح الميسر، تأليف الشيخ محمد علي الصابوني.

٨٠- التفسير الواضح تأليف الشيخ محمد محمود الحجازي، من علماء الأزهر الشريف.

٨١- تفسير في ظلال القرآن تأليف المرحوم الشهيد سيد قطب، رحمة الله عليه.

٨٢- تفسير خواطر الإمام المشهور بتفسير الشيخ الأستاذ محمد متولي الشعراوي.

٨٣- تفسير القاسمي المسمى محاسن التأويل تأليف العلامة جمال الدين القاسمي.

٨٤- تفسير المَهائمي المسمى تبصير الرحمن وتيسير المنان، تأليف العلامة علاءالدين علي بن أحمد الهاشمي.

٨٥- تفسير تنوير الأذهان من تفسير روح البيان، تأليف الشيخ محمد علي الصابوني.

٨٦- تفسير القرآن الكريم تأليف الشيخ محمد عبده المشهور بـ(مجددي مصري) رحمه الله.

٨٧- تفسير القرآن العظيم تأليف تقي الدين أحمد بن تيمية الحرّاني.

٨٨- تفسير القيم لأبن القيم ، يەك (مجەلەدى) گەورەيە ، تەفسيرێكى نايابە.

٨٩- الكنزُ الثمين في تفسير ابن عيثمين تأليف الشيخ محمد بن صالح العثمين، ئەم تەفسيرە چواردە بەرگە.

٩٠- تفسير أوضح المعاني في تهذيب تفسير روح المعاني ، تأليف الدكتور محسن عبدالحميد الكردي.

٩١- تفسير أحسن البيان، تأليف الأستاذ (الملا محمد بن الشيخ طه الباليساني).

٩٢- تأويلات أهل السنة، المشهور بتفسير الماتريدي، تأليف العلامة أبي منصور محمد بن عمر الماتريدي.

٩٣- تفسير صفوة البيان لمعاني القرآن، لفضيلة العالم الشيخ حسين بن محمد مخلوف.

٩٤- الفوائد الحِسان من آيات القرآن، تأليف السيد عبدالله بن محمد

المعتاز.

٩٥- المصحف المفسر، تأليف العلامة محمد فريد وجدي المصري.

٩٦- صحيح تفسير إبن كثير لە كورت كردنەوەی (الشيخ مصطفى بن العدوي) چوار بەرگی گەورەیە.

٩٧- دُرّ التفاسير، تأليف الشيخ محمد علي الصابوني.

٩٨- من لطائف التفسير، تأليف الشيخ أحمد فرج عيقلان.

٩٩- قَبس من نور القرآن الكريم، تأليف الشيخ محمد علي الصابوني، حەوت بەرگە، چاپی مؤسسة الريان.

١٠٠- روائع البيان - تفسير آيات أحكام القرآن، بقلم الشيخ محمد علي الصابوني.

*سەرچاوە کوردیەکان

١٠١- تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز لەدانانی مامۆستا مەلا (عبدالکریمی مودەڕیس).

١٠٢- تەفسیری کوردی لەکەلامی خوداوەندی لەدانانی مەلای گەورە مشهور بەمەلای گەوری کۆیە.

١٠٣- تەفسیری ژیان لەنووسینی مامۆستا مەلاحسین الشیخ سعدی (فیض الله) هەولێری.

١٠٤- تەفسیری شێخ محمدی خاڵ، پێنج بەرگی لێ چاپکراوە.

١٠٥- تەفسیری قورئانی پیرۆز لەدانانی مامۆستا مەلا (عوسمان عبدالعزیز) هەلەبجەیی.

١٠٦- تەفسیری رامان لەماناو مەبەستی قورئان لەنووسینی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود.

١٠٧- تەفسیری پیرۆز لەنوسینی مامۆستا (عبدالعزیز علاء الدین مستەفا کۆیی.

١٠٨- تەفیسری گوڵشەن، لەدانانی مامۆستا (نظام الدین عبدالحمید).

١٠٩- تەفسیری رەوان بۆتێگەیشتنی قورئان، لەنووسینی مامۆستا مەلا مەحمود گەلاڵەیی.

١١٠- تەفسیری (ابن كثیر) بەکوردی لەنووسینی (حاجی عبدالله) بریسی.

١١١- تەفسیری قورئانی پیرۆز (بەزمانی بادینی) لەنووسینی مامۆستا مەلا حسین قابووسی شنگاریو ، لێکۆڵینەوەو بەچاپگەیاندنی (شێخ جیهاد بارزانی).

١١٢- تەفسیری دیار، لەنووسینی ئامادەکردنی مامۆستا عومەر ئەمین عەلی..

١١٣- تەفسیری زمناکۆی ، لەنووسینی (مەلا سەعید زمناکۆیی.

١١٤- تەفسیری ئاسان، لەنووسینی بەرێز (برهان محمد امین).

١١٥- تەفسیری تەوحیدی تەفسیری قورئان بەقورئان لەنووسینی مامۆستا عبدالقادری تەوحیدی.

١١٦- تەفسیری قورئانی پیرۆز ، لەدانانی مام هەژار موکریانی.

١١٧- تەفسیری رێبەر،ئامادەکردنی مامۆستا صلاح الدین عبدالكریم.

١١٨- تەفسیری پێشەنگ لەنووسینی مامۆستا (انور عزیز) کۆیە.

١١٩- تەفسیری ساکار بۆ قورئانی رێزدار لەنووسینی مامۆستا عزیز خان مهاجیر.

١٢٠- تەفسیری قورئانی بەرزو پێز،لەنووسینی ماۆمستا عەلی باپیر.

ناوەرۆك

سوورەتی ال عمران

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٣١	١٦	بێ نیازیان	ڕزگاریان
٣٧	٩		ئەفەرمووێت
٦٢	١٦	هەشت	هەشت صەد
٩٦	٩	ئەفەرموو	ئەفەرمووێت
٩٦	١١	وَحَسيناً	وَحَسَنَاً
٩٨	٢	پەروەردگارتی	پەروەردگاری
١٠٣	٢	خواتوە	خواتەوە
١٢١	٢	بڕوا	بڕوا و بێ ئیمانی ئەوانی کرد
١٣٠	١٥	كعبە الله	كعبة الله
١٣١	٢	لعبادە الله	لعبادة الله
١٤٢	٦	کورپەکی	کۆرپێکی
١٤٥	٢٠	عەئەدین	عەلائەدین
١٥٥	١٤	....	قال
١٦٣	٤	ئادەمیزاد	ئادەمیزادن و
١٦٤	١٢	مستوني في المساوى	متساوين في القبائح والمساوئ
١٦٤	١٥	....	هەموو
١٧٠	١٦	لەدڵتان	لەدڵیان
١٧١	١١	خودیانی	خودا
١٧٢	٤	جەنگە	جەنگی
١٩٣	١٢	ئەوانە	ئەوانەی
٢١٢	١٩	موبەسەرە	موبەشەرە
٢٢٦	٣	جبتتم	جبنْتم
٢٢٧	١	عظيمٌ	عظيم
٤٣٤	١٠	خودا	خودای
٢٣٥	٤	پڕن و	بڕان و
٢٤٦	١١	بموو	بەهەموو
٢٤٦	١١	....	بێت و
٢٤٨	٩	ئەفەرمووێت	ئەفەرموون
٢٥٢	١٢	منزلت الآية	فنزلت الآية
٢٥٢	١٢	رواه الترميذي	رواه الترمذي
٢٥٣	١٢	الخيناتة	الخيانة

٢٥٣	١٥	مقوصِ	منقوصِ
٢٧٣	٢	الغرو	الغزو
٢٩٠	٤	ميته	ميِّتة
٢٩٣	١٨	لصفحانى	الصفحانى
٣١٠	٢	نوێژيش بوايێ	نوێژيشى نەبوايێ و
٣١١	٥	الايات	في البلد
٣١٣	٥	باخاتێكيات	باخاتێكيان
٣١٨	٥	نەگرێتەوە	ئەگرێتەوە
٣٢٣	١٠	لەيادا	لەيادم
٣٢٣	١٥	قوران	قورآن

سوورەتی النساء

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٣٣١	٢١	موقيعە و	موافيقە و
٣٣٧	٣	مرۆڤ	پێغەمبەر (د.خ)
٣٤٩	٦	هەروەه	هەروەها
٣٥٠	٢	دەكوژرێن	دەكوژران
٣٥٧	٢	لەكاتی	كاتێ
٣٦٥	٢٨	....	عبدالله
٣٦٦	١٦	الامذكورة	المذكورة
٣٦٦	١٧	وبساتينى	وبساتينِ
٣٦١	١٥	رأيتُمُه	وجتمُوه
٤٢٧	٦	لم يتردعن	لم يرتدعن
٤٣٥	٨	من الأمَمَ	من الأمَمِ
٤٣٥	٩	ينبيها	بنيًها
٤٣٧	٤	يس	يسن
٤٤٥	٨	....	حەزرەت (د.خ)
٤٦٠	١١	كەعەبی	كەعبەی
٤٦٢	٢	دەهەق	دەرهەق
٤٧٤	١٥	... ونيقادُوا	من حكمك وينقادُوا
٤٨١	١٧	فتيقظو	فتيّقظوا
٤٨٢	٨	يتتاقلُ	يتثاقلُ
٤٨٥	٩	....	ئەفەرموون
٤٩٥	٢٠	....	بە
٥٠٨	١٥	في تفسير	في تفسيره
٥٢٥	١٦	خوَی	حوَی

٥٢٥	٤	....	=
٥٢٦	١٦	المؤمنين	المؤمنُ
٥٢٩	٩	إن المَدينة	إنَّ بالمدينَة
٥٢٩	١٠	والاوهم	إلا كانُوا
٥٣٠	١٥	...	في
٥٥٧	٨	بەکۆمەڵی	بەکۆڵی
٥٦٧	٥	وەکەسیش	وەکەسیشی لێ
٥٨١	٨	تۆبەی	تۆبەی
٦٠١	٧	....	نەیان ئەکرد
٦١١	٥	دوایی	دوای
٦١١	١٦	خودا و	
٦١٢	٦	روکن و	روکنی
٦١٤	١٤	نەتەوەی	محەممەدە (د.خ)
٦٢١	١٨	ئەڵێن	ئەفەرموون ژمارەی
٦٢٥	٤	پیرۆز	پیرۆزەوە و وەبە
٦٢٦	١٩	ألاّ	إلاّ
٦٣٦	٢٠	ئەنعامەوە	ئەنعامە و
٦٤٠	١٤	ئیسرئیل	ئیسرائیل
٦٤١	٧	لەراستیدتا	لەراستیدا
٦٤٤	١٢	بەرامبەر	بەرامبەری
٦٥٢	١٣	هاوبەش	هاوبەشی
٦٥٢	١٤	ئەو	بەو
٦٥٨	٩	وەڵام	وەڵام و
٦٦٥	٩	کچێکەی	کچێکی
٦٦٧	٧	واتە میراتەکە ئەکرێ بەدوو بەش بۆ برا بەشێك بۆ خوشك	واتە بۆ نێرینەکەیان دوو قتی بەشی مێکەیان هەیە

سوورەتی المائدە

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٦٧٣	٦	...	ئەڵێن
٦٧٧	١	وەحی و	
٦٩٨	١١	حەرام و	حەرام
٧٠١	٩	لێ نەهێنراوە	لێ هێنراوە
٧١٠	١٧	اسم اله	إسم الله
٧١٦	٥	يبشطو	يبطشوا
٧١٩	٨	سەرکێکیان	سەرۆکێکیان

٧١٩	١٤	قوَيتهم	قوَّيتمُوهُم
٧١٩	١٥	أقرضمّ الله	أقرضتم الله
٧٢٨	١٧	البحر المحيد	البحر المحيط
٧٢٩	١٤	خوا درووست	خوا درووستی
٧٣٢	٣	....	له
٧٣٦	١	....	ئەفەرموون
٧٥٦	٢	ناتەوانم	ناتوانم
٧٥٧	١	....	وذلك
٧٥٧	٢	....	نەوەی
٧٩٧	٧	....	يُقلعُ
٨٠١	١٣	....	کەتەورات و ئینجیل
٨٠٨	٢	عەتیەی	عوتبەی
٨١٣	٩	....	سورەتی الفتح ئایەتی ٥٨
٨٢٧	٢١	کردەوە	کردەوەیە و کە
٨٣٢	١٤	نەیتوانیوە	نەیانتوانیوە
٨٣٤	١٤	فەنجاصی	فەنحاصی
٨٥١	١٩	لیّ بووە	لیّ بووە و
٨٥١	٢٠	وەنەکەشیشی بووە	خۆیشی لەکەس بووە
٨٥٨	٢	....	بوون
٨٧٨	٨	ئە	ئەو
٩٠٨	٢٠	....	بە
٩١٢	١٩	....	هەیە
٩١٢	٧	....	بە
٩٢٣	١٠	جەبەر	جوبەیر
٩٢٣	١٤	بەزۆر	بەزۆری
٩٢٣	١٦	دووە	دوایی کردووە
٩٢٣	٢١	نعمم	نعم
٩٢٥	١٩	....	جا ئەم
٩٢٦	١٦	الدُرّ المنسور	الدُرُّ المنثور
٩٢٨	٢	الشرييني	الشربيني
٩٨	٢٢	....	بەچاپی گەیاندووە و
٩٢٩	٢٢	الصمدنی	الصّمداني
٩٣٨	٧	قنطار	قینطار
٩٣٨	١٠	(رضاع)	(رضاع)
٩٤٢	٢٤	قصّە	قیصەی
٩٤٢	٢٤	قاپی	قابیل و